ئەحمەد کاتب

# شیعەگەرێتیی سیاسی و شیعەگەرێتیی ئاینی

وەرگێڕانی
زێبار عەزیزخان مهاجیر



# شیعەگەرێتیی سیاسی

# و شیعەگەرێتیی ئاینی

نووسینی: ئەحمەد ئەکاتب

بەکوردی کردنی زێبار عەزیزخان مهاجر

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# شیعەگەرێتیی سیاسی و
# شیعەگەرێتیی ئاینی

# شیعەگەرێتیی سیاسی و شیعەگەرێتیی ئاینی

نووسینی: ئەحمەد کاتب

بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجیر

## پێنـاســـی کـتێب:

نـــــاوی کتێـــــب : شیعەگەرێتیی سیاسیی و شیعەگەرێتیی ئاینی

نووســـــــینی : ئەحمەد کاتب

وەرگێڕانـــــــی : زێبار عەزیزخان مهاجیر

نەخشەســـــازیی : بەرەکات قوڕتاس

بـــــــــەرگ : بەرەکات قوڕتاس

بـــــــــڵاوکار: چاپخانەی شوان

نــۆرە و ســاڵی چــاپ: یەکەم، ٢٠٢٢ز

تـــــــــیراژ : ١٠٠٠ دانە

له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپیاردنی ( ٨٧٠ ) بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.

(تەنها فەرموودەیەك بەناوی ئێمە وەربگرن كە كۆك بێت لەگەڵ قورئان و سوننەت یان فەرموودەیەكی پێشوومان گەواهی لەسەر بدات. لە خوا بترسن فەرموودەیەك لە بەناوی ئێمەوە قبوڵی نەكەن كە پێچەوانەی فەرمایشتی پەروەردگارمان و سوننەتی پێغەمبەرمان محەممەد ((ﷺ)) بێت، چونكە ئەگەر فەرموودەمان بۆ گێڕانەوە دەڵێین: خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ فەرموویەتی و پێغەمبەری خودا ((ﷺ)) فەرموویەتی. سوێند بەخودا ئێمە تەنها بەندە و كۆیلەی ئەو زاتەین كە ئێمەی بەدیهێناوەو هەڵبژاردووە، توانای زیان و سوود گەیاندنمان نییە، ئەگەر خودا لێمان خۆش بێت و بەزەیی پێماندا بێتە، ئەوا بە میهرو سۆزی خۆیەتی، ئەگەر سزاشدراین ئەوا بە هۆی گوناهو تاوانەكانمانە، سوێند بەخودا هیچ بەڵگە و پاكانەیەكمان لەلایەن خوداوە پێ نییە، ئێمەش دەمرین و بەخاك دەسپێررێین و زیندوو دەكرێینەوەو لە گۆڕەكامان دەردەهێنرێن و ڕادەوەستێنرێین و بەرپرسیارین و پرسیارمان لێدەكرێت).

(سوێند بەخوا؛ ئەگەر ئەو خەڵكە بە ئێمە تاقی كرابانەوە و ئێمەش پێمان بگوتبان، ئەوا دەبا گوێڕایەڵمان نەبن، چۆن وا دەكەن لە كاتێكدا دەبینن من زۆر دەترسم و دەلەرزم، داوا دەكەم خوا تۆڵەیان لێ بكاتەوە و پەنا بەخوا دەگرم لەوان، دەتانكەمە گەواهیدەر كە من كەسێكم لە ڕەچەڵەكی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتومەتە دونیاوە و هیچ پاكانەیەكەم لەلایەن خواوە پێ نییە، ئەگەر گوێڕایەڵی خوا بكەم ڕەحمم پێ دەكات و ئەگەر سەرپێچیشی بكەم ئەوا سزایەكی سەختم دەدات یان دوچاری سەختترین سزا دەبمەوە).

**ئیمام جەعفەری سادق**

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

## پێشەکی وەرگێڕ

لەگەڵ بەهێز بوونی ململانێکان، و ڕەگ و ڕیشە داکوتان و لق و پۆپ کردنی ڕێبیر (مەبدەئی) تاقمگەرایی (مەزهەبی)، ئەوا بە پێویستم زانی ئەم کتێبەش بخەمە ناو زنجیرەی ئەو کتێبانەی، کە بەکوردیم کردوون.

ئەم کتێبە؛ بایەخێکی زۆری هەیە، لە شیکردنەوەی هەر دوو ڕەهەندی شیعەگەرێتیی سیاسی و شیعەگەرێتیی ئاینی، دەرخستنی ئەوەی کامەیان پێشتر هەبووە و بناغە بووە بۆ ئەوەی دوای خۆی. تاوتوێی بیر و هزری پێشەوایەتی (سەرۆکایەتی یان ئیمامەتی) خواییشی کردووە، هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە کە تا چەند ئەم بیرۆکەیە پەیوەندی هەبووە بە ئیمامەکانەوە.

شایەنی باسە ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئاشنابوون بە ڕاستییەکان و ڕزگاربوون لە چنگی ئەفسانەکان و ئاشکراکردنی پێناس و ناسنامەی شیعەگەرێتی، نامەوێ زیاتر لەسەری بدوێم، ئەوەندە هەیە خوێنەری بەڕێز هیچ دێڕێکی ئەم کتێبە بێ کەڵك نییە، بەڵکو لە بەهێزیدا کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری دەکەن.

بەو هیوایەی خوێنەری خۆشەویست کەڵك و سوودێکی باش لەم کتێبە وەربگرێت، وەك سەرچاوەیەکی بەهێز و شانۆیەك کە بە تەواوی ناونیشانی کتێبەکە لە دوو توێی بابەتەکانیدا نمایش دەکا[١]. جێگای خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم، کە ئەگەر بە یەك پیتیش بێ، یارمەتی منی دابێ.

**زێیار عەزیزخان مهاجر**

**سۆران**

---

(١) بۆ تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. (وەرگێڕ).

## بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان

## پێشەکی نووسەر

پرۆژەی ڕابوونی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵێك بنچینە بنیاتنراوە کە بریتین لە: یەکبوون، دادگەری، ئازادی و هاوبەشی و بەشداری سیاسی، موسڵمانانیش لە وەتەی چەند سەردەمێکەوەیە ململانێ دەکەن لەسەر ڕێگەی پێشکەوتن بەرەو ئەو ئامانجە شکۆدارانە، لە دواییدا توانیان سەربکەون لە بەدەستهێنانی هەندێك لە ئومێد و ئامانجەکانیان، بەڵام هەر زۆر دەناڵێنن بە دەست شکست هێنان لە بنیاتنانی دامەزراوەی سیاسی دادگەر یان دامەزراندنی یەکبوونی ئیسلامی تۆکمە و فراوان، دەکرێ بەشێك لە شکستەکەیان لە ئاست دەستەبەر کردنی ئامانجەکانیان بگەڕێتەوە بۆ کەلەپوری فیکری سیاسی کە پڕیەتی لە هۆکارەکانی خۆسەپاندن و ململانێی ناوەخۆیی و ڕق و کینە و تێڕوانینی نەرێنی هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان، بەتایبەت باسی شیعە و سوننە دەکەم، کە هەر دووکیان تیۆری سیاسی خۆسەپێنیان هەڵگرتووە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامەوە نییە، هەر یەکەشیان سەیری ئەوەی تریان دەکات بە تێڕوانینێکی شێواو و ناڕێك، ئەمەش لەسەر وەرگرتنی هەندێك فیکرو دەق و هەڵوێست و ڕووداوی لاوەکی و گشتاندنی بەسەر هەمووواندا، تەنانەت بەکارهێنانی ئەم شتە لاوەکییانە وەك ئامرازی سەرکوت کردن و ستەم و پەڕاوێز خستن و ململانێ.

تیۆری (ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت) کە کۆمەڵێك لە شیعەکان لە مێژوودا دانیان پێداناوە وەك بنەمای فیکری و کەرستەیەکی بە پیت یان سوتەمەنییەکە لە ناو چاڵەکانی پەرتەوازەکردنی موسڵمانان، لە لایەکەوە (ئیمامییەکان) باوەڕیان

وایە تیۆری ناوبراو لە ناوەرۆك و ناواخنی ئیسلام و شیعەگەرێتییە، پێویستییەکە لە پێویستییەکانی ئایین، دواتر وازهێنانیان لەم تیۆرە سەختە بۆیان. لە لایەکی ترەوە موسڵمانان (سوننەکان) ئەم تیۆرە بە پاشکۆکانییەوە بە ناپەسەند دەزانن، وەك: هەڵوێستی نەرێنی لە بەرامبەر هەر دوو شێخەکە ئەبو بەکرو عومەر (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەمەش هۆکاری بەردەوام بوونی ڕاجیایی و گرژییە لە نێوان هەر دوو لایەنەکە، بەڵکو دەکرێت بۆ دوو دژ دابەش ببن، هەروەك بۆ هەندێك کەس دەگونجێت وێنە و ئەندێشەی بابەتەکە بکات، هیوای وابێت و کار بکات لە پێناو بەردەوامی دان بە مەشخەڵی ڕاجیایی نێوان موسڵمانان. بە هیوای یەکبوونی موسڵمانان و یەکگرتنیان و ڕزگار کردنیان لە ستەم و خۆسەپاندن و چارەسەر کردنی ڕاجیایی مێژوویی نێوان ئەهلی سوننە و شیعە، بە پێویست دەزانین کۆمەڵێك پرسیار بخەینەڕوو: ئایا بەڕاستی تیۆری (ئیمامەت) ناوەڕۆك و ناواخنی ئیسلام و شیعەگەرێتی پێکدێنێت؟ ئایا لە کۆن و نوێدا سەرجەم شیعەکان باوەڕیان بەو تیۆرە هەبووە؟ ئایا دەکرێ موسڵمانان کۆك بن لەسەر فیکرێکی نوێی سیاسی جێگیرەوە؟ ئایا پێویستە سوننە و شیعە تا ڕۆژی دوایی شوناسە تاقمەگەراکەیان بپارێزن؟ ئایا ڕاجیاییە فیکرییەکانیان لەسەر بنەڕەتی ئایینە؟ یان لەسەر بەرژەوەندی و تیۆرە سیاسییەکانە؟ ئایا لە هەمبانەی مێژوودا شیعە لە بنەڕەت بۆ ئەوە دروست بووە تا تاقمێکی ڕووبەڕووی سوننە بێت؟ یان تاقمێکی داخراوەو ئامانجی ئەهلی سوننەیە؟ یان حزبێکی سیاسی پەرەخواز بووە و کار دەکات لە پێناو ڕزگار کردنی ئوممەتی ئیسلامی و دەستەبەرکردنی خێرو بێرو ادگەری بۆ ئوممەتی ئیسلام؟.

وەڵامدانەوەی پرسیارە خراوەڕووەکان دەوەستێتە سەر خوێندنەوەی مێژووی شیعەگەرێتی بە قوناغە جیاوازەکانی و ئەنجامدانی تێڕوانینێکی گشتگیر بۆی. شیعەگەرێتی لەسەر دەستی ئیمام (عەلی کوڕی ئەبو تالیب "سڵاوی خوای لێبێت") دەرکەوت لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دژەڕاکانی لە ئاشوب و فیتنە مەزنەکەدا. لەو ڕۆژدا شیعەگەرێتی هیچ جیاوازییەکی ئایینی لە بیروباوەڕ یان نوێژ و ڕۆژوو و سەرجەم پەرستشەکانی تردا نەبوو، بەو ئەندازەیە نەبێت کە تێڕوانینی تایبەتی هەبوو بۆ ڕاڤەی ئایین بۆ دادگەری و یەکسانی و ڕێزگرتنی وتەی ئوممەت، خۆسەپاندن بە زەبرو زۆری بەسەر کاروبارەکانی ئوممەت ڕەتکردەوە. جا بەو واتایە (شیعەگەرێتیی عەلەوی) سروشتی هەموو ئوممەتی ئیسلامی بوو، لە بەرامبەر کۆمەڵێکی بچوکی یاخی بوو کە هەوڵی دەدا سەروەت و سامانی خودا بەسەر لایەنگرانی دابەش و پەرت بکات و بەندەکان بکات بە خزمەتکار، هەروەك ئیمام (حوسەین کوڕی عەلی "سڵاوی خوای لێبێت") لە کاتی شۆڕشەکەی دژ بە (یەزیدی کوڕی معاویە) لە ساڵی ٦١ك ئاماژەی پێدا، کاتێك حوسەین خەڵکی عێراقی بانگهێشتکرد بۆ پشتگرتنی لە پێناو چاکسازی کردن و ئەنجامدانی نەشتەگەرییەکی گشتی بۆ ئوممەتی باپیرەکەی، حوسەین تەنها لەبەر ئەوە دەرنەچوو تا ئامانجە تایبەتییەکانی شیعە جێبەجێ بکات.

یەکەم لێکترازان لە نێوان موسڵمانان نەك لە نێوان شیعە و سوننە بەڵکو لە نێوان جەماوەری موسڵمان و ئەو حوکمڕانانەی بەهێز دەستیان گرتبوو بەسەر دەسەڵات دروست بوو بە تەقینەوەی چەندین شۆڕشی جەماوەری لێرەو لەوێ لە سەدەی یەکەمدا، جا لێکترازانەکە نزیکتر بوو لەو دابەش بوونە سیاسییەی هاوچەرخ کە حیزبەکان بۆ ڕاستڕەو و چەپڕەو دابەش دەکات، هەروەك نووسەرە میسرییەکە

(ئەحمەد عەباس سالّح) لە کتێبەکەیدا (اليمين واليسار في الإسلام) تێبینی ئەوەی کردووەو شیعەی لە خانەی چەپڕەو داناوە لە بەرامبەر دژەکانیان ئەوانەی خەڵکی وڵاتی یەمەنن و بەزبری هێز خۆیان سەپاندووە.

دواتر لە ماوەیەکی پاشتردا ڕاجیاییەکی تر ڕوویدا لە نێوان خودی ڕیزەکانی شیعەدا لە نێوان ئەوانەی دەستیان دەگرت بە (شیعەگەرێتیی سیاسی) کە ناسراو بوو لە سەردەمی ئیمامی (عەلی) و (حوسەین) و دامەزرابوو لەسەر بنەمای دادگەری و شوڕاو شۆڕش و فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، هەروەها ئەوانەی باوەڕیان هەبوو بە (شیعەگەرێتیی ئایینی) کە خەلافەت کورت هەڵدێنێت لەو (ئیمامانەی کە نەوەی عەلی و حوسەینن)، تەنانەت باوەڕیشیان وایە پارێزراون و وابەستەنە بە ئاسمانەوە، ئەمەش بەپێی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) کە شوێنکەوتووانی ئەم تیۆرە هەڵسان بە بەرز کردنەوەی تیۆرەکە بۆ ئاستی بیروباوەڕی ئایینی و پێچاشیان بە دەقەکان و تەئویلات[1] و چیرۆکی

(١) واتای وشەی تەئویل:(وشەی تەئویل لە ئەصلی زمانی عەرەبی دا لە :(آل، يؤل، مآلاً، و تأولا) هاتوە، واتە:(رجع، يرجع، مَرْجعا) وشەی (مَرْجع) واتە: ئەو شوێنەی کە ئینسان بۆی دەگەڕێتەوە (مآل)یش هەر بەو مانایە دێت. وشەی تەئویل لەزمانی عەرەبی دا سێ واتا دەگەیەنێت: یەکەم: ئاکام و سەرەنجام (العقبة و المآل)، پەروەردگار بەم واتایەی بەکارهێناوە: ﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأۡوِيلَهُۥ ﴾ الأعراف:٥٢. واتە: ئایا کافرەکان چاوەڕێی چی دەکەن هەر چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە ئاکام و سەرەنجامی ئەوەی قورئان دە فەرمووێ بێ!. دووەم: بەمانای لێکدانەوەو تەفسیر کردن دێت وەك خوای تاك و پاك فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ آل عمران : ٧. واتە: تەفسیرو لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە تەنیا خوا دەیزانێ. سێیەم: واتای تەئویل بریتیەلە: لادانی وشەیەك لەمانای ڕواڵەتی یان حەقیقی خۆی بۆ مانایەکی پەنهان یاخود مەجازی لەبەر بەڵگەیەك کە ڕێگەمان نادات ئەو وشەیە بە مانای حەقیقی یەکەی یاخود بەمانای ڕواڵەتیەکەی بەکاربێنین، وەك خوای کاربەجێ دەفەرمووێ:

مێژوویی. دواتر ئیمامییەکان بۆ چەندین تاقم کەرت بوون، دوو تاقمی سەرەکی لەسەرووی هەموویانەوە بوون: (ئیسماعیلییەکان) و (موسەوییەکان) کە دراونەتە پاڵ دوو کوڕەکەی ئیمام (جەعفەری صادق): (ئیسماعیل و موسا)، جا تاقمی ئیسماعیلییەکان ڕێگەی خۆی لە ژیاندا گرتەبەرو سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێك کە بۆ چەند سەدەیەك بەردەوام بوو (لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچ تا ناوەڕاستەکانی سەدەی شەشەم) ئەویش دەوڵەتی فاتیمییەکان بوو، دوای ڕووخانی دەوڵەتی ناوبراو پێشەواکانی ئەم دەوڵەتە چوونە قۆناغی مت بوون و پەنهان بوون، بەمەش ئەم تاقمە بۆ چەندین دەستە و پێڕ دابەش بوون. کەچی (موسەوییەکان) لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەم بە ڕێگەیەکی داخراو گەیشتن، ئەمەش بەهۆی مردنی ئیمام (حەسەنی عەسکەری) و بەجێ نەهێشتنی هیچ منداڵێکی دیار لە پاش خۆی بۆ بەردەوام بوونی ئیمامەت، سەرباری ئەوەی هەندێك لە شیعەکان باوەڕیان وابوو کە ئیمامی عەسکەری منداڵێکی پەنهانی هەیە ئەویش (ئیمامی دوازدەمە محەممەدی مەهدی چاوەڕوانکراو). سەرباری دەرنەکەوتنی مەهدی ناوبراو لەسەر شانۆو لاپەڕەکانی ژیان بۆ ڕابەرایەتی کردنی شیعە و موسڵمانان و دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی گریمانە کرابوو، هەروەها ئەو شیعانەی باوەڕیان بە بوونی ناوبراو هەبوو ناچاربوون لێکۆڵینەوە

---

﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ﴾ آل عمران : ٧. دەگو نجێ وشەی تەئویل لێرەدا بەو مانایەی سێیەمیشیان بێت). سەیری: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا: م. عەلی باپیر، بەرگی سێیەم: خوا بەیەکگرتن لەناوو سیفەت و پەرستراوێتی دا، ١٥٥_١٦١) بکە. (وەرگێڕ).

بکەن لە بارەی ئیمامی ئاسایی بۆ ڕابەرایەتی کردنیان کە پارێزراو نین و دەقیان لەسەر نەهاتووەو تەنانەت لە ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی نین.

پێویست بوو تیۆری (ئیمامەتی خوایی) _ بەلایەنی کەمەوە لەلایەن تاقمی موسەوییەکان _ لەگەڵ لاپەڕەکانی مێژوو بپێچرێنەوە، بەڵام ئەوە هەبوو کە گۆڕا لە تیۆرێکی سیاسی کاتی بۆ (بیروباوەڕێکی ئایینی) پەیوەست بە ئیسلامەوە. وای لێهات لەلایەن (ئیمامییەکان) باوەڕ هێنان بە (دوازدە ئیمامەکان) بووە تەواوکەری باوەڕ هێنان بە خواو پێغەمبەر ((ﷺ)).

من وەك خۆم لە دایکبووم و پێگەیشتووم لەسەر ئەم بیروباوەڕە، تەنانەت بووم بە یەکێك لە بانگخوازەکانی، بەڵام دواتر بە ڕێکەوت لە ساڵی ١٩٩٠ز لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەم لەبارەی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) و ڕیشە مێژووییەکانی هەڵسام بە ئەنجامدانی پێداچوونەوە بۆ ئەم بیروباوەڕە، جا چەند دەقێکی کۆنی شێخەکانی تاقمی دوازدە ئیمامیم دۆزیەوە کە ڕاشکاوانە ئەوە دەخەنەڕوو کە هیچ بەڵگەی زانستی مێژوویی سەلمێنراو نییە لەسەر لەدایکبوونی (ئیمامی دوازدەم محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و ئاماژەشیان بەوە کردووە کە باوەڕ بوون بە لە دایکبوون و هەبوونی ناوبراو دامەزراوە لەسەر چەند گریمانەیەکی فەلسەفی (عەقڵی). ئەمەش منی پاڵنا بۆ ئەوەی سەر لەنوێ لێکۆڵینەوە بکەم لەسەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) بۆ ئەوەی ئەوە ئاشکرا بکەم کە ئەمە تیۆری سیاسی ئال و بەیت نەبووە، بەڵکو دەستکردی زانا کەلامییەکان و زیادەڕۆچووان بووە، کە شت لەبارەی ئیمامەکان هەڵدەبەستن.

جا توێژینەوەکەم نووسی و لە ساڵی ١٩٩٧ز لە ژێر ناونیشانی (گەشەسەندنی فیکری سیاسی شیعە لە شوراوە بۆ ویلایەت فەقیە) بڵاوم کردەوە، تیایدا جەختم کردەوە لەسەر بابەتی (لە دایکبوونی ئیمامی دوازدەم محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و جەختم نەکردبووەوە لەسەر توێژینەوەو هەڵوەشاندنەوەی تیۆری (ئیمامەتی خوایی)، چونکە پێم وابوو ئەوەندە بەسە کە توێژینەوە بکەم لەبارەی بابەتی (ئیمامی دوازدەم) و بیسەلمێنم بوونی نییە، پێشم وابوو پێویست بەوە ناکات توێژینەوە بکەم بۆ چەسپاندنی بێ بنەمایی و پووچی تیۆرێکی لە ناوچووی مێژوویی کە ئەمرۆ بوونی نییە. بەڵام دواتر بینیم زۆربەی ئەوانەی بەرپەرچی کتێبەکەمیان دەدایەوە دەستدەگرن بە تیۆری (ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت) و پشت بەو تیۆرە دەبەستن وەك بەڵگەیەك لەسەر چەسپاندنی گریمانەی (بوونی) ئیمامی دوازدەم (مەهدی چاوەڕوانکراوی پەنهان بوو هەر لەوەتەی ناوەڕاستەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی) و پارێزگاری لە بیروباوەڕەکەی دەکەن لەبەردەم دارمان و لەناوچوون. بۆیە بە پێویستم زانی بە شێوەیەکی فراوان توێژینەوە بکەم لەسەر بابەتی (ئیمامەتی خوایی) بە شێوەیەکی سەربەخۆ و گشتگیرو بەرفراوان، لێکۆڵینەوە بکەم لەسەر پەیوەندی ئەم تیۆرە بە ئیمامەکانی ئال و بەیتەوە (بەتایبەت باقر و صادق) و تا چەند شیعەکان بە گشتی بە تێپەڕبوونی مێژوو پابەند بوونە پێیەوە، هەڵوێستی شیعە لە مرۆدا لە بەرامبەر ئەم تیۆرە چییە، شوێنەوارە نەرێنییەکانی ئەم تیۆرە چیین بەسەر گەشەسەندنی کاروانی سیاسی شیعە و پەیوەندی شیعەکان لەگەڵ لایەنەکانی تردا. لەم کتێبەدا هەڵساوم بە نمایشکردنی فیکری سیاسی زوو و سەرەتای شیعە لە سەردەمی ئیمامی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) و لە سەدەی یەکەمی کۆچی، پاشان

چوومەتە سەر باسی دروست بوونی (شیعەگەرێتیی ئایینی) کە خۆی دەبینێتەوە لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت). گرنگترین بەڵگەکانی ئەم تیۆرەم بە تێرو تەسەلی خستووەتەڕوو، پاشان هەڵساوم بە بەراورد کردنی لەگەڵ تیۆرەکانی پێشتری شیعە تا دڵنیا بین لەوەی تیۆرێکی کۆن و ڕەسەنە و لە سەردەمی پێغەمبەر ((ﷺ))و ئیمامی عەلییەوە هاتووە؟ یان تیۆرەکە لە سەدەی دووەمی کۆچی لە دایك بووە، کاردانەوەکان و کارلێکی شیعە لەگەڵ ئەم تیۆرە و هەڵوێستی ئال و بەیتم خستووەتەڕوو، هەروەها ڕۆڵی زیادەڕۆچووان چی بووە لە دروستکردنی تیۆری ناوبراو ڕەواج پێدانی. هەروەك دواتر دواوم لەبارەی (دوازدە ئیمامی) و شوێنەوارە نەرێنییەکانی لەسەر شیعە لە ماوەی هەزار ساڵدا، دواتر چوومەتە سەر باسی فیکری سیاسی نوێ و هاوچەرخی شیعە کە هەوڵ دەدات دەربچێت لە (ئیمامەت) و ئەو دەرەنجامانەی لەم ڕێگەیە بەرهەمی هێناوە، ئەو ئەرکانە چین کە فیکری سیاسی شیعە ماویەتی بۆ خۆ ڕزگار کردن لە تیۆری (ئیمامەت)، بنیاتنانی فیکرێکی سیاسی نوێ کە زیاتر دیموکراسی و دادگەری فەراهەم بکات و توانای یەکخستنەوەی موسڵمانانی ببێت.

لەم توێژینەوەیەمدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتم بەستووە بە گرنگترین سەرچاوەی شیعەی دوازدە ئیمامی، ئەویش کتێبی (الكافي)یە کە (محەممەدی کوڕی یەعقوبی کلینی) لە سەرەتای سەدەی چوارەم کۆچی کۆی کردووەتەوە، کتێبەکە گرنگترین ئەو فەرموودانە لە خۆ دەگرێت کە لە ئیمامی (باقر) و ئیمامی (صادق) و سەرجەم دوازدە ئیمامەکانی تر گێڕدراونەتەوە. و کتێبی (بصائر الدرجات) دانراوی (محەممەدی کوڕی حەسەنی صەفار) و هەندێك سەرچاوەی تری شیعە لە بوارەکانی مێژوویی و کەس ناسی و کەلامی. سەرباری

ئەوەی دەزانم کە زۆربەی فەرموودەکانی کتێبی (الكافي)دروست نین _ هەروەك شیعە پاشینەکان بەتایبەت زانایانی بنەماکانی فیقھ (أصول) ئاماژە بەوە دەکەن _ بەڵام هەر پێم باش بوو گەواهی بە هەموو فەرموودەکانی بێنمەوە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی دروستییەکەیلە ڕووی سەنەد و زنجیرەوە، ئەمەش لە پێناو کێشانی وێنەیەکی مێژویی نزیککراوە لەبارەی تیۆری (ئیمامەتی خوایی)وەکو چۆن لە ڕاست و دروستترین سەرچاوەکانی کۆنی ئیمامی دا هاتووە، کە بە تێڕوانینی (کلینی) و شیعە (ئیمامییەکان)ی ئەو کات باوەڕپێکراو و دروستن، سەرباری ئەوەی شیعەکان دواتر پێداچوونەوەیان بۆ زۆرێك لەو فەرموودانە کردووەو خۆیان لە زۆرێك لەو فەرموودانە پاك و دوور گرتووە، تەنانەت گێڕەرەوەکانی ئەم فەرموودانەشیان بە لاواز و زیادەڕۆچوو لە قەڵەم داوە. لەوانەیە من خۆم بە توندتر بێتە پێشچاو لە زانایانی شیعەی پسپۆر لە زانستی ناسینی کەسەکان (علم الرجال)، ئەمەش لەبەر ئەوەی من دانم نەناوە بە ڕاست و دروستی هیچ گێڕانەوەیەك کە لە کتێبی (الكافي)دا هاتووە، تەنانەت ئەوانەشم بە دروست نەزانیوە کە ئیمامییە پاشینەکان بە دروستیان داناوە کە ژمارەیان دەگاتە دوو هەزار گێڕانەوە لە ناو شازدە هەزار گێڕانەوە کە کتێبی (الكافي) لە خۆی دەگرێت. ئەمەش بەهۆی بوونی گومان لە حوکمی بە ڕاست دانانی (کلینی) لەبارەی گێڕانەوەکانی یان متمانەدار کردنی کەسەکانی کە پێم وایە لە زیادەڕۆچووان نزیکترن نەك لە ئال و بەیت و بوونی گومان لەو گێڕانەوانەی (ئیمامییەکان) دەیهێننەوە بۆ پشتگرتنی ڕاڕەو مەزهەبەکەیان و پایەدار کردنی تیۆرەکەیان. ئەم گومانە گومانێکی پەیڕەویی (مەنهەجی) سروشتی و پێویستە، شێخ (ئەبو جەعفەری توسی _ شێخی تاقمی دوازدە ئیماییەکان لە سەدەی

**پێنجەمی کۆچی _) لە کتێبەکەیدا (الغیبة) ئەم ڕێبازەی پەیڕەو کردووە لە ڕەخنەگرتن لە مەزهەبەکانی تری شیعە، سەرباری ئەوە هەڵساوم بە هەڵسەنگاندنی ئەو گێڕانەوانەی دراونەتە پاڵ ئیمامەکانی ئال و بەیت، لەسەر بنەڕەتی هەڵسەنگاندنیان بە تەرازووی قورئانی پیرۆز، بە شوێنکەوتنی پەیڕەوی خودی ئیمامەکان، هەروەك داوایان دەکرد فەرمایشتەکانیان لەگەڵ قورئانی پیرۆز بەراورد بکرێن، داواشیان دەکرد ئەگەر فەرموودەکان فیکری زیادەڕۆچوو و لاڕێیان تێدا بوو فەرامۆش بکرێن و ڕەتبکرێنەوە[1]. گەیشتم بەو دەرەنجامەی کە (ئیمامەکان) پاکن لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و ئەم تیۆرە لە دەستکردی زیادەڕۆچووان و زانا کەلامییەکانە کە لە دەوری ئیمامەکان کۆ ببوونەوە، ئەم تیۆرە لەسەر بنەڕەتی شەرعی تۆکمە دانەمەزراوە، ئەمەش وای کردووە لە**

---

(١) جا (کشی) لە (هیشامی کوڕی حەکەم) گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی گوێبیستی ئیمام (صادق) بووم وتی: (موغەیرەی کوڕی سەعید بە ئەنقەست درۆی بۆ ئوبەی هەڵدەبەست، کتێبی هاوەڵانی وەردەگرت، جا هاوەڵەکانی خۆیان بە هاوەڵەکانی ئوبەی شاردبووەوە، هاوەڵانی موغەیرە کتێبیان لە هاوەڵانی ئوبەی وەردەگرت و دەیاندا دەستی موغەیرە، جا موغەیرە کوفرو بێ دینی دەخستە ناو کتێبەکانەوەو ئەمەشی دەدایە پاڵ ئوبەی و پاشان کتێبەکانی دەدایەوە دەست هاوەڵانی تا ئەم فیکرە لەناو شیعەکاندا بچەسپێنن، جا هەر کە زیادەڕۆچوون بەدی کرا لە ناو کتێبەکانی هاوەڵانی ئوبەی ئەوە بزانە لە دەستکرد و خستنە ناوەوەی موغەیرەی کوڕی سەعیدە). (کشی) وتویەتی: (یونسی کوڕی عەبدوڕەحمان) وتویەتی: (چوومە وڵاتی عێراق و کۆمەڵێك لە هاوەڵانی باوکی جەعفەرم بینی... گوێبیستی ئەوان بووم و کتێبم لەوان وەرگرت و دواتر ئەمەم بۆ _ باوکی حەسەنی ڕیزا _ خستەڕوو، ناوبراو پێی وتم: باوکی خەتاب درۆی بە دەمی باوکی عەبدوڵا کردووە، خودا نەفرەت لە باوکی خەتاب بکات، هاوەڵانی باوکی خەتابیش بەهەمان شێوە تا ئەمرۆش ئەم فەرموودانە دەخەنە ناو کتێبەکانی باوکی عەبدوڵاوە، جا شتێك لەبارەی ئێمەوە پەسەند نەکەن کە پێچەوانەی قورئان بێت، ئەگەر دواین ئەوا بە شێوەیەك دەدوێین کە کۆك بێت لەگەڵ قورئان و سوننەت). الکشي، الرجال ١٩٥_١٩٦.

بەرامبەر ڕووبەڕوو بوونەوەکان بە خێرای بڕوخێت و دووچاری داکشان ببێتەوەو تەنانەت بە ڕێگایەکی داخراو بگات و لەناو بچێت.

لە ڕاستیدا زۆر سوور نەبووم لەسەر چەسپاندنی پوچەڵی تیۆری (ئیمامەتی خوایی)، چونکە ئەم تیۆرە _ بە ڕای من _ تیۆرێکی مردووە و لەسەر گۆڕەپانی واقیع بوونی نییە، بەشێوەیەکی کرداری زۆربەی شیعە هاوچەرخەکان پێیەوە پابەند نین، تەنها چەند کەسانێك نەبن ئەویش لە چەند بازنەیەکی تەسك و بە شێوەیەکی جەلاتینی و بێ ئەوەی واتاکەی بە باشی بزانن، بەڵکو تەنها بەنا و دروشم دەیناسن، توێژینەوە لەم بابەتە بەلای منەوە گرنگ نەبوو ئەگەر سووربوونم نەبووبا لەسەر چارەسەر کردنی لایەنی شوێنەوارە نەرێنییەکانی کە ڕێگرە لە بەرەو پێشچوونی شیعەکان لەسەر ڕێگای بنیاتنانی دامەزراوەی دیموکراسی دادگەر و بەهێز کردنی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ برا موسڵمانەکانی تر.

پێم وایە ناسینی (شیعەگەرێتیی سیاسی) و خۆ ڕزگارکردن و فڕێدانی (شیعەگەرێتیی ئایینی) زۆر پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکان شیعی و ئیسلامی جیهانی، دەرچوون لە هەمبانەی تاقمەگەری و چوونە ناو یەك کاروانی ئیسلامی لەگەڵ جەماوەری (سوننە) کە تێدەکۆشن لە پێناو ئازادی و دادگەری و ڕزگاری.

دکتۆر عەلی شەرعەتی هەر زوو لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە (ئێران)، هەوڵی دا کەلەپوری شیعە بە شێوەیەکی زیندوو و هاوچەرخ بخوێنێتەوەو بە گەڕی بخات لە خزمەتی پرۆژەی شۆڕشی ئیسلامیدا، ناوبراو ڕۆشنایی خستە سەر دوو جۆر

شیعەگەرێتی، ناوی لە یەکەم نا (شیعەگەرێتیی عەلەوی) و ناوی لە هی دووەم نا (شیعەگەرێتەی ئایینی) و ڕەخنەی لە زۆرێك لەو خاڵە نەرێنیانە گرت کە کۆمەڵگای ئێرانی و کۆمەڵگاکانی تری شیعە بەدەستییەوە دەیانناڵاند، دکتۆر داوای کرد شوێن پێی نمونەی (شیعەگەرێتیی عەولەوی) هەڵبگیرێت کە پڕیەتی لە ڕۆڵی یەکبوون و دادگەری و شۆڕگێڕی و شەهید بوون. بەڵام دکتۆر شەریعەتی زۆر جەختی نەکردەوە لەسەر توێژینەوەی خاڵی لادان و لاڕێ بوون لە بزوتنەوەی مێژوویی شیعەدا، بەڵکو هەوڵی داوە توێژینەوە بکات لەسەر چەند شتێکی پڕو پوچ و ئەفسانە کە هەن لە بواری فیکری کەلەپوری شیعەدا، ناوبراو توێژینەوەی لەسەر بنەڕەتی بابەتەکە نەکردووە کە (دوازدە ئیمامی)یە بەڵکو هەوڵی داوە بە دەوری بابەتەکەدا بخولێتەوە بە بانگەوازی کردن بۆ پەیڕەوکردنی شوڕا لە قۆناغی (پەنهان بوونی گەورەی ئیمامی دوازدەم). هەروەها دکتۆر شەریعەتی لێکۆڵینەوەی نەکردووە لەسەر بنەڕەتی تیۆری بوونی (ئیمامی دوازدەم) کە بەرپرسە لە سڕکردن شیعە و دوور خستنەوەیان لە بەشداربوون لە بواری سیاسی دا و چاوەڕوان کردنی گۆڕانی ئاسمان، دکتۆر بە دەوری بابەتەکەدا خولاوەتەوە بە پێشکەش کرنی ڕاڤەیەکی نوێ بۆ واتای (چاوەڕوانی) ئەویش (چاوەڕوانی ئەرێنیە) واتە: کارکردن و شۆڕش کردن وەك ڕێگە خۆشکردن بۆ دەرکەوتنی (ئیمامی مەهدی)، وەك جێگرەوەی چەمکی پێشوو (چاوەڕوانی نەرێنی) کە شیعەکان پێیەوە پابەند بوون و شۆڕش و دامەزراندنی دەوڵەتی لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا بە قەدەغە دادەنا.

لەگەڵ ڕێزو پێزانین بۆ ئەو هەوڵانەی (دکتۆر عەلی شەریعەتی) پێی هەڵسا و ئەو ڕۆڵەی گێڕای لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئیسلامی لە (ئێران)، ئێمە پێمان وایە

قەیرانی شیعە لە سەردەمی (صەفەوییەکان) دەستی پێ نەکرد، بەڵکو دەستی پێ کرد لە گۆڕانی کۆمەڵێك لە شیعەکان لە شیعەگەرێتیی (سیاسی) بۆ شیعەگەرێتەی (ئایینی) لە سەدەی دووەمی کۆچی. بۆیە پێمان وایە کە چارەسەرەکە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵوەشاندنەوەی (شیعەگەرێتیی ئایینی) و گەڕانەوە بۆ (شیعەگەرێتیی ئایینی)، ئەم گەڕانەوەی مایەی خێرە بۆ شیعەکان و جیهانی ئیسلامی. ئەمەش لەبەر ئەوەی جیهانی ئیسلامی لە ژێر چەتری سیاسی شیعە لە سەردەمی ئیمامی (عەلی کوڕی ئەبو تالێب) دابەش نەببوو بۆ تاقمەگەری، بەڵکو زۆربەی موسڵمانان لەسەری کۆك بوون، بۆیە دەکرێت ئەمڕۆ جارێکی تر یەك بگرنەوە لەسەر ئەم جۆرە لە شیعەگەرێتیی سیاسییە، ئەگەرچی ئیمامی عەلی یان یەکێك لە ئال و بەیتەکەی لەم ڕۆدا بوونی نەبێت. چونکە ئەوەی گرنگە کرۆك و جەوهەرە نەك چوارچێوەو ڕووکەش، کرۆك و جەوهەری شیعەگەرێتی خۆی دەبینێتەوە لە دادگەری و ئازادی و شوڕا و یەکبوون، ئەمانەش چەند بنەمایەکن تایبەت نین بە شیعەکان بەڵکو سەرجەم موسڵمانان لەسەر کۆکن.

بنەماکانی (شیعەگەرێتەی سیاسی) ڕێك بریتین لە بنەماکانی ئیسلام، بەڵام ئەم بنەمایانە لەلای شیعە سەرەتاکان درەوشانەوە وەك بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکار لە بەرامبەر سیاسەتی هەندێك حوکمڕانی ستەمکارو خۆسەپێن کە ستەمیان پیادە دەکرد و دەسەڵاتیان قۆرغ کردبوو و سەروەت و ماڵی خەڵیان بە ناحەق دەخوار بە ناوی ئیسلام. لەسەر ئەم بنەڕەتە شیعەکان لەگەڵ برا موسڵمانەکانیان بە سەرجەم تاقمەکانەوە بەیەك دەگەن، ئەوانەی کە ستەم و خۆسەپاندن و قۆستنەوە ڕەتدەکەنەوە. لە کاتێکدا خۆیان بە پاك دەگرن لەو کەسانەی

ستەمكارو زۆردارن و دەستدرێژی دەكەنە سەر مافی ئەوانی تر، ئەگەر چی بانگەشەی شیعەگەرێتیی بكات یان خۆی دەربخات بە دروشمە مێژووییەكانی شیعە.

گەڕانەوە زۆر پێویستە بۆ كرۆك و جەوهەری شیعەگەرێتی، ئەمەش لەو كاتەدا كە جیهانی ئیسلامی دوو ڕاپەڕین و هەستانەوەی مەزن بەخۆیەوە دەبینێت كە لەسەر (شیعە) و (سوننە) هەژمار دەكرێت و ڕووبەڕووی یارمەتی و یەكبوون دەبنەوە یان پێكدادەن و دەجەنگن، ئەمەش وا دەكات زیاتر لە لایەنێكی ناوەخۆیی و هەرێمی نێودەوڵەتی تێبكەوت بە مەبەستی پاراستنی ڕژێمە خۆسەپێن و داگیركارە پیسەكان. زۆرێك لە دوژمنانی ئوممەت لە ناوەوە و دەرەوە هەوڵ دەدەن تەگەرە بخەنە سەر ڕێی ڕابوونی ئیسلامی ئەمەش بە هەڵگیرساندنی جەنگی تاقمگەری و پڕ كردنی بە فیكرە لادەرەكان و خواستەكانی خۆ سەپاندن یان وێنەكردنی هەر بزوتنەوەیەك وەك ئەوەی پرۆژەیەكە لە پرۆژەكانی خۆسەپاندنی تاقمگەری، ئەمەش ترس دەڕوێنێت و وادەكات كە بە چاوی گومانەوە سەیری یەكتری بكرێن.

لە جیاتی ئەوەی موسڵمانانی (سوننە) و (شیعە) یەكبگرن و بچنە ناو یەك پرۆژەی ڕابوونەوە، كەچی هەندێك كەسی خاوەن عەقڵ بچوك و تەسك هەوڵی ڕەواج دانی دەدا بە تیۆرە كۆنە مردووەكانی شیعە، بەمەش (شیعەگەرێتیی سیاسی) شۆڕشگێڕی عەلەوی شێواندووەو شپرزە كردووە. لە كاتێكدا هەندێك لە دوژمنەكانی شیعە بۆ ئەوەچوون تا گۆڕستانەكانی مێژوو و كتێبە زەردەكان بپشكنێت بۆ دیاری كردنی خاڵی ڕاجیایی و كەم و كورتییەكانی زیادەڕۆچووانی شیعە و هەندێك مەزهەبی پەڕگیرو لەناوچوو، ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕەوتی

شۆڕگێری نوێ بدا. ئەمە هەڕەشە لە ڕابوونی ئیسلامی دەكات بە شێوەیەكی گشتی، دەڤەرەكە دەباتە ناو فرِنی لە بن نەهاتووی تاقمگەری.

ئا لێرەوە پێویستە پارێزگاری لە ئاراستەی قیبلە نوماكە بكرێت بە ئاراستەی پێشكەوتن، ئەمەش لە میانەی بژاركردنی وردی نێوان فیكری تاقمگەری خۆسەپێنی زیادەڕەوی تەسكبین لەلایەك و فیكری شیعەی عەلەوی كە زیندوو و میانڕەو و ئوممەتگەڕایە نەك تاقمگەڕا، هاوپەیمان و كۆكە لەگەڵ فیكری سوننی و شیعەی دیموكراسی لەلایەكی ترەوە.

زۆر گرنگە هەر فیكرێك (شیعە یان سوننە) بڕوانێتە جەماوەری ئوممەتی ئیسلامی بەبێ ڕەچاوكردنی شوناسە تاقمگەراكەی، واتە وەك جەماوەرێك كە دەگەڕێت بە دوای ماف و ئازادی و دادگەری و دیموكراسی، نەك دەستگرتن بەسەر جەماوەردا یان پەڕاوێز خستنی. پێویستە سوننەكان سەیری شیعەكان بكەن دوور لە ڕووداوە مێژووییەكان و بۆچوونە زیادەڕەوەكان، بەهەمان شێوە پێویستە لەسەر شیعەكان سەیری سوننەكان بكەن وەك دایكێك كە ئەوانی وەك كۆرپەلە لە باوەش گرت بێت، نەك وەك تاقمی دژ سەیری بكات، سەیری خۆشیان بكەن وەك پێشكەوتن خواز و تێكۆشەر لە پێناو دادگەری و ئازادی و ڕزگاری و پێشكەوتنی سەرتاپای ئوممەت، هەروەك ئیمامی (حوسەین) دەیوت: (من دەرچووم بۆ داوای چاكسازی كرد لە ئوممەتی باپیرەم) و نابێت وا هەڵسوكەوت لەگەڵ جەماوەری سوننە بكەن وەك دامەزراوەی ستەمكارو خۆسەپێن و بزوتنەوەی ڕەگەز پەرست و تاقمگەڕا و دوژمنی خۆیان، چونكە ئەمە دەبێتە هۆی یان بووەتە هۆی ئێش و ئازار بۆ ئەوان بە درێژایی مێژوو.

پێویستە لەسەر سوننە و شیعە شوێن ستراتیژیەتێکی ڕەسەن بکەون، کە چاوی لەسەر خزمەت کردنی ئومەت بێت بێ جیاوازی کردن، خۆیان دابڕنن لە پاشاماوە فیکرییە مردوو و لە ناوچووەکان و تاکڕەو لادەرەکان، دەستیش بگرن بە کرۆك و جەوهەری ئیسلام، وەك ڕێگە خۆشکردنێك بۆ سڕینەوەی هەر دوو چەمکی (سوننە) و (شیعە) لە فەرهەنگە فیکری و سیاسییەکەیان.

أحمد الكاتب

١٠ ڕەمەزانی پیرۆز ١٤٢٩/١٠ ئەیلول/ سێبتێمبەر

٢٠٠٨

## بەشی یەکەم

# شیعەگەرێتیی سیاسی

ڕاجیایی لە نێوان مێژوونووساندا نییە کە چەمکی (شیعەگەرێتی) و پشتیوانی کردنی ئیمامی عەلی هەر لە ماوەی ژیانی ئیمامی ناوبراودا دەرکەوتووە، جا چ لە ڕۆژی (سەقیفە[1]) کە هەندێ لە کۆچبەران و پشتیوانان (المهاجرين والأنصار) لە ماڵی ئەودا مانەوەو ڕەتیان کردەوە بەیعەتی بدەن تا بەیعەت بە عەلی نەدرێت یان لە پاش کوژرانی (عوسمان) یاخود لە میانەی جەنگی (جەمەل) یان لە دوای گەڕانەوەی ئیمام بوو بێت لە جەنگی (صفين). بەڵام ڕاجیاییەکە بریتی بوو لەوەی ئایا سروشتی شیعەگەرێتی لە سەردەمی یەکەم سیاسی بوو؟ یان ڕۆحی و ئایینی بوو؟ یاخود کامەیان کۆنترە؟، جا لەو کاتە شیعە ئیمامییەکان دەڵێن شیعەگەرێتی سەرەتا (ئایینی بوو) بەهۆی وەسیەتەکەی پێغەمبەری مەزن ((ﷺ)) کە بۆ ئیمامی (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب)ی کرد و ڕایسپارد وەك ئیمام لە دوای خۆی، مێژوونووسەکانی تر دەڵێن لە سەرەتادا شیعەگەرێتیی (سیاسی) بوو دواتر بە تێپەڕ بوونی دەیان ساڵ گەشەی سەند بۆ شیعەگەرێتی ئایینی (یان بیروباوەڕی یاخود ڕۆحی).

---

(١) ئەو شوێنەی کە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت) تیایدا کۆبوونەوە بۆ تاوتوێ کردنی دانانی جێنشینێك بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ). (وەرگێڕ).

# پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت

بۆ ناسینی ڕووی ڕاستەقینەی بابەتەکە پێویستە لەسەرمان تێبینی ئاماژە مێژووییەکان و ئەو دەقانە بکەین کە لە میانەی ئەو ماوەدا بۆ ئێمە هاتوون، سەرەتا بزانین هەڵوێستی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی چییە لە بەرامبەر سیاسەت، ئایا سیستەمی سیاسی بەشێکە لە ئایین؟ یان بە شێك نییە؟ سروشتی ئەزموونی خودی پێغەمبەر چی بووە و ئایا سیستەمێکی تەواو ئایینی بوو؟ یان ئاینی و حوکمڕانی بووە؟ ئایا هەڵوێستی پێغەمبەری مەزن محەممەد ((ﷺ))چی بووە لە بەرامبەر ڕژێمە سیاسییە ئاشتیخوازەکان کە لە سەردەمی ئەودا هەبوون.

گومان لەوەدا نییە کە پێغەمبەری مەزن محەممەد ((ﷺ)) بەشێوەیەکی دیاریکراو سیاسەتی کردووە، بەڵام دەوڵەتی بە مانا هاوچەرخەکەی دانەمەزراندووەو نەبووە پادشا، خۆشی وەك جێگرەوەی حوکمڕانە عەرەب و نا عەربەکانی ئەو کات هەبوون نەخستەڕوو. سەرباری ئەوەی پێغەمبەر ((ﷺ)) شەرعیەتی ئاسمانیشی لە پشت بوو ئەوا دەسەڵاتی خۆی بەسەر موسڵماناندا لە شاری (مەدینە)دا نەچەسپاند تەنها لە دوای بەیعەت و بەڵێن وەرگرتن نەبێت لە دەڤەری (عەقەبە). دەستی نەخستە ناو لایەنە وردەکانی سیستەمە سیاسییەکانی خێڵە عەرەبەکانەوە، کە دەهاتنە ناو ئیسلامەوە، بەڵکو زیاتر گرنگی دەدا بە لایەنی یەکتاناسی و نوێژ بەرپاکردن و زەکات دان. پادشا هاوچەرخەکانی خۆی دەدواند و بانگی دەکردن بۆ باوەڕ هێنانی بە پەیامی ئیسلام و بەڵێنشی پێدەدا بەوەی پارێزگاری لە دەسەڵات و ئەوان بکات و لە حوکمڕانیان بهێڵێتەوە، ئەو میرو پادشا و سەرۆك و دەسەڵاتدارانەی لە ماوەی ژیانی دا موسڵمان بوون ئەوا

**ئەوانی لە سەر دەسەڵات لانەدا، داواشی نەکرد واز بێنن لە سیستەمی سیاسییەکەیان بۆ بەرژەوەندی سیستەمی نوێ تا بیسەپێنێت بەسەریاندا[1]. پەیامەکانی پێغەمبەری خودا کە بۆ کیسرا و قەیسەر و گەورەی قیبتەکان ڕەوانە کرابوو بەهیچ شێوەیەك باسی لە هاتنە خوارەوە لە تەختی دەسەڵاتی نەکردبوو بۆ خۆی، بەڵکو پەیامەکان تەنها بانگی ئەوانی دەکرد بۆ هاتنە ناو ئایینی نوێ[2].**

---

(١) پێغەمبەر (ﷺ)حارسی کوڕی شمری غەسانی وەك پەیامبەر ڕەوانە کرد بۆ لای میری (غەساسینەکان)، لە پەیامەکەیدا هاتبوو: (سڵاو لەو کەسەی شوێن ڕێنمایی و هیدایەت دەکەوێت و باوەڕی پێ هەیە، بانگت دەکەم تا باوەڕ بهێنی بە تاك و تەنهایی خودا کە بێ هاوەڵ و هاوبەشە و دەسەڵاتی خۆی هەر بۆ خۆت بەجێ دەمێنێتەوە). (تأريخ ابن خلدون ٣٦/٢) و بەو پەیامبەرانەی کە (بازانی کوڕی ساسان) بریکاری (کیسڕا) لە وڵاتی یەمەن ناردبووی فەرمووی: (پێی بڵێن: ئایین و دەسەڵاتی من دەگاتە ئەو شوێنەی کە کیسڕا پێی گەیشتووە، ئەگەر موسڵمان ببیت ئەوا هەمان ئەو شتانە دەدەمە دەستت کە ئێستا لە ژێر دەستت دان و تۆو کوڕەکانت دەکەمە حوکمڕانی نەتەوەکەت). (هەمان سەرچاوە ٣٨/٢) و پەیامێکی نووسی بۆ (مونزیری کوڕی ساوی عەبدی) بریکاری کیسرا لە وڵاتی بەحڕەین: (...سڵاو لەو کەسەی شوێن ڕێنمایی و هیدایەت دەکەوێت، پاشا: من بانگت دەکەم بۆ موسڵمان بوون، موسڵمان ببی پارێزراو دەبی و خودا ئەوەی لە ژێر دەستی تۆدایە هەر لە ژێر دەسەڵاتی تۆدا دەهێڵێتەوە، بشزانە ئایینی من تا کۆتا پێڵاو و سم دەچێت). (مكاتيب الرسول ١٤٥) هەروەك پەیامی بۆ (هوزە)ی پادشای یەمامە نووسی: (...موسڵمان ببی پارێزراو دەبی و ئەوەی لە ژێر دەستتدایە هەر لە ژێر دەسەڵاتی تۆدا دەیهێڵمەوە). (هەمان سەرچاوە ١٥٦) و پەیامی نارد بۆ (جەیفەر) و (عەبد) هەر دوو کوڕەکەی (جەلەندی) لە عومان و تیایدا بانگیان دەکات بۆ موسڵمان بوون، پێشیان دەڵێت: (موسڵمان ببن پارێزراو دەبن، من پێغەمبەری خوام بۆ سەرجەم خەڵکی، تا ئەو کەسانە ئاگادار بکەنەوە کە زیندوون و سزاش بەرپا ببێت لەسەر کافرەکان. ئێوەش ئەگەر موسڵمان ببن دەتانکەم بە حوکمڕان، ئەگەر موسڵمانیش نەبن ئەوا حوکمەکەتان لە ناو چووە، ئەسپەکەم لە گۆڕەپانی ئێوەدا دەخولێتەوە، پێغەمبەرایەتی من بەسەر دەسەڵاتی ئێوەدا زاڵ دەبێت). (هەمان سەرچاوە ١٦٢) کاتێك پێغەمبەر هاوپەیمانی بەست لەگەڵ خەڵکی (مەقنا) عەلی لەگەڵیان ڕێککەوت: (کە کەس میری ئێوە نییە، بەڵکو خۆتان میری خۆتانن). (هەمان سەرچاوە ١٢٠ و ١٢٢).

(٢) لە پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ)کە بۆ کیسرا ناردبووی هاتووە: (بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان. لە محەممەدی پێغەمبەری خواوە بۆ کیسڕای گەورەی فارسەکان. سڵاو لەو کەسە بێت کە شوێن ڕێنمایی و هیدایەت دەکەوێت و باوەڕی بە خواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، شایەتی دەدەم کە هیچ

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاری پێغەمبەر بریتی نەبوو لە گۆڕینی ڕژێم و سیستەمە سیاسیەکانمی ئەو کات و کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ بکات، بەڵکو زیاتر لەوە گرنگی دەدا بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی، بۆیە دەستووریکی بۆ حوکمڕانی دانەنا لە دوای خۆی، باسی لە چۆنیەتی دەستا و دەست پێکردنی دەسەڵات و هەڵبژاردنی حوکمڕان و دەسەڵاتەکانی نەکرد، بە تێرو تەسەلی لەبارەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارو هاوڵاتیانی نەکرد جگە لە پابەند بوون بە دادگەری و فەرمان کردن بە چاکە، هەروەك ئەنجومەنێکی بۆ شوڕای دانەمەزراند کە بەشێوەیەکی خۆکاری و خۆبزێوی دەسەڵات بۆ ئەو کەسە بگوازێتەوە کە دەیەوێت. بەڵکو مافی بە هەموو ئوممەتدا تا هەڵسێت بە دامەزراندنی سیستەمی سیاسی مەدەنی خۆی، ئەرکی چاودێری کردنی ئەو سیستەمە و لێپرسینەوەو گۆڕینی بەهەمان شێوە داوەتە ئوممەت.

ئا لێرەوە پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) لە دوای خۆی حکومەتێکی ئایینی هاوشێوەی حکومەتە کۆنەکانی جولەکە بەجێ نەهێشت، کە کاهین و حیبرەکان ڕابەرایەتیان دەکرد یان هاوشێوەی حکومەتە مەسیحییەکان، کە قەیسەرەکان بە پاڵپشتی پاپاکانی کڵێسا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەڕێوەیان دەبرد. پێغەمبەر دانی نەنا بە سیستەمی تێکەڵ کردنی دەسەڵاتی کاتی و ئایینی. و دەسەڵاتێکی ئایینی دانەمەزراند وەك دەسەڵاتی کڵێسا کە لەلایەن مەسیحییەکانەوە هەیە، تەنانەت پێدانی شەرعیەت و ڕەوایی و لێپرسینەوە یان چاودێریی کردنی پادشایانی

---

پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە کە بێ هاوەڵ و هاوتایە و محەممەد یش بەندەو پێغەمبەری خوایە، بە بانگەوازی خودا بانگت دەکەم، من پێغەمبەری خوام هاتووم بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو کەسانە ئاگادار بکەمەوە کە زیندوون و سزاش بەرپا ببێت لەسەر کافرەکان. موسڵمان ببە پارێزراو دەبی. ئەگەر موسڵمان نەبوویت ئەوا گوناهی ئاگر پەرست لە ملی تۆ بێت)...

نەداوەتەوە دەسەڵاتی ئایینی. پێغەمبەر ((ﷺ)) موسڵمانانی لە بارودۆخێکی سروشتی خۆیاندا هێشتەوە بە ئازادی و یەکسانی، موسڵمانانی بانگ کرد بۆ پابەند بوون بە دادگەری و هانی دان لەسەر ئەنجامدانی کاری خێر، موسڵمانانی فێر پیادەکردەنی شوڕاو فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن لە خراپە. هیچ کەسێکی وەك جێنشین و خەلیفەی خۆی لە پاش خۆی دیاری نەکرد.

ئینجا ئەگەر تێڕوانینی ئیسلام بۆ سیاسەت یان بە دەربڕینێکی وردتر تێڕوانینی ئیسلام بۆ دامەزراوە سیاسیەکان تێڕوانینێکی مەدەنی بێت نەك ئایینی، واتە: دان نەنانی وەك بەشێك لە ئایین، ئەوا بەهەمان شێوە تێڕوانینی ئیسلام بۆ خەلافەت تێڕوانینێکی ئایینی نابێت، بەڵکو دەبێتە بابەتێکی نەریتی مەدەنی، ئا لێرەوە شیعەگەرێتی و لایەنگیری و پشتگیری ئیمامی عەلی سیاسی دەبێت نەك ئایینی.

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی شیعەگەرێتی سەرەتا سیاسیی بووە نەك ئایینی، ئەوەیە کە ئیمامی عەلی و ئال و بەیت و سەرتاپای شیعەکان لە سەدەی یەکەمی کۆچی فیکری شوڕایان پەسەند کرد و پیادەیان کرد، هیچ یەکێك لەو دەقانەشیان نەناسیوە کە (ئیمامییەکان) لەبارەی تیۆری ئیمامەت هێناویانە یان بەو شێوەیە لەو دەقانە تێنەگەیشتوون. شیعەکانی سەرەتا بە لایەنی کەمەوە تا دەستپێکی سەدەی دووەمی کۆچی و تا مێژووی دروستبوونی فیکری ئیمامی ئەوا هەر وا لە شیعەگەرێتی تێگەیشتبوون کە بریتییە لە خۆشویستن و پشتگرتنی ئال و بەیت لە ڕووی سیاسیەوە. بەو پێیەی دکتۆر (عەبدوڵا فەیاز) دەڵێت: (سەرەتاکانی شیعەگەرێتیی سیاسی یان پشتگرتنی ئیمامی عەلی لە ڕووی سیاسیەوە بێ پابەند بوون بە دانان بە ئیمامەتی ئاینیەکەی لە سەقیفەی هۆزی ساعیدە دەرکەوت، ئەمەش لەو کاتەی ژمارەیەك لە موسڵمانان وەك زوبەیری

کوڕی عەوام و عەباس و جگە لەوانیش پشتگیری ماڤی عەلیان کرد بۆ بوون بە خەلیفە)[1].و جەخت دەکاتەوە کە: (پشتیوانانی عەلی) بەر لە کوژرانی حوسەین ئەو تاقمە ئاینیە نەبوو کە دواتر بە ناوی (شیعە) ناسرا. وتەی ڕۆژهەڵاتناس (فلهاوزن)ی بە گەواهی هێناوەتەوە کە دەڵێت شیعەکان لە عێراق لە بنەڕەتدا وەك تاقمی ئایینی دروست نەبوو، ناوی شیعە بریتی بوو لە: (دەربڕی ڕای سیاسی سەرتاپای ئەم هەرێمە، جا هەموو دانیشتووانی عێراق، بەتایبەت خەڵکی شاری کوفە، پشتیوانی عەلی بوون بە پلەی جیاواز)[2].

دەقی ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر کە پلەو پایەی عەلی بەرز دەنرخێنن، کە ئیمامییەکان دواتر وەك بەڵگەیەك دێننەوە لە سەر کۆنێتی (شیعەگەرێتیی سیاسی) واتای ئەوەی نەدەگەیاند کە دەقە لەسەر خەلافەتی ئیمام عەلی یان ڕاسپاردنیەتی وەك ئیمام، بۆیە بە (عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب)ی وت کە سوربوو لە سەر دانانی عەلی وەك خەلیفە لە ماوەی نەخۆشییەکەی پێغەمبەر کە تیایدا کۆچی دوایی کرد: (... تۆ لە دوای سێ ڕۆژ دەبیتە بەندەی دار دەستی دەسەڵات، من وا دەبینم پێغەمبەری خودا لەم نەخۆشیەیدا دەمرێت، لە کاتی مردندا ڕووخساری نەوەکانی عەبدولموتەڵیب چاك دەناسم، جا بڕۆ بۆ لای پێغەمبەری خودا و پرسیاری لێبکە ئەم کارە بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمە بێت ئەوا با بزانین، ئەگەر ئەو کارە بۆ کەسانی تر بێت ئەوا ئێمە ڕادەسپێرێت، جا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب وتی: سوێند بەخوا ئەگەر داوا لە پێغەمبەری خوا بکەین و ڕێگری لێبکەین لەوەی ئەم کارە بە کەسانی تر نەدات ئەوا هەرگیز بە کەسانی

---

(١) فياض، عبدالله، تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة ٤٤، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت ١٩٨٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ٤٧ نقلا عن الخوارج والشيعه ١٤٨.

تری نەدەدا، سوێند بەخوا هەرگیز ئەم داوایە لە پێغەمبەری خوا ناکەم)[1]. دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەباس هەوڵیدا هەل و فرسەتەکە بقۆزێتەوەو بە برازاکەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب وت: (دەستت بێنە با بەیعەتت پێبدەم و ئەم گەورەیەی هۆزەی قوڕەیشت _ ئەبو سوفیانت _ بۆ بێنم، بەمەش دەوترێت: مامی پێغەمبەری خوا بەیعەتی دایە کوڕە مامی پێغەمبەر، لە ناو هۆزی قوڕەیش دوو کەس ڕاجیا نابن لەسەرت، خەڵکیش شوێنکەوتووی قوڕەیشە). هەروەك ئەبو سوفیان بە ئیمامی عەلی وت بەیعەتی پێبدات: (عەلی دەستت بێنە تا بەیعەتت پێبدەم، ئەم دەورووبەرە پڕ دەکەم لە ئەسپ و پیاو) بەڵام ئیمام ئەم داوایەی ئەوانی پەسەند نەکرد[2]. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیمامی عەلی هەستی نەکردووە کە دەق لەلایەن خواوە لەسەر خەلیفە بوونی ئەو ڕاستەوخۆ بۆ پێغەمبەری مەزن ((ﷺ)) هاتبێت، ئەگەر هەستی بەبوونی دەق کردبا ئەوا وەڵامی گەورەکانی قورەیشی دەدایەوەو یارمەتی لەوان وەردەگرت بۆ ئەوەی مێزەکەیبەسەر ئەبو بەکردا هەڵدەگەڕاندەوە.

سەبارەت بە بابەتی وەسیەتی پێغەمبەر ((ﷺ)) بۆ ئیمامی عەلی، کە شیعە ئیمامییەکان بە بەڵگەی دادەنێن لەسەر پەیوەست بوونی ئیمامەت بە پێغەمبەرایەتیەوە، مەبەست لەو وەسیەتە ئیمامەت و خەلافەت نەبوو، بەڵکو وەسیەتێکی کەسی بوو هەروەك ئیمام (جەعفەری صادق) ئاماژەی پێدەکات:

---

(١) الطبري، تأريخ االرسل و لملوك ٣١٣/٤، ١٩٤، سيرة ابن هشام ٣٧١/٢.

(٢) الطبري ١٢٠/٢، القاضي الهمداني، عبدالجبار، المغني في التوحيد والإمامة ٢٣٨/٢٠.

(کاتێك سەرە مەرگی پێغەمبەری خوا((ﷺ)) نزیکبووەوە، بانگی عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب و میری باوەڕدارانی کرد، بە عەباسی فەرموو: ئەی مامی محەممەد... ئایا کەلەپوری محەممەد دەبەیت و ئایینەکەشی جێبەجێ دەکەیت و نەریت و عادەتەکانی بەرپا دەکەیت؟.. عەباس لە وەڵامدا وتی: بە باوك و دایکم بە قوربانت بم من پیاوێکی بەساڵاچووم و منداڵم زۆرن و پارەو سامانم کەمە کێ توانای تۆی هەیە لە کاتێکدا تۆ پێشبڕکێ لەگەڵ با دەکەیت، تاوێکی تر فەرمووی:ئایا کەلەپوری محەممەد دەبەیت و ئایینەکەشی جێبەجێ دەکەیت و نەریت و عادەتەکانی بەرپا دەکەیت؟.. عەباس هەمان وەڵامی دایەوە... پێغەمبەر فەرمووی: دەیدەم بەو کەسەی بەشێوەیەك بیگرێتە ئەستۆ کە مافی پێبدات. دواتر وتی: ئەی عەلی نەریت و عادەتەکانی محەممەد وەردەگیریت و ئایینەکەی بەرپا دەکەیت و کەلەپورەکەی دەگریتە ئەستۆ؟... عەلی وتی: بەڵێ بە دایك و باوکم بە قوربانت بم ئەمە لە ئەستۆی من و بۆ منی لێبگەڕێ، وتی: تەماشام کرد ئەنگوستیلەکەی خۆی لە دەستکرد و وتی: عەلی لە ماوەی ژیانی مندا مۆرەکان بەمە بکە، وتی: کاتێك ئەنگوستیلەکەم کردە پەنجەمەوە سەیرم کرد ئاواتم دەخواست لە ناو هەموو شتە بەجێماوەکان تەنها ئەنگوستیلەکە بەشم بێت.
پاشان پێغەمبەر بانگی بیلالی کرد و پێی وت: کڵاو و قەڵغان و ئاڵا و کراسەکە و شمشێری "زولفیقاڕ" و پشتێنە و عەباکە و ئاوڕشێنەکە و سیواکەکە بێنێت... پاشان داوای کرد جووت سۆڵ _ نەعلە _ عەرەبییەکەی بێنن یەکێکیان لە خوری دروستکرابوو، ئەوەی تریان لە خوری نەبوو، سەبارەت بە دوو کراسەکەش: یەکێکیان ئەوەبوو کە لە کاتی شەوڕەوی دا لەبەری دابوو و ئەوەی تریشیان بۆ جەنگی ئوحد لەبەری دابوو، کڵاوەکانیش سێ بوون: یەکێکیان هی گەشت بوو و

ئەوەی تریان هی دوو جەژنەکە و ڕۆژی هەینی بوو و هی سێهەمیشیان لەبەری دەکرد لە کاتی دانیشتن لەگەڵ هاوەڵانی. پاشان فەرمووی: بیلال دوو ئێسترەکە: شەبهاء و دەلدەل و دوو وشترەکە: عەزباء و قصوا و دوو ئەسپەکەم بۆ بێنە،کە ئەسپی یەکەم ناوی جەناح بوو لە دەرگای مزگەوت ڕادەگیرا بۆ پێویستییەکانی پێغەمبەر ((ﷺ)) کە کەسێکی دەنارد تا بە غار پێداویسویستەکانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) جێبەجێ بکات و ئەسپی دووەم ناوی حەیزوم بوو، هەروەك دەیوت: حەیزوم پێشکەوە، دواتر داوای کرد کەرەکە کە ناوی عەفیر بوو بهێنن و فەرمووی: عەلی‌تا هێشتا من لە ژیاندام ئەمانە بگرە)[1]. هەروەك تێبینی دەکرێت ئەمە وەسیەتێکی هەنووکەیی ئاسایی کەسییە، هیچ پەیوەندییەکی نییە بە سیاسەت و ئیمامەت و جێنشینایەتی ئایینیەوە، سەرەتا پێغەمبەر ئەم وەسیەتەی بۆ (عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب) خستەڕوو بەڵام عەباس بەرگەی لە ئەستۆ گرتنی نەبوو، ئیمامی عەلی بە حەزو ویستەوە وەسیەتەکەی ئەستۆی گرت. تەنانەت لە فەرموودەی (غەدیر)یشدا هاتووە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (هەر کەسێك من گەورەی بم ئەوا عەلی گەورەی ئەویشە). ئیمامییەکان ئەم فەرموودەیە بە مەزنترین بەڵگە دێننەوە لەسەر ئەوەی دەستپێکی (شیعەگەرێتیی ئایینی) لە سەردەمی پێغەمبەرەوە بووە، جا ئەم فەرموودەیە واتای بوونی دەق لەبارەی ئیمامی عەلی و دیاریکرانی وەك خەلیفە نەدەگەیاند، کەسیش ئەو واتایەی لەو فەرموودەیە وەرنەگرت، تەنانەت ئیمامی عەلیش ئەم واتایەی لەم فەرموودەیە وەرنەگرت، بەڵکو هەر ئیمامی عەلی بەڵێن و بەیعەتی دا بە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما عند الأئمة من سلاح رسول الله ح رقم ٩ و ٢٣٦/١ والمفيد، الأمالي ٢٢٠، المجلس ٢١، الإرشاد ١٨٨.

(ئەبوبەکر و عومەرو عوسمان)، ئیمامی عەلی لە دوای کوژرانی عوسمان خەلافەتی وەرنەگرت تا خەڵکی بەیعەتی گشتیان پێنەدا لە ناو مزگەوت. هەروەك ئیمام (محەممەدی باقر) ئاماژە بەوە دەکات کە ئیمامی (عەلی) بانگەشەی بۆ خۆ نەکرد، بەڵکو دانی بەوەدانا کە خەڵکی پەسەندیان کرد بوو و مەبەستی خۆی شاردەوە[1].

ئەگەرچی ئیمامی عەلی بۆ ماوەیەك بەیعەتی نەدا بە (ئەبوبەکر)، ئەمە لەبەر ئەوەبوو کە پێی وابوو خۆی لە پێشترە بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفە، هەروەك ئەمەی لەم وتەیەیدا دەربڕی: (بەڵگەیان بە دارەکە هێنایەوەو بەرهەمەکەیان لە دەستچوو)[2]. بەڵام خودی ئیمامی عەلی گەڕایەوەو بەیعەتی دا بە ئەبو بەکر بەتایبەت لە دوای ڕوودانی هەڵگەڕانەوە، لەو کاتەدا (عوسمانی کوڕی عەففان) چووە لای ئیمامی عەلی و پێی وت: (ئامۆزا، بزانە ئەگەر بەیعەت نەدەیت بە ئەبوبەکر ئەوا هیچ کەسێك بۆ جەنگ لەگەڵ هەڵگەڕاوەکان دەرناچێت)، ئیمامی (عەلی) ناردی بە دوای (ئەبوبەکر)دا تا بێتە لای، جا (ئەبوبەکر) هاتە لای، ئیمامی (عەلی) پێی وت: (سوێند بەخوا دڵتەنگ نەبووین بەو خێرو بەخششەی خوای گەورە بە تۆی بەخشیوە، بەڵام ئێمە بۆچوونمان وابوو کە بەشێکمان لەو کارەدا هەیە و بەسەرماندا سەپێنرا) ئیمامی (عەلی) ڕووی وتەکانی کردە موسڵمانان وتی: (بێ زانیاری من سەبارەت بە مافی ئەبوبەکر نەبووەتە ڕێگر لە بەردەمم تا بەیعەتی پێنەدەم، بەڵام من پێم وابوو کە ئێمە بەشێکمان لەو

---

(١) الكليني، روضة الكافي ٢٤٦.

(٢) الإمام علي، نهج البلاغة ٩٨.

کاروبارەدا هەیە کەچی بەسەرماندا سەپێنرا) دوای ئەمە بەیعەتی بە ئەبوبەکردا، موسڵمانانیش وتیان: (ڕاستت پێکا و کارێکی باشت کرد)[1].

(١) المرتضى، الشافي ٣/٢٤٢، چەند گێڕانەوەیەکی تر هەن کە (شەریف ڕیزا) لە (نهج البلاغة)دا دەیانخاتەڕوو کە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیمام هەستی کردووە خۆی لە پێشتر بێت بۆ بوون بە خەلیفە، هەروەك ئەم وتەیەی: (خوایە داوات لێدەکەم تۆڵە لە قورەیش و یارمەتیدەکانیان بکەیەوە، چونکە ئەوان پەیوەندی خزمایەتی منیان پچڕاند و دەفری منیان ئاوەژوو کرد، کۆبووەنەوە لەسەر ململانێ کردن لەگەڵ من لەسەر مافێك کە من شیاوترم بۆی لە کەسانی تر). (سەرچاوە، وتاری ٢١٧)، ئەو وتەیەی کە بە پیاوێکی هۆزی ئەسەدی وتبوو کاتێك پرسیاری لە ئیمام کردبوو: چۆن هۆزەکەت تۆی لەو پێگە و پۆستە وەلانا کەچی تۆ شیاوترین کەس بووی بۆ ئەو پلەیە؟ وتی: ئەی برای هۆزی ئەسەد... خۆسەپاندن بەسەر ئەم پێگەیە لە کاتێکدا ئێمە خاوەنی بەرزترین ڕەچەڵەك و بە توندترین شێوە پابەندین بە پێغەمبەری خواوە، ئەمە خۆپەرستی و سووربوونی دەروونی کۆمەڵە کەسێك بوو کە دەروونی ئەوانی تریشی پیس کرد. (هەمان سەرچاوە وتاری ١٦٢)، لە وتاری (شەقشەقیە)دا وتویەتی: (سوێند بەخوا فڵانە ئەم کارەی لە ئەستۆ گرت و چاك دەزانێت شوێنی من لە ئاست ئەو کاروبارە وەك سەری پەت وایە، لێشاوەکان بە خوڕ لە منەوە شۆڕ دەبنەوەو باڵندەی بەرزە فڕ بەرز نابێتەوە بۆ ئاست پێگەی من، پەردەم خستە نێوان خۆم و ئەو کاروبارە و سکی خۆمم لەبەرامبەردا بەستەوە _ واتە: پشتم لە خەلافەت کرد، وەك ئەو کەسانەم نەکرد کە برسی خەلافەتن "وەرگێڕ" _، جا وام لێهات وەك دەست بڵاوێك تەماشای بکەم یان ئارام بگرم بەرامبەر تاریکیەك کە چرای دیدە دەکوژێنێتەوە... پێم وابوو ئارامگرتن لەسەر ئەمە ژیرانەترە، ئەگەرچی چاوپیسی پێوە دەبێ و قوڕگیش تاڵی تێدا دەبێت، دەبینم کەلەپورەکەم بەتاڵان دەبرێت...). (وتاری ٣)، ئەم وتەیەشی کە دەڵێت: (ئیمامەکانی قوڕەیش لەم سکەدا لە هاشمەوە چەکەرەیان کردووە، ئەم کاروبارە بۆ جگە لەوان شیاو نییە، بۆیە هەر حوکمڕانێك جگە لەوان شیاو نییە). (وتاری ١٤٤) بەبێ ڕەچاوکردنی تاوتوێ کردنی زنجیرەو سەنەدی کتێبی (نهج البلاغة) یان زنجیرەی ئەم وتارە، ئەوا ئاماژە دەکات بەوەی ئیمامی عەلی هەستی کردووە بەوەی خۆی لە پێشترو مافدارتر بووە بۆ بوون بە خەلیفە و ڕابەری باڵای موسڵمانان، هەرگیز ئاماژە ناکات بۆ بابەتی بوونی دەق لەسەر ئیمامی عەلی لەلایەن پێغەمبەرەوە یان پێغەمبەر عەلی وەك خەلیفە لە دوای خۆی دیاری کردووە.

## شوڕا تیۆری سیاسی ئال و بەیتە

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی شیعەگەریّتی لە سەردەمی یەکەمدا سیاسی بووە نەك ئایینی، بریتییە لەوەی ئیمامەکان باوەڕیان بەوە هەبووە کە ئوممەت مافی هەیە لە دەسەلّات و شوڕادا، سەرجەم موسلّمانان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان بپالّیّون بۆ هەلّبژاردن و بوون بە خەلیفە، هەروەك ئیمامی (عەلی کوڕی ئەبو تالّیب _ سلّاوی خوای لیّبیّت _) دەلّیّت: (لە دوای مردن یان کوژرانی ئیمامی موسلّمانان، ئەوا پیّویستە لەسەریان باسی هیچ شتیّك نەکەن و هیچ هەنگاویّك نەهاویّژن و دەست بە هیچ کاریّك نەکەن تا ئیمامیّك بۆ خۆیان دیاری نەکەن کە پاك و زانا و لە خواترس و شارەزا بیّت لە دادوەری و سوننەتدا)[١]. و لە وتاریّکیدا دەلّیّت: (خەلّکینە... شیاوترین کەس بۆ گرتنە دەستی جلّەوی ئەم کاروبارە، ئەو کەسەیە کە لە هەمووان بە هیّزتر ڕایبگریّت و پیادەی بکات و شارەزاترین بیّت لە فەرمانی خوادا)[٢]. (هەروەك زانیوتانە کە نابیّت والی و حوکمڕان پشت ببەستیّت بە ڕابواردن و خویّن ڕشتن و دەستکەوت و حوکم و پیّشەوایەتی موسلّمانان بە ڕەزیلی و چڕنووکی بکات، چلّیّسی سەروەت و مالّی موسلّمانان بیّت، نابیّت حوکمڕان نەزان بیّت، چونکە بە نەزانی خۆی موسلّمانان سەرگەردان دەکات، ناشبیّت کەسیّکی وشك بیّت، چونکە پارچە پارچەیان دەکات بەهۆی وشکییەکەیەوە، نابیّت کەسیّکی تاقمگەرا بیّت، بەمەش کۆمەلّیّك سەربخات و ئەوانی تر ژیّر بخات، نابیّت بەرتیل خۆر بیّت، بەمەش مافەکان بەفیڕۆ بدات و لە

---

(١) كتاب سليم بن قيس الهلالي ١٨٢، النجلسي، بحار الأنوار ٥٥٥/٨ من الطبع القديم.

(٢) الإمام علي، نهج البلاغة، خطبة ١٧٣.

شوێنی نا شیاو خەرجی بکات، نابێت کەسێك بێت سوننەت پەکبخات، چونکە ئوممەت لەناو دەبات)[1].

کاتێك لە دوای کوژرانی (عوسمان) خەڵکی ڕووی کردە ئیمامی (عەلی) و وتیان بەیعەتت پێ دەدەین، ئیمامی ناوبراو بەوانی وت: (پەلە مەکەن بە ڕاستی عومەر کەسێکی بە فەڕو پیرۆز بوو، ئەوەی ڕاسپارد کە ئەم کارە با بە شوڕا یەکلای بکاتەوە، جا ماوە بدەن تا خەڵکی کۆدەبنەوەو بڵاوە دەکەن)[2]. دەستی خۆی کێشایەوە لە بەیعەت وەرگرتن وتی: (ئەمە کاری ئێوە نییە، بەڵکو کاری کەسانی شوڕاو جەنگی بەدرە). لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (شوڕا مافی کۆچبەرو پشتیوانانە، ئەگەر کۆك بوون لەسەر کەسێك و ناویان نا ئیمام و پێشەوا، ڕەزامەندی خوا لەمەدایە)[3]. وتی: ( لێم گەڕێن و بڕۆن بە دوای یەکێکی تر جگە لە من بگەڕێن... بزانن ئەگەر من وەڵامی داواکەتان بدەمەوە ئەوا من چۆن بە چاکی بزانم بەو شێوەیە کارتان پێدەکەم، گوێش بە قسەو ڕەخنەی هیچ کەس و ڕەخنەگرێك نادەم، ئەگەر لێشم بگەڕێن ئەوا من وەك یەکێك لە ئێوەم، بەڵکو لەوانەیە لە هەمووتان گوێڕایەڵترو فەرمانبەردارتر بم بۆ ئەو کەسەی جڵەوی کاروباری دەدەنە دەست، من وەزیر بم بۆ ئێوە باشترە لەوەی میر بم)[4].

---

(١) الإمام علي، نهج البلاغة، خطبة ١٣١.

(٢) الطبري، تأريخ الرسل والملوك ١٥/٣.

(٣) الإمام علي، نهج البلاغة، من كتاب له ٦.

(٤) الإمام علي، نهج البلاغة، خطبة ٩٢.

جا (تەبەڕی) دەڵێت: ئیمامی (عەلی) چووە لای (تەڵحە) و (زوبەیر) بەیعەتی پێشکەشی ئەوان کرد و وتی: هەر یەکێکتان بیەوێت من بەیعەتی پێ دەدەم. وتیان: نا بێت، خەڵکی زیاتر بە تۆ ڕازی دەبن[١].

کاتێك ڕاپەڕیوەکان سووربوون لەسەر دیاریکردنی ئیمامی (عەلی)، ئەو کاتە ئیمامی ناوبراو وتی: (مادەم هەر پەسەندی ناکەن... ئەوا نابێت بەیعەت دان بەمن نهێنی بێت، بەڵکو دەبێت بە ڕەزامەندی موسڵمانان بێت... بۆیە من دەچمە ناو مزگەوت و هەر کەسێك ویستی بەیعەتم پێ بدات با بەیعەتم پێبدات. جا ئەگەر یەك کەس لە خەڵکی ڕقی لەمن بووەوە ئەوا من ئەو کارە لە ئەستۆ ناگرم)[٢].

کاتێك ئیمامی (عەلی) بووە خەلیفە، وەك ئیمامێکی پارێزراو و لەلایەن خواوە سەپێنراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ موسڵمانان نەکرد، بۆیە مافی ئوممەتی زەوت نەکرد و ڕێگری نەکرد لەوەی ئوممەت ڕەخنەی لێبگرێت و چاودێری بکات و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، بەڵکو ئوممەتی بۆ ئەو کارە هاندەدا، یادی ئوممەتی دەخستەوە کە پێویستە لەسەریان بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن، بە مامناوەندی بۆی بڕوانن، لەم بارەوە وتی: (... بەو شێوەیە لەگەڵ مەدوێن وەك چۆن لەگەڵ ستەمکاران دەدوێن، خۆتان لە من نەپارێزن وەك چۆن خۆپارێزی دەکەن لە کەسی دەستپێشخەر، بە زۆری خۆتان لەگەڵ من تێکەڵ مەکەن، هەر کەسێك بەلایەوە گران بوو گوێبیستی ڕاستی یان دادگەری بێت ئەوا پەیڕەو کردنیان لەسەری گرانترە... هەرگیز پاشگەز نەبنەوە لە وتنی ڕاستی و شوڕاکردنی

---

(١) الطبري، تأريخ الرسل والملوك ١٣/٣.

(٢) الطبري، تأريخ الرسل والملوك ٤٥٠/٣.

دادگەرانە، من خۆم وا نابینم کە هەڵە نەکەم، دڵنیاش نیم لەوەی لە کردارەکانمدا بە هەڵەدا نەچم، مەگەر خودا لە دەست دەروونم بم حەسێنێتەوە، چونکە بە ڕاستی ئەو لە من زیاتر دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێت. بەڕاستی من و ئێوە بەندە و موڵکی پەروەردگارین کە هیچ پەروەردگارێکی تر نییە ئەو شتەی بەدەست بێت کە ئێمە بە دەستمان نییە....)[1].

ئیمام داوای کردووە کە ئوممەت مافی ڕووبەڕوو بوونەی ڕەوای خۆی پەیڕەو بکات و بەرهەڵستی ئەو بکەن ئەگەر هاتوو سنووری یاساکانی ئیسلامی تێپەڕاند یان دەستدرێژی کردە سەر مافی هاوڵاتییەك و کوشتی یان بەبێ تاوان دەستگیری کرد، لە وتارێکیدا کە لەبارەی (خەریتی کوڕی ناجیە)ی خەواریج و هەوڵەکانی پێشووی دواوە کە ئیمامی هانداوە بۆ کوشتن و دەستگیر کردنی ژمارەیەك لە سەرکردە بەرهەڵستکارەکان، ئیمام بە ناوبراو و سەرجەم خەڵکی وت: پێویستە لەسەر خەڵکی کە ڕووبەڕووی ئیمام ببنەوە ئەگەر ویستی ئەو کارە بکات و بە ئیمام بڵێن: (لە خوا بترسە)[2].

جا لەبەر ئەوەی ئیمامی (عەلی) باوەڕی بە مافی ئوممەت هەبوو لە دیاری کردنی ئیمام و پێشەوادا، باوەڕی نەبوو بەوەی ئیمامەت درێژکراوەی پێغەمبەرایەتییە، بەم پێیە کاروباری خەلافەتی لە دوای خۆی بۆ شوڕای سەرجەم موسڵمانان بەجێهێشت و هیچ یەکێك لە منداڵەکانی دیاری نەکرد. کاتێك موسڵمانان داوایان لێکرد (حەسەنی) کوڕی بکاتە جێنشین، وتی: (نا کاری واناکەم، ئێمە چووینە

(١) الإمام علي، نهج البلاغة، خطبة ٢١٦.

(٢) الثقفي، كتاب الغارات ٣٧٢، موقع:

http://www.yasoob.com/books/htm١/m٠١٣/١١/no١١٩htm١

خزمەت پێغەمبەری خودا و پێمان وت: یەکێك بکە جێنشین، فەرمووی: نا... دەترسم ئێوە لەبارەیەوە پەرت ببن وەك چۆن نەوەکانی ئیسڕائل لەبارەی هارۆونەوە پەرت و ڕاجیا بوون، بەڵام ئەگەر خودا خێر لە دڵی ئێوەدا بەدی بکات ئەوا کەسێکتان بۆ دیاری دەکات)[١]. داوایان لە (عەلی) کرد کەسێك دیاری بکات، بەڵام ڕەتی کردەوە، موسڵمانان وتیان: ئەگەر تۆ لە دەست بدەین ئەوا بەیعەت دەدەین بە (حەسەن) و ئەو ون ناکەین، وتی: (نە فەرمانتان پێدەکەم و نە ڕێگریتان لێ دەکەم، ئێوە بەرچاو ڕۆشنترن)[٢]. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: وەسیەتی کردووە بۆ کوڕو خانەوادە و پشتیوانە تایبەتەکانی و وتویەتی: (لە خەڵك بگەڕێن و بەچی ڕازی دەبن با پێی ڕازی ببن و ئێوە بێدەنگ بن)[٣]. بە کرداری ئیمامی میری باوەڕداران هەڵسا بە وەسیەت کردن بۆ ئیمامی (حەسەن) و سەرجەم کوڕەکانی تری و لەو وەسیەتەشیدا باسی ئیمامەت و خەلافەتی نەکرد، وەسیەتەکە شتێکی کەسی و ڕۆحی و ڕەوشتی بوو[٤].

---

(١) لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (نا من بەجێتان دەهێڵم وەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێوەی بەجێ هێڵاوە _ واتە: بێ دانانی جێنشین _ ئەگەر خوا خێری بۆ ئێوە بوویێت ئەوا کۆتان دەکاتەوە لەسەر چاکترین کەستان، هەروەك ئێوەی کۆکردەوە لەسەر چاکترین کەس لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ)). إبن كثير، البداية والنهاية ١٥/٨.

(٢)القاضي الهمداني، عبدالجبار، تثبيت دلائل النبوة ٢١٢/١، الشريف الرضى، الشافي ٢٩٥/٣، وأكد ذلكك الحافظ ابن أبي الدنيا في كتاب (مقتل إمام أمير المؤمنين) والسيوطي، جلال الدين، تأريخ الخلفاء ٩.

(٣) شێخ (حەسەنی کوڕی سەلمان) لە (مختصر البصائر الدرجات) لە (سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالییەوە) هێناویەتی: ناوبراو وتویەتی: کاتێك عەلی لە نێوان هەر دوو کوڕەکەی و عەبدوڵای کوڕی جەعفەر و شیعە تایبەتەکانی دانیشتبوو، لەو کاتەدا گوێبیستی عەلی بووم...

(٤) المفيد، الإرشاد ١٨٧، الحافظ أبوبكر بن أبي الدنيا، مقتل الإمام أمير المؤمنين ٤١_٤٢، تحقيق مصطفى القزويني، مركز الدراسات والبحوث العلمية، بيروت.

مێژوونووسان باسیان کردووە: کە کاتێك ئیمام (عەلی) کۆچی دوایی کرد، ئەوا (عەبدوڵای کوڕی عەباس) چووە دەرەوە بۆ لای خەڵك و وتی: میری باوەڕداران کۆچی دوایی کرد، چەند کوڕێکی لە پاش خۆی جێهێشتووە، ئەگەر پێتان خۆشە دێتە دەرەوە بۆ لاتان، ئەگەر پێتان خۆش نییە ئەوا هیچ یەکێك نایەتە دەرەوە. خەڵکی دەستیان بە گریان کرد و وتیان: بەڵکو با بێتە دەرەوە بۆ لامان[1].

ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شیعەگەرێتی سەرەتا (سیاسی) بووە، باوەڕ بوونی ئیمامی (حەسەنی کوڕی عەلی) و هەڵوێستەکەی بووە لەبەرامبەر خەلافەت، ئەمەش بەوەی وا دەستی نەگرت بە خەلافەت وەك ئەوەی بەشێکی تەواوکەری پێغەمبەرایەتی بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵسا بە دابەزین لە تەختی خەلافەت بۆ (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) کە دوژمنی سەرسەختی باوکی بوو، ئیمامی (حەسەن) مەرجی ئەوەی دانا کە لە دوای مردنی (معاویە) خەلافەت بگەڕێتەوە بۆ شوڕا، هەروەك ئیمام لە مەرجەکانی ئاشتەواییەکەدا وتی: (... پێویستە لەسەر معاویە هیچ یەکێك لە پاش خۆی وەك جێنشین ڕانەسپێرێت، بەڵکو بە شوڕا بێت لە ناو موسڵمانان)[2]. ئەگەر ئیمامەت لە لایەن خواوە سەرچاوەی گرتبا و بەشێکبا لە ئایین، ئەوا بۆ ئیمامی (حەسەن) دروست نەبوو لە ژێر هەر بارودۆخێك لە بارودۆخەکان دابەزێت و واز بێنێت بۆ (معاویە)، دواتر بۆ ئیمام دروست نەدەبوو کە خۆیی بەیعەت بدات بە (معاویە) و

---

(١) المسعودي، مروج الذهب ٤٤/٢، إبن كثير، البداية والنهاية ١٣/٨، إبن أبي الحديد، شرح نهج البلاغة ٨/٤ و ٢٢/١٦.

(٢) المجلسي، بحار الأنوار ٦٥/٤٤، باب: كيفية المصالحة، من تأريخ الإمام الحسن المجتبى...

داواش له هاوەڵ و لایەنگرانی بکات تا بەیعەت بە ناوبراو بدەن، نەشدەبوو ئیمامی (حەسەن) ئەمە فەرامۆش بکات بەڵکو پێویست دەبوو لەسەری ئاماژە بکات بۆ یەکێك لە دوای خۆی و دیاری بکات... بەڵام ئیمامی (حەسەن) هیچ یەکێکی لەمانە نەکرد، بەڵکو ڕێبازێکی گرتەبەر کە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە پابەندە بە مافی موسڵمانان لە هەڵبژاردنی خەلیفەکەیان لە ڕێگەی شوراوە.

ئەوەی کە سروشتی شیعەگەرێتیی سیاسی لە سەردەمی سەرەتادا ڕوون دەکاتەوە، هەڵوێستی ئیمامی (حەسەنی کوڕی عەلییە) لە بەرامبەر بنەمای شورا کە تەواو دژە لەگەڵ بنەمای دەق و وەسیەت (النص والوصية). و هەڵوێستی شیعەکانی شاری کوفە، لەو کاتەی داوایان لە ئیمامی (حوسەین) کرد بچێتە لایان، ئەوا بە هیچ شێوەیەك نەدوان لەبارەی ئەوەی (حوسەین) مافی ئیمامەتی (خوایی) هەیە، بەڵکو بۆیە ئەم داوایەیان لە ئیمامی ناوبراو کرد، چونکە باوەڕیان وابوو (حوسەین) چاکترە لە (یەزیدی کوڕی معاویە) کە باوکی بە زەبری هێز سەپاندی، جا ڕیش سپییەکانی شاری کوفە کۆبوونەوەو پەیامێکیان نووسی بۆ: (حەسەنی کوڕی عەلی، لە: سولەیمانی کوڕی صەرد و موسیبی کوڕی نەجیبە و روفاعەی کوڕی شەدادی بەجلی و حەبیبی کوڕی مەزاهر و پشتیوانە باوەڕدارو موسڵمانەکانی شاری کوفەوە: سڵاوی خوات لێبێت، هەمووومان سوپاسی خوا دەکەین کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لەو... پاشان: سوپاس بۆ خوا کە پشتی دوژمنە سەرسەختەکەی تۆی شکاند، کە خۆی سەپاند بوو بەسەر ئوممەت و کاروباری لێ زەوت کرد و دەستی بەسەر دەستکەوتەکانیدا گرت و خۆی کردە حوکمڕانی بێ ڕەزامەندی ئوممەت، پاشان چاکەکارەکانی کوشت و خراپەکانی هێشتەوە،ماڵی خودای بەسەر زۆردارو دەوڵەمەندەکانی دا دابەش کرد، جا دەك

دوور بێت له بەزەیی خوا وەك چۆن گەلی سەموود دوور بوو. هیچ ئیمامێکمان نییە، وەر لامان بەڵکو خودا بەهۆی تۆوە لەسەر ڕاستی و حەق کۆمان بکاتەوە. و _ نوعمانی کوڕی بەشیر _ کە له کۆشکی میرایەتییە ئێمە لەگەڵ کۆ نابینە له نوێژی هەینی و لەگەڵیشی بۆ چەژن دەرناچین، ئەگەر هەواڵمان پێ گەیشت کە تۆ دێیتە لامان، ئەوا بەویستی خودا نوعمان دەردەکەین و ڕاوەدووی دەنێین تا دەیگەیەنینە شام).(حوسەین) له وەڵامدا بۆی نووسی: (له _ حوسەینی کوڕی عەلییەوە _ بۆ ڕیش سپیانی باوەڕدارو موسڵمانان... پاشان: بە دڵخۆشی و بەختەوەرییەوە پەیامەکەتانم پێگەیشت، کۆتا پەیامبەرتان کە هاتە لام و پەیامەکەی بۆ هێنام له هەموو ئەو چیرۆك و شتانە تێگەیشتم کە باستان کردبوو و بە ڕێزتان وتبوتان: (هیچ ئیمامێکمان نییە، وەرە لامان بەڵکو خودا بەهۆی تۆوە لەسەر ڕاستی و هیدایەت کۆمان بکاتەوە)، منیش _ موسلیمی کوڕی عەقیل _ کە براو ئامۆزا و متمانەپێکراوی خۆمتان بۆ دەنێرم، ئەگەر بۆی نووسیم کە وتەی ڕیش سپیەکان و گەورەو پایەدارەکانتان کۆك بوو وەك ئەوە بوو کە له پەیامەکان بۆ منتان ڕەوانە کردبوو و منیش خوێندبوومەوە، ئەوا بە ویستی خوا زوو بەرێ دەکەوم بۆ لاتان. چاك بزانن ئیمام تەنها ئەو کەسەیە کە حوکم بە قورئانی پیرۆز دەکات، دادگەری بەرپا دەکات، ملکەچی ئایینی ڕاستە، خۆی بەستۆتەوە بە ڕەزامەندی و فەرمانی خواوە، سڵاو)[1].

لەم دوو پەیامەدا (شیعەگەرێتیی سیاسی) بە ڕوونی دەخوێنینەوە، بەوەی پەیامی شیعەکانی شاری کوفە دواوە لەسەر خۆسەپاندن بەسەر ئوممەت و زەوت کردنی

(١) المفيد، الإرشاد ٢٠٤.

کاروبارەکانی و حوکمڕانی کران لەلایەن معاویە بەسەر ئوممەتدا بێ ڕەزامەندی ئوممەت، ئەمە ئەوانی هاندا تا شۆڕش بکەن دژی (یەزیدی کوڕی معاویە)، مافی خۆیان پیادە بکەن بە هەڵبژاردنی ئیمامی (حوسەین) و بانگهێشتکردنی بۆ ئەوەی بەیعەتی پێ بدەن. هەروەك پەیامەکەی (حوسەین) باسی لە پڕۆسەی بانگەوازو هەڵبژاردنی کردووە، باسی تایبەتمەندییە شەرعییە پێویستەکانی ئیمامی کردووە، لە میانەی تایبەتمەندییەکاندا هیچ ئاماژەیەك نەدراوە بە (ئیمامی پارێزراو و لەلایەن خوا دیاری کراو) یان ئاماژەی نەکراوە بۆ هیچ مافێکی کەسی لە خەلافەتدا لەبەر ئەوەی کە (کوڕی ئیمام عەلییە یان لەلایەن خوداوە دیاریکراوە).

ئا لێرەوە ئیمامی (حوسەین) بیری لەوە نەکردەوە کە (ئیمامەت) بۆ یەکێك لە کوڕەکانی بگوازێتەوە، وەسیەتیشی نەکرد بۆ ئەو تاکە کوڕەی کە لە ژیاندا مایەوە (عەلی زەینولعابدین)، بەڵکو وەسیەتێکی ئاسایی کرد بۆ (زەینەب)ی خوشکی یان (فاتیمەی کچی زەینەب) کە پەیوەست بوو بە کاروبارە تایبەتەکانی و چاودێری کردنی منداڵەکان، هەرگیز باسی لە بابەتی ئیمامەت و خەلافەت نەکردووە[1]. ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر نەبوونی (شیعەگەرێتیی ئاینی) لەو کاتدا، ئاماژە نەدانی ئیمامی (عەلی کوڕی حوسەین)ە بەو شتە لە وتارە بەناوبانگەکەیدا کە بە بوێری لە بەردەم (یەزیدی کوڕی معاویە) لە مزگەوتی (ئەمەوی) پێشکەشی کرد، ئەمەش لەو کاتە بوو کە بە دیلی ڕەوانەی شام کرا، جا زەینولعابدین لە وتارەکەیدا وتی: (ئەی خەڵکینە شەش شتمان پێدراوەو بە حەوت شت چاکترین: زانست و نەرم و نیانی و لێبوردەیی و ڕەوانبێژی و بوێری و خۆشویستنمان لە

(١) بگەڕێوە بۆ: الصدوق، علي بن بابويه، الإمامة والتبصرة من الحيرة ١٩٨، الصفار، بصائر الدرجات ١٤٨ و ١٩٨.

دڵی باوەڕداراندا پێ دراوە، بە حەوت شت چاکترین لە خەڵکی: پێغەمبەرو ڕاستگۆو بەرزەفڕ _ تەیاڕ _ و شێری خودا و شێری پێغەمبەرو ڕەچەڵەك لە ئێمەیە ئەم ئوممەتە لە ئێمەن). ئیمامی (زەینولعابدین) لە وتارە چاونەترسەکەیدا ئاماژەی بە بابەتی وەسیەت یان ئیمامەتی خوایی نەکرد یان باسی بە میرات گرتنی ئیمامەت لە ڕێگەی دەقەوە نەکرد، بە خەڵکی نەوت کە خۆی ئیمامی شەرعییە و لە دوای (حوسەینی) باوکی گوێڕایەڵی کردنی پێویستە، بەڵکو تەنها ئەوەی بە بەس زانی کە باس لە پلەوپایەی ئال و بەیت و ئیمامی عەلی و دەستکەوتە مێژووییەکانی بکات.

هەروەك ژیاننامەی ئیمامی (عەلی کوڕی حوسەین) جەخت لە دووربوونی دەکاتەوە لە چەمکی (شیعەگەرێتیی ئایینی)، هەروەك لە دوای (ڕووداوی حیرە)[1] بەیعەتی دا بە (یەزیدی کوڕی موعاویە). ئیمامی ناوبراو ڕەتی کردەوە ڕابەرایەتی ئەو شیعانە بکات کە داوای تۆڵەسەندنەوەیان دەکرد لە بکوژانی (حوسەین) و ئامادەکارییان دەکرد بۆ شۆڕش کردن. ئیمام خۆی دوور گرت لە سیاسەت،

---

(١) الكليني، الكافي، الروضة ١٩٦.

ڕووداوی (حیرە) لە شاری (مەدینە) لە ساڵی ٦٣ك دوای ڕاپەڕینی خەڵکەکە بە سەرکردایەتی (حەنزەڵەی غەسیلە ئەنصاری) دژی (یەزید) ڕوویدا، جا (یەزید) (موسلمی کوڕی عەقەبە)ی ڕەوانەکرد، جا ناوبراو لەگەڵ خەڵکی (مەدینە) جەنگا لە ڕووداوێکی ناودار کە ناسراوە بە (ڕووداوی حیرە)، پاشان (موسلم) چووە ناو شاری (مەدینە) و شمشێری بەناو خەڵکەکەدا بە گەڕخست، داوای لە خەڵکی کرد بەیعەت بدەن بە (یەزیدی کوڕی معاوییە) بەو پێیەی خزمەتکاری ئەون، (یەزید) بە کەیفی خۆی بڕیار لەسەر خوێن و ماڵ و خانەوادەکانی ئەوان دەدات، هەر کەسێك ملکەچ نەبوو ئەوا کوشتی...

بگەڕێوە بۆ: إبن كثير، البداية والنهاية ٢٤٣/٨، الطبري، تأريخ الرسل والملوك ٣٥٣/٣ و ٣٥٩، الدينوري، إبن قتيبة، الإمامة والسياسة ١٨٤/١ و ١٨٨، السيوطي، جلال الدين، تأريخ الخلفاء ١٩٤_١٩٥.

بانگەشەی ئیمامەتی نەکرد، خۆی بۆ ئەو بوارە تەرخان نەکرد. هەروەك شێخ (صدوق، شێخی ئیمامییەکان لە ناوەڕاستەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی) دەڵێت: (زەینولعابدین خۆی دوورگرت لە خەڵکی و چاوی بە کەس نەدەکەوت تەنها هاوەڵە تایبەتەکانی نەبێت، لەو پەڕی خواپەرستی دابوو، زانستێکی کەمی لێ بڵاو بووەوە)[١].

## شیعە و شوڕا

ئەوەی وێنەی (شیعەگەرێتیی سیاسی) لە سەردەمی سەرەتای کۆچی تەواو دەکات، بریتییە لەوەی شیعەکان لە شاری کوفەدا لە دوای کوژرانی (حوسەین) شوێن هیچ یەکێك لە کەسەکانی ئال و بەیت نەکەوتن و هەڵسان بە هەڵبژاردنی سەرکردەیەك لە ناو خۆیان بە پشت بەستن بە بنەمای شوڕا، سەرکردەکە (سولەیمانی کوڕی صەردی خوزاعی) بوو. ناوبراو بزوتنەوەی (تۆبەکاران)ی بەڕێوەبرد، ئەم بزوتنەوەیە لە ساڵی ٦٥ك دەستی بەکارەکانی کرد بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی (حوسەین)[٢].

---

(١) الصدوق، إكمال الدين ٩١، (صدوق) ئەوەش زیاد دەکات کە: (عەلی کوڕی حوسەین) فەرمانی بە شیعەکانی دەکرد کە ملکەچ و گوێڕایەڵی حوکمڕان ببن و خۆیان دووچاری سزای ئەو نەکەنەوە، ڕاپەڕیوەکانی تۆمەتبار دەکرد بەوەی بەرپرسن لەو ستەمەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارەوە لەوان دەکرێت. الصدوق، الأمالي، المجلس ٥٩ ص ٣٩٦.

(٢) ئەمەش لەو کاتەی لەلای پێنج لە گەورەکانیان کۆبوونەوە، (موسیبی کوڕی نەجیبە) هەڵسا و وتارێکی دا وتی: (گەلۆ یەکێك بکەن بە میرو گەورەتان، چونکە پێویستە میرێکتان هەبێت تا بۆی بگەڕێنەوە، ئاڵایەکتان هەبێت لە دەوری کۆببنەوە) و (رفاعەی کوڕی شەداد) دوای وتەکانی موسیب وتی: (وتت: کەسێك بکەن بە میرتان تا بۆی بگەڕێنەوەو لە ژێر ئاڵاکەی کۆببنەوە، ئێمەش هەمان

شتێکی تر کە جەخت دەکاتەوە لەسەر سیاسی بوونی سروشتی شیعەگەرێتی لەو کاتدا، هەڵسانی (موختاری کوڕی عەبیدی سەقەفی) بوو کە (لە شاری کوفە لە ساڵی ٦٧ك) دەرکەوت و ڕایگەیاند کە لایەنگیری ئال و بەیتە بە شێوەیەکی گشتی، بێ ئەوەی ڕەچەڵەکێکی یان کەسێکی دیاری کراو یان دەستنیشان بکات یاخود بێ ئەوەی پابەند بێت بە تیۆرێکی تایبەتی (ئایینی) وەك تیۆری (ئیمامەتی خوایی) کە هیچ بوونێکی نەبوو لە سەردەمدا، بۆیە (مختار) سەرەتا ڕابەرایەتی کردنی شیعەی خستەبەردەم (عەلی کوڕی حوسەین) و بۆ ئەم مەبەستە پەیامێکی بۆ نووسی و تیایدا داوای لێکرد کە ڕازی ببێت بۆ ئەوەی بەیعەتی پێبدات و بانگەشەی ئیمامەتی ئەو بکات و بانگەوازەکەی سەر بخات، بەڵام (عەلی کوڕی حوسەین) وەڵامی پەیامەکەی نەدایەوە، جا کاتێك (مختار) بێ ئومێد بوو لە ناوبراو، پەیامی نووسی بۆ (محەممەدی کوڕی حەنیفە) کە دەکاتە مامی (عەلی کوڕی حوسەین) و هەمان داوای لێکرد، جا محەممەدی  ناوبراو ڕازی بوو، بۆیە (مختار) بانگەوازی بۆ ئیمامەتی ناوبراو کرد. (محەممەدی کوڕی حەنیفە) بە کرداری جڵەوی ڕابەرایەتی شیعەی گرتە دەست و ئەو دەوڵەتەی کە (مختار) دروستی کرد بە ڕێوەی برد بۆ ماوەی چەند مانگێك.

---

بۆچوونمان هەیە، ئەگەر تۆ ئەو کەسە بیت ئەوا ئێمە پێت ڕازین و ئامۆژگارییەکانت پەسەندن و خۆشەویستی لەلامان، ئەگەر تۆو هاوەڵانمان پێتان باش بوو ئەوا ئەم کارە دەسپێرین بە گەورەی شیعەکان و هاوەڵی پێغەمبەری خوا _ سولەیمانی کوڕی صەرد _ کە پێشینەی هەیە، لە تواناکەیدا جێگای ڕەزامەندی و سوپاسە و لە ڕێك و پێکی و نەبەردییەکەیدا متمانە پێکراوە) پاشان (عەبدوڵای کوڕی وال) و (عەبدوڵای کوڕی سەعد) قسەیان کرد و سوپاس و ستایشی خوایان کرد... جا (موسیبی کوڕی نەجیبە) وتی: (ڕاستان پێکا و سەرکەوتوو بوون، منیش هەمان بۆچوونی ئێوەم هەیە، ئەم ئەرکەتان بسپێرن بە سولەیمانی کوڕی صەرد). تأريخ الطبري ٤٨/٧.

**ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی سروشتی شیعەگەریٚتی بە گشتی لە سەدەی یەکەمی کۆچی سیاسی بووە، بیٚ ئاگایی و نەزانی جەماوەری شیعەکان بوو سەبارەت بە تیۆری (ئیمامەتی خوایی)کە لە ژیٚر رۆشناییەکەیدا (شیعەگەریٚتیی ئایینی) دروست بوو، تەنها تاقمی (سەبەئییەکان) نەبیٚت کە (شویٚنکەوتووی عەبدوڵای کوری سەبەء) بوون، عەبدوڵای ناوبراو یەکەم کەس بوو بانگەشەی پیٚویست بوونی ئیمامەتی عەلی کرد و خۆی بەری کرد لە دوژمنەکانی و هەوڵی دەرخستنی دژەراکانی عەلی دەدا. هەروەك زانای کەلامی شیعە (حەسەنی کوری موسای نوبەختی) ئاماژە بەمە دەکات[1].**

**شیعەگەریٚتیی (سیاسی) تا سەدەی دووەمی کۆچی بەردەوام بوو، زۆربەی کەسەکانی ئال و بەیت و سەرجەم جەماوەری شیعە ئەم فیکرەیان پەسەند کرد، تەنها چەند ئەندامیٚکی بزوتنەوەی (کیسانییەکان) نەبن کە کاریگەر بوون بە فیکرەی سەبەئییەکان و دواتر چوونە ریزی پشتیوان و شیعەکانی هەر دوو ئیمامی (محەممەدی کوری عەلی باقر) و (جەعفەری صادق)، بە نهیٚنی فیکرەکەیان دایە پاڵ هەر دوو ئیمامەکە، ئەوانە ناسران بە (رافیزەکان)، دواتر ناویان دەرکرد بە (ئیمامییەکان). لە بەشی داهاتوودا بە تیٚرو تەسەلی باسیان دەکەین. بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای ئیٚمەوە لیٚرەدا بڵیٚین ئەوەیە کە شیعەکان بەگشتی لە سەردەمی (باقر) و (صادق) هەر پابەند بوون بە فیکری شیعەگەریٚتیی سیاسی سەرەتا. جا ئیمام (زەیدی کوری عەلی) وەك سەرکردەیەك دەرکەوت کە باوەری بە شورا هەبوو وەك سیستەمی حوکم لە ئیسلامدا، ناوبراو تیۆری (ئیمامەتی خوایی: کە لەسەر پاریٚزراوی و دەق و پشتاو پشت لە ناو ئال و**

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٢٢.

بەیتدا دامەزراوە) هەر نەدەناسی بەڵکو باوەڕی وابوو کە ئیمامەت پێویستی بە دەستپێشخەری و لێهاتوویيە، ئیمامی (زەید) دەیوت:(کەسێك لە ئێمە ئیمام نییە کە لە ماڵی خۆی دانیشتبێت و پۆشاکەکەی دادابێتەوەو تێکۆشان و جیهادی پشتگوێ خستبێت، بەڵام کەسێك لە ئێمە ئیمامە کە پارێزگاری لە سنووری خۆی بکات و بەوپەڕی توانایەوە لە پێناو خودا تێبکۆشێت و بەرگری لە هاوڵاتیانی بکات و قوربانی بدات لە پێناو ڕێگری کردن لە قەدەغەکراوەکانی)[1]. ئیمام (زەید) وتەی یەکێك لە شیعەکان (ڕافیزەکانی) بە نامۆ زانی کە خەڵکی شاری کوفە بوو، ناوی: (محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی نوعمان، کە ناسراوە بە موئمنی تاق یان شەیتانی تاق)، کاتێك ڕەتی کردەوە بچێتە ناو شۆڕشەکەوەو پاساوی بەوە هێناوە کە (زەید) بەڵگەیەکی خوا نییە، جا (زەید) وتی: (ئەی باوکی جەعفەر من لەگەڵ باوکم لەسەر یەك خوان دادەنیشتم، پاروی چەوری پێدەدام، پاروی گەرمی بۆ سارد دەکردمەوە بەوەی دڵی پێدەسوتامەوە، جا ئایا دەبێت دڵی بەمن نە سووتا بێتەوە لە ئاست گەرمی ئاگری دۆزەخ و ئایینی پیشانی تۆداوە کەچی بەمنی نەوتوە)[2].

بە پێی چەمکی (شیعەگەرێتیی ئایینی) کە لەسەر فیکرەی (بەرایی و لە پێشتر بوون) دامەزراوە، ئەوا کۆمەڵێك لە حیزبە شیعەکان لە سەدەی دووەمی کۆچی

(١) بۆیە بە تێڕوانینێکی ئەرێنی دەیڕوانییە ئەزموونی خەلیفەکانی ڕاشدین و ڕێزی دەگرت لە (ئەبوبەکر) و (عومەر). کاتێك هەندێك لە شیعەکان پرسیاریان لێکرد لەبارەی هەڵوێستەکەی لەبارەی هەر دوو شێخەکە، لە وەڵامدا وتی: (من قسەی چاك نەبێت لەبارەی ئەوانە هیچی تر ناڵێم، باوکم تەنها قسەی ڕێك و چاکی لەبارەی ئەوان دەکرد، من دەردەچم دژی نەوەی ئومەییە، کە حوسەینی باپیرەمانی کوشت و هێرشیان کردە سەر مەدینە لە ڕۆژی "حیرە"، پاشان ماڵی خوایان دایە بەر مەنجەنیق و ئاگر). البغدادي، الفرق ٢٥.

(٢) الكليني، الكافي ١٧٤/١.

وتیان: (له دوای پێغەمبەری خوا ئەوا عەلی لەبەر پلەوپایە و گەورەیی و پێشینە و زانستەکەی لە هەمووان لە پێشتر بوو، عەلی بوێرترین و لە خواترسترین و دونیا بەکەمزانترین کەسە). لەگەڵ ئەوەشدا وتیان ئیمامەتی (ئەبوبەکر) و (عومەر) دروستە، چونکە شیاوی ئەم پێگە و پۆستە بوون، باسی ئەوەشیان کرد کە: (عەلی کاروبارەکەی بەوان سپارد و پێشیان ڕازی بوو و بەیعەتی بەویستی خۆی بەیعەتی بەواندا و مافی خۆیان بۆ ئەوان جێهێشت، جا ئێمەش ڕازین وەك چۆن موسڵمانان ڕازی بوون لە عەلی و لەوەی عەلی بەیعەتی پێدا، جگە لە ڕازی بوون هیچ شتێکی ترمان بۆ دروست نییە، جگە لەمە هیچ شتێکمان لێ قبوڵ ناکرێت، بەڕاستی حوکمڕانی ئەبوبەکر بووە ڕێڕۆشنی و هیدایەت، بەهۆی ڕازی بوونی عەلی لێی). هەندێکیان بۆچوونیان وابوو کە: (عەلی باشترین کەسە لە دوای پێغەمبەری خودا ((ﷺ))بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دروستە کەسانی تر جگە لەو ببنە برا گەورەو حوکمڕان، ئەگەر ئەو کەسەی دەکرێتە حوکمڕان شیاو بێت، جا عەلی ئەمەی پێ خۆش بێت یان نا، جا حوکمڕانی ئەو کەسەی کە موسڵمانان بە ڕەزامەندی خۆیان هەڵیانبژاردووە ڕێڕۆشنی و هیدایەت و گوێڕیەڵی خوایە، گوێڕایەڵ بوون بۆ ئەو حوکمڕانە لەلایەن خوای باڵادەست و خاوەن شکۆوە پێویست کراوە)[1]. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باوەڕیان نەبوو بە تیۆری (دەق و دیاریکران) یان (شیعەگەرێتیی ئایینی).

مێژوونووسان لەبارەی سێ دەستەی سەرەکی زەیدییەکان دەدوێن، ئەم سێ دەستەیە پێکهێنەری درێژکراوەی شیعەگەرێتیی عەلەوی (سیاسی)یە، هەر

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٢٢، الأشعري القمي، المقالات والفرق ١٨.

هەموویان بەشێوەیەك لە شێوەكان تیۆری شوڕا پیادە دەكەن، لەسەرووی هەموو دەستەكانیشەوە دەستەی: (بەتریە) و (جارودییە) و (سولەیمانییە).

سەبارەت بە دەستەی (بەترییەكان)، بریتین لە هاوەڵانی (كەسیری نەوا) و (حەسەنی كوڕی صاڵحی كوڕی حەی، ساڵی ١٦٨ك مردووە) و (صاڵحی كوڕی ئەبو حەفصە، ساڵی ١٣٧ك مردووە) و (حەكەمی كوڕی هوتبە، ساڵی ١١٤ یان ١١٥ك مردووە) و (سەلەمەی كوڕی كەهیل، ١٢١ك مردووە) و (باوكی مقدادی كوڕی سابتی حەداد)، ئەمانە باوەڕیان بە ویلایەت و خەلیفایەتی (عەلی) هەبوو و لە هەمان كاتدا باوەڕیشیان بە ویلایەت و خەلافەتی (ئەبوبەكر) و (عومەر) هەبوو، بەڵام پێیان وابوو عەلی باشترە و ئیمامەتی (ئەبوبەكر)یشیان چەسپاند، بۆچوونیان وابوو دەرچوون لەگەڵ هەر نەوەیەكی عەلی كە فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە بكات دروستە، مەبەستیشیان لە ئیمامەت خودی كەسێكی دیاریكراو نییە، تا ئەو كەسە دەربكەوێت و دەربچێت، لەلای ئەم دەستەیە نەوەكانی عەلی لە هەر سكێك بن وەك یەكن[1].

سولەیمانییەكان بریتین لە شوێنكەوتووی (سولەیمانی كوڕی جەریری ڕەقی)، ناوبراو دەڵێت: ئیمامەت شوڕاە، ئیمامەت بە كۆك بوونی دوو كەس لە پیاوە چاكەكانی ئوممەت دادەمەزرێت، ئەمانە پێی وایە ئیمامەتی كەسی باش لە كاتی ئامادەبوونی باشتر دروستە، ئیمامەتی (ئەبوبەكر) و (عومەر)یان چەسپاند، بۆچوونیشی وابوو ئوممەت بەیعەتی بەو كەسە نەدا كە باشتر بوو بۆیان، چونكە

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٥٧.

(عەلی) لەپێشتر بوو لە (ئەبوبەکر) و (عومەر)، هەڵەی ئوممەت لە بەیعەت دان بە (ئەبوبەکر) و (عومەر) نەبووە هۆی کوفرو گوناهباری.

جارودییەکان بریتین لە شوێنکەوتووانی (ئەبو جارود زیادی کوڕی ئەبو زیادی هەمەدانی کوفی)، ئەمانە باوەڕیان بەوە نەبوو دەقێکی ڕاشکاو هەبێت لەسەر ئیمامەتی عەلی، دەیان وت: (دەقەکە تەنها وەسفی ئیمامی کردبوو ناوی نەهێنا بوو). لە دەرەنجامی ئەمەدا وتیان: ئیمامەتی (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب)چەسپاوە هەر لەو کاتەی بانگی خەڵکی کرد و مەبەستی خۆی دەرخست، پاشان ئیمامەتی (حوسەین) لەگەڵ دەرچوونی ئیمامەتەکەی چەسپا، دواتر (زەیدی کوڕی عەلی)... پاشان هەر کەسێك لە خانەوادەی محەممەد بانگەوازی بکات بۆ گوێڕایەڵی خوا ئەوا ئەو کەسە ئیمامە، (جارودییەکان) و سەرجەم (زەیدییەکان) ڕەتیان کردەوە ئیمامەت کورت هەڵبێنن لە کوڕەکانی حوسەیندا، پێشیان وابوو هەرچی قسەی لەو شێوەیە بکات دەرچووە لە ئایین، وتیان ئیمامەت بە شوڕاە لە نێوان منداڵەکانی (حەسەن و حوسەین)، لە دوای (حوسەین) ئیمامەت بە ویست و ڕەزامەندی و یەکدەنگی ئال و بەیت لەسەر یەکێك لە خۆیان دیاری دەکرێت. دواتر جارودییەکان دابەش بوون بۆ چەند بەشێك، هەندێکیان وتیان دەق هاتووە لەسەر سێ ئیمامەکەی سەرەتا (عەلی و حەسەن و حوسەین)، لە ئەنجامی کاریگەر بوونیان بە ئیمامییەکان، بەڵام تیۆری خۆیان لە بواری ئیمامەت بە شێوەیەکی گشتی دادەڕێشت لەسەر بنەمای شوڕا و ڕاپەڕین و شۆڕش کردن و

نەیاندەبەستەوە بە بنەڕەتی دەق، بەتایبەت لە دوای (حەسەن و حوسەین) ئیمامەتیان لەسەر دەق بنیات نەنا[١].

لە پاڵ ئەمانەدا دەستەیەکی تر لە زەیدییەکان هەبوو، بە (حوسەینییەکان) ناودەبران، ئەمانە دەیان وت: هەر کەسێك لە خانەوادەی محەممەد بانگەوازی بۆ لای خودا بکات ئەوا گوێڕایەڵی کردنی پێویستە، ئیمامی عەلی بوو بە ئیمام لەو کاتەی بانگی خەڵکی کرد و کاروباری گرتە دەست، دوای ئەو حوسەین لەکاتی ڕاپەڕینی بوو بە ئیمام، پاشان زەیدی کوڕی عەلی، دواتر یەحیای کوڕی زەید، پاشان عیسای کوڕی زەید، دواتر محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن، پاشان هەر یەکێك لە خانەوادەی محەممەد بانگەوازی بکات بۆ گوێڕایەڵی خودا، ئەوا ئەو کەسە ئیمامە[٢].

ئەبو حەسەنی ئەشعەری لە وتارەکەیدا، لە بارەی دەستەیەك لە زەیدییەکان کە پێیان وتویەتی: دەوترێت (یەعقوبییەکان)، شوێنکەوتووی کەسێکن بە ناوی (یەعقوب)، ئەوانە (ئەبوبەکر) و (عومەریان) بە خەلیفە دادەنا بەڵام خۆیان بەری نەدەکرد لەوانە خۆیان لە دوو خەلیفەکە بەری دەکرد[٣].

بەدەر لە دەستەی (جارودییەکان) هەڵوێستی شیعە زەیدییەکان بە شێوەیەکی گشتی میانڕەو و ژیرانە و نزیکتر بوو لە شیعەگەرێتیی عەلەوی (سیاسی)، واتە: باوەڕیان نەبوو بە تیۆری دەق و پشتاو پشتکردنی ئیمامەت و کورت هەڵهێنانی زانستی خوایی لە ئال و بەیتدا، دەیان وت: (زانست لە ناو ئال و بەیت و خەڵکی

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٥٨.

(٢) النوبختي، فرق الشيعة ٥٨.

(٣) البغدادي، الفرق ٢٥.

سادەدا پەرش و بڵاوە، ئەوان و خەڵکی سادا وەك یەك زانستیان لە نێواندا بڵاو بووەتەوە، هەر کەسێك بۆی هەیە ئەو زانستەی پێویستی پێیەتی بۆ ئایین و یان دونیا لە ئال و بەیت یان لە خەڵکی تر وەربگرێت، ئەگەر ئەو زانستەی پێویستیان پێیەتی لەلایەن ئەوان و کەسانی تر ئەو زانستەی بۆ ئایین پێویستیان پێ هەیە دەست نەکەوت ئەوا دروستە کۆشش _ ئیجتهاد _ بکەن یان ڕای یەکێکیان هەڵبژێرت)[1].

سەرجەم شیعەکان لە دەوری (زەیدی کوڕی عەلی) کۆبوونەوە، دوای ناوبراو لە دەوری کوڕەکەی (زەید) کە ناوی یەحیا بوو کۆبوونەوە، یەحیا لە ساڵی ١٢٥ك لە دژی ڕژێمی ئەمەوییەکان شۆڕشی بەرپاکرد، بە سێ ساڵ لە دوای شکست هێنانی ئەم دوو شۆڕشە، شۆڕشێکی تری بەرفراوانی شیعە بە سەرکردایەتی یەکێك لە بانگخوازان: (عەبدوڵای کوڕی معاویەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەیاڕ) هەڵگیرسا. لەم شۆڕشەدا جەماوەری شیعەکان لە شارە جیا جیاکانی عێراق بەشداریان تێدا کرد و درێژ بووەوە تا ناوچەکانی (هەمەدان و قومس و ئەصفەهان و ڕەی و فارس) دروشمی شۆڕشەکە بریتی بوو لە: (لەپێناو دەستخستنی ڕەزامەندی ئالی محەممەد)، بێ ئەوەی کەسێکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت، ئەمە بانگەوازی سەرجەم شیعەکانی ئەو کات بوو، جا (عەبدوڵای کوڕی موعاویە) شاری ئەصفەهانی کردە ناوەندی بانگەواز و بزوتنەوەو چەقی دەسەڵاتەکەی، ناوبراو ناردی بەدوای هاشمییەکان و عەلەوییەکان و عەباسییەکان تا بەشدار بن لەگەڵی لە بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتەی کە دەستی بەسەردا گرتبوو، جا

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٥٦.

ژمارەیەکی زۆر چوونە لای، ئەمەش بەر لە ڕووخانی دەوڵەتەکەی بوو لەبەردەم هێزی (بوکی موسلمی خوڕاسانی).

لە دوای ئەمە سەرجەم شیعەکان کۆبوونەوە لە دەوری (محەممەدی کوڕی عەبدوڵای حەسەنی خاوەن دەروونی پاك). جا لەبەر ئەوەی شیعەگەریّتی لەو کاتدا سیاسی بوو، ئەوا سەرکردەکانی موعتەزیلە وەك (عەمروی کوڕی عوبەید) و (واصڵی کوڕی عەتا) چوونە پاڵ بزوتنەوەی ئیمام (محەممەدی خاوەن دەروونی پاك)، کە ئیمامی زەیدییەکان بوو لە سەردەمی خۆیدا.. بەم پێیە (عەمروی کوڕی عوبەید) چووە لای (جەعفەری صادق) و داوایا لێکرد بێتە ناو بزوتنەوەکە و بەیعەت بدات بە (محەممەدی خاوەن دەروونی پاك)، عەمرو بە صادقی وت: (خەڵکی شام خەلیفەی خۆیان کوشت، خودا ئەوانی بە گژ یەکتردا برد، کارەکەیانی لێ پەرت کرد، ئێمەش سەیرمان کرد و پیاوێکمان بینی کە دیندارو عەقڵمەند و جوامێرە و کانگای خەلیفایەتییە، ئەویش: محەممەدی کوڕی حەسەنە، ئێمەش ویستمان لە دەوری کۆ ببینەوەو بەیعەتی پێبدەین و بانگەوازی بۆ بکەین، جا هەر کەسێك بەیعەتی پێبدات ئێمە لەگەڵی داین و ئەویش یەکێکە لە ئێمە، هەر کەسێکیش خۆی لێ دوور بگرێت ئێمەش دەستی لێ دەشۆین و خۆی لێ دوور دەگرین، هەر کەسێك ڕووبەڕوومان ببێتەوە لەگەڵی دەجەنگین و ڕووبەڕووی دەبینەوە لەسەر دەستدرێژییەکەی و دەیگێڕینەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست و ڕاستڕەوان، ئێمە پێمان خۆش بوو ئەمە بۆ تۆ بخەینەڕوو، لە بەر گەورەیی پلەوپایە و زۆری پشتیوانانت ئەوا ئێمە بێ نیاز نین لە تۆ، بەڵکو پێویستیمان بەکەسێکی وەك تۆ هەیە) کاتێك عەمرو لە قسەکانی بووەوە، باوکی عەبدوڵا وتی: عەمرو پێم بڵێ ئەگەر ئوممەت کاروباری خۆی بە تۆ بسپێرێت و

بێ جەنگ و پێکدانان ئەرکەکەی ڕادەستی تۆ بکات و پێت بڵێت: حەزت لە کێیە ئەو بکە بە حوکمڕان، ئەو کاتە تۆ کێت دەکردە حوکمڕان؟ عەمرو وتی: دەمکردە شوڕا لە نێوان سەرجەم موسڵمانان، صادق وتی: لە نێوان سەرجەم موسڵمانان؟ عەمرو وتی: بەڵێ، صادق وتی: لە نێوان شەرعناس و ڕێزدارەکانیان؟ عەمرو وتی: بەڵێ، صادق وتی: لە نێوان قوڕەیشییەکان و ئەوانی تر، عمرو وتی: بەڵێ، صادق وتی: لە نێوان عەرەب و نا عەرەب؟ عەمرو وتی: بەڵێ[1].

فیکری گشتی شیعە بنیاتدەنرا لەسەر پشتگیری سیاسی بۆ ئیمامەکانی ئال و بەیت، ئەوانە باوەڕیان وابوو ئوممەتی ئیسلامی مافی دیاریکردنی ئیمامەکانی خۆی هەیە، پێشیان وابوو پیادەکردنی شوڕا پێویستە، خۆسەپاندن بەسەر دەسەڵاتدا بە زەبری هێز مەحکوم دەکرد. شیعەگەرێتیی ئاینیان نەدەناسی. دەکرێت ئەمە بەدی بکەین لەو فەرموودەیەی کە (صدوق) دەگێڕێتەوە لە ئیمامی (ڕیزا) ئەویش لە (کازم)ی باوکییەوە، ئەویش لە (جەعفەری صادق)ی باوکیەوە، ئەویش لە (محەممەد باقر)ی باوکی، باقریش لە (عەلی کوڕی حوسەین)، ئەویش لە (حوسەینی کوڕی عەلی)، ئەویش لە باوکییەوە لە باپیرەیەوە کە پێغەمبەری خوا دەفەرموویێت: (هەر یەکێك هات ویستی کۆمەڵە پەرت بکات و کاروباری ئوممەت داگیر بکات و حوکمڕانی بێ شوڕا بگرێتەبەر، ئەوا بیکوژن، چونکە خودای باڵادەست و خاوەن شکۆ ڕێگەی پێداوە)[2]. دەکرێت لەم فەرموودەیەدا جوانترین دەربڕین بدۆزینەوە لەبارەی باوەڕو پابەند بوونی ئال و بەیت بە شوڕاوە. جا ئەگەر ئەوان خەڵکیان بانگ کردبێت بۆ شوێنکەوتنیان و ملکەچ

---

(١) الكليني، الكافي، الفروع، ج ٥ باب دخول عمرو بن عبيد والمعتزلة على أبي عبدالله، ح رقم ٨٢٤٧ — ١.

(٢) الصدوق، عيون أخبار الرضا ٦٢/٢.

بوون بۆیان ئەوا لەبەر ئەمە ئەوەیان کردووە کە باوەڕیان وابووە خۆیان باشترن و لە پێشترن بۆ بەدەستەوە گرتنی جڵەوی خەلافەت لەبەرامبەر ئەو حوکمڕانانەی کە شوێن قورئانی پیرۆز ناکەون و دادگەری پیادە ناکەن و ئایینی ڕاست پەیڕەو ناکەن، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێت کە سروشتی شیعەگەرێتیی سیاسییە نەك ئایینی.

لە بەشەکانی داهاتوودا لێکۆڵینەوە دەکەین لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی باوەڕ و دانىنان بە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) یان کە ناسراوە بە شیعەگەرێتیی ئایینی، هەروەها باس لە چۆنیەتی گەشەسەندن و سەرەنجام و ئەو بارودۆخەی تیۆرەکە تێیدابووە دەکەین و گرنگترین پیاوەکانیشی دەخەینەڕوو.

# بەشی دووەم

# ((شیعەگەرێتیی ئایینی))

# یان تیۆری ئیمامەتی خوایی ئاڵ و بەیت

له بەرامبەر (شیعەگەرێتیی سیاسی) کە بریتی بوو لە لایەنگیری و خۆشویستن و شوێنکەوتنی ئیمامەکانی ئال و بەیت، ئیمامییەکان دەڵێن جۆرێکی تر لە شیعەگەرێتی هەبوو ئەویش (شیعەگەرێتیی ئاینیە) کە هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە((ﷺ)) هەبووەو تەنانەت لەسەر دەستی پێغەمبەر ((ﷺ)) دروست بووە، ئال و بەیت بریتییە لە (حوکمڕانان: أولي الأمر) کە خوای گەورە گوێڕایەڵی ئەوانی تەریب کردووە لەگەڵ گوێڕایەڵ بوون بۆ پێغەمبەر، خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾ النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو گوێڕیەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن). پێغەمبەر((ﷺ)) لە (غەدیری خوم) بە دەق ئیمامەت و گەورایەتی و ویلایەتی ئیمامی (عەلی) دیاری کردووە، دواتر ئیمامەت بەشێکە لە ئایین، شیعەگەرێتی سەرەتا ئایینی بووە نەك سیاسی. هەروەك زانای کەلامی شیعە دوازدە ئیمامییەکان (حەسەنی کوڕی موسای نوبەختی، کە لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی مردووە) دەڵێت: لە دوای مردنی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) شیعە بۆ سێ بەش دابەش بوون، بەشێکیان وتیان: (لە دوای پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) عەلی ئەو ئیمامەیە کە گوێڕایەڵ بوونی پێویستە، پێویستە خەڵکی بەشتەکانی ئەو ڕازی بن و شتی لێ وەربگرن و وەرگرتنی شتەکانی تر جگە لە هی ئیمامی عەلی قەدەغەیە، چونکە پێغەمبەر ((ﷺ)) ئەو زانستەی خەڵکی پێویستیان پێیە لە ئاییندا هەر لە حەڵاڵ و حەڕام و سەرجەم ئەو شتانەی مایەی سوودە بۆیان لە دین و دونیایاندا و ئەو شتانەی زیانگەیەنەرە بەوان و وردو درشتی زانستەکانی بە ئیمامی عەلی بەخشیووەو پێی لەبەر کردووە، هەر بۆیە ئیمامی عەلی شیاوی ئیمامەت و پێگەی پێغەمبەرە

((ﷺ))، ئەمەش لەبەر ئەوەی پارێزراوەو لە دایکبوونەکەی پاك بووەو لە پێشینەکان و دەستپێشخەرەکان بووەو زانا و دەستکراوەو دونیا بەکەمزان و دادگەر بووە لەگەڵ هاوڵاتییەکانی دا، پێغەمبەری خودا بە دەق باسی کردووەو ئاماژەی بە ناو و ڕەچەڵەك و خودی ئیمامی عەلی کردووە، ئیمامەتی عەلی خستە ئەستۆ ئوممەت و کردییە ئاڵا بۆ ئەوان و وەك میری باوەڕداران دیاری کرد، پێغەمبەر ((ﷺ)) ئیمامی عەلی بۆ باوەڕدارانی لە خودی ئەوان لە پێشتر داناوە لە چەند شوێندا، بۆ نمونە: غەدیری خوم، پێغەمبەر ((ﷺ)) بە موسڵمانانی ڕاگەیاند کە پێگەی ئیمامی عەلی لە ئاست پێغەمبەر ((ﷺ))وەك پێگەی هاڕونە لە موساوە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە هیچ پێغەمبەرێك لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) نایەت، ئەمەش تەنها مانای پێغەمبەرایەتی و ئیمامەت دەگەیەنێت، پێغەمبەر ((ﷺ)) ئیمامی عەلی وەك هاوشێوەی خۆی داناوەو هەر لە ماوەی ژیانیشداعەلی بۆ باوەڕداران لە خودی ئەوانی لە پێشتر داناوە، هەروەها لەم ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ((ﷺ)) کە بە هۆزی وەلیعەی وتوە: " یان ئەوەتا دەست هەڵدەگرن یاخود کەسێکی وەك خودی خۆمتان بۆ ڕەوانە دەکەم"، پێگەی پێغەمبەر ((ﷺ)) لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) تەنها شیاوی کەسێکە کە وەك خودی پێغەمبەر ((ﷺ)) بێت، بەم پێیە ئەم تاقمی شیعەیە وتیان: پێویستە لە دوای ئیمامی عەلی پیاوێك لە نەوەی فاتیمەی کچی محەممەد سڵاوی خوای لێبێت شوێنی ئەو بگرێتەوە بەو مەرجەی پارێزراو بێت لە گوناهو تاوان و پاك بێت لە کەم و کورتییەکان و پارێزگار و ئەمیندار و ڕازی بێت و دوور بێت لە نەخۆشی و کرچ و کاڵی لە ئایین و ڕەچەڵەك و لە دایکبوون و دوور بێت لە ئەنجامدانی شتی ناشیاو بە ئەنقەست و هەڵە و خلیسکان، دواتر بە دەق لە لایەن ئیمامی پێش خۆیەوە

دیاری بکرێت و ئاماژە بکرێت بە ناو و خودی ئەو، جا ئەوەی پشتی ئەم ئیمامە بگرێت ڕزگار بووەو ئەوەش دوژمنایەتی بکات تیاچووە، ئەوەی کەسێکی تر جگە لەو وەك ئیمام هەڵبژێرێت ئەوا گومڕا و هاوبەشدانەرە، ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی عەلی دا بەردەوام دەبێت بە ئەندازەی بەردەوام بوونی کارو فەرمان و ڕێگرییەکانی خودا، ئەم تاقمە بەردەوام بوو لەسەر ئەم باوەڕەی بەو پێیەی باسمان کردی تا عەلی سڵاوی خوای لێبێت لە مانگی ڕەمەزاندا کوژرا...)[(١)]. دوو تاقمەکەی تریش وتیان: (عەلی لە دوای پێغەمبەری خودا ((ﷺ)) چاکترین کەس بووە لە ناو خەڵکدا بەهۆی پلەوپایە و دەستپێشخەری و پێشینە بوون و خزمایەتی و زانستەکەی، عەلی باشترین کەسە لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ))...)[(٢)].

نوبەختی وتویەتی: (شیعەکانی عەلی) لە سەردەمی پێغەمبەر((ﷺ)) و لە دوای سەردەمی ناوبراویش بەو ناوە ناونراون، ئەمە بەوە ناسراو بوون کە خۆیان بۆ ئیمامی (عەلی) یەکلا کردبووەو دانیان بە ئیمامەتی ئەودا دەنا، و باسی کردووە کە: میقدادی کوڕی ئەسوەدی کیندی، سەلمانی فارسی، ئەبو جوندبی کوڕی جەنادە (ئەبو زەڕ)، عەماری کوڕی یاسر و جگەلەوانیش کە خۆشەویستی ئەوان و عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) ئاوێتە ببوو و هۆگری یەکتر ببون، ئەوانە یەکەم کەسن کە پشتیوانی و شیعەگەرێتیان کرد لەناو ئەم ئوممەتەدا[(٣)].

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ١٨_٢٠، جا (سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی) دەقی پێشوو لە کتێبەکەیدا (المقالات والفرق ١٦_١٧) دووبارە دەکاتەوە بەڵام بە دەستکارییەکی کەمەوە، دەڵێت: (وتیان ئەمە شتێکی پێویستە تا ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی ئەودا بەردەوام بێت تا ڕۆژی دوایی... ئەم تاقمە بەو پێیەی باسمان کرد بەردەوام بوو و پابەند بوو بە ئیمامەت و پشتگیری کردنی عەلی... تا کوژرا).

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

ئیمامییەکان ڕاجیا بوون لەبارەی ژمارەی (ئەو شیعانەی کە مافی عەلیان بە تەواوەتی دەزانی)، جا لە (باقرِی باوکی جەعفەر)یان گێڕاوەتەوە، گوایە وتویەتی: (خەڵکی لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ))هەڵگەڕانەوە تەنها سێ کەس نەبن: مقدادی کوڕی ئەسوەد، ئەبو زەڕی غیفاری، سەلمانی فارسی، دواتر خەڵکانێك ڕاستیان ناسی و چوونە پاڵ ناوبراوان). باقر لە فەرموودەیەکی تردا باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەیان حەڤدەیە. باقر لە گێڕانەوەی سێیەمدا باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەیان کەمترە لە پەنجا کەس، ناوبراوله وتارێکیدا بۆ هیشامی کابلی دەڵێت: (عەلی کوڕی ئەبو تالیب لەلای ئێوە بوو لە عێراق، بە خۆی و هاوەڵەکانی لەگەڵ دوژمنەکانی دەجەنگا، پەنجا کەس لە نەوە هاوەڵانی عەلی بە تەواو عەلیان نەدەناسی، بە تێروتەسەلی شارەزایی ئیمامەتی ئەو نەبوون)[1].

---

بەڕێز (محمد باقر صەدر) لە پێشەکیەکەیدا کە بۆ کتێبی (تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة) دانراوی (د. عەبدوڵا فەیاز) نووسیویەتی دەڵێت: (تێڕوانینمان وایە کە شیعە لە وەتەی کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر ڕاستەوخۆ لە دایکبوون و بەرجەستە بوون لەو موسڵمانانەی بە کردار بەشداربوون لە پرۆسەی پێشنیاری سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی کردنی ئیمام، کە پێغەمبەر سەرەتاکەی سەپاند بە جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ لە کاتی مردنیدا. هەر لە ساتەوەختی یەکەمەوە ئاراستەی شیعە بەرجەستە بوو لە نکۆڵی کردن لەو ئاراستەیەی کۆبوونەوەکەی سەقیفە گرتیەبەر لە بەرجەستە کردنی پێشنیاری ئیمامەت و ڕابەرایەتی ئیمامی عەلی و دەسەڵات دان بە جگە لەو)...

(١) فياض، عبدالله، تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة ٤٥، نقلا عن الإختصاص للمفيد ١٠، والكشي، الرجال ١٢، بەڵام ئەو گێڕانەوەیەی خرایەڕوو ناوی پەنجا کەسی دیار نەکرد، هەروەك هیچ بەڵگەیەکی پێشکەش نەکردووە لەسەر ئەوەی ئەم پەنجا کەسە تیۆرەکەیان پەسەند کردووە، هەروەك دوو گێڕانەوەکەی تریش ئەمەیان نەکردووە کە باسی ناوی سێ یان حەوت هاوەڵیان کردووە. لەوانەیە ئەم گێڕانەوانە پشتیان بەستبێت بە وابەستەبوونی بەهێزی ئەم هاوەڵانە بە ئیمامی عەلییەوە، بەمەش گێڕانەوەکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە هاوەڵەکان تیۆری ئیمامەتی خوایی و بوونی دەق لەلایەن خواوەیان پەسەند کردووە.

بەبێ ڕەچاوکردنی هەبوونی (شیعەگەرێتیی ئایینی) لە سەردەمی پێغەمبەردا ((ﷺ))، گومان لەوەدا نییە کە ناوی (شیعە و پشتیوانانی عەلی) لە ئاشوب و فیتنەی مەزندا دەرکەوت لە بەرامبەر پشتیوانانی عوسمان و تەڵحە و زوبەیرو معاویە، جا ناوی (شیعە) فراوان بوو تا وای لێهات سەرجەمماڵەکانی عەلەوی و هاشمی و پشتیوانانیانی گرتەوە لە سەدەی دووەمی کۆچی دا، لەو کاتەدا دەرکەوتنی فرە ناوی تایبەت بۆ دۆخی بوون دەستی پێکرد، وەك: (کیسانیەکان) و (هاشمییەکان) و (ڕاوەندییەکان) و (جەناحییەکان) و (کوربییەکان) و (بەربەریەکان) و (بەیانیەکان) و (موغەیرییەکان) و (باقرییەکان) و (جەعفەرییەکان) و (زەیدییەکان).

ناوی (ڕافیزەکان) بۆ ئەو فرە تاقمە شیعانە بەکاردەهات نەك تەنها بۆ ئەوانەی کە لایەنگری جەعفەری صادقن، هەروەك هەندێك وا گومان دەبەن[1].ئەم ناوە بۆ هەموو ئەو کەسانە بەکارهات کە ئیمامەتی ئەبوبەکرو عومەریان ڕەتکردەوە، لە سەرووشیانەوە (ڕاوەندییەکان) کە پشتیوانی نەوەکانی عەباس بوون و باوەڕیان وابوو لە دوای پێغەمبەر ئیمامەت تەنها مافی عەباسی مامی پێغەمبەرو نەوەکانیەتی[2]. هەندێك جار وەك لایەنی زمانەوانی (نەك زاراوەیی) ناوی ڕافیزە

---

(١) فیاض، تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة ٧٣.

(٢) لەو کاتدا عەباسییەکان لە هەموو تاقمە شیعەکانی تر زیادەڕۆچوو بوون و (سووربوون لەسەر فیکرەی ڕافیزایەتی). مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە: (ڕاوەندییەکان، کە شیعە و پشتیوانەکانی نەوەی عەباس بوون، دەیان وت: پێغەمبەری خودا گیانی سپارد، شیاوترین کەس لە دوای پێغەمبەر بۆ ئیمامەت عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبە، چونکە مام و میراتگرو پشتیوانی پێغەمبەر بوو، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٍ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ﴾ الأنفال: ٧٥. واتە: "ئەوانەش کە _ سەرەڕای پەیوەندی ئیمانی _ پەیوەندی خزمایەتیشیان هەیە، هەندێکیان شایەستەترن بە هەندێك تریانەوە لە بەرنامەی خوادا". خەڵکی مافی عەباسیان داگیر کرد، ستەمیان لێکرد، تا خوای گەورە مافی

لەلایەن هەندێك لە شیعەكانەوە بەرامبەر بە هەندێكی تر بەكاردەهێنرا، هەروەك دەوترێت (موغەیرەی كوڕی سەعید) ئەو ناوەی دژی شوێنكەوتووانی جەعفەری صادق بەكارهێناوە كاتێك ئەویان ڕەتكرۆتەوەو بە نەفرەتیان كردووە[١].بەڵام ناوی (ڕافیزە) وەك نازناوی (ئیمامییەكان) ناوبانگی دەركرد، چونكە ئیمامییەكان لە ساڵی ١٢٢ك ڕەتیان كردەوە بچنە ناو بزوتنەوەكەی ئیمام (زەیدی كوڕی عەلی)، لەبەر ئەوەی زەید هەڵوێستێكی میانڕەوی هەبوو لەبەرامبەر ئەبو بەكرو عومەر و ئیمامییەكانیش هەڵوێستی توندیان هەبوو لەبەرامبەر دوو ناوبراوەكەوە، بۆیە زەید ناوی لە ئیمامییەكان نا (ڕافیزەكان). ناوی (ڕافیزە) لە لایەن بەشێك لە ئەهلی سوننەوە بە شێوەیەكی فراوان بەكارهات بۆ سەرجەم ئەو كەسانەی كە عەلی بە بەرزتر دەزانن لە هاوەڵانی تر یان ڕەخنە لە هاوەڵێك دەگرێت. لەكاتێكدا شیعە و پشتیوانانی ئیمام جەعفەری صادق ناسران بە (جەعفەرییەكان) و (شیعەكانی عەلی) و (توڕابییەكان) وەك درانە پاڵ (باوكی توڕاب) كە یەكێكە لە نازناوەكانی عەلی[٢]؛ بەشێك لە ڕافیزەكان هەوڵیاندا خۆیان

---

عەباسی بۆ نەوەكانی گێڕایەوە. سەرباری ئەوەی عەباس بانگەشەی خەلیفایەتی نەكرد. ڕاوەندییەكان خۆیان بەری كرد لە ئەبو بەكرو عومەر و وتیان بەیعەت دان بە ئیمامی عەلی دروستە بەهۆی مۆڵەت پێدادنی عەباس، هەروەك عەباس بە عەلی وتوە: برازاكەم (وەرە با بەیعەتت پێبدەم بەم پێیە دوو كەس ڕاجیا نابن لەسەرت)، هەروەك داودی كوڕی عەلی لەسەر دوانگەی كوفە لە كاتی بەیعەتدان بە ئەبو عەباس وتی: ئەی خەڵكی كوفە هیچ ئیمامێك لە دوای پێغەمبەر نەبوو جگە لە عەلی كوڕی ئەبو تالێب، ئەوەش _ واتە: ئەبو عەباسی سەفاح _ ئیمامتانە ). تأريخ الطبري ٤٣/٦ و ٨٣، إبن أثير، الكامل في التأريخ ٣١٨/٥، المسعودي، مروج الذهب ٢٥٢/٣.

(١) الأشعري القمي، المقالات والفرق ٧٦، الملل والنحل ١٣٨/١.

(٢) بەپێی گێڕانەوەكەی (سەعیدی كوڕی یەسار)، كە تێیدا هاتووە: (گوێبیستی باوكی عەبدوڵا بووم كە دەیوت: سوپاس بۆ خوا: تاقمێك بوونە مورجیئە، تاقمێكیش بوونە حەڕوڕیە، تاقمێكی تریش بوونە قەدەرییە، ئێوەش بە توڕابیەكان و شیعەكانی عەلی ناونراون). الكليني، الكافي، الروضة ٨٠.

بخزێننە ناو ڕیزەکانی پشتیوان و شیعەکانی صادق و بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەوان لە (جەعفەرییەکانن)، ئەمەش ئیمام صادقی پاڵنا بۆ ئەوەی خۆی بەری بکات لە زۆربەی ئەو کەسانەی بانگەشەی لایەنگیری ئەویان دەکرد. جارێکیان ئیمامی صادق توڕەبوو کاتێك (ئەبو صەباحی کەنانی) پێی وت: ئێمە بە کوفەدا دەچین و پێمان دەوترێت جەعفەرییەکان، ئیمام وتی: (هاوەڵانی جەعفەر لە ناو ئێوەدا زۆر کەمن، هاوەڵانی جەعفەر ئەوانەن کە لە خواترسانیان زۆر بێت و کار بۆ بەدیهێنەرەکەمان بکەن)[1].

هەندێك گێڕانەوەی تر هەن لە (باوکی بەصیر، یەحیای کوڕی قاسمی ئەسەدی)یەوە هاتوون، (ناوبراو یەکێکە لەوانەی باوەڕیان بە تیۆری ئیمامەتی خوایی هەبووە)، گوایە (باوکی بەصیر) سکاڵای بۆ لای ئیمام صادق کردووەو وتویەتی: (ناو و ناتۆرەیەکی زۆر سووکمان لێنراوە کە بەهۆیەوە پشتمان شکا، دڵەکانمان پێی مردن، دەسەڵاتدارانیش بەم ناوەوە "کە لە فەرموودەیەکدا هاتووە شەرعناسەکانیان گێڕاویانەتەوە" خوێنی ئێمەیان حەڵاڵ کرد. وتی: ئیمام صادق وتی: مەبەستت: ناوی (ڕافیزەکانە) وتم: بەڵێ، ئیمام وتی: نا سوێند بەخوا ئەوان ئەو ناوەیان لە ئێوە نەناوە بەڵکو خودا ئەو ناوەی لە ئێوە ناوە... نەوەی ئیسڕائل فیرعەونیان ڕەتکردەوەو شوێن موسا کەوتن، خودا سروش و نیگای بۆ موسا نارد کە ئەم ناوە بۆ نەوەی ئیسڕائیل لە تەوڕاتدا جێگیر بکات، چونکە من بەو ناوە ناوم لێناون، دواتر خودا ئەم ناوەی هێشتەوە تا ئێوەی پێ ناونا، چونکە ئێوە فیرعەون و هامان و سەربازەکانی ئەوانتان ڕەتکردەوەو شوێن محەممەد و ئال و

(١) الكشي، الجعفرية.

خانەوادەی محەممەد کەوتن)[١]. سەرباری ئەوەی (باوکی بەصیر) بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئیمامی صادق ناوی (ڕافیزەکانی) بە باش لە قەڵەم داوەو پەسەندی کردووەو بەرگریشی لێکردووە، ئەوا گومانی ئەوە لە گۆڕێدایە کە (باوکی بەصیر) ئەم گێڕانەوەیەی بە دەمی صادق هەڵبەستبێت، بۆ ئەوەی پشتگیری لە مەزهەبی خۆی بکات لە بابەتی ئیمامەت و ڕافیزیەتدا، هەروەك ئەمە پیشەی زۆرێك لەو تاقمە لادەرانە بوو کە خۆیان دەخزاندە ناو ڕیزەکانی (جەعفەرییەکانەوە). ئەمە پشتگیری ئەم قسەیە دەکات کە (باوکی بەصیر) بانگەشەی ئەوەی کردووە خوا ناوی (ڕافیزە) لە نەوەکانی ئیسرائیل ناوەو ئەمە لە تەوراتیشدا چەسپێنراوە. بێگومان ئەم بانگەشەیە لە خەیاڵی پوخت و تەواوە کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك لە (جەعفەرییەکان) لە سەردەمی صادقدا دەستیان بە بە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) گرتبوو، کەچی هەر بە ناوی (ئیمامییەکان) نەناسران، بەڵکو لەوانەیە نازناوی (ڕافیزەکان) نزیکترین ناو بووبێت بۆ ئەوانە لە هەر ناوێکی تر. ناشکرێت بوترێت سەرجەم ئەو ناوانەی بۆ تاقمەکانی شیعە بەکارهاتوون هەموویان یەك واتا هەڵدەگرن، هەروەك (د. فەیاز عەبدوڵا) لە کتێبەکەیدا کە لەبارەی (مێژووی ئیمامییەکانە) بۆ ئەوەچوو: (چونکە ناوی ئیمامییەکان یان جەعفەرییەکان یان قەتعییەکان لە دوای مردنی کازم بۆ پێشینەکانی ئەوان بەکاردەهێنرا، پێشینەکانیشیان بریتین لە شیعەکانی ئال و بەیت کە ئیمامەتیان بۆ ئیمامی صادق گواستەوە)[٢]. من پێم وایە (د. فەیاز)

(١) المفيد، الإختصاص ١٠٤.

(٢) فياض، تأريخ الإمامية ٧٧.

پشتی بەستووە بە خوێندنەوەکەی (نوبەختی) و (ئەشعەری قومی) لە دوو کتێبە وێکچووەکەیاندا: (فرق الشیعة) و (المقالات والفرق)، ناوبراوان ئەم دوو کتێبەیان نووسیوە لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی. ئەم دوو کتێبە دوو کتێبی ئیمامییەکانن، وێنەی مێژووی شیعەیان بە بۆیاخی ئیمامییەکان بۆیاخیان کردووە، هەر لە کاتی کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خوداوە((ﷺ)) یان بەر لەو کاتەوە. جا (د. فەیاز) (ئیمامییەت) و (دوازدە ئیمامی) تێکەڵ بەیەکتر دەکات و بەیەك شتیان دادەنێت بێ ئەوەی تێبینی ئەو بۆشاییە کاتییە بکات کە هەبووە لە نێوان سەرهەڵدانی چەمکی ئیمامی کە لە سەدەی دووەمی کۆچی بوو و سەرهەڵدانی چەمکی دووەم کە لە سەدەمی چوارەمی کۆچی بوو و دواتر چەمکی یەکەم بە ئیمامیەتەوە لکێنرا. چەمکی (ئیمامی) لە سەدەی سێیەمی کۆچی ناوبانگی دەرکرد، ئەم چەمکە وەك ناو بۆ باڵێکی تایبەتی ئیمامییەکان بەکارهێنرا کە بریتین لە (موسەوییەکان: شوێنکەوتووانی موسای کوڕی جەعفەر و ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی ناوبراو)، لە بەرامبەردا بۆ (ئیسماعیلییەکان: شوێنکەوتووانی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر) بەکار نەهات، هەرچەندە هەردوو تاقمەکە ئیمامین.

شێخەکانی (دوازدە ئیمامی) نازناوی (ئیمامی)یان بۆ هەموو ئەو کەسانە بەکارهێناوە کە شتی نووسیوە لە بانگەوازی کردن بۆ تیۆری ئیمامەتی خوایی، وەك (عەلی کوڕی ئیسماعیلی تەمار) کە تووسی لەبارەیەوە دەڵێت: (یەکەم کەسە لەسەر ڕاڕەو و مەزهەبی ئیمامییەکان دواوە)[1]. و (محەممەدی کوڕی خەلیلی سەکاك) کە (کوڕی داودی حیلی) لە (الرجال)دا: بە (ئیمامی) داناوە. زۆرێکی تر

(١) الطبرسي، الفهرست ١١٣.

جگە لە ناوبراوان، بەڵام (د. فەیاز) زانا کەلامییەکانی سەرەتا بە پێشینانی ئیمامییەکان دادەنێت، ئەوە پەسەند دەکات کە چەمکی (ئیمامیەت) لە دەیەی دووەمی کۆچی ناسراو نەبوو[1]. ناوبراو پشتگیری بۆچوونەکەی دەکات بە هێنانەوەی ناوی تاقمە شیعییە جەماوەرییەکان لە دوای مردنی (صادق و کازم و ڕیزا و جەواد و هادی) کە لە نێوان تاقمەکاندا کۆمەڵێك نەبوو ناسراو بێت بە (ئیمامییەکان). جا (د. فەیاز) دەڵێت بۆ یەکەم جار ئەم ناوە لە دوای مردنی (عەسکەری) بەکارهات، ئەمەش بە پشت بەستن بە وتەی (نوبەختی) کە (ئیمامییەکان) بە تاقمی دوازدەم دادەنێت، هەروەها بە پشت بەستن بە وتەکەی (ئەشعەری قومی) کە (ئیمامییەکان) بە یەکەم تاقم دادەنێت کە باوەڕی بە هەبوون و پەنهان بوونی ئیمامی دوازدەم هەبووە، بۆیە بە (ئیمامییەکان) ناونراون[2]. فەیاز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (نوبەختی) هەوڵی داوە ناوی (ئیمامییەکان) کورت هەڵبێنێت لە تاقمێکدا لە میانەی ناونیشانی کتێبەکەی (الرد على الفرق الشيعة ما خلا الإمامية). فەیاز بە پوختی ئەوە دەخاتەڕوو کە چەمکی (ئیمامیەکان) نەبووە ناسێنەری هیچ یەکێك لە تاقمەکانی شیعە تەنها لە دوای پەنهان بوونی ئیمامی دوازدەم نەبێت[3].

ئەگەر دان بەوەشدا بنێین کە ناوی (ئیمامییەکان) لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی دەرکەوتووە، ئەوا ئەم ناوە بۆ تاقمێکیسنووردار و مەشخەڵ دیار بەکارنەدەهات، بەڵکو ئەم ناوە بۆ ڕەوتێك بەکاردەهات کە کۆمەڵانی فرە فیکری

---

(١) فياض، تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة ٧٨.

(٢) النوبختي، فرق الشيعة ٩٠، الأشعري القمي، المقالات والفرق ١٠٢_ ١٠٦.

(٣) فياض، تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة ٨٥٧.

میانڕەو و پەڕگیرو زیادەڕۆچووی لەخۆ دەگرت، لە نێوانیشیان (موفەویزەکان) و (موخەمیسەکان) و جگە لەوانەش، بە بەڵگەی ئەوەی هەندێك هەندێکی تریان بە زیادەڕۆچوون و فیکرەی پێ سپاردن (تەفویز)[1] تۆمەتبار دەکرد. هەروەك (نوێنەری تایبەت: محەممەدی کوڕی عوسمانی عومری) هەڵسا بە تۆمەتبارکردنی (ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی) بە زیادەڕۆچوون و هەڵگرتنی فیکرەی پێ سپاردن (تەفویز)، سەرباری ئەوەی ناوبراو یەکێك بوو لە بنچینەکانی بانگەوازکردن بۆ ئیمامی دوازدەم.

هەر چەندە (نوبەختی) و (ئەشعەری قومی) ناوی (ئیمامییەکان)یان لەو تاقمە نا کە وتیان (مەهدی) پەنهان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی (دوازدە ئیمامی)یان باس نەکردووە، چونکە هێشتا کۆتایی سەدەی سێیەم یان سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە دایك نەببوو، بەڵکو لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەم یان سەدەی پێنجەمی کۆچی سەریهەڵدا، کاتێك تیۆری (دوازدە ئیمامی) گەڵاڵە بوو و لیستێك پێکهێنرا کە ناوی دوازدە ئیمامی لە خۆ دەگرت.

ناوی (ئیمامییەکان) بەکاردەهێنین وەك ئاماژە بۆ ئەو شیعانەی کە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی دانیاننابوو بە (شیعەگەرێتیی ئاینی) و بەر لەوەی کەرت ببن بۆ دەستەو پێڕی چڕوپڕ، ئەگەرچی لەو کاتدا بەو ناوەش نەناسرابن، بەڵکو بۆیە بەو ناوە ناویان دەنێین بەهۆی ڕەچاوکردنی ئەوەی ناوەکە دەربڕی شوناسی فیکری ئەوانە لە بەرامبەر شیعە ئاساییەکانی تر کە تەنها لە ڕووی سیاسییەوە پشتگیری و لایەنگیری ئیمامەکانی ئال و بەیتیان دەکرد.

---

(١) پێ سپاردن (تەفویز) لەلای ئەوانە بریتییە لەوەی: خوای گەورە دوای بەدیهێنانی بوونەوەر، ئەرکی بە دیهێنانی بە پێغەمبەر (ﷺ) داوە، ئەویش دواتر ئەم ئەرکەی بە عەلی داوە. (وەرگێڕ).

**کەواتە (ئیمامییەکان) ئەوانەن کە وتویانە: (ئیمامەت لەلایەن خواوە پێویست کراوە، لە ناو ئال و بەیتدایە، پشتاو پشت بە شێوەیەکی ستوونی دەستاو دەستی پێ دەکرێت لە ڕەچەڵەکی حوسەیندا تا ڕۆژی دوایی، ئیمامەت بە دەق یان بە وەسیەت یاخود دەرئاسا غەیبییەکان)[1]، ئیمامەت کارێکی خواییە و دیاریکردنی ئیمام بە فەرمانی خودا دەبێت، ئیمامی پێشوو هیچ ڕۆڵێکی نییە لە دیاری کردنی ئیمامی دوای خۆی[2].**

---

(١) ئەمانەی لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو لە سەرووی ئەو کەسانەوە بوون کە لە سەدەی دووەمی کۆچی دانیان بەم تیۆرەدا دادەنا:

١_ زانای کەلامی کە ناسراوە بە باوکی جەعفەری ئەحوەل محەممەدی کوڕی عەلی نوعمان، کە ناوزەد کراوە بە (موئمنی تاق)، ناوبراو کۆمەڵێك کتێبی نووسی لەم بارەوە، وەك ئەمانە: (کتاب الإمامة) و (کتاب المعرفة) و (کتاب الرد علی المعتزلة في إمامة المفضول)...

٢_ عەلی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی شوعەیبی کوڕی مەیسەمی تەمار (ئەبو حەسەنی مەیسەمی)، تووسی لە کتێبی (الفهرست) لەبارەیەوە وتویەتی: یەکەم زانای کەلامی ڕێبازی ئیمامییەکانە، کتێبێکی نووسیوە لە بابەتی ئیمامەتدا و توانا و مافی تەواوی هەیە لە بابەتەکەدا.

٣_ هیشامی کوڕی حەکمی کیندی، چەند کتێبێکی نووسی کە ئەمانەن: (الإمامة والرد علی الهشام بن سالم الجواقي و الرد علی الشیطان الطاق و کتاب التدبیر في الإمامة و إمامة المفضول والوصیة والرد علی منکریها و کتاب إختلاف الناس في الإمامة والمجالس في الإمامة). شێخ تووسی لە کتێبەکەیدا (الفهرست) لەبارەیەوە دەڵێت: ئەو کەسەیە کە کانیاوی وشەی لە ئیمامەتدا هەڵقوڵاند و تەقاند و بە تێڕوانین مەزهەبەکەی پوختەکرد، زۆر لێهاتوو بوو لە پیشەی زانستی کەلامدا. زانای بلیمەت حیلی لە (الخلاصة)دا لەبارەیەوە وتویەتی: یەکەم کەس بوو کە دەرگای قسەکردنی کردەوە لە بابەتەکانی ئیمامەت و دەق و وەسیەت و مەزهەبەکەی پوختە کرد بەهۆی تێڕوانینیەوە...

٤_ محەممەدی کوڕی خەلیل کە ناسراوە بە سەکاك، چەند کتێبێکی هەن وەك: کتێبی (المعرفة) و کتێبی (الإمامة) و کتێبی (الرد علی من أبی وجوب الإمامة بالنص). سەرباری چەند کەسێکی تر وەك: هیشامی کوڕی سالمی جەوالیقی و قەیسی ماصر و حیمرانی کوڕی ئەعیون و باوکی بەصیر لەیسی کوڕی بوختوری مورادی ئەسەدی و هەندێکی تر...

(٢) عەمروی کوڕی ئەشعەس گێڕاویەتیەوە: کە گوێبیستی ئیمامی صادق بووە، کە وتویەتی: (لەوانەیە تێڕوانینتان وابێت کە ئەم کاروبارە بۆ یەکێك لە ئێمەیە و بەکەیفی خۆی لە شوێنێك دای دەنێن... نا

## فەلسەفەی تیۆری ئیمامەتی خوایی

### أ_ پارێزراوی

ئیمامییەکان لە تیۆرەکەیاندا لەبارەی پێویست بوونی (ئیمامەتی خوایی) پشت دەبەستن بە پێویستی بە مەرجگرتنی (پارێزراوی) لە ئیمامدا (ئیمام بە ڕەهایی)[(١)]. بەمەش فەلسەفەی پارێزراویان بنیاتنا لەسەر چەمکی گوێڕایەڵ بوونی ڕەها بۆ حوکمڕانان و دروست نەبوون یان ئەستەم بوونی گوێڕایەڵی ڕێژەیی، گوێڕایەڵی ڕێژەیی وەك:بەرپەرچدانەوەی ئیمام و گوێڕایەڵ نەبوون بۆی لە کردنی خراپەدا ئەگەر فەرمانی پێکرد، ڕاستکردنەوەی ئەگەر لاساربوو و لایدا[(٢)]. ئینجا بە مەبەستی خۆ دوورگرتن لە کەوتنە ناو چاڵی تێکگیران لە نێوان

---

سوێند بەخوا وانییە، لە پێغەمبەری خواوە ناوی تاك تاکیان هاتووە تا دەگاتە خاوەنەکەی). و وتویەتی: (هەرگیز زانایەك نەمردووە تا خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ پیشانی نەدات کە وەسیەت بۆ کێ دەکات). هەروەها وتویەتی: (هیچ یەکێکمان نامرێت تا جێگرەوەی نەناسێت) یان (ئیمام نامرێت تا ئەوەی دوای خۆی نەناسێت و وەسیەتی بۆ نەکات). ئیسماعیلی کوڕی عەمار وتویەتی پرسیارم لە (باوکی حەسەنی یەکەم، کازم) کردووە لەبارەی ئیمامەت: ئایا لەلایەن خواوە پێویست کراوە لەسەر ئیمام بەر لەوەی دەربچێت لە دونیا وەسیەت بکات بۆ یەکێکی تر؟ کازم وتی: بەڵێ، وتم: لەلایەن خواوە پێویست کراوە؟ وتی: بەڵێ. یەحیای کوڕی مالك وتی: پرسیارم لە (عەلی کوڕی موسای ڕیزا) کرد لەبارەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴾ النساء: ٥٨. واتە: (بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان _ سپاردەکان _ بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان) وتی: ئیمام دەیداتە ئیمام، دواتر وتی: ئەی یەحیا، سوێند بەخوا ئەمە شتێك نییە ئیمامێك لە خۆیەوە بدات بەوەی تر، بەڵکو ئەمە ئەرکێکە لەلایەن خواوە. الكليني، الكافي كتاب الحجة، باب أن الإمام يعرف الإمام الذي يكون بعده. ح رقم ٥ و ٦ و ٧ والصفار، بصائر الدرجات ١٠/ ب ٢ و ب ٣.

(١) واتای ئەم چەمکە بریتییە لە: سەرۆك یان حوکمڕان یاخود خەلیفە یان سوڵتان.

(٢) ئەمە ئەو چەمکەیە کە دەسەڵاتدارە ئەمەوییەکان هەوڵیان دەدا بڵاوی بکەنەوەو ڕەواجی پێبدەن و داوایان لە موسڵمانان دەکرد لەسەر بنەڕەتی ئەم چەمکە گوێڕایەڵی ئەوان بن بە ڕەهایی لە چاك و خراپدا..

پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ خوای گەورە کە لەم ئایەتەدا فەرمان دەکات بە گوێڕایەڵ بوون بۆ حوکمڕانان ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾ النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو حوکمڕانەکان بکەن کە لە خودی خۆتانن). پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ حوکمڕانان بەشێوەیەکی ڕەها تەنانەت لە گوناهو قەدەغەکراوەکاندا!، جا ئالێرەوە زانا کەلامییەکانی ئیمامی وتیان پێویستە ئیمام (ئیمامی ڕەها) لەلایەن خوداوە پارێزراو بێت تا فەرمان بە تاوان و خراپە نەکات و موسڵمانانیش نەخاتە ناو کێشەی تێکگیران لە نێوان گوێڕایەڵی خۆی و سەرپێچی کردنی خودای مەزن یان سەرپێچی کردنی ئیمام و شکاندنی فەرمانی خودا کە فەرمان بە گوێڕایەڵ بوون بۆ ئیمام دەکات.

جا شێخ (تووسی، ٣٨٥_ ٤٦٠ك) کە ناسراوە بە شێخی تاقمی ئیمامییەکان دەڵێت: (یەکێك لەو شتانەی بەڵگەیە لەسەر پێویستی پارێزراوبوونی ئیمام: ئەوەیە کە چەسپاوە خەڵکی شوێن ئیمام دەکەون، بۆیە ناونراوە ئیمام؟... چونکە ئیمام ئەو کەسەیە کە کەسانی تر شوێنی دەکەون، هەر لەمەشەوەیە کە وتراوە ئیمام لە نوێژدا، چونکە لاسایی ئەو دەکرێتەوە... موسڵمانان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شوێنکەوتنی ئیمام لە تێکڕای شەریعەتدا پێویستە، ئەگەرچی لە چۆنیەتیەکەیدا ڕاجیابن، جا ئەگەر چەسپا شوێنکەوتنی ئیمام لە سەرجەم شەریعەتدا پێویستە ئەو کاتە دەبێت ئیمام پارێزراو بێت... لەبەرئەوەی ئەگەر ئیمام پارێزراو نەبێت ئەوا دڵنیا نابین لە هەندێك لە کردەوەکانی کە داوای کردنی هەندێك کردەوەمان لێ بکات هەر لە کوشتنی کەس و سامان بردن و هاوشێوەی ئەم کردەوە ناشرین و

خراپانە، کەچی لە ڕووی شوێنکەوتنەوە پێویستە لەسەرمان فەرمانەکەی جێبەجێ بکەین، بۆیە لە خوای دانا ناوەشێتەوە فەرمانمان پێ بکات شوێنی شتێك بکەوین کە ناشرین و خراپ بێت، جا ئەگەر ئەمە بۆ خوای گەورە دروست نەبێت، ئەمە مانای وایە کە ئەو کەسەی خوای مەزن لەسەر ئێمەی پێویست کردووە شوێنی بکەوین توخنی کاری خراپ ناکەوێت و جێگای دڵنیاییە، تەنها کەسێکیش جێگای دڵنیاییە کە پارێزراو بێت). تووسی چەمکی گوێڕایەڵ بوونی ڕێژەیی ڕەتی کردۆتەوەو وتویەتی: (ئەگەر پێتان وترا: بۆچی شوێنکەوتنی ئیمامتان بە تەنها لە چاکەدا کورت کردەوە، لەوەی کە بە خراپی دەبینین یان گومانمان لێی هەیە نابێت تیایدا لاسایی ئیمام بکەینەوە؟... پێی دەوترێت: ئەمە بە یەکجاری واتای شوێنکەوتن پەکدەخات و لە ماناکەی لادەدات... ئەو کاتە پێویست دەبێت: خودی ئیمام لەم ڕووەوە شوێنکەوتووی ژێر دەستەکانی بێت، پوچەڵی ئەو دەرەنجامەی باسمانکرد دیارە)[١].

شێخ (محەممەدی کوڕی محەممەدی کوڕی نوعمان) کە ناسراوە بە (موفید _ ٤١٣ك) وتویەتی: (بەڵگە لەسەر پێویستی پارێزراو بوونی ئیمام ئەوەیە کە ئەگەر سەرزەنشت کردن و ڕاستکردنەوەی ئیمام دروست بێت ئەوا پێگەی ئیمام لە ناو دڵەکاندا نامێنێت و کەس شوێنی ناکەوێت، مەبەست لە دانانی ئیمام شوێنکەوتنیەتی و بەمەش مەبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر سەرزەنشت کردنی ئیمام پێویست نەبێت ئەوا ئەو کاتە ڕێگری کردن لەخراپە پەکدەخرا، ئەمەش بێگومان پوچەڵە. ئیمام پارێزەری شەرعە، ئەگەر پارێزراو نەبێت ئەوا

(١) الطوسي، تلخيص الشافي ١/١٩٢.

دڵنیا نابین لەوەی ئیمام زیاد و کەمی لە شەرعدا بکات)[1]. ئیمامییەکان پێیان وایە کە ئیمامەکان وەك پێغەمبەرانن لەوەی پارێزراویان لە شتی خراپ و ناشرین هەر لە تەمەنی بچوکییەوە تا مردن بە ئەنقەست و بەهۆی لەبیرچوونەوە پێویستە، چونکە ئیمامەکان پارێزەرو بەرپاکەری شەرعن، بارودۆخیان وەك هی پێغەمبەرە، پێویست بوون بە ئیمام بۆ ئەوەیە تا مافی ستەملێکراو لە ستەمکار بسەنرێتەوەو گەندەڵی و ئاگری ئاشوب دابمرکێنرێتەوە، ئیمام میهرو لوتفێکە ڕێگری دەکات لەوەی کەسی زاڵ دەستدرێژی بکات و خەڵکی هانبدات بۆ پەرستش کردن و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان و بەرپاکردنی سزاو سنوورو فەرزەکان و سزادانی لاسارەکان و تەمبێ کردنی ئەوانەی شیاوی تەمبێ کردنن، جا ئەگەر دروست بێت بۆ ئیمام گوناهو تاوان بکات ئەوا سوودەکانی بەفیڕۆدەچێت و پێویستی بە ئیمامێکی ترە بەشێوەیەکی زنجیرەیی[2].

موفید کۆمەڵێك گفتوگۆی لە (هیشامی کوڕی حەکەم)ەوە هێناوە (کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیۆری ئیمامەت لە سەدەی دووەمی کۆچی) لەبارەی پێویستی پارێزراو بوونی ئیمام، هیشام وتویەتی لە خزمەت ئیمامی (صادق)دا لەگەڵ پیاوێکی شامی لەسەر لێواری چیایەکی دەوری مەککە گفتوگۆم دەکرد، پیاوە شامییەکە بە هیشامی وتوە: (ئەی گەنج لەبارەی ئیمامەتی ئەو کەسە پرسیارم لێ بکە واتە باوکی عەبدوڵا، هیشام توڕەبوو و ڕاچەڵەکی و دواتر وتی: پێم بڵێ... ئایا پەروەردگارت زاناترە بە بەدیهێنراوەکانی یان بەدیهێنراوەکان زاناترن

(١) المفيد، النكت الإعتقادية ٤٨.

(٢) الحلي، نهج الحق وكشف الصق ١٦٤، منهاج الكرامة في إثبات الإمامة ٥١ من الطبعة الحجرية، محمد صادق الصدر، الشيعة الإمامية ١٢٦.

سەبارەت بەخۆیان؟.. پیاوە شامییەکەی وتی: بەڵکو پەروەردگام زاناترە بە بەدیهێمراوەکانی، هیشام وتی: چی بۆ بەدیهێنراوەکانی کردووە لە ئاینیەکەیاندا؟... وتی: ئەرکداری کردوون و بەڵگەشی لەسەر ئەرکداری ئەوان بەرپا کردووە، کۆسپەکانی بەردەم ئەوانی لاداوە، هیشام پێی وت: ئەو بەڵگەیە چییە کە خوای گەورە بەسەر ئەوانیدا بەرپا کردووە؟ پیاوە شامییەکە وتی: قورئان و سوننەت. هیشام پێی وت: ئایا ئەمڕۆ قورئان و سوننەت سوودی بۆ ئێمە دەبێت لەو شتانەی ئێمە تیایاندا ڕاجیایین و دەتوانن ڕاجیاییەکە لابەرن و یەکمان بخەن؟.. پیاوە شامییەکە وتی: بەڵێ، هیشام پێی وت: دەی بۆچی ئێمە و تۆ ڕاجیاین و تۆ لە شامەوە هاتووی و بۆچوونت لەگەڵ ئێمە جیاوازە و واگومان دەبەیت کە ڕاو بۆچوون ڕێگای ئایینە، کەچی دانیش بەوەدا دەنێیت کە ڕاوبۆچوونەکە کۆنابێتەوە لەسەر وتەی هیچ یەکێك لە دوو ڕاجیاوازەکە؟. پیاوە شامییەکە بێدەنگ بوو و بیری کردەوە، باوکی عەبدوڵا پێی وت: بۆچی قسە ناکەیت؟... پیاوە شامییەکە وتی: ئەگەر بڵێم ڕاجیاییمان نەبووە، ئەوە سەرکێشییە دەیکەم، ئەگەر بشڵێم قورئان و سوننەت ڕاجیایی ناهێڵن ئەوە قسەیەکی پوچم کردووە، چونکە قورئان و سوننەت چەند ڕووێك هەڵدەگرن، بەڵام منیش شتێکی هاوشێوەم هەیە لەو بارەوە، باوکی عەبدوڵا پێی وت: پرسیار لە هیشام بکە دەبینیت سەرسام دەبێت، پیاوە شامییەکە بە هیشامی وت: کێ زاناترە بە بەدیهێنراوان پەروەردگاریان یان بەخۆیان؟... هیشام وتی: پەروەردگاریان، پیاوە شامییەکە وتی: ئایا خودا کەسێکی بۆ بەدیهێنراو و بەندەکانی ڕەوانەکردووە کە وشەیان کۆبکاتەوەو ڕاجیاییان نەهێڵێت و ڕاست و ناڕاستیان بۆ جیا بکاتەوە؟. هیشام وتی: بەڵێ، پیاوە شامییەکە وتی: ئەو کەسە

کێیه؟.. هیشام وتی: له سەرەتای شەریعەتدا پێغەمبەری خوا بوو، له دوای پێغەمبەریش کەسانی تر. پیاوە شامییەکە وتی: ئەو کەسە کێیە کە لە بەرپاکردنی بەڵگەدا جێگرەوەی پێغەمبەرە؟.. هیشام وتی: لە ئێستادا؟ یا پێش ئێستا؟ پیاوە شامییەکە وتی: بەڵکو لە ئێستادا؟ هیشام وتی: ئا ئەو کەسە کە دانیشتووە، واتە: باوکی عەبدوڵا، کە خەڵکی گەشت دەکەن و دێنە خزمەتی، هەواڵمان پێدەدات لەبارەی خەبەرەکانی ئاسمان، ئەمەش لە باوك و باپیرەیەوە بۆی ماوەتەوە. پیاوە شامییەکە وتی: من چۆن ئەوە بزانم؟.. هیشام وتی: چیت دەوێت پرسیاری لێبکە، پیاوە شامییەکە وتی: پاساوەکەی منت پچڕاند، پێویستە لەسەرم پرسیار بکەم، باوکی عەبدوڵا وتی: کابرای شامی من مەسەلەکەت لە کۆڵ دەکەمەوەو هەواڵت پێدەدەم لەبارەی گەشت و سەفەرەکەت... فڵانە ڕۆژە دەرچوویت... فڵانە ڕێگایە هی تۆ بوو... بەلای فیسارە شتەدا تێپەڕیت... ئاوا بەلای تۆدا تێپەڕی... جا هەر کە باوکی عەبدوڵا وەسفی شتێکی دەکرد ئەوا کابرای شامییەکە ڕووی تێدەکرد و دەیوت سوێند بەخوا ڕاست دەکەیت)[1].

گێڕانەوەیەکی تر هەیە کە شێخ (محەممەدی کوڕی عەلی صدوق، ٣٠٥_٣٨١ك) دەیگێڕێتەوە لەبارەی مێزگەرد و گفتوگۆیەکی درێژ لەو ماوانەی دواییدا کە ئەنجامدراوە لە نێوان (هیشامی کوڕی حەکەم) و (زیڕاڕ) و (عەبدوڵای کوڕی یەزیدی ئیبازی) لە مەجلیسی وەزیری عەباسی (یەحیای کوڕی خالدی بەرمەکی): (زیڕاڕ بە هیشامی وت: ئیمامەت چۆن دادەمەزرێت؟ هیشام وتی: چۆن پێغەمبەرایەتی دادەمزرێت ئیمامەتیش بەهەمان شێوە دادەمەزرێت. زیڕاڕ وتی: کەواتە ئیمام پێغەمبەرە؟ هیشام وتی: نا، چونکە پێغەمبەرایەتی لەلایەن

(١) المفيد، الإرشاد ٢٧٨_٢٧٩.

دانیشتووانی ئاسمان دەبەسترێت و دادەمەزرێنرێت و ئیمامەت لەلایەن دانیشتووانی زەوی دادەمەزرێنرێت، دامەزراندنی پێغەمبەرایەتی لەلایەن فریشتەکانەوەیە، دامەزراندنی ئیمامەتیش لەلایەن پێغەمبەرەوەیە، هەردوو گرێدان و دامەزراندنەکە بە ویستی خوان. زیراڕ وتی: بەڵگەتان چییە لەسەر ئەمە؟.. هیشام وتی: ناچاری لەم کارەدا... قسەکردن لەسەر ئەم بوارە لە سێ ڕووەوە دەرناچێت: یان ئەوەتا خوای گەورە ئەرکداری لە دوای پێغەمبەر لەسەر شانی بەندەکان هەڵگرتووەو بەمەش ئەرکداری نەکردوون و فەرمانی پێنەکردوون و ڕێگریشی لێ نەکردوون، بەم پێیەش بەندەکان وەك ئاژەڵ و دڕندەکان لێهاتوون کە ئەرکدار نین یان ئەوەتا خەڵکی هەموویان لە زانستدا ئەوەندە ئاست بەرز بوونە گەیشتوونەتە ئاستی پێغەمبەر، بەمەش هیچ کەسێك منەتی بەوەی تر نییە و هەر یەکەی لەلای خۆیەوە ئەو ڕاستیەی پێکاوە کە گومانی تێدا نییە. ڕووی سێیەم دەمێنێتەوە.. ئەویش ئەوەیە کە پێویستیان بە کەسێکی ترە جگە لە خۆیان هەیە، چونکە پێویستە کەسێکی ئاڵا ئاسا هەبێت و لەلایەن پێغەمبەرەوە دانرابێت و شت لەبیر نەکات و دووچاری هەڵە نەبێتەوەو کەسی پارێزراو هەرگیز چاونابڕێتە گوناهو تاوان و هەمیشە خەڵکی پێویستیان پێی هەی بەڵام ئەو پێویستی بە هیچ کەسێك نییە. وتی: بەڵگە لەسەر ئەمە چییە؟ هیشام وتی: هەشت واتا و ئاماژە، چواریان لە تایبەتمەندی و وەسفی ڕەچەڵەکی ئەودا، چواریشیان لە سیفەتەکانی خودی ئەودان، سەبارەت بەو چوارانەی لە ڕەچەڵەکی ئەودان بریتین لەوەی ڕەگەز و تیرە و ماڵی ناسراوە، لەلایەن خاوەنی ئایینەوە ئاماژەی پێکرابێت. لەم بوارەدا هیچ ڕەگەزێك لە ڕەگەزی عەرەب بەناوباگتر بێت و خاوەنی ئایین و بانگەواز لە ناو عەرەبەکاندا هاتووە... ئەگەر بۆ خوا دروست

بووبا بەڵگە بەهۆی ڕەگەزێکی تر جگە لەو ڕگەزەوە ڕەوانە بکات و بەرپا بکات ئەوا تەمەن و ڕۆژگارێك بەسەر کەسی وێلبوودا تێدەپەڕی ئەوا هەر نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە، ئەو کاتە دروستیش دەبوو لە ناو ڕەگەزەکانی تر جگە لە عەرەب هەوڵی دۆزینەوەی بەڵگە درابایە، ئەو کاتە دروست دەبوو وای لێ دەهات ئەگەر خودا چاکسازی بویستایە کەچی گەندەڵی بەرپابووبا، شتی وا لە دانایی و دادگەری خوادا دروست نییە: کە فەرزێك بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت کە بوونی نەبێت، جا مادەم ئەمە دروست نەبێت ئەوا دەبێت بەڵگە لە ڕێی ڕەگەزی عەرەبەوە بەرپا ببێت نەك ڕەگەزەکانی تر، چونکە ڕەگەزی عەرەب پەیوەندی بەخاوەنی ئایین و بانگەوازەوە هەیە، لە ناو ڕەگەزی عەرەبیشدا دەبێت بەڵگە تەنها لە ناو نزیکترین تیرە بەرپا ببێت کە ڕەچەڵەکی زۆر نزیکە ئەویش تیرەی قوڕەیشە، لە ناو تیرەی قوڕەیشیدا دەبێت تەنها لەناو ئەوماڵەدا بەرپا ببێت بەهۆی ئەوەی ڕەچەڵەکی زۆر نزیکە لە خاوەن ئایین و بانگەواز، جا کاتێك ژمارەی ئەندامانی ئەم ماڵ و خانەوادەیە زیاد بوون و بە مشتومڕ هاتن لەسەر ئیمامەت بەهۆی بەرزی و شکۆیی ئەم پلەیە ئەوا هەر یەکێکیان بانگەشەی ئیمامەتی کرد، جا بۆیە پێویست بوو لەلایەن خاوەنی ئایین و بانگەوازەوە ئاماژە کرابێت بە خود و ناو ڕەچەڵەکی ئەو کەسە تا کەسی تر چاونەبڕێتە ئەو پلەیە... سەبارەت بەو چوار سیفەتەی لە خودی ئەو دان ئەوەیە کە دەبێت: لە هەموو خەڵکی شارەزاتر بێت سەبارەت بە فەڕزو سوننەت و حوکمەکانی خوا تا وردو درشتی لێ ون نەبێت، پێویستە پارێزراو بێت لە سەرجەم گوناه، دەبێت بوێرترین و دەستکراوەترین کەس بێت؟ عەبدوڵای کوڕی یەزیدی ئیبازی وتی: لەکوێوە وتت: زاناترین کەسە؟ هیشام وتی: لەبەر ئەوەی ئەگەر زانا نەبێت بە سەرجەم سنوورو سزاو حوکم و شەریعەت و

سوننەتەکانی خودا ئەوا ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە سنوورێك سەراوبن بکات، جا کەسێك دەست بڕینی لەسەر بێت کەچی ئەو سنووری لێ دەربکات، کەسێکیش سنووری لەسەر پێویست بێت کەچی ئەو دەستی ببڕێت، هەر سنوورێکی خودا بەرپا بکات ئەوا لە ڕووی ویستی خواوە چاکە بەڵام بە خراپی جێبەجێ دەبێت. وتی: لە کوێوە وتت ئەو لە گوناه پارێزراوە؟ وتی: ئەگەر پارێزراو نەبێت لە گوناهو تاوان ئەوا هەڵە دەکات و دەکرێت هەڵەی خۆی یان هەڵەی کەسێکی خۆشەویست و نزیکی بشارێتەوە، جا کەسانی لەم جۆرە هەرگیز لەلایەن خواوە وەك بەڵگە ناهێنرێنەوە بەسەر بەدیهێنراواندا. وتی: لە کوێوە وتت بوێرترین کەسە؟ وتی: لەبەر ئەوەی ئەو وەك دەستەی پاڵپشتە بۆ ئەو موسڵمانانەی لە جەنگدا بۆی دەگەڕێنەوە، خوای گەورەش فەرموویەتی: ((هەر کەس لەو ڕۆژەدا ڕابکاتە دواوە و پشتیان تێبکات ئەوە بەڕاستی لەگەڵ خەشم و قینی خوادا گەڕاوەتەوە، مەگەر مەبەستی بەکارهێنانی هونەری جەنگ بێت یاخود مەبەستی شوێن گۆڕین و جێ گۆڕکێ بێت بۆ لای دەستەیەکی تر)). ئەگەر بوێرو چاونەترس نەبووبا ئەوا دووچاری تورەیی خودا دەبووەوە، کەسێك دووچاری تورەیی خودا بێتەوە ناکرێت ببێتە بەڵگەی خودا بەسەر بەدیهێنراواندا. وتی: لە کوێوە وتت: سەخی ترین و دەستکراوەترین کەسە؟ وتی: لەبەر ئەوەی پاشەکەوتکەری سامانی موسڵمانانە، ئەگەر دەستکراوە نەبووبا ئەوا دەروونی هەڵپەی دەکرد بۆ پارەی موسڵمانان و سامانی دەدزی بەمەش ناپاك دەردەچوو، دروستیش نییە خودا ناپاکێك بکاتە بەڵگە بەسەر بەدیهێنراواندا)[1].

---

(١) الصدوق، إكمال الدين ٣٦٢_٣٦٨.

شێخ (صدوق) وشەیەکی تری (هیشامی کوڕی حەکەم)ی لە (محەممەدی کوڕی عەمیڕ) گێڕاوەتەوە لەبارەی فەلسەفەی (پارێزراوی)، کە وتویەتی: بەدرێژایی ماوەی هاوەڵایەتی من لەگەڵ هیشامی کوڕی حەکەم گوێبیست و سوودمەند نەبوومە لە هیچ وتەیەکی بە ئەندازەی ئەو وتە جوانەی کە تیایدا وەسفی پارێزراوی ئیمام دەکات، جا من ڕۆژێك پرسیارم لێکرد لەبارەی ئیمام: کە ئایا پارێزراوە؟... وتی: بەڵێ، پێم وت: سیفەتی پارێزراوی لە ئیمامدا چییە، بە چ شتێك دەناسرێتەوە؟ وتی: سەرجەم گوناهەکان چوار ڕوویان هەیە و پێنجەمیان نییە: پێداگیری و سووربوون، ئیرەیی پێبردن، توڕەیی، ئارەزووبازی و شەهوەت، ئیمام ئەم چوار شتەی نییە، بۆ ئیمام دروست نییە سووربێت و دەست بگرێت بەم دونیایەوە، کەچی دونیا لەژێر ئەنگوستیلەی ئەودایە و خۆیشی پاشەکەوتکاری موسڵمانانە جا لەسەرچی سوور دەبێت؟ نابێت ئیمام ئیرەیی ببات، چونکە مرۆڤ ئیرەیی بەکەسێك دەبات کە لە سەرووی خۆیەوە بێت، هیچ کەسێکیش لە سەرووی ئیمامەوە نییە، جا چۆن ئیرەیی بەکەسانی خواروی خۆی دەبات؟ نابێت بۆ هیچ شتێکی دونایی تووڕە ببێت، دەبێت تووڕەبوونەکەی تەنها بۆ خودا بێت، خوای مەزن لەسەری پێویست کردووە سنوورو سزاکان بەرپا بکات، لۆمەی لۆمەکارانیش کاریگەری تێنەکات، نابێت نەمری بنوێنێت و پێویستە سنوورەکانی خودا بەرپا بکات، دروست نییە بۆی شوێنی ئارەزووەکان بکەوێت و دونیا پێش دواڕۆژ بخات، چونکە خودا دواڕۆژی بۆ خۆشەویست کردووە وەك چۆن دونیای بۆ خۆشەویست کردووە، کەسێکت بینیوە ڕووخسارێکی جوان لە پێناو ڕووخسارێکی ناشرین فەرامۆش بکات؟ یانخواردنێکی خۆش بۆ خواردنێکی تاڵ پشتگوێ بخات؟ یاخود

جلێکی نەرم و نیان بۆ جلێکی ڕەق و تەق فرێبدات؟ نیعمەت و بەخششێکی هەمیشەیی و هەرماو بگۆڕێتەوە بە نیعمەتێکی لەناوچوو؟[1].

### ب_ پێویستی هەبوونی زانایەکی خوایی کە ڕاڤەکاری قورئان بێت

سەرەڕای بابەتی گویڕایەڵی و پێویستی پارێزراو بوونی ئیمام یان حوکمڕان، ئەوا هەندێك لە زانا کەلامییەکان لە لایەکی ترەوە سەیری فەلسەفەی پارێزراویان کرد ئەویش بریتی بوو لە پێویستی هەبوونی ڕاڤەکارێکی قورئانی پیرۆز، ئەمەش لە ژێر سێبەری بانگەشەی ئەوەی موسڵمانان توانای هەڵسوکەوت کردنیان نییە لەگەڵ قورئانی پیرۆز و ناتوانن ڕاستەوخۆ لێی سوودمەند بن. کلینی (- ٣٢٩ك) لە (الكافي) کۆنترین فەرموودەی لەبارەی ئەم فەلسەفەیەی هێناوە لە (مەنصوری کوڕی حازم) گێڕاوەتەوە، کە وتویەتی: کە پێغەمبەری خودا وەك بەڵگەیەك بەسەر بەدیهێنراواندا کۆچی دوایی کرد؟ وتیان: با دەست بگرین بە قورئانەوە، سەیری قورئان کرا بینیان، کەسی مورجیئە و قەدەری و بێ دین پەنا بۆ قورئان دەبەن تا دژەڕاکەیان تێك بشکێنن، ئەو کاتە زانیم قورئان تەنها بە ئیمامێك دەبێتە بەڵگە کە بەرپاکەری قورئان بێت، ئیمام تەنها قسەی ڕاست و دروست لەبارەی قورئانەوە دەکات، پێم وتن: کێ بەرپاکەری قورئانی پیرۆزە؟ وتیان: ئیبن مەسعود زانا بوو و عومەر شارەزابوو و حوزەیفە زانابوو بە قورئان، وتم: شارەزای هەموو قورئان بوون؟ وتیان: نا، هیچ کەسێکی ترم بێجگە لە عەلی نەبینی کە

---

(١) الصدوق، الأمالي ٦٣٢_٦٣٣، علل الشرائع ٢٠٤.

بوترێت شارەزای هەموو قورئانە، جا شایەتی دەدەم کە عەلی بەرپاکەری قورئانە)[1].

شەریفی مورتەزا (٣٥٥ك _ ٤٣٦ك) وتویەتی: (پێویستە ئیمام شارەزایی تەواوی هەبێت لەسەرجەم حوکمەکان و هیچ شتێکی لێ ون نەبێت، ئەگەرنا بەندەکان بە شتێك ئەرکدار دەکرێن کە هیچ ڕێگایەك نییە تا بەهۆیەوە پەیی پێ ببەن، چونکە ئەرکدار کردنە بەشتێك کە لە تواناد نییە، ئەو شتەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئیمام دەبێت شارەزا بێت لە سەرجەم حوکمەکان ، ئەوەیە کە چەسپاوە: ئیمام ئیمامە لە سەرجەم لایەنەکانی ئایینداو حوکمی ئایینی بەدەستە بە وردو درشت و ڕۆشن و نا ڕۆشنەوە، ناکرێت زانا نەبێت بەسەرجەم لایەن و حوکمەکانی ئایین)[2].

تووسی وتویەتی: (چەسپا کە هەر شتێك لە بواری شەریعەتدا پێویستە ئەوا بەڵگەیەکی سەلمێنراو و بڕاوە نییە و سەرچاوەی نەگرتووە لە تەواتر یان یەکدەنگی یاخود هاوشێوەی ئەمانە، بەڵکو بەڵگەکان لە زۆربەی بوارە پێویستەکانی ئایین هاوشێوەن... جا کە ئەمە چەسپا و ئێمەش ئەرکدارین بە زانینی شەریعەت و کارپێکردنی، بۆیە پێویستە پەناگەیەك هەبێت تا لە میانەیدا بگەین بە دەرەنجامێکی ڕایە جیاوازەکان، ئەو پەناگەیەش بریتییە لەو ئیمامەی باسمان کرد)[3].تووسی زیاتر وتویەتی: (چەسپاوە کە ئیمام لە سەرجەم بوارەکانی ئایین ئیمامە و حوکمەکانی بە دەستە بە: وردو درشت و ڕۆشن و لێڵ، ناکرێت

---

(١) الكليني، الكافي، الكتاب الحجة ١٦٩.

(٢) المرتضى، الشافي ١٤_١٥.

(٣) الطوسي، تلخيص الشافي ١٠٨/١.

نەشارەزا بێت لە سەرجەم حوکمەکاندا، چونکە زانایی سیفەتی ئەوە، لەلای عەقڵمەندان شتێکی ناشرینە کار پشتگوێ بخرێت و بەکەسێك بسپێردرێت کە لێی نازانێت، ئەگەرچی ئەو کەسەی کارەکەی پێ سپێردراوە ڕێگایەکی هەبێت بۆ زانینی و هۆگربوونی، هیچ نرخێك دانانرێت بۆ ئەوەی کە ئایا نێوانی ئەو کەسە و ڕێگەی زانست بەرهەڵدایی بێت یان نا، هەرچەندە ئەمە بێتە کایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیمامەتەکە کرچ و کاڵە، چونکە ئەو کارەی پێی سپێردراوە زانیاری لەبارەوە نییە)[1].

توسی بەمەرجی داناوە کە ئیمام پێشتر زانستی بە هەموو شتێك هەبێت و ڕەتی کردۆتەوە ئیمام لە ئایندەدا و لەکاتی پێویستدا پەنا بباتە بەر ڕێگەی کۆشش (ئیجتهاد) کردن، جا تووسی وتویەتی: (ئەگەر وترا: بۆچی نابێت ئیمام زانستی نەبێت و نەشارەزا بێت بەو شتانەی کە دەبێت ئەو حوکمیان لەسەر بدات، هەر کاتێك پێویستی بوو بگەڕێتەوە بۆ کۆشش _ ئیجتهاد _ کردن یان بۆ هەواڵ و خەبەرە تاکە کەسییەکان یاخود داوای ڕوونکردنەوە لە زانایان بکات، هەروەك خەڵکی سادە بۆ زانینی حوکمەکان دەگەڕێنەوە بۆ زانایان یان ڕاوەستێت تا ئەو کاتەی بە یەکێك لەم ڕێگەیانە زانیاری و زانستەکەی بۆ دەردەکەوێت؟... هەموو ئەو ڕێگەیانە خرانەڕوو لە بەدەستهێنانی زانیاری دروستن و پەرستشیان پێوەکراوە. پێی دەوترێت: ئەمە وتەی کەسێکە کە واگومان ببات ئێمە ئیمامەتی ئیمام کاتێك بە خراپ دەزانین کە هەموو حوکمەکان نازانێت، بەهۆی نەبوونی ڕێگەی زانینە، ڕوونکردەوە بوونی ڕێگەی زانینلەم لایەنەدا وەك ئەوەیە کە نەبێت، بەشێوەیەك ئەگەر هاتوو زانینەکە کە درابووە پاڵ خودا دەست

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٣٦/١.

نەدەكەوت، ئەم ئیمامەتە ناشرین و خراپە، چونكە زانستی لەگەڵدا نییە، پێویستمان بە ژماردنی ڕێگەكانی زانین بكەین كە دروستە ئیمام بۆی بگەڕێتەوە، چونكە ئەگەر سەلماندمان هەموو ئەو ڕێگەیانەی زانین چەسپاون ئەوا هەر هیچ كەم و كورتییەك ناكەوێتە ناو ئەم قسەیەمان، چۆن ئەمە كرچ و كاڵی دەخاتە ئەو ڕاستیەی باسمان كرد لە كاتێكدا زۆربەی ئەو شتانەی پرسیاركەر هێناویەتی لەلای ئێمە ناگاتە زانست و زانین؟... پێشتر سەبارەت بە هەواڵی تاكەكەسی و كۆشش_ ئیجتهاد _ئەوەمان ڕوونكردەوە كە: دروست نییە پەرستشیان پێوە بكرێت. گەڕانەوەی كەسی سادە بۆ ڕوونكردنەوەی زانا بەشێوەیەكە كە كەسی سادە بۆی نییە لاسایی هیچ كەسێكی تر بكاتەوە، بەڵكو پێویستە داوای زانیاری لەو لایەنە بكات كە دەیگەیەنێتە زانست، ئەگەر ئەمە بۆ كەسی سادە بە دروست دابنێین ئەوا هەر بە ئیمام ناچێت، چونكە ئەمە بۆیە بۆ ئەو دروستە، چونكە خۆی حوكمدەر نییە لەسەر زانینەكە، بەڵكو لەسەری پێویستە لاسایی زاناكە بكاتەوەو كار بە ڕوونكردنەوەكەی بكات. ئێمە ئەوەمان بە ناشرین زانی كە كەسی نا زانا حوكم بدات بەسەر هەندێك شتدا و نەزان بێت بەهەندێكی تری، تەنانەت _ بەهەمان شێوە _ بەدروستی نازانین كە حوكمڕان بگەڕێتەوە بۆ لای زانایان و دواتر حوكمی خۆی بدات، وەك چۆن دژەڕاكانمان بە دروستیان زانیوە بەهۆی هەمان ئەو هۆكارەی خستمانەڕوو)[1].

---

(١) هەمان سەرچاوە ١/٢٤٠.

## پ_ باش و باشتر (المفضول و الفاضل)

له پاڵ پارێزراوی و زانستی خوایی ئەوا فیکری ئیمامی پێی وابوو پێویستە چەند مەرجێکی تر لەو ئیمامدا بێنەجێ کە گوێڕایەڵی کردنی پێویستە، ئەویش ئەم مەرجانەن: پێویستە باشترین کەس بێت لە ناو موسڵماناندا، لە کاتی ئامادەبوون باشتر ئیمامەتی باش دروست نییە، پێویستە بوێرترین و دەستکراوەترین کەس بێت لە کاری خێرو چاکەدا. (تووسی) دەڵێت: (پێویستە ئیمام لە هەر یەکێك لەو کەسانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان باشتر بێت، واتای باشتر بوونی ئیمام لە خەڵکەکەی ئەوەیە کە لە هەمووان پاداشتی لەلایەن خوداوە زیاتر بێت، پێویستە لە ڕواڵەتی ئەو بوارانەی کە تیایدا ئیمامە لە کەسانی تر باشتر بێت)[1]. و زیاتر دەڵێت: (پێویستە ئیمام بوێرترین کەس بێت لە ناو خەڵکەکەیدا و لە سیفەتەکانی هاوێنەی ئەم سیفەتە لە کەسانی تر باشتر بێت، چونکە چەسپاوە کە لە جەنگ و تێکۆشان دژ بە دوژمنان ئیمام سەرکردەی موسڵمانانە... تێکۆشانیش پەیوەستە بە بوێرییەوە، بۆیە دەبێت لە هەمووان حاڵ و باڵی بەهێزتر بێت، چونکە دەبێت سەرۆك لەو بوارەی تیایدا سەرۆکە باشتر بێت لە خەڵکەکەی، هەروەك پێشتر خستمانەڕوو کە زۆر ناشرینە کەسی باش لە شتێکدا پێشبخرێت کەچی کەسی باشتر لەو ئامادە بێت. سەبارەت بەوەی کە هیچ دەسەڵات و سەرۆکێك لە سەرووی ئەوەوە نییە، ئەوا نەریتی شەرع ئەمە دیاری دەکات، چونکە ناوی ئیمام تەنها بۆ سەرۆکێك بەکاردێت کە هیچ سەرۆکایەتیەك لە سەرووی ئەوەوە نەبێت... سەبارەت بەوەش کە دەبێت ژیرترینیان بێت ئەوا

---

(١) الطوسي، تلخيص الشافي ١/١٩٩_٢١١.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزییەکەی ئەو لە سیاسەت و بەڕێوەردن و مشورگێڕیدا)[1].

شەریفی مورتەزا دەڵێت: (ئەو شتەی کە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی دەبێت ئیمام باشترین کەس بێت لەناو خەڵکەکەیدا لە پاداشت و زانست و سەرجەم لایەنە چاکەکان کە پەیوەستن بە ئایینەوە و دەچنە ناو ئەو بازنەیەی کە ئەو تیایدا سەرۆکە، هەروەك ئێمە و سەرجەم عەقڵمەندان ئەوە دەزانین کە زۆر ناشرینە کەسی باش لە هەمان ئەو بازنەیەی کەسی باشتری تێدایە بکەینە سەرۆك، ئەگەر بۆمان چەسپا کە ئیمام لە سەرجەم بوارو زانست و حوکمەکانی ئایین ئیمامە بۆ ئێمە، ئەوا ئەو کاتە پێویستە لە هەموو ئەو بوارانەی ئاییندا لە هەمووومان باشتر بێت)[2].

## ت_ ڕەتکردنەوەی شورا

دوای دانان بەوەی پێویستە ئیمام خاوەنی ئەم سیفەتانە بێت: پارێزراوی و باشتر بوون لە زانست و بوێری و دەستکراوەیی، فیکری ئیمامی هەڵسا بە پەکخستنی شورا وەك ڕێگەیەك بۆ دیاریکردنی ئیمام (چونکە فیکری ناوبراو پێی وایە بە ڕێنوێنی خودا نەبێت ناتوانرێت ئیمام بناسرێت)، لە جێگای شوڕادا دەق یان وەسیەت یاخود دەرئاسایە غەیبییەکانیان دانا کە بەهۆیەوە ئەو ئیمامەی لەلایەن خواوە هەڵبژێردراوە لە مرۆڤەکانی تر جیا دەکرێتەوە. هەروەك (مفید) وتویەتی: (پێویستە ئیمام زانا بێت بە هەموو ئەو حوکمانەی ئوممەت پێویستی

(١) هەمان سەرچاوە ١/٢٦٤.

(٢) المرتضى، الشافي ٢/١٧ و ٤٢.

پێی هەیە و لە بوارەکانی ئاییندا لەلایەن خودا لە خەڵکی ژێردەستی باشتر بێت. جا ئەگەر ئەم بنەمایانە چەسپان پێویستە خودی ئیمام بە دەق و زانینی دەرئاسا لە خەڵکی تر جیا بکرێتەوە، چونکە هیچ ڕێگەیەك نییە تا بزانرێت ئەو خەسڵەتانە لە کەسێکدا کۆبوونەتەوە، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی دەقی خوایی یان دەرئاسا دەزانرێت)[1]. مورتەزا وتویەتی: (ئەگەر چەسپا کە پێویستە ئیمام زانا بێت بە هەموو حوکمەکان ئەو کاتە ئەستەمە ئیمام دیاری بکرێت بەڵکو پێویستە دەقی لەسەر بێت، چونکە ئەو کەسەی لە ناو ئومەت هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئیمام شارەزا نییە لە سەرجەم حوکمەکاندا جا چۆن دەتوانێت کەسێك هەڵبژێرێت کە ئەمە سیفەتی بێت؟). مورتەزا زیاتر دەڵێت: (ئەگەر چەسپا ئیمام لەسەرجەم زانست و حوکمەکانی ئاییندا ئیمامی ئێمەیە، پێویستە لەم بوارانەدا لە هەموومان باشتر بێت، کە چەسپا لە هەمووان باشترە و پاداشتی زیاتر پێویستە دەقی لەسەر بێت، چونکە ناتوانرێت بەهۆی هەڵبژاردن و دیاریکردن بزانرێت)[2]. و وتویەتی: (بزانە ئێمە سەبارەت بە دەق لە ئیمامەتدا پێمان وایە دەبێت هەر هەبێت و هیچ شتێك جێگای ناگرێتەوە، پێویستی هەبوونی دەق بەسە بۆ پوچەڵی دیاریکردن، چونکە هەمان ئەو شتەی دەقی پێویست کردووە ئەوا پوچەڵکەرەوەی دیاریکردنە، بۆیە قسەکردن لەسەر پوچەڵی دیاریکردن و هەڵبژاردنی ئیمام هیچ واتایەکی نییە. بزانە ئەوەی ئێمە پشتی پێدەبەستین لە پوچەڵدانانی دیاریکردن و هەڵبژاردنی ئیمام بریتییە لە ڕوونکردنەوەی سیفەتی ئیمام کە هەڵبژێرەکان ناتوانن پەیی پێ ببەن و هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نییە و

(١) المفيد، الثقلان الكتاب والعترة/ عدة رسائل ١٧٩.

(٢) المرتضى، الشافي ١٧/٢ و ٤٢.

ناشتوانرێت بە کۆشش و تێڕامان درکی پێ بکرێت، خوای پەنهان زان تەنها چەند سیفەتێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت وەك پارێزراوی و باشتر بوون لە تێکڕای ئوممەت لە پاداشت و زانستدا، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم سیفەتانە بە هەڵبژاردن و دیاریکردن پەییان پێنابرێت و هەڵوێستەیان لەسەر ناکرێت تەنها بە دەق نەبێت... ئەوەشمان ڕوونکردەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم سیفەتانە ناکرێت بوترێت دەستنشان کردن و دیاریکردن ڕاست و دروستە... و وتمان: ئەمە ئەرکدار کردنێکی ناشرینە، چونکە بەشتێك ئەرکدار کراوە کە هیچ واتایەکی نییە و هیچ نیشانە بوونیان نییە بۆ جیاکرنەوەی پێویست لە شتەکانی تر)[1].

## ج_ ڕێگەی چەسپاندنی ئیمامەتی هەر ئیمامێك

١_ دەق (النص):

دەست پێدەکات بە هێنانەوەی دەق لەسەر ئەوەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب خەلیفە و جێنشینی پێغەمبەری خوایە((ﷺ))[2].

٢_ وەسیەت و ڕاسپاردە:

لە میانەی نەبوونی دەقێکی ڕۆشن لەسەر هەر یەکێك لە ئیمامەکان، بەڵگە لەسەر ئیمامەتی (ئیمام) دەهێنرێتەوە بە وەسیەتی ئاسایی کە لەلایەن باوکیەوە

(١) المرتضى، الشافي ٤/٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسول على الأئمة واحداً بعد واحد ٦.

کراوە، هەروەك ئەمە ڕوویدا لەگەڵ ئیمام (عەلی کوڕی حوسەینی زەینولعابدین) یان باقر یاخود صادق یان سەرجەم ئیمامەکانی تر[1].

## ٣_ دەرئاساکان:

لە حاڵەتی ناڕۆشنی وەسیەت یان نەبوونی وەسیەت، ئەوا پەنا دەبردرێتە بە (دەرئاساکان) بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی هەر یەکێك لە ئیمامەکان. هەروەك ئەم هۆکار پەیڕەوکرا لەگەڵ ئیمام (زەینولعابدین) و (محەممەدی کوڕی حەنیفەی) مامی، ئەمەش کاتێك هەر دوو ناوبراوەکە بەردە ڕەشەکەیان کردە ناوبژیوان، هەروەك ئیمامییەکان ئەم بانگەشەیە دەکەن[2].

## ٤_ غەیب زانینی ئیمام:

هەروەها ئیمام دەناسرێتەوەو جیادەکرێتەوە لە خەڵکی تر بەهۆی دووانی لەبارەی شتی پەنهان و غەیبیەوە، وەك: هەواڵدانی لەبارەی ئەو شتانەی کە ناتوانرێت بە ڕێگەیەکی ئاسایی بناسرێن[3].

## ٥_ لەلابوونی چەکی پێغەمبەری خودا ((ﷺ)):

لەوانە کارە دەرئاساکان و قسەکردنی لەبارەی غەیبەوە هەموو کاتێك فەراهەم نەبووبان، بۆیە ئیمامییەکان تیۆرەکەیان لەبارەی چۆنیەتی ناسینی ئیمام بنیاتنا لەسەر شتێکی ماددی بەرهەست ئەویش بریتی بوو لەلابوونی چەکی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله و رسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة ٥.

(٣) الكشي ٢/٣٣٦.

پێغەمبەری خوا ((ﷺ))[1]. ئیمامییەکان ئەم وتەیەیان لە (جەعفەری صادق) گێڕاوەتەوە، کە وتویەتی: وێنەی چەکی پێغەمبەر ((ﷺ)) لەلای ئێمە وەك تابوتە لە ناو نەوەکانی ئیسرائیل. لە ناو نەوەکانی ئیسرائیلدا واباوبوو کە تابوت لەبەر دەرگای هەر کەسێك ببینرێت ئەوا ئەو ماڵە پێغەمبەرایەتی پێدراوە. بەم پێیە هەر یەکێك لە ئێمە چەکی لەلابێت ئەوا ئیمامەتی پێدراوە[2].

## ٦_ زانست و پایەبەرزی و چاکەکاری:

ئیمامییەکان دەڵێن بێگومان (ئیمام) بە زاست و چاکەکاری و پایەبەرزی و ئارامی و ڕێزداری و شکۆمەندی دەناسرێت، هەروەك لە ئیمامی (صادقەوە) هاتووە کە وتویەتی: (سوێند بەخوا ئەو شتەمان لەلایە کە پێویستمان بە خەڵکی نییە، بەڵکو خەڵك پێویستی بە ئێمەیە. ئێمە پەڕاومان لایە: کە حەفتا باڵە بە ڕێنووسی عەلی و بە چاودێری پێغەمبەر نووسراوەتەوە... هەموو حەڵاڵ و حەرامێکی تێدایە)[3]. وەڵامی ئەو کەسەی داوەتەوە کە پرسیاری لێکردووە لەبارەی چۆنیەتی ناسینی ئیمامی لە دوای ئەو، وتویەتی: (خاوەن ڕێزو هەیبەت و ئارامی و شکۆمەندییە)[4].

---

(١) الصفار، محمد بن الحسن، بصائر الدرجات ١٧٦ و ١٧٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما عند الأئمة من سلاح رسول الله ومتاعه ١.

(٣) الصفار، بصائر الدرجات ١٤٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام، ح رقم ٣، شایەنی باسە تیۆری (دوازدە ئیمامی) لە سەردەمی ئیمامی صادق دانەهێنرا بوو و ناسراو نەبوو، تەنانەت هیچ یەکێك ناوی ئەو دوازدە ئیمامانەی گوێ لێ نەببوو کە دواتر شیعەکان وەك لیستێك بۆ خۆیان لە سەدەی چوارەمی کۆچی ڕێکیان خستبوو.

## ٧_ ئاماژەی ناوەکی و ناڕاستەوخۆ:

هەندێك لە ئیمامییەکان هەنگاوی کورت کورتیان دەنا بۆ ناسینی (ئیمامی) نوێ بەهۆی ئاماژەی ناوەکی و ناڕاستەوخۆی گشتی. وەك وتەکەی باقر: ئەمە لەوانە کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی: (ئێمەش دەمانەوێت دەروو بکەینەوە لە چەوساوەکان و منەتی خێر بکەین بەسەر لاوازکراوەکاندا لە وڵاتدا و دەمانەوێت بیانکەینە پێشەواو بیانکەینە میراتگری سامان و دەسەڵاتی ستەمکاران) ئەمە ئاماژە بۆ صاقی کوڕی[1].یان ئەم وتەیەی باقر: (لە بەختەوەر بوونی مرۆڤ ئەگەر منداڵێکی هەبێت، کە تیایدا ڕووی لێکچوونی خۆی تێدا ببینێتەوە لە شێوەو ڕەوشت و خەسڵەتەکانی، من وادەبین ئەم کوڕەم هاوشێوەی منە لە شێوەو ڕەوشت و خەسڵەتەکانم)[2]. یاخود ئەم وتەیەی ئیمامی باقر لە کاتی سەرەمەرگی نزیك بووەوە: (ئەی جەعفەر وەسیەتت دەکەم لەگەڵ هاوەڵانم باش بیت)[3].

## ٨_ یاسای پشتا و پشتی ستوونی:

سەرباری ئەم ئاماژە دوورانە، هەندێك لە زانا ئیمامییەکان بەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر چەسپاندنی ئیمامەتی هەندێك لە (ئیمامەکان) بە یاسای (پشتاو پشت کردنی ستونی)[4]. ئەگەرچی میراتگرو جێگرەوەکە منداڵێکی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على جعفر الصادق ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على جعفر الصادق ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على جعفر الصادق ١.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على جعفر الصادق ٢.

بچوكیش بێت، هەروەك ئەمە سەبارەت بە كۆمەڵێك لە ئیمامەكان ڕوویدا وەك (محەممەدی جەواد) و (عەلی هادی)[1].

## ٩_ گەورەتر... ئینجا گەورەتر:

لە ژێر ڕۆشنایی یاسای دەستاو دەستكردنی پشتاو پشتی ستوونی، یاسایەكی تر هەبوو ئەویش بریتی بوو لە: (گەورەتر ئینجا گەورەتر)[2]. ئەمەش لە كاتی مردنی (ئیمام) و نەبوونی هیچ منداڵێك تا ئیمامەتی تێدا بەردەوام بێت، هەروەك لەگەڵ مردنی ئیمام (عەبدوڵای ئەفتەح) ئەمە ڕوویدا، ناوبراو لە دوای مردنی (جەعفەری صادقی) باوكی خۆشی مرد بێ ئەوەی منداڵێكی هەبێت، بەمەش ئیمامەت بۆ (موسای كوڕی جەعفەر) گوێزرایەوە كە دەكاتە برای عەبدوڵا[3].

## كەی شیعەگەرێتیی ئایینی دەركەوت؟

ئێستا پرسیارەكە ئەوەیە: كە (شیعەگەرێتیی ئایینی) كەی دەركەوت؟ ئایا بە ڕاستی ئەم جۆرە لە سەردەمی پێغەمبەری مەزن هەبووە؟ لەسەر دەستی پێغەمبەر دامەزراوە؟ ئایا لەلایەن ئال و بەیت وەك بنەما پەسەند كراوەو كاری پێكراوە؟ یان لە میانەی زنجیرەیەك لە بزوتنەوە زیادەڕۆچووە شیعەگەراكان گەشەی كرد كە دەیویست شێوەیەكی ئایینی بە بزوتنەوە سیاسییەكەی

---

(١) الكشي في ترجمة زيد، وترجمة أبي جعفر الأحول محمد بن علي بن نعمان، وترجمة أبو خالد القماط.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ثبات الإمامة في الأعقاب ٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب المور التي توجب حجة الإمام ٦.

ببەخشێت، دواتر ئەم گەشەیە لەسەر (ئیمامیەکان) وەستا کە هەڵسان بە خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی و دەقەکانی قورئان و فەرمووەکانی پێغەمبەر بە شێوەیەکی تایبەت کە لەلای ئال و بەیت ناسراو نەبووە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەسەرمان پێویست دەکات کە توێژینەوە بکەین لەسەر بزوتنەوە زیادەڕۆچووەکان و ئەو ژینگە فیکریەی کە شیعەگەرێتی لە ماوەی سێ سەدەی سەرەتا پێیدا تێپەڕی.

# بەشی سێیەم

# ژینگەی ((شیعەگەرێتیی ئایینی))

## زیادەڕۆچووان و پیلانگێڕان دژی شیعەگەرێتی

لە کاتێکدا بزوتنەوەی شیعە لە سەدەی یەکەمی کۆچی فراوان و پان و پۆڕ دەبوو، ئەوا لە وەتەی نیوەی سەدەی ناوبراو ڕووبەڕووی پیلانگێڕانی مەزن بووەتەوە لەلایەن هەندێك لە خاوەن ئایینە جیاوازە کۆنەکان وەك: جولەکایەتی و نەصرانییەت و (مەجوسیەت)، کە لە ڕووکەشدا هاتبوونە ناو ئیسلام یان شیعە دووچاری ئەم پیلانگێڕییە بووەوە لەلایەن هەندێك لە تاکەکانی خۆی کە بە خزمەتکارەکان ناسراو بوون، ئەوانە پەیمانی پشتیوانیان بەست لەگەڵ هەندێك لەو تیرە عەربانەی کە وڵاتی ئەوانیان ڕزگار کردبوو، ئەمەش بەتایبەت لە عێراق ئەنجامدا. ئەمانە هەندێك لە بیروباوەڕو فیکرە کۆنەکانی خۆیان هەڵگرتوو و هەوڵیاندا بیهێننەوە ناو ئیسلام بە مەبەستی ئەوەی ئیسلام ناوەڕکی ئیسلام هەڵبوەشێننەوە، لە ڕاستیدا هەوڵەکەیان وەك کاردانەوەیەکی مەزنی دووەم بوو دژ بە گرنگترین بنەماکانی ئیسلام وەك: (یەکتاناسی، پێغەمبەرایەتی و دواڕۆژ)، هەنگاوێك بوو بەرەو خۆ داڕنین و چوونەدەر لە یاساکانی شەریعەتی ئیسلام. دەروازەی ئەمانە بریتی بوو لە: زیادەڕۆچوون لە ئیمامەکانی ئال و بەیت، دواتر بانگەشەکردنی خوایەتی ئیمامەکان و پێغەمبەرایەتی بۆ سەرکردەکانی زیادەڕۆچووان، ئامرازو هۆکاریان بۆ ئەم مەبەستە بریتی بوو لە فیکرەی: گەڕانەوەی ڕۆح لە جەستەیەکی تردا (تناسخ) و ئاوێتە بوون (حلول)، ئەمەش تیۆرێکی کۆنە و پێش ئیسلام هەبووە، ئەم تیۆرە توانی جولەکایەتی و نەصرانیەت لە ڕێ لابدات و دزە بکاتە ناویان و بیانگۆڕێت لە یەکتاناسییەوە بۆ بە خودا کردنی هەندێك لە پێغەمبەران وەك عەزیز و عیسای مەسیح (سڵاوی خوایان لێبێت). هەندێك لە گێڕانەوە هەن کە باس لەوە دەکەن کە هەندێك لەو

مەسیحیانەی هاتنە ناو ئیسلام لە سەردەمی پێغەمبەری مەزن ((ﷺ)) ئەوا هەوڵیاندا لە پێغەمبەردا ڕووبچن و زیادەڕەوی تێدا بکەن و بیپەرستن، جا پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خودا ((ﷺ)) فەرمووی: کڕنووشت بۆ نەبەین. پێغەمبەر ((ﷺ))فەرمووی: (بۆ هیچ کەسێك دروست نییە کڕنووش بۆ یەکێکی تر ببات جگە لە خوای گەورە، بەڵام ڕێز لە پێغەمبەرەکەتان بگرن و مافی خانەوادەکەی بزانن). پیاوێك بە یەکێکی تری (وتراوە ئەو کەسە ئەبو ڕافعی قیڕزی بووە یان سەیدی نەجرانی بووە) وت: ئەی محەممەد دەتەوێت بتپەرستین و بتکەین بە خوا، پێغەمبەر فەرمووی ((ﷺ)): (پەنا بەخوا لەوەی جگە لە خوا بپەرستین و فەرمان بکەین بە پەرستنی جگە لە خوا، خودا بۆ ئەمە منی نەناردووەو بەمە فەرمانی پێنەکردووم)[1]. خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿ مَاكَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴾ آل عمران: ٧٩. واتە: (بۆ هیچ ئادەمیزاد و کەسێك نەگونجاوە کە خوا کتێبی ئاسمانی و فەرمانڕەوایی و پێغەمبەرایەتی پێببەخشێت، لەوەودوا بە خەڵکی بڵێت: وەرن ببنە عەبد و بەندەی من لە جیاتی ئەوەی بەندە و عەبدی خوابن، بەڵکو _ بە خەڵکیان وتوە _ هەوڵبدەن بۆ خوا بژین و لێبڕاو بن، بۆ ڕەزامەندی پەروەردگار هەوڵ بدەن، بەوەش دەبنە خواناس و ڕەبانی کە بەرنامەی خوا فێری خەڵکی بکەن و خۆشتان بەردەوام هەوڵ بدەن فێری ببن).

---

(١) المجلسي، بحار الأنوار ٢٦٢/٢٥.

لەم بارەوە (مونتغمری وات) ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێك لەو تیرە عەرەبانەی باشوری دوورگەی عەرەبی کە چوونە ناو شیعەگەرێتییەوە پێشتر مەسیحی مونوفیستی بوون: ئەم جۆرە مەسیحایەتییە پۆشاکی خوایەتی بەبەر عیسای مەسیحدا دەکرد. ئەم تیرە عەرەبانە لە خزمەتکارەکانی باشووری دوورگەی عەرەبی بوون کە پێیان وابوو پادشا سەرکردەیەکی دەرئاسایە. (مونتغمری وات) دەڵێت: (دوای ئەوەی عەرەبەکانی باشوور موسڵمان بوون، زۆربەیان ئەو فیکرەیان پەسەند کرد کە پێی وایە سەرکردە خاوەنی نیمچە سیفەت و تایبەتمەندی خواییە. دەکرێت کەمەندکێش کرانی ئەوانە بەرەو ئیسلام بەوە لێك بدەینەوە کە پێیان وابووە نیمچە سیفەتی خوایی لە محەممەددا هەیە. ئەوانە پێیان وابووە کە ڕزگار بوونی تاك کاتێك دەستەبەر دەبێت کە ئەو تاکە لە کۆمەڵگایەکدا بێت کە کەسێك سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی بکات کە خاوەن نیمچە سیفەتی خوایی بێت)[١].

جا لە پاڵ ئەم خەڵکە یەمەنییە، خزمەتکارەکانی شاری کوفە ئەوانەی بە ڕەچەڵەك ئێرانی بوون چوونە ناو ڕەوتی شیعەگەرێتییەوە. ئەم بە ڕەچەڵەك ئێرانییانە فیکرەی پەرستنی پادشاکانیان لە باووباپیرانیان بۆ مابووەوە، گوایە پادشاکان خاوەن سیفەتی خوایین، جا چۆن سەیری پاداشاکانی پێشوویان دەکرد ئەوا بە هەمان تێڕوانین سەیری ئیمامەکانی ئال و بەیتیان دەکرد[٢].

ئەگەرچی پیلانگێڕان لە ڕەواجدان بە فیکرەکانیان لە سەردەمی پێغەمبەری مەزن شکستیان خوارد، ئەوا بە شێوەیەکی لاوەکی لە دوای سەردەمی پێغەمبەر

(١) نقلا عن تأريخ الإمامية لعبد الله فياض ٦٢.

(٢) فياض، تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة ٨٨.

سەرکەوتوو بوون، ئەمەش لەسەر دەستی (عەبدوڵای کوڕی سەبەء)، کە زانای کەلامی شیعە (حەسەنی کوڕی موسای نوبەختی: لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی) لەبارەیەوە دەڵێت: جولەکە بوو و دواتر موسڵمان بوو و پشتیوانی لە عەلی دەکرد و توانج و پەلاری لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان دەدا و خۆی لەوان بەری دەکرد، عەبدوڵای ناوبراو لەو کاتەی کە جولەکە بوو ڕەواجی زیادڕۆچوونەکەی دەدا لەبارەی (یوشعی کوڕی نون) لە دوای کۆچی دوایی کردنی موسا، کاتێك کە موسڵمان بوو هەمان بۆچوونە زیادەڕۆچووەکەی خستەڕوو لەبارەی ئیمامی عەلی و دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر[1].

نوبەختی تەنها ئەوە بە بەس دەزانێت کە بۆچوونی ڕاسپاردن و وەسیەت کردن بۆ ئیمامی عەلی بداتە پاڵ (عەبدوڵای کوڕی سەبەء)، نوبەختی دەڵێت: ئیمامی عەلی هەوڵی دا عەبدوڵای ناوبراو بکوژێت بەڵام ئیمام لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەوە بەهۆی بەرهەڵستی کردنی خەڵکی بۆ بڕیارەکە بەهۆی ئەوەی عەبدوڵا (بانگەشەی خۆشویستتنی ئال و بەیت و پشتگرتنی عەلی و خۆ بەری کردن لە دوژمنەکانی دەکات)، ئیمامی عەلی عەبدوڵای ڕەوانەکرد بۆ (مەدائن). زانای شیعی زاناستی ناسینی کەسەکان (کوشی، ئەبو عەمرو محەممەدی کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، ٣٤٠ك مردووە) دەڵێت: (کاتێك عەبدوڵای کوڕی سەبەء جولەکە بوو بانگەشەی  بۆ زیادڕۆچوونەکەی دەکرد لەبارەی یوشعی کوڕی نون کە ڕاسپێرراوی موسا بوو! دواتر کە عەبدوڵای ناوبراو موسڵمان بوو و دوای کۆچی دوایی کردنی

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٢٢، هەروەها بگەڕێوە بۆ (المقالات والفرق لسعد بن عبدالله الأشعري القمي) تەنها ئەوەندە دەڵێت: (یەکەم کەس بوو کە بە ئاشکرایی توانجی لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و هاوەڵان گرت و خۆی لەوان بەری کرد) المقالات والفرق ٢٠.

پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) هەمان بۆچوونە زیادڕۆچووەکە لەبارەی عەلی ڕەواج پێدا). کوشی (لە چەندین گێڕانەوە کە لە ئیمامی باقرو صادقەوە هێناویەتی) دەدوێت: (عەبدوڵای کوڕی سەبەء بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد و گومانی وابوو کە میری باوەڕداران سڵاوی خوای لێبێت خوایە!! پاك و بەرزی و بڵندی بۆ خودا لەم جۆرە بۆچوونە، هەواڵی ئەم بۆچوونە گەیشتە میری باوەڕداران، میری باوەڕداران بانگهێشتی عەبدوڵای کرد و ناوبراو دانی بەم بۆچوونەیدا نا ووتی: بەڵێ تۆ خوای و خراوەتە دڵ و دەروونمەوە کە تۆ خودای و من پێغەمبەرم!! میری باوەڕداران پێی وت: قوڕ بەسەر شەیتان تۆی فریوداوە، لەم بۆچوونەت پاشگەزببەوەو تۆبە بکە هەی دایکت ڕۆڕۆت بۆ بکات و جەرگ سووتاو بێت، بەڵام تۆبەی نەکرد، جا سێ ڕۆژ لە دوای یەك داوای تۆبەی لێکرد بەڵام تۆبەی نەکرد بۆیە بە ئاگر سووتاندی)[1].

---

(١) الخوئي، معجم البلدان ٦٨٨٩ عن الكشي. کشی بەسەنەدی خۆی لە (هیشامی کوڕی سالم)ی گێڕاوەتەوە، کە وتویەتی: گوێبیستی باوکی عەبدوڵا بووم لەو کاتەی لەگەڵ هاوەڵانی باسی بابەتی عەبدوڵای کوڕی سەبەئی دەکرد، باسی ئەو بانگەشەی سەبەئی دەکرد کە گوایە پەروەدگارێتی لە میری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تالیب سڵاوی خوای لێبێت هەیە، جا وتی: کاتێك عەبدوڵای کوڕی سەبەء ئەم بانگەشەیەی کرد میری باوەڕداران داوای لێکرد تۆبە بکات، بەڵام ناوبراو تۆبەی ڕەتی کردەوە، هەر بۆیە میری باوەڕداران بە ئاگر سووتاندی. و کشی بە سەند و زنجیرەی خۆی لە (ئەبانی کوڕی عوسمان) دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: گوێم لە باوکی عەبدوڵا بوو دەیوت: خوا نەفرەت لە عەبدوڵای کوڕی سەبەء بکات کە بانگەشەی ئەوەی کرد گوایە عەلی میری باوەڕداران خوایە، سوێند بەخوا میری باوەڕداران بەندەیەکی گوێڕایەڵی خودا بوو، ئێش و ئازارو لەناوچوون بۆ ئەو کەسەی درۆ بە دەمی ئێمەوە بکات، کەسانێك هەن هەندێك قسە لەبارەی ئێمەوە دەکەن کەچی هەرگیز ئێمە ئەو قسانە لەبارەی خۆمانەوە ناکەین، پەنا دەگرین بە خودا لەم جۆرە کەسانە.لە (ئەبو حەزمەی سەمالی)یەوە هاتووە کە وتویەتی: عەلی کوڕی حەسەن وتویەتی: نەفرەتی خودا لەو کەسە بێت کە درۆ بەناوی ئێمەوە بکات، یادی عەبدوڵای کوڕی سەبەئم کردەوە بەم هۆیە هەموو موویەکی لاشەم ڕاست ڕاوەستا، ئەم کابرایە بانگەشەی شتێکی مەزنی کرد، ئەم کابرایە چییەتی؟! هەی نەفرەتی خوای لێبێت، سوێند بەخوا عەلی

تووسی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوەو دەڵێت: عەبدوڵای کوڕی سەبەء گەڕایەوە بۆ سەر کوفرو ڕەواجی بە زیادەڕۆچوون دا[١]. بەهەمان شێوە زانای بلیمەت (حیلی) دەڵێت: عەبدوڵای کوڕی سەبەء زیادەڕۆچوویکی نەفرتی بوو و میری باوەڕداران (سڵاوی خولی لێبێت) بە ئاگر سووتاندی، گومانی وابوو عەلی (سڵاوی خولی لێبێت) خوایە و خۆیشی پێغەمبەرە، نەفرەتی خوای لێبێت[٢]. سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری لەبارەی (سەبەئییەکان) دەڵێت: (دواتر وتیان عەلی خوای جیهانیانە)[٣].

ئەگەر گێڕانەوەی (ئەشعەری قومی) و (کوشی) و (توسی) و (حیلی) وەربگرین ئەوا بەدەردەکەوێت کە هۆکاری بڕیاردانی ئیمامی عەلی بە سووتاندنی (عەبدوڵای کوڕی سەبەء) بریتی نەبوو لە زیادەڕۆچوونی سادە وەك بانگەشە کردن بۆ خۆشویستنی ئال و بەیت و خۆ بەری کردن لە دوژمنەکانیان هەروەك (نوبەختی) ئاماژەی پێ دەکات، بەڵکو هۆکارەکەی بریتی بوو لە بانگەشە کردنی خوایەتی بۆ ئیمامی عەلی و پێغەمبەرایەتی بۆ (عەبدوڵای کوڕی سەبەء)[٤].

---

بەندەیەکی چاکی خودا بوو، برای پێغەمبەری خوابوو، تەنها بە گوێڕایەڵ بوون بۆ خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ)ڕێزو شکۆمەندی بەدەست هێنا، پێغەمبەری خوا شکۆمەندی و ڕێزداری تەنها بە گوێڕیەڵی خودا بەدەستهێنا...

(١) الطوسي، الرجال ٥١.

(٢) الحلي، الخلاصة، القسم الثاني ٢٣٧، شەهرستانیش لەگەڵ ئەوان کۆکە و لە (الملل والنحل)دا دەڵێت: عەبدوڵای کوڕی سەبەء بە عەلی (خوا ڕووخساری هەر ڕێزدار بکات) وت: (تۆ تۆی) واتە: تۆ خوای. لەسەر ئەمە ئیمامی عەلی دووری خستەوەو ڕەوانەی کرد بۆ ناوچەی مەدائن...

(٣) الأشعري القمي، المقالت والفرق ٢١.

(٤) ئەبو حەسەنی ئەشعەری (- ٣٣٠ك) لەکاتی باسکردنی (سەبەئییەکان) لە کتێبی (مقالات الإسلاميين) دەڵێت: (سەبەئیەکان لە کاتی بیستنی دەنگ و هۆرەی هەورە تریشقە دەڵێن: سڵاوت

لێبێت ئەی میری باوەڕداران). ئەبو حەسەنی میلتی (- ٣٧٧ك) دەڵێت: (دەستەی دووەمی سەبەئییەکان دەڵێن: عەلی نەمردووە، بەڵکو لەناو هەوردایە، ئەگەر هەورێکی ڕووناك و پاك و پوخت و ڕەوشن و بە تریشقە بهاتایە ئەوا لەبەر هەورەکە هەڵدەستان و دەپاڕانەوەو دەلاوانەوە و دەیانوت: ئیمامی عەلی لە ناو هەوردا بەلای ئێمەدا تێپەڕی). بەغدادی (- ٤١٩ك) لە کتێبی (الفرق بين الفرق)دا وتویەتی: (هەندێك لە سەبەئییەکان پێیان وابوو عەلی لە ناو هەورەکانە، گرمە و تریشقەی هەور دەنگی ئیمامی عەلی و ڕوناکیەکەی قەمچی ئەوە، هەر یەکێك لەم سەبەئیانە گوێبیستی دەنگ و گرمە و تریشقەی هەور بووبا ئەوا دەیوت: سڵاوت لێبێت ئەی میری باوەڕداران، لە شاعیر گێڕدراوەتەوە کە خۆی بەری کردووە لە سەبەئییەکان و وتویەتی: و خۆم بەری دەکەم لەو دەستەیەی کە ئەگەر باسی عەلیان کرد وەڵامی سڵاوی هەور دەدەنەوە). ئیبن حەزم (- ٤٥٤ك) لە کتێبی (الفصل)دا وتویەتی: (سەبەئییەکان کە بریتین لە هاوەڵانی عەبدوڵای کوڕی سەبەئی حمیری جولەکە لەبارەی ئیمامی عەلی دەڵێن: لە ناو هەوردایە). خاوەنی کتێبی (البدء والتأريخ) وتویەتی: (بە سەبەئییەکان دەوترێت فڕۆکە و باڵافڕ، چونکە پێیان وایە کە نامرن بەڵکو مردنیان برتییە لە فڕینی دەروونیان لە تاریکیدا، عەلی نەمردووە بەڵکو لە ناو هەوردایە، ئەگەر گوێبیستی گرمە و تریشقەی هەور بوون دەیانوت: عەلی توڕە بوو). ئیسفراییینی (- ٤٧١ك) لەبارەی سەبەئیەکان وتویەتی: (هەندێك لە سەبەئیەکان وتویانە عەلی لە ناو هەوردایە، گرمە و تریشقەی هەور دەنگی عەلی و ڕوناکییەکەی قەمچیەکەیتی، ئەگەر گوێبیستی دەنگی هەور بووبان دەیانوت: سڵاوت لێبێت ئەی میری باوەڕداران). دواتر دێرە هۆنراوەکەی خستۆتەڕوو: (و خۆم بەری دەکەم لەو دەستەیەی کە گوێبیستی....). باوکی محەممەدی کوڕی عوسمانی عێراقی (نزیکەی ٥٠٠ك مردووە) وتویەتی: (هەورگەراکان: بریتیین لەو کۆمەڵەی واگومانیان بردووە کە عەلی ڕەزای خوای لێبێت لەگەڵ هەموو هەورێکدایە، گرمە و تریشقەی هەور دەنگی عەلییە، لە کاتی هەر مارە بڕینێك ئەوا عەلی ئامادە دەبێت، گرێبەستی مارەبڕین بە گەواهی دانی ئەو دادەمەزرێت، هەندێك لەو کۆمەڵە سەبەئییانە پێیان وایە کە گەواهی خواو پێغەمبەرەکەی بەسە لە مارە بڕیندا، پێویست بە گەواهی ئادەمیزادەکان ناکات. گومانیان وایە عەلی نەمردووە بەڵکو لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەڕێتەوە تۆڵە لە دوژمنان دەکاتەوە) لە دوای ئەم پێناسەیە وتویەتی: (سەبەئیەکان: کۆمەڵەیەکن دەدرێنە پاڵ عەبدوڵای کوڕی سەبەء، پێیان وایە عەلی نەمردووە، بەڵکو لەگەڵ هەر هەورێکدا دێت و دەچێت، گرمە و تریشقەی هەور دەنگی عەلییە، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەڕێتەوەو تۆڵە لە دوژمنانی دەکاتەوە. عەبدوڵای کوڕی سەبەئیش بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە عەلی خوای جیهانیانە). لە وەڵامی خەیاڵی سەبەئییەکان وتی: (گێڕدراوەتەوە کاتێك عەلی خوا لێی ڕازی بێت کوژرا، عەبدوڵای کوڕی سەبەء وتی: عەلی زیندووەو لەناو هەور دایە، گرمەو تریشقەی هەور دەنگی عەلییە، پێی وترا: ئەی ئەو کەسە کێ بوو کە لەلایەن کوڕی مولجەمی نەفرەتی کوژرا؟ وتی: کوژراوەکە شەیتانێك بوو خۆی لە وێنەی عەلی دا دەرخستبوو، پێی وترا: ئەگەر مولجەم شەیتانێکی

ئەوەی (کوشی) لە (عەبدوڵای کوڕی شریك و ئەویش لە باوکییەوە) دەیگێڕێتەوە لە باسی ژیاننامەی (قینبەر)دا، جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، دەڵێت: کاتێك عەلی لەلای ئافرەتێکی خەڵکی عینزە بوو _ ئەو ئافرەتە دایکی عومر بوو _ قینبەر هاتە لای و پێی وت: دە کەس لەلای دەرگان و گومان دەبەن کە تۆ پەروەردگاری ئەوانی!! عەلی وتی: بیانهێنە ژوورەوە، عەلی بەوان وت: چی دەڵێن؟ وتیان: دەڵێین: تۆ خوای ئێمەی! تۆ ئێمەت بەدیهێناوە، تۆ ڕۆزیت بە ئێمە داوە!! عەلی بەوانی وت: قوڕتان بەسەر کاری وامەکەن، منیش بەدیهێنراوێکم وەك ئێوە، دواتر (کوشی) فەرموودەکەی بەتەواوی هێناوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی باس لەوە

---

کوشتبێت ئەوا شایەنی سوپاس کردن دەبوو، ئەی بۆچی نەفرەت و سەرزەنشتی مولجەم دەکەن؟ عەبدوڵای کوڕی سەبەء سەری سوڕما و هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوت. سەرکەوتن هەر لە خواوەیە).

شەهرستانی (-٥٤٨ك) لە بارەی پێناسەی سەبەئیەکان وەك تاقمێکی زیادەڕۆچوو وتویەتی: ئەمانە بریتین لە هاوەڵانی عەبدوڵای کوڕی سەبەء، ناوبراو بۆچوونی وابوو کە عەلی زیندووەو نەمردووەو بەشێکی عەلی خوایە، بۆیە نابێت بمرێت، عەلی لە ناو هەورەکاندا دێت و دەچێت و تریشقە و گرمەی هەور دەنگی ئەوە و ڕووناکیەکەشی زەردەخەنەی ئەوە، لە ئایندەدا لە ناو هەور دێتە دەر و دادەبەزێتە سەر زەوی و پڕی دەکات لە دادپەروەری هەروەك چۆن پڕ کرابوو لە ستەم و زۆرداری.

سەمعانی (-٥٦٢ك) لە کتێبەکەیدا (أنساب) لە بارەی سەبەئییەکان وتویەتی: عەبدوڵای کوڕی سەبەء: ئەو کەسە بوو کە بە ئیمامی عەلی وت: تۆ خوای، بەمەش ئیمامی عەلی ناوبراو شاربەدەر کرد و ناردی بۆ ناوچەی مەدائن، هاوەڵانی عەبدوڵا بۆچوونیان وابوو کە عەلی لە ناو هەورەکاندایە و گرمە و تریشقەی هەور دەنگی ئەوەو ڕووناکییەکەیشی قەمچی ئەوە. هەر لەوەوەیە کە یەکێکیان وتویەتی: خۆم بەری دەکەم لەو دەستەیەی کە ئەگەر باسی عەلیان کرد وەڵامی سڵاوی هەور دەدەنەوە. و ئیبن أبو الحدید (- ٦٥٥ك) لە ڕاڤەی وتاری (٢٧) لە (نهج البلاغة) لە دوای قسەکردن لەسەر سەبەئیەکان وتویەتی: سەبەئیەکان وتویانە عەلی نەمردووە بەڵکو لە ئاسمانەکانە، گرمەی هەور دەنگی ئەوەو ڕووناکیەکەیشی قەمچی ئەوە، ئەگەر گوێبیستی دەنگی هەور بووبان دەیانوت: سڵاوت لێبێت ئەی میری باوەڕداران. ئیبن خەلدون (- ٨٠٨ك) وتویەتی: هەندێك لە سەبەئیەکان دەڵێن: عەلی زیندووەو نەمردووە بەڵام لەبەر چاوی خەڵکی ونە _ تا ئەم وتەیەی _: عەلی لەناو هەوردایە و گرمە و تریشقەی هەور دەنگی ئەو ڕووناکیەکەیشی قەمچی ئەوە...

دەكات كە ئیمامی عەلی ئەوانی خستۆتە ناو ئاگر، دواتر عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: من ئەگەر شتێكی ناپەسەندم بینی... ئاگرەكەم دادەگرسێنم و بانگی قینبەر دەكەم[١].

ئەم چیرۆكە پەیوەست بێت بە خودی عەبدوڵای كوڕی سەبەئەوە یان نا؟ یان ئیمامی عەلی عەبدوڵای كوڕی سەبەئی بە ئاگر سووتاندبێت یان نا؟ ئەوا كۆی ئەم گێڕانەوانە جەخت دەكەنەوە لەسەر دەركەوتنی كەسێك یان كەسانێك (نوبەختی بە تاقمی سەبەئیەكان ناویان دەبات) كە زیادەڕۆچوون لە ئیمامی عەلی دا كە هێشتا ئیمامی عەلی هەر لە ژیاندا بوو[٢]. ئەم زیادەڕۆچوونە لە وتنی ئەوەی پێغەمبەر وەسیەتی بۆ ئیمامی عەلی كردووە هەروەك پێغەمبەر موسا (سڵاوی

---

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٦٧٢٦ عن الكشي، ورواها مع الزيادة في آخر ترجمة أبي الخطاب محمد بن أبي زينب.

(٢) سەید مورتەزای عەسكەری لە كتێبەكەیدا (عبدالله بن سبأ وأساطير أخرى) هەوڵی داوە گومان دروست بكات لەبارەی هەبوونی (عەبدوڵای كوڕی سەبەء)، لاوازی گێڕەرەوە (سەیفی كوڕی عەمری تەمیمی، ١٧٩ك) چەسپاندووە، كە سەرچاوەی سەرەكی تەبەرییە، گێڕەرەوەی ناوبراو ڕۆڵی (عەبدوڵای كوڕی سەبەء) زۆر مەزن دەكات لە ئاشوب و فیتنەی گەورەدا و زۆرێك لە كارەكان دەداتە پاڵ ئەو، ئەم هەوڵانەی سەید مورتەزای عەسكەری بۆ ئەوە بوو تا بڵێت (عەبدوڵای كوڕی سەبەء) ئەفسانەیەكی پوچ و پیاوێكی هەڵبەستراو بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مورتەزا عەسكەری نەپرژاوەتە سەر ئەو گێڕانەوە زۆرانەی شیعەكان كە جەخت دەكەنەوە لەسەر بوونی (عەبدوڵای كوڕی سەبەء)، گێڕانەوەكانی شیعە بانگەشەی زیادەڕۆچوون دەدەنە پاڵ عەبدوڵا و لەسەر زمانی ئیمامەكانی ئال و بەیت نەفرەت لە (عەبدوڵای كوڕی سەبەء) دەكەن، هەروەك لە ئەنجامی خستنەڕووی گێڕانەوەكان بینیمان. هیچ یەكێك لەو گێڕانەوانەی ئێمە خستمانەڕوو لە (سەیفی كوڕی عەمر)ەوە نەهاتووە. هەروەك (د. عەلی وەردی) و (د. تاها حوسەین) و (د. كامل موستەفا شیبی) ڕەتیان كردەوە (عەبدوڵای كوڕی سەبەء) بوونی هەبووبێت بە پشت بەستن بەلاواز دانانی گێڕانەوەی (سەیفی كوڕی عەمر) كە پڕیەتی لە خەیاڵی فراوان...

خوای لێبێت) وەسیەتی بۆ یوشعی کوڕی نون کرد دواتر گەشەی کرد بۆ بانگەشەکردنی خوایەتی ئیمامی عەلی[1].

سەرباری بچوکی و سنوورداری لادانی سەبەئییەکان بە بەراورد لەگەڵ بزوتنەوە فراوانە گشتییەکەی شیعە لە سەردەمی ئیمامی عەلی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لادانە بووە پێشەکی و بەرایی بۆ گەشەسەندنە نەرێنیەکانی دواتر، بەتایبەت لە بزوتنەوەی کیسانییەکان و ئەوانی دواتریش.

## بزوتنەوەی (کیسانییەکان)

ئەم بزوتنەوەیە لە سەردەمی موختاری کوڕی عوبەیدی سەقەفی دروست بوو، ناوبراو هەڵسا بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی شیعەگەرا لە شاری کوفە لە ساڵی ٦٦ك، بەرلەوەی موصعەبی کوڕی زوبەیر لە ساڵی ٦٧ك بیکوژێت، بزوتنەوەی ناوبراو تا سەرەتاکنی سەدەی دووەمی کۆچی بەردەوام بوو. مختار خۆی ناوی دەرکردوو بە (کیسان)، بۆیە کە ئەم بزوتنەوەیەی دراوەتە پاڵ ئەوا هەمان نازناوی هەڵگرت یان ناوی ئەم بزوتنەوەیە دەدرێتە پاڵ خزمەتکارێکی ئیمامی عەلی کە ناوی (کیسان) بوو و ناوبراو بووە سەرۆکی پۆلیسەکانی موختار. بە هەر حاڵ تیۆری دەق لە بارەی ئیمامەت کاریگەری کردە سەر فیکری ئەم بزوتنەوە سیاسییە و پاڵی نا تا پشت ببەستێت بە پەیڕەوی پشتاو پشتکردنی ئیمامەت لە جێگای شوڕا، جا ئەم بزوتنەوەیە سەرەتا وتی کە وەسیەتی ئیمامەت بۆ محەممەدی کوڕی حەنیفە کراوە لەلایەن ئیمامی عەلی باوکییەوە[2]، مختار گومانی وابوو کە محەممەدی

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة، والأشعري، المقالات والفرق ٢٠_٢١.

(٢) البغدادي، عبدالقاهر بن طاهر، الفرق بين الفرق ٢٧، دار الجيل، بيروت ١٩٨٧.

کوڕی حەنیفە مەهدییە، کوڕی حەنیفە مختاری دیاریکرد وەك ئەمیندارو وەزیری خۆی و فەرمانی پێکرد تۆڵە لەو کەسانە بسەنێتەوە کە خانەوادەکەیانی لە کەربلا کوشت. دواتر محەممەدی کوڕی حەنیفە (٨١ك مرد) وەسیەتی کرد بۆ کوڕی خۆی (عەبدوڵای باوکی هاشم) و فەرمانی پێکرد کە ئەگەر ڕێگەی بۆ فەراهەم بوو داوای خەلافەت بکات، کاتێك عەبدوڵای کوڕی محەممەد کۆچی دوایی کرد وەسیەتی کرد بۆ برای خۆی عەلی کوڕی محەممەد (یان بۆ حەسەنی کوڕی خۆی)، عەلی وەسیەتی کرد بۆ حەسەنی کوڕی خۆی، حەسەنیش وەسیەتی کرد بۆ عەلی کوڕی، عەلی وەسیەتی کرد بۆ حەسەنی کوڕی. لەلای کیسانییەکان وەسیەت لە کوڕەکانی (محەممەدی کوڕی حەنیفە)دایە و بۆ کەسانی تر نابێت[1]. فیکرەی دەق و وەسیەت کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو لە سەر دروستبوونی فیکرەی ئیمامەتی پشتاوپشت لەلای شیعە ئیمامییەکان لە سەدەی دووەمی کۆچی.

لە پاڵ فیکرەی دەق و وەسیەت لە بابەتی ئیمامەتدا، دەوترێت کە مختار بانگەشەی ئەوەی کرد کە سروشی بۆ دابەزیوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەر بوونی بەو سەبەئییانەی کە دەیانوت: مختار بە ڕاستی تۆ بەڵگەی ئەم سەردەمەی، وایان لە مختار کرد کە لەلای هاوەڵە تایبەتەکانی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات و بڵێت سروشم بۆ دادەبەزێت[2].

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٣١.

(٢) البغدادي، الفرق بين الفرق ٣٥_٣٦، دەکرێت ئەم تۆمەتە ساختە بێت و لەلایەن ئەو خانەدانانەی کوفەوە هەڵبەسترا بێت کە مختار دەستی بەسەر پارەو کۆیلەکانی ئەواندا گرتبوو. لاوازی ئەم تۆمەتە زیاتر بە دەردەکەوێت کاتێك دەڵێن بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردن لەلایەن مختارەوە نهێنی بووەو تەنها لەلایەن هاوەڵە تایبەتەکانی باسی کردووە.

بەغدادی دەڵێت موختار بیرۆکەی (بیداء)ی داهێنا کە بریتییە لە گۆڕانی ویستی خودا، ئەمەش دوای ئەوەی موختار بەڵێنی بە پشتیوانانی دابوو کە لە جەنگەکەیاندا لەگەڵ (موصعەبی کوڕی زوبەیر) سەردەکەون، تەنانەت مختار گومانی وابوو کە لەم بارەوە سروشی بۆ هاتووە، بەڵام کاتێك هەر دوو هێزەکە لە مەدائین بەیەکیان دادا و هاوەڵانی مختار شکستیان خوارد و ڕووی گوفتاریان کردە مختار و پێیان وت: ئایا بەڵێنت بە ئێمە نەدابوو بە سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانمان؟ مختار وتی: خوای گەورە بەڵێنی پێدابووم کە سەرم بخات بەڵام ویستی خودا گۆڕا. ناوبراو ئەم فەرمایشتەی بە بەڵگە هێناوە: ﴿يَمۡحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثۡبِتُ﴾ الرعد: ٣٩.[١] واتە: (خوا ویستی نەمانی لەسەر هەر چییەك بێت، لە ناوی دەبات و دەیکوژێنێتەوە یان دەیهێڵێتەوەو پایەداری دەکات). بەپێی وتەی شەهرستانی وا بەدەر دەکەوێت کە کیسانییەکانی باوەڕیان وابوو (کیسان) خاوەنی پلەیەکی بێ سنوورو دیاریکراوەو شارەزای هەموو زانستێکە و زانستی تەئویل و شاراوە دەزانێت و زانایە بە زانستەکانی ئاسۆ و دەروونی بەندەکان[٢]. وا بەدەردەکەوێت کە هەندێك لە هاوەڵانی موختار زیادەڕۆچوو بوون لە ئیمامەکانی ئال و بەیت، ئەمەش ئیمام زەینولعابدینی پاڵنا بۆ بە نەفرەت کردنی موختارو خۆبەری کردن لە هاوەڵەکانی[٣].

---

(١) البغدادي، الفرق بين الفرق ٣٦.

(٢) أبو الفتح الشهرستاني، الملل والنحل، الإصدار الأول ٠٢, ٢ الزء الأول، مقدمات، المقدمة الرابعة: في بيان أول شبهة وقعت في الملة الإسلامية، وكيفية انشباعها ومن مصدرها ومن مظهرها..

(٣) محەممەدی کوڕی سەعد لە (الطبقات الكبرى) دەڵێت: (عەلی کوڕی حوسەین لەلای دەرگای کەعبە ڕاوەستا و موختاری بە نەفرەت کرد، پیاوێك پێی وت: خوا بەقوربانی تۆم کات تۆ موختار بە نەفرەت

**لەوانەیە ترسناکترین فیکرە کە کیسانییەکان دایانهێنا بێت بریتی بووە لە ڕاڤە کردنی (ئایین) بە (پیاوان)، وتویانە (ئایین بریتییە لە گوێڕایەڵی بۆ پیاوێك کە ئیمامە هەر کەسێك ئیمامی نەبێت ئایینی نییە) ئەمەش وای لە کیسانیەکان کرد کە بنەما شەرعییەکان وەك: نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەج و ئەوانی تریش بە پیاو ڕاڤە بکەن. ئەمەش وای لە هەندێکیان کرد کە دوای گوێڕایەڵ بوونیان بۆ ئیمام واز بێنن لە بابەتە شەرعییەکان[1].**

**کیسانییەکان بنچینەکانی تیۆری (ئیمامەتی خواییان) دامەزراند و بانگەشەی ئەوەشیان کرد کە ئیمامەتی خوایی تەنها سیاسەتێك نییە بەڵکو چەند مانای بەرزو بڵند لەخۆ دەگرێت، وتیان: ئیمام نهێنی زانستەکانی لایە، شارەزایە لە جێبەجێ کردنی پەیڕەوی ئاسۆکان بەسەر دەروونەکان و ئەندازە کردنی ئایەتە دابەزیوەکان بەهۆی تەئویل و وێنەکێشانی ڕووی دەرەوەی بەندە بە پێی دەروونی بەندەکە. و وتیان: (هەر دیارێك لایەنێکی پەنهانی هەیە، هەر مرۆڤێك ڕۆحێکی هەیە، هەر ئایەتێك تەئویلێکی هەیە، هەر نمونەیەك لەم جیهانە ڕاستیەکە لەم**

---

**دەکەی لە کاتێکدا ئەو خەڵکی لە پێناو ئێوەدا سەر بڕیوە، عەلی کوڕی حوسەین وتی: بەڵکو درۆزنە درۆی بە دەمی خواو پێغەمبەرەوە دەکرد.**

**زەینولعابدین بە پشتیوانەکانی دەوت: ئەی خەڵکینە بە ئیسلام ئێمەتان خۆش بوێت، خوێشەویستیتان ڕانەوەستا تا بووە ناشرینی بۆ ئێمە. بە ئیسلام ئێمەتان خۆش بوێت بە ڕاستی وتەی واتان لەبارەی ئێمەوە وت تا واتان کرد خەڵکی ڕقی لێمان بێتەوە. هەندێك کەس هاتنە لای عەلی کوڕی حوسەین و ستایشیان کرد و پێیان هەڵدا، ناوبراو وتی: ئای چەند درۆزنن و چەند بوێرن لە شکاندنی سنووری خوا، ئێمە لە کەسە چاکەکانی هۆزەکەمانین، ئەمەش بەسە بۆ ئێمە کە لە کەسە چاکەکانی هۆزەکەمان بین). ٥/٢١٤:**

http//www.yasoob.com/books/htm١/m٠١٢/٢٤/no٢٤٠٨.htm١

**(١) أبو الفتح الشهرستاني، الملل والنحل، الإصدار ٢,٠٢ الجزء الأول، الباب الأول: المسلمون، الفصل السادس: الشيعة ١_ الكيسانية، والأشعري القمي سعد بن عبدالله، المقالات والفرق ٢٧.**

جیهانــەدا، ئــەو حــوکم و نهێنیانــەی لــە ئاســۆکاندا بڵاوبوونەتــەوە لــە مرۆڤــدا کۆبوونەتـەوە، ئەمـەش ئـەو زانسـتەیە کـە عـەلی ڕەزای خـوای لێبێـت بـە نهێنـی داویەتە کوڕی خۆی محەممـەدی کـوڕی حەنیفـە، کـوڕی حەنیفـەش ئـەم نهێنیـەی داوەتە کوڕەکەی خۆی باوکی هاشم، هـەر کەسێك ئـەم زانستەی تێدا کۆببێتـەوە ئــــــــەو کەســــــــــە بەڕاســــــــــتی ئیمامــــــــــــە)[1].

دیـارترین نیشـانەی تـری بزوتنـەوەی کیسـانی بـریتی بـوو لـە بـاوەڕ بـوون بـە مەهدبوون و پەنهان بوون. مەهدی بوون لەو کاتدا بریتی بوو لە بەرچاوڕوونی و پێگەیشتن و چاکێتی، مختار وەسفی مەهدی بوونی بۆ محەممـەدی کـوڕی حەنیفـە بەکارهێنا بەو هیوایەی ڕاپەڕێت و جڵەوی ڕابەرایـەتی شیعە بەدەستەوە بگرێت لـەو کاتـەی کـە لـە ململانـێ دابـوو لەگـەڵ ئەمەوییـەکان و مەڕوانییـەکان. کاتێـك محەممــەدی کــوڕی حەنیفــە کۆچــی دوایــی کــرد بــێ ئــەوەی ڕابپــەڕێت ئــەوا شوێنکەوتووانی تووشی بێ هیوایی و شڵەژان بوون و وتیان خـۆی پـەنهان کـردووە لە چیای (ڕیزوا)، هەندێکی تریان وتیان زیندووەو نەمردووە و چاوەڕێیان کرد بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ. شاعیری کیسانی (کەسیری عیزە) وتویەتی:

ألا إن الأئمة من قـــريش　　ولاة الحـــــق أربعة ســـواء
علي وثلاثة مـــن بـــنيه　　هم الأسباط ليس بهم خفاء
فسبط سبط إيمان وبــــر　　وسبط غيبته كربـــــــلاء
وسبط لا يذوق الموت حتى　　يقود الخيل يقدمهاء اللواء
تغيب لا يرى فيهم زمـــانا　　برضوى عند العسل والماء

---

(١) الشهرستاني الملل والنحل ١/ ١٥٠ – ١٥٢.

واتە: بێگومان ئیمامە ڕاستەکان چواری یەکسانن لە قوڕیشن، و عەلی و سێ لە کوڕەکانی پێکهێنەری ڕەچەڵەکی نەوەی پێغەمبەرن، نەوەیەك بنچینەی باوەڕو چاکەیە پەنهان بوونەکەیشی لە کەربەلا بوو، نەوەیەکیش تامی مردن ناچێژێت تا دەست بە ئاڵاوە پێشڕەوایەتی ئەسپەکان نەکات، بۆ ماوەیەك ئەم نەوەیە لەناو خەڵك ون بوو و خۆی لە چیای ڕیزوا حەشاردا و هەنگوین و ئاوی لایە.

شاعیرێکی تری کیسانی (سەید ئیسماعیل حمیری) وتویەتی:

ألا حـــــي مقيم بشعب رضوى     وأهـــــد له بمنزله سلاما

وقل يا ابن الوصي فدتك نفسي     أطلت بذلك الجبل القماما

وما ذاق ابن خولة طعم مــوت     ولا وارت له الأرض عظاما

لقد أمسى بجانب شعب رضوى     تراجعه المــــلائكة كـلاما

وإن له رزقـــا كـــــل يــــــوم     وأشربة يعل بها الطعـــاما

أضــر بمعشــر والـــــوك منا     وسمــوك الخليفة والإماما

وعادوا فيك أهل الأرض طـرا     مقامك عنهم سبعين عاما

واتە: بەڕاستی کەسێك نیشتەجێی چیای ڕیزوایە لە ڕێگەی خانووەکەیەوە سڵاوی بۆ ڕەوانە بکە، بڵێ ڕۆحم بەقوربانت کوڕی ڕاسپێرراو بەڕاستی مانەوەت لەو چیایە زۆری پێچوو، بەڕاستی کوڕی خەولە تامی مردنی نەکردووەو زەویش هیچ ئێسکێکی ئەوی ژێرخاك نەکردووە، کات بەسەر دەبات لە پاڵ دۆڵی ڕیزوا بە گفتوگۆکردن لەگەڵ فریشتەکان، ڕۆژانە ڕزق و ڕۆزی خۆی هەیە و چەند

خواردنەوەیەکی بۆ هەیە کە زۆر بەتام و بەچێژن، زیانی بە کۆمەڵێك گەیاند و نێردراویش لە ئێمەیە، تۆیان بە خەلیفە و ئیمام ناوناوە، خەڵکی بە کۆمەڵ لێت پاشگەز بوونەتەوە، بەڕاستی دووربوون و ونبوونی تۆ لەبەرچاوی خەڵکی حەفتا ساڵی بەسەر چووە.

لادان و سەرگەردان بوون بە شێوەیەکی زۆر ڕوون لە ناو ڕیزەکانی کیسانییەکان درەوشایەوە، لە دەرکەوتنی چەند بزوتنەوەیەکی زیادەڕۆچوو و پەڕگیر کە لە بازنەی ئیسلام دەرچوون، بەهۆی ئەوەی بانگەشە خوایەتیان بۆ ئال و بەیت و پێغەمبەرایەتیان بۆ هەندێك لە سەرکردەکانیان دەکرد، وەك تاقمی کەربیەکان یان حەربییەکان (دەدرێنە پاڵ عەبدوڵای کوڕی عومەری موڕی حەرب یان کەربی کیندی)، تاقمی ناوبراو دەیوت: (عەلی خوای جیهانیانە و خۆی ون کردووە لەبەرچاوی خەڵك وەك ئێش و سزایەك بۆ ئەوان و لە ئایندەدا دەردەکەوێت، محەممەدی کوڕی حەنیفە محەممەدی مەهدییە و نەمردووەو بۆی نییە بمرێت، بەڵام ناوبراو ونبووەو نازانێت لە کوێیە، لە ئایندەدا دەردەکەوێت و جڵەوی حوکمڕانی زەوی دەگرێتە دەست و لە دوای پەنهان بوونی ئەو هیچ ئیمامێکم نییە بۆیە دەبێت بگەڕێتەوە)[1].

دەستەیەك لە کەربییەکان جیابووەوە بە سەرکردایەتی (حەمزەی کوڕی عومارەی بەربەری یان یەزیدی)، ئەم دەستەیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە محەممەدی کوڕی حەنیفە خوای گەورەیە (پاك و بەرزی بۆ خوای گەورە). و حەمزە پێغەمبەرو ئیمامە و لە ئاسمانەوە حەوت هۆکاری بۆ دادەبەزن بەمەش زەوی ڕزگار دەکات و

---

(١) الأشعري القمي، المقالات والفرق ٢١، والنوبختي، فرق الشيعة ١٨ _ ٢٠.

دەیخاتە ژێر دەستی خۆی، هەندێك لە خەڵکی شاری مەدینە و کوفە شوێن ئەم بانگەشەیە کەوتن[1].

حەمزەی بەربەری هەوڵیدا خۆی بخزێنێتە ناو شیعەکانی ئیمامی باقر، بە هاوەڵانی دەوت: (هەموو شەوێك جەعفەر دێتەلام) باقر وتی: (درۆ دەکات نەفرەتی خوای لێبێت، شەیتان ناتوانێت خۆی بێنێتە سەر شێوەی پێغەمبەرو ڕاسپێرراوی پێغەمبەر). بەڵام حەمزەی بەربەری هەر بەردەوام بوو لەسەر بانگەشەکەی تا سەردەمی ئیمامی صادق، ناوبراو گوێبیستی بانگەشەی بەربەری بوو، بۆیە پرسیاری لە زورارە کرد و وتی: پێم بڵێ حەمزە واگومان دەبات باوکی من دێتە لای؟ زورارە وتی: بەڵی، صادق وتی: (سوێند بەخوا تەنها _ موتەکەون _ دەچێتە لای، ئیبلیس شەیتانێکی بەسەر ئەودا زاڵ کردووە کە ناوی _ موتەکەون_ە، ئەم شەیتانە بەهەر وێنەیەك بیەوێت دەتوانێت خۆی بۆ خەڵك بنوێنێت، ئەگەر بیەوێت لە وێنەیەکی گەورە یان لە وێنەیەکی بچوکدا خۆی دەنوێنێت، سوێند بەخوا ئەم شەیتانە ناتوانێت لە سەر وێنەی باوکم خوی بنوێنێت)[2].

دوو بزتنەوەی تر لە بزوتنەوەی بەربەری جیابوونەوە بە سەرکردایەتی دوو پیاو لە تیرەی (نەهد) کە خەڵی کوفە بوون، بە یەکێکیان دەوترا: صائید، بە ئەوەی تریان دەوترا: بەیانی کوڕی سەمعان، ناوبراو وتویەتی: (عەلی خوایە، بەشێکی خوا لەگەڵ لاشەی عەلی تێکەڵ بووە، دواتر لەگەڵ جەستەی کوڕەکەی محەممەدی کوڕی حەنیفە ئاوێتە بووە، پاشان لەگەڵ باوکی هاشم کە کوڕی محەممەدی کوڕی

(١) هەر دوو سەرچاوەکەی پێشوو.

(٢) الخوئي، معجم الرجال رقم ٤٠٥٧_ عن الكشي...

حەنیفەیە یەکی گرتووە، دواتر لەگەڵ لاشەی بەیان تێکەڵ بووە). ناوبراو بۆچوونی وابوو کە باوکی هاشم بریتییە لە مەهدی پەنهان بوون و پشتیوانی بەدیهێنراوان و لە ئایندەدا دەگەڕێتەوەو کاروباری خەڵك ڕاییدەکات و حوکمڕانی زەوی دەگرێتە دەست و هیچ ڕاسپێرراوێك لە دوای ئەو نییە. بەیانی کوڕی سەمعان بانگەشەی ئەوەشی کرد کە باوکی هاشم ئەوی وەك جێنشینی خۆی دیاریکردووە لە دوای خۆی. ناوبراو پەیامێکی نووسی بۆ باقر و تیایدا داوای لێکردبوو کە دان بنێت بە پێغەمبەرایەتی ئەو و وتبوی: (ئەگەر ملکەچ بی سەلامەت دەبی و لە پەیژەو پلیکانەکان سەردەکەوی و ڕزگارو دەوڵەمەند دەبی، بەڕاستی تۆ نازانی خوای گەورە پێغەمبەرایەتی و پەیام لە کوێ دادەنێت، تەنها ڕاگەیاند لەسەر پێغەمبەرە، بەڕاستی کەسێك ئاگادار کرابێتەوە پاساوی نییە)[1].

بەیان لەسەر بانگەشەکەی بەردەوام بوو تا خالیدی قەسری لە ساڵی ١١٩ك کوشتی.

بزوتنەوە پان و پۆڕەکەی شیعە بەتایبەت دوای لە خۆگرتنی خزمەتکارەکان، تووشی دەردو نەخۆشی زیادەڕۆچوون بوو، لەو کاتدا فیکرەی زیادەڕۆچووان لەناو هەندێك لە تاقمە شیعەکان بڵاوبووەوە: (تا وای لێهات وتیان ئیمامەکان خوان و ئێمەش پێغەمبەرین و ئیمامەکان پەیامبەرن ئێمەش فریشتەین، دەدوێن لەبارەی تارماییەکان و گەڕانەوی ڕۆحەکان لە جەستەی تردا، ئەمانە دەڵێن ژیان تەنها ژیانی دونیایە و ڕۆح تەنها لە جەستەیەکەوە دەچێتە جەستەیەکی تر و بەس و

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٣٤، والبغدادي، الفرق بين الفرق ٢٨، عەبدولقاهری بەغدادی دەڵێت: بەیانییەکان پێیان وابووە کە ڕۆحی خوا چووەتە ناو جەستەی یەك لە دوای یەکی پێغەمبەران و ئیمامەکان تا گەیشتۆتە عەلی و لەویشەوە بۆ محەممەدی کوڕی حەنیفە، دوای ئەو گوێزراوەتەوە بۆ هاشمی کوڕی محەممەد ، پاش هاشم ڕۆحی خوا ئاوێتە بووە لەگەڵ لاشەی بەیانی کوڕی سەمعان. بەمە بانگەشەی خوایەتی بەیانی کوڕی سەمعانیان کرد. البغدادي، الفرق بين الفرق ٢٤١.

دوارۆژ و زیندوو بوونەوەو لێپرسینەوە بێ بنەماو پوچن، ڕۆحەکان ئەگەر باش بوون یان خراپ ئەوا لە جەستەیەکی تردا دەگەڕێنەوە دونیا جا یان خۆشی یاخود سزا دەچێژن لەم جەستەیەدا، جەستەکان بریتین لە بەهەشت و دۆزەخ، ڕۆحەکان دەگوێزرێنەوە لە جەستەی باشی مرۆڤ کە لە ژیانیاندا خۆشی تێدا دەکەن بۆ چەند جەستەیەکی خراپی تر کە وەك سزایەك بۆیان وەك: جەستەی سەگ و مەیمون و بەراز و مارو دووپشك و شێرو قالۆچە، جا لە لاشەیەکەوە دەچنە ناو لاشەیەکی ترەوە بەمەش سزا دەدرێن تا هەتایە، جەستەکان بریتین لە بەهەشت و دۆزەخی ئەوان و قیامەت و زیندووبونەوەو بەهەشت و ئاگر جگە لەوەی باسمان کرد بوونی نییە، خراپی و باشی سزاکەیان بە ئەندازەی کردەوەکانیان و نکۆڵی کردن و سەرپێچی کردنی ئیمامەکانیان دەبێت، جا جەستەکان تێکدەشکێن و بەردەبنەوەو کاوڵ دەبن و بۆیە ڕۆحەکان لە قالب و لاشەیەکی تردا دەگەڕێنەوە جا یان ئەوەتا خۆشی دەکەن یاخود سزا دەچێژن، ئەمە مانای گەڕانەوەو دووبارە زیندووبوونەوەیە لەلای ئەوان)[1].

نوبەختی بنەڕەتی ئەو زیادەڕۆچوونەی بڵاوبووەوە لەناو تاقمە شیعەگەراکان دەگێڕێتەوە بۆ (خەرمەدینیەکان و مزدەکییەکان و بێ دینیەکان و ڕۆژگارپەرستەکان) و دەڵێت: (ئەمانە سەرچاوەی زیادەڕۆچوونن نەفرەتی خوایان لێبێت، ئەمانە کۆکن لەسەر بە خوا دانەنانی خوای پاك و باڵادەست و خاوەن شکۆ و دەڵێن خوا ئاوێتەیە لەگەڵ جەستەی بەدیهێنراو و لاشە و شوێنی نیشتەجێ بوونی خوایە، خوا ڕووناکی و ڕۆحە لە جەستەیەکەوە دەچێتە جەستەیەکی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تاقمە ناوبراوانە ڕاجیان لەبارەی سەرکردەکانیان

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٣٦.

هەندێکیان لەوانەی تر خۆیان بەری دەکەن و هەندێك هەندێکی تر بە نەفرەت دەکەن)[1].

## موغەیرییەکان

بزوتنەوەیەکی تری شیعە کاریگەر بوو بە فیکری زیادەڕۆچوو، ئەم بزوتنەوەیە بە سەرکردایەتی (موغەیرەی کوڕی سەعیدی عیجلی _خزمەتکاری بجیلە _) کە لە ئیمامی محەممەدی باقر جیابووەوە، موغەیرە دەیوت ئیمامی عەلی لە پێغەمبەران بەرزو گەورەترە و یەکسانە لەگەڵ پێغەمبەر، ناوبراو سەرەتا واگومانی برد کە باقر ئەوی وەك ئیمام ڕاسپاردووە تا مەهدی (محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن) دەردەکەوێت، بەڵام دواتر زیادەڕۆچوونەکەی زیاتر بوو و بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی پێغەمبەرە و جبریل سروشی بۆ دێنێت لەلایەن خواوە، والی ئەمەوییەکان لەشاری کوفە خالیدی کوڕی عەبدوڵای قەسری لەساڵی ١١٩ك دەستگیری کرد و پرسیاری لێکرد لەبارەی بانگەشەکەی ئەویش دانی پێدانا و تەنانەت داوای لە خالی کرد دانی پێدا بنێت، خالید داوای لێکرد کە تۆبە بکات بەڵام تۆبەی نەکرد، بۆیە خالید کوشتی و لەسێدارەی دا. بەڵام موغەیرییەکان دانیان بە مردنی موغەیرەدا نەنا و وتیان زیندووەو نەمردووە[2].

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٤٦، مزدەکییەکان بریتین لە شوێنکەوتووی مزدەك، ناوبراو لە سەردەمی قوبادی باوکی (ئەنوشێروان) دەرکەوت، ناوی کتێبەکەی کە بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکرد کە بۆی دابەزیوە بریتییە لە (دیستاو)، بۆچوونی ئەمانە هاوشێوەی مانوییەکانە لەبارەی هەر دوو بنەڕەتی ڕووناکی و تاریکی، مزدەکییەکان بریتین لەوانەی شتە قەدەغەکراوەکانیان حەڵاڵ کرد و پێیان وابوو خەڵکی لە سەروەت و سامان و ئافرەتەکان هاوبەشە...

(٢) النوبختي، فرق الشيعة ٦٢_٦٣.

بۆچوونی موغەیرییەکان هاوشێوەی بۆچوونی زیادەڕۆچووانی پێشوو بوو (کیسانی و حەربی و کەربی و جەناحی و راوەندی و بەیانییەکان) کە بنەڕەتی فیکرەکە لەسەر گەڕانەوەی ڕۆح لە جەستەیەکی تردا (تەناسوخ) و ئاوێتەبوونی ڕۆحی خودا لەگەڵ جەستەی بەدیهێنراو (حلول) دامەزراوە.

### مەنصورِییەکان

لەپاڵ یان کەمێك لە دوای بزوتنەوەی موغەیرییەکان بزوتنەوەیەکی تر بە سەرکردایەتی مەنصوری عیجلی بە دەرکەوت، ناوبراو بەهەمان شێوە پێشتر بانگەشەی لایەنگیری شیعەکانی ئیمامی باقری دەکرد، لە خەڵکی دەشتەکانی شاری کوفە بوو، نەخوێنداور بوو و دەستی نووسینی نەبوو، بەڵام لە دوای کۆچی دوایی کردنی باقر بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەرکی ئیمامەتی پێ ڕاسپێرراوە، باقر ئەوەی کردۆتە ڕاسپێرراوی خۆی لەدوای خۆی، دواتر زیادەڕۆچوونی زیاتر بوو تا گەیشتە ئەوەی وتی: عەلی کوڕی ئەبو تالیب و حەسەن و حوسەین و عەلی کوڕی حوسەین و محەممەدی کوڕی عەلی پێغەمبەرو پەیامبەر بوون. دواتر پلەی ئیمامەکانی بەرزکردەوە تا بردیە ئاستی خوایەتی. پاشان دواتر ئەبو مەنصور بانگەشەی پێغەمبەرایەتی و پەیامداری بۆ خۆی و شەش لە کوڕو نەوەکانی کرد و شەشەمی بە مەهدی ناساند، گومانی وابوو کە جبریل لەلایەن خواوە سروشی بۆ دێنێت، خوا محەممەدی بە قورئان ڕەوانەکردووە، ئەبو مەنصوریشی بە تەئویل ناردووە، خوا ئەوی بە خۆشەویستی خۆی هەڵبژاردووە، بانگەشەی ئەوەشی کرد کە خوای مەزن ئەوی بەرز کردۆتەوە بۆ لای خۆی و زۆر لە خۆی نزیك کردۆتەوەو دەستی بەسەر سەری ئەودا هێناوەو بە زمانی سریانی پێی وتوە: کوڕەکەم، (یان بە فارسی پێی وتوە: کوڕەکەم).

خالیدی کوڕی عەبدوڵای قەسری هەوڵی دا دەستگیری بکات و زۆریش پێی ماندوو بوو، تا یوسفی کوڕی عومەری سەقەفی والی عێراق لە ساڵی ١٢١ك لە سەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولەلیك دەستگیری کرد و کوشتی[١].

دوای ئەمە پیاوێك لە خەڵکی مەدائین بەناوی (عەبدوڵای کوڕی حارس) هەڵسا کە کوڕی بێ دینی بوو و ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە بڵاوکردنەوەی فیکرە لادەرەکان (زیادەڕۆچووەکان) لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا لە ساڵی بیستەکانی سەدەی دووەمی کۆچی، ناوبراو لایەنگیری بزوتنەوەی عەبدوڵای کوڕی معاویەی کرد کە هەڵسا بە هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی ئەمەوییەکان لە ساڵی ١٢٩ك، زۆربەی ئەندامانی بزوتنەوەی ناوبراوی خزاندە ناو زیادەڕۆچوون و دانان بە گەڕانەوەی ڕۆح لە جەستەیەکی تردا و داپۆشین و خول (دور)، ئەوانی بەم شتانە هەڵخەڵەتاند تا وای لێکردن هەموو فەڕزو سوننەت و شەریعەت فڕێ بدەن، بانگەشەی ئەوەشی کرد کە ئەمە بریتییە لە مەزهەبی جابری کوڕی عەبدوڵای ئەنصاری و جابری کوڕی یەزیدی جەعفەییە سەرباری ئەوەی لەم مەزهەبە بەرین[٢].

---

(١) بەڵام بزوتنەوەکەی بە تەواوی لەناو نەچوو بەڵکو دواتر کوڕەکەی (حوسەینی کوڕی ئەبو مەنصور) لە سەردەمی مەهدی عەبباسی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی کرد، سەرکەوتوو بوو لە ڕاکێشانی شوێنکەوتووی زۆر بۆ خۆی، بەڵام مەهدی ناوبراوی لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانی کوشت و لە سێدارەی دا. النوبختي، فرق الشیعة ٣٨، والکشي ١٩٦.

(٢) النوبختي، فرق الشیعة ٣٤.

## بزوتنەوە زیادەڕۆچووە عەبباسییەکان

به لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەی عەباسی، ئەو بزوتنەوەیە بەشێك بووە لە بزوتنەوە پان و پۆڕەکەی شیعە و بەتایبەت لقێك بوو لە کیسانییەکان، جا محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبباس شەرعییەتی خۆی دەبینیەوە لە وەسیەتەی کە باوکی هاشمی عەبدوڵای کوڕی محەممەدی کوڕی حەنیفە بۆی کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پشتی بە خزمەتکارەکان دەبەستێت، دیاردەی زیادەڕۆچوون بە سەرجەم لق و پۆپەکانی وەك: ڕاوەندییەکان و ڕەزامییەکان و هەریرییەکان و ئەبو موسلیمییەکان گوێزراوە بۆ ناو عەبباسییەکان، ئەم بۆچوونە ئەوانی کۆکردبووەوە: (ئیمام زانایە و هەموو شتێك دەزانێت و پێگەی ئیمام هاوشێوەی پێگەی پێغەمبەرە لە هەموو بوارێکدا، کەسێك ئیمامی نەناسی بێت ئەوا خوای نەناسیوە و باوەڕدار نییە بەڵکو بێ باوەڕو هاوبەشدانەرە). کەچی ڕاوەندییەکان (کە بریتین لە هاوەڵانی عەبدوڵای ڕاوەندی) وتیان: (ئیمام زانایە بە هەموو شتێك و تەنانەت ئیمام خودی خوایە _ پاك و بەرزی بۆ خوای گەورە _ کە ژیێنەرو مرێنەرە، _ ئەبو موسلم _ پێغەمبەرێکی پەیامدارە و غەیب زانە، ئەبو جەعفەری مەنصور ئەوی وەك پێغەمبەر ڕەوانە کردووە، شایەتیان لەسەر ئەوەدا کە مەنصور زانایە بەنهێنی و شاراوەکانی ئەوان و ئەمەیان بە ئاشکرا دەردەبڕی و بانگەشەشیان بۆ دەکرد، هەواڵی ئەمە بە مەنصور گەیشت جا مەنصور کۆمەڵێکی لەوان دەستگیر کرد و دانیان پێدانا و مەنصور داوای لێکردن تۆبە بکەن و واز لەو قسە پوچانەیان بێنن، کەچی وتیان: مەنصور پەروەردگارمانە و وەك شەهید دەمانکوژێت هەروەك چۆن پێغەمبەران و پەیامبەرانی خۆی کوشتووە لەسەر دەستی هەر

بەدیهێنراوێك كە خۆی ویستبێتی، هەندێك بە شت بەسەر داڕووخان و هەندێكی تری بە نقوم بوون و دڕندەی بەسەر هەندێكی تردا زاڵ كردووە و ڕۆحی هەندێكیشی لەناكاو كێشاوە[1].

## خەتابییەكان

لە سییەكانی سەدەی دووەمی كۆچی شەپۆلێكی تری زیادەڕۆچوون ڕووی كردە شیعەكان، ئەبو خەتاب (محەممەدی كوڕی ئەبو زەینەبی میقلاصی ئەسەدی كوفی) زیاد ڕۆچوو لە ئیمامی صادقدا و هەندێك لە فیكرەی تاقمە زیادەڕۆچووە پێشووەكانی تری شیعە وەرگرت وەك: كیسانییەكان و بەیانییەكان، وەك فیكرەی ڕاڤەكردنی ئایین بە پیاوان، ئەم فیكرەیە كۆمەڵێك لە شیعەكانی گومڕا كرد و

---

(١) النوبختي، فرق الشیعة ٥٢_٥٣.

ڕەزامییەكان لە خوڕاسان دەركەوتن لە سەردەمی ئەبو موسلیمی خوڕاسانی، بانگەشەی ئەوەیان كرد كە ڕۆحی خودا ئاوێتەی ئەبو مسلیم بووە، بەم هۆیە ئەبو موسلیم دژایەتی ئەوانی كرد، بەڵام بە نهێنی پەرەیان بەم پەیڕەوەی خۆیان دا و بەردەوام بوون تا جارێكی تر لە سەردەمی مەهدی عەبباسی بە ناوی (موقنیعییەكان یان موبیزەكان) دەركەوتن بە سەركردایەتی هاشمی كوڕی حەكیمی مەروەزی كە ناسرا بوو بە (موقنع)، ناوبراو بانگەشەی زیندوو كردنەوەی مردوو و غەیب زانینی دەكرد، مەهدی گەمارۆی داو لەناوی برد. خەرمییەكان بریتین لە شوێنكەوتووی بابكی خەرمی كە لە چیاكانی ئازربایجان لە ساڵی ٢٠١ك دەركەوتن و ژمارەیان ڕووی لە زۆربوون كرد و شتی قەدەغە كراویان حەڵاڵ كرد و زۆرێك لە موسڵمانانیان كوشت، خەلیفەكانی عەبباسی زۆر هێزیان ئامادەكرد بۆ جەنگ كردن لەگەڵیان بەسەركردایەتی ئەفشینی حاجب و محەممەدی كوڕی یوسفی تەغری و ئەبی دەلفی عیجلی و هێزەكان بۆ ماوی بیست ساڵ جەنگیان لەگەڵ ئەواندا كرد تا ئەو كاتەی بابك و براكەی ئیسحاقی كوڕی ئیبڕاهیم لە ساڵی ٢٢٣ك لە سەردەمی موعتەصم دەستگیر كران و لە شاری سامەڕا لە سێدارە دران بابك. (النوبختي، فرق الشیعة ٤٧).

وای لێکردن کە هیچ پەرستشێك ئەنجام نەدەن بەڵکو تەنها گوێڕایەڵ کردنی ئال و بەیت بە بەس بزانن[1].

ئەبو خەتاب لە بۆچوونە پووچەڵەکانی دا بەرەو پێشتر دەچوو و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئیمامی صادق غەیب دەزانێت و فریشتەی دێنە لای و قسەی بۆ دەکەن و (بەردەوام گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات) دواتر زیادەڕەوی کرد و وتی هەر ئیمامێك پێغەمبەرە[2].

ئەبو خەتاب بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەبو جەعفەری صادق ئەوی کردۆتە ئیمام و ڕاسپێرراو لە دوای خۆی و ناوی مەزنی خوای گەورەی پێ وتوە. ناوبراو هەوڵی دەدا خۆی بە ئیمامی صادقەوە بنوسێنێت و وا بۆ خەڵکی دەربخات کە زۆر نزیکە لە ئیمامی صادقەوە[3]. بانگەشەی ئەوەشی دەکرد: کە ئیمانلا صادق دەستی

(١) ئیمامی صادق پەیامێکی بۆ ئەبو خەتاب نووسی: (پێم گەیشتووە کە تۆ پێت وایە زینا پیاوە، مەیی پیاوە، نوێژ پیاوە، ڕۆژوو پیاوە، کارە ناشرین و خراپەکان پیاون، بێگومان تۆ بە هەڵەداچووی، بەڕاستی ئێمە بنەڕەتی ڕاستین، لق و پۆپەکانی ڕاستی بریتییە لە گوێڕایەڵی خودا، دوژمنی ئێمە بنەڕەتی خراپەیە، لق و پۆپەکانیان کارە دزێو و خراپەکانن، چۆن گوێڕایەڵی کەسێك دەکرێت کە نەناسرێت، چۆن کەسێك دەناسرێت کە گوێڕایەڵی نەکرێت). الخوئي، معجم الرجال (١٠٠١٢) عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي ح رقم ٤.

(٢) ڕۆژێك یەکێك لە هاوەڵانی ئەبو خەتاب کە ناوی (مەعلای کوڕی خەنیس)ە لە شاری مەدینە لەگەڵ (عەبدوڵای کوڕی ئیبن ئەبی یەغفور) گفتوگۆ دەکات، مەعلا دەڵێت: (هەر ئیمامێك پێغەمبەرە). کەچی ئیبن ئەبی یەغفور دەڵێت: (ئیمامەکان زانای لە خواترس و پارێزگارن)، هەر دووکیان چوونە لای صادق، جا کاتێك مەجلیسەکە گرێدرا ئەوا ئیمامی صادق پێش ئەوان قسەی کرد و وتی: عەبدوڵای من بەریم لەو کەسەی کە وتویەتی: (ئێمەی ئیمام پێغەمبەرین) رجال الكشي ١٩٢_١٩٣.

(٣) موعاویەی کوڕی عەمار ئەمەی ئاشکرا کرد، هەروەك دەڵێت: چەند شتێکم پێ گەشت بوو لەبارەی صادقەوە، منیش بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای صادق، لەو کاتە کە من لەوێ بووم ئەبو خەتابیش هاتە ژوورەوەو هێشتا ناوبراو لە مەجلیسەکە بوو بە ئیمامی صادقم وت: ئەبو خەتاب ئاواو ئاوای لە تۆ

**خستۆتە سەر سنگی ئەو و پێی وتوە: (تێبگە و وەربگرە و لەبیری مەکە!) و جارێکی تر پێی وتوە: (دەفری زانستمان و نهێنی پارێزمان و ئەمینداری زیندوو و مردوومان)[1].**

**دوای ئەمە ئەبو خەتاب زیاتر زیادەڕەوی کرد و بانگەشەی خوایەتی کرد بۆ ئیمامی صادق و ئەم ئایەتەی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٞ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَٰهٞ﴾[2] الزخرف: ٨٤. ڕاڤەی کردووە بەوەی خوای زەوی ئیمامی صادقە[3]. پاشان بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی پێغەمبەرو پەیامبەری ئیمامی صادقە. پاشان**

---

گێڕاوەتەوە، وتی: درۆیە، منیش: هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە گوێبیستی ببوین و نکۆڵیمان لێدەکرد لەبارەی یەك بەیەك پرسیارم لە صادق کرد، ئەویش هەر دەیوت: درۆیە، ئەبو خەتاب تا ئەندازەیەك شڵەژا کە ڕیشی صادقی گرت، منیش شەقێکم لە دەستی دا و پێم وت: دەستت لابەرە، ئەبو خەتاب وتی: باوکی قاسم هەڵمەستە، صادق وتی: کارێکی هەیە، تا سێ جار ئەم داوایەی کرد و هەر جارە صادق دەیوت: کارێکی هەیە. صادق وتی: ئەبو خەتاب دەیویست پێت بڵێت: صادق ئەم شتانە بە من دەڵێت بەڵام لە تۆ دەشارێتەوە، جا تۆ ئاواو ئاوا بە هەواڵانم بگەیەنە. رجال الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب ح رقم ٩.

(١) الخوئي، معجم الرجال (١٠٠١٢) عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي ح رقم ٥.

(٢) واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە هەر ئەو خوای ئاسمان و خوای زەویشە). (وەرگێڕ).

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢، ئەم بۆچوونە تەئویلی ئەم ئایەتەیە بوو: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٞ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَٰهٞ﴾ کە خوای ئاسمان جیاوازە لە خوای زەوی، جا پێشتر (بەنانی هیندی) ئەم تەئویلەی داهێنا و ئیمامی صادق بەنانی بە نەفرەت کرد و وتی: (سوێند بەخوا خوای ئاسمانەکان و زەوی تەنها خوای مەزنە کە هاوبەشی نییە، بوونی خوای ئاسمان و خوای زەوی درۆی بەنانی هیندی بوو نەفرەتی خوای لێبێت، خوا و مەزنایەتی خوای بچوك کردەوە).

**ئەبو خەتاب بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی لە توخم و ڕەگەزی فریشتەکان و نێرراو و بەڵگەی ئاسمانە بەسەر دانیشتوانی زەوییەوە[(١)].**

**خەتابییەکان لەشاری کوفە تەلیبیەیان بە ناوی صادقەوە کرد[(٢)]. هەندێکیان چوونە شاری مەدینە و لە بەردەم ئیمامی صادق هاواریان کرد: (لبيك جعفر بن محمد لبيك) واتە: وەڵامی تۆمان دایەوەو شوێن داوای تۆ کەوتین ئەی جەعفەری کوڕی محەممەد. جا ئیمامی صادق بە تووڕەیی و لەرزەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە لەبەر ئەو شتەی گوێبیستی ببوو و لە شوێنی نوێژکردنەکەی کرنووشێکی برد و دەم و چاو و ڕووخساری لە خاك و خۆڵ وەردا و ملکەچی بۆ خودا نواند و خۆی بەری کرد لەو هاوارەی کە بەناوی ئەوەوە دەکرا.**

## موفەویزەکان یان موفەزیلییەکان

**یەکێك لە ئەندامانی پێشووی (خەتابییەکان) کە بریتی بوو لە (موفەزەلی کوڕی عومەری جەعفی، کە لە ساڵی ١٧٩ك مردووە) [(٣)] دابەزی لە پلەی خوایەتی و**

---

(١) ئەبو خەتاب ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای پاك و بەرزی کرد: واتە: بە سروش کە لەلایەن خواوە بۆی دێت، بانگەشەی ئەوەشی کرد کە هەموو باوەڕدارێك سروشی لەلایەن خواوە بۆ دێت بۆیە ئەو پێغەمبەرە. ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە لە سوڕەتی (النحل)ی ڕاڤە کردووە: ﴿ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ آل عمران: ١٤٥. بەوەی ئەگەر سروش بۆ هەنگ دروست بێت ئەوا لەپێشترە کە بۆ ئێمە دروست بێت. و ئەم ئایەتەی تەئویل کردووە: ﴿ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـۧنَ ﴾ المائدة: ١١١. بەوەی مەبەست لە حەوارییەکان کە لە ئایەتەکەدا ئاماژەی پێدراوە تاقمی خەتابییەکانە...

(٢) رجال الكشي ١٩٢_١٩٣.

(٣) نەجاشی لەبارەیەوە وتویەتی: (موفەزەلی کوڕی عومەری باوکی عەبدوڵایە، وتراوە باوکی محەممەدی جەعفی کوفییە، خاوەن ڕاڕەو مەزهەبێکی گەندەڵە و گێڕانەوەکانی ناجێگیرن و بایەخیان بۆ دانانرێت. وتراوە: یەکێك بووە لە خەتابییەکان، باسی چەند دانراوێکی کراوە کە جێگای پشت

بانگەشەی بۆ پێ سپاردن (تەفویز)ی کرد [1]. واتە: خوا کاری بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی و ژیان و مردن و لێپرسینەوە لە دوارۆژدا بە ئیمامی صادق و ئیمامەکانی ئال و بەیت سپاردووە، موفەزەل تاقمێکی دامەزراند بەناوی (موفەویزەکان) یان (موفەزلییەکان)[2]. ئەمانە فیکرە پووچەڵەکەیان دەدایە پاڵ ئیمامی صادق، یەکێکیان کە ناوی مالیکی جیهنییە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئێمە لە مەدینە بووین کاتێك شیعە دەرکەوت، شیعەکان بوونە چەند تاقمێك، ئێمەش لەلایەکی شارەی مەدینە نیشتەجێ بووین و خۆمان کەنارگیر کرد و دەستمان کرد بەباس کردنی بۆچوون و پلەو پایەو گەورەیی شیعەکان تا بابەتی خوایەتیمان بە خەیاڵدا هات، ئێمە هەستمان بە هیچ شتێك نەکرد لە ناکاو صادقی باوکی عەبدوڵامان بینی کە لەسەر گوێدرێژ ڕاوەستاوەو نەمانزانی لە کوێوە هات. وتی: ئەی مالیك و ئەی خالید! کەی قسەکردنتان داهێنا لەبارەی خوایەتی؟ وتمان: هەرگیز بە خەیاڵماندا نەهاتووە جگە لەم کاتژمێرە نەبێت، وتی: چاك بزانن خوایەکمان هەیە بە شەو

---

پێبەستن نین، بەڵام ئێمە لەبەر مەرجی پێشوو باسمان کرد. ئیبن غەزائیری لەبارەیەوە وتویەتی: (لاوازە، تێکگیراوە، قسەی زل دەکات، یەکێکە لە خەتابییەکان. زۆر شتی لەسەرە و زیادەڕۆچووان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو فەرمایشتەکانی ئەویان وەرگرتووە، دروست نییە فەرموودەکانی بنووسرێن، شتی لە باوکی عەبدوڵا و باوکی حەسەن گێڕاوەتەوە). ئیبن داود لە کتێبەکەیدا (الرجال) و عەلامە لە کتێبەکەیدا (الخلاصة) وتەی ئیبن زەغائیریان هێناوەو دەستیان پێوەگرتووە.

(١) کشی وتویەتی: تەیاری زیادەڕۆچوو لە هەندێك لە کتێبەکانیدا ئەمەی لە موفەزەلەوە هێناوە کە وتویەتی: لەگەڵ باوکی ئیسماعیل واتە باوکی خەتتاب حەفتا پێغەمبەرن کوژران و هەر یەکەیان باوکی خەتابیان بینیوەو لە پێناویدا تیاچوون، موفەزەل وتویەتی: ئێمە دوازدە کەس بووین چووینە لای صادقی باوکی عەبدوڵا: ناوبراو سڵاوی لە یەکە یەکەی ئێمە کرد و تاك تاك لە ئێمە بەناوی پێغەمبەر ناو دەنا، بە هەندێکمانی وت: سڵاوت لێبێت ئەی نوح، بە هەندێکی تریان وت: سڵاوت لێبێت ئەی ئیبراهیم، سڵاوی لە دوایین کەس کرد لە ئێمە و پێی وت: سڵاوت لێبێت ئەی یونس، دواتر وتی: هیچ پێغەمبەرێك لەوەی تر مەزنتر نییە...

(٢) رجال الكشي ١٤٥.

بەڕۆژ دەمانپارێزێت و ئێمەش دەیپەرستین، ئەی مالیك و ئەی خالید چیتان دەوێت ئاوا لەبارەی ئێمەوە بڵێن بەڵام وەك بەدیهێنراو ڕەفتارمان لەگەڵ بکەن، ئەمەی چەند جارێك بە ئێمەی وت و هەر لەسەر پشتی گوێدرێژەکەی بوو[١].

کەسێکی تر بە ناوی (ئیسماعیلی کوڕی عەبدولعەزیز) گێڕاویەتیەوە: کە ئیمامی صادقی باوکی عەبدوڵا جارێك فەرمانی پێکردووە کە ئاوی بۆ تێبکاتە ناو ئەو دەفەرەی دەستنوێژی تێدا دەشورێت، ناوبراو سەری سوڕماوە چونکە بۆچوونی وابوو کە صادق خوایە و لە دەروونی خۆیدا وتی: من بۆچوونم ئاواو ئاوایە کەچی ئەو دەچێتە شوێنی دەستنوێژ شووشتن دەستنوێژ دەشوات! زۆری پێنەچوو باوکی عەبدوڵا هاتە دەرەوەو وتی: (ئیسماعیل باڵاخانە لە توانای خۆی بەرزتر مەکەرەوە گەرنا دەڕووخێت، وەك بەدیهێنراو دامان بنێن و هەر چیتان دەوێت لەبارەی ئێمەوە بڵێن هەر بە مەبەستەکەتان ناگەن)[٢].

کەسی سێیەم لەم دەستەیە کە ناوی کاملی تەمارەیە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ڕۆژێکیان من لەلای صادقی باوکی عەبدوڵا بووم و پێی وتم: (خوایەکمان بۆ دیاری بکە تا بۆ لای بگەڕێینەوە؟ جا چۆنتان دەوێت ئاوا لەبارەی ئێمەوە بدوێن)[٣].

---

(١) كشف الغمة ٢٣٧ من كتاب الدلائل للحميري.

(٢) بصائر الدرجات ٦٤ و ٦٥.

(٣) آمالي الصدوق ١٣٠، موفەزەل (ئەبو جەعفەر) کە محەممەدی کوڕی سینانی زاهیری هەمەدانییە لە ساڵی ٢٢٠ك مردووە لە شوێنی خۆی بەجێهێشت. ئیبن زەغائیری لەبارەیەوە دەڵێت: لاوازە، زیدەڕۆچووە، فەرمووده هەڵدەبەستێت، بایەخی پێ نادرێت. محەممەدی کوڕی سینان لە باوکی جەعفەری دووەم (محەممەدی جەواد)ی گێڕاوەتەوە گوایە وتویەتی: (خوای گەورە هەر بە تەنها و تاك بوو و دواتر محمد و عەلی و فاتیمەی بەدیهێنا، ناوبراوان هەزار ساڵ مانەوە پاشان خودا هەموو شتێکی بەدیهێنا و پیشانی ئەوانی دا و گوێڕایەڵی ئەوانی بەسەر هەموو شتێکدا پێویست کرد و

ئەم زیادەڕۆچووە (موفەویزانە) کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئیمامی صادق مۆڵەتی بەوان داوە بە ناوی ئەو بدوێن، هەڵسان بە داڕشتنی جۆرێك لە زیادەڕۆچوونی پڕ مەترسی ئەویش بریتی بوو لە بۆیاخ کردنی ئیمامەکان بە سیفەت و کارەکانی خودا و بەرزکردنەوەیان و تێپەڕاندیان لە پلەی مرۆڤ بوون. موفەویزەکان جیاواز بوون لەگەڵ زیادەڕۆچووانی تر کە ئیمامەکانیان بە خودا دادەنا بەوەی موفەویزەکان دانیان بەوە دادەنا کە ئیمامەکان بەدیهێنراون و دروستکراون و لەمێژینە و بێ سەرەتا نین سەرباری ئەوەش بەدیهێنان و ڕۆزی دانیان هەر دەدایە پاڵ ئیمامەکان و بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە خودا ئەوانی بە تایبەت بەدیهێناوە، دواتر خودا بەدیهێنانی جیهان و کردەوەکانی بەوان سپاردووە.

بۆچوونی سپاردنی بەدیهێنانی جیهان و کردەوەکان بە ئیمامەکان لەلای موفەویزەکان خاڵی دەستپێك بوو بۆ نکۆڵی کرد لە کوژران و مردنی ئیمامەکان یان تووش بوونیان بە جۆرەها سزا، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە تێڕوانینی ئەوان ئیمامەکان هەڵسوکەوت لە جیهاندا دەکەن جا چۆن دەبێت ڕووداوەکان بەسەر ئەواندا بێن. هەر لەبەر ئەمە ڕووداوەکانیان بە ڕاڤەیەکی شاراوەیی شرۆڤی

---

کاروباری بەدیهێنراوانی بەم سێیانە سپارد (لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: کاروباری بەدیهێنراوانی بەوان سپارد لە بواری حوکم و هەڵسوکەوت و ڕێنمایی کردن و فەرمان و ڕێگری لە بەدیهێنان دا، لەبەر ئەوەی ئەوان گەورە حوکمڕانن ئەوا خاوەنی فەرمانن و گەورەو ڕێنوونیکارن، ئەو سێیانە دەرگا و نوێنەرو پەردەی خودان) ئەوانە چیان بوێت حەڵاڵ یان حەڕامی دەکەن و شتێکیان ناوێت کە خوا نەیەوێت. دواتر وتی: ئەی محمد ئەمە ئایینەکەیە کە هەر کەسێك پێشی بکەوێت لێی دەرچووە، هەر کەسێك لێی پاشکەوێت لەناوچووە، هەر کەسێك پێیەوە پابەند بێت بە مەبەست دەگات، دەی بۆ خۆت ببە ئەی محەممەد ). الصفار بصائر الدرجات ١١٢.

دەکرد، بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە وێچون لە نێوان کەسێکی تر و ئیمامەکان دروست بووەو خودی ئیمامەکان دووچاری ئەم ڕووداوانە نابن.

## عەلیائییەکان

لەسەر تیۆری ئاوێتە بوونی ڕۆحی خودا لەگەڵ بەدیهێنراودا، پیاوێکی تر کە ناوی (بەشاری شەعیری) بوو هاتبووە ناو ڕیزی شیعەکانی ئیمام جەعفەری صادق وتی: عەلی خوایە، عەلی وەك هاشمی و عەلەوی دەرکەوت و ئەوەی بە دەرخست کە بە محەممەدی بوون بەندە و پێغەمبەری خوایە. ناوبراو تێڕوانینی کۆك بوو لەگەڵ خەتابییەکان لەبارەی چوار کەس: عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین. و واتای فاتیمە و حەسەن و حوسەین تێکهەڵکێشە و لە ڕاستیدا بریتیە لە خودی ئیمامی عەلی، چونکە عەلی لە پێش ئەوانەوەیە لە ئیمامەت و گەورایەتی دا، نکوڵی لە پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) کردووەو پێی وابوو: محەممەد بەندەی (ع) و (ع = ب)، ع نیشانەی عەلییە و ب نیشانەی خوایە، واتە گومانیان وابوو محەممەد بەندەی عەلییە، عەلیش خودایە، پاك و بەرزی بۆ خودا لەم شتە پڕو پووچانە[1].

شەهرستانی لەبارەی ئەمانەوە وتویەتی: ئەوانە بریتین لە هاوەڵانی عەبائی کوڕی زارعی دوسی و هەندێك وتویانە لە تیرەی ئەسەدییەن. ناوبراو عەلی پێ گەورەتر بوو لە پێغەمبەر ((ﷺ))، گومانی وابوو کە عەلی پێغەمبەری ڕەوانەکردووە، بۆیە عەلی بە خوا ناونا. سەرزەنشتی پێغەمبەری ((ﷺ)) دەکرد بەوەی کە عەلی ئەوی ڕەوانەکرد تا بانگەوازی بۆ بکات کەچی بانگەشەی بۆ خۆ کرد، ئەم تاقمە بە (زەمییەکان) ناونراون. هەندێکی تریان وتیان ئال و بەیت هەموویان هەر خوان

(١) رجال الكشي ٢٥٢ و ٢٥٣، الشهرستاني، الملل والنحل ٢٩٣/١.

بەڵام عەلی لە حوکمە خواییەکان لە هەمووان لە پێشترە و بە (عەینییەکان) ناسراون. هەندێکی تریان دەڵێن محەممەد و عەلی هەر دووکیان خوان و محەممەد لە خوایەتی دا بە بەرزتر دادەنێن، ئەمانە بە (مەیمیەکان) ناسراون. هەشیانە وتویەتی سەرجەم کەسانی ژێر عەباکە: محەممەد و عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین خوان، هەر پێنجیان یەك شتن و ڕۆحی خوا بە یەکسانی لەگەڵیان تێکەڵ بووە[1].

## موخەمیسەکان

تاقمێکی تر لە عەلیائییەکانەوە دروست بوو و جیابووەوە بە ناوی موخەمیسەکان، ئەمانە بۆچوونیان وابوو خودای باڵادەست و خاوەن شکۆ بریتییە لە محەممەد، محەممەدیش لە پێنج تارمایی و وێنەی جیاواز دەرکەوتووە، وێنەی محەممەد و عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین، پێیان وابوو کە چوار لەم پێنجانە یەك شت و یەك ڕاستین و جیاواز نین و وێنە و واتاکەیان بریتییە لە محەممەد، چونکە یەکەم کەسە کە دەرکەوتووە و یەکەم وتەبێژە هاتۆتە گۆ و هەر بەردەوام بە زاتی خۆی لە ناو بەدیهێنراوەکانی ئامادەیە و لە هەر وێنەیەك بیەوێت بە دەردەکەوێت.

ئەم تاقمە بیروباوەڕی زۆر پوچەڵ و گەندەڵی هەیە و زۆربەیان لە دەرەوی وێچوان و گەڕانەوەی ڕۆح لە جەستەیەکی تردا دەخولێتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خوای گەورە خۆی لە شێوەی ڕووناکی بۆ خەڵك دەرخست و بانگی کردن بۆ یەکتایی خۆی بەڵام خەڵك پەسەندیان نەکرد، دواتر لە دەروازەی تۆبە و

(١) الشهرستاني، الملل والنحل ١٥٦، والأشعري القمي، المقالات والفرق ٥٦.

پەیام دەرکەوت کەچی هەر نکۆڵیان کرد، پاشان لە شێوەی ئیمامەتدا دەرکەوت بەمە خەڵك قبوڵی کرد. لەلای ئەمانە لایەنی دیارو ڕووکەشی خوای مەزن بریتییە لە ئیمامەت، ناوەڕۆکی ئیمامەت بریتییە لە خودی خودای گەورە، ئەمە ڕیبازی و تێڕوانینی ئەمانەیە بۆ سەرجەم پێغەمبەران و پادشاکان هەر لە ئادەمەوە تا دەرکەوتنی محەممەد ((ﷺ)). دواتر وتیان پێشینان وەك باوکی خەتاب و بەیانی تەبان و صائیدی نەهدی و موغەیرەی کوڕی سەعید و حەمزەی کوڕی عەماری بەربەری و بەزیعی حائیك و سیڕی و محەممەدی  کوڕی بەشیری شەعیری.... ئەمانە پێغەمبەرە دەروازە ئاساکانن بەڵام بە ناو و جەستەی جیاواز. ئەم تاقمە بۆچوونی وایە کە شەریعەتەکان بۆ تاقیکرانەوەی مرۆڤ دانراون و هەموو ئەو شتانەی خودا قەدەغەی کردووە ڕێپێدراوە، شتە قەدەغەکراوەکان بریتین لە چەند پیاو و ئافرەتانێك کە سەرانی بێ باوەڕی و کوفرن، تێکڕای پەرستش و فەڕزەکان هەر لە ڕۆژوو و حەج و زەکات.... بریتین لە کۆت و بەند کە لەسەر خەڵکی نکۆڵی کارو ملنەدەر پێویست کرابوون، سەبارەت بە زینا و مەیی و نێربازی و شتە قەدەغە کراوەکانی تریش بریتین لە چەند پیاو و ئافرەتێك ئەگەر پشتیان نەگری و خۆیان لێ دوور بخەیتەوە ئەوا بێگومان خۆت دوورگرتووە لەو شتانەی خودا لەسەر تۆی قەدەغە کردووە.

ئەم موخەمیسانە پێیان وابوو کە ئەم پێنج تارمایی و وێنانە لەگەڵ جەستەی چەند کەسانێك ئاوێتە بوونە کە بەڕێوەبردنی جیهانیان پێ سپێردراوە و لەلایەن خواوە فەرمانیان پێکراوە کە ئەم ئەرکە بەرپا بکەن، خوا لەلای ئەوانە عەلییە کە پێنج کەسی ڕەوانە کردووە کە بریتین لە: سەلمانی فارسی، عەماری کوڕی یاسر، میقدادی کوڕی ئەسوەدی کیندی، ئەبو زەڕی غەففاری، عومەری کوڕی

ئومەییەی صەمیری، ناوبراوان لەلایەن خواوە _ واتە: عەلییەوە _ فەرمانیان پێکراوە کە کاروبارو بەرژەوەندییەکانی دونیا بەڕێوە ببەن و سەلمان سەرۆکی ئەم پێنجانەیە.

## بەشیرییەکان

هەروەك هەندێك لە زیادەڕۆچووان چوونە ناو شوێنکەوتووانی ئیمامی صادق، ئەوا بەهەمان شێوە چوونە ناو ڕیزی شیعە و پشتیووانانی باقری باوکی صادق و بزوتنەوە پێشووەکانی تری شیعە، هەندێك لە زیادەڕۆچووانی تر دزەیان کردە ناو ڕیزی شیعەکانی ئیمام موسای کوڕی جەعفەری کازم، دەستیان کرد بە درۆ هەڵبەستن بە دەمی ئیمام موسا، یەکێك لەمانە محەممەدی کوڕی بەشیر بوو، ناوبراو خەڵکی کوفە بوو و یەکێك بوو لە خزمەتکارەکانی خانەوادەی ئەسەد[١]. دەیوت موسا خوایە و منیش پێغەمبەرم، وەك زیادەڕۆچووانی پێشووتری. باوەڕی بە گەڕانەوەی ڕۆح هەبوو لە جەستەیەکی تردا و پێی وایە ئیمامەکان بریتین لە یەك کەس، کە لە سەدەیەکەوە دەگوازرێنەوە بۆ سەدەیەکی تر. گومانی وایە کە هەر کەسێك بدرێتە پاڵ محەممەد ئەوا ئەوە کەسە برتییە لە ماڵ و کات و بارودۆخ، محەممەد یش خودایە و ئاوێتە بووە لەگەڵ لاشەی هەر کەسێك کە شوێنکەوتووی بێت و درابێتە پاڵی، نە کەسی لە محەممەد بووەو نە لە کەس بووە، محەممەد خۆی داپۆشیوە بەو پەردانە[٢]، هاوەڵانی بەشیر پێیان وابوو کە لەلایەن خوداوە تەنها نوێژ کردن و (پێنج یەك: خمس) و ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزانی لەسەر ئەوان پێویست کردووە، نکۆڵیشیان دەکرد لە زەکات و حەج و

(١) الكشي في ترجمة محمد بن بشير.

(٢) ئەگەرێ مەبەستی لەو پەردانە لاشە و جەستەی شوێنکەوتووانی بێت. خوا زاناترە. (وەرگێڕ).

سەرجەم فەرزەکانی تر. وتیان شتە قەدەغەکراوەکان و شەرمگە (عەورەت) و هاوڕەگەزبازی ڕێپێدراون، ئەم ئایەتەیان لەم بارەوە بە بەڵگە هێناوەتەوە: ﴿ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا ﴾ الشورى: ٥٠.[1] واتە: (یان لە هەر دووك جۆر؛ بەهەندێك خێزان دەبەخشێت لە کچ و کوڕ)[2].

دواتر محەممەدی کوڕی بەشیر وتی: موسا لە ناو بەدیهێنراوانی دا دیار بوو و هەموو ئەویان دەبینی، خۆی پیشانی خەڵکی نوورانی دەدات بە نوور و خەڵکی خراپ بە خراپ لەسەر شێوەی مرۆڤ بە خوێن و گۆشت، پاشان لە پێش چاوی بەدیهێنراوان ون بوو کەچی ئامادەش بوو، بەڵام ئەوە هەیە بەدیهێنراوان ناتوانن ببینن وەك چۆن پێشتر دەیانتوانی ببینن[3].

محەممەدی کوڕ بەشیر بۆنەی کۆچی دوایی کردنی ئیمامی کازمی بە شێوەیەکی ناڕۆشن لە بەندیخانەی ڕەشید لە شاری بەغداد قۆستەوە تا بەهۆیەوە خۆی بخزێنێتە ناو ڕیزی واقیفییەکان کە دەیانوت ئیمام کازم پەنهان بووەو لە بەندیخانە هەڵاتووە و نەمردووەو بەند نەکراوە بەڵکو ونبووەو خۆی حەشارداوەو مەهدی چاوەڕوانکراوە. محەممەدی کوڕی بەشیر وتی: موسای کوڕی جەعفەری کازم ئەوی لە شوێنی خۆی داناوە لە کاتی پەنهان بوونەکە وەك سەرپەرشتیاری ئوممەت و بە ڕاسپێرراوی خۆی دیاری کردووەو ئەنگوستیلەکەی خۆی و زانستی

---

(١) رجال الكشي ٢٩٧_٢٩٩.

(٢) واتای ئایەتەکە تەواو جیایە لەگەڵ مەبەستی ئەو زیادەڕۆچووانە، بەڵام هەر سوور بووم لەسەر نووسینی واتاکەی تا خوێنەر بێ بنەمایی و گەندەڵی ڕاڤەکەیانی بۆ دەربکەوێت. (وەرگێڕ).

(٣) رجال الكشي ٢٩٧، سێ جار ئیمامی کازم بەنەفرەتی کردووەو خوێنی حەڵاڵ کردووە، لە خوا پاڕاوەتەوە کە سزای بدات بە ئاسنی گەرم. هەمان سەرچاوە ٢٩٧.

لەبارەی سەرجەم ئەو شتانە پێداوە کە لەبارەی دین و دونیای خەڵکی ژێر دەستی پێویستی پێ دەبێت، هەموو کاروبارەکانی خۆی ڕادەستی ئەو کردووەو لە شوێنی خۆی داناوە، بۆیە ئەو لە دوای کازم ئیمامە. دواتر محەممەدی کوڕی بەشیر وەسیەتی ئیمامەتی کرد بۆ کوڕی خۆی (سەمیع) و ئەوەی ناوبراو وەسیەتی بۆ بکات ئەوا لەسەر ئوممەت پێویستە ملکەچ و گوێڕایەڵ بێت بۆی و مافی بدەن لە پارەو سامان و سەرجەم ئەو شتانەی کە پێی لە خوا نزیك دەکەونەوە تا کاتی دەرکەوتنی موسای کوڕی جەعفەری کازم، پێویستە لەسەریا ئەم شتانە بدەنە ڕاسپێرراوەکانی محەممەدی کوڕی بەشیر تا کاتی دەرکەوتنی ئیمام کازمی مەهدی. شوێنکەوتووانی محەممەدی کوڕی بەشیر پێیان وابوو کە عەلی کوڕی موسا و موسای کوڕی جەعفەرو منداڵەکانی ناوبراو کە بانگەشەی ئیمامەتیان کردووە درۆزنن و لەدایکبوونەکەیان خاوێن و باش نەبووە، بۆیە لەسەر ڕەچەڵەکی خۆیان لایاندان و تەکفیریان کردن بەهۆی ئەوەی بانگەشەی ئیمامەتیان کردووە، تەکفیرو ماڵ و خوێنی ئەو کەسانەشیان حەڵاڵ کرد کە دانیان بە ئیمامەتی ئەواندا ناوە[1].

لە سەردەمی کازم و لە ڕۆژانی مەهدی عەبباسی بزوتنەوەی (مەنصورییەکان) بەسەرکردایەتی کوڕی سەرکردەی پێشووی (حوسەینی کوڕی ئەبو مەنصور) دووبارە دەرکەوت، ناوبراو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد، سەرکەوتوو بوو لە ڕاکێشانی شوێنکەوتووی زۆر، بەڵام مەهدی کوشتی و لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵانی لە سێدارەی دا[2].

---

(١) رجال الكشي ٢٩٧ _ ٢٩٩.

(٢) النوبختي، فرق الشيعة ٣٨.

## فوڕاتییەکان یان ئەوانەی لە ئیمامی ڕیزادا زیاد ڕۆچوون

لەو کاتەی کە محەممەدی کوڕی بەشیر دوژمنایەتی ئیمام عەلی کوڕی موسای ڕیزای دەکرد، ئەوا کۆمەڵێکی تری زیادەڕۆچوو درێژبوونەوەی ڕێبازی خەتابی و عەلیائییەکانیان پێکدەهێنا و هەوڵی دەدا بێتە ناو ڕیزی شیعەکانی ڕیزاوە بەسەرکردایەتی پیاوێك بەناوی (محەممەدی کوڕی موسای کوڕی حەسەنی کوڕی فوڕاتی بەغدادی)، ناوبراو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەرگای ئیمامی ڕیزایە و پێغەمبەرە[1].

## نەصیرییەکان

کوڕی فوڕات فیکرو بۆچوونە شەیتانییەکانی بەجێهێشت بۆ کۆمەڵە کەسێك لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆچی، ئەمانەش چەند کەسێکن لەم کۆمەڵەیە: (سەجادی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو عوسمان) و (عەلی کوڕی حەسکەی جەوازی قومی) و قوتابییەکانی: (قاسمی یەقتینی شەعرانی) و (حەسەنی کوڕی محەممەد، کە ناسراوە بە ئیبن بابای قومی) و (محەممەدی کوڕی موسای شەریعی) و (محەممەدی کوڕی نەصیری نەمیری فەهری) و (فارسی کوڕی حاتەمی قەزوینی). ئەمانە لە قوم و کوفە و بەغداد بانگەشەی پشتگیری و لایەنگیری ئال و بەیتیان دەکرد و بەتایبەت بۆ ئیمامی عەلی کوڕی محەممەدی هادی و حەسەنی عەسکەری، بەڵام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان دەرگای[2]

---

(١) ئیبراهیمی کوڕی مەهدی کوڕی مەنصوڕ ئەوی کوشت کە ناسراوە بە (ئیبن شەکەلە).

(٢) پێم وابێت مەبەست لە دەرگابوون بریتییە لە ڕێگای گەیشتن بەو ئیمامانە، واتە ئەوانە بریکارو نوێنەری ئەو دوو ئیمامەن. خوا زاناترە. (وەرگێڕ).

دوو ئیمامە ناوبراوەکەن، کەچی هەندێکیان وەك: نەمیری و ئیبن بابا پێیان وابوو کە هادی ئەوانی وەك پێغەمبەر بۆ خەڵکی ڕەوانە کردووە[1].

کوشی دەڵێت: هەندێك لە هاوەڵانمان پەیامیان نووسی بۆ ئەبو حەسەنی عەسکەری: (بەقوربانت بم گەورەم، عەلی کوڕی حەسکە پێی وایە کە لە لایەنگرانی تۆیە کەچی بۆچوونی وایە کە تۆ خوای تاقانە و لە مێژینەی، خۆیشی وەك دەرگا و پێغەمبەری تۆ ناساندووە، ئایا تۆ فەرمانت پێکردووە ئەمە بکات، پێی وایە نوێژوو و زەکات و حەج و ڕۆژوو بریتین لە ناسینی تۆ و هاوشێوەکانی ئیبن حەسکە کە دەرگا و پێغەمبەرن، کەسێك ئەمانە بناسێت باوەڕداری تەواوەو بەندایەتی کردن بە ڕۆژوو و نوێژو حەجی لەسەر لاچووە، باسی هەموو یاسا و شەریعەتی ئایینی کردووە کە بەوەی بریتییە لەو مافەی کە بۆ تۆ چەسپاوە، خەڵکی زۆر دوای بانگەشەی ئەو کابرایە کەوتوون ئەگەر پێت باش بێت بفەرمووی لە ڕێی خزمەتکارەکانت وەڵامێك بدەیەوە تا لە ڕووخان و لەناوچوون ڕزگاریان بکەیت).

محەممەدی کوڕی نەصیری فەهری نەمیری دەیوت ئیمامی هادی عەلی کوڕی محەممەدی عەسکەر خوای پەروەردگارە، خۆیشی پێغەمبەرو پەیامبەریەتی،

---

(١) تا ئێستاش هەندێك لە زانایانی زانستی ناسینی کەسەکان (علم الرجال) گێڕانەوەکانی ئەم زیادەڕۆچووانە وەردەگرن و دەڵێن: (ئەو گێڕانەوانەیان وەردەگیرێن کە لەو کاتانەدا گێڕاویانەتەوە کە جێگیر بوون و هێشتا گومڕا نەببوون، جا ئەو کاتەی گێڕانەوەکە دەگێڕنەوە ئەو کاتە ڕەچاو دەکرێت نەك ئەو کاتەی کە وەرگەڕاون، جا ئەگەر گێڕانەوەکە لەو کاتە بێت کە دامەزراوە ئەوا کاری پێدەکرێت، ئەو گێڕانەوانەش کە لە کاتی گومڕایی و لاداندا بن ئەوا کاریان پێناکرێت و ڕەت دەکرێنەوە، جا ئەو گێڕانەوانە هی ئەم زیادەڕۆچووانە بن یاخود هی کەسانێکی تر بن کە لە بیروباوەڕو بنەڕەتدا لەگەڵ ئێمە جیاوازن) .

باوەڕی بە گەڕانەوەی ڕۆح هەبوو لە جەستەیەکی تردا، پێی وابوو کە قەدەغەکراوەکان ڕێپێدراون و مارەبڕینی پیاوان لە کۆمەوە حەڵاڵە و دەیوت: کاراو بەرکار لە نێربازیدا یەکێکن لە حەزو شتە پاکەکان، خوداش شتی پاکی قەدەغە نەکردووە[1].

هەندێك لە زیادەڕۆچووان بەردەوام بوون لە بانگەشە کردن پێ سپاردن (تەفویز) بۆ ئیمامەکان تا دوای کۆچی دوایی کردنی ئیمامی عەسکەری، هەروەك ئەبو حەسەنی عەلی کوڕی ئەحمەدی دەلالی قومی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (هەندێك لە شیعەکان ڕاجیابوون لەبارەی ئەوەی ئایا خودا دەسەڵات و ئەرکی بەدیهێنان و ڕۆزیدانی بە ئیمامەکان سپاردووە یان نا؟ هەندێك وتیان: ئەمە شتێکی ئەستەمە و بۆ خودا دروست نییە، چونکە جگە لە خودا کەسی تر ناتوانێت جەستەکانی بەدیبهێنێت، ئەوانی تر وتیان: بەڵکو خودا ئەم توانایەی بە ئیمامەکان داوەو ئەرکی بەدیهێنان و ڕۆزیدانی بەوان داوە، مشتومڕێکی توندیان لەم بارەوە لە نێواندا دروست بوو، یەکێك وتی: بۆچی ناچنە لای محەممەدی کوڕی عوسمانی باوکی جەعفەری (نوێنەری دووەمی تایبەتی ئیمام مەهدی پەنهان) و پرسیاری لەوبارەوە لێبکەن تا ڕاستیتان لەوبارەوە بۆ ڕۆشن ببێتەوە، چونکە ناوبراو ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ئیمامی مەهدی، کۆمەڵەکە بە ناوبژیوانی محەممەدی کوڕی عوسمانی باوکی جەعفەر ڕازی بوون و داواکەیان پەسەند کرد، بابەتەکەیان نووسی و لە شاری بەغداد بۆیان ڕەوانەکرد، لەلایەن ناوبراوەوە ڕێنووسێك دەرچوو (وا گریمانە دەکرا لەلایەن ئیمام مەهدییەوەیە) ئەمەش دانەیەکی ڕێنووسەکەیە: (خوای مەزن جەستەکانی بەدیهێناوەو ڕزق و ڕۆزی دابەش

(١) الكشي ترجمة النميري.

کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوا جەستە نییە و ئاوێتە نەبووە لەگەڵ جەستە، هیچ شتێك هاوشێوەو هاووێنەی خودا نییە و بەڕاستی خوا بیسەرو بینەرە. سەبارەت بە ئیمامەکان ئەوا ئیمامەکان داوا لە خودا دەکەن و خوداش بەپێی داواکاری ئەوان شت بەدیدەهێنێت و ڕزق و ڕۆزی دەدات، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەی داواکەیان و گەورە کردنی پێگەو پلە و مافیان)[1].

## عەزاقیرەکان

دانان بە بۆچوونی ئاوێتە بوونی ڕۆحی خودا لەگەڵ بەدیهێنراودا درێژەی کێشا و بەردەوام بوو لەلایەن ئەو کەسانەی بانگەشەی نوێنەرایەتی تایبەتی ئیمامی مەهدییان دەکرد وەك: محەممەدی کوڕی عەلی شەلمغانی کە ناسراوە بە کوڕی ئەبو عەزاقیر، ناوبراو بریکاری حەسەنی کوڕی ڕۆحی نوبەختی (بریکاری سێیەمی مەهدی) بوو، دواتر لە ساڵی ٣٢٢ لە شاری بەغداد دەرکەوت و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕۆحی خوا ئاوێتەی جەستەی ئەو بووە، ناوی لە خۆ نا ڕۆحی پیرۆز، کتێبێکی بۆ شوێنکەوتووەکانی دانا و ناوی لێنا هەستی شەشەم، لە کتێبەکەدا بە ڕاشکاوی ئاماژەی بەوە داوە کە شەریعەت هەڵگیراوەتەوەو کاری پێ ناکرێت و نێربازی بەڕەوا دانا[2].

---

(١) المجلسي، بحار الأنوار ٢٥/ ٣٣٦_٣٤٤.

(٢) خەلیفە ڕازی بیللا توانی عەزاقیرو کۆمەڵێك لە هاوەڵانی دەستگیر بکات و بیانکوژێت و لە سێدارەیان بدات و دواتر بیانسوتێنێت و مشکییەکەی ئەوانی فڕێدا ناو ڕووباری دیجلە. البغدادي، الفرق بين الفرق ٢٤٩.

# بەشی چوارەم

# پەرەسەندنی شیعەگەرێتی لە حیزبێکی سیاسیەوە بۆ ڕاڕەو و مەزهەبێکی ئایینی

## دەروازەی یەکەم

### ئیمامی باقرو ململانێ لەسەر ڕابەرایەتی کردنی شیعە

لەو بارودۆخەی کە پڕ بوو لە زیادەڕۆچوون لە ئال و بەیتدا، بەشێوەیەك کە زیادەڕۆچووان خۆیان نەدەپاراست لەوەی پێغەمبەرایەتی و خوایەتی بدەنە پاڵ ئیمامەکان (هەروەك عەبدوڵای کوڕی سەبەء ئەمەی نواند لە ئاست ئیمامی عەلی، کیسانییەکان ئەمەیان نواند لە ئاست ئیمام محەممەدی کوڕی حەنیفە، جەناحییەکان ئەمەیان نواند لە ئاست عەبدوڵای کوڕی معاویەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەر، ڕاوەندییەکان لە ئاست عەبباسییەکان و خەتابییەکان لە ئاست جەعفەری صادق ئەمەیان کرد، جگە لەمانە چەندین تاقمی تری زیادەڕۆچوو). لەم بارودۆخەدا مەزهەبی ئیمامی چاوی بەدونیا هەڵهێنا و لەدایك بوو، ئەم مەزهەبە دەیوت ملکەچ بوون و گوێڕایەڵی کردنی ئیمامەکانی ئال و بەیت لەلایەن خواوە پێویست کراوەو هەر خودا ئەوانی دیاریکردووە بۆ ڕابەرایەتی کردنی موسڵمانان، ئیمامەکان بریتین لە درێژکراوەی پێغەمبەرایەتی، ناوبراوان زانستێکی تایبەتیان لەلایەن خواوە پێدراوە کە پێویستیان بە فێربوون و کۆشش (ئیجتهاد) نییە. ئیمامییەکان تیۆرەکەیان لەبارەی (ئیمامەتی خوایی) دایانە پاڵ ئیمام محەممەدی کوڕی باقر (٥٧_١١٤ك) و جەعفەری کوڕی محەممەدی صادق (١٤٨ك کۆچی دوایی کردووە)، کلینی لە کتێبی (الكافي)دا چەندین گێڕانەوەی گێڕاوەتەوە کە ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە هەر دوو ئیمامەکە تیۆری ناوبراویان پەسەند کردووەو تەنانەت بانگەشەشیان بۆ کردووە.

لەگەڵ ئەوەی گومانمان هەیە لەوەی ئەم گێڕانەوانە بە دەمی ئیمامی باقرو صادق هەڵبەسترابن ئەوا هەڵدەستین بە خستنەڕووی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) وەك چۆن لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئیمامییەکاندا هاتووە. بەر لەوەش هەڵدەستین بە نمایش کردنی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە باقرو صادق تێیدا بوون. دواتر هەڵدەستین بە هەڵسەنگاندنی و ڕەخنەگرتن لەو گێڕانەوانەی کە دراونەتەوە پاڵ دوو ناوبراوەکە و هەڵوێستشیان ڕوون دەکەینەوە لەبارەی تیۆری (ئیمامەت).

## ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە باقر تێیدا بوو

محەممەدی کوڕی عەلی باوکی جەعفەری باقر لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی خۆی بینیوە لەبەردەم کۆمەڵێك سەرکردەی شیعە کە ململانێ لەگەڵ یەکتر دەکەن وەك هاشمییەکان: شوێنکەوتووانی باوکی هاشمی محەممەدی کوڕی حەنیفە (٩٨ك کۆچی دوایی کردووە) و عەباسییەکان (ڕاوەندییەکان) کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد باوکی هاشم وەسیەتی کردووە (بۆ عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبباس، دواتر بۆ کوڕەکەی ئیبراهیمی ئیمام کە دەکاتە برای سەفاح و مەنصور)، جەناحییەکان بە سەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی معاویەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەییار، ناوبراو بانگەشەی ئەوەی کرد کە لەلایەن باوکی هاشمەوە وەسیەتی بۆ کراوە. و حەسەنییەکان بە سەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەن، لەپاڵ ئەمانەشدا بەیانییەکان (شوێنکەوتووانی بەیانی کوڕی سەمعانی نەهدی تەمیمی) و حەربییەکان

(شوێنکەوتووانی عەبدوڵای کوڕی عەمروی کوڕی حەربی کیندی) ئەوانە بانگەشەیان بۆ سەرکردایەتی خۆیان دەکرد و لەبارەی ڕابەرایەتی کردنی شیعە ململانێیان دەکرد. بۆیە باقر لە بەردەم ئەرکێکی گرنگ خۆی بینیوە کە وێنا دەکرێت لە ڕابەرایەتی کردنی شیعەکان و پیادەکردنی مافی خۆی وەك یەکێك لە هاشمییەکان.

## ستراتیژیەتی باقر لە سەرکەوتن بەرەو لوتکە

### أ_ دروشمی ئال و بەیت لە بەرامبەر عیترەت

لەبەر ئەوەی عەباسییەکان و تاڵیبییەکان (خانەوادەی جەعفەرو و خانەوادەی عەقیل) لە بانگەشەی ڕەوایی و شەرعییەتە سیاسییەکەیان پشتیان دەبەست بەوەی ئەوان لە عیترەت و ڕەچەڵەکی پێغەمبەرن؛ ئەمەش لە میانەی ئەو ڕاڤە تایبەتەی بۆ ئەم ئایەتەیان دەکرد: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ﴾ الشـــوری: ٢٣. کە بەپێی ئەو ڕاڤەیە هەموو خانەوادە هاشمییەکانی دەگرتەوە کە لەو کات ململانێیان بوو[1]. و فەرموودەی دوو شتە گرانبەهاکە

(١) عەبباسییەکان تاڵیبییەکان مشتومڕیان دەکرد لەسەر ئەوەی ئەوان لەگەڵ عەلەوییەکان نەوەی مامی پێغەمبەرن، هەموویان دەچنە ژێر یەك ناونیشان ئەویش خزمە نزیکەکانی پێغەمبەرە، چونکە عیترەت بەپێی زمانەوانی بریتییە لە خزمە نزیکەکانی پیاو، ئەوانەی لەگەڵ پیاوەکە بەشدارن لە خزمایەتی واتە: خزمە نێرینەکان. و بە کوڕەکانی پیاو و کوڕە مامەکانیانیش دەوترێت. هەروەك فەیروزئابادی لە فەرهەنگی (المحیط)دا دەڵێت: (العَتْر والعِتْر) کۆی: (عتور)ە واتە: نێرینە، دامێنە داپۆشراوەکان، (والعِتْرة): ڕەچەڵەکی پیاو، کۆمەڵەکەی، تیرەکەی ئەوانەی کە لێی نزیکن چ ئەوانەی مردوون چ ئەوانەی کە ماون.

(الثقلين): (دوو شتی گرانبەهام لە ناو ئێوەدا بەجێ هێشتووە: کتێبی خوا و عیترەت و ڕەچەڵەکەکەم)[1]. ئەمە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی

---

تەبەری باسی کردووە کە: (باوکی عەباس _ عەبدوڵای کوڕی محەممەدی کوڕی عەلی سەففاح _ کاتێك بەیعەتی پێدرا و چووە سەر دوانگە.... وتی: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئێمەی لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەر (ﷺ) و باوو باپیرانی ئەو لە دارو سەرچاوەی ئەو بەدیهێناوە، بەمەش جێگایە ئێمە لە ناو موسڵماناندا شوێنێکی بڵندە و بەمەش خودا کتێبێکی بۆ موسڵمانان دابەزاند کە دەخوێندرێتەوە هەروەك خوای باڵادەست لە یەکێك لە ئایەتە ڕاشکاوەکان _ موحکەمەکان _ی قورئاندا دەڵێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا ٣٣﴾ الأحزاب: ٣٣. واتە: "بەڕاستی خوا تەنیا دەیەوێت هەموو ناپاکی و ناسازی و نا دروستییەك لە ئێوە دووربخاتەوە ئەی خاوو خێزانی ماڵی پێغەمبەرو بە تەواوی پاکتان بکاتەوە". و دەفەرموویێت: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾ الشوری: ٢٣. واتە: "ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ: لەسەر ئەم جۆرە بانگەوازە هیچ جۆرە پاداشتێکم لە ئێوە ناوێت، تەنها خۆشەویستی و ڕێز نەبێت لە خزمایەتیدا". و دەفەرموویێت: ﴿وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ﴾ الشعراو: ٢١٤. واتە: "ئەی محەممەد (ﷺ) سەرەتا عەشیرەت و تایفە و کەس و کاری نزیکت بێدار بکەرەوەو بترسێنە". و دەفەرموویێت: ﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ﴾ الحشر: ٧. واتە: "ئەو دەستکەوتانەی، خوا بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لە خەڵکی دێهات و شارەکانی جوو، ئەوە خوا بڕیاری لەسەر داوە کە بۆ پێغەمبەرو خزمانیەتی و بۆ هەتیوانیشە ". هەروەها دەفەرموویێت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ﴾ الأنفال: ٤١. واتە: "_ ئەی ئیمانداران _ ئاگادار بن و بزانن کە: بەڕاستی هەر چییەکتان دەستکەوت _ لە جەنگی بێ باوەڕاندا _ ئەوە بێگومان پێنج یەکی بۆ خواو پێغەمبەرو خزمانی نزیکی پێغەمبەرو هەتیوانە...". خودای پایەبەرز گەورەیی ئێمەی بەوان ڕاگەیاندووە و ماف و خۆشویستنی ئێمەی لەسەر ئەوان پێویست کردووە، لە دەستکەوت و دەستمایەکانی جەنگ بەشی ئێمەی داوە ئەمەش وەك ڕێزو چاکەیەك بە ڕاستی خودا خاوەن چاکە و بەخششی مەزنە). تاریخ الرسل والملوك ٨٢/٦.

(١) فەرموودەی دوو شتە گرانبەهاکە بە چەند دەربڕینێك هاتووە، بۆ نمونە: من دوو شتی گرانبەها لە پێش خۆم لەناو ئێوەدا بەجێ دەهێڵم کتێبی خواو ڕەچەڵەکم. و هاتووە: ئال و بەیتەکەم. و بەشێوەیەکیش هاتووە کە عیترەت و ئال و بەیتی بەیەکەوە هێناوە: عیترەت و خزم و ڕەچەڵەکی ئال و بەیتەکەم. موسلیم لە باسی پلەوپایەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە بەشی پلەوپایەی هاوەڵاندا

به ڕەچەڵکی پێغەمبەرەوە هەیە، چونکە عیترەت بەپێی زمانەوانی بریتییە لە خزمە نزیکەکانی پیاو، ئەوانەی لەگەڵ پیاوەکە بەشدارن لە خزمایەتی واتە: خزمە نێرینەکان. و بە کوڕەکانی پیاو و کوڕە مامەکانیانیش دەوترێت. لەبەر ئەمە لەسەر باقر پێویست بوو کە بازنەی شەرعیەت تەسك بکاتەوەو بانگەشەی عەبباسی و تاڵیبییەکان پوچەڵ بکاتەوەو بانگەشەی خۆی بۆ ئیمامەت لەسەر بنەڕەتێکی نوێی جیاواز دابمەزرێنێت، بەڵگەیەکی بەهێزتر بخاتەڕوو کە مۆڵەتی پێبدات بە تەفرو توناکردنی دژەڕاکانی وەك بەراییەك بۆ بەدەستەوە گرتنی جڵەوی ڕابەرایەتی بە تەنها و خەڵکی بانگەشە بۆ ئەو بکات نەك بۆ کەسانی تر.

بەپێی دەرەنجامی هەندێك گێڕانەوە و بۆ ئەوەی باقر کوڕە مامەکانی لە ناو بازنەی ململانێ بەدەر بنێت، سەرەتا هەڵسا بە خستنەڕووی دروشمی (ئال و بەیت) لە بەرامبەر دروشمی (عیترەت: خزمە نزیکەکان) لەبەر ئەوەی

---

فەرموودەیەکی لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە هێناوە کە (ئال و بەیت) لە شوێنی (خزمە نزیکەکان و عترەت)ی داناوە. وتویەتی: (پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێك هەستا وتاری بۆ داین لەسەر ئاوێك ناودەبرا بە _ خوم _ لە نێوان مەککە و مەدینەدا، سوپاس و ستایشی خوای کرد، ئامۆژگاری کردین و یادی خستینەوەو لە پاشدا وتی: ئەی خەڵکینە ئاگاداربن منیش مرۆڤم نزیکە نێرراوی خوا بێت و منیش وەڵامی بدەمەوە "ئاماژەیە بۆ سەرەمەگ و مردن _ وەرگێڕ _" من دوو شتی گرانبەهاتان بۆ بەجێ دێڵم: یەکەمیان کتێبی خوایە کە ڕێنمایی و نووری تێدایە، دەست بە کتێبی خواوە بگرن و باوەشی پێدا بکەن، هانی دان بۆ پابەند بوون بە قورئانەوە، پاش ئەوە وتی: بنەماڵەکەم، بیرتان دەخەمەوە ئاگاداری بنەماڵەکەم بن، بیرتان دەخەمەوە ئاگاداری بنەماڵەکەم بن، بیرتان دەخەمەوە ئاگاداری بنەماڵەکەم بن، حوصەین پێی وت: خانەوادەی ئەو کێن؟ ئایا خێزانەکانی بنەماڵەی ئەو نین؟ وتی: خێزانەکانی لە بنەماڵەی ئەون، بەڵام بنەماڵەی ئەو ئەو کەسانەن کە لە دوای پێغەمبەر زەکات و بەخششیان پێ نەشێت، وتی: ئەوانە کێن؟ وتی: خانەوادەی عەلی و خانەوادەی عەقیل و خانەوادەی جەعفەرو خانەوادەی عەبباس). فەرموودەکە لە (سنن الترمذي) دا هاتووە هەردوو وشەکەی بەیەکەوە هێناوە (عیترەت و ئال و بەیت). ٣/٢٦.

عەبباسییەکان و تاڵیبییەکان دەستیان بەهی دووەمەوە دەگرت. لە شاری مەدینەدا وتاری دا و وتی: (پێغەمبەری خوا ئەو پەیامەی ڕاگەیاند کە پێی ڕەوانەکرابوو، جا پابەند بن بە وەسیەتەکەی ئەو و بەو دوو شتە گرانبەهایەی لەناو ئێوەی جێهێشتووە کە کتێبی خودا و ئال و بەیتی خۆیەتی، بەڕاستی هەر کەسێك دەست بەم دووانەوە بگرێت هەرگیز گومڕا نابێت و هەر کەسێکیش فەرامۆشیان بکات هەرگیز ڕێنموونی ناکرێت) و وشەی (ئال و بەیت) کە لە قورئاندا هاتووە: ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا ﴿٣٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٣٣. ڕاڤەی کردووە بەوەی مەبەستی لە ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی پێغەمبەرە، ئەوانەی پێغەمبەر وەسیەتی کردووە دەستیان پێوە بگرێت و فەرمانی کردووە شوێن پێیان هەڵبگیرێت[1]. و ناوبراو وتی: (سوپاس بۆ خوا هیچ کەسێك کەسێکی دیکە گومڕا ناکەین و هیچ کەسێکیش ڕێنووێنی و هیدایەت نادەین، دونیا تێکناچێت تا خوای گەورە کەسێك لە ئێمە _ لە ئال و بەیت _ ڕەوانە نەکات کە کار بکات بە کتێبی خودا و هەر کارێکی ناپەسەندیش لە ئێوە ببینێت ئەوا نکوڵی لێدەکات و بە ناپەسەندی دادەنێت)[2]. لە پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) گێڕایەوە کە وتویەتی: (من یەکەم کەسم کە لە دوارۆژدا دەچمە خزمەت خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ و دواتر کتێبی خوا و پاشان ئال و بەیتەکەم ئینجا ئوممەتەکەم، دواتر پرسیاریان لێدەکەم چیتان بە کتێبی خودا و ئال و بەیتەکەم کرد)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، الروضة ح رقم ٥٤٩٤ - ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٩٧.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب فضائل القرآن حديث رقم ٤.

لە میانەی هەوڵێکی تری باقر بۆ بەرپەرچدانەوەی عەبباسی و تاڵیبییەکان، ناوبراو هەڵسا بە بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوەی عەلەوییەکان و بەتایبەت فاتیمییەکان بریتین لە پشتی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بۆیە خۆی شیاوترە لە کەسانی تر بۆ ئیمامەت. و بۆ سەلماندنی زیاتر و نزیکتر بوونی خۆی لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لەبەرامبەر ئەوان ئەوا باقر بە یەکێك لە هاوەڵە نزیکەکانی خۆی وت کە ناوی (زیادی کوڕی مونزیری عەبد) بوو: باوکی جارود (عەبباسییەکان) چی بە ئێوە دەڵێن لەبارەی حەسەن و حوسەین؟ وتی: نکۆڵی لە ئێمە دەکەن لەوەی ئەوانە نەوەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بن، باقر وتی: ئەی بەچی بەڵگەتان لە دژی ئەوان هێنایەوە؟ وتی: بەم فەرمایشتەی خوای مەزن کە لەبارەی عیسای کوڕی مەریەمەوەیە (سڵاوی خوای لێبێت) بەڵگەمان لەسەر ئەوان بەرپا کردووە: (داود و سولەیمان و ئەیوب و یوسف و موسا و هاڕوونیش لە نەوەکانی ئەوان ئا بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە. و زەکەریا و یەحیای و عیسا) عیسای کوڕی مەریەمی لە ڕەچەڵەکی نوحی (سڵاوی خوای لێبێت) داناوە، باقری باوکی جەعفەر وتی: چیان بە ئێوە وت؟ وتی: وتیان: دەکرێ کوڕی کچ لە کوڕەکان بێت و لە پشت نەبێت. وتی: بەچی بەڵگەتان دژ بەوان هێنایەوە؟ باوکی جاڕود وتی: بەڵگەمان بەو فەرمایشتەی خوا هێنایەوە کە ئاراستەی پێغەمبەری ((ﷺ)) کردبوو: ﴿فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ نَدۡعُ أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمۡ﴾ آل عمران: ٦١. واتە: (پێیان بڵێ: وەرن با کوڕانی ئێمە و کوڕانی ئێوە، ئافرەتانی ئێمە و ئافرەتانی ئێوە، خۆمان و خۆشتان بانگ بکەین و ئامادە بین). باقری باوکی جەعفەر وتی: چیان وت؟ وتی: وتیان: لە وتەی عەرەبەکاندا هەندێ جار واهاتووە کە کابرا بە منداڵەکانی خۆی و ئەوانی

تر دەڵێت: کوڕەکانمان. باقرِی باوکی جەعفەر وتی: باوکی جارِود من بەڵگەیەکت پێدەدەم کە حەسەن و حوسەین لە پشتی پێغەمبەری خوان ((ﷺ)) و تەنها کەسێك ئەم بەڵگەیە ڕەت دەکاتەوە کە بێ باوەڕ بێت. باوکی جارود وتی: بە قوربانت بم ئەم بەڵگەیە لە کوێیە؟ باقر وتی: لەم ئایەتەدا کە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ ﴾ تەواوی ئایەتەکە تا گەیشتە ئەم فەرمایشتە: ﴿وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ ﴾ النساء: ٢٣. واتە: (_ ئیمانداران ئەم ئافرەتانە _ مارەکردنیان حەڕام کراوە لەسەرتان: دایکانتان، کچەکانتان، خوشکەکانتان..... هەروەها حەڕامە هاوسەری ئەو کوڕانەتان مارە بکەن کە لە پشتی خۆتانن _ واتە: بوکەکانتان _). باوکی جارِود: لێیان بپرسە کە ئایا بۆ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دروستە خێزانەکانی حەسەن و حوسەین لە خۆی مارە بکات؟ ئەگەر وتیان: بەڵێ دروستە؟ ئەوا گوناهو درۆیان کردووە، ئەگەر وتیشیان: دروست نییە ئەوا کەواتە حەسەن و حوسەین لە پشتی پێغەمبەرن(١).

بەهەمان شێوە باقر وتەکانی کۆگیر کرد لەسەر ئایەتی خزمە نزیکەکان: ﴿ النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ ﴾ الأحزاب: ٦. واتە: (پێغەمبەر ((ﷺ)) نزیکترە بە ئیمامنداران لە خودی خۆیان _ واتە دەبێت لە خۆیان خۆشتر بوێت و فەرمانەکانی لەسەرو فەرمان و داخوازی خۆیانەوە بێت _ خێزانەکانیشی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٠١.

دایکیانن _ دایکی ئیماندارانن، دایکی مەعنەویانن _ خزمانیش هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە پێشترن لە کتێبی خوادا). بۆ کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەردا، ئەوا ناوبراو وتویەتی: (ئەم ئایەتە لەبارەی ئەمیرایەتی هاتۆتە خوارەوە، ئێمە بەهۆی پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) لە پێشترین لە باوەڕداران و کۆچبەران و پشتیوانان بۆ ئەم کارە)[1]. جا لەبەر ئەوەی ئەم ئایەتە _ بەپێی ئەم ڕاڤەیە _ گرتنە ئەستۆی کارەکە شیاوی هەموو خزمەکانی پێغەمبەر بوو بە عەبباسی و تاڵیبییەکانیشەوە، بۆیە باقر ڕاڤەیەکی تری بۆ کرد بە ڕەچەڵەك لێکی دایەوە. کاتێك عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕوحی قەصیر پرسیاری لە باقر کرد: ئایا کوڕو نەوەکانی جەعفەرو عەبباس یان سەرجەم پشتەکانی تری بنەماڵەی عەبدولموتەلیب هیچ بەشێکی لەمەدا هەیە؟، ناوبراو لە وەڵامدا وتی: (نا، نا، نا)[2].

## ب_ بانگەشەی بوونی دەق لەسەر ئیمامی عەلی

بەوپێیەی کلینی دەیگێڕێتەوە ئەوا باقر خۆی خستەڕوو بۆ سەلماندنی ماف خۆی لە ئیمامەتدا، لە پاڵ ئەمەشدا هەڵسا بە خستنەڕووی بەڵگەیەکی تر ئەویش بریتی بوو لە: (بوونی وەسیەت و دەق لەسەر ئیمامی عەلی کوری ئەبو تاڵیب وەك خەلیفە لەلایەن پێغەمبەری خوا). باقر هەڵسا بە خستنەڕووی گێڕانەوەیەکی تایبەت لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) و ئایەتی کامڵ بوونی ئایینی بە ئیمامەت و گەورایەتی (ویلایەت) تەئویل کرد، بۆیە وتی: (... ئایەتی ئیمامەت و گەورایەتی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٢.

_ ویلایەت _ لە ڕۆژی هەینی لە عەرەفە هاتنە خوارەوە، خوای مەزن دایبەزاند: ﴿أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي﴾ المائدە: ٣. کاملّ بوونی ئایین بە ئیمامەتی عەلی کوڕی ئەبو تالّیب بوو _ سلّاوی خوای لێبێت _... جا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٧﴾ المائدة: ٦٧. پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دەستی عەلی گرت و وتی: هیچ پێغەمبەرێك لە پێش مندا نەبووە مەگەر خودا تەمەنی درێژ کردووە، دواتر داوای شتێکی لە خوا کردووەو خوای مەزن داواکەی جێبەجێ کردووە، ئەگەر منیش نزا بکەم لەوانەیە گیرا ببێت و لە بەرامبەردا من و ئێوە بەرپرسیارین دەی ئێوە چی دەڵێن؟ وتیان: گەواهی دەدەین کە تۆ پەیامەکەت گەیاندووە ئامۆژگاریت کردووە، ئەرکی سەرشانی خۆت جێبەجێ کردووە دەك خوا بە چاکترین پاداشتی پەیامبەران پاداشتت بداتەوە، جا فەرمووی: خوایە شایەت بە _ سێ جار _ دواتر فەرمووی: ئەی گرۆی موسڵمانان ئەمە لە دوای من سەرگەورەو ئیمامی ئێوەیە دەبا ئامادەبووان بە ئامادەنەبووان ڕابگەیەنن... پاشان پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لە سەرمەرگ نزیك بووەوە، بانگی عەلی کرد و فەرمووی: عەلی من دەمەوێت بتکەم بە ئەمیندار بەسەر ئەو غەیب و زانست و خەڵك و ئایینەی کە خودا پێی ڕازییە و منی کردۆتە ئەمیندار بەسەریەوە. سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا هیچ کەسێکی جگە لە عەلی لەمەدا نەیکردە هاوبەشی خۆی)[1]. باقر فەرموودەیەك لە ئیمامی عەلی دەگرێتەوە کاتێك ناوبراو لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خوا وتارێکی بۆ هاوەڵان داوەو

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٦.

وتویەتی: (خوای خاوەن ناوی پیرۆز و بەرز... بەهۆی منەوە پشت و هێزی پێغەمبەرەکەی تۆکمە کرد... منی دیاریکردووە بەتایبەت وەك ڕاسپێرراو و جێگرەوەی ئەو لە ناو ئوممەتەکەیدا، پێغەمبەر ((ﷺ)) فەرمووی: خەڵکینە عەلی بۆ من وەك هاڕوونە بۆ موسا بەڵام ئەوەندە هەیە کە لە دوای من هیچ پێغەمبەرێکی تر نابێت... ئەمەش دیاریکردنی من بووە وەك جێنشین هەروەك چۆن موسا هاڕوونی _ سڵاوی خوای لێبێت _ لە شوێنی خۆی دانا هەروەك موسا پێی وت: ﴿ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ الأعراف: ١٤٢. واتە: "ئیتر تۆ لە جیاتی من بە لەناو هۆزو عەشیرەتمدا دەوری چاکسازی ببینە و نەکەیت شوێن ڕێبازی ئەوانە بکەویت کە تۆی خراپە دەچێنن")[١].

دەکرێ ئامانجی خستنەڕووی ئەم دوو گێڕانەوەیە بریتی بێت لە چەسپاندنی ئیمامەت بۆ ئیمامی عەلی بە دەق و بەدەرنانی عەباسییەکان وتالیبییەکان لە بازنەی ململانێ لەسەر ئیمامەت و ڕێگرتن لێیان لە بانگەشەکردنی ئیمامەت بەناوی خزمایەتی (عیترەت).

## پ_ کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە فاتیمییەکان و بەدەرنانی سەرجەم عەلەوییەکان

بەپێی هەندێك لەو گێڕانەوانەی کە کلینی هێناویەتی، ئەوا باقر هەوڵی داوە کوڕە مامە عەلەوییەکانی یەك بە یەك لە ململانێکە بکاتە دەرەوە، بە بانگەشەی ئەوەی زانست و ئیمامەت تایبەتە بە چەند کەسێکی دیاریکراو لە ناو نەوەکانی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة خطبة الوسيلة.

ئیمامی عەلی. و حوکم دان بەسەر بانگەشە کردنی ئیمامەت لەلایەن هەر کەسێکەوە (بێ ئەوەی مافی بێت) بە درۆ هەڵبەستن بە دەمی خوا، ئەگەر بانگەشەکارەکە لە نەوەکانی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بێت. باقر هەنگاوی دووەمی هاوێشت، ئەویش بریتی بوو لە کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە فاتیمییەکانی و دواتر لە حوسەینیەکان، بۆیە هەڵسا بە وەدەرنانی مامی خۆی محەممەدی کوڕی حەنیفە (دواتر کوڕو نەوەکانی ناوبراو کە سەرکردەی بزوتنەوەی کیسانییەکان بوون) لە میراتگرایەتی ئیمامەت، باقر وتی: (کاتێك عەلی لە سەرەمەرگدابوو بانگی کوڕەکانی کرد کە ژمارەیان دوازدە کەس بوو و پێیانی وت: کوڕەکانم... حەسەن و حوسەین دوو کوڕی پێغەمبەرن ((ﷺ))، گوێڕایەڵیان بن و فەرمانیان جێبەجێ بکەن، پشتیان بگرن و من ئەوانم کردۆتە ئەمیندار بەسەر ئەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) منی کردبووە ئەمیندار لەسەر ئەو شتانەی خوا پێغەمبەری کردبووە ئەمینداری لە بەدیهێنراوان و غەیب و ئەو ئایینەی کە خوا پێی ڕازییە. خوای گەورە چی لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) بۆ منی پێویست کرد ئەوا هەمان شتی لە منەوە بۆ ئەو دووانە پێویست کرد.... دواتر کاتێك حەسەن لە سەرەمەرگدا بوو ئەم ئەرکەی بە حوسەین سپارد، کاتێك حوسەین لە سەرمەرگدابوو بانگی فاتیمەی کچی گەورەی حەسەن کرد و نووسراوێکی پێچراو و وەسیەتێکی ئاشکرای پێدا و ئەو کاتە عەلی کوڕی حوسەین لە سکی دایکی دابوو و نادیار بوو بەڵام حوسەین ئاماژەی پێدا، فاتیمە نووسراوەکەی دایە دەست عەلی کوڕی حوسەین، سوێند بە خوا دواتر نووسراوەکە گەیشتە دەستمان)[1].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٦.

له گێڕانەوەیەکی تردا باقر دەڵێت: ئیمامی عەلی میری باوەڕداران نووسراو و چەکەکەی دایە دەست حەسەنی کوڕی و پێی وت: کوڕم پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرمانی پێکردووم کە وەسیەت بۆ تۆ بکەم و نووسراوەکان و چەکەکەم بدەمە دەست تۆ هەروەك چۆن ئەو ((ﷺ)) نووسراو و چەکەکەی ڕادەستی من کرد، فەرمانی پێکردم کە فەرمانت پێبکەم کە ئەگەر سەرمەرگت نزیك بووەوە ڕادەستی حوسەینی براکەت بکەی، پاشان ئیمامی عەلی ڕووی کردە حوسەین وتی: پێغەمبەری خوا فەرمانی بە تۆ کردووە کە شتەکان بدەیتە دەستی ئەم کوڕەت و دواتر دەستی عەلی کوڕی حوسەینی گرت. بە ناوبراوی وت: پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرمانی پێکردوویت کە لە دوای خۆت ڕادەستی محەممەدی کوڕت بکەیت. سڵاوی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و هی منی پێبگەیێنە[1].

بابەتی (سڵاو) لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە لە جابری کوڕی عەبدوڵای ئەنصارییەوە هاتووە (٧٨ك کۆچی دوایی کردووە)، ناوبراو دەستی باقری گرتووەو وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) هەواڵی پێداوم کە من دەگەمە پیاوێك لە ئال و بەتی ئەو بە: محەممەدی کوڕی عەلی ناودەبرێت و نازناوی باوکی جەعفەرە،

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على الحسن بن علي، ح رقم ١ و ٥ و وەك تەواوکەری گێڕانەوەکە جەعفەری کوڕی محەممەدی باوکی عەبدوڵا دەڵێت: (کاتێك حەسەن لە سەرەمەرگدا بوو بانگی محەممەدی کوڕی حەنیفەی براکەی کرد و هۆشداری دایە و پێی وت: (محەممەدی کوڕی عەلی من دەترسم ئیرەیی بتگرێت... ئایا نەتزانیوە کە حوسەینی کوڕی عەلی دوای مردن و جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستەم ئیمامە لە دوای من، ناوی تۆمار کراوە لەلایەن خوای پایەبەرزەوە، بە جێماو و جێگرەوەی پێغەمبەر (ﷺ) و خوای گەورە ئەوی کردۆتە پاشماوەی دایك و باوکی، خوا دەزانێت کە ئێوە باشترین بەدیهێنراوی ئەون، بۆیە محەممەدی (ﷺ) هەڵبژارد، محەممەد یش (ﷺ) عەلی دیاریکرد، و عەلی منی وەك ئیمام دەستنیشان کرد، منیش حوسەینم هەڵبژاردووەو دیاریکردووە). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على الحسن بن علي، ح رقم ٢.

پێغەمبەر ((ﷺ)) پێی وتم ئەگەر پێی گەیشتی سڵاوی منی پێبگەیێنە) باوکی پێی وت: (کوڕەکەم پیرۆزبایت لێدەکەم بە بۆنەی ئەوەی خوا لە ڕێی پێغەمبەرەوە تۆی تایبەت دیاریکردووە لەناو خانەوادەکەت، ئەمە بە براکانت ڕامەگەیەنە گەرنا پیلانت بۆ دادەنێن، هەروەك چۆن براکانی یوسف پیلانیان بۆ یوسف _ سڵاوی خوای لێبێت _ دانا)[1].

باقر ڕووبەڕووی کێشەیەکی سەخت بووەوە کە خۆی دەبینیوە لە گەیشتن بە پەتی ئیمامەت کە پچڕابوو بەهۆی عەلی زەینولعابدینی باوکی لە سیاسەت، هەڵسانی محەممەدی کوڕی حەنیفە بە ڕابەرایەتی کردنی شیعەکان، سەرباری ئەوەی هیچ دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو لەلایەن حوسەینەوە لەبارەی ئیمامەتەوە بۆ عەلی کوڕی نەبوو، حوسەین لە شاری کەبەرلا کوژرا بێ ئەوەی وەسیەت بۆ عەلی زەینولعابدین بکات _ بەپێی وتەی باقر و صادق _: (زەینولعابدین لە سکی دایکی دابوو و نادیار بوو بەڵام حوسەین ئاماژەی پێدا)[2]. گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە باقر ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە بەوەی وتویەتی: (حوسەین وەسیەتی بۆ فاتیمەی کچی گەورەی حەسەن کرد و نووسراوێکی پێچراو و وەسیەتێکی ئاشکرا پێدا، فاتیمە نووسراوەکەی دایە دەست عەلی کوڕی حوسەین، سوێند بە خوا دواتر نووسراوەکە گەیشتە دەستمان)[3]. یاخود باقر وتویەتی:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على علي بن الحسين، ح رقم ٣، تێبینی چەند گێڕانەوەیەك هەن لەسەر ئەوەی کە لە نووسەرەکان یان لە ماڵەوە بینیویەتی (دەبێت لە دەوروبەری ساڵی ٦٨ك بێت)، قازی نوعمان لە (المناقب) گێرانەوەیەکی تری هێناوە کە باقر سەردانی جاری نابینای کردووەو سڵاوی پێغەمبەری خوای پێگەیاندووە، گێڕانەوەیەکیش تەبەری ٢٤٩٦/٣ هێناویەتی.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على علي بن الحسين، ح رقم ١ و ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على علي بن الحسين، ح رقم ١ و ٢.

(کاتێك حوسەین بەرەو عێراق بەڕێکەوت کتێب و وەسیەتەکانی بە ئومو سەلەمە سپارد، کاتێك عەلی کوڕی حوسەین گەڕایەوە ئومو سەلەمە سپاردەکەی ڕادەست کردەوە)[1].

باقر بە کیسانییەکانی وت: ( پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) وەسیەتی بۆ عەلی حەسەن و حوسەین کرد، کاتێك عەلی کۆچی دوایی کرد، وەسیەتی بۆ حەسەن و حوسەین کرد، ئەگەر ئیمامی عەلی کەسێکی تری وەك ئەوان هەژمار بکردبا ئەوا پێیان دەوت: ئێمەش وەك ئێوە ڕاسپێرراوین، بۆیە ئیمامی عەلی ئەمەی نەدەکرد، دواتر حەسەن وەسیەتی بۆ حوسەین کرد، ئەگەر حەسەن وەسیەتی بۆ یەکێکی تر بکردبا ئەوا حوسەین پێی دەوت: منیش وەك تۆ ڕاسپێرراوی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و باوکمم. بۆیە حەسەنیش هەرگیز ئەمەی نەدەکرد، خودای باڵادەست و خاوەن شکۆ دەفەرموویێت: ﴿وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ﴾ الأحزاب: ٦. واتە: " خزمانیش هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە پێشترن لە کتێبی خوادا" ئەمە لەبارەی ئێمە و نەوەکانی ئێمەیە)[2]. لە گفتۆیەکی نێوان باقرو باوکی هاشمی کوڕە مامی کە عەبدوڵای کوڕی محەممەدی کوڕی حەنیفەیە، لە ناو مزگەوتی پێغەمبەردا، باقر ڕەچەڵەکی فاتیمی وەك بەڵگەیەك هێناوەتەوە لەسەر لە پێشتر بوونی خۆی بۆ ئیمامەت و پێی وتوە: (چی دەڵێی بیڵێ، من نەوەی فاتیمەم و تۆش نەوەی حەنیفەی)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على علي بن الحسين، ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد، رقم ٧.

(٣) مەسقەتی لە (الموسوعة الإسلامية)دا دەڵێت: عەبدوڵای باوکی هاشم لە ناو مزگەوتدا توانج و جنێوی بە باقرڕدا، باقر وەڵامی دایەوە بەوەی وتی: (چی دەڵێی بیڵێ، من نەوەی فاتیمەم و تۆش

## دەرئاسای بەردە ڕەشەکە (الحجر الأسود)

بەپێی وتەی کلینی و صەفارو ئیبن بابویە ئەوا باقر هەڵساوە بە پشتگرتنی هەڵوێستەکەی خۆی دژی شیعە کیسانییەکان بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دەرئاسایە، دەیوت: (کاتێك حوسەین کوژرا محەممەدی کوڕی حەنیفە بەدوای عەلی کوڕی حوسەینی نارد و بەتایبەت جیای کردەوەو پێی وت: برازاکەم دەزانی کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) وەسیەت و ئیمامەتی لە دوای خۆی بە میری باوەڕداران و دواتر بە حەسەن و پاشان بە حوسەینی سپارد، ڕەزای خوا لە باوکت بێت ئەوە دەبینیت کوژراوەو وەسیەتی نەکردووە، من مامی تۆم و برای باوکی تۆم و لە دایکبوونم لە عەلی و تەمەن گەورەیی و لەمێژینەیی من وادەکات من شیاوتربم بۆ ئیمامەت لە تۆی تەمەن بچوك، ململانێم لەگەڵ مەکە لە سەر وەسیەت و ئیمامەت و ناچارم مەکە. عەلی کوڕی حوسەین وتی: مامە لە خوا بترسە، داوای شتێك مەکە کە مافی تۆی تێدا نییە من ئامۆژگاریت دەکەم کە نەچیتە ڕیزی نەفام و نەزانەکانەوە، مامە باوکم دروودی خوای لێبێت بەر لەوەی بەرەو عێراق بەڕێ بکەوێت وەسیەتی بۆ کردم و بە یەك کاتژمێر بەرلەوەی بمرێت ئەوەی پێ سپاردم، ئا ئەمە چەکی پێغەمبەری خوا لەلای منە، توخنی ئەم کارە مەکەوە، من لێت دەترسم تەمەنت کورت و حاڵ و باڵت پەرت و شپرزە ببێت، ئەگەر دەتەوێت ئەمە بزانیت ئەوا دەچینە لای بەردە ڕەشەکە _ الحجر الأسود _ بۆ ئەوەی بیکەین بە ناوبژیوان و پرسیاری لێبکەین. باقری باوکی جەعفەر وتی: ئەم گفتوگۆیەیان لە شاری مەککە بووە، هەر دووکیان بەڕێکەوتن تا گەیشتنە لای

---

نەوەی حەنیفەی). (چ ٢، ١/ ١٢٤ – ١٢٥ عن كتاب الفكر الشيعي المبكر، تعاليم الإمام محمد الباقر، لالرزينة لالاني).

بەردە ڕەشەکە، عەلی کوڕی حوسەین بە محەممەدی کوڕی حەنیفەی وت: تۆ سەرەتا دەستپێبکە و لە خوا بپاڕێوەو داوای لێبکە کە بەردە ڕەشەکە بەقسە بێنێت پاشان پرسیاری لێبکە، ناوبراو لە خوا پاڕایەوەو نزای کرد و دواتر پرسیاری لە بەردە ڕەشەکە کرد کەچی وەڵامی نەدایەوە، عەلی کوڕی حوسەین وتی: مامە ئەگەر وەسیەت بۆ تۆ کرابا و ئیمام بووبایت ئەوا وەڵامی دەدایتەوە، محەممەد پێی وت: برازام تۆ لە خوا بپاڕێوەو دواتر پرسیار لە بەردە ڕەشەکە بکە، عەلی کوڕی حوسەین بەوشێوەی کە خوا ویستی ئاوا لێی پاڕایەوەو وتی: پرسیارت لێدەکەم بەو خوایەی کە بەڵێن و پەیمانی پێغەمبەران و ئیمامەکان و سەرجەم خەڵکی لە دوو توێی تۆدا داناوە کە وەڵامم بدەیتەوە کێ لە هەر دووکمان ڕاسپێرراو و ئیمامە لە دوای حوسەینی کوڕی عەلی؟ وتی: بەردە ڕەشەکە بەشێوەیەك جوڵا خەریك بوو لە جێگەی خۆی لاکەوێت، پاشان خوای باڵادەست بە زمانی ڕەوانی عەرەبی بە قسەی هێنا، بەردە ڕەشەکە وتی: خوایە وەسیەت و ئیمامەت لە دوای حوسەینی کوڕی عەلی بۆ عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیبە کە دەکاتە کوڕی فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و وتی: محەممەدی کوڕی عەلی سەرکەوتوو بکە لە کاتێکدا پشتگیری عەلی کوڕی حوسەین _ سڵاوی خوای لێبێت _ دەکات)[1].

(١) الكليني، الكافي، الكتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق و المبطل في أمر الإمامة ح رقم ٥، والصفار، بصائر الدرجات ٥٠٢/١٠، وابن بابويه، الإمامة والتبصرة من الحيرة ٦٠.

## دەرئاسای وردە بەردەکانی دایکی ئەسلەم

لە باقرەوە گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ژنێك کە بە دایکی ئەسلەم ناودەبرا ڕۆژێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ((ﷺ)) و وتی: بە دایك و باوکم بە قوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا من کتێبم خوێندوونەتەوەو سەرجەم پێغەمبەرو ڕاسپێرراوەکانم ناسیوە، موسا ڕاسپێرراوێکی لە ماوەی ژیانی خۆیدا هەبوو و یەکێکیشی لە دوای مردنی هەبووە، عیساش بەهەمان شێوە، ئەی ڕاسپێرراوی تۆ کێیە پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ڕاسپێراوی من هەر یەك کەسە لە ژیانم و دوای مردنیشم، دواتر فەرمووی: دایکی ئەسلەم کەسێك ڕفتارەکانی من بکات ئەوا ڕاسپێرراوی منە، پاشان دەستی موبارەکی لە ڕووی زەوی دا و کۆمەڵە وردە بەردێك هەڵگرت و پاکی کردنەوەو وەك ئاردی لێکرد و کردی بە هەویرو بە ئەنگوستیلەکەی مۆری کرد، فەرمووی: هەر کەسێك ئەو کارە وەکو من بکات ئەوا ڕاسپێرراوی منە لە ژیان و لە دوای مردنم، دایکی ئەسلەم دەڵێت هاتمە دەرەوەو چوومە خزمەتی میری باوەڕداران و وتم: بە دایك و باوکم بە قوربانت بم تۆ ڕاسپێرراوی پێغەمبەری خوای ((ﷺ))؟ وتی: بەڵێ دایکی ئەسلەم ئەوە منم، دەستی لە ڕووی زەویدا و هەندێك وردە بەری هەڵگرتن و پاکی کردەوەو پاشان کردیە هەویر و بە ئەنگوستیلەکەی مۆری کرد، دواتر وتی: دایکی ئەسلەم کێی ئەم کارەی منی کرد ئەوا ڕاسپێرراوی منە، دایکی ئەسلەم دەڵێت چوومە لای حەسەن کە نێوجەوان بوو و پێم وت: گەورەم تۆ ڕاسپێرراوی باوکتی؟ وتی: بەڵی دایکی ئەسلەم، جا حەسەن دەستی لە ڕووی زەوی دا بەهەمان شێوەی ئەوان کارەکەی کرد. دایکی ئەسلەم دەڵێت لەلای ئەو دەرچووم و چوومە لای حوسەین _ زۆر بە تەمەن بچوکم دادەنا _ پێم وت: بە دایك و باوکم بە قوربانت بم، تۆ

ڕاسپێرراوی براکەتی؟ وتی: بەڵێ دایکی ئەسلەم دەی چەند وردە بەردێکم بۆ بێنە، بەهەمان شێوەی ئەوان کارەکەی کرد. دایکی ئەسلەم تەمەنی درێژ بوو تا لە دوای کوژرانی حوسەین بە عەلی کوڕی حوسەین گەیشت لە گۆشەگیرییەکەیدا، پرسیاری لێکرد: تۆ ڕاسپێرراوی باوکتی؟ وتی: بەڵێ، بەهەمان شێوەی ئەوانی پێشەخۆی کارەکەی کرد، دروودی خوا لەسەر هەموویان بێت)[1].

## بانگەشەی زانینی غەیب

بەو پێیەی لە (رجال الكشی)دا هاتووە ئەوا باقر لە باوکی خالیدی کابلی (خزمەتکاری محەممەدی کوڕی حەنیفە)ی گێڕاوەتەوە کە ناوبراو گومانی لە ئیمامەتی کوڕی حەنیفە نەبووە، تا ڕۆژێك دەچێتە لای ناوبراو و پێی دەڵێت: بەقوربانت بم بەڕاستی من ڕێزو خۆشەویستیم هەیە و خۆم یەکلاکردۆتەوە، دەی پرسیارت لێدەکەم بە گەورەیی و ڕێزی پێغەمبەری خواو میری باوەڕداران وەڵامم بدەیەوە کە ئایا تۆ ئەو ئیمامەی کە خوای گەورە لەسەر بەدیهێنراوانی پێویست کردووە گوێڕایەڵی بن؟ وتی: ناوبراو وتی: (باوکی خالید بە شتێکی مەزن سوێندت دام، ئیمامی تۆ و سەرجەم موسڵمانان عەلی کوڕی حوسەینە _ سڵاوی خوای لێبێت _). کاتێك باوکی خالید گوێبیستی وتەکەی محەممەدی کوڕی حەنیفە بوو چووە لای عەلی کوڕی حوسەین و مۆڵەتی لێ خواست، کاتێك چووە ژوورەوەو لێی نزیك بووەوە، عەلی کوڕی حوسەین وتی: بەخێر بێی (کەنکر) ئەگەر ئێمەت بۆ دەرنەکەوتبا ئەوا نەدەهاتییە لای ئێمە؟ باوکی خالید کرنووشی

(١) الكليني، الكافي، الكتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق و المبطل في أمر الإمامة ح رقم ١٥.

برد و سوپاسی خوای کرد له بەرامبەر بیستنی ئەو شتە لە عەلی کوڕی حوسەینەوەو وتی: سوپاس بۆ خوا کە منی نەمراند تا ئیمامم ناسی. عەلی کوڕی حوسەین پێی وت: باوکی خالید ئیمام خۆت چۆن ناسی؟ وتی: تۆ بەو ناوە بانگت کردم کە دایکم لێینابووم، بەڕاستی من سەرگەردان بووم، تەمەنێك خزمەتی محەممەدی کوڕی حەنیفەم کرد و گومانم لەوە نەبوو کە ئەو ئیمامە، تا کەمێك پێش ئێستا بە گەورایەتی خواو ڕێزی پێغەمبەرو میری باوەڕداران پرسیارم لێکرد، ئەویش لە وەڵامدا منی بۆ لای تۆ ئاراستە کرد و وتی: ئەو ئیمامی من و تۆ هەموو خەڵکە، دواتر تۆ مۆڵەتت پێدام و لێت نزیك کەوتمەوەو بە هەمان ناوم بانگت کردم کە دایکم لە منی نابوو، بەمە زانیم کە تۆ ئەو ئیمامەی کە خودا گوێڕایەڵی ئەوی پێویست کردووە لەسەر من و هەموو موسڵمانان(1).

ت_ دوورخستنەوەی نەوەکانی حەسەن

هەروەك هەندێك گێڕانەوەی تر دەڵێن، ئەوا ئیمام محەممەد باقر هەڵساوە لە دوای دوورخستنەوەی کوڕو نەوەکانی محەممەدی  کوڕی حەنیفە هەنگاوێکی تر ناوە ئەویش بریتی بووە لە دوورخستنەوەی نەوەکانی حەسەنی مامی بووە کە ململانێیان لەگەڵ دەکرد لەسەر ڕابەرایەتی کردنی شیعە، بەمەش باقر ئیمامەتی لە کوڕەکانی حوسەین کورت هەڵهێنا. و لەبەر ئەوەی ئایەتی (خزمەکان): ﴿وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ﴾ الأحزاب: ٦. واتە: (خزمانیش هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە پێشترن لە کتێبی خوادا)، بەپێ _

(١) الكشي ٢/٣٣٦.

ڕاڤەی پێشووی باقر _ نەوەکانی حەسەن و حوسەین دەگرێتەوە، ئەوا بەپێی هەندێك گێڕانەوە باقر هەڵساوە بە تۆمەتبارکردنی کوڕە مامەکانی بە درۆ هەڵبەستن بە ناوی خوا بەهۆی ئەوەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان کردووە، ئەم ئایەتەی بە کوڕو نەوەکانی مامی ڕاڤە کردووە: ﴿ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسۡوَدَّةٌ ﴾ الزمر: ٦٠. واتە: (جا ڕۆژی قیامەت دەبینیت ئەوانەی درۆیان بە ناوی خواوە دەکرد ڕووخساریان ڕەش و تاریکە). دواتر ئایەتی ناوبراوی زیاتر ڕاڤەکرد و وتی: (درۆکردن بەناوی خوا ئەوەیە بڵێیت من ئیمامم و ئیمامیش نەبیت... ئەگەر لە عەلەوییەکانیش بیت)[(١)]. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (ئەگەر ئەو کەسە فاتیمی و عەلەویش بێت)[(٢)]. کاتێك عەبدوڕەحیمی کورتەباڵا پرسیاری لێکرد: ئایا نەوەکانی حەسەن هیچ بەشێکیان لە ئیمامەت هەیە؟ باقر وتی: (نا بەخوا؛ عەبدوڕەحیم هیچ کەسێك لە ڕەچەڵەکی محەممەد جگە لە ئێمە مافی ئەمەی نییە، ئەم ئایەتە بەسەر نەوەکانی حوسەین لە دوای من جێبەجێ دەبێت)[(٣)].

کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە نەوەکانی حوسەیندا لەلایەن باقرەوە وای کرد کە عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕە مامی باقر وەڵامی ناوبراو بداتەوە: (چۆن ئیمامەت کورت هەڵهات لە نەوەکانی حوسەیندا و نەوەکانی حەسەنی لێ بەدەرکرا کەچی هەر دووکیان گەورەی گەنجانی دانیشتووانی بەهەشتن؟ تەنانەت لە گەورەیی و پلەوپایەدا یەکسانن، تەنها ئەوە نەبێت کە

(١) الكليني، الكافي، الكتاب الحجة، باب أنه من ادعي الإمامة وليس لها أهل ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، الكتاب الحجة، باب أنه من ادعي الإمامة وليس لها أهل ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٢.

حەسەن بە گەورەتربوونی تەمەن پلەیەکی زیاترە لە حوسەین، کەواتە پێویستە ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی باشترەکە بووبایە)[1]. ئەمە وای کرد باقر وەڵامی بداتەوە بەوەی وتی: (بە خوا درۆیان کردووە، ئایا گوێبیستی ئەوە نەبوونە کە خوای بێ وێنە دەفەرموویێت: ﴿ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴾ الزخرف: ٢٨. واتە: "ئەوسا ئیتر ئەو بەرنامەی یەکخواناسیەی هێشتەوە بۆ گەلانی دوای خۆی، بۆ ئەوەی ئەوانیش بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو بیرو باوەڕە ڕاستە")[2].

## گەورایەتی خوێن

بەپێی ئەو گێڕانەوەی عیاشی لە تەفسیرەکەیدا هێناوە، ئەوا باقر ڕەخنەی لە ئیمامی حەسەن گرتووە بەهۆی دابەزینی بۆ معاویە، مافی خۆی لە ئیمامەتدا چەسپاند بەهۆی گەورایەتی خوێنی حوسەین، وتی: (ڕەحمەتی خوا لە حەسەنی مام بێت... کاتێك میری باوەڕداران پێکرا، ئەوا چل هەزار شمشێر حەسەنی داپۆشی، کەچی دایە دەستی معاویە... حوسەین _ دروودی خوای لێبێت _ ڕاپەڕی و دەرچوو و خۆی بۆ خوای گەورە خستەڕوو لەگەڵ حەفتا پیاو!... کێ مافی زیاترە لە خوێنی حوسەیندا؟... سوێند بەخوا ئێمە خاوەنی ئەم کارەین و مەهدی و سەفاح و مەنصور لە ئێمەن، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَمَن قُتِلَ مَظۡلُومٗا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنٗا ﴾ الإسراء: ٣٣. واتە"ئەوەی کە بە ستەملێکراوی و بێ

(١) بۆیە هەندێك لە شیعەکان (وەك: جاردوییەکان) لەو سەردەمدا بۆ ئەوە چوون کە ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی حەسەن و حوسەیندایە. المفید، الثقلان ١٠.

(٢) الخزاز، كفاية الأثر في النص على الأئمة الإثني عشر ٢٤٦.

تاوان دەکوژرێت، ئەوا ئێمە بەڕاستی ماف و دەسەڵاتمان داوە بە نزیکترین کەسی کە تۆڵەی بۆ بسینێت". ئێمە خزمی نزیکی حوسەینی کوڕی عەلین و پشتیوانین بۆ ئایینەکەی)[1]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەئویلە دڵگیرو یەکلاکەرەوە نەبوو بەشێوەیەکی تەواو لە گۆڕەپانی ململانێ لەسەر ئیمامەت.

## چەکی پێغەمبەری خوا ((ﷺ))

لە هەوڵێك بۆ تێپەڕاندنی ڕاجیایی و ململانێی نێوان خۆی و کوڕە مامەکانی (واتە: حەسەنییەکان) و بەهێزکردنی داواکەی لە ڕابەرایەتی کردنی شیعەدا، ئەوا باقر _ لە پاڵ بابەتی گەورایەتی خوێن _ پشتی بە بابەتێکی تر بەست کە بریتی بوو لە: (لەلابوونی چەکی پێغەمبەری خوا) و بەدەست گەیشتنی چەکەکە لە ڕێی باوو باپیرانیەوە، گێڕدراوەتەوە کە باقر وتویەتی: (چەکی پێغەمبەر لەلای ئێمە وەك تابوتەکەی نەوەکانی ئیسڕائیلە کە بکەوێتە هەر کوێیەك ئەوا حوکم و گەورایەتی بۆ ئەوە، بکەوێتە لای هەر یەکێك ئەوا زانست لای ئەوە). باقر لە کاتی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بانگەشەی کوڕە مامەکانی پرسیاری دەکرد: (ئایا بۆ پرسیاریان نەدەکرد کە چەکی پێغەمبەری خوا لای کێیە؟... بۆ پرسیاریان لەبارەی نیشانەکانی دوو لای شمشێرەکەیان نەدەکرد ئەگەر ئەوان بیانزانیبا)[2]. بەڵام باقر نەیتوانی ململانێکە یەکلایی بکاتەوە بە دەرخستنی چەکی پێغەمبەری خوا بۆ ڕدێن سپییە ئامادەکان، دواتر هەڵوێستیشی لاواز بوو لە بەرامبەر

---

(١) العياشي، التفسير ٢/٢٩١.

(٢) الصفار، محمد بن الحسن، بصائر الدرجات ١٧٦ و ١٧٨.

نەوەکانی حەسەنی مامی کە عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەن ڕابەرایەتی دەکردن و هەوڵی دەدا سەرکردایەتی گشتی شیعە بکات و بەهەمان شێوە بانگەشەی ئەوەشی دەکرد کە چەکی پێغەمبەری خوای لایە.

## ج_ هەڵسانی باقر بە دوورخستنەوەی هەر دە براکانی

ئیمامی باقر جەنگی کۆتایی ئەنجامدا لە بارەی چەسپاندنی ئیمامەت بۆ خۆی بە میرات لە نێوان دە براکانی[1] و بەتایبەت کە خەڵکی پرسیار دەکەن: (ئەوە باقر چییەتی براکانی خۆی کە لە باوکی ئەون مافی ئەوانی سڕیوەتەوە لە کاتێکدا لە پلەی خزمایەتیدا وەك ئەون تەنانەت هەندێکیان بە تەمەن لەو مەزنتڕن بوون). باقر لە بانگەشەی کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە خۆیدا لە نێوان براکانی دا پشتی بەستووە بەوەی لەلایەن باوکییەوە وەسیەتی بۆکراوەو چەکی پێغەمبەری خوای بۆ ماوەتەوە، هەروەك لەوبارەوە دەڵێت: (خاوەنی ئەم کارە بەسێ خەسڵەت دەناسرێتەوەو ئەم خەسڵەتانە لە کەسانی تر جگەلەودا بوونیان نییە، نزیکترین کەسە لە باوکی کە وەسیەتی بۆ کردووە، چەك و وەسیەتی پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) لەلایە و ئەمانەش لەلای منن و ململانێی لەسەر ناکەم)[2]. و باقر وتویەتی چەکی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لەلایەن باوو

---

(١) باقر دە برای هەبوو، هەندێکیان بە تەمەن لەو گەورەتر بوون، ئەوانیش ئەمانەن: عەبدوڵا، حەسەن، حوسەین، زەید، عومەر، حوسەینی بچوك، عەبدوڕەحمان، سولەیمان، عەلی، محەممەدی بچوك.

(٢) الصفار، بصائر الدرجات ج ٤ باب (٤) ما عند الأئمة عليهم السلام السلاح من سلاح رسول الله ص و آيات الأنبياء ح رقم ٢٨.

باپیرەیەوە بۆی ماوەتەوە بەوەی باوکی لە سەرەمەرگدا تایبەت بەوی داوە، چەکەکەش لە ناو سەبەتەیەك دابووە، کاتێك براکانی کێشەیان لەگەڵ کردووە لەسەر سەبەتەکە ئەوا باقر پێی وتون: (سوێند بەخوا هیچ بەشێك نین لێی، ئەگەر هیچ بەشێکتان تێدا هەبووبا ئەوا بە منی نەدەدا)[1]. لە گێڕانەوەی پێشوودا کە باس لەوە دەکات ئیمامی عەلی کتێب و چەکەکەی ڕادەستی حەسەنی کوڕی کردووە، لەو کاتەدا ئیمامی عەلی دەستی عەلی کوڕی حوسەینی گرتووەو پێی وتوە: پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرمانی پێکردووی کە ڕادەستی محەممەدی کوڕت بکەیت و فەرمووشی سڵاوی منی پێ بگەیەنێت[2].

چەند گێڕانەوەیەکی تر هەن کە ئیمامییەکان دەیدەنە پاڵ باقر، کە پشت دەبەستن بە کۆك بوونی چەکی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لەگەڵ جەستەی ئیمام باقر، ئەمەش وەك نیشانەیەك لە نیشانەکان دەخەنەڕوو، هەروەك دەڵێت: (ئەگەر باقر قەڵغانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لەبەر بکات ئەوا تەواوە بۆی و کۆکە

---

(١) یان بانگەشەی بۆ مانەوەی کتێب. الصفار، بصائر الدرجات ١٨٠، والكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على الحسن بن علي، ح رقم ١ و ٥، بۆ پشتگرتنی ئەمە کلینی لە کتێبی (الكافي)دا ئەوە دەگێڕێتەوە کە جابری کوڕی عەبدوڵای ئەنصاری (ساڵی ٧٨ك مردووە) بە باقر گەیشتووەو دەستی گرتووەو پێی وتوە: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وتم بە یەکێك لە ئال و بەیتەکەم دەگەی کە ناوی: محەممەدی کوڕی عەلییە و نازناوی باوکی باقر، جا ئەگەر پێی گەیشتی سڵاوی منی پێ بگەیەنە) باوکی باقر پێی وتوە: (کوڕەکەم پیرۆزبایت لێدەکەم بە بۆنەی ئەوەی خوا تۆی لە ڕێی پێغەمبەرەوە تایبەت دیاریکردووە لە ناو خانەوادەکەت، ئەمە بە براکانت ڕامەگەیەنە گەرنا پیلانت بۆ دادەنێن، هەروەك چۆن براکانی یوسف پیلانیان بۆ یوسف _ سڵاوی خوای لێبێت _ دانا). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على علي بن الحسين ح رقم ٣.

لەگەڵ قەبارەکەی، ئەگەر کەسێکی تر درێژ یان کورت بێت جگەلەو قەڵغانەکە لەبەر بکات ئەوا بستێك بۆی زیاد دەبێت...)[١].

## ح_ دوورخستنەوەی ئیمام زەید

سەرباری ئەوەی دەوترێت رێکەوتنێك هەبووە لە نێوان باقرو زەیدی براکەی[٢]. ئەوا هەندێك گێڕانەوە باس لەوە دەکەن ململانێ و پێشبڕکێیەکی بەهێز هەبووە لە نێوان باقر و زەیدی براکەی، زەید ئاڵای تێکۆشان و شۆڕشی بەرزکردەوەو وتی: (کەسێك لە ئێمە ئیمام نییە لەماڵەوە دابنیشێت و جلەکانی بەربداتەوەو تێکۆشان و جیهاد فەرامۆش بکات، بەڵکو کەسێك لە ئێمە ئیمامە کە بەرگری لە سنووری خۆی بکات و بەوپەڕی توانایەوە لە پێناوی خوا تێبکۆشێت و بەرگری لە بەندە و قەدەغەکراوەکانی خودا بکات)[٣]. ئەمەش وای کرد زۆرێك لە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب مواليد الأئمة ٨.

(٢) هەروەك لە گێڕانەوەیەکدا کە لە عەلی کوڕی موسای ڕیزاوە هاتووە کە ناوبراو لە کاتی دووان لەبارەی زەیدی کوڕی عەلی بە مەئمونی وتوە: زەید یەکێك بوو لە زانایانی خانەوادەو خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر، لە پێناوی خوا توڕە بوو و تێکۆشا لەگەڵ دوژمنانی خوا تا لەو پێناوەدا شەهید بوو، موسای کوڕی جەعفەری باوکم پێی وتم کە گوێبیستی جەعفەری کوڕی محەممەدی باوکی بووە کە وتویەتی: ڕەحمەتی خوا لە زەیدی مام بێت بەڕاستی بانگەوازی کرد بۆ ڕەزامەندی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد ، بێگومام ئەگەر سەرکەوتووبا ئەوا بە تەواوی ئەمەی بۆ خوا بەجێ دەگەیاند، دەیوت: بانگتان دەکەم بۆ ڕەزامەندی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد . العاملي، وسائل الشيعة، كتاب الجهاد.

(٣) زەید شۆڕشی دژ بە خەلیفەی ئەمەوی هیشامی کوڕی عەبدولەلیك ڕاگەیاند، بە پشت بەستن بە بنامەی (خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر) و دەیوت: (ئێمەی خزمە نزیکەکانی پێغەمبەری خوا شیاوترین بۆ حوکمڕانی میرایەتی کردن) و بانگەوازی کرد بۆ سەرخستنی ئال و بەیت. هەروەها وتی: (ئێمە بانگتان دەکەین بۆ کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی و تێکۆشان دژ بە ستەمکاران، لادانی زۆرداری

شیعەکان لە دەوری کۆببنەوە، بەتایبەت خەڵکی شاری کوفە نامەیان بۆ ڕەوانە دەکرد و مەبەستی خۆیان پێ ڕادەگەیاند و داوایان لێدەکرد دەربچێت. بەو پێیەی کلینی دەیگێڕێتەوە ئەوا باقر بابەتی (زانست)ی وروژاندووەو پرسیاری لە براکەی کردووە: (ئەو نووسراوانە سەرەتا لەوانەوە هاتوون یان لە ئەنجامی وەڵامی نووسراو و بانگهێشتەکەی تۆوەیە؟ زەید وتی: بەڵکو ئەوان سەرەتا ئەو نامە و نووسراوانەیان ناردووە ئەمەش لەبەر ئەوەی زانابوونە بە مافی ئێمە و نزیکیمان لە پێغەمبەری خوا و لەبەر ئەوەی لە کتێبی خوادا دەبینن کە خۆشویستن و گوێڕایەڵی ئێمە پێویستە و لەبەر ئەو ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەی ئێمە تێیداین. باقر پێی وت: گوێڕایەڵ بوون لەلایەن خواوە پێویست کراوە، ئەمەش لە پێشینان و پاشینانیشدا بەهەمان شێوە دەبێت کە گوێڕایەڵی بۆ یەکێکمان دەبێت بەڵام خۆشەویستی بۆ هەموومانە، فەرمانی خوا سەبارەت بە خۆشەویستانی بە حوکمی نەپچڕاو دادوەرییەکی یەکلاکراوە و حوکمێکی پێشوەختە و ئەندازە و کاتێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو جێبەجێ دەبێت، ئەوانەش کە باوەڕیان نییە بێ ئارامت نەکەن و ساردت نەکەنەوە. ئەمانە بێ نیازت ناکەن لە خوای گەورە بۆیە پەلە مەکە، خودا بەهۆی پەلەی بەندەوە پەلە ناکات، پێش خوا مەکەوەو پەلە مەکە گەرنا بەڵا و ئاشوب دەستەوەسانت دەکات و پشتت بە زەویدا دەدات. و وتی: براکەم ئایا لە دەروونی خۆتەوە شتێك لەوانە دەناسیت کە داوەتە پاڵم و بۆ ناچی بەڵگەیەك لە کتێبی خوا یان لە سوننەتی پێغەمبەری خوا بێنیتەوە یاخود نمونەیەکی لەسەر بخەیەڕوو؟ بێگومان خودا هەندێك شتی

---

لەسەر چەوسێنراوەکان و بەخشین بە پەڕاوێزخراوەکان، دابەشکردنی دەستکەوتەکان لە نێوان خاوەنەکانیان بە یەکسانی، گێڕانەوەی مافەکان بۆ ئەوانەی مافیان خوراوە، سەرخستنی ئال و بەیت بەسەر ئەوەی دژیان دەوەستێت و مفیان نازانێت).

حەڵاڵ کردووەو هەندێك شتی حەڕام کردووە، هەندێك شتی پێویست کردووەو هەندێك نمونەی هێناوەتەوە و چەند سوننەتێکی هێناوەتەوە، خوا هیچ گومانێکی نەهێشتۆتەوە لە گوێڕایەڵ بوون بۆ ئەو ئیمامەی کە فەرمانی ئەو بەرپا دەکات و بەکارێك هەڵدەستێت بەر لەوەی شوێنی خۆی بێت و تێبکۆشێت بەر لەوەی کاتی خۆی بێت... بۆیە هەر شتێك کاتێکی دیاریکراوی هەیە و هەر یەك لەم کاتانەش بڕیارێکی تایبەتی هەیە، ئەگەر تۆ پشت ڕاستی بە بەڵگەی خوایی و دڵنیایی لە بڕیارەکەت و بەرچاوت ڕوونە لەو کارەی پێی هەڵدەستی، ئەگەر وا نەبێت کارێك مەکە کە گومانت لێ هەبێت و هەوڵی لادانی دەسەڵاتێك مەدە کە کاتی خواردنی بەسەر نەچووبێت و ڕێگای تەواو نەبووبێت و کاتی نەهاتبێت، بێگومان ئەگەر بە کۆتایی گەیشت و خواردنی پچڕا و کاتی هات ئەوا لە یەکتر جیاکردنەوە دەشێوێت و ڕژێمەکە درێژەی دەبێت و خوا خەڵکی شوێنکەوتوو و پێشەوا سەرشۆڕ دەکات، پەنا دەگرم بە ئیمامێك لە کاتی خۆیدا نەبێت و شوێنکەوتوو لە پێشەوا زاناتر بێت، براکەم دەتەوێت گەلێك زیندوو بکەیتەوە کە بێ باوەڕ بوون بە ئایەتەکانی خودا و سەرپێچی پێغەمبەرکەیان کرد؟ براکەم پەنات دەدەم بەخودا لەوەی بەیانی لەسەر زبڵدان لە سێدارە بدرێی)[1].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة ح رقم ١٦، تێبینی ئەوە دەکرێت کە نیشانەکانی هەڵبستن هەر لە سەرەتاوە بەسەر ئەم گێڕانەوەیە دیارە هەروەك جارێك دەڵێت: گوێڕایەڵ بوون بۆ یەکێك لە ئال و بەیت و خۆشویستنی هەموویان لەلایەن خواوە پێویست کراوە، جارێکی تر دەڵێت: ئەگەر بە بەڵگەی خواییت لەبەر دەستە و دڵنیایی و بەرچاو ڕوونی لە کارەکەت. و لە کۆتاییدا زەید تۆمەتبار دەکات بەوەی دەیەوێت گەلێك زیندوو بکاتەوە کە بێ باوەڕ بوون بە ئایەتەکانی خودا و سەرپێچی پێغەمبەرەکەیان کردووە، کەچی زەید تەنها ویستی شۆڕش دژ بە ئەمەوییەکان بکات و بەس. بۆیە دەکرێت گومان لەوەدا نەبێت کە ئەم گێڕانەوەیە لەلایەن ئەو ئیمامیانە هەڵبەسترابێت کە بە ساختە ئەم شتەیان دابێتە پاڵ ئیمامی باقر.

ئەم نیشانە و هەوڵ و فەرموودە و چیرۆکانەی دراونەتە پاڵ ئیمام محەممەدی کوڕی عەلی باقر ڕاست بن یان ساختە و هەڵبەستراو بن لەلایەن زیادەڕۆچووانەوە، ئەوا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، بەتایبەت هەندێکیان ڕۆڵیان گێڕاوە لەوەی ئیمامەتی باقر وەك ئیمامەتی ئایینی دابمەزرێنن بۆ شیعە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچ، بەتایبەت دوای کوژرانی سەرکردەی بزوتنەوەی کیسانییەکان عەبدوڵای کوڕی محەممەدی کوڕی حەنیفەی باوکی هاشم لە ساڵی ٩٨ك و لاوازی سەرکردەکانی تری شیعە کە ململانێیان لەگەڵ باقر دەکرد، جا محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبباس لە گوندێك لە گوندەکانی ئوردن کە ناوی (حەمیمە) بوو خۆی کەنارگرتبوو، عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەن کوڕی بچوکی خۆی (محەممەدی خاوەن دەروونی پاك)ی ئامادە دەکرد بۆ ڕاپەڕین و دەرچوون لە ئایندەیەکی دووردا، ناوبراو هەر لە کاتی لە دایکی بوونی کوڕەکەی بە مەهدی ناوزەدی کرد[1]. عەبدوڵای کوڕی معاویەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەر (کە لە ساڵی ١٢٩ك لە ئەصفەهان دەرچوو و ڕاپەڕی) لەوە بچوکتر بوو ململانێ لەگەڵ باقر بکات، لە پاڵ ئەمەشدا بزوتنەوەی کیسانی پەرت بوو بۆ تاقمی بچوك وەك کەربیەکان و بەربەرییەکان و بەیانییەکان. هەموو ئەمانە وای لە جەماوەری بزوتنەوەی کیسانی کرد _ هەروەك بەدەردەکەوێت _ بچنە ژێر ئاڵای ئیمامی باقر و لایەنگیری ئەو ڕابگەیەنن، ئەمەش وای کرد ئەو جەماوەرە زۆرە لەگەڵ زۆرێك لە فیکرو تیۆرە زیادەڕۆچووی کیسانییەکان بگوێزرێنەوە بۆ ناو شیعەکانی باقر، لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەرەکە هەڵسا بە دابەزاندنی تیۆرەکانی بەسەر

---

دواتر (زانست) هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نییە لە چەسپاندنی ئیمامەتی باقر و سەندنەوەی ئیمامەت لە زەیدی کوڕی عەلی کە زانستی کەمتر نەبووە لە براکەی.

(١) لە دژی مەنصوری عەباسی دەرچوو و لە ساڵی ١٤٥ك کوژرا.

ئیمامدا وەك: بەخوا یان بە پێغەمبەر دانانی ئیمام چ جای (ئیمامەتی خوایی: کە لەسەر دەق و وەسیەت و پشتاوپشت کردن لە ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی وەستاوە) و هەڵسان بە هەڵبەستنی فەرمووده و دانە پاڵ ئیمامی باقر و دواتر دانە پاڵ جەعفەری صادقی کوڕی باقر.

## دەروازەی دووەم

### ڕەنگ کردنی تیۆری ئیمامەت بە بۆیاخی ئایینی خوایی

دوور لە گفتوگۆ کردن لەبارەی ڕاست و دروستی فەرموودەکان و لەسەر ئەوەی هەڵبەستراون لەلایەن زیادەڕۆچووان یان دروستی هاتنیان لەلایەن ئیمام باقرەوە (لە دوای ئەو لەلای صادقی کوڕی)یەوە، ئێمە دەتوانین تێبینی دروست بوون و پەرەسەندنی تیۆری ئیمامەت دەکەین لە میانەی ئەم هەنگاوانەوە:

### ١_ گشتگیری شەریعەت و بەرنامەی ئیسلام

لە قۆناغی سەرەتادا دەتوانین تۆی ئیمامەت ببینین کە گەشە دەکات لە نێوان ناوەندی ئەو مشتومڕەی کە ئەو کات بازاری گەرم بوو لەبارەی گشتگیری شەریعەت و بەرنامەی ئیسلام بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان و فەراهەم کردنی حوکمی تێروتەسەل بۆ هەر شتێك یان سنووردار بوونی شەریعەت لە چەند بابەتێکی دیاریکراو و بەجێهێشتنی بابەتەکانی تر بۆ عەقڵی مرۆڤ کە دەناسرێن بە بابەتە شارستانی و داب و نەریتییەکان وەك: پەیوەندی دەسەڵات و هاوڵاتیان و چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆك، دروستی کۆشش (ئیجتهاد) کرد و پێوانەکردنی مەسەلە داهێنراوەکان بە مەسەلە هاوشێوە ناسراوەکانی شەریعەتی ئیسلام. ئەم مشتومڕە موسڵمانان کرد بە دوو بەشەوەو دابەشی کردن بەسەر دوو قوتابخانەوە: قوتابخانەی (فەرموودەناسان) و قوتابخانەی (ئەهلی ڕەئی). بەپێی ئەو گێڕانەوانەی لە کەلەپوری ئیمامیدا هاتوون ئەوا ئیمام باقر (دوای ئەو صادقی کوڕی) هەڵوێستێکی گرتەبەر کە دژبوو لەگەڵ هەر دوو قوتابخانەی ناوبراو، ئیمام

**باقر سەرەتا جەختی لەسەر گشتگیری شەریعەت و بەرنامەی ئیسلام کردەوە بۆ سەرجەم کایەکانی ژیان: (خوای پاك و بەرز هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە کە ئوممەت پێویستی پێ هەبێت بەڵکو لە کتێبی خۆیدا دایبەزاندووەو بۆ پێغەمبەرەکەی ((ﷺ)) ڕوونکردۆتەوەو سنووری بۆ هەموو شتێك دیاریکردووەو نیشانەشی داناوە بۆ ناسینی ئەم سنوورانە، سزاشی داناوە بۆ ئەوەی ئەم سنوورانە ببەزێنێت)[١]. بەڵام باقر _ هەروەك زورارەی کوڕی ئەعیون دەڵێت _ هەڵوێستێکی نەرێنی هەبوو لە بەکارهێنانی (قیاس[٢]) بۆ هەڵهێنجانی حوکمە نوێیەکان بۆ پێشهاتە نوێیەکان و وتویەتی: (زورارە! خۆت دووربگرە لەوانەی پێوانە و قیاس دەکەن لە ئایندا، چونکە ئەو زانستەیان فەرامۆش کردووە کە لەسەریان پێویست کراوەو ئەوەندەیان بە بەس زانیوە کە بەدەستیان هێناوە، هەواڵ و خەبەر تەئویل دەکەن، درۆ بەناوی خوا دەکەن، وەك ئەوەی من یەکێکیان دەبینم هاوار دەکات کەسی دوای ئەو وەڵامی دەداتەوە، کە ئەوەی**

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة، ح رقم ٢ عن علي بن إبراهيم، عن محمد بن عيسا، عن يونس، عن حسين بن المنذر، عن عمر بن قيس، عن أبي جعفر.

(٢) قیاس لە زمانەوانیدا: بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی شتێ بەشتێکی تر، دەوترێ: زەویەکەم پێوانەکرد بەمەتر، واتە ئەندازەم پێ کێشا. لە زاراوەی زانستی بنەماکانی فیقھ (ئوصول)دا بریتیە لە: گەیاندنی ئەو شتەی کە دەق (نص)ی لەسەر نەهاتووە بەوەی کە دەق لەسەر حوکمی هاتووە، بەهۆی یەکبوونی هۆ (علة)ەکەیان. یان یەکسان بوونی بارودۆخێکە کە بە دەق حوکمی لەسەر نەهاتبێت، بە بارودۆخێکی تر کە دەق لەسەر حوکمەکەی هاتبێت لەو حوکمانەی کە دەقیان لەسەر هاتووە، بەهۆی یەکسان بوونی دوو بارودۆخەکە لە هۆ (علة)ەکەدا. بۆ ئەم پێناسەیە سوودم وەرگرتووە لە: (الوجیز في أصول الفقه ١٥٣: د. عبدالكریم زیدان). (وەرگێڕ).

دواوەش هاوار دەكات كەسی پێشەوە وەڵامی دەداتەوە، بەڕاستی سەرگەردان بوونە لە دین و دونیا)[١].

لە هەمان كاتدا ئیمام باقر جەنگێكی گەرمی ئەنجامدا لەگەڵ ئەو فەرموودەناسانەی هەندێك جار گێڕانەوەی لاواز دەگێڕنەوە، ناوبراو ئەمەی بە ناپەسەند دانا و بانگەشەی گەڕانەوەی كرد بۆ قورئان و بە بەڵگە هێنانەوەی و پێشخستنی بەسەر گێڕانەوە لاوازەكان. و هۆشداری دا لە باوەڕ هێنان (بەو فەرمووە درۆیانەی بەناوی خواوە هەڵبەستراون و قورئان بەدرۆیان دەخاتەوەو خۆی لە گێڕەرەوەكانی بەری دەكات)[٢]. باقر گێڕاویەتیەوە لە باپیرانیەوە ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) كە فەرموویەتی: (... ئەگەر ئاشوبەكانتان لێ ئاڵۆز بوو وەك شەوی تاریك، ئەوا دەست بگرن بە قورئانەوە، چونكە تكاكارو تكای وەرگیراوە. كەسێك قورئان بخاتە پێش خۆی و بیكاتە ڕابەری خۆی ئەوا دەیباتە بەهەشتەوە، كەسێكیش بیخاتە دوای خۆیەوە ئەوا دەیباتە دۆزەخەوە، بێگومان قورئان ڕێنیشاندەرە بۆ چاكترین ڕێگە... قورئان چراكانی ڕێنوێنی و تیشكەكانی حیكمەت و ڕێنیشاندەری زانینی تێدایە)[٣]. هەروەك فەرموودەیەكی گێڕاوەتەوەو داویەتە پاڵ ئیمامی عەلی، تیایدا ئیمام ئامۆژگاری هاوەڵانی دەكات بە قورئان و دەڵێت: (بزانن قورئان ڕێنوێنی ڕۆژو ڕووناكی شەوی تاریكە، بە پێی كۆشش پێویستیەكان دابین دەكات)[٤].

---

(١) أمالي، مفيد ١٢/٥١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٨٢٤٠ — ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب فضل القرآن حديث رقم ٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب فضل القرآن حديث رقم ٦.

## ٢_ کورت هەڵهێنانی زانست لە ئال و بەیتدا

لەوانەیە بانگەوازی کردن بۆ دەستگرتن بە قورئان و ڕەتکردنەوەی قیاس و فەرمووده لاوازەکان نیشانەیەکی جیاکەرەوەی ئال و بەیت بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی مەزن لە دوو توێی خۆیدا هەڵناگرێت، جگەلە چەند شتێکی لاوەکی کە شوێنکەوتووانی هەر دوو قوتابخانەی ئەهلی ڕەئی و فەرموودەناسان مشتومڕی لەسەر دەکەن، بەڵکو ئەم بانگەوازە سەری کێشا بۆ هەنگاوێکی تر ئەویش بریتی بوو لە کورت هەڵهێنانی پرۆسەی تێگەیشتنی قورئان لەو ئیمامانەی کە لەلایەن خواوە دیاریکراون، هەر چەندە دڵنیا نین کە ئایا ئەم بانگەوازە هی باقرو صادقە یان نا، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو گێڕانەوانەی ئیمامییەکان دەیگێڕنەوە باس لەوە دەکەن کە باقر وتویەتی: (ئەو کەسە قورئان دەزانێت کە دوێنراوەو ڕووی گوفتاری تێکراوە)[(١)]. و وتویەتی: (یەکەم ڕاسپێرراو هیبەتوڵای کوڕی ئادەم بوو، هەر پێغەمبەرێك ڕاسپێرراوێکی هەیە، ژمارەی پێغەمبەران سەدو بیست هەزار پێغەمبەرە، پێنجیان خاوەن ورەی پۆڵایین "ئولولعەزمن": نوح و ئیبڕاهیم و موسا و عیسا و محەممەد ((ﷺ))، عەلی بەخششی خوا بووە بۆ محەممەد، بەمەش زانستی ڕاسپێرراوەکان و ئەوانەی پێش خۆی بۆ ماوەتەوە، پێغەمبەریش زانستی پێغەمبەران و پەیامبەرانی پێش خۆی بۆ ماوەتەوە)[(٢)]. هەروەها وتویەتی: (عەلی سڵاوی خوای لێبێت زانا بوو و

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٤٨٥ لە کۆمەڵێك هاوەڵانمانەوە، لە ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی خالید، لە باوکیەوە، لە محەممەدی کوڕی سینانەوە، لە زەیدی شەحامەوە دەڵێت: قەتادەی کوڕی دەعامە چووەتە لای باوکی جەعفەر سڵاوی خوای لێبێت و وتی.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ورثوا علم النبي وجميع الأنبياء والأوصياء ح رقم ٢.

زانستیش بۆ ماوەییە و پشتاو پشتی پێدەكرێت، هیچ زانایەك لە ناوناچێت تا یەكێك لە شوێنی ئەو نەمێنێت و زانستی ئەو نەزانێت یان ئەوەی خوا دەیەوێت بیزانێت)[1].

ئیمامییەكان گومانیان وایە كە باقر وتویەتی: پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئەو زانستەی لەلای بووە دایناوەتەوە لای ڕاسپێرراوەكە. و ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ النور: ٣٥. ڕاڤە كردووە بەوەی: خوا فەرموویەتی من ڕێنوێنی كاری ئاسمانەكان و زەویم وەك ئەو زانستەی من بەخشیومە كە ڕووناكییە و مایەی ڕێنوێنیە وەك ئەو تاقەی چرایەكی تێدایە، جا چراكە دڵی محەممەدە ((ﷺ)) و چراكەش بریتییە لەو ڕووناكیەی كە زانستی تێدایە. و ئەم فەرمایشتەی: ﴿ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ﴾ النور: ٣٥. ئەی محەممەد ((ﷺ)) من دەمەوێت ڕۆحت بكێشم و ئەو زانستەی لای تۆیە ڕادەستی ڕاسپێرراو بكەم وەك چۆن چرا لەناو شووشەیە، ﴿كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ﴾ النور: ٣٥. پلەوپایەی كەسی ڕاسپێرراویان پێ ڕابگەیەنم... باقر لەبارەی ئەم فەرمایشتە: ﴿يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۚ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾ النور: ٣٥. وتویەتی: نمونەی ئەو منداڵانەتان كە لە ئێوە لە دایك دەبن وەك ئەو زەیتەیە كە لە زەیتون بەرهەم دەهێنرێت... و دەڵێت: خەریكە وەك پێغەمبەر بێنە دووان ئەگەر فریشتەشیان دانەبەزیبێتە سەری[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ورثة العلم، ح رقم ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٧٤.

باقر پشتی بە فەرموودەی دوو شتە گرانبەهاکە (الثقلين) بەستووە لە کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە ئال و بەیتدا[1]. و گوایە باقر بە سەعدی ئیسکافی وتوە: (بەردەوام کتێبی خودا و ڕێنشیاندەرێك لە خانەوادەکەم نیشانەن بۆ ئەو زانستە تا لە سەر حەوزی کەوسەر پێم دەگەن)[2].

ئیمامییەکان لە باقرەوە دەگێڕنەوە کە سەرکۆنەی خەڵکی کردووە بەهۆی ئەوەی ئیمامەکانی ئال و بەتیان فەرامۆش کردووەو پەنایان بۆ زاناکانی تر بردووە، لەم بارەوە وتویەتی: (ئاوی کەم دەمژن و ڕووباری گەورە پشتگوێ دەخەن! پێی وترا: ڕووباری گەورە چییە؟ وتی: پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و ئەو زانستەی خوا پێیداوە، خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ ڕێ و شوێنی پێغەمبەرەکان هەر لە

---

(١) جباری کوڕی عەبدوڵای ئەنصاری ئەم فەرموودەیەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: خەڵکینە دوو شتی گرانبەها لە ناوتان بەجێ دەهێڵم: گرانبەهای گەورە، گرانبەهای بچوك، ئەگەر دەستیان پێوە بگرن گومڕا نابن و ناگۆڕێن، داواشم لە خوای کارزان و میهرەبان کردووە کە هەرگیز ئەو دوو شتە گرانبەهایە لە یەکتر جیا نەبنەوە تا لەسەر حەوز پێم دەگەن، داواکەشم گیرا بوو، وتیان: گرانبەهای گەورە و بچوك چییە؟ فەرمووی: گرانبەهای گەورە کتێبی خوایە کە هۆکارێکی دوو لایە لایەکی بە دەستی خوایە و لایەکی تری بە دەستی ئێوەیە، گرانبەهای بچوك بریتییە لە ڕەچەڵك و خانەوادە و خزمە نزیکەکانم. بصائر الدرجات ١٢٢ و ١٢٣.

(٢) لە گێڕانەوەیەکی تردا لە عەلی کوڕی محەممەد ەوە لە قاسمی کوڕی محەممەد ەوە لە سولەیمانی کوڕی داودەوە لە یەحیای کوڕی ئەدیمەوە لە شەریکەوە ئەویش لە جابرەوە هاتووە کە وتویەتی: باوکی جەعفەر وتی: لە مەنا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی هاوەڵەکانی کرد و فەرمووی: (خەڵکینە دوو شتی گرانبەهاتان لە ناو بەجێ دەهێڵم، تا دەستیان پێوە بگرن گومڕا نابن: کتێبی خواو خانەوادەو خزمە نزیکەکانم، بێگومان ئەم دووانە لە یەکتر جیا نابنەوە تا لەسەر حەوز پێم دەگەنەوە) پاشان وتی: (ئەی خەڵکینە من چەند سپاردەیەك لە ناوتان بەجێ دەهێڵم: کتێبی خوا، ڕەچەڵەك و خزمە نزیکەکانم، کەعبەی ماڵی خوا) پاشان باوکی جەعفەر وتی: سەبارەت بە کتێبی خوا ئەوا دەستکارییان کرد، کەعبەشیان ڕووخاند، ڕەچەڵەك و خزمە نزیکەکانی پێغەمبەریان کوشت و سەرجەم سپاردەکانی خوایان فەوتاند و پێشێل کرد. الصفار، بصائر الدرجات ١٢٣.

ئادەمەوە تا محەممەد بۆ محەممەدی ((ﷺ)) کۆکردۆتەوە، وترا: ئەو ڕێ و شوێنە چییە؟ وتی: تێکڕای زانستی پێغەمبەران، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) سەرجەم ئەو زانستەی ڕادەستی میری باوەڕداران _ سڵاوی خواای لێبێت _ کردووە)[١].

دەگێڕنەوە کە: باقر بە سەلەی کوڕی کوهەیل و حەکەمی کوڕی عوتبە کە دوو شەرعناسی مەککە بوون وتوە: (لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا زانستێکی ڕاست و دروست نابینن مەگەر ئەوەی لە لای ئێمە دەردەچێت)[٢]. یان (حەکەم با ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکات، سوێند بەخوا زانستی دەست ناکەوێت مەگەر لەلایەن ئال و بەیتەوە نەبێت کە جبریلیان بەسەردا دابەزیوە)[٣]. جارێکیان باقر گوێبیستی فەتوایەکی حەکەمی کوڕی عوتبە بوو کە دەیوت منداڵی زۆڵ شایەتی لێ وەردەگیرێت، باقر توڕە بوو و وتی: (خوایە لە گوناهی حەکەم خۆش نەبی، بەهۆی ئەو فەتوایەی دەری کردووە) ئەمە یادخەرەوەیە بۆ تۆ و گەلەکەت: (حەکەم با لای ڕاست و چەپ بکات، سوێند بەخوا زانستی دەست ناکەوێت مەگەر لەلایەن ئال و بەیتەوە نەبێت کە جبریلیان _ سڵاوی خوای لێبێت _ بەسەردا دابەزیوە)[٤]. و باقر وتویەتی: (هەر زانستێك لە لایەن ئال و بەیتەوە دەرنەچێت ئەوا پوچەڵە)[٥].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ورثة العلم ح رقم ٦.

(٢)الوافي ح رقم ٣٣٢٢٤ عن الكافي ١: ٣٢٩/ ٤.

(٣) الوافي ح رقم ٣٣٢٢٥ عن الكافي ١: ٣٢٩/ ٤.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه ليس شيء من الحق في يد الناس إلا ما خرج من عند الأئمة، ح رقم ٥.

(٥) الوافي ح رقم ٣٣٢٣٦ عن بصائر الدرجات ٥٣١/ ٢١.

له باقر دەگێڕنەوە گوایە وتویەتی: (هیچ ڕاست و دروستییەك لەلایەن خەڵكی نییە و هیچ یەكێك لە خەڵكی دادوەری بە ڕەوایی ناكات مەگەر ئێمەی ئال و بەیت نەبین، ئەگەر كاروبارەكانیان لەسەر كەڵەكە بوو ئەوا هەڵە دەكەوێتە لای ئەوان و ڕاستی دەكەوێتە لای عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _)[1]. باقر بەختی كردۆتەوە بەو وتەیەی: (هیچ كەسێك زانیاری لەبارەی هیچ شتێكەوە پێ نییە مەگەر ئەو زانستە لەلایەن میری باوەڕدارانەوە _ سڵاوی خوای لێبێت _ دەرچوو بێت، خەڵكی دەیانەوێت بۆ كوێ بچن با بچن، سوێند بەخوا زانست تەنها لێرەوەیە) بە دەستی خۆی ئاماژەی بۆ ماڵی خۆی كرد[2].

ئیمامییەكان دەڵێن: باقر ڕاڤەكەی شەرعناسی شاری بەصرە قەتادەی كوڕی دەعامەی بۆ قورئانی پیرۆز بە ناپەسەند داناوەو كاتێك چاوی پێكەوتووە ئەوا پێی وتوە: (ئاگاداربە قەتادە؛ كەسێك قورئان دەناسێت كە بە قورئان دوێنرا بێت... هۆشیار بە قەتادە؛ ئەگەر قورئانت ڕاڤە كردبێت بە خۆتەوە یان لە وتەی كەسانی ترەوە وەرتگرتبێت ئەوا بەڕاستی خۆت تیاچوویت و خەڵكیشت لەناوبردووە...)[3]. باقر پرسیاری لە قەتادە كردووە لە بارەی ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَقَدَّرْنَا فِيهَا ٱلسَّيْرَ ۖ سِيرُوا۟ فِيهَا لَيَالِىَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ﴾ سبأ: ١٨. قەتادە وتی: واتە: هەر كەسێك لە ماڵی خۆی بە تێشوو و زەخیرەیەك و

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه ليس شيء من الحق في يد الناس إلا ما خرج من عند الأئمة ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه ليس شيء من الحق في يد الناس إلا ما خرج من عند الأئمة ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٤٨٥.

وڵاخی سواری و بەکرێ گریەکی حەڵاڵ بێتەدەر مەبەستی ئەم ماڵە _ کەعبە[1] _ بێت ئەوا ئارام و سەلامەت دەبێت تا دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی، بەڵام باقر ئەم ڕاڤەیەی ڕەتکردەوەو وتی: (هەر کەسێك لە ماڵی خۆی بە تێشوو و زەخیرەیەك و وڵاخی سواری و بەکرێ گریەکی حەڵاڵ بێتەدەر و مەبەستی ئەم ماڵە _ کەعبە[2] _ بێت و ماڤ ئێمە بزانێت و خۆشەویستی ئێمە دڵی داگیر بکات هەروەك خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ ﴾ إبراهيم: ٣٧. واتە: "جا داواکارم دڵی هەندێك لەو خەڵکە کەمەندکێش بکەیت بۆ لایان". مەبەستی کەعبەی ماڵی خوا نییە، ئەگەر مەبەستی بووبا ئەوا لە جیاتی "بۆ لایان: إليهم" دەیفەرموو "بۆ لای: إليه"، دواتر باقر وتی: سوێند بەخوا ئێمە بریتین لە بانگەوازی ئیبڕاهیم _ سڵاوی خوای لێبێت _ کە هەر کەسێك دڵی هۆگری خۆشەویستی ئێمە بێت ئەوا حەجەکە وەردەگیرێت و بەپێچەوانەوە حەجەکەی گیرا نابێت... ئەی قەتادە؛ ئەگەر بەوشێوەیە بوو ئەوا ئەو کەسە سەلامەت دەبێت لە سزای دۆزەخ لە قیامەتدا)[3].

بانگەشەی کورت هەڵهێنانی زانست سەرەتا پشتی بەستبوو بە پڕوپاگەندەی ئەوەی کە باقر چەکی پێغەمبەرو کتێبە تایبەتەکانی بە ڕێنووسی عەلی لایە، هەندێك جار بەو نووسراوانەی دەوت کتێبی عەلی یان مەصحەفی فاتیمە یان جفرە یان کۆمکار، هەروەك لە محەممەدی کوڕی موسلیمی زورارەی کوڕی ئەعیونەوە ئەویش لە باقرەوە هاتووە، کە باقر بە پشت بەستن بەو کتێبانە فەتوا دەدات کە

---

(١) وەرگێڕ.

(٢) وەرگێڕ.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٤٨٥.

لەبارەیانەوە دەڵێت: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی و عەلی بە ڕێنووسی خۆی نووسیویەتی)[١]. یان باقر فەتوای دەدا بە پشت بەستن بە گێڕانەوەی فەرمووده لە باوکیەوە ئەویش لە باپیرەیەوە (بەوەی میری باوەڕداران ئەم فەرموودەیەی بۆ گێڕاوەتەوە)[٢]. سەرباری بانگەشەی ئەوەی (باقر کتێبی تایبەتی لابووە) بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نەبوو دژی ئەو کەسانەی گێڕانەوەی باقر لە باپیرانییەوە ڕەت دەکردەوە، بەڵام تا ئەندازەیەکی زۆر بانگەشەیەکی پەسەند بوو[٣]. بەڵام ئەم بانگەشەیە دواتر بەرە بەرە گەشەی کرد و کۆگیر بوو لەسەر خودی ئیمامەکان کە خاوەنی زانستێکی تایبەتن و خوا پێیان داوە، خودی ئەم ئیمامانە بریتیە لە بەرپابوونی بەڵگە لەسەر بەندەکان، هەروەك شیعە ئیمامییەکان لە باقریان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (سوێند بەخوا لەوەتەی ئادەم _ سڵاوی خوای لێبێت _ گیانی سپاردووە هەرگیز خوا زەوی بێ ئیمام بەجێ نەهێشتووە کە خەڵکی ڕێنمایی بکات بۆ لای خواو ببێتە بەڵگەی خودا بەسەر بەندەکانیەوەو زەوی هەر ئاوا نامێنێتەوە بێ ئیمام کە ببێتە بەڵگەی خودا بەسەر بەندەکانیەوە)[٤]. و باقر وتویەتی: (زەوی بێ ئیمام نابێت سوێند بەخوا

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة قد أتوا العلم وأثبت في صدورهم ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة قد أتوا العلم وأثبت في صدورهم ح رقم ١٠.

(٣) کوشی لە ئیمامی صادقەوە هێناویەتی گوایە وتویەتی: خەڵکی مەدینە گێڕانەوەی باقریان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ناپەسەند دەزانی، دەیانوت: هیچ کەسێکمان درۆزنتر نەبینیوە لە باقر کە شت لە کەسێك دەگێڕێتەوە کە هەر نەیبینیوە. جا کاتێك باقر گوێبیستی ئەم دەنگۆیانە بوو ئەوا گێڕانەوەکانی لە جابری کوڕی عەبدوڵا دەگێڕایەوە بەمەش خەڵکەکە باوەڕیان پێکرد، کەچی سوێند بەخوا جابر دەهاتە لای باقر وانەی لێ فێردەبوو. الكشي في ترجمة جابر بن عبدالله الأنصاري.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأرض لا تخلو من حجة ح رقم ٨.

من ئەو ئیمام و بەڵگەیەم)[1]. و وتویەتی: (سوێند بەخوا ئێمە گەنجینەی زانستی خودای گەورەین لە ئاسمان و زەوی نەك گەنجینەی زێڕو زیو)[2]. و وتویەتی: (ئێمە خەزێنەی زانستی خواین و بەرجەستەکاری سروشی ئەوین و ئێمە بەڵگەی تێرو تەواوین بۆ سەرتاپای خەڵکی سەر ڕووی زەوی تا پەڕەی ئاسمان)[3]. و: (ئێمە _ ئال و بەیت _ درەختی پێغەمبەرایەتی و جێگەی پەیام و وێستگەی فریشتە و ماڵی ڕەحمەت و کانگای زانستین)[4]. و: (ئێمە درەختی پێغەمبەرایەتی و ماڵی ڕەحمەت و کلیلەکانی دانایی و حیکمەت و جێگەی پەیام و وێستگەی فریشتە و نهێنی هەڵگری خواین، ئێمە سپاردەی خوای گەورەین لەناو بەندەکانی و ئێمە پەرێزو سنوورو پەیمان و بەڵێنی خواین، کەسێك بە وەفا بێت سەبارەت بە پەیمانی ئێمە ئەوا وەفای هەبووە بەرامبەر بە پەیمانی خودا، کەسێك بەڵێنەکەمان بباتە سەر ئەوا بەڵێنی خودای پاراستووە)[5].

ئەبو حەمزەی سەمالی دەڵێت گوێبیستی باوکی جەعفەر بووم دەیوت: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: تەواو بەرپابوونی بەڵگەی من لەسەر بەدبەختەکانی ئوممەتەکەت ئەوەیە کە لایەنگیری عەلی و ڕاسپێرراوەکانی دوای تۆ فەرامۆش بکەن، چونکە سوننەت و ڕێ و شوێنی تۆ و پێغەمبەرانی پێش تۆ لە ڕاسپێرراوەکانتدا بەرجەستەیە، بێگومان

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأرض لا تخلو من حجة ح رقم ٩.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ولاة أمر الله وخزنة علمه، ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ولاة أمر الله وخزنة علمه، ح رقم ٣ عن سدير.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة معدن العلم وشجرة النبوة ومختلف الملائكة ح رقم ١ و ٢.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة معدن العلم وشجرة النبوة ومختلف الملائكة ح رقم ٣.

ڕاسپێرراوەکان گەنجینەی زانستی منن لە دوای تۆ، دواتر پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرمووی: جبریل ناوی باوو باپیرانی ئەو ڕاسپێرراوانەی بە من داوە)[1].

ئەبو حەمزە لە باوکی جەعفەرەوە گێڕاویەتیەوەو وتویەتی: (کاتێك پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئەرکی پێغەمبەرایەتی خۆی ڕاپەڕاند و ڕۆژەکانی تەواو کرد ئەوا خوا سروشی بۆ نارد و پێی فەرموو: محەممەد ((ﷺ)) ئەرکی پێغەمبەرایەتی خۆت ڕاپەڕاند و ڕۆژەکانت بە ڕێکرد، بۆیە ئەو زانست و شوێنەوارو ناوی گەورە و میراتی زانست و شوێنەوارەکانی پێغەمبەرایەتی ئال و بەیتەکەت ڕادەستی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بکە، من زانستی پێغەمبەرایەتیم لە ڕەچەڵەکی تۆدا نەپچڕاندووە هەروەك ئەو زانستەم لە هیچ ماڵێکی پێغەمبەران لە نێوان تۆ و ئادەم نەپچڕاندووە)[2].

ئیمامییەکان فەرموودەیەکیان لە محەممەدی باقرەوە گێڕاوەتەوە لەبارەی چۆنیەتی زانستی ئیمامەکان، گوایە ناوبراو وتویەتی: (جبریل دوو هەناری لە بەهەشت بۆ محەممەد ((ﷺ)) هێنا، عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ پێی گەیشت و وتی: ئەم دوو هەنارەی ناو دەستت چین؟ محەممەد ((ﷺ)) فەرمووی: ئەمەیان پێغەمبەرایەتییە، تۆ هیچ بەشێکت لێ نییە، ئەوەی تریشیان زانستە، دواتر محەممەد ((ﷺ)) هەناری دووەمی کردە دوو بەش بەشێکی دایە عەلی و بەشەکەی تر پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بردی و پاشان فەرمووی: تۆ هاوبەشی منی و من هاوبەشی تۆم لە مەدا. باقر وتی: سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا ((ﷺ))

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ولاة أمر الله وخزنة علمه ح رقم ٤.

(٢) الصفار، بصائر الدرجات، ج ٩ باب ٢٢ ح رقم ٢.

هەر پیتێك لەوەی خودا فێری ئەوی کردووە ئەوا بێگومان ئەویش فێری عەلی کردووە، دواتر ئەم زانستە بۆ ئێمە مایەوەو بەدەستی ئێمە گەیشت، پاشان باقر دەستی خستە سەر سینەی خۆی)[1].

گێڕاویانەتەوە کە باقر ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنی: ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣. بە ئال و بەیت ڕاڤە کردووەو وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: من و ئیمامەکان بریتین لە "الذکر"). و باقر ئەم فەرمایشتەی: ﴿وَإِنَّهُۥ لَذِكۡرٞ لَّكَ وَلِقَوۡمِكَۖ وَسَوۡفَ تُسۡـَٔلُونَ﴾ الذکر: ٤٤. ڕاڤە کردووەو وتویەتی: (ئێمە تیرەی ئەوین و پرسیارمان لێ دەکرێت)[2].

محەممەدی کوڕی موسلیم وتویەتی بە باقرم وت: هەندێك کەس لەلای ئێمە هەن پێیان وایە ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣. بریتین لە جولەکە و نەصرانی، باقر وتی: (کەواتە جولەکە و نەصرانی بانگتان دەکەن بۆ ئەوەی بچنە سەر ئایینی ئەوان! _ بە دەستی خۆی ئاماژەی بۆ سینەی خۆی کرد و وتی _ "أهل الذکر" ئێمەین و ئێمەش بەرپرسیارین)[3].

باوکی بەصیر لە باقر دەگێڕێتەوە کە ڕاڤەی ئەم ئایەتەکەی کردووە: ﴿بَلۡ هُوَ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ فِي صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَۚ﴾ العنکبوت: ٤٩. بەوەی مەبەستی لە ئیمامەکانە. و باسی ئەوەشی کردووە کە باقر ئاماژەی بۆ سینەی خۆی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الله لم يعلم نبيه علما إلا أمره أن يعلمه أمير المؤمنين ح رقم ١ و ٢ و ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة ح رقم ١ و ٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة ح رقم ٧.

کردووە[1]. دواتر باوکی بەصیر وتی: سوێند بەخوا ئەی باوکی محەممەد لە ناو دوو توێی قورئاندا ئاماژە بەوانە نەکراوە دەی ڕۆحم فیدات بێ پێم بڵێ ئەوانە کێن؟. وتی: دەکرێ جگە لە ئێمە بن؟[2]. و باقر وتی: (ئەم زانستە لە قورئاندا لە کۆتاییدا بەمن گەیشتووە)[3].

جابری کوڕی یەزیدی جەعفی لە باقرەوە دەگێڕێتەوە کە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی کردووە: ﴿ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ الزمر: ٩. بەوەی وتویەتی: (ئێمە زاناین و ئەوانەی نەزانن دوژمنی ئێمەن، شیعە و پشتیوانەکانمان خاوەنی ژیری و عەقڵن)[4]. و ئەم فەرمایشتەی ڕاڤە کردووە: ﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ ﴾ آل عمران: ٧. بە ئیمامەکانی ئال و بەیت و وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) چاکترین زانای ڕۆچووە لە زانستدا، خودا سەرجەم سروش و تەئویلی فێری ئەو کردووە، خودا هەرگیز شتێکی بۆ سەر پێغەمبەر دانەدەبەزاند ئەگەر فێری تەئویلەکەی نەکردبا، ڕاسپێرراوەکانی پێغەمبەر لە دوای ئەو شارەزای هەموو سروش و تەئویلن، ئەوانەش کە تەئویلی نازانن کە ئەگەر زانایەك بە زانست بۆیان دووا ئەوا خودا بەم فەرمایشتەی وەڵامی ئەوانی داوەتەوە:﴿ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ ﴾ آل عمران: ٧. جا قورئان پێکهاتووە لە: دەق و حوکمی تایبەت و گشتی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة قد أوتوا العلم وأثبت في صدورهم ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة قد أوتوا العلم وأثبت في صدورهم ح رقم ٣.

(٣) الوافي ٣٣٥٨٧، ٥٦، بصائر الدرجات ١٤/٢٣٦.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن من وصفه الله بالعلم في كتابه هم الأئمة ح رقم ١ و ٢.

"خاص و عام" و یەك ماناهەڵگر و وێکچوو و فرەواتا "محكم و متشابە" و هەڵوەشێنەرەوەو هەڵوەشاوە "ناسخ و منسوخ"، ئەوانەی لە زانستدا ڕۆچوون ئەمانە دەزانن)[١]. و باقر وتویەتی: (پێغەمبەر قورئانی بۆ یەك کەس ڕاڤە کردووە ئەویش ئیمامی عەلییە، قورئان پێداویستی نەوە یەك لە دوای یەکەکان دابین ناکات مەگەر ڕاڤەکارەکەی ئامادە بێت)[٢]. و ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی ڕاڤە کردووە: ﴿ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَٰبِ ﴾ الرعد: ٤٣. بەوەی بریتییە لە: ئیمامەکانی ئال و بەیت. و وتویەتی: (مەبەستی ئایەتەکە ئێمەیە، عەلی یەکەم و باشترین و چاکترینمانە لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)))[٣]. باقر زانستی قورئانی کورت هەڵهێناوە لە ئیمامەکانی ئال و بەیتدا و لەم بارەوە وتویەتی: (لەسەر خەڵکی پێویستە قورئان بەوشێوەیە بخوێننەوە کە دابەزیوە، ئەگەر پێویستیان بە ڕاڤەکەی هەبوو، ئەوا پێویستە ڕێنموونی لە ئێمە وەربگرن و پەنا بۆ ئێمە بێنن)[٤].

ئیمامییەکان لە باقرەوە گێڕاویانەتەوە کە ئیمامەکان (میراتگری کتێبن)، ئەوانەی کە خودا لەم فەرمایشتەدا باسی ئەوانی کردووە: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ﴾ جا بەندەکانی ڕاڤەکردووە بە: (منداڵ و نەوەکانی فاتیمە _ سڵاوی خوای لێبێت _ دەستپێشخەر بەچاکە "السابق بالخيرات": بە ئیمام

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الراسخين في العلم هم الأئمة ح رقم ٢.

(٢) الوافي ٣٣٥٣٤، الكافي ١: ١/١٨٨.

(٣) الوافي ٣٣٥٤٦، ١٥ الكافي ١: ٦/١٧٩.

(٤) الوافي ٣٣٥٩٥ تفسير فرات الكوفي ٩١.

لێكداوەتەوەو میانڕەو "مقتصد"ی بەو كەسە شرۆڤە كردووە كە ئیمام دەناسێت، ئەوەی ستەمی لەخۆ كردووە: ئەو كەسەیە كە ئیمام ناناسێت)[1]. ئیمامەكان ئەوانەن كە خودا كتێبی پێداون و لەم ئایەتەدا باسی كردوون: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ ﴾ البقرة: ١٢١. وتویەتی: (ئەوانە ئیمامەكانن _ سڵاوی خوایان لێبێت _)[2].

لە باقرەوە گێڕاویانەتەوە گوایە وتویەتی: (ڕاڤەی قورئان بە حەوت ڕووە، هەندێك لەو ڕاڤانە پێشتر كراون و هەندێكیان هێشتا نەكراون، ئیمامەكان _ سڵاوی خوایان لێبێت _ دەیزانن)[3]. ناوبراو وتویەتی: (هیچ ئایەتێك لە قورئان نییە كە لایەنی شاراوەو ڕووكەشی نەبێت، لایەنی ڕووكەشەكەی بەو شێوەیە كە دابەزیوە، لایەنی شاراوەكەی تەئویلەكەیەتی، هەندێكی تێپەڕیوەو دەركەوتووە، هەندێكی هێشتا نەهاتووەو دەرنەكەوتووە، دەڕوات وەك چۆن خۆرو مانگ دەڕۆن، هەر كە تەئویلی شتێك هات چ بە مردووان یان بە زیندووانەوە پەیوەست بێت ئەوا ئێمە دەیزانین)[4].

جابری كوڕی یەزیدی جەعفی لەم بارەوە دەڵێت: (پرسیارم لە باوكی عەبدوڵا كرد لەبارەی هەندێك لە تەفسیر، ئەویش وەڵامی دامەوە، منیش دووبارە پرسیارم لێكردەوە، وەڵامێكی تری دامەوە، وتم: تۆ وەڵامێكی جیاوازت دامەوە لەبارەی ئەم مەسەلەیە، وتی: جابر! قورئان لایەنی شاراوەی هەیە، ئەو لایەنە شاراوەی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن من اصطفاه الله من عباده وأورثهم كتابه هم الأئمة ح رقم ١ و ٢ و ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن من اصطفاه الله من عباده وأورثهم كتابه هم الأئمة ح رقم ٤.

(٣) الوافي ٣٣٥٨١، ٥٠ بصائر الدرجات: ٨/٢١٦.

(٤) الوافي ٣٣٥٨٠، ٤٩، بصائر الدرجات: ٢١٦/ ٧ و ٨.

لایەنێکی تری شاراوەی هەیە و ڕووکەشیشی هەیە، ڕووکەشەکە ڕووکەشێکی تری هەیە، ئەی جابر! هیچ شتێك بە ئەندازەی ڕاڤە و تەفسیری قورئان لە عەقڵی بەندەکان دوور نییە، سەرەتای ئایەت لە بارەی شتێکە و کۆتاییەکەی لەبارەی شتێکی ترەوەیە، کەچی وتەیەکی بەیەکەوە بەستراوەو بەسەر چەند ڕوویێك گەڕدەخوات)[1].

سەرباری کورت هەڵهێنانی زانینی قورئان و پەیامی خوایی لە ئیمامەکاندا، ئەوا چەند گێڕانەوەیەکی تر باس لەوە دەکەن کە ئیمامی باقر بانگەشەی ئەوەی کردووە کە دانەیەکی تەواوی قورئانی لا هەبووە، هەروەك وتویەتی: (هەر کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو قورئانی کۆکردۆتەوە وەك چۆن دابەزیوە ئەوا درۆی کردووە، بێگومان هیچ کەسێك قورئانی کۆنەکردۆتەوەو لە بەری نەکردووە وەك چۆن خوا دایبەزاندووە تەنها عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و ئیمامەکان نەبن لە دوای ئەو _ سڵاوی خوایان لێبێت _)[2]. و (هیچ کەسێك ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە لایەنی شاراوەو ڕووکەشی قورئانی لایە بێجگە لە ڕاسپێرراوەکان)[3]. ئێمە نازانین تا چ ئەندازەیەك ئەم گێڕانەوانە دروستن و ئایا لەلایەن ئیمامی باقرەوە هاتوون یان بە درۆ خراونەتە پاڵی، هەر چەندە ئێمە پشتگیری گریمانەی دووەم دەکەین، بەڵام _ بە هەر حاڵ _ ئەم گێڕانەوانە بناغە دادەڕێژن بۆ بانگەشەی ئەوەی کە تەنها ئیمام زانستی سەبارەت بە پەیام و کتێبی خوا هەیە و هەر ئەویش دەتوانێت ڕاڤە و تەئویلی بکات، ئەم گێڕانەوانە کار لەسەر ئەوە

---

(١) الوافي ٣٣٥٧٢، ٤١، المحاسن: ٥/٣٠٠.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه لم يجمع القرآن كله إلا الأئمة ح رقم ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه لم يجمع القرآن كله إلا الأئمة ح رقم ٢.

دەکەن بۆ ئەوەی ئیمامەکانی ئال و بەیت بکەنە (سەرچاوەیەکی نوێی یاسادانان) لە پاڵ قورئان و سوننەت. هەروەك لە گێڕانەوەکەدا هاتووە لە باوکی خالیدی کابلی، کە وتویەتی: لەبارەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَاۚ ﴾ التغابن: ٨. پرسیارم لە باوکی جەعفەر کرد؟ وەڵامی دایەوەو وتی: (سوێند بەخوا ئەی باوکی خالید نوورو ڕووناکی ئیمامەکانی ئال و بەیتی محەممەدن ((ﷺ)) تا ڕۆژی دوایی، سوێند بەخوا ئەوان ئەو ڕووناکیەن کە دابەزێنراوە، سوێند بەخوا ئەوان ڕووناکی خودان لە ئاسمانەکان و زەویدا)[١]. و لە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ نُورٗا تَمۡشُونَ بِهِۦ ﴾ الحديد: ٢٨. وتویەتی: (ئیمامێك کە شوێنی بکەون)[٢]. و لە گێڕانەوەیەکی تردا لەبارەی ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە هاتووە: ﴿ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ﴾ الأعراف: ١٥٧. کە باقر وتویەتی: (نوور کە لەم ئایەتەدا بریتییە لە عەلی میری باوەڕداران و ئیمامەکان _ سڵاوی خوایان لێبێت _)[٣].

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة نور الله، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة نور الله، ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة نور الله، ح رقم ٢.

## ٣_ غەیب زانینی ئیمامەکان

لەبەر ئەوەی (ئیمامەتی خوایی) زانستێکی بێ سنووری خوایی دەخواست، بەم هۆیەوە ئەوانەی برەویان بەو تیۆرە دەدا ئەوەیان بەبەس نەزانی کە بڵێن زانستی ئیمام بەهۆی بۆ ماوەییە لە ڕێگەی کتێبەکانەوە یان بە هۆی ڕاڤەی قورئانەوەیە، بەڵکو ئاسۆکانی زانستی ئیمامیان فراوان کرد تا وای لێهات ئەوەندە پان و پۆڕ بوو ئاسمانەکان و زەوی داگرت، لە باقریان گێڕاوە کە گوایە وتویەتی: (سوێند بەخوا هەرگیز کەسی زانا ناکرێت نەزان بێت، زانا بێت بە شتێك و نەزان بێت بە شتێکی تر... خودا لەوە بەرزو پیرۆزو شکۆدارترە کە گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون بۆ کەسێك پێویست بکات کە زانستی ئاسمان و زەوی پێ نەبێت... بێگومان ئەو کەسەی خودای گەورە وەك ئیمام دیاری دەکا هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە)[1].

و باقر وتویەتی: (سەرم سوڕماوە لەوانەی پشتگیریمان دەکەن و بە ئیمام دامان دەنێن و دەشڵێن گوێڕایەڵی ئێمە لەسەر ئەوان پێویستە وەك پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کەچی دواتر بەڵگەی خۆیان تێکدەشکێنن و دژایەتی خۆیان دەکەن بەهۆی لاوازی دڵەکانیان، مافی ئێمە کەم دەکەنەوە و ئەمە بە کرچ و کاڵی دەزانن بۆ ئەو کەسەی کە خودا بەڵگەی لەسەر ڕاستی ناسینی مافی ئێمەی پێداوەو پێویستی ملکەچی نواندن بۆ ئێمەی پێڕاگەیاندووە، ئایا پێتان وایە خودا گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری خۆشەویستانی خۆی لەسەر بەندەکانی پێویست کردووەو کەچی هەواڵی ئاسمان و زەوی و کەرستەکانی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان و ما يكون ح رقم ٦.

زانستیان لێ دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەو پێشهاتانەی ئایینەکەیان لەسەری بەندە؟!)[1].

ئیمامییەکان لە باقر دەگێڕنەوە کە ناوبراو لە میری باوەڕداران (کە دەکاتە باپیرەی) گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (چەند خەسڵەتێکم پێدراوە کەس پێش من ئەو خەسڵەتانەی پێی نەدراوە، فێری زانستی مردن و ئاشوب و ڕەچەڵەکناسی و قسە لەجێی کراوم، هەر شتێکی پێش خۆم لە دەستم نەچووە، هەر شتێك لە پێش چاوم دیار نەبێت ئەوا هەر لێم ون نابێت، بە ڕەزامەندی خودا مژدە دەدەم و لەبڕی ئەو ئەو کارە دەکەم، هەموو ئەو شتانە لە خواوە سەرچاوەیان گرتووە کە بە زانستی خۆی منی تێدا پایەدار کردووە)[2]. ئیمامییەکان گومانیان وابوو کە باقر وتویەتی: (ئێمە پیاو بە ڕاستی باوەڕو ڕاستی دووڕوویی دەناسین)[3].

ئەم بانگەشەی ئیمامییەکان لەبارەی غەیب زانینی ئیمام کۆك و تەبا بوو لەگەڵ تیۆری (ئیمامەتی خوایی)، جا ئەگەر ئەم بانگەشەیە ڕاست بێت ئەوا دەبێت غەیب بزانێت و بە هەر ڕێگەیەکەوە بێت پەیوەندی بە ئاسمانەوە بکات وەك پێغەمبەران، ئەگەر ئیمام نە سەلمێنرا کە ئیمام غەیب دەزانێت و نەیتوانی هەواڵ لەبارەی هیچ شتێکی غەیبییەوە بدات ئەوا لەم حاڵەتەدا هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی ئیمام، بەتایبەت لە میانەی نەبوونی دەق و وەسیەت

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ٤ والصفار، بصائر الدرجات ج ٣ باب ٥ (ما لا يحجب عن الأئمة علم السماء وأخباره وعلم الأرض وغير ذلك) ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم أركان الأرض، ح رقم ١، بۆیە باقر دەیوت: (لێپرسینەوە لە حوکمەکانی ئیمام وەك لێ پێچینەوەیە لە حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی، ڕەت کردنەوەی شتێکی ئیمام بچوك یان گەورە وەك هاوبەشدانانە بۆ خوا).

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في معرفتهم أولياءهم والتفويض إليهم ح رقم ٢.

لەلایەن ئیمامی پێشوو لەسەر ئیمامی نوێ. لەبەر ئەوەی تیۆری ئیمامەت لە سەدەی دووەمی کۆچ دامەزراوە لەناو بارودۆخێکی سەخت و دوژوار و لە ژێر چەتری نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئیمامەتی باقر، ئا لەو کاتەدا دەبووایە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە باقر غەیب دەزانێت. بەڵام ئەو تەحەدا گەورەیەی کە ڕووبەڕووی بانگەشەی غەیب زانی ئیمامەکان دەبووەوە بریتی بوو لە دژ بوونی بانگەشەکە لەگەڵ فەرمایشتی ڕاشکاوی قورئان: ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا﴾ الجن: ٢٦. واتە: (خودا ئەو زاتەیە زانای نهێنی و شاراوەکانە، کەسیش لە نهێنی و شاراوەکانی ئاگادار ناکات). دواتر ئیمامییەکان کەوتنە چاڵی ئەم تێکگیرانەوە بۆیە چەند گێڕانەوەیەکیان داتاشی و دایانە پاڵ ئیمامی باقر بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم تێکگیرانە، هەروەك حیمرانی کوڕی ئەعیون دەڵێت: ڕووبەڕووی بیرۆکەی (غەیب زانینی ئیمامەکان) بوومەوەو پرسیارم لە باقر کرد لەبارەی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا﴾ الجن: ٢٦. باقر وەڵامی دایەوەو وتی: ﴿إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ﴾ الجن: ٢٧. واتە: (مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی ڕازی بێت _ بەوەی هەندێ نهێنی بزانێت _). سوێند بەخوا محەممەد یەکێکە لەوانەی خوا خۆی ڕازی بووە هەندێ نهێنی پێ ڕابگەیەنێت، سەبارەت بەم فەرمایشتە: ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ﴾ ئەوا خوای مەزن زانایە بەو قەدەرە نادیارەی بۆ بەدیهێنراوەکانی داناوە، بەر لەوەی شتەکان بەدی بهێنێت و زانیاری لەبارەی شتەکان بداتە فریشتەکان ئەوا ئەندازە گیریان بۆ دەکات، جا حیمران ئەمە ئەو زانستەیە کە تەنها خودا دەزانێت و ویستی ئەو ئاراستەی دەکات، ئەگەر بیەوێت بەدیدەهێنێت، ئەگەر نەشیەوێت ئەوا کارەکە ڕایی ناکات،

بەڵام ئەو زانستەی کە خودای مەزن ئەندازەی بۆ کێشاوەو پەڕاندوویەتیەوە بۆ دۆخی جێبەجێ بوون ئەوا ئەو زانستەی تایبەت بەمە ڕادەستی پێغەمبەر ((ﷺ)) دواتر ئێمە کراوە)[1].

ئیمامییەکان لە باقرەوە دەگێڕنەوە کە وتویەتی: (ناوی خوای مەزن لە سەر حەفتا و سێ پیتە، تەنها یەك پیت لەلای ئاصف بوو جا ئەو پیتەی دەربڕی و زەوی نێوان ئاصف و تەختی بەلقیس ڕۆچوو و بەمەش تەختەکەی دەستخست لە کەمتر لە چاوتروکانێك، ئێمە حەفتا و دوو پیتمان لایە، یەك پیت لەلای خوای گەورەیە و لە زانستی پەنهانی خۆیدا هەڵی گرتووە، بێگومان هیچ هەوڵ و هێزێك بوونی نییە مەگەر بەویستی خوای پایەبەرزی مەزن نەبێت)[2]. زەڕیس وتویەتی: گوێبیستی باوکی جەعفەر بووم دەیوت: (خودای باڵادەست و خاوەن شکۆ دوو جۆر زانستی هەن: یەکەمیان زانستی بەخشراو، دووەمیان زانستی هەڵگیراو، جا فریشتەکان و پێغەمبەران هەر شتێك لە زانستی بەخشراو بزانن ئەوا ئێمەش لێی دەزانین، بەڵام زانستی هەڵگیراو تەنها لای خوای مەزنە لە تۆماری پارێزراودایە کە سەرچاوەی کتێبەکانی خوایە، هەر کە زانست لەوێ دەرچوو دەست بەجێ جێبەجێ دەبێت)[3]. باوکی بەصیر وتویەتی: باوکی جەعفەر وتویەتی: (خودای بێ هاوەڵ دوو جۆر زانستی هەیە: جۆرێکیان تەنها خوا خۆی دەیزانێت و پیشانی هیچ کەسێکی نەداوە و جۆرێکی تریان فریشتەکان و پێغەمبەران دەیزانن، جا

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر فيه ذكر الغيب، ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما أعطي الأئمة من اسم الله الأعظم، ح رقم ١ و ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جميع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء، ح رقم ٣.

ئەوەی فریشتەکان و پێغەمبەران _ سڵاوی خوایان لێبێت _ بیزانن ئەوا ئێمەش دەیزانین)[1].

تێبینی دەکرێت کە ئەم گێڕانەوانە ئیمامەکان و پێغەمبەران لەو هەڵاواردنەی لە ئایەتەکەدا هاتووە تێکەڵ دەکات بێ بەڵگە لەسەر بنەمای بانگەشە، کەچی کرۆکی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) پێکدێنێت.

## ٤_ قسەکردنی فریشتەکان بۆ (ئەو ئیمامانەی لەگەڵ غەیب دەدوێن)

لە هەمان ناوکۆدا دەبینین لە ناو کەلەپوری ئیمامی شیعەدا چەندین گێڕانەوە لە باقری باوکی جەعفەرەوە هاتوون کە دەدوێن لەبارەی ئەو ئیمامانەی لەبارەی فریشتەکان دەدوێن، هەر چەندە گومانمان لە ڕاست و دروستی ئەم گێڕانەوانە هەیە، ئەوا تێڕوانینمان وایە ئەمە درێژە پێدەری تیۆری (ئیمامەتی خواییە) یان قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی تیۆرەکە، ئەمەش دوای ئەو بانگەشەیە دێت کە دەڵێت بوونی ئیمام پێویستە، چونکە هەر ئیمام قورئانی ڕاست و تەواوی لایە و هەر ئەو زانستی قورئانی لایە و توانای ڕاڤە و تەئویل کردنی هەیە و غەیب دەزانێت و ناوی گەورەی خودای لایە. لەبەر ئەوەی تیۆری (ئیمامەت) دەڵێت ئیمامەکان لەلایەن خواوە دیاریکراون و زانستی خواییان لایە، ئەوا تیۆرەکە هیچ ڕێگرێکی نەبینی لە بانگەشەی گفتوگۆ کردنی فریشتەکان لەگەڵ ئیمامەکان سەرباری ئەوەی تیۆری ناوبراو ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئیمامەکان پێغەمبەر بن وەك خۆ دوورگرتنێك لە دەرچوون لە شتە پێویستەکانی ئایینی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جميع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء، ح رقم ٤.

ئیسلام. کلینی لە ئیمامی باقری گێڕاوەتەوە گوایە ناوبراو وتویەتی: (ئەو زانستەی کە ڕاجیایی لەسەر نییە ئەوا لای ئیمامە ڕاسپێرراوەکانە وەك چۆن پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دەیزانی، بەڵام ئیمامەکان ئەو شتە نابینن کە پێغەمبەر ((ﷺ)) دەیبینی، چونکە پێغەمبەر پێغەمبەری بوو و ئیمامەکانیش تەنها قسەکەر بوون لەگەڵ فریشتەکان، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دەچووە خزمەت خوا و گوێبیستی سروش دەبوو بەڵام ئیمامەکان گوێبیستی سروش نابن). و وتویەتی: (خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ بە پێغەمبەرەکەی ((ﷺ)) دەفەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ﴾ القدر: ١ _ تا کۆتایی سوڕەتەکە، جا ئایا پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) شارەزای زانستێك دەبوو _ لەوەی کە شارەزایی لێ نەبوو _ لەو شەوەدا یان جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ لەبارەی شتێکی تر دادەبەزی؟) دواتر وتی: ﴿ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ ﴾ آل عمران: ٧. پرسیاری کرد: کێن ئەوانەی لە زانستدا ڕۆچوون؟ پاشان وەڵامی دایەوە: ئەوانە جێنشینانی پێغەمبەرن ((ﷺ)) کە لەلایەن خواوە پاڵپشتی کراون، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) تەنها کەسێك دەکاتە جێنشینی خۆی کە بە حوکمی ئەو حوکم بکات و هاوشانی ئەو بێت تەنها لە پێغەمبەرایەتی دا نەبێت، ئەگەر پێشتر پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لە زانستی خۆیدا هیچ کەسێکی بە جێنشینی خۆی دانەنابێت، ئەوا ئەم زانستەی لە پشتیدا بۆ نەوەکانی گوێزاوەتەوە[1].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ١.

بەپێی گێڕانەوەی کلینی باقر ڕەتی کردۆتەوە زانستی پێغەمبەر تەنها لە بارەی قورئانەوە بووبێت و لەوەدا کورت بووبێتەوە، بەڵگەشی بەم ئایەتە هێناوەتەوە: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ٣ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ٤ أَمۡرٗا مِّنۡ عِندِنَآۚ إِنَّا كُنَّا مُرۡسِلِينَ ٥ ﴾ الدخان: ٣_ ٥. جا وتویەتی: لێك جیاکردنەوەی ئەو کاروبار و بەرنامە پڕ لە حیکمەتانە لە نێوان فریشتەکان و ڕۆحە، کە لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەر زەوی، بۆیە پێویستیان بە گەورەیەك هەیە تا داوەریان لە نێواندا بکات... بێگومان هەر وەلی و خۆشەویستێکی خودا لە ئاسمان و زەویدا پشتیوانی خوایی لە پاڵە، بۆیە هەڵە ناکات، هەر دوژمنێکی خوا لەسەر زەوی سەرشۆڕە، کەسێك سەرشۆڕ بێت هەرگیز ڕاست ناپێکێت، جا مادەم پێویستە کارو بەرنامە لە ئاسمانەوە دابەزێنرێتە سەر زەوی بۆ ئەوەی خەڵکی سەر زەوی حوکمیان پێ بکات، ئەوا بەهەمان شێوە بوونی گەورە پێویستە... خودا ڕەتی کردۆتەوە کە لە دوای محەممەد ((ﷺ)) بەندەکان بێ ئیمام بەرەڵا بکات). و وتویەتی: (قورئان قسەکەر نییە تا فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە بکات، بەڵکو خەڵکی قورئان فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن. و دەڵێم: ئاشوبێك ڕووبەڕووی هەندێك خەڵکی سەر زەوی بووەتەوە، جا ئەمە سوننەت و حوکم و قورئاندا نییە کە ڕاجیایی لەسەر نییە، خودا بەهۆی زانا بوونی خۆی بەو شتە ڕەتی کردۆتەوە لەسەر زەوی دەربکەوێت، بێگومان هیچ شتێك ناتوانێت حوکمی خوا ڕەت بکاتەوەو هیچ پەناگەیەك نییە بۆ خۆ لێ دەرباز کردنی)[1].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ١.

کلینی لە باقری گێڕاوەتەوە، گوایە لەبارەی ڕاڤەی ئایەتی: ﴿ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ﴾ وتویەتی: (لە شەوی قەدردا ڕاڤەی شتەکان ساڵ بە ساڵ بۆ ئیمام دادەبەزێت، لەبارەی ئەو شتەی پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە بەو شێوەو بەوشێوەیە فەرمان دەکات، لەبارەی ئەو شتانەش پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیە بەم شێوەو بەو شێوەیە فەرمان دەکات، جگە لەمە ئەوا ڕۆژانە لە زانستی تایبەت و شاراوەو هەڵگیراوی خوای مەزن بە ئیمام دەبەخشرێت، وەك چۆن بەرنامەی شتەکان لە شەوی ناوبراودا دادەبەزن)[1]. و لە باقرەوە گێڕدراوەتەوە گوایە ئەویش لە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (شەوی قەدر لە هەموو ساڵێکدا هەیە، لەو شەوەدا بەرنامەی شتەکانی ساڵێکی تەواو دادەبەزێت، لە دوای پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئیمام هەن کە کارەکان ڕادەپەڕێنن)[2]. و (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: لە دوای من بەرنامەی شتەکان کە لە شەوی قەدردا دادەبەزێت ئەوا بۆ لای عەلی دەبێت)[3].

لە میانەی کۆمەڵێك گێڕانەوە کە دراونەتە پاڵ ئیمامی باقر ئەوە دەردەکەوێت کە ناوبراو زۆر پشتی بە دابەزینی فریشتەکان لە شەوی قەدردا بەستووە، وتویەتی: (ئەی گرۆی شیعەکان بە پشت بەستن بە سوڕەتی ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ ﴾ ململانێ بکەن سەرکەوتوو دەبن، سوێند بە خوا ئەم سوڕەتە لە دوای پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بەڵگەی خوایە بەسەر بەندەکانی دا و گەورەی ئایینەکەتانە، ئامانجی زانستمانە. ئەی گرۆی قوڕەیش بە پشت بەستن بەم ئایەتانە ﴿ حمٓ ۝١ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ٥.

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴾ الدخان. ململانێ بکەن، چونکە لەبارەی حوکمرانە تایبەتەکانی دوای پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دابەزیوە)[1]. و وتویەتی: (گەورەی ئەو ئیماندارەی سوڕەتی ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ ﴾ _ واتە: سوڕەتی: الدخان[2] _ لەبەرە و ڕاڤەکەی دەزانێت لە چاو ئیماندارانی لە خۆی پلە نزمتر وەك گەورەیی مرۆڤ وایە بەسەر ئاژەڵەکان)[3].

تێکڕای ئەم گێڕانەوانە دەڕژێنە ناو یەك فیکرەوە ئەویش بریتییە لە: (ئیمامی ڕاسپێرراوی قسەکەر لەگەڵ فریشتەکان) و پێویستی هەبوونی ئەو ئیمامە تا دواڕۆژ، هەروەك کیسانییەکان ئەم بانگەشەیان لەبارەی موختار یان محەممەدی کوڕی حەنیفە دەکرد، بۆیە بە ئەندازەیەکی زۆر پێمان وایە پاشماوەی کیسانییەکان ئەم گێڕانەوانەیان هەڵبەستبێت و دابێتیانە پاڵ ئیمامی باقر، ناوبراوان لە باقریان گێڕاوەتەوە گوایە وتویەتی: (خوای گەورە شەوی قەدری وەك یەك شتی دونیا بەدیهێنا، یەکەم پێغەمبەرو یەکەم ڕاسپێرراوی لەو شەوەدا بەدیهێنا، خوای گەورە وا ئەندازەگیری کردووە کە هەموو ساڵێك شەوێك هەبێت ڕاڤەی شتەکانی تێدا دابەزێت کە لە ماوەی ساڵی ئایندەدا ڕوودەدەن، هەر کەسێك نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات ئەوا زانستی خوای مەزنی ڕەت کردۆتەوە، چونکە

---

(١) الکليني، الکافي، کتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ٦، باقر پشتی بە ڕاڤەی ئەم ئایەتەش بەستووە: ﴿ وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٞ ﴾ فاطر: ٢٤. بەوەی وتویەتی: پێویستە ترسێنەرێك لەلایەن پێغەمبەرەوە لە هەر نەوەیەك لە نەوەکانی موسڵماناندا دیاری بکرێت، قورئان بەس نییە بۆ موسڵمانان و سوودی لێ نابینن مەگەر بە بوونی ئیمامێکی ڕاڤەکار نەبێت، پێغەمبەریش قورئانی تەنها بۆ یەك کەس ڕاڤە کردووە ئەویش عەلی کوڕی ئەبو تالیبە. هەمان سەرچاوە.

(٢) وەرگێڕ.

(٣) الکليني، الکافي، کتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ٧.

پێغەمبەران و پەیامبەران و ئەو ئیمامانەی لەگەڵ فریشتەکان دەدوێن تەنها هەڵەستن بەو شتەی کە لەو شەوەدا وەك بەڵگە بۆیان دابەزیوە لە پاڵ ئەو بەڵگەی جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ بۆیان دەهێنێت). و باقر لە وەڵامی پرسیارێك کە لە بارەی دابەزینی فریشتەکان بە سەر ئەو ئیمامانەی لەگەڵ فریشتەکان دەدوێن وتی: (گومان لەوەدا نییە کە فریشتە دادەبەزنە سەر پێغەمبەران و پەیامبەران _ دروودو سڵاوی خوایان لێبێت _، بۆ جگە لە ناوبراوان هەر لە یەکەم ڕۆژی دروست بوونی دونیاوە تا کۆتا ڕۆژی دونیا پێویست بوو کە هەمیشە بەڵگەیەك لەسەر خەڵکی زەوی هەبێت و لە شەوی قەدردا خوا بنێرێتە سەر هەر بەندەیەك بێت بیەوێت... سوێند بەخوا جبریل و فریشتەکان فەرمانی خوایان بۆ ئادەم هێنا لە شەوی قەدردا، سوێند بەخوا ئادەم بێ ڕاسپێرراو و جێنشین کۆچی دوایی نەکرد، هەموو پێغەمبەرانی تر لە دوای ئادەم فەرمانی خوایان لە شەوی ناوبراو بۆ هاتووە و هەر پێغەمبەرێك ئەم فەرمانەی بە ڕاسپێرراوی خۆی بەخشیوە... سوێند بەخوا هەر لە ئادەمەوە تا محەممەد ((ﷺ)) فەرمانیان بۆ هاتووە کە وەسیەت بۆ فڵانە بکەن و کەسەکەیان بۆ دیاریکراوە، بۆیە خوای گەورە بە حوکمڕانە جێگرەوەو تایبەتەکانی دوای محەممەد ((ﷺ)) فەرمووە: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾ تا دەگاتە: ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴾ ئێوە دەکەمە جێنشینی زانست و ئایین و بەندایەتی خۆم لە دوای پێغەمبەرەکەتان هەروەك چۆن ڕاسپرراوەکانی دوای ئادەمم کردن بە جێنشین و پایەدارم کردن تا پێغەمبەری دوای ئادەمم ڕەوانە کرد، ﴿ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي

شَيْـًٔا ﴾ بەو باوەڕە من دەپەرستن کە هیچ پێغەمبەرێك لە دوای محەممەد ((ﷺ)) نییە، هەر کەسێك بۆچوونێکی تری جگە لەمە هەبێت ئەوا: ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴾. خودا حوکمڕان و ڕاسپێرراوەکانی دوای محەممەدی به زانست پایەدار کردووە، ئەوانیش ئێمەین، بۆیە پرسیارمان لێبکەن، ئەگەر شتەکانی ئێوەمان بە ڕاست دانا ئەوا دانی پێدا بنێن و چی دەکەن بیکەن... زانستی ئێمە ئاشکراو دیارە، دەرکەوتنی ئاکامەکەمان کە لە میانەیدا ئایین لە ئێمەوە بەدەر دەکەوێت بۆ ئەوەیە کە ڕاجیایی لە ناو خەڵکدا نەمێنێت، بێگومان ئەمە کاتی خۆی هەیە لە دوو توێی تێپەڕینی شەو و ڕۆژەکان، ئەگەر کاتی خۆی هات دەردەکەوێت، ڕاستی یەك شتە... سوێند بەخوا خودای گەورە وا فەرمانی کردووە کە ڕاجیایی لە نێوان باوەڕداران نەمێنێت، لەبەر ئەمە خودا باوەڕدارانی کردۆتە گەواهیدەر بەسەر خەڵکیەوە تا محەممەدیش ((ﷺ)) گەواهیمان لەسەر لێبدات و تا ئێمەش گەواهی لەسەر شیعەکانمان بدەین و شیعەکانیشمان گەواهی لەسەر خەڵکی بدەن، خودا ڕەتی کردۆتەوە کە تێکگیران لە حوکم و زانستەکەیدا هەبێت)[1].

کیسانییەکان پێیان وابوو کە باقر وتویەتی: (فریشتە لە هەموو شەو ڕۆژێك سەردانی ئیمام دەکات، تا شەوی قەدر دێت، فریشتە لەو شەوەدا دێنە خزمەت ئیمام و زانیاری پێدەدات لەبارەی ئەو شتانەی خودا بەدیاندەهێنێت، سوێند بەخوا کەسێك بڕوای وابێت شەوی قەدر ڕاستە ئەوا دەزانێت کە ئەم شەوە تایبەت بۆ ئێمەیە، هەروەك پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کاتێك سەرەمەرگی نزیك

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ٨.

ببوەوە بە عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ فەرمووی: ئەوە ئیمام و گەورەی ئێوەیە لە دوای من، ئەگەر گوێڕایەڵی بن ئەوا ڕێگەتان ڕۆشن دەبێت، کەسێك باوەڕی بەو شتانە نەبێت کە لە شەوی قەدردا هەن ئەوا نکۆڵی کارە، کەسێکیش باوەڕی پێی هەبێت بەڵام ڕای پێچەوانەی ئێمە بێت ئەوا هیچی لە ڕاستی پێ نییە، بێگومان شەوی قەدر بۆ ئێمەیە کەسێك ئەمە نەڵێت ئەوا درۆزنە، خودا لەوە مەزنترە کە فەرمان و جبریل و فریشتەکان بۆ لای کەسی بێ باوەڕو لاسار دابەزێنێت، ئەگەر یەکێك وتی[(١)]: ئەمانەی باسکران بۆ سەر خەلیفە دادەبەزن. جا ئەم وتەیەی هیچ نرخێکی نییە، ئەگەر وتیان: فەرمانی خواو جبریل و فریشتەکان تایبەت دانابەزن بۆ لای هیچ کەسێك. ئەمە چۆن دەبێت ناکرێت شتێك بێتە خوارەوە بۆ لای هیچ و شوێنگەی دیار نەبێت، ئەگەر وتیان _ و دەشڵێن _: ئەمە گرنگ نییە، ئەوا بێ گومان زۆر بە خراپی گومڕا بوونە)[(٢)].

بەپێی ئەو گێڕانەوانەی کلینی دەیانگێڕێتەوە ئەوا باقر ئیمامەکانی لە ڕیزی فریشتە و پێغەمبەرو پەیامبەرانی دانەوە لە وەرگرتنی زانست لە خوای مەزنەوە: (خودا هەر زانیارییەك بە فریشتە و پێغەمبەران بدات ئەوا بە ئێمەش دەبەخشێت)[(٣)]. باقر سیفەتی (المحدث)ی بۆ (ئیمامەکان) بەکارهێناوە، واتە: ئەوانەی گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەدا دەکەن و فریشە قسەی بۆ دەکات. و وشەی (محدث: ئەو ئیمامەی گفتوگۆ لەگەڵ فریشتە دەکات و فریشە قسەی بۆ دەکات) خستووەتە پاڵ ئەم ئایەتە: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ ﴾ الحج: ٥٢.

---

(١) پێم وابێت مەبەستی لەو کەسە کەسێکە لە ئەهلی سوننە. (وەرگێڕ).

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه، ح رقم ٩.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جميع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء ح رقم ١ و ٢ و ٣ و ٤.

واتە: لە پێش تۆدا هەر پەیامبەرو پێغەمبەرێکمان ناردبێت.  و وتویەتی: (ولا محدث: هەر ئیمامێك کە لەگەڵ فریشتە بدوێتو فریشە قسەی بۆ بکات)[1].

هەندێگ گێڕانەوە باس لەوە دەکەن کە باقر بانگەشەی (قسەکردنی فریشتەی بۆ ئیمام)ی داهێنا ئەمەش وای کرد شڵەژان لە ناو ڕیزی شیعەکانی ناوبراودا دروست ببێت، تەنانەت ئەمە نامۆ بوو بەلای نزیکترین کەسی باقر کە مامی بوو (عەبدوڵای کوڕی زەید، برای ئیمامی عەلی کوڕی حوسەین لە دایکی) و حیکایەتی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام)ی ڕەتکردەوەو وتی: پاك و بێگەردی بۆ خوا؟! وەك ئەوەی ئەم حیکایەتە ڕەت بکاتەوە، باقری باوکی جەعفەر ڕووی تێکرد و وتی: سوێند بەخوا کوڕی دایکت[2] ئەمەی دەزانی[3]. ئەمەش چەند پرسیارێکی لە ناو شیعەدا وروژاند لەبارەی ئەوەی دەکرێت ئیمام ئەم قسە پەنهان و غەیبیانەی لە شەیتانەوە بیستبێت؟ ئیمام چۆن دەزانێت ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکات فریشتەیە؟ باقر وەڵامی دانەوە بەوەی: (ئارامی و ڕێزی پێدەدرێت تا ئەو ئەندازەیەی دەزانێت قسەکە وتەی فریشتەیە)[4].

ئەم بانگەشەیە نزیکترین پشتیوانانی باقری شڵەژاند، وەك: حیمرانی کوڕی ئەعیون، ناوبراو گوێبیستی باقری باوکی جەعفەر بوو دەیوت: (فریشتە قسەی بۆ عەلی دەکرد)، حیمران دەرپەڕییە دەرەوەو چووە لای هاوەڵانی و وتی: شتێکی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢.

(٢) پێم وابێت مەبەستی لە کوڕی دایکت عەلی کوڕی حوسەینە. بە بەڵگەی ئەوەی لە دوو دێری پێشوودا ئاماژەی بەوە کراوە کە (کە عەبدوڵای کوڕی زەید برای ئیمامی عەلی کوڕی حوسەینە لە دایکی) وتویەتی  الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٤.

سەرسامكەرم بۆ هێناون، وتیان چییە؟ وتی: گوێبیستی باوكی جەعفەر بووم دەیوت: فریشتەی قسەی بۆ عەلی دەكرد. وتیان حیمران هیچ مەكە و بگەڕێوە لای باقر و پرسیاری لێ بكە: كە كێیە لەو دیوی مادده و لە غەیبەوە قسەی بۆ عەلی كردووە، باقر وتی: فریشتە قسەی بۆ كردووە، حیمران وتی: كەواتە دەڵێم عەلی پێغەمبەرە یان پەیامبەرە، باقر وتی: نا، وا نییە، بەڵكو وێنەی عەلی وەك هاوەڵی سولەیمان و هاوڕێی موسا و هاووێنەی زولقەرنەینە[1]. باقر ئەمەی[2] ئاوا خوێندەوە: (وما أرسنا من قبلك من رسول و لانبي و لا محدث) واتە: ئەی محەممەد ((ﷺ)) هەر پەیامبەرو پێغەمبەرو ئیمامێك كە لەگەڵ فریشتە بدوێت لە پێش تۆدا ناردبێتمان. حیمران گێڕانەوەكە تەواو دەكات و دەڵێت: چووم و هەواڵەكەم بە حەكەمی كوڕی عەیینە گەیاند، ئەمەش باقری سەغلەت كرد و پێی وتم: (بۆچی بە حەكەمی كوڕی عەیینەت وتوە كە من وتومە فریشتە قسە بۆ ئیمامەكان دەكەن؟ ئەم جۆر قسانە بۆ حەكەم و هاووێنەكانی مەكە)[3].

ئەبو حەمزەی سەمالی و موغەیرەی كوڕی سەعید (دواتر خۆی وەك پێغەمبەر ناسان[4]) پێیان وابوو، باقر بەوانی وتوە: (زانستی عەلیمان لە ئایەتێكی كتێبی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٥، والصفار، بصائر الدرجات ج ٧ باب ٦ رقم ١٠.

(٢) لە دەقە عەرەبییەكەدا هاتووە: (وقرأ باقر هذه الآية هكذا) بەڵام من ئەوەندە بوێری بە خۆم نادەم بڵێم ئەم ئایەتەی ئاوا خوێندەوە، چونكە مادەم بۆی زیادكراوە ئەوا ئایەت نییە، هەر كاتێك زیادەكەی لابرا ئەو كاتە دروستە بوترێت ئایەتە. (وەرگێڕ).

(٣) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٤٠٢٧ _ عن الكشي في ترجمة حمران بن أعين الشيباني.

(٤) چەندین گێڕانەوە كە صاقەوە هاتوون باس لەوە دەكەن كە موغەیرە درۆی بە دەمی باقر هەڵبەستووە كە هێشتا باقر هەر لە ژیاندا بوو و موغەیرە كتێبەكانی باقر لە هاوەڵانی باقر وەردەگرت و بەكەیفی خۆی كوفرو گومڕایی تێدەكرد، هەروەك لەم گێڕانەوەدا هاتووە كە صادق وتویەتی: (موغەیرەی كوڕی سەعید بە ئەنقەست درۆی بەدەمی باوكمەوە دەكرد، كتێبی هاوەڵانی

خوادا بەدی کرد: (وما أرسنا من قبلك من رسول و لانبي و لا محدث) واتە: ئەی محەممەد ((ﷺ)) هەر پەیامبەرو پێغەمبەرو ئیمامێك كە لەگەڵ فریشتە بدوێت لە پێش تۆدا ناردبێتمان. ناوبراوان بە باقریان وت: ئەمە وا نییە كە تۆ خوێندتەوە، باقر وتی: لە كتێبی عەلی ئاوایە: (وما أرسنا من قبلك من رسول و لانبي و لا محدث إذا تمنى ألقى الشيطان في أمنيته) واتە: ئەی محەممەد ((ﷺ)) پێش تۆ هیچ پەیامبەرو پێغەمبەرو ئیمامێك كە لەگەڵ فریشتە بدوێت ڕەوانە نەكردووە ئاواتی باوەڕهێنانی گەلەكەی نەخواستبێت، بەڵام كاتێك ئاواتی خواستووە شەیتان ئەمەی بە فرسەت زانیووەو شتی نابەجێی تێكەڵ بە ئاواتەكەی كردووە. ئەبو حەمزە وتی: گفتوگۆیەكە چۆنە؟ باقر وتی: بە گوێچكەیدا دەچرپێنرێت هاوشێوەی دەنگی تەشت یان لە دەرگای دڵی دەدات وەك دەنگی زنجیرە كە دەكەوێتە ناو تەشتەوە)[1].

---

خۆی دەبر، جا هاوەڵانی تێكەڵ بە هاوەڵەكانی باوكم بوون، ئەم هاوەڵانەی موغەیرەی كتێبیان بۆ موغەیرە دەبرد، ئەویش كوفرو گومڕایی تێدەكرد و دەیدایە پاڵ باوكم، ئینجا كتێبەكەی دەگەڕانەوە بۆ هاوەڵانی و دواشی دەكرد لە ناو شیعەدا بڵاوی بكەنەوەو جێگیری بكەن، جا هەر زیادەڕۆچوونێك لە كتێبەكانی باوكمدا هەبێت ئەوا لە دەستێوەردانی موغەیرەی كوڕی سەعیدە). أسد حيدر، الإمام الصادق والمذاهب الأربعة، ٢/ ٣٨١ _ ٣٨٣.

(١) الصفار، بصائر الدرجات ج ٧ باب ٦ ح رقم ١٣، و زورارە لە باقری باوكی جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: پێغەمبەران حەوت جۆرن: هەیانە گوێبیستی دەنگی فریشتە دەبێت وەك زرنگە زرنگی زنجیر و لە مەبەستەكە دەگات، هەیانە لە خەودا پێی ڕادەگەیەنرێت وەك: یوسف و ئیبراهیم، هەشیانە ڕووبەڕوو پێی دەوترێت، هەندێكی تریان لەسەر ڕووی دڵی دەنەخشێنرێت و لە گوێچكەیدا جێگیر دەبێت. الصفار، بصائر الدرجات ج ٨ باب ١ في الفرق بين الأنبياء والرسل والأئمة عليهم السلام و معرفتهم و صفتهم ح رقم ٦.

هەندێك گێڕەڕەوە تەنها بەوە دەستیان هەڵنەگرت بانگەشەی دابەزینی فریشتە بکەن بۆ لای ئیمامەکان، بەڵکو بانگەشەی ئەوەشیان کرد کە ڕۆحی ئیمامەکان بەرز بەرەو دەبێتەوە بۆ داواکردنی زانستی زیاتر، هەروەك لە فەرموودەی ئەبو یەحیای صەنعانی دا هاتووە، کە بانگەشەی بەرزبوونەوەی ڕۆحی ئیمام دەکات لە هەموو شەوانی هەینیدا لەگەڵ پێغەمبەران و ئیمامەکان و مردووەکان بۆ ئاسمانەکان و تەواف کردن و سوڕانەوە بە دەوری عەڕشدا... تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت: (ئەو ئیمامەی لە نێوتانداية وای لێدێت زانستەکەی بە زۆر قەبارەی گەورە زیاد دەکات)[1] یان (ڕۆحەکانمان لە ئاسمانەوە بێ سوود بینین لە زانست ناگەڕێنەوە ناو جەستەکانمان ئەگەر وا نەبووبا ئەوا زانستمان کۆتایی دەهات)[2].

هەر چەندە هەندێك لە فەرموودە هەوڵیان داوە جیاکار بکەن لە نێوان پێغەمبەرو (ئەو ئیمامەی کە لەگەڵ فریشتە دەدوێت) و پێغەمبەرایەتی ئیمامەکان ڕەت بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوا ئەم بانگەشەیە شڵەژانێکی مەزنی لە ناو ڕیزی ئەو شیعانەدا دروست کرد کە دەچوونە لای باقر و پرسیاریان لێدەکرد لەبارەی ئەم بانگەشە نامۆیە کە: ئایا پێغەمبەرایەتییە؟، حیمرانی کوڕی ئەعیون پێی وایە دوای ئەوەی گوێبیستی قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام بووە پرسیاری لە باوکی جەعفەر کردووەو پێی وتوە: دەڵێی ئیمام پێغەمبەرە؟ حیمران دەڵێت: باقر بەم شێوەیە دەستی جوڵاند و وتی دەکرێت وەك هاوەڵی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٥ و باب في أن الأئمة بمن يشبهون ممن مضى وكراهة القول فيهم بالنبوة ح رقم ١.

سولەیمان یان هاوەڵی موسا یاخود وەك زولقەرنەینە یان پێتان نەگەیشتووە کە وتویەتی: ئێوەش هاوێنەی ئەوانەتان تێدایە[1].

حارسی کوڕی موغەیرە باسی لەوە دەکات کە هەمان پرسیاری لە باقر کردووەو ئەویش هەمان وەڵامی داوەتەوە[2]. بەریدی کوڕی معاویە هاتە خزمەت باقر و لێی پرسی: پلەو پایە و پێگەی ئێوە چییە؟ بە چ پێشنێك دەچن؟ باقر وتی: بە هاوەڵی موسا و زولقەرنەین دەچین و هاوشێوەی ئەوانین، ئەوانە دوو زانا بوونە و پێغەمبەر نەبوونە[3].

هەندێك فەرموودە پەردە لەسەر گفتوگۆیەك هەڵدەدەنەوە کە لە نێوان چەند شیعەیەك و باقر ڕوویداوە لەبارەی بابەتی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) و پرسیاریشیان هەبووە لەبارەی زیاتر بوونی زانستی ئیمامەکان لە پێغەمبەر لەو حاڵەتەی فریشتە دادەبەزنە سەر ئیمامەکان، هەروەك لە گێڕانەوەی زورارەی کوڕی ئەعیونەوە هاتووەو دەڵێت گوێبیستی باوکی جەعفەر بووم دەیوت: (ئەگەر زانستمان زیاد نەبووبا ئەوا لەبن دەهات و کۆتایی دەهات) جا زورارە پرسیاری لێکردووە کە ئایا زانیاریەکتان زیاد دەبێت کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) نەیزانی بێت؟! گوایە باقر لە وەڵامدا پێی وتوە: (ئەگەر زانیارییەکی نوێ بێت ئەوا سەرەتا

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ٢ و باب لولا أن الأئمة يزدادون لنفد ما عندهم ح رقم ١ و ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة بمن يشبهون ممن مضى و كراهة القول فيهم بالنبوة ح رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة بمن يشبهون ممن مضى و كراهة القول فيهم بالنبوة ح رقم ٥.

پیشانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و دواتر ئیمامەکان دەدرێت، پاشان پیشانی ئێمە دەدرێت)[1].

یەکێك لەو گێڕانەوانەی کلینی هێناویەتی دەڵێت: پیاوێك (پێدەچێت شیعە بووبێت) هاتە لای ئیمام باقر و گفتوگۆیەکی گرنگی لەگەڵ کرد لەبارەی (دووانی ئیمام لەگەڵ فریشتە) و پیاوەکە دەستی بە قسەکردن کرد وتی:

_ ئەی کوڕی پێغەمبەری خوا لێم توڕە مەبە؟. باقر وتی: بۆچی؟ وتی: لەبەر ئەو شتەی دەمەوێت پرسیاری لەبارەوە بکەم، باقر وتی: بڵێ، پیاوەکە وتی: توڕە مەبە، باقر وتی: توڕە نابم. پیاوەکە وتی:

_ وتەی خۆت بینیوە لەبارەی شەوی قەدر و هاتنە خوارەوەی فریشتەکان و جبریل بۆ لای ئیمامەکان، ئایا پێت وایە ئەوانە شتێك بۆ ئیمامەکان دەهێنن کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) نەیزانی بێت؟ یان شتێك دەهێنن کە پێغەمبەری خواش ((ﷺ)) دەیزانی؟ تۆ ئەوە دەزانی کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کۆچی دوایی کرد و هەموو زانستەکەی بەخشییە عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) و ناوبراو لێی تێگەیشت. باقری باوکی جەعفەر وتی:

_ باقر وتی: ئەوە چیمانە و کێ چی تۆی هێناوەتە لام؟ پیاوەکە وتی:

_ هاتۆمە لای تۆ بۆ یەکلاکردنەوەی چەند بابەتێك کە پەیوەستن بە ئایینەوە، باقر وتی:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ٣.

_ تێبگە لەوەی پێت دەڵێم: کاتێك شەوڕەوی بە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کرا، ئەوا لە ئاسمانەکان دانەبەزی تا خوای پایەبەرز زانستی پێدا لەبارەی ڕابردوو و ئەوەی لە ئایندەشدا ڕوودەدات، زۆرێك لەو زانستەی پێغەمبەر ((ﷺ)) کورتبڕ بوو و ڕاڤەکەی لە شەوی قەدردا دادەبەزی، بەهەمان شێوە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب (سڵاوی خوای لێبێت) بە پوختی هەموو زانستێکی پێدرابوو و ڕاڤەی پوختەکە لە شەوانی قەدردا دادەبزین، بەهەمان شێوە چۆن ڕاڤەی زانستی پێغەمبەر ((ﷺ)) لە شەوانی ناوبراودا دادەبەزین، پرسیارکەرەکە وتی:

_ یان پوختەی زانستەکە ڕاڤە نەبوو؟ باقر وتی:

_ بەڵێ وایە، بەڵام ئەوە هەیە لە شەوانی قەدر بە ئاماژە پێغەمبەرو ئیمامەکان دەهات کە ئاواو ئاوا بکەن، ئەمەش لەبەر شتێك کە زانیویانە، لەلایەن خواوە فەرمانیان پێکرا لەبارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوت تێدا کردنی، پرسیارکەرەکە وتی:

_ ئەمەی وتت شیبکەرەوە بۆم، باقر وتی:

_ کاتێك پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کۆچی دوایی کرد پوختە و ڕاڤەی زانستەکەی لەبەرکردبوو پرسیارکەرەکە وتی:

_ ئەو شتەی لە شەوانی قەدردا بۆ پێغەمبەر ((ﷺ)) دەهات زانستی چی بوو؟ باقر وتی:

_ فەرمان و ئاسانکاری لەبارەی ئەو شتەی کە دەیزانی، پرسیارکەرەکە وتی:

_ ئەو شتەی لە شەوانی قەدردا بۆیان دێت زانستێکە پێشتر نەیانزانیوە؟ باقر وتی:

_ فەرمانیان کردووە ئەمە باس نەکرێت، ئەوەی پرسیارت لەبارەوە کرد تەنها خوای مەزن ڕاڤەکەی دەزانێت، پرسیارکەرەکە وتی:

_ ئایا ئیمامەکان شتێك دەزانن کە پێغەمبەران نەیزانن؟ باقر وتی:

_ نا، چۆن ئیمامی ڕاسپێرراو زانستێك دەزانێت کە پێی ڕانەسپێررا بێت. پرسیارکەرەکە وتی:

_ دەکرێت بڵێین: یەکێك لە ئیمامەکان شتێك دەزانێت کە ئیمامەکەی تر نایزانێت؟ باقر وتی:

_ نا، هیچ پێغەمبەرێك نەمردووە مەگەر زانستەکەی بە ڕاسپێرراوەکەی نەسپاردبێت، فریشتەکان و جبریل لە شەوی قەدردا دادەبەزن و حوکمیان پێیە بۆ دادوەری کردن لە نێوان بەندەکان. پرسیارکەرەکە وتی:

_ کەواتە ئەو حوکمانەیان نەزانیوە؟ باقر وتی:

_ بەڵکو زانیویانە بەڵام نەیان توانیوە هیچ شتێکی لێ جێبەجێ بکەن تا لە شەوانی قەدردا فەرمانیان پێ نەکرێ کە چی بکەن لە ساڵی ئایندەدا. پرسیارکەرەکە وتی:

_ باوکی جەعفەر من ناتوانم نکۆڵی لەمە بکەم؟ باقر وتی:

_ ئەوەی نکۆڵی لێ بکات لە ئێمە نییە. پرسیارکەرەکە وتی:

_ باوکی جەعفەر بینیوتە لە شەوانی قەدردا شتێك بۆ پێغەمبەر ((ﷺ)) دابەزێت کە پێشتر نەیزانی بێت؟ باقر وتی:

_ بۆت نییە پرسیار لەبارەی ئەمەوە بکەیت، سەبارەت بە زانینی ڕابردوو و ئەو شتانەی لە ئایندەدا ڕوودەدەن ئەوا هیچ پێغەمبەرێك نەمردووە مەگەر پێغەمبەر یان ئیمامەکەی دوای ئەو زانی بێتی، بەڵام ئەو زانستەی پرسیارت لەبارەوە کرد ئەوا خوای گەورە ڕەتی کردۆتەوە بە ئیمامەکان ڕابگەیەنێت بەڵکو تەنها خودی پێغەمبەرەکە دەزانێت. پرسیارکەرەکە وتی:

_ ئەی کوڕی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) چۆن بزانم شەوی قەدر لە هەموو ساڵێکدا دەبێت؟ باقر وتی:

_ ئەگەر مانگی ڕەمەزان هات ئەوا هەموو شەوێك سەد جار سوڕەتی (الدخان) بخوێنە، ئەگەر شەوی بیست و سێ هات ئەوا سەیری سەلمێنەری ڕاستی ئەو شتە دەکەیت کە پرسیارت لەبارەوە کرد[1].

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن شأن إنا أنزلناه ح رقم ٨.

## سەختی باوەڕکردنی بە وتەی ڕەچەڵەکی محەممەد

جا فیکرەی (دوانی ئیمام لەگەڵ فریشتە) بناغەی فیکرەکانی باقر بێت یان لەلایەن زیادەڕۆچووانە داهێنرا بێت، ئەوا ڕووبەڕووی ڕەتکرانەوەیەکی توونە بووەوە لەلایەن زۆربەی شیعەکانەوە بەهۆی ئەوەی دژی قورئانی پیرۆز و پێچەوانەی جەختکردنەوەی بوو لە کۆتایی هاتنی پێغەمبەرایەتی و پچڕانی سروش و وەحی یان قورئان ڕەتی کردبووەوە کە لە دوای پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) فریشتە دابەزێتە سەر بەندەیەکی تر. ئەمەش لە میانەی چەندین فەرموودە کە کلینی لە باقرەوە گێڕاویەتیەوە دەردەکەوێت کە هەوڵی داوە شتەکە سادە بکاتەوە و شڵەژان نەهێڵێ، ئەمەش بەهۆی ئاماژە کردن بەوەی وتەی ڕەچەڵەکی محەممەد ((ﷺ)) سەخت و گرانە. هەروەك لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە باقر فەرموودەیەك لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (وتەی ڕەچەڵەکی محەممەد ((ﷺ)) سەخت و گرانە، تەنها فریشتەیەکی لە خوا نزیك یان پێغەمبەرێکی پەیامدار یاخود بەندەیەکی پڕ لە ئیمان باوەڕیان پێ دەبێت، هەر وتەیەکی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد تان ((ﷺ)) پێگەیشت و دڵتان بۆی نەرم بوو و ناسیتان ئەوا وەری بگرن، هەر چییەك لەو وتانەش بە دڵتان نەبوو و نکۆڵیتان لێکرد ئەوا بیگێڕنەوە بۆ خواو پێغەمبەرو زانای خانەوادەو خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر ((ﷺ))، ئەو کەسە تیاچووە کە

ئەگەر قسەیەکی بۆ کرا و بە دڵی نەبوو ئەوا بڵێت: سوێند بەخوا ئەوە نەبووەو ڕاست نییە. جا نکۆڵی لێکردنی کوفرو بێ باوەڕییە)[1].

گوایە باقر وتویەتی: (سوێند بەخوا خۆشەویسترین هاوەڵم لەلای من ئەوەیە کە لە هەمووان پارێزگارتر و تێگەیشتووترە و قسەمان دەپارێزێت، دزێوترین و ناشرینترینیان لای من ئەو کەسە کە ئەگەر گوێبیست بوو فەرموودە درایە پاڵمان و لە ئێمە گێڕدراوەتەوە ئەوا وەری ناگرێت و دەیبوغزێنێت و نکۆڵی لێدەکات و ئەو کەسانە بە کافر دەزانێت کە دانی پێدا دەنێن، کەچی ئەو کەسە ناشزانێت کە دەکرێ ئێمە ئەو فەرموودەیەمان وت بێت و زنجیرەو سەنەدەکەی لە ئێمەوە بێت، جا کەسەکە بە نکۆڵی کردنەکەی دەردەچێت لە لایەنگری و بازنەی پشتیوانانمان)[2].

هەندێك گێڕانەوە باس لەوە دەکەن کە باقر هەڵساوە بە بانگهێشت کردنی شیعە بۆ ملکەچ و دانا پێدانان و گوێڕایەڵی. و ناوبراو هەڵساوە بە ڕاڤەکردنی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا ﴾ الشورى: ٢٣. بەوەی وتویەتی ئەنجامدان (ئیقتراف) واتە: (ملکەچ بوون بۆمان و بەڕاستدانانی وتەکانمان و درۆ هەڵنەبەستن بۆمان)[3]. و باقر پرسیاری لە کاملی تەمار کردووە

(١) و هاتووە: (گفتوگۆمان گران و سەختە، تەنها سینەی ڕووناك یان دڵی سەلامەت و ڕەوشتی چاك پەسەندی دەکات) و (زانستی زانایان گران و سەختە، تەنها پێغەمبەرێکی پەیامدار یان فریشتەکی لە خوا نزیك یاخود بەندەیەکی باوەڕداری دڵ پڕ لە ئیمان بڕوای پێ دەکات). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ١ و ٢ و ٣ و ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الكتمان ح رقم ٧.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم و فضل المسلمين ح رقم ٤.

که ئایا دەزانی ئەو باوەڕدارانە کێن لەو فەرمایشتەی پەروەردگاردا: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾ المؤمنون: ١. وتی: تۆ زاناتری، باقر وتی: (ئەو باوەڕدارانە سەرکەوتن کە ملکەچ بوون، بێگومان ملکەچ بووان باوەڕداری ڕەسەنن)[١]. و باقر بە سەدیری وت: (خەڵکی سێ ئەرکیان لەسەر شانە: ناسینی ئیمامەکان، ملکەچ بوون بۆ وتەکانیان، گەڕانەوە بۆ لای ئیمامەکان لە کاتی ڕاجیایی لە شتێکدا)[٢].

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم و فضل المسلمين ح رقم ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم و فضل المسلمين ح رقم ١.

# دەروازەی سێیەم

## پێویستی خۆشویستن و لایەنگیری ئیمامەکان

دوای ئەوەی تیۆری (ئیمامەتی ئال و بەیت) بووە ئایینی و خوایی، ئەوا بەم پێیە لایەنگیری و خۆشویستنی ئیمامەکان بووە ئەرکێکی ئایینی پیرۆز نەك بژاردەیەکی سیاسی ئازادانە و بە پێچەوانەی ئەوەی لە سیستەمی شورای شارستانیدا بەدی دەکرێت لەوەی موسڵمانان بە ویستی خۆیان لە میانەیدا سەرکردەو ئیمامەکەیان هەڵدەبژێرن و پەیماننامەیەکی دیاریکراوی لەگەڵ دەبەستن بۆ حوکمرانی کردن، لەسەر ئەم بنەمایە پشتگیری و لایەنگیری خۆیان پێدەدەن، ئەگەر ئیمام لایدا لەو مەرجانەی موسڵمانان کە لەسەری ڕێکەوت بوون ئەوا چیتر موسڵمانان لایەنگیری ئەو ناکەن بەڵکو لە پۆستەکەی لادەدەن.

شتێکی سروشتی بوو کە فیکری ئیمامی بەندێکی تایبەت لە خۆی بگرێ سەبارەت بە پێویستی لایەنگیری و پشتیوانی کردنی ئیمامەکانی ئال و بەیت، تەنانەت ئەم لایەنگیرییە بەرز بکەنەوە بۆ ئاستی حوکمە شەرعییەکان و بنچینە گرنگەکانی ئیسلام. بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر ئەمە ئەوا ئیمامییەکان چەندین فەرموودەیان لە باقر گێڕایەوە کە تیایدا داوا لە شیعەکان دەکات لایەنگیری و پشتیگری بکەن و دان بە دروستی ئیمامەتی خوایی ئەو دابنێن، هەروەك لە کتێبی (الکافی)دا لە باقرەوە هاتووە کە وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی هەر کەسێك بیەوێت بژیەت بە هاوشێوەی ژیانی پێغەمبەران، بشمرێت هاوشێوەی شەهید بوونی شەهیدان، نیشتەجێی ئەو بەهەشتە بێت کە خوای بە بەزەیی ئامادەی کردووە؛ ئەوا با ئەو کەسە پشتگیری و لایەنگیری عەلی

و جێگرەوەی ناوبراو و ئیمامەکانی دوای ئەو بکات، ئەوانە ڕەچەڵەکی منن لە خاکی لاشەی من بەدیهاتوون.. قوڕبەسەر ئەو کەسانەی لە ئوممەتی منن و پێچەوانەی ئەمە ڕەفتار دەکەن، خوایە شەفاعەتی من نەکەی بە بەشی ئەمانە)[1].

و جابری کوڕی یەزیدی جەعفی لە باوکی جەعفەری گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: کێ پێی خۆشە وەك من ژیان بباتە سەر و وەك من بمرێت و بچێتە ئەو بەهەشتەی پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم... ئەوا با پشتگیری عەلی کوڕی ئەبو تالیب _ سڵاوی خوای لێبێت _ و ئیمامەکانی دوای ئەو بکات، ئەوان لە دەرگای گومڕاییەوە ناتان بەنە ژوورەوە، لە دەروازەی هیدایەتیشەوە وەدەرتان نانێن... داواشم لە پەروەدگارم کردووە کە هەرگیز ئەوان قورئان لە یەکتر جیا نەکاتەوە تا لەسەر حەوز پێم دەگەنەوە)[2]. ئەبو حەزمەی سامالی وتویەتی: گوێبیستی باوکی جەعفەر بووم دەیوت: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: خوای پاك و پایەبەرز دەفەرمووێت: تەواو بەرپابوونی بەڵگەی من لەسەر بەدبەختەکانی ئوممەتەکەت ئەوەیە کە هەر کەسێ پشتگیری عەلی نەکات و پشتیوانی دوژمنانی عەلی بکات، نکوڵیش بکات لە پلەو پایەی ناوبراو و ئیمامەکانی دوای ئەو، بێگومان پلەو پایەی تۆ پلەو پایەی ئەوانە، گوێڕایەڵی کردنی تۆ گوێڕایەڵی کردنی ئەوانە، مافی تۆ مافی ئەوانە، سەرپێچی تۆ سەرپێچی ئەوانە، ئەوان پێشەوای ڕێنیشادەرن لە دوای تۆ، ڕۆحی تۆ بە بەر

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله و رسوله من الكون مع الأئمة ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله ورسوله من الكون والأئمة ح رقم ٦، لە گێڕانەوەی سێیەمدا کە باوکی عەبدوڵا لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (.. سکاڵای حاڵی ئوممەتەکەم لای خوا دەکەم، کە نکوڵی لە گەورەیی خانەوادە و خزمە نزیکەکانم دەکەن و پەیوەندی منیان پچڕاند، سوێند بەخوا کوڕی من دەکوژن و شەفاعەتی من دەست ناخەن) هەمان سەرچاوە ح رقم ٥.

لاشەی ئەواندا کراوە... لەسەرە خۆم پێویست کردووە کە هەڵیانبژێرم و بیانپاڵێوم و پاڵفتەیان بکەم و پێیان ڕازی بم، کەسێك ڕزگاری بووە کە ئەوانی خۆش بوویێت و پشتگیریان بکات و ملکەچی پلەو پایەیان بێت، ئینجا جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ خشتەی ناوی ئەوان و باوو باپیران و خۆشەویستان و ئەوانەی دانیان بە پلەو پایەی ئەواندا ناوە بۆ من هێناوە)[١].

جابر لە باوکی جەعفەرەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ يَوْمَ نَدْعُواْ كُلَّ أُنَاسٍ بِإِمَـٰمِهِمْ ﴾ الإسراء: ٧١. موسڵمانان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئایا تۆ ئیمامەی تێکری خەڵکی نیت؟ باوکی جەعفەر وتی: پێغەمبەر ((ﷺ)) فەرمووی: من پێغەمبەری خوام بۆ تێکڕای خەڵك بەڵام لە دوای من چەند ئیمامێك لە ئال و بەیتی من لەلایەن خواوە بۆ خەڵکی دادەنرێن، لە ناو خەڵکیدا دەردەکەون کەچی بەدرۆ دەخرێنەوە، سەرانی کوفرو گومڕایی و پشتیوانانیان بە سەرگەردانیان دادەنێن، جا هەر کەسێك پشتیان بگرێت و شوێنیان بکەوێت و بە ڕاستگۆیان بزانێت ئەوا ئەو کەسە لە منە و بە من دەگات، ئەوەش کە ستەمیان لێ بکات و بە درۆزنیان بزانێت ئەوا لە من نییە و لەگەڵ من نییە و من لێی بەریم)[٢].

ئیمامییەکان لە باقرەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بەڵێنی داوە شەفاعەت بۆ ئەوانە بکات کە پشتگیری ئیمامەکان دەکەن. و وتویەتی: (حەسانەوەو دڵخۆشی و پوختە بوون و یارمەتی و سەرکەوتن و فەڕو بەرکەت و

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله و رسوله من الكون مع الأئمة ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة في كتاب الله إمامان ح رقم ١.

ڕێزو لێخۆشبوون و ئاسانکاری و مژده و ڕەزامەندی و نزیکی و پایەداربوون و هیواداری و خۆشویستران لەلایەن خوا بۆ ئەو کەسەیە کە پشتگیری عەلی بکات و شوێن پێی هەڵبگرێت و خۆی لە دوژمنەکەی بەری بکات و دان بە پلەو پایەکەیدا بنێت و ملکەچی ئیمامەکانی دوای ئەو بێت، لەسەرم پێویستە بیانخەمە ناو شەفاعەتی خۆمەوە و پێویستە لەسەر پەروەردگاری پایەبەرزم شەفاعەتەکەم بۆ ئەوان گیرا بکات، لەبەر ئەوەی ئەوانە شوێنکەوتووی منن، جا ئەوەی شوێنم بکەوێت ئەوا لە منە)[1]. و باقر بە باوکی خالیدی کابلی وتوە: (سوێند بەخوا باوکی خالید هەر بەندەیەك ئێمەی خۆش بوێت و پشتگیریمان بکات ئەوا خودا دڵی پاك دەکاتەوە، خوا دڵی هیچ بەندەیەك پاك ناکاتەوە مەگەر ملکەچمان بێت و مایەی ئاشتی بێت بۆمان، ئەگەر وابوو ئەوا خوای گەورە دەیپارێزێت لە لێپرسینەوەی سەخت و لە مەترسی مەزنی دواڕۆژ دڵنیای دەکاتەوە)[2]. ئیمامییەکان دەڵێن: ڕۆژێکیان باقر سەیر خەڵکی کرد کە لە دەوری کەعبە دەسوڕێنەوە، وتی: (لە سەردەمی نەفامیشدا هەر بەم شێوەیە دەسوڕانەوە، جا بۆیە فەرمانیان پێکراوە بسوڕێنەوە بە دەوری کەعبەدا، تا دواتر پەنا بۆ ئێمە بێنن و پشتگیری و لایەنگیری و خۆشەویستی خۆیان بۆ ئێمە دەربڕن، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ ﴾ إبراهيم: ٣٧.[3] واتە: (داواکارم لێت دڵی هەندێك لە خەڵکی کەمەندکێش بکەیت بۆ لایان). و باقر بە سەدیری وتوە: (فەرمان بە خەڵکی کراوە بێنە لای ئەم بەردانە و بە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله و رسوله من الكون مع الأئمة ح رقم ٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة نور الله ح رقم ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الواجب على الناس بعد ما يقضون مناسكهم أن يأتوا الإمام ح رقم ١ و ٢.

دەوریاندا بسوڕێنەوەو دواتر بێنە لای ئێمە و پشتگیری خۆیان بە ئێمە ڕابگەیەنن و ئەمەش ئەو فەرمایشتەی پەروەردگارە: ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ ﴾ واتە: "بەڕاستی من زۆر لێخۆش بووم لەو کەسەی تۆبە دەکات و باوەڕ دەهێنێت و کارو کردەوەی چاکە دەکات و ڕێنمونی وەردەگرێت و لەوەو دوا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە" _ بە پەنجەی خۆی ئاماژەی بۆ سینەی خۆی کرد وتی: _ ڕێنموونی وەردەگرێت سەبارەت بە پشتگیری ئێمە. و ئەم فەرمایشتەی ڕاڤە کردووە: ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ﴾ سبأ: ٤٦. بەوەی: من ئامۆژگاریتان دەکەم بە پشتگرتنی عەلی، ئەوە ئەو یەکەیە کە خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی: (بەڕاستی من هەر یەك ئامۆژگاری ئێوە دەکەم)[1].

لە باقریان گێڕاوەتەوە: کە خودای گەورە نیگای بۆ پێغەمبەری خۆی ((ﷺ)) ناردووەو پێ فەرمووە: (دەستبگرە بەوەی بۆت نیگا دەکرێت، بێگومان تۆ لەسەر ڕێگەی ڕاستی) واتە: بەڕاستی تۆ پشتگیری عەلی دەکەیت و عەلیش لەسەر ڕێگەی ڕاستە [2]. باقر وتویەتی: جبریل ئەم ئایەتەی بۆ محەممەد ((ﷺ)) بەم شێوەیە دابەزاندووە: (بئسما الشتروا به أنفسهم أن يكفروا بما أنزل الله "في علي" بغيا)[3] واتە: خۆیان بە شتێکی ناپەسەند فرۆشت کاتێك بێ باوەڕ بوون بەوەی خودا لەبارەی عەلی ناردوویەتی ئەمەش بەهۆی سەرکەشیەوە. و باقر ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە: ﴿ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمۡ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهۡوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ﴾ البقرة: ٨٧. ڕاڤەیەکی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٤١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٢٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٢٥.

تایبەتی بۆ ئایەتەکە کردووە: (ئایا چۆن دەبێت هەر کاتێك محەممەد ((ﷺ)) هاتە لاتان و هاوشان لەگەڵ شتێك "کە پشتگرتنی عەلییە" بەڵام لەگەڵ ئارەزووەکانی ئێوە نەگونجێت ئەوا خۆتان بە زل زانیوە، کۆمەڵێکی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد بە درۆزن دایاندەنێن و کۆمەڵێکی تریان دەکوژن)[1].

هەندێك لە گێڕەڕەوان پێیان وابووە کە باقر وتویەتی: جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بەو شێوەیە بۆ سەر محەممەد ((ﷺ)) دابەزاند: (فبدل الذين ظلموا "آل محمد حقهم" قولا غير الذي قيل لهم فأنزلنا على الذين ظلموا "آل محمد حقهم" رجزا من السماء بما كانوا يفسقون)[2] واتە: ئەوانەی ستەمیان لە خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد بەهۆی ماف خواردنیان ئەو گوفتارەیان گۆڕی کە پێیان وترا بوو، بۆیە ئێمەش سزایەکمان لە ئاسمانەوە دابەزاند بۆ سەر ئەوانەی ستەمیان لە خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد بەهۆی ماف خواردنیان و دەرچوون لە فەرمانی خوا. و گوایە باقر وتویەتی: جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بەو شێوەیە دابەزاند: (إن الذين كفروا وظلموا "آل محمد حقهم" لم يكن الله ليغفر لهم و لا ليهديهم طريقا إلا طرق جهنم خالدين فيها أبدا و كان ذلك على الله يسيرا)[3] واتە: بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون و ستەمیان لە خانەوادەو خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر کردووەو مافیانی خواردووە ئەوا خوا نەیویستووە لێیان خۆش ببێت و ڕێنوونیان بکات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست. جگە لە ڕێگەی دۆزەخ کە دیانگەیەنێتە ناوی و ژیانی نەمری بە ناچاری دەبێت تیایدا ببەنە سەر، ئەو

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٣١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٥٨.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٥٩.

سزادانەش لای خوا زۆر ئاسانە. پاشا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلۡحَقِّ مِن رَّبِّكُمۡ فَـَٔامِنُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ النساء: ١٧٠. واتە: (ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە بە حەق و ڕاستی، دە ئێوەش ئیمامن و باوەڕی پێ بهێنن، ئەوە چاکترە بۆتان، دڵنیابن کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە).

گوایە وتویەتی: جبریل ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە دابەزاند: (فأبى أكثر الناس "بولاية علي" إلا كفورا) واتە: کەچی زۆربەی خەڵکی پشتگیری عەلیان ڕەتکردەوەو تەنها ڕێبازی خوانەناسیان هەڵبژارد. و وتویەتی: جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ ئەم ئایەتەشی بەم شێوەیە دابەزاند: (وقل الحق من ربكم "في ويلاية علي" فمن شاء فليؤمن و من شاء فليكفر إنا أعتدنا للظالمين "آل محمد" نارا)[1] واتە: بڵێ: حەق و ڕاستی هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە (لەبارەی پشتگرتنی عەلی) بۆتان ڕەوانەکراوە، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با بێ باوەڕ بێت، بێگومان ئێمە ئاگرمان بۆ ئەو ستەمکارانە ئامادەکردووە کە ستەم لە خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد دەکەن.

بەو پێیەی ئیمامییەکان دەڵێن، ئەوا باوکی جەعفەر بابەتی ولایەتی بە وشەیەك پوخت کردۆتەوەو وتویەتی: (خوای گەورە عەلی وەك ئاڵا هەڵدا لە ناو بەدیهێنراوانی، ئەوەی بیناسێت باوەڕدارە، ئەوەی نکوڵی لێ بکات بێ باوەڕە،

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٦٥.

کەسێکیش نەیناسێت ئەوا گومڕایە، ئەوەی هاوەڵی بۆ عەلی دابنێت ئەوا هاوبەشدانەرە، کەسێك پشتیگیری ئەو بکات دەچێتە بەهەشتەوە)[1]. و گوایە وتویەتی: (عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ دەرگایەکە خوای گەورە واڵای کردووە، جا ئەوەی بچێتە ناو ئەو دەرگایەوە ئەوا باوەڕدارە، ئەوەی لێشی دەربچێت بێ باوەڕە، هەر کەسێکیش نەچێتە ناویوەو لێی نەچێتە دەرەوە ئەوا دەچێتە ڕیزی ئەو چینە خەڵکەی کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەموویەتی: بە ویستی خۆم لەگەڵیان دەکەم)[2].

تەنانەت ئیمامییەکان باوەڕیان وابوو کە باقر بابەتی پشتگیری کردنی ئال و بەیت و پەسەندکردنی گێڕاوەتەوە بۆ جیهانی هێڵە بۆماوەییەکان (جینەکان) کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاکەی مرۆڤی لێ دروستکرا لە جیهانی گەردیلە _ زەڕڕە _ (هەروەك دەوترێت: جیهانێکی نموونەییە و پێش جیهانی زەوییە)، باقر وتویەتی: (خوای گەورە پەیمان و بەڵێنی لە شیعەکانمان وەرگرتووە سەبارەت بە پشتگیری ئێمە لە کاتێکدا کە لە جیهانی گەردیلە دابوون، جا ئەوانیش دانیان نا بە پەروەردگارێتی خواو پێغەمبەرایەتی محەممەد ((ﷺ))، خوای گەورەی ئوممەتی محەممەدی ((ﷺ)) کە هێشتا هەر خاك بوو پیشانی ناوبراودا لە کاتێکدا ئوممەتەکەی هەر تارمایی بوون و دواتر خوا لەو گڵە ئەوانی بەدی هێنا کە ئادەمی لێ دروست کردبوو و ڕۆحی شیعەکانمانی هەزار ساڵ پێش تاکەکانی تری ئوممەت بەدیهێنا و پیشانی پێغەمبەری خوایدا ((ﷺ)) و ئەوانی پێناساندن

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٨.

و ئەوانی بە عەلیش ناساند و ئێمەش لە ئاوازی قسەکردنیاندا دەیانناسین)[1].

بەهەمان شێوە لە باقریان گێڕایەوەتەوە کە پشتگیری ئال و بەیتی بە بنچینەکانی ئیسلامی یەکسان کردووە، لەوبارەشەوە وتویەتی: (ئیسلام لەسەر پێنج بنچینە دامەزراوە: نوێژو زەکات و ڕۆژوو و حەج و پشتگرتنی ئال و بەیت و بانگەوازی لە هەمووان زیاتر بۆ پشتگیری ئال و بەیت کراوە)[2]. و (پشتگیری ئال و بەیت لە هەموو بنچینەکان باشترە، چونکە کلیل و ڕێنشیاندەرە بۆ بنچینەکان)[3]. چڵە پۆپە ئایین و کلیل و دەرگای شتەکان و ڕەزامەندی خوای مەزن برتییە لە ناسین و گوێڕایەڵی ئیمام، خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ دەفەرموویێت: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظًا ﴾ النساء: ٨٠. واتە: (ئەوەی فەرمانبەرداری پێغەمبەر بکات، ئەوە بەڕاستی فەرمانبەرداری خوای کردووە، ئەوەش پشتی هەڵکردووە "ئەوە خۆی زەرەرمەند دەبێت" خۆ تۆمان نەناردووە تا ببیتە چاودێر بەسەریانەوە). بەڵام ئەگەر کەسێك شەونوێژو ڕۆژوو بگرێت و هەموو سەروەت و ماڵی خۆی ببەخشێت و سەرتاپای ڕۆژگار حەج بکات و وەلی و خۆشەویستی خوا نەناسێت و پشتگیری نەکات و لە ڕێنموویەکانی کارەکانی نەکات، ئەوا خوا هیچ مافێکی ئەوی لەسەر نییە لە پاداشت دانەوەی و

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٩.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب دعائم الإسلام ح رقم ١

(٣) و صادق لە فەرموودەکەیدا (سێ بنەما سێکوچکە مەزنەکان)دا وتویەتی: (سێکوچکەی ئیسلام سێ شتن: نوێژ و زەکات و ئیمامەت، هیچ یەکێکیان بێ ئەوەی تر دروست نییە) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب دعائم الإسلام ح رقم ٣ و ٤.

ئەو كەسە باوەڕدار نییە، پاشان باقر وتی: خوای گەورە هەندێك لەو جۆرە چاكەكارانە بە چاكە و بەخشندەیی خۆی دەخاتە بەهەشتەوە)[١].

سالمی حەنات وتویەتی: باقر ئەم ئایەتەی: ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ ١٩٥ ﴾ الشعراء: ١٩٣_١٩٥. ڕاڤەكردووە بەوەی: مەبەستی پشتگیری میری باوەڕدارانە[٢]. و ئەم ئایەتەشی شیكردۆتەوە: ﴿ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ ﴾ المائدة: ٦٦. بەوەی مەبەستی پشتگیرییە ئال و بەیتە[٣].

هەندێك لە گێڕەڕەوان زۆر دوورچوون بەمەش وتیان باقر بە شیعەكانی وتوە كە فریشتەكان لایەنگیری و پشتگیری ئال و بەیت دەكەن، گوایە باقر وتویەتی: (سوێند بەخوا لە ئاسماندا حەفتا ڕیزی فریشتە هەیە، ئەگەر خەڵكی سەر زەوی هەموویان كۆببنەوەو ڕیز بە ڕیز بیانژمێرن ئەوا بۆیان ناژمێردرێت و ئەوانە پشتگیری و لایەنگیری ئێمە دەكەن)[٤].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب دعائم الإسلام ح رقم ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٦.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و جوامع من الرواية في الولاية ح رقم ٥.

# بەشی پێنجەم

# ئیمامی (صادق) لە ناو

# شەپۆلەکانی دەریای تەوژمە سیاسی و فیقهییەکان

ئیمام محەممەدی  باقر لە ساڵی ١١٤ك لە شاری مەنصورییە کۆچی دوایی کرد و ئیمام جەعفەری صادق جێگەی گرتەوە، ناوبراو شایەنی نازناوی (ئیمام) بوو بەهۆی زانست و پلەوپایە و پارێزگارییەکەی[1]. لە هەموو خەڵکی زیاتر پابەند بوو بە قورئانی و سوننەت و هەر لە سەرەتاوە ئامۆژگاری لە پشتیوانانی دەکرد کە پابەندن بە قورئان و سوننەتەوە: (تەنها فەرموودەیەك بەناوی ئێمە وەربگرن کە کۆك بێت لەگەڵ قورئان و سوننەت یان فەرموودەیەکی پێشوومان گەواهی لەسەر بدات. لە خوا بترسن فەرموودەیەك لە بەناوی ئێمەوە قبوڵ نەکەن کە پێچەوانەی فەرمایشتی پەروەردگارمان و سوننەتی پێغەمبەرمان محەممەد ((ﷺ)) بێت، چونکە ئەگەر فەرموودەمان بۆ گێڕانەوە دەڵێین: خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ فەرموویەتی و پێغەمبەری خودا ((ﷺ)) فەرموویەتی)[2]. (سوێند بەخودا ئێمە تەنها بەندە و کۆیلەی ئەو زاتەین کە ئێمەی بەدیهێناوەو هەڵبژاردووە، توانای زیان و سوود گەیاندنمان نییە، ئەگەر خودا لێمان خۆش بێت و بەزەیی پێماندا بێتە، ئەوا بە میهرو سۆزی خۆیەتی، ئەگەر سزاشدراین ئەوا بە هۆی گوناهو تاوانەکانمانە، سوێند بەخودا هیچ بەڵگە و پاکانەیەکمان لەلایەن خوداوە پێ نییە، ئێمەش دەمرین و بەخاك دەسپێررێین و زیندوو دەکرێینەوەو لە گۆڕەکانمان دەردەهێنرێن و ڕادەوەستێنرێین و بەرپرسیارین و پرسیارمان لێدەکرێت)[3].

---

(١) هەروەك دڵسۆزترین هاوەڵی ناوبراو وەسفی کردووە بەوەی زاناو چاکەکارو خێرخوازو پارێزگار بووە. رجال الكشي ١٦٠٣٢.

(٢) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ١٢٥٨٧ المغيرة بن سعيد.

(٣) رجال الكشي ٧٠ و ٧١.

ئەوەی ئیمام جەعفەری صادقی بەتایبەتی لە سەرکردەکانی تری جیادەکردەوە بریتی بوو لەو زانستەی ناوبراو کە سەرچاوەی گرتبوو لە چەند کتێبێك کە لە باوو باپیرانیەوە بۆی مابووەوە[1].

صادق زۆر پشتی بەو تایبەتمەندییە زانستییە بەستووە لەبەرامبەر کوڕەمامەکانی (حەسەنییەکان) لە چەسپاندنی ئیمامەتەکەی، لەبارەی ئەو تایبەتمەندییەی دواوە کە وای لێدەکات شایەنی ئیمامەت و دەڵێت: (سوێند بەخوا شتی وامان لایە کە پێویستیمان بە خەڵك نییە، بەڵکو خەڵك پێویستی بە ئێمەیە. ئێمە پەڕاومان لایە: کە حەفتا گەزە و بە دەستنووسی عەلی و بە سەرپەرشتی پێغەمبەری خوا نووسراوەتەوە، هەموو حەڵاڵ و حەڕامێکی تێدایە)[2]. صادق ڕوو گوتاری دەکردە شیعەکان و دەی وت: (ئەگەر "نەوەکانی حەسەن" داوایان لە ئێمە کرد و ئێوەش وەڵامتان دانەوەو بەڵگەیان بەسەر ئێوەدا هێنایەوە بە خودی ئیمامەت ئەوا من زۆر پێم خۆشە پێیان بڵێن: ئێمە بەوشێوەیە نین کە بۆتان باسکراوە. ئێمە کەسانێکین داوای زانست دەکەین لەلایەن کەسێك کە خاوەنی بێت، دەپرسین ئەم _ جفره _ زانستە نهێنیە لای کێیە؟ کێ خاوەنیەتی؟. جا ئەگەر ئەو زانستە لای ئێوەیە ئەوا ئێمە بەیعەتتان پێ دەدەین و ئەگەر لەلای جگە لە ئێوە بێت ئەوا ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین تا دەزانین)[3]. صادق ڕوونی کردۆتەوە _ جفره _ زانستە نهێنییەکە لای نەوەکانی حەسەن بێت و وتویەتی: (ئەو زانستە نهێنیەی نەوەکانی حەسەن باسی دەکەن خۆیان پێی ناشرین دەکەن، چونکە ڕاستی ناڵێن...

---

(١) مەصحەفی فاتیمە قورئان نییە، بەڵکو کتێبی فەرموودەی تایبەتی ناوبراوەو ئامۆژگارییەکانی ئەویشی تێدایە، هەروەك ئەمە بە ڕوونی لە هەندێك گێڕانەوەدا دەردەکەوێت...

(٢) الصفار، بصائر الدرجات ١٤٢.

(٣) الصفار، بصائر الدرجات ١٥٨.

ڕاستی لەو زانستەدایە، دەی ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەن با مەسەلە و فەرزەکانی عەلی دەربخەن ئەگەر ڕاستگۆن. ئێوەش پرسیاریان لێبکەن لەبارەی پوورو پلك. دەی با پەڕاو _ مەصحەف _ فاتیمە دەربخەن کە ڕاسپاردەو ئامۆژگارییەکانی ئەوی تێدایە. چەکی پێغەمبەری خواشی لەگەڵدایە. خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ دەفەرموویێت: "فأتوا بكتاب من قبل هذا أو أثارة من علم إن كنتم صادقين" واتە: دەکەواتە کتێبێکی ئاسمانیم نیشان بدەن کە پێش ئەم قورئانە بۆتان هاتبێت یان دیاردەیەکی زانستی لەو ڕووەوە کە بیسەلمێنێت ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن)[1].

کاتێك عەبدوڵای کوڕی حەسەن ڕووبەڕووی صادق بووەوەو تۆمەتباری کرد بەوەی (پەڕاوگەڕایە: مەصحەفییە) واتە: (لە پەڕاوە ئیسڕائیلییەکانی پێشوو شت وەردەگرێت)، صادق وتی: (شتێك لەو بوارە بەشی ئێمە نییە کە هی جگە لە ئێمە نەبێت)، باوکی عەبدوڵا وەڵامی دایەوەو وتی: (سوێند بەخوا پەڕاوی ئیبڕاهیم و موسا و عیسام لە باوکی خۆمەوە بۆ ماوەتەوە)[2]. صادق وتی: (سەرتان لە عەبدوڵا سوڕنەماوە کە گومان دەبات عەلی باوکی ئیمام نەبووەو دەڵێت: ئێمە زانستمان نییە، ئیمامان نییە، ڕاست دەکات نە خۆی ئیمامە و نە باوکی ئیمام بووە. سوێند بەخوا ڕاست دەکات زانستی لا نییە)[3].

هاشمی کوڕی سالم و حەفصی کوڕی بوختری دەڵێن: پرسیارمان لە صادق کرد: ئیمام بەچی دەناسرێت؟ وتی: (بە وەسیەتی دیارو پلەوپایە، هیچ کەسێك

---

(١) الكليني، الكافي ٢٤١/١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٥٣.

(٣) الصفار، بصائر الدرجات جزء ٣ باب ١٤ في الأئمة أنهم أعطوا الجفر والجامعة ومصحف فاطمة ح رقم ١٥.

ناتوانێت توانج له دەم و زگ و داوێن و شەرمگه "عەورەت"ی بدات، بەوەی بوترێت: ئیمام درۆزنه و ماڵی خەڵکی دەخوات و هاوشێوەی ئەم تۆمەتانه)[1].

ئەوەی جەخت دەکاتەوه لەسەر ڕاوەستانی ئیمامەتی صادق لەسەر خولگەی زانست گێڕانەوەی محەممەدی کوڕی موسلیمه که تیایدا هاتووه: ناوبراو پرسیاری له صادقی باوکی عەبدوڵا کرد له بارەی ئیمامی دوای ئەو؟ صادق وتی: (عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ زانا بوو و زانستیش دەستاودەستی پێدەکرێت، هیچ زانایەك نامرێت تا یەکێك له شوێنی نەمێنێت و بەهەمان ئەندازەی زانستی ئەو یان تا ئەوەندەی خوا دەیەوێت زانستی پێ نەبێت. وتم: دەکرێت زانا بمرێت و خەڵکی زانای دوای ئەو نەناسن؟ وتی: سەبارەت به خەڵکی ئەم شاره _ واته: مەدینه _ ناکرێت زاناکه نەناسن، بەڵام خەڵکی شارەکانی تر به ئەندازەی ڕێبڕین و ماندبوون و سەفەرەکەیانه، خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِى ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ التوبة: ١٢٢. واته: "ڕەوا نییه هەرچی ئیماندار هەیه به جارێك بچن بۆ غەزا _ یان بۆ هەر کارێکی پێویست _، دەی بۆچی له هەر هۆزو دەستەیەك، کەسانێك نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن له ئایین و تێی بگەن و فێر ببن و هۆزەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن، کاتێك که گەڕانەوه بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوەو خۆیان بپارێزن له گوناهو خوا له خۆ نەڕەنجێنن". دەڵێت: وتم: ئەگەر یەکێك لەو سەفەرەیدا بمرێت که بۆ ناسینی ئیمامی ئەنجام داوه سەرەنجامی چییه؟ صادق وتی: وەك ئەو کەسه که له

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأمور التي توجب حجة الإمام ح رقم ٣.

ماڵی خۆی هاتبێتە دەرەوە بە نیازی کۆچ کردن بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی پاشان مردن یەخەی بگرێت ئەوا پاداشتی ئەمە لەسەر خوایە، دەڵێت وتم: ئەگەر گەیشتە شوێنی مەبەست بە چ شتێك ئیمامەکەیان دەناسنەوە؟ صادق وتی: ئارامی و هێمنی و سەنگینی کەسەکە دادەگرێت)[١].

هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنراو و بڕاوە نییە لەسەر ئەوەی صادق تیۆری (ئیمامەتی خوایی) پەسەند کردبێت. هەروەك بەڵگەی سەلمێنراو نەبووە لەسەر ئەوەی باقری باوکی ناوبراو پێشتر تیۆرەکەی پەسەند کردبێت. ئەگەر بەڕاستی باقر ئەو تیۆرەی پەسەند کردبووبا، ئەوا _ بەلایەنی کەمەوە _ بۆ صادقی کوڕی خۆی دەگواسێتەوە بە شێوەیەکی فەرمی و ڕوون بێ لێڵی و ناڕۆشنی، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ڕوویدا بەوەی باقر لە وەسیەتەکەیدا تەنها باسی شۆردن و کفن کردن و نوێژ لەسەر کردن و ڕاستی گۆڕەکەی کرد[٢]. ئەمەش وەسیەتێکە هیچ مانایەکی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام ح رقم ٣، شایەنی باسە تیۆری (دوزادە ئیمامی) لە سەردەمی صادق دانەهێنرابوو و نەناسراو بوو، تەنانەت لەو کات هیچ یەکێك گوێبیستی ناوی دوازدە ئیمامەکان نەببوون کە شیعە لیستێکیان لە ناوی ئەوان دروست کردبوو لە سەدەی چوارەمی کۆچی.

(٢) هەروەك ئیمام صادق دەڵێت: (باوکم شتەکانی پێ سپاردم، کاتێك سەرمەرگی نزیکبووەوە پێی وتم: چوار شایەتم بۆ بانگ بکە، منیش چوار کەسم لە قوڕەیش بانگ کرد، نافعی خزمەتکاری عەبدوڵای کوڕی عومەریشی تێدابوو، باوکم وتی: ئەم وەسیەتە بنووسە کە یەعقوب بۆ کوڕەکانی کرد: ﴿يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ البقرة: ١٣٢. واتە: "ڕۆڵەکانم، بەڕاستی خوا هەر ئەم ئاینەی بۆ ئێوە بڕیارداوەو هەڵبژاردووە، ئیتر ئێوەش هەوڵبدەن بە موسڵمانی نەبێت مەمرن". و محەممەدی کوڕی عەلی وەسیەتی بۆ کوڕی خۆی جەعفەری کوڕی محەممەد کرد و فەرمانی پێدا کە لەو جلەیدا کفنی بکات کە نوێژی هەینی پێدەکرد و بە جامانەکەی سەری دابپۆشێت و باڵای گۆڕەکەی چوار گۆشە بکات و چوار پەنجەش بەرزی بکاتەوە، پاشان لێی بگەڕێت، دوای ئەمە وتی: وەسیەتنامەکە بپێچنەوە، بە شایەتەکانی وت: ڕەحمەتی خواتان لێبێت بڕۆن، لە دوای ئەوەی ڕۆیشتن

سیاسی یان ئایینی لە خۆی هەڵناگرێت چ جای (ئیمامەتی خوایی)[1]. لەبەر ئەمە ئیمامی صادق گۆڕەپانی سیاسی بۆ سەرکردەکانی تری خانەوادەی عەلەوی و هاشمی جێهێشت، جا زەیدی کوڕی عەلی مامی ناوبراو هەڵسا بە هەلگیرساندنی مەشخەڵی شۆڕش لە ساڵی ١٢٢ك لە شاری کوفە دژی خەلیفەی ئەمەوی هیشامی کوڕی حەکەم، دواتر کوڕی یەحیای کوڕی زەید هەڵسا بە هەلگیرساندنی کڵپەی شۆڕشێکی تر لە ئەسفەهان و وڵاتی فارس لە ساڵی ١٢٩ك، عەباسییەکانیش لە خوراسان شۆڕشێکیان بەرپاکرد کە بووە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمی ئەمەوی و زاڵ بوونی عەباسییەکان بەسەر جومگەکانی دەسەڵات لە ساڵی ١٣٢ك. لەم کاتەدا محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەن کە ناسراوە بە (خاوەن

---

وتم: باوکە چی وا لەم وەسیەتنامەیەدا بوو کە شایەتی لەسەر بدرێت؟ باقر وتی: پێم ناخۆش بوو کە سەربکەوی و کەچی کەسانێك بڵێن: وەسیەتی بۆ نەکراوە، بۆیە من دەمەویست بەڵگەیەکت هەبێت). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام ح رقم ٢.

(١) ئیمامییەکان چەند ئاماژەیەکی گشتیان گێڕاوەتەوە لە باقرەوە لەبارەی صادقەوە گێڕاوەتەوە، باوکی صەباحی کینانی وتویەتی: باقری باوکی جەعفەر سەیری صادقی باوکی عەبدوڵای کرد کە دەهات و دەچوو، وتی: ئەوە دەبینی؟ ئەوە یەکێکە لەوانەی خوای مەزن لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُواْ فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴾ القصص: ٥. واتە: (ئێمەش دەمانەوێت دەروو بکەینەوە لە چەوساوەکان و منەتی خێر بکەین بەسەر لاوازەکاندا لە وڵاتدا و دەمانەوێت بیانکەینە پێشەواو میراتگری سامان و دەسەڵاتی ستەمکاران). سەدیری صەیرەفی گێڕاویەتیەوە کە باقری باوکی جەعفەر پێی وتوە: (مایەی دڵخۆشییە بۆ بەندە کە منداڵی هەبێت، بە هاوشێوەو هاوڕەوشت و خەسڵەتی باوکی بناسرێت، منیش دەزانم کە ئەو کوڕەم هاوشێوەو هاوڕەوشتی منە). و جارێکی تر لەبارەی صادقەوە وتویەتی: (ئەمە چاکترین کەسی سەر ڕووی زەوییە یان دوایین کەسی چاکە). گوایە سەدیر پرسیاری لە باقر کردووە لە بارەی ئیمام، ناوبراو دەستی لەسەر پشتی صادقی باوکی عەبدوڵا داوەو وتویەتی: سوێند بەخوا ئەوە ئیمامی ئالی محەممەد ە (ﷺ). کاتێك سەرمەرگی باقر نزیکبووەوە وتی: جەعفەر ئامۆژگاریت دەکەم چاك بیت لەگەڵ هاوەڵانم.

الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على جعفر الصادق ح رقم ١ و ٢ و ٣ و ٥ و ٦ و ٧.

دەروونی پاك) ڕاپەڕی لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی ئەمەوییەکان، ئەمەش دوای کوژرانی خەلیفەی ئەمەوی وەلیدی کوڕی یەزید لە ساڵی ١٢٦ و هاشمیەکانی و بەرهەڵستکارەکانی تری ئەمەوییەکان وەك موعتەزیلە و زەیدییەکان بەیعەتیان بە ناوبراودا. کاتێك عەمری کوڕی عوبەید سەرکردەی موعتەزیلەکان پێشنیازی بۆ صادق کرد بەیعەت بداتە کوڕە مامی خۆی (خاوەن دەروونی پاك)، صادق نەیوت: (من ئیمام و فەرمانبەردار بوون بۆ من لەلایەن خواوە پێویست کراوە). بەڵکو صادق تەنها ئاماژەی بەوەدا کە ئەو زاناترە و بەڵگەی بەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ((ﷺ)) هێنایەوە: (کەسێك بە شمشێرەکەی لە خەڵکی بدات و بانگەشەی بۆ خۆی بکات لە کاتێکدا لە ناو موسڵمانان کەسی وا هەبێت کە لەو زاناتر بێت ئەوا بێگومان کەسێکی گومڕای خۆسەپێنەرە)[1].

---

(١) عەمری کوڕی عوبەیدی سەرکردەی موعتەزیلەکان لەگەڵ کۆمەڵێك لە موعتەزیلەکان چوونە لای صادق، داوایان لێکرد بچێتە ناو ڕیزی بزوتنەوەکەی ئەوان و بەیعەت و پەیمان بداتە محمدی کوڕی عەبدوڵای کوڕە مامی، پێیان وت: (خەڵکی شام خەلیفەی خۆیان کوشت و خوای گەورە هەندێکیانی بە هەندێکی تر داداوە، خوا ئەوانی پەرت کردووە، ئێمەش تەماشامان کرد و پیاوێکمان بینی دیندارو ژیرو جوامێرە و شوێنگە و کانگەی خەلافەتە ئەویش محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەنە، ئێمەش ویستمان لەسەر کۆببینەوەو بەیعەتی پێبدەین و دواتر لەگەڵی دەربچین، ئەوەی بەیعەتمان پێبدات ئەوا لە ئێمەیە، ئێمەش لەگەڵی داین، کەسێکیش خۆمان لێدور بگرێت ئەوا فەرامۆشی دەکەین و کەسێك کۆسپ و تەگەرەمان بۆ بنێتەوە لە دژی تێدەکۆشین) نیشانەمان بۆ داناوە کە هەر کاتێك لایدا بیگێڕینەوە سەر ڕاستی و لای ڕاسترەوان، پێمان خۆش بوو ئەمە بۆ تۆ بخەینەڕوو و لەگەڵمان بێیتە ناو ئەو کارەوە، چونکە تۆ کەسێك نی کە ئێمە پێویستیمان پێت نەبێت بە هۆیی پلەو پایە و زۆری پشتیوانەکانت. صادق بە عەمروی کوڕی عەبیدی وت: (لە خوا بترسە و پیاوەکان ئێوەش لە خوا بترسن، باوکم کە باشترین کەسی سەر زەوی بوو لە هەمووان زاناتر بوو سەبارەت بە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی گێڕاومەتەوە کە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (کەسێك بە شمشێرەکەی لە خەڵکی بدات و بانگەشەی بۆ خۆی بکات لە کاتێکدا لە ناو موسڵمانان کەسی وا

هەر چەندە ئیمامی صادق دونیا نەویست بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمامییەکان هاتنە سەر هێڵ و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ناوبراو ئەو ئیمامەیە کە خوا لەسەر بەندەکانی پێویست کردووە گوێڕایەڵ بن بۆی[1]. وا وێنەیان کرد کە صادق کێبڕکێ کاربووە لەگەڵ زەیدی کوڕی عەلی مامی خۆی و کوڕە مامەکانی (حەسەنییەکان)، کلینی لە کتێبی (الكافي)دا چەندین گێڕانەوەی لە صادقەوە هێناوە کە هەڵوێستی دژی زەیدی مامی هەبووەو وتویەتی: (هەرگیز ئیمامەت لە دوو برادا کۆ نابێتەوە لە دوای حەسەن و حوسەین، ئیمامەت لە عەلی کوڕی حەسەنەوە شۆڕبووەتەوە هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأُوْلُواْ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَٰبِ﴾ الأحزاب: ٦. واتە: (خزمانیش هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە پێشترن لە کتێبی خوادا). و (خوای گەورە ڕەتی کردۆتەوە ئیمامەت لە دوو برادا کۆ ببێتەوە لە دوای حەسەن و حوسەین). و (لە دوای حەسەن و حوسەین ئیمامەت لە دوو برادا کۆ نابێتەوە، بەڵکو پشتاوپشت دەگوێزرێتەوە)[2].

ئیمامییەکان لە ئیمامی صادقیان گێڕاوەتەوە هەروەك لە باقری باوکی ناوبراویان گێڕایەوە کە هەڵساوە بە بەکارهێنانی بابەتی: (چەکی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) وەك بەڵگەیەك لەسەر ئیمامەت)، گوایە صادق وتویەتی: (وێنەی چەکی پێغەمبەر

---

هەبێت کە لەو زاناتر بێت ئەوا بێگومان کەسێکی گومڕای خۆسەپێنەرە). الكليني، الكافي، ح رقم ٨٢٤٧ _ ١.

(١) الكشي في ترجمة زيد، وترجمة أبي جعفر الأحول محمد بن علي بن النعمان. وترجمة أبي خالد القماط.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ثبات الإمامة في الأعقاب ح رقم ١ و ٣ و ٤.

((ﷺ)) لەلای ئێمە وەك گەورەیی تابوتە لە ناو نەوەكانی ئیسرائیل. لە ناو نەوەكانی ئیسرائیلدا واباو بوو كە تابوت لەبەر دەرگای هەر كەسێك ببینرێت ئەوا ئەو ماڵە پێغەمبەرایەتی پێدەدرا. بەم پێیە هەر یەكێك لە ئێمە چەكی لەلابێت ئەوا ئیمامەتی پێدراوە. باوكم قەڵغانی پێغەمبەری پۆشی لەبەر قورساییەكەی شوێنی پێیەكانی وەك هێڵ لەسەر زەوی دیار بوو، منیش قەڵغانەكەم پۆشی بەهەمان شێوە ئەوەم بەسەر هات. مەهدی كە لە ڕەچەڵەكی ئێمەیە كە لەبەری دەكات ئەوا بەهەمان شێوە پڕ بە پێستیەتی)[1].

ئیمامییەكان گومانیان وابوو كە محەممەدی  كوڕی عەبدوڵای كوڕی حەسەن بەرپەرچی صادقی داوەتەوە بەوەی ئەویش بانگەشەی ئەوەی كردووە كە چەكی پێغەمبەری ((ﷺ)) لایە، ئەمەش وای لە صادق كرد كە بەدرۆ بخاتەوەو پێی بڵێت: (سوێند بەخوا درۆی كردووەو چەكی پێغەمبەری ((ﷺ)) لا نییە و هەرگیز بە چاوەكانی نەبینیوەو لەلای باوكیشی بەدی نەكردووە، مەگەر لەلای عەلی كوڕی حوسەین بینی بێتی). و (نەوەكانی حەسەن ئەمە دەزانن وەك چۆن دەزانن شەو شەوەو ڕۆژیش ڕۆژە... بەڵام ئەوەندە هەیە چاوچنۆكی و دونیا ویستی وایان لێدەكات كە نكۆڵی لەم ڕاستییە بكەن. ئەگەر بە ڕاستی داوای ڕاستیان كردبا ئەوا باشتر دەبوو بۆیان). و (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دوو شمشێری هەبوون یەكێكیان نیشانەیەكی لەسەر لای ڕاستی هەبوو دەی با باسی نیشانەكان و ناوی دوو شمشێرەكە بكەن ئەگەر ڕاستگۆن)[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما عند الأئمة من سلاح رسول الله ومتاعه ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما عند الأئمة من سلاح رسول الله ومتاعه ح رقم ١.

سەرباری ئەوەی ئیمامییەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد صادق پشتی بە بابەتی (چەکی پێغەمبەر ((ﷺ))) بەستووە لە بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئیمامەتی خۆی، کەچی دەڵێن چەکەکە دیار نەبوو، واتە نادیارو نهێنی بوو، وتویانەش کە یەکێك لە هاوەڵانی صادق بەناوی (عەبدولئەعلا) پرسیاری لەبارەی نیشانەی ئیمامەتی لێکردووە، صادق وەڵامی داوەتەوە بەوەی: (خاوەنی ئەم کارە بەسێ خەسڵەت دەناسرێت کە جگە لەو لە کەسی تردا نین: لە هەموو خەڵکی لە پێشترە بۆ ئەوەی پێشەخۆی و ڕاسپێرراوی ئیمامی پێشە خۆیەتی، چەکی پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) لایە). عەبدولئەعلا وتویەتی: ئەمەش لەبەر ترسی دەسەڵات شاراوەیە؟ صادق وتی: کە شاراوەشە هەر بەڵگەیەکی دیاری هەر هەیە[1].

## صادق و ئیمامەتی خوایی

ئیمامییەکان پێیان وایە ئیمامەت شتێکی خواییە، دیاریکردنی ئیمامی نوێ بە بڕیاری خوا دەبێت، عەمری کوڕی ئەشعەس گێڕاویەتیەوە: کە گوێبیستی ئیمام صادق بووە، کە وتویەتی: (لەوانەیە پێتان وابێت کە ئیمامەت بە دەست یەکێکمانەوەیە و بەکەیفی خۆی بە کەسێکی تر ڕادەسپێرێت، نا سوێند بەخوا وانییە بەڵکو ئەمە لەلایەن پێغەمبەری خوا دیاری کراوەو ناوی یەکە بە یەکەی کەسەکان دەستنیشانکراوە تا دەگاتە دەست خاوەنەکەی). و گوایە صادق وتویەتی: (هەرگیز زانایەك نەمردووە تا خوای گەورە پێی ڕانەگەیاند بێت کە وەسیەت بۆ

---

الخوئي، معجم الرجال رقم ٦٨٠٥ عن الصفار، بصائر الدرجات، الجزء ٤، باب ٤، في أن ما عند الأئمة عليهم السلام من سلاح رسول الله (ﷺ) وآيات الأنبياء ١٧٤.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام ح رقم ٢.

**کێ دەکات)[1]. و وتویەتی: (هیچ کەسێك لە ئێمە نامرێت تا جێگرەوەی نەناسێت)[2] یان وتویەتی: (ئیمام نامرێت تا جێگرەوەی نەناسێت و وەسیەتی بۆ نەکات)[3].**

**ئیمامییەکان یان زیادەڕۆچووەکان ئەمەیان بە بەس نەزانی بەڵکو زۆرێك لە بۆچوونە پوچەڵەکانیان دایە پاڵ ئیمامی صادق هەروەك چۆن پێشتر دەیاندایە پاڵ باوکی ناوبراو وەك: غەیب زانینی ئیمامەکان و گوایە بەڵگەی خوان و ڕاسپێرراون و دەستکراوەن لە دانانی یاسادا یاخود ڕاسپێرراون کە بوونەوەر بەڕێوەبەرن یان لەگەڵ فریشتەکان دەدوێن.**

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب إن الإمام يعرف الإمام الذي يكون بعده ح رقم ٧، والصفار، بصائر الدرجات ج ١٠ باب ٢.

(٢) الصفار، بصائر الدرجات ج ١٠ باب ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الإمام يعرف الإمام الذي يكون بعده ح رقم ٥ و ٦، و ئیسماعیلی کوڕی عەمار پرسیاری لە بارەی ئیمامەت لە کازم کردووە: ئایا خوا پێویستی کردووە کە ئیمام وەسیەت بکات بۆ جێگرەوەی خۆی بەر لەوەی دونیا جێبهێڵێت، کازم وتی: بەڵێ، ئیسماعیل وتی: خوا پێویستی کردووە؟ کازم وتی: بەڵێ. یەحیای کوڕی مالیك وتویەتی پرسیارم لە عەلی کوڕی موسای ڕیزا کردووە لەبارەی ئەم ئایەتە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴾ النساء: ٥٨. ڕیزا لە وەڵامدا وتویەتی: ئیمام ڕاسپاردەکە ڕادەستی ئیمام دەکات، دواتر وتی: ئەی یەحیا، سوێند بەخوا ئەمە بەدەستی خودی ئیمامەکە نییە بەڵکو بە فەرمانی خوایە. هەندێك لە گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن کە ئیمامی نوێ نەیدەزانی کە دەبێتە ئیمام تا کاتێکی زۆر، هەروەك لەم گێڕانەوەیەدا کە دراوەتە پاڵ صادق هاتووە: (پرسیار لە صادق کرا: کەی ئیمام دەزانێت کە ئیمامە؟ وتی: لە دوایین خولەکی ژیانی یەکەمەیدا). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب وقت ما يعلم الإمام جميع علم الإمام الذي قبله، ح رقم ٣، والصفار، بصائر الدرجات ج ١٠ باب ٣.

## ئایا صادق بەڵگەی خوا بووە؟

سەرباری ئەوەی ئیمام صادق دڵنیا بوو لەوەی پێغەمبەرایەتی کۆتایی هاتووەو سروش پچڕاوە، کەچی هەندێك لە زیادەڕۆچووە ئیمامییەکان سووربوون لەسەر پێویستی هەبوونی پەیوەندییەکی بەردەوام لە نێوان خواو بەدیهێنراوانی لەسەر زەوی لە دوای پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) بۆ ئەوەی ڕاجیایی ناو خەڵك نەهێڵێت و ببێتە بەڵگە بەسەریانەوە، لە هەمان کاتدا بەرپاکەرو ڕاڤەکاری قورئان بێت، ئەویش ئیمامی گۆیایە (الناطق) لە بەرامبەر قورئان بێ دەنگ[1].

ئەم زیادەڕۆچووانە کە دواتر بە (ڕافیزەکان) و (ئیمامییەکان) ناسران، هەڵسان بە پێداگیری کردن لەسەر ڕۆڵی ئیمام (بەڵگە) وەك بازنەی سەرەکی لە دین و ژیندا، فەرموودەی زۆریان لە ئیمامەکانی ئال و بەیت گێڕایەوە لەوبارەوە، ئەم

(١) فەیزی کاشانی لە کتێبی (الوافی)دا دەڵێت: فەرموودەی ڕێژنەیی (موتەواتیر) هاتوون کە لە دوو سەدو بیست فەرموودە تێپەر دەبن ئاماژە بەوە دەکەن کە دروست نییە حوکمە تیۆرییەکان هەڵبهێنجرێن لە ڕووکەشی قورئان تەنها لە دوای زانینی ڕاڤەکەی نەبێت لە وتەی ئیمامەکان و پشکنینی بارودۆخەکەی کە یەك ماناهەڵگرە (محکم)ە یان فرە مانا و وێکچوو (متشابە)، هەڵوەشێنەرەوە (ناسخ)ە یاخود هەڵوەشاوە (منسوخ)ە، گشتییە یان تایبەتییە... هتد. یان هاتنی گێڕانەوەیەك کە کۆك بێت لەگەڵ فەرموودە چەسپاوەکان، کارکردن بە قورئان و سوننەت پێویستە، هەروەك لە فەرموودەی عوبەیدەی سەلمانی دا هاتووە، بەڵام ئەگەر ڕووکەشی ئایەتێك کۆك نەبێت لەگەڵ فەرموودە و نەزانرێت هەڵوەشێنەرەوە (ناسخ)ە یان هەڵوەشاوە (منسوخ)ە و یەك ماناهەڵگرە (محکم)ە یان فرە مانا و وێکچوو (متشابە)، ئەوا ناکرێت مانا ڕووکەشەیەکە یەکلایی بکرێتەوە یان ڕەتبکرێتەوە بێ بوونی دەق، بەڵکو دەبێت دووربینی بگردرێتەبەر وەك ئامادەسازی بۆ ئەو شتەی پێش دێت بە ویستی خوا، هەروەك دیارە ئەم گریمانەیە زۆر دەگمەنە بەهۆی زۆری ئایەتی حوکمەکان و بە بەڵگە هێنرانەوەیان لەلایەن ئیمامەکان (سڵاوی خوایان لێبێت) و گێڕانەوەش هاتوون و هەندێکیان کۆکن لەگەڵ ئایەتەکان و هەندێکی تریان تایبەتی دەکەن. الوافی ح رقم ٣٣١٥١ عن الکافی ٨: ١١٧/ ٩٢.

فەرموودانەشیان وەك بەڵگەی مەبەستیان بەکاردەهێنا. لەم بوارەدا کلینی لە کتێبی (الكافي)دا لە بەشی (بەڵگەی خوا لەسەر بەدیهێنراوانی بەرپا نابێت تەنها بە ئیمام نەبێت) کۆمەڵێك گێڕانەوەی لە ئیمام صادق گێڕاوەتەوە، جا ئەو گێڕانەوانە دەڵێن: (بەڵگەی خوا لەسەر بەدیهێنراوانی بەرپا نابێت تەنها بە ئیمامێك نەبێت کە بناسرێت)(١). (لە هەندێك گێڕانەوەدا هاتووە: تەنها بە ئیمامێکی زیندوو نەبێت کە بناسرێت)(٢). و (زەوی چۆڵ نابێت و بێ ئیمام کات تێپەڕ ناکات، ئەگەر باوەڕداران شتێکی زیادیان کرد و سنووریان تێپەڕان بیانگێڕێتەوەو ئەگەر شتێکیان کەم کردەوە تا بۆیان تەواو بکات). و (بێگومان خوا زەوی بێ زانا ناهێڵێتەوە ئەگەر وا نەبوایە ڕاست و چەوت لێکتر جیا نەدەکرایەوە). و (خودا شکۆدارتر و مەزنترە لەوەی زەوی بێ ئیمامێکی دادگەر بەجێ بهێڵێت)(٣). و میری باوەڕداران (سڵاوی خوای لێبێت) وتویەتی: (خوایەگیان؛ هەرگیز تۆ زەوی بێ ئیمام ناهێڵیەوە کە بەرپاکەری بەڵگەی تۆیە بەسەر بەندەکانتەوە)(٤).

کلینی لە ئەبو حەمزەی سامالیەوە دەگێڕێتەوە، کە وتویەتی: بە صادقی باوکی عەبدوڵام وت: ئایا زەوی بەبێ ئیمام دەمێنێتەوە؟ صادق وتی: ئەگەر زەوی بێ ئیمام مایەوە ئەوا خەڵکەکەی ڕوودەچێت(٥).

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الحجة لا تقوم لله على خلقه إلا بالإمام ح رقم ١ و ٢ و ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الحجة لا تقوم لله على خلقه إلا بالإمام ح رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأرض لا تخلو من حجة ح رقم ٢ و ٣ و ٥ و ٦.

(٤) هەمان سەرچاوەی ح رقم ٧.

(٥) هەمان سەرچاوە ح رقم ١٠، و فەرموودەی تر لە محەممەدی کوڕی فوزەیلەوە هاتوون، باوکی حەسەنی ڕیزا دەڵێت: بە محەممەد م وت: ئایا زەوی بێ ئیمام دەبێت؟ وتی: نا، وتم: ئێمە لە صادقی

هەروەك هەندێك گێڕانەوە ئاماژە بە گرنگی بوونی (ئیمام: بەڵگە) دەکەن لەسەر زەوی، بەوەی: (ئەگەر تەنها دوو کەس لە سەر زەوی بمێننەوە ئەوا یەکێکیان ئیمام _ بەڵگە _یە)[1] یان هاتووە: (ئەگەر خەڵکی دوو کەس بن ئەوا یەکێکیان ئیمامە. دواین کەس کە دەمرێت ئیمامە. تا هیچ کەسێك سکاڵای ئەوە لە خوا نەکات کە فەرامۆشی کردووەو بەڵگەی لەسەربەرپا نەکردووە)[2].

ئیمامییەکان لە صادقی باوکی عەبدوڵاوە هێناویانە کە وتویەتی: (خوای گەورە ڕەتی کردۆتەوە شتەکان بێ هۆکار بەڕێوەبچن، بۆیە بۆ هەر شتێك هۆکارێکی داناوەو بۆ هەر هۆکارێکیش لێکدانەوەو ڕاڤەیەکی سازکردووە، بۆ هەر لێکدانەوەو ڕاڤەیەکیش زانستێکی داناوە، بۆ هەر زانستێکیش دەروازەیەکی گۆیاو قسەکەری داناوە، جا ئەوەی ناسیویەتی ئەوە ناسیویەتی و ئەوەی نەشی ناسیوە ئەوا نەیناسیوە، ئەوە _ مەبەستی دەروازە قسەکەرەکەیە[3] _ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و ئێمەین)[4]. گوایە صادق ڕووی گوفتاری کردۆتە شیعەکانی و وتویەتی: (ئێوە نابن بە کەسانی چاك تا نەزانن، ناشزانن تا دانی پێدا نەنێن، دانی

---

باوکی عەبدوڵامان گێڕاوەتەوە کە زەوی بێ ئیمام نابێت مەگەر خودا توڕەیی خۆی بەسەر زەوی یان بەندەکاندا بڕژێنێت، وتی: نا بێ ئیمام نابێت چونکە ئەگەر بێ ئیمام بوو ئەوا زەوی ڕوودەچێت. لە باقری باوکی جەعفەرەوە هاتووە کە وتویەتی: (ئەگەر زەوی یەك کاتژمێر بێ ئیمام بێت ئەوا خەڵکەکەی ڕادەماڵڕا وەك چۆن شەپۆڵی دەریا دەریاوانان ڕادەماڵرێت). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأرض لا تخلو من حجة ح رقم ١١ و ١٢ و ١٣.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه لو لم يبق في الأرض إلا رجلان لكان أحدهما الحجة ح رقم ١ و ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه لو لم يبق في الأرض إلا رجلان لكان أحدهما الحجة ح رقم ٣ و ٤ و ٥.

(٣) وەرگێڕ.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب معرفة الإمام والرد إليه ح رقم ٧.

پێدانانێن تا ملکەچ نەبن... هەر کەسێك لە دەرگاکانەوە بچێتە ماڵەکانەوە ئەوا ڕێنموونی کراوە، هەر کەسێك ڕێچکەیەکی تر بگرێتەبەر جگە  لە دەرگاکانی ئەوا ڕێگای نارێکی گرتۆتەبەر، بچنە ئەو ماڵانەی خوای گەورە ڕێی پێداوە ناو و یادی ئەوی تێدا بکرێتەوەو بەرز ڕابگیرێت، من پێتان دەڵێم ئەوانەی دەچنە ئەو شوێنانە ئەوانە کەسانێکن بازرگانی و مامەڵە و کرین و فرۆشتن بێ ئاگایان ناکات لە یادی خواو نوێژکردن و زەکات دان و لە ڕۆژێك دەترسن کە دڵ و چاوەکان لە ترس و بیمی ئاوەژوو دەبن، شوێن پێی پێغەمبەری خواو ئال و بەیتەکەی بکەون و دان بنێن بەوەی لەلایەن خواوە دابەزێنراوەو شوێن شوێنەواری هیدایەت بکەون، ئەمانە نیشانەکانی ئیمامەت و پارێزگارین)[1].

هەروەك ئیمامییەکان گێڕاویانەتەوە لە باقری باوکی جەعفەر کە وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئاگادارکەرەوەو ترسێنەرە، عەلیش ڕێنیشاندەرە، سوێند بەخوا ئەمە لە ناو ئێمەدا ناڕوات تا ڕۆژی دوایی)[2] یان وتویەتی: (هەر سەردەمێك ڕێنیشاندەرێکی لە ئێمە تێدا دەبێت کە خەڵکی ڕێنموونی دەکات بۆ ئەو پەیامەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) هێناویەتی، جا ڕێنیشاندەری دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) عەلییە دواتر ئیمامەکان یەکە بەیەکەیان)[3]. بە هەمان شێوە لە صادقی باوکی عەبدوڵایان گێڕاوەتەوە کە ڕاڤەی ئەم ئایەتەی کردووە: ﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرٌ وَلِكُلِّ قَوۡمٍ هَادٍ﴾ الرعد: ٧. بە دابەش کردنی بۆ دوو بەش: ﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرٌ﴾ بۆ پێغەمبەرە ((ﷺ))، فیکرەیەکی گشتیشی لە بەشی دووەمی ئایەتەکە

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب معرفة الإمام والرد إليه ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم الهداة ح رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم الهداة ح رقم ٢.

هەڵهێنجاوە: ﴿وَلِكُلِّ قَوۡمٍ هَادٍ﴾: بەوەی ڕێنیشاندەرانی هەر هۆزێك بەپێی تێپەڕینی کات دووبارە دەبنەوە. دواتر صادق وتی: کە ئیمامەکان ڕێنیشاندەرن لە هەر سەردەمێکدا یان (هەر ئیمامێك ڕێنیشاندەری خەڵکە بۆ ئەو قورئانەی لە ناو دەروونی ئیمامەکە دایە)[1]. و گوایە وتویەتی: (ئەگەر ئایەتێك هاتبا بۆ کەسێك و دواتر ئەو کەسە بمردبا، ئەوا ئایەتەکەش دەمرد و کتێبەکەش بەهەمان شێوە دەمرد؛ بەڵام ئایەتەکە زیندووە بەناو دەروونی ئەو کەسانەدا دەڕوات کە لە پاش خۆی بەجێ ماوە هەروەك چۆن بەناو دەروونی کەسانی پێشەخۆی گوێزراوەتەوە)[2].

لەمەوە ئیمامییەکان هەڵسان بە هەڵهێنجانی پێویستی هەبوونی (بەڵگە: ئیمام)ی پەیوەست بە ئاسمانەوە لە گشت سەردەمێکدا. ڕاجیاییان نەبوو لەسەر ئەوەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ئیمامەکان دەکەن تەنها ئەوە نەبێت کە سروش هاتنە خوارەوەی فریشتەیان نەداوەتە پاڵ ئیمامەکان _ جگە لە هەندێك تووندڕەوە ئیمامییەکان کە بۆچوونیان وابوو سروش بۆ ئیمامەکان دێت و فریشتە دادەبەزنە سەریان _ بەڵام ئەنجامگیرییەکە هەر یەك بوو ئەویش بریتی بوو لە جۆرێکی بەسترانەوەو پەیوەست بوونی ئیمامەکان بە خوای پایەبەرزەوە[3].

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم الهداة ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم الهداة ح رقم ٣.

(٣) ئیمامی زەید فیکرەی (بەڵگە بوونی ئیمام)ی زۆر پێ نامۆ بوو، کاتێك بۆ یەکەمجار گوێبیستی بوو لە سەر زاری زانای کەلامی شیعە کە (ئەبو جەعفەری ئەحوەل) کە بە (شەیتانی تاق) ناسرابوو، ناوبراو ڕەتی کردەوە بچێتە ڕیزی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی لەشاری کوفە، بە ئیمام زەیدی وت: ئەگەر باوکت یان براکەت لە جیاتی تۆبان ئەوا لەگەڵیان دەردەچووم. کاتێك زەید پرسیاری لە هۆکاری ئەم هەڵوێستەی کرد، ناوبراو وتی: ئیمامی بەڵگە تەنها یەك نەفس و دەروونە و بەش نابێت، جا

بەتێڕوانینی ئیمامییەکان (ئیمامەکان): پێگەیە و پلەو پۆستێکی ئەوەندە باڵایان هەیە کە لکاوە بە پێگەی پێغەمبەرایەتیەوە، بوونە (سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی یاسادانان) و (گەنجینەی زانستی خودا)[1]. هەروەك ئەو گێڕانەوەی لە صادقی باوکی عەبدوڵاوە هاتووە باس لەوە دەکات و تیایدا وەسفی ئیمامەکان دەکات بەوەی: (ئەمینداری خودان لەسەر ئەو زانست یان پاساو یاخود نەزرانەی کە دابەزێنراون، بەڵگەی تەواون لەسەر خەڵکی سەر زەوی، دواییینیان وەك

---

ئەگەر خودا بەڵگەی لەسەر زەوی هەبێت ئەوا ئەوەی شوێن تۆ نەکەوێت ڕزگار بووەو ئەوەی شوێنت بکەوێت تیاچووە، ئەگەر خودا بەڵگەی لەسەر زەوی نەبوو ئەو کاتە ئەوەی لەگەڵ دەردەچێ و ئەوەش کە دەرناچێت وەك یەکن. جا زەید پرسیاری کرد: بۆچی عەلی کوڕی حوسەینی باوکی ئەمەی بەو ڕانەگەیاندووە، بەمەش پرسیاری لە شەیتانی تاق کرد: من لەسەر یەك سفرەو خوان لەگەڵ باوك دادەنیشتم و پاروی چەوری دەدایە من و پاروی گەرمی بۆ سارد دەکردمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو بەزەیی پێمدا دەهاتەوە، کەچی لەبەر ئاگری دۆزەخ بەزیی بەمندا نەهاتۆتەوە، بەوەی ئاینی بە تۆ ڕاگەیاندووە و بەمنی ڕانەگەیاندووە، شەیتانی تاق وتی: ڕۆحم بەقوربانت بێت بۆیە پێی نەوتوی، چونکە لەبەر گەرمی ئاگری دۆخ بەزەیی بەتۆدا هاتۆتەوە، چونکە دەترسا لەوەی پێت بڵێت و تۆش قبوڵی نەکەی بەمەش بچیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، باوکت بەمنی ڕاگەیاند، ئەگەر قبوڵم کرد ڕزگارم دەبێت، ئەگەر قبوڵم نەکرد گوێی پێ نادات بچمەوە ناو ئاگری دۆزەخەوە یان نا. الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإضطرار إلى الحجة ح رقم ٥.

(١) عەبدوڕەحمانی کوڕی کەسیر دەڵێت: گوێبیستی صادقی باوکی عەبدوڵابووم دەیوت: (ئێمە کارپێ سپێرراو و گەنجینە زانست و دەفری سروشی خواین). عەبدوڵای کوڕی ئەبو یەعفور دەڵێت: صادقی باوکی عەبدوڵا وتی: (خوای گەورە بە تەنهایی خۆی تاك و تەنهایە، خۆی جلەوی فەرمان و کاروبارەکانی بەدەستە، بەدیهێنراوانی بەدیهێنا و ئەندازەگیری کرد بەو مەبەستەی خۆی ویستی، ئەی کوڕی ئەبو یەعفور ئێمە مەبەستی خواین، ئێمە بەڵگەی خواین لەناو بەندەکانیدا، خەزنەداری زانستی خواین، بەرپاکەری فەرمانی خواین) و صادق وتویەتی: (خوای گەورە ئێمە بەدیهێنا.... ئێمەی کردە خەزنەداری خۆی لە ئاسمان و زەویدا، بە پەرستشی ئێمەوە خوا پەرسترا، ئەگەر بە پەرستشی ئێمەوە نەبووبا خودا نەدەپەرسترا) . الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ولاة أمر الله وخزنة علمه ح رقم ١ و ٥ و ٦.

یەکەمیان لەلایەن خواوە دەسەڵاتی پێدراوە، هیچ کەسێك بەمە ناگات مەگەر بەیارمەتی خوا)[١].

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە جەعفەری صادق لە باقری باوکیەوە گێڕاویەتیەوە، ئەویش لە میری باوەڕداران گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (ئێمە _ ئال و بەیت _ درەختی پێغەمبەرایەتی و جێگەی پەیام و شوێنی دابەزینی فریشتە و ماڵی ڕەحمەت و کانگای زانستین)[٢]. و (ئێمە درەختی پێغەمبەرایەتی و ماڵی ڕەحمەت و کلیلەکانی دانایی و حیکمەت و جێگەی پەیام و وێستگەی فریشتە و نهێنی هەڵگری خواین، ئێمە سپاردەی خوای گەورەین لەناو بەندەکانی و ئێمە پەرێزو سنوورو پەیمان و بەڵێنی خواین، کەسێك بە وەفا بێت سەبارەت بە پەیمانی ئێمە، ئەوا وەفای هەبووە بەرامبەر بە پەیمانی خودا، کەسێك بەڵێنەکەمان بباتە سەر ئەوا بەڵێنی خودای پاراستووە)[٣].
کاتێك یەکلاییکراوە کە (ئیمامەکان): (گەنجینەی زانستی خودان) بەم پێیە بوونە: (ئەو دەروازانەی کە خوای مەزن فەرمانی کردووە بەندەکان پێیدا تێپەڕن)، هەروەك لە صادقی باوکی عەبدوڵا گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: (ئیمامەکان دەروازەی خودای مەنن، کە ڕێبوارانی ڕێی ڕاست پێیدا تێپەڕ دەبن، ئەگەر ئیمامەکان نەبووبان ئەوا خودا نەدەناسرا، خودا بە ئیمامەکان بەڵگەی بەسەر بەدیهێنراوانیدا هێناوەتەوە)[٤]. لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: (میری باوەڕداران _ سڵاوی خوای لێبێت _ ئەو دەروازەیە بوو کە تەنها ڕێگەی بەرەو

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم أركان الأرض ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة معدن العلم وشجرة النبوة ومختلف الملائكة ح رقم ١ و ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة معدن العلم وشجرة النبوة ومختلف الملائكة ح رقم ٣.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة خلفاء الله في أرضه ٢.

خوا چوون بوو، ناوبراو ڕێگەی ڕاستە، بەندە هەر ڕێگەیەکی تر جگەلەو بگرێتەبەر لە ناودەچێت، ئەمە ڕێسای خوایە بەسەر یەکەکە بەیەکەی ئیمامە ڕێنیشاندەرەکان جێبەجێ دەبێت، خوای گەورە ئیمامەکانی کردۆتە بناغە و بنچینەکانی زەوی بەمەش خەڵکی دەپارێزێت لەوەی زەویان بەسەردا بڕوخێت و بەڵگەی تەواوی خوان بۆ دانیشتوانی سەر گۆی زەوی و ئەوەی لە ژێر خاکدایە)[1].

بەم شێوەیە ئیمامەکان بوونە (نیشانەکان) کە خەڵکی بەهۆیانەوە ڕێنوێنی وەردەگرن، هەروەك لە گێڕانەوەیەکدا لە صادقی باوکی عەبدوڵاوە لەبارەی ڕاڤەی ئەم ئایەتە هاتووە: ﴿ وَعَلَٰمَٰتٍۚ وَبِٱلنَّجۡمِ هُمۡ يَهۡتَدُونَ ١٦ ﴾ النحل: ١٦. کە ناوبراو وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئەستێرەکەیە و نیشانەکانیش ئیمامەکانن _ سڵاوی خوای لێبێت _)[2].

وای لێهات ئیمامەکان بوونە ئەو نیشانە و بەڵگانەی خودا لە کتێبەکەیدا باسی کردوون، هەروەك لە گێڕانەوەیەکدا کە لە صادقی باوکی عەبدوڵاوە گێڕدراوەتەوە لەبارەی ڕاڤەی ئەم ئایەتە: ﴿ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٍ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴾ یونس: ١٠١. وتویەتی: (ئیمامەکان نیشانە و بەڵگەکانن، ئاگادارکەرەوەکان پێغەمبەرانن _ سڵاوی خوایان لێبێت _)[3]. و لە ڕاڤەی ئەم

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم أركان الأرض ح رقم ١، بۆیە باقر دەیوت: (لێپرسینەوە لە حوکمەکانی ئیمام وەك لێ پێچینەوەیە لە حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی، ڕەت کردنەوەی شتێکی ئیمام بچوك یان گەورە وەك هاوبەشدانانە بۆ خوا)...

(٢) لە ئیمامی ڕیزاوە هاتووە: (ئێمە نیشانەکانین و پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئەستێرەکەیە). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة هم العلامات التي ذكرها الله في كتابه ح رقم ١ و ٢ و ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الآيات التي ذكرها الله في كتابه هم الأئمة ح رقم ١.

ئایەتە: ﴿ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا كُلِّهَا ﴾ القمر: ٤٢. وتویەتی: (باوەڕیان بە سەرجەم ئیمامەکان نەهێنا و بە درۆیان خستنەوە)[١].

تەنانەت ئیمامەکان وایان لێهات بوونە (سیماناسەکان: متوسمین) خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموویت: ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَـٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ٧٥ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٖ مُّقِيمٍ ٧٦ ﴾ الحجر: ٧٥ _ ٧٦. لە صادقی باوکی عەبدوڵاوە هاتووە کە وتویەتی: (ئێمە سیما ناسین و ئەمە لەناو ئێمەدا جێگیر کراوە)[٢]. (هەرگیز ئەم ڕێگەیە لەناوماندا دەرناچێت)[٣].

سەرباری تێکگیرانی بیرۆکەی (بەڵگەبوونی ئیمام) لەگەڵ کۆتا بوونی پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) کەچی زیادەڕۆچووان تێپەڕیان کرد بەوەی بیرۆکەکەیان دایە پاڵ ئیمام صادق و ئیمامەکانی تر، پاك و دووری بۆ ئیمامەکان لەوەی وتەیەکی وا بەدەمیاندا بێت، بەتایبەت سەرجەم گێڕانەوەکانی ڕابردوو کە دراوەتە پاڵ ئیمامەکان تەنها پشتی دەبەست بە بانگەشەی ڕووت و تەئویلی کردنی قورئان بەشێوەیەك کە تەئویلەکە هەڵنەگرێت، دواتر ئەم گێڕانەوانە بە هیچ بەڵگەیەك ناچن.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الآيات التي ذكرها الله في تابه هم الأئمة ح رقم ٢، لەوبارەوە فەرموودەیەك لە باقری باوکی جەعفەرەوە هاتووە تیایدا ڕاڤەی (النبأ العظيم) دەکات و دەڵێت: هەواڵە مەزنەکە میری باوەڕدارانە، جا کلینی لە ناوبراوەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (خودا نیشانەیەکی نییە لەمن مەزنتر بێت، پێغەمبەرێکیشی نییە لە من گەورەتر بێت). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الآيات التي ذكرها الله في تابه هم الأئمة ح رقم ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن المتوسمين الذين ذكرهم الله في كتابه هم الأئمة ح رقم ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن المتوسمين الذين ذكرهم الله في كتابه هم الأئمة ح رقم ٤.

## ئایا صادق بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە غەیب دەزانێت؟

لەبەر ئەوەی ئیمامییەکان بەڵگەی تەواویان پێ نەبوو لەسەر ئەوەی جەعفەری صادق و ئیمامەکانی تر بەڵگەی خوایین، ئەوا پەنایان بردەبەر پڕوپاگەندەی ئەوەی (ئیمام) غەیب دەزانێت و دەتوانێت کاری دەرئاسا (موعجیزە) ئەنجام بدات، هیشامی کوڕی حەکەم بانگەشەی ئەوەی کرد کە لە خزمەت ئیمامی صادقدا گفتوگۆی لەگەڵ پیاوێکی شامی کردووە لەبارەی بابەتی ئیمامەت لە سەر کەناری چیایەکی دەوروبەری مەککە، پیاوە شامییەکە پرسیاری لە هیشام کردووە کە لە دوای قورئان و سوننەت چ بەڵگەیەکی تر هەیە؟ هیشام وتویەتی: ئا ئەوەی دانیشتووە، واتە صادقی باوکی عەبدوڵا، کە خەڵکی خۆیان و بارگەیان دەپێچن و دێنە خزمەتی، صادق هەواڵی ئاسمانمان پێ ڕادەگەیەنێت کە لە باوك و باپیرەیەوە بۆی ماوەتەوە. پیاوە شامییەکە وتی: من چۆن بزانم ئەو کابرایەی لامان دانیشتووە بەڵگەیە؟... هیشام وتی: بە کەیفی خۆت پرسیاری لێ بکە، باوکی عەبدوڵا وتی: کابرای شامی من بابەتەکەت بۆ تەواو دەکەم: هەواڵی گەشت و سەفەرەکەت پێڕادەگەیەنم... فڵانە ڕۆژە دەرکەوتی... بە فیسارە ڕێگەیەدا ڕۆیشتی... بەسەر ئەو شتەدا تێپەڕی... فڵانە شتە پێتدا تێپەڕی... کابرا شامییەکە لە وەڵامی هەر وەسفێکی صادق کە دەیکرد دەیوت سوێند بەخوا ڕاستت وت[1].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإضطرار إلى الحجة ح رقم ٤، والمفيد، الإرشاد ٢٧٨_٢٨٩، و شێخ موفید لە کتێبی (الثقلان) دوای توێژینەوەی لەسەر بە مەرجدانانی پارێزراوی لە ئیمامدا دەڵێت: (کە ئەم بنچینانە چەسپان ئەو کاتە پێویست دەبێت کە ئیمام لەلایەن هاوڵاتیانی ئاشکراو ڕوون بێت بە هاتنی دەق لەسەر ئیمامەتەکەی و بوونی زانستی دەرئاسا و یاسادڕ، چونکە نازانرێت یەکێك ئەم

هەروەك باوكی جەعفەری ئەحوەل وای گومانی برد كە ئیمام زەیدی كوڕی عەلی سوێندی بۆ ناوبراو خواردووە كە هاوەڵەكەی (واتە ئیمام صادق) لە شاری مەدینە پێی ڕاگەیاندووە كە دەكوژرێ و لە سەر شوێنی زبڵ و خاشاك لە سێدارە دەدرێت[١].

عەمار ساباتی وتویەتی: پرسیارم لە صادقی باوكی عەبدوڵا كرد: كە ئیمام غەیب دەزانێت؟ وتی: (نا نایزانێت، بەڵام ئەگەر بیەوێت شتێك بزانێت ئەوا خوای گەورە پێی ڕادەگەیەنێت)[٢]. و (ئیمام ئەگەر بیەوێت شتێك بزانێت دەزانێت)[٣]. سەیفی تەمار دەڵێت ئێمە و كۆمەڵێك لە شیعەی حیجر لەگەڵ صادقی باوكی عەبدوڵا بووین، وتی: چاومان لەسەرە؟ ئێمەش تەماشای ڕاست و چەپمان كرد هیچ كەسێكمان نەبینی و وتمان: هیچ چاوێكمان نەبینی چاودێریمان بكات، وتی: (سوێند بە پەروەردگاری كەعبە و نەوەكان _ سێ جار _ ئەگەر لە نێوان موساو خدر بووبام ئەوا پێم ڕادەگەیاندن كە من لەوان زاناترم و هەواڵی

---

خەسڵەتانەی تێدا كۆببێتەوە مەگەر دەقێكی ڕاستی لەسەر بێت لەلایەن خواوە یان بە كاری دەرئاسا نەبێت نازانرێت). سەید مورتەزا لە كتێبی (الشافي)دا دوای توێژینەوەی بابەتی پارێزراوی ئیمام دەڵێت: (ئەگەر پارێزراوی ئیمام چەسپا ئەوا دەبێت بە دەق یان بە كاری دەرئاسا ڕوون بكرێتەوە). توسی لە كتێبی (تلخيص الشافي)دا دەڵێت: (بوونی دەق لەسەر ئیمام پێویستە یان هەر شتێك كە بەڵگە بێت لەسەر ئیمامەتی ئیمام وەك: كاری دەرئاسا... سەرباری دروستی ئەمەی باسمان كرد ئەوا هاتنی دەق لەسەر خودی ئیمام یان دەركەوتنی كاری دەرئاسا كە جێگرەوەی دەقە پێویستە). زانای بلیمەت حیللی لە كتێبی (نهج الحق)دا دەڵێت: (دوو ڕێگە هەیە بۆ دیاریكردنی ئیمام: هاتنی دەق لەلایەن خوا یان پێغەمبەری خوا یاخود ئیمامێك ئیمامەتیەكەی بەدەق چەسپا بێت، دووەم دەركەوتنی كاری دەرئاسا لەسەر دەستی ئیمامەكە).

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإضطرار إلى الحجة ح رقم ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر فيه ذكر الغيب ح رقم ٢ و ٣ و ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأئمة إذا شاءوا أن يعلموا علموا ح رقم ١.

شتانێکم پێدەدان کە لەبەردەستیان نەبووبێت، چونکە موسا و خدر زانستی ڕابردوویان پێدرابوو و زانستی داهاتوو تا ڕۆژی دوایی و ڕووداوەکانی ئایندەیان پێ نەدرابوو، ئێمە ئەو زانستەمان بە میرات لە پێغەمبەری خواوە بۆ ماوەتەوە)[١].

لە صادقی باوکی عەبدوڵایان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئێمە زانستی ڕابردوو و داهاتوومان پێیە تا دواڕۆژ... زانیاری لەبارەی ئەو ڕووداوانەی لە شەوو ڕۆژدا ڕوودەدەن و فەرمان لە دوای فەرمان و شت و لە دوای شت تا ڕۆژی دوایی لای ئێمەیە)[٢]. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە، صادق وتویەتی: (من دەزانم چی لە ئاسمانەکان و زەوی و بەهەشت و دۆزەخدایە، دەزانم چ بووەو چی دەبێت)، گێڕەرەوەکە وتویەتی: دوای بیستنی ئەمە ڕاوەستام و وردبوومەوە، صادق بۆی دەرکەوت کە ئەمە زۆر مەزن و سەخت بوو لەلای ئەو کەسانەی گوێبیستی بوون، بۆیە وتی: (ئەمەم لە کتێبی خوای مەزنەوە زانی، خوای گەورە دەفەرمووێت: ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی تێدایە)[٣].

محەممەدی کوڕی مەڕوان وتویەتی صادقی باوکی عەبدوڵا وتی: (ئیمام لەناو سکی دایکیەوە گوێبیستی شتەکان دەبێت... جا ئەگەر ئیمامەتی بۆ گوێزرایەوە ئەوا خوای مەزن ستوونێکی لە نووری پێ دەبەخشێت کە بەهۆیەوە هەموو کارەکانی خەڵکی شارەکەی دەبینێت)[٤] یان (ئەگەر ئیمام هەڵسا بە کاروباری

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه ذكر الصحيفة والجفر والجامعة ح رقم ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب مواليد الأئمة ح رقم ٤.

ئیمامەت، ئەوا خوای مەزن لە هەر شارێك منارەیەكی بۆ بەرز دەكاتەوە كە لەسەریەوە تەماشای كردەوەی بەندەكان دەكات)[1].

بانگەشەی (ئیمامەتی خوایی) و غەیب زانینی ئیمام زۆر بەڕوونی بەیەكەوە بەستراونەتەوە لەم گێڕانەوانەی خوارەوەدا، كە كلینی لە صادقی باوكی عەبدوڵاوە دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: (هەر ئیمامێك نەزانێت دووچاری چ دەبێت و سەرەنجامی بەرەو كوێ دەچێت، نابێتە بەڵگەی خوا لەسەر بەندەكانی)[2]. و (خوای گەورە بەخشندەترو بە بەزەیی ترو میهرەبانترە بە بەندەكانی گوێڕایەڵی كردن بۆ بەندەیەك بەسەر بەندەكاندا پێویست بكات كەچی بەیانیان و ئێواران هەواڵی ئاسمانی لێ پەردە پۆش بكات)[3]. و گوایە وتویەتی: (سەرم سوڕماوە لەوانەی پشتگیریمان دەكەن و بە ئیمام دامان دەنێن و دەشڵێن گوێڕایەڵی ئێمە لەسەر ئەوان پێویستە وەك چۆن گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) پێویستە، كەچی دواتر بەڵگەی خۆیان تێكدەشكێنن و دژایەتی خۆیان دەكەن بەهۆی لاوازی دڵەكانیان، مافی ئێمە كەم دەكەنەوەو ئەمە بە كرچ و كاڵی دەزانن بۆ ئەو كەسەی كە خودا بەڵگەی لەسەر ڕاستی ناسینی مافی ئێمەی پێداوەو پێویستی ملكەچی نواندن بۆی ئێمەی پێ ڕاگەیاندووە، ئایا پێتان وایە خودا گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری خۆشەویستانی خۆی لەسەر بەندەكانی پێویست كردووەو كەچی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب مواليد الأئمة ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون متى يموتون ح رقم ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ٣.

هەواڵی ئاسمان و زەوی و کەرستەکانی زانستیان لێ دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەو پێشهاتانەی ئایینەکەیان لەسەری بەندە؟!)[1].

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ٤.

# ئایا فریشته قسەی بۆ صادق دەکرد؟

هەروەك چۆن ئیمام محەممەدی  باقر دووچاری نارِحەتی بووەوە بەهۆی ئەو زیادەڕۆچووانەی کە ئەوەیان دەدایە پاڵ ئیمام کە گوایە فریشتە دێنە لای و قسەی بۆ دەکەن، بەهەمان شێوە ئیمام صادقی کوڕ باقریش تووشی ئەم ناخۆشیە بوو، هەروەك زیادەڕۆچووان لێی دەگێڕنەوە کە گوایە وتویەتی: (ئەوپەڕی زانستمان سێ ڕووی هەیە: ڕابردوو و تێپەڕیو و پەیدابوو، جا زانستی ڕابردوو ئەوەیە ڕاڤەکراوە، زانستی تێپەڕیو تۆمارکراوە، زانستی پەیدابوو بریتییە لە خستنە ناو دڵ و بە گوێدا چرپاندن، ئەمە باشترین زانستی ئێمەیە و هیچ پێغەمبەرێك دوای پێغەمبەری ئێمە نییە)(١). کاتێك حارسی کوڕی موغەیرەی پرسیاری لە صادق کرد و پێی وت: هەواڵم پێ بدە سەبارەت بە زانستی زاناکەتان؟ صادق لە وەڵامدا وتی: (زانستەکەی بریتییە لەوەی کە لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و عەلی بۆی ماوەتەوە، حارس وتی: ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە زانستی ئێوە دەخرێتە دڵتانەوەو بە گوێتان دەچرپێنرێت؟ صادق وتی: یان ئەوەیە کە تۆ دەیلێییت)(٢).

ئەبو حەمزە دەڵێت پرسیارم لە صادق کرد: لەبارەی زانست، کە ئایا ئەو زانستەیە کە زانا (پێم وابێت مەبەستی ئیمامە(٣)) لە دەمی خەڵکەوە فێری دەبێت یان لە کتێبێکەوەیە کە لای ئێوە دەخوێننەوەو لێی فێر دەبن؟ صادق وتی: (شتەکە لەمە گەورەترو پێویسترە، بۆ گوێبیستی ئەم فەرمایشتەی خوا نەبوویت:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب جهات علوم الأئمة ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب جهات علوم الأئمة ح رقم ٢.

(٣) وەرگێڕ.

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَاۚ مَا كُنتَ تَدۡرِي مَا ٱلۡكِتَٰبُ وَلَا ٱلۡإِيمَٰنُ ﴾ الشورى: ٥٢. پێغەمبەر لە بارودۆخێك دابووە كە نەیدەزانی كتێب و پەیام و ئیمان چییە؟ تا خوا ئەو ڕۆحەی بۆ نارد كە لە قورئانەوە باسی لێكراوە، كاتێك خوا ئەم ڕۆحەی بۆ نارد توانی بەو هۆیەوە زانست و تێگەیشتن بزانێت، ئەمە ئەو ڕۆحەیە خوای گەورە بەویستی خۆی دەیبەخشێت بە هەر كەسێك كە بیەوێت، ئەگەر بە بەندەیەكی بەخشی ئەوا فێری تێگەیشتنی دەكات)[١].

گوێبیستێك لە صادقی باوكی عەبدوڵای گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: (خودای گەورە دوو زانستی هەیە: زانستێكی پیشانی فریشتە و پێغەمبەران و پەیامبەرانی داوە، جا ئەوەی پیشانی ناوبراوانی دابێت ئەوا ئێمە زانیومانە، زانستێكیشی لەلای خۆی گلداوەتەوە، ئەگەر هەر شتێكی لێ دەربخات ئەوا پێمان ڕادەگەیەنێت و پیشانی ئیمامەكانی پێش ئێمەش دەدات)[٢]. باوكی بەصیر گێڕاویەتیەوە كە صادق وتویەتی: (خودای بێ هاوەڵ دوو جۆر زانستی هەیە: جۆرێكیان تەنها خوا خۆی دەیزانێت و پیشانی هیچ كەسێكی نەداوە و جۆرێكی تریان فریشتەكان و پێغەمبەران دەیزانن، جا ئەوەی فریشتەكان و پێغەمبەران _ سڵاوی خوایان لێبێت _ بیزانن ئەوا ئێمەش دەیزانین)[٣].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جميع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جميع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ١ و ٢ و ٣.

باوكی بەصیر پێی وایە كە صادق جەختی كردۆتەوە لەسەر ئەوەی فریشتەی ڕۆح یاوەری ئیمامەكان دەكات و وتویەتی: (فریشتەی ناوبراو بەدیهێنراوێكی خوایە و لە جبریل و میكایل گەورەترە، ئەو فریشتەیە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بوو و هەواڵی پێدەدا و هەردەم بەرەو نیشانەی ڕاست ئاڕاستەی دەكرد و ئێستاش لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) لەگەڵ ئیمامەكاندایە)[١]. هەندێك گێڕەڕەوەی تر لە صادقیان گێڕاوەتەوە گوایە وتویەتی: (لەوەتەی خودا ئەو فریشتەی ڕۆحەی دابەزاندووەتە سەر محەممەد ((ﷺ)) نەگەڕاوەتە ئاسمان و هەر لە ناو ئێمەدایە)[٢]. و لەبارەی ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْـرِ رَبِّى ﴾ الإسراء: ٨٥. وتویەتی: (بەدیهێنراوێكی خوایە و مەزنترە لە جبریل و میكایل، پێشتر لەگەڵ هیچ كەسێكدا نەبووە جگە لە محەممەد ((ﷺ)) و ئێستاش لەگەڵ ئیمامەكاندایە و بەرەو نیشانەی ڕاست ئاڕاستەیان دەكات، مەرج نییە هەر شتێك كە داوابكرێت بێتەجێ)[٣].

هەندێك لە زیادەڕۆچووان شتیان بەناوی ئیمام صادق هەڵبەست بەوەی گوایە ئیمام دانی ناوە بە بیرۆكەی دەستكاری كرانی قورئان، ئەمەش لە پێناو چەسپاندنی بانگەشەی قسەكردنی فریشتە بۆ ئیمام، گوایە صادق ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە خوێندۆتەوە: (وما أرسنا من قبلك من رسول و لانبي و لا محدث) واتە: ئەی محەممەد ((ﷺ)) هەر پەیامبەرو پێغەمبەرو ئیمامێك كە لەگەڵ فریشتە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢.

بدوێت لە پێش تۆدا ناردبێتمان. و (محدث)ی ناساندووە: بەوەی (ئەو کەسەیە کە گوێبیستی دەنگ دەبێت و خودی قسەکەرو خاوەنی دەنگەکە نابینێت، بە ئەندازەیەك ئارامی و هێمنی و شکۆمەندی دایدەگرێت تا وای لێدێت دەزانێت ئەمە وتەی فریشتەیە)[1].

زیادەڕۆچووان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە بانگەشەی دابەزینی فرمان و کاری کردووە بۆ سەر جێگرەوەی پێغەمبەری خوا، گوایە بەشێوەیەك صادق سووربووە لەسەر ئەم بانگەشەیە ڕەخنەی لەوانە گرتووە کە باوەڕیان بەم بانگەشەیە نەبووەو وتویانە: (شەوی قەدری پیرۆز لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێپەڕی و چوو). صادق ئەمەی بە: (فیتنە و ئاژوەیەك داناوە کە تایبەت تووشی ئەو کەسانە بووە، بەمەش هەڵگەڕاونەتەوە، چونکە ئەگەر بڵێن: شەوی قەدر نەچووە، ئەوا دەبێت خوا فرمان و کارێکی تێدا داببەزێنێت، ئەگەر دانیانا بەمەدا ئەوا ناتوانێت ناڕازی بێت)[2]. و گوایە صادق بە هاتنە خوارەوەی فریشتەکان لە شەوی قەدردا بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر بوونی خاوەنی شەوی قەدر بە درێژایی ڕۆژگارەکان، و تایبەت نەبووە بە پێغەمبەری خواوە[3].

کلینی لە فەرموودەی زیادەڕۆچوواندا هیناویەتی کە گوایە صادق وتویەتی: (فریشتەکان لەسەر ڕایەخی ئیمامەکان تەوقەیان لەگەڵ دەکەن و لە ئێمە زیاتر بەزەییان بە منداڵەکانمان دێتەوە)[4]. و گوایە صادق دەستی لە هەندێك دیواری

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه ح رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلناه ح رقم ٤.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة تدخل الملائكة بيوتهم ح رقم ١.

ماڵەکەی داوەو وتویەتی: (تا فریشتە لەسەری پاڵبدەنەوە ئەوا دەکرێ بەرو بۆنی ئەوانمان بۆ بێت)[1].

هەندێك لە زیادەڕۆچووان بە تێروتەسەلی لایەنەکانی بانگەشەی قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمامەکان دەخەنەڕوو، هەوڵیشیانداوە کە وەڵامی هەندێ پرسیاری لەو شیعانە بدەنەوە کە بانگەشەکەیان ڕەتدەکردەوەو پێیان وابوو کە لەوانەیە ئەوەی ئیمام گوێبیستی بووبێت نیگای شەیتان بووبێت. جا چۆن دەزانێت قسەکەرەکە فریشتەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زیادەڕۆچووان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (بەوەی ئارامی و هێمنی و شکۆداری ئیمام دادەگرێت لەو کاتەدا بە ئەندازەیەك کە دەزانێت ئەمە وتەی فریشتەیە)[2].

هەروەك چەند پرسیارێکی تریشیان وەڵامداوەتەوە بەوەی زانستی ئیمامەکان بەرزترە لە زانستی پێغەمبەر، ئەگەر بانگەشەی (دوانی ئیمام لەگەڵ فریشتەدا) دروست بێت و زیادەڕۆچووان هەوڵیان داوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن بەوەی وتیان: (هیچ شتێك لەلایەن خواوە دەرناچێت تا پیشانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و دواتر میری باوەڕداران و پاشان یەك لە دوای یەکی ئیمامەکان نەدات، بۆ ئەوەی دواییینمان لە یەکەمەکەمان زاناتر نەبێت)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة تدخل الملائكة بيوتهم ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٤، بەڵام ئەم وەڵامە کیچشەکەی یەکلا نەکردەوە، تەنانەت خەڵك کێشەیان دەنایەوە بۆ پێغەمبەران لە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دا بۆیە ئەوانیش بە کاری دەرئاسا و موعجیزە بەڵگەیان بۆ خەڵکەکە دەخستەڕوو، لە کاتێکدا ئیمامەکان هیچ کارێکی دەرئاسایان نەخستەڕوو بۆ پشتگیری ڕاستی بانگەشەی هاتنی فریشتە بۆ لایان یان پێغەمبەرایەتییەکەیان...

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ٤.

باوکی یەحیای صەنعانی بانگەشەی ئەوەی کرد: کە ئیمامی صادق پێی ڕاگەیاندووە کە ڕۆحی ئیمامەکان بەرز دەبنەوە بۆ ئاسمان بۆ بە دەستهێنانی زانستی زیاتر، وتی: (ئەی باوکی یەحیا لە شەوانی جەژندا کاروباری تایبەتمان هەیە، وتم: بەقوربانت بم ئەو کاروبارە چییە، وتی: (ڕێگە دەدرێ ڕۆحی پێغەمبەران _ سڵاوی خوایان لێبێت _ و ڕۆحی ئیمامە مردووەکان و ڕۆحی ئەو ئیمامەی لە ناوتاندایە کە بەرز ببنەوە بۆ ئاسمانەکان تا دەگەنە خزمەت عەرشی پەروەردگار، بۆ یەك هەفتە بە دەوری عەرشدا دەسوڕێنەوەو لەلای هەر کۆڵەگە و ستوونێکی عەرشدا دوو ڕکات نوێژ دەکەن، دواتر دەگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو لاشانەی کە لێیەوە هاتوون و بەمەش پێغەمبەران و ئیمامەکان لێواو لێو دەبن لەگەڵ شادی و خۆشی و ئەو ئیمامەی لە ناوتاندایە زانستەکەی زۆر زیاد دەبێت)[(١)]. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (ئەگەر شەوی هەینی هات ڕۆحی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و ڕۆحی ئیمامەکان _ سڵاوی خوای لێبێت _ یاوەڕی ڕۆحی پێغەمبەر ((ﷺ)) دەکەن و دەچنە خزمەت عەرشی پەروەردگار، ڕۆحەکانمان ناگەڕێنەوە ناو لاشەکانمان تەنها دوای بەدەستهێنانی زانست نەبێت، ئەگەر وانەبووبا ئەوا زانستمان نەدەما)[(٢)].

سەرباری ئەوەی خەریکە ئەو بانگەشەیە هاوشێوە بێت لەگەڵ بانگەشەی پێغەمبەرایەتی، کەچی ئەو زیادەڕۆچووانە هەوڵیانداوە لە گرانیەکەی سووك بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئیمامی صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی:

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ١ و ٢، و باب لولا أن الأئمة يزدادون لنقد ما عندهم ح رقم ١ و ٢.

(ئیمامەکان لە ئاست پێگە و پلەی پێغەمبەری خوان ((ﷺ)) بەڵام ئەوەندەیە پێغەمبەر نین و بە ئەندازەی پێغەمبەر ((ﷺ)) بۆیان نییە ئافرەت مارە بکەن، گەرنا لە هەموو شتێکی تردا لە ئاستی پێغەمبەری خوادان ((ﷺ)))[1] و (دەبێت لە دیاریکردنی حەڵاڵدا پشت بە ئێمە ببەسترێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێغەمبەر نین)[2].

ئیمامی صادق بەرپەرچی ئەم زیادەڕۆچوونەی داوەتەوەو وتویەتی: (خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ بە پێغەمبەری ئێوە کۆتای بە پێغەمبەرایەتی هێنا و هەرگیز پێغەمبەرێك لە دوای ئەو نایەت، بە کتێبی ئێوە کۆتایی بە کتێبە ئاسمانییەکان هێناوەو دوای ئەو هیچ کتێبێکی تر نایەت و هەموو شتێکیشی تێدا ڕوون کردۆتەوەو تیایدا باسی بەدیهێنانی ئێوەو ئاسمانەکان و زەوی و هەواڵی پێش ئێوەو حوکمی کێشە و دۆزی نێوانتان و هەواڵی دوای ئێوەو بەهەشت و دۆزەخ و سەرەنجامی ئێوەی کردووە)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يشبهون ممن مضى وكراهة القول فيهم بالنبوة ح رقم ٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يشبهون ممن مضى وكراهة القول فيهم بالنبوة ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يشبهون ممن مضى وكراهة القول فيهم بالنبوة ح رقم ٣.

## ئایا صادق ڕاسپێرراو بووە لە یاسادانانەدا

بانگەشەی بەڵگە بوونی ئیمام پلەیەك سوك و كەمتر بوو لە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ئیمامەكان، ئیمامی صادق تووشی ناڕەحەتی بوو بەهۆی هەندێك كەسی كەم زیادەڕچوو، ئەوانەی كە بۆچوونێكیان هەڵبەست هاوشێوەی بانگەشەی (ڕاسپێرراوی و دەست ڕۆیشتوویی) ئیمام لە بەدیهێنان و ژیان و مردن و ڕزق و ڕۆزی لێپرسینەوە لە دوارۆژدا، وتیان: (ئیمامەكان ڕاسپێرراون لە ڕوونكردنەوەو فەتوادانەدا). پێیان وابوو كە ئایین یان حوكمی شەرعی بریتییە لەوەی ئیمامەكان دەیڵێن، نەك تەنها ئەوەی لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوەو لە قورئاندا هاتووە. ئەمەش ڕێی بۆ ئەوان خۆش كرد كە بە كەیفی خۆیان فەتوا بەناوی ئیمامەكان بگێڕنەوە و ئایینی ئیسلام هەڵبوەشێننەوەو یاری و گاڵتە بە تەئویل و ڕاڤەی قورئانی پیرۆزەوە بكەن.

هەڵسان بە دامەزراندنی بیرۆكەی ڕاسپاردنی ئایین بە ئیمامەكان لەسەر تەئویلی ئەم ئایەتە: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ﴾ الحشر: ٧. واتە: (ئەوەی پێغەمبەر پێی داون وەری بگرن و هەر فەرمانێكی پێدان وەری بگرن، هەر شتێكی لێ قەدەغە كردن مەیكەن). لەم ئایەتەدا مانای ئەوەیان هەڵهێنجاوە كە پێغەمبەری ڕێزدار لەلایەن خواوە ڕاسپێرراوە، دواتر ئیمامەكانیان لەسەر پێغەمبەر ئەندازە (قیاس) كردووە، ئینجا بانگەشەی ئەوەیان كردووە كە خوای گەورە كاروباری ئایینی بە ئیمامەكان سپاردووە، ئەمەیان داوەتە پاڵ صادق كە وتویەتی: (خوای گەورە هەر شتێكی بە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) سپارد بێت

ئەوا بە ئێمەشی سپاردووە)[1]. و وتویەتی: (سوێند بەخوای گەورە هەرگیز وا خوا کاروباری بەکەس ڕانەسپاردووە جگە لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و ئیمامەکان نەبێت، خوای باڵادەست فەرموویەتی: ئێمە بە ڕاست و دروست کتێبمان بۆ سەر تۆ دابەزاندووە ئەی محەممەد ((ﷺ)) بۆ ئەوەی داوەری لە نێوان خەڵکی بکەی بەوەی خوا پیشانت دەدات و بۆت دەخاتەڕوو، ئەمە بۆ ئیمامەکانیش هەر بەردەوامە _ سڵاوی خوایان لێبێت _)[2]. و صادق ڕووی گوتاری کردۆتە شیعە و وتویەتی: (بێ گومان پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کاروباری ئایینی ڕادەستی عەلی کردووەو گێڕاویەتی بە ئەمینداری ئەم کارە، ئێوەش ملکەچی ئەم ڕاستیە بوون و خەڵکیش نکوڵیان لێکرد، سوێند بەخوا ئێوەمان خۆش دەوێت ئەگەر ئێمە چی بڵێین ئێوەش ئەوە بڵێن و کە بێدەنگ بووین ئێوەش بێ دەنگ بن و ئێمە لە نێوان ئێوەو خوای گەورەداین، هەرگیز خوا خێری کەسێکی نەویستووە کە پێچەوانەی فەرمان و بۆچوونی ئێمە جوڵابێتەوە)[3].

ئەم زیادەڕۆچووانە (کە دەڵێن ئیمامەکان ڕاسپێرراون لە یاسادانان‌دا) لە صادقیان گێڕاوەتەوە، گوایە هەندێك جار بەپێی لایەنگیری خەڵکی فەتوای بۆ دەدان، لەوانەیە لە یەك مەجلیسدا چەندین جار فەتواکەی گۆڕی بێت. و دەیوت: (ئیمام ئەگەر سەیری هەر کەسێك بکات ئەوا دەیناسێت و دەزانێت چ ڕەنگە، ئەگەر ئیمام گوێبیستی دەنگی کەسێك ببێت لە دوای دیوارەوە دەیناسێت و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب تفويض إلى الرسول والأئمة أمر الدين ح رقم ٩.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب تفويض إلى الرسول والأئمة أمر الدين ح رقم ٨.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب تفويض إلى الرسول والأئمة أمر الدين ح رقم ١.

دەزانێت کێیە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَـٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَٰنِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّلْعَـٰلِمِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾ الروم: ٢٢. واتە:"_ یەکێکی تر _ لە نیشانە و بەڵگەکانی خوا، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان و شارەزایان". ئەمانە زانایانن، بۆیە هەر گوێبیستی شتێك ببن ئەوا دەیناسێت جا ئەو کەسە ڕزگار بوو یان لە ناوچوو بێت، بۆیە بەم شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە)[١]. و وتویەتی: (ئێوە تێگەیشتووترین خەڵکن ئەگەر لە وتەی ئێمە تێبگەن، وشە چەند ڕوویێکی هەیە، ئەگەر یەکێك بیەوێت دەتوانی وتەی ئێمە بە کەیفی خۆی بە ڕوویێکدا ئاراستە دەکات، کەچی درۆش ناکات)[٢].

یەکێك لە زیادەڕۆچووەکانی خەتابی کە ناوی (موسای کوڕی ئەشیمە) وتی: من لەلای صادقی باوکی عەبدوڵا بووم، پیاوێك پرسیاری لێکرد لەبارەی ئایەتێکی کتێبی خوا، پاشان کەسێکی تر هاتە ژوورەوە و پرسیاری لە بارەی هەمان ئایەت لە صادق کرد، کەچی صادق بەپێچەوانەی وەڵامی یەکەم وەڵامی دایەوە، دڵم زۆر ناڕەحەت بوو وەك ئەوەی دڵم پارچە پارچە بکرێت بە چەقۆ، لە دەروونی خۆمدا وتم: باوکی قەتادەم لە شام بەجێهێشت کە هەڵەی لە پیتی (و) و هاوشێوەکانیدا نەدەکرد و هاتوومەتە لای صادق و دەبینم ئەم هەموو هەڵەیە دەکات، کاتێك من ئاوا بیرم دەکردەوە کەسێکی تر هاتە لای و پرسیاری لێکرد لەبارەی هەمان ئایەت و ئەویش بە پێچەوانەی وەڵامەکانی پێشوو وەڵامی دایەوە، دەروونم ئارام بوو و زانیم ئەمە خۆپارێزییە، موسا دەڵێت: پاشان صادق ڕووی کردە من و پێی وتم:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في معرفتهم أولياءهم والتفويض إليهم ح رقم ٣.

(٢) الوافي ٣٣٣٦٠ عن معاني الأخبار ١/١.

(ئەی کوڕی ئەشیم خوای گەورە کاروباری ڕاسپارد بە سولەیمانی کوڕی داود و فەرمووی: ﴿ هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمۡنُنۡ أَوۡ أَمۡسِكۡ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾ ص: ٣٩. واتە: "ئەمە بەخششی ئێمەیە بۆ تۆ ئەی سولەیمان تۆش دەبەخشیت یان نابەخشیت لێپرسینەوەت لەسەر نییە و خۆت سەربەرستی")[١]. و کاروباری ڕاسپارد بە پێغەمبەرەکە و فەرمووی: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴾ الحشر: ٧. [٢] واتە:

---

(١) ئایەتی: ﴿ هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمۡنُنۡ أَوۡ أَمۡسِكۡ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾ ص: ٣٩. بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی خوای گەورە سولەیمان ڕاسپێرراوە لە کاروباری ئایندا، بەڵکو ئایەتەکە دەدوێت لەبارەی ئەوەی خوا موڵك و سامان و دەسەڵاتی بە ناوبراو داوە، هەروەك ڕاڤەکارانی قورئان ئاماژەیان پێداوە. و هەروەك سەید محەممەد حوسەینی تەبا تەبائی لە کتێبی (المیزان) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا وتویەتی: ﴿ هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمۡنُنۡ أَوۡ أَمۡسِكۡ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾ ص: ٣٩. واتە: ئەو موڵك و دەسەڵاتەی باسکرا بەخششی ئێمەیە بۆ تۆ، لەوانەیە مەبەستی لە (بِغَيۡرِ حِسَابٖ) ئەوە بێت کە موڵك و سامانەکە بە بەخشین کۆتایی نایەت، هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿ فَٱمۡنُنۡ أَوۡ أَمۡسِكۡ ﴾ واتە وەك یەك لە نەبوونی کاریگەریدا چ ببەخشیت یان نەبەخشیت کاری تێ ناکات. و تراوە (بِغَيۡرِ حِسَابٖ) واتای ئەوەیە کە لێپرسینەوەی لەسەری لەگەڵ ناکرێت لە ڕۆژی دواییدا. و وتراوە: بەخشینی چاکەیە نەك پاداشتدانەوە، وتەی تریش لەوبارەوە وتراوە.

(٢) ئایەتی: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴾ الحشر: ٧. مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کاروباری ئایین بە پێغەمبەر ڕاسپێرراوە تا بە کەیفی خۆی ڕوونکردنەوەو فەتوا بکات، بەڵکو پێغەمبەر شوێن فەرمانی پەروەردگاری دەکەوت و ملکەچی بوو و هەر فەرمانی خواشی ڕادەگەیاند، لەم ئایەتەدا لە چوارچێوەی دابەشکردنی دەستکەوتەکاندا هاتووەو فێرکردنی موسڵمانانە بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی پێغەمبەرەوە لە بابەتی بەخشین: ﴿ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾ الحشر: ٧. واتە: (ئەو دەستکەوتانەی خوا بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لە خەڵکی دێهات و شارەکانی جوو، ئەوە خوا بڕیاری لەسەرداوە کە بۆ پێغەمبەرو خزمانیەتی، بۆ هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانیشە، بۆ ئەوەی ئەو سامانە تەنها لە نێوان دەوڵەمەندەکانی ئێوەدا نەبێت، جا ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێی داون وەری بگرن، هەر فەرمانێکی

(ئەوەی پێغەمبەر ((ﷺ)) پێی داون وەری بگرن، هەر فەرمانێکی پێدان وەری بگرن، هەر شتێکی لێ قەدەغە کردن مەیکەن). هەر شتێك بە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ڕاسپێررا بێت ئەوا بە ئێمەش ڕاسپێرراوە[1]. عەبدولئەعلای خزمەتکاری خانەوادەی سالم وتی: ڕۆژێك ئیمامی صادق قسەی بۆ کردووەو هەر لە هەمان مەجلیسدا قسەی خۆی گۆڕیوە[2].

بانگەشەی (ڕاسپێررانی ئیمامەکان لە یاسادانانیدا) دەروازەیەکی فراوانی کردەوە لەبەردەم هاتنی فەتواو فەرموودەی دژیەك یان ناڕۆشن لە ئیمامەکانەوە یاخود دەکرا تەئویل و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ڕاجیایی لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا، تا وای لێهات لە ئیمامەکانەوە گێڕدرایەوە گوایە وتویانە: (وتەکانی ئێمە هەیانە یەك مانا هەڵگرە وەك ئایەتە یەك مانا هەڵگرەکانی قورئان، هەشیانە فرە مانایە وەك ئایەتە فرە ماناکانی قورئان، جا فرە ماناکان بگەڕێننەوە بۆ یەك مانا هەڵگرەکان، نەك بە تەنها شوێن وتە فرە ماناکانمان بکەون و یەك مانا هەڵگرەکان فەرامۆش بکەن، چونکە بەمە گومڕا دەبن)[3]. و لە ئیمامەکانەوە گێڕدراوەتەوە کە دەکرێ هەندێك کات کار بە هەموو فەرموودە جیاوازەکان بکرێت. هەروەك حەسەنی کوڕی جەهەم دەڵێت: بە ئیمامی ڕیزام وت: فەرموودەی دژیەکی ئێوەمان بۆ دێت، ڕیزا وتی: هەر شتێك لە ئێمەوە هات ئەوا بە کتێبی خوای گەورە و فەرموودەکانمان بیپێون، ئەگەر بەوان

---

پێدان وەری بگرن، هەر شتێکی لێ قەدەغە کردن مەیکەن، لە خوابترسن؛ چونکە بەڕاستی خوا بە توندی تۆڵە دەسەنێتەوە).

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب تفويض إلى رسول الله والأئمة أمر الدين ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الكذب ح رقم ٢٠.

(٣) الوافي ٣٣٣٥٥ عن عيون أخبار الرضى ١: ٣٩/٢٩٠.

چوو ئەوا لە ئێمەوە هاتووە، ئەگەر پێیان نەچوو بزانە لە ئێمەوە نەهاتووە، وتم: دوو کەس دێنە لامان _هەر دووکیان باوەڕپێکراون _ و هەر یەکە فەرموودەیەکی پێچەوانەی ئەوەی تری پێیە، نازانین کامە ڕاستترە، وتی: (ئەگەر نەتزانی کامەیان ڕاستترە ئەوا بەکەیفی خۆت یەکێکیان وەرگرە)[١]. عەبدوڵای کوڕی محەممەد پەیامێکی نووسی بۆ ئیمامی کازم و تیایدا وتی: (گێڕانەوەی هاوەڵانمان کە لە صادقی باوکی عەبدوڵاوە هاتوون جیاوازن لە بارەی دوو ڕکات نوێژی بەیانی لە سەفەردا، هەندێکیان گێڕاویانەتەوە کە وتویەتی: نوێژ لە سەر بارهەڵگرەکە بکە، هەندێکی تر گێڕاویانەتەوە کە وتویەتی: تەنها لەسەر زەوی بکە، کازم لە وەڵامدا بۆی نووسی: (بە کەیفی خۆت بە، بە کامەیان کار دەکەیت دروستە)[٢].

(١) الوافي (٣٣٣٧٣) ٤٠.

(٢) الوافي (٣٣٣٧٧) ٤٤.

## ئایا باوەڕکردنی گفتوگۆی نێوان ئیمام و فریشتەکان سەختە؟

لەبەر ئەوەی بیرۆکە و تیۆرو فیکرە لاڕێیەکانی زیادەڕۆچووان کە دەیاندایە پاڵ ئیمامەکان تەواو دژی بنەماکانی ئیسلام و دەقە ڕاشکاوەکانی قورئان و عەقڵ بوو، بە ئەندازەیەك کە بێزاری لای شیعەکان دروست کرد و پاڵنان تا بە توندی ڕەتی بکەنەوە[1]. تەنانەت ئەوەی دانی پێدا بنێت بە کافرو بێ باوەڕی دابنێن[2]. زیادەڕۆچووان هەوڵیاندا تێیپەڕێنن بەوەی پەسەند کردن و قبوڵ کردنی ئەم ڕاستییە سەخت و گرانە، بەڵام لەسەر شیعە پێویستە ملکەچی ببێت. و بانگەشەکردن بە ناوی ئیمامەکانی ئال و بەیت بەوەی گوایە وتویانە: (قبوڵ کردنی گفتوگۆی نێوان ئال و بەیتی محەممەد و فریشتەکان گران و سەختە، تەنها فریشتەیەکی لە خوا نزیك یان پێغەمبەرێکی پەیامدار یاخود باوەڕدارێکی دڵ پڕ لە ئیمان باوەڕی پێدێنن).

زیادەڕۆچووان لە ئیمامی باقرەوە هێناویانە کە وتویەتی: (سوێند بەخوا خۆشەویسترین هاوڕێم لەلام ئەو کەسەیە کە لە هەمووان پارێزگارتر و تێگەیشتووترە و قسەمان دەپارێزێت، دزێوترین و ناشرینترینیان لام ئەو کەسەیە کە ئەگەر گوێبیست بوو فەرموودە درایە پاڵمان و لە ئێمە گێڕدراوەتەوە ئەوا وەری ناگرێت و دەیبوغزێنێت و نکوڵی لێدەکات و ئەو کەسانە بە کافر دەزانێت کە دانی پێدا دەنێن، کەچی ئەو کەسە ناشزانێت کە دەکرێ ئێمە ئەو فەرموودەیەمان وت بێت و زنجیرەو سەنەدەکەی لە ئێمەوە سەرچاوەی گرتبێت،

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ١ و ٢ و ٣ و ٤.

(٢) الكليني، كتاب الإيمان والكفر، باب الكتمان ح رقم ٧، والصفار، بصائر الدرجات ج ١٠ باب ٢٢ ح رقم ١.

بەم نکۆڵی کردنە دەردەچێت لە دۆستایەتی و پشتگیری ئێمە)[1]. فەرموودەیەکی هاوشێوەی ئەمەیان لە ئیمامی صادق گێڕاوەتەوە کە تیایدا دەڵێت: (زانستی زاناکان سەخت و گرانە، تەنها پێغەمبەرێکی پەیامدار یان فریشتەیەکی لە خوا نزیك یاخود باوەڕدارێکی دڵ پڕ لە ئیمان بەرگەی دەگرێت و قبوڵی دەکات)[2]. و پێیان وابووە کە صادق وتویەتی: (سوێند بەخوا ئەگەر ئەبو زەڕ بی زانیایە چی لە ناو دڵی سەلماندایە ئەوا سەلمانی دەکوشت، بەڵام پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) هەر دووکیانی کردە برای یەکتر، ئەی سەبارەت بە تێکڕای بەدیهێنراوانی تر تێڕوانینتان چییە، سەلمان بووە یەکێك لە زانایان چونکە تاکێکی خانەوادەکەمانە)[3]. و گوایە صادق قبوڵ و ڕەتکردنەوەی گفتوگۆی ئال و بەیت لەگەڵ فریشتەکانی گەڕاندۆتەوە بۆ جیهانی گەردیلە "زەڕڕە" (جیهانی خەیاڵی کۆن کە پێش جیهانی دونیا بووە) و وتویەتی: (خوای گەورە پەیمانی لە شیعە و پشتیوانانی ئێمە وەرگرت هەروەك چۆن پەیمانی لە نەوەکانی ئادەم وەرگرت و پێ ڕاگەیاندن کە ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم (جا ئەوەی بەوەفا بێت لەگەڵمان

---

(١) الكليني الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الكتمان ح رقم ٧.

(٢) دەکرێ ئەمە دەستکاری کردنی فەرموودەکە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەیەکی گەورەی پرسیاری وروژاند لەلایەن نەوەکانی دواتری شیعە، یەکێك لە شیعەکان پەیامێکی بۆ ئیمامی هادی نووسی و تیایدا پرسیاری لێکرد لەبارەی واتای فەرموودەکە، وەڵامەکە بەو شێوەیە هاتووە: واتای قسەکەی صادق "واتە: هیچ پێغەمبەرێك یان فریشتەیەك یاخود باوەڕدارێك بەرگەی ناگرێ": هیچ فریشتە بەرگەی ناگرێ تا بۆ فریشتەیەکی تر نەیگوازێتەوە، هیچ پێغەمبەرێك بەرگەی ناگرێت تا بۆ پێغەمبەرێکی تر نەیگوازێتەوە، هیچ باوەڕدارێك بەرگەی ناگرێت تا بۆ باوەڕدارێکی تر نەیگوازێتەوە، ئەمە واتای وتەی باپیرەمە _ سڵاوی خوای لێبێت _). الكليني الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ٢ و ٤.

(٣) الكليني الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ٢.

ئەوا خوا بەهەشتی پێ دەدات و ئەوەی تورەمان بکات و مافمان پێشێل بکات ئەوا بۆ هەمیشە شوێنی ناو ئاگری دۆزەخ دەبێت)[1].

زیادەڕۆچووان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە صادق قبوڵ کردن و ڕەتکردنەوەی فەرموودەکانی بەستۆتەوە بەو خاکەی مرۆڤی لێ دروستبووە، گوایە صادق بە باوکی بەصیری وتوە: (ئەی باوکی محەممەد سوێند بەخوا نهێنیەك لە نهێنیەکانی خوا و زانستێك لە زانستەکانی خودامان لایە کە نە فریشتەی لە خوا نزیك و نە پێغەمبەری پەیامدار و نە باوەڕداری دڵ پڕ لە ئیمان بەرگەی ناگرن. سوێند بەخوا خوای گەورە ئەرکی لە ئەستۆگرتنی ئەمەی بە جگە لە ئێمە نەسپاردووە، داوای لە کەسی تری جگە لە ئێمە نەکردووە کە پەرستشی پێوە بکات. نهێنی و زانستێکی تری خوامان لایە، خوا فەرمانی پێکردووین ئەمەیان ڕابگەیەنین، ئێمەش ئەو شتەمان لە خواوە بە بەندەکان ڕاگەیاند کە فەرمانمان پێکرابوو، بەڵام هیچ شوێن و کەسێکی شیاومان نەبینی کە شیاوی هەڵگرتنی ئەم شتە بن تا خوا خەڵکانێکی دروست کرد لەو گڵەی کە محەممەد و خانەوادە و خزمە نزیکەکانی لێ بەدیهێنا بوو _ سڵاوی خوایان لێبێت _. و خوا ئەوانی بە بەخشندەیی خۆی لەو نوورە بەدیهێنا کە محەممەد و خانەوادە و خزمە نزیکەکانی لێ بەدیهێنا بوو _ سڵاوی خوایان لێبێت _، ئێمەش نهێنی و زانستی خوامان لە خواوە بەوان ڕاگەیاند، ئەوانیش قبوڵیان کرد و بەرگەیان گرت، تەنانەت ئەو شتە بەناوی ئێمەوە بەوانیان ڕاگەیاند بەهەمان شێوە قبوڵیان کرد و بەرگەیان گرت، باس و خواسی ئێمەیان پێگەیشت بەمەش دڵیان حەزیان لە ناسینی ئێمە و فەرموودەکانمان کرد، ئەگەر ئەوانە لەو گڵەی باسمان کرد دروست

---

(١) الكليني الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ٣.

نەکرابووبان ئەوا قبوڵیان نەکرد و سوێند بەخوا بەرگەیان نەدەگرت. دواتر صادق وتی: خوا خەڵکانێکی بۆ دۆزەخ و ئاگر بەدیهێناوە، فەرمانمان پێکراوە نهێنی و زانستی خوا بەوانەش ڕابگەیەنن هەروەك چۆن پێمان ڕاگەیاندن، کەچی بێزار بوون و دڵیان دوورکەوتەوەو بەڕووی ئێمەیان دادایەوەو بەرگەیان نەگرت و بە درۆیان خستینەوەو وتیان جادوگەرێکی درۆزنە، خواش خەتمی لەسەر دڵی ئەواندا و ئەمەشی لەبیر ئەوان بردەوە، دواتر خوا هەندێك ڕاستی لەسەر زمانی ئەوان خستەڕوو، جا ڕاستی بە زمان دەردەبڕن و دڵیشیان پێی ناخۆشە، خوای گەورە ئەمەی بەوان کرد وەك بەرگرییەك لە خۆشەویستانی بەندە گوێڕایەڵەکانی، ئەگەر وا نەبووبا ئەوا خوا لەسەر زەوی نەدەپەرسترا، فەرمانمان پێکراوە خۆمان لەوانە دووربگرین و شتەکانمان بۆیان دەرنەخەین، ئەو شتە بشارنەوە کە خوا فەرمانی کردووە بیشارینەوە، کەسێك دابپۆشن کە خوا فەرمانی کردووە دابپۆشرێت. دواتر صادق دەستی بەرز کردەوەو گریا و وتی: خوایە ئەوانەی نهێنی و زانستی تۆیان قبوڵ کرد چەند کەسێکی کەمن، خوایە ژیان و مردنمان بکە ژیان و مردنی ئەوان، هەرگیز دوژمنێك بەسەریاندا زاڵ مەکە، چونکە ئێمە ئازاری پێ دەخۆین، چونکە ئەگەر تۆ بەهۆی ئەوانەوە ئازاری ئێمە بدەیت ئەوا هەرگیز لەسەر زەوی ناپەرسترێی و خوا درووودو سڵاوی داوە لەسەر محەممەد و خانەوادە و خزمە نزیکەکانی)[1].

زیادەڕۆچووان کەمێك لە هەڵوێستی خۆیان پاشەکشەیان کرد، دانیان بەوەدانا کە سەرتاپای شیعە ئامادە نین باوەڕ بێنن بە وتە سەختەکانیان یان لەوانەیە باوەڕی پێ نەهێنن، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە هەموو شیعەکان شیاوی

(١) الكليني الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ٥.

ئەوە نین باوەڕ بەو شتانە بێنن، تەنها خەڵکانێك باوەڕ بەمە دێنن کە (لەو گڵ و نووره بەدیهێنراون کە محەممەد و خانەوادە و خزمە نزیکەکانی لێی بەدیهێنراون _ سڵاوی خوایان لێبێت _). زیادەڕۆچووان هەوڵیاندا هەندێك شیعە هەڵبخەڵەتێنن بەوەی ملکەچ بن بۆ هەر چییەك ئەوان دەیڵێن تا بەشداربن لە بەدیهێنران لە گڵی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد، هەروەك ئەم فەشەی فەرموودەکەی پێشوو ئاماژەی پێدەکات: (ئەگەر لەوە بەدی نەهێنرابووبان ئەوا باوەڕیان بەمە نەدەهێنا و سوێند بەخوا بەرگەیان نەدەگرت). هەوڵیشیاندا هەڕەشە بکەن لەوانەی بانگەشەکەیان ڕەتدەکردەوەو بەرەنگاریان دەبوونەوەو دەیانترساندن بەو قسەیە لەسەر زمانی ئیمامەکان: (خوا خەڵکانێکی بۆ دۆزەخ و ئاگر بەدیهێناوە، فەرمانمان پێکراوە نهێنی و زانستی خوا بەوانەش ڕابگەیەنن هەروەك چۆن پێمان ڕاگەیاندن، کەچی بێزار بوون و دڵیان دوورکەوتەوەو بەڕووی ئێمەیان دادایەوەو بەرگەیان نەگرت و بە درۆیان خستینەوەو وتیان جادوگەرێکی درۆزنە، خواش خەتمی لەسەر دڵی ئەواندا و ئەمەشی لەبیر ئەوان بردەوە)[١].

زیادەڕۆچووان پێیان وابوو کە صادق ئامۆژگاری ئەوانی کردووەو وتویەتی: (هەر کەسێك دەیەوێت ئیمان و باوەڕی تەواو بکات ئەوا با بڵێت: وتەی من لە بارەی هەموو شتێك وتەی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەدە، لەوەی بە نهێنیان هێشتبێتەوەو لەوەی پێم ڕاگەینراوە بە ناوی ئەوان و لەوەش پێم

(١) بەو مەرجەی ئەو فەرموودانەی لە صادقەوە هاتوون ڕاست بن، کەچی پێ ناچێت ڕاست و دروست بن.

ڕانەگەیەنراوە)[1]. باوکی بەصیر وتی: صادقی باوکی عەبدولڵا وتویەتی: (ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿ ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓ ﴾ الزمر: ١٨. مەبەستی ئەوانەیە کە ملکەچی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەدن، ئەوانە کاتێك گوێبیستی فەرموودەیەك دەبەن بێ زیاد و کەمی وەریدەگرن وەك چۆن بیستوویانە بەو شێوەیە)[2].

سوفیانی کوڕی سیت (سیمت) بانگەشەی ئەوەی کردووە کە سکاڵای خۆی لا صادق کردووەو وتویەتی: جار وایە کەسێك لەلایەن تۆوە دێتە لامان و شتی وا مەزن باس دەکات کە دڵمان پێی تەنگ دەبێت تا وای لێدێت بە درۆی دەخەینەوە، صادق وتی: ئایا فەرموودەکە لەمنەوە بۆتان ناگێڕێتەوە؟ وتی: بەڵێ، صادق وتی: بە شەو دەڵێت ڕۆژ و بە ڕۆژ دەڵێت شەو؟ وتی: نا، صادق وتی: (فەرموودەکە بۆ ئێمە بگێڕەوەو لە ئێمەی بزانە، ئەگەر بە درۆی بزانی ئەوا ئێمە بە درۆ دەخەیتەوە)[3].

---

(١) الكليني الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم و فضل المسلمين ح رقم ٦.

(٢) الكليني الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم و فضل المسلمين ح رقم ٩.

(٣) الصفار، بصائر الدرجات ج ١٠ باب ٢٢ ح رقم ٣.

## ئایا لایەنگیری ئال و بەیت یەکێکە لە بنەماکانی ئیسلام؟

زیادەڕۆچووان لە هەوڵەکانیان سارد نەبوونەوە بەڵکو بەردەوام بە دەوری ئیمام جەعفەری صادق دەسوڕانەوەو پلەیەکی زیادەڕۆچوونیان زیاد یان کەم دەکرد. تۆرەکانیشیان دەخولانەوە لەبارەی (ئیمامی خوایی) کە لەلایەن خوا دیاریکراوە یان خاوەنداریێتی زانستی پێغەمبەر کە هاوشێوەی پێغەمبەرە، غەیب زانە، قسەی بۆ دەکرێت لەلایەن فریشتەکانەوە یان خوا تێیدا ڕەنگی داوەتەوەو لەگەڵی ئاوێتە بووە. ئەمانە هەموویان تیۆری لێك نزیك و هاوپێچن. ئیمامی صادق دژایەتی زۆرێك لەو تیۆرانەی کردووە بەتایبەت ئەو تیۆرە توندڕەوانەی کە پێغەمبەرایەتی و غەیب زانین و خوایەتی دەدەنە پاڵی. شیعە ئیمامییەکان بە درێژای مێژوو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەوە هەبووبێت بە کافر داناوە، بەڵام پلەی هەر نزمیان قبوڵ کرد ئەویش (ئیمامەتی خواییە). باوەڕیان بەو فەرموودانە کرد کە لە ئیمامی صادقەوە لەوبارەوە هاتوون. سەرباری ئەوەی گومانمان هەیە لە ڕاست و دروستی ئەو فەرموودانە و بە دووری دەزانین لە ئیمامی صادقەوە هاتبن، ئەوا دواتر تاوتوێی دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێت ئاماژە بکەین بۆ پەیوەندی و پەیوەستبوونی تیۆری (ئیمامی خوایی کە بەڵگەیە و لەلایەن ئاسمانەوە دیاریکراوە) بە هەڵوێستی لایەنگیری سیاسی و ئایینی بۆ ئیمامی صادق، تەنانەت هەژمار کردنی وەك بنەمایەکی ئایین و بەرزکردنەوەی بۆ پلەی یەکتاناسی و پێغەمبەرایەتی. بەشێوەیەك چیتر (ئیمام) لەلایەن موسڵمانانەوە هەڵنابژێردرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام، بەڵکو (ئیمام) بووە بەشێك لە داڕشتە و پێکهاتەی بیروباوەڕی ئایینی و درێژ بووەوەی هێڵی پێغەمبەرایەتی و پێغەمبەران.

جا تیۆری (ئیمامەتی خوایی) دەستکردی هەر باقر و صادق بووبێت یان دەستکردی ئەو زیادەڕۆچووانە بووبێت کە پشتیوانی ئەوانیان دەکرد، ئەوا لە ناو کەلەپوری شیعەدا گێڕانەوەی زۆر دەبینین کە پلەی ئیمامەت و لایەنگیری ئیمامەکان زۆر مەزن دەنرخێنێت بە پشت بەستن بە تەئویل کردنی زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە لایەنگیری و خۆشویستنی ئیمامە حوسەینیەکان. و جەخت کردنەوە لەسەر بابەتی وەسیەت لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) وەك بەردەوامیدەر بە وەسیەتی پێغەمبەرانی پێشوو کە بۆ ڕەچەڵەکانیان کردوویانە، لە پێغەمبەر موساوە (سڵاوی خوای لێبێت) کە وەسیەتی بۆ یوشعی کوڕی نون (سڵاوی خوای لێبێت) کرد دەستی پێکرد و بە وەسیەت کردن بۆ ڕەچەڵەکی ئال و بەیت کۆتایی هات، هەروەك لە فەرموودەی دووشتە گرانبەهاکە (الثقلين)دا هاتووە[1].

ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە جبریل هاتۆتە لای پێغەمبەر ((ﷺ)): (ئەی محەممەد پێغەمبەرایەتی خۆتت بەجێ گەیاند و ڕۆژەکانت تەواو کرد، ناوی خوای مەزن و میراتی زانست و شوێنەوارەکانی زانستی پێغەمبەرایەتی ڕادەستی عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ بکە، من زەوی فەرامۆش ناکەم بەڵکو هەمیشە ئاڵایەکی منی تێدایە کە گوێڕایەڵی و لایەنگیری منی پێدەناسرێت، بەڵگەشە لە سەر ئەو خەڵکەی دەکەوێتە نێوان کۆچی دوایی پێغەمبەرو

---

(١) ئەم فەرموودەیە بەم شێوەیە لە صادق و لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕدرێتەوە: (دوو شت لە ناوتان جێدەهێڵم ئەگەر دەستی پێوەبگرن گومڕا نابن: کتێبی خواو ڕەچەڵك و خزمە نزیکەکانم، ئەی خەڵکینە گوێبگرن بەڕاستی من پەیامەکەم گەیاند، ئێوە لەسەر حەوز پێم دەگەنەوە، لێتان دەپرسم چیتان بە دوو شتە گرانبەهاکە کرد: کتێبی خوای پایەبەرز و خانەوادەو خزمە نزیکەکانم، پێشیان مەکەونەوە گەرنا تیادەچن، فێریشیان مەکەن، چونکە لە ئێوە زاناترن).

پێغەمبەرێکی دواتر)، صادق وتی: جا پێغەمبەر ((ﷺ)) ناوی خوای مەزن و میراتی زانست و شوێنەواری زانستی پێغەمبەرایەتی ڕادەستی عەلی کرد، هەروەها هەزار وشە و هەزار دەروازەی پێ ڕاسپارد، هەر وشە و هەر دەروازەیەك هەزار وشە و هەزار دەروازە دەکاتەوە[١]. هەروەك فەرموودەیان لێگێڕاوەتەوە لەبارەی پلەوپایەی ئال و بەیت و ڕەچەڵك و خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر ((ﷺ))[٢].

زیادەڕۆچووان وتیان کە صادق (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی ڕاڤەکردووە: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ المائدة: ٥٥. بە خۆشویستن و لایەنگیری لێکی داوەتەوە، وتویەتی: (مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە کە لەپێشترین کەس بۆ ئێوەو شیاوترینیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارتان و خۆت و سامانتان خواو پێغەمبەری خواو باوەڕدارانن، واتە: عەلی و نەوەکانی ئیمامەکان _ سڵاوی خوای لێبێت _ تا ڕۆژی دوایی)[٣].

ئیمامییەکان پێیان وابوو کە صادق ئەم ئایەتەی: ﴿ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾ التوبە: ١١٩. واتە: (_ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە _ لە خوابترسن و پارێزکار بن، هەوڵ بدەن هەمیشە لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن). ڕاڤە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أمير المؤمنين ح رقم ٣.

(٢) صادق فەرمایشتی خوای گەورەی بەم شێوە خوێندۆتەوە: (وإذا المودة سئلت بأي ذنب قتلت) و ڕاڤەی کردووە بەوەی وتویەتی: لێتان دەپرسم لەبارەی پەیوەندی و ڕەحم و خۆشەویستی کە ئایەت لەسەر گەورەیی و پلەو پایەکەی دابەزیوە، بۆچی و بە چ گوناهێك ئەو پەیوەندییەی خزمایەتیان گوشت و پچڕاند.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله و رسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٣.

کردووه بەوەی مەبەستی (ئیمامەکانە). و وتویەتی: (مەبەستی ئێمەیە)[1].

هەروەك سپاردە (ئەمانەت) کە لەم فەرمایشتەی خوادا هاتووە: ﴿ إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ ﴾ الأحزاب: ٧٢. واتە: (بێگومان ئێمە ئەمانەتمان نیشانی ئاسمان و زەوی و کێوەکاندا). بە لایەنگیری و خۆشویستنی ڕاڤەکردووەو وتویەتی: ئەمە لایەنگیری و خۆشویستنی میری باوەڕدارانە[2].

ئیمامییەکان دەستاودەست بە وەسیەتێك دەکەن، گوایە صادق بۆ شیعەکانی کردووەو تیایدا وتویەتی: (دەروونتان ڕابێنن کە ئارامگر بێت لەسەر ناخۆشییەکانی دونیا... هەر کەسێك پێی خۆشە بزانێت کە خوای گەورە خۆشدەوێت ئەوا با گوێڕایەڵی خوا بێت و شوێن ئێمە بکەوێت، ئایا گوێبیستی ئەو فەرمایشتەی خوا نەبووە کە بە پێغەمبەرەکەی ((ﷺ)) فەرمووە: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ﴾ آل عمران: ٣١. واتە: "ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەو کاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت". سوێند بەخوا هەرگیز بەندەیەك گوێڕایەڵی خوا نابێت مەگەر خوا لەسەر پێویست نەکات شوێنی ئێمە بکەوێت، سوێند بەخوا هەر کەسێك شوێنمان بکەوێت ئەوا خوا ئەوی خۆش دەوێت، بە خوا کەسێك شوێن ئێمە نەکەوێت ئەوا ئێمەی خۆش ناوێت، بە خوا کەسێك ڕقی لە ئێمە بێت ئەوا سەرپێچی خوای

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله ورسوله من الكون مع الأئمة ح رقم ١ وكتاب الروضة ح رقم ٣٩٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٢.

کردووه، کەسێك بمرێت لە کاتێکدا سەرپێچی فەرمانی خوای کردبێت ئەوا خوای گەورە ڕووی بە ئاگری دۆزەخ دەپرژێنێت)[1].

کلینی هەندێك فەرموودەی لە صادق گێڕاوەتەوە تیایدا یەکتاناسی و پێغەمبەرایەتی و ئیمامەت بە یەکترەوە دەبەستێتەوە[2]. فەرمووده ناوبراوەکان گوێڕایەڵی ئیمام بە گوێڕایەڵی خوا دەچوێنن و سەرپێچی کردنی خەڵك بۆ ئیمام بە سەرپێچییەکەی شەیتان بۆ خوا دەچوێنن، صادق دەڵێت: (خوای گەورە پێنج شتی لەسەر ئوممەتی محەممەد ((ﷺ)) پێویست کردووە: نوێژو زەکات و ڕۆژوو و حەج و پشتگیری و خۆشویستن و لایەنگیری ئێمە، لە چوار فەڕزەکەی، سەرەتا مۆڵەتی هەندێك شتی داوە بەڵام مۆڵەتی لە لایەنگیری و خۆشویستنی ئێمەدا هیچ مۆڵەتێك نییە، بەخوا مۆڵەتی تێدا نییە)[3]. صادق پشتگرتنی جگە لە ئیمامەکان بە جۆرێك لە خوانەناسی دادەنێت[4]. و ناوبراو ئەم فەرمایشتەی خوای دەخوێندەوە: ﴿ سَأَلَ سَآئِلُۢ بِعَذَابٖ وَاقِعٖ (١) لِّلۡكَٰفِرِينَ لَيۡسَ لَهُۥ دَافِعٞ (٢) ﴾ المعارج: ١ ،٢.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق حديث رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر في حالات الغيبة ح رقم ٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٩٩، صادقی باوکی عەبدوڵا ئەو گوێڕایەڵیەی کە لەم فەرمایشتەدا هاتووە: ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ﴾ ڕاڤەی کردووە بە گوێڕایەڵ بوون لە لایەنگیری و خۆشەویستیدا. و صادق وتویەتی ئایەتی ناوبراو لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە دابەزیوە: (ومن يطع الله ورسوله _ في ولاية علي و ولاية الأئمة من بعده _ فقد فاز فوزاً عظيماً) واتە: ئەوەی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بێ _ لە لایەنگیری و خۆشویستنی عەلی و ئیمامەکانی دوای ئەو _ ئەوا بێگومان سەرکەوتنێکی گەلەك گەورەی بەدەستهێناوە. الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٨.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٥٣٣ و كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٣.

واتە: (داواکارێك پرسیاری کرد دەربارەی سزایەك کە هەر پێش دێت. ئەو سزایە؛ یەخەی هەموو بێ باوەڕانێ دەگرێت و هیچ هێزێك ناتوانێت پەنایان بدات و لێیان دوور بخاتەوە). ئەمەی بۆ زیاد دەکرد (بولاية علي: بە لایەنگیرو خۆشویستنی عەلی) پاشان وتی: بەخوا جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) بەم شێوەیە بۆ پێغەمبەری ((ﷺ)) هێنا[1]. بابەتی لایەنگیری و خۆشویستنی ئیمامەکان لە چەندین ئایەتی تردا هەڵ دەهێنجێت[2].

دوای ئەوەی ئیمامی صادق _ هەروەك ئیمامییەکان دەڵێن _ بابەتی ئیمامەت بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی پێویست و فەرزی ئایینی؛ هەڵدەستێت بە گواستنەوەی لە بابەتێکی سیاسیەوە بۆ بابەتێکی ئایینی بەپێی تێپەڕبوونی کات[3]. و صادق دەڵێت: (لایەنگیری ئیمامەتی ئێمە لایەنگیری خوای مەزنە کە هەموو پێغەمبەرێکی هەر بەمە ناردووە)[4]. و (هەر پێغەمبەرێك تەنها بۆ ئەوە هاتووە کە مافی ئێمە بناسرێت و پلەوپایەمان بەسەر جگە لە ئێمە بەرزتر بنرخێنرێت)[5]. بۆ ئەوە دەچێت کە هۆکاری ناونانی پێغەمبەران بە (ورە بەرزەکان: أولی العزم) بەهۆی ئەوەبووە کە دانیان ناوە بە لایەنگیری و ئیمامەتی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٤٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٩٠ و ح رقم ٩٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه من اعدى الإمامة وليس لها أهلى ح رقم ٧.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نتف و جوامع من الرواية في الولاية ح رقم ٣.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نتف و جوامع من الرواية في الولاية ح رقم ٤ و ٦.

ئال و بەیت[1]. هەروەها دەدوێت لەسەر ئەوەی خوا پەیمانی لە فریشتەکان وەرگرتووە سەبارەت بە لایەنگیری و خۆشویستنی عەلی و خانەوادەکەی[2].

## ئایا صادق خۆپارێزی (توقیە)ی پیادە دەکرد؟

ئیمامییەکان کە بانگەشەیان بۆ تیۆرەکەیان دەکرد و دەیاندایە پاڵ ئیمام صادق بە ڕووپۆشی خۆپارێزی (توقیە) دایاندەپۆشی، هەروەك لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە ئامۆژگاری شیعەکانی کردووە خۆپارێزی (توقیە) پیادە بکەن و بیروباوەڕی خۆیان دەرنەبڕن، تەنانەت پێیان وایە کە صادق خۆپارێزی (توقیە)ی بە بنەمایەك لە بنەماکانی ئایین داناوە. و گوایە وتویەتی: (خۆپارێزی _ توقیە _ ئایینی من و باوو باپیرانمە، کەسێك خۆپارێزی _ توقیە _ی نەبێت باوەڕی نییە[3]. و (لە خوابترسن و ئاینتان بپارێزن بە پارێزگاری و خۆپارێزی)[4]. و (پارێزگار بن سەبارەت بە ئاینەکەتان و بە خۆپارێزی دایپۆشن، چونکە کەسێك

---

(١) و صادق ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە خوێندۆتەوە: (ولقد عهدنا إلى آدم من قبل كلمات في محمد و علي و فاطمة و الحسن والحسين والأئمة عليهم السلام من ذريتهم، فنسي) واتە: پێشتر چەند وشەیە و ڕاسپاردەیەکما سەبارەت بە محەممەد و عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین (سڵاوی خوایان لێبێت) و ڕەچەڵەکی ئەوان بە ئادەمدا، کەچی ئادەم لەبیری کرد. دواتر صادق وتی: سوێند بەخوا ئایەتەکە بەم شێوەیە دابەزیە سەر محەممەد (ﷺ). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٢٢ و ٢٣.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٢٩ _ ١ النوادر.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب التقية ح رقم ١٢.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٢٩ _ ٣.

خۆپارێزی نەبێت باوەڕی نییە)[1]. و گوایە صادق بە باوکی عومەری ئەعجەمی وتوە: (ئەی باوکی عومەر، نۆ بەش لە دە بەشی ئایین خۆپارێزییە، کەسێك خۆپارێزی نەبێت ئایینی نییە)[2]. و (خۆپارێزی بۆ خوێنپارێزی دانراوە)[3]. و گوایە صادق دەستی خستوەتە سەر دوو لێوەکانی و بە یەکێك لە هاوەڵانی وتوە: (ئەی سالم زمانت بپارێزە ئەوا پارێزراو دەبیت و خەڵکی مەخەرە ئەستۆمانەوە)[4].

ئیمامییەکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە صادق هۆشداری داوەتە شیعەکان لە بڵاوکردنەوەی فەرموودەکانی و لەو بارەوە وتویەتی: (هەر کەسێك فەرموودەیەکمان بڵاو بکاتەوە وەك ئەو کەسەیە نکوڵی لە ماقی ئێمە کردبێت)[5]. و (کەسێك فەرموودەیەکمان بڵاوبکاتەوە ئەوا خوا باوەڕو ئیمانی لێ سەندۆتەوە)[6]. و (هەر کەسێك شتێکمان بڵاو بکاتەوە وەك ئەوەیە کە بە ئەنقەست ئێمەی کوشت بێت نەك بە هەڵە)[7]. و (ئەوەی نهێنی بڵاو دەکاتەوە گومانداره، کەسێکیش نهێنیەکە لەلای یەکێك بدرکێنێت کە شیاو نەبێت بێ

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب التقية ح رقم ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب التقية ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب التقية ح رقم ١٦.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الصمت وحفظ اللسان ح رقم ٣.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الإذاعة ح رقم ٢.

(٦) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الإذاعة ح رقم ٣.

(٧) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الإذاعة ح رقم ٩ و ٤.

باوەڕە)[١]. و (ئەوەی شتێك بڵاو دەكاتەوە كە خوا بیەوێت پەردە پۆش بكرێت ئەوا لە ئایین دەرچووە)[٢].

ئیمامییەكان پێیان وابووە كە ئیمام صادق نهێنی هەبووەو داواشی لە شیعە و پشتیوانانی كردووە نهێنییەكانی بڵاو نەكەنەوە، دەیوت: (باسی نهێنیەكەمان مەكەن بە پێچەوانەی ئەوەی دەیخەینەڕوو، باسی ئەوەش مەكەن كە دەیخەینەڕوو بە پێچەوانەی نهێنیەكەمان، ئەوەندە بەسە كە چیمان وت ئێوەش ئەوە باس بكەن و كە بێدەنگیش بووین ئێوەش بێدەنگ بن)[٣]. لەبەر ئەمە بۆ هاوەڵانی نووسی و هۆشداری پێدان: (ناكرێت بنەماكانی ئایین پیشانی كەسانی تر بدەن، چونكە ئەگەر گوێبیستی شتێك ببن لەوبارەوە لەسەر زاری ئێوە، ئەوا دژایەتیتان دەكەن و لەسەرتان بەگەورە دادەنێن و تێدەكۆشن لە پێناو لەناوبردنتان و بەو شتانە ڕووبەڕووتان دەبنەوە كە پێتان ناخۆشە، بێ گومان هیچ دادگەری نابینن لە وڵاتی خراپەكاراندا)[٤].

ئیمامییەكان وتویانە كە صادق بە توندی و تاڵی ڕەخنەی گرتووە لەوانەی خۆپارێزی نانوێنن بەپێچەوانەوە فیكرەكانیان لە ناو مزگەوتەكاندا ئاشكرا دەكەن، لەوبارەوە وتی: (بازنەیەك لە مزگەوتدا ئێمە و خۆشیان دەردەخەن! ئەوانە لە ئێمە نین و ئێمەش لەوان نین، من دەچم خۆم دادەپۆشم و فیكرەكانم پەردە پۆش دەكەم كەچی ئەوان دەچن پەردەكە هەتك دەكەن و دەیدڕێنن خوا

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الإذاعة ح رقم ١٠.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الإذاعة ح رقم ١١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥١.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق، حديث رقم ١.

شاراوەكانی ئەوان هەتك بكات، پێم دەڵێن: ئیمام، سوێند بەخوا من تەنها ئیمامی ئەوانەم كە گوێڕایەڵیم دەكەن، كەسێك سەرپێچیم بكات ئەوا من ئیمامی نیم، بۆچی خۆیان بە ناوی منەوە هەڵدەواسن؟!، ئایا بەس نییە چیتر با ناوم نەهێنن، بەخوا خوای گەورە من و ئەوان لە یەك خانوودا كۆ ناكاتەوە)[1].

گێڕاویانەتەوە كە صادق فەرمانی بە شیعەكان كردووە باسی شتێك لەلای خەڵكی نەكەن كە بە ناپەسەندی بزانن، لەوبارەوە وتویەتی: (تەنها بەڕاستدانان و قبوڵ كردنی وتەكانمان بەس نییە، بەڵكو دەبێت داپۆشرێت و لای كەسانی ناشیاو نەدركێنرێت... ڕەحمەتی خوا لەوو كەسە بێ كە خۆشەویستی خەڵكی بۆ خۆی ڕاكێشاوەو قسەیەك بۆ خەڵكی دەكات كە لە ئاست زانیاری ئەوان بێت و ئەو شتانەیان بۆ باس ناكات كە نكۆڵی لێدەكەن، سوێند بەخوا كەسێك كە ڕووبەڕوومان بۆتەوە ئەوەندەی كەسێك كە بەناوی ئێمە قسەیەك دەكات و خەڵكی نكۆڵی لێدەكەن زیانی نییە، ئەگەر قسەیەكتان لە یەكێكەوە بیست بڕۆنە لای و وەڵامی بدەنەوە، ئەگەر قبوڵی كرد ئەوە تەواو، ئەگەرنا لە ڕێگەی كەسێكەوە قسەكەی ئاراستە بكەن كە قورسایی لەلای هەبێت و گوێی بۆ بگرێت، لەوانەیە یەكێكتان پێویستییەكی هەیە و ئەوەندە نەرمی دەنوێنێت تا پێویستییەكی جێبەجێ دەكات، دەی كەواتە نەرمی بنوێنن لەم داوایەم هەروەك نەرمی دەنوێنن لە پێناو دابین كردنی پێویستییەكانتان، ئەگەر قسەكەی لە ئێوەی قبوڵ كرد ئەوە تەواو ئەگەرنا بیخە ژێر خاكی پێتانەوەو نەڵێن: ئەو وا و ئاوا دەڵێت، چونكە ئەمە بارگرانی دەخاتەسەر شانی من و ئێوە)[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٦٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الكتمان ح رقم ٥.

پێیان وابووە کە صادق پەیامێکی بۆ هاوەڵانی نووسیوەو تیایدا فەرمانی پێکردوون: (ڕووخۆشی و قسەخۆشی بنوێنن لەگەڵ خەڵکی لاڕێ و تێکەڵاویان ببن و بە خۆپارێزی _ توقیە _ ململانێیان لەگەڵ بکەن، هەروەك فەرمانتان پێکراوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئەوان لەسەر بنەمای خۆپارێزی _ توقیە _ بێت)[1].

## پیادەکردنی خۆپارێزی لە لەکەدارکردن و پاکەنەکردنی کەسەکان

## (التقية في الجرح والتعديل)

بە بەردەوام بوون لەسەر پیلانگێڕی دژ بە ئیمام صادق، زیادەڕۆچووان هەڵسان بە خۆدزینەوە لە خۆبەری کردنی ئیمام لەوان و بە نەفرەت کردنیان و هۆشداری دانی بە هاوەڵانی بە دوورکەوتنەوە لەوان، بەوەی ئیمام صادق خۆپارێزی دەنوێنێت لە بە نەفرەت کردنەکەدا و داواشی لە هاوەڵانی کردووە پرسیاری لەبارەی هەندێك کەسەوە لەبەردەم خەڵکی لێی نەکەن و تا ناچار بێت هەندێك لە هاوەڵانی (کە چاکەکارن) بە خۆپارێزی _ توقیە _ بە نەفرەتیان بکات، گوایە صادق وتویەتی: (خەڵکینە لە خوابترسن و ئەگەر توانیتان مەبن بەو کەسەی ئیمام ناڕەحەت دەکات... ئەوەی ئیمام ناڕەحەت دەکات ئەو کەسەیە کە پشێوی دەنێتەوە لەناو ڕیزی چاکەکارە شوێنکەوتووەکانی ئیمام، ئەوانەی دانیان بە پلەوپایەی ئیمام داناوەو ئارامگرن لەسەر پێدانی مافی ناوبراو و سنوورو ڕێزی دەزانن، بشزانن ئەوەی ئەم کارە بکات و بێتە ئەم ئاستە ئەوا هەراسانکەری

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق، حديث رقم ١.

ئیمامە، جا ئەگەر ئەمەی لەلای ئیمام کرد ئەوا ئیمامی هەراسان دەکات تا وای لێدێت ئیمام نەفرەت لە شوێنکەوتووە چاکەکان بکات کە دانیان ناوە بە پلەوپایەی ئیمام و ئارامگرن لە ئاست پێدانی مافی ناوبراو و سنوورو ڕێزی دەزانن، جا ئەگەر ئیمام ئەوانی بە نەفرەت کرد لە پێناو هەراسانکردنی دوژمنانی خوا، ئەوا نەفرەتەکە دەبێتە ڕەحمەتی خوا بۆ شوێنکەوتووان و دەبێتە نەفرەتی خواو فریشتە و پێغەمبەران بۆ جگە لە شوێنکەوتووان)[1].

کوشی لە ژیاننامەی زورارەی کوڕی ئەعیون باسی ئەوەی کردووە کە ئیمام صادق بە عەبدوڵای کوڕی زورارەی وتوە: (سڵاوم بە باوکت بگەیەنە و پێی بڵێ: من لەکەدارت دەکەم، بەمە بەرگریت لێ دەکەم، چونکە خەڵك و دوژمنان پێشبڕکێیانە لە ئازاردانی ئەوانەی ئێمە لەخۆمانی نزیك دەکەینەوەو ستایشی دەکەین و خۆشمان دەوێت، بەهۆی نزیکی و خۆشویستنمان تۆمەتباری دەکەن، هەوڵی دەدەن ئازاری بدەن و بیکوژن و ستایشی هەر کەسێك دەکەن کە ئێمە ڕەخنەی لێبگرین، جا من ڕەخنەت لێدەگرم بەهۆی ئەوەی تۆ کەسێکی بە خۆشویستن و نزیکی لە ئێمەوە ناوت دەرکردووە، بەمەش لەلایەن خەڵکیەوە نەویستراوی ئەگەرچی خاوەنی شوێنەواری ستایشکراوی بەهۆی نزیکی و لایەنگیریت بۆ ئێمە. جا من پێم باش بوو ڕەخنەت لێبگرم تا خەڵکی ستایشی دینداریيەکەت بکەن بەهۆی کەم و کورتییەك، ئەمە کە ئەوە دەکەین بۆ ئەوەی خراپەی ئەوانت لێ دوور بخەینەوە، خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق، حديث رقم ١.

﴿ ٧٩ ﴾ ﴾ الكهف: ٧٩. واتە: "ئەو کەشتییە چەند هەژارێك خاوەنی بوون لە دەریا کاریان دەکرد، جا منیش ویستم عەبداری بکەم، لە کاتێکدا لەو ناوەدا پاشایەك هەبوو کە هەموو کەشییەکی _ چك و ڕێك و پێکی _ داگیر دەکرد")[1].

پێشتر ئەوەمان خستەڕوو کە باوکی خەتاب هەڵسا بە پێچ و پەنا کردن لە ئاست ئەو نەفرەتەی صادق ئاڕاستەی ئەوی کردبوو و خۆی لێ بەری کرد بوو، بەوەی باوکی خەتاب وتەی ئیمامی تەئویل کرد و وتی: ئیمام مەبەستی من نییە بەڵکو مەبەستی پیاوێکی ترە لە شاری بەصرە کە ناوی (قەتادەی بەصرییە) و نازناوی (باوکی خەتابە)، کاتێك ئیمام جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی مەبەستی خودی باوکی خەتابە، ناوبراو وتی: مەبەستی نەفرەتی ئیمامی صادق لە ڕووکەشدا ئێمەین بەڵام لە ناوەرۆکدا مەبەستی دژەکانمانە و ئەم ئایەتەی تەئویل کرد: ﴿ أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا ﴾ الكهف: ٧٩. واتە: "ئەو کەشتییە چەند هەژارێك خاوەنی بوون لە دەریا کاریان دەکرد، جا منیش ویستم لەکەداری بکەم، لە کاتێکدا لەو ناوەدا پاشایەك هەبوو کە هەموو کەشییەکی _ چاك و ڕێك و پێکی _ داگیر دەکرد"[2].

---

(١) الكشي، ترجمة زارة بن أعين.

(٢) الأشعري القمي، سعد بن عبدالله، المقالات والفرق ٥٥.

## پیادەکردنی خۆپارێزی (توقیه) له فەتوا

خۆپارێزی (توقیه) درێژبووەوە تا بووە هۆی ناشرین کردنی وێنەی فیقهی جەعفەری، بەهۆی بانگەشەی ئەوەی کە ئیمامەکان بە ئەنقەست فەتوای دژیەك دەدەن بە مەبەستی خۆپارێزی. هەروەك کلینی لە کتێبی (الکافي)دا کۆمەڵێك گێڕانەوەی لە صادقەوە هێناوە کە تیایدا باس لە فەتوادانی جیا جیا دەکات لە یەك ڕووداودا، گوایە صادق بە یەکێك لە هاوەڵانی (کە ناوی باوکی عەمری کەنانی بووە) وتوە: ئەی باوکی عەمر ئەگەر قسەیەکم بۆکردی یان فەتوایەکم بۆ دای دواتر هاتیتەوەو لەبارەی هەمان شت پرسیارت لێکردم و منیش بەپێچەوانەی جاری یەکەم وەڵامت بدەمەوەو فەتوات بۆ بدەم. تۆ کامەیان وەردەگری؟ باوکی عەمری وتی: تازەترینیان وەردەگرم و ئەوەی تر فەرامۆش دەکەم، صادق وتی: ڕاستت پێکا ئەی باوکی عەمر، خوای گەورە وای ویستووە کە بە نهێنی بپەرسترێت، سوێند بەخوا ئەگەر وا بکەن ئەوا چاکەی بۆ من و ئێوەی تێدایە، خوای گەورە ڕەتی کردۆتەوە ئێمە لە ئایینەکەیدا جگە لە خۆپارێزی _ توقیە _ بگرینەبەر)[1]. گوایە صادق بە کەسێکی تری وتوە: (ئەگەر فەرموودەیەکی گشتیم بۆ باسکردی، دواتر هاتیەوە لام و فەرموودەیەکی پێچەوانەی ئەوەی پێشووم بۆ باس کردی، کامەیان وەردەگری؟ وتی: ئەوەی دوایی وەردەگرم، صادق پێی وت: هەی ڕەحمەتی خوات لێبێت) [2]. و بە نەصری خەیسەمی وتوە: (کەسێك

---

(١) الأشعري القمي، سعد بن عبدالله، المقالات والفرق ٥٥.

(٢) الوافي ٣٣٣٤٠ عن الكافي ١: ٥٣/ ٩، ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە کە لە باقری باوکی جەعفەرەوە گێڕدراوەتەوە، گوایە بە باوکی عوبەیدەی وتوە: ئەی زیاد! چی دەڵێی ئەگەر فەتوامان بەکەمێك لە خۆپارێزییەوە بۆ ئەو کەسەدا کە پشتگیری و لایەنگیریمان دەکات؟ زیادی باوکی عوبەیدە وتی: ڕۆحم بە فیدات بێ تۆ زاناتری، باقر وتی: ئەگەر فەتواکە قبوڵ بکات ئەوا بۆی چاکترە و پاداشتی زیاترە. لە

وابزانێت ئێمە تەنها ڕاستی نەبێت نالێین، ئەوا با ئەوەندە بە بەس بزانێت کە لە ئێمەوە دەیزانێت، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو زانیاریانەی لایەتی شتێکی لە ئێمەوە بیست، بابزانێت ئەمە بەرگری کردنە لەو)[1]. و باوکی جەعفەری ئەحوەلی وتوە: (بۆیان ناگونجێ تا پرسیار دەکەن و تێدەگەن و ئیمامەکەیان دەناسن، ئەوەندە بەسە بۆیان قسەی ئیمام وەربگرن و ئەگەرچی ئەوەی ئیمام دەیڵێت خۆپارێزی _ توقیە _ بێت)[2].

ئیمامییەکان گومانیان وایە کەسێك هاتۆتە خزمەت صادق و پرسیاری لێکردووە لەبارەی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، صادقیش وەڵامی داوەتەوە، دواتر کەسێکی تر هاتۆتە لای ناوبراو و پرسیاری لەبارەی هەمان ئایەت کردووە، صادق بەپێچەوانەی ئەوەی یەکەم وەڵامی داوەتەوە، پاشان یەکێکی تر هاتۆتە خزمەت صادق و بەهەمان شێوە پرسیاری لەبارەی هەمان ئایەت لێکردووە، کەچی صادق بە پێچەوانەی وەڵامی یەکەم و دووەم وەڵامی داوەتەوە[3].

ئیمامییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەیڕەوی ئیمام صادق لە فەتوادانەدا دامەزراوە لەسەر فەتوادان بە پێچەوانەی زانایانی سەرجەم مەزهەبەکانی تر،

---

گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ئەگەر وەریبگرێت پاداشت وەردەگرێ و ئەگەر فەرامۆشی بکات سوێند بەخوا گوناهبار دەبێت. الوافي ٣٣٣٣٥ عن الكافي ١: ٥٢/ ٤. لە بەشی پێشوودا (لەبارەی ئیمامی باقر) چیرۆکی عەمری کوڕی ڕەباحمان بەرچاوکەوت کە لە باقر جیابووەوە و نکۆڵی کرد لە ئیمامەتی ناوبراو، ئەمەش بەهۆی تێکگیرانی فەتواکانی باقر بێ ئەوەی پاڵنەرێکی خۆپارێزی و توقیە پاڵی نابێت و بێ ئەوەی پاساوی هەبێت.

(١) الوافي ٣٣٣٣٦ الكافي ١: ٥٣/ ٦.

(٢) الوافي ٣٣٣٤٦ عن الكافي ١: ٣١/ ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التفويض إلى رسول الله والأئمة أمر الدين ح رقم ٢.

بەڵام هەندێك جار وەك ئەوان فەتوای دەدا بە مەبەستی خۆپارێزی، ئامۆژگاری شیعەکانیشی دەکرد کە بەنهێنی پێچەوانەی ئەم فەتوایەی بجولێنەوە، لە عومەری کوڕی حەنزەڵە دەگێڕنەوە کە گوایە پرسیاری لە صادق کردووە: (لەبارەی دوو پیاو لە هاوەڵانمان کە ململانێیان هەیە لەبارەی قەرز یان میرات، چوون و داوەریان کرد _ تا ئەو جێیەی وتی _: ئەگەر هەر یەکێکیان کەسێکی لە هاوەڵانمان دیاریکرد بۆ ناوبژیوانی، ڕازی بوون کە کێشەکەیان یەکلا بکەنەوە، بەڵام هەر یەك لە دوو ناوبژیوانەکە حوکمی جیاوازیان دا و فەرموودەی جیاوازی ئێوەیان پێ بوو؟ صادق وتی: حوکمی ئەوەیان دەخوات کە دادگەرترە، عومەر دەڵێت: هەر دوو ناوبژیوانەکە دادگەرو جێگای ڕەزامەندی هاوەڵانمانن، هیچ یەکێکیان لەوەی تر باشتر نییە بەڵکو لەیەك ئاستدان، صادق وتی: تەماشای ئەوە دەکرێت کە کامەیان حوکمەکەی لە گێڕانەوەی ئێمەدا هەڵهێنجاوە، کە هاوەڵانت لەسەری کۆکن، بەمەش ڕیزپەڕەکە کە لەلایەن هاوەڵانت نەناسراوە فەرامۆش دەکرێ، چونکە ئەوەی یەکدەنگی لەسەرە گومانی تێدا نییە _ تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە وتویەتی: _ جا ئەگەر گێڕانەوەی هەر دووکیان ناسراوبوون و کەسانی باوەڕپێکراو گێڕابێتیانەوە؟ ئەوا سەیر دەکرێ ئەو گێڕانەوەیەی تەبایە لەگەڵ حوکمی قورئان سوننەت و جیاواز بوو لە ڕای خەڵکی بەگشتی ئەوا کار بەوە دەکرێت، ئەوەش فەرامۆش دەکرێت کە پێچەوانەیە لەگەڵ حوکمی قورئان و سوننەت و تەبایە لەگەڵ حوکمی خەڵك بە گشتی، عومەر دەڵێت: وتم: بەقوربانت بم، ئەگەر دوو شەرعناسەکە شارەزای حوکمی قورئان و سوننەت بوون و حوکمی یەکێکیان تەبا بوو لەگەڵ حوکمی خەڵکی بەگشتی و حوکمی ئەوەی تریان نا تەبا بوو لەگەڵ خەڵکی بەگشتی، ئەوا کامەیان کاریان پێ دەکرێ؟ صادق وتی:

ڕێنموونی و بەرچاو ڕوونی لەو حوکمەدایە کە پێچەوانەی حوکمی خەڵکە بەگشتی، عومەر دەڵێت وتم: بە قوربانت بم، ئەگەر هەر دوو گێڕانەوەو حوکمەکە تەبا و کۆك بوون لەگەڵ حوکمی خەڵکی بەگشتی؟ صادق وتی: سەیر دەکرێت کە حوکمڕان و دادوەرەکانیان زیاتر بەلای کامەدا دەچن ئەوا کار بە حوکمی پێچەوانەی ئارەزووی ئەوان دەکرێت، عومەر دەڵێت: وتم: ئەگەر هەر دوو گێڕانەوەو حوکمەکە کۆك بوون لەگەڵ حوکمی خەڵکی تر؟ صادق وتی: ئەگەر وابوو ئەوا هیچیان یەکلا مەکەرەوە تا دەگەیتە ئیمامەکەت، چونکە هەڵوەستەکردن لە ئاست شتە گومانداره‌کان باشترە لە خزانە ناو لەناوبەرەکان)[1].

وەك چارەسەرێکی ئەم گرێ و قەیرانە دەگێڕنەوە کە صادق بە زورارەی وتوە: (هەر شتێکت لەمن بیست و هاوشێوەی قسەی خەڵکی بوو: بزانە خۆپارێزی و توقیەی تێدایە، هەر شتێکی ترت لە من بیست و پێچەوانەی وتەی خەڵك بوو، بزانە خۆپارێزی و توقیەی تێدا نییە)[2].

(١) الوافي (٣٣٣٣٤) ١، عن الكافي ج١ حديث ١٠/٥٤.

(٢) الوافي (٣٣٣٧٩) ٤٦.

# بەشی شەشەم

# کاریگەری و شوێنەواری

# فیکری ئیمامی لە فیقهی شیعەدا

# دەروازەی یەکەم

## بنەماکانی فیقهی ئیمامی

لەسەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و (بەڵگەبوونی ئیمامەکان) و غەیب زانینیان و گوایە (سەرچاوەیکن لە سەرچاوەکانی یاسادانان) و پێویستی دانان بە ڕاستی بۆچوونەکانیان و ملکەچ بوون بۆیان و مشتومڕ لەگەڵ نەکردنیان و دروست نەبوونی لاسایی کردنەوەی زانایانی تر یان فەرمووده وەرگرتن لە کەسانی تر جگە لە ئیمامەکان... فیقهی ئیمامی لە دایك بوو، کە دامەزراوە لەسەر بانگەشەی ئەوەی ئیمامەکان قورئانی تەواویان لایە و قۆرغ کردنی ڕاڤەی قورئان بۆ ناوبراوان، غەیبزانینی ئیمامەکان و قسەکردنی فریشتە بۆیان و ڕاسپاردنی کاروباری ئایین بەوان و بە دروست دانانی فەتوادان بە پێچەوانەی شەریعەت و بەرنامەی ئیسلام بۆ خۆپارێزی و بەپێچەوانەی ڕای تێکڕای موسڵمانان.

### ١_ ڕەتکردنەوەی پێوانە (قیاس) و ڕابوبۆچوون و کۆشش (ئیجتهاد)

فیقهی ئیمامی کە دراوەتە پاڵ ئیمام جەعفەری صادق هەڵدەستێت بە ڕەتکردنەوەی ڕاڕەو و مەزهەبی ڕاوبۆچوون (ئەهلی ڕەئی) کە دانیاندەنا بە پێوانە (قیاس) و کۆشش (ئیجتهاد)[1]. فیقهی ناوبراو پێی وایە کە دەقی شەرعی

---

(١) ئیمام ئەبو حەنیفەی نوعمان قوتابخانەی ڕاوبۆچوون (ڕەئی) و پێوانە (قیاس) و کۆشش (ئیجتهاد)ی بەڕێوە دەبرد و زۆرێك لە فەرموودەکانی ڕەتدەکردەوە لە کاتێکدا هەندێك لە ئیمامە فەرموودەناسەکان وەك ئیمام مالیك باوەڕی بە بەکارهێنانی ڕاوبۆچوون هەبوو لە دوای وتەی هاوەڵان و شوێنکەوتووان و ئیمامی شافیعی باوەڕی بە پێوانە (قیاس) هەبوو و بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی یاسادانانی دادەنا لە میانەی نەبوونی دەق لە قورئان و سوننەتدا، ئیمامی شافیعی

**لەسەر هەموو شتێك هەیە. بەپێی بیرۆکەی: ڕوونکرانەوەی هەموو شتێك لە قورئان و سوننەتدا، هەروەها نەبوونی بۆشاییەك کە پێویستی بە ڕاوبۆچوون و کۆشش هەبێت، ئیمامییەکان ئەم وتەیە دەدەنە پاڵ صادق: (خوای گەورە لە قورئاندا ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی دابەزاندووە، تەنانەت سوێند بەخوا خوای گەورە هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە کە بەندەکانی پێویستیان پێ هەبێت، تا بەندە نەڵێت: وەی ئەگەر لە قورئاندا هاتبایە؟ بەڵکو خوا لەبارەی هەموو شتێك**

---

کۆشش (ئیجتهاد)ی لە کتێبەکە ناسراوەکەیدا (الرسالة) بە پێوانە (قیاس) پێناسە کردووە، واتە ڕەچاوکردنی بارودۆخە وێکچووەکان و دەرکردنی حوکم لە کێشە نوێیەکان بەگوێرەی پێوانەکە. ناوبراو وتویەتی: (پێوانە (قیاس) و کۆشش (ئیجتهاد) یەکن؟ یان جیاوازن؟ دەڵێم: ئەوانە دوو ناون بە یەك واتا). بە پێچەوانەوە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ئیمامی ئەهلی سوننە) بە توونده پێوانە (قیاس)ی ڕەتدەکردەوە و بە بیدعەی پێچەوانەی سوننەتی دادەنا، سوریش بوو لەسەر دەستگرتن بە فەرمووده وەك خۆی. ناوبراو لە پەیامەکەیدا لە (بنەماکانی سوننەتدا) وتویەتی: (بنەماکانی سوننە لای ئێمە ئەمانەن: دەستگرتن بەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوونەوە و شوێنکەوتنیان، فەرامۆش کردنی بیدعەکان... سوننەت لەلای ئێمە بریتییە لە شوێنەوارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و پێوانە (قیاس) ناچێتە ناو سوننەتەوەو نمونەشی بۆ ناهێنرێتەوەو بە عەقڵ و هەواو ئارەزوو پەیی پێ نابردرێ. بەڵکو بریتییە لە شوێنکەوتن و فەرامۆش کردنی هەواو ئارەزوو).

پەیڕەوانی ڕێبازی ڕاوبۆچوون (ئەهلی ڕەئی) دەڵێن: حوکمەکانی قورئان سنووردارن و فەرموودەکان ڕوومالّی هەموو ڕووداوەکان ناکەن، سەرباری ئەوەی زۆرێك لە فەرموودەکان بە بڕاوەیی (قطعي) نە چەسپاون، جا یان ئەوەتا دەڵێین شەریعەت هەندێك حوکمی سنوورداری ڕوونکردۆتەوە و ئەوانەی تری بەجێهێشتووە بۆ عەقڵی مرۆڤ تا حوکمی شارستانی و نەریتی لێی هەڵبهێنجێت یاخود دەبێ بڵێین شەریعەت هەموو شتەکانی ژیانی ڕوون کردۆتەوە چ کۆن یان نوێ، لێرەشدا پێویستمان بە پێوانە (قیاس) و بەراوردکردنی ڕووداوە هەنووکەییەکان هەیە لەگەڵ ڕووداوە کۆنەکان کە لێیەوە نزیکن.

له قورئاندا ڕوونکردنەوەی داوە)[1]. ئیمامییەکان پێیان وایە صادق وتویەتی: (هیچ شتێك نییە کە لە قورئان یان لە سوننەتدا ڕوون نەکرابێتەوە)[2]. و (هەر شتێك دوو کەس لە سەری ڕاجیابن ئەوا بنەڕەتێکی لە قورئاندا هەیە، بەڵام عەقڵی مرۆڤەکان پێی ناگات)[3]. و دەڵێن پەیامێکی درێژی بۆ هاوەڵانی نووسیوەو تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە خوای گەورە قورئانی دابەزاندووەو ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی تێدایە[4]. گوایە صادق لە باپیرەی خۆی میری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تالیب گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئەی خەڵکینە خوا پێغەمبەری ((ﷺ)) بۆ ئێوە ڕەوانەکردووەو قورئانی بە ڕاست و دروستی بۆ دابەزاندووە... زانستی ڕابردوو و زانستی ئەوەی پێش دێت تا ڕۆژی دوایی و حوکمی نێوانتان و ڕوونکردنەوەی ئەوەی ڕاجیایتان لەسەر هەیە لە قورئاندایە، ئەگەر پرسیارم لێ بکەن ئەوا فێرم دەکردن)[5].

لەسەر بنەڕەتی ئەوەی قورئان و سوننەت هەموو شتێکیان ڕوونکردۆتەوە، ئەوا ئیمامی ئیمامییەکان هەڵوێستێکی نەرێنی هەبوو لە بەرامبەر بەکارهێنانی پێوانە (قیاس) لە هەڵهێنجانی حوکمە نوێییەکان بۆ ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە، لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئەوانەی پێوانە _ قیاس _ بەکاردەهێنن هەوڵی بە دەستهێنانی زانستیاندا بە پێوانە _ قیاس _ کەچی بەم کارەیان تەنها

---

(١) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ١.

(٢) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ٢.

(٣) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ٦.

(٤) الوافي ح رقم ٣٣١٥٢ و الكافي ٥:٨. الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ١٠، الوافي ح رقم (٣٣١٥٣) ٣.

(٥) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ٧.

له ڕاستی دوورکەوتنەوەو بەس، ئایینی خوا بە پێوانە _ قیاس _ بە دەستناخرێ)[1]. گوایە صادق بە (ئەبان)ی قوتابی خۆی وتوە: (سوننەت پێوانە _ قیاس _ ناکرێ، ئایا نایبینی ئافرەت ڕۆژوو دەگرێتەوە بەڵام نوێژی قەرەبوو ناکاتەوە، ئەی ئەبان ئەگەر سوننەت پێوانە _ قیاس _ کرا ئەوا ئایین پوچەڵ دەکاتەوە)[2]. و گوایە صادق لە باوکی ئەویش لە ئیمامی عەلی باپیرەی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (کەسێك پێوانە _ قیاس _ بکات، ئەوا ڕۆژگارێکی تێکەڵ و پێکەڵی هەیە، کەسێك بە ڕاوبۆچوون بەندایەتی بۆ خوا بکات ئەوا بەردەوام خۆی ژێرئاو کەوتووە)[3]. و گوایە وتویەتی: (عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ ڕەتی کردۆتەوە ڕاوبۆچوون بێتە ناو ئایینی خواوەو قسە لەسەر ئایینی خوا بکرێت بە ڕاو بۆچوون و پێوانە _ قیاس _) و وتویەتی: (ئەگەر _ عەبدوڵای کوڕی شیبرمەی شەرعناسی خەڵکی عێراق _ بیزانیبا لە کوێوە خەڵکی تیاچوون ئەوا بە پێوانەکان _ مقاییس _ بەندایەتی بۆ خوا نەدەکرد و کاری پێ نەدەکرد)[4] یان وتویەتی: (کەسێك کار بە پێوانە _ قیاس _ بکات ئەوا خۆی تیاچووەو خەڵکشی تیابردووە)[5].

ئیمامییەکان لە صادقەوە هێناویانە کە ناوبراو بەڵگەی لەسەر نا دروستی ڕاوبۆچوون و پێوانە _ قیاس _ هێناوەتەوە بەوەی ئەمانە لە سەردەمی

---

(١) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ٧.

(٢) الوافي ح رقم (٣٣١٦٠) ١٠.

(٣) الوافي، ح رقم (٣٣١٦١) ١١.

(٤) الوافي، ح رقم (٣٣١٨٣) ٣٣.

(٥) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ٩.

پێغەمبەر حەڕام بوونە، ناوبراو وتویەتی: (هەروەك بۆ هیچ کەسێك نەبووە لەگەڵ محەممەد ((ﷺ)) بە هەواو ئارەزوو و ڕاوبۆچوون و پێوانەکانی خۆی کار بکات بە پێچەوانەی فەرمانی محەممەد ((ﷺ))، بەهەمان شێوە بۆ هیچ یەکێك نییە لە دوای محەممەد ((ﷺ)) کار بە ئارەزوو و ڕاو بۆچوون و پێوانەکانی بکات)، گوایە صادق شیعەکانی ڕاسپاردووە بە شوێنکەوتن و دەستگرتن بە شوێنەوارو سوننەتی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و هۆشداری پێداون لە شوێنکەوتنی ئارەزوو و ڕاوبۆچوون. (چونکە گومڕاترین خەڵك لای خوا ئەو کەسەیە کە شوێن ئارەزوو و ڕاو بۆچوونەکەی بکەوێت بێ ڕێنوێنی پەروەردگار)[1].

باوکی بەصیر دەڵێت پرسیارم لە صادق کرد: شتانێك دێنە پێشمان کە لە کتێبی خواو سوننەتدا بەدیمان نەکردووە ئایا بە تێڕاوانین و بۆچوونی خۆمان ڕەفتاری لەگەڵ بکەین؟ وتی: (نا، چونکە ئەگەر ڕاستیش بپێکی پاداشت وەرناگری و ئەگەر هەڵەشت کرد ئەوا درۆت بە ناوی خواوە کردووە)[2].

باوکی جەعفەری ئەحوەل دەڵێت کە گفتوگۆی کردووە لەگەڵ یەکێك لە خەواریجەکان و بەسەریدا زاڵ بووە، جا صادق وتویەتی: (بەخوا نەتپێکا و یەك پیتت لە ڕاستی نەوت، ئەحوەل وتی: بۆچی؟ صادق وتی: چونکە قسەت لەسەر پێوان _ قیاس _ کرد، پێوانەش لە ئایینی من نییە)[3].

---

(١) الهمداني، رضا، مصباح الفقيه، كتاب الخمس ١٠٨.

(٢) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب البدع والرأي والمقائيس، ح رقم ١١.

(٣) رجال الكشي ٢: ١٨٨/ ٣٣١.

پیاوێکی تر باس لەوە دەکات کە پرسیاری لە صادق کردووە لەبارەی بابەتێك ئەویش وەڵامی داوەتەوە، پیاوەکە وتویەتی: ئایا ئەگەر ئاواو ئاوا بوو تۆ چ ڕاو بۆچوونێکت دەبێت؟ صادق پێی وت: (ڕاوەستە... لەبارەی هەر شتێك وەڵامی تۆم دایەوە ئەوا لە پێغەمبەری خواوەیە ((ﷺ)) و ئێمە _ لەوانە نین کە تێڕوانین و بۆچوونی خودیان بۆ شت هەبێت _)[1].

ئیمامییەکان لە صادقەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ فەرموویەتی: (کەسێك باوەڕی بە من نەهێناوە کە بە ڕاو بۆچوونی خۆی فەرمایشتی منی ڕاڤە کردووە، کەسێك منی نەناسیوە کە بە بەدیهێنراوەکانم بچوێنێت، کەسێك پێوانە _ قیاس _ لە ئایینی مندا بەکاربهێنێت ئەوا لەسەر ئایینی من نییە)[2]. و صادق لە باپیرەی خۆی میری باوەڕدارانەوە هێناویەتی کە وتویەتی: (ئایین پێوانە _ قیاس _ مەکەن، چونکە

---

(١) الكليني الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب البدع والرأي والمقائيس ح رقم ٢١.

محەممەدی کوڕی حەکیم کە یەکێکە لە هاوەڵانی ئیمام موسای کازم دەڵێت کە هەوڵی داوە مۆڵەت لە پێوانەکردن (قایس)دا وەربگرێت، بۆیە پێی وتوە: بە قوربانت بم لە ئایین تێمان بگەینە و خوا ئێمەی بەهۆی ئێوە بێ نیاز کردووە لە خەڵکی هەتا کۆمەڵێك لە ئێمە لە مەجلیسدا دەبن و هیچ یەکێك پرسیار لەبارەی بابەتێك لە هاوەڵەکەی ناکات مەگەر وەڵامەکەی ئامادەیە بەهۆی ئەو بەخششەی خوا بەهۆی ئێوە بە ئێمەی بەخشیوە، لەوانەیە هەندێك جار شتانێکمان بێتە پێش و هیچ وەڵامێك لە ئێوەو باو و باپیرانتەوە نەهاتوون و ئێمەش سەیری ئەوە شتانە دەکەین کە لە ئێوەوە هاتوون و باشترین و شیاوترینیان هەڵدەبژێرین و کاری پێدەکەین؟ کازم وتی: (ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، بێگومان ئەوەی تیاچوو تیاچوو لە مەدا ئەی کوڕی حەکیم). و کازم بە یونسی کوڕی عەبدوڕەحمانی وت: (ئەوەی کار بە ڕاوبۆچوونی خۆی بکات ئەوا تیاچووە). الكليني، الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب البدع والرأي والمقاييس، ح رقم ٩ و ١٠.

(٢) أمالي الصدوق: ١٥/ ٣، والتوحيد: ٦٨/ ٢٣، وعيون أخبار الرضا ١: ٤/١١٦.

فەرمانی خوا پێوانە ناکرێ، کەسانێك دێن پێوانە دەکەن، کەچی دوژمنی ئاینن)[1].

فیقهی ئیمامی هەوڵ دەدات کێشەی سنوورداری ئەو حوکمانەی لە قورئان و سوننەتدا هاتوون چارەسەر بکات، بە بانگەشەی بوونی (زانستی بەردەوامی خوایی) لای ئیمامەکانی ئال و بەیت کە پێکهێنەری (سەرچاوەی بەردەوامن لە سەرچاوەکانی یاسادانان) لە پاڵ و قورئان و سوننەتدا. ئیمامییەکان هەندێك فەرمووده دەدەنە پاڵ جەعفەری صادق بەوەی ناوبراو بانگەشەی زانینی ئەو زانستەی کردووە و دەشڵێن کە جارێکیان صادق پرسیاری لە ئەبو حەنیفە کرد: (تۆ شەرعناسی عێراقی؟ وتی: بەڵێ، وتی: بەچی ڕوونکردنەوەو فەتوایان بۆ دەدەی؟ وتی: بە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ((ﷺ))، وتی: ئەی ئەبو حەنیفە! بەچاکی کتێبی خوا دەناسیت؟ و هەلوەشێنەرەوەو هەڵوەشاوە _ ناسخ و منسوخ _ دەناسیت؟ وتی: بەڵێ، وتی: قور بەسەرت ئەی ئەبو حەنیفە بانگەشەی زانینی زانستێکت کرد کە خوای گەورە تەنها بەو ئەهلی کتێبانەی داوە کە کتێبەکەیان بۆ سەر دابەزیوەو تەنها لەلای ڕەچەڵی محەممەدە ((ﷺ))، خوا تۆی نەکردۆتە میراتگری یەك پیتی کتێبی خۆی)[2]. دواتر هۆشداری پێدا و پێی وت: (لە خوابترسە و بە بۆچوونی خۆت پێوانە _ قیاس _ لە ئاییندا مەکە، چونکە یەکەم کەس کە پێوانەی کرد شەیتان بوو، _ صادق پرسیاری لێکرد_: دەی کوشتن یان زینا مەزنترە؟ وتی: کوشتن، وتی: دەی خوای گەورە لە کوشتندا شایەتی دوو کەسی وەرگرتووەو لە زینادا تەنها شایەتی چوار کەسی قبوڵ کردووە.

(١) الوافي (٣٣١٨٦) عن المحاسن: ٢١٥/ ٩٨.

(٢) الوافي ح رقم (٣٣١٧٧) ٢٧.

دەی نوێژ یان ڕۆژوو گەورەترە؟ وتی: نوێژ، وتی: ئەی بۆچی ئافرەتی لە حەیزدایە ڕۆژوو قەرەبوو دەکاتەوەو نوێژ قەرەبوو ناکاتەوە؟ ئەی چۆن پێوانە دەکەیت؟ لە خوابترسە و پێوانە مەکە[1].

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە صادق بە ئەبو حەنیفەی وتوە: (ئەی نوعمان! خۆت دووربگرە لە پێوان _ قیاس _، لەبەر ئەوەی باوکم لە باپیرانیەوە گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: هەر کەسێك شتێك لە ئایین بە ڕاوبۆچوونی خۆی پێوانە بکات ئەوا خوا دەیکاتە هاوڕێی شەیتان لە ناو ئاگردا، چونکە یەکەم کەس کە پێوانە _ قیاس _ی کرد شەیتان بوو، کاتێك وتی: منت لە ئاگر دروست کردووە، ئەویشت لە گڵ دروست کردووە، جا واز لە ڕاوبۆچوون و پێوانە _ قیاس _ و وتەی کەسانێك بێنە کە بێ بەڵگە قسە لەسەر ئایینی خوا دەکەن، چونکە ئایینی خوا بە ڕاوبۆچوون و پێوانە _ قیاس _ دانەنراوە)[2].

ئیمامییەکان دەگێڕنەوە کە ئیمامی صادق پەیامێکی بۆ پەیڕەوکارانی ڕاوبۆچوون و پێوانە (قیاس) ڕەوانەکردووەو تیایدا هاتووە: (پاشان، ئەوەی بانگەشەی یەکێکی تر بکات بە گومان و پێوانەکان بۆ سەر ئایینی خۆی ئەوا بەشی خۆی دەست ناخات... ئا لەمەوەیە نەزانەکان سەریان سوڕماوە، گومانداران گومانیان برد، ڕاڕایەکان دوو دڵ بوون، ئەگەر ئەمە دروست بووبایە لەلایەن خوا ئەوا خوای مەزن پێغەمبەرانی بە پەیامی یەکلاکەرەوە ڕەوانە نەدەکرد، گاڵتە و

---

(١) الوافي، ح رقم (٣٣١٧٥) ٢٥

(٢) الوافي: ح رقم (٣٣١٧٦) ٢٦.

گەپی قەدەغە نەدەکرد و ڕەخنەی لە نەزانی نەدەگرت، بەڵام کاتێك خەڵکی ڕاستیان بە نەفامی دانا و نیعمەتیان بە کەم زانی و بە نەزانی و مشوری خۆیان خۆیان بێ نیاز کرد لە زانستی خوا، بەمەش پێغەمبەرو بەرپاکەری فەرمانی خوایان فەرامۆش کرد و وتیان: تەنها شتێکمان قبوڵە کە عەقڵەکانمان ناسیبێتیان و پەسەندی بکەن، جا خوا ئەو شتەی کردە پشتوانی ئەوان کە ئەوان پشتیان پێ بەستبوو و فەرامۆش و سەرشۆڕی کردن تا بوونە بەدەی نەفسی خۆیان بێ ئەوەی بزانن، ئەگەر خوا ڕازی بووبا بە کۆشش و بۆچوونگەڕاکەیان ئەوا پەیامی یەکلاکەرەوی بۆ ناو ئەوان ڕەوانە نەدەکرد و توونـد نەبوو لە باس کرنیان، بەڵگەشمان هێنایەوە کە ڕەزامەندی خوا ئەمە نییە، بەڵکو جگە لەمەیە لە ناردنی پێغەمبەران بە شت و ئاکارە ڕێك و پێك و دروستەکان و هۆشداریدان لە شتە ئاڵۆزە تێکدەرەکان، دواتر خوا ئەو پەیامبەرانەی کردە دەرگا و ڕێگا و بەڵگەی ناسینی خۆی کە بە ڕاو بۆچوون و پێوانە _ قیاس _ پەیی پێ نابردرێ، ئەوەی داوای ئایینی خوا بکات بە ڕاوبۆچوون و پێوانە تەنها زیاتر لە خوا دوور دەکەوێتەوە، خوا گەورە هەرگیز پێغەمبەرێکی _ هەر چەندە تەمەنی درێژ بێ _ ڕەوانە نەکردووە کە پێچەوانەی پەیامی خۆی لە خەڵکی قبوڵ بکات تا جارێك ببێتە پێشەوا و جارێکی تر ببێتە شوێنکەوتوو، هەرگیز پەیامبەرەکە پێی وانەبووە ڕاوبۆچوون یان پێوەرەکان بەکاربهێنێت تا شتەکەی بۆ ڕوون نەبێتەوە وەك چۆن سروشی لەلایەن خواوە بۆ دێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوانەی عەقڵمەند و ژیرن، بێگومان پەیڕەوانی ڕاو بۆچوون و پێوانە _ قیاس _ هەڵەن و پێیان خلیسکاوە)[1].

---

(١) الوافي، (٣٣١٨٢) عن المحاسن: ٧٦/٢٠٩.

لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی پێوانە _ قیاس _ یان کۆشش (ئیجتهاد) لە فیقهدا دەبووە ڕووبەڕوو بوونەوەو تەحەدایەکی گەورەی تیۆری ئیمامەتی خوایی و پێویست نەبوون بە ئیمامەکان، ئەوا ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕایەوە کە وتویەتی: (ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شەرعناس و زانان پێیان وایە هەموو فیقهـ و ئایینیان چەسپاندووە کە ئیمامەکان پێویستیان پێی هەبووە، گومان لەوەدا نییە کە هەموو زانستی پێغەمبەری خوایان ((ﷺ)) نەناسیوەو پێیان نەگەیشتووە، هەروەك هەندێك لە حوکم و حەڵاڵ و حەڕام دێتە پێشیان و پرسیاریان لەوبارەوە لێ دەکرێ کەچی ئەوان هیچ شوێنەوارێکیان لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) لا نییە و شەرمیش دەکەن خەڵکی ئەوان بە نەزان ئەژمار بکات، پێیان ناخۆشە پرسیاریان لێ بکرێ و وەڵام نەدەنەوە، جا خەڵکی زانست لە سەرچاوەی خۆی داوا دەکات، بۆیە ڕاوبۆچوون و پێوانە _ قیاسیان _ لە ئایینی خوادا بەکارهێنا و شوێنەوارەکانیان فەرامۆش کرد و دانیان بە بیدعەکاندا هێنا، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: هەموو بیدعەیەك گومڕاییە، جا ئەگەر پرسیاریان لێکرا لەبارەی شتێك لە ئایینی خوادا پرسیاریان لێ کرا و هیچ شوێنەوارێکی پێغەمبەری خوایان لانەبوو لەسەری ئەوا دەیگێڕنەوە بۆ خواو پێغەمبەری خواو حوکمڕانانی خۆیان، ئەو کاتە ئەوانەی لە ئال و بەیتی محەممەد ((ﷺ)) حوکم هەڵدەهێنجن دەیانزانی)[1]. و وتویەتی: (خوا گوێڕایەڵی ئیمامەکانی لە سەر بەندەکان پێویست کردووە، کە خوا کتێبی خۆی بۆ سەر ئەوان دابەزاندووە، خوا فەرمانیشی بە ئوممەت کردووە کە هەر حوکمێکیان لێ ئاڵۆز ببێت ئەوا بگەڕێنەوە لای ئیمامەکان... خوا خەڵکی ئەرکدار نەکردووە کە

(١) تفسير العياشي: ٢: ٣٣١/ ٤٦.

**کۆشش _ ئیجتهاد _ بکەن، چونکە بەڵگەی بۆ ئەوان داناوەو نیشانەی بۆیان بەرپاکردووەو بەڵگەی بەسەر ئەواندا چەسپاندووە، جا ئەستەمە خوا ناچاریان بکات بۆ کردنی کارێك کە لە توانایاندا نەبێ، دوای ناردنی پێغەمبەران بە وردو درشتی حەڵاڵ و حەرامەوە، بێ هودە پشتگوێی نەخستوون، بەڵکو لە ئاست هەر شتێك دەستەوەسان بوون ئەوا بۆ پێغەمبەری خواو ئیمامەکان _ دروودی خوایان لێبێت _ دەگەڕێنەوە)[1].**

---

(١) الوافي ح رقم (٣٣١٨٨) ٣٨ _ علي بن الحسن المرتضى في رسالة (المحكم والمتشابه) نقلا عن تفسير النعماني، بۆیە خەبەرییە شیعەکان کە (پێشینانی ئیمامییەکانن) پێیان وایە دروست نییە کار بە ڕووکەشی قورئان بکرێت مەگەر پاڵپشتی کرابێ بە ڕاڤەی ئال و بەیت، خەبەرییەکان بەڵگە هێنانەوەی ئیمامەکانیان بە ڕووکەشی قورئان بەوە لێکداوەتەوە کە بۆ مشتومڕ بووە، وتویانە: (ئەوەی لە هەندێك هەواڵدا گێڕدراوەتەوە کە ئیمامەکان _ سڵاوی خوایان لێبێت _ بەڵگە دێننەوە بە ڕووکەشی فەرمانی خوا، ئەمە ئەوەیە کە: هەر یەکێك گوێبیستی ئایەتێك بوو و ڕووکەشی ئایەتەکەش ئاماژە بوو بۆ حوکمێکی تیۆری ئەوا نابێت دان بە پێچەوانەی حوکمەکە دابنرێ، چونکە دەکرێ مەبەستی خوا مانا ڕووکەشیەکەی ئایەتەکە بێ، بۆیە لەبەر ئەمەیە نکۆڵی لێ دەکرێ، ئەگەرچی ناکرێ بە یەکلاکراوەیی دان بەوەدا بنرێ کە خوا مەبەستی مانا ڕووکەشیەکە بووە، لەبەر پێشبینی هەڵوەشاندنەوە _ نسخ _ تایبەتکردن _ تخصیص _ و تەئویل و جگە لەمەش، بەڵکو ئەگەر کۆك بوون لەگەڵ پێشبینییەکە ئەوە تەواو و ئەگەرنا دووربینی هەر باشترە بەهۆی ئاڵۆزی حوکمەکە. ئەوەی لێردە ئەندێشە دەکرێ ڕووکەشی واتای زۆر مانا هەڵگرە کە تێکنەگیرێ لەگەڵ دەقی ڕێژنەیی _ موتەواتر _ی مانا بڕاوە، سەرباری ئەوەی دەکرێ پێشبینی ئەمانە بکرێت بۆ خۆپاراستن و پابەند کردنی دوێنراو بەو شتەی کە بەڵگەیە لەلای ئەو، سەبارەت بەو ئایەتەی ڕاڤەکەی لە ئیمامەکانەوە _ سڵاوی خوایان لێبێت _ هاتووە یان بەڵگەیان پێ هێناوەتەوە یاخود کۆکە لەگەڵ فەرموودە چەسپاوەکە ئەوا کێشە لە کار پێ کردنیاندا نییە). ڕوونکردنەوەی فەرموودەی: (کەسێك نوێژی لە گەشت و سەفەردا کورت نەکردەوە، ئەگەر ئایەتی کورت کردنەوەی نوێژی بۆ خوێندرایەوەو بۆی

**ئیمامییەکان ئەم وتەیەیان داوەتە پاڵ صادق: (خوا نەفرەت لەوانە بکات کە پێوانە _ قیاس _ پەیڕەو دەکەن، چونکە ئەوان کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەری خوایان ((ﷺ)) گۆڕی، ئەو کەسانەیان تۆمەتبار کرد کە ڕاستگۆن لە ئایینی خوادا)[1].**

---

ڕاڤەکرا ئەوا دەبێت دووبارە نوێژەکەی بە کورتکراوەیی بکات). الوافي (٣٣٦١٣) ٨٢ ح ٤ من الباب ١٧ من أبوب صلاة المسافر.

(١) أمالي: المفيد ٥٢/ ١٣. سەرجەم ئیمامەکانی تریش لەسەر هێڵی باقرو صادق چوون لە ڕەتکردنەوەی کۆشش (ئیجتهاد) و بانگەشەکردن بۆ لاسایی کردنەوە (تقلید)، هەروەك لە گێڕانەوەی ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبو نەصیردا هاتووەو وتویەتی: بە ڕیزام وت: بە قوربانت بم، هەندێك لە هاوەڵانمان دەڵێن: گوێبیستی ئەو حوکمە دەبین لە لە تۆ و باوو باپیرانت دەگێڕدرتەوەو پێوانەی دەکەین لەسەری و کاری پێ دەکەین، ڕیزا وتی: پاك و بێ گەردی بۆ خوا! سوێند بەخوا ئەمە ئایینی جەعفەری صادق نییە، ئەوانەی باست کردن کەسانێکن ئێمە پێویستیمان پێیان نییە، ئەوا سەرپێچی فەرمانی ئێمەیان کردووەو خۆیان داناوەتەوە شوێنی ئێمە، ئەی لاسایی کردنەوەکە لە کوێیە کە لاسایی جەعفەری صادق و باقریان دەکرد؟ صادق وتویەتی: کار بە پێوانە (قیاس) مەکەن، چونکە هەر شتێك پێوانە ڕێکی بخات ئەوا دەیشکێنێت. الوافي (٣٣١٩١) قرب الإسناد: ١٥٧.

بەڵام ئیمامییەکان خۆیان کەوتنە ناو ئەوەی پێشتر ڕەتیان کردەوە، ئەمەش لە دوای پەنهان بوونی (ئیمامی دوازدەم محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و پچڕانی پەیوەندییان بە (سەرچاوەکانی زانستی خوایی بڕاوەو سەلمێنرا)، بەوەی لە سەدەی پێنجەمی کۆچی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد)یان کردەوەو لەسەر هێڵی پەیڕەوانی ڕاوبۆچوون ڕۆیشتن لە هەمبەر ئەو بابەتانەی کە دەقی قورئان یان سوننەت یاخود وتەی یەکێك لە ئیمامەکانی ئال و بەیتی لەسەر نییە.

## ٢_ تەنها ئەوە سوننەتە کە لە ڕێی ئال و بەیتەوە بێت

ئیمامییەکان لە پاڵ قورئاندا سوننەتی پێغەمبەریش وەردەگرن، بەڵام گومانیان هەیە لەو فەرموودانەی کە لە پێغەمبەری ڕێزدارەوە ((ﷺ)) هاتوون و دانی پێدانانێن تەنها ئەو فەرموانە نەبن کە ئیمامەکانەوە هاتوون، لەبەر ئەوەی _ بەپێی ڕای ئەوان _ زاناترین کەسن بە فەرموودە ڕاست و دروستەکانی پێغەمبەر، کە بۆیان ماوەتەوە لە باوك و باپیرانیانەوەو لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) و جیاوازیشە لەوەی لە دەستی خەڵکدایە. لە ئیمامی صادق دەگێڕنەوە کە فەرموودەناسانی تۆمەتبار کردووە بەوەی فەرموودەی دژی قورئانی پیرۆز دەگێڕنەوە، هۆشداریشی داوە (لەبارەی ئەو فەرموودە درۆیانەی کە بەناوی خواوە هەڵبەستراون و قورئان بەدرۆیان دەخاتەوەو خۆی بەری دەکات لەو جۆرە فەرموودە و هەڵگڕان و گێڕەڕەوەکانی)[1]. و لە صادق دەگێڕنەوە کە وتویەتی: (ئێمە ئەوەندەمان لایە کە پێویستیمان بەوە نییە کە خەڵك پێیانە، بەپێچەوانەوە خەڵك پێویستی بە ئێمە هەیە، ئێمە ئەو کتێبەمان لایە کە بە ڕێنووس پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و نووسینی عەلییە _ سڵاوی خوای لێبێت _، پەڕاوێکە هەموو حەڵاڵ و حەرامێکی تێدا باس کراوە)[2]. و (ئێمە پەڕاوی کۆمکار _ جامعە _مان لایە... پەڕاوێکە درێژییەکەی حەفتا گەزە بە گەزی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و بە ڕێنووسی خودی وتەی زاری موبارەکیەتی و بە نووسینی دەستی ڕاستی عەلییە، هەموو حەڵاڵ و حەڕام و پێویستییەکانی خەڵکی تێدایە تەنانەت تۆڵەی یەك ڕووشاندنیشی تێدایە). و (ئێمە جفرمان لایە... دەفرێکە لە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٨٢٤٠ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه ذكر الصحيفة والجفر والجامعة ح رقم ٦.

پێست كه زانستی پێغەمبەران و ئیمامەكانی تێدایە، زانستی زانا پێشووەكانی نەوەی ئیسرائیلیشی تێدایە)[1]. و لە فەرموودەیەكی تردا وەسفی (جفر)ی كردووە بەوەی: (پێستی گایە و پڕە لە زانست)[2].

ئیمامییەكان لە صادق ئەویش لە عەلی باپیرەیەوە گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: (فەرموودەتان لە چوار كەسەوە بۆ هاتووەو پێنجەمی بۆ نییە: پیاوێكی دووڕوو باوەڕ دەردەخات و خۆی بە موسڵمان پیشان دەدات و هەست بە گوناه ناكات و ناڕەحەت نابێت بە درۆ كردن بە دەمی پێغەمبەری خواوە ((ﷺ))... و كەسێك كە شتێكی لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) بیستووە، بەڵام وەك خۆی هەڵی نەگرتووەو خەیاڵی خۆی تێكەڵ كردووەو بە ئەنقەستیش درۆی تێدا نەكردووە، ئەوە فەرموودەكەی لە ناو دەستی دایە و دەری دەبڕێت و كاری پێ دەكات و دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام ((ﷺ)) بیست، ئەگەر موسڵمانان بیانزانیبا فەرموودەكەی بە هەڵە گێڕاوەتەوە ئەوا ڕەتیان دەكردەوە، ئەگەر كەسەكە خۆیشی بیزانیبا كە بە هەڵە دەیگێڕێتەوە ئەوا ڕەتی دەكردەوە، كەسی سێیەم گوێبیستی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بووە فەرمانی بە شتێك كردووەو دواتر قەدەغەی كردووە، كابراكە نازانێت پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) قەدەغەی كردووە یان دواتر فەرمانی پێ كردووە، جا فەرموودە هەڵوەشاوە _ منسوخ _ەكەی لەبەركردووەو هەڵوەشێنەرەوە _ ناسخ _كەی فەرامۆش كردووە، ئەگەر بیزانیبا هەڵوەشاوەتەوە ئەوا فەرموودەكەی ڕەتدەكردەوە، ئەگەر خەڵكیش ئەمەیان زانیبووبا ئەوا بەهەمان شێوە ڕەتیانم دەكردەوە، كەسی چوارەم درۆ بە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه ذكر الصحيفة والجفر والجامعة ح رقم ١ و ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه ذكر الصحيفة والجفر والجامعة ح رقم ٥.

دەمی پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) ناكات و ڕقی لە درۆكردنە لە ترسی خواو بە گەورەدانانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ))، فەرموودەكەی لەبیر نەكردووە، بەڵكو ئەوەی بیستوویەتی وەك خۆی لەبەری كردووە، بۆیە چۆن بیستویەتی ئاوا گێڕاوەیەتیەوە بێ زیاد و كەمی، دەزانێت هەڵوەشێنەرەوە _ ناسخ _ و هەڵوەشاوە _ منسوخ _ كامەیە، جا كار بە هەڵوەشێنەرەوە _ ناسخ _ دەكات، هەڵوەشاوە _ منسوخ _یش ڕەت دەكاتەوە، سوننەتی پێغەمبەر ((ﷺ)) وەك قورئانە لەوەی هەڵوەشێنەرەوە _ ناسخ _ و هەڵوەشاوە _ منسوخ _ و تایبەت _ خاص _ و گشتی _ عام _ یەك واتا _ محكم _ و فرەواتا _ متشابە_ی تێدایە. دەكرێ پێغەمبەری خوا دوو فەرموودەی هەبووبان یەكێكیان گشتی و ئەویتریان تایبەت وەك چۆن ئەمە لە قورئاندا هەیە... جا هەر ئایەتێك بۆ سەر پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دابەزی بووبا ئەوا بۆ منی دەخوێندەوەو پێی دەنووسیم، منیش بە دەستی خۆم دەمنووسی، ڕاڤە و تەئویل و هەڵوەشێنەرەوە _ ناسخ _ و هەڵوەشاوە _ منسوخ _ یەك واتا _ محكم _ و فرەواتا _ متشابە _ و تایبەت و گشتییەكەی پیشانی منی داوە، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بۆم لە خوا پاڕایەوە كە تێگەیشتن و لەبەركردنم پێ ببەخشێ، بۆیە هەرگیز ئایەتێكم لە كتێبی خوا لەبیر نەكردووەو، زانستێكم بیر نەچۆتەوە كە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) پێی نووسیومە)[1].

لە دەرەنجامی باوەڕیان بە پارێزراوی ئیمامەكان و خاوەنداریێتی ئەو كتێبە نهێنیانە، ئەوا ئیمامییەكان هەموو گێڕانەوەیەكیان پەسەند دەكرد كە ئیمام دەیدایە پاڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بێ ئەوەی پێویست بە باس كردنی

---

(١) الوافي ح رقم ٤٤٦١٤.

زنجیرەی کەسەکان (سەنەد) هەبێت، تەنانەت ئەگەر ماوەی نێوان ئیمام و پێغەمبەر ((ﷺ)) سەد ساڵیش بێت[1].

## ٣_ ئیمامەکان سەرچاوەیەکن لە سەرچاوەکانی یاسادانان

لەوانەیە ئیمامییەکان ڕاست بووبن لە ڕەتکردنەوەی فەرموودە لاوازەکان. کێشەیەکی گەورە نەبوو لە بوونی گومان لەسەر ڕاستی زۆرێك لەو فەرموودانەی دەستاو دەستیان پێ دەکرا و درابوونە پاڵ پێغەمبەر ((ﷺ))، تەنانەت ئیمام ئەبو حەنیفە زۆرێك لەو فەرموودانەی ڕەتکردەوە، هەروەك ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس لە نێوان سەد هەزار فەرموودەدا تەنها دە هەزاری هەڵبژارد، ناوبراو بەردەوام هەموو ساڵێك ورد دەبووەوە لەو دە هەزار فەرموودەیە تا دوای دەساڵ تەنها لەسەر نزیکەی پێنج سەد فەرموودە جێگیر بوو، بوخارو موسلیم چەند هەزار فەرموودەیەکیان هەڵبژارد لە نێوان شەش سەد هەزار یان حەوت سەد هەزار فەرموودە. لە کاتێکدا (ئیمامییەکان) بۆ لەمە دوورتر دەچوون، بەوەی

---

(١) کوشی لە سالی کوڕی ئەبو حەفصەی بوتری گێڕاوەتەوە کە چووەتە لای صادق و پێی وتوە: سکاڵای خۆمان لای خوا دەکەین کە دووچاری کەسێك بووین کە هەر قسەی کرد ئەوا دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (مەبەستی ئیمامی باقرە)، جا صادق لە وەڵامیدا وتی: (خوای مەزن فەرموویەتی: هەر شتێك کە هەیە ئەوا بە جگە لە خۆم سپاردووە تەنها صەدەقە نەبێ کە بەدەستی توانستی خۆم وەری دەگرم، تەنانەت کە پیاو و ئافرەت کە یەك خورما یان لەتە خورمایەك دەبەخشێت ئەوا من بۆی زیاد دەکەم و گەشەی پێ دەدەم وەك چۆن مرۆڤ جوانو یان کۆرپەی لە شیر براو پەروەردە دەکات، وای لێدێت لە ڕۆژی دواییدا بە صەدەقەکەی دەگاتەوە کە وەك کێوی ئوحدە یان مەزنترە لێی). الكشي، ترجمة الحسن بن صالح بن حي.

پرۆسەی گێڕانەوەی فەرموودەیان لە ئیمامەکانی ئال و بەیت (بۆ نمونە باقر و صادق) کورت هەڵهێنا و هەر گێڕانەوەیەکی تریان ڕەت دەکردەوە کە لە ڕێگەی ئیمامەکانەوە نەهاتبووبا، بۆیە هەڵسان بە ڕاڤەکردنی فەرموودە گشتییەکانی پێغەمبەر کە ستایشی زانایان دەکات و پێیان هەڵدەڵێت، وەك ئەو فەرموودە ناودارەی کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) تیایدا دەفەرمووێت: (خوایەگیان؛ ڕەحم بە جێنشینەکانم بکە... کە لە دوای من دێن، فەرموودە و سوننەتی من دەگێڕنەوە) بەوەی لێرەدا مەبەست لە جێنشینەکان تەنها (ئیمامەکانی ئال و بەیتە). لە جەعفەری صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: هەر بیدعەیەك لە دوای من کە خەریکە باوەڕی پێ بهێنرێ ئەوا ئیمامێك لە ئال و بەیتی من بە لە ناوبردنی ئەو بیدعەیە ڕاسپێرراوە، ناوبراو بە نیگای خوایی دەدوێ و ڕاستی ڕادەگەیەنێ و ڕووناکداری دەکات و فێڵ و تەڵەکەی فێڵبازان ڕەت دەکاتەوە، زمان حاڵی لاوازەکانە، جا ئەی ئەوانەی خاوەن دیدەن پەند وەربگرن و پشت بە خوا ببەستن)[1]. یونسی کوڕی زەبیان (کە یەکێکە لە زیادەڕۆچووە خەتابیەکان) بانگەشەی ئەوەی کرد کە صادق پێی وتوە: (ئەگەر زانستی ڕاستت دەوێ ئەوا لای ئێمەی ئال و بەیتە، ئێمە ئەو زانایانەین کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْـلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل: ٤٣. واتە: "ئەگەر هەر نازانن لە شارەزایان بپرسن")[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب البدع والرأي والمقائيس ح رقم ٥.

(٢) الوافي ح رقم (٣٣٢٣٢) عن كفاية الأثر: ٢٥٩. صدوق لە کتێبی (أمالي) و (عيون الأخبار)دا باس لەوە دەکات کە ئیمام عەلی کوڕی موسای ڕیزا لە مەجلیسی مەئموندا بە زانایانی وت: شتێکم لەبارەی ئەم ئایەتە پێ بڵێن: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ﴾ فاطر: ٣٢. واتە: (پاشان کەسانێکمان

ئیمامییەکان گومانیان وابرد کە صادق پەیامێکی بۆ شیعەکانی نووسیوەو تیایدا هاتووە: (خوا گەورە خەڵکانێکی بۆ قورئان و فێربوونی قورئانی ئامادەکردووە، ئەوانیش ئەو زانایانەن کە خوای گەورە فەرمانی بە ئوممەت کردووە پرسیاریان لێ بکەن و ئامۆژگاری کردوون بۆ "شوێنکەوتنی شوێنەوارو سوننەتەکانی پێغەمبەر ((ﷺ)) و ئیمامە ڕێنیشاندەرەکانی ئال و بەیتی پێغەمبەر ((ﷺ))، جا ئەوەی دەست بەوەوە بگرێت ئەوا ڕێنوێنی وەرگرتووەو کەوتۆتە سەر ڕێگای ڕاست، ئەوەی فەرامۆشیشی بکات و پشتگوێی بخات ئەوا گومڕا بووە، چونکە ئەوانە ئەوانەن کە خوای گەورە فەرمانی کردووە گوێڕایەڵیان بکرێ و لایەنگیریان بکرێ")[1]. و ئیمامییەکان وتویانە صادق پرسیاری دەکرد:

---

کردە خاوەن و ڕاگەیەنەری ئەم قورئانە کە هەڵمانبژاردوون لە بەندەکانمان). زانایان وتیان: خوا مەبەستی هەموو ئوممەت بووە، ڕیزا وتی: بەڵکو خوا مەبەستی: ڕەچەڵەکی پاك بووە، پاشان وتی: ئێمە ئەو زانایانەین کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل: ٤٣. واتە: (ئەگەر هەر نازانن لە شارەزایان بپرسن). زانایان وتیان: مەبەستی جولەکە و نەصرانیەکان بوو، ڕیزا وتی: پاك و بێگەردی بۆ خوا! ئایا شتی وا دروستە؟ کەواتە ئەوان بانگمان دەکەن بۆ سەر ئایینی خۆیان و دەڵێن: ئایینی ئێمە باشترە لە ئایینی ئیسلام، مەئمون وتی: ئەی ڕیزا تۆ ڕاڤەیەکت هەیە بە پێچەوانەی وتەی ئەوان؟ وتی: بەڵێ، الذكر: پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و ئێمەش ئەهل و خەڵکی ئەوین، ئەمەش شتێکی ڕوونە لە کتێبی خوادا هەروەك لە سوڕەتی تەڵاقدا خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ فَاتَّقُواْ ٱللَّهَ يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ۝١٠ رَّسُولًا يَتْلُواْ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ ﴾ واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە؛ لەخوا بترسن و پارێزگار بن و دڵنیابن خوای گەورە قورئانی بۆ ئێوە دابەزاندووە. هەروەها پێغەمبەرێك کە ئایەتە ڕوونەکانی خواتان بەسەردا دەخوێنێتەوە). الذكر: پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و ئێمەش ئەهل و خەڵکی ئەوین. الوافي ح رقم ٣٣٢٣٣ عن أمالي الصدوق: ٤٢١/ ١ و ٤٢٨، عيون أخبار الرضى عليه السلام ٢: ٢٢٨/ ١ و ٢٣٩.

(١) الوافي ح رقم ٣٣١٥٢ عن الكافي ٨: ٥.

(ئەو خەڵکە چەند مایەی سەر سوڕمانیە کە سەرجەم زانستی خۆیان لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) وەرگرتووەو بەهۆیەوە فێربوون و ڕێنموویی کران و پێشیان وایە ئال و بەیتەکەی زانستی پێغەمبەریان ((ﷺ)) وەرنەگرتووە، ئێمە ئال و بەیت و ڕەچەڵەکی ئەوین و لە ماڵەکانماندا سروش دابەزیووەو لە ئێمەوە زانست بە خەڵك گەیشتووە، ئایا وا دەبینن ئەوان خۆیان فێری بوونەوەو ڕێنموویيان وەرگرتووەو ئێمەش لەبیرمان چۆتەوەو گومڕا بووینە، بێگومان ئەمە شتێکی ئەستەمە)[1].

ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە خەڵکی بۆ سێ بەش دابەش کردووە: زانا، زانستخواز، کەفی بێ کەڵك، وتویەتی: (ئێمە زاناکانین، شیعەکانمان زانستخوازن، سەرتاپای خەڵکی تر کەفی بێ کەڵکن)[2]. و وتویەتی: (من لەوانەم کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ﴾ الأنعام: ٩٠. واتە: " ئەو _ ناوبراوانە _ ئەو کەسانەن کە خوا _ بەتایبەت _ هیدایەت و ڕێنموویی کردوون، تۆش شوێنی هیدایەت و ڕێنمووی ئەوانە بکەوە". دەی بە کەیفی خۆت پرسیار بکە)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن مستقى العلم من بيت آل محمد ح رقم ١.

(٢) الوافي ح رقم ٣٣٠٩٤.

(٣) الوافي ح رقم (٣٣٢٤٠) تفسير العياشي ١: ٥٥/٣٦٨.

## ٤_ ڕاسپاردن له یاسادناندا

هەندێك لە ئیمامییەكان وتویان: خوای پایەبەرز كاروباری یاسادانانی بە ئیمامەكان سپاردووە، پێشیان وابوو ئایین یان حوكمی شەرعی بریتییە لەوەی ئیمامەكان دەیلێن نەك تەنها ئەوەی لە پێغەمبەری ڕێزدارەوە گێڕدراوەتەوە یان لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆشكردن كە هەر فەتوایەك حەزیان لێبێت لە ئیمامەكان بگێڕنەوەو بناغە دابڕێژن بۆ فیقهێكی نوێ[1].

ئەم بانگەشەیە (ڕاسپاردنی ئیمامەكان لە یاسادانانىدا) دەرگای بە فراوانی كردەوە لەبەرامبەر هەڵبەستن و هەڵسان بە دانە پاڵی فەتواو فەرموودەی دژیەك و ناڕۆشن یاخود شیاوی تەئویل و شرۆڤە بۆ لای ئیمامەكانی ئال و بەیت[2]. لە میانەی هەندێك گێڕانەوە كە دراونەتە پاڵ ئیمامی صادق فیكرەی (ڕاسپاردن)

(١) جا ئەوەیان داوەتە پاڵ ئیمامی صادق كە گوایە وتویەتی: (ئەوەی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سپێررابێ ئەوا بە ئێمەش ڕاسپێرراوە) و وتویەتی: (سوێند بەخوا خوای گەورە یاسادانانی بە كەس نەسپاردووە جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئیمامەكانی دوای ئەو، خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ ﴾ النساء: ١٠٥. واتە: "ئێمە بەڕاستی قورئانمان بۆ لای تۆ دابەزاندۆتە خوارەوە، سەرتاپای حەق و ڕاستی بەردەوامە، بۆ ئەوەی دادوەری بكەیت لە نێوان خەڵكیدا بەو شێوەیەی خوا نیشانی داویت و ڕێنموویی كردویت و بەگونجاوی دەزانیت"). و صادق ڕووی وتەی ئاڕاستەی شیعەكان كردووەو وتویەتی: (پێغەمبەری خوا كاروباری بە عەلی سپارد و بە ئەمینداری دانا، جا ئێوە ملكەچیتان نواند و خەڵكیش نكۆڵی كرد، بەخوا ئێوەمان خۆشدەوێ ئەگەر ئێمە قسەمان كرد ئێوەش بدوێن و ئەگەر بێ دەنگ بووین ئێوەش بێ دەنگی بنوێنن و ئێمە لە نێوان ئێوەو خوای گەورە داین، هەرگیز خوا چاكەی بۆ كەسێك دانەناوە كە پێچەوانەی فەرمانی ئێمە بجوڵێتەوە). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التفويض إلى رسول الله والأئمة أمر الدين ح رقم ١ و ٨ و ٩.

(٢) الوافي (٣٣٣٥٥) عن عيون أخبار الرضا ١: ٣٩/٢٩٠.

بەکارهێنراوە بۆ دامەزراندنی مەزهەبێکی تایبەتمەند و جیاواز لەوەی سەرجەم موسڵمانان بۆیان ماوەتەوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەرو حوکمە شەرعییەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی دروستی و نادروستی ئەو فەرموودە و حوکمانە.

## ٥_ پەیڕەوی پێچەوانەی ڕای گشتی

لە سەر بنەمای بانگەشەی (ڕاسپاردنی کاروباری ئایین بە ئیمامەکان) هەندێك لە ئیمامییەکان یان هەندێك لە زیادەڕۆچووەکان هەڵسان بە گرتنەبەری پەیڕەوێکی نوێ لە پێچەوانە بوون لەگەڵ ئەوانی تر، بۆ ئەم مەبەستە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئیمامی صادق وتویەتی: (ئەگەر دوو فەرموودەی جیاوازتان بۆ هات ئەوا لەگەڵ کتێبی خوا بەراوردی بکەن، جا کامەیان لەگەڵ کتێبی خوا تێکی کردەوە ئەوا وەری بگرن، ئەوەش کە لەگەڵی تێکگیرا ڕەتی بکەنەوە، ئەگەر شتێك نەبوو لە کتێبی خوادا تا دوو فەرموودەکەی پێ بەراورد بکەن ئەوا بەراوردی بکەن لەگەڵ هەواڵ و خەبەری گشتی خەڵك، ئەوەی لەگەڵ هەواڵ و خەبەری ئەوان تێکی کردەوە ئەوا فەرامۆشی بکەن و ئەوەش پێچەوانەی هەواڵی ئەوان بوو وەری بگرن)[1]. و لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (ئەگەر دوو فەرموودەی جیاوازتان پێگەیشت ئەوەیان وەربگرن کە پێچەوانەی دژەڕاکانتانە)[2].

ئیمامییەکان پاساویان بۆ ئەم پەیڕەوە هێنایەوە بە گێڕانەوەی فەرموودەیەك لە صادق کە تیادا دەڵێت: (عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ بە هەر شێوەیەك بەندایەتی بۆ خوا کردبا، ئەوا ئوممەت پێچەوانەی هەڵدەبژارد تا دینداریيەکەی

(١) الوافي (٣٣٣٦٢) ٢٩.

(٢) الوافي (٣٣٣٦٣) ٣٠.

پوچەڵ بکاتەوە، جا پرسیاریان لە میری باوەڕداران _ سڵاوی خوای لێبێت _ دەکرد لەبارەی شتێك کە نەیاندەزانی، جا کە ناوبراو وەڵامی دەدایەوە ئەوا لەلای خۆیان پێچەوانەی وەڵامەکەیان وەردەگرت تا لە خەڵکی تێکچووبا)[1]. و پێیان وابوو صادق ڕووی گوتاری ئاڕاستەی شیعەکان کردووە بەوەی وتویەتی: (بەخوا ئێوە لەسەر هیچ لەو شتانە نین کە دژەڕاکانتان لەسەرینە، دژەڕاکانیشتان لەسەر ئەوە نین کە ئێوە لەسەری دەڕۆن، پێچەوانەیان بجوڵێنەوە بێگومان ئەوان فرپیان بەسەر یەکتاناسییەوە نییە)[2]. و وتویەتی: (خوا چاکەی بۆ کەسێك نەویستووە کە شوێن کەسێکی تر جگە لە ئێمە کەوتبێت، ئەوەی کۆك بێت لەگەڵمان پێچەوانەی دوژمنانمانە، ئەوەی لە یەك کردارو گوفتاردا لەگەڵ دوژمنانمان تێك بکاتەوە ئەوا لە ئێمە نییە و ئێمەش لەوان نین)[3]. یاخود وتویەتی: (ئەو کەسە درۆی کردووە کە پێی وایە لە پشتیوان و شیعەکانمانە کەچی دەستی گرتووە بە پەتی جگەلە ئێمە)[4]. بەهەمان شێوە: (شیعەکانمان ئەوانەن کە ملکەچی ئێمەن، قسەمان وەردەگرن و پێچەوانەی دوژمنانمان دەجوڵێنەوە، جا ئەوەی وانەبێت ئەوا لە ئێمە نییە)[5].

هەندێك لە ئیمامییەکان پەیڕەوی پێچەوانەی ڕای گشتیان دەگرتەبەر، لە جیاتی ئەوەی دڵنیابن لە گێڕەڕەوەکانی فەرموودەکە لەلای تێکڕای موسڵمانان و

---

(١) الوافي (٣٣٣٥٧) عن علل الشرائع ٥٣١/ ١.

(٢) الوافي (٣٣٣٦٥) ٣٢.

(٣) الوافي (٣٣٣٦٦) ٣٣.

(٤) الوافي (٣٣٣٥٩) عن صفات الشيعة: ٤/٣.

(٥) الوافي (٣٣٣٥٨) عن صفات الشيعة: ٢/٣.

لێکۆڵینەوە لە زنجیرە و سەنەدەکانیان بە وێنەیەکی بابەتی بێ لایەن، جا ئەگەر درۆزن یان گومان لێکراو بن ئەوا گێڕانەوەکانیان فەرامۆش دەکرێ و ئەگەر ڕاستگۆبوون ئەوا گێڕانەوەکانیان وەردەگیرێ.

هەندێك لە ئیمامییەکان شوێن پەیڕەوی پێچەوانە جوڵانەوە دەکەوتن لە ئاست ئەو فەرموودانەی شیعەکان لە خودی ئیمامەکان دەگێڕنەوە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕاست و دروستیان. حەسەنی کوڕی جەهەم وتی: (بە کازمم وت: ئایا تەنها ئەوەمان لەسەرە کە ملکەچی ئەو شتانە بین کە لە ئێوەوە پێمان دەگەن؟ وتی: بەخوا تەنها ئەوە لەسەرتانە کە ملکەچی ببن، وتم: شتێك لە صادق دەگێڕدرێتەوە کەچی لەو لاشەوە شتێکی تری لێ دەگێڕدرێتەوە کە پێچەوانەیەی ئەوەی یەکەمە، جا کامەیان وەربگرین؟ وتی: ئەوە وەربگرە کە پێچەوانەی دژەڕاکانمانە؟ ئەوەی کۆك بێ لەگەڵ دژەڕاکانمان ئەوا خۆی لێ دوور بگرە)[1].

سەماعەی کوڕی مەهران لە صادقەوە گێڕاویەتیەوە دەڵێت: وتم: دوو فەرموودەمان بۆ دێن: یەکێکیان فەرمان بە کردنی شتێك و ئەویتریان قەدەغەی دەکات، صادق وتی: کار بە هیچ یەکێکیان مەکە تا بە هاوڕێکەت نەگەی و پرسیاری لێ نەکەی، وتم: ناکرێ دەبێ کار بە یەکێکیان بکەین، صادق وتی: (ئەوەی پێچەوانەی ڕای گشتییە ئەوا ئەو وەربگرە)[2].

---

(١) الوافي (٣٣٣٦٤) ٣١.

(٢) الوافي (٣٣٣٧٥) ٤٢، و فەرموودەیەك کە دراوەتە پاڵ ڕیزا باس لەوە دەکات کە ناوبراو کاری بە پەیڕەوی پێچەوانە جوڵانەوە کردووە لە پێناو جیاواز بوون، کاتێکیش عەلی کوڕی ئەسبات پرسیاری لێکرد و پێی وت: شتی نوێ ڕوودەدات و من هیچ شتێکی لەسەر نازنم و کەسێك لە لایەنگرانت لەو شارەدا نییە تا من داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکەم، ڕیزا پێی وتوە: (برۆ لای شەرعناسی شارەکە و

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم گێڕانەوانە بناغە دادەمەزرێنن بۆ بنەڕەتێکی مەترسیدار کە بریتییە لە پێچەوانە بوون لە پێناو جیاواز بوون. ئەمە شوێنەوارێکی نەرێنی لە فیقهی ئیمامیدا بەجێهێشت. سەرباری بە دوور زانینی هاتنی ئەم گێڕانەوانە لە ئیمامی صادقەوە، ئەوا بووە هۆی بێزاربوونی کۆمەڵێکی تری شیعە وەك محەممەدی کوڕی موسلیم کە دەوترێت پرسیاری لە صادق کرد لەبارەی هۆکاری تێکگیرانی فەرموودەی ئیمامەکان لەگەڵ فەرموودە ڕاست و دروستەکانی پێغەمبەر، ناوبراو وتویەتی: ئەوە چییە کەسانێك فەرموودە لە فلان و فیسار و لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕنەوەو بە دۆزن تۆمەتباریش ناکرێن بەڵام دەبینین فەرموودە لەلای ئێوە دێت و پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەرە؟ صادق وتی: (فەرموودە هەڵدەوەشێتەوە، هەروەك ئایەتی قورئان دەکرێت هەڵبوەشێتەوە)[1].

## ٦_ فەتوادان بە پێچەوانەی شەریعەت بە مەبەستی خۆپارێزی

ئیمامییەکان ئەوەیان دایە پاڵ ئیمام صادق و سەرجەم ئیمامەکانی تر کە گوایە فەتوا بە پێچەوانەی حوکمی شەرعی دەردەکەن وەك خۆپارێزی (توقیە)،

---

پرسیارەکەی لێ بکە، ئەگەر فەتواو ڕوونکردنەوەی بۆ کردی ئەوا تۆ پێچەوانەی ڕوونکردنەوەکەی ڕەفتار بکە، چونکە ڕاستی لەمەدایە). و ڕیزا دەڵێت: (ئەگەر دوو هەواڵ و فەرموودەی جیاوازتان بۆ هات ئەوا تەماشا بکەن کامەیان پێچەوانەی ڕای گشتی بوو ئەوا وەری بگرن، سەیریش بکەن ئەوەی کۆك بێت لەگەڵ هەواڵ و فەرموودەی ئەوان ئەوا فەرامۆشی بکەن). الوافي (٣٣٣٥٦) عن عيون أخبار الرضا ١: ١٠/٢٧٥، والوافي (٣٣٣٦٧) ٣٤.

(١) الوافي، عن الكليني، الكافي: ١: ٥٢/ ٢. هەندێك لە شرۆڤەکارانی ئەم فەرموودەیە پێیان وایە کە فەرموودەی بەناوبانگی ئیمامەکان کە پێچەوانەی فەرموودەی بەناوبانگی پێغەمبەرە دەرخەری هەڵوەشێنەرەوە _ ناسخ _ە نەك خۆی هەڵی بوەشێنێتەوە _ نەسخی بکاتەوە _.

پێشیان وابوو کە ئیمامەکان بە ئەنقەست وەك خۆپارێزی هەندێك جار فەتوای دژیەك دەدەن. گێڕانەوەکانمان لەبارەی ئەم بابەتە لە بەشێکی تر خستۆتەڕوو و لێرەدا تەنها سێ گێڕانەوە دەخەینەڕوو: باوکی عەمری کینانی لە صادقی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئەی باوکی عەمر ئەگەر قسەیەکم بۆ کردی یان فەتوایەکم بۆ دای دواتر گەڕایتەوەو لەبارەی هەمان شت پرسیارت لێکردم و منیش بەپێچەوانەی جاری یەکەم وەڵامت بدەمەوەو فەتوات بۆ بدەم. تۆ کامەیان وەردەگری؟ باوکی عەمری وتی: تازەترینیان وەردەگرم و ئەوەی تر فەرامۆش دەکەم، صادق وتی: ڕاستت پێکا ئەی باوکی عەمرو، خوای گەورە وای ویستووە کە بە نهێنی بپەرسترێت، سوێند بەخوا ئەگەر وا بکەن ئەوا چاکەی بۆ من و ئێوەی تێدایە، خوای گەورە ڕەتی کردۆتەوە ئێمە لە ئایینەکەیدا جگە لە خۆپارێزی _ توقیە _ بگرینەبەر)[1]. باوکی جەعفەری ئەحوەل لە صادق دەگێڕێتەوە: (خەڵکی بۆیان نییە هیچ بکەن تا پرسیار نەکەن و تێ نەگەن و ئیمامەکەیان نەناسن، ئەو کاتە دەبێت قسەی ئیمامەکەیان وەربگرن ئەگەر قسەکەشی بە خۆپارێزی _ توقیە _ کردبێت)[2]. زورارەی کوڕی ئەعیون لە صادق دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (ئەگەر وتەیەکت لە من بیست بە وتەی خەڵکی دەچوو: ئەوا بزانە خۆپارێزی _ توقیەی _ تێدایە، ئەوەی لەمنەوە بیستت کە بە قسەی خەڵکی نەچوو ئەوا خۆپارێزی تێدا نییە)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب التقية ح رقم ٧.

(٢) الوافي (٣٣٣٤٦) عن الكافي ١: ٤٣١.

(٣) الوافي ح رقم (٣٣٣٧٩) ٤٦. باوکی بەصیر وتی: پرسیارم لە صادق کرد لەبارە قنوت خوێندنەوە، صادق وتی: لەو نوێژانەدا کە بەدەنگ دەخوێندرێن، باوکی بەصیر دەڵێت وتم: من پرسیارم لە باوکی

## دەروازەی دووەم

## ڕووخسارەکانی فیقهی ئیمامی

ئەم بنەمایانەی کە دامەزرابوون لەسەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) ڕەنگیان دایەوە لە (فیقهی ئیمامی)، جا بە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر ژمارەیەك لە دەروازەکانی فیقهدا وەك: نوێژ، ڕۆژوو، میرات، داد، تێکۆشان (جیهاد)، پێنج یەك (الخمس) و زەکات و دەستکەوتەکان.

### ١_ نوێژ

ئەو بنەمایانەی لەسەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) دامەزرا بوون ڕەنگیان دایەوە لەسەر گرنگترین پەرستشی ئیسلامی (نوێژ) لە چەندین شتدا: وەك بانگدان[(١)]. بەبێ باوەڕدانان (تەکفیر کردن) لە نوێژدا[(٢)]. و لە جیاتی وتنی (داوای گیرابوون: آمین) لە دوای سورەتی فاتیحە لە نوێژی بە کۆمەڵدا وتنی (سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان: الحمد لله رب العالمين)[(٣)]. دروست نەبوونی

---

تۆ کرد لەوبارەوە، باوکت وتی: لە هەر پێنج نوێژەکەدا دەخوێندرێ؟ صادق وتی: ڕەحمەتی خوا لە باوکم بێت، هاوەڵانی باوکم هاتنە لای ئەو و پرسیاریان لەو بارەوە لێکرد و ئەویش ڕاستییەکەی پێ وتن دواتر گوماندارەکان هاتنە لام بۆیە منیش بە خۆپارێزی _ توقیە _ فەتواو ڕوونکردنەوەم بۆ دان. الكليني، الكافي، ح رقم ٥١٢٢_٣.

(١) فیقهی ئیمامی (باوێشك: تثویب)ی ڕەتکردەوە کە بریتییە لە وتنی: (نوێژ خێرترە لە خەوتن) لە بانگی بەیانی دا. الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب التقية ح رقم ٧.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٤٩٣٨ _ ١.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٥٠٠٣ _ ٥.

خوێندنی کەمتر لە سوڕەتێك لە دوای سوڕەتی فاتیحە[1]. کرنووش بردن لەسەر زەوی و گڵی وشك[2]. و هەندێك شتی تر لاوەکی تر. ئەمانە شتانێکن دەکرێ ڕاجیایی لەسەر دروست بێت لە نێوان شەرعناسانی یەك مەزهەب، بەڵام گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان فیقهی ئیمامی و مەزهەبەکانی تر خۆی دەبینێتەوە لە (بە سیاسەت کردنی نوێژ) ئەمەش لە میانەی کۆمەڵێك ڕێوڕەسمی ئایینی کە فیقهی ئیمامی هەوڵدەدات لە سایەدا جەخت بکاتەوە لە لایەنگیری ئیمامەکان، بە پێداگیری لەسەر (درووود دان لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد) لە ناو نوێژدا، ئەمەش دوای ڕاڤەکردنی ئالی محەممەد بە ئیمامە عەلەویە حوسەینیەکان، ئەمەش بۆ بەیاد هێنانەوەی درووود دانە لەسەر ئیمامەکانە و خزاندنیان بۆ ناو ڕێوڕەسمی پەرسشتەکان، هەروەك ئەم وتەیە دەدرێتە پاڵ باقر کە گوایە وتویەتی: (هەر کەسێك لە چەمانەوە _ ڕکوع _ و کرنووش و ڕاوەسانی نوێژدا بڵێت: خوا درەوودی لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد داوە، ئەوا خوا بە هاووێنەی چەمانەوەو کرنووش و ڕاوەستانەکەی چاکەی بۆ دەنووسێت)[3]. و ناوبراو وتویەتی: (ئەگەر نوێژی هەینیت کرد بڵێ: "خوایەگیان؛ درووود بدە لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد کە ڕاسپێرراون و ڕازین بە چاکترین درەوودی تۆ و باشترین بەرەکەتی خۆتیان بەسەردا بڕێژەو سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا لە محەممەد و ئیمامەکان بێت" ئەوەی لە دوای نوێژی ئێواران ئەمە بڵێت ئەوا خوا

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٥٠١٠ _ ١٢.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥٠٧٦ _ ١.

(٣) بە پشت بەستن بە فەتوایەك کە دراوەتە پاڵ ئیمامی صادق لەبارەی ئەو شتەی لە نوێژدا کرنووشی لەسەر دەبرێ، فەتوایەکە دەڵێت: (کرنووش تەنها لەسەر زەوی ببە یان لەسەر ئەو شتەی لە زەوییەوە شین دەبێت تەنها لۆکە و کەتان نەبێت). الكليني، الكافي ح رقم ٥٠٥٧ _ ١٣.

سەد هەزار چاکەی بۆ دەنووسێت و سەد هەزار گوناهی لێ دەسڕێتەوە و بەهۆیەوە سەد هەزار پێویستی بۆ جێبەجێ دەکات و سەد هەزار پلەش بەرزی دەکاتەوە)[١].

ئیمامییەکان لە باقر دەگێڕنەوە کە وەسیەتی خوێندنەوەی وتارێکی تایبەتی ڕۆژی هەینی کردووە کە درووود بدات لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد و تیایدا نزا بکرێت بۆ یەك بە یەکی ئیمامەکان[٢]. هەروەك دوعایەکی تایبەت لە صادق دەگێڕنەوە کە لە دوای تەواو بوونی نوێژ دەکرێت و جەخت دەکاتەوە لەسەر پشتگیری کردنی ئال و بەیت، گوایە دەڵێت: (ئەگەر لە نوێژکەت بویتەوە بڵێ: "خوایەگیان؛ من گوێڕایەڵی و خۆشویستن و لایەنگیری کردنت و لایەنگیری پێغەمبەرەکەت و ئیمامەکان هەر لە سەرەتاکەیان تا کۆتاییان بە دینداری دەگرم" ناوی ئیمامەکانیش بهێنە، دواتر بڵێ: "خوایەگیان؛ من بە گوێڕایەڵی تۆ و لایەنگیری و پشتگیری و ڕازی بوون بەو پلەوپایەی بە ئیمامەکانت داوە دینداری دەکەم، من خۆم بەگەورەتر و لووت بەرزتر نازانم لەو واتایانەی تۆ لە کتێبەکەتدا داتبەزاندووە بەو سنوورانەی لەوبارەوە بۆمان دیاریکراون و ئەوەی بۆشمان نەهاتووە هەر باوەڕمان پێی هەیە و دانمان پێداناوەو ڕازین بەوەی تۆ پێی ڕازی ئەی پەروەردگارا و مەبەستمان ڕەزامەندی تۆ و بەختەوەری دواڕۆژە و ترس و حەزەوە بەرەو لات دێم، جا کە دەم ژیێنی لەسەر ئەمە بم ژیێنە، کە دەشمرێنی

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٥٥١٥ _ ٤.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥٤٩٤ _ ٦.

ئەوا لەسەر ئەوە بمرێنە و کە زیندووشت کردمەوە لەسەر ئەوە زیندووم بکەرەوە")[1].

هەروەك ڕەهەندی سیاسی لە نوێژدا دەردەکەوێت ئەمەش بە نەفرەت کردنی دژەڕاکان لە دوای نوێژەکان[2]. هەروەها لە بابەتی نوێژکردن لە دوای دژەڕاکانەوە، ئیمامییەکان باقرەوە دەگێڕنەوە کە ڕێگری کردووە لە نوێژکردن لە دوای ئەوان و گوایە وتویەتی: (ئەوانە لای من وەك ئاوڵە وان)[3]. و لە صادقیش دەگێڕنەوە کە وتویەتی: (ئەگەر لە دوای پێش نوێژخوێنێك نوێژت کرد بەشێوەیەك کە بە پێشەوا داینەنێی و لاسایی نەکەیتەوە ئەوا قورئانەکەت بخوێنە ئەگەر گوێت لە دەنگی ئەو بێ یان نا)[4].

ڕەهەندی سیاسی دەردەکەوێت لە ڕێگر کردن لە ئەنجامدانی نوێژ لە خاکی سور (سواد)دا، بە پێچەوانەی نەوەکانی عەبباس کە ئەمەیان وەك دروشمێکی خۆیان بەرزکردەوە[5].

سەرباری ئەمە ئیمامییەکان جۆرێك لە نزاو پاڕانەوە و دروود لە ئیمامەکان دەگێڕنەوە کە تکاکردن بە پێغەمبەرو ئال و بەیت لە خۆ دەگرێت بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان[1].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٥١٦٠ _ ٢٦.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥١٤٤ _ ١٠.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٥٢٧٦ _ ٢.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٥٢٧٨ _ ٤ و ح رقم ٥٢٨١ _ ٧.

(٥) الكليني، الكافي ح رقم ٥٤٠٥ _ ٣٠.

## ٢_ ڕۆژوو

سەربارى ئەوەى ڕۆژوو شتێکى ساکارە، ئەوا هەندێك خاڵى ڕاجیایى هەبوون لە نێوان فیقهى ئیمامى و قوتابخانە فیقهییەکانى ترى ئیسلامى، لەوانە گرنگترین ئەو خاڵانەش کە ڕاجیاییان تێکەوت بریتى بوو لە ئەندازەى ماوەى مانگى ڕەمەزان، ئیمامییەکان کۆمەڵێك گێڕانەوەیان لە صادق گێڕایەوە کە وتویەتى: (مانگى ڕەمەزان سى ڕۆژە و هەرگیز کەم ناکات)[٢]. ئەوەش واى کرد کە شیعە ئیمامییەکان لە جەژندا لەگەڵ تێکڕاى موسڵمانان جیاواز بن، هەروەها لە جەژنیشدا بە ڕۆژوو بن مەگەر ئەو کاتە نەبێ کە بۆ خۆپاریزى بە ڕۆژوو نەبن[٣].

ئیمامییەکان کۆمەڵێك گێڕانەوەى دژیەکیان لە ئیمامەکانى ئال و بەیت گێڕاوەتەوە سەبارەت بە سوننەت بوونى بە ڕۆژوو بوون لەو ڕۆژەدا و هەندێك گێڕانەوەش بە ناپەسندى دەزانن، کلینى هەندێك گێڕانەوەى هێناوە کە بە ڕۆژوو بوون لەو ڕۆژەدا بە ناپەسەند دەزانن و ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمە ڕۆژوویێکى فەرامۆش کراوە بەهۆى فەرز بوونى مانگى ڕەمەزان و شتێکیش فەرامۆش کرابێ

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٥٦٩٥ _ ١ و ح رقم ٥٧٠١ _ ٧.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ١٦٣٢٦ و ح رقم ٢٦٣٢٧ و ح رقم ٣٦٣٢٨.

صدوق لە کتێبى (من لا یحضره الفقیه) و ژمارەیەك لە شەرعناسانى شیعە لە سەدەى چوارەمى کۆچى وەك شەریفى باوکى محەممەدى حوسەینى و حوسەینى کوڕى عەلى کوڕى حوسەین و هارونى کوڕى موسا ئەم هەواڵانەیان وەرگرتووە، بەڵام زۆربەى شیعەکان ڕەتیان کردۆتەوە بەهۆى لاوازى زنجیرە و سەنەدەکەیان و تێکگیرانیان لەگەڵ واقیعى بەرهەست و هەواڵە زۆرو بەربڵاوەکان. مەجلیسیش بە خۆپارێزى ڕاڤەى کردووە.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٧٦٣٣٩ و ح رقم ٩٦٣٤١.

ئەوا بیدعەیە و (ئەمە ڕۆژوویکە ئایەتی لەسەر دانەبەزیوەو سوننەت پیادەی نەکردووە تەنها سوننەتی خانەوادەی زیاد نەبێت بە کوشتنی حوسەینی کوڕی عەلی دروودی خوایان لێبێت)[١].

## ٣_ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (یاساکانی باری کەسێتی)

### مارەبڕین (ژنهێنان)ی کاتی (نکاح المتعة)

لەوانە دیارترین بابەت کە فیقهی ئیمامی تیایدا ڕاجیا بووبێت لەگەڵ فیقهی ئیسلامی کە ئەو کاتە بەو ناوە ناسراو بوو و دواتر بە فیقهی سوننی ناسرا، بریتی بوو لە مارەبڕینی کورت خایەن و کاتی. ئەو هەڵوێستەی پشتی ئەم مارەبڕینەی دەگرت توونددڕەوی تێکەوت بە پێچەوانەی ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب لە دوایین ساڵی تەمەنی حەرام و قەدەغەی کرد. سەرباری ئەوەی ئیمامی زەیدی

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٦٦٠٣ و ح رقم ٦٦٦٠٥ و ح رقم ٧٦٦٠٦ و ح رقم ٥٦٦٠٤.

مەجلیسی وتویەتی: سەبارەت بە ڕۆژوو بوون لە ڕۆژی عاشوڕادا ئەوا گێڕانەوەی جیاواز هاتوون، جا شێخ (مەبەستی موفیدە _ وەرگێڕ _) گێڕانەوەکانی کۆکردۆتەوە بەوەی هەر کەسێك ڕۆژی عاشورا بە ڕۆژوو بێت وەك خەمبارییەك بۆ کارەساتەکانی ئالی محەممەد (سڵاوی خوایان لێبێت) ئەوا خێرو چاکەکەی پێکاوە، ئەوەش کە لەو ڕۆژەدا بە ڕۆژوو دەبێت بەو بڕوایەی کە دژەڕاکانمان پێیان وایە خێرو چاکە و فەرو بەرەکەت لە ڕۆژییەکەیدایە ئەوا گوناهبار بووەو بە هەڵەداچووە، مەجلیسی کۆکردنەوەی ئەم فەرموودانەی لە موفیدەوە هێناوە، بەڵام ئەوەی بۆم دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئەو هەواڵانەی هاتوون لەبارەی گەورەیی بە ڕۆژووبوون لە ڕۆژی عاشورادا بە خۆپارێزی _ توقیە _ لێکدەدرێنەوەو سوننەت وایە مرۆڤ تا ئێوارە وەك خەمبارییەك هیچ شتێك نەخوات نەك بە ڕۆژوو بێت هەروەك شێخ لە (مصباح)دا هێناویەتی.

کوڕی عەلی لە باپیرەی خۆی میری باوەڕدارانی گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا مارەبڕینی ئارەزوویی کورت خایەنی لە ڕۆژی خەیبەردا حەڕام کرد، کەچی ئیمامییەکان لە باقری برای زەیدیان گێڕایەوە کە گوایە هەڵوێستێکی توندی لە پشتگرتنی ڕەوایی ئەو مارەبڕینە گرت و ڕەتی کردەوە حەڕام بێت. گوایە باقر بە باوکی بەصیری وتوە: مارەبڕینی کاتی لە قورئاندا دابەزیووە:﴿ فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم بِهِۦ مِنْهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَٰضَيْتُم ﴾ النساء: ٢٤. واتە: (لەگەڵ هەر ئافرەتێکتان هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ و هیچ گوناهیش نییە لە کەم کردنەوەی ئەو مارەییەی لەسەری ڕێککەوتبوون)[1]. و لە باقریان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئەگەر عومەری کوڕی خەتاب پێشتر دەستپێشخەری نەکردبا لە حەڕام کردنی ئەوا تەنها کەسی بەدبەخت زینای دەکرد)[2]. هەروەك لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە گوایە وتویەتی: (ئایەتەکەی بەوشێوەیە دابەزیوە: "إنما نزلت فما استمتعتم به منهن _ إلى أجل مسمى _ فآتوهن أجورهن فريضة" واتە: لەگەڵ هەر ئافرەتێك هاوسەریتان گرت _ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو _ ئەوا مارەییەکەیان بدەنێ کە لەسەری ڕێکەوتوون)[3]. جەختی لەسەر ئەمە کردووە بەوەی وتی: (مارەبڕینی کاتی لە قورئاندا هاتووەو لە سوننەتی پێغەمبەریشدا ((ﷺ)) پیادەکراوە)[4].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٤٢ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٤٣ _ ٢.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٤٤ _ ٣.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٤٦ _ ٥.

پشتگیری باقر بۆ ئەم جۆرە مارەبڕینە بووە هۆی وروژاندنی مشتومڕ لە نێوان شەرعناسان لەو کاتدا، جا عەبدوڵای کوڕی عومەیری لەیسی هاتە لای باقر و وتی: چی دەڵێی لە مارەبڕینی کاتی؟ باقر وتی: خوا لە کتێبەکەیدا و لەسەر زمان (یان سوننەتی) پێغەمبەرەکەی حەڵاڵی کردووە، کەواتە حەڵاڵە تا ڕۆژی دوایی، وتی: ئەی باقر چۆن کەسی وەك تۆ ئەمە دەڵێت لە کاتێکدا عومەر حەرام و قەدەغەی کردووە؟! باقر وتی: جا چییە با عومەری کوڕی خەتاب وای کردبێت! وتی: من پەنادەگرم بەخوا لەوە شتێك حەڵاڵ دەکەیت کە عومەر حەرامی کردبێت، باقر وتی تۆ لەسەر وتەی هاوەڵەکەت بڕۆ و منیش لەسەر وتەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دەچم دەی با نەفرەتت لێبکەین، چونکە ڕاستی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی و نا ڕاست و پوچەڵیش ئەوەیە کە هاوەڵەکەت وتویەتی. زورارە وتی: عەبدوڵای کوڕی عومەیر ڕووی وەرگێڕا و وتی: ئەی باقر پێت خۆشە ژن و کچ و خوشك و کچە مامەکانت ئەمە بکەن؟ زورارە وتی: باقر پشتی تێکرد کاتێك ناوی ئافرەت و کچە مامەکانی برا[١].

ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە گوایە وتویەتی: (مارەبڕینی کاتی ئاینی من و باوو باپیرانمە کەسێك کاری پێ بکات کاری بە ئاینی ئێمەی کردووە، کەسێکیش نکۆڵی لێ بکات ئەوا نکۆڵی لە ئاینی ئێمەی کردووەو باوەڕی بە جگە لە ئاینی ئێمەی هێناوە)[٢]. و وتویەتی: (کەسێك لە ئێمە نییە کە باوەڕی بە گەڕانەوەمان و مارەبڕینی کاتی بە حەڵاڵ نەزانێت)[٣].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٤٥ _ ٤ والتهذيب ١٨٦/٢ وسائل الشيعة ٤٣/١٤.

(٢) الصدوق، من لا يحضروه الفقيه ٣٦٦/٣.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٨٣.

ئیمامییەکان زێدەڕۆیان کرد لە پشتگرتنی مارەبڕینی کاتی، هەڵسان بە گێڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمووده لە باقرو صادق کە هانی ئەوە دەدەن مارەبڕینی کاتی ئەنجام بدرێت، وەك ئەم فەرمایشتەی باقر: (کاتێك شەوڕەوی بە پێغەمبەر ((ﷺ)) کرا بۆ ئاسمان فەرمووی: جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ پێم گەیشت و وتی: ئەی محەممەد خوای پایەبەرز دەفەرموویت: من لەو ئافرەتانەی ئوممەتەکەت خۆش بوومە کە مارەبڕینی کاتی ئەنجام دەدەن)[1]. و باقر لە وەڵامی ئەوەی پرسیاری لێکرد: ئایا کەسی مارەبڕینی کاتی دەکات پاداشت وەردەگرێت؟ وتی: (ئەگەر مەبەستی لەو کارەدا ڕەزامەندی خوا بێت و پێچەوانە جوڵانەوەی دژەڕانمان بێت ئەوا هەر وشەیەك لەگەڵ ئافرەتەکە دەربڕێت ئەوا خێری بۆ دەنوسرێت، هەر کاتێك دەست بۆ ئافرەتەکە ببات ئەوا خوا چاکەیەکی بۆ دەنووسێت، جا ئەگەر لێی نزیك بووەوە ئەوا خوا گوناهێکی لێ ڕەش دەکاتەوە، کە خۆی شۆرد ئەوا خوا بە ئەندازەی ئەو ئاوەی بەسەر مووەکانی دا دەڕوات تاوانی لێدەسڕێتەوە، پرسیارکەرەکە وتی: بە ئەندازەی ژمارەی مووەکان؟ باقر وتی: بەڵێ، بە ئەندازەی ژمارەی مووەکانی)[2]. و ئەم وتەیەی صادق: (من پێم خۆشە مرۆڤ دونیا جێ نەهێڵێت تا مارەبڕینی کاتی ئەنجام نەدات ئەگەر یەکجاریش بێت)[3]. و صادق وتویەتی: (هەر پیاوێك پرۆسەی مارەبڕینی کاتی پێك بێنێت و پاش جووت بوون خۆی بشوات ئەوا خوا لە هەر دڵۆپێکی ئاوی خۆشۆردنەکە حەفتا فریشتە بەدیدەهێنێت و تا ڕۆژی دوایی بۆی دەپاڕێنەوەو

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٦٠١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٤٦٠٠ والصدوق من لا يحضره الفقيه ٢/ ١٤٩/ وسائل الشيعة ٤٤٢/١٤.

(٣) الحر العاملي، وسائل الشيعة ٤٤٣/١٤.

ئەفرەتیش دەکەن لەوەی خۆی لەم مارەییە دوور دەگرێت تا کاتی بەرپابوونی دواڕۆژ)[1].

عەبدوڵای کوڕی سینان لە صادقی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە هەموو شلەمەنییەکی هۆشبەری لە پشتیوانەکانمانی حەڕام کردووەو قەرەبووی کردوونەتەوە بە مارەبڕینی کاتی)[2].

هەندێك لە گێڕانەوەی ئیمامییەکان کە دراونەتە پاڵ باقرو صادق پێویستی بە مەرج دانانێن بۆ پیادەکردنی مارەبڕینی کاتی، بەڵکو بە ڕەوای دادەنێت لە یەك کاتدا چەندین ئافرەت بە هاوسەرگیری کاتی مارە بکرێن، ئەگەرچی پیاوەکە چوار ئافرەتیشی هەبێت، ئیمامییەکان لە باقریان گێڕاوەتەوە کە ئەو ئافرەتانەی مارەبڕینی کاتی ئەنجام دەدەن وەك چوار ژنەکە نین، چونکە ئەوانەی مارەبڕینی کاتی ئەنجام دەدەن تەڵاق نادرێن و میرات ناگرن بەڵکو تەنها بەکرێ گیراون[3]. ئیمامییەکان وتویانە پرسیار لە صادق کرا ئایا مارەبڕینی کاتی دەچێتە بازنەی چوار ژنەوە؟ صادق لە وەڵامدا وتی: (نا، تەنانەت بە حەفتاش سنووردار ناکرێ)[4]. گوایە صادق بە زورارەی وتوە: (هەزاریان لێ مارە بکە، چونکە بەکرێ گیراون)[5]. فوزەیلی کوڕی یەسار لەوبارەوە پرسیاری لە صادق کرد، ئەویش وتی:

---

(١) الحر العاملي ح رقم ٤٤٤/١٤.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٤٦١٦.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٥٤ _ ٥.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٩٤ و ح رقم ٩٩٥١ _ ٢ و ح رقم ٩٩٥٣ _ ٤.

(٥) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٥٦ _ ٧.

(ئەوانە وەك هەندێك لە كەنیزەكەكانتن)[1]. عومەری كوڕی ئەزینە پرسیاری لە ناوبراو كرد: ئایا مارەبڕینی كاتی لەگەڵ چەند ئافرەتدا دروستە؟ صادق وتی: (ئەوانە وەك كەنیزەكن)[2] واتە: بێ سنوورە.

سەرباری ئەم فراوانكارییە لە بەڕەوادانانی مارەبڕینی كاتی لە فیقهی ئیمامی دا، دەبینین فیقهی جەعفەری پڕیەتی لە گێڕانەوەی دژ ئەو گێڕانەوەی پێشوو كە داوای خۆدووورگرتن دەكەن لە مارەبڕینی كاتی یان زۆر سەرەدان كردنی ناڵی ئافرەتی سۆزانی و خۆفرۆش[3]. یان مارەبڕینی كاتی تەنها بۆ ڕەبەنەكان (بێ ژنەكان) بە حەڵاڵ دادەنێن[4].

## پوچەڵی تەڵاقی سێ بەسێ

بابەتێكی تر كە فیقهی ئیمامی پێی جیا دەكرێتەوە بریتییە لە هەڵوێستەكەی لە بەرامبەر تەڵاقی سێ بە سێ لە یەك مەجلیسدا، ئەمەش بەتاڵ نییە لە ڕەهەندی سیاسی دژ بە هەڵوێستی عومەری كوڕی خەتاب كە تەڵاقدانی سێ بەسێی بە تەڵاقی كۆتایی لێكدایەوە، بە پێچەوانەوە فیقهی ئیمامی تەڵاقی سێ بەسێی لە یەك مەجلیسدا بە تەڵاقێكی پوچەڵی پێچەوانەی سوننەتی دادەنێت، تەنانەت بە یەك تەڵاقیشی هەژماری ناكات[5]. ئیمامییەكان لە صادق

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٩٥.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٥٠ _ ١.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٦٠ _ ٤ و ح رقم ٩٩٦٠ _ ٤ و حرقم ١٠٠٢٥ _ ١٠ و ح رقم ٤٥٩٢.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٩٩٥٨ _ ٢.

(٥) الكليني، الكافي ح رقم ١٨ _ ١٠٦٨٩ و ح رقم ٩١٠٦٨٠ و ح رقم ١٠٦٨٧ _ ١٦ و ح رقم ٧١٦٧٨.

دەگێڕنەوە کە هۆشداری داوە بەوانەی لە یەك مەجلیسدا سێ بە سێ ژنەکانیان تەڵاق دەدەن بەوەی تەڵاقیان ناکەوێت و هێشتا خاوەن ژنن[1].

لە کاتێکدا فیقهی جەعفەری ئاسانکاری دەکات لە بابەتی شایەتی دان لە ژن مارەکردندا، کەچی توندگیری دەکات لە شایەتی دان لەسەر تەڵاق، تەنانەت شایەتی دان بە مەرج دادەنێت بۆ دروستی تەڵاق[2]. (تەڵاق بە پێچەوانەی سوننەت پوچەڵە)[3].

## ٤_ میرات

تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و خوێندنەوە تایبەتەکەی بۆ مێژوو ڕەنگی دایەوە لە یاساکانی میراتدا ئەویش لە دوو مەسەلەدا:

١_ لە کاتی نەبوونی میراتگرێکی سەرەکی تر ئەوا کچە میراتگرەکە هەموو میراتەکە وەردەگرێت، بە پێچەوانەی فیقهی سوننی (عەبباسی) کە نیوە دەدات بە مام و خزمە نزیکەکان.

٢_ ژن میراتی خانووبەرە وەرناگرێت.

لە کاتێکدا مەسەلەی یەکەم کاریگەر دەبێت بە میراتگرتنی فاتیمەی زەهرا بۆ هەموو میراتەکەی باوکی و گوێزرانەوەی بۆ نەوەکانی فاتیمە و هیچ شتێك بۆ

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٩٨٣٤ _ ٤ و ح رقم ٩٨٣١ _ ١ و ح رقم ١٥ _ ١٠٦٨٦.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٢١٠٦٧٣.

(٣) الكليني، الكافي، ح رقم ٣١٠٦٧٤ و ح رقم ٦١٠٦٧٧ و ح رقم ١١ _ ١٠٦٨٢ و ح رقم ١٣ _ ١٠٦٨٤.

مام و كوڕە مامەكان (وەك نەوەكانی عەبباس)[1] ناگوازرێتەوە، كەچی بابەتی دووەم هەوڵدەدات مافی خاتوو عائیشە لە میراتگرتنی خانووبەرەی پێغەمبەر ڕەت بكاتەوە. جا فیقهی ئیمامی لەم مەسەلەیەدا پشتی بەستووە بە هەندێك گێڕانەوە كە دراونەتە پاڵ باقرو صادق. وەك گێڕانەوەی محەممەدی كوڕی موسلیم كە لە باقری گێڕاوەتەوە: (ژنان هیچ میراتێك لە زەوی و خانووبەرە وەرناگرن)[2]. و گێڕانەوەی مەلیكی كوڕی ئەعیون كە لە یەكێكیانی (باقر یان صادق)ی گێڕاوەتەوە گوایە وتویەتی: (ژنان هیچ خانووبەرەیەكیان بەرناكەوێت)[3]. زوراره لە باقری گێڕاوەتەوە: (ژن هیچ میراتێك ناگرێت لەو خانووبەرە و پارچە زەوی و چەك و ئاژەڵەی مێردەكەی جێی هێشتووە، میرات دەگرێت لە پارەو سامان و

---

(١) شاعیری عەبباسیەكان (مەڕوانی كوڕی ئەبو حەفصە) ئاماژەی كردووە بە ناكۆكی خۆیان لەگەڵ عەلەوییەكان و دەڵێت:

أنى يكون وليس ذاك بكائن　　لبني البنات وراثة الأعمام؟

واتە: چۆن دەبێت و هەرگیز ناشبێت نەوەكانی كچ میراتی مامەكان بگرن.

ئەبانی كوڕی عەبدولحەمیدی لاحیقی وتویەتی:

أعـــــــم نبي الله أقرب زلفة　　إليه؟ أم ابن العـــم فـــــي رتبة النسب؟

وأيهما أولـــــــى به وبعهده؟　　ومن ذا له حق التـــراث بمـــا وجـــــب

فان كان عباس أحق بتـــــكلم　　وكان عـــلي بعـــد ذاك عـــلى ســـبب

فأبناء عباس هُمُ يحجبـــــــونه　　كما العم لإبن العم في الإرث قد حجب

واتە: ئایا مامی پێغەمبەری خوا یان كوڕەمامی پێغەمبەر نزیكترە لە پێغەمبەر لە ڕەچەڵەكدا؟. كامەیان لە پێشترن بۆ جێگرتنەوەی و میراتگرتنی لێی؟. ئەگەر عەباس شیاوتر بێت بۆ قسەكردن و دوای ئەویش عەلی دێت، كوڕەكانی عەباس عەلی بێ بەش دەكەن هەروەك چۆن مام كوڕە مامەكان لە میراتدا بێ بەشیان دەكات.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٤٩١، ١٣ _ ١ و ح رقم ٤٩٤، ١٣_٤.

(٣) الكليني، الكافي، ح رقم ٣١٠٦٧٤ و ح رقم ٦١٠٦٧٧ و ح رقم ١١ _ ١٠٦٨٢ و ح رقم ١٣ _ ١٠٦٨٤.

ڕایەخ و جل و بەرگ و کەل و پەلی ناو ماڵ و دەرگا و دارو قامیشەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە و ماڤی ئافرەتەکە لێی دەدرێت)[1]. و ئەو گێڕانەوەیەی لە یەزیدی صائغ گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: گوێبیستی باقر بووم دەیوت: ژنان میراتی خانووبەرە وەرناگرن، بەڵام نرخی خشت و تەختەی خانووەکەی پێ دەدرێت، یەزید دەڵێت: پێم وت: خەڵکی کار بەم بۆچوونەی تۆ ناکەن، باقر وتی: ئەگەر حوکمڕانی ئەوانمان لە ئەستۆگرت ئەوا بە قەمچی لێیان دەدەین تا کاری پێ دەکەن جا ئەگەر وایان کرد ئەوە باشە ئەگەرنا بە شمشێر لێیان دەدەین[2].

## ٥_ دادوەری

لەبەر ئەوەی دادوەری بە یەکێك لە دیارترین بەرپرسیارێتییەکانی دەوڵەت دادەنرێت جا هەر دەوڵەتێك بێت، دەبوایە کاریگەر بووبا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە تیۆری ئیمامەت، هەروەها ئەو دادوەرییەی پاشکۆی ڕژێمە (ستەمکارو خۆسەپێنەرەکان) بوو دووچاری خۆدابڕینی شیعە ئیمامییەکان بوو، جا ئیمامییەکان هەندێك فەرموودەیان لە ئیمامەکان گێڕایەوە کە داوای پێکهێنانی فەرمانگەی دادوەری شەرعی نهێنی تایبەت بە خۆیان دەکەن، بەشێوەیەك کە شوێنکەوتووی ئیمامەتی ئیمامەکانی ئال و بەیت بێت. کلینی لە کتێبی (الکافی)دا لە بەشی دادوەری و حوکمەکان (دەروازەی: حکومەت هی ئیمامە) چەندین گێڕانەوە لەو بوارەدا دەهێنێتەوە. هەروەك سولەیمانی کوڕی خالید لە صادقەوە دەگێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (خۆتان بپارێزن لە حکومەت، چونکە حکومەت هی

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٣١٠٦٧٤ و ح رقم ٦١٠٦٧٧ و ح رقم ١١ _ ١٠٦٨٢ و ح رقم ١٣ _ ١٠٦٨٤.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٥٠٠، ١٣ _ ١٠ و ح رقم ٣٦٦ _ ٣ و ح رقم ٤٩٣، ١٣ _ ٣ و ح رقم ٤٩٧، ١٣ _ ٧.

ئیمامە کە زانایە بە دادوەری پێغەمبەر یان ڕاسپێرراوی پێغەمبەر لە یەکلاکردنەوەی کێشەی ناو موسڵمانان)[١].

باوکی خەدیجە دەڵێت: صادق پێی وتم: (نەکەن بچنە لای یەکێك لە ستەمکاران تا دادوەریتان لە ناودا بکات، بەڵکو با یەکێك لە ناو خۆتان کە شارەزای دادوری ئێمەیە کاری دادوەرییەکەتان بۆ بکات و کێشەکانی نێوانتان یەکلا بکاتەوە ئەوا من ئەوم کردۆتە دادوەر، ئێوەش داوەری خۆتان لای ئەو بکەن)[٢].

عومەری کوڕی حەنزەڵە دەڵێت: (پرسیارم لە صادق کرد لەبارەی دوو کەسی خۆمان کە کێشەیان لەسەر میرات یان قەرز هەیە و پەنایان بردە لای دەسڵاتدار یان دادوەر بۆ چارەسەری کێشەکە ئایا ئەمە دروستە؟ صادق وتی: کەسێك داوەری بە تاغوت بکات ئەوا حەڕامی خواردووە ئەگەرچی ئەو شتەی کە وەری دەگرێت هی خۆشی بێ هەر حەڕامە، چونکە حوکمی تاغوتی وەرگرتووە لە کاتێکدا خوا فەرمانی کردووە بێ باوەڕی پێ بکرێت، عومەر دەڵێت وتم: ئەی چی بکەن؟ صادق وتی: سەیری ناوخۆتان بکەن کێ فەرموودەی ئێمەی گێڕاوەتەوەو حەڵاڵ و حەڕام دەزانێ و حوکمەکانی ئێمە دەناسێ ئەوا بیکەنە دادوەری خۆتان، چونکە من ئەو کەسەم بە دادوەرتان دیاری دەکەم، ئەگەر ئەو دادوەرە بە حوکمی ئێمە بڕیاریدا و لێی قبوڵ نەکرا ئەوا سوکایەتی کراوە بە حوکمی خواو حوکمی ئێمە

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٦٠٦، ١٤ _ ١ و حرقم ٦٠٧، ١٤ _ ٢ و ح رقم ٦٠٨، ١٤ _ ٣.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم٦٢٧، ١٤ _ ٤.

ڕەتکراوەتەوە، کەسێکیش حوکمی ئێمە ڕەت بکاتەوە ئەوا بەرپەرچی خوای گەورەی داوەتەوە، ئەمەش بە ئەندازەی هاوبەشدانان بۆ خوا گەورەیە)[1].

## ٦_ تێکۆشان (جیهاد)

هەڵوێستی فیقهی ئیمامی جیاواز بوو لە هەمبەر تێکۆشان (جیهاد) کردن دژی دوژمنە دەرەکیەکان لەگەڵ فیقهی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی و تەنانەت لەگەڵ فیقهی شیعی کۆنیش تەبا نەبوو، جا لە دوای دروست بوونی تیۆری (ئیمامەت) زیاتر لە لایەنی نەرێنی نزیك بوو نەك لەلایەنی ئەرێنی کە پێشتر لایەنە ئەرێنییەکەی تێدا زاڵ بوو. ئیمامییەکان هەندێك دەقیان دەگێڕایەوە کە جیاواز بوو لەگەڵ نزای تێکۆشەران کە لە نزاکەی ئیمام زەینولعابدین عەلی کوڕی حوسەیندا هاتبوو. نزاکە هەڵوێستێکی نەرێنی هەبوو لە بەرامبەر ئەو تێکۆشەرانەی کە پارێزگاری لە قەڵاو سنووری موسڵمانان دەکەن لە سایەی دەوڵەتی ئەمەوییەکاندا. بەڵام فیقهی ئیمامی لە صادقی گێڕاوەتەوە کە شەرعیەت و ڕەوایی تێکۆشان کورت هەڵدێنێ لە سەرکرایەتی کردنی ئیمامەکانی ئال و بەت، بە مەرجیش دادەنێت کە ئیمام باوەڕدارو تێکۆشەر بێت و ستەمکارو یاخی نەبێت. فیقهی ئیمامی پێشی وایە تەنها دەبێت لە یەك کاتدا جیهاد ڕابگەیەنرێت ئەویش بۆ بەرگری کردن لە باوەڕدارە ستەم لێکراوەکان. هەروەك لە فەرموودەیەکی دوورو درێژدا هاتووە کە باوکی عەمرِوی زوبەیری گێڕاویەتیەوە، ناوبراو دەڵێت کە پرسیاری لە صادق کردووە لەبارەی ئەوە ئایا بانگەوازی بۆ لای

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٦٢٨، ١٤ _ ٥.

خواو تێکۆشان لە پێناوی خوادا تەنها بۆ گەلێکە و بۆ ئەوانی تر دروست نییە و تەنها بەوان بەرپا دەبێت یان ڕێپێدراوە بۆ هەر کەسێك خوابەیەکگر بێ و باوەڕی بە پێغەمبەر هەبێت و هەر کەسێك وا بیت بۆی هەیە بانگەوازی بکات بۆ لای خواو گوێڕایەڵ بوون بۆی و تێکۆشان لە پێناویدا؟ صادق وتی: (بەڵێ ئەمە تەنها بۆ هۆزێکە و تەنها بۆ ئەوان دروستە و تەنیا بە کەسانێك پیادە دەکرێت کە لەوان بێت، باوکی عەمر وتی: ئەوانە کێن؟ صادق وتی: ئەوەی هەڵبستێت بە جێبەجێ کردنی مەرجەکانی خوا لە جەنگ و تێکۆشاندا بەسەر تێکۆشەراندا ئەوا ئەو کەسە ڕێپێدراوە کە بانگەوازی بۆ لای خوا بکات، ئەوەش کە مەرجەکانی خوا لە تێکۆشاندا لەسەر تێکۆشەراندا جێبەجێ نەکات ئەوا ڕێپێدراو نییە لە تێکۆشاندا، بۆی نییە بانگەوازی بۆ لای خوا بکات تا ئەو بەڵێنان و مەرجانەی خوا دایناون لە تێکۆشاندا نەیکاتە دادوەر بەسەر دەروونی خۆیدا... ڕێگە بەو باوەڕدارانە دراوە کە ئەو مەرجانەی باوەڕیان تێدایە کە باسمان کرد، بەوەی تەنها ئەگەر ستەم لێکراو بوو ئەو کاتە ڕگەی پێدەدرێت تێ بکۆشێت، ستەم لێکراویش نابێت تا باوەڕدار نەبێ، باوەڕداریش نابێ تا ئەو مەرجانەی خوای گەورە دایناون بۆ باوەڕداران و تێکۆشەران جێبەجێ نەکات، جا ئەگەر مەرجەکان بە تەواوی تێیدا هاتنەجێ ئەوا باوەڕدارە و ئەگەر باوەڕدار بوو ئەوا ستەم لێکراوە، ئەگەر ستەم لێکراو بوو ئەوا ڕێگەی پێ دەدرێت تێ بکۆشێت و جیهاد بکات لەبەر ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ﴾ الحج: ٣٩. واتە: "مۆڵەت دراوە بەو ئیماندارانەی شەڕیان پێ دەگێرن، کە بجەنگ و بەرهەڵستی بکەن، چونکە بەڕاستی ستەم لێکراون، بێگومان خوا دەسەڵاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت".

ئەگەر مەرجەکانی باوەڕی بە تەواوی تێدا نەهاتبنەجێ ئەوا ستەمکارە و دەبێت تێکۆشانی لە دژ ئەنجام بدرێت تا تۆبە دەکات، هاووێنەی ئەو کەسانە ڕێپێدراو نین لە تێکۆشان و بانگەوازی کردن بۆ لای خوا، چونکە یەکێك نییە لە باوەڕدارە ستەم لێکراوەکان کە خوا لە قورئاندا ڕێگەی پێداون تێ بکۆشن... جا خوای مەزن ڕێی داوە بەو باوەڕدارانەی ئەو مەرجانەیان لە خۆدا بەرجەستە کردووە کە خوا دایناوە بۆ باوەڕداران لە ئیمان و تێکۆشاندا، ئەو کەسەی مەرجەکان بەرپا بکات ئەوا باوەڕدارو ستەم لێکراوەو ڕێی پێدراوە بەو شێوەیە تێ بکۆشێت، ئەوەش کە وا نەبێت ئەوا ستەمکارەو ستەم لێکراو نییە و ڕێگەی پێنەدراوە تێ بکۆشێت و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکات، چونکە لەو ئاستەدا نییە و ڕێی پێ نەدراوە بانگەوازی بۆ لای خوا بکات و تێ بکۆشێت، چونکە هاووێنەی ئەو کاسانە دەبێت تێکۆشانیان لەگەڵ بکرێت بانگ بکرێن بۆ لای خوا و مافی تێکۆشانیان نییە لە پێناوی خوادا، جا شیاوی ئەوەی نییە بانگەوازی بۆ لای خوا بکات، چونکە داوای تۆبەی لێدەکرێت و نابێت فەرمان بە چاکە بکات، چونکە فەرمانی بەو دەکرێت کە چاکە بکات، ناکرێت ڕێگری لە خراپە بکات، چونکە ڕێگری لەو دەکرێت تا خراپە نەکات... ئێمە بەو کەسانە ناڵێین کە ئەم وەسفانەی باسمان کردن تێیاندا نییە: تێنەکۆشن، بەڵکو پێیان دەڵێین: زانیمان خوا چەند مەرجی داناوە بۆ تێکۆشەران، ئەوانەی خوا ماڵ و گیانی ئەوانی بە بەهەشت لێکڕیون با هەر یەکێك کەم و کورتییەکانی خۆی کە دەیزانێت چارەسەر بکات و بەراوردی بکات لەگەڵ مەرجەکانی خوا)[1].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٤٠ _ ١، ئیمامییەکان پەیامێکی باقر دەگێڕنەوە کە تیایدا ڕەخنە دەگرێت لەو پرۆسەیەی لە ژێر ناونیشانی تێکۆشان (جیهاد) ئەنجام دەدرێت لە سایەی دەوڵەتی ئومەوییەکان،

ئیمامییەکان فەرموودەیەکیان گێڕاوەتەوە لە صادقەوە ئەویش لە زەینولعابدینی باپیرەیەوە تیایدا هەڵوێستێکی نەرێنی دەنوێنێت لە بەرامبەر ئەو تێکۆشان (جیهاد)ەی لە ڕۆژانی ئەوەدا پیادە دەکرا، لەبەر ئەوەی مەرجەکانی باوەڕی تێدا نییە، گوایە زەینولعابدین بە عوبادی بەصرِی وتوە کاتێك ناوبراو ڕەخنەی لە ئیمام گرت لەسەر فەرامۆش کردنی تێکۆشان و ئەنجامدانی حەج: (ئەگەر ئەو تێکۆشەرانەمان بینی کە مەرجەکانی باوەڕیان تێدابوون ئەوا تێکۆشان هاوشان لەگەڵ ئەوان باشترە لە حەج کردن)[1].

لەو سەردەمدا لەلایەن شیعە ئیمامییەکان ئەم دروشمە ناوی دەرکرد: (جەنگ تەنها لە ژێر سایەی ئیمامی دادگەر دەبێت بکرێت). ئیمامییەکان لە میری باوەڕدارانیان گێڕاوەتەوە کە لە وەسیەتەکەیدا بۆ کومەیلی کوڕی زیادی کردووە وتویەتی: (جەنگ تەنها لە سایەی ئیمامێکی دادگەر دەبێت ئەنجام بدرێت، دەستکەوت تەنها دەبێت بەهۆی ئیمامێکی پایەدارەوە، ئەی کومەیل

---

تیایدا ئاماژە بە گۆڕانی ئامانجەکانی تێکۆشان لە بانگەوازی کردن بۆ خواپەرستنی بۆ بەندە پەرستی، تیایدا دەڵێت: (... ئا لەوەوە ئەو تێکۆشانەی خوای گەورە بە گەورەتری داناوە لە کردەوەکانی تر بە فیرۆ ناچێت و تێکۆشەرەکەشی بە پایەدارتر داناوە لە پلەو لێخۆش بوون و ڕەحمەتدا، چونکە بەهۆی تێکۆشانەوە بەرگری لە ئایین دەکرێت و بەوەوە خوا سامان و گیانی باوەڕدارانی بە هەشت لەوان کڕیوە کە کرین و فرۆشتنێکی سەرکەوتووانەیە، خوا مەرجی داناوە لە سەر تێکۆشەران کە لە تێکۆشانەکەیاندا سنوورەکان بپارێزن، یەکەم شتیش لەوانە بانگەوازی کردنە لە واز هێنان لە گوێڕایەڵی و پەرستنی بەندە بۆ گوێڕایەڵی و پەرستنی خواو لە خۆشویستنی بەندە بۆ خۆشویستنی خوا... بانگەواز ئەوە نییە داوای واز هێنان لە گوێڕایەڵی بەندەیەك بکرێت بۆ گوێڕایەڵی بەندەیەکی هاوشێوەی). الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٢٤ _ ٤ و ح رقم ٨٢٣٨ _ ٢.

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٤٤ _ ١.

پێغەمبەرایەتی و پەیامداری و ئیمامەت بەم شێوەیە، لە دوای ئەمە یان لایەنگران و شوێنکەوتووانن یاخود بیدعەچین، بێ گومان خوا هەوڵ کۆشش لە پارێزگاران قبوڵ دەکات)[1]. بەشیری دوهان بە صادقی وت: لە خەودا بینیم بە تۆم وت: تێکۆشان لە سایەی ئیمامێك کە گوێڕایەڵی پێویست نەبێت حەڕامە وەك مرداربوو و خوێن و گۆشتی بەراز، تۆش پێت دەوتم: وایە؟. صادق وتی: بەڵێ بێ گومان وایە[2].

یەکێك لە ئیمامییەکان پێی وابوو بە صادقی وتوە: لە وڵاتی ئێمە شوێنی خۆ ئامادەکردن هەیە پێی دەوترێت: قەزوین و دوژمنێك کە پێی دەوترێت: (دیلەم) ئایا تێکۆشان یان خۆ ئامادەکردن ئەنجام بدەین؟ صادق وتی: ملی ماڵی خوا بگرن و حەج بکەن. کابرا دووبارە قسەکەی پێی وت، صادق وتی: ملی ماڵی خوا بگرن و حەج بکەن، ئایا کێتان ڕازی نابێت لە ناو ماڵی خۆی بێت و خەرجی خانەوادەکەی بکات و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئێمە بکات ئەوا پلەوپایەی  وەك ئەوەیە کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا جەنگی بەدری کردبێت، ئەگەرچی بە دەم چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئێمەوە بمرێت ئەوا پلەو پایەی وەك ئەو کەسەیە کە لەگەڵ مەهدییەکەماندا لە ژێر یەك چادردا _ پەنجەی شاسەتمان و هاوشێوەکەی بە یەکەوە جووت کرد _ تەنانەت ناڵێم وا بەڵکو پەنجەی شایەتمان و ناوەڕاستی بەیەکەوە کۆکردەوە چونکە پەنجە پێك وەنانی یەکەم درێژتر بوو لە هی دووەم[3].

---

(١) الوافي، (٣٣١٣٣) ٣٤ عن تحف العقول ١١٨.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٤٦ _ ٣.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٤٥ _ ٢.

سەربارى ئاماژەكردنى هەندێك گێڕانەوە بە ئامادەسازى ئیمامەكان لەوەتەی سەردەمى باقرەوە بۆ شۆڕش كردن دژ بە ئومەوى و عەبباسییەكان، هەروەها گوایە داوایان لە پشتیوانانیان كردووە چاوەڕێی مەهدى بكەن كە دەكرێت باقر یان صادق یاخود كازم یان هەر كوڕێكى تریان بێت، دەبینین ئیمامییەكان لە زۆربەی كاتدا پابەند بوون بە هەڵوێستى ئاشتیخوازانە، نەخزاونەتە ناو زۆرێك لەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیانەی تر كە ئیمامەكانى تر لە كوڕانى پێی هەڵسان وەك: ئیمام زەیدى كوڕى عەلى یان محەممەدى  كوڕى عەبدوڵای خاوەن دەروونى پاك یاخود شەهیدى تەڵە حوسەینى كوڕى عەلى، ئیمامییەكان هەڵنەسان بە ڕاگەیاندنى هیچ شۆڕێك لە دژى هیچ حوكمڕانێكى ئەمەوى یان عەبباسى. و مەرجى سەركردایەتى ئیمام (كە لەلایەن خواوە لەسەر بەندەكان پێویستكراوە گوێڕایەڵی ببن) هۆكارێك بوو بۆ پەرتەوازە بوونى زۆرێك لە ئیمامییەكان لە دەورى ئیمام زەید لەو شۆڕشەی كە لە شارى كوفە لە ساڵى ١٢٢ك هەڵیگیرساند، تا واى لێهات بەهۆی ڕەتكردنەوەی بەشداربوون لە شۆڕشى ناوبراو ناویان لێ نرا (ڕەتكەرەوەكان: ڕافیزەكان) بە هۆی ڕەتكردنەوەی ئیمامەتى ئیمام زەید[1].

---

(١) كوشى لە ژیاننامەی زەید و ژیاننامەی باوكى جەعفەرى ئەحوەلى محەممەدى  كوڕى عەلى كوڕى نوعماندا گێڕاویەتیەوە: زەیدى كوڕى عەلى لەگەڵ ئەحوەل دوواوەو پێی وتوە: ئەی محەممەد پێم گەیشتووە تۆ پێت وایە لە ناو خانەوادە و خزمە نزیكەكانى پێغەمبەر ئیمامێك هەیە گوێڕایەڵ و ملكەچ بوون بۆی پێویستە؟ ئەحوەل پێی وت: بەڵێ، عەلى كوڕى حوسەینى باوكت یەكێك لەو ئیمامانە بوو، زەید وتى: ئەوە چۆن دەبێت باوكم پاروى گەرمى بۆ سارد دەكردمەوە ئینجا پێی دەدام، ئایا باوكم دڵی بەم دەسووتاوە لە ئاست گەرمى پارووى گەرم و دڵی بەمن نە سووتاوە لە ئاست گەرمى ئاگرى دۆزەخ؟! ئەحوەل پێی وت: ڕۆحم بەقوربانت بێت، بۆیە پێی نەوتوى، چونكە لەبەر گەرمى ئاگرى دۆزەخ بەزەیی بەتۆدا هاتۆتەوە، دەترسا لەوەی پێت بڵێت و تۆش قبوڵی نەكەیت، بەمەش

ئیمامییەکان هەندێك گێڕانەوەیان لە صادق گێڕاوەتەوە کە تیایدا نکۆڵی کردن بە دڵ لە شتی خراپە زۆر بە گەورە دادەنێت، هەروەك لە گێڕانەوەی یەحیای تەویلی خاوەنی مەنقەریدا هاتووە کە دەڵێت صادق وتویەتی: (ئەو سەربەرزییە بەسە بۆ باوەڕدار کاتێك کارێکی خراپ دەبینێت بە دڵ نکۆڵی لێ بکات و خواش ئاگاداری بێ)[1]. و گوایە وتویەتی: (باوەڕدارێك فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات کە پەند وەربگرێت یان نەزانێك کە فێر ببێت، بەڵام سەبارەت بە خاوەنی قەمچی و شمشێر ئەمە کاری ئەو نییە)[2]. و گێڕانەوەکەی موفەزەڵ کە لە صادقی گێڕاوەتەوە گوایە وتویەتی: (ئەی موفەزەڵ کەسێك

---

بچیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بەم پێیەش دوای نکۆڵییەکەت ناتوانێت تکات بۆ بکات و ویستی خوای گەورەش تۆ ناگرێتەوە. باوکت بەمنی ڕاگەیاند، ئەگەر قبوڵم کرد ڕزگارم دەبێت، ئەگەر قبوڵم نەکرد گوێی پێ نادات بچمەوە ناو ئاگری دۆزەخەوە یان نا. صادق بە ئەحوەلی وت: لە پێشەوەو پشتەوە زەیدت بەستەوەو هیچ دەرچەیەکت بۆ نەهێشتەوە.

لە باوکی خالیدی قەماتەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: یەکێك لە زەیدییەکان لە سەردەمی زەیددا لێی پرسیم: چی وای لێکردی لەگەڵ زەید دەرنەچی و شۆڕش نەکەی؟ دەڵێت: منیش پێم وت: ئەگەر ئیمامێك لە سەر زەوی گوێڕایەڵیەکەی پێویست بێت ئەوا ئەوەی لە پێش ئەوا ڕابپەڕێت ئەوا تیاچووە، ئەگەر هیچ ئیمامێك کە گوێڕایەڵی پێویست بێت لە سەر زەوی نەبێت ئەوا چ ئەوەی شۆڕش دەکات چ ئەوەی دانیشتووە ماوەیان بۆ هەیە، زەیدییەکە هیچ وەڵامێکی پێ نەدرایەوە. دەڵێت: ڕاستەوخۆ چووم بۆ لای صادق و باسی گفتوگۆی خۆم و زەیدییەکەم بۆ باس کرد، صادق پاڵی دابووەو هەستاوە و دانیشت و وتی: لە پشت و پاش و لەلای ڕاست و چەپ و لە سەر و لە ژێرەوە ئەوت گرتووەو هیچ دەرگایەکت بۆ جێ نەهێشتووە. الکشي، ترجمة أبو خالد القماط.

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٣٥٦ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٣٥٧ _ ٢.

ڕووبەڕووی دەسەڵاتداری ستەمکار ببێتەوەو تووشی ئاشوبێك ببێت ئەوا پاداشتی لەسەر وەرناگرێتەوەو ئارامیشی لەسەر ئەو شتە پێ نادرێت)[1].

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٣٥٨ _ ٣.

وا دەردەکەوێت کە هەڵوێستی صادق لە ئاست شۆڕش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ پڕۆسەی هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکە، کەمتر دەگەڕایەوە بۆ پابەندبوونی بنەڕەتی بە ئاگربەستەکە، بۆیە زۆر بەخێرایی وەڵامی داواکارییە شۆڕشگێڕییە دڵنیاکەرەوەکانی نەدەدایەوە کە هانیان دەدا ڕابپەڕێت یان ڕابەڕایەتی شۆڕش بگەڕێتە ئەستۆ. کاتێك ئەبو موسلیمی خوڕاسانی شۆڕشی لە خوڕاسان ڕاگەیاند، ئەوا باوکی سەلەمەی خەلال پەیامی بۆ ئیمام صادق نووسی و تیایدا پێشنیاری بۆ کرد دەسەڵات وەربگرێت، ناوبراو فەرمانی بە نامەبەرەکەی (محەممەدی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەسلەم) کرد کە چاوی بە ئیمام صادق بکەوێت (بەر لەوەی چاوی بە عەبدوڵای مەحز و عومەری ئەشرەف بکەوێت) نامەبەرەکە چاوی بە صادق کەوت و پەیامەکەی دایە دەست و صادق وتی: (من و باوکی سەلەمە بەیەك ناگەیەن، لە کاتێکدا ئەو پشتیوانی کەسێکی ترە جگە لە من) نامەبەرەکە وتی: نووسراوەکە بخوێنەوە، ئیمام بە خزمەتکارەکەی وت: چراکەم لێ نزیك بکەرەوە، ئەویش چراکەی نزیك خستەوە، نووسراوەکەی دانا سەر چراکە تا سووتا، نامەبەرەکە وتی: ئایا وەڵامی نادەیەوە؟ ئیمام وتی: وەڵامەکەت بینی، ئەوەی کە بینیت بە هاوەڵەکەت ڕابگەیەنە.

دەوترێت ئەبو موسلیمی خوڕاسانی بە خۆی خەلافەتی پێشکەش بە صادق کردووەو داوای لێکردووە بانگەشە بۆ ئەو بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پەیامێکی بۆ صادق نارد و تیایدا وتی: (من وشە و بانگەوازەکەم دەرخست، داوام لە خەڵکی کرد واز لە پشتگیری بەنی ئومەییە بهێنن و پشتگیری ئال و بەیت بکەن، ئەگەر حەزت لێیە ئەوا کەس لە تۆ زیاترو گەورەتر نییە)، ئیمام صادق بۆی نووسی: (نە تۆ یەکێکی لە پیاوەکانم، نە ڕۆژگاریش ڕۆژگاری منە). ابن قتيبة، الإمامة والسياسة ١٥٢/٢ _١٥٣ و ١٥٥ _ ١٥٦. والمسعودي: مروج الذهب ٢٦٣/٣_ ٢٦٩ و ٢٨٤_٢٨٥ والشهرستاني، الملل والنحل ٢٤١/١، الكليني، روضة الكافي ٢٢٩، والمجلسي، بحار الأنوار ٢٩٧/٤٧.

## ٧_ دەستکەوتەکان (ئەنفال)

ئیمامییەکان سەیری دەستکەوتەکان (واتە: موڵکی گشتییان) کرد لە سۆمای (ئیمامەتی خوایی) کە مافی حوکم و جێنشینایەتی تەنها دەدات بە ئیمامەکان، بەم پێیە دانیان نەنا بەو دەوڵەتانەی هەبوون و ئەرکی هەڵسوکەوت کردنیان بە موڵکی گشتی ڕادەستی ئیمامەکان کرد ئەگەر چی ئیمامەکان لە سەکۆی دەسەڵاتیشدا نەبن، ئەم وتەیەیان دایەی پاڵ ئیمامی صادق: (ئێمە کەسانێکین خوا گوێڕایەڵیمانی پێویست کردووەو دەستکەوت و پوختەی سامان بۆ ئێمەیە)[1] یان وتویەتی: (دونیا و ئەوەی تێیدایە بۆ خواو پێغەمبەرو ئێمەیە، کەسێك زاڵ بوو بەسەر شتێکدا ئەوا با لە خوابترسێت، با مافی خوای گەورەی لێ دەربکات و چاکەی پێ بکات لەگەڵ براکانی، چونکە ئەگەر وانەکات ئەوا خواو پێغەمبەرو ئێمەش لێی بەرین)[2].

لە باقریان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (لە کتێبەکەی عەلیمان _ سڵاوی خوای لێبێت _ بەردەستکەوت کە زەوی موڵکی خوایە و دەیبەخشێت بەو بەندەیەی کە خۆی پێی خۆشە و سەرەنجام هەر بۆ پارێزگارانە)... من و ئال و بەیتی من ئەوانەین کە خوا زەوی ڕادەستی ئێمەی کردووە، ئێمەش پارێزگارەکانین، سەرتاپای زەوی بۆ ئێمەیە، جا هەر موسڵمانێك پارچە زەوییەك زیندوو بکاتەوە ئەوا با دەستکەوتەکانی بەش بکات و بەشێکی بداتە ئیمامی ئال و بەیەتەکەم و ئیمام بۆی هەیە لێی بخوات و یان نەیخوات یاخود تێکی بدات و پیاوێك لە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ١٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأض كلها للإمام، ح رقم ٢.

موسڵمانان زەوییەکەی برد و ئاوەدانی کردەوە ئەوا ئیمام مافدارترە لەو کەسەی زەوییەکەی جێهێشتووە، جا بەهەمان شێوە ئەوەی زەویەکە ئاوەدان بکاتەوە ئەوا دەبێت بەشێك لە دەستکەوتەکە بداتە ئیمامی ئال و بەیتەکەم و بۆی هەیە بە کەیفی خۆی لێی بخوات تا ئیمام مەهدی ئال و بەیتەکەم دەردەکەوێت بە شمشێرەوەو زەوی دەخاتە ناو باوەشی دەسەڵاتەکەی و دەیپارێزێت و خەڵکەکە لەسەر زەوییەکە دەردەکات، هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا زەوییەکی لە خۆگرت و لە کەسانی تری قەدەغە کرد تەنها ئەو زەویانە نەبێت کە لە ژێر دەستی شیعەکانمان دابوون و ئەوا بەشێك لە دەستکەوتەکانیان لێ وەردەگرێت و زەوییەکانیان هەر پێ دەدات[1].

ئیمامییەکان وتیان باقر لە پێغەمبەری خوای گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە ئادەمی بەدیهێنا و هەندێك پارچەی زەوی تایبەتی دونیای پێدا، جا ئەوەی هی ئادەم بوو ئەوا هی پێغەمبەری خواشە، ئەوەش کە هی پێغەمبەری خوایە ئەوا هی ئیمامەکانی ئالی محەممەدە)[2].

حەفصی کوڕی بوختری لە صادقەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ بە پێی خۆی حەوت ڕووباری هەڵکەند و ئاویش لە شوێن پێیەکەی ئەو دەرکەوت، ئەویش ئەمانەن: فوڕات، دیجلە، نیلی میسڕ، میهڕان و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأض كلها للإمام، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأض كلها للإمام، ح رقم ٧.

ڕووباری بەلخ، جا ئەوەی بەوان شین بوو و ئاو درا ئەوا بۆ ئیمامە، هەروەها دەریای خولاوە لە دونیادا هی ئیمامە)[1].

کلینی لە ئیمامی صادقەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (دەستەکەوت _ ئەنفال _ ئەو شتانە ناگرێتەوە کە ڕەزیل بە ئازار یان سوار دەستی خستبێ یاخود بە دەست و بازوی خۆیان وەریان گرتبێ، جا هەر زەوییەکی وێران بوو و ناو قوڵایی دۆڵەکان هی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و ئیمامە بە کەیفی خۆی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات)[2]. و وتویەتی: (دارستانەکان و کانزاکان و دەریاکان و بیابانەکان تایبەت هی ئیمامن، ئەگەر کەسێك کاری تێداکرد بە مۆڵەتی ئیمام ئەوا چواری پێنج یەکی پێ دەدرێت و ئیمامیش پێنج یەکی بەر دەکەوێت، ئەوەش کە موڵکی ئیمامە وەك پێنج یەك ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ، هەر کەسێکیش بەبێ مۆڵەتی ئیمام کاری تێدا بکات ئەوا ئیمام هەموو داهاتەکەی دەبات و هیچ کەسێکیش هیچ پشکێکی تێدا نییە، بەهەمان شێوە هەر کەسێك شتێك ئاوەدان بکاتەوەو سەرچاوەیەکی ئاو هەڵبکەنێت یان کار لە زەوییەکی ڕووخاودا بکات بێ ڕەزامەندی خاوەن زەوییەکە ئەوا بۆی نییە ئەو کارە بکات و خاوەن زەویەکە بۆی هەیە هەموو بەرهەمەکانی لێ وەربگرێت و ئەگەر بیەوێت دەتوانێت لێی بگەڕێت)[3].

وا دیارە ئیمامییەکان یەکدەنگ نەبوونەوە لەسەر ئەم بۆچوونە، سیندی کوڕی ڕەبیع دەگێڕێتەوە کە ڕاجیایی دروست بووە لە نێوان محەممەدی کوڕی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأض كلها للإمام، ح رقم ٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ١.

ئەبو عومەیرو هیشامی کوڕی حەکەم لە دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ یەکێك لە پیاوەکانی (باوکی مالیکی حەزڕەمی)، محەممەدی کوڕی ئەبو عومەیر وتویەتی: لەڕووی خاوەنداریێتییەوە دونیا هەر هەمووی موڵکی ئیمامە و شایەنترە لەوانەی دونیایان لە دەستدایە. باوکی مالیك وتی: موڵکی خەڵك هی خەڵکە تەنها ئەوە نەبێت کە خوا بۆ ئیمامی داناوە لە دەستمایەکان و دەستکەوتەکانی جەنگ و پێنج یەك (الخمس)، خوای گەورە بۆ ئیمامی ڕوون کردۆتەوە کە لە کوێ و چۆن خەرجی بکات. هەر دووکیان ڕازی بوون بەوەی هیشامی کوڕی حەکەم ببێتە ناوبژیوان و بۆ ئەم مەبەستە چوونە لای ناوبراو، ئەویش حوکمی لە بەرژوەندی بۆچوونەکەی ئەبو مالیکدا، جا محەممەدی کوڕی ئەبو عومەیر توڕە بوو دوای ئەوە پەیوەندی لەگەڵ هیشام پچڕاند[1].

## ٨_ پێنج یەك (الخمس)

فیقهی ئیمامی ناوی دەرکرد بە پێویست دانانی دەرکردنی پێنج یەك _ الخمس _ (کە بریتییە لە دەرکردنی سەدا بیستی قازانجی ساڵانە) و دانی بە ئیمامەکان وەك مافێك لە مافەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خزمانی پێغەمبەرن: ﴿ذَوِي ٱلْقُرْبَىٰ﴾ البقرة: ١٧٧. کە خوای گەورە فەرمانی کردووە پێنج یەکیان پێ بدرێت، سەلیمی کوڕی قەیس گێڕاویەتیەوەو وتویەتی: گوێبیستی میری باوەڕداران (سڵاوی خوای لێبێت) بووم دەیوت: (سوێند بەخوا ئێمە ئەوانەین کە خوا بە خزمانی پێغەمبەر ناوی بردووین، خوا ناوی ئێمەی لەگەڵ ناوی خۆی و پێغەمبەرەکەی هێناوەو فەرموویەتی: ﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ

(١) الهمداني، رضا، مصباح الفقيه، كتاب الخمس ١٠٨.

مِنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ ﴾ الحشر: ٧. واته: "ئەو دەستکەوتانەی خوا بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لە خەڵکی دیهات و شارەکان، ئەوە خوا بڕیاری لەسەر داوە کە بۆ پێغەمبەرو خزمانیەتی، بۆ هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانیشە". ئەمەی تایبەت کردووە بە ئێمەوە و هیچ پشکێکی لە صەدەقە و بەخشینی بە ئێمە نەداوە، خوای گەورە پێغەمبەرەکەی و ئێمەشی ڕێزدارتر کرد لەوەی قرێژو بەرماوی دەستی خەڵك بخۆین)[1].

ئیمامییەکان ئەم ڕاڤەیەی ئەم ئایەتەیان داوەتە پاڵ باقر: ﴿ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾ الأنفال: ٤١. گوایە باقر وتویەتی: (ئەوانە خزمانی پێغەمبەری خوان ((ﷺ)) و پێنج یەك بۆ خواو پێغەمبەرو ئێمەیە)[2]. هەروەك بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە صادق ڕاڤەی ئایەتی ڕابردووی کردووە بەوەی: ئەوانە (میری باوەڕداران و ئیمامەکانن _ سڵاوی خوایان لێبێت _)[3].

دوای ئەوەی (ئیمامییەکان) پێنج یەك (خمس)یان تایبەت کرد بە ئیمامە حوسەینییەکان، ئەوا دەستپێشخەریان کرد بۆ فراوان کردنی سەرچاوەکانی، بۆیە پێنج یەکیان لە دەستکەوتەکانی جەنگدا کورت هەڵنەهێنا، هەروەك لە ئایەتی پێنج یەك (الخمس)دا هاتووە، بەڵکو وتیان زۆر داهاتی جیاواز لە خۆ دەگرێت لە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ١٢ و كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ٧.

سەروشیانەوە کانزا جیا جیاکان[1]. و ئەو مرواری و گەوهەرو بەردە بەنرخانەی لە دەریاوە دەردەهێنرێن[2]. و سامانی بازرگانی و کشتوکاڵی[3].

## ٩_ زەکات

فیقهی ئیمامی تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بابەتی زەکاتدا و جیاوازە، هەروەك دانی زەکاتی بە هەژارە دژەڕاکانیان بە حەڕام دانا، بۆ دابەشکردنی زەکات بەسەر هەژاراندا ئەوەی بە مەرج دانا کە لایەنگری ئیمامە حوسەینیەکان بن، بۆ ئەمەش هەڵساون ڕاسپاردەیەکیان داوەتە پاڵ باقر کە تیایدا وتویەتی زەکات تەنها بدەنە لایەنگرانی ئیمامەت یان گواستنەوەی زەکات لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر ئەگەر لایەنگرو شوێنکەوتووی ئیمامەت لە شاری یەکەمدا نەبێت[4]. زورارە لە صادقەوە گێڕاویەتیەوە کە ڕێگری کردووە زەکات بدرێت بە هەر کەسێك جگە لەوەی لایەنگری ئیمامەت و شیعە بێت[5]. تەنانەت قەدەغەی کردووە یەکێکی شیعە زەکات بداتە خزمە نزیکە هەژارەکانی ئەگەر شیعە و لایەنگری ئیمامەکان نەبن. گوایە صادق بە باوکی بەصیری وتوە: (تەنانەت نادرێتە ماڵە چاکەکارەکانی جگە لە شیعە)[6]. ئیمامییەکان ئەم وتەیەیان داوەتە پاڵ عەلی کوڕ موسای ڕیزا:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ٨ و ١٩.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ٢١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الفيء والأنفال وتفسير الخمس و حدوده، ح رقم ١٢.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٧٠ _ ١١.

(٥) الكليني، الكافي ح رقم ٥٧٤٤ _ ١.

(٦) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٥٠ _ ٤.

(زەكات نادرێتە كەسێك كە ئیمام نەناسێت و شیعە نەبێت، تەنانەت زەكاتی سەرفیترەشی پێ نادرێت)[1].

توندڕەوی لەو بڕیارە ئەوەندە بەرزبووەوە تا گەیشتە ئاستی دەركردنی حوكمی دووبارە دانەوەی زەكات ئەگەر هاتوو زەكاتەكە لە شوێنی شیاوی خۆی دانەنرابێت[2]. بەهەمان شێوە پێویستە هەر كەسێك كە شیعە نەبووەو بووەتە شیعە زەكات دووبارە لە ماڵەكەی بدات[3].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٢٨ _ ٦.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٢٤ _ ٢.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٢٧ _ ٥ و ح رقم ٥٩٢٣ _ ١.

# بەشی حەوتەم

# خۆدابڕینی تاقمگەڕایانە

## ١_ خۆدابڕینی دەروونی و فیکری: بەبێ باوەڕدانان و بە نەفرەت کردن

تیۆری (ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت) گەشەسەندنێکی مەزنی لە بنیاتی فیکری شیعەدا هێنایە کایە، وای کرد لە حیزبێکی سیاسیەوە کە پێشتر لە دەوری ئیمامەکانی ئال و بەیت کۆببوونەوە هەر لە سەردەمی عەلی و حەسەن و حوسەین و کاری دەکرد لە پێناو چاکسازی کردن لە ناو ئوممەتی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ڕاستی و دادپەروەری بۆ هەموو موسڵمانان بگۆڕێت بۆ ڕەوتێکی داخراو و دابڕاو لە تێکڕای موسڵمانانی تر.

بەرزکردنەوەی (ئیمامەت) بۆ ئاستی بیروباوەڕو پەرستشە پێویستەکانی لە ئیسلامدا سەری کێشا بۆ ئەوەی کە (لایەنگیری) ئیمامە حوسەینییەکان بە مەرجی ڕێنوێنیکران و پارێزگاری دڵسۆزی دابنرێت و تۆمەتبارکردنی ئەوانەی باوەڕیان بەلایەنگیری ئیمامەکان نییە بە گومڕابوون و هاوبەشدانان، کێشانی تابلۆیەکی نەرێنی بۆ (دوژمنان و دژەڕاکانی) ئال و بەیت و لایەنگرانیان[1]. ئیمامییەکان فەرموودەیەکیان داوەتە پاڵ ئیمامی صادق کە تیایدا پێناسەی ئیسلام و ئیمان و جیاوازی نێوانیان باس دەکات، دەڵێت: (ئیسلام ئەو شتە ڕووکەشیانەن کە خەڵکی لەسەرن: شایەتمان هێنان کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن کە تاك و تەنها و بێ هاوەڵە و محەممەد بەندە و پەیامبەری خوایە، نوێژکردن و زەکاتدان و حەج کردن بۆ ماڵی خوا و بە ڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان، ئیمان: بریتییە لە ناسینی ئیمامەت و ئیمام، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دانی بەم شتانە دانا کەچی ئیمامی نەناسی ئەوا موسڵمانە و لە

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أدنى ما يكون فيه العبد مؤمنا أو كافرا ح رقم ١.

هەمان کاتدا سەرلێشواوە)[1]. و فەرموودەیەکیان لە صادق گێڕاوەتەوە کە تیایدا دەڵێت: (هەموو شتێك بناغە و بنەڕەتێکی هەیە؛ بناغە و بنەڕەتی ئیسلامیش خۆشویستنی ئێمەی ئال و بەیتە)[2].

ئیمامییەکان لە باقرو صادقەوە گێڕانەوەی جیا جیایان گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەری خوا بەو پێیەی هەر کەسێك عەلی خۆشبووێت و گوێڕایەڵی ببێت و لە دەرگاکەی ئەو بچێتە ژوورەوە: ئەوا باوەڕدارە، کەسێك عەلی ڕەت بکاتەوە یان نەیناسێت یاخود دژایەتی بکات: ئەوا بێ باوەڕە[3]. و ئیمامییەکان ئەوەیان داوەتە پاڵ صادق کە گوایە وتویەتی: هەر کەسێ شتێك (یان کەسێك) جگە لە ئال و بەیت بکاتە ڕێنیشاندەر ئەوا وەك ئەوەیە خوای گەورە بە گومانەوە بپەرستێت[4]. و ناوبراو وتویەتی: (فەرمان بە خەڵکی کراوە کە بمانناسن و بۆمان بگەڕێنەوەو ملکەچ بن بۆمان. ئەگەر بە ڕۆژوو بن و نوێژ بکەن و شایەتیان دا کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە و لە ناخی خۆیاندا بڕیاری ئەوە بدەن کە بۆ لامان نەگەڕێنەوە ئەوا بەمە هاوبەشدانەرن)[5].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أن الإسلام يحقن به الدم ح رقم ٤، كتاب الحجة، باب معرفة الإمام والرد إليه ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب نسبة الإسلام ح رقم ٢ و ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب المؤمن وعلاماته وصفاته ح رقم ٢٧، وباب الكفر ١٦ و ١٧ و ١٨ و ٢٠، وكتاب الروضة ح رقم ٣٥٣.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الرشك ح رقم ٤.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الرشك ح رقم ٥.

به هەنگاونان لە بە ئیمان دانانی لایەنگیری ئال و بەیت و بەبێ باوەڕدانانی پێچەوانەی ئەمە، ئەوا فیکری ئیمامی هەڵوێستێکی نەرێنی گرتەبەر لە بەرامبەر ئەو هاوەڵانەی لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ڕاستەوخۆ شوێنی عەلی نەکەوتن، کلینی لە باقرەوە هێناویەتی کە وتویەتی: (کۆچبەران و پشتیوانان تیاچوون تەنها سێ کەسیان نەبن)[1]. و (خەڵکی لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر ((ﷺ)) هەڵگەڕانەوە تەنها سێ کەسیان نەبن: میقدادی کوڕی ئەسوەد و ئەبو زەڕی غەففاری و سەلمانی فارسی ڕەحمەت و بەرەکەتی خوایان لێبێت و کەمێك دواتر باسی چەند کەسێکی تری کرد. ئاشی ڕۆژگار بەسەر ئەوانەدا تێپەڕی و بەیعەتیان نەدا بە هیچ کەسێك تا هاتنە لای میری باوەڕداران و بە زۆری بەیعەت و بەڵێنیان پێدا)[2]. کلینی لە صادقەوە گێڕاوەتەوە، کە وتویەتی: (هەر یەکێك بانگەشەی ئیمامەت بکات و شیاوی نەبێت ئەوا بێ باوەڕە)[3]. و گوایە ناوبراو وتویەتی: (سێ کەسی خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا لەگەڵیان نادوێت و پاکیان ناکاتەوەو سزایەکی بە ئێشیان بۆ ئامادەکراوە: کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات لەلایەن خواوە بە ئیمام دیاریکراوە کەچی واش نەبێت، کەسێك نکۆڵی لە ئیمامێك بکات کە لەلایەن خواوە دیاریکراوە، کەسێك وا هەست بکات ئەو دوو کەسەی باس کران موسڵمانن)[4]. و گوایە صادق پێی وابووە کەسێك

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في قلة عدد المؤمنين ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٤١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه من ادعى الإمامة وليس لها أهل ح رقم ٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من ادعى الإمامة وليس لها بأهل ح رقم ٤ و ح رقم ١٢,

نکۆڵی له ئیمامەکان بکات وەك ئەوەیە نکۆڵی بکات له ناسینی خواو پێغەمبەری خوا ((ﷺ))[1].

حارسی کوڕی موغەیرە بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوێبیستی عەبدولەلیکی کوڕی ئەعیون بووە کە پرسیاری لە صادق کردووەو بەردەوام بووە لە پرسیار لێکردنی تا وتی: کەواتە خەڵکی تیاچوون، صادق وتی: بەخوا ئەی کوڕی ئەعیون هەموو خەڵك تیاچوون، کوڕی ئەعیون دەڵێت: وتم: ئەوەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادایە؟ صادق وتی: بەڵێ، چونکە بە گومڕایی ڕزگارکراوە، بەخوا هەموویان تیاچوون تەنها سێ کەسیان نەبن[2].

ئالێرەوە ئیمامییەکان بەیعەت نەدانی هاوەڵان بە ئیمامی عەلی ڕاستەوخۆ لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) بەجۆرێك لە هەڵگەڕانەوەیان دانا[3]. و باوکی بەصیر پێی وایە صادق ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە خوێندۆتەوە: (فستعلمون من هو في ضلال مبين[4]، يا معشر المكذبين حيث أنبأتكم رسالة ربي في ولاية علي _عليه السلام _ و الأئمة _ عليهم السلام _ من بعده ) واتە: ئەوسا دەزانن کێ لە گومڕایی ئاشکرادایە. ئەی گرۆی درۆزنان پەیامی پەروەردگارم پێگەیاندن لەبارەی لایەنگیری و ئیمامەتی عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) و ئیمامەکانی دوای ئەو (سڵاوی خوایان

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب معرفة الإمام والرد إليه ح رقم ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٥٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٤٢ و ٤٣.

(٤) ئەوەندە ئایەتەکەیە ئەوەی دواتر دەستکاری کراوەکەیە. وەرگێر.

لێبێت) و دواتر دەزانن کێ لە گومڕایی ئاشکرادایە. و صادق وتویەتی: ئەم ئایەتە بەم شێوە دابەزیوە[1].

ئیمامییەکان لە باقریان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (هەر کەسێك بەندایەتی خوا بکات و خۆی لەو پێناوەدا ماندوو بکات بێ ئەوەی ئیمامێکی خوایی هەبێت ئەوا خۆماندوو کردنەکەی بێ کەڵك بووە، گومڕاو سەرگەردان بووەو خوا کردەوەکانی بە بادا دەدات، نمونەی ئەو کەسە وەك ئەو مەڕە وایە کە لە شوان و مێگەڵەکەی دابڕا بێت، هەر یەکێك لەم ئوممەتە ئیمامێکی خوایی دیارو دادگەری نەبێت ئەوا گومڕاو سەر لێشێواو دەبێت ئەگەر بەم شێوەیە بمرێت ئەوا بە بێ باوەڕی و دووڕوویی دەمرێت، پێشەوا ستەمکارەکان و شوێنکەوتووانیان لە ئایینی خوا دابڕاون و گومڕابوون و خەڵکشیان گومڕاکرد، کردەوەکانیان وەك خۆڵەمێشێك وایە کە لە ڕەشەبایەکی سەخت لە ڕۆژێکی گەردەلوول ئامێزدا بەتووندی لێی بدات، لەو هەوڵ و کۆششەی کە داویانە هیچیان دەست ناکەوێت، ئا ئەوە گومڕاییەکە کە لە ڕاستییەوە دوورە)[2].

لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە شەرم ناکات ئوممەتێك سزا بدات کە بەندایەتی کردبێت و ملکەچی ئیمامێك بووبێت کە لەلایەن خواوە دیار نەکرابێ، ئەگەرچی کارەکانی چاك و لە خواترسانەبن، خوای مەزن شەرم دەکات ئوممەتێك سزا بدات ملکەچی ئیمامی خوایی بووبێت، ئەگەرچی کردەوەکانی ستەمکارو ناڵەبارو خراپ بن)[3]. کلینی لە عەبدوڵای کوڕی ئەبو

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٤٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه من دان الله بغير إمام من الله ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه من دان الله بغير إمام من الله ح رقم ٥.

یەعفور دەگێڕێتەوە کە ناوبراو بە صادقی وتوە: من لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ دەبم و سەرسام دەبم لەوەی خەڵکانێك پشتگیری ئێوە ناکەن کەچی پشتگیری فلان و فیسار دەکەن، لە هەمان کاتدا کەسانی ئەمیندارو ڕاستگۆو بەوەفان، لە بەرامبەردا خەڵکانێك پشتگیری ئێوە دەکەن و ئەو ئەمینداری و وەفاداری و ڕاستگۆییەیان نییە؟ صادق بە دانیشتووی ڕاوەستا و بە توڕەییەوە سەیری کرد و وتی: کەسێك ئایینی نییە کە بەندایەتی بۆ خوا دەکات بە پشتگیری ئیمامێکی ستەمکار کە لەلایەن خواوە دیاری نەکرابێ، هەرگیز سەرزەنشتی کەسێ ناکرێ کە بەندایەتی بۆ خوا دەکات بە پشتگیری ئیمامێکی دادگەر کە لەلایەن خواوە دیاریکراوە، کوڕی ئەبو یەعفور بە سەرسامیەوە وتی: ئەوانەی پێشتر بێ ئایینن و ئەوانەش سەرزەنشتیان ناکرێ؟! صادق وتی: بەڵێ؛ ئەوانەی بێ ئیمامی دادگەرن بێ ئاینن و ئەوانەی ملکەچی ئیمامی دادگەری خوایین سەرزەنشت نەکراون و پاشان وتی: ئایا گوێبیستی ئەم فەرمایشتەی خوا نەبوویت: ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾ البقرة: ٢٥٧. واتە لە تاریکی گوناهەکان بۆ ناو ڕووناکی تۆبە و لێخۆشبوون بەهۆی لایەنگیریان بۆ ئیمامی دادگەری خوایی، و وتی: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ البقرة: ٢٥٧. مەبەستی ئەوەیە کە ئەوان لەسەر ڕووناکی ئیسلام بوون بڵام کاتێك پشتگیری ئیمامی ستەمکاریان کرد کە لەلایەن خواوە دیاری نەکرابوو، بەم لایەنگیرییەیان لە ڕووناکی ئیسلام دەرچوون بەرەو تاریکی بێ باوەڕی، خوا ئاگری بۆ بێ باوەڕان ئامادەکردووە: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ البقرة: ٢٥٧.(١).

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه من دان الله بغير إمام من الله ح رقم ٤.

ئیمامییەكان لەبارەی ئەوە دەدوێن كە هەندێك لە شیعەكان وەك (فوزەیلی كوڕی یەسار) گومانیان هەبووە لە فەرموودەی: (كەسێك بمرێت و ئیمامی نەبێت ئەوا بە نەفامی مردووە)، كە دراوتە پاڵ پێغەمبەری مەزن ((ﷺ))، گوایە فوزەیل بە سەرسامییەوە پرسیاری لە صادق كردووە: پێغەمبەری خوا ئەمەی فەرمووە ((ﷺ))؟. صادق وتی: بەخوا وای فەرموو، فوزەیل وتی: جا هەر كەسێك بمرێت و ئیمامێكی نەبێت ئەوا بە نەفامی مردووە؟! صادق وتی: بەڵێ[1]. عەبدوڵای كوڕی ئەبو یەعفوریش بەهەمان شێوە فەرموودەكەی پێ هەرس نەكراوەو چووەتە لای صادق و پرسیاری لێكردووە لەبارەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)): (كەسێك بمرێت و ئیمامی نەبێت ئەوا بە نەفامی مردووە) ئایا ئەمە مردنە بەبێ باوەڕی؟ صادق وتی: مردنە بە گومڕایی؟ عەبدوڵای كوڕی ئەبو یەعفور بە سەرسامییەوە پرسیاری كردووە: ئەوەی ئەمڕۆ بمرێ بێ ئیمام، كەواتە بە نەفامی مردووە؟ وتی: بەڵێ[2]. حارسی كوڕی موغەیرە هەوڵی داوە جەخت بكاتەوە لە ڕاست و دروستی فەرموودەی خراوەڕوو كە دراوەتە پاڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ))، بۆیە بە صادقی وت: (كەسێك بمرێت و ئیمامی نەبێت ئەوا بە نەفامی مردووە؟) صادق وتی: بەڵێ، وتی: نەفامی نەزانەكان یان نەفامی كەسێك كە ئیمامەكەی نا ناسێت؟ صادق وتی: (نەفامی بێ باوەڕی و دووڕوویی و گومڕایی)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من مات وليس له إمام من أئمة الهدى ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من مات وليس له إمام من أئمة الهدى ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من مات وليس له إمام من أئمة الهدى ح رقم ٣.

موفەزەڵی کوڕی عومەر (یەکێکە لەو زیادەڕۆچووانەی کە باوەڕیان بە ڕاسپاردن _ تەفویز _ هەیە) لە صادقەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (کەسێك بەندایەتی بۆ خوا بکات بێ بیستن لە کەسێکی ڕاستگۆوە ئەوا خوای گەورە دووچاری چەرمەسەری دەکاتەوە، کەسێکیش بانگەشەی بیستن بکات لە جگەلەو دەروازەیەی کە خوای گەورە کردوویەتیەوە ئەوا هاوبەشدانەرە، ئەم دەروازەیە ئەو کەسەیە کە ئەمیندارە لەسەر نهێنی شاراوەی خوای مەزن)[1].

ئیمامییەکان فەرموودەیەکیان داوەتە پاڵ صادق کە تیایدا شوێنکەوتووانی ئەو دامەزراوەو حیزبانەی کێبڕکێ لەگەڵ ئال و بەیت دەکەن بە هاوبەشدانەری داناون، هەروەك تیایدا هاتووە: (هەر کەسێك؛ یەکێکی تر بە ئیمام دابنێ کە لەلایەن خواوە دیاری نەکراوە لە پاڵ ئەو ئیمامەی لەلایەن خواوە دیاری کراوە، ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیارداوە)[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من مات وليس له إمام من أئمة الهدى ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه من ادعى الإمامة وليس لها بأهل ح رقم ٦.

## به نەفرەت كردن

زیادەڕۆچووە ئیمامییەكان هەڵوێستی نەرێنیان گەشەپێدا لە بەرامبەر خەلیفە و حوكمڕانەكان (ئەوانەی مافی ئال و بەیتیان داگیركردبوو) و شوێنكەوتووانیان، هەر لەسەرەتاوە ئەوان بە بێ باوەڕو هاوبەشدانەر دانا تا دەربڕینی دژایەتی و ڕق و كینە و بە نەفرەت كردنیان. جا لە باقریان گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: (دوو شێخەكە _ ئەبو بەكرو عومەر _ ماڵئاواییان لە دونیا كرد و تۆبەیان نەكرد و بیریان نەهاتەوە چییان بە میری باوەڕداران كرد، نەفرەتی خواو فریشتەكان و خەڵكی لە هەر دووكیان بێت)[1]. حەسەنی كوڕی سوەیر و ئەبو موسلیمەی سەراج پێیان وابوو كە گوبێیستی صادق بوونە كە لە دوای هەر نوێژێكی فەڕز نەفرەتی لە چوار پیاو و چوار ئافرەت كردووە: فلان و فلان و فیسار و معاویە و یەك یەكە ناوی ئەوانی دەهێنا و فلان و فیسارە ئافرەتە و هیند و دایكی حەكەمی خوشكی معاویە[2].

حەنانی كوڕی سەدیر لە باوكی گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: پرسیارم لە باقر كرد لەبارەی ئەبو بەكرو عومەر، باقر وتی: (ئەی باوكی فەزل بۆچی پرسیارم لێ دەكەی لەبارەی ئەوانەوە، بەخوا هیچ یەكێكمان نەمردووە بێ ئەوەی ڕقی لەوان نەبێت، ئەمڕۆش هیچ یەكێكمان نییە كە ڕقی لەوان نەبێت و گەورەمان وەسیەت بۆ بچوكمان دەكات كە ڕقی لەوانە بێت، ئەوانە مافی ئێمەیان خوارد و دەستكەوتەكانی ئێمەیان پێ نەداین، ئەوانە یەكەم كەس بوون سواری ملمان بوون

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٤٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة ح رقم ٥١٤٤_١٠.

و دووباره له ناو ئیسلامیشدا بڵاوبوونەوە بەسەر ئێمەدا و ئەمەش کۆتایی نایەت تا ئیمامی مەهدیمان نەیەت و قسەکەرمان نەدوێت. دواتر وتی: بەخوا ئەگەر ئیمامی مەهدی هات یان قسەکەرەکەمان هاتە دووان ئەوا پەردە هەڵدەداتەوە لەسەر ئەوەی ئەوان دەیانشاردەوەو ئەو شتانەی ئەوانی پەردەپۆش دەکرد کە دەریان دەخست، سوێند بەخوا بناغە داڕێژەری بەڵا و ناخۆشییەکانی ئال و بەیت ئەو دووانەن، نەفرەتی خواو فریشتەکان و سەرجەم خەڵکیان لێ بێت)[1].

کلینی کۆمەڵێك گێڕانەوە دەهێنێت لەبارەی بە نەفرەتکردنی تاقمە ڕاجیاکان وەك: قەدەری و خەواریج و مورجیئەکان، هەروەك لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە کە صادق وتویەتی: (خوا نەفرەتی لە قەدەری و خەواریج کردووە، خوا نەفرەتی لە مورجیئەکان کردووە، بێگومان خوا نەفرەتی لە مورجیئەکان کردووە. گێڕەرەوەکە وتی: تەنها یەك جار نەفرەتت لە دوو تاقمەکە کرد، کەچی دوو جار نەفرەتت لە مورجیئەکان کرد؟! صادق وتی: بکوژانی ئێمە باوەڕدارن و خوێنی ئێمە بە جلەکانیانەوەیە تا ڕۆژی دوایی، خوای مەزن لەسەر زمانی گەلێکەوە لە کتێبەکەیدا دەگێڕێتەوە: (لن نؤمن لرسول حتى يأتينا بقربان تأكله النار قل قد جاءكم رسل من قبلي بالبينات وبالذي قلتم فلم قتلتموهم إن كنتم صادقين) واتە: "باوەڕ بە هیچ پێغەمبەرێك ناکەین تا قوربانیەکمان بۆ نەهێنێت _ نەیبینین _ ئاگر دەیخوات و دەیسوتێنێت و لەناوی دەبات، ئەی محەممەد ((ﷺ)) پێیان بڵێ: خۆ ژمارەیەك پێغەمبەر لە پێش منەوە ڕەوانەکران بۆتان بە چەندەها بەڵگە و نیشانەی ئاشکراوەو بەو داخوازیەشەوە کە وتتان، جا بۆچی ئەوانتان کوشت ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن؟!"، صادق وتی: "لە نێوان بکوژان و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٤٠.

داواکارەکان پێنج سەد ساڵ ماوە هەبوو، خوا وای لێکردن بەو قەناعەتەی لە دڵیاندا بووە کۆشتارەکە بکەن")[1]. و باوکی مەسروق وتویەتی: صادق لەبارەی خەڵکی بەصرە لێی پرسیم کە چیین؟ منیش وتم: مورجیئە و قەدەری و حەروری (واتە: خەواریج[2])، صادق وتی: خوا نەفرەتی لەم تاقمە بێ باوەڕانە کردووە کە لەسەر هیچ بنەڕەتێك خوا ناپەرستن[3].

## هەڵاواردنی چەوساوەکان

دوای دابەش کردنی خەڵك بۆ باوەڕدارو بێ باوەڕ لەسەر بنەڕەتی باوەڕبوون و بێ باوەڕ بوون بە ئیمامەت و لایەنگیری ئال و بەیت، ئیمامییەکان هەڵسان بە هەڵاواردنی چینێك لە خەڵك کە ناویان نا بە (چەوساوەکان) ئەوانیش ئەو کەسە ساکارە سادانەن کە بێ ئاگان لە ڕاجیایی سیاسی و ئایینی، هەڵوێستێکی نەرێنیان لە بەرامبەر ئال و بەیتیان نییە و هەڵوێستی ئەرێنیشیان لە بەرامبەر دژەکانیان نییە. عومەری کوڕی ئەبان وتویەتی: پرسیارم لە صادق کرد لە بارەی چەوساوەکان، لە وەڵامدا وتی: (ئەمانە لایەنگرانمانن، وتم لە چ لایەنگیرییەکدا؟ وتی: لەلایەنگیری ئاینیدا نا بەڵکو لە ژن و ژنخوازی و میراتگری و تێکەڵاوی و ئەوانە نە باوەڕدارن و نەبێ باوەڕن بەڵکو بە هیوای فەرمانی خوان)[4].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في صنوف أهل الخلاف ح رقم ١.

(٢) وەرگێڕ.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في صنوف أهل الخلاف ح رقم ٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب المستضعف ح رقم ٥ و ٦.

زوراره دەڵێت: من و حیمران یان من و بەکیر چووینە لای باقر و پێم وت: ئێمە شاووڵ درێژ دەکەینەوە. باقر وتی: شاووڵ چییە؟ وتم: تەرازوو[1] هەر یەکێك عەلەوی یان جگەلەو بێت لەگەڵ تەرازووەکە کۆك بێت ئەوا پشتی دەگرین و هەر کەسێك عەلەوی یان جگەلەو بێت ئەوا ئێمە لێی بەرین. بقار پێی وتم: (ئەی زوراره: فەرمایشتی خوا لە قسەی تۆ ڕاسترە، ئەی ئەوانە لە کوێن کە خوا لەبارەیانەوە دەفەرموویت: ﴿ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾ ﴾ النساء: ٩٨. واتە: "مەگەر ئەوانەیان کە بەڕاستی بێ دەسەڵات و چەوساوەن لەو پیاوانەی ژن و منداڵیان لەگەڵدایە و ناتوانن تەگبیرو گۆڕانکارییەك بۆ خۆیان بکەن و هیچ ڕێگەیەکیش شارەزا نین بۆ چارەسەر کردن و دەربازکردنی خۆیان". کوان ئەوانەی بە هیوای فەرمانی خوان؟ کوان ئەوانەی کارێکی باشیان تێکەڵ بە کردەوەیەکی خراپ کردووە؟ کوان ئەوانەی لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتن (هاوەڵانی ئەعراف)؟ کوان تازە موسڵمان بووان؟!)[2].

لە میانەی ئەم گێڕانەوەیەدا بە دەردەکەوێت کە (ئیمامییەکان) زۆر توندڕەوانە ڕەفتاریان دەکرد لەگەڵ دژەڕاکانیان دوور لە هەڵوێستی ئال و بەیت، هەروەك لە هەندێك گێڕانەوەی تردا بە دەردەکەوێت کە ئیمامییەکان ڕاجیابوونە

---

(١) واتە ئێمە تەرازوو دادەنێین بۆ کێشان و پێوانی لایەنگیری خەڵك و خۆ بەری کردنمان لێی، ئەو تەرازووەش ئەو شیعەگەرێتییەیە کە ئێمە لەسەری دەڕۆین، هەر کەسێك بەگوێرەی ئەو شیعەگەرێتییەمان بجوڵێتەوە ئەوا ئێمە پشتی دەگرین و ئەوەش کە لێی لادەدات ئەوا هەر کەسێك بێت ئێمە لێی بەرین.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أصناف الناس ح رقم ٣.

لە بەبێ باوەڕدانان (تەکفیر) کردنی خەڵکی ئاسایی و دیاریکردنی چەوساوەکان، هەندێکیان زۆر توندڕەو بوون و حوکمی بێ باوەڕیان دەدا بەسەر (هەر کەسێك کە ئیمامەت نەناسێت)، لە کاتێکدا هەندێك لە ئیمامییەکان هەر میانڕەو بوون و حوکمی بێ باوەڕیان بەسەر دژەرشاکانیدا نەدەدا مەگەر نکوڵیان کردبا و لاڕێبووبان [1].

## ٢_خۆدابڕینی سیاسی

بەبێ باوەڕدانان و بە نەفرەت کردن و بە گومرادانانی دژەڕاکانیان بە پێشەواو شوێنکەوتووەوە سەری بۆ هەڵوێستێکی تری نەرێنی، ئەویش جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی شیعەی ئیمامی بوو لە موسڵمانانەکانی تر کە ڕاجیابوون لەگەڵیاندا، ئیمامییەکان هەڵسان بە گێڕانەوەی پەیامێکی تایبەت کە پێیان وابوو صادق ئاراستەی شیعەی کردووەو تیایدا وتویەتی: (لە پێناوی خوا ئەو کەسەتان خۆش بوویت کە هەمان سیفەتی ئێوەی هەیە و لە پێناو خوا ڕقتان لەو کەسانە بێت وەك ئێوە نین، خۆشەویستی و ئامۆژگاریتان بۆ ئەو کەسانە بخەنەڕوو کە هاو خەسڵەتی ئێوەن و بۆ ئەوانە مەخەنەڕوو کە کەیفی بە خەسڵەتەکانتان نایەت و لەسەریشی دژایەتیتان بکات و نارەحەتتان بکات)[2]. و وتویەتی: (هەر یەکێك باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێت ئەوا با لە مەجلیسێك دانەنیشێت کە تیایدا ڕەخنە لە ئیمام بگیرێت یان بەخراپە باسی باوەڕدارێك بکرێت)[3]. و وتویەتی: (ئەگەر بە خەڵکی تونجدەر گەیشتی و لە یەك

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الضلال ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق ح رقم ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب مجالسة أهل المعاصي ح رقم ٨ و ٩ و ١٢ و ١٥.

مەجلیسدا بوون ئەوا واهەست بکە تۆ لەسەر بەردی گەرمی تا هەڵدەستی، خوای گەورە ڕقی لێیانە و بە نەفرەتیان دەکات، ئەگەر بینیت چوونە سەر باسی یەکێك لە ئیمامەکان ئەوا تۆ لە مەجلیسەکە هەڵسە و بەجێیان بهێڵە، چونکە ڕق و توڕەیی خوا لەو مەجلیسەدا بەسەریاندا دەبارێت)[١].

دوای ئەمە شتێکی سروشتی بوو کە فیکری ئیمامی بانگەشە بکات بۆ خودابڕین لە دامەزراوە حکومییەکان و لە باقر بگێڕێتەوە کە ڕێگری کردووە لە کارکردن بۆ حوکمڕانە دژەڕاکان: (بە ئەندازەی یەك پێنووس و خامە نابێ کاریان بۆ بکرێ، ئەوەی شتێك لە دونیای ئەوان دەست بخات ئەوا بەو ئەندازەی ئایینی خۆی دەدۆڕێنێتە ئەوان)[٢]. و گوایە صادق ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی: ﴿ وَلَا تَرۡكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ ﴾ هود: ١١٣. ڕاڤەکردووە بەوەی: ئەو کەسەیە دەچێتە لای حوکمڕان و پێی خۆشە لەلای بمێنێتەوە تا دەستی دەباتە ناو گونیەکەی و هەندێکی پێ دەدات[٣]. صادق هۆشداری دەداتە هاوەڵانی و دەڵێت: (لە خوابترسن و ئایینتان بپارێزن بە ملکەچی و خۆپارێزی _ توقیە _ و هانابردن بۆ خوا، ئەو کەسەی ملکەچ بکات بۆ حوکمڕان و ئەوەی جیاوازە لە ئاییندا لەگەڵی بە مەبەستی دەستخستی سوودی دونیای ئەو، خوا بەرەکەت لەسەر ناوی هەڵدەگرێ و پاداشتی ناداتەوە لەسەر ئەو خەرجییەی دەیکات لە حەج و کۆیلە ئازاد کردن و کاری چاکەدا)[٤]. صادق ڕێگری لە فوزەیلی کوڕی عیاز کردووە

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب مجالسة أهل المعاصي ح رقم ١٣.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٣١ _ ٥.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٣٨ _ ١٢.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٢٩ _ ٣.

که کاسبی لەگەڵ حوکمڕاناندا بکات و پێی دەڵێت: (سوێند بەخوا زیانی ئەو حوکمڕانانە بۆ ئەو ئوممەتە زیاترە لە زیانی تورك و دەیلمەکان) و باسی سیفەتی پارێزگاری هەندێك لە خەڵکی دەکات: (ئەوەیە کە خۆی دوورە پەرێزی دەکات لە قەدەغەکراوانی خوا و حوکمڕانان، ئەگەر خۆی لە شتە گوماندارەکان نەپارێزێت ئەوا بێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات ئەوا دەکەوێتە ناو حەڕامەوە، ئەگەر خراپەی بینی و نکۆڵی لێ نەکرد لە کاتێکدا توانای بەسەردا هەیە ئەوا بێ گومان پێی خۆش بووە سەرپێچی خوا بکرێت، کەسێك پێی خۆشبێت سەرپێچی خوا بکرێت ئەوا بە ئاشکرا دژایەتی خوای کردووە، ئەو کەسەش کە پێی خۆشە ستەمکاران بمێننەوە ئەوا پێی خۆش بووە سەرپێچی خوا بکرێت، خوای مەزنیش ستاشی خۆی کردووە بە لەناوبردی ستەمکاران و فەرموویەتی: ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ (٤٥) ﴾ الأنعام: ٤٥. واتە: "ئینجا ئەو گەلەی ستەمیان کرد و بێ بڕوا بوون بنبڕ کران، _ جا ئەو کاتە بوونەوەر هاوڕێ لەگەڵ باوەڕداران و فریشتەکان _ دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان")[1].

کاتێك یەکێك لە هاوەڵانی صادق پێی وت: خوا چاکت بکات دەکرێ یەکێکمان تووشی نارەحەتی و چەرمەسەری ببێت و بانگ بکرێت بۆ دروستکردنی باڵاخانەیەك یان ڕاکێشانی ڕووبارێك یاخود چاکردنی بەنداو ئەی بۆ ئەمە چی دەڵێی؟ صادق وتی: (پێم خۆش نییە هیچ گرێیەکیان بۆ ببەستم و سەر گونیەیەکیان بۆ گرێبدەم کە ئەوەی نێوان دوو سەری گونیەکە بۆ من بێ، نا ماوە

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٣٧ _ ١١.

نییه به ئەندزەی یەك پێنووس كار بۆ حوكمڕانان بكرێت، بێگومان یارمەتیدەرانی ستەمكاران لە ڕۆژی دواییدا لە ناو چادری ئاگریندان تا خوا لێپرسینەوەی بەندەكان تەواو دەكات)[1].

ڕۆژێك صادق گوێبیستی ئەوەبوو كە مەنصور كۆمەڵێكی شیعەی بەندكردووە، صادق پرسیاری لەبارەی هۆكاری بەندكرانەكەی كرد و وتی: ئەوان چیانە و ئەو چیەتی؟ پێی وترا: ئەوانی بەكارهێنا و دواتر بەندی كردن، صادق وتی: بۆ من ڕێگریم لێ نەكردوون؟!.. بۆ ڕێگریم لێ نەكردوون؟!.. بۆ ڕێگریم لێ نەكردوون؟! ئەوان دۆزەخن، ئەوان دۆزەخ، ئەوان دۆزەخن[2].

لەلای صادق باسی ئەوەكرا كە پیاوێك لە شیعەكان باوەڕ بە ئیمامەت نەما، صادق وتی: چۆنە لەگەڵ هاوەڵانی دا؟ پێی وترا: هیچ خێرو چاكەیەكی پێوە نییە، صادق وتی: ئۆف... دێنە ناو بازنەیەكەوە كە بۆیان نییە بێنە ناویەوە و چاكەش لەگەڵ براكانیان ناكەن[3].

زیادی كوڕی ئەبو سەلەمە وتی: چوومە لای موسای باوكی حەسەنی كوڕی جەعفەر و پێی وتم: ئەی زیاد تۆ كاری حوكمڕان دەكەیت؟ وتی: وتم: بەڵێ، پێی وتم: بۆ چی؟ وتم: من كەسێكی جوامێرم و خاوخێزانم لە ئەستۆدایە و هیچ شتێك لە پاڵ پشتەوە نییە، پێی وتم: ئەی زیاد من ئەگەر لە چیای جالیقەوە بەرببمەوەو پارچە پارچە ببم ئەوا پێم باشترە لەوەی كار بۆ یەكێك لە

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٣٣ _ ٧.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٣٤ _ ٨.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٤٤ _ ٢ و ح رقم ٨٥٤١ _ ١٤.

حوکمڕانان بکەم یان پێ بخەمە سەر بەڕی یەکێکیان...مەگەر بۆچی؟ وتم: ڕۆحم بە قوربانت بێت نازانم، وتی: تەنها بۆ لابردنی ناخۆشیەك لەسەر باوەڕدارێك یان ئازادکردنی یاخود دانەوەی قەرزەکەی، ئەی زیاد ئەوەی کارێك بۆ حوکمڕانان ڕاپەڕێنێت ئەوا سووکترین سزای لە ڕۆژی دوایی ئەوەیە خوا دەیانخاتە ژێر چادری ئاگرینەوە تا لێپرسینەوەی بەدیهێنراوان تەواو دەبێت، ئەی زیاد ئەگەر کارێکی ئەوانت گرتەئەستۆ ئەوا چاکە بکە لەگەڵ یەکە بە یەکەی براکانت و خوا لە پشت ئەمەوەیە. ئەی زیاد هەر پیاوێکتان کارێکی ئەوانی گرتەئەستۆ و دواتر ئێوەو ئەوانی یەکسان کرد ئەوا پێی بڵێن: تۆ بەدرۆ شیعەی، ئەی زیاد ئەگەر ئەوەت هێنایە پێش چاوت کە دەسەڵاتت بەسەر خەڵکدا هەیە ئەوا سبەی یادی ئەوە بکەرەوە کە خوا دەسەڵاتی بەسەر تۆدا هەیە و بیر لە نەمانی ئەو شتە بکەرەوە کە تۆ هێناوتە بەسەریانەوە نەمێنێت و ئەو شتەی کە هێناوتە بمێنێتەوەو بەسەر تۆدا بشکێتەوە[1].

عەلی کوڕی یەقتین وتی: بە باوکی حەسەنم وت: لەبارەی کاری حوکمڕانانەوە چی دەڵێی؟ وتی: ئەگەر سووری لەسەر ئەنجامدانی کارەکە ئەوا خۆت بپارێزە لە ماڵ و سامانی شیعە، جا عەلی کوڕی یەقتین بە ئاشکرا پارەی لە شیعەکان وەردەگرت و بە نهێنی بۆیانی دەگەڕاندەوە[2].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٤٣ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٥٤٥ _ ٣ و ح رقم ٨٥٤٦ _ ٤.

## ٣_ خۆدابڕینی کۆمەڵایەتی

ئەگەر چەمکی خوادبڕین لە ستەمکاران ناسراوبێ لەلایەن ئال و بەیت، ئەوا ئیمامییەکان گێڕانەوەی تریان لەوان گێڕاوەتەوە دەربارەی خودابڕیان لە دژەڕاکان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوەو لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە هۆشداری داوە لەبارەی دانیشتن لە مەجلیسی سەرپێچیکارو بیدعەچییەکان: (هاوەڵایەتی خەڵکی بیدعەچی مەکەن و لەگەڵیان دامەنیشن، ئەگەر نا لەبەرچاوی خەڵك وەك یەکێك لەوان ئەژمار دەکرێن، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: بەندە لەسەر ئایینی هاوەڵەکەیتی)[١]. و صادق لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (ئەگەر خەڵکی گوماندارو بدیعەچیتان لە دوای من بینی ئەوا بە ئاشکرا خۆتان لەوان بەری بکەن و توانجیان زۆر لێبدەن و قسەیان پێ بڵێن و فشەیان پێ بکەن تا ئارەزووی نانەوەی گەندەڵی نەکەن لە ئیسلامدا و خەڵکیش هۆشیاریان لەبارەوە بدەن و فێری بیدعەکانیان نەبن بەمەش خوا چاکەتان بۆ دەنووسێت و پلەتان پێ بەرز دەکاتەوە لە دوارۆژدا)[٢].

کلینی هەندێك فەرموودەی گێڕاوەتەوە کە فەرمان بە خۆدابڕین دەکات لە دژەڕاکان، لە یەکێك لە گێڕانەوەکاندا وتویەتی: هەندێك کەسی خوڕاسان لە (ما وراء النهر) هاتنە لای صادق، ناوبراو بەوانی وت: تەوقە و ژن و ژنخوازی لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆتان بکەن؟ بەڵام بزانن ئەگەر تەوقەتان لەگەڵ دژەکانتان کرد

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب مجالسة أهل المعاصي ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب مجالسة أهل المعاصي ح رقم ٢ و ٤، وكتاب الروضة ح رقم ٣١٤.

ئەوا پایەیەك لە پایەكانی ئیسلام هەڵدەوشێتەوە، ئەگەریش ژن و ژنخوازیتان لەگەڵیان كرد ئەوا ئەو پەردەیەی نێوان ئێوەو خوادا نامێنێت[1].

ئیمامییەكان پێیان وابوو كە صادق پاشماوەی منداڵی زینا و جولەكە و نەصرانی و هاوبەشدانەران و دژەكانی ئیسلامی پێی ناپەسەند بوو بەتایبەت پاشماوەی دژەڕاكان[2]. گوایە وتویەتی: لەو بیرەدا خۆت مەشۆرە كە پاشماوەی خۆشۆردنی منداڵی زینای تێدا كۆدەبێتەوە، چونكە خاوێن نابێتەوە تا حەوت پشت، لەو ئاوەش كە پاشماوەی خۆشۆردنی دژەڕاكانی تێدایە كە لەوەی تر خراپترە، خوا هیچ بەدیهێنراوێكی خراپتر لە سەگی بەدینەهێناوە، ئەوەی دژەڕامانە لەلای خوا لە سەگ بێ نرختره[3].

لە دەرەنجامی بریاری ئیمامییەكان لە خۆدابڕینی لە دژەڕاكان لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە هەڵسان بە خۆدابڕین لێیان لە نوێژو پەرستشەكاندا و حەرام كردنی ئەنجامدانی نوێژی بە كۆمەڵ لە دوایاندا مەگەر بە مەبەستی خۆپارێزی (توقیە) بێت[4].

خۆدابڕینی كۆمەڵایەتی وای لە هەندێك لە ئیمامییەكان كرد كە ژن مارەكردن لە نێوان هەر دوو لادا بە حەڕام بزانن، بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئال و بەیت، هەروەك لە هەڵوێستی زوراەی كوڕی ئەعیون دەردەكەوێت كە هەڵسا بە داهێنانی

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٦١ _ ١٧.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٣٨٦٦ _ ٦.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٣٨٨١ _ ١.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٥٢٧٦ _ ٢ و ح رقم ٥٢٨١ و ح رقم ٥٢٧٨ _ ٤.

ئەم هەڵوێستە نەرێنیە لە ڕۆژگاری باقردا هەر چەندە باقر هەوڵیدا هەڵوێستەکە نەرم بکات[1]. و سەرباری ڕای ئیمامی صادق کە بە زوارەی وت: (بەڵام تۆ ئەگەر گەورە بوویت پاشگەز دەبیەوەو گرێبەستەکەت هەڵدەوەشێتەوە)[2].

لە میانەی هەوڵی زوارەی کوڕی ئەعیون بۆ پشتگرتنی ئەو هەڵوێستەی کە ڕەتی دەکردەوە ژنی جگە لە شیعە مارەبکرێت، فەرموودەیەکی لە صادق گێڕایەوە لەبارەی مارەکردنی دایکی کەلسوم کە کچی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبە لە عومەری کوڕی خەتاب، گوایە صادق وتویەتی: (ئەمە شەرمگە _ عەوڕەت _یکە بە زۆری لێمان داگیرکرا)[3]. جا ڕاڤەکردنی مارەکرانی دایکی کەلسوم لە عومەرو پاساودانی بەوەی داگیرکراوەو بەناچاری بووە، هۆکارێك بوو بۆ بەرێکردنی هەڵوێستی خۆدابڕینی کۆمەڵایەتی و حەرام کردنی ژن هێنان و ژن دان بە دژەڕاکان لەلای ئیمامییەکان لەو کاتدا، بەهەمان شێوە ئیمامییە توندڕەوەکان کۆمەڵێك گێڕانەوەیان دایە بەو ناوەرۆکە دایە پاڵ صادق، پێیان وابوو وتویەتی: (باوەڕدار ژن ناهێنێت کە دژەڕا بێت و پێی ناسرابێ)[4]. و وتویەتی: (باوەڕدار ئافرەتی دژەرامان مارە ناکات و پیاوی دژەڕاشمان ئافرەتی باوەڕدار مارە ناکات و چەوسێنەرەوە ئافرەتی باوەڕدار ناهێنێت)[5]. و گوایە بە باوکی بەصیرو زوارەی

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٥٦ _ ١٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الضلال ح رقم ٢ و ح رقم ٩٥٤٦ _ ٢.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٣٦ _ ١ و ح رقم ٩٥٣٧ _ ٢.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٤٧ _ ٣.

(٥) الكليني، الكافي رقم ٩٥٥٢ _ ٨ و ح رقم ٩٥٤٨ _ ٤.

وتوە: (ژن لە گوماندارەکان بێنن و ژنیان پێ مەدەن، چونکە شێوازو ڕێ و شوێنی هاوسەری دەگرێتەبەر و هاوسەرەکە ژنەکەی لە ئایینەکەی پاشگەزی دەکاتەوە)[1].

فوزەیلی کوڕی یەسار دەڵێت: بە صادقم وت: خێزانەکەم خوشکێکی هەیە ڕاوبۆچوونەکانمان دەزانێت و لە شاری بەصرە خەڵکێکی کەم لەسەر ڕاو بۆچوونەکانی ئێمەن ئایا لە یەکێك مارەی بکەم کە هەمان بۆچوونی ئێمەی نییە؟ صادق وتی: نا، چونکە بێ ڕێزییە... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ﴾ الممتحنة: ١٠. واتە: (مەیانگێڕەوە بۆ لای مێردە بێ باوەڕکانیان، نە ئەو ئافرەتانە حەڵاڵی ئەو بێ باوەڕانەن، نە ئەو بێ باوەڕانەش حەڵاڵن بۆ ئەم ئافرەتە ئیماندارانە)[2].

بەپێی هەندێك گێڕانەوە ئیمامییەکان پێیان وایە کە ژن هێنان لە جولەکە و نەصرانییەکان باشترە لە ژن هێنان لە دژەڕاکان، عەبدوڵای کوڕی سینان دەڵێت: باوکم پرسیاری لە صادق کرد لەبارەی مارەکردنی جولەکە و نەصرانیەکان و منیش گوێم گرتبوو، لە وەڵامدا وتی: (مارەکردنی ئەوانم پێ باشترە لە مارەکردنی دژەڕاکانمان، من پێم خۆش نییە پیاوی موسڵمان جولەکە و نەصرانیەکان مارە بکەن نەوەك منداڵی ببێتە جولەکە یان نەصرانی)[3]. و وتویەتی: (ژن هێنان لە

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٤٥ _ ١ و ح رقم ٩٥٤٩ _ ٥.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٥٠ _ ٦.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٥٩ _ ١٥.

جولەكە و نەصرانییەكان باشترە _ یان وتی: خێرترە _ لە ژن و ژنخوازی كردن لەگەڵ دژەراكانمان)[1].

خودابڕینی كۆمەڵایەتی درێژبووە لە ژیانەوە تا مردن، ئیمامییەكان لە صادقیان گێڕاوەتەوە كە ناوبراو ڕەتی كردۆتەوە نوێژ لەسەر تەرمی دژەڕاكانی بكات، ئەگەر یەكێك ناچاربوو بۆ نوێژ كردن لەسەریان ئەوا پێویستە لەسەری نەفرەتیان لێبكات لە جیاتی ئەوەی داوای ڕەحمەتیان بۆ بكات[2]. و لێیان گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: ئەگەر نوێژت لەسەر تەرمی دوژمنی خوا كرد ئەوا بڵێ: (خوایەگیان تەنها ئەوە لەبارەی فڵانە كەسە دەزانین كە دوژمنی تۆو پێغەمبەرەكەتە، خوایەگیان گۆڕو سكی پڕ بكە لە ئاگر و زوو بەڕێی بكە بەرەو دۆزەخ، چونكە پشتی دوژمنانی تۆی دەگرت و دژایەتی خۆشەویستانی دەكردی و ڕقی لە خانەوادە و خزمە نزیكەكانی پێغەمبەرەكەت بووە، خوایەگیان گۆڕەكەی لەسەر تەسك بكەرەوە) جا ئەگەر بەرزكرایەوە بڵێ: (خوایەگیان؛ بەرزو پاكی مەكەرەوە)[3]. محەممەدی كوڕی موسلیم لە صادقی گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: ئەگەر پێشتر مردووەكە نكۆڵی لە ڕاستی كردبێت ئەوا بڵێ: (خوایە؛ سك و گۆڕەكەی پڕكە لە ئاگرو مارو دووپشكەكانی بەسەریدا زاڵ بكە)[4]. لە گێڕانەوەیەكی تردا كە لە ئەحمەدی كوڕی محەممەدی كوڕی ئەبو نەصیرەوە هاتووە دەڵێت: دەبێ بڵێیت: (خوا بەندەكەت لە ناو بەندە و وڵاتەكەت سەرشۆڕ

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٩٥٦٠ _ ١٦.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٤٠ _ ١ و ح رقم ٤٥٤١ _ ٢.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٤٣ _ ٤.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٤٤ _ ٥ و ح رقم ٤٥٤٦ _ ٧.

بكە، خوایەگیان بیخەرە ناو ئاگرەوەو بە سەختترین سزات سزای بدە، چونکە دژایەتی خۆشەویستانی تۆی دەکرد و پشتگیری دوژمنەکانتی دەکرد و ڕقی لە خانەوادە و خزمە نزیکەکانی پێغەمبەرەکەت بوو)[1].

## ٤_ خۆدابڕینی ئابووری

لە پاڵ خۆدابڕینی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دا، ئیمامییەکان هەندێك فەرموودەیان لە ئیمامەکانی مەزهەبەکەیان گێڕاوەتەوە لەسەر پێویستی خۆدابڕینی شیعە لە دژەڕاکانیان لە ڕووی ئابورییەوە و بەتایبەت لە بابەتی زەکاتدا. ئەم گێڕانەوانەمان لە بەشی فیقهی ئیمامیدا خستەڕوو. پێیان وابوو ئیمامەکان زەکاتدانیان بە هەژارانی دژەڕاکانیان قەدەغە کردووە[2]. و گوایە ئیمامەکان گواستنەوەی زەکاتیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر قەدەغە کردووە ئەگەر لە شاری یەکەمدا کەسێکی تێدا نەبوو کە شارەزای ئیمامییەکان بێت[3]. و پێویست بوونی دووبارە دەرکردنی زەکات بەو مەرجەی زەکات لە جێگای خۆیدا خەرج نەکرێت[4].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٤٥ _ ٦.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٢٨ _ ٦ و ح رقم ٥٧٤٤ _ ١.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٧٠ _ ١١.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٥٩٢٤ _ ٢.

## ٥_ خۆدابڕین: پتەوکردنی پەیوەندییە ناوەخۆییەکانی شیعە

لە دەرەنجامی ئەو دابڕانەی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) هێنایە کایە لە نێوان ئیمامییەکان و سەرتاپای موسڵمانانی دەورووبەریان، هەر لە زووەوە ئیمامییەکان پەییان بە گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە ناوەخۆییەکان برد، بۆیە ئەم وتەیەی باقریان گێڕایەوە کە ئاڕاستەی یەکێك لە هاوەڵانی کردبوو: (ئەی خەیسەمە سڵاو بەوانەی پشتگیریمان دەکەن لەسەر ئیسلام بگەیەنە و ئامۆژگارییان بکە بە لە خواترسان و گەڕانەوەی دەوڵەمەندیان بۆ لای هەژاریان و بەهێزیان بۆ لای لاوازیان، زیندووانیان تەرمی مردوویان تووند بکاتەوەو لە ماڵەکانیان بەیەك بگەن، ئەگەر لەگەڵ یەکتر کۆبوونەوە ئەوا فەرمانی ئێمەیان زیندوو کردۆتەوە، ڕەحمەتی خوا لە بەندەیەك بێت کە فەرمانی ئێمە زیندوو ڕابگرێت)[١]. گێڕاویانەتەوە کە ئیمام باقر پرسیاری لە کەسێکی تری شیعە کردووە: (ئایا بەتەنیا بەیەکدەگەن و گفتوگۆ دەکەن و چیتان دەوێت دەری دەبڕن؟ وتی: بەخوا بە تەنیا بەیەکتر دەگەین و گفتۆگۆ دەکەین و چیمان دەوێت دەیڵێین، وتی: سوێند بەخوا پێم خۆش بوو لەگەڵ ئێوەدا بووبام لە هەندێك لەو شوێنانەدا، بەخودا بۆن و ڕۆحتانم خۆش دەوێ و ئێوە لەسەر ئاینی خواو فریشتەکانن و پشتگیری خۆتان بکەن بە لەخواترسان و کۆشش کردن)[٢].

لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە ئامۆژگاری شیعەکانی کردووە بە سەردان و گفتۆگۆ و خۆبەری کردن و پشتی یەکگرتن[٣]. و گوایە وتویەتی: (خوا فریشتەی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب زيارة الإخوان ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، باب الإيمان والكفر، باب تذاكر الإخوان ح رقم ٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب تذاكر الإخوان ح رقم ٢، وكتاب الروضة ح رقم ٢٩٢.

گەڕۆکی هەیە، جیا لە فریشتە نووسەرەکانی سەر شانی بەندە، ئەگەر بەلای کۆمەڵێکدا چوون و یادی محەممەد و خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەد بکەن، ئەوا دەڵێن: ڕاوەستن مەبەستەکەتان پێکا و دادەنیشن و لەگەڵیان لە واتاکان تێدەگەن، ئەگەر هەڵسان دەچنە لای نەخۆشەکانیان و دێنە لای تەرمی مردووانیان و پەیمان لەگەڵ ئەوانە دەدەن کە ئامادە نین، ئەوە ئەو مەجلیسەیە ئەوەی لێی دابنیشێت بەدبەخت نابێت)[1].

ئەم فەرموودە و ئامۆژگاری و ڕاسپاردانە لە خۆدابڕینی پەرستشی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و بەهێز کردنی پەیوەندییە ناوەخۆییەکانی شیعە ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە پتەوکردنی قەوارەی تاقمگەرای تایبەتی شیعە، هەروەها دانانی دیوارێکی گۆشەگیری لە دەوریان و گواستنەوەیان لە پێشەنگێکی سیاسی تێکۆشەر لە پێناو بەرژوەندییە گشتییەکانی ئوممەت لە ئازادی و دادگەری و شوراوە بۆ کۆمەڵەیەکی تایبەتی داخراو بەڕووی خۆیدا کە ڕق و کینە لەگەڵ ئەوانی تر دەگۆڕێتەوە.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب تذاكر الإخوان ح رقم ٣ و ٤ و ٦.

# بەشی هەشتەم

# ڕاگەیاندنی ئیمامی و

# پڕکردنەوەی لایەنی دەروونی

سەرباری نوێی و سەختی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) ئەوا ڕاگەیاندنی ئیمامی سەرکەوتوو بوو لە بەبازارکردنی باوەڕبوون بە ئیمامەکان و لایەنگیری کردنیان، ئەمەش وەك بەشێکی جیا نەبووەوە لە بیروباوەڕی ئیسلامی لە ناو ڕیزەکانی هەندێك شیعەدا، ئەمە وای کرد پەیوەندی شیعەکان لەگەڵ ئیمامەکان بە زیندوویی و بە مردوویی بەهێز ببێت جا چ حوکمڕان یان هاوڵاتی و قسەکەر یان بێ دەنگ و ڕاوەستاو یان دانیشتوو و شۆڕشگێڕ یاخود ئاشتیخوازو ڕاست یان هەڵە بووبن، ئەو شیعانە ئیمامەکانیان بە کەشتی ڕزگاری وێناکرد، کە هەر کەسێك سواری ببێت ڕزگاری دەبێ و ئەوەش کە نەچێتە ناویەوە ئەوا نغرۆ دەبێ و تیادەچێت، هەروەها بەرگێکی ئایینی پیرۆزی هەمیشەییان بە بەر ئیمامەکانی نەوەی عەلی و حوسەیندا کرد.

بە گوێرەی گێڕانەوەی کوشی کە لە یوسفی کوڕی جەعفەر دەگێڕێتەوە، دەڵێت: بە صادقم وت: وەسفی ئەو ئاینەم بۆ بکە کە خوای پێ دەپەرستم، جا ئەگەر من ڕاست بم ئەوا جێگیرم بکە، ئەگەر ڕاستیش نەبم ئەوا بمگێڕەوە بۆ سەر ڕاستی، صادق وتی: دەی بڵێ، یوسف دەڵێت وتم: شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن کە تاك و تەنهایە، محەممەد یش پێغەمبەرو نێردراوی ئەوە، عەلی و حەسەن و حوسەین و عەلی کوڕی حوسەین و محەممەدی کوڕی عەلی ئیمامەکانی من بوون، بە قوربانت بم تۆش لەسەر پەیڕەوەی باوو باپیرەکانتی. صادق چەند جارێك وتی: (ڕەحمەتی خوات لێبێت و دواتر وتی:

ئەمە ئایینی خواو فریشتەکان و باوو باپیرانمە کە خوا جگە لەوە هیچ ئایینێکی تر وەرناگرێت)[1].

بۆ پتەوکردنی ئەو وێنەیە لەسەر ئیمامەکان، ئەوا ڕاگەیاندنی ئیمامی چەند هەنگاوێك یان هەندێك پڕۆسەی نیگا و ئاماژەی دەروونی گرتەبەر، کە لەم بڕگانە پێکدێت:

## ١_ سروشتی ئیمامەکان و پلەوپایەیان لەلای خوا

ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئیمامەکان بۆ سەرووی ئاستی مرۆڤی ئاسایی و بەرگێکی تایبەتی بە بەر ئەواندا کرد. و فەرموودەی زۆریان بڵاوکردەوە لەبارەی سروشتی (ئیمامەکان) و چۆنی بەدیهاتن و لەدایك بوونیان. هەروەك لەو گێڕانەوەی دراوەتە پاڵ باقردا هاتووە، گوایە ناوبراو وتویەتی: (خوای گەورە ئێمە لە بەرزترین بەرزاییەکان بەدیهێناوەو دڵی شیعەکانمانی لە هەمان شت بەدیهێناوە، جەستەی پشتیوانەکانمانی لە شتێکی نزمتر لەوە بەیهێناوە، جا دڵیان هەڵپە دەکات بۆ ئێمە، چونکە لەو شتە بەدیهێنراوە کە ئێمە لێی بەدیهێنراوین، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ ﴿١٨﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٢٠﴾ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢١﴾﴾ المطففين: ١٨ _ ٢١. واتە: "نەخێر _ دەستەی سەرفرازان دوورن لەو تەنگانەیە _بەڵکو نامەی کردەوەکانیان وا لە شوێنە بەرزو بڵندەکاندان. جا تۆ چووزانی _

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ١٣٨١٥ عن الكشي، ترجمة: يوسف بن جعفر.

علیون _ چییه و چۆنه. نامەیەکی مۆرکراو و نووسراوه. ئەو نامەیە فریشتە نزیکە بەڕێزەکانی لای خوا دەیکەنەوەو شایەتی لەسەر دەدەن". ئەمەشی خستەسەر: خوای گەورە دوژمنەکەمانی لە چینی ژێرەوەو نزمی زەوی بەدیهێناوەو دڵی پشتیوانەکانیشی لە هەمان شت بەدیهێناوە و جەستەکانیشیانی لە شتێکی لەوە نزمتر بەدیهێناوە، جا دڵی ئەوان تەنها بۆ خۆیان هەڵپە دەکەن، لەبەر ئەوەی لە هەمان ئەو شتە بەدیهاتوون کە شەیتانی لێ بەدیهاتووە، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ۝٧ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ ۝٨ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ۝٩ ﴾ المطففین: ٧ _ ٩. واتە: "وابێنن، بەڕاستی نامەی کردەوەی تاوانباران لە _ سجین _دایە. جا تۆ چووزانی _ سجین _ چییە". نامەیەکی مۆرکراو و نووسراوە)[١].

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە بۆنی هەڵبەستران و زیادەڕۆچوونی لێدێت، گوایە باقر دەڵێت: (ئیمام دە نیشانەی هەن: بە پاکی و خەتەنەکراو لە دایك دەبێت، کاتێك لە دامێنی دایکی بەردەبێتەوە بە هێواشی دەکەوێتە سەر زەوی و دەنگی بە وتنی شایەتمان بەرز دەکاتەوە، جەنابەتی تووش نابێت، چاوەکانی دەخەون بەڵام دڵی ناخەوێت، باوێشکی نایەتی و خۆی لێك ناکێشتەوە، چۆن پێشەخۆی دەبینێت ئاوا پشتەوەی خۆشی دەبینێ، بۆنی پیساییەکەی وەك بۆنی میسکە و زەوی ڕاسپێرراوە پیساییەکە دابپۆشێت و بخوات.....)[٢].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب خلق أبدان الأئمة وأرواحهم و قلوبهم ح رقم ٤.

(٢) گێڕانەوەیەکی تر لە ئیسحاقی کوڕی جەعفەرەوە هاتووە، دەڵێت صادق وتویەتی: گوێبیستی باوکم بووم دەیوت: دایکانی ئیمامەکان کاتێك ئەوانیان لە سکدایە بۆ ماوەیەك شێوە بێهۆشییەك دایاندەگرێ،

## پەیوەندی ئیمامەکان بە جنۆکەکانەوە

لە هەوڵێکدا بۆ بە بەرداکردنی سروشت و بەرگێکی دەرئاسا بەبەر ئیمامەکاندا، ئەوا ئیمامییەکان چەند گێڕانەوەیەك دێننەوە لەبارەی پەیوەندی ئیمامەکان لەگەڵ جنۆکەکان، لە باقرەوە دەگێڕنەوە کە وتویەتی: (ئێمە شوێنکەوتوومان لە ناو جۆنەکانیشدا هەیە، هەروەك شوێنکەوتوومان لە ناو خەڵیشدا هەیە، جا ئەگەر ویستمان کارێك بکەین ئەوا جنۆکەکان ڕەوانە دەکەین)[1]. و ئیمامەکان جنۆکەکانیان بەکارهێناوە لە پێویستییەکان و گەیاندنی

---

ڕۆژ ئاوا ڕۆژەکە بەسەر دەبات و ئەگەر شەویش هەر ئاوا دەمێنێتەوە، دواتر ئافرەتەکە لە خەودا دەبینێ پیاوێك مژدەی کوڕێکی زانا و نەرم و نیانی پێدەدات، ئەویش پێی دڵ خۆش دەبێت، دواتر لە خەوەکەی وشیار دەبێتەوە، لەلای ڕاستی خۆی لە لایەکی ماڵەوە گوێبیستی دەنگێك دەبێت دەڵێت: بە چاکە سکپڕ بووی و ئاکامت خێر بێت و بەخێر بێی، مژدەت لێبێت بە کوڕێکی زانا و نەم و نیان. ئافرەتەکە هەست دەکات جەستەکەی سووك بووەو دوای ئەمە هیچ سەغڵەتیەك نابینێت لە سکپڕبوونەکەی، کە مانگی نۆیەم هات ئەوا هەستێکی توونا لە ماڵەکەدا هەست پێ دەکات، ئەگەر ئەو شەوە هات کە منداڵەکە تیایدا لە دایك دەبێت ئەوا ڕووناکی و نوورێکی بەرچاو دەکەوێت و کەسی تر جگە لە باوکی ئەو نوورە نابینێت، جا کە منداڵەکەی دەبێت لە دانیشتنەوە دەبێت و دەکەوێتە سەر چوار پەلی، کاتێکیش کەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوی ئەوا دەسوڕێتەوەو ڕووگە ون ناکات و لە هەر کوێیەك بێت ڕووی تێدەکات، دواتر سێ جار دەپژمێت و بە پەنجەی ئاماژە بۆ (سوپاس و ستایش) دەکات و خەتەنەکراوەو ددانە چوارینە و کەڵبە و خرێیەکانی هاتوون و لە بەردەمیدا نوور وەك داڕێژراوی زێر هەیە و بە شەو بە ڕۆژ زێر لە دەستەکانی دەچۆڕێ، پێغەمبەرانیش هەر وان کە لە دایك دەبن، بەڵام ئیمامەکان هەڵواسراون بە پێغەمبەرانەوە). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب مواليد الأئمة ٤ و ٨.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الجن يأتيهم فيسألونهم عن معالم دينهم ح رقم ٤.

پۆسته[1]. سەعدی ئیسکافی دەڵێت: یەکێك لەو جارانەی چوومە لای باقر، دەیوت: پەلە مەکە، تا خۆر گەرم بوو و منیش گەرمم بوو و دوای سێبەردا دەگەڕام، ئەوەندە نەما بینیم کەسانێك بە ڕووی مندا دەرکەوتن و بە لای مندا تێپەڕین وەك کوللەی زەرد وابوون، ڕەنگیان پەڕی بوو و پەرستشی زۆر ماندووی کردبوون، سوێند بەخوا جوانی حاڵەتی ئەو کەسانە منیان لەبیرە خۆم بردەوە، جا کاتێك چوومە لای باقر ئەوا پێی وتم: وا هەست دەکەیت کە توونـد بووم لەگەڵت، وتم: بەڵێ، بەڕاستی من خۆم لەبیر کرد بەهۆی بینینی ئەو کەسانەی کە بەلای مندا تێپەڕین و من هەرگیز لەوان ڕەنگ جوانترم نەبینیوە کە یەك جۆرە جل و بەرگیان لەبەردابوو وەك ئەوەی یەك کەس بووبن و ڕەنگیان وەك کوللەی زەرد بوو، پەرستشی زۆر ئەوانی ماندوو کردبوو، باقر وتی: ئەی سەعد تۆ ئەوانت بینی؟ وتم: بەڵێ، باقر وتی: ئەوانە براکانت لە جنۆکەکان، سەعد وتی وتم: جنۆکەش دێنە لات؟ باقر وتی: بەڵێ دێنە لامان و پرسیارمان لێدەکەن لەبارەی دروشم و مەشخەڵ و حەڵاڵ و حەڕامی ئایینەکەیان[2].

## ٢_ درود و سەڵاتدان لەسەر ئالی محەممەد

ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە قۆستنەوەی بابەتی (درودو سەڵاتدان لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد ) و سەرکەوتنێکی مەزنی دەسخست بە خزاندنی ئەو بابەتە بۆ ناو تێکڕای کایەکانی ژیاندا، ئەمەش دوای تەئویل کردنی (ئالی محەممەد ) بە ڕەچەڵەکی پێغەمبەر کە ئیمامە عەلەویە حوسەینییەکانن.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الجن يأتيهم فيسألونهم عن معالم دينهم ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الجن يأتيهم فيسألونهم عن معالم دينهم ح رقم ١ و ٢ و ٣.

سەربارى ئەوەى قورئان دەدوێت لەبارەى درووود و سەڵاتدان لەسەر پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) و داواش لە باوەڕداران دەكات كە درووود و سەڵات بدەن لەسەرى، هەروەك دەفەرموویت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦ ﴾ الأحزاب: ٥٦. واتە: (بێگومان خواو فریشتەكانى سڵاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر ((ﷺ))، ئەى ئەوانەى باوەڕتان هێناوە، ئێوەش سڵاواتى لەسەر بدەن _ بەردەوام يادى خێرى بكەن _).

بێ ئەوەى باس لە درووودو سەڵاتدان لەسەر ئالى محەممەد بكات، بەڵام هەندێك فەرمووده باس لەوە دەكەن كە هاوەڵان پرسيارىان لە پێغەمبەر ((ﷺ)) كردووە كاتێك ئايەتى ناوبراو دابەزیوە: (ئەى پێغەمبەرى خوا ئێمە سڵاودانمان لەسەر تۆ زانى، ئەى چۆن درووودو سڵاوات لەسەرت بدەين؟ فەرمووى: بڵێن: خوايەگيان؛ درووودو سڵاوات بدە لەسەر محەممەد و ئالى محەممەد هەروەك چۆن درووودو سڵاواتت دا لەسەر ئيبراهيم و ئالى ئيبراهيم بە ڕاستى تۆ ستايشكراو و پايەبەرزى، بەرەكەت و فەڕ برژێنە بەسەر محەممەد و ئالى محەممەد هەروەك چۆن بەرەكەت و فەڕت ڕژاندە سەر ئيبراهيم و ئالى ئيبراهيم، بەڕاستى تۆ ستايشكراو و پايەبەرزى)[١].

بەڵام لەسەرەتادا واتاى وشەى (ئال) پڕواپڕو يەكاو يەك نەبوو لەگەڵ وشەى (أهل: خانەوادە)، چونكە وشەى: (ئال) هەروەك (تەباتەبائى) لە كتێبەكەيدا (تفسير الميزان) ئاماژەى پێ دەكات: بريتييە لە: بەشى تايبەتى شت. هەروەك

(١) البخاري و ابن كثير في تفسيره، والطبرسي في مجمع البيان والطوسي في التبيان، في تفسير هذه الآية. ئا لێرەوە ئيمامى شافيعى وتى درووود دان لەسەر پێغەمبەر لە شايەتمانى كۆتاييدا پێويستە.

ڕاغیب لە کتێبی (المفردات)دا دەڵێت: ئال: بەکاردێت بۆ ئەوانەی کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە بە شێوەیەکی خودی جا یان بە خزمایەتیەکی نزیك یاخود بە پشتگیری و لایەنگیری. وشەی (ئال) سێزدە جار لە قورئاندا هاوپێچ لەگەڵ وشەی فیرعەوندا هاتووەو دە جاریش هاوپێچ لەگەڵ ناوی ژمارەیەك لە پێغەمبەرانەوە هاتووە. وەك ئەم ئایەتانە: ﴿وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ﴾ البقرة: ٤٩. واتە: (بیری نیعمەتی ڕزگاربوونیشتان بکەنەوە کاتێك ڕزگارمان کردن لە دەست دارو دەستەی فیرعەون). و ﴿وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ﴾ البقرة: ٥٠. واتە: (دارو دەستەی فیرعەونمان نغرۆکرد). و ﴿كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ﴾ آل عمران: ١١، الأنفال: ٥٢، الأنفال: ٥٤. واتە: (وەك داب و نەریتی دارو دەستەی فیرعەون). و ﴿وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَوْنَ بِالسِّنِينَ﴾ الأعراف: ١٣٠. واتە: (سوێند بێت بە خوا بەڕاستی ئێمە شوێنکەوتووان و دارو دەستە و گەلی فیرعەونمان گیرۆدەی چەند ساڵێکی گرانی و نەهامەتی کرد). و ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ﴾ غافر: ٢٨. واتە: (پیاوێکی ئیماندار لە دارودەستەی فیرعەون کە باوەڕەکەی شاردبووەوە تا ئەو کاتە، وتی). هەموو ئەو ئایەتانە ئاماژە دەکەن بۆ واتای (شوێنکەوتووان و لایەنگران) نەك ڕەچەڵەك، چونکە هەروەك ناسراوە فیرعەون نەزۆك بووەو ڕەچەڵەکی نەبووە. و ئەمەش هەندێك لەو ئایەتانەن کە تیایدا باسی وشەی (ئال) کراوە هاوپێچ لەگەڵ ناوی هەندێك لە پێغەمبەران، بۆ نمونە: ﴿فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا﴾ النساء: ٥٤. واتە: (بێگومان ئێمە کتێبمان بە نەوەی ئیبراهیم بەخشیووەو لە جۆرەها دانایی بەهرەوەرمان کردوون

و _ به هەندێکیان _ دەسەڵات و پاشایەتیەکی گەورەمان بەخشیوە). و ﴿وَيُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعۡقُوبَ﴾ یوسف: ٦. واتە: (تا نیعمەتەکانی خۆی بەسەر تۆ و نەوەکانی یەعقوبدا تەواو بکات). و ﴿يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنۡ ءَالِ يَعۡقُوبَ﴾ مریم: ٦. واتە: (تا میراتی پێغەمبەرایەتی من و نەوەی یەعقوب بگرێت). و ﴿وَبَقِيَّةٞ مِّمَّا تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ﴾ البقرة: ٢٤٨. واتە: (هەروەها پاشماوەی بە نرخ و کەلەپوری تێدایە لەوەی کە بنەماڵەی موسا و هاروون بەجێیان هێشتووە). و ﴿إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ إِنَّا لَمُنَجُّوهُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ الحجر: ٥٩. واتە: (تەنها شوێنکەوتووانی لووت نەبن کە هەموویان ڕزگار دەکەین). و ﴿فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾ الحجر: ٦١. واتە: (ئینجا کاتێك ئەو فرستادانە هاتنە ناو شوێنکەوتووانی لووت). و ﴿قَالُوٓاْ أَخۡرِجُوٓاْ ءَالَ لُوطٍ مِّن قَرۡيَتِكُمۡ﴾ النمل: ٥٦. واتە: (لووت و شوێنکەوتووانی لە شارەکەتان دەربکەن). و ﴿ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗا﴾ سبأ: ١٣. واتە: (ئەی نەوەو شوێنکەوتووانی داود، بە کردارو گوفتار سوپاسگوزار بن). و ﴿سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلۡ يَاسِينَ﴾ الصافات: ١٣٠. (لە جۆرێکی تری خوێندنەوەی قورئاندا بە _ آل یاسین: دەست و پێوەندی یاسین _ خوێندراوەتەوە) واتە: (سڵاو و درووود و ڕێز لە ئیلیاسین بێت). وشەی (ئال) لەم ئایەتانەدا بریتیە لە ڕەچەڵەکی پاك و چاکی پێغەمبەران لە نەوەکانی ئیسرائیل (واتە چاکەکان نەك هەموو ڕەچەڵەك بە چاك و خراپەوە) لەوانەیە شوێنکەوتووە باوەڕدارەکانیش بگرێتەوە، هەروەك ئالی موسا بریتییە لە شوێنکەوتووانی، چونکە موسا ڕەچەڵەك و نەوەی نەبوو. ئەمەش ڕۆشنایی دەخاتە سەر واتای (ئالی محەممەد ) بەوەی هاوەڵان و شوێنکەوتووان و ڕەچەڵەکی

چاك دەگرێتەوە. و بە پێی خوێندنەوەی بەناوبانگ بۆ ئەم ئایەتە: ﴿ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلۡ يَاسِينَ ﴾ الصافات: ١٣٠. ئەوا مەبەستی ئایەتەکە پێغەمبەر ئیلیاسە و هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ واتای (ئال)، بەڵام بەپێی خوێندەوەکانی تری قورئان: خوێندنەوەی (نافیع و ئیبن عامر و یەعقوب و زەید) کە بە (ئالی یاسین) دەیخوێننەوە ئەوا دوو مانا هەڵدەگرێت: شوێنکەوتووان و ڕەچەڵەك. بەڵام ئیمامییەکان تەنها بە ڕەچەڵەك و خانەوادە شرۆڤەیان کردووە، بۆ ئەم مەبەستە گێڕاویانەتەوە لە صادق، ئەویش باقر و لە باوو باپیرانیەوە لە عەلییەوە کە وتویەی: (یاسین: محەممەد ە ((ﷺ))، ئێمە ڕەچەڵەکی یاسینین)[١]. گوایە عەلی وتویەتی: (خوای مەزن سروشی بۆ پێغەمبەرەکەی نارد کاتێك بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان: پێی ڕاگەیاند: ئەی محەممەد درووود و سڵاوات بدە لەسەر خۆت و خانەوادەکەت، فەرمووی: درووودو سڵاواتی خوا لەمن و خانەوادەکەم بن، بێگومان خوا درووودو سڵاواتی لەسەر داوە)[٢].

بێ گومان شتێکی ڕوونە ڕاڤەکردنی وشەی (ئال) بە (خانەوادە) واتا گشتییە فراوانەکەی تەسك دەکاتەوە کە هەموو موسڵمانەکان دەگرێتەوە کە شوێن پێغەمبەر کەوتوون و کورتی هەڵدێنێت لە خانەوادە و ڕەچەڵەکدا، جا لەبەر ئەوەی ڕەچەڵکەکەش چاك و خراپی تێدابوو، ئەوا ئیمامییەکان هەڵسان بە کورت هەڵهێنانی واتاکە لە چوارچێوەیەکی تەسکتر و لە صادقیان گێڕایەوە کە وتویەتی: (ئەگەر مەرجەکانی شەریعەت و بەرنامەی پێغەمبەریان جێبەجێ کرد ئەوا لە

(١) الطباطبائي، تفسير الميزان، عن المعاني، وعيون أخبار الرضا، عن الصادق والرضا.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥٧١٢ _ ١.

ڕەچەڵەکی ئەون). بۆ ئەوەی ڕاڤە نوێیەکە بگونجێت لەگەڵ تیۆری ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت یاخود لێی نزیك ببێتەوە.

ئیمامییەکان گێڕانەوەیەکی پچڕاو لە عەلی کوڕی موسای ڕیزا دێننەوە کە گوایە ئامادەبووە لە مەجلسی مەئموندا و کۆمەڵێك لە زانایانی عێڕاق و خوڕاسانیش ئامادەی بوون، زاناکان وتیان: ئەوە لە پێغەمبەری خواوە هاتووە کە فەرموویەتی: (ئوممەتەکەم شوێنکەوتوو _ ئال _ی منن)، ئا ئەوە کۆمەڵێك لە هاوەڵان بە هەواڵی ڕێژنەدار کە لە تواناندا نییە ڕەتبکرێتەوە دەڵێن: (ئوممەتی محەممەد بریتیین لە شوێنکەوتوو _ ئال _ی محەممەد ). بەڵام ڕیزا: (ئال)ی بە ڕەچەڵەك و نزیکان ڕاڤە کردووە، بە تەئویل کردنی ژمارەیەك ئایەتی قورئان بەڵگەی هێناوەتەوە[1].

لە دوای ئەوەی ئیمامییەکان وشەی (ئال)یان بە خانەوادە و ڕەچەڵەك ڕاڤە کرد و (ئیمامە عەلەوی حوسەینییەکانیان) وەك دیارترین یان تاکە نومایشکاری خانەوادە و ڕەچەڵەك و بێ بەش کردنی سکەکانی تری هاشمی و عەلەوی و حەسەنی و حوسەینی، ئیمامییەکان هەڵسان بە بەکارهێنانی (دروودو سڵاوات دان لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد ) وەك ئامرازێکی سیاسی ڕاگەیاندنی لە ڕەواجدان بەخۆیان، تەنانەت دروودو سڵاوات دان لەسەر (ئالی محەممەد )یان بە مافێك لە مافەکانی ئەوانیان دانا. لە صادقیان گێڕایەوە کە وتویەتی: کە باقری باوکی صادق گوێبیستی کەسێك بووە کە خۆی بە بە بەردە ڕەشەکەی کەعبە خۆی هەڵواسیوەو دەڵێت: خوایەگیان؛ دروودو سڵاوات بدە لەسەر محەممەد ، باقر

(١) ابن شعبة الحراني، تحفة العقول ٤٢٥، والمجلسي، بحار الأنوار ٢٥/٢٢٠.

پێی وت: (ئەی بەندەی خوا بێ خێرو دوابڕاوی مەکە، مافمان مەخۆ، بڵێ: خوایەگیان؛ دروودو سڵاوات بدە لەسەر محەممەد و خانەوادە و ڕەچەڵەکی محەممەد )[1].

لەم فەرموودە و فەرموودەی پێشتر تێبینی ئەوە دەکرێت: کە وشەی (خانەوادەکەم: أهل بيتی) یان (خانەوادەی پێغەمبەر: أهل بيته) گۆڕدرابێت بە وشەی (ئالی محەممەد ).

دوای ڕاڤەکردنی وشەی (ئال) بە خانەوادە و ڕەچەڵەك، ئیمامییەکان هەڵسان بە گێڕانەوەی هەندێك فەرموودە لە ئیمامەکانەوە کە هانی شیعە دەدات لەسەرجەم پەرستشەکاندا (دروود و سڵاوات دان لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد ) بەکاربهێنن، هەروەك لە باقر دەگێڕنەوە کە وتویەتی: (هەر کەسێك لە کرنووش و ڕاوەستان و چەمینەوە _ ڕکوع _ی ناو نوێژدا بڵێت: "خوای گەورە دروودو سڵاواتی داوە لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد " ئەوا خوا چاکەی بۆ دەنووسێت بە ئەندازەی خێری چەمینەوە _ ڕکوع _ و ڕاوەستان و کرنووش)[2]. و گوایە وتویەتی: (هیچ شتێك بە ئەندازەی ئەوە لای من خۆشەویست نییە لە ڕۆژی هەینیدا خوای پێ بپەرسترێت لە دروودو سڵاوات دان لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد )[3]. و ڕستەی (ئیمامە ڕازیبووەکان)یشی بۆ زیاد کرد، بە مەبەستی دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی. و باقر وتویەتی: ئەگەر نوێژی هەینیت کرد بڵێ: (خوایەگیان؛ دروود بدە لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد کە

(١) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب الصلاة على النبي وأهل بيته، حديث رقم ٢١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥٠٥٧_١٣.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٥٥١٤ _ ٣.

ڕاسپێرراون و ڕازین به چاکترین دروودی تۆ و باشترین بەرەکەتی خۆتیان بەسەردا بڕێژەو سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا له محەممەد و ئیمامەکان بێت" ئەوەی له دوای نوێژی ئێواران ئەمه بڵێت ئەوا خوا سەد هەزار چاکەی بۆ دەنووسێت و سەد هەزار گوناهی لێ دەسڕێتەوە و بەهۆیەوە سەد هەزار پێویستی بۆ جێبەجێ دەکات و سەد هەزار پلەش بەرزی دەکاتەوە)[1].

## ٣_ بەرنامەی نزاکان

ڕاگەیاندنی ئیمامی پشتی بەست به بەرنامەی نزاکان له پرۆسەی پڕکردنەوەی لایەنی دەروونی و پەروەردەی ئایینی شیعەدا، نزاکان چەمکەکانی تیۆری ئیمامی له خۆ گرتبوو که خزاندییه ناو پێکهاتەی بیروباوەڕی ئیسلامی، له (باقر یان صادق)یان گێڕایەوە که وتویەتی: (هەر کەسێك بڵێت: "خوایەگیان تۆ و فریشته نزیکەکان و هەڵگرانی عەرش و پاڵێوراوەکانت دەکەم به گەواهیدەر که تۆ خوای مەزنی و هیچ خوایەك نییه به حەق جگه له تۆ که بەخشندەو میهرەبانی و محەممەد یش بەندە و نێردراوی تۆیه و فڵانی کوڕی فڵان ئیمام و گەورەی منه و باوکیشی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و عەلی حەسەن و حوسەین و فڵان و فیسارن تا دەگاتە ئیمامەکە، ئیمام و گەورەی منن، لەسەر ئەمه دەژیم و دەمرم و له ڕۆژی دوایی لەسەر ئەمه زیندوو دەبمەوە، خۆم بەری دەکەم له فڵان و فیسار و هتد". ئەگەر لەو شەوەدا بمرێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە)[2].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٥٥١٥ _ ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء حديث رقم ٣.

ئیمامییەكان لە صادقیان گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: (خوایەگیان... بەیانیم كردەوە لەسەر فیڕەتی ئیسلام و وشەی دڵسۆزی و میللەتی ئیبڕاهیم و ئایینی محەممەد ... خانەوادە و ڕەچەڵەكی محەممەد ئیمامەكانی منن و كەسی تر ئیمام نییە، شوێن ئەوان دەكەوم و پشتیان دەگرم و لاساییان دەكەمەوە، خوایەگیان بیانكە بە گەورەو یارمەتیدەری من لە دونیا و دوارۆژدا، منیش بكە بە بەرایی ئەو كەسانەی پشتی ئەوان دەگرن و دوژمنایەتی دوژمنانی ئەوان دەكەن لە دونیا و دوارۆژدا، خۆم و باوو باپیرانم بگەیەنە بە كاروانی چاكەكاران)[١].

ئیمامییەكان وتویانە باقر داوای كردووە ئەم نزایە بخوێنرێت: ئەگەر بەیانیت كردەوە دەڵێی: (بەیانیم كردەوەو باوەڕدار بووم بەخوا لەسەر ئایین و ڕێ و شوێنی محەممەد و عەلی و ئیمامەكان، باوەڕم بە نهێنی و ئاشكرا و دیارو نادیاریان هێنا، خۆم بەخوا پەنا دەدەم لەوەی پێغەمبەری خوا و عەلی و ئیمامەكان خۆیان لێ پەناداوە، داوای ئەو شتە دەكەم كە ئەوان داوایان كردووەو حەزیان لێبووە، هیچ و تواناو هەوڵێك بێ ویستی خوا سوودی نییە)[٢]. و گوایە باقر وتویەتی: هەر بەندەیەك لە بەیانیان و ئێواران سێ جار بڵێت: (ڕازیم بەوەی خوا پەروەردگارم و ئیسلام ئایینم بێت، محەممەد یش ((ﷺ)) پێغەمبەر و قورئان ڕاگەیەندارو عەلی ئیمام بێت)، ئەوا پێویست دەبێت لەسەر خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ئەم بەندەیە ڕازی بكات و چی بیەوێت پێی بدات[٣].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء حديث رقم ٢١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء حديث رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء حديث رقم ١٢.

له صادق گێڕدراوەتەوە کە گوایە ئەم نزایەی فێری یەکێك لە هاوەڵانی کردووە: لە بەیانیان و ئێواران بڵێ: (سوپاس بۆ ئەو خوایەی چی بیەوێت ئەوە دەکات نەك ئەوەی کەسانی تر دەیانەوێت، سوپاس بۆ خوا وەك چۆن پێویستە سوپاسی بکرێت، سوپاس بۆ خوا بەو شێوەی شایەنیەتی، خوایەگیان؛ بم خەرە ناو هەر چاکەیەك کە محەممەد و ئالی محەممەد ت خستبێتە ناویەوە، دەرم بخە لە هەر خراپەیەك کە محەممەد و ئالی محەممەد ت لێ دەرخستووەو بێگومان خوا دروودو سڵاواتی لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد داوە)[1].

گوایە صادق وتویەتی: هەر شتێك فەرامۆش بکەیت نەکەی ئەوە لەبیر بکەی لە بەیانیان و ئێواران بڵێیت: (خوایەگیان؛ ئیمام و پێشەوای موسڵمانان بپارێزە بە پاراستنی باوەڕو ئیمان، سەربەرزانە سەری بخە و بە ئاسانی سەرکەوتنی پێ ببەخشە و لەلایەن خۆتەوە دەسەڵات و پشتیوانی بە ئەو و ئێمە ببەخشە، خوایەگیان نەفرەت لە فلان و فیسار و ئەو تاقمە جیا جیایانە بکە کە کۆك نین لەگەڵ پێغەمبەرەکەت و حوکمڕانان و ئیمامەکانی دوای پێغەمبەرەکەت و شیعەکانیان...)[2].

سەرباری زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران، ڕاگەیاندنی چەند نزایەکی تایبەتی دارشت لەکاتی نووستن و بە خەبەر هاتن[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء حديث رقم ٢٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء حديث رقم ٢٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب الدعاء عند النوم والإنتباه حديث رقم ٢.

ئیمامییەکان باسیان کردووە کە ئیمامەکان داوایان لە شیعەکان کردووە ئەم نزایە تایبەتە بخوێنن بۆ خێرابوونی دەرکەوتنیان، نزاکەش: لەدوای سوپاس و ستایش کردنی خوای مەزن و پایەبەرزو درووردو سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ((ﷺ)) ئەوەیە: (خوایەگیان؛ لەم کاتژمێرە و هەموو کاتژێرەکانی تردا بۆ خۆشەویست و وەلیەکەت _ فڵانی کوڕی فڵان _ ببە بە پشتیوان و سەرخەرو پارێزەرو ڕێنیشاندەرو ڕێنووێنیکارو یارمەتیدەرو مایەی بەرچاوڕوونی تا بە ئارەزووەوە لە سەر زەوی خۆتدا جێگیری دەکەیت و بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ خۆش و شادی پێ دەدەی)[1]. گوایە ئیمامەکان داوایان لە شیعەکان کردووە ئەم نزایە لە شەوانی ڕەمەزاندا بخوێنن: (خوایەگیان؛ درووردو سڵاوات بدە لەسەر محەممەدی بەندە و پێغەمبەرت کە گەورەی پێغەمبەران و پێشەوای پارێزگاران و پەیامبەری پەروەردگاری جیهانە، خوایەگیان؛ درووردو سڵاوات بدە لەسەر عەلی میری باوەڕداران کە ڕاسپێرراوی پەیامبەری پەروەردگاری جیهانە _ دواتر ناوی یەکە بە یەکەی ئیمامەکان دێنیت _ تا دەگەیتە ئیمامەکەت، پاشان دەڵێیت: خوایەگیان؛ سەرکەوتنێکی ئاسانی پێ ببەخشە و سەربەرزانە سەری بخە، خوایەگیان؛ ئایینەکەت و سوننەتی پێغەمبەرەکەتی پێ دەربخە تا شتێك لە ڕاستی لە ترسی هیچ یەکێك نەشاردرێتەوە، خوایەگیان؛ ئێمە بە حەزەوە داوات لێدەکەین بەوەی دەوڵەتێکی ڕێزدارمان پێ ببەخشی کە بەهۆیەوە ئیسلامی پێ سەربەرز بکەی و دووڕوویی و دووڕووانی پێ سەرشۆڕ بکەی و ئێمەش لەناو ئەو دەوڵەتەدا لەو کەسانە بگێڕیی کە بانگەوازی بۆ گوێڕایەڵی تۆ دەکەن و بمانکە بە پێشەوا لە پێناو ڕەزامەندی خۆتدا، بەمەش ڕێزو شکۆمەندی دونیا و دوارۆژمان

(١) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب الدعوات موجزة لجميع الحوائج، حديث رقم ٤ _ ٦٦٥٦.

پێ ببەخشە، خوایەگیان؛ ئەو ڕاستیەی لە ئەستۆی ئێمەتدا داناوە ئەوا ئێمە ناسیومانە، ئەوەش کە کەم و کورتیمان تێدا نواندووە ئەوا زانیومانە)[1].

ئیمامییەکان گومانیان وابوو کە صادق بانگی شیعەکانی کردووە بۆ جەختکردنەوە لەسەر لایەنگیری و خۆشویستنی ئال و بەیت لە دوای نوێژدا و ڕاگەیاندنی ملکەچی بۆیان، گوایە صادق وتویەتی: کە لە نوێژەکەت بویتەوە بڵێ: (خوایەگیان؛ بەندایەتی تۆ دەکەم بە گوێڕایەڵی و خۆشویستنی تۆ و پێغەمبەرەکەت و دانان بە ئیمامەتی ئیمامەکان _ عەلی _ لە یەکەمیانەوە تا دواینیا) و هێنانی ناوەکانیان و دواتر بڵێ: (خوایەگیان؛ بەندایەتی تۆ دەکەم بە گوێڕایەڵی تۆ و دانان بە ئیمامەتی ئیمامەکان و ڕازی بوون بەو پلەو پایەی بەوانت داوەو بەمەش ئەوانت بەسەر ئێمەدا بەرزکردۆتەوە، خۆم بەگەورەتر و لووت بەرزتر نازانم لەو واتایانەی تۆ لە کتێبەکەتدا داتبەزاندووە بەو سنوورانەی لەوبارەوە بۆمان دیاریکراون و ئەوەی بۆشمان نەهاتووە هەر باوەڕمان پێی هەیە و دانمان پێداناوەو ڕازین بەوەی تۆ پێی ڕازی ئەی پەروەردگارا و مەبەستمان ڕەزامەندی تۆ و بەختەوەری دواڕۆژە و ترس و حەزەوە بەرەو لات دێم، جا کە دەم ژیێنی لەسەر ئەمە بم ژیێنە، کە دەشمرێنی ئەوا لەسەر ئەوە بمرێنە و کە زیندووشت کردمەوە لەسەر ئەوە زیندووم بکەرەوە)[2].

ڕاگەیاندنی ئیمامی هەوڵی دا لە دەوری ژیانی تاکی شیعە بکات لە سەرجەم لایەنەکانیەوە، تەنانەت ڕاگەیاندنی ناوبراو لەبیری نەکرد کە پێگە و پلەی

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٥٤٩٤ _ ٦.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥١٦٠ _ ٢٦.

ئیمامەکان بەبیر تاکی شیعەدا بێنێتەوە هەتا لە کاتی هەڵکردنی چرا و موو تاشین. و هەڵسان بە هەڵبەستنی فەرموودەیەك بەناوی یەکێك لە ئیمامەکان کە ئاماژە بەوە دەکات هەر کەسێك ئەم نزایە دووبارە بکاتەوە ئەوا خوای مەزن لە دونیادا پاکی دەکاتەوە لە گوناهو پیسیەکان و پرچەکەی دەگۆڕێت بە پرچێکی تر کە سەرپێچی خوا ناکات، لە بەرامبەر هەر تاڵە موویێك بە فریشتەیەك قەرەبووی دەکاتەوە کە بۆ بەندەکە سوپاس و ستایشی خوا بکات تا بەرپابوونی دوارۆژ، هەر سوپاس و ستایش (تسبیح)ێکی ئەو فریشتانە یەکسانە بە هەزار سوپاس و ستایش (تسبیح)ی خەڵکی سەر زەوی[١].

شتێکی ڕوونە کە نزای (هەڵکردنی چرا و موو تاشین) هەوڵێکی زۆر ژیرانە لەخۆ دەگرێت بۆ بەستنەوەی هەموو جومگەکانی ژیانی مرۆڤ بە نزاکردن بۆ ئیمامەکان، وەك هاوشێوەی نواندنی موگناتیسی فیکری سیاسی ئایینی کە وێنەی نەبێت لە مێژوودا.

بە یارمەتی ئەو نزایە ڕاگەیاندنی ئیمامی هەوڵیدا بەڵێنی بەهەشت و ڕەزامەندی خوا لە دوارۆژدا بدات بەو کەسەی نزاکان دەخوێنێت و لایەنگیری بۆ ئیمامەکان ڕادەگەیەنێت و خۆی بەری بکات لە دوژمنانیان، هەروەها پاداشتی نزاکە ئەوەندە زیاد بکات کە سنووری زۆرێك لە کردەوە چاکەکان تێپەڕ بکات. و بە هۆی ئەم نزایانەوە هەڵبستێت بە پرۆسەی لێکدابڕینی شیعە و موسڵمانانی تر کە وەسفیان دەکەن بە: (هاوبەشدانەرو لاسارەکان) و فەرمان بکات بەوەی نەفرەت بکرێن و ئەوانەش بە نەفرەت بکرێن کە: (تاقمی جیا جیان و نا کۆکن لەگەڵ

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ١٣٨٥٠ _ ١٥.

پێغەمبەرەکەت و حوکمڕانان و ئیمامەکانی دواى پێغەمبەرەکەت و شیعەکانیان)[1].

شتێکی بەڵگە نەویستە کە پاڕانەوە بۆ (ئیمامەکان) بەتایبەت لە دواى نوێژەکان، یارمەتیدەرە لەوەی بەرگی ئاینییان بە بەردا بکرێ و بخرێنە ناو پێکهاتەی بیروباوەڕى ئیسلامی، هەروەك لە یەکێك لە نزاکاندا هاتووە: (خوایەگیان؛ بەندایەتی تۆ دەکەم بە گوێڕایەڵی و خۆشویستنی تۆ و پێغەمبەرەکەت و دانان بە ئیمامەتی ئیمامەکان لە یەکەمیانەوە تا دواینیان)[2].

## ٤_ نزاکانی کاتی زیارەتکردنی گۆڕی ئیمامەکان

لەپاڵ ئەو نزایانەی کە درووود و سڵاوات دان لە سەر محەممەد و ئالی محەممەد و بەهۆکار کردنیان لە خۆ دەگرێت و تکا پێکردنیان لەکاتی پێویستی لە میانەی نزاکان لە بەردەم دەرگانەی خوا، ئەوا ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە داهێنانی ڕێو ڕەسمێکی تری زۆر پڕ بایەخ، ئەویش بریتیە لەو نزایانەی کە داواکراوە لەلای گۆڕی ئیمامەکان لە چەندین بۆنەدا بخوێنرێت، ئەو نزایانە فیکری جۆراو جۆری ئیمامییەکان لە خۆی دەگرێت لەبارەی ئال و بەیت و ئەمەش لە پێناو ڕوواندنی ئەم فیکرەیە لە ناخ و سۆزیاندا بە وێنەیەکی قووڵ. نزاکانی کاتی زیارەتکردن زۆرن و لە کتێبە تایبەتەکاندا هەن، بەڵام ئێمە ژمارەیەکی کەمی لێ باس دەکەین.

**أ_ نزای کاتی زیارەتکردنی میری باوەڕداران (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب)**

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء ح رقم ٢٣.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥١٦٠ _ ٢٦.

(سڵاوت لێبێت ئەی خۆشەویستی خوا، تۆ یەکەم ستەم لێکراوی و یەکەم کەسی کە مافی لێ زەوت کرابێ و بۆ خوا ژیابێت تا کۆچی دوایی کردووە، گەواهی دەدەم کە تۆ بە خوای مەزن گەیشتووی و تۆ شەهیدی و خوا بە جۆرەها سزا بکوژی تۆ سزا بدات و سزای بەسەردا نوێ بکاتەوە، ئەی ئیمام هاتوومە خزمەتت بەوەی مافت دەزانم و بەرچاو ڕوونم بە پێگە و پلەکەت و بە دژایەتی دوژمنەکانت و ئەوانەی ستەمیان لێکردی، بەویستی خوا لەسەر ئەم بیروباوەڕە دەگەمە خزمەت خوا، ئەی خۆشەویستی خوا گوناهی زۆرم هەیە، تکام بۆ بکە لای پەروەردگار، چونکە بەڕاستی تۆ پلەی سوپاسکراو و زانراو و پێگە و پایەی مەزن و شەفاعەتت لای ئەو هەیە، خوای پایەبەرزیش فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَىٰ﴾ الأنبياء: ٢٨. واتە: "تەنها تکا بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە خوا پێی ڕازییە")[1].

ب_ نزای کاتی زیارەتکردنی بەقیع (کە گۆڕی ئەم ئیمامانە: حەسەن و زەینولعابدین و باقرو صادقی تێدایە)،

بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(سڵاوتان لێبێت پێشەوا ڕێنیشاندەرەکان، سڵاوتان لێبێت پێشەوای پارێزگارو لە خواترسەکان، سڵاوتان لێبێ ئەی ئەوانەی بەڵگەن لەسەر خەڵکی دونیا، سڵاوتان لێبێت ئەی داد بەرپاکەرانی ناو بەندەکان، سڵاوتان لێبێت ئەی پاك و پوختەکان، سڵاوتان لێبێت ئەی هەڵگرانی ڕازو نیاز، گەواهی دەدەم کە ئێوە پەیامتان ڕاگەیاند

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٧٣ _ ١ و ح رقم ٨١٧٤.

و ئامۆژگاریتان کرد و ئارامتان گرت لە پێناوی خواو بەدرۆ خرانەوەو خراپەتان لەگەڵ کرا کەچی گوێتان پێ نەدا، گەواهی دەدەم کە ئێوەن پێشەوای ڕێنیشاندەری ڕێنوێنی کراون و گوێڕایەڵێتان پێویستە و قسەتان ڕاستە و بانگەوازیتان کرد و وەڵامتان نەدرایەوە و فەرمانتان کرد کەچی گوێڕایەڵی نەنوێنرا و ئێوە ڕاگری ئایین و کۆڵەگەکانی زەوین و بەردەوام لە ژێر چاودێری خوادان و لە پشتی هەر کەسێکی پاك وێنەتان دەگرێتەوەو تێیدا دادەنێت و لە سکی ئافرەتانی پاك دەتان گوازێتەوە، نەفامی نەفامەکان ئێوەی پیس نەکردووەو ئاشوبی هەواو ئارەزووی پشکی لە دەروونی ئێوەدا نییە، ئێوە پاك بوون بۆیە ئەو شوێنەش پاك بوو کە لێیەوە لە دایك بوون، خوای دانەری ئایین بە ئێوە منەتی بەسەر ئێمەدا کرد و ئێوە لە ماڵانێکدا دانا کە خوا ڕێگەی داوە یاد و ناوی خوای تێدا بەرز بکرێتەوەو دروودو سڵاوات دانی ئێمە لەسەر ئێوەی کردۆتە ڕەحمەت بۆمان و هۆی سڕانەوەی گوناهەکانمان، ئەمەش بەوەی خوا ئێوەی بۆ ئێمە هەڵبژاردووە و بەدیهاتن و ڕەوشتی ئێمەی چاك کرد بە ئیمامەتی ئێوە کە بە ئێمەی بەخشیوە، ئێمەش لەلایەن خوا ناودەبراین بە پلەوپایەی ئێوەو داننان بە ڕاستگۆیی ئێوە، ئەمە شوێنی ئەوەیە کە زیادەڕەوی و هەڵەی کردووەو سەرشۆڕە و دانی ناوە بەوەی ئەنجامی داوە جا پەنای بردۆتە بە پلەی ڕزگار بوون و بەهیوای ئەوەی بە ئێوە ڕزگار ببێ وەك ڕزگارکردنی ئەوەی لەسەر لێواری تیاچوونە لە کەوتن جا داواتان لێدەکەم تکاکارم بن، لە کاتێکدا هاتوومەتە خزمەتتان کە خەڵکی دونیا پشتیان لەو ئێوە کردووەو سوکایەتیان بە ئایەتەکانی خواکردووەو خۆیان بە گەورەتر زانیووە)[1].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٤٧.

## پ_ زیارەتکردنی حوسەین

لە صادقەوە هاتووە کە وتویەتی: ئەگەر هاتی بۆ خزمەت گۆڕی حوسەین ئەوا بڕۆ سەر ڕووباری فورات و لە بەرامبەر گۆڕی حوسەین خۆت بشۆ و دواتر ڕووبکەرە گۆڕەکە و بە ئارامی و ڕێزەوە بڕۆ تا لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەچیتە ژوورەوە، کاتێك دەچیتە ناویەوە بڵێ: (سڵاوی خوا لە فریشتە دابەزێنراوەکانی خوا، سڵاوی خوا لەو فریشتانەی بە شوێن ئەوانی تردا هاتوون، سڵاوی خوا لە فریشتە نیشانەدارەکان، سڵاوی خوا لەو فریشتانەی خودا کە لەم مەزارگە پیرۆزەدا نیشتەجێن) ئەگەر ڕووت کردە حوسەین (سڵاوی خوای لێبێت) بڵێ: (سڵاوی خوا لە پێغەمبەری خوا، سڵاوی خوا لە ئەمینداری خوا بەسەر پێغەمبەرانی و کارە سەخت و گرنگەکان و کۆتایی پێغەمبەرت و دەرووکەرەوە بەوەی لە ئایندەدا پێش دێت و دەسەڵاتدار بەسەر هەموو ئەو شتانەدا و سڵاو و بەرەکەت و ڕێزی خوای گەورەت لێبێت) دواتر دەڵێیت: (خوایەگیان؛ دروودو سڵاوات بدە لەسەر میری بڕواداران کە بەندەی تۆ و برای پێغەمبەرەکەتە، بە زانستی خۆت پاڵاوتوتە و کردۆتە ڕێنیشاندەر بۆ هەر کەسێك کە بتەوێت و بەڵگە و نیشانە بۆ ئەو پەیامانەی ناردووتە و دانەری ئایین بە دادگەری تۆ و یەکلاکەرەوەی کێشەکانی ناو بەدیهێنراوان و دەسەڵاتدار بەسەر هەموو ئەو شتانەدا و سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکەت و ڕێزی خوای لێبێت).

پاشان دروودو سڵاوات لەسەر حەسەن و حوسەین و سەرجەم ئیمامەکان بدە و دواتر وەرە لای گۆڕی حوسەین و بڵێ: (سڵاوی خوات لێبێت ئەی کوڕی پێغەمبەری خوا، سڵاوی خوات لێبێت ئەی کوڕی میری باوەڕداران و دروودی خوات لێبێت ئەی باوکی عەبدوڵا، گەواهی دەدەم کە ئەوەی لەلایەن خواوە پێت درابوو

ڕاتگەیاند و لە خوا بترازێت لە کەسی تر نەترسایت، لە پێناوی خوادا تێکۆشایت و بە ڕاستۆگیی بەندایەتی ئەوت کرد تا مردی، گەواهی دەدەم کە تۆ وشەی لە خواترسان و دەرگای ڕێنموونی و پەتی ڕزگاری و بەڵگەی لەسەر زیندووان و مردووان، گەواهی دەدەم کە لە ڕابردوودا وابووەو دەروکەرەوەیە بۆ ئێوە لەوەی ماوە، گەواهی دەدەم کە ڕۆح و گڵی جەستەتان بە منەت و بەخشش و ڕەحمەتی خوا پاك و پوخت بووە، خوای گەورەو ئێوەش دەکەم بە گەواهیدەر لەسەر ئەوەی باوەڕم پێتان هەیە و شوێنکەوتووی ئێوەم لە ناخی دەروون و لە بەرنامەی ئایین و کۆتایی کردەوەو ئاکام و سەرەنجامدا، داوا لە خوای بەخشندە و میهرەبان دەکەم کە لەسەر ئەمە بەردەوام بکات... خوایەگیان؛ بمانکە لەو کەسانەی کە سەرکەوتووی دەکەی و دەیکەیتە هۆی سەرکەوتنی ئەوانی تر و بە سەرخستنی ئایینی خۆت منەتی بەسەردا دەکەی لە دونیاو دواڕۆژدا)[1].

ئیمامییەکان لە صادقەوە دەگێڕنەوە کە شیعەکانی هانداوە تا زیارەتی حوسەین بکەن، بەشیری دەهانی بە صادق وت: کە حەجم لە لە دەستچوو ئەوا لە ڕۆژی عەرەفەدا دەچمە لای گۆڕی حوسەین، صادق وتی: چاکت کرد ئەی بەشیر، هەر باوەڕدارێك بێتە لای گۆڕی حوسەین و ماف و پێگەی ئەو بزانێت لە هەر ڕۆژێکدا جگە لە ڕۆژی هەینی ئەوا بە بیست حەج و بیست عومرەی قبوڵکراویان بۆ دەنووسرێت و بە بیست حەج و بیست عومرە کە لەگەڵ پێغەمبەری پەیامدار یان پێشەوایەکی دادگەری بۆ هەژمار دەکرێت، هەر کەسێك لە ڕۆژی جەژندا بێت ئەوا بە سەد حەج و سەد عومرە و سەد جەنگ لە پێناوی خوا لەگەڵ پێغەمبەرێکی پەیامدار یان پێشەوایەکی دادگەری بۆ دەنووسرێت. بەشیر وتی:

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ١٨١٧٧ و ح رقم ٨١٧٨ _ ٢ و ح رقم ٨١٧٩ _ ٣.

ئەی چۆن دەبێت بە ئەندازەی هەڵوەستەکە چاکەم پێ بگات؟ صادق بە نیمچە ڕوو گرژییەوە سەیری کرد و پێی وت: ئەی بەشیر ئەگەر بەندە هاتە لای گۆڕی حوسەین لە ڕۆژی عەرەفەدا و خۆی لە ئاوی فوڕاتدا شۆرد و دواتر هاتە سەر گۆڕی ناوبراو ئەوا خوا بە ئەندازەی هەر هەنگاوێکی حەجێکی تەواوی _ پێم وابێ وتی: و جەنگێکی لە پێناوی خوادا _ بۆ دەنووسێت[1].

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە لە صالّحی کوڕی نیلیەوە هاتووە کە صادق وتویەتی: هەر کەسێك بێتە لای گۆڕی حوسەین لە کاتێکدا مافی ناوبراو بزانێت، ئەوا خوا پاداشتی بە ئەندازەی ئەو کەسە بۆ دەنووسێت کە هەزار بەندە ئازاد دەکات و وەك ئەوەی کە هەزار ئەسپی ئامادەکراوی لغاوکراوی لە پێناوی خوا بەخشی بێت[2].

لە هاڕونی کوڕ خاریجەوە هاتووە دەڵێت: گوێبیستی صادقم بووم دەیوت: خوای گەورە چوار هەزار فریشتەی تۆزاوی و پرچ ئاڵۆزی ڕاسپاردووە لەلای گۆڕی حوسەین، بەردەوام دەگریێن تا ڕۆژی دوایی، هەر کەسێك زیارەتی حوسەین بکات بەشێوەیەك ماف پێگەی بناسێت ئەوا ئەو فریشتانە دایدەپۆشن تا دەیگەیەننە شوێنە ئارامەکەی، ئەگەر زیارەتکارەکە نەخۆش بوو ئەوا بەیانیان و ئێواران سەردانی دەکەن، ئەگەر مردیش ئامادە دەبن لەلای تەرمەکەی و داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن تا دواڕۆژ[3].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٨٦ _ ١ و ح رقم ٨١٨٧ _ ٢ و ح رقم ٨١٨٨ _ ٢ و ح رقم ٨١٨٩ _ ٤.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٩٠ _ ٥.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٩١ _ ٦ و ح رقم ٨١٩٢ _ ٧.

ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: هەر کەسێك بێتە لای گۆڕی حوسەین بەو مەرجەی ماف و پێگەی بزانێت ئەوا خوا لە گوناهی ڕابردوو و داهاتووی خۆش دەبێت[١]. و صادق وتویەتی: ئەگەر نیوەی مانگی شەعبان هات ئەوا بانگدەرێك لە ئاسۆی هەرە بڵندەوە هاوار دەکات: ئەی ئەوانەی زیارەتی گۆڕی حوسەین دەکەن بگەڕێنەوە بەوەی خوا لێتان خۆشبووەو پاداشتتان لەسەر پەروەردگارو محەممەدی پێغەمبەرتانە[٢].

سەدیر دەڵێت صادق پرسیاری لێکردووە: ئایا هەموو ڕۆژێك زیارەتی گۆڕی حوسەین دەکەی؟ سەدیر وتی: وتم: بەقوربانت بم نا، صادق وتی: ئای چەند وشك و ڕەقن، لە هەموو هەینیەکدا زیارەتی دەکەن، سەدیر وتی: نا، صادق وتی: لە هەموو مانگێکدا زیارەتی دەکەن، سەدیر وتی: نا، صادق وتی: لە هەموو ساڵێکدا زیارەتی دەکەن؟ سەدیر وتی: لەوانەیە، صادق وتی: ئەی سەدیر چەند وشك و ڕەقن لەگەڵ حوسەیندا! نەتزانیوە کە خوای گەورە دوو هەزار فریشتەی پرچ ئاڵۆز و تەپ و تۆزاویی هەیە بەردەوام زیارەتی حوسەین دەکەن بێ پچڕان و ساردبوونەوە؟ ئەی سەدیر بۆچی تۆ لە هەر هەینیەکدا پێنج جار و ڕۆژانە یەك جار زیارەتی گۆڕی حوسەین ناکەی؟ سەدیر وتی: ڕۆحم بە قوربانت بێ چەندین فەرسەخ (فەرسەخ: سێ میلە، میلیش: ٨٤٨ وا مەترە[٣]) ماوە ڕێ دەکەوێتە

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٩٥ _ ١٠.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢١٩ _ ٩، و لە موسای کوڕی جەعفەرەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: کەمترین پاداشت کە دەبەخشێتە ئەو کەسەی زیارەتی عەبدوڵای باوکم بکات لە سەر ڕۆخی ڕووباری فوڕات بەو مەرجەی ماف و ڕێزو ئیمامەتی باوکم بزانێت ئەوا بریتییە لەوەی: خوا لە گوناهی پێشوو و داهاتووی خۆش ببێت. كليني، الكافي ح رقم ٨١٩٤ _ ٩.

(٣) وەرگێڕ.

نێوانمان، صادق پێی وتم: برِۆ سەر بانی خانووەکەت و سەیری لای ڕاست و لای چەپ بکە و پاشان سەرت بۆ ئاسمان بەرز بکەوەو دواتر بەرەو گۆڕی حوسەین و بڵێ: (سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا لە تۆ بێت ئەی باوکی عەبدوسەلام) ئەوا ئەمە بە زیارەت بۆت دەنووسرێت و هەر زیارەتێك بە حەج و عومرە دەنووسرێت، سەدیر وتی: زیاتر لە بیست جار ئەمە لە مانگێکدا ئەنجام دەدرا[1].

لەبارەی چۆنیەتی زیارەتەکەوە، ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئەگەر ویستت زیارەتی حوسەین بکەیت ئەوا بە تێکشکاوی و خەمبارو پرچ و جل ئاڵۆزی و تەپ و تۆزاوی و برسی و تێنووێتیەوە برِۆ خزمەتی و داوای پێداویستییەکانی لێ بکە و دواتر ئەوێ بەجێ بهێڵە و مەیکەرە شوێنی نیشتەجێ بوون)[2]. گوایە صادق بەڵێنی داوە لەسەر ئەوەی هەر کەسێك زیارەتی هەر یەکێك لە ئیمامەکان بکات ئەوا چاکەکەی ئەوەندە مەزنە وەك ئەوەی زیارەتی پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) کردبێت[3]. لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (_ پێغەمبەر ((ﷺ)) [4]_ ئەی عەلی هەر کەسێك زیارەتی من بکات لە ژیانمدا یان لە دوای مردنم یان زیارەتی تۆ بکات لە ژیانتدا یان لە دوای مردنت یاخود زیارەتی دوو کوڕەکەت بکات لە ژیانیان یان لە دوای مردنیان ئەوا بەڵێنی دەستەبەری ئەوەی پێ دەدەم کە لە ڕۆژی دواییدا ڕزگاری بکەم لە ناخۆشییەکانی ئەو ڕۆژە تا

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢١٨ _ ٨.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢١٢ _ ٢.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ١٨١٨٣.

(٤) خۆم زیادم کردووە، لەبەرئەوەی ناوکۆ (سیاق)ی ڕستەکە وا دەخوازێت کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەی فەرموو بێت. (وەرگێڕ).

وای لێدەکەم بێتە ئاست پلەی منەوە)[1]. گوایە صادق بە یونسی کوڕی ئەبو وەهەبی قەصرِی وت کە بێ ئەوەی زیارەتی ئیمامی عەلی بکات هاتە لای ئەو: (بەڕاستی کارێکی خراپت کرد... ئەگەر لە پشتیوانانی ئێمە نەبووبای ئەوا هەر تەماشام نەدەکرد، ئایا زیارەتی کەسێك ناکەی کە فریشتە و پێغەمبەران و باوەڕداران زیارەتی دەکەن؟ بزانە میری باوەڕداران لەلای خوا گەورەترە لە ئیمامەکان و پاداشتی چاکەکانی ئیمامەکانیش بۆ ئەوەو بە پێی کردەوەکانیان گەورایەتی و پلەو پایەدار بوونە بەسەر یەکتردا)[2].

زەیدی کوڕی شەحام وتویەتی: بە صادقم وت: ئەوەی زیارەتی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دەکا چ پاداشتێکی دەست دەکەوێت؟ صادق وتی: وەك ئەوەیە زیارەتی خوا بکات لە کاتێکدا کە لەسەر عەرشەکەیەتی، زەید وتی: ئەی پاداشتی زیارەتکردنی یەکێك لە ئێوە چییە؟ صادق وتی: وەك ئەوەیە کە زیارەتی پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) کردبێت[3].

ئیمامییەکان لە عەلی کوڕی موسای ڕیزا زیارەتێکی گشتی بۆ سەرجەم ئیمامەکان دەگێڕنەوە[4]. گوایە ناوبراو وتویەتی: هەر کەسێك زیارەتی گۆڕی باوکم بکات لە شاری بەغداد ئەوا وەك ئەوەیە زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و میری باوەڕدرانی کردبێت، بەڵام پێغەمبەری خواو میری باوەڕداران

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٨٤ _ ٢.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٨٥ _ ٣.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٠٤ _ ٥.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم٨١٨٢ _ ٢.

(دروودو سڵاوی خوایان لێبێت) پلەوپایەی خۆیان هەیە[١]. کەچی لە جەواد دەگێڕنەوە کە وتویەتی: ئەوەی زیارەتی گۆڕی باوکم بکات لە شاری توس ئەوا خوا لە گوناهەکانی ڕابردوو و داهاتووی خۆش دەبێت و دوانگەیەکی لە خوار دوانگەی محەممەد و عەلی بۆ دروست دەکات تا لە لێپرسینەوەی بەدیهێنراوان تەواو دەبێت[٢]. لە کاتێکدا ئیمامییەکان لە عەلی هادی دەگێڕنەوە کە داوای کردووە زیارەتی کازم و جەواد بکرێت[٣].

لەبەر ئەوەی ئامانجی زیارەت کردنەکە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان شیعە و ئیمامەکانە، زۆرێك لە شیعەکانیش لەبەر چەندین هۆکار ناتوانن زیارەت ئەنجام بدەن، بەمەش ئامانجەکە دەستەبەر نابێت، ئەوا ڕاگەیاندنی ئیمامی لە صادقەوە هێناویەتی کە وتویەتی: (ئەگەر نارەحەتی و سەختی و ناخۆشی ئێوەی لە زیارەتی ئێمە دوور خستەوەو ئێوەی لە ماڵەوە پەك خست ئەوا با بچنە سەر بانی ماڵەکەی خۆتان و دوو ڕکائەت نوێژ بکەن و سڵاو بۆ گۆڕەکانمان بنێرێت، چونکە پێمان دەگات)[٤].

بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی ئیمامی بەرگێکی پیرۆز بکاتە بەر شوێنی نێژرانی ئیمامەکان، ئەوا هەڵسا بە بەراورد کردنی ئەو شوێنانە بە مەککە و مەدینە، جا خەلادی قەلانسی بە صادقەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (نوێژ کردن لە مەککەدا بە سەد هەزار نوێژ هەیە، یەك دیرهەم تیایدا بە سەد هەزار دیرهەم

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٩٧ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٠٢ _ ٣.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ١٨١٨١.

(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢١١ _ ١.

**هەیە[1]، نوێژکردن لە مەدینە بە دە هەزار نوێژ هەیە و یەك دیرهەم بە دە هەزار دیرهەمە، یەك نوێژ کردن لە شاری کوفەدا بە هەزار نوێژ هەیە و یەك دیرهەمیش بە هەزار دیرهەمە)[2]. باوکی بەصیر وتویەتی: گوێبیستی صادق بووم دەیوت: (نوێژ لە چوار شوێندا تەواو و کامڵە: لە مزگەوت حەڕام و مزگەوتی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و مزگەوتی کوفە و زیارەتگەی حوسەین)[3]. و باوکی شیبل وتویەتی: صادق ئامۆژگاری کردووە زیارەتی حوسەین بکات و نوێژەکەی لە زیارەتگەکەدا کامڵ بکات، کاتێکیش بە صادق وترا: هەندێك لە هەوڵانمان پێیان وایە ئەمە نەشکرێت ئاساییە، صادق وتی: ئەمەی وتت کاری لاوازەکانە[4].**

**شایەنی باسە زیارەتکردنی گۆڕی مردووان بە ئامانجی پاڕانەوە بۆیان و خوێندنی سوڕەتی فاتیحە، کارێکی ڕەوایە لە ئیسلامدا، بەڵام ئەو زیارەتانەی ئیمامییەکان لە ئیمامەکان دەگێڕنەوەو دەشڵێن کە داوایان لە پشتیوانەکانیان کردووە ئەنجامی بدەن بەو دەربڕینە دیاریکراو و ناوەڕۆکانەی کەمێك پێشتر خرانەڕوو بریتییە لە کارێکی ڕاگەیاندنی سیاسی کە ئامانجی جێگیرو تۆکمەکردنی لایەنگیری ئیمامەکام و خۆ بەری کردنە لە دوژمنەکانیان، هەروەك بینیمان لە زیارەتی میری باوەڕداراندا دەوترێت: (تۆ یەکەم ستەم لێکراو و یەکەم کەسی مافت خوراوەو داگیرکراوە.... هاتومەتە لای تۆ بەشێوەیەك کە بەر چاوڕوونم سەبارەت بە تۆ و دژایەتی دەنوێنم بۆ دوژمنەکانت و ئەوانەی**

---

**(١) پێم وابێت مەبەستی بەخشینی یەك دیرهەمە. (وەرگێڕ).**

**(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٠٥ _ ١.**

**(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢٠٦ _ ٢ و ح رقم ٨٢٠٧ و ح رقم ٨٢٠٨ _ ٤ و ح رقم ٨٢٠٩ _ ٥.**

**(٤) الكليني، الكافي ح رقم ٨٢١٠ _ ٦.**

ستەمیان لێکردی)[1]. و دەڵێی: (ئەی میری باوەڕداران هاتوومەتە لای تۆ بەشێوەیەك كە مافت دەزانم و بەرچاو ڕوونم سەبارەت بە تۆ و دژایەتی دوژمنەكان و لایەنگیری پشتیوانانت دەكەم... بەچ شتێ یەكەمتان دەگرم بەوەش پشتی دواینتان دەگرم و بێ باوەڕ بووم بە بت و پەیكەرو لات و عوزا)[2].

هەروەك تێبینیمان كرد ئەوا یەكێك لە زیارەتەكان هەوڵی دا وێنەیەكی زیادەڕۆچوو بۆ ئیمامەكان بكێشێت _ بێ گومان دەستكردی زیادەڕۆچووانە _ جا زیارەتەكان بەشێوەیەك لەگەڵ ئیمامەكان دەدوێت وەك ئەوەی كلیلی بوونەوەر و ئامرازی بەدیهێنان و هۆكاری بارانبارین بن، دەڵێت: (خوای گەورە بە ئێوە دەستپێكی كردەوەو بەئێوەش كۆتایی پێ هێنا، چی بیەوێت بە ئێوە دەیسڕێتەوەو بە ئێوەش دەیچەسپێنێت... بە ئێوەی زەوی درەختەكانی دەڕوێنێت و درەختەكان بەروبوومەكانیان دەردەكەن و هەوری ئاسمانەكان دڵۆپ و ڕزق و ڕۆزی دادەبەزێنن... ویستی پەروەردگار لەبارەی ئەندازەگیری شتەكان بۆ ئێوە دێت و لە ماڵەكانی ئێوەشدا دەردەچێت). دواتر لەو هەموو زیاردەڕۆچوونەدا دەگاتە ئامانجی سیاسی و دەڵێت: (نەفرەت دەكەم لە ئوممەتێك ئێوەی كوشت و ئوممەتێك پێچەوانەی ئێوە جوڵایەوەو ئوممەتێك نكۆڵی لە ئیمامەتی ئێوە كرد)[3].

زیارەتێكی تر دامەزراوە لەسەر ئاوێتەیەك لە ڕاگەیاندنی بیروباوەڕی ئیمامی بەوەی حوسەین (بەڵگەی خوایە لەسەر زەوی، گەواهیدەری خوایە لەسەر

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٧٣ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٧٤.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٧٨ _ ٢.

بەدیهێنراوەکانی)، لەگەڵ دانان بە گوناهەکان لە خزمەتی حوسەیندا وەك بەرایيەك بۆ ئەوەی داوای ئەوە لێبکرێت تکا لەلایەن خوا بکات[1]. حوسەینی کردۆتە هۆکارو ئەڵقەی نێوان مرۆڤ و خودا، بەپێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی ئیسلامی قورئانی کە مرۆڤ هاندەدات ڕاستەوخۆ داوای لێخۆشبوون لە خودا بکات.

کاتێك زیارەت دەبێتە کارێکی ئایینی پیرۆز، ئەوا پاداشتەکەی بەرز دەبێتەوە تا نزیك دەبێتەوە لە پاداشتی حەج و عومرە یان زۆر لێیان زیاتر بێت[2]. بەڵکو گێڕانەوەکانی تر دەڵێن ئەوەی زیارەتی حوسەین دەکات، ئەوا خوا لە گوناهەکانی ڕابردوو و داهاتووی خۆش دەبێت[3]. خوای گەورە ئەو بەڵێنەی بە کابرای حاجیش نەداوە کە بەهۆی حەجەکەیەوە لە گوناهەکانی داهاتووی خۆش ببێت.

هەروەك ڕوونە ئامانجی هەموو ئەو گێڕانەوانە هاندانی خەڵکە بۆ زیارەت کردنی حوسەین وەك جۆرێك لە خۆپیشاندنی سیاسی ئایینی، کە دەڕژێتە خانەی ئیمامەکان و هێزیان پتەوتر دەکات. سەرباری ئەوەی بنەڕەتی ئەم بانگەشانەی بە پاداشتی زۆر ڕوون نەکردۆتەوە کە دەیان جار زیاترە لە حەج و عومەرە و تێکۆشان لە پێناوی خوادا، تەنانەت ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری وەك بەڵگە لەسەر ئەمە نەهێناوەتەوە، بەڵکو تەنها پشتی بەوە بەستووە کە ئیمامەکان سەرچاوەیەکن لە سەرچاوەکانی زانستی خوایی و ئایین.

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٧٩ _ ٣.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٩٣ _ ٨ و ح رقم ٨١٩٥ _ ١٠.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٨٦ _ ١.

لێرەدا ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ تاوتوێ کردنی ئەو گێڕانەواو زیارەتانە و پرسیارکردن لەبارەی ڕاست و دروستی درانە پاڵیان بۆ لای ئال و بەیت، بەڵام ئێمە لێرەدا نامانەوێت تاوتوێی ئەوە بکەین، بەڵکو دەمانەوێت ڕۆڵی ڕوون بکەینەوە لە پلانی ڕاگەیاندن و پڕکردنەوەی لایەنی دەروونی ئایینی شیعەکان و کێش کردنیان بەرەو ئیمامەکانی ئال و بەیت چ بە زیندوویی یان بە مردوویی.

## ٥_ تکا و شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا

ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە کێش کردنی شیعەکان بەرەو لای (ئیمامەکان) بە پڕۆسەیەکی تری ئامادەسایی و پڕکردنەوە ئەویش: (تکا و شەفاعەت) بوو، ئیمامییەکان ئەمەیان دەدایە پاڵ ئیمامەکان وەك دیارییەکی ئیمامەکان بۆ پشتیوانیان، هەروەها وەك بەڵێنێك بۆیان لە بەرامبەر ئەو کارو قوربانی و زیارەت و هەڵوێست و لایەنگیرییەی هەیانە بۆ ئیمامەکان. بەبێ لە بەرچاوگرتنی شوێنەواری نەرێنی بیروباوەڕی شەفاعەت لەسەر پابەندبوون بە حوکمەکانی ئیسلام، ئەوا ژەنین لەسەر ژێی گوناهەکان و بەڵێنی تکا و شەفاعەت بۆ کرن بڕگەیەکی گرنگی لە چالاکی ڕاگەیاندنی ئیمامی پێکهێنا، کە بەهۆیەوە ئیمامییەکان هەڵدەستان بە وێناکردنی ئیمامەکان بەوەی خاوەن پێگەیەکی ئایینی بەرزو تایبەتن لەلایەن خودا، کە هاوشێوەی پێگەی پێغەمبەران و فریشتەکانە، بەشێوەیەك کە توانایان هەیە لە ڕۆژی دواییدا تکاو شەفاعەت بکەن و سەرپێچی کارو گوناهبارەکان ڕزگار بکەن، هەروەك لە فەرموودەیەك کە دراوەتەوە پاڵ ئیمامی عەلی کوڕی موسای ڕیزا دەگێڕنەوە کە وتویەتی: (هەر ئیمامێك پەیمانێکی لە ملی لایەنگرو شوێنکەوتووان و پشتیوانانی دا هەیە، تەواوی و کامڵی پەیمانەکە و چاك جێبەجێ کردنی بریتییە لە زیارەت کردنی

گۆڕەکانیان، هەر کەسێك بە حەزەوە زیارەتیان بکات و ڕاستێتی ئەو حەزەی بسەلمێنێت، ئەوا ئیمامەکانی لە دوارۆژدا دەبنە تکاکاری)[1]. یان هەروەك لە فەرموودەیەکی تردا دەگێڕنەوە کە دراوەتەوە پاڵ ئیمام موسای کازم، تیایدا بەڵێن دەداتە یەکێك لە هاوەڵانی (کە عەلی کوڕی موغەیرەیە) کە لە ڕۆژی دواییدا لەگەڵ ئیمامەکان دەبێت، ئەمەش لە بەرامبەر هەڵسانی ناوبراو بە خوێندنی تەواوی قورئان (خەتم کردنی) و بە دیاری ناردنی خێرەکەی بۆ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) و فاتیمە و ئیمامەکانی تر، کاتێك عەلی کوڕی موغەیرە بە سەرسامیەوە وتی: بەڕاستی خوا مەزنە، ئەوە بەشمە؟ کازم وتی: بەڵێ، سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە[2].

بەهەمان شێوە ئیمامییەکان دەگێڕنەوە کە باقر مژدەی بەهەشتی بە پیرەمێردێك داوە، دوای ئەوەی لەلای دەرگاکەی وەستاوەو سڵاوی لێکردووەو وتویەتی: بەخوا من ئێوەم خۆش دەوێت، ئەوەشم خۆش دەوێت کە ئێوەی خۆش دەوێت، بەخوا ئێوەو ئەوانەی ئێوەشیان خۆش دەوێت خۆشم ناوێت لەبەر دونیا ویستی، سوێند بەخوا ڕەق لە دوژمنی ئێوەیە و خۆمی لێ بەر دەکەم، بەخوا کە ڕقم لە دوژمنتانە لەبەر ئەوە نییە کە ناخۆشیەك لە نێوان دوژمنی ئێوە و مندا هەیە. بەخوا من حەڵاڵ و حەڕامی ئێوە بە حەڵاڵ و حەڕام دەزانم و چاوەڕێی فەرمانی ئێوەم، بەقوربانت بم بۆم دەپارێیەوە، باقر وتی: (ئەگەر بمری ئەوا بەخزمەت پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و عەلی و حەسەن و حوسەین و عەلی کوڕی حوسەین دەگەی و دڵ و دەروونت فێنك دەبن و چاوت دامەزراو دەبێ و بە بۆنی

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٨١٧١ _ ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب فضل القرآن، باب في كم يقرء القرآن ويختم ح رقم ٤.

خۆش و ڕەیحان لەگەڵ فریشتە ڕێزدارە تۆمارکەرەکانی سەرشانت پێشوازیت لێدەکرێت، ئەگەرچی نەفست بگاتە ئێرە _ بە پەنجەی ئاماژەی بۆ بازنەی ملی کرد _ و ئەگەر بەخاك سپێردرایت دەبینی چۆن خوا چاوەکانت جێگیر دەکات و لەگەڵ ئێمەدا لە لوتکەی بەرزدا نیشتەجێ دەبی). پاشان باقر ڕووی کردە خەڵکەکە وتی: هەر کەسێك پێی خۆشە سەیری کەسێکی بەهەشتی بکات ئەوا باسەیری ئەم پیرەمێردە بکات(١).

ڕاگەیاندنی ئیمامی بەوە نەوەستا کە بانگەشەی ئەوە بکات ئیمامەکان تکا بۆ شوێنکەوتووە چاکەکان دەکەن، بەڵکو وتیان تکا و شەفاعەت بەتایبەت بۆ گوناهبارو تاوانباران دەکەن، ئیمامییەکان لە زیادی کوڕی ئەسوەد دەگێڕنەوە کە ناوبراو زۆر گوناهی دەکرد، تا وای لێهات ترسی لە خۆی هەبوو کە تیابچێت، بۆیە چووە خزمەت باقر و پێی وت: من زۆر گوناهبارم تا وای لێهاتووە هەست دەکەم تیاچووم، خۆشەویستی ئێوەم بیرهاتەوە، بۆیە ئومێدی ڕزگار بوونم کرد و ئەم حاڵەتەم لەسەر نەما، باقر وتی: ئایین جگە لە خۆشەویستی شتێکی ترە؟ خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ ﴾ الحجرات: ٧. واتە: "خوا ئیمان و باوەڕی لەلا خۆشەویست کردوون و لە دڵ و دەروونتاندا ڕازاندۆتەوە". و فەرموویەتی: ﴿ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ﴾ آل عمران: ٣١. واتە: "ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەو کاتە خواش شێوەی خۆش دەوێت". و فەرموویەتی: ﴿ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ ﴾ الحشر: ٩. واتە: "ئەوانەیان خۆش دەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٠.

لایان". پیاوێك هاتە لای پێغەبەر ((ﷺ)) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نوێژ ناکەم و نوێژکەرانم خۆش دەوێت، ڕۆژوو ناگرم و ڕۆژووگرانیشم خۆش دەوێت؟ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرمووی: تۆ لەگەڵ ئەو کەسە دای کە خۆشت دەوێت و پاداشتی کردەوەکانیشت بۆ خۆتە. باقر زیاتر وتی: چیتان دەوێت و ئاواتتان چییە؟ ئەگەر دەنگە ترسێنەرەکەی ئاسمان هات ئەوا هەر گەلێك هەڵدێت بۆ لای پەناگەی خۆیان و ئێمەش هەڵدێین بۆ لای پێغەمبەرەکەمان و ئێوەش پەنا بۆ ئێمە دێنن[1]. گومان لەوەدا نییە کە ئەو فەرموودەیەی ڕاگەیاندنی ئیمامی لەبارەی بەڵێن دانی باقر بە دەستەبەرکردنی پەناگەیەکی ئارام بۆ گوناهبارانی شیعە لە دوارۆژدا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کێش دەکرد و پەیوەندییان پتەوتر دەبوو بە باقرەوە.

لە میانەی هەندێك گێڕانەوە دەردەکەوێت کە (ئیمامییەکان) دووچاری فشاری زۆر مەزن دەبوونەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە، جا ڕاگەیاندنی ئیمامی دڵی ئەوانی دەدایەوە بەوەی دڵنیای دەکردنەوە لە ئایندەیان و بەڵێنی دەستەبەرکردنی بەهەشتی پێ دەدان، هەروەك یەکێك لەو گێڕانەوانەی ڕاگەیاندنی ئیمامی دەیداتە پاڵ صادق باس لەوە دەکات کە یەکێك لە هاوەڵانی ناوبراو سکاڵای خۆدابڕینی خەڵکی کرد لە شیعەکان و وتی: ئێمە لەلای ئەوانە خراپترین لە جولەکە و نەصرانی و ئاگر پەرستەکان و هاوبەشدانەران. صادق وتی: (سوێند بەخوا دوو کەستان ناچنە ئاگرەوە، بەخوا یەکیشتان ناچێتە ناو ئاگرەوە، بەخوا ئێوە لەو کەسانەن کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٥.

﴿وَقَالُوا۟ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٦٣﴾﴾ ص: ٦٢ _ ٦٣. واته: "دەڵێن: ئەوە چیمانە بۆچی ئێمە کەسانێك نابینین کە کاتی خۆی بە خراپ و دواکەوتوو کۆنەپەرست دەماندانە قەڵەم. کاتی خۆی گاڵتەمان پێ دەکردن، توانجمان تێدەگرتن، کەچی ئەمڕۆ یان لێرە نین یاخود بەرچاومان لێڵ و تاریکە و نایانبینین". بەڕاستی ئەمە بەسەرهات و کێشمەکێش و دەمە دەمێی دۆزەخیەکانە و ڕاستەقینەیە و بۆیان پێش دێت (دواتر صادق وتی: بە خوا لە ناو ئاگردا بە دوای ئێوەدا گەڕام کەچی هیچ یەکێکیان لە ئێوە نەدۆزیەوە)[1].

جا چۆن ڕاگەیاندنی ئیمامی بەڵێنی تکا و شەفاعەتی دەدایە گوناهبارانی شیعە، ئەوا هەڕەشەشی دەکرد لە دژەڕای ئیمامەکان کە چاکەکارو خواناس بوون بە پوچەڵ بوونەوەی کردەوەکانیان ئەگەر پشتیوانی ئیمامەکان نەکەن، ڕاگەیاندنی ئیمامی لە صادقی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (.... بە خوا ئەگەر کرنووش ببات تا ملی دەپچڕێت ئەوا خوای گەورە لێ وەرناگرێت تا لایەنگیری ئێمەی ئال و بەیت نەکات) و ئایەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾﴾ المؤمنون: ٦٠. ڕاڤە کردووە بە پێشکەش کردنی خۆشەویستی و پشتگیری لەگەڵ گوێڕایەڵی بۆ ئال و بەیت، لەگەڵ ئەوەشدا ترسیان لێیە، ترسی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٢.

ئەوانە ترسی گوماندار نییە، بەڵکو ترساون لەوەی کەم و کورتیان نواند بێت لە خۆشویستن و گوێڕایەڵی ئێمەدا[1].

محەممەدی  کوڕی سولەیمان لە باوکی دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: لەلای صادق بووم لەو کاتەدا باوکی بەصیر هاتە ژوورەوە بە هەناسە بڕکێوە، کاتێك لە شوێنی خۆی دانیشت، صادق پێی وت: ئەی باوکی محەممەد ئەو هەناسە بەرزە چییە؟ باوکی بەصیر وتی: بە قوربانت بم ئەی کوڕی پێغەمبەری خوا، تەمەنم هەڵکشاوەو ئێسکەکانم باریك بوونە و سەرمەرگم نزیك بووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا من نازانم سەرەنجامی دوارۆژم چی دەبێت، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد تۆش ئەمە دەڵێی؟ باوکی بەصیر وتی: بە قوربانت بم چۆن ئەمە ناڵێم؟! صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد نەتزانیوە خوا ڕێز لە گەنجان و شەرم لە پیرەکانتان دەکات؟ وتی: بە قوربانت بم چۆن ڕێز لە گەنج دەگرێت و شەرم لە کەسی پیر دەکات؟ صادق وتی: ڕێز لە گەنج دەگرێت و سزای نادات و شەرم لە پیرەکان دەکات و لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکات، وتی: بەقوربانت بم ئەمە تەنها بۆ ئێمەیە یان بۆ هەموو یەکتاناسانە؟ صادق وتی: بەخوا تەنها بۆ ئێوەیە، وتی: وتم: بە قوربانت بم ئێمە هەراسان و پەڕاوێزخراوین بەمەش پشتمان شکاوەو دڵمان بەهۆیەوە مرد و حوکمڕانان خوێنی ئێمەیان پێ حەڵاڵ کرد، ئەمەش لەبەر فەرموودەیەك کە شەرعناسەکانیان گێڕاویانەتەوە، صادق وتی: مەبەستت لە ناوی (ڕافیزەکان: ڕەتکەرەوەکان)ە؟ وتی: وتم: بەڵێ، صادق وتی: نا سوێند بەخوا ئەوان ئەو ناوەیان لە نەناوە بەڵکو خوا ئەو ناوی لە ئێوە ناوە، ئەی باوکی محەممەد نەتزانیوە کە حەفتا پیاو لە نەوەی ئیسڕائیل فیرعەون و گەلەکەی ئەویان ڕەتکردەوە کاتێك

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب محاسبة العمل ح رقم ١٥.

گومڕایی ئەوانیان بۆ دەرکەوت و شوێن موسا (سڵاوی خوای لێبێت) کەوتن کاتێك بۆیان دەرکەوت ڕێنیشاندەرە، جا لە سەربازگەی موسادا بە (ڕافیزەکان) ناونران، چونکە فیرعەونیان ڕەتکردەوەو لە هەموو خەڵکی سەربازگەکە پەرستشیان زیاتر دەکرد و لە هەمووان موسا و هارون و ڕەچەڵەك ئەوانیان زیاتر خۆشدەویست، خوا سروش و نیگای بۆ موسا نارد کە ئەو ناوەیان لە تەوراتدا بچەسپێنە، من ئەو ناوەم بۆ لەوان ناوەو وەك ڕێبازی ئەوانم دیاری کردووە، موسا ئەو ناوەی لەوان نا و خوای گەورەش ئەو ناوەی بۆ ئێوە پاشەکەوت کرد تا ئێمە ئەو ناوە لە ئێوە بنێین، ئەی باوکی محەممەد دژەڕاکانمان خێریان ڕەتکردەوەو ئێوە خراپەتان ڕەتکردەوە، خەڵکی پەرتەوازە بوون بۆ چەندین پۆل و تاقم، ئێوە هاتنە پاڵ ئال و بەیتی پێغەمبەرەکەتان  و بۆ هەر کوێیەك چوون ئێوەش بۆ ئەوێ چوون و ئەوەتان هەڵبژارد کە خوا بۆ ئێوەی هەڵبژارد و ئەوەتان ویست کە خوا ویستی، جا مژدەتان لێبێت مژدە، بەخوا ئێوە ئەوانەن کە ڕەحمیان پێکراوەو کردەوەی چاکەکارانتنان وەرگیراوەو خراپەی خراپەکارانتان سڕاوەتەوە، کەسێك بەو بیروباوەڕەوە کە ئێوە لەسەری دەڕۆن لە ڕۆژی دواییدا نەیەتە خزمەت پەروەدگار ئەوا هیچ چاکەیەکی قبوڵ ناکرێت و لێخۆش بوون هیچ خراپەیەکی ناگرێتەوە، ئەی باوکی محەممەد دڵی تۆم خۆش کرد؟ وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاتر پێم بدە؟ صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ هەندێك فریشتەی هەن کە گوناھ لەسەر پشتی پشتیوانانمان دەوەرێنن وەك چۆن با گەڵاکانی دار لە کاتی وەریندا دەوەرێنن، ئەمەش مەبەستی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگارە: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ

وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٧﴾ ﴾ غافر: ٧. واته: (ئەو فریشتانەی کە عەڕش و تەختی پەروەردگار هەڵدەگرن، ئەوانەش کە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن، ئیمان و باوەڕی زۆر بەهێزو دامەزراویان پێیەتی، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، دەڵێن: پەروەردگارا! ڕەحمەت و میهرەبانی تۆ، زانست و زانیاری تۆ، هەموو شتێکی گرتۆتەوە، کەوابوو خۆش ببە لەوانەی تۆبەیان کردووەو لە گوناهەکانیان پەشیمانن و شوێن بەرنامە و ڕێبازی تۆ دەکەون، هەروەها لە ئاگری دۆزەخیش بیانپارێزە). بەخوا تەنها بۆ ئێوە داوای لێخۆش بوون دەکەن نەك کەسی تر، ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم کردی؟ وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاتر پێم بڵێ؟ صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد خوا باسی ئێوەی کردووە لە کتێبەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ﴿٢٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٢٣. واته: " مەردانێکی زۆر هەن لە ئیمانداران ئەو پەیمانەی داویانە بە خوا، ڕاستیان کرد لەسەری ژیان و پابەند بوون پێوەی و لایان نەدا لێی، جا هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێ کرد و مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕان و لاری ڕووی تێ نەکردوون". بەڕاستی ئێوە بەوەفا بوون سەبارەت بەو بەڵێنەی خوا لێی وەرگرتبوون لەبارەی ئیمامەتی ئێمە و ئێوە ئێمە بە کەسی تر ناگۆڕنەوە خۆ ئەگەر واتا کردبا ئەوا خوا سەرزەنشتی دەکردن وەك چۆن سەرزەنشتی دژەڕاکانی ئێوەی کردووەو دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا وَجَدۡنَا لِأَكۡثَرِهِم مِّنۡ عَهۡدٖۖ وَإِن وَجَدۡنَآ أَكۡثَرَهُمۡ لَفَٰسِقِينَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ الأعراف: ١٠٢. واته: "بەشی زۆری ئەو خەڵکە سەرگەردانەمان دەست نەکەوت کە پەیمان شکێن نەبن

و بەڕاستی زۆربەی ئەوانەمان بە دەرچوو لە ئاینی خوا دەستکەوت". ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم کردی، وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بدە، صادق وتی: خوای گەورە باسی ئێوەی کردووە لە کتێبەکەیدا: ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ ﴿٤٧﴾﴾ الحجر: ٤٧. واتە: "ئەو بەختەوەرانە برای یەکترن و لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان لە بەرامبەر یەکەوە دانیشتون". بەخوا تەنها مەبەستی ئێوە بووە نەك کەسێکی تر، ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم کردی؟ وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بدە، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد : ﴿ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾﴾ الزخرف: ٦٧. واتە: "دۆستان و برادەران هەر هەموو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن، هەموو ڕقیان لە یەك دەبێتەوە، جگە لەو کەسانەی کە لەسەر بنچینەی تەقواو خواناسین کۆ بوونەتەوەو برایەتیان بەرپا کردووە". بەخوا خوای مەزن تەنها مەبەستی لە ئێوە بووە نەك کەسێکی تر، ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم کردی، وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بدە، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد خوای پایەبەرز باسی ئێمە و پشتیوانمان و دوژمنەکانمانی کردووە لە کتێبەکەیدا و فەرموویەتی: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾﴾ الزمر: ٩. واتە: "_ ئایا ئەو جۆرە کەسانەی کە باس کران چاکترن _ یان ئەو ئیمانداراەی کە لە دوو توێی شەوگاردا هەڵدەستێت بۆ خواپەرستی، سوژدە دەبات و بەپێوە دەوەستێت، لە لێپرسینەوەی قیامەت دەترسێت و ئومێد و هیوای بە میهرەبانی پەروەردگاری هەیە، ئەی پێغەمبەر بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن

که هیچ نازانن و شارەزاییان نییه؟، بەڕاستی تەنها خاوەن بیرو هۆشەکان لەم جۆره یادەوەریانه سوود وەردەگرن و تێ دەگەن". ئێمه ئەوانەین که دەزانین و دوژمنانیشمان نەزانەکانن و شیعەکانیشمان ژیرو هۆشمەندەکانن، ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم کردی؟ وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بده، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد بەخوا خوای مەزن ڕاسپێرراوی هیچ پێغەمبەرێکی به شوێنکەوتووانیەوه جیانەکردۆتەوه جگه له میری باوەرداران و پشتیوانانی له کتێبەکەیدا و فەرمایشتی پەروەدگاریش ڕاست و دروسته: ﴿يَوۡمَ لَا يُغۡنِي مَوۡلًى عَن مَّوۡلًى شَيۡـٔٗا وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ٤١ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُۚ﴾ الدخان: ٤١ _ ٤٢. واته"ڕۆژێکه هیچ گەورەیەك فریای بچوکی خۆی ناکەوێت و هیچیشیان پشتگیری ناکرێن لەلایەن کەسێکەوه. مەگەر کەسێك به زەیی خوا گرتبێتیەوه". مەبەستی عەلی و پشتیوانەکانیەتی، ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم کردی؟ وتی: وتم: به قوربانت بم زیاترم پێ بده، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد خوای مەزن باسی ئێوەی له کتێبەکەیدا کردووەو فەرموویەتی: ﴿يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ الزمر: ٥٣. واته: "ئەی بەندەکانم، ئەوانەی که خۆتان گوناهبار کردووه و هەڵەتان زۆره، نا ئومێد مەبن له ڕەحمەتی خوا، چونکه بەڕاستی ئەگەر ئێوه تۆبەی ڕاست و دروست بکەن، خوا له هەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکه بێگومان ئەو خوایه زۆر لێبورده و میهرەبانه". سوێند بەخوا مەبەستی ئێوەیه نەك کەسێکی تر، ئایا دڵخۆشم کردی ئەی باوکی محەممەد ؟ وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بده، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد خوا باسی ئێوەی کردووه له کتێبەکەیدا: ﴿ إِنَّ

عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ ﴾ الحجر: ٤٢. واته: (بەڕاستی بەندە چاك و پاكەكانی من بە تۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەڵاتێكت بەسەریاندا نییە). بەخوا مەبەستی ئەم ئایەتە تەنها ئیمامەكان و پشتیوانەكانیەتی، دڵخۆشم كردی ئەی باوكی محەممەد ؟ وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بدە، صادق وتی: ئەی باوكی محەممەد خوا باسی ئێوەی كردووە لە كتێبەكەیدا: ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴾ النساء: ٦٩. واته: (ئەوانە لەگەڵ ئەو كەسانەدا دەبن كە خوا نازو نیعمەتی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاكان، ئای كە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێكی چاك و بێ وێنەن). پێغەمبەران مەبەستی لە پێغەمبەری خوایە و ئێمەش ڕاستگۆیان و شەهیدەكانین و ئێوەش پیاوە چاكەكانن، جا خۆتان بە چاكەكار ناو بنێن هەروەك خوای پایەبەرز ئێوەی بەووە ناو ناوە، ئەی باوكی محەممەد دڵخۆشم كردی، وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بدە، ئەی باوكی محەممەد خوای گەورە باسی ئێوەی كردووە كاتێك لەسەر زمانی دوژمنەكانتان لە ناو دۆزەخدا دەگێڕێتەوە: ﴿وَقَالُواْ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٦٣﴾﴾ ص: ٦٢_٦٣. واته: (دەڵێن: ئەوە چیمانە بۆچی كەسانێك نابینین كە كاتی خۆی بە خراپ و دواكەوتوو كۆنەپەرست لە قەڵەممان دەدان. كاتی خۆی گاڵتەمان پێ دەكردن، توانجمان تێدەگرتن، كەچی ئەمڕۆ یان لێرە نین یاخود بەرچاومان لێڵ و تاریكە و نایانبینین). بەخوا تەنها مەبەستی ئێوە بووە نەك كەسێكی تر، لەلای خەڵكی ئەم جیهانە بە خراپترین كەس هەژمار كران كەچی ئێوە بەخوا لە

بەهەشتدا خۆشی دەکەن، لە ناو ئاگریشدا شوێن ئێوە دەگەڕێن ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم نەکردی؟ وتی: وتم: بەقوربانت بم زیاترم پێ بدە، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد هەر ئایەتێك باس لە چوونە بەهەشت بکات بە چاکە باسی خەڵکەکەی بکات ئەوا لەبارەی ئێمە و پشتیوانانمان دابەزیوە، هەر ئایەتێکیش باسی خەڵکێك بکات بە خراپە و بەرەو ئاگر کێشیان بکات ئەوا باسی دوژمنەکان و دژەڕاکانمانە، ئایا دڵخۆشم کردی ئەی باوکی محەممەد ؟ وتی: وتم: بە قوربانت بم زیاترم پێ بدە، صادق وتی: ئەی باوکی محەممەد تەنها ئێمە و شیعەکانمان لەسەر ڕێبازی میللەتی ئیبراهیمین و سەرجەم خەڵکی تر لێی بێ بەشن، ئەی باوکی محەممەد دڵخۆشم کردی؟ لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە باوکی محەممەد وتویەتی: بەسە[1].

بیرۆکەی تکا و شەفاعەت هەندێك شیعەی پاڵنا بۆ گوێ پێ نەدان لە ئەنجامدانی گوناهەکان، تا وای لێهات هەندێك زیادەڕۆچوو پەرستش و حوکمە شەرعییەکانیان بە خودی (ئیمامەکان)یان تەئویل کرد، بەوە کۆتایی هات کە پەرستش و حوکمەکان لەکار بخرێن و بەڕەڵایی و بەزاندنی سنووری قەدەغەکراوەکان بێتە کایە، یوسفی کوڕی سابتی کوڕی ئەبو سەعدە لە صادقی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (هیچ خراپەیەك لەگەڵ باوەڕدا زیانی نابێت، هیچ چاکەیەکیش لەگەڵ بێ باوەڕیدا سوودی نابێ)[2]. لە تێگەیشتنی ئەواندا باوەڕ بریتی بوو لە لایەنگیری و دانان بە ئیمامەتی ئیمامەکان. بەڵام خودی ئیمامەکان

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أن الإيمان لا يضر معه سيئة والكفر لا ينفع معه الحسنة ح رقم ٤.

ڕووبەڕووی ئەم ڕاڤە زیادەڕۆچووە بوونەوە کە سەری دەکێشا بۆ بەرەڵایی و بێ بەندوباری، ئیمامی صادق هەڵسا بە هەڕەشەکردن لە گوناهباران بە سزای ئاگری دۆزەخ و هۆشداری پێدان لە دووبارە گەڕانەوە بۆ سەر گوناهو تاوان[1].

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە گێڕانەوەکانی دوایی لەگەڵ گێڕانەوەکانی پێشوو تێک دەگیرێن کە تاکی شیعە هاندەدەن بۆ پاڵدانەوە بە پاساوی تکا و شەفاعەتی ئال و بەیت لە دواڕۆژدا، گومان لەوەدا نییە کە هەڵبەستراون یان ساختە کراون یاخود شتی بۆ زیاد کراوە، بەڵام سەرباری ئەوەی (ئیمامەکان) داوایان لە پشتیوان و شیعەکانیان دەکرد ئایین پیادە بکەن، ئیمامەکان ڕاشوەستان لە بەرامبەر شەپۆڵ و تەوژمی بەرەڵایی کە پشتی بەستبوو بە هەندێك فەرموودە کە بەدرۆ درابوونە پاڵ ئیمامەکان، جا تەنها قسەکردن لەسەر تکا و شەفاعەت ئەوا شیعەکان کێش دەکات بەرەو ئیمامەکان لە پێناو پشتیوانی کردنیان و زیارەتکردنیان لە دوای مردن و گرنگی پێدانیان لە هەموو کاتێکدا، لە کاتێکدا دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لە پابەندبوونی بە ئایین و پاڵدانەوە بە ئیمامەکان. ئەمە ئەو چاڵەیە کە لە کۆن و نوێدا زۆرێك لە شیعەکان تێی کەوتوون.

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ١٠٠٣٤ _ ٩، و كتاب الإيمان والكفر، باب أن الإيمان لا يضر معه السيئة والكفر لا ينفع معه حسنة ح رقم ٥، وكتاب الإيمان والكفر، باب الخوف والرجاء ح رقم ٦ و ١١ و كتاب الروضة ح رقم ٨ _ ٣٥ و ح رقم ٤٨٣١ _ ١٥ و كتاب الإيمان والكفر، باب الطاعة والتقوى ح رقم ٦ و ١٣.

## ٦_ ئامادەبوونی ئیمامەكان لە سەرەمەرگدا

هەروەك چۆن ڕاگەیاندنی ئیمامی بابەتی تكا و شەفاعەتی خستەڕوو بۆ كێش كردنی شیعەكان بەرەو ئیمامەكان لە ژیانی دونیادا و قوڵتر كردنەوەی پشتگیریان، هەمان ڕاگەیاندن هەڵسا بە قسەكردن لە سەر ئامادەبوونی ئیمامەكان لە كاتی مردنی تاكی شیعە و بەهاوار هاتنی لە یەكەم وێستگە لە وێستگەكانی دواڕۆژدا[1]. ئیمامییەكان لە صادقەوە دەگێڕنەوە كە ناوبراو سوێندی بۆ یەكێك لە هاوەڵانی خواردووە كە مردوو پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و عەلی دەبینێت. و صادق بە هاوەڵەكەی وتوە: ئەی عەقەبە هیچ باوەڕدارێك نامرێت تا هەردووكیان نەبینێت، عەقەبە پرسیاری كرد: هیچ شتێك دەڵێن؟ وتی: بەڵێ، هەر دووكیان دەچنە لای باوەڕدارەكە، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لەلای سەری مردووەكە دادەنیشێت و عەلیش لەلای پێیەكانی و پێغەمبەر دەستی بەسەر سەری مردووەكەدا دێنێت و دەفەرموێت: ئەی خۆشەویستی خوا مژدەت لێبێت من پێغەمبەری خوام و باشترم بۆت لەوەی كە لە دونیات بە جێهێشتووە، پاشان پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) هەڵدەستێت و دەستی بەسەر سەری مردووەكەدا دێنێت و دەڵێت: ئەی خۆشەویستی خوا مژدەت لێبێت من عەلی كوڕی ئەبو تالیبم كە خۆشت دەویست و دەمەوێت سوودت پێ بگەیەنم. دواتر صادق وتی: ئەمە لە كتێبی خوادا هاتووە، عەقەبە سەری سوڕما و وتی: خوا منت بە قوربان كات لە كوێی كتێبی خوادایە؟ لە سوڕەتی یونسدا كە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٣٢٣ _ ٢.

ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٦٤﴾﴾ یونس: ٦٣ _ ٦٤. واتە: (ئەوانەی باوەڕی بەتین و دامەزراویان هێناوە بە پەروەردگاریان و پارێزگارو لە خواترسیشن. هەر بۆ ئەوانە مژدەی _ کامەرانی و بەختەوەری _ لە ژیانی دونیادا و لە قیامەتدا، بێگومان ئەو بەڵێنانەی خوا هەر دێنەدی و هیچ گۆڕانکارییێکیان بەسەردا نایەت، ئا ئەوەیە سەرفرازی و کامەرانی مەزن)[1].

بە پشت بەستن بە هەندێك فەرموودە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر گەڕانەوەی زیندوو بوونەوەی مردوو لە گۆڕەکەیدا، هەندێك فەرموودەی تر کە ڕاگەیاندنی ئیمامی دەیهێنێتەوە داوای ئەوە دەکات کە مردوو لە کاتی بەخاك سپاردنی فێری بنەماکانی ئایین و ئیمامەت بکرێت و تێ بگەیەنرێت (تەلقین بدرێت). هەروەك لە گێڕانەوەیەکدا کە لە صادقەوە هاتووە وتویەتی: ئەگەر ویستت مردوو بنێژیت ئەوا دەمی خۆت لە گوێچکەکەی نزیك بکەرەوەو بڵێ: (گوێبگرە و تێبگە _ سێ جار ئەمە دووبارە بکەوە _ خوات _ الله _ و پێغەمبەرت محەممەد و ئایین و فڵان ئیمامتە گوێبگرە و تێ بگە)[2]، لە گێڕانەوەیەکی تردا کە لە زورارەوە هاتووە، گوایە صادق وتویەتی: (ئەگەر مردووت خستە ناو گۆڕەوە ئەوا ئایەتی کورسی بخوێنە و دەست لەسەر شانی ڕاستەی بدە و بڵێ: (ئەی فڵان بڵێ: ڕازیم بەوەی "الله" خوا و ئیسلام ئایین و

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٣٢٤ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٥.

محەممەد پێغەمبەر ((ﷺ)) و عەلی ئیمامم بێت) و ناوی ئیمامی سەردەمی خۆشی دەڵێت[1].

ئەبو بەکری حەزرەمی وتویەتی: بە باوکی جەعفەرم وت: خوای گەورە لەو کەسە چاکانەت بگێڕێت کە لە گۆڕدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت... جا لەبارەی چی پرسیار دەکەن؟ وتی: لەبارەی ئەو ئیمامەی لەناوتاندایە، بە باوەڕدار دەوترێت: چی دەڵێی لەبارەی فڵانی کوڕی فڵان؟ دەڵێت: ئەو ئیمامی منە، دەوترێت: بخەوە خوا چاوەکانت بخەوێنێت، خوای مەزن دەرگاکانی بەهەشتی بۆ دەکاتەوەو بەردەوام بۆن و بەرامی بۆ دێت تا ڕۆژی دوایی، بە بێ باوەڕیش دەوترێت: چی دەڵێی لەبارەی فڵانی کوڕی فڵان؟ وتی: دەڵێت: گوێم لە ناوبانگی بووە بەڵام نازانم کێیە، پێی دەوترێ: یاخوا هەرگیز نەزانی، وتی: دەرگایەکی لە دۆزەخ بۆ دەکرێتەوەو بەردەوام گەرماییەکەی بۆ دێت تا دواڕۆژ[2].

ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: لەبارەی پێنج شتەوە پرسیار لە مردوو دەکرێت لە ناو گۆڕدا، لەبارەی نوێژ و زەکات و حەج و ڕۆژوو و لایەنگیرییەکەی بۆ ئێمەی ئال و بەیت، لایەنگیری ئێمە لەلایەکی گۆڕەوە بە چوار شتەکەی تر دەڵێت: هەر کەم و کورتییەك لە ئێوەدا بەرجەستە بوو ئەوا من تەواوی دەکەم[3].

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٥٧١_ ٧.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٤٧٢٠ _ ٨.

(٣) الكليني، الكافي ح رقم ٤٧٢٧ _ ١٥.

بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاست و دروستی هاتنی ئەم گێڕانەوانە لە ئیمامەکانەوە، ئەوا ئەم گێڕانەوانە بڵاوبوونەوە لە نێوان شیعەکان و بە ڕاستیان دانا و زۆرێکیشیان دانیان پێدانا، تەنانەت ئەم گێڕانەوانە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە پرۆسی ئامادەسازی و پڕکردنەوەی لایەنی دەروونی و سیاسی و کێش کردنی شیعەکان بەرەو ئیمامەکان.

## ٧_ بەخاك سپاردن لە دۆڵی سەلام

سەرباری ئەوەی پێشوو، ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە قسەکردن لەسەر چارەنووسی ڕۆحی باوەڕداران (شیعەکان) لە دوای مردن و کۆبوونەوەیان لە (دۆڵی سەلام) کە دەکەوێتە پشت کوفەو(نەجەف)ەوە، ئەمەشیان بەکارهێنا وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی بەستنەوەی شیعە بە ئیمامەکانەوە[1].

ئیمامییەکان فەرموودەیەکیان لە صادقەوە گێڕاوەتەوە، کە لە ئەنجامی سکاڵای ئەحمەدی کوڕی عومەر لە هەمبەر مردنی براکەی لە شاری بەغداد وتویەتی: گوێی پێ مەدە لە هەر کوێیەك بمرێت، هەر باوەڕدارێك ئەگەر خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەوی بکات ئەوا خوا ڕۆحەکەی لە دۆڵی سەڵامدا کۆ دەکاتەوە، وتی: ئەی دۆڵی سەلام لە کوێیە؟ صادق وتی: لە پشتی کوفەوەیە، وەك ئەوەی من بەسەریاندا دەفڕم و دەیانبینم دانیشتوون و قسە دەکەن[2].

ئەو فەرموودانەی ڕاگەیاندنی ئیمامییەکان دەیگێڕنەوە هەوڵ دەدەن لەسەر ژێیەکانی تکا و شەفاعەت و ترسان لە مردن و دوای مردن بژەنن، بە ئامانجی

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٤٧٣٤ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي ح رقم ٤٧٣٥ _ ٢.

چاندنی لایەنگیری ئیمامەکانی ئال و بەیت و خۆ بەریکردن لە دوژمنانیان بەتایبەت سیاسییەکان، هەروەها کێش کردنی شیعەکان بەرەو ئیمامەکان. وا دەردەکەوێت کە سەرکەوتوو بوو لە جێهێشتنی شوێنەوارێکی مەزن لە دەروونی ئەو شیعانەی زۆر سوورن لەسەر بەخاك سپاردنی لە گۆڕسانی (دۆڵی سەلام) لە نەجەف، گواستنەوەی تەرم لە ماوەیەکی دوور بە ماندووبوونەوە بۆ ئەوێ، بە هیوای بە دەستهێنانی تکاو شەفاعەتی ئیمامەکان و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ .

## ٨_ حەج و پەیمانی ئیمامەت

سەرەڕای هەموو ئەو چەمکە تایبەتانەی ڕاگەیاندن کە خرانەڕوو، ئەوا ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە قۆستنەوەی دروشمی حەج تا سروشتێکی شیعەگەرای تایبەتی بە بەردا بکات، ئەمەش لە میانەی بابەتی بەردە ڕەشەکەی کەعبە، کە چیرۆکێکی لەبارەی هەڵبەستراوە کە خزمەت بە پرۆژەی لایەنگیری ئیمامەکان دەکات. ئێمە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو گێڕانەوەیە نازانین کە لە ئیمامی صادقەوە هاتووە تا چەند ڕاستە، چونکە لە زنجیرەی گێڕەرەوەی ئەم گێڕانەوەیە کەسی لاواز هەیە (وەك کوڕی سینان) کە لەوانەیە گێڕانەوەکەی هەڵبەستبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گێڕانەوەیە ڕۆڵێکی ڕاگەیاندنی بەهێز دەبینێت لە ڕاکێشانی سەرنجی شیعەکان لەکاتی سوڕانەوە بە کەعبە و ماچ کردنی بەردە ڕەشەکە بۆ مەسەلەی ئیمامەتی ئیمامەکان، داواش لە شیعەکان دەکات ئەو بەڵێنەی دەدەن بە ئیمامەکان ڕایبگەیەنن، جەختیش دەکاتەوە لەسەر ئەوەی بەردە ڕەشەکە وتەی حاجیەکە لەبەر دەکات و لە ڕۆژی دواییدا گەواهی بۆ دەدات.

ئەو گێڕانەوەی لە بەکیری کوڕی ئەعیونەوە هاتووە دەڵێت پرسیارم لە صادق کرد: کە بۆچی خوا بەردە ڕەشەکەی کەعبە لەو شوێنە داناوەو لە جێیەکی تر دانەنراوە؟ بۆچی ماچ دەکرێت؟ لەبەرچی لە بەهەشت هێنرایە دەرەوە؟ بۆچی بەڵێن و پەیمانی بەندەکان خرایە ناو ئەوەو نەدەخرایە ناو شتێکی ترەوە؟ هۆکاری ئەمە چۆنە؟ خوا منت بەقوربان کات پێم بڵێ، چونکە بیرکردنەوەم تێیدا سەرسام بووە. صادق وتی: پرسیارت کرد و زۆرت هێناو برد و پێچ و پەنات کرد و زۆر لێتکۆڵیەوە جا تێبگە لە وەڵامەکە و دڵت بەتاڵ کە و گوێت ڕاگرە بە ویستی خوا پێت دەڵێم: کاتێك خوا بەردە ڕەشەکەی دانا ئەوا بەردەکە گەوهەرێك بوو لە بەهەشت هێنرایە دەرەوە بۆ لای ئادەم (سڵاوی خوای لێبێت) و ئەویش لەو شوێنەی دانا بۆهی پەیمانەکەوە، ئەمەش کاتێك خوا نەوەکانی ئادەمی لە پشتی ئەوەوە هێنایە دەرەوەو ئەوا لە شوێنی بەردە ڕەشەکە بەڵێنەکەی لێوەرگرتن و لەو شوێنەی خۆی بۆ دەرخستن و لەو شوێنە باڵندەکە دادەبەزێتە سەر مەهدی (سڵاوی خوای لێبێت)، جا یەکەم کەس کە بەڵێن و بەیعەتی بە مەهدی دەدات باڵندەکەیە، بەخوا ئەو باڵندەیەش جبریلە (سڵاوی خوای لێبێت)، مەهدی پاڵ بەو شوێنە دەداتەوە، ئەم شوێنە بەڵگە و نیشانەیە بۆ مەهدی و گەواهیدەرە بۆ ئەوەی لەو شوێنە وەفای پێداوەو لەسەر ئەوەش کە ئەو پەیمانەی بە خوای گەورەی دابوو جێبەجێ کردووە. بەڵام ماچ و سڵاوکردن لە بەردەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانەکەی پێشووە، جا لە هەموو ساڵێکدا دێنە لای بەردەکە و بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکەن و پاراستنی ئەو سپاردەیەی کە لەسەر ئەمە وەریانگرتووە، ئایا نابینی تۆ دەڵێیت: سپاردەی منە پاراستوومە و پەیمانەکەمە بەستوومە تا گەواهی وەفاداریم بۆ بدات، بەخوا جگە لە شیعەکانی ئێمە هیچ

کەسێك ئەمە جێبەجێ ناکات و پەیمانەکە ناپارێزێت و دێنە لای بەردە ڕەشەکە، ئەوا بەردە ڕەشەکە شیعەکانمان دەناسێت و بە ڕاستگۆیان دادەنێت و جگە لەوان دێنە لای بەردەکە کەچی بەدرۆیان دەخاتەوەو نکۆڵیان لێدەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی تەنها ئێوە ئەم پەیمانەتان پاراستووە، بە خوا شایەتی لە بەرژوەندی ئێوە دەدات و شایەتی لەسەر دژەکانتان دەدات بە پەیمان شکاندن و نکۆڵی و بێ باوەڕی کردن و ئەم بەردە بەڵگەی تەواوی خوایە لەسەریان کە لە ڕۆژی دواییدا دێت زمانێکی گۆیا و دوو چاو لە سەر وێنەی بەراییەکە کە بەدیهێنراوان دەیبینن دەیناسن و نکۆڵی لێ ناکەن، جا گەواهی دەدات بۆ ئەوانە دەدات کە بەوەفا بوونە و پەیمانیان و نوێکردۆتەوە بەڵێنیان دووبارە لەلای ئەو داوە کە و پەیمانیان نوێ کردۆتەوەو بەڵێنەکەیان بردۆتە سەر و سپاردەکەیان پاراستووە، هەروەها گەواهی لە دژی هەموو ئەوانە دەدات کە نکۆڵی لە پەیمانەکە کردووەو لەبیری کردووە بەهۆی بێ باوەڕی و سەرکەشییەوە. سەبارەت بە هۆکاری دەرهێنانی لە بەهەشت دەزانی چی بووەو بەردە ڕەشەکە لە بنەڕەتدا چی بووە؟ وتم: نا، صادق وتی: فریشتەیەك لە فریشتە مەزنەکانی لای خوا، کاتێك خوا پەیمانی لە فریشتەکان وەرگرت ئەوا ئەو فریشتەیە یەکەم فریشتە بوو کە باوەڕی پێ هێنا، بۆیە خوا ئەوی کردە ئەمینداری سەرجەم بەدیهێنراوان و پەیمانەکەی ڕادەست کرد و لەسەر خەڵکیشی پێویست کرد لەلای بەردەکە ساڵانە پەیمان نوێ بکەنەوەو دووبارە دان بنێن بەو بەڵێنەی خوا لێیانی وەرگرتبوو، دواتر خوای گەورە بەردەکەی لەگەڵ ئادەم لە بەهەشت دانا تا بە هۆیەوە پەیمانەکەی بیرکەوێتەوەو بەڵێنەکەی لەلا نوێ بکاتەوە هەموو ساڵێك، کاتێك ئادەم سەرپێچی خوای کرد ئەوا خوای مەزن پەیمانەکەی لە بیر ئەو بردەوە کە لەسەر محەممەد و

ڕاسپێرراوی محەممەد وەریگرتبوو و وێڵ و سەرگەردانی کرد، کاتێك ئادەم تۆبەی کرد ئەوا خوای گەورە ئەو فریشتەیەی کردە گەوهەرێکی سپی و لە بەهەشت دەری کرد و بۆ لای ئادەم ناردییە خوارەوەو ئادەم ئەو کاتە لە خاکی هیند بوو، کاتێك ناوبراو سەیری بەردەکەی کرد ئەوا دڵی پێخۆش بوو و تەنها ئەوەندەی لەبارەی ئەو بەردە دەزانی کە گەوهەرێکە، جا خوا بەردەکەی هێنایە گۆ و وتی: ئەی ئادەم دەمناسی؟ ئادەم وتی: نا، وتی: بەڵێ شەیتان بەسەرتدا زاڵ بووەو یادی پەروەردگارتی بیر بردۆتیەوەو دواتر بەردەکە گەڕایەوە سەر هەمان وێنەی پێشوو کە لە بەهەشتدا لەگەڵ ئادەم بوو و بە ئادەمی وت: کوا بەڵێن و پەیمانەکە و ئادەم باوەشی پێداکرد و پەیمانەکەی باس کرد و گریا و ماچی کرد و ملکەچی بۆ نواند و دووبارە پەیمان و بەڵێنەکەی نوێکردەوە، پاشان خوا کردیەوە بە گەوهەرێکی بەردی سپی ڕوون و ئادەم بەردەکەی بەشانی خۆی هەڵگرت وەك بە گەورە گرتنی و هەر کە ئادەم ماندوو و شەکەت دەبوو ئەوا جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) لە بڕی ئەو هەڵی دەگرت تا گەیاندییە مەککە، بەردەوام ئادەم دڵی خۆش دەبوو بە بەردەکە و پەیمانی لەلا نوێدەکردەوە لە هەموو شەو و ڕۆژێکدا، دواتر کە خوا کەعبەی دروست کرد ئەوا بەردەکەی لەو شوێنە دانا، چونکە هەر لەو شوێنە خوا پەیمانی لە نەوەکانی ئادەم وەرگرت، هەر لەو شوێنەشدا فریشتەکە (مەبەستی بەردە ڕەشەکەیە[1]) پەیمانەکەی لە ناخی خۆدا هەڵگرت، بۆیە لەو شوێنە دانرا و ئادەم چووە لای صەفا و حەواش چووە لای مەڕوە و بەردەکە لەو شوێنە دانرا، کاتێك ئادەم لەلای صەفاوە سەیری بەردەکەی کرد کە دانراوە ئەوا (الله أکبر)ی کرد، بۆیە سوننەت وایە بە (تەکبیر) کردن لەلای صەفاوە بەرەو لای

(١) وەرگێڕ.

بەردەکە بەڕێ بکەوی، چونکە خوا پەیمان و بەڵێنی بەو سپاردووە نەك فریشتەکانی تر، جا کاتێك خوا بەڵێنی وەرگرت سەبارەت بە پەروەردگارێتی خۆی و پێغەمبەرایەتی محەممەد و ئیمامەتی عەلی ئەوا شەقە شەقی باڵی فریشتەکان هات، یەکەم کەس کە پەلەی کرد بۆ دانان بەو پەیمانەدا ئەو فریشتەیە بوو، کەس بە ئەندازەی ئەو محەممەد و ئالی محەممەدی خۆش نەدەویست، بۆیە خوا ئەوی لە ناو فریشتەکاندا هەڵبژارد و پەیمانەکەی پێ سپارد و لە ڕۆژی دواییدا دێت بە زمانێکی گۆیا و چاوی تیژ بین و شایەتی دەدات بۆ هەموو ئەوانەی لەو شوێنە وەفایان بۆ نواندووەو پەیمانەکەیان بردۆتە سەر[١].

## ٩_ گڵی لاشەی باوەڕدار و سروشتەکەی

ڕاگەیاندنی ئیمامی نەوەستا لەلای سنووری قسەکردن لەسەر گەورەیی ئیمامەکان و ڕوونکردنەوەی پێگەکەیان و گێڕانی ڕۆڵی تکاکار لە ڕۆژی دواییدا و هاوشێوەی ئەمانە، بەڵکو هەڵسا بە بەهێز کردنی مەعنەویاتی شیعە لە بەرامبەر فشارە زۆر و توندەکان کە دووچاری دەبوونەوە لەو کاتدا، جا ئەو فشارانە چ لەلای دامەزراوە سیاسییەکان یان بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکان یاخود ئەو کۆمەڵگایەوە بێت کە بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونەکانیان ڕەت دەکاتەوە. ڕاگەیاندنی ناوبراو قسەی لەسەر سروشتی جیاوازی باوەڕدار (واتە: شیعە)ی کرد

---

(١) الكليني، الكافي ح رقم ٣٦٧٣١ و کلینی گێڕانەوە لە محەممەدی کوڕی یەحیا و لە جگە لەویشەوە دەهێنێت، لە محەممەدی کوڕی ئەحمەدەوە، لە موسای کوڕی عومەرەوە، لە کوڕی سینانەوە، لە باوکی سەعیدی قەماتەوە، لە بەکیری کوڕی ئەعیونی کوڕی ئەبو عەبدوڵاوە.

که گڵی جەستەیان نزیکە لە گڵی جەستەی ئیمامەکان. جا گێڕانەوەیەکیان لە عەلی کوڕی حوسەین گێڕایەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە جەستەی پێغەمبەرانی بە: دڵی و دەروون و لاشەوە، لە گڵی پایەبەرزەکان بەدیهێناوە، دڵی باوەڕدارانی لە هەمان گڵی ناوبراو بەدیهێناوە بەڵام جەستەیان لە گڵێکی خوارتر لەمە بەدیهاتووە، دڵ و جەستەی بێ باوەڕانیش لە چینی خوارووی زەوی بەدیهاتووە، جا هەر دوو گڵ و قوڕەکەی تێکەڵ کرد، ئا لەوەیە باوەڕار بێ باوەڕی دەبێت و بێ باوەڕ باوەڕداری لێ دەبێت، ئا لێرەوەیە باوەڕدار تووشی گوناە دەبێ و بێ باوەڕیش چاکە دەکات، دڵی باوەڕدار بە جۆشە بۆ ئەوەی لێی بەدیهاتووە، دڵی بێ باوەڕیش بە جۆش و خرۆشە بۆ ئەو شتەی لێی بەدیهاتووە)[1].

گێڕانەوەیەك لە زوراڕەی کوڕی ئەبو جەعفەر گێڕدراوەتەوە کە دەدوێت لەسەر پرۆسەی بەدیهێنان و هەڵبژاردن لە جیهانی پێش دونیا، کە بە (جیهانی گەردیلە: عالم الذرة) ناوی دەبات، باوەڕدارانلە ئاوێکی شیرین و بێ باوەڕان لە ئاوێکی سوێری تاڵ بەدیهێنراون و خوا ئەوانی تاقیکردۆتەوە بەوەی فەرمانی پێکردوون بچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە (کەچی نە باوەڕدارەکان دەتوانن لە بێ باوەڕەکان بن، نەبێ باوەڕەکان دەتوانن لە باوەڕدارەکان بن)[2]. (ئا لەوێ گوێڕایەڵی و لایەنگیری و ئیمامەت و سەرپێچی جێگیر بوو)[3].

ڕاگەیاندنی ئیمامی گێڕانەوەیەکی لە باوکی عەبدوڵاوە گێڕایەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە باوەڕداری لە گڵی بەهەشت و بێ باوەڕی لە گڵی دۆزەخ

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب طينة المؤمن والكافر ح رقم ١ و ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب طينة المؤمن والكافر، باب آخر منه ح رقم ١ و ٢ و ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب طينة المؤمن والكافر، باب آخر منه ح رقم ١ و ٣.

بەدیهێناوە). و وتویەتی: (ئەگەر خوا چاکە و خێری بۆ بەندەیەك بوێت ئەوا ڕۆح و جەستەکەی پاك و باش دەکات کە گوێبیستی هەر چاکەیەك بێ ئەوا دەیناسێتەوەو هەر خراپەیەکیش ببیستێت ئەوا ڕەتی دەکاتەوە). و ئەوەشی خستوەتەسەر: (گڵ و خۆڵەکان سێ جۆرن: گڵی پێغەمبەران، باوەڕدارانیش لەو گڵەن بەڵام پێغەمبەران لە پوختەی ئەو گڵە بەدیهاتوون، پێغەمبەران بنەڕەت و ڕەگ و ڕیشەن و باوەڕداران لق و پۆپن و لە قوڕی چڕن، بەهەمان شێوە خوا جیاوازی ناکات لە نێوان پێغەمبەران و پشتیوانانیان. گڵ و قوڕی دژەڕامان لە قوڕو لیتاوێکی بۆگەنە، چەوساوەکانیش لە خاکی ئاساین، هەرگیز باوەڕدار لە باوەڕەکەی دژەڕاکەمان لە بێ باوەڕییەکەی هەڵناگەڕێنەوە، تەنها ویستی خوا کاریان تێدەکات)[1].

صاڵحی کوڕی سەهل پێی وایە پرسیاری لە صادق کردووە: خوای گەورە گڵی جەستەی مرۆڤی لە چ بەدیهێناوە؟ صادق وتی: (لە گڵی لاشەی پێغەمبەران کە هەرگیز پیس نابێت)[2]. و گوایە وتویەتی: (درەختێك لە بەهەشتدا هەیە ناوی _موزن _ە، ئەگەر خوا بیەوێت باوەڕدارێك بەدی بهێنێت ئەوا دڵۆپێکی لێ دەهێنێتەوە خوارەوە، جا باوەڕدار یان بێ باوەڕ هەر سەوزە یان دانەوێڵەیەك بخوات ئەوا باوەڕدارێکی لێ دێنێتە دونیاوە)[3].

پیاوێك کە بە (عەبدوڵای کوڕی کیسان) ناودەبرێت گێڕاویەتیەوە کە پێی سەیر بووە کەسانی تر جگە لە شیعەکان خاوەنی سیفەت و خەسڵەتی باش و چاك

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب طينة المؤمن والكافر ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب طينة المؤمن والكافر ح رقم ٣ و ٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب إذا أراد الله أن يخلق المؤمن، ح رقم ١.

بوونە و هەندێك شیعەش خاوەنی سیفەت خراپ بوونە، بۆیە بە ئیمام صادقی وتوە: من لە چیا و لە وڵاتی فارس لە دایكبوومە و تێكەڵاوی خەڵكی دەبم لە بازرگانی و شتی تریشدا، لەگەڵ كەسێك تێكەڵ دەبم و دەبینم خاوەنی سیفەت و ڕەوشت و سپاردە پارێزە، كاتێك لێی دەكۆڵمەوە بۆم دەردەكەوێت كە دوژمنایەتی ئێوە دەكات، لەگەڵ كەسێكی تر تێكەڵ دەبم و دەبینم بەد ڕەوشت و دەستپاك نییە و خراپەكارە، كاتێك لێی دەكۆڵمەوە دەبینم لایەنگیری ئێوە دەكات، ئەمە چۆن دەبێت؟ صادق پێی وتوە: (ئەی كوڕی كیسان نەتزانیوە كە خوا هەندێك گڵی لە بەهەشت و هەندێكیشی لە دۆزەخ هێنا، لەگەڵ یەك تێكەڵی كرد، دواتر لایەنگران و دژەكانمان لێك جیاكردەوە، جا كە دەبینی ئەوانەی دژەڕامانن و خاوەن ڕەوشتی جوانن ئەوا بەهۆی ئەوەیە كە هەندێك تەنۆكەی گڵی بەهەشتیان تێكەڵ بووەو دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی كە لێی بەدیهێنراون، هەر كە بەد ڕەوشتی و نا دەستپاكی و خراپەكاریت بەدی كرد لە لایەنگرانمان ئەوا بەهۆی ئەوەیە كە تەنۆكەكانی گڵی دۆزەخیان بەركەوتووەو ئەو سفەتانەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لێیەوە بەدیهاتوون)[1].

ئەم فەرموودانە _ هەروەك دیارە _ بیروباوەڕی (جەبری[2]) لە دوو توێی خۆیدا هەڵدەگرن، كە لە كۆن و نوێدا لەلای شیعەكان ڕەتكراوەتەوە، دەكرێ بوترێت ئەمانە هەندێك فەرموودەی ڕاگەیاندكاری سیاسی و دەروونی خەیاڵین،

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب طينة المؤمن والكافر ح رقم ٥.

(٢) جەبریەت: بریتیە لەوەی كە كردار بەشێوەیەكی ڕاستەقینە نەدرێتە پاڵ بەندە، بەڵكو بدرێتە پاڵ خوای گەورە، بەو واتایەی بەندە هیچ ویستێكی نییە لە ئەنجامدانی هیچ شتێكدا وەك پەرو پوشە لە باوەشی ویستی خوادا. (وەرگێڕ).

هەوڵی دەدا ئەو کەم و کورتییە پڕ بکاتەوە کە هەبووە لە دەروونی شیعە ئیمامییەکان بەهۆی فشارە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان، هەروەها هەوڵیشی دەدا ڕێگەی ئەو دەنگە شیعیانە ببڕێت کە زۆرێك لە تیۆرە نوێیەکانی ڕەت دەکردەوە وەك: تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و ترساندن و هەڕەشەکردن لە شیعەکان لە هەلگەڕانەوە لە پشتگیری ئیمامەکان و تۆمەتبارکردنی بەرهەڵستکاران بەوەی گڵی جەستەیان پیس و پۆخڵە.

## ١٠_ لایەنگیری شیعەگەرێتی بە ویستی خوایە

لە هەوڵێکی ڕاگەیاندنی ئیمامی بۆ تێپەڕاندنی گرێ و گۆڵی گفتوگۆی ژیبێژانە لەگەڵ دژەڕاکان و سەختی بانگەوازی کردن بۆ پاڵپشتی ئیمامەکان لە ڕووی ئاینی و سیاسیەوە، تەنانەت دانانی بە بیروباوەڕی ئیسلامی بێ بوونی بەڵگەی تەواو لە قورئان و سوننەتەوە، ڕاگەیاندنی ناوبراو هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ئەوەی خوا بە ویستی خۆی ئەو کەسانە دیاری دەکات کە لایەنگیری ڕاڕەو و مەزهەبی شیعەی ئیمامی دەکەن. ئەمەش بەپێی هەندێك لەو فەرموودانەی ئیمامییەکان لە صادقەوە دەیگێڕنەوە ئەوا وتویەتی: (واز لە خەڵکی بێنن، چونکە ئەگەر خوا بیەوێت یەکێك ملی ئەو ڕێبازە بگرێت ئەوا شتێکی دەخاتەوە دڵیەوە کە بەردەوام بەدوای ئەم ڕێبازەدا دەگەرێت تا دەیدۆزێتەوە)[1]. فوزەیڵ دەڵێت پرسیاری لە صادق کردووەو پێی وتوە: ئایا خەڵکی بانگ بکەین بۆ سەر ئەم ڕێبازە؟ صادق وتویەتی: (ئەی فوزەیڵ ئەگەر خوا چاکەی یەکێکی بوێت

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في ترك دعاء الناس ح رقم ١.

ئەوا فەرمان بە فریشتەیەك دەكات كە ملی كەسەكە بگرێت و بە خۆشی یان بە نەخۆشی بیهێنێتە ناو ئەم ڕێبازەمانەوە)[١]. گوایە صادق بە سابتی كوڕی ئەبو سەعیدی وتوە: (ئەی سابت ئێوەو خەڵكی چیتانە؟ لە خەڵكی بگەڕێن و چیتر بانگیان مەكەن بۆ لایەنگیریمان، بەخوا ئەگەر خەڵكی ئاسمان و زەوی كۆببنەوە بۆ ئەوەی كەسێك گومڕا بكەن كە خوا ڕێنموونی كردبێت ئەوا ناتوانن، لە خەڵكی بگەڕێن و مەڵێن: ئەوە برام یان كوڕەمام یاخود دراوسێمانە، ئەگەر خوا چاكەی یەكێكی بوێت ئەوا ڕۆحەكەی پاك و باش دەكات، بەمەش هەر چاكەیەك ببینێت ئەوا دەیناسێت و هەر خراپەیەكی گوێ لێببێت ئەوا ڕەتی دەكاتەوە، دواتر خوا وشەیەكی دەخاتە دڵیەوە كە بەهۆیەوە ویستی كۆ دەكاتەوەو یەكی دەخات)[٢]. و گوایە صادق بە عەقەبەی وتوە: (ئەمەی دەیكەن بۆ خوا بیكەن نەك بۆ خەڵك، چونكە ئەوەی بۆ خوایە ئەوا بۆ خوایە و ئەوەش كە بۆ خەڵكی دەكەن ئەوا بەرز نابێتەوە بۆ ئاسمان، بە ئاینی خۆتان دوژمنایەتی خەڵكی مەكەن، چونكە بە دوژمنایەتی دڵ دەمرێنێت و خوای گەورە بە پێغەمبەری ((ﷺ)) فەرمووە: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ ﴾ القصص: ٥٦. واتە: "بەڕاستی تۆ ناتوانیت ئیمان و باوەڕ ببەخشیت بەو كەسەی خۆشت دەوێت، بەڵكو خوا هەر كەسێكی بوێت دەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ئیمانی پێ دەبەخشێت". و فەرموویەتی: ﴿أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴾ یونس: ٩٩. واتە: "جا ئایا تۆ دەتەوێ زۆر لە خەڵكی بكەی بۆ ئەوەی بڕوادار بن". لە خەڵكی بگەڕێن، چونكە ئاینیان هەر لە خەڵك وەرگرتووە، بەڵام ئێوە بە یەكسانی لە پێغەمبەر

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في ترك دعاء الناس ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في ترك دعاء الناس ح رقم ٣.

((ﷺ)) و عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) وەرتان گرتووە، گوێبیستی باوكم بووم دەیوت: ئەگەر خوا بیەوێت بەندەیەك بێنێتە ناو ڕێبازەكەمانەوە ئەوا ئەوەندە بە خێرایی ئەمە دەكات كە بە پەلەتر بێت لە گەڕانەوەی باڵندە بۆ هێلانەكەی)[1].

ئیمامییەكان لە صادق دەگێڕنەوە كە وتویەتی: (خوای گەورە كەسانێكی بۆ ڕاستی و حەق بەدیهێناوە جا ئەگەر دەرگای ڕاستیان بەلادا تێپەڕی ئەوا قبوڵی دەكەن هەرچەندە نەشی ناسن، ئەگەر دەرگای خراپەیان بەلادا تێپەڕێت ئەوا دڵەكانیان ڕەتی دەكاتەوە هەر چەندە ناشی ناسن، خەڵكێكی تریشی بۆ جگە لەوە بەدیهێناوە، هەر كە دەروازەی ڕاستیان بەلادا تێپەڕی ئەوا دڵەكانیان ڕەتی دەكاتەوەو هەر چەندە ناشی ناسن، كاتێكیش دەروازەی ناحەقی و پوچەڵیان بەلادا تێپەڕ دەبێت ئەوا دڵەكانیان قبوڵی دەكات هەر چەندە ناشی ناسن)[2].

ئیمامییەكان پێیان وایە صادق بە عەبدولحەمیدی كوڕی ئەبو عەلاء وتوە: (ئەگەر خوا چاكەی بۆ بەندەیەك بوێت ئەوا تۆنكە نوورێكی دەخاتە دڵیەوە، بەمەش گوێچكە و دڵی ڕووناك دەبنەوە تا وای لێدێت زۆر لەسەر ئەو بیروباوەڕی هەتانە سوور دەبێت، ئەگەر خراپەی بەندەیەكیشی بوێت ئەوا خاڵێكی ڕەشی لەسەر دڵی دەكات، بەمەش گوێچكە و دڵی تاریك دەبن، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ وَمَن يُرِدۡ أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجٗا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِ﴾ الأنعام: ١٢٥. واتە: "جا ئەو

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في ترك دعاء الناس ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في ترك دعاء الناس ح رقم ٥.

کەسەی خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ساف و پاك و ئامادە دەكات بۆ ئاینی ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت و سنگی توووند دەکات و هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەك ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز ببێتەوە")[1].

گوایە صادق بە عومەری کوڕی حەنزەڵەی وتوە: (ئەی باوکی صەخر، خوا دونیا دەدات بەوەی کە خۆشی دەوێت و بەوەش ڕقی لێ دەبێتەوە، ئەم ڕێبازە تەنها بەو کەسانە دەبەخشێت کە پوختەی بەدیهێنراوانن)[2]. و صادق بە مویەسری وت: (خوا دونیا دەداتە ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێت و ئەوەش کە ڕقی لێ دەبێتەوە، بەڵام باوەڕ تەنها دەداتە ئەوەی کە خۆشی دەوێت)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في ترك دعاء الناس ح رقم ٦ و ٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أن الله إنما يعطي الدين من يحبه ح رقم ١ و ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أن الله إنما يعطي الدين من يحبه ح رقم ٤.

کلینی فەرموودەیەکی پێچەوانەی سەرجەم ئەو فەرموودانە دەگێڕێتەوە لە محەممەدی کوڕی یحیا ئەویش لە ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عیساوە، لە عەلی کوڕی نوعمانەوە، لە عەبدوڵای کوڕی میسکانەوە، لە سولەیمانی کوڕی خالیدەوە، کە وتویەتی: بە صادقم وت: من خانەوادەم هەیە و گوێبیستم دەبن کە چی دەڵێم، ئایا بۆ هەمان فیکرەی خۆم بانگیان بکەم؟ صادق وتی: بەڵێ، خوای پایەبەرز لە کتێبەکەی خۆیدا دەفەرموویێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ﴾ التحريم : ٦. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنییەکەی خەڵك و بەردە). الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في الدعاء لأهل الإيمان ح رقم ١.

گوایە ئەمەشی وتوە: (بەخوا تەنها ئەو کەسانە ئێمەیان خۆشدەوێت عەرەب یان جگە لە عەرەب کە خانەدان و پایەبەرز و ڕەسەن بن، تەنها ئەوانەش ڕقیان لە ئێمەیە کە کەسی پیس و نزمن)[1].

## ١١_ بەگەورەدانانی شیعە

سەرباری ئەوەی خرایەڕوو، ڕاگەیاندنی ئیمامی شیعەکان لە ڕووی دەروونیەوە پڕ و تێر دەکرد، داواشی لێدکردن خۆڕاگر بن لە بەردەم زریان و باوبۆڕان. لە دوو توێی کتێبی (الكافي)دا دەبینین زۆر فەرموودە بەو ناوەڕۆکەوە هاتوون. هەروەك لە عەبدوڵای کوڕی سینانەوە هاتووە کە وتویەتی: گوێبیستی صادق بووم دەیوت: (سێ شت مایەی شانازی و جوانی باوەڕدارە لە دونیا و دواڕۆژدا: نوێژ کردن لە کۆتایی شەودا، بێ هیوا بوون لەوەی لە دەستی خەڵکی دایە، هەروەها پشتگیری کردنی بۆ ئیمامی ئال و بەیتی محەممەد ((ﷺ)))[2].

عەمروی کوڕی ئەبو میقدام هەمان شتی لە صادق گێڕاوەتەوەو ئەوەشی زیاد کردووە: (هەموو شتێك کرۆك و گەورهەی هەیە، گەوهەرو کرۆکی نەوەی ئادەم: محەممەد ((ﷺ)) و ئێمەین، لە دوای ئێمەش پشتیوانەکانمان هەون، ئای چەند خۆشە شیعەکانمان لە ڕۆژی دوایدا زۆر نزیکە لە عەرشی پەروەردگارو چاکترین بەدیهێنراوی خوا لەلای ئەوان، بەخوا ئەگەر ئەمە بەلای خەڵکی زۆر گەورە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٢٧٩.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣١١.

نەبووبا و مایەی سەرسامی نەبا ئەوا پێشتر فریشتە سڵاویان لێدەکردن، سوێند بەخوا هەر بەندەیەك لە پشتیوانانمان قورئان بخوێنێت لەکاتێکدا لە نوێژدا وەستاوە ئەوا بە هەر پیتێك سەد چاکەی بۆ دەنووسرێت، ئەگەر لە نوێژەکەیدا بە دانیشتوویی قورئان بخوێنێت ئەوا بە هەر پیتێك پەنجا چاکەی بۆ دەنووسرێت، لە دەرەوەی نوێژدا هەر چاکەیەکی بە دە چاکە بۆ دەنووسرێت، ئەو پشتیوانەمان کە بێ دەنگە ئەوا پاداشتی بۆ هەیە بە ئەندازەی قورئان خوێندنی دژەڕاکەمان، بەخوا ئێوە لەسەر جێگاکەتان خەوتوون کەچی پاداشتی تێکۆشەرانتان پێدەدرێت، بەخوا ئێوە لە کاتێکدا کە لە نوێژەکانتاندان ئەوا پاداشتی ئەوانە وەردەگرن کە لە پێناوی خوا دێن و دەچن، بەخوا ئێوە ئەوانەن کە خوا لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ الحجر: ٤٧. واتە: (لە کاتێکدا هەرچی کینەو بوغزە لە دڵ و دەروونیاندا دەرمان کێشا و ئەو بەختەوەرانە برای یەکترن و لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان لە بەرامبەر یەکەوە دانیشتون)، شیعەکانمان خاوەنی چوار چاون: دوانیان لە کەللەی سەردا، دوو چاویش لە دڵدا، بزانن هەموو بەدیهێنراوان هەر وان، بەڵام خوا چاوەکانی ئێوەی کردۆتەوەو چاوەکانی ئەوانی داخستووە)[1].

هەروەها عەمری کوڕی ئەبو میقدام بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوێبیستی صادق بووە کە وتویەتی: من و باوکم دەرچووین تا گەیشتینە نێوان گۆڕو دوانگە و خەڵکانێکی شیعەمان بینی و سڵاومان لێکرد، دواتر وتی: بەخوا من بۆن و ڕۆحی ئێوەتانم خۆش دەوێت، دەی لەسەر ئەوە یارمەتیم بدەن بە لەخواترسان و

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٢٦٠.

کۆشش، بشزانن کە لایەنگیری ئێمە تەنها بە لە خواترسان و کۆشش بەدەست دەخرێت، هەر کەسێك لە ئێوە شوێن هەر بەندەیەك کەوت با کاروکردەوەکانی ئەو بکات، ئێوە پشتیوانی بەرنامەی خوان، ئێوە یاریدەدەری بەرنامەی خوان، ئێوەن دەستپێشخەرو سەرەتاکان، ئێوەشن دەستپێشخەرو دواییینەکان، ئێوەن دەستپێشخەرن لە دونیا و لە دوارۆژدا بۆ بەهەشت، ئێمە بە بەڵێنی خواو پێغەمبەر بەهەشتمان بۆ ئێوە دەستەبەر کردووە، بەخوا لە پلەکانی بەهەشتدا هیچ ڕۆحێك بە ئەندازەی ڕۆحەکانی ئێوە بوونیان نییە جا پێشبڕکێ بکەن لە بەدەستهێنانی پلە بەرزەکان، ئێوە و ئافرەتەکانتان پاکن و هەر ئافرەتێکی پاك و چاوگەش و هەر پیاوێکی ڕاستگۆ لە ئێوەیە، بەڕاستی میری باوەڕداران (سڵاوی خوای لێبێت) بە قینبەری خزمەتکارەکەی وتوە: ئەی قینبەر مژدەت لێبێت و دڵخۆشبە و مژدە بدە بەخوا پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کە مرد ئەوا لە هەموو ئوممەت توڕەبوو تەنها لە شیعە نەبێت. هەموو شتێك سەرزبەرزی هەیە، سەربەرزی ئیسلامیش شیعەیە. بێ گومان هەر شتێك ستوون و کۆڵەگەیەکی هەیە، کۆڵەگەی ئیسلامیش شیعەیە. بەڕاستی هەموو شتێك لوتکەی هەیە لوتکەی ئیسلامیش شیعەیە. هەموو شتێك شەڕەفی هەیە، شەڕەفی ئیسلامیش شیعەیە. هەموو شتێك گەورەی هەیە، گەورەی مەجلیسەکانیش مەجلیسەکانی شیعەیە. هەموو شتێك پێشەوای هەیە، پێشەوای زەویەکانیش ئەو زەویەیە کە شیعەی لەسەر نیشتەجێیە. بە خوا ئەگەر ئێوە لەسەر زەوی نەبووبان ئەوا لەسەر زەوی مێرگ و چیمەنم نەدەبینی، بەخوا ئەگەر ئێوە لەسەر زەوی نەبووبان ئەوا خوا بەخشش و نیعمەتی بە دژەڕاکانی ئێوە نەدەدا، کە هەرگیز هیچ بەشیان لە دونیاو دوارۆژدا نییە، هەر دژەڕایەکمان چەند و تێبکۆشێت و زۆر خۆی ماندوو بکات

ئەوا هەر ئەم ئایەتەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت: ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴿٣﴾ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ﴿٤﴾﴾ الغاشية: ٣ _ ٤. واتە: (کرێکارێکی شەکەت و ماندووە، کەچی دەچنە ناو ئاگرێکی سووتێنەرەوە). هەر دژەڕایەکمان هەر چەند تێبکۆشێت ئەوا کردەوەکانی پوچ و بەبادا دراون، شیعەکانمان بە نووری خوا دێنەگۆ، ئەوەی دژیان بێت ئەوا بە خێچ و خواری قسە دەکەن، بەخوا هەر بەندەیەك لە شیعەکانمان کە دەنوێت ئەوا خوا ڕۆحەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و فەرو بەرەکەتی بە سەردا دەڕێژێت، جا ئەگەر کاتی مردنی هاتبێت ئەوا ڕۆحەکەی دەخاتە ناو گەنجینەکانی ڕەحمەت و مێرگەکان بەهەشت و سێبەری عەرشەکەی، ئەگەر کاتی مردنەکەی نەهاتبێت ئەوا ڕۆحەکە لەگەڵ فریشتە ئەمیندارەکانی دەنێرێتە خوارەوە تا بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو جەستەیەی لێی دەرچووە، بەخوا ئەوەی لە ئێوە حەج و عومرەی کردووە بریتییە لە کەسی تایبەتی خوا، هەژارەکانتان دەوڵەمەندن، دەوڵەمەندەکانتان خاوەنی قەناعەتن، ئێوە هەمووتان هەڵگری بانگەوازی خوای مەزنن[1].

ئیمامییەکان لە باقریان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (تەنها ئێمە و شیعەکانمان لەناو ئەو ئوممەتەدا دینداری بە ئاینی ئیبراهیمەوە دەکەین، لە ناو ئەو ئوممەتەدا ڕێنوێنی و هیدایەت تەنها بەهۆی ئێمەوەیە، ئەوەی لەو ئوممەتە گومڕابووە ئەوا بەهۆی ئێمەوە بووە)[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٢٥٩ و ح رقم ٣٢٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٥٩.

عەبدوڵای کوڕی وەلیدی کیندی وتویەتی چووینە لای صادق، وتی: ئێوە کێن؟ وتمان: خەڵکی شاری کوفەین، صادق وتی: خەڵکی هیچ شارێك بە ئەندازەی خەڵکی شاری کوفە ئێمەی خۆش ناوێت بەتایبەت ئەو دەستەیە، خوای گەورە ئێوە ڕێنوێنی کرد بۆ شتێك کە خەڵکی نەیانزانی و فەرامۆشیان کرد، ئێوە ئێمەتان خۆش ویست و خەڵکی ڕقیان لە ئێمە بووەوە، شوێن ئێمە کەوتن و خەڵکی شوێنمان نەکەوتن، ئێمەتان بە ڕاستگۆ دانا و خەڵکی ئێمە بەدرۆ خستەوە، یاخوا تا ئێمە دەژین خوا بتانژیێنێ و بەیەکەوە بمانمرێنێ، گەواهی دەدەم لەسەر باوکم کە دەیوت: دەکرێت خلسکان هەبێت لە نێوان یەکێکتان و ئەو شتەی چاوی پێ جێگیر دەبێت مەگەر ڕۆحی بگاتە گەردەنی و بە دەستی خۆی ئاماژەی بۆ گەرووی کرد[1].

هەندێك لە ئیمامییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە صادق بەوەنانی دەوت: (بەخوا ئێوە ڕووناکین لە ناو تاریکی زەویدا، بەخوا خەڵکی ئاسمان سەیری ئێوە دەکەن لەناو تاریکی زەویدا وەك چۆن ئێوە سەیری هەسارەی درەوشاوە دەکەن لە ئاسماندا)[2]. باوکی حەمزە پێی وایە گوێبیستی صادق بووە کە بەکێك لە شیعەکانی وتوە: (ئێوەو ئافرەتەکانتان پاك و پوختن، هەر ئافرەتێکی پاك و چاوگەش و هەر پیاوێکی ڕاستگۆ لە ئێوەیە). باوکی حەمزە گوێبیستی صادق بووە کە وتویەتی: (لە ڕۆژی دواییدا شیعەکانمان لە دوای ئێمە نزیکترین کەسن لە عەرشی پەروەردگار، هەر یەکێك لە شیعەکانمان هەڵسێت بۆ نوێژ کردن ئەوا لە تەنیشتیەوە فریشتەکان بە کۆمەڵ دروودی لەسەر دەدەن تا لە نوێژەکەی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٤١٥.

دەبێتەوە، ئەوەی لە ئێوە بە ڕۆژوو دەبێت ئەوا دەروازەی مێرگەکانی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوەو فریشتەکان یارمەتی دەدەن تا ڕۆژوو دەکاتەوە). هەروەها ناوبراو گوێبیستی بووە کە وتویەتی: (ئێوە ئەو کەسانەن کە خوا سڵاوی لێکردوون، خەڵکێکی پەسەندن لای خوا، کەسانێك خوا بە پارێزراوی خۆی سەرکەوتووی کردوون، بانگخوازی خوان بەهۆی گوێڕایەڵیتانەوە، لێپرسنەوەتان لەگەڵناکرێ و ترس و دڵتەنگی داتان ناگرێت، ئێوە بۆ بەهەشتن و بەهەشتیش بۆ ئێوەیە، ناوەکانتان لای ئێمە بریتین لە چاکەکارو چاکسازەکان، ئێوە لە خوا ڕازیبوانن بەوەی خواتان لێ ڕازییە، فریشتەکانیش برای ئێوەن لە خێرو چاکەدا، ئەگەر کۆششتان کرد ئەوا بپاڕێنەوە، ئەگەر بێ ئاگابوون ئەوا کۆشش بکەن، ئێوە چاکترین مرۆڤی سەر گۆی زەوین، وڵاتتان بۆ ئێوە بەهەشتە، گۆڕەکانیشتان بەهەشتە بۆتان، بۆ بەهەشت بەدیهێنراون و بەخشش و بەختەوەریتان لە بەهەشتە و دەچنە بەهەشتیشەوە)[1].

ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە بەراوردکردنی شیعە بە حەوارییەکان، بۆ ئەم مەبەستە لە صادقیان گێڕایەوە کە وتویەتی: (حەوارییەکانی عیسا بریتی بوون لە پشتیوانەکانی، پشتیوانەکانی ئێمەش حەوارییەکانی ئێمەن، ئەوەندەی حەوارییەکانی ئێمە گوێڕایەڵمانن ئەوا حەوارییەکانی عیسا ئەوەندە گوێڕایەڵی ئەو نەبوون، عیسا بە حەوارییەکانی وت: ﴿مَنْ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ﴾ آل عمران: ٥٢. واتە: "کێ پشتیوانمە بۆ لای خوا _ کێ دێت تا پێکەوە بەرنامەی خوا بگەیەنین _ حەوارییەکان وتیان: ئێمەین پشتیوانانی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٥٦ و ح رقم ٣١٦.

ئاینی خوا". بەخوا حەواریەکانی عیسا پشتی عیسایان نەگرت و لە دەستی جولەکە نەیانپاراست و بەرگریان لێ نەکرد، بەڵام لەوەتەی خوا ڕۆحی پێغەمبەری کێشا _ یادی هەر بەرز بێ _ شیعەکانمان پشتمان دەگرن و بەرگریمان لێ دەکەن و لە پێناو ئێمەدا دەسوتێنرێن و سزادەدرێن و دەر بەدەر و شار بەدەر دەکرێن، خوا لە برِی ئێمە پاداشتیان بداتەوە. میری باوەڕداران _ سڵاوی خوا لێبێت _ وتویەتی: بەخوا ئەگەر بە شمشێر لە لووتی ئەوانە بدرێت کە ئێمەیان خۆش دەوێت ئەوا هەر ڕقیان لە ئێمە نابێتەوە، بەخوا هەر چەندە بۆ لەوانە نزیك ببیەوە کە ئێمەیان خۆش دەوێت و ڕقیان لێمان دەبێتەوەو بە پارەش هانیان بدەیت ئەوا ئێمەیان هەر خۆش ناوێت)[1].

## ١٢_ چاوەڕوانکردنی مەهدی

ڕاگەیاندنی ئیمامی هەڵسا بە بەکارهێنانی بابەتێکی تری ڕاگەیاندنی زۆر گرنگ کە پەیوەست بوو بە پەیوەندی نێوان شیعە و ئیمامەکان، ئەویش بابەتی چاوەڕوانکردنی مەهدییە، لە کاتێکدا شیعە ئیمامییەکان دووچاری فشاری مەزن دەبوونەوە لەلایەن دەسەڵاتی ئەمەوی و عەبباسیەکان و دەیانبینی کۆمەڵێکی تری شیعە خۆی ئامادە دەکات بۆ شۆڕش کردن و سەرکەوتوو بوو لێرەو لەوێ لە دامەزراندنی دەوڵەتدا، ئەوا فشاری ئیمامییەکان زیاد بوو لەسەر ئیمامەکان بۆ پەلە کردن لە هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕاپەڕین، لە کاتێکدا ئیمامەکان مژدەیان بەوان دەدا بە نزیکی دەرکەوتنی مەهدی و داوایان لێدەکردن ئارامگرین و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٩٦.

چاوەڕوان بکەن و بەڵێنی پاداشت و سزایان بەوان دەدا. لە گێڕانەوەیەکدا کە لە باقرەوە هاتووە دەڵێت: هەر کەسێك هەموو ئەو سورەتانە بخوێنێ کە "تەسبیحات"یات تێدایە ئەوا بە دیداری مەهدی دەگات و ئەگەر مردیش بە خزمەت پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) دەگات)[1]. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە باقر لە وتارێکی دا وتوە: (ئەی دەستە خەڵکی ڕزگار بوو لە خوابترسن ئەگەر خوا ئەوەی بەئێوەی بەخشیوە تەواو بکات، ئەوا تەواوی ناکات تا ئەو بارودۆخەتان بەسەردا نەیەت کە بەسەر پیاوچاکانی پێش ئێوەدا هاتووە و تا تاقی نەکرێنەوە بە خۆتان و ماڵ و سامانتان دووچاری سزایەکی زۆر نەبنەوە لەلایەن دوژمنانی خواوە و ئارام نەگرن و ململانێ نەکەن بە شان و باڵتان و تا نە چەوسێنرێنەوەو ڕقیان لە ئێوە نەبێ و ستەم لە ئێوە نەکەن و ئێوەش بەرگە نەگرن لە پێناوی خواو سەرفرازی دواڕۆژ و تا ڕقتا نەخۆنەوە لەبەرامبەر ئەو ئێش و ئازارەی لە پێناوی خوادا دووچاری دەبن و تا بەدرۆ نەخرێنەوەو لەسەر ئەمەش دوژمنایەتیتان نەکرێ و ڕقیان لەم بارەوە لە ئێوە نەبێتەوەو ئێوەش خۆڕاگر بن لەسەر ئەمە و سەلمێنەری هەموو ئەم ڕاستیانە لە کتێبی خوادایە کە جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ بۆ سەر پێغەمبەرەکەی ئێوە ((ﷺ)) دابەزاندووە: ﴿ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا تَسۡتَعۡجِل لَّهُمۡ ﴾ الأحقاف: ٣٥. واتە: "دان بەخۆدا بگرەو خۆڕاگربە، هەروەك پێغەمبەرانی خاوەن ویستی بەهێز خۆڕاگر بوون، پەلەشیان لێ مەکە". و فەرموویەتی: (وإن يكذبوك فقد كذبت رسل من قبلك فصبروا على ما كذبوا و أوذوا) واتە: ئەگەر تۆ بەدرۆ بخەنەوەو بڕوات پێ

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب فضل القرآن، باب فضل القرآن، ح رقم ٣، والمسبحات من السور ما افتتح يسبح أو يسبح.

نەکەن، ئەوا بێ گومان پێغەمبەرانی پێش تۆش بڕوایان پێ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دانیان بەخۆدا گرت لەسەر ئەو بڕوا پێ نەبوونەیان و ئەشکەنجە دران. پێغەمبەری خواو پێغەمبەرانی پێشووش بە درۆ خرانەوەو ئازار دران و ڕاستیش بەدرۆ خرایەوە، جا ئەگەر دڵخۆش بن بەو مەبەستەی کە خوا ئەوانی بۆ بەدیهێناوە لە بنەڕەتدا _ کە لە بنەڕەتدا لە بێ باوەڕی بەدیهێنراون کە پێشتر لە زانستی خوادا بڕیاردرابوو کە لەو بنچینەیە بەدی بهێنرێن و خوا لە کتێبەکەیدا ناوی بردوون: (وجعلنا منهم أئمة يدعون إلى النار فتدبروا هذا واعقلوه) واتە: ئەوانمان کردە پێشەوا کە بانگەشە بۆ ئاگری دۆزەخ دەکەن، چاك ورد ببنەوەو تێی بگەن. ئەمە لەبیر مەکەن، چونکە ئەوەی ئەمەو هاووێنەی ئەم شتانە لەبیر بکات کە خوای گەورە لە کتێبەکەیدا پێویستی کردووەو فەرمانی پێکردووەو ڕێگری کردووە ئەوا ئایینی خوا فەرامۆش کردووەو سواری کەشتی تاوان بووە، بەمەش شیاوی توڕەیی خوایە و ڕووخساری بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدات)[1].

ئیمامییەکان لە باقریان گێڕاوەتەوە کە وێنەیەکی ئایندەی کێشاوە لەو شکست داڕووخان و دۆڕانەی بەسەر ئەمەویەکاندا دێت و هەڵدێن بۆ وڵاتی شام لەکاتی دەرکەوتنی مەهدی[2]. کاتێك چاوەڕوانیەکە درێژەی کێشا و مەهدیش دەرنەکەوت ئەوا عەبدولحەمیدی واسیتی (کە یەکێکە لە شیعەکان) بە باقری وت: خوا چاکت کات بازارەکانمان جێهێشتووە لەبەر چاوەڕێ کردنی دەرکەوتنی مەهدی و تەنانەت خەریکە یەکێکمان داوای ئەوە بکات کە لە ناو دەستیەتی؟ باقر وتی: ئەی عەبدولحەمید: پێت وایە کەسێك خۆی بەند بکات لە پێناوی خوا و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق حديث رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ١٥.

خوای گەورەش دەرووی بۆ نەکاتەوە؟ نا بێ گومان خوا دەرووی بۆ دەکاتەوە، ڕەحمەتی خوا لە کەسێك بێت ڕێبازەکەمان زیندوو بکاتەوە، وتی: خوا چاکت کات ئەو مورجیئانە دەڵێن گوناهمان لەسەر نییە کە لەو بارودۆخەداین تا ئەو کاتەی ئەوەی ئێوە دەڵێن پێش دێت و ئەو کاتیش ئێمە و ئێوە یەکسان دەبین؟ باقر وتی: عەبدولحەمید ئەوەی تۆبەی بۆ لای خوا بکات ئەوا بە ڕاست لێی وەربگرن خوا لێی خۆش ببێت، کەسێکیش دووڕوویی لە ناخیدا گڵ بداتەوە یاخوا خوای گەورە دڵی خۆش نەکات، کەسێك لایەنگیری ئێمە ئاشکرا بکات ئەوا خوێنی دەڕژێنرێت و خوا دەیانکوژێتەوە لە سەر ئیسلام وەك چۆن قەساب بەڕخ دەکوژێتەوە، وتی: واتە ئەو ڕۆژە ئێمە و خەڵك وەك یەکین، باقر وتی: نا، بەڵکو ئێوە ئەو ڕۆژە لوتکە و حوکمڕانی زەوین، تێکۆشان لە پێناو ئاینەکەمان بەوەمان دەگەیەنێت، عەبدولحەمید وتی: ئەگەر مردم بەر لەوەی مەهدی ببینم؟ باقر وتی: ئەگەر بڵێن: (ئەگەر بە مەهدی ئالی محەممەد گەیشتم پشتی دەگرم) ئەوا وەك ئەو کەسە دەبێت کە هاوشان لەگەڵ مەهدی لە دژی دوژمنانی بە شمێشێر تێدەکۆشێت و دوو جار شەهید بووبێت[1].

بەڵام ڕاگەیاندنی ئیمامی فشاری درێژی ماوەی چاوەڕوانیەکە لەسەر شیعە سووك دەکات، بۆیە لە باقر دەگێڕێتەوە کە بە یەکێك لە هاوەڵانی (باوکی عەبدوڵای جەعفی) وتوە: (ماوەی چاوەڕوانی لای ئێوە چەندە؟ وتی: چلە. باقر وتی: بەڵام ئێمە بە درێژایی ڕۆژگار چاوەڕوانین، کەسێك لە پێناوی ئێمەدا ئاژەڵێك ئامادە بکات ئەوا خێری بە ئەندازەی کێشی ئاژەڵەکەی پێ دەکات، تا ئەو کاتەی لەلای بێت ئەوا خێری بە ئەندازەی ئاژەڵەکە بە بەردەوامی بۆ دەنووسرێت، کەسێك

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٧.

چەکێك لە پێناوی ئێمەدا ئامادە بکات ئەوا خێری بۆ دەنووسرێت بەو ئەندازەیە، لە جارێك و دوو و سێ و چوار هەڵپە مەکەن)[١]. و گوایە باقر وتویەتی: (کەسێك چاوەڕوانی دەرکەوتنی مەهدی بکات و پێی نەگات و بمرێت ئەوا زیانی پێ ناگات، بەو مەرجەی لە دژی ئێمە دا نەجەنگێت و لە ناو خێوەت و سەربازگەی مەهدیدا نەکوژرێت)[٢].

کاتێك ئیمامی باقر کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی هەڵسێت بە بزوتنەوەیەکی شۆڕگێڕانە یان بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا ئەوا پاشماوەیەکی قوڕسی بۆ صادقی کوڕی بەجێهێشت کە وای کرد زۆرێك لە شوێنکەوتووانی بچنە پاڵ بزوتنەوەکانی تری شیعە (بەتایبەت زەیدییەکان) کە هەڵسا بەچەند شۆڕشێکی سەربارزی و لە هەندێك بەشەوە یان خەریکبوو سەرکەوێت، ڕاگەیاندنی ئیمامی تەنها ئەوەی بەدەستما کە داوا لە ئیمامییەکان بکات ئارام بگرن و چاوەڕێی دەرکەوتنی مەهدی بن، لە صادق گێڕدراوەتەوە کە عەماری ساباتی وتوە: ئەی عەمار صەدەقەکردن و بەخشین بەنهێنی لە پێناوی خوا باشتر لەوەی بەئاشکرا بکرێت، بەهەمان شێوە پەرستشەکەتان بە نهێنی لەگەڵ ئیمامە پەنهانەکەتان لە ناو دەوڵەتی ناحەقدا و ترسانتان لە دوژمنتان لەناو دەوڵەتی پوچەڵدا و لە حاڵەتی ئاشتەوایی دا باشترە لەوەی خوا دەپەرستێت لە کاتی دەرکەوتنی ڕاستی و لەگەڵ ئیمامی ڕەواو دیار لە ناو دەوڵەتی ڕاستیدا، پەرستش کردن لەگەڵ ترسان لە ناو دەوڵەتی پوچەڵدا وەك پەرستش کردن نییە لەگەڵ ئارامی لە ناو دەوڵەتی ڕاستیدا، بزانن هەر یەکێکتان ئەمڕۆ نوێژی فەڕز بە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٧٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه من عرف إمامه لم يضره تقدم هذا الأمر أو تأخر ح رقم ٦.

کۆمەڵ بکات بە خۆشاردنەوە لە دوژمنەکەی و لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدات، ئەوا خوا بە پەنجا نوێژی بە کۆمەڵی بۆ دەنووسێت، هەر کەسێك نوێژی فەرز بە تەنیا و دوور لە چاوی دوژمن و لە کاتی خۆیدا بکات ئەوا خوا بە بیست و پێنج نوێژی فەرزی بەتەنهای بۆ دەنووسرێت، کەسێکتان نوێژی سوننەت بە تەواوی لە کاتی خۆیدا بکات، ئەوا خوا بۆی بە دە نوێژی سوننەتی بۆ دەنوسێت، کەسێکتان یەك کاری چاك بکات ئەوا خوا بە دە چاکەی بۆ دەنوسێت، خوای گەورە چاکەی ئەو باوەڕدارانەتان زۆر زیاد دەکات کە کاری چاکە دەکەن بە چاکی و خۆپارێزی _ توقیە _ ئەنجام بدات بۆ پاراستنی ئایین و پێشەواو ڕۆحی خۆی و زمانیشی بگرێت، بەڕاستی خوا بەخشندەو دەستکراوەیە.

عەمار وتی: بەقوربانت بم بە ڕاستی حەزت جوڵاندم لە کارکردن و هانتدام لەسەر ئەمە، بەڵام دەمەوێت بزانم ئێمە ئەمڕۆ چۆن کارەکانمان باشتر بوو لە هاوەڵانی مەهدی ئێوە لە ناو دەوڵەتی ڕاستیدا لە کاتێکدا ئاینمان یەکە؟ صادق وتی: ئێوە پێش ئەوان کەوتن لە هاتنە ناو ئاینی خوا و نوێژ و ڕۆژوو و حەج و ئەنجامدانی هەموو چاکەیەك و تێگەیشتن و پەرستنی خوای یادبەرز بە نهێنی و دوور لە چاوی دوژمنەکانتان لەگەڵ ئیمامە پەنهانەکەتان، ئارامگربوون لەگەڵی، چاوەڕێی دەرکەوتنی دەوڵەتی ڕاستیتان کرد و ترستان لە ئیمام و خۆتان هەبوو لە زەبری پاشا ستەمکارەکان، چاوەڕێی ماڧی ئیمامەکەتان و خۆتان دەکەن کە لە دەستی ستەمکاردان و لێتان گیراوەتەوە، بەمەش ئێوەیان ناچار کردووە زەوی بکێڵن و داوای نان و قوتی ژیان بدەن لەگەڵ ئارامگرتن لەسەر ئاین و پەرستش و گوێڕایەڵی ئیمام و ترسان لە دوژمنەکانتان، بەم شتانە خوای پاداشتی کردەوەکانی ئێوەی چەندانە زیاد کردووە.

عەمار وتی: بەقوربانت بم ئەی پێت چۆنە ئەگەر ئێمە ببینە یاوەری مەهدی و ڕاستی دەربکەوت کەچی ئێمە ئەڕۆ لە سایەی ئیمامەت و گوێڕایەڵی تۆدا کردەوەکانمان چاکتر بێت لە یاوەڕانی دەوڵەتی ڕاستی و دادگەری؟ صادق وتی: پاك و بێگەردی بۆ خوا ئایا ناتانەوێت خوا دەوڵەتی ڕاستی و دادگەری لە وڵاتدا دەربخات و وشەکان یەکبخات و دڵە جیاوازەکان کۆبکاتەوەو خۆشەویست بکات، بەمەش سەرپێچی خوا نەکرێت لە زەویدا و سنوورەکانی لەسەر بەدیهێنراواندا بەرپا بکرێن و خوا ڕاستی بۆ خەڵکەکەی بگێڕێتەوە بەوەش ڕاستی دەربکەوێت، تا لە ترسی هیچ یەکێك ڕاستی نەشاردرێتەوە، بەخوا ئەی عەمار هەر یەکێك لە ئێوە بمرێت لەسەر ئەو حاڵەتەی کە لەسەریەتی ئەوا لەلایەن خوا باشترە لە زۆرێك لە شەهیدەکانی جەنگی بەدرو ئوحد جا بەم بۆنەوە مژدەتان لێبێت[1].

زورارەی کوڕی ئەعیون دەگێڕێتەوە کە صادق پێی وتوە: (ئیمامەکەت بناسە، ئەگەر ئیمامەکەت ناسی ئەوا دەرکەوتنی مەهدی پێش بکەوێت یان دوا بکەوێت ئەوا زیانی بۆت نابێت)[2]. گوایە صادق بە فوزەیلی کوڕی یەساری وتوە: (ئەی فوزەیلْ ئیمامەکەت بناسە، ئەگەر ئیمامەکەت ناسی ئەوا دەرکەوتنی مەهدی پێش بکەوێت یان دوا بکەوێت ئەوا زیانی بۆت نابێت، ئەوەی ئیمامەکەی بناسێت و دواتر مرد پێش ئەوەی مەهدی دەربکەوێت ئەوا وەك ئەو کەسەیە لە سەربازگەی مەهدی دانیشتبێت، نا بەڵکو وەك ئەوەیە کە لەژێر ئاڵای مەهدی دابێت) و صادق

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر في حالات الغيبة ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه من عرف إمامه لم يضره تقدم هذا الأمر أو تأخر ح رقم ١.

بەهەندێك لە هاوەڵانی وت: وەك ئەو كەسەیە كە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) شەهید بووە[1].

باوكی بەصیر دەڵێت بەرگەی درێژی ماوەی چاوەڕوانیەكەی نەكردووە، بۆیە بە صادقی وت: بەقوربانت بم كەی دەرو دەكرێتەوەو مەهدی دەردەكەوێت؟ صادق وتی: (ئەی باوكی بەصیر تۆش لەو كەسانەی كە دونیایان دەوێت؟ ئەوەی ئەم ڕێبازەی ناسی ئەوا دەرووی بۆ كراوەتەوە بەهۆی چاوەڕوانیەكەی)[2]. و جارێكی تر باوكی بەصیر پێی وتوە: پێت وایە بە خزمەت مەهدی بگەم؟ صادق وتویەتی: ئایا باوكی بەصیر تۆ ئیمامەكەت ناناسی؟ وتی: بەڵێ بەخوا تۆ ئیمامەكەمی _ دەستی صادقی گرت _، صادق وتی: بەخوا ئەی باوكی بەصیر گوێ مەدەرێ كە بەشمێشرەوە لە هەیوانی مەهدی ڕانەوەستابی[3].

عومەری كوڕی ئەبان لە صادقی گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: نیشانەكە بناسە ئەگەر نیشانەكەت ناسی ئەوا دەكەوتنی ئیمام پێش بكەوێت یان دوابكەوێت ئەوا زیانی نییە، خوای گەورە دەفەرمووێت: (یوم ندعوا كل أناس بإمامهم، فمن عرف إمامه كان كمن كان في فسطاط المنتظر) واتە: ئەو ڕۆژەی هەر كۆمەڵێك بە ئیمامی خۆیەوە بانگ دەكەین، جا ئەوەی ئیمامی خۆی بناسێت ئەوا وەك ئەوەیە كە لەناو چادری چاوەڕوانی دابێت[4].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه من عرف إمامه لم يضره تقدم هذا الأمر أو تأخر ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه من عرف إمامه لم يضره تقدم هذا الأمر أو تأخر ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه من عرف إمامه لم يضره تقدم هذا الأمر أو تأخر ح رقم ٤.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه من عرف إمامه لم يضره تقدم هذا الأمر أو تأخر ح رقم ٧.

لەگەڵ هەڵکشانی فشاری سیاسی و تەقینەوەی شۆڕشەکانی تری شیعە لێرەو لەوێ، فشاری ئیمامی زیاد بوو لەسەر صادق تا ڕاپەڕێت و شۆڕش هەڵبگیرسێنێت، صادق پاساوی هێنایەوە بە کەمی پشتیوانان، کاتێك شیعەکان ئاماژەیان بە زۆری ژمارەیان و تێپەڕبوونیان لە دەیان هەزار، صادق گومانی هەبوو لە ڕاستگۆیی پابەند بوون و لایەنگیریان، سەدیری صەیرەفی هاتە لای صادق و پێی وت: بەخوا چیتر نابێت دابنیشیت، صادق وتی: بۆچی ئەی سەدیر؟ وتی: لەبەر زۆری خزمەتکارو پشتیوان و شیعەکانت و بەخوا ئەگەر میری باوەڕداران بە ئەندازەی تۆ پشتیوان و شیعەی هەبووبا ئەوا بەتی (تەیم و عەدی) ئارەزووی جێی ئەویان نەدەکرد، صادق وتی: سەدیر دەکرێ ژمارەیان چەند بێت؟ سەدیر وتی: سەد هەزار، صادق وتی: سەد هەزار؟ سەدیر وتی: بەڵێ، تەنانەت دوو سەد هەزاریش دەبن، صادق وتی: دوو سەد هەزار؟ سەدیر وتی: بەڵی نەك هەر ئەوە بەڵکو نیوەی دونیا دەبن. صادق بێ دەنگ بوو و دواتر وتی: بەلاتەوە ئاسانە لەگەڵمان بێی بچین بۆ دەڤەری (یەنبع)؟ سەدیر وتی: بەڵێ. فەرمانی کرد گوێدرێژو ئێسترەکە ئامادە بکرێن، کاتێك لە ڕێگا بوون بینیان نێوجەوانێك هەندێن ماڵاتی گوێبڕاو دەلەوەڕێنێت، صادق وتی: بەخوا ئەی سەدیر ئەی بە ئەندازەی ژمارەی ئەو ماڵاتە گوێبڕاوانە پشتیوانم هەبووبا ئەوا نەدەکرا دابنیشم، سەدیر دابەزی و ماڵاتەکەی ژمارد بینی کە حەڤدەن[1].

لەوانەیە هەندێك شیعە گومان و دوودڵ بووبن لەبارەی پەیمانی (ئیمامەکان) بە سەرکەوتن و نزیکی دەرکەوتنی مەهدی، جا ڕاگەیاندنی ئیمامی ئەمەی بۆ ئەوان ڕاڤە دەکرد و داوای لەوان دەکرد کە زیاتر ئارام بگرن و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في قلة عدد المؤمنين ح رقم ٤.

چاوەڕوان بن. لە صادقەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە سروش و نیگای بۆ عیمڕان نارد کە منداڵێکی نێری ڕێك و پێك و بە بەرەکەتت پێ دەبەخشم، کە کوێرو بەڵەکی زگمان چاك دەکاتەوەو مردوو بە ویستی خوا زیندوو دەکاتەوە، دەیکەم بە پێغەمبەر بۆ نەوەکانی ئیسڕائیل، عیمڕان ئەمەی بۆ ژنەکەی کە ناوی حینە بوو کە دەکاتەی دایکی مەریەم گێڕایەوە، جا کاتێك سکپڕ بوو ئەوا ئەو وای دانابوو لای خۆی کە کوڕە، کەچی کاتێك منداڵەکەی بوو وتی: پەروەردگارا من کچم بوو و کوڕیش وەك کچ نییە، واتە کچ نابێتە پێغەمبەر، گومانیش لەوەدا نییە خوا زاناترە بەوەی من چیم بووە، کاتێك مەریەم عیسای بوو ئەوا ئەوە ئەو مژدەیە بوو کە عیمڕان بە ژنەکەی دابوو، ئەگەر ئێمە لەبارەی یەکێك مانەوە شتێکمان وت ئەوا لە منداڵەکەی یان لە منداڵی منداڵەکانی دا هاتەجێ ئەوا با نکۆڵی لێ نەکات)[1].

گوایە صادق بە ئیبڕاهیمی کوڕی بەیانی وتوە: (ئەگەر شتێکمان لەبارەی یەکێکەوە وت و تێیدا نەهاتەجێ و لە کوڕی یان لە کوڕی کوڕی هاتەجێ ئەوا نکۆڵی لێ مەکەن، چونکە خوا چی بیەوێت ئەوە دەکات)[2]. و صادق بە خەدیجەی وت: (لەوانەیە کابرا دادگەری یان ستەم بکات و بدرێتە پاڵی کەچی خۆیشی پێی هەڵنەسابێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کوڕی یان کوڕی کوڕی ئەوەی کردبێت، چونکە کوڕەکەی بریتیە لە خۆی)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه إذا قيل في الرجل شيء فلم يكن فيه ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه إذا قيل في الرجل شيء فلم يكن فيه ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أنه إذا قيل في الرجل شيء فلم يكن فيه ح رقم ٣.

ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە ناوبراو ئامۆژگاری هاوەڵانی کردووە کە ئارامگر بن و بە حەفصی کوڕی غەیاسی وتوە: ئەی حەفص ئەوەی ئارامگر بێت ئەوا کەمێك ئارام دەگرێ و ئەوەی هەڵپە بکات ئەو کەمێك هەڵپە دەکات و دواتر وتی: ئارامگر بە لە هەموو کارێکدا، خوا پێغەمبەر محەممەدی ((ﷺ)) ڕەوانەکرد و فەرمانی پێکرد ئارامگرو نەرم و نیان بێت، جا خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ﴿١٠﴾ وَذَرۡنِي وَٱلۡمُكَذِّبِينَ أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ ﴾ المزمل: ١٠ _ ١١. واتە: (لە بەرامبەر گوفتاری ناڕەوای خوانەناسانەوە هەردەم خۆڕاگربە و بەشێوازێکی جوان بەجێیان بهێنە. واز بهێنە لە من و لەو خاوەن نازو نیعمەتانەی کە ئاینی من بەدرۆ دەزانن). و فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٣٥﴾ ﴾ فصلت: ٣٤ _ ٣٥. واتە: (بێگومان چاکە و خراپە وەك یەك نین، _ تۆ ئەی باوەڕدار _ بەجوانترین و چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە و نادروستی بکە، ئەو کاتە ئیتر دەبینیت ئەوەی لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی و ساردیەك هەیە، دەبێتە دۆستێکی دڵسۆزو گیانی بە گیانی. جا کەسیش ناتوانێت بەو ڕەفتارە هەستێت جگە لەوانەی کە ئارامیان گرتووە، هەروەها کەسیش ناتوانێت هەڵوێستی وا بنوێنێت جگە لە کەسێك نەبێت کە خاوەنی بەهرەیەکی گەورە بێت). پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئارامی گرت تا بە شتی گەورە تۆمەتباریان کرد و بەمەش دڵی تەنگ و ناخۆش بوو و خوای گەورە ئەمەی دابەزاند: ﴿ وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدۡرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾ الحجر: ٩٧ _ ٩٨. واتە: (سوێند بەخوا

ئێمە چاك دەزانین كە بەڕاستی دڵی تۆ تەنگ دەبێت بەو گوفتارە نابەجێیەی كە خوانەناسان دەیڵێن. تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بكە و لە ڕیزی سوژدە بەراندابە). دواتر بە درۆزنیان زانی و بە درۆ تۆمەتباریان كرد، بەمەش خەمبار بوو: خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ قَدۡ نَعۡلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحۡزُنُكَ ٱلَّذِي يَقُولُونَۖ فَإِنَّهُمۡ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ٣٣ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ ﴾ الأنعام: ٣٣ _ ٣٤. واتە: (بەڕاستی چاك دەزانین كە گوفتاری نادروستی خوانەناسان غەم و پەژارەت بۆ پێش دێنێت، چونكە بەڕاستی وەنەبێت تۆ بە درۆزن بزانن، بەڵكو ستەمكاران هەر داننانێن و نكۆڵی دەكەن لە ئایەت و فەرمانەكانی خوا. سوێند بێت بێ گومان پێغەمبەرانی پێش تۆش بڕوایان پێ نەكراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دانیان بەخۆدا گرت لەسەر ئەو بڕوا پێنەبوونەیان و ئازارو ئەشكەنجەش دران). پێغەمبەر ((ﷺ)) خۆی پابەند كرد بە ئارامگریەوە، باسی یادی خوای بۆ ئەوان كرد كەچی بە درۆیان زانی، فەرمووی: ئارامگر بووم لەسەر خۆم و خانەوادە و شەرفەكەم بەڵام ناتوانم ئارام گربم لەسەر یادی پەروەردگارم، خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند: ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٖ ٣٨ فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ ٱلۡغُرُوبِ ٣٩ ﴾ ق: ٣٨ _ ٣٩. واتە: (بەڕاستی ئێمە ئاسمانەكان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە بە شەش ڕۆژ دروستمان كردوون، هیچ ماندوویەتیەكیش ڕووی تێ نەكردین. جا تۆ ئەی پێغەمبەر ((ﷺ)) دان بەخۆتا بگرە لە بەرامبەر ئەو هەموو ناحەقی و نادروستیانوە كە دەیڵێن و دێتە ڕێت، پێش خۆر هەڵاتن و پێش

ئاوابوونی تەسبیحات و ستایشی پەروەردگارت بکە). جا دوای ئەمە پێغەمبەر لە هەموو حاڵەتەکاندا ئارام و بەرگەی گرت و مژدەی ئەوەی پێدرا کە ئیمامەکان لە ڕەچەڵەکی ئەوا دەبن و بە ئارامگری وەسفیان کرا، خوای پایەبەرز فەرمووی: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا ۖ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ السجدة: ٢٤. واتە: (ئەوانمان کرد بە پێشەواو دەسەڵاتمان پێ بەخشین کاتێك خۆڕاگر بوون و بڕوایەکی تەواویان هەبوو بە ئایەتەکانی ئێمە). لەم کاتەدا پێغەمبەر ((ﷺ)) فەمووی: ئارامگرتن لە چوارچێوەی باوەڕدا وەك سەرە بۆ جەستە، خوای گەورە ستاشی ئەمەی کرد، ئەم یایەتی دابەزاند: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُوا ۖ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُوا يَعْرِشُونَ ﴾ الأعراف: ١٣٧. واتە: (بەڵێنی ڕاست و جوانی پەروەردگارت جێبەجێ بوو بۆ نەوەی ئیسڕائیل بەهۆی ئەوەی ئارامیان گرت، هەرچیش فیرعەون و قەومەکەی دروستیان دەکردو ئەو کۆشك و تەلاسازیەی کە دەیانکرد، هەر هەموویان کاوڵ و وێران کرد). ئەمە هەم مژدەیە و هەم تۆڵە سەندنەوە، جا خوا ڕێگەی بە پێغەمبەردا ((ﷺ)) جەنگ لەگەڵ هاوبەشدانەران بکات و ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ﴾ التوبة: ٥. واتە: (هاوبەشدانەرانی پەیمان شکێن بکوژن لە هەر کوێ دەستا لێ گیر بوو یان بەدیل بیانگرن، سنووردانێن بۆ چاڵامیان، هەروەها کەمین و بۆسەیان لە هەر شوێنێکی لەباردا بۆ دابنێن). و فەرموویەتی: ﴿ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ ﴾ البقرة: ١٩١. واتە: (_ دەستدرێژکەران _

بکوژن له هەر کوێدا دەستان کەوتن). جا خوا دوژمنانی خوای لەسەر دەستی پێغەمبەر ((ﷺ)) و خۆشەویستانی کوشت و پاداشتی ئارامگریەکەی خستە سەر ئەو پاداشتی بۆی پاشەکەوت و ئامادە کردبوو لە دواڕۆژدا، جا ئەوەی لە پێناوی خوادا ئارام بگرێت ئەوا لە دونیا دەرناچێت تا خوا بە تۆڵە سەندنەوە لە دوژمنانی چاوەکانی ڕوون نەکاتەوە، سەرباری ئەو پاداشتەی لە دواڕۆژدا بۆی ئامادە کردووە [1].

بۆ جەختکردنەوە لەسەر گیانی ئارامگری و ئامادەسازی بۆ چاوەڕوانی درێژ، ئیمامییەکان لە صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئێمە زۆر ئارامگرین بەڵام شیعەکانمان لە ئێمە ئارامگرترن... لەبەر ئەوەی ئێمە ئارام دەگرن لەسەر ئەوەی کە دەیزانین بەڵام شیعەکانمان ئارام دەگرن لەسەر شتێك کە نایزانن)[2].

## ١٣_ پڕکردنەوەی لایەنی دەروونی گشتی شیعە

بەشێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندنی ئیمامی چارەسەری لایەنی دەروونی شیعەی دەکرد و هەوڵی دەدا بیانپارێزێت لە ڕاگەیاندنی دژەکان کە ئاراستەیان کرابوو، بەپێی ئەوەی عەبدولواحیدی کوڕی موختاری ئەنصاڕی دەڵێت باقر پێی وتوە: ئەی عەبدولواحید ئەگەر پیاو لەسەر ئەم بۆچوونە بوو و خەڵك پێی وت: شێتە، ئەوا هیچ زیانی پێ ناگات ئەگەر لەسەر لوتکەی چیایەك خواپەرستی بکات تا

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الصبر ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الصبر ح رقم ٢٥.

مردن یەخەی دەگرێت[1]. گوایە باقر بە فوزەیلی کوڕی یەساری وتوە: کەسێك خوا ئەم شتەی پێ ناساندبێت ئەوا باکی نییە ئەگەر لەسەر لوتکەی چیایەك گیای زەوی بخوات و بەردەوام بێت تا مردن پێی دەگات [2]. ئەی فوزەیل خەڵکی بە لای ڕاست و چەپ لایانداوە، بەڵام ئێمە و پشتیوانانمان ڕێنموونی کراوین بۆ سەر ڕێگەی ڕاست [3].

مەعلای کوڕی خونیش لە صادق دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: ئەگەر تەنها یەك باوەڕدار لەسەر زەوی هەبووبا ئەوا ئەوەندەم بە تەواو دەزانی و بێ نیازیم دەنواند لە بەرامبەر سەرجەم بەدیهێنراوانی ترم و ئەو باوەڕدارەم ئەوەندە هۆگری باوەڕەکەی دەکرد کە پێویستی بە هیچ یەکێکی تر نەبێت[4].

بێ گومان شتێکی ڕوونە کە ئەم گێڕانەوانە هەوڵدەدەن چارەسەری هەستی شیعەکان بکەن بە تەنیایی و کەمینەیی و خۆدابڕین لە کۆمەڵگا و گرنگی پێنەدان و دەستگرتن بە هێڵی لایەنگیری و پشتیوانی ئال و بەیت.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الرضى بموهبة الإيمان والصبر على كل شيء بعده ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الرضى بموهبة الإيمان والصبر على كل شيء بعده ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الرضى بموهبة الإيمان والصبر على كل شيء بعده ح رقم ٥.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الرضى بموهبة الإيمان والصبر على كل شيء بعده ح رقم ٢.

# بەشی نۆیەم

# پاکگرتنی ئیمامی باقر

# لە دانان بە تیۆری (ئیمامەت)

له بەشی یەکەممان بینی کە ئیمامەت بەشێك نەبوو لە ئایین، بۆیە قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری مەزن لەبارەی نەدواون نەوەك سیستەم و نەوەك کەسەکان، موسڵمانانی سەرەتا لەم ئایەتە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾ النساء: ٥٩. تێنەگەیشتن وەك دەقێك کە بناغە دابڕێژێت بۆ پێکهاتەیەکی درێژکراوەی پێغەمبەرایەتی یان سەرچاوەیەکی یاسادانانی ئاینی یاخود سیاسەتکارێکی تر لەخوار خواو پێغەمبەر، هەروەك ئیمامی عەلی وا لە دەقی ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر کە باس لە پلەو پایەی ئەو دەکەن وەك فەرموودەی غەدیر [1] تێنەگەیشت کە دەقی جێنشینایەتی یان پێ سپاردنی ئیمامەت[2]. و بۆیە (داوای جێنیشینایەتی بۆ خۆی نەکرد و ئەوەی پەسەند کرد کە خەڵکەکە ئەنجامی دا و مەبەستی خۆی شاردەوە) بەوپێیەی ئیمام محەممەد باقر وتویەتی[3].

لەبەر ئەمە شیعە بەراییەکان (لە سەردەمی ئیمامی عەلی و حەسەن و حوسەین) پشتیوانی کردنی ئیمامەکانی ئال و بەیتیان وەك مەزهەبێکی ئاینی تێنەگەیشتبوون، بەڵکو لایەنگیرییەکەیان تەنها سیاسی بوو. شیعەگەرێتیی سیاسی تا سەدەی دووەمی کۆچی بەردەوام بوو، لەوێوە جۆرێك لە گەشەسەندن لە فیکری شیعەدا هاتە کایە بە گۆڕانی _ لەلایەن هەندێك لە شیعەکانەوە _ لە سیاسیەوە بۆ ئاینی، لەسەر دەستی ئیمامییەکان کە بەنهێنی بیرۆکەی (ئیمامەتی خوایی)یان دایە پاڵ ئیمامی باقر و صادق. سەرباری ئەو دەقە زۆرانەی (کە ڕێژنەیی:

---

(١) ناوی ئاو و ڕێژگە و جۆگەیە. (وەرگێڕ).

(٢) الطبري ٢/١٢٠، والقاضي الهمداني، عبدالجبار، المغني في التوحيد والإمامة ٢٠/٢٣٨.

(٣) الكليني، الكافي، روضة الكافي ٢٤٦.

موتەواتر نین) کە ئیمامییەکان هێناویانە، ئەوا هەوڵدەدەین لەم بەشەدا دڵنیابین لە هەڵوێستی ئیمامی باقر و صادق لەبەرامبەر تیۆری ئیمامەت و ئەو بەڵگە و گێڕانەوانە هەڵبسەنگێنین کە تاوتوێی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) دەکەن. لەم توێژینەوەیەماندا پشت دەبەستین بەچەند لایەنێکی تیۆری و مێژوویی و عەقڵی و هەڵسەنگاندنی کەسەکان.

تۆی تیۆری ئیمامەتی خوایی خوای دروست بوو لە فیکرەی گشتگیری شەریعەتی ئیسلام بۆ گشت شتێك لە دوو توێی کایەکانی ژیان و نەبوونی هیچ هەوڵێك لە بوارە شارستانی و مەدەنییەکان کە جێهێڵراون بۆ عەقڵی مرۆڤ تا ڕوونکردنەوەی بۆ بکات بەپێی بارودۆخ و کات و شوێن، بۆ نمونە لایەنی سیاسی و ڕێگەی حوکمڕانی و چونیەتی هەڵبژاردنی حوکمڕان و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی و هاوشێوەی ئەمانە. ئەمە فیکرەیەکی هەڵەیە و لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەردا نەبووە، ئیسلام کۆمەڵێك حوکم لەبارەی هەندێك شت دەخاتەڕوو و لە هەمان کاتدا ڕووبەری فراوان بەجێ دەهێڵێت بۆ عەقڵی مرۆڤ تا داهێنانی تێدا بکات. هەندێك شەرعناسان وەك ئیمامی ئەبو حەنیفە و ئیمامی شافیعی هەوڵیاندا مەسەلە تازە و پەیدابووەکان بپێون _ قیاس بکەنە _ سەر مەسەلە و حوکمە چەسپاوەکانی شەریعەت، لە هەمان کاتدا هەندێك لە فەرموودەناسان پەنجەرەکانیان دەکردەوە بەڕووی هاتنی هەر فەرموودەیەك کە دەدرایە پاڵ پێغەمبەر، ئەمەش وای کرد لە ماوەی چەند سەدەیەکدا ژمارەی فەرموودەکان گەلەك زۆر بن و لە یەك ملیۆن فەرموودە تێپەڕن. ئیمامی باقر و صادق ئەو فەرموودانەی دەستاو دەستیان پێدەکرا و گومانیان لەسەر هەبوو ڕەتیان کردەوە، هەروەك پەیڕەوی کۆشش (ئیجتهاد) یان کارکردن بە ڕاوبۆچوون و پێوانە

(قیاس)یان ڕەتکردەوە[1]. ئەوەی لامان چەسپاوە سەبارەت بە مەزهەبی باقر و صادق ئەوەیە کە هەر دووکیان دەستیان دەگرت بە قورئانی پیرۆزو ئەو سوننەتەی چەسپاوە لەلای ئەوان و لە باوو باپیرانیەوە گێڕدراوەتەوە. ناوبراوان لە پێغەمبەری خوایان ((ﷺ)) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (ئەگەر ئاشوبەکان وەك شەوی تاریك ئێوەی داگرت ئەوا دەست بگرن بە قورئانەوە، چونکە تکاکار و تکا وەرگیراوەو چارەسەرکەرێکی باوەڕپێکراوە. کەسێك قورئان بخاتە پێشەخۆی و بیکاتە پێشەوای خۆی ئەوا بەرەو بەهەشت دەیبات، کەسێکیش قورئان بخاتە دوای خۆی ئەوا بەرەو ئاگری دۆزەخ ڕایدەکێشێت، قورئان ڕێنیشاندەرە و ئاماژە بۆ چاکترین ڕێگە دەکات... چراکانی ڕێنمایی و ڕووناکی حیکمەت و دانایی تێدایە و ڕێگەی زانینی زانیاری لە دوو توێی دایە)[2].

---

(١) باقرو صادق وتویانە: (خوای پاك و بەرز هەر شتێك ئوممەت پێویستی پێ بێت ئەوا لە کتێبەکەیدا دایبەزاندووەو بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕوونکردۆتەوەو بۆ هەر شتێك سنوورێکی داناوەو بەڵگەیەکیشی داناوە تا پێی بناسرێ، بۆ هەر کەسێك کە ئەو سنوورە بشکێنێت سزایەکی داناوە). الكليني، الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة ح رقم ٢. و صادق وتویەتی: (ئەی زورارە! خۆت دووربگرە لەوانەی پێوان _ قیاس _ لە ئایندا دەکەن، ئەوانە ئەو زانستەیان فەرامۆش کردووە کە پێیان سپێردراوە، شتێکیان خستە ئەستۆی خۆیان کە نەخرابووە سەر شانیان، هەواڵەکان تەئویل دەکەن، درۆ بەناوی خوای مەزنەوە دەکەن، وەك ئەوەی دەیانبینم بانگی یەکێك دەکات لە بەردەم خۆی کەچی لە دواوە وەڵامی دەداتەوەو بانگی یەکێك دەکات لە دوای خۆی کەچی لە بەردەمیدا وەڵامی دەداتەوە، بەڕاستی لە زەوی و ئایندا گومڕا بوون). أمالي، المفيد ١٢/٥١. و صادق هۆشداری داوە لە بەڕاستدانانی (ئەو فەرموودانەی کە بەناوی خوا هەڵبەستراون و قورئان بەدرۆیان دەخاتەوەو خۆی لە فەرموودە و هەڵگرو گێڕەرەوەکانی بەری دەکات). الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٨٢٤٠ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب فضل القرآن ح رقم ٢.

بەڵام لە پاڵ ئەم فیکرەدا ئیمامییەکان بیرۆکە و هزرێکی تریان گێڕایەوە ئەویش: (کورت هەڵهێنانی زانست بوو لە ئال و بەیتدا) و ئەمەشیان دایە پاڵ باقر و صادق، گومان لەوەدا نییە کە هەڵوێستە نەرێنیەکەی باقر لەبەرامبەر ئەو فەرموودە لاوازانەی کە فەرموودەناسان بە ئاسانی دەستاو دەستیان پێدەکرد هەڵوێستێکی نەرێنی و باش بوو، هەروەك بانگەوازی ناوبراو بۆ گەڕانەوە بۆ قورئانی پیرۆز بانگەوازێکی باش و پڕبایەخ بوو، بەڵام کێشەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی ئیمامییەکان پڕۆسەی تێگەیشتن لە قورئانیان کورت هەڵدەهێنا لەو کەسەی کە (بە قورئان دوێنراوەو ڕووی گوتارەکەی ئاراستە کراوە)[1]. و بانگەشە کردنی ئەوەی زانست پشتاو پشت بەمیرات دەگوازرێتەوە لە ڕچەڵەکێکی دیاریکراودا[2]. و (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئەو زانستەی هەیبووە بە ئیمامی جێگرەوەی خۆی ڕاسپاردووە)[3]. و (هەر شتێك لەمماڵەوە نەچێتەدەر ئەوا پوچەڵە)[4]. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە تەنها ئیمامەکانی ئال و بەتیان بە زانای ئوممەت دادەنا و دانیان بەهیچ زانایەکی تری ئوممەت دانەدەنا. لە کاتێکدا قورئان ڕووی فەرمایشتی لە هەموو خەڵکی یان موسڵمانان کردووەو نەهاتووە تەنها ڕووی گوتارەکەی بکاتە ڕەچەڵەکێکی دیاریکراو یان کەسانێکی دیاریکراو لە ناو ئوممەتدا، دواتر دەرگای شارەزابوون لە قورئاندا کراوەیە بۆ سەرجەم موسڵمانان. بۆ هیچ کەسێك نییە ئەم مافەیان لێ زەوت بکات.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٤٨٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ورثوا علم النبي وجميع الأنبياء والأوصياء ح رقم ٢ و باب أن الأئمة ورثة العلم ح رقم ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٧.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٧٤.

(٤) الوافي، ح رقم (٣٣٢٣٦) عن بصائر الدرجات ٢١/٥٣١.

ئا لێرەوە بانگەشەی ئیمامییەکان سەبارەت بەوەی باقر میراتگری زانستی پێغەمبەرانە کە پێغەمبەری مەزن ڕادەستی ئیمامی عەلی کردبووە پوچ و بێ بەڵگە دەرچوو[1]. دواتر هەوڵێستی نەرێنی و ناڕێکی شیعەکان لە هەمبەر شەرعناسە هاوچەرخەکانی ئیمام باقر بێ پاساو بوو[2]. جا ئەگەر جبریل دابەزیبێتە سەر پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) ئەمە مانای وانییە ئال و بەیت بە پلەیەکی لەوانی تر بەرزترن و لە خەڵکانی تر شارەزاترن لە قورئان، هەروەك ئەو گێڕانەوەیەی دراوەتە پاڵ باقر ئاماژە بەوە دەکات: (بەخوا زانست تەنها لە خانەوادەیەك وەردەگیرێت کە جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ دابەزیبێتە سەریان)[3].

لەگەڵ ئەوەشدا ئیمامییەکان شکست دەخۆن لە خستنەڕووی نمونەیەکی باڵا لەسەر زاناتربوونی باقر لە ڕاڤەکارانی تری قورئان، بەڵکو باقر ناشرین دەکەن بەوەی گێڕانەوەیەکی دەدەنە پاڵ کە پشت دەبەستێت بە تەئویلکردنی بەزۆری، هەروەك ئیمامییەکان دەڵێن گوایە باقر پرسیاری لە قەتادەی شەرعناسی خەڵکی بەصرە کردووە سەبارەت بەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَقَدَّرْنَا فِيهَا ٱلسَّيْرَ ۖ

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ورثة العلم ح رقم ٦.

(٢) وەك ئەو فەرموودەیە کە دراوەتە پاڵ باقر: (هەر شتێك لەمماڵەوە نەچێتەدەر ئەوا پوچەڵە) یان ئەم وتەیەی باقر کە بە سەلەمەی کوڕی کوهەیل و حەکەمی کوڕی عوتەیبە وتوە: (خۆرهەڵات و خۆرئاوا بکەن ئەوا زانستێکی ڕاستان دەست ناکەوێت مەگەر ئەوەی لەلای ئێمەی ئال و بەیتەوە دەردەچێت). الوافي ح رقم (٣٣٢٣٦) عن بصائر الدرجات ٢١/٥٣١. و ح رقم (٣٣٢٤) عن الكافي ٣/١:٣٢٩.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه ليس شيء من الحق في يد الناس إلا ما خرج من عند الأئمة ح رقم ٥.

﴿ سِيرُواْ فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ ﴾ سبأ: ١٨. قتادە وتی: کەسێك لە ماڵەکەی دەربچێت بە تێشوو و وڵاخی سواری و کرێیەکی حەڵاڵ و مەبەستی کەعبەی ماڵی خوا بێت ئەوا پارێزراو دەبێت تا دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی، بەڵام باقر ئەم ڕاڤەیەی ڕەتکردەوەو پێی وت: (بێ گومان ئەوەی لە ماڵەکەی دەربچێت بە تێشوو و وڵاخی سواری و کرێیەکی حەڵاڵ و مەبەستی کەعبەی ماڵی خوا بێت و ماف و پلەوپایەی ئێمە بزانێت و دڵی بۆمان بەچۆش و خرۆش بێت هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَٱجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ ﴾ إبراهيم: ٣٧. واتە: "دڵی هەندێك لەو خەڵکە کەمەندکێش بکە بۆ لایان". مەبەستی کەعبە نییە، ئەگەر مەبەستی کەعبە بووبا ئەوا دەوت: "بۆ ئەو: إليه". و باقر زیاتر وتی: (بەخوا داواکەی ئیبراهیمین _ سڵاوی خوای لێبێت _ کە هەر کەسێك دڵ بۆ ئێمە بەجۆش و خرۆش بێت ئەوا حەجەکەی قبوڵ دەبێت و هەرچی وا نەبێت ئەوا حەجەکەی ڕەت دەکرێتەوە)[1]. لە ڕاستیدا ئەمە تەئویلێکە بەلای مرۆڤەوە سەختە قبوڵ بکرێت. هەروەها هەوڵێکە بۆ زیادکردنی ڕێوڕەسمێکی نوێ لە حەجدا ئەویش هاوبەشی کردنی ئیمامەکانە لە پەرستنی خوادا. گومانیشمان هەیە لەوەی ڕاست بێت کە باقر ئەمەی وتبێت.

بەوپێیەی ئیمامییەکان دەڵێن ئەوا بانگەشەی کورت هەڵهاتنی زانست لە ئال و بەیتدا هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە باقر چەند کتێبێکی تایبەتی بە ڕێنووسی ئیمامی عەلی هەیە، کە هەندێك جار باقر ناوی لێدەنا کتێبی عەلی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٤٨٥.

یان پەڕاوی فاتیمە یاخو جیفر یان کۆمکار (الجامعة)[1]. ئەمانە چەند کتێبێکی نهێنین و بە ڕێژنەیی و موتواتر لەوبارەوە شتمان بۆ نەهاتووە واتە هەواڵەکانی ئەم لایەنە تاقانە (ئاحاد)ی گومان هەڵگرن، کە بەرگە ناگرن لەبەردەم هەواڵە ڕێژنەیی یان هەواڵە تاقانەکانی تر کە لە ناو موسڵمانان دەستاو دەستیان پێ دەکرێت . و دواتر هیچ پلەبەرزیەك نادات بە ئیمامەکان بۆ قۆرغ کردنی زانستی ئاینی و ڕێگری کردن لەوانی تر لە گێڕانەوەو کۆشش (ئیجتهاد) کردن.

بەڵام کارەکە نەوەستا لەلای بانگەشەی هەبوونی کتێبی بەجێماو، بەڵکو درێژەی کێشا بۆ بانگەشەیەکی تر کە ترسناکتر بوو، ئەویش بریتی بوو لەوەی ئیمامەکان زانستێکی تایبەتی خواییان هەیە، بەمەش شیاون بۆ ئەوەی هەڵسن بە گێڕانی ڕۆڵی ئیمامی بەڵگە لەسەر بەندەکان[2]. و بانگەشەکردنی ئەوەی ئیمامەکان گەنجینەی زانستی خوان لە ئاسمان و زەویدا، درەختی پێغەمبەرایەتی و شوێنی پەیام و وێستگەی فریشتە و نهێنی هەڵگری خوان[3].

صەفار فەرموودەیەك لە باقر دەگێڕێتەوە کە بە پچڕاوی دەداتە پاڵ خوای مەزن کە گوایە پەروەردگار سروش و نیگای بۆ پێغەمبەر ((ﷺ)) ڕەوانەکردووە: (ئەی محەممەد ((ﷺ)) پێغەمبەرایەتیەکەت پیادەکرد و ڕۆژەکانت تەواوکرد، جا ئەو زانست و شوێنەوار و ناوی مەزنی خوا و میراتی زانست و پاشماوەی پێغەمبەرایەتی لە ناو ئال و بەیتەکەتدا ڕادەستی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بکە، من

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة قد أتوا العلم وأثبت في صدورهم ح رقم ٦ و ١٠.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأرض لا تخلو من حجة ح رقم ٨ و ٩.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة ولاة أمر الله وخزنة علمه ح رقم ٢ و باب أن الأئمة معدن العلم وشجرة النبوة ومختلف الملائكة ح رقم ١ و ٢ و ٣ .

زانستی پێغەمبەرایەتی لە ڕەچەڵەکی تۆ ناپەرستم هەروەك لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەرەکانی ترم نەپچڕاند کە لە نێوان تۆ و ئادەمی باوکتدا بوون)[1].

فەرموودەکان دەمانخە بەردەم بانگەشەیەکی نوێ کە هاوشێوەی پێغەمبەرایەتیە، کە هەر ڕەتکراوەیە بەڵکو نکۆڵیان لێکراوە لەلایەن خودی زۆرێك لەوانەی ئەو فەرموودانە دەردەبڕن کە ئیمامەکان پێغەمبەر نین، بەڵام ئەگەر بۆ تاوتوێ کردن گریمان وادابنێین کە ئەم فەرموودانە لە ئیمامەکانەوە هاتوون، ئەوا هەر بە ئاسانی بەڕاست دانانرێن، تەنانەت ناکرێت پشت ببەسترێت بەخودی ئیمامەکانیش لە گێڕانەوەی ئەم فەرموودانەدا، بەڵکو داوایان لێدەکرێت بەڵگەی دەرئاسا بخەنەڕوو تا ڕاستی وتەکەیان بسەلمێنن، هەروەك داوا لە پێغەمبەران دەکرا بەڵگە و نیشانەی دەرئاسا و موعجیزە بخەنەڕوو تا ڕاستی بانگەشەکەیان بسەلمێنن. کاتێکیش ئیمامەکان نەتوانن بەڵگەی دەرئاسا بخەنەڕوو ئەوا ئەو کاتە دەزانین کە ئەو فەرموودانە بەدەمی ئەوان هەڵبەستراون و لەلایەن ئەو زیادەڕۆچووانەوە داڕێژراون کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان بۆ ئیمامەکان دەکرد و خۆیان دەخزاندە ناو ڕیزەکانی شیعە.

وا دەردەکەوێت کە زیادەڕۆچووان پەییان بردووە بە مەزنی بانگەشەکەیان (بەوەی ئیمامەکان خەزێنە و گەنجینەی زانستی خوان لە ئاسمان و زەویدا، درەختی پێغەمبەرایەتی و شوێنی پەیام و وێستگەی فریشتە و نهێنی هەڵگری خوان) جا ئەم گێڕانەوەیە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی لەخۆ دەگرت، بۆیە هەڵسان بە هەڵبەستنی فەرموودەیەکی تر کە شێوازی دەربڕینەکە سوکتر دەکات ئەویش

(١) الصفار، بصائر الدرجات ج ٩ باب ٢٢ ح رقم ٢.

به جیاوازی کردن له نێوان پێغەمبەرایەتی و زانستی خوایی، بۆیە له باقریان گێڕایەوە کە وتویەتی: (جبریل دوو هەناری له بەهەشت بۆ محەممەد ((ﷺ)) هێنا، عەلی _ سڵاوی خوای لێبێت _ پێی گەیشت و وتی: ئەم دوو هەنارەی ناو دەستت چین؟، محەممەد ((ﷺ)) فەرمووی: ئەمەیان پێغەمبەرایەتییە، تۆ هیچ بەشێکت لێ نییە، ئەوەی تریشیان زانستە، دواتر محەممەد ((ﷺ)) هەناری دووەمی کردە دوو بەش بەشێکی دایە عەلی و بەشەکەی تری برد و پاشان فەرمووی: تۆ هاوبەشی منی و من هاوبەشی تۆم لە مەدا. باقر وتی: سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) هەر پیتێك لەوەی خودا فێری ئەوی کردووە زانیبێتی ئەوا بێگومان فێری عەلی کردووە، دواتر ئەم زانستە بۆ ئێمە مایەوەو بەدەستی ئێمە گەیشت، پاشان باقر دەستی خستە سەر سینەی خۆی)[١].

ئەگەر وتمان ئەو زانستەی کە ماوەتەوە بۆ ئیمامەکان زانستێکی تایبەتە و جیاوازە لە فێربوون و کۆشش (ئیجتهاد) کە بۆ تێکڕای خەڵکی فەراهەمە. کە هەر ئەمەش ئیمامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ئەوا ئەو کاتە سەختە وێنەی ئەم جیاوازییە بکرێت لە نێوان پێغەمبەرایەتی و زانستی خوایی دا.

پێش ئەوەی دەست بە قسە بکەین، پێویستە لەسەرمان هەڵوەستە بکەین لەلای ئەو گێڕانەوەیەی کەمێك پێشتر صەفار گێڕایەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکات باقر لە خوای مەزن دەیگرێتەوە بێ زنجیرە و بەپچڕاوی و بێ ئەوەی فەرموودەیەکەی بدات پاڵ پێغەمبەریش، ئەم فەرموودەیە هەرگیز لە کەسی تر جگە لە باقرەوە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الله لم يعلم نبيه علما إلا أمره أن يعلمه أمير المؤمنين ح رقم ١ و ٢ و ٣.

نەهاتووەو نەزانراوە، دواتر وتنی ئەوەی جبریل دوو هەناری لە بەهەشت هێناوە، ئەمە لە تێکڕای ژیانی پێغەمبەردا شتی وا ڕووی نەداوە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، هەروەها گێڕانەوەکە دەڵێت پێغەمبەر نیوەی هەنارەکەی داوەتە عەلی وەك ئاماژەیەك بۆ زانست، تا بڵێت علی بووەتە هاوبەشی پێغەمبەری خوا لە زانستدا، بۆ ئەوەی دوای ئەمە بانگەشەی ئەوە بکات کە باقر میراتگری ئەم زانستەیە. هەموو ئەمانە چەند بانگەشەیەکی بەتاڵ و دژن لەگەڵ کۆتایی هاتنی پێغەمبەرایەتی بە هاتنی محەممەد، ئەم گێڕانەوەیە زۆر نزیکە لە وتەی زیادەڕۆچوو و سەرکەشەکان.

بە هەر حاڵ ئیمامییەکان هیچ ئایەتێکی قورئانی پیرۆزیان نەهێشت مەگەر قۆستیانەوە بۆ پشتگیری کردنی بانگەشەی خۆیان لە قۆرغ کردنی زانستی ئایینی (خوایی) بۆ ئیمامەکان، جا لە باقریان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئێمە زانایان و ئێمەین خەڵك پرسیارمان لێ دەکەن)[1]. و گوایە ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی: ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣. بە ئال و بەیت ڕاڤەکردووە، هەروەها گوایە باقر فەرموودەیەکی لە پێغەمبەر گێڕاوەتەوە کە تیایدا دەفەرمووێت: (الذكر: منم. و أهل الذكر: ئیمامەکانن)[2].

بەڵام ئەم گێڕانەوەیە لاوازو ڕەتکراوەیە، چونکە زۆر بەڕوونی دژی ناوکۆ (سیاق)ی ئایەتەکە، هەروەك ئایەتەکە بەوشێوەیە هاتووە: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ﴾ النحل:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة ح رقم ٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة ح رقم ١ و ٦.

٤٣ _ ٤٤. واتە: (ئێمە پێش تۆ جگە لە پیاوانی _ ڕاستگۆو چاك و پاك نەبێت _ کەسی ترمان ڕەوانە نەکردووەو وەحیمان بۆ نەناردووە، ئەگەر هەر بڕوا ناکەن و نایزانن دە ئێوە لە شارەزایان بپرسن _ کە ڕەوانەکراوانی ئێمە پیاوانێکی ناسراو بوون لە ناو قەومەکانیاندا _. ئێمە ئەوانمان ڕەوانەکردووە هاوڕێی لەگەڵ بەڵگە و نیشانە و _ موعجیزە _ی زۆر و کتێبی ئاسمانی). ئەم ئایەتە زۆر ڕاشکاو داوا دەکات پرسیار لە خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان بکرێت بۆ ناسینی خەسڵەتی پێغەمبەرانی پێشوو کە پیاو بوون، گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئایەتە داوا لە موسڵمانان ناکات کە پرسیار لە ئال و بەیت بکەن لەبارەی ئایندە. ئایەتەکە لە سورەتی (الأنبياء ٧ _ ٨) بەوشێوەیە هاتووە: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۖ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ۝٧ وَمَا جَعَلۡنَٰهُمۡ جَسَدٗا لَّا يَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُواْ خَٰلِدِينَ ۝٨ ﴾ واتە: (پێش تۆ کەسی ترمان ڕەوانە نەکردووە، جگە لە پیاوانێك _ کە هەڵمانبژاردوون _، سروش و نیگایان بۆ ڕەوانە دەکەین، دە بپرسن لە خاوەن کتێبەکانی پێشوو، ئەگەر ئێوە ئەم ڕاستییە نازانن. ئێمە وەنەبێت ئەو پێغەمبەرانەمان لە پەیکەر و لاشەیەك دروست کردبێت کە خواردن نەخۆن و ژیانی هەمیشەیشمان پێ نەبەخشیوون). واتاکە لە میانەی ناوکۆ (سیاق)ی گشتی ئایەتەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر سروشتی مرۆیی پێغەمبەر کە هاوشێوەی سروشتی پێغەمبەرانی پێشووە، هەر دوو ئایەتەکە داوا لە موسڵمانان یان لە هاوبەشدانەران ناکەن کە یارمەتی وەربگرن لە جولەکە و نەصڕانیەکان بۆ سەلماندنی پێغەمبەرایەتی محەممەد، بەڵکو داوا لە هەر دوو لا دەکەن کە پرسیار لەبارەی سروشتی مۆریی پێغەمبەران بکەن لە پێناو ئەوەی هاوبەشدانەران چیتر

هاتنە خوارەوەی سروش و نیگا بۆ سەر پیاو بە نامۆ نەزان یان پێیان سەیر نەبێت کە پێغەمبەر خواردن دەخوات و بەناو بازاردا بێت و بڕوات.

بەڵام ئیمامییەکان هەڵسان بە دابڕینی پارچەیەك لە ئایەتەکە و پێش و پاشیان فەراموٚش کرد، هەروەها بەکەیفی خۆشیان تەئویلیان کرد بۆ پشتگیری کردنی بانگەشەکەیان کە بریتی بوو لەوەی تەنها ئیمامەکان زانستی خوایی و ڕاڤەی قورئانی پیرۆز دەزانن.

ئیمامییەکان لەسەر ڕێبازی خۆیان بەردەوام بوون لە تەئویل کردنی قورئان بەزۆرو ناڕێك، بۆیە لە باقریان گێڕایەوە کە جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە: ﴿ بَلۡ هُوَ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ فِي صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَۚ ﴾ العنكبوت: ٤٩. مەبەستی ئیمامەکانە، گوایە باقر بەدەستی خۆی ئاماژەی بۆ سینگی خۆی کردووە[١]. و وتویەتی: (ئەم زانستە لە قورئاندا هەمووی ڕادەستی من کراوەو پێم گەیشتووە)[٢]. سەرباری ئەوەی ئایەتەکە گشتییە و هیچ ئاماژەیەك هەڵناگرێت تا تایبەت بکرێت بە ئیمامەکانیان تایبەت بە باقر.

ئیمامییەکان پێیان وابوو هەر ئایەتێك کە وشەی (زانست)ی تێدا بێت ئەوا مەبەستی ئیمامەکانی ئال و بەیتە و بێ ئەوەی بەڵگەیەك لەسەر بانگەشەکەیان بخەنەڕوو[٣]. لە کاتێکدا هەر یەکێکی تر جگە لە ئیمامەکان ئەم بانگەشەی کردبا

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة قد أوتوا العلم وأثبت في صدورهم ح رقم ١.

(٢) الوافي (٣٣٥٨٧) ٥٦ بصائر الدرجات ١٤/٢٢٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن من وصفه الله بالعلم في كتابه هم الأئمة ح رقم ١ و ٢.

ئەگەر لە ئال و بەیت و ڕەچەڵەکی حەسەنیش بووبا، ئەوا بەپەلە بەدرۆیان دەخستەوە.

ئیمامییەکان لە ڕیزی سەرووی ئایەتەکانی (زانستدا) هەڵدەستن بە ڕاڤەکردنی ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَا ﴾ آل عمران: ٧. ئیمامییەکان ئایەتەکە بەکەیفی خۆیان پارچە پارچە دەکەن، بەشێوەیەکی نارێك و بە زۆری، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی بە بەڵگەی بێننەوە بۆ پشتگیری بۆچوونەکەیان، بەوەی ئایەتەکە مەبەستی ئیمامەکانی ئال و بەیتە، بۆ ئەم مەبەستە (الراسخون: زاناکان) دەخەنەپاڵ وشەی (الله: خوا) تا واتای ئایەتەکە بە دڵی ئەوان بێتەوە: ﴿ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ ﴾ آل عمران: ٧. و دواتر بڵێن: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و ڕەچەڵەکەکەی باشترین زانان کە لە زانستدا ڕۆچووبن، خوای مەزن هەموو شتێکی قورئان و تەئویلی قورئانی فێری پێغەمبەر ((ﷺ)) کردووە، هەرگیز خوا شتێك بۆ پێغەمبەر ((ﷺ)) ڕەوانە ناکات کە تەئویلەکەی نەزانێت، ئیمامە جێگرەوەکانی پێغەمبەر ((ﷺ)) لە دوای ئەو هەموو ئەو شتانە دەزانن کە پێغەمبەر ((ﷺ)) زانیویەتی) و وشەیەکی بۆ زیاد دەکەن کە پێیان وایە دیار نییە و لادراوە: (ئەوانەی کە مەبەست و ڕاڤە و تەئویلەکەی نازانن، کاتێك زانا وتەیەکی زانستی کرد): (دەڵێن: باوەڕمان پێ هەیە، هەموو لەلایەن پەروەردگارمانەوە هاتووە). تا بڕگەی کۆتایی واتای دەبێت[1]. کەچی ئایەتەکە بە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الراسخين في العلم هم الأئمة ح رقم ٢.

ڕۆشنی دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾ واتە: (لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت). لێرەوە ڕستەیەکی تر دەست پێدەکاتەوە: ﴿ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ﴾ واتە: (ئەو کەسانەی کە لە زانستدا ڕۆچوون دەڵێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بە هەر هەموو _ ئەو ئایەتانە _ هەیە کە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشتی ئەوە).

پێویستیمان بە ماندووبوونێکی زۆر نییە بۆ بەرپەرچدانەوەی تەئویلاتی ئیمامییەکان بۆ ژمارەیەك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، وەك ئەم ئایەتە: ﴿ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَٰبِ ﴾ الرعد: ٤٣. و ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ﴾ فاطر: ٣٢. ڕاڤەیان کردووە: بەوەی مەبەستی ئال و بەیتە[1]. هەروەك نەریتیانە هیچ بەڵگەیەك ناخەنەڕوو لەسەر بانگەشەکەیان. و سستی و لاوازی لە زۆربەی ئەو گێڕانەوانەدا ئاشکراو و دیارە کە ئیمامییەکان دەیدەنە پاڵ باقر لە تەئویل کردنی ژمارەیەکی ئایەتی قورئان و تەئویل کردنی بەشێوەیەك کە تەئویلەکە هەڵناگرێت، بۆ نمونە تەئویل کردنی ئایەتی: ﴿ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ النور: ٣٥. بەوەی بریتییە لە زانست و وەسیەت بۆ ئال و بەیت (کە خەریکە وەك پێغەمبەرایەتی بدوێن بێ ئەوەی

(١) الوافي (٣٣٥٤٦) ١٥ الكافي ١: ٦/١٧٩.

فریشتەیان دابەزیبێتە سەر)[1]. و ئەم فەرمایشتە: ﴿وَيَمۡحُ ٱللَّهُ ٱلۡبَٰطِلَ وَيُحِقُّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ الشورى: ٢٤. ڕاڤەکردنی بە مافی ئیمامەت[2].

تێبینی دەکرێ کە ئیمامییەکان هەوڵیان دەدا تەئویلە نارێك و بەزۆرییەکەیان بۆ قورئان دابپۆشن بە بانگەشەکردنی ئەوەی سەختە خەڵکی لێ تێبگەن و هیچ کەسێك جگە لە ئیمامەکان ئەم تەئویلە نازانێت، تا وای لێهات کۆمەڵێك تەئویلی جیا جیایان بۆ یەك ئایەت دەخستەڕوو، لەوبارەوە جابری کوڕی یەزید (کە یەکێکە لە زیادەڕۆچووە مەزنەکان و لە تاقمی کەربیەکانە) دەیوت: (پرسیارم لە باقر کرد لەبارەی ڕاڤەی ئایەتێك، وەڵامی دامەوە، دوبارە لەبارەی هەمان ئایەت پرسیارم لێکرد، وەڵامێکی جیاوازی دامەوە، وتم: لەم بابەتەدا وەڵامت دامەوە جیاواز لە وەڵامی یەکەم، باقر وتی: جابر! قورئان ناواخنی هەیە و ئەو ناواخنەش ناواخن و ناوکی هەیە و ڕووکەشی هەیە و ئەو ڕووکەشەش ڕووکەشی هەیە، ئەی جابر! هیچ شتێك ئەندازەی ڕاڤەی قورئان دوور نییە لە عەقڵی مرۆڤ، جار وایە سەرتای ئایەت لەبارەی شتێکە و کۆتاییەکەی لەبارەی شتێکی ترە، قورئان وتەیەکی پێکەوە لکاوەو چەند ڕووێکی هەیە)[3]. ئەگەر ئەوەی ئیمامییەکان لە باقر دەیگێڕنەوە ڕاست بێت _ هەر چەندە پێمان وانییە ڕاست بێ _ئەوا دەر دەکەوێت باقر بە کەیفی خۆی قورئانی ڕاڤە دەکرد

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٧٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٧٤.

(٣) الوافي (٣٣٥٧٢) ٤١، المحاسن: ٣٠٠/٥.

دوور له عەقڵ و ژیبێژی و مەنتیقی دروست، تەنانەت دەشڵێت ئەمە له ڕاڤەی شاراوەو نادیارە.

کاتێك پرسیار له ئیمامییەکان دەکرێت بەڵگە چییە لەسەر ڕاستی بانگەشەکەتان؟ چ جیاوازییەك هەیە له نێوان ڕاڤە و تەفسیری دروست و تەئویلی زۆرەملێ؟ ئەوا هیچ بەڵگەیەکمان بۆ ناخەنەڕوو. بەڵکو هەندێك کات هەڵدەستن بە زیادکردنی هەندێك وشە بۆ هەندێك ئایەت تا هەماهەنگ بێت لەگەڵ تیۆری خۆیان له ئیمامەتی خوایی دا و بانگەشەی ئەمەش دەکەن _ لەسەر زمانی ئیمامەکان _ (کە ئایەتەکە بەو شێوەیە دابەزیوە). هەندێکی تریان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئیمامەکان قورئانی تەواویان له بەردەستە و (تەنها کەسێك بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو قورئانی لایە کە درۆزن بێت، تەنها عەلی کوڕی ئەبو تالیب _ سڵاوی خوای لێبێت _ و ئیمامەکان دوای ئەو قورئانیان کۆکردۆتەوەو لەبەر کردووە)[١]. و (کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو قورئانی لایە بە ناوەڕۆك و ڕووکەشەکەیەوە جگە له ئیمامەکان)[٢].

بەوشێوەیە هەندێك له ئیمامییەکان پێیان وابوو جگە له ئیمام هیچ کەسێکی تر قورئانی تەواوی لا نییە، تەنها ئیمام واتاکانی قورئان دەزانێت، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو له گواستنەوەی ئیمامەکان له ئال و بەیت بۆ (سەرچاوەیەکی یاسادانان)ی نوێ له سەرووی قورئان و سوننەتەوە.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه لم يجمع القرآن كله إلا الأئمة ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه لم يجمع القرآن كله إلا الأئمة ح رقم ٢.

بانگەشەی ئیمامییەکان بۆ ئەوەی باقر خاوەنی پێگەی ئیمامەتی خواییە سەری کێشا بۆ بانگەشەی ئەوەی ناوبراو زانستی خوایی هەیە کە بێ سنوورە و لەوە دەرچووو زانستی کورت هەڵبهێنرێت لەوەی وەری گرتووە لە کتێبە جێماوەکان و ڕاڤەی قورئان، بەڵکو باقریان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، لە ناوبراویان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (بەخوا هەرگیز کەسی زانا نابێتە نەزان، شتێك بزانێت و شتێکی تر نەزانێت... خوا شکۆدارتر و مەزنترە لەوەی گوێڕایەڵی کەسێك پێویست بکات کە زانستی ئاسمان و زەوی لێ شاراوە بێت، کەسێك گوێڕایەڵی پێویست کرابێت ئەوا زانستی ناوبراوی لێ ون نابێت)[1]. و وتویەتی: (سەرم سوڕماوە لەوانەی پشتگیریمان دەکەن و بە ئیمام دامان دەنێن و دەشڵێن گوێڕایەڵی ئێمە لەسەر ئەوان پێویستە وەك پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کەچی دواتر بەڵگەی خۆیان تێکدەشکێنن و دژایەتی خۆیان دەکەن بەهۆی لاوازی دڵەکانیان، مافی ئێمە کەم دەکەنەوە و ئەمە بە کرچ و کاڵی دەزانن بۆ ئەو کەسەی کە خودا بەڵگەی لەسەر ڕاستی ناسینی مافی ئێمەی پێداوەو پێویستی ملکەچی نواندن بۆی ئێمەی پێڕاگەیاندووە، ئایا پێتان وایە خودا گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری خۆشەویستانی خۆی لەسەر بەندەکانی پێویست کردووەو کەچی هەواڵی ئاسمان و زەوی و کەرستەکانی زانستیان لێ دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەو پێشهاتانەی ئایینەکەیان لەسەری بەندە؟!)[2]. و گوایە وتویەتی: (ئێمە هەر کەسێك ببینین ئەوا بە ڕاستی باوەڕ و دووڕوویی دەیناسین)[3]. هەموو

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ٤ والصفار، بصائر الدرجات ج رقم ٣ باب ٥ (ما لا يحجب عن الأئمة علم السماء وأخباره وعلم الأرض وغير ذلك) ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في معرفتهم أولياءهم والتفويض إليهم ح رقم ٢.

ئەو گێڕانەوانە ناکرێت بەڕاست دابنرێن و ڕەتکراوەن بەڵکو خەریکە بێگومان و دوودڵی دان بەوەدا بنێین کە بەدەمی باقر هەڵبەساراون، چونکە ڕاشکاوانە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزن کە ئەوە ڕەت دەکاتەوە هیچ مرۆڤێك زانستی غەیبی لابێت و بزانێت جگە لە پێغەمبەران، مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی بیەوێت. هەندێك شیعەی ئەو سەردەم ئەمەیان ڕەتکردەوە وەك: حیمڕانی کوڕی ئەعیون کە دەستی گرت بەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ عَـٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ﴾ الجن: ٢٦. واتە: (ئەو زاتە زانای نهێنی و شاراوەکانە، کەسیش لە نهێنی و شاراوەکان ئاگادار ناکات). بەڵام ئیمامییەکان دەڵێن باقر بەرپەرچی حیمڕانی داوەتەوەو وتویەتی: (مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی ڕازی بێت. بە خوا محەممەد لەوانەبوو کە خوا ڕازیبووە پێی ڕابگەیەنێت، جا ئەو زانستەی خوا ئەندازەگیری و بەرپای دەکات ئەوا ئەو زانستەیە کە بە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و دواتر بە ئێمە دراوە)[١]. ئێمە نازانین کە ئایا حیمڕان بەم وەڵامە ڕازی بووە یان نا؟ بەڵام ئەوە دەزانین کە هەڵاواردنی پێغەمبەر و هەندێك لە پەیامبەران لە ڕاشکاوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر گوێزرانەوەی زانستی غەیب لە پێغەمبەرەوە ((ﷺ)) بۆ ئیمامەکان و ئیمامی باقر. خوای مەزن نەیفەرمووە: (مەگەر بۆ پێغەمبەرێك یان ئیمامێك خوا خۆی ڕازی بێت). ئا لێرەوە گومان دەبەین بەوەی گێڕانەوەکە لەلایەن زیادەڕۆچووانەوە

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر فيه ذكر الغيب ح رقم ٢.

هەڵبەسترابێت وەك: (باوكی بەصیرو عەمری كوڕی شەمر و جابری كوڕی یەزید) و درابێتە پاڵ باقر[1].

داننان بە تیۆری (قسەكردنی فریشتە بۆ ئیمام) و دانە پاڵی ئەم تیۆرە بۆ لای ئیمام باقر، لوتكەی هەڵبەستن و ساختەكاری و درۆ دەنوێنێت. زیادەڕۆچووان ڕەواجیان زۆر پێدا لە قۆناغێكی پێشكەوتوودا لە دوای بانگەشەی پێویستی هەبوونی ئیمامی بەڵگە كە تەنها ئەو قورئانی تەواو و ڕاست و دروست و زانستی قورئانی لایە، هەروەها توانای ڕاڤە و تەفسیر و تەئویل كردنی هەیە و زانستی غەیب و ناوی مەزنی خوای لایە. جا لەبەر ئەوەی تیۆری (ئیمامەت) دەیوت ئیمامەكان لەلایەن خواوە دیاریكراون و زانستەكەیان خواییە ئەوا پێویست بوو بانگەشەی ئەوە بكەن كە فریشتەكان قسە بۆ ئیمامەكان دەكەن. (لە بەشی ڕابردوودا) زۆرێك لەو گێڕانەوانەمان خستەڕوو كە دابویانە پاڵ ئیمامەكان لەبارەی دابەزینی فریشتەكان لە شەوی قەدر و قسەكردنیان بۆ ئیمامەكان[2]. ئیمامەكانیان خستە ڕیزی فریشتە و پێغەمبەران و پەیامبەران لە وەرگرتنی زانست لە خوا: (ئەوەی خوا بە فریشتە و پێغەمبەران بدات ئەوا بە ئێمە دەگات)[3]. و (ولا محدث: هەر ئیمامێك كە لەگەڵ فریشتە بدوێت و فریشە قسەی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جميع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في شأن إنا أنزلاه ح رقم ١ و٢ و٣ و٥ و٦ و٧ و٨.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جميع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء ح رقم ١ و٢ و٣ و٤.

بۆ بکات) بۆ ئەم ئایەتەیان زیاد کردووە: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ ﴾ الحج: ٥٢. واتە: لە پێش تۆدا هەر پەیامبەرو پێغەمبەرێکمان ناردبێت[١].

سەرباری ئەوەی بەدووری دەزانین ئیمامی باقر ئەم بانگەشە گوڕایەی پەسەند کردبێت، ئەوا زیادەڕۆچووان سورن لەسەر ئەوەی بیدەنە پاڵ باقر، لە هەمان کاتدا دەدوێن لەبارەی ئەوەی نزیکترن کەسی باقر بانگەشەی (قسەکردنی فریشتەی بۆ ئیمام)ی ڕەتکردۆتەوە بۆ نمونە مامی باقر (عەبدوڵای کوڕە زەید، برای عەلی کوڕی حوسەین لە دایك)[٢]. و حیمڕانی کوڕی ئەعیون و ئەبو حەمزەی سامالی و موغەیرەی کوڕی سەعید کە ڕەتیان کردەوە وشەی (محدث: قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) زیاد بکرێت بۆ ئەم ئایەتە: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ ﴾ الحج: ٥٢. و بوترێت: (ولا محدث)، ناوبراوان وتیان: ئایەتەکە (ولا محدث)ی تێدا نییە[٣]. بەڵام زیادەڕۆچووان هەر سور دەبن لەسەر هەڵوێستەکەیان و وا بۆیی دەچن کە باقر بە دوو ناوبراوەکەی وتوە: (ئایەتەکە بەوشێوەیە لە کتێبی عەلی دا هاتووە)، ئەبو حەزمە و موغەیرە وتیان: قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام چییە؟ باقر وتی: دەیچرپێنێت بە گوێچکەی ئیمامدا

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢، شتێکی سروشتی بوو کە ئەم بانگەشە پرسیار لەلا شیعە دروست بکات لەبارەی ئەوەی کە دەکرێ ئەو شتەی ئیمام گوێبیستی دەبێت لە نیگای شەیتانەوە بێت؟ ئەگەر وانەبێت چۆن دەزانێت ئەوەی قسەی بۆ دەکات فریشتەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیان ئەوە بوو کە (لە کاتی گوێبیست بووندا ئەوەندە ڕێزو شکۆی پێ دەدرێت تا دەزانێت ئەمە وتەی فریشتەیە). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢.

(٣) الصفار، بصائر الدرجات ج ٧ باب ٦ ح رقم ١٣.

بەمەش وەك لەرەی تەشت بە گوێچکەیدا دێت یاخود بەسەر دڵیدا دایدەڕێژێت بەمەش گوێبیستی دەنگێك دەبێت هاوشێوەی کەوتنە خوارەوەی زنجیرە بۆ ناو تەشت[1]. گوایە حیمڕان پێی وتوە: ئەوەی فریشە قسەی بۆب دەکات پێغەمبەرە یان پەیامبەر؟ باقر وتی: نا، بەڵکو نمونەی ئەو کەسە وەك هاوەڵی سولەیمان و یاوەڕی موسا و زولقەرنەینە[2].

سەرباری جیاوازی کردن لە نێوان پێغەمبەرو (ئەوەی فریشتە قسەی بۆ دەکات) و ڕەتکردنەوەی پێغەمبەرایەتی ئیمامەکان، دەبینین پێناسەی گێڕەڕەوەکان بۆ قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمامەکان بە بەگوێ چرپاندن و بەسەر دڵدا دارشتن بە ڕاچەڵەکاندنەوە دەبینین خودی سروش نیگا و وەحییە، چونکە لە هیچ لەوانەی باسکرا لە سروش جیا ناکرێتەوە. هەروەك باقر دەڵێت: (پێغەمبەران پێنج جۆرن، هەیانە گوێبیستی دەنگ دەبێت وەك زنجیرە و مەبەستەکە دەزانێت و هەشیانە لە خەودا پێی ڕادەگەیەنرێت وەك یوسف و

(١) الصفار، بصائر الدرجات ج ٧ باب ٦ ح رقم ١٣، كليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢، زورارە لە باقر دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: پێغەمبەران پێنج جۆرن، هەیانە گوێبیستی دەنگ دەبێت وەك زنجیرە و مەبەستەکە دەزانێت و هەشیانە لە خەودا پێی ڕادەگەیەنرێت وەك یوسف و ئیبڕاهیم و هەشیانە ڕووبەڕوو پێی دەوترێت و هەندێکی تریان لەسەر ڕووی دڵیان دەنووسرێت و لە گوێچکەیاندا جێگیر دەبێت. الصفار، بصائر الدرجات ج ٨ باب ١ في الفرق بين الأنبياء والرسل والأئمة عليهم السلام ومعرفتهم وصفتهم ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٥و الصفار، بصائر الدرجات ج ٧ باب ٦ ح رقم ١٠.

ئیبڕاهیم و هەشیانە ڕووبەڕوو پێی دەوترێت و هەندێکی تریان لەسەر ڕووی دڵیان دەنووسرێت و لە گوێچکەیاندا جێگیر دەبێت)[1].

لەبەر ئەوەی بانگەشەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) دژە لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) دوایین پێغەمبەرە، تەنانەت بانگەشەکە دامەزراوە لەسەر بنەڕەتی دانان بە دەستکاری کرانی قورئان، ئەوا ئێمە زۆر بە توندی ڕەتی دەکەینەوەو ئەو گێڕانەوانە بە ڕاست دانانێین کە لەوبارەوە دەدرێنە پاڵ ئال و بەیت، ئەگەر واش دابنێین گێڕانەوەکان دروستن، ئەوا ئێمە پابەند نین کە ئەم گێڕانەوانە لە کەس وەربگرین. هەروەك بانگەشەی دەستکاری کرانی قورئان لە کەس قبوڵ ناکرێت.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە ئەو زیادەڕۆچووانەی ئەم بانگەشەیە دووپات دەکەنەوە، ئەوا بە دوو توێی پەنهانی و بێ دەنگی لولیان دەدا و دەیان پێچا، دەشیان وت: باقر سەرزەنشتی حیمرانی کوڕی ئەعیونی کردووە بەهۆی ئەوەی هەواڵی بانگەشەکەی بە حەکەمی کوڕی عەیینە ڕاگەیاندووەو بۆیە باقر پێی وتوە: (ئەو قسەو باسانە بۆ حەکەم و هاوشێوەکانی مەکە)[2]. ئەمەش کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنێت: کە ئەگەر بانگەشەکە لەسەر بنەڕەتی چەسپاو و ڕاست دامەزراوە ئەوا بۆچی باقر ترسی لە بڵاوبوونەوەی هەبوو؟ و ئەگەر بانگەشەکە درۆ و لاواز بێت ئەوا بۆچی دەری دەبڕێت؟.

---

(١) الصفار، بصائر الدرجات ج ٨ باب ١ في الفرق بين الأنبياء والرسل والأئمة عليهم السلام ومعرفتهم وصفتهم ح رقم ٦.

(٢) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٤٠٢٧ _ عن الكشي في ترجمة حمران بن أعين الشيباني.

سەرباری ئەوەی گومانمان هەیە لەسەر هەموو ئەو گێڕانەوانەی دەربارەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) هاتوون و دراونەتە پاڵ ئیمامی باقر، ئەوا ئەو گێڕانەوانە دەدوێن لەبارەی شڵەژانێکی مەزن لەناو ڕیزەکانی ئەو شیعانەی سەردانی باقریان دەکرد و پرسیاریان لەبارەی ئەم بانگەشە سەیرە دەکرد کە: ئایا ئەمە پێغەمبەرایەتییە؟[1]. و ئایا زانستی ئیمامەکانی لە پێغەمبەر بەرزترە، لەگەڵ بەردەوامی دابەزینی سروش بۆ ئیمامەکان؟، گوایە باقر وەڵامی داونەتەوە بەوەی: (ئەگەر زانیاریەکی نوێمان بۆ هات سەرەتا بۆ پێغەمبەری خوا دەخرێتەڕوو و دواتر بۆ ئیمامەکان و ئینجا بە ئێمە دەدرێت)[2].

لە گفتوگۆیەکی بوێرانە کە لە نێوان پیاوێکی شیعە و باقر ڕوویداوە[3] وا بەدەردەکەوێت _ ئەگەر بسەلێت کە فەرموودەکە ڕاستە _ناوەندەکانی شیعە بانگەشەی دابەزینی فریشتە بۆ سەر ئیمامەکانیان ڕەت دەکردەوەو گفتوگۆیەکە نارەحەتکەر بووە بۆ ئیمامی باقر کە هەر لە سەرەتاوە هەستی بە زیرەکی قسەکەرەکە کردووە، باقر وتویەتی: (من چیم بەسەر تۆوەیە ئەی پیاو، چی تۆی هیناوەتە لای من؟) و گوایە کابر دوو جار باقری دەمکوت کردووە، ئەمەش ناچاری کردووە کە بڵێت: (ئەوەی تۆ پرسیاری لەبارەوە دەکەیت ئەوا فەرمان کراوە بشاردرێتەوەو ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەوەی پرسیارت لەبارەوە کرد تەنها خوا دەزانێت) و (بۆت نییە پرسیار لەم بارەوە بکەی... ئەم زانستەی پرسیاری

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٥ و باب أن الأئمة يشبهون ممن مضى وكراهة القول فيهم بالنبوة ح رقم ١ و ٤ و٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب شأن إنا أنزلناه ح رقم ٨، لە بەشی ڕابردوودا گێڕامانەوە.

لەبارەوە دەکەی ئەوا تەنها خوا بە ئیمامەکانی داوەو ڕێی نەداوە کەسی تر جگە لەمان ئەوە بزانێت). و پیاوەکە هەوڵی داوە خۆی بدزێتەوە لە باوەڕ هێنان بە بیرۆکەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) کە نەچووبووە عەقڵیەوەو وتویەتی: (ئەی باوکی جەعفەر ناتوانم نکوڵی لێ بکەم؟) باقر هەڕەشەی لێکردووەو پێی وتوە: (کەسێك نکوڵی لێ بکات لە ئێمە نییە)[1].

بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کە گێڕانەوەکە هەر لە بنەڕەتدا هەڵبەستراوە، ئەگەر ڕاستیش بوو ئەوا بەڵگەی ئەوە لەخۆ دەگرێت کە شیعە بەگشتی بانگەشەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام)یان ڕەتکردۆتەوەو بەدڵ بە ناپەسەندیان داناوە.

گومان لەوەدا نییە کە بیرۆکەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) و زۆرێك لە بیرۆکەکانی تری زیادەڕۆچووان (وەك: ئەوەی دەڵێن ئیمامەکان قورئانی تەواویان لایە و غەیب دەزانن) کاردانەوەی فراوانەی لەلایەن شیعە میانڕەوەکان هێنایە کایە کە ڕەتیان دەکردەوە هەر فەرموودەیەك کە لە ئال و بەیتەوە دەگێڕدرێتەوە پەسەند بکەن و بێزار دەبوون لە هەندێکیان ئەگەر دژ بووبان لەگەڵ قورئانی پیرۆزو عەڵی سەلامەت و ڕێك و پێك، بۆیە زیادەڕۆچووان هەوڵیان دەدا بیرۆکە و بۆچوونەکانیان تێپەڕێنن بە هەڵبەستنی هەندێك فەرموودەی تر بە دەمی ئیمامەکان کە ڕێگری دەکەن لە بیرکردنەوە لە فەرموودەکانیان و جیاکردنەوەی پەسەندکراو و پەسەند نەکراو لەلایەن عەقڵ، وەك ئەم فەرموودەیە کە زیادەڕۆچووان داویانەتە پاڵ باقر: (خراپترین لایەنگرمان لام ئەو کەسە کە ئەگەر گوێبیست بوو فەرموودەیەك درایە پاڵمان و لە ئێمە گێڕدراوەتەوە ئەوا وەری

---

(١) هەمان سەرچاوە ح رقم ٦.

ناگرێت و دەیبوغزێنێت و نکۆڵی لێ دەکات و ئەو کەسانە بە بێ باوەڕ دەزانێت کە دانی پێدا دەنێن، کەچی ئەو کەسە ناشزانێت کە دەکرێ ئێمە ئەو فەرموودەیەمان وت بێت و زنجیرەو سەنەدەکەی لە ئێمەوە بێت، جا کەسەکە بەم نکۆڵی کردنەکەی دەردەچێت لە لایەنگری و بازنەی پشتیوانانمان)[1]. و ئەو فەرموودەیەی داویانە پاڵ پێغەمبەری خوا کە گوایە فەرموویەتی: (وتەی ڕەچەڵەکی محەممەد ((ﷺ)) سەخت و گرانە، تەنها فریشتەیەکی لە خوا نزیك یان پێغەمبەرێکی پەیامدار یاخود بەندەیەکی پڕ لە ئیمان باوەڕیان پێ دەبێت، هەر وتەیەکی خانەوادە و خزمە نزیکەکانی محەممەدتان ((ﷺ)) پێگەیشت و دڵتان بۆی نەرم بوو و ناسیتان ئەوا وەری بگرن، هەر چییەك لەو وتانەش بە دڵتان نەبوو و نکۆڵیتان لێکرد ئەوا بیگێڕنەوە بۆ خواو پێغەمبەرو زانای خانەوادەو خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر ((ﷺ))، ئەو کەسە تیاچووە کە ئەگەر قسەیەکی بۆ کرا و بە دڵی نەبوو ئەوا بڵێت: سوێند بەخوا ئەوە نەبووەو ڕاست نییە. جا نکۆڵی لێ کردنی کوفرو بێ باوەڕییە)[2].

شتێکی ئاشکراو ڕوونە کە ئەم فەرموودانە هەوڵدەدەن شیعە بێ بەش بکەن لە بیر کردنەوە، حاڵەتێکی لاسایی کردنەوەی کوێرانەیان بەسەردا بسەپێنرێ و ناچار بکرێن هەر فەرموودەیەك قبوڵ بکەن کە دەدرێتە پاڵ ئیمامەکان ئال و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الكتمان ح رقم ٧.

(٢) صادق وتویەتی: (وتەی ئێمە سەخت و گرانە، تەنها سینە ڕووناك یان دڵی سەلامەت یاخود ڕەوشتە چاکەکان پەسەندی دەکەن). و (زانستی زانایان سەخت و گرانە، تەنها پێغەمبەرێکی پەیامدار یان فریشتەیەکی نزیکی خوا یاخود بەندەیەکی باوەڕی پێ دەکات کە دڵی پڕبێت لە باوەڕ). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ١ و٢ و٣ و٤.

بەیت هەر چەندە زۆر ئەفسانەیی بێت، هەروەها هەرەشە لێکردنیان بە وەردەنانیان لە بازنەی لایەنگرانیان، لە کاتێکدا تێڕوانینی ئیسلامی بێ دوو دڵی پێداگیری دەکات لەسەر ڕەتکردنەوەی هەندێك فەرموودە زیادەڕۆچوو[١]، وەك: بانگەشەی قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام، ئەگەر چی ئەم بانگەشەیە لە ئیمامیشەوە بێت، پاك و دووری بۆ ئیمامەکان لەو جۆرە فەرموودانە. صادق لە وەڵام و بەرچی زیادەڕۆچوواندا وتویەتی: (بەخوا ئەگەر بەهۆی ئێمە دووچاری تاقیکرانەوە بوون و ئێمەش فەرمانی نابەجێیان پێ بکەین ئەوا پێویست بوو لەسەریان قبوڵی نەکەن و گوێڕایەڵمان نەبن).

شیعە میانڕەوەکان لە سەردەمی باقردا بەمە هەڵسان و قسە و بانگەشە و بیرۆکەکانی زیادەڕۆچوانیان ڕەتکردەوەو خۆیان لەوان بەری کرد و بە بێ باوەڕ هەژماریان کردن[٢]. شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە بانگەشەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) ڕیزەکانی شیعە لەت بکات و بەتایبەت زۆرێك لەوانەی چیرۆکەکەیان پێ پەسەند نەبوو و ملکەچ نەبوون بۆ هەموو ئەو شتانەی زیادەڕۆچووان دەیانوت، بەڵکو نکۆڵیان لە هەندێ دەکرد. و لەوانەیە هەندێکیان ئەو فەرموودانەیان بە ڕاست دانەدەنا کە لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕدرایەوە وەك ئەم فەرموودەیە: (قبولْ کردنی وتە و قسەی ڕەچەڵەکی محەممەد سەخت و گرانە) گومان لەوەدا نییە ئەوان پرسیاریان دەکرد وەك چۆن ئێستا ئێمە پرسیار دەکەین: ئایا قسە و

---

(١) دانەر وتویەتی (پێداگیری دەکات لەسەر ڕەتکردنەوەی هەندێك فەرموودە زیادەڕۆچوو)، بەڵام من پێم وایە تێڕوانینی ئیسلام هەموو زیادەڕەوی و کەمڕەوییەك ڕەتدەکاتەوە. بە تایبەت ئەم زیادەڕۆچوونەی لەم فەرموودانە هەیە، پێم وایە هەموو سنوورو پەرێزێکی زیادەڕەوی و زیادەڕۆچوون و ئەفسانەیی تێپەڕاندووەو دەبێت ناوێکی تریان بۆ دابتاشرێت. (وەرگێڕ).

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم وفضل المسلمين ح رقم ١.

وتەی ڕەچەڵەکی پێغەمبەر بەشێك بوو لە ئاینی ئیسلام؟ یان نا؟ یاخود بۆچی بەم ئەندازەیە سەختە؟ تا ئاستێك تەنها فریشتەیەکی نزیکی خوا یان پێغەمبەرێکی پەیامدار یاخود بەندەیەکی پڕ لە باوەڕ نەبێت باوەڕی پێ ناهێنێت؟ ئەی سەبارەت بە سەرجەم خەڵکی تر؟ یان ئەمە فەرموودەیەکە بە دەمی پێغەمبەری خوا هەڵبەستراوەو بێ زنجیرە (سەنەد) دێت تا بەرگری ئەو شیعانە تێك بشکێنێت کە زیادەڕۆچوونیان لە ئال و بەیتدا ڕەت دەکردەوە و بێزابوون لە زیادەڕۆیی و ڕەتیان دەکردەوە؟.

## شکستهێنانی هەوڵەکانی چەسپاندنی ئیمامەتی ئیمامەکان

ئیمامییەکان شکستیان خوار لە چەسپاندنی ئیمامەتی خوایی بۆ ئال و بەیت، سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك فەرموودەیان لە پێغەمبەری ڕێزدار ((ﷺ)) گێڕایەوە، بۆ نمونە:

### ١_ فەرموودەی عیترەت و دوو شتە گرانبەهاکە

لە باقریان گێڕاوەتەوە، ئەویش لە جابری کوڕی عەبدوڵای ئەنصاری گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: (دوو شتی گرانبەها لەناوتا بەجێ دەهێڵم... ئەگەر دەستی پێوە بگرن گومڕاو لاڕێ نابن.. و هەرگیز مەیگۆڕنەوە... گرانبەهای یەکەم: کتێبی خوا... و گرانبەهای بچوك: خانەوادە و خزمە نزیکەکانم، کتێبی خوا بەردەوامە و ڕێنیشاندەرێك لە ئێمە ڕێگای قورئان دەخاتەڕوو تا لە سەر حەوز پێم دەگەن)[1]. و گوایە بەم پێیە باقر خۆی بەوە داناوە کە خەڵکی ڕێنوێنی دەکات بۆ قورئان. ناکرێت ئێمە باوەڕ بەمە بکەین، بەهۆی ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم: شێوە دەربڕینی فەرموودەکە نەچەسپاوە، موسلیم بە دەربڕینێکی جیاواز هێناویەتی: (پاشان، ئەی خەڵکینە، منیش مرۆڤم، خەریکە فریشتەی نێرراوی پەروەردگارم بێت و منیش وەڵامی بدەمەوە، جا دوو شتی گرانبەهاتان لە ناودا بەجێ دەهێڵم: یەکەمیان کتێبی خوا کە ڕێنوێنی و نوورو ڕووناکی تێدایە، جا کتێبی خوا وەربگرن و توووند دەستی پێوە بگرن. جا پێغەمبەر زۆر هانی

---

(١) البصائر الدرجات ١٢٢ و ١٢٣.

خەڵکەکەی دا و بەجۆش خستن بۆ دەستگرتن بە کتێبی خواوە. دواتر وتی: خانەوادە و بنەماڵەکەم، بەخوا بیرتان دەخەمەوە ئاگاداری بنەماڵەکەم بن، بیرتان دەخەمەوە ئاگاداری بنەماڵەکەم بن، بیرتان دەخەمەوە ئاگاداری بنەماڵەکەم بن). و بە دەربڕینێکی تر هاتووە کە بریتییە لە (کتێبی خواو سوننەت و ڕێ و شوێنی من). و باقر بە دەربڕینێکی تر گێڕاویەتیەوە کە ئەوەیە: (دوو شتی گرانبەهاتان لە ناودا بەجێ دەهێڵم، ئەگەر دەستی پێوەبگرن گومڕا نابن: کتێبی خواو خزمە نزیکەکانی بنەماڵەکان، ئەوانە لە یەکتر جیا نابنەوە تا لە سەر حەوز پێم دەگەنەوە)[١]. و بێ ئەم زیادەیە: (کتێبی خوا بەردەوامە و ڕێنیشاندەرێك لە ئێمە ڕێگای قورئان دەخاتەڕوو تا لە سەر حەوز پێم دەگەن).

دووەم: گێڕانەوەیەکی تر لە باقرەوە هاتووە کە تیایدا وشەی بۆ زیادکراوە بەڵام جیاوازە، کە بریتییە لە (کەعبەی ماڵی پیرۆزی خوا) تا فەرموودەکە ئاوای لێبێت: (ئەی خەڵکینە من قەدەغەکراوەکانی خواتان لەناودا جێدەهێڵم: کتێبی خوا، خانەوادە و خزمە نزیەکەکانم و کەعبەی ماڵی پیرۆزی خوا). ئەم گێڕانەوەیە تەواوکەری هەیە کە باس لەوە دەکات قورئانی پیرۆز دەستکاری کراوە. ئەمە تەواو دژە لەگەڵ قورئانی پیرۆز. ئەمەش گێڕانەوەکە هەر لە بنەڕەتدا لاواز دەکات[٢].

---

(١) البصائر الدرجات ١٢٣ لە عەلی کوڕی محەممەد ، ئەویش لە قاسمی کوڕی محەممەد ، ئەویش لە سولەیمانی کوڕی دواود، ئەویش لە یەحیای کوڕی ئەدیم لە شەریك ئەویش لە جابرەوە، کە وتویەتی: باقر وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەنا بانگی هاوەڵانی کرد و وتی...

(٢) الصفار، بصائر الدرجات ١٢٣.

سێیەم: گومان لەوە هەیە باقر لە جابری گێڕابێتەوە، هەروەك خودی ئیمامییەکان لە ئیمامی صادق دەگێڕنەوە کە (خەڵکی مەدینە زۆر بەناپەسەندیان دەزانی کە باقر لە پێغەمبەری خوا دەگێڕێتەوە و دەیانوت: هەرگیز کەسمان لە باقر درۆزنتر نەبینیوە کە شت لە کەسێك دەگێڕێتەوە کە نەیبینیوە. جا کاتێك باقر بینی خەڵکی مەدینە چی دەڵێت ئەوا لە جابری کوڕی عەبدوڵای گێڕایەوە بەمەش خەڵکەکە بڕوای پێکرد، کەچی سوێند بەخوا جابر دەهاتە لای باقر و شتی لێ فێردەبوو)[1].

چوارەم: چەمکی (عیترەت) لە سەرجەم گێڕانەوەکاندا کە هاتووە دیاری نەکراوە، هەروەك وتمان چەمکی ناوبراو بریتییە لە خزمایەتی، کە هەموو خزمە نزیکەکانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لە خۆ دەگرێت لە هاشمییەکان: وەك عەبباسی و تاڵیبییەکان (خانەوادەی جەعفەرو عەقیل و عەلی)، بەڵام ئال و بەیت خێزانەکانی پێغەمبەریش دەگرێتەوە[2]. ناکرێت سنووردار بکرێت تەنها بە

---

(١) الكشي في ترجمة جابر بن عبدالله الأنصاري، کوشی لە محەممەدی کوڕی موسلیم و زورارەی گێڕاوەتەوە کو وتویانە: پرسیارمان لە باقر کرد لە بارەی هەندێك فەرموودە، کەچی باقر لە جابری گێڕایەوە، ئێمەش وتمان چیمان بە سەر جابرەوە نییە! هەمان سەرچاوە.

(٢) وشەی (ئەهل البيت) دوو جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، جارێکیان لە سورەتی هود (٧١ _ ٧٣) لە کاتی دواندنی خێزانی پێغەمبەر ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت): ﴿ وَٱمۡرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٞ فَضَحِكَتۡ فَبَشَّرۡنَٰهَا بِإِسۡحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ يَعۡقُوبَ ٧١ قَالَتۡ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٞ وَهَٰذَا بَعۡلِي شَيۡخًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عَجِيبٞ ٧٢ قَالُوٓاْ أَتَعۡجَبِينَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِۖ رَحۡمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٞ مَّجِيدٞ ٧٣ ﴾ واتە: (لەو کاتەدا خێزانەکەی وەستابوو، یەکسەر پێکەنی، _ جا خوای گەورە فەرمووی _: ئێمەش مژدەمان دایە کە ئیسحاقت پێ دەبەخشین و لە دوای ئەویش یەعقوب، لە نەوەی ئیسحاق دێتە دونیاوە. خێزانی ئیبراهیم وتی: وەی ڕۆ! چۆن من داڵم دەبێت من پیرم و ئەمەش مێردەکەمە، پیرو بەساڵاچووە،

ڕەچەڵەکی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبیان بە ئیمامە تایبەتەکان یاخو بە باقر. بەپێی گێڕانەوەکەی باوکی جارود ئەوا باقر هەوڵی داوە ئەوە بسەلمێنێت کە نەوەی پێغەمبەری خوایە ((ﷺ)) لە بەرامبەر عەبباسییەکان کە نکوڵیان لەمە دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باقر نکوڵی لە گشتگیری فەرموودەی (عیترەت: خزمە نزیکەکان)ی نەکرد لەوەی کە عەبباسی و جگە لەوانیش لە تاڵیبی و عەلەوییەکان لە خۆ دەگرێت[1].

پێنجەم: ئەگەر ئەم فەرموودەیە ڕاست و دروستیش بێت ئەوا مانای ئیمامەت و جێنشینایەتی لەخۆی ناگرێت، بەڵکو وەسیەت سەبارەت بە خزمانی نزیك یان خانەوادە لە خۆ دەگرێت. هەر دوو وشەی باسکران هیچ ئاماژەیەکی وایان تێدا نییە کە ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی حوسەیندا کورت بکەنەوە، هەروەك ئیمامییەکان دەڵێن و لە باقر دەگێڕنەوە کە ڕاڤەی وشەی (ئەهل و بەیت) بە

---

بەڕاستی ئەمە شتێکی سەر سوڕهێنەرە!. فریشتەکان وتیان ئایا سەرسام دەبیت لە فەرمان؟ و کاری خوا؟! ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لەسەر بێت ئەی خێزانی ئەم ماڵە پیرۆزە). و جارێکی تر لە سوڕەتی ئەحزابدا (٣٣) هاتووە کاتیك خوای مەزن ڕووی فەرمایشتەکەی ئاراستەی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کرد: ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا (٣٣) ﴾ واتە: (ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵەکانی خۆتاندا بە سەنگینی و سەلاری بسرەوون، زینەت و جوانی خۆتان دەرمەخەن وەکو سەردەمی نەفامی یەکەم، نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکات بدەن، فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەشی بن، چونکە بەڕاستی خوا تەنها دەیەوێت هەموو ناپاکی و ناسازی و نا دروستییەك لە ئێوە دوور بخاتەوە ئەی خاوو خێزانی ماڵی پێغەمبەرو بە تەواوی پاکتان بکاتەوە).

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٥٠١.

ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی پێغەمبەر[1]. هەروەك هیچ بەڵگەیەك لە فەرموودەکەدا نییە لەسەر ئەوەی یەکێك لە خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر بەتایبەت ڕێنیشاندەرە و ناسێنەری قورئانە بە خەڵك یاخود تەنها ئەو دەتوانێت هەڵسێت بە ڕاڤە و وەرگێڕان و تەئویلی قورئان.

### ب_ ئایەتی خزمەنزیکەکان

ئیمامییەکان ئایەتی خزمە نزیکەکانیان: ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ ﴾ واتە: (پێغەمبەر ((ﷺ)) نزیکترە بە ئیمانداران لە خودی خۆیان، خێزانەکانیشی دایکیانن _ دایکی مەعنەوی ئیماندارانن _ خزمانیش هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە پێشترن لە کتێبی خوا _ قورئان _دا). بە بەڵگە هێنایەوە لەسەر کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەردا، بۆ ئەم مەبەستە لە باقریان گێڕایەوە کە وتویەتی: (ئەم ئایەتە لەبارەی ئیمامەت و حوکمڕانیەوە دابەزیوە، ئێمە لە باوەڕداران و کۆچبەران و پشتیوانان لە پێشترین بۆ ئیمامەت و لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)))[2]. بەڵام لە باقرەوە نەچەسپاوە کە ئەمەی وتبێت، گریمان ئەگەر وادابنێین گێڕانەوەکە ڕاستیشە ئەوا تەئویلی ئایەتەکە زۆرەملێیە و دوورە لە تێگەیشتنی سیاسی، جا ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە خزمە نزیکەکان

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٤٩٤ _ ٦ و ح رقم ٥٩٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٢.

لە پێشترن لە میراتگرتندا، هەروەها ئایەتەکە هەڵوەشێنەرەوەی میراتگرتنە بەهۆی برایەتی موسڵمانێتیەوە کە لە سەرەتای کۆچکردندا کاری پێ دەکرا، هەروەك ئەمە لە ناوکۆ (سیاق)ی ئایەتەکەدا بەدەر دەکەوێت: ﴿ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ إِلَّآ أَن تَفۡعَلُوٓاْ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِكُم مَّعۡرُوفٗاۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡكِتَٰبِ مَسۡطُورٗا ٦﴾ الأحزاب: ٦. واتە: (پێغەمبەر (ﷺ) نزیکترە بە ئیمانداران لە خودی خۆیان، خێزانەکانیشی دایکیانن _ دایکی مەعنەوی ئیماندارانن _ خزمانیش هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە پێشترن لە کتێبی خوا _ قورئان _دا، لە ئیمانداران و کۆچبەران، مەگەر لەگەڵ دۆستان و خزمان و ئاشنایانی خۆتان کارێکی چاك ئەنجام بدەن، ئەو چاکەیەتان لە نامەی کردەوەکانتاندا بۆتان تۆمار کراوە). لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئیمامەت ناگەیەنێت، چونکە وشەی (أولی الأرحام) هەموو خزمە نزیکەکان لە عەبباسی و تاڵیبیەکان دەگرێتەوە، ئیمامییەکان هەوڵیان داوە بە تەنها ڕەچەڵەك ڕاڤەی بکەن بێ ئەوەی بەڵگەیان بەدەستەوە بێت[1]. هەوڵەکانیان مایەپوچ و بەفیڕۆ چوون.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٢.

## پ_ فەرموودەی غەدیر

لە دوای شکستهێنانی ئیمامییەکان لە چەسپاندنی ئیمامەتی ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی حوسەینی کوڕی عەلی بە هۆی نزیکیایەت و خزمایەت و هاوشێوەی ئەم شتانە، پاشتر ئیمامییەکان فەرموودەی غەدیریان بە گەواهی هێنایەوە، ئەمەش دوای قەڵەوکردنی بە دەقی ڕاشکاو لەسەر ئیمامەتی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و ئەم فەرموودەیەشیان دایە پاڵ باقر، بۆ ئەم مەبەستە لە باقرپیان گێڕایەوە کە گوایە لە پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (ئەی موسڵمانان ئەوە گەورەی ئێوەیە لە دوای من جا ئەوەی ئامادەیە بەوە ڕابگەیەنێت کە ئامادە نییە) و بانگی عەلی کردووەو فەرموویەتی: (ئەی عەلی من دەمەوێت بتکەمە ئەمینداری ئەو شتەی خوا منی کردۆتە ئەمیندار بەسەریەوە لە غەیب و زانست و بەدیهێنراوانی خوا و ئەو ئاینە کە خوا پێی ڕازی بووە. بەخوا پێغەمبەر هیچ کەسێکی تری لەمەدا بەشدار نەکرد)[1]. سەرباری بوونی گومان لەسەر ڕاست و دروستی ئەم گێڕانەوەیە کە (کلینی) لە (الكافي)دا دەیگێڕێتەوە کە کتێبێکی بێ لایەن نییە، ئەوا باقر _ گریمان ئەگەر وا دابنێین گێڕانەوەکە بە دروستی لەوەوە هاتووە _ بێ زنجیرە و سەنەد فەرموودەکە دەگێڕێتەوەو دەیداتە پاڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) سەرباری بوونی جیاواز سێ نەوە کە باقر لە سەردەمی پێغەمبەر ((ﷺ)) دوور دەخاتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەمە گێڕانەوەیەکی ڕیزپەڕە و دژە لەگەڵ گێڕانەوە مێژووییە ناسراوەکە کە شیعە و سوننە لەسەری کۆکن، کە هیچ ئاماژەیەکی ڕاشکاو بە ئیمامەت و

---

(١) غەدیر: هەروەك پێشتر خستمانەڕوو واتە جۆگە و ڕێژگەی ئاو، خوم: ناوچەیەکە لە دەوروبەری شاری مەدینە، غەدیری خوم: واتە جۆگەی ناوچەی خوم. (وەرگێڕ).

جێنشینیایەتی لە دوای پێغەمبەر خوا ((ﷺ)) نادات، جا گێڕانەوەی ئەمە لە باقر گێڕانەوەکە لاواز دەکات، چونکە ڕێگە خۆشکەرە بۆ بانگەوازی ئیمامەت بۆ باقر.

## چامەی حەسانی کوڕی سابت لە ڕۆژی غەدیردا

هەندێك لە ئیماییەکان کە پاشتر هاتن بەڵگەی بە چامەی حەسانی کوڕی سابتی شاعیری پێغەمبەر ((ﷺ)) هێنایەوە لەسەر ئەوەی فەرموودەی غەدیر ڕاشکاوانە ئیمامی عەلی لە ڕۆژی (غەدیری خوم[1])دا کردۆتە ئیمامی موسڵمانان، ئیمامییەکان باسیان لەوە کردووە کە حەسان لە ڕۆژی سەر ئاوی خوم ئەم چامەی هۆنیوەتەوە دوای ئەوەی پێغەمبەر داوا لە بانگدەرێك کرد کرد کە داوای کۆبوونەوە بکات، بانگدەرەکەش هاواری کرد: نوێژی کۆبوونەوەیە، جا پێغەمبەر ((ﷺ)) دەستی عەلی گرت و فەرمووی: (کەسێك من گەورە و پێشەوای بم، ئەوا عەلی گەورەو پێشەوای ئەوە، خوایەگیان؛ پشتی ئەو کەسە بگرە کە پشتی دەگرێت و دوژمنایەتی ئەوەش بکە کە دوژمنایەتی دەکات). جا ئیمامییەکان پێیان وایە کە حەسان وتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا هۆنراوەیەك لەبارەی عەلیەوە بڵێم؟ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: ئەوە بکە، حەسەنا وتویەتی:

يناديهم يوم الغدير نبيـــــهم ... بخـم واسمع بالرسول مناديا

فقال فمن مولاكم و وليكم ... فقـــالوا ولم يبدوا هناك تعاديا

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٦.

إلهك مولانا وأنت وليـــــنا ولن تجدن منا لك اليوم عاصيا

فقال له قم يا علي فإنــــــي رضيتك من بعدي إماما وهاديا

فمن كنت مولاه وهذا وليه فكونوا له أنصار صدق مواليا

هناك دعـــا اللهم وال وليه وكـــن للذي عادا عليا معاديا

واته: له ڕۆژی غەدیردا پێغەمبەر له سەر ئاوی خوم بانگیان دەکات و زۆر بەجوانی گوێی بۆ شل دەکەن و گوێی لێ دەگرن، پێغەمبەر فەرمووی: کێ مەزن و پشتیوانتانه، هێشتا ناکۆکی سەری هەڵنەدابوو، وەڵامیان داوەو وتیان: خوا مەزنمانه و تۆش پشتیوان و پێشەوامانی و هەرگیز ئەمڕۆ هیچ کەسێکمان سەرپێچیت ناکات. فەرمووی هەسته عەلی بەڕاستی من ڕازی بووم بەوەی له دوای من ببیته ئیمام و ڕێنیشاندەر. من گەورەی هەر کەسێك بم ئەوەش گەورەی ئەوە، کەواته پشتی بگرن و ببنه پشتیوانه ڕاستگۆکانی. ئا لەوێوه پێغەمبەر ((ﷺ)) له خوا پاڕایەوه که پشتیوانی ئەو کەسه بکات که پشتگیری عەلی دەکات و ببێته دوژمنی ئەوەش که دوژمنایەتی دەکات.

چامەکه به چوار دێر گێڕدراوەتەوه، هەروەك جیاوازی له نیوەی دێڕی سێیەمدا کراوه تا ئاوای لێبێت: (ولم تلق منا في الولاية عاصيا) واته: له گەورایەتی و ئیمامەتدا هیچ یەکێکمان سەرپێچی ناکەین. هەروەك گێڕدراوەتەوه به زیادکردنی دێڕی حەوتەم: (فيا رب انصر ناصريه لنصرهم.... إمام هدى كالبدر يجلو الدياجيا) واته: ئەی پەروەردگارا؛ ئەو کەسه سەربخه که پشتیوانی

سەرکەوتنیان دەکەن، ئیمامی ڕێنیشاندەرە وەك مانگ لە ناو باوەشی تاریکیدا دەدرەوشێتەوە.

شێخ موفید (٤١٣ك مردووە) بەم چامەیە بەڵگەی هێناوەتەوە لە چەسپاندنی تیۆری ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت، جا لە (الفصول المختارة ٨٧) وتویەتی: (ئەوەی گەواهی لەسەر بۆچوونی شیعە دەدات لەبارەی واتای گەورایەتی و لەسەر ئەوەی مەبەستی پێغەمبەر لە مە لە ڕۆژی غەدیردا: ئیمامەت بووە؛ وتەی حەسانی کوڕی سابتە، هەروەك لە شوێنەوارەکاندا هاتووە: کاتێك پێغەمبەر عەلی وەك ئالاّ بۆ خەڵك نمایش کرد و وتەکانی لەم بارەوە خستەڕوو، ئەوا حەسان مۆڵەتی لە پێغەمبەر خواست تا هۆنراوەیەك لەم بارەوە بڵێت و جا دەستی پێکرد و وتی: پێغەمبەرەکەیان لە ڕۆژی غەدیردا بانگیان دەکات... دێڕە هۆنراوەکان، کاتێك حەسان تەواو بوو پێغەمبەر ((ﷺ)) پێی فەرموو: ئەی حەسەنان مادام تۆ بە زمانت بەرگریمان لێ دەکەی ئەوا لەلایەن جبریلەوە پشتیوانی دەکرێی، ئەگەر پێغەمبەر ((ﷺ)) مەبەستی لە گەورایەتی ئیمامەت نەبووبا ئەوا ستایشی حەسانی نەدەکرد لەسەر وتنی ئەمە، بەڵکو بەرپەرچی دەدایەوەو نکوڵی لێدەکرد). هەروەها موفید لە (پەیامەکەیدا لەبارەی واتای: مولی: گەورە) وتویەتی: (هۆنراوەی حەسان لەم بارەوە بەناوبانگە... ئەمە ڕاشکاوانە داننانە بە ئیمامەتی ئیمامی عەلی بەهۆی ئەو وتەیەی لەلایەن پێغەمبەری خواوە پێی وترا، کە ناکرێ تەئویل بکرێ و لابردێ بۆ مانایەکی نا ڕستەقینە و خوازراو)[1].

---

(١) موفید ئەم چامەیەی لە کتێبی (الإرشاد ٣١ و ٦٤)ی خۆیدا گێڕاوەتەوە.

و باوکی فەتحی کەراجکی (٤٤٩ك مردووە) لە کتێبی (کنز الفوائد ١٢٣) وتویەتی: (ئەم هۆنراوەیەی حەسان سوارەکان سەفەریان لە پێناودا کردووە، لە هۆنراوەکە حەسان دانی ناوە بە ئیمامەتی میری باوەڕداران _ سڵاوی خوای لێبێت _ و سەرۆکایەتی ئەو بۆ خەڵك، ئەمەش کاتێك ستایشی کرد لە ڕۆژی غەدیردا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ((ﷺ)) و لە بەردەمی بینەرێکی زۆرەوە، پێغەمبەریش وتەکەی حەسانی بەدروست دانا).

عەبدولحسین ئەمینی لە کتێبی (الغدیر)دا ئاماژەی بە مشتومڕی شیعە و سوننەی کردووە لەسەر واتای گەورایەتی، ناوبراو چامە و هۆنراوەی حەسانی بە بەڵگە هێناوەتەوە وەك پشتگیری شیعەی (ئیمامی) و وتویەتی: (پێغەمبەر ((ﷺ)) دانی نا بە وتە حەسان و واتاکەی و ئەمەشی فەرموو: ئەی حەسان هەردەم لەلاین جبریلەوە پشتگیریت دەکرێت مادەم بە زمانت پشتگیریمان دەکەی)، بەڵام ئەمەینی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ ئەو یاریەی بە درێژایی مێژوو بەو هۆنراوەو چامەیە کراوەو وتویەتی: (بۆ لێکۆڵەر دەردەکەوێت کە حەسان ئەم دێڕە هۆنراوانەی لەو چوارچێوە تەواوی کردووە کە پوختەیەکە لە پلەوپایەی میری باوەڕداران _ سڵاوی خوای لێبێت _، جا هەر یەکێك ئەو دێڕەی لەو هۆنراوەیە وەرگرتووە کە کۆکە لەگەڵ بابەتەکەی). و ئەمینی ئەوەشی وتوە: (حەسان چەندین شتی هەیە لەبارەی پیاهەڵدانی میری باوەڕداران کە پێشتر کەس دەستپێشخەر نەبووە، هەندێك لەوەی دەستەبژێرمان کردووە ئەوا پیشانت دەدەین، ئا لەو لایەنەوە دەزانین کە دەستی ئەمیندار بەسەر ئەو هۆنراوەیەدا نەهاتووە لەوەتەی زیادکراوە بۆ چامەکە، بەمەش وشەکانی لە شوێنی خۆیان دەستکاری کراون، یاری بە دیوانی حەسان کراوە هەروەك چۆن یاری بە زۆر دیوان

و کتێب و فەرهەنگی تر کراوە کە زۆرێك لە پیاهەڵدان و ستایش و پلەوپایەی ئال و بەیت _ سڵاوی خوای لێبێت _ لێی پەڕیون و لادراون). ئەمینی وای داناوە کە دەستکاری چامەی حەسانی کوڕی سابت کراوە بە ئاراستەی دژ بوون لەگەڵ ئیمامییەکان، بەڵام بە دڵنیاییەوە ناوبراو ئاماژەی نەکردووە بە گریمانەی هەڵسانی ئیمامییەکان بە هەڵبەستنی چامەکەی حەسان یان دەستکاری کردنی بەشێوەیەك کە خزمەت بە ئیمامییەکان بکات.

لە واقیعدا پێویستمان بە ماندووبوونێکی زۆر نییە بۆ ئاشکراکردنی هەڵبەسترانی چامەکە یان زیادکرانی هەندێك چەمکی ئیمامی بۆی لە کاتێکی دواتردا (لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا) ئەوە بەسە کە بزانین فەرموودەناس و زانا کەلامی و مێژوونووسانی شیعەی ئیمامی ئاماژەیان بەم چامەیە نەکردووەو لە کتێبەکانی پێشوویاندا باسیان نەکردووە: (وەك: نوبەختی لە کتێبی: فرق الشیعە، ئەشعەری قومی لە کتێبی: المقالات والفرق، کلینی لە کتێبی: الكافي، صەفار لە کتێبی: بصائر الدرجات، ئەمانە وەك نمونە) و چامەکە لە سەدەی چوارەمی کۆچی سەریهەڵداوە، بەوپێیەی ئەمینی خاوەنی کتێبی (الغدیر) باسی دەکات و دەڵێت: (گومان لەوەدا نییە کە کۆنترین کتێب کە دەستپێشخەر بووە لە گێڕانەوەی ئەم هۆنراوەیە کتێبی سەلیمی کوڕی قەیسی هلالی شوێنکەوتوو _ تابعی _ ڕاستگۆ بووە کە لەلای زانایان هەر دوو کۆمەڵەوە[1] پشتی پێ بەستراوە... لە دوای ئەو لەفیف کە یەکێکە لە زانایانی ئیسلام هۆنراوەکەی گێڕاوەتەوە کە ژمارەیان کەم نییە). دواتر ئەمینی باسی ناوی دوازدە فەرموودەناسی ئەهلی سوننە دەکات لە سەدەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و

(١) مەبەستی پەیڕەوانی سوننە و شیعەیە. (وەرگێڕ).

دواتریش ئەم هۆنراوەیان گێڕاوەتەوە، یەکەمیان: باوکی عەبدوڵای مەرزبانی محەممەدی کوڕی عیمرانی خوڕاسانی لەبەرکاری فەرمووده (حافظ) کە (ساڵی ۳۷۸ك کۆچی دوایی کردووە)، دواتر ئەمینی ناوی دوازده زانای مەزنی شیعەی ئیمامی دەهێنێت کە یەکەمیان شێخ محەممەدی کوڕی عەلی بابویەی صدوقە (۳۸۱ك مردووە) و دواتر شەریفی ڕیزا (٤٠٦ك مردووە) و شەریفی مورتەزای عەلەمی هودا (٤٣٦ك مردووە)[١] و شێخ توسی (٤٦٠ك مردووە) ئەوانە چامەکەیان بە گێڕانەوەی سەلیم گێڕاوەتەوە، جگە لە مێژوونووسی شیعەی هاوچەرخ توسی، باوکی جەعفەری کوڕی محەممەدی کوڕی جەریری کوڕی ڕۆستەمی کوڕی یەزیدی تەبەری (لە سەدەی پێنجەمی کۆچی ژیاوە) کە دێڕی سێیەمی هۆنراوەکە بەوشێوەیە دەگێڕێتەوەك (خوا مەزنمانە و تۆش پشتیوان و پێشەوامانی و هەرگیز ئەمڕۆ هیچ کەسێکمان سەرپێچیت ناکات) واتە بێ ئەوەی ڕاشکاوانە باس لە ئیمامەت بکات، بە پێچەوانەی ئەوەی لە هەندێك گێڕانەوەی تردا هاتووە: (ئەمڕۆ کەسمان بەدی ناکەیت لە بارەی ئیمامەت سەرپێچی کار بێت).

لە هاوکات بوونی گێڕانەوەی صدوق (۳۸۱ك مردووە) و حافیزی مەزرەبانی (۳۷۸ك مردووە) کە هەر دووکیان یەکەم کەس بووینە لە شیعە و سوننە چامەکە بگێڕنەوە، ئەوە تێدەگەین کە چامەکە لە سەدەی چوارەمی کۆچی دەرکەوتووە،

---

(١) سەرباری ئەوەی شەریفی مورتەزا لە کتێبەکەیدا (الشافي) ڕەت دەکاتەوە کە فەرموودەی غەدیر دەقێکی ڕاشکاو بێت لەسەر ئیمامەت، هەروەها دەشڵێت نازانێت هیچ یەکێك لە شیعەکان ئەمەی وتبێت، ناوبراو لە بەرپەرچی قازی هەمەدانی خاوەنی کتێبی (المغني) و ئەوەی شیعەی تۆمەتبار کرد بەوەی دەڵێن دەقی ڕوون و ئاشکرا هەیە لەسەر ئیمامەت وتی: (فەرموودەی غەدیر دەقێکی شاراوەیە نەك ڕۆشن). الشافي ١٢٨/٢.

بەوپێیەی شێخ ئەمینی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (کۆنترین کتێب کە دەستپێشخەری کردبێ بۆ گێڕانەوەی ئەم هۆنراوەیە کتێبی سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی بووە... لە دوای ئەو لەفیف کە یەکێکە لە زانایانی ئیسلام هۆنراوەکەی گێڕاوەتەوە کە ژمارەیان کەم نییە)[1]. ئەمە وتەیەکی ڕاستە و لەگەڵ دەرکەوتنی کتێبی سەلیم لە سەدەی چوارەمی کۆچی دەگونجێت.

بێ ڕەچاوکردنی بەڵگە بوون و نەبوونی گێڕانەوەی فەرمووودەناسانی دواتری ئەهلی سوننە (لە سەدەی چوارەم بە دواوە) و ئایا چامەکەی حەسان بە هاوشێوەی شیعە ئیمامییەکان دەگێڕنەوە بە شێوەیەك کە ڕاشکاوانە لەبارەی گەورایەتی و ئیمامەت دەدوێت یان نا؟ و ئەگەر لە ڕێگەی زنجیرەیەك پیاوی باوەڕپێکراوی جگە لە ئیمامییەکان دەگێڕنەوە یان نا؟ و ئەگەر باوەڕیان وایە دروستە و باوەڕیان پێ هەیە یان نا؟ کەواتە بۆچی ئەوانیش نەدەبوونە شیعەی ئیمامی؟ بێ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو پرسیارانە ئەوا هەڵسانی شیعە دوازدە ئیمامییەکان بە گێڕانەوەی چامەکە لە سەدەی چوارەم و پێنجەم و هەڵنەسانی کلینی و صەفارو فەرموودەسانە ئیمامییەکانی پێشتر بە گێڕانەوەی چامەکە ئەوە دەردەخات کە چامەکە دروستکراوەو هەڵبەستراوە یان ساختەکراوەو بەو شێوەیە یاری پێکراوە کە خزمەت بە تیۆری ئەوان بکات لەبارەی ئیمامەت لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا[2]. و ئەو پڕوپاگەندەی ئەمینی دەیکات سەبارەت بەوەی سەلیم (شوێنکەوتوو _

---

(١) الأميني، الغدير ٧.

http://www.aqaed.com/shialib/books/all/٢ghdir٠٢-٠١.htm١#٢ghdr٠٢

(٢) گێڕانەوەکانی ئەم چامەیە هاوشێوە بوون لەگەڵ دەرکەوتنی بۆچوونی دوازدە ئیمامی بە هۆی پشت بەستن بە کتێبی سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی، هەروەك مێژوونووسی شیعە مەسعودی (٣٤٥ك

تابیعی _یەکی ڕاستگۆ و پشت پێ بەستراوە لەلایەن زانایانی هەر دوو لاوە[1]) ئەوا ڕاست نییە و ئەیمنی قسەکەی نەداوەتە پاڵ هیچ سەرچاوەیەك، چونکە سەلیمی هلالی کەسێکی نەناسراوە لەلایەن ئەهلی سوننە و شیعەوە و دەکرێ کەسێکی هەڵبەستراو بێت، هەروەك شیعەکان گومانیان هەبوو سەبارەت بە هەڵبەسترانی کتێبی سەلیم، لەبەر ئەوەی ناوبراو گێڕانەوەی لە ڕێی (محەممەدی کوڕی عەلی صەیرەفی باوکی سومەینیە)ی درۆزنی ناودارو (ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی) زیادەڕۆچووی نەفرەتییە، کوڕی زەغائیری وتویەتی: (هاوەڵامان دەڵێن سەلیم ناناسرێت و باس و خواسی نییە، گومانیش لەوەدا نییە کە کتێبەکە هەڵبەستراوە، چەندین بەڵگە لەم بارەوە هەن)[2].

بەڵام خەبەرییە حەشەویەکانی شیعەی ئیمامی (وەك: صدوق و نوعمانی) پشتیان بەو کتێبە بەست کە لە سەردەمی ئەوان سەری هەڵدا و نوعمانی وەسفی دەکات بەوەی: (یەکێکە لەو سەرچاوانەی شیعە بۆی دەگەڕێنەوەو پشتی پێدەبەستن). کەچی شێخ موفید کتێبی سەلیمی بەلاواز داناوەو دەڵێت: (باوەڕ پێنەکراوەو نابێت کار بە زۆربەی بکرێت، دەستکاری و هەڵەیەکی زۆری تێکەڵ کراوە، بۆ کەسی دیندار پێویستە خۆی لێ دوور بگرێت لە هەموو ئەو شتانەی تێدان، بە تێکڕایی پشتی پێ نابەسترێت و نابێت گێڕانەوەکانی پیادە بکرێن،

---

مردووە) لە کتێبی (التنبيه والإشراف) باسی کردووە: (بنەڕەتی بۆچوونی کورت هەڵهێنانی ئیمامەکان لە دوازدە ئیمامدا ئەوەیە کە سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی لە کتێبەکەیدا باسی کردووە). المسعودي، التنبيه والإشراف ١٩٨، والأميني، الغدير ١/١٩٥.

(١) پەیڕەوانی سوننە و شیعە. (وەرگێڕ).

(٢) العلامة الحلي، الخلاصة ٨٣.

بەڵکو با پەنا بۆ زانایان ببەن تا ئاماژە بکەن بە گێڕانەوە دروست و نا دروستەکان)[1]. شێخ موفید ڕەخنەی لە شێخ صدوق گرتووە لەسەر ئەوەی شتی لەو کتێبە وەرگرتووەو پشتی پێ بەستووە، هۆکارەکەشی بەوە لێکداوەتەوە کە پەیڕەوی صدوق پەیڕەوێکی هەوڵی و خەبەرییە و بۆیە موفید لەوبارەوە وتویەتی: (صدوق لەسەر پەیڕەوی فەرموودە ناسانە، لە کارکردن بە ڕووکەشی دەربڕینەکان و لادان لەو ڕێگەی باوەڕپێکراوە، ئەمەش بۆچوونێکە زیان بە ئاینی مرۆڤ دەگەیەنێت و بەرچاوڕوونی لێ دەسەنێتەوەو دووچاری لاسایی کوێرانەی دەکات)[2].

ئەمەش دڵنیاکەرەوەیە و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە چامەکە لەلایەن ئیمامییەکانەوە لە سەدەی چوارەم هەڵبەستراوەو دراوەتە پاڵ (سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی) و هەروەك ئەوەشیان داوەتە پاڵ ناوبراو کە ڕاشکاوانە تیۆری ئیمامەتی دەربڕیوە و ژمارەی ئیمامەکان بە دوازدە ئیمام دیاری کردووە.

بۆ جەختکردنەوە لەسەر تیۆری دەقی ڕاشکاو لەسەر ئیمامەتی عەلی ئەوا ئیمامییەکان گێڕانەوەیەکی تر دەهێنن و دەیدەنە باقر و ئەویش بە پچڕاوی دەیداتە پاڵ ئیمامی عەلی کە گوایە لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لە ناو هاوەڵانی پێغەمبەر وتاری داوەو وتویەتی: خوای مەزن و ناو پیرۆز... بە من پشتی پێغەمبەرەکەی بەهێز کرد و من تایبەت کرد بەوەی ببمە ڕاسپێرراوی پێغەمبەر ((ﷺ)) و جێگرەوەی ئەو وەك پێشەوای ئوممەت... جا پێغەمبەر ((ﷺ)) فەرمووی: ئەی خەڵکینە عەلی بۆ من وەك هارون وایە بۆ

(١) المفيد، أوائل المقالات وشرح اعتقادات الصدوق ٢٤٧.

(٢) هەمان سەرچاوە ٢٤٢.

موسا، بەڵام ئەوەندە هەیە پێغەمبەر لە دوای من نییە... ئەمە دانانی من بوو وەك جێنشین وەك چۆن موسا هارونی بە جێگرەوەی خۆ دانا و پێی وت: ﴿ ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴾ الأعراف: ١٤٢. واتە: (ئیتر تۆ لە جیاتی من بە لە ناو هۆز و عەشیرەتمدا دەوری چاکسازی ببینە و نەکەیت شوێن ڕێبازی ئەوانە بکەویت کە تۆوی خراپە دەچێنن)[١]. بەڵام بەهەمان شێوە گومان لەوە هەیە ئەم گێڕانەوەیەش ڕاست بێت، بێ زنجیرە و سەنەد و ڕیزپەڕە و گێڕەڕەوەکەی بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئاگر بۆ خۆی کێش دەکات.

دەبینین توخمی ئەفسانەیی بە ڕۆشنی دیارە لە گێڕانەوەکاندا، بۆ نمونە ئەو گێڕانەوەیە کە دەدرێتە پاڵ ئیمام باقر، کە گوایە تیایدا دەڵێت: ئیمامی عەلی دەستی ئەبو بەکری گرتووەو پێغەمبەر باسی دوای مردنی خۆی کرد و پێ وت: (ئەی ئەبو بەکر باوەڕ بە عەلی و یادزە لە نەوەکانی بکە، چونکە وەك منە تەنها لە پێغەمبەرایەتی نەبێ و تۆبە بکە لەوەی لە ناو دەستت دایە و بگەڕێوە لای خوا، چونکە تۆ هیچ مافێکت بەسەرەوە نییە)[٢].

گریمان دەقی ڕاشکاو هەبوو لەسەر جێنیشینایەتی و ئیمامەتی عەلی، ئەوا تیۆری ئیمامەتی پێویستی بە بەڵگەی تەواوە تا شۆڕ ببێتە بۆ ئیمامەکانی تری

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، خطبة الوسيلة.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم ح رقم ١٣، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم گێڕانەوەیە فیکرەی دوازدە ئیمامی لە خۆ دەگرێت، ئەم فیکرە لە ناکاو بەسەر شیعە ئیمامییەکاندا هات لە سەدەی چوارەمی کۆچی، ئەمەش گریمانی هەڵبەستراوی لەو سەردەمدا بەهێز دەکات یان لە سەدەی دووەم ئەم بڕگەیە بۆ گێڕانەوەکە زیاد کرابێ کە لە سەدەی دووەمەوە هاتووەو دراوەتە پاڵ ئیمام باقر.

ڕەچەڵەکی عەلی و حوسەین. ئیمامییەکان جگە لە هەندێك گێڕانەوە لە باقر کە منداڵەکانی تری عەلی وەك محەممەدی  کوڕی حەنیفە و کوڕەکانی و نەوەکانی حوسەین هیچ تریان بەدەست نییە، کەچی هەر ئەوانەی ئەو گێڕانەوانە دووریان خستۆتەوە هەڵسان بە سەرکردایەتی کردنی شیعە لە کۆتاییەکان سەدەی یەکەمی کۆچی و سەدەی دووەمی کۆچ[1]. ئەم گێڕانەوانەی باسمان کردن گێڕانەوەی تاقان (ئاحاد)ی نەناسراون و گومان لەسەر ڕاست و دروستیان هەیە، ئەگەر لە باقریش گێڕدرابێتەوە ئەوا نابێتە بەڵگەیەکی شەرعی دڵنیاکەرەوە، بەهۆی ئەوەی پڕپاگەندەی مەزنی تێدایە: (وە: بە ئەمیندار دانانی ئیمامەکان لەسەر ئەو شتانەی خوا پێغەمبەرەکەی کردۆتە ئەمیندار لەسەری لە بەدیهێنان و غەیب و ئەو ئاینەی خوا پێی ڕازییە)، هەروەها بوونی تۆمەتی هەڵبەسترانی ئەو گێڕانەوانە لە کاتێکی دواتردا.

دامەزرێنەرانی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) هەندێك فەرموودەیان لە ئیمامی باقر گێڕاوەتەوە کە دەڵێت: ئیمامی عەلی کاتێك مرد وەسیەتی کرد بۆ منداڵەکانی کە گوێڕایەڵی حەسەن و حوسەین بن، حوسەینیش وەسیەتی بۆ کچە گەورەکەی خۆی فاتیمە کردووەو کتێبێکی پێچراو و وەسیەتێکی دیاری بۆ کردووە، عەلی کوڕی حوسەین لە سکی دایکی دابووە بەڵام پێیان وابوو حوسەن ئاماژەی بۆ کردووە، فاتیمە کتێبەکەی بە عەلی کوڕی حوسەین دا و پاشان بە خوا کتێبەکە بە ئێمە گەیشت[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما نص الله ورسوله على الأئمة واحدا بعد واحد ح رقم ٦.

ئەگەر گێڕانەوەکە ڕاستبێت لە باقرەوە _ هەر چەندە پێم وایە ڕاست نییە _ ئەوا دەستەوەسانە لە چەسپاندنی ئیمامەتی خوایی بۆ سەرجەم ئیمامەکانی تر:

یەکەم: یەك هەواڵ و خەبەر لە باقر گێڕدراوەتەوەو دەڕژێتە ناو بەرژەوەندی ئەو، بۆیە نابێت ئەم گێڕانەوەیە لە باقر قبوڵ بکرێت.

دووەم: گێڕانەوەی باقر دەقی ڕاشکاو سەبارەت بە ئیمامەت لە خۆ ناگرێت، بەڵکو دان بەوەدا دەنێت کە حوسەین وەسیەتی بۆ فاتیمەی خوشکی کردووە، وەسیەتەکەش دیاربووەو باسی لە ئیمامەت نەکردووە.

سێیەم: هیچ یەکێك نازانێت چی لە کتێبە پێچراوەکەدا هەبووە، دواتر ئاماژە ناکات بە بوونی دەق لەسەر ئیمامەت.

چوارەم: ئیمامەت بە دەق بێت، ئەوا بۆچی پێشتر ئیمامی حوسەین قسەی نەکردووە لەسەر ئیمامەت و گوێزرانەوەی بە پشتاو پشت و دەق و وەسیەت؟ بۆچی ئیمامی حوسەین خۆی گرت و چاوەڕوانبوو تا دوایین کاتژمێری ڕۆژی عاشورا بۆ ئەوەی کتێبێکی پێچراو بە خوشکەکەی بدات تا ڕادەستی زەینولعابدین بکات کە هیچ یەکێك نەیدەزانی چارەنووسی چ دەبێت؟ ئایا دەژیەت؟ یان هەر لە زووەوە دەمرێت؟ یان بۆچی ئیمامی حوسەین ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەینولعابدین نەدواوە.

لێرەدا چەند گێڕانەوەیەکی تریش هەن پشت دەبەستن بە بە میرات دەستا و دەست پێکردنی کتێب و چەکەکەی پێغەمبەر، وەك بەڵگەیەك لەسەر ئیمامەت، بەڵام دەقێکی ڕاشکاو لە خۆ ناگرن لەسەر ئیمامەتی یەکە یەکەی نەوەکان[1].

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر لاوازی هەموو ئەو بەڵگە و گێڕانەوانە، ئەوەیە ئیمامییەکان بۆ پشتگیری تیۆرەکەیان پەنا دەبەنە بەر ئەفسانەکان کە بە (دەرئاساکان) ناوی دەنێن وەك: موعجیزە و دەرئاسای قسەکردنی بەردە ڕەشەکەی کەعبە و دادوەری کردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان زەینولعابدین و محەممەدی کوڕی حەنیفەی مامی لەبارەی ئیمامەت[2]. کلینی و صەفارو ئیبن بابویە ئەم چیرۆکە لە باقر دەگێڕنەوە، کەچی بەردە ڕەشەکە نەدواو قسەی نەکرد بۆ سەرخستنی پێغەمبەری خوا لەو ڕۆژانەی بانگەوازی لە مەککە دەکرد، جا چۆن هەڵدەستێت بە چارەسەر کردنی کێشەی ئیمامەت لە نێوان عەلی کوڕی حوسەین و محەممەدی کوڕی حەنیفەی مامی؟ بۆچی نا؟ ئایا عەلی کوڕی حوسەین تۆمەتبار بوو بە ئیمامەت تا مامی ئەو داوای لێبکات وازی لێبێنێت؟ کەچی هەر عەلی کوڕی حوسەین بوو ئیمامەتی ڕەتکردەوە کاتێك ئیمامەت بۆ خرایەڕوو و موختاری کوڕی عوبەیدەی سەقەفی داوای لێکرد و زۆر لێی پاڕایەوە جڵەوی سەرکردایەتی شیعە بگرێتە دەست دوای کوژرانی باوکی.

سەرباری ئەمە ئەوا ئەو گێڕانەوانە بە ناڕاستەوخۆ دان بەوەدا دەنێن کە هیچ دەقێك نییە لەسەر ئیمامەتی ئیمامی سەجاد یان لەسەر ئەوەی ناوبراو

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على الحسن بن علي ح رقم ١ و ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة ح رقم ٥، والصفار، بصائر الدرجات ٥٠٢/١٠، وابن بابويه، الإمامة والتبصرة من الحيرة ٦٠.

شیاوترە بۆ ئیمامەت لە محەممەدی  کوڕی حەنیفەی مامی کە بانگەشەی ئیمامەت بۆ خۆی دەکرد، ئەوەش دەردەخات کە کەلێنێکی مەزن هەیە لە تیۆری ئیمامەتدا کە پێویستی بە دەقێکی ڕۆشن هەبوو لەو سەردەمدا.

ئەگەر وادابنێین ئەفسانەکە ڕاستە و دەرئاسا و موعجیزەکە ڕوویداوە، دەی کەواتە ئامانجی چ بووە؟ ئامانجی ئەوە نییە قەناعەت بە خەڵکی بکات سەبارەت بە ئیمامەتی زەینولعابدین؟ و ئەمەش پێویست دەکات کە دادگاییەکی ئاشکرا بێت. ئایا دادگاییەکە لە بەردەمی خەڵك ئەنجام درا؟ تا کارە دەرئاساکە ببینن و سوود لە بەرووبوومەکەی وەرگرن؟ خەڵکە کێن؟ ئایا ئەو کات کەعبەی ماڵی خوا بەتاڵ بووە؟ بۆچی چیرۆکەکە باسی هیچ سەرچاوەیەکی بێ لایەن ناکات؟ ئەگەر وا دابنرێت باقر گێڕاویەتیەوە ئەوا هەر نابێتە بەڵگەی شەرعی بەهۆی بوونی تۆمەتی بەرژەوەندی سیاسی لە پاڵیدا و چەسپانی ئیمامەت بۆ ئەو لە دوای باوکی.

سەرەڕای ئەوەی قورئانی پیرۆز ئەوە ڕەتدەکاتەوە هیچ کەسێك زانستی غەیب بزانێت تەنها ئەوە نەبێت کە خوا هەندێك شتی بە ڕەزامەندی خۆی پیشان هەندێك پێغەمبەران داوە، ئەوا یەکێك لە زیادەڕۆچووانی پێشوو کە ئەندامێکی بزوتنەوەی کیسانی بوو ئەویش خالیدی کابڵی بوو کە خزمەتکاری محەممەدی کوڕی حەنیفە بوو تا مرد هەڵسا بە هەڵبەستنی دەرئاسایەکی تری نهێنی کە دەدوێت لەسەر ئەوەی زەینولعابدین غەیب دەزانێت و گوایە ناوبراو ناوی ڕاستەقینەی کابڵی هێناوە کە (کەنکرە) گوایە هیچ کەسێك نازانێت[١].

---

(١) الكشي ٢/٣٣٦.

ئەمەش هەوڵێکی ناوبراو بوو بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی خوایی بۆ نەوەکانی حوسەین.

دوای بێ بەش کردنی محەممەدی کوڕی حەنیفە و نەوەکانی، لە ڕووی تیۆرییەوە لە مافی ئیمامەتدا، ئەوا ئیمامییەکان نەیانتوانی ئیمامەت لە نەوەکانی حوسەیندا کورت هەڵبێنن، بەهۆی کێبڕکێی حەسەنەییەکان لەگەڵ ئەوان و گرتنەدەستی جڵەوی ئیمامەت، ئیمامییەکان تەنها ئەوەیان بە دەستکەوت لە بەرامبەر نەوەکانی حەسەن بەوەی تۆمەتباریان بکەن بە درۆکردن و ئەو فەرموودانەی لەوبارەوە هاتوون بدەنە پاڵ باقر[1]. یان بەڵگە هێنانەوە بەم ئایەتە: ﴿ وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ جا تەئویل کردنی (الكلمه: وشەکە) و ڕاناوە دیارەکە بە حوسەین[2]. سەرباری ئەوەی ئایەتەکە لەبارەی پێغەمبەر ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت) و وشەی یەکتاناسی دەدوێت[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أنه من ادعى الإمامة وليس لها أهل ح رقم ١ و٢.

(٢) الخزاز، كفاية الأثر في النص على الأئمة الأثني عشر ٢٤٦.

(٣) سەید محەممەد حوسەینی تەبا تەبائی لە کتێبی (تفسیر المیزان)دا دەڵێت: ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ الزخرف: ٢٨. وادیارە ڕاناوی بکەری نادیار لە وشەی (جعلها) بۆ خوای مەزن دەگەڕێتەوە، ڕاناوی دیاریش _ هەروەك وتراوە _ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆبەری کردنەی ئیبراهیم _ سڵاوی خوای لێبێت _ ئەویش وشەی یەمتاناسییە... مەبەست لە (عقیبە) منداڵ و ڕەچەڵەکیەتی، هەروەها (لعلهم یرجعون) واتە: بەڵکو لە بت پەرستی دەگەڕێنەوە بۆ سەر خواپەرستی، واتە: هەندێکیان دەگەڕێنەوە _ کە جگە لە خوایان دەپەرست بەهۆی بانگەوازی خواپەرستان _ بۆ سەر خواپەرستی، بەمەش دەردەکەوێت کە مانەوەی وشەی یەکتاناسی لە منداڵ و ڕەچەڵەکی دا خاڵی نەبوونیانە لە کەسی یەکتاناس تا هەبن، لەوانەیە ئەمە بەهۆی گیرابوونی نزاکەی

چۆن دەکرێ باقر هەڵسێت بە ئیمامەت تەئویلی بکات و بە حوسەینی باپیری لێکی بداتەوە بێ بەڵگە؟.

لەوانەیە ئیمامییەکان هەست بەلاوازی هەڵوێستیان بکەن لە دامەزراندنی تیۆرەکەیان، بۆیە ئەفسانەیەکی تریان هێنا کە بریتییە لە (موعجیزەی وردە بەردەکانی دایکی ئەسلەم) کە لە باقر دەیگێڕێتەوە، پێیان وایە کە باقر وتویەتی: دایکی ئەسلەم هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و پێی وت: کتێبەکانی خوێندۆتەوەو هەموو پێغەمبەرو ڕاسپێرراوێکی ناسیوە، جا پرسیاری کردووە: ڕاسپێراو و جێگری تۆ کێیە ئەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ))؟ فەرمووی: ئەمە ڕاسپێرراو و جێگری منە، دواتر بە دەستی پیرۆزی هەندێك وردە بەردی سەر ڕووی زەوی هەڵگرت و پاکی کردنەوە، بەردەکە وەك ئارد بوو، دواتر کردیە هەویر و پاشان بە ئەنگوستیلەکەی مۆری کرد، فەرمووی: کەسێك وەك من ئەوە بکات ئەوا لە ژیانم و دوای مردنیشم ڕاسپێرراو و جێگری منە، دایکی ئەسلەم دەڵێ: لەلای پێغەمبەر ((ﷺ)) هاتمە دەرەوەو چوومە لای میری باوەڕداران ئەویش بە هەمان شێوەی پێغەمبەر کارەکەی کرد، دواتر هاتمە لای حەسەن و حوسەین و تەمەنم درێژ بوو تا گەیشتمە عەلی کوڕی حوسەین ئەو هەر یەکەیان پێغەمبەر ((ﷺ)) چی کرد ئەوانیش هەمان شتیان کرد[1].

---

بێت کە دەڵێت: ﴿ وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ﴾ إبراهيم: ٣٥. واتە: (خۆم و نەوەکانم بپارێزە لەوەی بتەکان بپەرستن).

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة ح رقم ١٥.

ئیمامییەکان نەیانوت (دایکی ئەسلەم) کێیە، کە تەمنێکی درێژی هەبووە، کەچی هیچ یەکێك لە مێژوودا نایناسێت؟ و ئایا لە کوێ بووە؟ لە کوێ هاتووە؟ لە کوێ و چۆن بە عەلی کوڕی حوسەین گەیشتووە؟ بۆچی دایکی ئەسلەم نەدەهاتە لای باقر بۆ ئەوەی بە ئەنگوستیلەکەی مۆری بۆ بکات؟ بۆچی پێغەمبەر هاوشێوەی ئەم دەرئاسا و موعجیزەیەی لە بەردەم بێ باوەڕانی قورەیش ئەنجام نەدا بۆ ئەوەی پێغەمبەرایەتی خۆی بۆ ئەوان بسەلمێنێت.

بۆ ئەوەی پشتیوانانی باقر زەیدییەکان (حەسەنییەکان)ی دژەڕایان دابماڵن لە مافی ڕابەرایەتی، ئەوا هەڵسان فەرموودەیەکیان دایە پاڵ باقر کە تیایدا ناوبراو ڕەخنەی لە حەسەنی مامی خۆی دەگرێت کە لە بەردەم موعاویە خۆی بەدەستەوە داوە لە کاتێکدا چل هەزار شمشێر ئەوی داپۆشی بوو، بە پێچەوانەی ئەوەی حوسەینی باپیرەی کرد بە حەفتا کەس جەنگا[1]. دەچێتە عەقڵەوە ئیمامی باقرِ ڕەخنە لە ئیمامی حەسەن بگرێت؟ یان ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە لە میانەی دەیان یاخود سەدان فەرمووده کە زیادەڕۆچووان زۆر بە ئاسانی هەڵیان دەبەست و دروستیان دەکرد؟ ئێمە ناڵێین ئیمامی باقرِ پارێزراو بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان نییە کێبڕکێی ئەو لەگەڵ نەوەکانی مامی پاڵی بنێت بۆ ڕەخنەگرتن لە حەسەنی مامی لەسەر وازهێنانی بۆ معاویە.

لەوانەیە باقر بانگەشەی مافی تۆڵەسەندنەوە کردووە لە بکوژانی حوسەینی باپیری، بەوپێیەی ئەو لەوانی تر لە پێشترە، چونکە خاوەنی خوێنەکەیە و لە هەموو خەڵکی لە پێشترە، گوایە ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنی بە بەڵگە

(١) العياشي، التفسير ٢/٢٩١.

هێناوەتەوە: ﴿وَمَن قُتِلَ مَظۡلُومًا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنًا ﴾ الإسراء: ٣٣. واتە: (ئەوەش ستەملێکراوانە و بێ تاوان دەکوژرێت، ئەوە بەڕاستی ماف و دەسەڵاتمان داوە بە نزیکترین کەسی کە تۆڵەی بۆ بسەنێت)[١]. جا ئەم ئایەتە چ پەیوەندییەکی هەیە بە مافی ئیمامەتەوە؟.

سەبارەت بە چیرۆکی (ئەوەی باقر چەکی پێغەمبەری خوای لایە) و لە باوو باپیرانیەوە بۆی ماوەتەوە، کە هەندێك لە ئیمامییەکان دەیهێننەوە بۆ چەسپاندنی مافی ئیمامی باقر لە ئیمامەتدا و بەدەرنانی نەوەکانی حەسەنی مامی، ئەم وتەیە دەدەنە پاڵ باقر: (چەکی پێغەمبەر لە ناو ئێمەدا وەك تابوتە لە ناو نەوەکانی ئیسرائیلدا، کە تابوت لە هەر کوێیەك بووبا ئەوا دەسەڵات و حوکمڕانی لەوێ دەبوو، چەکەکە لە کامە لابوو ئەوا زانستیش لەوێیە). ئەمە چیرکێکە مایەی ئەوە نییە باوەڕی پێ بکرێت، زۆر بە دوور دەزانین کە باقر پەنای بۆ بردبێت بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی خۆی. بە دەستپێکردن لە دروست نەبوونی پەیوەست بوونی ئیمامەت بە شتێکی نهێنی کە کەس نەزانێت و بە کەس نەچەسپێت یان بەهۆی ئەوەی دەکرێ کەسانی تر بانگەشەی هاوشێوە بکەن، ئەوا هەمان گێڕانەوە دەڵێت کە: ئیمامی باقر نەیتوانی چەکی پێغەمبەری خوا پیشانی خەڵکەکە بدات، هەروەها عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەن کوڕە مامی باقر بە هەمان شێوە و لە هەمان کاتدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە چەکی پێغەمبەری خوای لایە.

---

(١) العياشي، التفسير ٢/٢٩١.

ئیمامییەکان بە ئامرازو ڕێگە و هۆکاری جیاواز هەوڵیان دەدا بازنەیەکی پیرۆز بەدەوری ئیمامی باقردا بکێشن و لە بەرگی مرۆڤێکی ئاسایی بیبەنەدەر بۆ (ئیمامێکی پارێزراوی دیاریکراو لەلایەن خوای مەزنەوە) بەڵام دەستەوەسان بوون لە ئاست قەناعەت پێکردنی بەشێکی زۆری شیعە کە جیاوازیان لە نێوان باقرو زەیدی برای باقریان نەدەکرد، کە ئاڵای تێکۆشان و شۆڕش و تۆڵەسەندنەوەی حوسەینی بەرز کردبووەوە، ئەمەش سەری کێشا بۆ کۆبوونەوەی زۆرێك لە شیعە لە دەوری زەید و داوایان لێکرد دەربچێت و ڕاپەڕێت.

دوای دارِمانی بەڵگەی ئیمامییەکان یەك لە دوای یەك، هیچ شتێکیان لە دەوری خۆ نەبینی بۆ پشتگیری کردنی بانگەشەکەیان لەبارەی ئیمامەتی باقر جگەلە بابەتی زانست نەبێت[1]. بەڵام نەیانتوانی ئەوە بسەلمێنن کە باقر لە هەموو ئەوانی تر زاناترە، تەنها ئەوە نەبێت کە وتیان باقر کتێبەکانی باوکی بۆ ماونەتەوە. ئەمەش _ ئەگەر ڕاست بێت _ هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە لەسەر ئیمامەت یان هەر شتێکی تر.

چەند گێڕانەوەیەکی تر هەن کە کلینی لە کتێبی (الكافي)دا دەیگێڕێتەوە کە جابری کوڕی عەبدوڵای ئەنصاری (ساڵی ٧٨ك کۆچی دوایی کردووە) دەستی باقری گرتووەو وتویەتی: (پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) پێی ڕاگەیاندم کە بە یەکێك لە خانەوادەکەی دەگەم ناوی محەممەدی کوڕی عەلییە و بە باوکی جەعفەر ناسراوە، فەرمووی ئەگەر پێی گەیشتی سڵاوی منی پێ بگەیەنە) و گوایە زەینولعابدین بە باقری وتوە: (پیرۆزت بێت کوڕم لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة ح رقم ١٦.

تایبەت ئەمەی بۆ تۆ ناردووە لە نێوان خانەوادەکەت و براکانت لێ ئاگادار مەکەرەوە، چونکە فێڵ و تەڵەکەت بۆ دادەنێن، هەروەك براکانی یوسف پیلانیان بۆ یوسف _ سڵاوی خوای لێبێت _ دانا)[1]. تەنها یەك ڕێگە هەیە بۆ چەسپاندنی ئەم گێڕانەوەیە ئەویش ڕێگەی ئیمامییەکانە، ئەمەش گومان دەوروژێنێت لەسەر ئەوەی هەڵبەسترابێت لەلایەن ئەوانەوە بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی باقر، بەتایبەت کە گێڕانەوەکە ڕاشکاوانە ئەوە دەردەبڕێت کە شتەکە نهێنی بووەو باوکی فەرمانی پێکردووە بە براکانی ڕانەگەیەنێت، ئەی چۆن سەرجەم خەڵکی تر ئەمەیان زانی؟ و چۆن بووە بەڵگەیەك لەسەر ئیمامەت؟ لەگەڵ ئەوەی گێڕانەوەکە _ ئەگەر ڕاست بێت _ هیچ واتایەك هەڵناگرێت جگەلە سڵاو نەبێتە.

ئەوەی جەخت دەکاتەوە کە ئیمامی باقر دوور بووە لە بانگەشە کردن بۆ ئەوەی هەر پێگەیەکی نا ئاسایی هەبێت وەك: ئیمامەتی خوایی، ئەوەیە کە وەسیەتی ئیمامەتی بۆ صادقی کوڕی نەکرد، بەڵکو بەس ئەوەندە وەسیەتی بۆ کرد بیشوات و کفنی بکات و بەخاکی بسپێرێت[2]. ئەگەر ئیمامەتی خوایی بۆ ئیمامی باقر نەچەسپێت ئەوا بێگومان بۆ صادقی کوڕی و ئیمامەکانی تریش ناچەسپێت.

لەوانەیە باقر هەوڵی دابێت خۆی بەری بکات لە زۆرێك لەو کۆمەڵانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد پشتگیرو شیعەی ئەون، بەمەش شتانێکیان دەدایە پاڵ ناوبراو کە خۆی نەیدەزانی، ئەمەش کاتێك وتی: (سێزدە تاقم بانگەشەی ئەوە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على علي بن الحسن ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام ح رقم ٢.

دەکەن ڕێبازی ئێمەیان گرتووەو ئێمەیان خۆشدەوێت، دوازدە تاقمیان دۆزەخین و تەنها یەکیان دەچێتە بەهەشتەوە)[1].

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٢٨٣، و سەدیر هاتە لای باقر و پێی وت: پشتیوانەکانتم بە ڕاجیایی بەجێهێشت و هەندێکیان خۆیان لەوانی تر بەری دەکەن، باقر وتی: تۆ چ پەیوەندیت بەمەوە هەیە، خەڵکی سێ شتیان لەسەر شانە: ناسینی ئیمام، ملکەچ بوون بۆ ئەو شتەی لە ئیمامەکانەوە دێت، گەڕانەوە بۆ ئیمامەکان لەکاتی ڕاجیاییا. الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم وفضل المسلمين ح رقم ١، ئەمە ئەم وتەیەی ئیمام صادق ڕاڤە دەکات: (ئێمەی ئال و بەیت ڕاستگۆین و هەر دەم کەسێك هەیە بەدەمی ئێمە درۆ دەکات و بەمەش ڕاستگۆییمان لەلای خەڵکی دەخاتە ژێر پێ). و (کەسانێك لە ناو شوێنکەوتووانماندا هەن درۆی وادەکات شەیتان پێویستی بەدرۆکەیەتی... نەفرەتی خوایان لێبێت ئێمەش کەسانێکمان لەناودا هەن درۆزنە و درۆ بەدەممان دەکات یان ڕاوبۆچوونی نەزۆکی هەیە، خوا بێ نیازمان بکات لە پشتیوانی و کاڵای هەموو درۆزنەکان و درۆزنەکان بە گەرمی ئاسن سزا بدات). و (کەسانێك جلی ئەم ئوممەتەیان لەبەرکردووە کەچی لە جولەکە و نەصڕانی و ئاگرپەرست و هاوبەشدانەران پیسترو خراپترە). و (ئێوارەمان کردۆتەوەو هیچ کەسێك دوژمنکارتر نییە لەگەڵمان لەوەی خۆی بەخۆشەویستی ئێمە داپۆشیووە). و (خوا هەر ئایەتێکی لەبارەی دووڕووان دابەزاندبێت ئەوا ئەم ئایەتە ئەوانەش دەگرێتەوە کە کاڵای شیعەگەرێتی پۆشیوە). و (ئەگەر مەهدی دەرکەوت، ئەوا سەرەتا دەست دەکات بە کوشتنی شیعە درۆزنەکان). الخوئي، معجم الرجال ١٦٨١ عن الكشي ترجمة بن أبي زينب الأسدي ح رقم ٥ و ٩ و ١١ و ١٨ الطائفة الثانية.

# بەشی دەیەم

# پاکگرتنی ئیمامی صادق لە دانانی بە تیۆری ((ئیمامەت))

کارەسات و قەیرانی ئیمامی صادق لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی شیعەگەرێتی ئەوی دەکرد لە سەردەمی خۆی مەزنتر بوو لە کارەسات و قەیرانی باوکی، لەبەر ئەوەی هەندێکیان ئەوەندە زیاد ڕۆچوون تا ئەویان بە خوا دانا یاخود بە یەك پلە لە خوار پلەی خوایەتیان دانا، هەندێکی تر لەو شیعانە وتیان خوای مەزن کاروباری بەدیهێنان و ڕۆزی و مردن و ژین و لێپرسینەوەی ڕادەستی صادق کردووە، بۆیە بۆ زیادەڕۆچووان ئاسانتر بوو کە پێغەمبەرایەتی بدەنە پاڵ صادق یان قسەکردن لەگەڵ فریشتە یاخود بوونی دەق لەسەری لەلاین خواوە و هاوشێوەی ئەم بۆچوون و تیۆرانە جا هەر چەند دوور بێت لە ئایین یان ئەو بنەمایانەی ئیمام بۆ خۆی دارشت بوو.

ئیمامییەکان (یان ڕافیزەکان، کە ئەو کات بەو ناوە ناسرا بوون) هەمان پەیڕەویان گرتەبەر کە پێشتر لەگەڵ باقری باوکی صاقیان گرتبووەبەر لە بنیاتنانی تیۆرەکەیان لەسەر تەئویلی بە زۆر تەئویل کردن ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و گێڕانەوەی فەرموودەی زنجیرە و سەنەد پچڕاو لە پێغەمبەر ((ﷺ)) یان لە خوای مەزن یان پێغەمبەرانی پێشوو و گەلانی کۆن بێ پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی دیاریکراو، ئەگەرچی ئێمە گومانمان هەیە لە هەموو ئەو گێڕانەوانە و بەدووری دەزانین لە خودی ئیمام صادقەوە هاتبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیمامییەکان پێیان وایە چەسپاوە ئەوا بەهیچ شێوەیەك نابێتە بەڵگە، لەبەر ئەوەی ئیمام لای ئێمە نابێتە سەرچاوەیەکی زانیاری خوایی تا بەو هۆیەوە ملکەچ بین بۆ هەموو گوفتارەکانی، تەنانەت لەلامان نەچەسپاوە کە ئیمام خاوەنی ئیمامەتی خواییە و پەیوەندی بە غەیب و جیهانی نەبینراوەوە هەیە تا بەو هۆیە باوەڕ بە هەموو فەرموودەیەك بکەین. دووری بۆ ئیمامی صادق لەوەی شتی

لەو جۆرە بڵێت، بەڵكو پێمان وایە هەموو ئەو فەرموودانەی لە كەلەپوری ئیمامییەكاندا دراونەتە پاڵ صادق لاواز و ڕاست و دروست نین و شیاوی وەرگرتن نین[1].

لە ڕاستی دا زۆربەی ئەو شتانەی لە صادقەوە گێڕدراونەتەوە بریتییە لە دووبارە گێڕانەوەی ئەو شتەی لە باقر گێڕدراوەتەوە، بۆیە زۆر پێویست نییە تاوتوێی گێڕانەوە دووبارە بووەكان بكەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستە بكەین لەسەر هەندێكیان.

هەروەك تێبینی دەكەین كە یەكێك لەو گێڕانەوانەی دراوەتە پاڵ ئیمامی صادق لەبارەی وەسییەت دەدوێت لە ناو نەوەكانی ئیسرائیلدا و دەڵێت: (موسا _ سڵاوی خوای لێبێت _ وەسیەتی بۆ یوشعی كوڕی نون كرد، یوشعی كوڕی نونیش وەسیەتی بۆ كوڕی هاروون كرد، یوشع وەسیەتی نە بۆ كوڕی خۆی و نە بۆ كوڕی موسای نەكرد) بێ ئەوەی ئەم بۆچوونە پشت ببەستێت بە قورئان یان پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) یان هەتا سەرچاوەیەكی جولەكەییش بێت، دواتر گێڕانەوەكە بەردەوام دەبێت بە تەئویل كردنی قورئان بەشێوەیەكی نەخوازراو، لە بارەی ڕاڤەی ئەم ئایەتە: ﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلۡقُرۡبَىٰ حَقَّهُۥ ﴾ الإسراء: ٢٦. دەڵێت: مەبەستی پێدانی مافی عەلییە: ئەویش ئەو وەسیەتەیە كە بۆ ئەوت داناوەو ناوی خوای مەزن و

(١) لەوانەیە ئیمامییەكان ملكەچ بووبن بۆ هەموو ئەو شتانەی دەچەسپان كە لە صادق (سەرجەم ئیمامەكانەوە) هاتوون، بە پشت بەست بە پارێزراوی ئیمام و لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەكی زانستی خوایی و یاسادانانی ئاینیە، بەڵام ئێمە بەم قۆناغە نەگەیشتووین، بەڵكو هێشتا لە بنەڕەتی بابەتەكە دەكۆڵینەوە، ناشبێت لە كاتی تاوتوێ و مشتومڕدا دەرەنجامەكەمان یەكلا كردبێتەوە، چونكە ئەگەر یەكلامان كردەوە دەبێتە هۆی سنوور بەزاندن و خولانەوەی پوچەڵ.

میراتی زانست و شوێنەواری زانستی پێغەمبەرایەتییە. و ئەم ئایەتەی: ﴿وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ۝٨ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ۝٩﴾ التكوير: ٨ _ ٩. بەشێوەی دەستکاری کراو دەخوێنێتەوە: (أسألكم المودة التي أنزلت عليكم فضلها، مودة القربى بأي ذنب قتلتموهم) واتە: پرسیارتان لێدەکەم لەبارەی ئەو خۆشەویستیەی کە پلەو پایە و گەورەییەکەیم بۆ ئێوە دابەزاند، خۆشەویستی خزماتی و بە چ تاوانێك ئەوانتان کوشت[1].

جا ئایا ئیمامی صادق بەوشێوەیە یاری بە قورئان دەکرد؟ یان ئەمە کرداری زیادەڕۆچوو و لادەرەکانە؟.

لێرەدا نامانەوێت بوەستین لەسەر هەر گێڕانەوەیەك کە دراوەتە پاڵ ئیمامی صادق لەبارەی داڕشتنی تیۆری (ئیمامەت)، چونکە ئەوەندە زۆرە کە لە ژمار نایەن، بەڵام هەر هەموویان لەسەر پڕوپاگەندە و بانگەشە و تەئویل دامەزراون، بۆ نمونە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ التوبة: ١١٩. بەوەی مەبەستی ئیمامەکانە[2]. و ئەم فەرمایشتە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ الأنفال: ٢٤. بەوەی لەبارەی ئیمامەتی عەلی دابەزیوە[3]. و ڕاڤەکردنی سپاردە کە لەم فەرمایشتەدا هاتووە:

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أمير المؤمنين ح رقم ٣ و من المعلوم أن الآية هي: ﴿وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ۝٨﴾ التكوير: ٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله ورسوله من الكون مع الأئمة ح رقم ١.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٣٤٩.

﴿ إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ الأحزاب: ٧٢. بەوەی مەبەستی ئیمامەتی میری باوەڕدارانە[1]. بۆیە ئەم گێڕانەوانە هیچ بیروباوەڕێك یان بەڵگەیەكی دڵنیاكەرەوە پێك ناهێنن، سەرباری ئەوەی كە هەر نەچەسپاوە كە لە ئیمامی صادقەوە هاتبێت.

و فەرموودەی (نزاكە) كە لە زورارە ئەویش لە صادقەوە دەیگێڕێتەوە، كە یەكتاناسی و پێغەمبەرایەتی و ئیمامەت بە یەكەوە دەبەستێتەوە: (خوایەگیان؛ خۆتم پێ بناسێنە، ئەگەر خۆتم پێ نەناسێنی ئەوا پێغەمبەرەكەت ناناسم، خوایەگیان؛ پێغەمبەرەكەتم پێ بناسێنە، ئەگەر پێغەمبەرەكەتم پێ نەناسێنی ئەوا ئیمامی بەڵگەی تۆ ناناسم، خوایەگیان؛ ئیمامی بەڵگەی خۆتم پێ بناسێنە، ئەگەر ئیمامی بەڵگەی خۆتم پێ نەناسێنی ئەوا گومڕا دەبم لە ئاینمدا)[2]. ئەمە وێنای تیۆری ئیمامەت دەكات، كە ئەو تێبینیانەی پێشتر باسمان كردن لەبارەی ئەوەی كە دەدرێتە پاڵ صادق لەسەر كۆدەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زورارە مرد كەچی ئیمامی سەردەمی خۆی لە دوای صادقی نەناسی، جا ئایا زورارە بە گومڕایی مرد؟؟.

سەبارەت بە فەرموودەی عەبدولحەمیدی كوڕی ئەبو عەلاء كە لە صادقەوە گێڕایەتیەوە، كە سەرپێچی كردنی شەیتان بۆ فەرمانی خوا لە كرنووش بردن بۆ ئادەم یەكسان دەكات بە فەرامۆش كرانی ئەو ئیمامەی پێغەمبەر دایناوە لەلایەن

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٢ و ٧ و ٨ و ١٠ و ١٢ و ١٦ و ٢٩ و ٤٥ و باب أن النعمة التي ذكرها الله في كتابه هم الأئمة ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر في حالات الغيبة ح رقم ٥.

موسڵمانانەوە، هەروەها دەشڵێت خوا هیچ کارو کردەوەیەك پەسەند ناکات مەگەر بەوشێوەیە بێت کە فەرمانی پێکردوون و بەو مەرجەی لایەنگیری ئەو ئیمامە بکەن کە خوا فەرمانی کردووە لایەنگیری بکرێت[1]. ئەم فەرموودەیە شتانێك بەراورد دەکات کە جیاوازن، بەوەی فەرمانی خوا کە ئاڕاستەی شەیتان کراوە بۆ ئەوەی کرنووش بۆ ئادەم ببات ئەوا سەد لە سەد ڕوون و ئاشکرایە، کەچی فەرمانی خوا سەبارەت بە گوێڕایەڵی و فەرمانبەری ئوممەت بۆ ئیمامەکان ناڕۆشنە یان هەر نە چەسپاوە. هەروەك دەوترێت (تەخت و عەرش دواتر نەخش و هەڵکەندن). ئەگەر تەخت و عەرشی ئیمامەت نەچەسپێت ئەوا چۆن نەخش و نیگاری یەکسان بوونی توانای ئوممەت لەگەڵ شەیتان دەکێشین؟.

---

(١) (ئەگەر شەیتان دوای سەرپێچی و لووت بەرزیەکەی کرنووشی بۆ خوا بردبا بە ئەندازەی تەمەنی دونیا ئەوا خوای گەورە لێی قبوڵ نەدەکرد تا کرنووش بۆ ئادەم نەبات _ سڵاوی خوای لێبێت _ وەك چۆن خوا فەرمانی پێکرد، بەهەمان شێوە ئەم ئوممەتە سەرپێچی کارە هەڵخەڵەتاوە لە دوای پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەوا لە دوای ئەوەی ئەو ئیمامەیان فەرامۆش کرد کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوانی دانابوو ئەوا هیچ کردەوەیەکیان لێ وەرناگیرێت و هیچ چاکەیەکیان بۆ بەرز ناکرێتەوە تا فەرمانی خوا جێبەجێ نەکەن و پشتگیری ئەو ئیمامە نەکەن کە خواو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیان کردووە پشتگیری بکرێت و تا ئوممەت لەو دەرگایە نەیەتە ژوورەوە کە خواو پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوانی کردۆتەوە، ئەی باوکی محەممەد خوا پێنج فەرزی لەسەر ئوممەتی محەممەد پێویست کردووە: نوێژو زەکات و ڕۆژوو و حەج و دانان بە ئیمامەتی ئێمە و پشتگیری کردنمان، جا لە چوار فەرزەکەی یەکەمدا مۆڵەتی سەبارەت بە هەندێك شت داوە بەڵام خوا مۆڵەتی بە هیچ موسڵمانێك نەداوە لە فەرامۆش کردنی پشتگیری ئێمە بە خوا مۆڵەتی نەداوە). الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣٩٩.

فەرموودەكانی تر كە دراونەتە پاڵ باقر بەم شێوەیە دێن و پشتیوانی كەسانی تر جگە لە ئیمامەكان بە جۆرێك لە بێ دینی[١] یان بێ باوەڕ [٢] یاخود گومڕایی[٣] دادەنێن.

و ساختەكاری و درۆ لەسەر زمانی صادق دەردەكەوێت لەو فەرموودەیەی كە تیایدا دەڵێت: (ئیمامەتی ئێمە ئیمامەتێكی خواییە كە هەرگیز هیچ پێغەمبەرێكی بێ ئیمامەتی ئێمە ڕەوانە نەكردووە)[٤]. یان (هەر پێغەمبەرێك هاتبێت ئەوا مافی ئێمەی زانیوەو ئێمەی لە كەسانی تر بە گەورەتر داناوە)[٥]. یاخود (ئیمامەتی عەلی لە پەڕاوی تێكڕای پێغەمبەراندا نووسراوە)[٦]. لەبەر ئەوەی لە كتێبی هیچ پێغەمبەرێكدا باسی نەكراوە، نە لە تەوڕات و نە لە ئینجیلدا، تەنانەت قورئانی پیرۆزیش قسەی لەسەر نەكردووە، پێغەمبەریش ((ﷺ)) هەواڵی ئەمەی نەداوە، ئەی صادق ئەمەی چۆن زانی؟ _ ئەگەر ڕاست بێت فەرموودەكە لەوەوە هاتووە _، ئایا دەچێتە عەقڵەوە صادق فەرموودەی لەو جۆرە بڵێت؟ یان دەستكردی زیادەڕۆچووانە بۆ شێواندنی ناوبانگی ئەو و تێپەڕاندنی تیۆرە پوچەڵەكانیان بەناوی ئەوەوە؟.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٣٣ و كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٥٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٩٠.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٣.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٤.

(٦) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٦.

هەروەك تەئویلی نەخوازراو و زۆرلێكراو دەبینرێت لەو فەرموودەیەی كە دراوەتە پاڵ ئیمامی صادق، كە وشەی (العزم: سوور بوون) لەم فەرنایشتەی خوادا: ﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ ﴾ طه: ١١٥. تەئویل دەكات بە داننەنانی ئادەم بە ئیمامەكان، بە پێچەوانەی پێغەمبەرە ورە بەرزەكان كە دانیان بە ئیمامەتی ئیمامەكاندا نا[١]. لەم فەرموودەیەدا لە پاڵ تەئویلەكە ئەوەش دەوترێت كە ئایەتەكە دەستكاری كراوە، بەوەی بانگەشەی ئەوە دەكات كە ئایەتەكە بەشێوەیەكی تر دابەزیوە كە ناوی محەممەد و عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین و ئیمامەكانی ڕەچەڵەكی ئەوانی تێدابووە[٢]. ئەمەش جەخت لەوە دەكاتەوە كە فەرموودەكە لەلایەن زیادەڕۆچووانەوە دروستكراوە.

هەروەك لەم فەرموودەیەدا كە دراوەتە پاڵ صادق بە دەردەكەوێت كە بەشێوەیەكی ئەفسانەیی داڕێژراوە: (كاتێك خوا پێغەمبەری ((ﷺ)) بەرز كردەوە بۆ حەوت ئاسمانەكان... فریشتەكان كۆبوونەوەو پۆل پۆل سڵاویان لە پێغەمبەر ((ﷺ)) دەكرد و دەیانوت: ئەی محەممەد براكەت چۆنە؟ ئەگەر دابەزیت و گەڕایتەوە سڵاوی لێ بكە، پێغەمبەر فەرمووی: ئایا دەیناسن؟ وتیان: چۆن نایناسین لە كاتێكدا بەڵێن و پەیمانی تۆو و ئەو و پشتیوان و شیعەی ئەومان تا ڕۆژی دوایی لێوەرگیراوە؟ ئێمە ڕۆژانە پێنج جار لە ڕۆژو شەودا _ مەبەستی كاتی نوێژەكانە _ دیدار لەگەڵ ڕووخساری شیعەكان دەكەین، ئێمە دروود لەسەر تۆو براكەت دەدەین... محەممەد باشترین پێغەمبەرو عەلی چاكترین ئیمامە. دواتر خوا

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٢٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية ح رقم ٢٣.

سروش و نیگای بۆ محەممەد نارد و پێی فەرموو درووود لەسەر خۆت و خانەوادەکەت بدە، پێغەمبەریش ((ﷺ)) فەرمووی: درووودی خوا لە من و خانەوادەکەم بێت هەروەك درووودی لەسەر داوین)[1]. ئەوە بەسە بۆ بە درۆ و ساختە دانانی فەرموودەکە کە فەرموودەکە نەدراوەتە پاڵ پێغەمبەر، بەڵکو بەشێوەیەك فەرموودەکە دەگێڕێتەوە وەك ئەوەی یەکێك بوو بێت لە بینەرەکان، هەروەها باسی چیرۆکی ئەفسانەیی دەکات کە پێغەمبەر ((ﷺ)) و هیچ یەکێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان باسیان نەکردووە. بۆیە زۆر دوورە کە لە صادقەوە سەرچاوەی گرتبێت.

ئیمامییەکان لە پێناو چەسپاندنی ئیمامەتی خوایی بۆ صادق و لە میانەی نەبوون دەق لەسەری ناچار بوون بانگەشەی ئەوە بکەن کە ناوبراو غەیب دەزانێت[2]. عەماری ساباتی وتی: پرسیارم لە صادق کرد: لەبارەی ئەوەی ئیمام غەیب دەزانێت؟ صادق وتی: (نازانێت، بەڵام ئەگەر بیەوێت شتێك بزانێت ئەوا خوا فێری دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت)[3]. و (ئیمام ئەگەر بیەوێت شتێك بزانێت

---

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٥٧١٢ _ ١ النوادر.

(٢) بگەڕێوە بۆ: گفتوگۆی هیشامی کوڕی حەکەم لەگەڵ پیاوە شامییەکە لە دەقەری مەنا، کە قسە لەسەر پێویستی هەبوونی ئیمامی بەڵگە دەکات، جا کاتێك پیاوە شامییەکە داوای بەڵگەی لێکرد ئەوا صادق هەستاوەو باسی ئەوەی بۆ کابراکە کردووە کە ڕێگاکەی لە شامەوە بۆ مەککە چۆن بووە. و گفتوگۆی باوکی جەعفەری ئەحوەل لەگەڵ زەیدی کوڕی عەلی لە شاری کوفە، ئەحوەل بانگەشەی ئەوەی کرد کە زەید لە کۆتاییدا سوێندی بۆ خواردووە کە صادق لە مەدینە پێی وتوە کە دەکوژرێ و لەسەر زبڵدان هەڵدەواسرێت. ئەمەش وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی صادق غەیب دەزانێت و خاوەنی ئیمامەتی خواییە. الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإضطرار إلى الحجة ح رقم ٤ و ٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر فيه ذكر الغيب ح رقم ٢ و ٣ و ٤.

ئەوا دەزانێت)[1]. و وتیان: (ئیمام هێشتا کە لە سکی دایکی دایە شت دەبیستێت... ئەگەر ئیمامەتی پێ سپێررا ئەوا خوا ستوونێکی نووری بۆ دابین دەکات کە بەهۆیەوە کارو کردەوەکانی خەڵکی شارەکەی دەزانێت)[2].

ئیمامییەکان ئەم گێڕانەوانەیان لە ئیمامی صادق گێڕاوەتەوە، بەڵام ئێمە گومانمان هەیە لەو گێڕانەوانەی دەدرێنە پاڵ ئیمامەکانی ئال و بەیت کە گوایە ئەوان غەیبیان زانیوە. ئال و بەیت لەوە بە بەرزتر دەزانین شتی وا بڵێن کە پوچەڵیان دیارە، بەتایبەت هەندێك لەو گێڕانەوانەی دراوەتە پاڵیان باس لەوە دەکەن کە ئیمامەکان حەفتا و دوو پیتیان لە ناوی خوای مەزن لەلایە و خوای گەورە تەنها یەك پیتی لای خۆی هەڵگرتووە!

تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەندێك ئەو گێڕانەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن ئیمامەکان غەیب دەزانن ئەوا بە خودی خۆیان تێکگیراون و جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی ئیمامەکان غەیب نازانن، وەك گێڕانەوەکەی سەیفی تەمار کە تیایدا دەڵێت: صادق پرسیاری لە کۆمەڵێکی شیعەی دەڤەری حیجر کردووە: کە چاومان لەسەرە؟ ئەوانیش تەماشای دەوروبەریان کردووەو وتویانە: چاومان لەسەر نییە. جا ئەگەر ئیمام غەیبی زانیبا ئەوا دەیزانی کە کەس چاودێریان دەکات یان نا؟ پێویستی بەوە نەدەبوو داوا لە شیعەکان بکات سەیری دەوروبەر بکەن!.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة إذا شاءوا أن يعلموا علموا، ح رقم ١ و باب أن الأئمة ورثوا علم النبي و جميع الأنبياء والأوصياء، ح رقم ١. و باب نادر فيه ذكر الغيب ح رقم ١ و باب أن الأئمة يعلمون علم ما كان وما يكون ح رقم ١ و ٢ و باب فيه ذكر الصحيفة والجفر والجامعة ح رقم ١ و باب أن الأئمة يعلمون متى يموتون ح رقم ٢ و ٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب مواليد الأئمة، ح رقم ٢ و ٧.

سەبارەت بەو گێڕانەوەیەی دەڵێت ئیمام لە سکی دایکی دا دەبیستێت[١]. ئەمە بانگەشەیەکە واقیعی مێژوویی ئەمە بەدرۆ دەخاتەوە، کە ئیمامەکان تا دوایین خولەکی ژیانی ئیمامی پێشتر نەیان زانیوە کە ئیمامن، هەروەك هەندێگ گێڕانەوە کە کلینی و صەفار هێناویانە باس لەوە دەکەن، هەروەها پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە لە سکی دایکی دا شتی بیستووە، ئەمەش ئەم گێڕانەوەیە فڕێدەداتە ناو زبڵدانی درۆیەکان[٢].

## تیۆری قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام

هەروەك لە بەشی پێشوودا (پاکگرتنی ئیمامی باقر) وتمان کە ئەو زیادەڕۆچووانەی خزانە ناو ڕیزەکانی شیعە بیرۆکەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام)یان دایە پاڵ باقرو بەردەوام بوون و ڕەواجیان پێدەدا و بەهەمان شێوە دایانە پاڵ صادقی کوڕی باقریش، ئەوەشیان خستەسەر کە صادق غەیب زانیشە، جا لە صادقیان گێڕایەوە کە وتویەتی: (ئەوپەڕی زانستمان سێ ڕووی هەیە: ڕابردوو و تێپەڕیو و پەیدابوو، جا زانستی ڕابردوو ئەوەیە ڕاڤەکراوە، زانستی تێپەڕیو تۆمارکراوە، زانستی پەیدابوو بریتییە لە خستنە ناو دڵ و بە گوێدا چرپاندن، ئەمە باشترین زانستی ئێمەیە و هیچ پێغەمبەرێك دوای پێغەمبەری ئێمە نییە)[٣]. و لە صادقیان گێڕاوتەوە کە پێناسەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام)ی کردووە: (دەنگ دەبیستێت و کەسەکە نابینرێت. ئەوەندە ئارامی و

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب مواليد الأئمة، ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر فيه ذكر الغيب، ح رقم ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب جهات علوم الأئمة، ح رقم ١ و ٢.

هێمنی و شكۆداری بە بیسەرەكە دەدرێت تا دڵنیا دەبێت كە ئەمە وتەی فریشتەیە)[1].

ئیمامییەكان پێیان وابوو كە زانستی ئیمام لەوەدا كورت نابێتەوە كە لە دەمی كەس و كتێبەكانەوە فێر ببێت، بەڵكو لەوە (مەزنترو پێویستترە) و بە هۆی (ئەو گیان و ڕۆحەیە كە لە قورئاندا باسكراوە كە خوا دەیدات بە هەر كەسێك كە خۆی بیەوێت، جا ئەگەر بە یەكێكی بەخشی ئەوا تێگەیشتنی پێدەدات و فێری دەكات)[2]. و لەسەر زمانی صادق بانگەشەی ئەوەیان كرد كە: خوا هەموو ئەو زانستەی فریشتە و پێغەمبەرو پەیامبەران لێی ئاگادارن بە ئەوی بەخشیوە[3].

هەندێك لە زیادەڕۆچووان پێیان وایە ڕۆح یاوەری ئیمامەكان دەكات، ڕۆح (بەدیهێنراوێكە لە بەدیهێنراوەكانی خوا مەزنترە لە جبریل و میكایل، ناوبراو لەگەڵ پێغەمبەر ((ﷺ)) دابوو ئاراستەی دەكرد بەرەو ڕاستی و شتی پێ ڕادەگەیاند و لە دوای پێغەمبەریش ((ﷺ)) یاوەری ئیمامەكان دەكات)[4]. و ئەوەشیان خستەسەر: (فریشتەكان تۆقە لەگەڵ ئیمامەكان دەكەن لەسەر ڕایەخەكانیان، ئێمە چەند بەزەییمان بە منداڵەكانمان دێتەوە ئەوا فریشتەكان لەوە بە میهرترن بۆ ئیمامەكان)[5]. و زیادەڕۆچووان قسەیان لەسەر ئەوە كردووە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون، ح رقم ٢ و ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الروح التي يسدد الله بها الأئمة، ح رقم ٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة يعلمون جمیع العلوم التي خرجت إلى الملائكة والأنبياء، ح رقم ١ و ٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الروح التي يسدد الله بها الأئمة، ح رقم ١ و ٢ و ٣ و ٤.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة تدخل الملائكة بيوتهم، ح رقم ١.

که فریشتەکان لەسەر دیواری ماڵی ئیمامەکان دادەنیشن و پاڵ دەدەنەوەو جێماو و شوێنەواری فریشتەکان لە سەر دیوارەکان بەجێ دەمێنێت[1]. لەوەش دوورتر چوون بەوەی لەسەر ئەوە دوان کە لە شەوی هەینی دا ڕۆحی ئیمامەکان بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە تا دەگەنە لای عەرشی پەروەردگار بۆ داواکردنی زانستی زیاتر، جا بۆ ماوەی یەك هەفتە بە دەوری عەرشدا دەسوڕێنەوەو لەلای هەر ستوونێکی عەرش دوو رکائەت نوێژ دەکەن، دواتر دەگەڕێنەوە ناو جەستەی خۆیان بەمەش ئیمامەکان دڵ و دەروونیان پڕ دەبێت لە خۆشی و شادی و زانست و زانیاری[2].

زیادەڕۆچووان پێگە و پلەی ئیمامەکانیان بەرز کردۆتەوە بۆ ئاست پلەو پایەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و تەنها بابەتی زیاتر لە چوار ژن هێنانیان لێ هەڵاواردووە ئەویش لە فەرموودەیەکدا کە داویانەتە پاڵ صادق: (بەڵام جگە لە زیاتر هێنان لە چوار ژن ئەوا ئیمامەکان هەمان پلەو پایەی پێغەمبەریان ((ﷺ)) هەیە)[3]. هەر چەندە بیرۆکەی (قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام) بە پێغەمبەرایەتی دەچێت، ئەوا هەندێك زیادەڕۆچوو هەوڵیانداوە گومانی پێغەمبەرایەتی لەسەر صادق ڕەت بکەنەوەو جەخت بکەنەوە لەسەر ئەوەی بە پێغەمبەر محەممەد

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة تدخل الملائكة بيوتهم... ح رقم ٢، و كازم وتویەتی: (هەر فریشتەیەك خوا بە هەر ئەك و کارێك دایبەزێنێت ئەوا سەرەتا دێتە لای ئیمام و کارەکەی پیشان دەدات، وێستگەی فریشتەکان لای خوای گەورە ئیمامە).

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة يزدادون في ليلة الجمعة ح رقم ١ و ٢ و باب لولا الأئمة يزدادون لنفد ما عندهم، ح رقم ١ و ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة بمن يشبهون ممن مضى وكراهة القول فيهم بالنبوة، ح رقم ٧.

((ﷺ)) دەرگای پێغەمبەرایەتی کۆتایی هات و داخرا[1]. لە کاتێکدا هەندێکی تریان هەڵچوون و بە ئاشکرایی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی صادقیان کرد. کەچی کۆمەڵێکی تری شیعە ئەم بانگەشەیەیان ڕەتکردەوەو وتیان (ئیمام کە لە جیهانی پەنهانەوە قسەی بۆ دەکرێت) چۆن دەزانێت ئەو قسەیە سروش و نیگای خوایە؟ بۆچی لە سروش و نیگای شەیتانەوە نابێت[2].

بەبێ ڕەچاوکردنی هەڵوێستی صادق لە بەرامبەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) ئەوا زیادەڕۆچووە ئیمامییەکان دەستەوەسان بوون و نەیانتوانی ئیمامەتی خوایی بۆ جەعفەری صادق بچەسپێنن، شکستیان خوارد لە جێبەجێ کردنی تیۆرەکە لە گۆڕەپانی واقیعدا، جا ئیمامی باقر کۆچی دوایی کرد و وەسیەتی ئیمامەتی بۆ صادقی کوڕی نەکرد، بەڵکو وەسیەتەکەی باقر کە خودی ئیمامییەکان دەیگێڕنەوە کورت هەڵهاتبوو لە کاروباری شۆردن و کفن و بەخاك سپاردنی، ئیمام صادق واتای ئیمامەتی لە وەسیەتەکە هەڵنەهێنجا تەنها بە ئاماژە نەبێت. ئیمامییەکان هەوڵیاندا هەندێك گێڕانەوە بە بەڵگە بێننەوە کە لەو کاتدا دەستاو دەستیان پێ دەکرد، بەڵام ڕاشکاو و یەکلاکەرەوە نەبوون، بەڵکو تەنها چەند ئاماژەیەکیان لە خۆ دەگرت سەبارەت بە پلەوپای و زانستی ئیمامی صادق[3].

پڕۆسەی چەسپاندنی ئیمامەتی صادق سەخت و گران بوو تەنانەت لەلای زۆرێك لەو شیعانەی کە پرسیاریان دەکرد لەبارەی چۆنیەتی گوێزرانەوەی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة بمن يشبهون ممن مضى وكراهة القول فيهم بالنبوة، ح رقم ٢ و ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون، ح رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على جعفر الصادق، ح رقم ١.

ئیمامەت لە باقرەوە بۆ صادق. زۆربەی شیعەکان چوون شوێن ئیمامی زەیدی مامی صادق کەوتن کە زانستی لە صادق کەمتر نەبوو. و ئیمامی زەید بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ شیعەکان هەبوو و هانی دەدان بۆ ڕاپەڕین دژی ئەمەویەکان، جا پازدە هەزار کەس لە ناو شاری کوفە بەیعەت و پەیمانیان پێدا و لە ساڵی ١٢٢ك لە سەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك شۆڕشی هەڵگیرساند.

ئا لێرەوە ئیمامییەکان دەڵێن: صادق دروشمێکی بە ڕووی زەیدی مامی بەرزکردەوە ئەویش ئەوەبوو: (لە دوای حەسەن و حوسەین هەرگیز ئیمامەت لە برا بۆ برا ناگوازرێتەوە). سەرباری ئەوەی گومان هەیە لەوەی ئیمام صادق ئەمەی وتبێت، ئەوا ئەم قسەیەی لەسەر قورئان یان سوننەتی پێغەمبەر یاخود عەقڵ یان واقیع دانەمەزراوە، بۆیە ئەم دروشمە سەرکەوتوو نەبوو لە دوورخستنەوەی جەماوەری شیعە لە ئیمامی زەید، تەنها دەستەیەکی بچوك نەبێت کە ناونران بە (ڕەتکەرەوەکان: ڕافیزەکان) کە لە میانەی جەنگ لەگەڵ ئەمەویەکاندا پاشەکشەیان کرد.

ئیمامییەکان ئەوە دەدەنە پاڵ ئیمامی صادق کە گوایە ئەو یاسایەی داناوە کە دەڵێت ئیمامەت لە نەوەکانی حوسەیندا تا دوارۆژ بە ستوونی پشتاو پشتی پێ دەکرێت و دروست نییە بۆ برا یان مام یاخود کوڕەبرا یان کوڕە مام یاخود بۆ هەر خزمێکی نزیکی تر بگوازرێتەوە. بەڵکو لە نەوە بۆ نەوە پشتاو پشتی پێ دەکرێت[1]. بەم شێوەیەی ڕەوڕەوەی ئیمامەت تا هەتایە بەردەوام دەبێت[2]. بەڵام

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ثبات الإمامة في الأعقاب، ح رقم ١ و ٣ و ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ثبات الإمامة في الأعقاب، ح رقم ٥.

نەچەسپاوە ئەم وتەیە لە باقرەوە هاتبێت، جا ئەگەر ئیمامەت لەلایەن خواوە بێت ئەوا خوا بە ویستی خۆی بە یەکێك دەبەخشێت و پێویست ناکات وابەستە بکرێت بە ڕەچەڵەکێکی دیاریکرا و بەشێوەیەکی ستوونی، ئەگەر ئەم یاسایە دروست بێت ئەوا بۆچی بە هاتنی دەق لەسەر دوو برا حەسەن و حوسەین شکێنراوە؟ و بۆچی هەندێك ئیمام (وەك: عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح) منداڵی نەبوو تا ئیمامەتی پێ بەردەوام بێت؟ و بۆچی ئیمامی باقر چەند مەرجێکی تری خستەڕوو بۆ ناسینی ئیمام و هەندێك نیشانەی باس کرد بۆ ناسینی ئیمامی نوێ وەك: وەسیەتی دیار و پلەوپایە و زانست و بە تەمەن گەوتر بوون و چەکی پێغەمبەر و هێمنی و ڕێزو شکۆمەندی[(١)].

ئەگەر ئیمامەت لە خواوە بێت ئەوا پێویست بوو ئەو ئیمامەتە یاسایەکی چەسپاوی هەبووبا کە خەڵکی ڕێنوێنی و کۆکردبایەوە و خەڵکی پەرتی نەکردبا یان لە دوای هەر ئیمامێك بە سەرلێشێواوی بەجێیان نەهێشتبا[(٢)]. هەروەك دروست نەبوو ئیمام وەسیەت بۆ یەکێك لە کوڕەکانی بکات کە هەر لە ژیانی خۆیدا بمرێت (بەڵام صادق وەسیەتی بۆ ئیسماعیلی کوڕی کرد کەچی هەر لە ماوەی ژیانی صادقدا مرد).

هەروەها ئیمامییەکان دەڵێن: سەرەتا صادق بەڵگەی لەسەر ئیمامەتی خۆی هێنایەوە بەوەی چەکی پێغەمبەری لە باوکی بۆ ماوەتەوە، دەشی وت: (وێنەی چەکی پێغەمبەر ((ﷺ)) لەلای ئێمە وەك گەورەیی تابوتە لە ناو نەوەکانی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأمور التي توجب حجة الإمام، ح رقم ٢ و ٣ و ٦ و باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام، ح رقم ٢ و ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر في أن الغيبة، ح رقم ٢٨.

ئیسرائیل. له ناو نەوەكانی ئیسرائیلدا واباو بوو كە تابوت لەبەر دەرگای هەر كەسێك ببینرێت ئەوا ئەو ماڵە پێغەمبەرایەتی پێدەدرا. بەم پێیە هەر یەكێك له ئێمە چەكی لەلابێت ئەوا ئیمامەتی پێدراوە. باوكم قەڵغانی پێغەمبەری پۆشی لەبەر قورساییەكەی شوێنی پێیەكانی وەك هێڵ لەسەر زەوی دیار بوو، منیش قەڵغانەكەم پۆشی بەهەمان شێوە ئەوەم بەسەر هات. مەهدی كە له ڕەچەڵەكی ئێمەیە كە لەبەری دەكات ئەوا بەویستی خوا پڕ بە پێستیەتی)[1].

بەڵام ئەم چەكەی نادیاربوو، كەس نەیبینی بوو، بۆیە هیچ شتێك پێش و پاش نەخست[2]. و بەتایبەت حەسەنیەكانیش بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە چەكی پێغەمبەری خوایان لایە[3].

له هەوڵێكدا بۆ تێپەڕاندنی مشتومڕی لەسەر چەكەكە، دەڵێن صادق چەند جێگرەوەیەكی تری خستەڕوو كە ئەمانەن: (زانست، جیفرو پەڕاوی فاتیمە). له كاتێكدا لەلای حەسەنییەكان سەخت نەبوو بانگەشەی ئەوە بكەن كە ئەو شتانەی ناوبراویان هەیە وەك بەڵگەیەك لەسەر شەرعیەت و شیاوتربوونی خۆیان بۆ ئیمامەت[4].

هەروەها له ئیمامی صادق دەگێڕنەوە كە باس لەو تایبەتمەندییە دەكات كە پێشی دەخات بۆ وەرگرتنی ئیمامەت، لەوبارەوە وتویەتی: (سوێند بەخوا شتی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما عند الأئمة من سلاح رسول الله ومتاعه، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام، ح رقم ٢.

(٣) الخوئي، معجم الرجال رقم ٦٨٠٥ عن الصفار، بصائر الدرجات: الجزء ٤، في أن ما عند الأئمة عليهم السلام من سلاح رسول الله صلى الله عليه وآيات الأنبياء ١٧٤.

(٤) الصفار، بصائر الدرجات ١٥٨ و الكليني، الكافي ٢٤١/١.

وامان لایە کە پێویستیمان بە خەڵك نییە، بەڵکو خەڵك پێویستی بە ئێمەیە. ئێمە پەڕاومان لایە: کە حەفتا گەزە و بە ڕێنووسی عەلی و بەسەرپەرشتی پێغەمبەری خوا نووسراوە... باسی هەموو حەڵاڵ و حەڕامێکی تێدا کراوە)[1]. بەڵام حەسەنیەکان ڕووبەڕووی بوونەوەو گاڵتەیان پێکرد بەهۆی ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکات کتێبی (جیفر)ی لایە[2]. تەنانەت تۆمەتباریشیان کرد بەوەی کەسێکی پەڕاوگەڕایە، واتە: شت لە کتێبە کۆنەکانی ئیسڕائیل وەردەگرێت[3].

ئا بەوشێوەیە صادق جەنگەکەی لە بەرژەوەندی کوڕەمامەکانی دۆڕاند، بەتایبەت لە بەرژەوەندی (محەممەدی کوڕی عەبدوڵای خاوەن دەروونی پاك) کە ڕاپەڕی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئومەوی لە دوای کوژرانی وەلیدی کوڕی یەزید لە دیمەشق لە ساڵی ١٢٦ك و هاشمییەکان و جگەلەوانیش لە بەرهەڵستکارانی ئەمەوییەکان پەیمان و بەیعەتیان پێدا، تا وای لێهات هەندێکیان (وەك عەمری کوڕی عوبیدی سەرکردەی موعتەزیلەکان لەگەڵ هەندێك لە موعتەزیلەکان) چوونە لای باقر و داوایان لێکرد بێتە ناو بازنەی بزوتنەوەکە و بەیعەت بدات محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕەمامی خۆی[4].

---

(١) الصفار، بصائر الدرجات ١٤٢.

(٢) الصفار، بصائر الدرجات: الجزء ٣، باب ١٤ في الأئمة أنهم أعطوا الجفر والجامعة و مصحف فاطمة، ح رقم ١٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٥٥٣.

(٤) الكليني، الكافي، ح رقم ٨٢٤٧ _ ١.

## صادق خۆی لە تیۆری ئیمامەت بەری دەکات

تیۆری ئیمامەتی خوایی تەنها لەسەر چەند کۆمەڵێك ئەفسانە و تەئویلی نەخوازراو و بە زۆرملێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز یان فەرموودەی هەڵبەستراو و گێڕانەوەی ساختە و هەندێك تیۆری دژ بە پێویستییەکانی ئایینی ئیسلام دامەزرابوو، وەك: کۆتایی بوونی پێغەمبەرایەتی محەممەد ((ﷺ)) و پچڕانی سروش لە دوای ئەو. جا زۆر ئاسان بوو بۆ هەر موسڵمانێك یان لێکۆڵەرێك کە پەیی ببات بە بری بوونی ئیمامی باقرو صادق لەو تیۆرانە وەك چۆن گورگ بەری بوو لە خوێنی یوسف و بە دڵنیاییەوە ئەوە دەربخات کە ئەمانە دەستکردی زیادەڕۆچووە پیلانگێڕەکان بووە کە هاتوونەتە ناو ڕیزەکانی شیعە. ئەمانەش نەیاندەتوانی بازاری تیۆرەکانی خۆیان گەرم بکەن بە ناوی ئیمامەکانی ئال و بەیتەوە ئەگەر بەهۆی (خۆپارێزی: توقیە) نەبووبا کە ڕێگەی بۆ ئەوان خۆش کرد بەکەیفی خۆیان ڕاڤە و لێکدانەوەو تەئویل بکەن و فەرموودەکانی ئیمامەن سەراو ژێر بکەن و کردارو هەڵوێتەکانیان بە شێوەیەی پێچەوانە و سەر بەرەو ژێر بخەنەڕوو، سەرباری ئەوەی صادق نکۆڵی لێکردووەو پاك و بەری بووە لەوەی زیادەڕۆچووان دەیانوت و دەیاندایە پاڵ ئەو لە بانگەشەکردنی ئیمامەتی خوایی. و لە صادقیان دەگێڕایەوە کە دەیوت: (ئەگەر قسەیەکت لە من بیست وەك قسەی خەڵکی بوو، ئەوە بزانە خۆپارێزی و توقیەی تێدایە، ئەگەر شتێك لە من بیست بە قسەی خەڵکی نەچوو ئەوا خۆپارێزی تێدا نییە)[1]. زیادەڕۆچووان بانگەشەی خوایەتی و پێغەمبەرایەتیان دەدایە پاڵ صادق، بەڵام بە ئاسانی توانی خۆی لەم دوو بانگەشەیە بەری بکات، هەروەك بە سەختی توانی خۆی بەری بکات لە

---

(١) الوافي (٣٣٣٧٩) ٤٦.

بانگەشەی قسەکردنی فریشتەکان بۆ ئیمامەکان یان دابەزینی فریشتە بۆ لای ئیمامەکان یاخود غەیب زانینی ئیمامەکان. بەڵام صادق زۆر ناخۆشی بینینی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەندێك بەشی سادەی تیۆری ئیمامەتی خوایی وەك: بوونی دەقی خوایی لەسەر ئیمامەکان، کە بە ئاسانی ڕێگەی خۆی گرتبووەبەر بەرەو عەقڵی شیعە ئیمامییەکان، بۆیە لەلای زۆرێکیان سەخت بوو جیاوازی بکەن لە نێوان مەزهەبی ڕاستەقینەی صادق و ئەوەی زیادەڕۆچووان دەیاندایە پاڵ صادق. بەشێوەیەك کە بەپێی تێپەڕبوونی مێژوو دانرانی ئیمامییەکان وەك بەشێك لە جەعفەرییەکان بووە شتێکی بەڵگە نەویست. بەڵام وردبوونەوە بە وردو قووڵی لە کەلەپوری ئیمامی صادق و سەیر کردنی بەشێوەیەکی گشتگیر و بەراوردکرن و هەڵسەنگاندنی لە سەرجەم ڕووەکان و تێبینی کردنی جێبەجێ کردنی تیۆری ئیمامەت و ئەو کۆسپانەی هاتنە پێشی، یارمەتیدەرن بۆ جیاکردنەوەی باش لە خراپ و ناسینی کرۆکی مەزهەبی ئیمامی صادق. لە بەشی ڕابردوودا هەڵساین بە هەڵسەنگاندنی ئەو گێڕانەوانەی ئیمامییەکان دابویانە پاڵ ئیمامی باقرو صادق، چ لە ڕووی دەق و ناوەرکەوەو تێبینی کردنی ئەوەی ئەم گێڕانەوانە تێکدەگیرێن لەگەڵ عەقڵ و زانست و قورئانی پیرۆز. لە یەکێك لە قۆناغەکاندا گرنگیم دا بە تاوتوێکردنی ئەو گێڕانەوانە لە ڕووی زنجیرەو سەنەدەوە، بۆم دەرکەوت کە دوازدە ئیمامییەکانی دوایی هەڵساون بە ڕەخنەگرتن لە زۆرێك لەو گێڕانەوانە کە لە کتێبی (الكافي) دانراوی کلینی دا هاتوون، تا وای لێهات ئەو گێڕانەوانەیان وەرنەدەگرت یان دڵنیا نەدەبوون لێی، هیچ کێشەیەکیشیان لەلا نەما لە ڕەتکردنەوەی ئەو گێڕانەوانەی ئیمامییەکان تەنها بابەتی باوەڕ نەبێت بە خۆپارێزی (توقیە). ئەگەر شیعەکان ئەم پەردەیان لەسەر فەرموودەکانی ئال و

بەیت و بەتایبەت ئیمامی صادق لادابا ئەوا سەیری ڕووی ڕاستەقینەی نەزهەبی شیعەگەرێتیان دەکرد کە زۆر دوورە لە بۆچوونەکانی زیادەڕۆچوو و توندڕەوەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەی خودی کەلەپوری شیعە لەسەر زمانی ئیمامی صادق ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ناوبراو بە ڕاشکاوانە تیۆری ئیمامەتی خوایی و پاشکۆکانی ڕەتدەکاتەوە، بۆ نمونە صادق بە ڕاشکاوانە تیۆری ئیمامەتی خوایی و غەیب زانین ڕەت دەکاتەوەو فەرمان بە شیعەکان دەکات لایەنگیری دوو شێخەکە (ئەبوبەکرو عومەر) بکەن (ئەو دووانەی ئیمامییەکان تۆمەتباریان دەکەن بەوەی مافی جێنیشنایەتیان لە علی داگیرکردووە) و صادق بانگەشەی ئەوەی نەکرد دەق لە باقری باوکیەوە بۆی ماوەتەوە، هەروەك بە دەق ئیمامەتی هیچ یەکێك لە کوڕەکانی دیاری نەکرد. و هەموو ئەو ڕاستییانە ئاماژە بەوە دەکەن کە صادق ایۆری ئیمامەتی پەسەند نەکردووە، بەڵام زیادەڕۆچووان هەموو ئەو شتانە بە وێنەیەکی پێچەوانە و لە ژێر پەردەی خۆپارێزی (توقیە) ڕاڤە دەکەن.

کلینی لە سەعیدی سەممانی گێڕاوەتەوە کە گوایە لەلای صادق بووە، دوو پیاوی زەیدی هاتوونەتە ئەوێ و بە صادقیان وتوە: ئایا ئەو ئیمامەی گوێڕایەڵی کردنی پێویستە لە ناو ئێوەدایە؟ صادق وتی: نا، وتیان: کەسانی باوەڕپێکراو بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە کە تۆ لەوبارەوە ڕوونکردەوە دەدەی و دانی پێدا دەنێی و پەسەندیشی دەکەی، ئەگەر دەتەوێت ناوی کەسەکانت پێ دەڵێین: فڵان و فیسار، کەسانی لە خواترس و پارێزگارن و درۆ ناکەن. صادق توڕە بوو و وتی: ئەوان چاکتر دەزانن کە چیان وتوە... من فەرمانم بەو شتە بەوان نەکردووە. کاتێك

بینیان صادق توڕەبوونی بە ڕووخساریەوە دیارە ئەوا هەر دووکیان چوونە دەرەوە[1].

بەڵام ئیمامییەکان ئەوە بۆ ئەو دوو گێڕانەوەیە زیاد دەکەن کە ئیمامی صادق نەفرەتی لەو دوو زەیدیانە کردووە کە پرسیاریان کردووە دوای ئەوەی چوونەتە دەرەوەو جەختی لەسەر تیۆری ئیمامەت کردۆتەوەو بانگەشەی ئەوەشی کردووە کە: (شمشێرو قەڵغان و زرێ و کەرستە جەنگییەکانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و ئەنگوستیلەی سولەیمان لایە، هەروەها تەشتەکەی پێغەمبەر موسا کە قوربانی تێدا دەکرد و ئەو تابوتەی فریشتەکان هەڵیانگرتبوو و هێنابوویان و ئەو چەکەی لایە کە بدرێتە دەست کێ ئەوا ئیمامەتی پێ سپێرراوە)[2].

## هەڵوێستی ئەرێنی صادق لە بەرامبەر ئەبو بەکرو عومەر

لەسەر بنەڕەتی باوەڕ نەبوونی ئیمامی باقر بە تیۆری ئیمامەتی خوایی، ئەوا هەڵوێستێکی ئەرێنی گرتەبەر لە بەرامبەر هەر شێخ (ئەبو بەکرو عومەر _ خوایان لێ ڕازی بێت _) بە پێچەوانەی ئەو ئیمامیانەی دوو شێخەکەیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی جێنشینایەتیان لە عەلی داگیر کردووەو بەمەش خۆیان لەو دووانە بەری کرد و بەنهێنی دەیاندایە پاڵ صادق کە گوایە دوو شێخەکەی بە

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما عند الأئمة من سلاح رسول الله، ح رقم ١ والكشي عن سعيد الأعرج عن الإمام الصادق. الخوئي، معجم الرجال رقم ٥١٠٩ والصفار، بصائر الدرجات، ج ٤ و باب ٤ ما عند الأئمة عليهم السلام من سلاح رسول الله وآيات الأنبياء ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإضطرار إلى الحجة ح رقم ٥.

نەفرەت دەکرد. ئیمامی صادق بە ئاشکرا پشتیوانی ئەبو بەکرو عومەری دەکرد و داوای لە شیعەکان دەکرد دوو ناوبراوەکەیان خۆش بوێت و لایەنگیریان بکەن، هەروەك سالمی کوڕی ئەبو حەفصە دەڵێت: پرسیام لە باقر و صادق کرد لەبارەی ئەبو بەکرو عومەرەوە، وتی: ئەی سالم ئەوانت خۆش بوێت و لایەنگیریان بکە و خۆت بەری بکە لە دوژمنی ئەوان، ئەوانە دوو ئیمام و پێشەوای ڕێنوێنی کارو ڕێنیشاندەر بوون، دواتر صادق وتی: (ئەی سالم کابرا تانە و توانج لە باپیری خۆی دەدات؟ ئەبو بەکر باپیری منە، یاخوا تکا و شەفاعەتی محەممەد ((ﷺ)) لە ڕۆژی دواییدا نەمگرێتەوە ئەگەر من پشتیوانی ئەوان نەکەم و خۆم بەری نەکەم لە دوژمنانیان)[1].

باوکی بەصیریش (کە یەکێکە لە ئیمامییەکان کە دژی دوو شێخەکەیە) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لەو گێڕانەوەیەی کە تیایا دەڵێت: لەلای صادق دانیشتبووم، دایکی خالید هات و داوای مۆڵەتی کرد لە صادق، صادق وتی: پێت خۆشە گوێت لە قسەکانی بێت؟ وتم: بەڵێ، صادق: وتی ئێستا مۆڵەتی پێ بدە. وتی: هەر دووکمانی بەیەکەوە لەسەر یەك ڕایەخ دانیشاند، دواتر دایکی خالید هاتە ژوورەوەو قسەی کرد بینیم کەسێك ڕەوانبێژە و پرسیاری لە صادق کرد لە بارەی دوو شێخەکە، صادق پێی وت: خۆشت بوێن و پشتیان بگرە؟ وتی: کاتێك بە خزمەت پەروەدگارم دەگەم پێی دەڵێم تۆ وات پێ وتم؟ صادق وتی: بەڵێ، وتی:

---

(١) الذهبي، سير أعلام النبلاء ٢٥٨/٦، خوئی لە کتێبی (عمدة الطالب) لە سەید میهەنای وەرگرتووە: دایکی صادق: دایکی فەروەی کچی قاسمی فەقیهی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبو بەکرە، ئەسمای کچی عەبدوڕەحمانی کچی ئەبوبەکر دایکی ئەو بووە، بۆیە صادق دەیوت: (دوو جار لە ئەبوبەکرەوە هاتوومەتە دونیاوە). الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٩٥٥٨.

ئەوەی لەگەڵ تۆدایە لەسەر ئەو ڕایەخە دانیشتووە (مەبەستی باوکی بەصیرە) فەرمانم پێ دەکات خۆم لە دوو شێخەکە بەری بکەم و کەسیر نەوا (هاوەڵی سالی کوڕی ئەبو حەفصە) فەرمان پێدەکات پشتگیریان بکەم[1].

سەرباری ئەوەی لێرەدا هەڵوێستە باش و ئەرێنیەکەی صادق لە هەمبەر دوو شێخەکە ڕوون بوو، ئەوا باوکی بەصیر پێی وایە دایکی خالید ئەو پرسیارەشی لە صادق کردووە: کامەیان خۆشەویسترە لای تۆ؟ (کەسیری نەوا یان باوکی بەصیر) صادق وتی: بەخوا باوکی بەصیر لای من خۆشەویستترە لە کەسیری نەواو هاوەڵانی، چونکە ئەو پیاوە بەرەنگار دەبێتەوەو دەڵێت: (کەسێك حوکم بەوە نەکات کە خوا دایبەزاندووە ئەوا بێ گومان بێ باوەڕە) (کەسێك حوکم بەوە نەکات کە خوا دایبەزاندووە ئەوا بێ گومان ستەمکارە) (کەسێك حوکم بەوە نەکات کە خوا دایبەزاندووە ئەوا بێ گومان لاسارو تاوانکارە)[2].

## صادق ئەوە ڕەتدەکاتەوە غەیب بزانێ

کلینی چەند گێڕانەویەکی لە ئیمامی صادقەوە هێناوە کە تیایدا ئەوە ڕەت دەکاتەوە غەیب بزانێت، کە بناغەی تیۆری ئیمامەت پێك دێنێت[3]. جا لە سەدیری گێڕاوەتەوە کە ئیمام بە توڕەییەوە هاتەدەر بۆ لای کۆمەڵێك لە هاوەڵانی کە بریتی بوون لە (سەدیرو باوکی بەصیرو یەحیای بەزازو داودی کوڕی کەسیر) و پێ وتن: (ئەی خەڵکانێك چەند مایەی یەر سوڕمانین کە وا هەست دەکەن ئێمە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣١٩.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) بگەڕێوە بۆ بەشی پێنجەم، بانگەشەی ئیمامییەکان بۆ ئەوەی کە گوایە صادق غەیب دەزانێت.

غەیب دەزانین، تەنها خوای مەزن غەیب دەزانێت، بەڕاستی بە تەمابووم لە فڵانە کەنیزەکەم بدەم، کەچی لە دەستم ڕای کردووەو نازانم لە چ ماڵێکدا خۆی حەشارداوە)[1]. و صادق بەرپەرچی باوکی خەتابی داوەتەوە کە ڕەواجی بە هاووێنەی ئەم پڕوپاگەندانەی داوە، جا وتی: (ئەو قسەی باوکی خەتاب کە گوایە من وتومە غەیب دەزانم، جا بەو خوایەی کە جگە لەو هیچ خوایەك نییە بە ڕاست من غەیب نازان و یاخوا پەروەردگار پاداشتی مردووەکانم و بەرەکەت نەخاتە ئەوانەشمان کە لە ژیان داین ئەگەر ئەوەم پێ وتبێت. کەنیزەکێکی ڕەش پێستی بەپێشیدا دەڕۆیشت، وتی: من گەیشتم بە دایکی ئەم کەنیزەکە یان ئەم کەنیزەکە وەك هێڵی پێنووس کە بەسەرمدا نووسرابێ، ئەوە هاتە لام، ئەگەر غەیبم زانیبووبا ئەوا نەدەهاتە لام، لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی حەسەن دیوارێکمان لە نێوان خۆمان دابەش کرد کەچی ڕووبار لەبەر ئەو کەوت و چیاش بە بەر من کەوت)[2].

کاتێك باوکی بەصیر بە وتەی زیادەڕۆچوونی بۆ ئیمامی صادق گواستەوە بەوەی ناوبراو زانایە بە دۆڵی باران و ژمارەی ئەستێرەکان و گەڵای دارەکان و کێشی ئەوەی لە ناو دەریادایە و ژمارەی تەنۆلکەکانی گڵ، ئیمامی صادق دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو وتی: (پاك و بێگەردی بۆ خوا!... پاك و بێگەردی بۆ خوا!... بەخوا کەس ئەمە نازانێت تەنها خوای مەزن نەبێت)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب نادر فيه ذكر الغيب، ح رقم ٣.

(٢)الخوئي، معجم الرجال ١٠٠١٢ عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي، ح رقم ٥.

(٣) الخوئي، معجم الرجال ١٠٠١٢، عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي، ح رقم ٧ الطائفة الثانية.

کاتێکیش یەحیای کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن بە صادقی وت: خەڵکانێك پێیان وایە تۆ غەیب دەزانی، صادق وتی: (پاك و بێگەردی بۆ خوا، دەستت بخەرە سەر سەرم، بەخوا هەر موویێك لە سەرو جەستەمدا هەبێت ئەوا زیك بووەو هەڵساوە، یەحیا وتی: دواتر صادق وتی: نا بەخوا ئەوەی دەشی زانین تەنها ئەوەیە کە لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) دەیگێڕینەوە)[1].

## صادق هۆشداری دەدات لەوەی درۆی بەدەمیەوە بکرێت

ئەگەر ئەم هەڵوێستەی ئیمامی صادق کە بە ئاشکرا تیۆری ئیمامەتی خوایی و غەیب زانین ڕەتدەکاتەوەو تێڕوانینی ئەرێنیە بۆ دوو شێخەکە، بخەینە لە پاڵ کۆمەڵێك فەرموودە و قسەی ڕاشکاو کە تیایدا ناوبراو سکاڵا دەکات لە زۆری درۆکردن بە دەمیەوە کە هێشا لە ژیاندایە، ئەوا وێنەکە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، جا دەڵێت: (ئەی چەند زۆر خەڵکی درۆ بەدەمی منەوە دەکەن)[2]. و (ئێمەی ئال و بەیت ڕاستگۆین، بەڵام ئێمەش کەسی درۆزنمان تێدایە کە درۆ بەدەمی ئێمە دەکات و بەو درۆیە ڕاستگۆیی ئێمە لەلای خەڵکی ژێر پێ دەخات)[3]. و (ئەوەی ئەم ڕێبازە دەگرێتەبەر ئەوەندە درۆ دەکات تەنانەت وای لێدێت شەیتان پێویستی

---

(١) الخوئي، معجم الرجال ١٠٠١٢، عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي، ح رقم الطائفة الثانية.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٢٩٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب التقية، ح رقم ١٠.

به درۆكەی دەبێت)[1]. (خوا نەفرەتیان لێ بكات، بێ گومان ئێمە كەسانێكمان لە ناودایە درۆ بەدەمی ئێمە دەكات یان ڕاو بۆچوونی نەزۆكی هەیە، یا خوا پەروەردگار پشتیوانی هەموو دۆزنێكمان لە كۆڵ دەكاتەوەو گەرمی سزای ئاسنیان پێ دەچێژێت)[2].

لەبارەی یەكێك لە زیادەڕۆچووان (كە موسای كوڕی ئەشیم) دواوە وتویەتی: (موسا و هاوەڵەكەی و حەفصی كوڕی مەیمون دەهاتنە لام و شتی ڕاست و دروستم پێ ڕادەگەیاندن، دواتر دەچوونە دەرەوەو دەچوونە لای باوكی خەتاب، خەتابیش قسەی ڕێك پێچەوانەی قسەی منی بەوان دەوت، ئەوانیش قسەی باوكی خەتابیان وەردەگرت و ئەوەی منیان فەرامۆش دەكرد)[3]. و (من قسەیەك بۆ یەكێك دەكەم

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣٦٢.

(٢) الخوئي، معجم الرجال ١٦٨١، عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي، ح رقم ٥ و ٩ و ١١ و ١٨ الطائفة الثانية، ئیمامی باقر ڕشووی ڕاستەقینەی زۆرێك لە شیعەگەراكان ئاشكرا كردووەو خۆی لە زۆربەیان بەری كردووەو وتویەتی: (سێزدە تاقم ڕێبازی پشتیوانی و پشتگیری ئێمەیان گرتووە، دوازدەیان دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوەو یەكیان بۆ هەشت). الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٢٨٣. و لەوانەیە لەبەر دووری ئیمامی باقرو صادق (كە شاری مەدینەی پیرۆز دەژیان) لە جەماوەری شیعە كە زۆربەی لە شاری كوفە و وڵاتی عێراق و خوراسان... بوو صادق تەنها یەك جار سەردانی عێراقی كرد ئەویش لە دوای دارمانی دەوڵەتی ئەمەوی و دروستبوونی دەوڵەتی عەبباسی لە دەوروبەری ساڵی ١٣٢ك. لەوانەیە ئەم دوورییە ڕۆڵی هەبووبێت لە زاڵ نەبوونیان بەسەر جەماوەری شیعە و فەراهەم بوونی هەل و فرسەت بۆ زیادەڕۆچووان بۆ یاریكردن بە شیعەكان و بەبازاركردنی بە بیرو بۆچوونەكانیان و هەرچی بیانویستن بیدەنە پاڵ باقرو صادق.

(٣) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٣٨٢٥ الكشي، ترجمة جعفر بن ميمون.

ئەبو عەمری كوشی وتویەتی: یەحیای كوڕی عەبدولحەمید لە كتێبەكەیدا كە لە بارەی چەسپاندنی ئیمامەتی میری باوەڕداران (سڵاوی خوای لێبێت) نووسیویەتی: بە شەریكم (لەوانە

و ڕێگری لێ دەکەم لەوەی مشتومڕی بێ مانا لە ئاینی خوادا بکات و کار بە پێوانە _ قیاس _ بکات، کابرا لەلای من دەردەچێت و فەرموودەی من بەشێوەیەك تەئویل دەکات کە تەئویلەکە هەڵناگرێت)[1].

کاتێك صادق بۆی دەرکەوت کە ئەوەی لە سەردەمی خۆی زۆرتر بانگەشەی شیعەگەرێتی دەکات لە هەمووان درۆزنترە لە بانگەشەکەیدا و بە وردی پابەندی ئامۆژگاری و وتەکانی نابێت، ئەوا بە ڕاشکاوی پێی وتن: (بەخوا هاوەڵانی باوکم لە ئێوە باشتر بوون، هاوەڵانی باوکم گەڵایەکی بێ دڕك بوون، ئەمڕۆ ئێوە دڕکێکن بێ گەڵا، باوکی صەباحی کینانی وتی: بەقوربانت بم ئێمە هاوەڵی باوکتین، صادق

---

شەریکی کوڕی عەبدوڵای نەخەعی کوفی دادوەر بێت کە لە ساڵی ١٧٧ یان ١٧٨ مردووە) وت: خەڵکانێك پێیان وایە صادق فەرموودەی لاوازە، وتی: من چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە، صادق پیاوێکی چاك و خواناس و لەخواترس بوو، خەڵکانێکی نەفام لە دەوری کۆبوونەوە و دەچوونە لای و لەلای ئەو دەهاتن دەرەوەو دەیانوت: صادق بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە، فەرموودەی وایان باس دەکرد کە ناپەسەند و درۆ بوون و بەدەمی صادق هەڵبەسترابوون، بۆ ئەوەی ماڵی خەڵکی پێ بخۆن و پارەو پولیان لێوەرگرن، هەموو شتێکی نابەجێیان دەگێڕایەوە، خەڵکی سادە گوێبیستی ئەو شتانە بوون و هەیان بوو بەو هۆیە تیاچوون و هەشیان بوو ڕەتی کردەوە. نمونەی ئەم کەسە دۆڕاوانە وەك موفەزەڵی کوڕی عومەرو بەنان و عومەری نەبتی و جگەلەوانیش کە دەیانوت: صادق باسی ئەوەی بۆ ئەوان کردووە کە ناسینی ئیمام ڕۆژوو گرتن و نوێژ کردنیان لە کۆڵ دەکاتەوە، گوایە صادق فەرموودەی لە باوو باپیرانی بۆ ئەوان گێڕاوەتەوەو باسی دەرکەوتنی مەهدیشی بۆکردوون بەر لە بەرپابوونی دوارۆژ و عەلی لە ناو هەوردایە و لەگەڵ با دەفڕێت و گوایە عەلی لە دوای مردن قسەی دەکرد و لەسەر شوێنی مردوو شوشتن دەجوڵایەوە، خوای ئاسمان و زەوی ئیماتمە، جا ئەو نەفامانە هاوبەشیان بۆ خوا بڕیاردا. بەخوا هەرگیز صادق شتی وای نەوتوە، صادق لەوە لە خواترس و پارێزگارتر بوو لەوەی شتی وا بڵێت، بەڵام خەڵك کە ئەمەیان بیست ئەوا بەلاوازیان دانا، ئەگەر صادقت بینیبا ئەوا دەتزانی کە یەکێکە لە خەڵك. رجال الكشي ٢٠٨ و ٢٠٩.

(١) الخوئي، معجم الرجال ١٦٨١ عن الكشي.

وتی: ئێوە ئەو کاتە باشتر بوون لە ئێستا)[1]. و صادق بە زەیدی شەحامی وت: (ئێوەو خەڵکی چیتانە و خەڵکتان لە من هانداوە، من هیچ یەکێکم نە بینیوە گوێڕایەڵم بێت و وتەکەم وەربگرێت جگە لە یەك کەس ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەویش عەبدوڵای کوڕی ئەبو یەعفورە)[2].

## صادق خۆی لە زیادەڕۆچووان بەری دەکات

ئیمامی صادق سور بوو لەسەر دانانی پەیڕەوێکی ڕوون بۆ پشتیوانەکانی کە دامەزرابوو لە سەر پابەند بوون بە قورئان و سوننەتەوە، داواشی لێکردن کە هەر وتەیەك ڕەت بکەنەوە کە بدرێتە پاڵیان و پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت و لە تاقی دیوار بدرێت. کۆششێکی مەزنی بە درێژایی ژیانی خەرج کرد لە دژایەتی کردنی زیادەڕۆچووان و وتە شەیتانیەکانیان. صادق هۆشداری دایە پشتیوانانی و وتی: (ئاگاداری گەنجەکانتان بن و زیادەڕۆچووان تێکیان نەدەن، گومان لەوەدا نییە زیادەڕۆچووان خراپترین بەدیهێنراوی خوان، گەورەیی خوا بچوك

---

(١) الخوئي، معجم الرجال رقم ٢٦٣ ترجمة إبراهيم بن محمد بن سعيد.

(٢) الكشي، ترجمة عبدالله بن أبي يعفور، لە حەمودیەوە هاتووە دەڵێت: ئەیوبی کوڕی نوح لە محەممەدی کوڕی فوزەیلٚ ئەویش لە باوکی ئوسامەی کوڕی زەیدی شەحامەوە بۆمانی گێڕایەوە.لەوانە ناودارترین هەڵبەستەری فەرموودە لەسەر زمانی ئال و بەیت عەبدولکەریمی کوڕی ئەبو عەوجائی بێ دین بوو کە ماوەیەك خۆی خزاندە ناو ڕیزەکانی شیعەوە، بەر لەوەی کارە نزمەکەی ئاشکرا بێت و بڕیاری لە سێدارە درانی بەسەردا بسەپێنرێت، ناوبرا پێش کوژرانی دانی بەوەدانا (کە چوار هەزار فەرموودەی هەڵبەستووە تیایدا حەڵاڵی حەرام و حەرامی حەڵاڵ کردووە، لە ڕۆژێکدا ڕۆژووی بە شیعەکان شکاندووە کە دەبا بە ڕۆژووبان و لە ڕۆژێکدا ڕۆژووی پێگرتوون کە ڕۆژی ڕۆژووگرتنیان نەبوو). البغدادي، الفرق بين الفرق ٢٥٥ _ ٢٥٦.

دەكەنەوەو بانگەشەی خوایەتی بۆ بەندەكانی خوا دەكەن، بەخوا زیادەڕۆچووان خراپترن لە جولەكە و نەصڕانی و ئاگرپەست و هاوبەشدانەران). و زیاتر وتی: (فەرموودەیەك بەناوی ئێمەوە وەرمەگرن مەگەر كۆك و تەبا بێت لەگەڵ قورئان و سوننەت یان فەرموودەیەكی پێشوومان گەواهی و پشتیی بكات، چونكە موغەیرەی كوڕی سەعید نەفرەتی خوای لێبێت فەرموودەی وای بۆ كتێبی هاوەڵەكانی باوكم زیاد كردووە كە باوك ئەو فەرموودانەی نەوتوە، جا لە خوابترسن و فەرموودەیەك بە ناوی ئێمە وەرمەگرن كە پێچەوانەی فەرمایشتی پەروەردگارو سوننەتی پێغەمبەرمان محەممەد ((ﷺ)) بێت، چونكە ئەگەر ئێمە قسەیەكمان گێڕایەوە دەڵێین: خوای مەزن فەرموویەتی و پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی)[1]. و ئەوەشی زیادكردووە: (موغەیرەی كوڕی سەعید بە ئەنقەست درۆی بەناوی باوكم كردووە، ناوبراو كتێبی هاوەڵەكانی دەبرد، جا هاوەڵەكانی ئەو خۆیان بە هاوەڵانی باوكم شاردبووەوە، هاوەڵەكانی ئەو كتێبی هاوەڵەكانی باوكمیان دەبرد و دەیاندایە دەست موغەیرە، موغەیرەش بێ باوەڕی و بێ دینی تێدەكرد و دەیدایە پاڵ باوكم، ئینجا كتێبەكەی دەگەڕاندەوە بۆ هاوەڵەكانی و فەرمانی پێ دەكردن لە ناو شیعەدا بڵاوی بكەنەوە، جا ئەو زیادەڕۆچوونەی لە كتێبەكانی باوكمدایە ئەوا موغەیرەی كوڕی سەعید تێی كردووە)[2]. و صادق جەختی لەسەر ئەمە كردەوەو وتی: (موغەیرە درۆی بە دەمی باوكم دەكرد، یا خوا پەروەردگار سزای بدات بە ئاسنی گەرم). و وتی: (خوا نەفرەت لە موغەیرەی كوڕی سەعید بكات و نەفرەتیش لە جولەكایەتی بكات،

---

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ١٢٥٨٧ _ المغيرة بن سعيد.

(٢) أسد حيدر، الإمام الصادق والمذاهب الأربعة، ٣٨١/٢ _ ٣٨٣.

موغەیرە دەچووە لای جولەکەکان بۆ فێربوونی جادوو و سیحرو ئەنجامدانی کاری دەرئاسا، موغەیرە درۆی بەدەمی باوکم کرد جا خوا باوەڕی لێ سەندەوە، ئەوەی خەڵکانێك چینە درۆ بەدەمی منەوە دەکەن؟! یاخوا پەروەردگار بە گەرمی ئاسنن سزایان بدات. بەخوا ئێمە تەنها بەندە و کۆیلەی ئەو خوایەین کە ئێمەی بەدیهێناوەو هەڵبژاردووە، ناتوانیین نە سوود و نە زیان بگەیەنین، ئەگەر ڕەحم و میهرمان پێکرا ئەوا بە ڕەحمەتی خوایە و ئەگەر سزاش دراین ئەوا بەهۆی گوناهەکانمانە، بەخوا هیچ بەڵگەیەك و پاکانەیەکمان لەلایەن خواوە نەهێناوەو پێمان نییە، ئێمەش دەمرین و دەخرێینە گۆڕەوەو کۆدەکرێینەوەو زیندوو دەکرێینەوەو ڕادەگیرێین و لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت. وەی لە حاڵیان! ئەوە چییانە!؟ خوا نەفرەتیان لێ بکات! بەڕاستی ئازاری خوای گەورەیاندا و ئازاری پێغەمبەر ((ﷺ)) و میری باوەڕداران و فاتیمە حەسەن و حوسەین و عەلی کوڕی حوسەین و محەممەدی کوڕی عەلیاندا لە ناو گۆڕەکانیاندا (دروودی خوایان لێبێت)، ئا ئەوە من بە گۆشت و پێستی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لە ناوتاندام و شەو بە ترس و لەرزەوە بەسەر دەبەم، خەڵك ئارامن و من دەترسم، لەسەر جێگەیان دەخەون و منیش شەو بە بێداری و بە لەرزو ترسەوە بەڕێدەکەم و لە نێوان دەشت و چیادا دێم دەچم). و زیاتر وتی: (خوا نەفرەت لەوە بکات کە شتێك لەبارەی ئێمە بڵێت کە ئێمە لەبارەی خۆمانەوە نەیڵێین، خوا نەفرەت لە کەسێك بکات کە دەمانباتە دەرەوە لە بازنەی بەندایەتی کردن و پەرستنی ئەو خوایەی ئێمەی بەدیهێناوەو ئاکام و سەرەنجاممان بۆ لای ئەوەو نێوچەوانما بە دەستی توانستی ئەوەوەیە). و وتی: (خوا نەفرەت لە عەبدوڵای کوڕی سەبەء بکات کە بانگەشەی خوایەتی بۆ میری باوەڕداران کرد، بەخوا میری باوەڕداران _ سڵاوی

خوای لێبێت _ بەندەیەکی گوێڕایەڵی خوا بوو، قوڕبەسەر ئەو کەسەی درۆ بەدەمی ئێمە بکات، کەسانێك هەندێك شت لەبارەی ئێمەوە دەڵێن کە ئێمە لەبارەی خۆمانەوە ناڵێین، خۆمان لەوانە بەری دەکەین و بەخوا پەنایان لێدەگرین، بەخوا پەنایان لێ دەگرین)[١].

ئیمامی صادق گوتارێکی گشتی ئاڕاستەی شیعە کرد و وتی: (ئەی گرۆی شیعە... پشتیوانانی ئالی محەممەد ... ببنە سەرینی ناوەڕاست، بەمەش ئەوەی زیادەڕەوەی کردووە دەگەڕێتەوە لاتان و ئەوەش دواتان کەوتووە پێتان دەگات، یەکێك پێی وت: بەقوربانت بم چ زیادەڕۆچوونە؟ صادق وتی: شتی وا لەبارەی ئێمە بڵێن کە ئێمە لەبارەی خۆمانەوە نەیلێین، ئەوانە لە ئێمە نین و ئێمەش لەوان نینن کابرا وتی: ئەی دواکەوتوو چییە؟ ئەو کەسەیە گەڕاوەتەوەو مەبەستی چاکەیە، چاکە دەکات و پاداشتی لەسەر وەردەگرێت)[٢]. دواتر وتی: (کەسی زیدەڕۆچوو دەگەڕێتەوە لامان بەڵام وەری ناگرین، کەسی پاشکەوتوو دەگەڕێتەوە لامان و وەری دەگرین، پێی وترا: ئەمە چۆنە ئەی نەوەی پێغەمبەری خوا؟ صادق وتی: کەسی زیادەڕۆچوو خووی گرتووە لەسەر فەرامۆش کردنی نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەج و هەرگیز ناتوانێت واز لە خووەکەی بێنێت و گوێڕایەلچی فەرمانی خوا بێت، بەڵام کەسی پاشکەوتوو ئەگەر زانی چ بکرێت باشە ئەوا کاری پێ دەکات و گوێڕایەڵی دەنوێنێت). لە تەئویلی ئەم فەرمایشتەی پەروەدگاردا: ﴿ هَلۡ أُنَبِّئُكُمۡ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢٢١﴾ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ ﴿٢٢٢﴾ ﴾ الشعراء: ٢٢١ _ ٢٢٢. واتە: (ئایا پێتان بڵێم کە شەیتانەکان دادەبەزنە سەر کێ؟

(١) رجال الكشي ٧٠ و ٧١.

(٢) الطبرسي، مشكاة الأنوار في غرر الأخبار ط ١٣٨٥، ٢/٦٦.

دادەبەزنە سەر هەموو کەسێکی بوخاتنجی و تاوانبارو گوناهکار). صادق وتویەتی: ئەوانە حەوت کەسن: موغەیرە و بەیان و حەمزەی کوڕی عەماری بەربەری و حارسی شامی و عەبدوڵای کوڕی حارس و باوکی خەتاب[1].

ئیمامی صادق هەڵمەتێکی بەربڵاوی دەست پێکرد لە دژی خەتابییەکان کە دەیانوت هەر ئیمامێك پێغەمبەرە، دواتر وتیان ئیمامەکان خوان، وەك باوکی خەتابی محەممەدی  کوڕی ئەبو زەینەبی میقلاصی ئەسەدی کوفی، کە پێشتر باوەڕپێکراوی ئیمامی صادق بووە لە شاری کوفە، ناوبراو هەندێك فیکرەی بزوتنەوە زیادەڕۆچووەکانی شیعەی (وەك کیسانیەکان و بەیانیەکان)ی وەرگرت وەك بیرۆکەی ڕاڤەکردنی ئایین بە پیاوان، صادق بۆی نووسیی: (پێم گەیشتوە تۆ پێت وایە زینا پیاوە، مەیی پیاوە، نوێژ پیاوە، ڕۆژوو پیاوە، کاری خراپە پیاوە، وا نییە وەك تۆ دەڵێی، ئێمە بنەڕەتی ڕاستین و لق و پۆپەکانی ڕاستی گوارایەڵی کردنی خوایە، دوژمنی ئێمەش بناغەی خراپەن و خراپەکانی تر لق و پۆپی ئەوانن، چۆن گوێڕایەڵی کەسێك دەکرێت کە نەناسرێت، چۆن کەسێك دەناسرێت کە گوێڕایەڵی نەکرێت)[2]. و ئیمامی صادق بەرپەرچی تەئویلەکەی باوکی خەتابی دایەوە کە پەرستشەکانی بە پیاوان لێکدایەوەو وتی: (خوای گەورە بەشتێك لەگەڵ بەدیهێنراوەکانی نادوێتا کە نەزانن)[3].

---

(١) دوو سەرچاوەکەی پێشوو.

(٢) الخوئي، معجم الرجال ١٠٠١٢ عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي ح رقم ٤.

(٣) الخوئي، معجم رجال ١٠٠١٢ عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب: مقلاص، أبو الخطاب الأسدي ح رقم الطائفة الثانية ١.

کاتێك باوکی خەتاب بانگەشەی ئەوەی کرد ئیمامەکان پێغەمبەرن، فریشتە دێنە لایان و قسەیان لەگەڵ دەکەن، فریشتە شت بە گوێیاندا دەچرپێنن[1]. ئیمامی صادق وتویەتی: خۆم بەری دەکەم لەوەی وتویەتی: (ئێمە پێغەمبەرین)[2]. و بە باوکی بەصیری وت: (ئەی باوکی محەممەد من خۆم بەری دەکەم لەوەی پێی وایە ئێمە خواین... خۆم بەری دەکەم لەوەی پێی وایە ئێمە پێغەمبەرین). و هۆشداری داوە بە شیعەکانی لەوەی خۆیان دووربگرن لەو کەسەی دەڵێت: (ئێمە پێغەمبەری خواین، نەفرەتی خوای لێبێت، کەسێك گومانی لەوە هەبێت ئەوا نەفرەتی خوای لێبێت)[3].

صادق باوکی خەتابی بەدرۆ خستەوە لەوەی کە وتبوی لە نزیك باقر بووم و دەستی دانایە سەر سینەم و وتی: (تێبگە و لە بیری مەکە!) و گوایە پێی وتوە: (دەفری زانست و شوێی نهێنی و ئەمینداری زیندووان و مردووانمانی)[4]. و صادق

---

(١) ئەمە ئەو بۆچوون و بیرۆکەیە کە پێشتر مەعلای کوڕی خەنیس ڕەواجی پێ دەدا، تا صادق لەبارەیەوە وتی: (باوکی خەتاب لەم بیرۆکەدا تیاچوو و نەیزانی تەئویلی قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام و پێغەمبەر چییە) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الأئمة محدثون مفهمون ح رقم ٢.

(٢) رجال الكشي ١٦٠، ئەمەش دوای گفتوگۆی نێوان یەکێك لە هاوەڵانی باوکی خەتاب (کە مەعلای کوڕی خەنیس بوو) لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی ئەبو یعفور، مەعلا وتی: (ئیمام پێغەمبەرە). کەچی عەبدوڵای کوڕی ئەبو یەعفور وتی: (ئیمامەکان زانای چاك و لە خواترسن)، کاتێك چوونە لای صادق و مەجلیسیان گرێدا ئەوا صادق پێش ئەوان دەستی بە قسە کرد و وتی: ئەی عەبدوڵا من بەریم لەوەی وتی: (ئێمە پێغەمبەرە). یەعلا والی عەباسی کوشت کە ناوی داودی کوڕی عەلی بوو لە ساڵی ١٣٢ بۆیە کوژرا.

(٣) رجال الكشي ١٩٣ و ١٩٤ و ١٩٥.

(٤) موعاویەی کوڕی عەمار ئەمەی ئاشکرا کرد، هەروەك دەڵێت: چەند شتێکم پێ گەشت بوو لەبارەی صادقەوە، منیش بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای صادق، لەو کاتە کە من لەوێ بووم ئەبو خەتابیش هاتە

وتویەتی: (بەخوا هیچ بەشێکی جەستەم بە جەستەی ئەو نەکەوتوە تەنها دەستی نەبێت... و ئەو وتەیەی کە دەڵێت من وتومە: "دەفری زانست و شوێی نهێنی و ئەمینداری زیندووان و مردووانمانی" یا خوا پەروەردگار پاداشتی مردووان و بەرەکەت نەخاتە ناو زیندووانمان ئەگەر شتێکی لەو جۆرەم وتبێت)[1]. و زیاتر وتویەتی: (باوکی خەتاب نەفام و گێل و گەلحۆیە، من فەرموودەم بۆ دەگێڕایەوە بەڵام لەبەری نەدەکرد، کەچی ئەوەی هەیبوو زیادی دەکرد)[2].

ئیمامی صادق هەڵوێستێکی توندتری گرتەبەر لە بەرامبەر باوکی خەتاب کاتێك بانگەشەی خوایەتی بۆ ئیمامی صادق کرد، وتی: (نا بەخوا، هەرگیز بانی یەك ماڵ من ئەو کۆناکاتەوەو داناپۆشێت، ئەوانە خراپترن لە جولەکە و نەصرانی و ئاگرپەرست و هاوبەشدانەران، بەخوا هەرگیز گەورەیی خوا بچوك نابێتەوە بەوەی ئەوان هەوڵی بچوك کردنەوەی دەدەن... بەخوا ئەگەر عیسا دانی بەو شتانەدا نابا کە نەصرانیەکان لەبارەی ئەوەوە دەیانوت ئەوا خوا تا ڕۆژی دوایی

---

ژوورەوەو هێشتا ناوبراو لە مەجلیسەکە بوو بە ئیمامی صادقم وت: ئەبو خەتاب ئاواو ئاوای لە تۆ گێڕاوەتەوە، وتی: درۆیە، منیش: هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە گوێبیستی ببوین و نکۆڵیمان لێدەکرد لەبارەی یەك بەیەك پرسیارم لە صادق کرد، ئەویش هەر دەیوت: درۆیە، ئەبو خەتاب تا ئەندازەیك شڵەژا کە ڕیشی صادقی گرت، منیش شەقێکم لە دەستی دا و پێم وت: دەستت لابەرە، ئەبو خەتاب وتی: باوکی قاسم هەڵمەستە، صادق وتی: کارێکی هەیە، تا سێ جار ئەم داوایەی کرد و هەر جارە صادق دەیوت: کارێکی هەیە. صادق وتی: ئەبو خەتاب دەیویست پێت بڵێت: صادق ئەم شتانە بە من دەڵێت بەڵام لە تۆ دەشارێتەوە، جا تۆ ئاواو ئاوا بە هەواڵانم بگەیەنە. رجال الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب ح رقم ٩.

(١) الخوئي، معجم الرجال ١٠٠١٢ عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب الأسدي ح رقم ٥.

(٢) الخوئي، معجم الرجال ١٠٠١٢ عن الكشي، ترجمة محمد بن أبي زينب: مقلاص، أبو الخطاب الأسدي ح رقم ١٢.

هیچ نەبیستێ و کەڕ ببێت، بەخوا ئەگەر دان بنێم بەوەی خەڵکی کوفە لە بارەی منەوە دەڵێن، ئەوا زەوی دەیگرتم و بێ گومان من تەنها بەندەم و هیچ سوود و زیانێکم بەدەست نییە). و بەسەدیری وت: (ئەی سەدیر گوێچکە و چاو و موو و پێست و گۆشت و خوێنم لەوانە بەرییە، خواو پێغەمبەرەکەی خۆی لەوانە بەری کردووە، ئەوانە لەسەر ئاینی من و باوو باپیرانم نییە، بە خوا خوای گەورە من و ئەوان لە ڕۆژی دواییدا بەیەکەوە کۆ ناکاتەوەو خوا لەو ڕۆژەدا لێیان تورەیە)[1].

کاتێك کۆمەڵێك لە خەتابییەکان هاتنە شاری مەدینە و پرسیاریان لە ئیمامی صادق دەکرد لەبارەی پەروەردگارێتی، صادق بۆیان چووەدەر بە ترس و لەرزەوەو هەموو مووەکانی سەری ڕاوەستابوون و بە تورەییەوە وتی: ﴿بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾﴾ الأنبياء: ٢٦ _ ٢٧. واتە: (ئەوانە بەندەی ڕێزداری ئەون، _ ئەوەندە ڕەوشت بەرزن _ هەرگیز _ نافەرمانی ناکەن و _ قسە لە قسەیدا ناکەن و لە گوفتاردا پێشی ناکەون، ئەوانە بە فەرمانی ئەو دەجوڵێنەوەو فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکەن)[2]. صادق قسەی یەکێکیان (کە خالیدی کوڕی نەجیحی جەوانە) بە ناپەسەند دانا کاتێك بە

(١) هەمان سەرچاوە ح رقم ٦، وتی: وتم: بەقوربانت بم ئێوە چین؟ وتی: گەنجینەی زانستی خواو بەرجەستەکری سروش و نیگای خوا و کەسانێکی پارێزراوین، خوا فەرمانی کردووە گوێڕایەڵیمان بکرێ و ڕێگری کردووە لەوەی سەرپێچیمان بکرێ، ئێمە بەڵگەی تەواوین لەسەر ئەوەی لە نێوان ئاسمانەکان و زەویدایە. بەهەمان شێوە کلینی لە محەممەدی کوڕی یەحیا، ئەویش لە ئەحمەدی کوڕی محەممەد ، ئەویش لە بەرقی، لە باوکی تاڵیب و ئەویش لە سەدیرەوە گێڕاویەتیەوە. الكليني، أصول الكافي ١/٢٦٩.

(٢) رجال الكشي ٢٠٩.

هاوەڵەکانی وت: (وای بۆ تۆ چەند بێ ئاگان کاتێك لەلای پەروەردگاری جیهانیان قسە دەکەن!) ئیمام پێی وت: (ڕاوەستە خالید، سوێند بەخوا من بەندەیەکی بەدیهێنراوی خوام، پەروەردگارێکم هەیە و دەیپەرستم، بەخوا ئەگەر نەیپەرستم بە ئاگری دۆزەخ سزام دەدات)[1]. و صادق بە یەکێکی تریانی (صاڵحی کوڕی سەهلی هەمەدانی) وت: (ئەی صاڵح بەخوا ئێمە کۆیلە و بەدیهێنراوین و پەروەردگارێکمان هەیە و دەیپەرستین؟ ئەگەر نەیپەرستین سزا دەدرێین)[2].

کاتێك خەتابیەکان هەڵسان بە هاوار کردن (تەلبیە کردن) لە ناو شاری کوفە بەناوی ئیمام صادق، ئەوا ناوبراو ڕووخساری خۆی خستە سەر زەوی و بە پەنجەی ئاماژەی دەکرد و دەیوت: (بەڵکو بەندە کۆیلەیەکی زەبوونی خوایە) زۆر جار ئەمەی دووپات کردەوە، دواتر سەری بەرزکردەوەو فرمێسکەکانی بەسەر ڕیشیدا دەهاتن و دەتکان. یەکێك لە هاوەڵانی پێی وت: بەقوربانت بم تۆ بۆ وا لە خۆت دەکەی دەزانی تۆ کێی؟ صادق وتی: ئەی موصادف ئەگەر عیسا بێ دەنگ بووبا لەسەر ئەوەی نەصرانیەکان لەبارەی ئەویان دەوت ئەوا لەسەر خوا پێویست بوو کەڕو کوێری بکات، ئەگەر منیش بێ دەنگ ببم لەسەر ئەوەی باوکی خەتاب دەیڵێت، ئەوا پێویست بوو لەسەر خەڵکی کە کەڕو کوێرم بکات[3].

---

(١) الصفار بصائر الدرجات، ج ٥، ح رقم ٢٥.

(٢) الخوئي، معجم الرجال ٥٨٢٧ عن الكشي.

(٣) لە چیرۆکێکی هاوشێوە کە لە شاری مەدینەدا ڕوویدا هەندێك لە خەتابیەکان هاواریان کرد (بەدەم داوای تۆوە هاتین جەعفەری کوڕی محەممەد بە ملکەچییەوە)، صادق بەترس و لەرزەوە گەڕایەوە ماڵەوە و لە کڕنووشگەی خۆیدا کرنووشی برد و دەم و چاوی لە خۆڵ نا و ملکەچی بۆ خوا نواند و خۆی بەری کرد لەو شتەی هاوارای پێکرا. و وتی: ئەگەر عیسای کوڕی مەریەم ئەوەی ژماردبا کە

ئیمامی صادق دوای ئەوەی خەتابیەکان هاواریان کرد بەناوی ئەو لە جیاتی ناوی خوا و وتی: (بەخوا ئەگەر بەئێمە تاقیکرانەوەو ئێمەش فەرمانی ئاوا نابەجێمان پێکردن ئەوا پێویست بوو لەسەریان قبوڵی نەکەن، جا چۆن شتی وا دەکەن لە کاتێکدا دەمبینن دەترسم و دەلەرزم و خوا بە گژیاندا دەبەم و خۆمیان لێ بەری دەکەم و پەنا بەخوا دەگرم لەوان، ئێوە دەکەمە گەواهیدەر من کەسێکم لە پێغەمبەری خواوە هاتوومەتە دونیاوەو هیچ پاکانەیەکم لەلایەن خواوە پێ نییە، ئەگەر گوێڕایەڵی بم ڕەحمم پێ دەکات و ئەگەر سەرپێچیشی بکەم سزام دەدات بە توندترین سزا)[1].

و زیاتر وتی: (خوایەگیان؛ خۆم بەری دەکەم و پەنات پێ دەگرم لەوەی ئەجدەعی کۆیلەی هۆزی ئەسەد _ باوکی خەتاب _ بانگەشەی کرد و لەبارەی منەوە دەری بڕی، بەوهۆیەوە موو و پێستم ترسیان لێ نیشت، بەندەی تۆم و کوڕی بەندەی تۆم، ملکەچ و سەرشۆڕم لە بەردەمتدا) دواتر یەك کاتژمێر کەوتە سەر زەوی وەك ئەوەی لە خوا دەپاڕێتەوە، پاشان سەری بەرز کردەوەو دەیوت: (بەڵێ... بەڵێ.... بەندیەکی ملکەچ و ترساو سەرشۆڕ بۆ پەروەردگاری و بچوك و خاکی و ترساو لە پەروەدگاری، بەخوا من پەروەردگارێکم هەیە و بەندایەتی بۆ دەکەم و دەیپەرستم، هەرگیز هیچ شتێك بە هاوەبەشی دانانێم، ئەوە باوکی خەتاب چییەتی یاخوا خوای مەزن بیتۆقێنی و ترس بخاتە دڵیەوەو لە ڕۆژی دواییدا دڵ و دەروونی جێگرو ئارام نەکات... هاوارکردن _ تەلبیەکردنی _

---

خوای گەورە لەبارەی ئەوەوە وتبووی ئەوا بەشێوەیەك لاڵ و کوێرو کەڕ دەبوو هەرگیز نەیدەتوانی جارێکی تر شت ببیستێ و ببینێ و بڵێ. رجال الكشي ١٩٢ و ١٩٣.

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث، ترجمة المغيرة بن سعيد، والكشي في رجاله.

پێغەمبەران و هی من و پەیامبەرانیش وا نەبووە، بەڵکو من ئاوا وتومە: خوایەگیان وەڵامگۆی تۆم و بەرەو بانگەوازەکەت هاتووم، بەڵێ بە پیری بانگەوازەکت هاتووم بێ گومان هاوبەشت نییە)[١].

ئیمامی صادق باوکی خەتابی بە نەفرەت کرد، بەڵام ناوبراو هەوڵیدا خۆی لە نەفرەتەکەی ئیمام بدزێتەوەو خۆی لێ بەر بکات، ئەمەش بە تەئویل کردنی وتەی ئیمام، بۆیە باوکی خەتاب وتی: ئیمام مەبەستی کەسیکی ترە کە ناوی باوکی قەتادەی بەصرییە و نازناوی باوکی خەتابە، کاتێك هەواڵی ئەوە بە صادق گەیشت کە باوکی خەتاب قسەی ئەوی دەستکاری کردووە، ئەوا وتی: بەخوا تەنها مەبەستم محەممەدی  کوڕی میقلاصی کوڕی ئەبو زەینەبی ئەجدەعی بەرادی کۆیلەی هۆزی ئەسەد. و لەگەڵ ئەوەشدا باوکی خەتاب وتی: صادق کە لە ڕووکەشدا ئێمە بە نەفرەت دەکات ئەوا لە ناوەڕۆکدا مەبەستی ئێمەیە، ناوبراو ئەو ئایەتەی تەئویل کرد: ﴿ أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا ٧٩ ﴾ الكهف: ٧٩. بەوەی کەشتییەکە باوکی خەتاب بووە و هەژارەکانیش هاوەڵەکانی بوونە، پادشای دوای ئەوانیش عیسای کوڕی موسای عەباسی والی کوفەیە[٢].

---

(١) المجلسي، بحار الأنوار ٣٧٨/٤٧، عن كتاب زيد النرسي.

(٢) الأشعري القمي، سعد بن عبدالله، المقالات والفرق ٥٥، کەمێك پێشتر ئەوەمان پێش چاو کەوت کە ئیمامی صادق ئەم ئایەتەی بەکارهێناوە بۆ پاساودان بە نەفرەت کردنە ڕووکەشیەکەی زوراڕە لە پێناو داپۆشینی.

ئیمامی صادق نه حەسایەوە لە دەستی باوکی خەتاب تا نەکوژرا لە سەر دەستی عیسای کوڕی موسای هاوەڵی مەنصور لە زەویە بەیارەکانی کوفە لە ساڵی ١٣٨ك کوژرا، کاتێك صادق گوێی لە هەواڵی کوژرانی بوو پێی دڵخۆش بوو و وتی: (خوا نەفرەت لە باوکی خەتاب و لەوەش بکات کە لە گەڵی کوژراوەو لەو خەتابیانەی ماون و لەو کەسانەش کە بەزەیی بەواندا دێتەوە). کاتێك یەکێك لە هاوەڵانی دوای ئەمە ئەوەی بیر هێنایەوە وتی: (نەفرەتی خواو فریشتەکان و تێکڕای خەڵکی لە باوکی خەتاب بێت، بۆ خوا شایەتی دەدەم کە ئەو بێ باوەڕو لاسارو هاوبەشدانەر بووە، لەگەڵ فێرعەوندا بەیانیان و ئێواران بە توندترین شێوە سزا دەدرێت)[1].

لە دەرەنجامی مەترسیداری وتەکانی (خەتابیەکان) و دەرچوونیان لە ئایین و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ شیعە و نوێژکەران لە مزگەوتی کوفە و بە ڕووکەشی ئەنجامدانی بەندایەتی و بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و فیکرە زیادەڕۆچووەکانیان بەنهێنی. ئیمامی صادق هەوڵی دا ئەوان لە شیعەکان جیا بکاتەوە، بۆیە وتی:

---

(١) بەم شێوەیە سەرجەم ئیمامەکانی تری ئال و بەیت نەفرەتیان کرد لە باوکی خەتاب و هاوەڵانی و یونسی کوڕی زەبیان کە سڵاوی لە گۆڕی کچی باوکی خەتاب کرد و وتی: سڵاوت لێبێت ئەی کچی پێغەمبەری خوا (مەبەستی باوکی خەتابە). ئیمامی ڕیزاش بە نەفرەتی کرد کاتێك لەلای باسی کرد: لەلام نەمێنە خوا نەفرەتت لێ بکات و لەوەش کە بۆی گێڕایەوە و هەزار نەفرەت لە یونسی کوڕی زەبیانیش بێت هەر نەفرەتێك بتباتە ناوەندی دۆزەخ، گەواهی دەدەم کە تەنها شەیتان بووە بانگی گۆڕەکەی کردووە، یونس و باوکی خەتاب لەژێر ناخۆشترین سزادان، هاوەڵانی هەر دووکیان بۆ ئەو شەیتانە لەگەڵ فێرعەون و دەست و پێوەندەکەی لە ناخۆشترین سزادان، گوێبیستی باوکم بووم وای دەوت. بحار الأنوار ٢٥/٢٨٠ _ ٢٨٨.

(لەگەڵیان دامەنیشن و لە گەڵیان مەخۆن و مەخۆنەوەو تۆقەیان لەگەڵ مەکەن و میراتیان لێوەرنەگرن)[1].

ئیمامی صادق تەنها دژی خەتابییەکان تێنەکۆشا، بەڵکو لە دژی پاشماوە و هاوشێوەکانی ئەوانیش کە (موفەویزەکانن) تێکۆشا، موفەویزەکان وتیان خوا کاروباری بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆژی مردن و ژین و لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی بە ئیمامی صادق و ئیمامەکانی ئال و بەیتی ڕاسپاردووە[2].

---

(١) نوبەختی و ئەشعەری قومی دەڵێن: (خەتابیەکان لە مزگەوتی کوفە دەمانەوەو خۆیان وا دەردەخست کە پەرستش زۆر دەکەن و هەر یەکەیان لەلای ستوونێکی مزگەوت بوو، داوایان لە خەڵك دەکرد بە نهێنی دان بە بیروباوەڕیان دابنێن، ئەم هەواڵە گەیشتە عیسای کوڕی موسای کاربەدەستی ئەبو جەعفەری مەنصور لە کوفە کە ئەوانە خراپە بە ئاشکرایی دەکەن و بانگی خەڵکی دەکەن بۆ پێغەمبەرایەتی باوکی خەتاب و لە مزگەوتی کوفەدان و وا پیشان خەڵکی دەدەن کە لە پاڵ ستوونەکان دان و هەر سەرگەرمی پەرستشن، جا عیسا ئەسپ سوارو پیادەی ڕەوانەکرد بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەن و بیانهێنن، بەڵام خۆیان بەدەستەوە نەدا و شەڕیان، ئەوانیش حەفتا کەس بوون و هەموویانی کوشت و کەسیان دەربازی نەبوو تەنها یەك پیاو نەبێت ئەویش باوکی سەلەمی سالمی کوڕی میکرەمی جەمال بوو کە ناوی دەرکردبوو بە باوکی خەدیجە، ناوبراو بریندار بوو و لەناو کوژراوەکاندا مایەوە تا تاریکی شەو باڵی دا ئەوا ئەو کاتە خۆی دەرباز کرد، جا بە قامیش کە وەك ڕم بەکاریان دەهێنا و چەقۆ و بەرد شەڕیان دەکرد، تا دوایین کەس شەڕیان کرد و باوکی خەتاب بە دیل گیرا و هێنرایە لای عیسای کوڕی موسا، ئەویش فەرمانی کرد بکوژرێت جا لە داری زەرقا لەسەر کەناری ڕووباری فوڕات سەری پەڕێنرا و لەگەڵ هاوەڵانی هەڵواسرا و دواتر فەرمانی کرد جەستەکانیان بسوتێنرێ، بۆیە سوتێنران، عیسا سەری ئەوانی ڕەوانەکرد بۆ مەنصورو ئەویش فەرمانی کرد هەڵبواسرێت لە شاری بەغداد بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و دواتر بسوتێنرێت). سعد بن عبدالله في كتاب المقالات والفرق ٨١ والنوبختي فرق الشيعة ٦٩ و ٧٠.

(٢) موفەزەڵی کوڕی عومەری جەعفی (١٧٩ك مردووە) سەرکردەیان بووە. نەجاشی لەبارەیەوە وتویەتی: موفەزەڵی کوڕی عومەری باوکی عەبدوڵا یەکێك بوو لە خەتابیەکان، وتراوە ناوی

ئیمامی صادق ڕووبەڕوویان بووەوە بە قورئانی پیرۆز کە بە ڕاشکاوی دەفەرموویت: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَفْعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَىْءٍ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾ الروم: ٤٠. واتە: (ئەو زاتەی کە دروستی کردوون و پاشان رزق و ڕۆزی پێ بەخشیون، لە دواییدا دەتانمرێنێت، پاشان زیندووتان دەکاتەوە، ئایا هیچ کام لەوانەی کە کردووتانن بەهاوبەشی خوا، شتی وایان لە دەست دێت؟!، پاکی و بڵندی بۆ ئەو زاتەیە لەوەی ئەوانە دەیکەن بە هاوبەشی). هەروەها صادق موفەویزەکانی بە هاوبەشدانەر دانا و بە توووندترین نەفرەت بە نەفرەتی کردن. کاتێك حەجەری کوڕی زائیدە و عامری کوڕی جوزاعەی ئەزدی چوونە لا صادق و وتیان: بەقوربانت بین موفەزەڵی کوڕی عومەر دەڵێت: ئێوە تواناتان بەسەر ڕزق و ڕۆزی ئێمەدا هەیە. صادق وتی: (بەخوا تەنها خوا ڕزق و ڕۆزی ئێمە بەدەستە، من پێویست خواردن هەبوو بۆ خێزانەکەم بە دەستم نەکەوت و دڵم پێ تەنگ بوو تا ئەوەندە ناڕەحەت بووم هەوڵمدا خواردنی ئەوان دابین بکەم، کە پەیدام کرد ئەو کاتە دڵ و دەروونم خۆش بوو، خوا نەفرەتی لێ بکات و خۆی لێ بەری بکات، وتیان:

---

محەممەدی جەعفییە: خەڵکی کوفەیە، ڕێبازو مەزهەبی گەندەڵە، گێڕانەوەی بێ سەروبەرە، هیچ بایەخی پێ نادرێت. و وتراوە: یەکێك بووە لە خەتابیەکان و باسی ئەوە کراوە چەند دانراوێکی هەن کە پشتیان پێ نابەسترێ، بەڵام لەبەر ئەو مەرجەی پێشتر باسمان کرد باسی ئەوەمان کرد. کوڕی زەغائیر لەبارەیەوە وتویەتی: (لاوازو پوچەڵە، قسە زلە، یەکێکە لە خەتاییەکان. زۆر شت بەناوی ئەوەوە وتراوەو زیادەڕۆچووان بە قەبارەیەکی زۆر فەرموودەکانی ئەویان وەرگرتووە، جا دروست نییە فەرموودەکانی بنوسرێن، لە صادق و باوکی حەسەن گێڕاویەتیەوە). کوڕی داود لە کتێبیەکەیدا (الرجال) و زانای بلیمەت لە کتێبی (الخلاصە) ڕای کوڕی زەغائیریان لەبارەی موفەزڵ هێناوەو پەسەندیان کردووە.

**ئێمەش بە نەفرەتی بکەین و خۆمانی لێ بەری بکەین؟ صادق وتی: بەڵێ، ئێمەش بە نەفرەتمان کرد و خۆمان لێ بەری کردن، خواو پێغەمبەر خۆیان لێ بەری بکەن)[1].**

**ئیمامی صادق خۆی بەری کرد لە یەکێکی تر لە موفەویزەکان کە باوکی هارونی کوڕی موسای کوڕی عومەیری مەکفوف بوو، ناوبراو لە صادقی دەگێڕایەوە کە گوای وتویەتی: (ئەگەر دەتەوێت بگەیت بە خوای بێ سەرەتا ئەوا بزانە هیچ یەکێك پێی ناگات. و ئەگەر دەتەوێت بگەیت بەوەی بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی بەدەستە ئەوە محەممەدی کوڕی عەلییە). صادق وتی: (درۆی بەدەمی من کردووە نەفرەتی خوای لێبێت، هیچ بەدیهێنەرێك نییە جگە لە خوای بێ**

(١) لایەنگرانی موفەزەڵ لەسەر زمانی صادق چەند گێڕانەوەیەکی تریان دروست کرد، بۆ ئەم مەبەستە عەبدوڵای کوڕی وەلید دەگێڕێتەوەو دەڵێت: صادق پێی وتم، چی دەڵێی لەبارەی موفەزەڵ؟ وتم: بۆ من دەبێ چی بڵێم دوای ئەوەی بیستم تۆ قسەت لەسەر کردووە، صادق وتی: ڕەحمەتی خوا لە موفەزەڵ بێت، بەڵام عامری کوڕی جوزاعە و حەجەری کوڕی زائدە هاتنە لام و ڕەخنەیان لە موفەزەڵ گرت و منیش داوام لێکردن واز بێنن، بەڵام وایان نەکرد، دووبارە داوام لێکردن واز بێنن و پێشم ڕاگەیاندن کە من دڵخۆشم بەمە بەڵام خوا لێیان خۆش نەبێت وازیان نەهێنا. بەشیری دەهان وتی: صادق بە محەممەدی کوڕی کەسیری سەقەفی وت: چی دەڵێی لەبارەی موفەزەڵی کوڕی عومەر؟ وتی: جا چی بڵێم لەبارەیەوە، ئەگەر خاچ بە ملیەوە ببینم و پشتێنی لە ناوقەدی بەستووە _ مەبەستی ئەوەیە ئەگەر پشتێنی پیاوانی ئایینەکانی تر ببەستێت. وەرگێڕ _ ئەوا پێم وایە ڕاستە، دوای ئەوەی قسەی تۆم لەبارەی ئەو بیست، صادق وتی: ڕەحمەتی خوای لێبێت، بەڵام حەجەری کوڕی زائد و عامری کوڕی جوزاعە هاتنە لامان و توانجیان لە موفەزەڵدا، پێم وتن: ئەمە مەکەن چونکە خۆشم دەوێت، بەڵام وازیان نەهێنا، پێم وتن پێویستم بەوەیە واز لەم توانج لێدانە بێنن، بەڵام وازیان نەهێنا!! یاخوا پەروەردگار لێیان خۆش نەبێت. المجلسي، بحار الأنوار ٣٧٨/٤٧، عن كتاب زيد النرسي.

هاوەڵ، لەسەر خوایە بمانمرێنێت، ئەوەی تیاناچێت هەر خوای بەدیهێنەری بەدیهێنراوان و پەیداکەری پەیدابووانە)[1].

زورارە دەڵێت بە صادقی وتوە: یەکێك لە کوڕەکانی عەبدوڵای کوڕی سەبەو باوەڕی بە ڕاسپاردن (التفویض) هەیە، صادق وتی: ڕاسپاردن چییە؟ زورارە وتی: (خوای پایەبەرز محەممەد و عەلی _ درودو سڵاواتی خوای لێبێت _ بەدیهێناوەو کاروباری بەوان ڕاسپاردووە، جا هەر دووکیان هەڵسان بە بەدیهێنان و ڕۆزیدان و مراندن و ژیاندن)، صادق وتی: دوژمنی خوا درۆی کردووە، ئەگەر چووی بۆ لای ئەو ئەوا ئەم ئایەتی سوڕەتی ڕەعدی بەسەردا بخوێنەوە: ﴿أَمۡ جَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُواْ كَخَلۡقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلۡخَلۡقُ عَلَيۡهِمۡۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّٰرُ ﴾ واتە: (بەڵکو چەند هاوبەشێکیان داناوە بۆ خوا، کە شتیان دروستکردووە وەك دروستکراوەکانی خوا، جا دروستکراوەکەیان لێی شێواوە، پێیان بڵێ: الله، بەدیهێنەری هەموو شتێکە و ئەو زاتە تاك و تەنها و بێ دەسەڵات و بەهێزو توانایە). کاتێك چوومە لای کابرا و شتەکەم پێ وت ئەوا وەك ئەوەبوو کە بەردێکی خستۆتە ناو دەمی یان وتی: وەك ئەوەی لاڵ بوو.

کاتێك صادق لە مەدینە گوێبیستی هەندێك وتەی بەشاری شەعیر زیادەڕۆچوو (دامەزرێنەری تاقمی عەلیائییەکان)[2] لە کوفە بوو. ئەوا یەکێك لە

---

(١) رجال الكشي ١٤٥.

(٢) بەشاری شەعیری دامەزرێنەی تاقمی عەلیائی زیادەڕۆچووە کە دەیوت: عەلی خوایە، بە هاشمێتی و عەلەویایەتی دەرکەوت و وای پیشاندا کە بەندە و پەیامبەری ئەوە. رجال الكشي ٣٢٥٢ والشهرستاني الملل والنحل ١: ٢٩٣.

هاوەڵانی کە ناوی (میرازم) بوو ڕەوانەکرد و پێی وت: بەڕاستی جولەکە ئەوەیان وت کە وتیان و خایان بەتاك و تەنها گرت، نەصڕانییەکانیش ئەوەیان وت کە ئەوەیان وت و خواشیان بە تاك و تەنها کرد، بەشاریش وتەیەکی مەزنی وت، جا ئەگەر چوویتە شاری کوفە پێی بڵێ: صادق پێت دەڵێت: ئەی لاسارو هاوبەشدانەر من بەریم لێت). میرازم وتی: کاتێك گەیشتمە شاری کوفە شتومەکەکانم دانا و چوومە لای بەشار و بانگی کەنزەکەکەم کرد و پێم وت: بە بەشار بڵێ ئەوە میرازم هاتووە، بەشار هاتە لام و منیش پێم وت: صادق پێت دەڵێت: ئەی لاساو هاوبەشدانەر من بەریم لێت، بەشار پێی وتم: کەواتە گەورەکەم باسی کردووم؟ میرازم وتی پێم وت: بەڵێ بەو شێوەیەی پێم وتی، بەشار وتی: خوا بە چاکە پاداشتت بداتەوە بە چاکەت لەگەڵ بکات و دەستی کرد بە پاڕانەوە بۆم[1].

کاتێك ئیمامی صادق چووە شاری کوفە، بەشاری شەعیری چووە لای، بەڵام ئیمام پێشوازی لێ نەکرد و دەری کرد و وتی: (بڕۆ لام مەمێنە خوا نەفرەتت لێ بکات، بەخوا بانی یەك خانوو من و تۆ کۆ ناکاتەوە بە یەکەوە). کاتێك بەشار چووە دەر، صادق وتی: (قوڕ بەسەری... هەر ئەو قسەیەی کرد کە جولەکە و نەصڕانی و ئاگرپەرست یان صابیئەکان کردیان، بەخوا خوا هیچ کەسێك بچوك ناکاتەوە بەهۆی ئەوەی ئەو تاوانکارە بە بچوکی دادەنێت، ئەو تاوانکارە شەیتانی کوڕی شەیتانە لە دەریا هاتۆتە دەرەوە بۆ ئەوەی هاوەڵان و پشتیوانانم گومڕا بکات ئاگادار بن و خۆتان لێ دوور بگرن، با ئەوەی ئامادەیە بەو کەسە ڕابگەیەنێت کە ئامادە من بەندی خواو کوڕی بەندی خواو کۆیلەی کوڕی کەنیزەکێکم، سك و منداڵدان منی لە باوەش گرتووە، من دەمرم و زیندووش

(١) الخوئي، معجم الرجال رقم ١٧٣٨ عن الكشي.

دەکرێمەوەو دواتر ڕادەگیرێم و لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکرێت، بەخوا پرسیارم لێدەکرێت لەبارەی ئەوەی ئەو درۆزنە لەبارەی منی وتوەو بانگەشەی بە ناوی منەوە کردووە، قوڕبەسەری ئەوە چییەتی! خوا بیتۆقێنێ، ئارامە لەسەر ڕایەخی خۆی و منی ترساندووەو دوو دڵ کردووە کاتێك پاڵ دەکەوم، دەزانن من بۆچی ئەوە دەڵێم؟ بۆ ئەوە دەیڵێم تا لە گۆڕەکەمدا جێگیر بم)[1]. و بە کۆمەڵەکەی بەشاری شەعیری وت: (قوڕ بەسەرتان تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، چونکە ئێوە بێ باوەڕو هاوبەشدانەرن)[2].

## ڕۆڵی زیادەڕۆچووان لە پەرتکردنی ڕیزەکانی شیعە

ئەوانەی تیۆری (ئیمامەتی خواییان) پەسەند کرد دەستەیەکی بچوك بوون لە شیعەکانی ئیمامی صادق، زیاتر لە زیادەڕۆچووان نزیك بوون نەك لە جەعفەرییەکان. بوونە هۆی لەت بوونی ڕیزەکانی شیعە و نانەوەی ڕاجیایی و ناکۆکی توونە لە نێوان شیعەکان بە شێوەیەك لە سەردەمی باقر هەندێکیان نوێژیان لەبەر یەکتر دەپچڕاند[3]. و هەندێکیان خۆیان لە هەندێکی تر بەری دەکرد، هەندێکی تر هەندێکی تریان بە بێ باوەڕ لە قەڵەم دەدا[4]. ناکۆکییە

---

(١) رجال الكشي ٢٥٣ و ٢٥٤.

(٢) رجال الكشي ٢٥٢.

(٣) الخوئي، معجم رجال الحديث، ترجمة المغيرة بن سعيد، والكشي في رجاله.

(٤) کوشی گێڕاویەتیەوە لە... باوکی عەلی کوڕی ڕاشید، ئەویش لە باوکی جەعفەری دووەم، وتویەتی: وتم: بەقوڕبانت بم هاوەڵانمان ڕاجیان بۆیە من لە دوای هاوەڵانی هیشامی کوڕی حەکەم نوێژ دەکەم؟

ناوەخۆییەکانی نێوان شیعە لە سەردەمی صادقدا بەردەوام بوو، تا عەبدولئەعلا هاتە لای صادق و پێی وت: (پشتیوان و شیعەکانت ڕقیان لە یەکترە و هەندێکیان دژایەتی یەکتر دەکەن، بەقوربانت بم بە دوای چارەیەك بگەڕێ، صادق وتی: ویستم کتێبێك بنووسم کە دوو کەس لەسەر من ڕاجیاییان تێ نەکەوێت، عەبدولئەعلا وتی: هەرگیز ئەوەندەی ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان بەوە نەبووە[1].

فەیزی کوڕی موختار هاتە لای ئیمامی صادق و وتی: خوا بە قوربانی تۆم کات ئەو ڕاجیاییە چییە لە ناو پشتیوان و شیعەکانتان هەیە؟ وتی: ئەی فەیز کامە ڕاجیایی؟ فەیز پێی وت: من لە شاری کوفە لە بازنەی مەجلیسەکانیان دادەنیشم و نزیکە من گومان لە جیاوازی فەرموودەکانیا هەبێت. صادق وتی: (بەڵێ چۆن باست کرد فەیز هەر وایە، بەڕاستی خەڵکی ئالودە بووە بە درۆ کردن بە دەمی ئێمەوە وەك ئەوەی خوا ئەوەی لەسەر ئەوان پێویست کردبێت و جگە لەوەی لەوان نەویێت، من فەرموودە بۆ یەکێکیان دەگێڕمەوە کەچی هێشتا لەلای من دەرنەچووە ئەوا بەشێوەیەك تەئویلی دەکات کە تەئویلەکە هەڵئەگەرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان بە فەرموودە و خۆشەویستنی ئێمە مەبەستیان ڕەزامەندی خوا نییە بەڵکو دەستخستی دونیایە، هەر یەکێك پێی خۆشە وەك پێشەواو گەورە بانگی بکرێت، هەر بەندەیەك خۆی بە بەرز دابنێت ئەوا خوا نزمی دەکاتەوە و هەر بەندەیەکیش خۆی بە نزم و خاکی دابنێت ئەوا خوا بەرزو

---

وتی: شوێن عەلی کوڕی حەدید بکەوە، وتم: بە قسەی ئەو بکەم؟ وتی: بەڵێ، بە عەلی کوڕی حەدید گەیشتم و پێم وت: لە دوای هاوەڵانی هیشامی کوڕی حەکەم نوێژ بکەم؟ وتی: نا مەیکە.

بگەڕێوە بۆ: الكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٥٢٧٩ _ ٥.

(١) الخوئي، معجم الرجال رقم ٢٢٢٤ نقلا عن الكشي في ترجمة جعفر بن عيسى بن عبيد (بن يقطين).

ڕێزداری دەكات، ئەگەر فەرمووودەیەكت دەوێت وەرە ئەو مەجلیسە) ئاماژەی كرد بۆ زورارەی كوڕی ئەعیون[1].

كوشی لە صادقی گێڕاوەتەوە گوایە بە زەیدی شەحامی وتوە: (ئەی زەید ئەوە ئێوەو خەڵكی چیتانە و بەڕاستی خەڵكتان لێ هانداوم، بەخوا نەمبینیوە كەسێك گوێڕایەڵم بێ و وتەی من وەربگرێت جگە لە یەك كەس نەبێت _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ئەویش عەبدوڵای كوڕی ئەبو یەعفوڕە)[2]. و صادق دژایەتی زیادەڕۆچووانی دەكرد و دەیوت: (ئیمامەكان زانای لە خواترس و پارێزگارن)[3]. سەدیری صەیرەفی هاتە لای ئیمام و هانی دا بۆ شۆڕش كردن بەو گومانەی پێی وابوو كە ژمارەی شیعەكان دەگاتە سەدان هەزار یان نیوەی دونیا، ئیمام پێی وت: (ئەی بە ئەندازەی ژمارەی ئەو ماڵاتە گوێبڕاوانە _ ئاماژەی كرد بۆ ڕانە مەڕەكە _ پشتیوانم هەبووبا ئەوا نەدەكرا دابنیشم). سەدیر ڕانە مەڕەكەی ژمارد بینیی حەڤدە سەرن[4]. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیمامی صادق دان بە زۆربەی ئەوانە نەناوە كە بانگەشەی شیعەگەرایەتیان كردووە. بۆیە ئیمام توڕە بوو كاتێك باوكی صەباحی كینانی پێی وت: تانە و توانجمان لێ دەدرێت لە شاری كوفە و پێمان دەوترێت (جەعفەرییەكان). دوای ئەمە صادق

---

(١) الخكليني، الكافي، كتاب الروضة ح رقم ٢٨٢.

(٢) الخوئي، معجم الرجال، ترجمة زرارة، عن الكشي، ح رقم ٩.

(٣) رجال الكشي، ترجمة بن أبي يعفور.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب في قلة عدد المؤمنين ح رقم ٤.

وتی: بەڕاستی هاوەڵانی جەعفەر لە ناو ئێوەدا زۆر کەمن، ئەوە هاوەڵی جەعفەرە کە زۆر لە خواترس بێت و کار بۆ ڕەزامەندی بەدیهێنەرەکە دەکات[١].

لەو ڕۆژگاردا شیعەکان فەرموودەیەکیان دەستاو دەست پێ دەکرد کە لە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبەوە هاتبوو تیایدا وێنای بارودۆخی شیعە دەکات لەو سەردەمدا و دەڵێت: (... چەند مایەی سەرسوڕمانە، چۆن سەرم سوڕ نابێت لە هەڵەی ئەو تاقمانە کە بەڵگەی جیاوازیان پێیە سەبارەت بە ئایینەکەیان، شوێن پێی پێغەمبەر ناکەون و لاسایی ئیمام ناکەنەوەو پەیڕەوی کارەکانی ناکەن... بە داخەوە بۆ کردەوەی شیعەکانم دوای ئەوەی خۆشەویستییان زۆر و نزیک بوو دەبینم یەکتر سەرشۆڕ دەکەن و هەندێك هەندێکی تریان دەکوژن، بەیانی لەت لەت دەبن و لە بنەڕەت جیا دەبنەوەو بەمەش دەبنە کارەسات بۆ لق و پۆپەکان، هیوای ڕزگارکردنی شوێنی نەخوازراو دەخوازن، هەر حیزبێکیان دەست بە قەدی دارێکەوە دەگرێت جا قەدەکە بۆ هەر لایەك بڕوات ئەوانیش بەو ئاراستەیە دەڕۆن)[٢].

---

(١) الكشي، الجعفرية.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٢٢، شتێکی سروشتی بوو دوای فراوان بوونی بزوتنەوەی شیعەگەرێتی لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی زۆرێك لە قین لە دڵ و دووڕوو و لادەرو زیادەڕۆچووان بێنە ناویەوە، تا وای لێهات ئیمامی کازم وتی: (ئەگەر بێم شیعەکانم لەیەکتر جیا بکەمەوە ئەوا هیچ یەکێك نامێنێت تەنها ئەوانە نەبن فەرموودە هەڵدەبەستن، ئەگەر تاقیان بکەمەوە ئەوا بۆم دەردەکەوێت کە هەڵگەڕاوەن، ئەگەر پاڵفتەیان بکەم ئەوا لە هەزاران یەکیان ڕزگار نابێت، ئەگەر لە بێژینگیان بدەم ئەوا هەر ئەوانە دەمیننەوە کە منیان مەبەستە، زۆر لە مێژە پاڵیان داوەتەوە لەسەر ڕاو بۆچوونەکانم، وتیان: ئێمە پشتیوان و شیعەی عەلین، بێگومان کەسێك شیعەی عەلییە کە کردار ڕاستی گوفتاریان بسەلمێنێت). هەمان سەرچاوە ح رقم ٢٩٠.

لەوانە ئەم فەرموودەیە دەستکردی هەندێك کەسانی  هاوچەرخی ئەو کات بووبن، بەڵام باس لە لەت لەت بوون و ڕاجیایی ناوەخۆیی ئەو کات دەکات کە وەك گەردەلول لەو کاتدا بەسەر شیعەکاندا هەڵ ببوو. گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری زۆر هەبوون لە پاڵ حیزبە شیعەکان کە ململانێیان لەگەڵ یەك دەکرد، بەڵام گومانیش لەوەدا نییە کە فەرموودە (سەخت و گران) و زیادەڕۆچوو و گێڕانەوە دژیەك و فیکرە توندڕەوەکان و لەسەروشیانەوە تیۆری ئیمامەتی خوایی بەرپرسیارێتی ئەو ڕاجیاییەیان لە ئەستۆ بوو.

# بەشی یازدەم

# گەیشتنی (شیعەگەڕێتیی ئایینی)

# بە ڕێگەیەکی داخراو

## دەروازەی یەکەم

## قەیرانی جێنشینایەتی صادق

پێشتر چەندین بەڵگەمان خستەڕوو لەسەر ئەوەی ئیمامی صادق تیۆری (ئیمامەتی خوایی) پەسەند نەکردووە، کە دامەزراوە لەسەر غەیب زانین و دەقی خوایی. ئەوەش دەخەینە سەر بەڵگەکانی تر کە جەعفەری صادق ئاماژەی بۆ ئیسماعیلی کوڕی خۆی کردووە وەك جێگرەوەی چاوەڕوانکراوی خۆی لە دوای خۆی، لە کاتێکدا هێشتا صادق لە ژیاندا بوو کە خوای مەزن ئیسماعیلی مراند. جا ئەگەر ئیسماعیل لەلایەن خواوە دیاری کرابێت ئەوا پێش باوکی خۆی نەدەمرد یان صادق پێشتر ئاماژەی پێ نەدەکرد بەپێچەوانەی ویستی خوا. تەنانەت صادق هەواڵی بە هیچ یەکێك نەدەدا کە فلان دەبێتە ئیمام لە ئایندەدا کەچی بەر لەوەی کاتی ئیمامەتی بێت ئەوا خوا بیمرێنێت. بەڵام ئیمامییەکان کە باوەڕیان وابوو ئیمامەت شتێکی خواییە و خوای مەزن صادقی ئاگادار کردۆتەوە کە ئیسماعیلی کوڕی ئەو وەك ئیمام دیاریکراوە تووشی شڵەژان و کارەساتێکی دەروونی گەورە بوونەوە، هەندێکیان پێیان وابوو ویستی خوا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بۆچوونی سەبارەت بە ئیسماعیل گۆڕاوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر نکۆڵیان کرد لە مردنی ئیسماعیل و پێیان وابوو کە پرۆسەی بەخاك سپاردنەکەی شانۆگەرییەك بووە صادق وەك خۆپارێزی (توقیە) ئامادەی کردبوو. ئەوانە کە نکۆڵیان لە مردنی ئیسماعیل کرد سور بوون لەسەر گواستنەوەی ئیمامەت بۆ ڕەچەڵەکی ئیسماعیل و دواتر ڕتاقمی ئیسماعیلیەکانیان پێکهێنا. کەچی هەندێك لە ئیمامییەکان بە سەرۆکایەتی سولەیمانی کوڕی جەریری ڕەقی پێداچوونەوەیان

بۆ هەڵوێستی خۆیان کرد لە بەرامبەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و ڕایان گەیاند باوەڕیان بەو تیۆرە نییە. و ئەمەش لەبەر ئەوەی _ بەو پێیەی نوبەختی دەڵێت _: (کاتێك صادق ئاماژەی کرد بۆ ئیمامەتی ئیسماعیلی کوڕی، دواتر کە ئیسماعیل مرد هەر لەکاتێکدا باوکی هەر لە ژیاندا بوو، ئەوا ئەوانە لە ئیمامەتی صادق پاشگەزبوونەوەو وتیان درۆی لەگەڵ ئێمە کرد، بۆیە ئیمام نەبووە، چونکە ئیمام درۆ ناکات و شتێك ناڵێت کە نەبێت، بۆیە ئەم وتەیەیان بەسەر صادقدا سەپاند کە گوایە وتویەتی: خوای گەورە ویستی لەبارەی ئیسماعیلەوە گۆڕا، ئەوانە وتیان ویستی خوا گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونکە وتیان: شتێکی پوچەڵە و بۆ خوا دروست نییە. و بەرەو لای وتەی بەترییەکان و سولەیمانی کوڕی جەریر چوون، ناوبراو ئەم هۆکارەی بە هاوەڵەکانی وت کە ئیمامەکان دوو بیرۆکەیان بۆ شیعە و پشتیوانەکانیان داهێناوە کە هەرگیز ناتوانن درۆی ئیمامەکانیان دەربخەن ئەویش: گۆڕانی ویستی خواو مۆڵەتپێدانی خۆپارێزی (توقیە)یە، جا سەبارەت بە گۆڕانی ویستی خوا: ئەوا کاتێك ئیمامەکان خۆیان وا پیشانی پشتیوانەکانیاندا وەك ئەوەی لە شوێنی پێغەمبەرانن لە ئاست ژێردەستەکانیان لە زانینی زانستی ڕابردوو و داهاتوو و هەواڵدان لەبارەی پێشهاتەکانی بەیانی، جا بە پشتیوانەکانیان وت بەیانی ئاواو ئاوا دەبێت، ئەگەر شتەکە بەپێ قسەی ئەوان هاتەجێ ئەوا پێیان دەڵێن: پێمان نەوتن ئەوە ڕوودەدات، بزانن ئەو شتانەمان لەلایەن خواوە پێ ڕادەگەیەنرێ کە بە پێغەمبەران و پەیامبەران ڕاگەیەنراوەو و هەمان ئەو هۆکارانە لە نێوان ئێمە و خوادا هەن کە پێشتر پێغەمبەران شتیان پێ لە خوا وەردەگرت و دەیانزانی، ئەگەر شتەکە بەپێ قسەی ئەوان نەهاتەجێ ئەوا بە پشتیوانەکانیان دەڵێن ویستی خوا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. سەبارەت بە

خۆپارێزی (توقیە): کاتێك ئەو پرسیارانەی لە بارەی حەڵاڵ و حەرام و بابەتەکانی تریش زۆر بوون کە ئاراستەی ئیمامەکانیان دەکرا ئەوا ئیمامەکان وەڵامیان دانەوەو شیعەکانیان وەڵامەکانیان لەبەرکردو نووسی بەڵام ئیمامەکان ئەم وەڵامانەیان لەبەر نەکرد بەهۆی بەسەرچوونی سەردەم و جیاوازی کاتەکان و لەبەر ئەوەی پرسیارەکان لە یەك ڕۆژ و یەك مانگدا نەدەکران بەڵکو لە کات و مانگ و ساڵانێکی جیاوازو لێکدووردا دەکران، ئەوا ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لە یەك بابەتدا شیعەکان چەندین وەڵامی جیاوازو دژیەکیان لەبەردەست بێت و لە هەندێك مەسەلەشدا وەڵامی کۆك و تەبایان لابێت، کاتێك هەڵوەستەیان کرد لەسەر وەڵامەکان و ئەمەیان لە ئیمامەکانیان بینی ئەوا ئەم جیاوازی و تێکەڵ و پێکەڵیەی لە وەڵامەکانیاندا هەبوو ڕەتیان کردەوەو پرسیاریان لە ئیمامەکان لەوبارەوە کەچی ئیمامەکان وتیان شتی وا نییە، وتیان: ئەم جیاوازییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووەو شتی وا چۆن دەبێت: ئیمامەکانیان بەوانیان وت: (ئێمە بە خۆپارێزی _ توقیە _ ئەمەمان وەڵامدایەوە، بۆمان هەیە بەوشێوەیە وەڵام بدەینەوە کە وەڵامام دایەوەو چۆنمان بوێت وا وەڵام دەدەینەوە، چونکە ئەمە بەدەست ئێمەیە، ئێمە دەزانین چ لە بەرژەوەندی ئێوەدایە و مانەوەی ئێمە و ئێوە بەچییە و دوورخستنەوەی دوژمنتان لە ئێمە و ئێوە چۆنە) جا کەی لە درۆ لەو کەسانە دەردەکەوێت؟ کەی دەزانرێ چ شتێکیان ڕاستە و کامەیان پوچەڵە؟ بەم هۆیە کۆمەڵێك لە هاوەڵانی صادق وازیان لە ئیمامەتی صادق هێنا و چوونە سەر بۆچوونەکەی سولەیمانی کوڕی جەریر)[1].

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٦٣ _ ٦٦، لە دوای ئەمە سولەیمانی کوڕی جەریری ڕەقی بۆ ئەوەچوو کە ئیمامەت ڕاوێژە، هەروەها ئیمامەتی کەسی باش لە کاتی ئامادەبوونی کەسی باشتر دروستە، جا تاقمی

لە وتەی نوبەختی بەدەردەکەوێت کە (سولەیمانیەکان) دەستەیەك بوون کە لە (جەعفەرییەکان) جیابوونەوە، ئەمەش ڕاست و دروست دەبێت ئەگەر چەسپا ئیمامی صادق فیکری ئیمامی پەسەند کردووەو پێی وابووە ئیمامەتی ئەو لەلایەن خواوەیە و ئیسماعیلی کوڕی خۆی لە دوای خۆی دیاریکردووەو دواتر وتویەتی: (ویستی خوا گۆڕانی بەسەردا هات). بەڵام ئەگەر نەچەسپا _ ئەوە بەلامانەوە ڕاسترە _ ئەوا سولەیمانییەکان لە ئیمامییەکان جیابوونەتەوە و ئەو وتانەیان ڕەتکردۆتەوە کە ئیمامییەکان داویانەتە پاڵ ئیمامی صادق. لە هەر دوو حاڵەتدا ئەوا جیابوونەوەی سولەیمانیەکان بەهۆی ئاشکرابوونی مردنی ئیسماعیل بوو (کە ڕاسپێرابوو وەك جێگرەوەی چاوەڕوانکراو) لە ژیانی باوکیدا و دیاری نەکرانی لەلایەن خواوە.

هەندێك ئاماژەی تری گرنگ لەسەر ئەوەی ئیمامی صادق تیۆری ئیمامەتی پەسەند نەکردووە بریتییە لەوەی ناوبراو کۆچی دوایی کرد (لە ٢٥ شەوالی ساڵی ١٤٨ك) بێ ئەوەی جێگرەوەیەك دیاری بکات، بەڵکو ڕوونکردنەوەی هەندێك نیشانەی گشتی بە بەس زانیوە وەك: (وەسیەتی ئاشکرا و پلەوپایە، بەشێوەیەك کە کەس نەتوانێت توانجی لە دەم و زگ و دامێنی بدات، جا بوترێت: درۆزنە و ماڵی خەڵك دەخوات و هاوێنەی ئەمانە)[1]. و دەبێت (ئارام و هێمن و ڕێزدار و

---

سولەیمانییەکان دەدرێتە پاڵ ناوبراو. بگەڕێوە بۆ: الملل والنحل والفرق بين الفرق، والوافدي للصفدي.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأمور التي توجب حجة الإمام، ح رقم ٣.

شکۆدار بێت)[1]. یان مانەوەی بۆ (کەسی گەورە بەو مەرجەی دەردو نەخۆش نەبێت)[2]. دیاری نەکرانی ئیمام ئەم مەسەلەیەی ئاڵۆز کرد لە کەسێکی وەك زورارەی کوڕی ئەعیون (کە یەکێك بووە لە گەورە قوتابیانی باقر و صادق)، ناوبراو کاتێك گوێبیستی کۆچی دوایی کردنی صادق بوو خۆیشی لە سەرەمەرگدابوو لە شاری کوفە، عبدوڵای کوڕی خۆی نارد بۆ شاری مەدینە بۆ ئەوەی هەواڵی بۆ بهێنێت لەبارەی شوناس و ناسنامەی ئیمامی نوێ، بەڵام زورارە مرد پێش ئەوەی کوڕەکەی لە سەفەرەکەدا بگەڕێتەوە، جا زورارە قورئانی خستە سەر سینەی خۆی و وتی شوێن ئەو قورئانە دەکەوێت یان شوێن ئەو کەسە دەکەوێت کە ئەو قورئانە ئاماژەی بۆ بکات[3].

لە دەرەنجامی ئەوەەی صادق وەسیەتی بەناو بۆ هیچ کەسێك لە دوای خۆ نەکرد، ئەوا سەرجەم شیعە جەعفەرییەکان لە دوای مردنی صادق چوونە لای عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح[4].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يجب على الناس عند مضي الإمام، ح رقم ٣، شایەنی باسە تیۆری (دوازدە ئیمامی) لە سەردەمی صادق نەناسرابوو، تەنانەت هیچ یەکێك گوێبیستی ناوی دوازدە ئیمامەکان نەببو کە شیعە بە لیستێك لە سەدەی چوارەمی کۆچی دایڕشت.

(٢) الكليني، الكافي، كتب الحجة، باب الأمور التي توجب حجة الإمام، ح رقم ٦.

(٣) الكشي، ترجمة زرارة بن أعين، والصدوق إكمال الدين، ٧٥ و ٧٦.

(٤) دەوترێت زۆربەری شیعەکان چوونەتە لای عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح لەسەر بنەمای فەرموودەیەك کە لە صادقەوە گێڕاویانەتەوە، پرسیار کراوە لەبارەی: ئەوەی هەوڵ بۆ ئەو کارە دەدات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە هی ئەوە، ئایا بەڵگە لەسەر ئەمە چییە؟ عەبدوڵا وتی: پرسیار لەبارەی حەڵاڵ و حەڕام بکرێت. دواتر وتی: سێ بەڵگە هەن لە هەر یەکێکدا کۆببنەوە ئەوا ئیمامە: لە هوو خەڵکی لە پێشتر بێت لە هەمبەر ئیمامی پێشخۆی، چەکی پێغەمبەری لا بێت، وەسیەتی ئاشکرای لابێت کە

**عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح لە جێگای باوکی دانیشت و بانگەشەی ئەوەی کرد وەسیەت بۆ ئەو کراوە، خەریك بوو شیعە جەعفەرییەکان یەکدەنگ بن لەسەر ئەمە[1]. جگەلە "ئیسماعیلییەکان"[2]، کە سوور بوون لەسەر ئەو بانگەشەیەیان کە گوایە ئیسماعیل نەمردووەو دواتر دانیان نا بە ئیمامەتی محەممەدی کوڕی**

---

ئەگەر چوویتە شاری مەدینە و پرسیارت لە سەرجەم خەڵك و منداڵان کرد: کە فڵانە وەسیەتی بۆ کێ کرد؟ ئەوا هەمووان بزانن و بڵێن: بۆ فڵانی کوڕی فڵان). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأمور التي توجب حجة الإمام، ح رقم ٢.

(١) الكليني، الكافي ٣٥١/١، والمفيد، الإرشاد ٢٩١، والصفار، بصائر الدرجات ٢٥٠ _ ٢٥٢، والكشي، الرجال، ترجمة هشام بن سالم. الأشعري القمي، المقالات والفرق ٨٧، والنوبختي، فرق الشيعة ٧٧ _ ٧٨، والأشعري القمي، سعد بن عبدالله، المقالات والفرق ٨٧ _ ٨٨.

(٢) ئیسماعیلییەکان لە وەك جیابوونەوە لە جەعفەرییەکان دروست بوون، ئیسماعیلییەکان وتیان: (ئیمام لە دوای صادق ئیسماعلی کوڕی صادقە، نکۆڵیان کرد لەوەی ئیسماعیل لە ژیانی باوکیدا مردبێت، چونکە باوکی ئاماژەی بۆ ئەوەی کردووە کە ئیسماعیل لە دوای ئەو ئیمامە، ئەوانیشی پابەند کردووە بە ئیمامەتی ئیساعیل و ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەو خاوەنی ئیمامەتە، پێشیان وایە ئیمام تەنها ڕاستی دەڵێت، جا کاتێك زانیمان مردووە ئەو کاتە زانیمان کە ڕاستە و ئیسماعیل مەهدییە و نەمردووە). ئەم تاقمە (ئیسماعیلی پوختن). لە هەمان کاتدا دەستەیەکی تر لە ناویاندا سەری هەڵدا و وتی: لە دوای صادق محەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی صادق ئیمامە، وتیان: ئیمامەت بۆ ئیسناعیل بوو، بەڵام کاتێك هەر لە ژیانی باوکیدا مرد ئەوا صادق ئیمامەتی بە محەممەدی کوڕی ئیسماعیل ڕاسپارد، ئیمامەت مافی محەممەدی کوڕی ئیسماعیل بوو و بۆ هیچ کەسێکی تر دروست نەبوو، چونکە لە دوای حەسەن و حوسەین ئیمامەت لە براوە بۆ برا ناگوازرێتەوە، بەڵکو تەنها لە باوکەوە بۆ کوڕ پشتاو پشتی پێ دەکرێت، بۆیە دوو براکەی ئیسماعیل عەبدوڵا و موسا مافیان لە ئیمامەتدا نەبوو، هەروەك چۆن محەممەدی کوڕی حەنیفە لەگەڵ عەلی کوڕی حوسەیندا مافی لە ئیمامەتدا نەبوو. شوێنکەوتووانی ئەم بۆچوونە بە موبارەکییە ناودەبرێن بەهۆی ئەوەی سەرۆکەکەیان ناوی موبارەك بوو، ناوبراو خزمەتکاری ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر بوو). النوبختي، فرق الشيعة ٦٧ _ ٦٨.

ئیسماعیل، و ناوسییەکان کە نکۆڵیان کرد لە مردنی صادق و وتیان صادق مەهدییە و پەنهان بووە[1]. هەموو ئەو بۆچوونە جیاوازانە لە ئەنجامی خوێندنەوە بوو بۆ هەندێك نیشانە کە ئیمامی صادق بەگوێی شیعەکانیدا چرپاند بوو لەبارەی ناسینی ئیمامی نوێ وەك: گەورەیی و نزیکی و وەسیەتی ئاشکرا. صەفارو کلینی و موفید و کوشی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەرکردە مەزنەکانی ئیمامییەکان وەك: عەبدوڵای کوڕی بەکیر و عەماری ساباتی و هیشامی کوڕی سالی جەوالیقی و محەممەدی  کوڕی نوعمانی ئەحوەل لەسەرەتادا چوونە لای عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح (کە خەڵکی کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی ناوبراو ئیمامە لە دوای باوکی)، ئەمەش لەبەر ئەوەی خەڵکی لە صادقەوە گێڕاویانەتەوە کە وتویەتی: (ئیمامەت بۆ کوڕی گەورەیە ئەگەر بێ دەردو بەڵا بێت)، عەماری ساباتیش کە یەکێکە لە هاوەڵانی باقر و صادق سور بوو لەسەر ملکەچ بوون و دانان بە ئیمامەتی عەبدوڵای ئەفتەح تا کۆتایی[2]. هەروەك نوبەختی دەڵێت ئەوا زۆربەی شێخ و شەرعناسە شیعەکان دڵیان بەلای عەبدوڵادا چوو، تەنانەت گومانیان لە ئیمامەتی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح و کوڕەکەی لە دوای ئەو نەبوو[3]. هەندێکیان لە صادقیان گێڕاویانەتەوە کە ناوبراو داوای لە موسای کوڕی کردووە

(١) ناوسییەکان وتیان: جەعفەری کوڕی محەممەد زیندووەو نەمردووەو ناشمرێت تا دەردەکەوێت و کاروباری خەڵکی دەگرێتە دەست و بەڕێوەی دەبات و ئەو مەهدییە. بۆیە بە ناوسییەکان ناونران، چونکە سەرکردەیان خەڵکی بەصرە بوو ناوی فڵانی کوڕی فیساری ناوس بوو. النوبختي، فرق الشيعة ٦٧.

(٢) الكليني، الكافي ٣٥١/١، والمفيد، الإرشاد ٢٩١، بصائر الدرجات ٢٥٠ _ ٢٥٢، والكشي، الرجال، ترجمة هشام بن سالم. الأشعري القمي، المقالات والفرق ٨٧.

(٣) النوبختي، فرق الشيعة ٧٧ _ ٧٨.

که ئیمامەت بە عەبدوڵای براکەی بسپێرێت و بە قسەی دژی نەوەستێت[1]. و بەم شێوەیە عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح پێگەی ئیمامەتی داگیرکرد بە وەسیەت و گەورایەتی و دانیشتن لە شوێنی باوکی، سەرباری ئەوەی دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو لەلایەن باوکی نەهات بوو لەسەر ئیمامەتی ئەو[2].

بەڵام ئەفتەح بە حەفتا ڕۆژ لە دوای باوکی کۆچی دوایی کرد، بێ ئەوەی منداڵێك لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی ئیمامەتی پێ بەردەوام بێت، ئەوەش بووە هۆی لە دایکبوونی شڵەژانێکی نوێ لە ناو ڕیزەکانی ئیمامییەکان کە باوەڕیان بە یاسای پشتاوپشت کردنی ستوونی هەبوو. جا هەندێکیان هەڵسان بە سڕینەوەی ناوی ئەفتەح لە لیستی ئیمامەکان و بانگەشەی ئەوەشیان کرد کە هەر لە سەرەتاوە چوونە لای ئەفتەح هەڵە بووە، و هەڵسان بە گومان دروستکردن لە لێهاتوویی زانستی ئەو و وتیان تاقیانکردۆتەوە و هەر لە ژیانی ئەودا لە ئیمامەتی ئەو پاشگەز بوونەتەوە. هەندێکی تر بەوە تۆمەتباریان کرد کە کەسێکی لاسارو لادەربووەو لە صادقیشیان گێڕاوەتەوە کە گوایە سەرزەنشت و سەرکۆنەی کردووەو ئامۆژگاریشی کردووە کە وەك کازمی برای بێت[3]. و هەڵسان بە هەڵبەستنی

---

(١) الأشعري القمي، سعد بن عبدالله، المقالات والفرق ٨٨.

(٢) الأشعري القمي، المقالات والفرق ٨٧.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ١٠. شێخ موفید لە کتێبی (الإرشاد: باب: ذكر أولاد أبي عبدالله) وتویەتی: (عەبدوڵای کوڕی جەعفەر لە هەموو براکانی گەورەتر بوو لە دوای ئیسماعیل و عەبدوڵا ئەوەندەی براکانی تر ڕێزی لەلای باوکی نەبوو، تەنانەت بەوە تۆمەتبار بوو کە لە بیروباوەڕدا لەگەڵ باوکی جیاوازی هەیە، دەوترێت: لەگەڵ حەشەوییەکان تێکەڵ دەبوو و بەلای مورجیئەکاندا دەچوو، ناوبراو لە دوای باوکی بانگەشەی ئیمامەتی بۆ خۆ کرد و بەڵگەی بەوە هێنایەوە کە لە هەموو ئەو برایانەی گەورەترە کە لە ژیاندا ماون، کۆمەڵێك لە هاوەڵانی

گێڕانەوەیەك بە دەمی عیسای كوڕی عەبدوڵای كوڕی عومەر كوڕی عەلی كوڕی ئەبو تاڵیب، گوایە ناوبراو پرسیاری لە صادق كردووە لەبارەی ئیمام لە دوای ئەو، گوایە صادق ئاماژەی بۆ موسای كوڕی كردووە[1]. ئەمەش یەكێك بووە لە

صادق شوێن بانگەشەكەی كەوتن، بەڵام دواتر زۆربەیان پاشگەز بوونەوەو دانیاننا بە ئیمامەتی موسا ئەمەش دوای ئەوەی بۆیان دەركەوت عەبدوڵا لاوازە و موسا خاوەن كەسایەتیەكی بەهێزە و ئیماژە و بەڵگەكانی ئیمامەتی ئەو دیارترن، چەند كەسێكی كەم مانەوە لەسەر دانانان بە ئیمامەت عەبدوڵا و بۆی ملكەچ بوون، ئەوانیش ئەو تاقمەن كە بە "فەتحییەكان" ناودەبرێن). و كوشی وتویەتی: (سەرجەم شێخ و ڕیش سپی و شەرعناسەكانی شیعە دانیاننا بە ئیمامەتی عەبدوڵا، شوێن بانگەشەكەی كەوتن، ئەمەش بەهۆی گومانێك بوو كە بۆیان دروست ببوو بەهۆی ئەوەی لە ئیمامەكانیان گێڕابووەوە كە ئەگەر ئیمام مرد ئەوا ئیمامەت بۆ كوڕی گەورەی ئیمامی كۆچكردوو دەگوازرێتەوە. بەڵام هەیانبوو لە شوێنكەوتنی عەبدوڵا پاشگەزبووەوە بەهۆی ئەوەی تاقیكردبووەوە بەهۆی پرسیار لێكردنی لەبارەی چەند بابەتێكی حەڵاڵ و حەرام بەڵام عەبدوڵا وەڵامی پێ نەبووە، تەنانەت هەندێك شتی لێ دەركەوتووە كە دروست نییە لە ئیمام دەربكەوێت بۆیە پاشگەز بوونەوە لە دانانان بە ئیمامەتی ئەو. دواتر عەبدوڵا حەفتا ڕۆژ دوای مردنی باوكی ئەویش مرد. پاشان شوینكەوتووانی تریشی جگە لە چەند كەسێكی ڕیزپەڕ نەبن لە دانانان بە ئیمامەتی ئەو پاشگەز بوونەوەو دانیان نا بە ئیمامەتی موسا و گەڕانەوە بۆ سەر ئەو هەواڵەی دەڵێت كە لە دوای حەسەن و حوسەین ئیمامەت لە براوە بۆ برا ناگوازرێتەوە، تەنها چەن كەسێكی ڕیزپەڕ لەسەر ئیمامەتی ئەو مانەوە، جا دوای ئەوەی مرد دانیاننا بە ئیمامەتی موسا. لە صادقەوە گێڕدراوەتەوە كە بە موسای وتوە: كوڕەكەم؛ براكەت لە شوێنی من دادنیشێت و بانگەشەی ئیمامەت دەكات لە دوای من! بە قسە ڕكابەری مەكە، چونكە یەكەم كەسە لە خانەوادەكە كە پێم دەگات). الكشي، ترجمة عمار بن موسى الساباطي.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ثبات الإمامة في الأعقاب ح رقم ٥.

## هەوڵەکانی ئیمامییەکان بۆ چەسپاندنی ناڕەوایی و شەرعی نەبوونی ئیمامەتی ئەفتەح هەر لە سەرەتادا[1].

(١) هیشامی کوڕی سالیمی جەوالیقی باس لەوە دەکات: خۆی لەگەڵ کۆمەڵێك لە شیعەکان چوونەتە لای عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح و پرسیاریان لێکردووە لەبارەی هەندێك بابەتی فیقهی، بەڵام ناوبراو وەڵامی بە دروستی نەداوەتەوە، ئەمەش وای لەوان کردووە گومانیان لە ئیمامەتی عەبدوڵا هەبێت و بە سەرگەردانیەوە بەجێی بهێڵن، جەوالیقی دەڵێت: لە هەندێك کۆڵان و شوێنی تەنگەبەری شاری کوفە بە سەرگەردانی و گریانەوە دانیشتین و نەمان دەزانی بەرەو کوێ بۆ لای کێ بچین و دەمانوت: واباشە بچینە لای مورجیئەکان؟... بۆ لای زەیدییەکان؟... بۆ لای خەواریجەکان؟... ئێمە بەو شێوەیە بووین پیاوێکی پیرم بینی و نەمدەناسی بە دەست ئاماژەی بۆ کردم.... پێی وتم: ڕەحمەتی خوات لێبێت وەرە ژوورەوە، بینیم موسای باوکی حەسەنە، سەرەتا پێی وتم: نە بۆلای مورجیئەکان و نە بۆ لای قەدەرییەکان و نە بۆ لای زەیدییەکان و نە بۆ لای موعتەزیلەکان و نە بۆ لای خەواریجەکان... بەڵکو بۆ لای من... بۆ لای من... وتم: بەقوربانت بم باوکت کۆچی دوایی کرد؟ وتی: بەڵێ... وتم: ئەی کێ ئیمامی ئێمەیە لە دوای ئەو؟.. وتی: ئەگەر خوا بیەوێت ڕێنوێنیت دەکات بۆ سەر ڕێگای ڕاستی خۆی... وتم: بەقوربانت بم کەواتە تۆ ئیمامی؟ وتی: نا من ئەوە ناڵێم... لە ناخی خۆمدا وتم: هیشتا ڕێگەی بابەتەکەم نەدۆزیوەتەوە، دواتر وتم: بەقوربانت بم ئیمامت هەیە؟ وتی: نا، جا ئەوەندە لە ناخمدا مەزن بوو هەر خوا خۆی دەزانێت، دواتر وتم: بەقوربانت بم پرسیارت لێدەکەم، وەك چۆن پرسیارم لە باوکت دەکرد؟ وتی: پرسیار بکە، وەڵامت دەدرێتەوە، بەڵام وەڵامەکە بڵاو مەکەرەوە، چونکە ئەگەر بڵاوی بکەیتەوە ئەوا قەسابخانە بەرپا دەبێت، وتی: جا پرسیارم لێکرد بینیم کە دەریایەکی لەبن نەهاتووە، وتم: بەقوربانت بم پشتیوان و شیعەکانی باوکت لە گوڕاییدان و ئیمامەتیان بۆ بخەڕوو و بۆ لای خۆت بانگیان بکە و ئەوە من شتەکە دەشارمەوە... وتی: ئەوەی بە بەرچاوڕوونیەوە باوەڕی هێنا ئەوا شتەکەی پێ ڕابگەیەنە و پێی بڵێ بیشارێتەوە، ئەگەر بڵاوی بکاتەوە ئەوا قەسابخانە دێنێتە کایە و بەدەستی خۆی ئاماژەی بۆ گەردەنی کرد. جەوالیقی دەڵێت: لەلای هاتمە دەرەوەو گەیشتمە باوکی جەعفەری ئەحوەل و پێی وتم: چیت لە پاڵدایە؟ وتم: ڕێنموونی، چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، دواتر گەیشتینە فوزەیل و باوکی بەصیرو ئەوانیش هاتنە لای و گێیان لە قسەکانی بوو و پرسیاریان لێکرد و بڕاندیانەوە.

ئەوانە لایەنگیریەی خۆیان بۆ لای موسای کوڕی صادق گواستەوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر ڕاوەستان وەك پابەند بوونیان بەو دروشمەی دەیوت نابێت ئیمام لە برایەکەوە بۆ برایەکی تر بگوازرێتەوە لە دوای حەسن و حوسەین، ناچاریش بوون بۆ ئەوەی وادابنێن کە عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح کوڕێکی نهێنی هەبووەو ناوی (محەممەدی کوڕی عەبدوڵایە) و مەهدی چاوەڕوانکراوەو لە یەمەن نیشتەجێیە بە شێوەیەکی نهێنی و باوکی بۆ خۆپارێزی (توقیە) شاردییەوە.

سەرجەم فەتحییەکانی تر ئیمامەتی عەبدوڵای ئەفتەح و ئیمامەتی موسای کازمی برای ناوبراو لە دوای مردنی ئەویان بە یەکەوە کۆکردەوە. و پاساویشیان بۆ پرۆسەی کۆکردنەوەی دوو برا لە ئیمامەتدا بەوە هێناوە کە ئیمامەتی عەبدوڵا لە میانەی حەفتا ڕۆژدا چەسپا، جا ئەگەر ئیمامی پێشوو منداڵی هەبێت ئەوا نابێت ئیمامەت بۆ براکەی بگوازرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئیمامی پێشوو منداڵی نەبوو (وەك عەبدوڵای ئەفتەح) ئەوا دروستە ئیمامەت بۆ براکەی بگوازرێتەوە[1].

ئەو شڵەژانەی دروست بوو لەبارەی جێنشینایەتی صادق جا بەهۆی لێنەهاتووی ئەفتەح بووبێت لە ڕووی زانست و پارێزگارییەوە یان بەهۆی مردنی بوو بێت بە خێرایی و بێ ئەوەی منداڵی لە پاش بەجێ بمێنێت ئەوا بەشدار بوو لە گومان دروستکردن لەسەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و بەهێزکردنی تێڕوانینی (شیعەگەرێتیی سیاسی) (یاخود: شیعەگەرێتیی زەیدی عەلەوی) کە جەخت

---

الكليني، الكافي ٣٥١/١، والمفيد، الإرشاد ٢٩١، والفصول ٢٥٣، وعلي بن بابوية الصدوق، الإمامة والبصرة من الحيرة ٢٠٥، والصفار، بصائر الدرجات ٢٥٠ _ ٢٥٢، والكشي، الرجال، ترجمة هشام بن سالم. والنوبختي، فرق الشيعة ٧٧ _ ٧٨.

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٧٧ _ ٧٨.

دەکاتەوە لەسەر سروشتی سیاسەتی ئاسایی ئیمام و سروشتی ئایینی خوایی سەبارەت بە ئیمامەت ڕەتدەکاتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکرێ، ئەمەش وای کرد کە کەسە گرنگ و جەمسەرییەکانی تیۆری (ئیمامەت) و تەنانەت زانا کەلامییەکانیشیان وەك هیشامی کوڕی سالی جەوالیقی و ئەبو جەعفەری ئەحوەل (کە ناسراوە بە موئمنی تاق یان شەیتانی تاق) هەست بە سەرگەردانی و گومڕایی و وێڵی بکەن و بگریەن لەبەر سەختی قەیرانەکە، هەروەك جەوالیقی ئاماژەی پێ دەکات، هیچ شتێکیان دەست نەکەوت کە یارمەتیان بدات بۆ دەرچوون لە قەیرانەکە جگە لە پەنابردن نەبێت بۆ تێڕوانینی ئەفسانەیی و شاراوەیی (باتینی) و زیادەڕۆچوون لە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە ئیمامی کازم غەیب دەزانێت و ئیمام بە نهێنی ئەوانی بۆ باوەڕ هێنان ئیمامەتی خۆی بانگ کردووە[1].

(١) عەبدولقاهیری بەغدادی ئاماژە بەوە دەکات کە جەعفەرییەکان بۆ چەند دەستەیەکی تر دابەش بوون ئەویش ئەمانەن: هیشامیەکان: شوێنکەوتووانی هیشامی کوڕی حەکەم یان شوێنکەوتووانی هیشامی کوڕی جەوالیقی. و زوراریەکان: شوێنکەوتووانی زوراری کوڕی ئەعیون. و شەیتانیەکان: شوێنکەوتووانی شەینانی تاق (باوکی جەعفەری ئەحوەل). و کامیلییەکان: شوێنکەوتووانی باوکی کامیل. البغدادي، الفرق بين الفرق ١٧.

## دەروازەی دووەم

# خۆ دوورگرتنی کازم لە ئیمامەت

لە ڕاستیدا هەنگاو هاویشتن لەوبەرەوە بۆ ئەم بەر بۆ دانانان بە ئیمامەتی موسای کازم (١٢٨ _ ١٨٣) قەیرانەکەی چارەسەر نەکرد، کازم گەنجێکی تەمەن بیست ساڵان بوو لە کاتی کۆچی دوایی کردنی باوکی و عەبدوڵای براکەی، هەروەها خاوەنی _ هەروەك کەمێك پێش ئێستا وتمان _ دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو نەبوو کە باوکی وەك ئیمامەت پێی دابێت، سەرباری ئەوەی کازم بانگەشەی ئیمامەتی خۆی نەکرد و هەوڵیشی بۆ نەدا، بەڵکو پێی باشتر بوو خۆی لە ئیمامەت دوور بگرێت و ئارامی وهێمنی هەڵبژارد[1]. سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە ئیمامییەکان دواتر هەندێك گێڕانەوەیان لەبارەی ئەو هەڵبەست و دروستکرد، هیشامی کوڕی سالمی جەوالیقی (کە بناغەی ئیمامەتی ئاینی کازمی داڕشت) دانی بەوەدا ناوە کە کازم بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی بانگەشەی بۆ خۆی نەدەکرد لەبەردەم خەڵکدا، بەڵکو بەنهێنی ئەمەی دەکرد بە مەبەستی خۆپارێزی[2].

پێشتر تێڕوانین و مەنتیقی زیادەڕۆچووە شاراوەگەرا (باتینییەکان)مان ناسی کە هەمیشە بۆچوونە تایبەتەکانیان کە تێکدەگیرا لەگەڵ هەڵوێست و وتەی ئیمامەکان بە خۆپارێوی (توقیە) دەیانپێچا. بەڵام ژیاننامەی ئیمامی کازم لە

---

(١) الصدوق، إكمال الدين ٣٦١، والأمالي ٣٣٨، والكليني، الكفي، كتاب الحجة، باب من ادعى الإمامة وليس لها بأهل ح رقم ١٩.

(٢) الكليني، الكافي، ٣٥١/١، والمفيد، الإرشاد ٢٩١، والصفار، بصائر الدرجات ٢٥٠ _ ٢٥٢، والكشي، الرجال، ترجمة هشام بن سالم.

ساڵانی دواتردا ڕووی ڕاستەقینەی بانگەشەی ئیمامییەکانی ئاشکراکرد (وەك: هیشامی کوڕی سالمی جەوالیقی و موئمنی تاق و باوکی بەصیر) بەوەی کازم هەر بەردەوام بوو لەسەر هەلوێستی خۆ دوورگرتنی سیاسی. بەوپێیەی شێخ محەممەدی کوڕی عەلی صدوق (شێخی کۆمەڵەی ئیمامییەکان لە سەدەی چوارەمی کۆچی) دەڵێت: کازم بەردەوام بوو لە خۆ دوورگرتن و بەنهێنی هێشتنەوەی مەبەستەکەی و شیعەکانیش نەدەچوونە لای، کازم فەرمانی بە شیعەکان دەکرد کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتدارەکان بن هەر چۆنێك بێت، جا ئەگەر دادگەر بوون ئەوا با داوا لە خوا بکەن بیانهێڵێتەوەو ئەگەر ستەمکاریش بن ئەوا با داوا لە خوا بکەن چاکیان بکات[1].

ئا لێرەوە سەرتاپای شیعەکان لە سەردەمی موسای کازم و ڕۆژانی ئەبو جەعفەری مەنصوردا چوونە لای عیسای کوڕی زەیدی کوڕی عەلی، ناوبراو لە عێراقدا خۆی پەنهان کردبوو و بە نهێنی بەیعەت و پەیمانی ئیمامەتیان پێدا لە ساڵی ١٥٦ك و بەیعەتی لە ئەهوازو وایت و مەککە و مەدینە و توهامەوە بۆ هات، بانگخوازەکانی جێگیر کرد و گەیشتنە میسرو شامیش. عیسا لەگەڵ هاوەڵانی ڕێکەوت کە لە دوای مردنی مەنصور شۆڕش بکەن، بەڵام عیسا ژەهر خوارد کرا و بەمەش لە ساڵی ١٦٦ك لە دەشتەکانی کوفەدا مرد لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی مەهدی کوڕی مەنصور (١٥٨ _ ١٦٩ك). جا حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی حەسەن

---

(١) الصدوق، إكمال الدين ٣٦١، والأمالي ٣٣٨، هەندێك نووسەری شیعە وادادەنێن کە کازم بە نهێنی سەرکردایەتی شیعەکانی دەکرد و ئامادەسازی دەکرد بۆ شۆڕش کردن دژی هارون ڕەشید کە ئەوی دەستگیری کرد بە تۆمەتی کۆکردنەوەی پارەو سامان و چەك، ئەمەش لەسەر ئەوەی محەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕەبرای کازم بە پاشەملە باسی کردووە، دەکرێ ئەمە ڕاست بووبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەك هەڵناگرێت کە ئاماژە بکات بەوەی کازم بانگەشەی ئیمامەتی ئاینی کردووە.

(خاوەنی تەڵە) ئاڵاکەی هەڵگرت و لە ساڵی ١٦٩ك لە شارەی مەدینە شۆڕشی کرد لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی موسای هادی (١٦٩ _ ١٧٠ك)، خەلیفەی ناوبراو فەرمانی بە کاربەدەستی خۆی کرد لە مەدینە توند و تیژ بێت لەگەڵ ئال و بەیت و بیانخاتە ژێر مانەوەی ناچاری، ڕۆژانەش هەواڵی ئالوبەتی پێ بگەیەنن لە پێناو دەرچوونی یەکێکیان یان شۆڕش کردنیان. حوسەین (خاوەنی تەڵە) دەستی بەسەر شاری مەدینەدا گرت و بانگەوازی کرد بۆ کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەری خوا و ڕەزامەندی ئال محەممەد و دادگەری و یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان، حوسەین داوای لە کازم کرد کە بەیعەتی بداتێ بەڵام کازم داوای لێبوردنی کرد و وتی: (ئامۆزاکەم داوای شتێکم لێ مەکە وەك ئەو داوایەی ئامۆزاکەت _ محەممەدی کوڕی عەبدوڵای خاوەن دەروونی پاك _ لە صادقی مامتی کرد، چونکە شتێکم لێ دەردەچێت کە خۆم نامەوێت، هەروەك شتی وا لە باوکی صادقەوە دەرچوو کە خۆی نەیدەویست). حوسەین پێی وت: من شتێکم پێشنیار کرد بۆ تۆ ئەگەر دەتەوێت دەتوانی بێیتە ناویەوە. ئەگەر پێشت ناخۆشە بێیتە ناویەوە ئەوا ناچارت ناکەم و خوا یارمەتیدەرە، دواترماڵئاوایی لێکرد[1].

دوای ئەوەی حوسەین (خاوەنی تەڵە) لە نزیك شاری مەککە کوژرا، ئەوا ئیمامی یەحیای کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن ئاڵای شۆڕش کردنی هەڵگرت دژی خەلیفەی عەبباسی هارون ڕەشید، یەحیا داوای لە موسای کازم کرد پشتی بگرێت، کاتێك موسا ئەوەی ڕەتکردەوە یەحیا پەیامێکی بۆ نووسی و تیایدا ڕەخنەی لە هەڵوێست و پاڵپشتی نەکردنی ئەوی گرت و پێی وت: (پاشان... ئەو یارمەتیدەرەی ئاین و بڵاوکردنەوەی گوێڕایەڵی خوا پێی ڕاگەیاندم کە زۆر

---

(١) الكليني، الكافي، الأصول ٣٦٦/١.

بەسۆزیت بەڵام سەرشۆڕیت و من شوڕام لەگەڵ کردنی سەبارەت بە بانگەوازی کردن بۆ ڕەزامەندی ئالی محەممەد ((ﷺ))، کەچی تۆ ڕەتت کردەوەو پێش تۆش باوکت ڕەتی کردەوە، هەر لە کۆنەوە بانگەشەی شتێکتان بۆ خۆ کردووە کە هی ئێوە نییە، بەشێوەیەك ئاواتەکانتان فراوان کردووە کە بە ئومێدی ئەو شتانەشن کە خوا بە ئێوەی نەداوە بەمەش بەدوای هەواو ئارەزووی خۆتان کەوتوون، منیش هۆشداریت دەکەمەوە لە سزای خوا کە ئێوەی لێ ئاگادار کردۆتەوە). کازم لە وەڵامدا بۆی نووسی: (لە موسای کوڕی صادقەوە... بۆ یەحیای کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن و پاشان... من خۆم و خۆت ئاگادار دەکەمەوە لە هەڕەشەی خوا، هۆشدارت دەکەوە لە سزای سەخت و توندی خوا و تەواوی ڕق و توڕەیی خوا، ئامۆژگاری خۆم و خۆت دەکەم کە لە خوابترسین و پارێزگار بین، چونکە پارێزگاری جوانترین گوفتارە و مایەی چەسپاندنی نیعمەت و بەخششە، پەیامەکەتم پێ گەیشت، تیایدا باسی ئەوە کراوە کە من و پێشتریش باوکم بانگەوازمان فەرامۆش کردووە، ئەوەت لە من نەبیستووە، بێ گومان گەواهی هەمووان دەنووسرێت و پرسیاریشیان لێ دەکرێت، هەرگیز دونیاو خەڵکی دونیاویستیان فەرامۆش نەکردووە لە پێناو گەشاوەیی دواڕۆژیان، تا دواڕۆژیان بەقوربانی دونیایان نەکەون. باسی ئەوەت کردووە کە من خەڵکیم لە تۆ دوورخستۆتەوە بەهۆی ئەوەی حەزم لە جێگەی تۆیە، هیچ شتێك منی لەوە نەگێڕاوەتەوە کە بێمە سەر ڕێچکەی تۆ هەر چەندە لاواز بم و سوننەت پشتگوێ بخەم و بەرچاوڕۆشنیم کەم بێت سەبارەت بە بەڵگە، بەڵام خوای گەورە خەڵکی بەدیهێناوە بە خەسڵەت و توانای جیاواز... من دییمە لات و ئاگادارت دەکەمەوە لە سەرپێچی کردنی خەلیفە و داوات لێدەکەم چاکەی لەگەڵ بکەی و گوێڕایەڵی

بیت، بەر لەوەی چنگ و نینۆکەکان بت گرن داوای پارێزراوی بۆ خۆت بکە، لە هەموو لایەکەوە دەورت دەدرێ و بە دوای هەناسەدا دەگەڕێیت و دەستت ناکەوێت، تا ئەو کاتەی خوا بە بەخشندەیی خۆی بەخششت لەگەڵ دەکات، نەرم و نیانی خەلیفە خوا بیهێڵێتەوە ڕەحمەت پێ دەکات و دەتپارێزێت و خزمانی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) لە پێناوی تۆدا دەپارێزێت و سڵاو لەو کەسە بێت کە شوێن ڕێنوێنی دەکەوێت، خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿ إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾ طه: ٤٨. واتە: "ئێمە ئاگادار کراوین، کە سزاو ئازارو بەڵا لەسەر ئەوانەیە کە ڕاستییەکان بەدرۆ دەزانن و پشتی تێ دەکەن و لێی یاخی دەبن")[١].

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە کازم تیۆری ئیمامەتی خوایی پەسەند نەکردووە ئەوەیە کە زۆربەی کوڕەکانی لایەنگیری هێڵی زەیدییەکان (یان شیعەگەرێتیی سیاسیی عەلەوی)یان کردووە، سەرباری ئەوەی براکەی کازم

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من ادعى الإمامة وليس لها بأهل... ح رقم ١٩. سەرباری ئەوەی پەیامەکە ڕۆشنە و موسای کازم بانگەشەی ئیمامەتی نەکرد و داوای لە یەحیا کرد گوێڕایەڵی خەلیفەی (عەباسی هارون ڕەشید) بێت، ئەوا هەندێك شیعەی دواتر پەیامەکەیان بە خۆپارێزی (توقیە) لێکدایەوە یان ئەوەیان پەسەند کردووە کە پەیامەکە کەوتبێتە دەست دەسەڵاتی عەبباسی، ئەم لێکدانەوەیەش وەك شوێنکەوتنی تێڕوانینی باتینی کە هەمیشە شتەکان بە پێچەوانە شرۆڤە دەکات. هەروەك هەندێك شیعە داواکەی کازم کە لە یەحیای کردبوو بەوەی گوێڕایەڵی خەلیفە بێت بەوەیان لێکداوەتەوە کە مەبەستی کازم لە خەلیفە خۆیەتی وەك خەلیفەی دیاریکراو لەلایەن خواوە، هەرچەندە ناوکۆ (سیاق)ی گشتی پەیامەکە لەم تێڕوانین و تێگەیشتنە زۆر دوورە.

محەممەدی  كوڕی جەعفەری صادق كە بە (دیباج) ناسراوە لە ساڵی ١٩٩ك لە شاری مەككە شۆڕشی كرد و نازناوی میری باوەڕدارانی لەخۆنا[١].

## أ_ ئەو گێڕانەوانەی باس لە بوونی دەق دەكەن لەسەر كازم

بەڵام سەرباری ئەوەی ئیمام موسای كازم خۆر دوورگرت لە سیاسەت و ڕەتی كردەوە بانگەشەی ئیمامەت بكات، سەرەڕای ئەو ناڕۆشنیەی سەبارەت بە بابەتی ئیمامی جێگرەوە صادق هەبوو، هەروەها مردنی زورارە بێ ئەوەی ئیمامی نوێ بناسێت و داننانی هەندێك لە ئیمامییەكان بە ئیمامەتی عەبدوڵای كوڕی ئەفتەح، ئەوا تاقمێك لە ئیمامییەكان لە دەوری كازم كۆبوونەوەو هەوڵیاندا بیكەنە دروشمێك بۆ تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و ئیمامێك لە زنجیرەی ئیمامە خواییەكان كە دەقیان لەسەر هاتووە، كە پێویست بوو تا ڕۆژی دوایی بەردەوام بێت. ئەم تاقمە هەوڵیدا چەند دەقێك بهێنێت بۆ ئەوەی ئەوە بچەسپێنێت كە ئیمامی صادق ئاماژەی بۆ كازمی كوڕی خۆی كردووە وەك ئیمام. كلینی لە كتێبی (الكافي) و صەفار لە كتێبی (بصائر الدرجات) و صدوق لە كتێبی (عیون أخبار الرضی) و موفید لە كتێبی (الإرشاد)دا باسی نزیكەی شازدە دەقیان كردووە كە دێن و دەچن لە نێوان ئاماژەی ناڕۆشن و جەختكردنەوەی ڕوون و ڕاشكاو.

---

(١) نوبەختی دەڵێت: شیعەكانی صادق بۆ شەش تاقم دابەش بوون، تاقمی چوارەمیان وتی: لە دوای صادق محەممەدی كوڕی صادق ئیمامە، ئەم تاقمە ئیمامەتیان لە محەممەد و كوڕو نەوەكانی كورت كردەوە، بەم تاقمە دەوترێت (سەمیتییەكان) یان (شەمیتییەكان) و بەهۆی سەرۆكەكەیانەوە ئەو ناوەیان لێنراوە كە پێی دەوترا یەحیای كوڕی ئەبو سەمیت. النوبختي، فرق الشيعة ٧٧.

فەیزی کوڕی موختار بانگەشەی ئەوەی کرد کە صادق ئاماژەی بۆ کازم کردووە لەوەتەی منداڵێکی بچوك بووە. و گوایە فەیز بە صادقی وتوە: کێ ئیمامی ئێمەیە لە دوای تۆ؟ وتی: ئەوە ئیمامی ئێوەیە، دەستی پێوە بگرە، ئاماژەی بۆ کازم کرد[1]. موعازی کوڕی کەسیر گێڕایەوە کە بە صادقی وتوە: داوا لە خوا دەکەم کە ئەو پێگەیەی بەهۆی تۆوە بە باوکت داوە بە هەمان شێوە بە کوڕی تۆش بدات بە لەوەی بمریت، صادق وتی: ئەوەی کردووە. موعاز وتی: کێیە؟ ئاماژەی بۆ کازم کرد کە پاڵ دابووەوەو وتی: ئەوە کە پاڵی داوەتەوەو نێوجەوانە[2]. هەروەك عەبدوڕەحمانی کوڕی حەجاج وتویەتی پرسیارم لە صادق کرد: کێ ئیمامی خەڵکە لە دوای تۆ؟ وتی: بەڕاستی موسا قەڵغانی پێغەمبەری لەبەر کردووەو پڕ بە جەستەیەتی، عەبدوڕەحمان وتی: لە دوای ئەمە پێویستیم بەهیچ شتێك نییە[3]. موفەزەڵی کوڕی عومەر وتویەتی کە گوایە صادق پێی ڕاگەیاندووە: (بەمە ئامۆژگاری خەڵکی بکە و بەو هاوەڵانەت ڕابگەیەنە کە باوەڕیان پێدەکەیت)[4]. لە ئیسحاقی کوڕی جەعفەری صادق گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: ڕۆژێك لەلای باوکم بووم، عەلی کوڕی عومەری کوڕی عەلی پرسیاری لێکرد و پێی وت: بەقوربانت بم ئێمە و خەڵکی لە دوای تۆ پەنا بۆ کێ ببەین؟ صادق وتی: بۆ لای خاوەنی دوو پۆشاکە زەردەکە و دوو پەرچەمەکە ئێستا لەو دەرگایەوە لێت دەردەکەوێت و بە دەستەکانیەوە هەر دوو دەرگاکە دەکاتەوە، زۆری پێ نەچوو هاتە ژوورەوەو بە هەر دوو دەستی دوو دەرگاکەی گرتبوو و دەبینین کازمی باوکی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ٣.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ٤.

ئیبڕاهیمە[1]. لە صەفوانی جەماڵەوە هاتووە: کە مەنصوری کوڕی حازم پرسیاری لە صادق کردووە: بە دایك و باوکم بە قوربانت بم مردن بەسەر نەفسەکاندا دێت، ئەگەر تۆ ماڵئاواییت کرد کێ لە دوات دەبێتە ئیمام؟ صادق وتی: ئەگەر ئەوە ڕوویدا ئەوا ئەوە ئیمامی ئێوەیە دەستی لەسەر شانی ڕاستی کازمدا _ بەوپێیەی من دەزانم _ ئەو کات تەمەنی پێنج ساڵان بوو و عەبدوڵای کوڕی جەعفەریشمان لەگەڵ دانیشتبوو[2]. هەروەها صادق وتی: (دەست بگرن بەم کوڕەوە، بەخوای لە دوای من ئیمامی ئێوەیە)[3]. عیسای کوڕی عەبدوڵا وتویەتی کە هەمان پرسیاری لە صادق کردووە، صادقیش لە وەڵامدا ئاماژەی بۆ موسای کوڕی کردووە[4]. فەیزی کوڕی موختار دەگێڕێتەوە: کە صادق پێی وتوە: ئەوە ئیمامی تۆیە کە پرسیارت لەبارەیەوە کرد، دەی هەستە دان بە مافی ئەودا بنێ، منیش هەستام و سەر و دەستی ئەوم ماچ کرد و بۆی پاڕامەوە لە خوای مەزن[5]. ئیمامییەکان لە کازم دەگێڕنەوە کە ڕەتی کردۆتەوە دان بە ئیمامەتی ئەفتەحی برای خۆیدا بنێت، کاتێکیش یەکێك لە هاوەڵانی پێی وت: من بەڵگەت لەسەر دێنمەوە لە ڕۆژی دوایی لەلایەن خوا کە باوەڕت بە ئیمامەتی عەبدوڵا نەبووە، کازم دەستی داناوەتەوە سەر ملی و دواتر پێی وتوە: بەڵێ لەلایەن خوا ئەمە بە بەڵگە لەسەر من بخەڕوو، هەر گوناهێکیش بوو ئەوا لە ملی من[6].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ١٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ٧.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ٩.

(٦) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة، ح رقم ١٠.

بەڵام ئەم گێڕانەوانە نەناسرابوون و نە چەسپابوون و بڵاو نەببوونەوە لە ناو شیعە جەعفەرییەکان و تەنانەت پێشتر لە ناو ئیمامییەکانیش، هەر بۆیە شەرعناسانی شیعە بەگشتی چوونە پاڵ عەبدوڵای ئەفتەح، ئەوانەی کە مانەوە سەرگەردان بوون بەهۆی ئەوەی ئیمامی نوێیان نەناسی، ئەمەش ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کە پێی وایە ئەم گێڕانەوانە هەڵبەستراون لەلایەن ئەوانەی پاشتر بانگەوازیان بۆ کازم دەکرد، هەروەها هەوڵێکیش بوو بۆ ئەوەی ئەوە پیشان بدەن کە پێشتر لەلایەن صادقەوە هاتووە لەسەر ئیمامەتی کازم.

## ب_ بەڵگەی کارە دەرئاساکان

کاتێك ئەو دەقانەی (ئیمامییەکان _ موسەوییەکان) دەیانهێنایەوە دڵنیاکەرەوەو بەس نەبوون، ئەوا پەنایان بردە بەر چەکی کارە دەرئاساکان و غەیب زانین تا ئەوە بچەسپێنن کە کازم پەیوەندییەکی تایبەتی بە ئاسمانەوە هەیە و لە نێوان براکانیشی دیاری بکرێت وەك تاکە میراتگری شەرعی، جا لەوبارەوە باوکی بەصیر دەڵێت کە چووەتە لای ئیمامی کازم و پرسیاری لێکردووەو پێی وتوە: بە قوربانت بم، ئیمام بە چ دەناسرێت؟ کازم وتی: بە چەند خەسڵەتێك: یەکەمیان بەهۆی دەقێك یان ئاماژەیەکی کە پێشتر لەلایەن باوکیەوە بۆی کرابێت تا ببێتە بەڵگە. و ئەگەر پرسیاری لێکرا وەڵام بداتەوەو ئەگەر بەرامبەر بێ دەنگ بوو ئەوا ئەو دەستی پێ بکات، هەروەها هەواڵ لەبارەی ئایندە بدات و بە هەموو زمانێك قسە لەگەڵ خەڵك بکات. دواتر وتی: ئەی باوکی محەممەد قسەی هیچ کەسێك لە خەڵك و زمانی باڵندە و وتەی هەر گیانلەبەرێك

لە ئیمام شاراوە نابێت، جا ئەوەی ئەو خەسڵەتانەی تێدا نەبێت ئەوا ئەو کەسە ئیمام نییە.

بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر ئەم بانگەشە ئەفسانەییە زیادەڕۆچووە، ئەوا (موسەوییەکان) ژمارەیەکی زۆری گێڕانەوەیان گێڕایەوە کە تێڕوانینیان وایە کازم دەیزانی مرۆڤ کەی دەمرێت و ئەوەشی بە هاوەڵانی دەوت، هەروەك هەواڵی سەرەنجام و ئاکامەکانیشیانی بەوان ڕادەگەیاند. و گوایە کاری دەرئاسای دەکرد لە بەندیخانەی بەغداد و قوفڵەکانی دەشکاند و دیوارەکانی دەبڕی و لە یەك شەودا لە بەغدادەوە دەچووە شاری مەدینە و دەگەڕایەوە و بە ئەنگوستیلەکەی مۆری لەسەر وردە بەرد دەکرد و بێ فێر بوون بە زمانە بیانییەکان دەدوا، دەچووە ناو ئاگر و نەدەسوتا، مانگای مردووی زیندووی دەکردەوە. و چەندین کاری دەرئاسای تریش[1].

باوکی بەصیر بە تەنها گێڕانەوەیەکی تایبەتی گێڕاوەتەوە، کە دەدوێت لەبارەی موعجیزەی کازم لە یەك خولەکی لە دایکبوونی دا، ئەویش ئەوەبووە کە کاتێك کازم لە دامێنی دایکی بەربووەتەوە دەستی داناوەتە سەر زەوی و سەری بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوە، صادقیش بە حەمیدەی دایکی کازمی وتوە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کازم لە دوای ئەو ئیمامە[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب مواليد الأئمة، ح رقم ١، کوشی لە ژیاننامەی لەیسی بوختری دا وتویەتی: (محەممەدی کوڕی مەسعود، وتویەتی: پرسیارم لە عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی فەزاڵ کردووە لە بارەی باوکی بەصیر، وتی: ناوی یەحیای کوڕی ئبو قاسم بوو، وتی: باوکی بەصیر بە باوکی محەممەد بانگ دەکرا، خزمەتکاری هۆزی ئەسەد بوو، نابینا بوو، دەڵێت: پرسیارم لێکرد ئایا بە

بەڵام ئەم چیرۆکە ئەفسانەییانە زۆر بە توندی لەلایەن خودی کازمە ڕەت دەکرانەوە، کە هەرگیز بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد کە غەیب دەزانێت و کاری دەرئاسا ئەنجام دەدات. کاتێك یەحیای کوڕی عەبدوڵای کوڕی حوسەین بە کازمی وت: هەندێك لە زیادەڕۆچووان بانگەشەی ئەوە دەکەن غەیب دەزانیت، کازم نکۆڵی لێکرد و وتی: (پاك و بێگەردی بۆ خوا! دەستت بخەرە سەر سەرم، بەخوا هیچ موویێك لە سەرو جەستەم نەما کە زیك نەبێت و ڕانەوەستێت)[1]. کازم نیگەرانی و بێزاری خۆی دەربڕی لە بەرامبەر بزوتنەوەی ساختەکاری کە ئەو زیادەڕۆچووانە پێی هەڵدەستن کە هاتوونەتە ناو ڕیزی پشتیوانەکانی، جا وتی: (ئەگەر بێم شیعەکانم لەیەکتر جیا بکەمەوە ئەوا هیچ یەکێك نامێنێت تەنها ئەوانە نەبن فەرموودە هەڵدەبەستن، ئەگەر تاقیان بکەمەوە ئەوا بۆم دەردەکەوێت کە هەڵگەڕاوەن، ئەگەر پاڵفتەیان بکەم ئەوا لە هەزاران یەکیان ڕزگار نابێت!!)![2].

ئیمامییەکان ئامادەنەبوونی ئیمامی کازمیان قۆستەوە لە میانەی بەندکرانی چەندین ساڵ لە بەندیخانەدا و هەڵسان ئەوە کەیفیان لێیە دایانە پاڵ ئیمامی کازم ئەگەرچی بەڕاشکاوی پێچەوانەی گوفتارو ڕەفتاری ناسراوی ئەو بێت، هەروەك (عەلی کوڕی سوەیدی سائی) بانگەشەی ئەوەی کرد کە پەیامێکی بۆ کازم نووسیوەتی و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە، گوایە لە وەڵامەکەدا هاتووە:

---

زیدەڕۆچوون تۆمەتبار دەکرا؟ وتی: نا بەوە تۆمەتبار نەدەکرا، بەڵام هەڵەی دەکرد و شتی تێکەڵ دەکرد).

(١) رجال الكشي ١٩٢.

(٢) الكليني، الكافي ٢٢٨/٨.

(بە شتێك مەڵێ پوچەڵ و بێ بنەما کە لە ئێمە هاتبێت یان درابێتە پاڵ ئێمە)، ئەگەرچی پێچەوانەکەشی بزانیت، ئەوا تۆ نازانی بۆچی ئەوەمان وتوەو بو چ جۆرێك وەسفمان کردووە، باوەڕ بەوە بێنە کە پێم وتی و شتێك بڵاو مەکەرەوە کە داوام لێکردبیت بیشاریتەوە[1].

## پ_ بەردەوابوونی زیادەڕۆچوون

ئەگەر ناسنامەی ئەو کەسانە بپشکنین کە بانگەشەی لایەنگیری پشتیوانانی موسای کازمیان دەکرد لەو کاتدا، ئەوا زۆربەی زیادەڕۆچووانمان لە ناو ڕیزەکانی ئەواندا دەدۆزیەوە، بەتایبەت (موفەویزەکان) یان (موفەزەلیەکان: شوێنکەوتووانی موغەزەڵی کوڕی عومەر) کە ئیمامی صادق بە نەفرەتی کردبوو، کەچی لە دەوری کازم دەسوڕایەوەو بانگەشەی ئەوەی کرد دەقی لەسەر هاتووە لەلایەن صادقەوە، هەروەك خەتابییەکان لە دەوری ئیسماعیل کۆبوونەوەو نکۆڵیان کرد لە مردنی ئیسماعیل لە ماوەی ژیانی صادقدا و بانگەشەی ئەوەیان کرد دەق لەسەر ئیسماعیل هاتووە. و بەشیرییەکان (شوێنکەوتووانی محەممەدی کوڕی بەشیر) کە کازم نەفرەتی لێکردبوو، لەبەر ئەوەی بەشیر بانگەشەی پەروەردگاریێتی بۆ کازم و پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی دەکرد[2]. هێشتا کازم لە ژیاندا مابوو بەشیر درۆی بە دەمی ئەو دەکرد و هەوڵی دەدا خۆی بخزێنێتە ناو ڕیزی پشتیوانەکانی، بەڵام کازم لێی بەئاگا هاتەوەو بە نەفرەتی کرد و داواشی لە خوا کرد بە گەرمی ئاسن

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٨٢٠٢، عن الكشي في ترجمة: علي بن سويد السائي.

(٢) رجال الكشي ٢٩٧ _ ٢٩٩.

سزای بدات و خوێنیشی حەڵاڵ کرد و تەنانەت ئاماژەی بە یەکێك لە هاوەڵانی کرد کە بیکوژێت[1].

کازم بە عەلی کوڕی ئبو حەمزەی بەتائینی وت: (خوا نەفرەت لە محەممەدی کوڕی بەشیر بکات و بە گەرمی ئاسن سزای بدات، درۆ بەدەمی من دەکات... خوا خۆی لێ بەری کردووە، منیش خۆم لێ بەری دەکەم و پەنا بەخوا دەگرم لێی، خوایەگیان؛ من خۆم بەری دەکەم لەوەی محەممەدی کوڕی بەشیر لەبارەی منەوە دەیڵێت، خوایەگیان بم حەسێنەوە لە دەستی ئەو، دواتر وتی: ئەی عەلی هەر کەسێك ئەو بوێرییە بەخۆی بدات درۆ بە دەمی ئێمە بکات ئەوا خوا بە گەرمی ئاسن سزای دەدات، بەنا درۆی بە دەمی عەلی کوڕی حوسەین _ سڵاوی خوای لێبێت _ کرد خوا بە گەرمی ئاسن سزای دا، موغەیرەی کوڕی سەعید درۆی بە دەمی باقر _ سڵاوی خوای لێبێت _ کرد، خوای گەورە بە گەرمی ئاگر سزای دا، باوکی خەتابیش درۆی بە دەمی باوکم کرد، خوای گەورە بە گەرمی ئاسن سزای دا، محەممەدی کوڕی بەشیر خوا نەفرەتی لێ بکات درۆ بەدەمی من دەکات و پەنا بەخوا دەگرم لێی، خوایەگیان؛ خۆب بە تۆ پەنا دەدەم و خۆم بەری دەکەم لەوەی محەممەدی کوڕی بەشیر لەبارەی منەوە دەڵێت، خوایەگیان بم حەسێنەوە لە دەستی ئەو، خوایەگیان؛ داوات لێدەکەم ڕزگارم کەی لەو پیس و بێ نرخە محەممەدی کوڕی بەشیر، بێگومان شەیتانلەگەڵ باوکی بەشداربووە لە منداڵدانی دایکی دا)[2].

---

(١) الكشي، ترجمة محمد بن بشير.

(٢) الكشي، ترجمة محمد بن بشير.

ئیمامی كازم ئەوانەی باوەڕیان بە گەڕانەوەی ڕۆح (تەناسوخ) هەیە وەك (بەشیرییەكان) بە بێ باوەڕی هەژماركردن و بە نەفرەتی كردن، هەروەها وتی: (ئەوانەی ئەم باوەڕیان هەیە هەر ئاگرپەرست و نەصرانی و قەدەری و مورجیئە و حەرورییەكان بوون). و هۆشداری دایە شیعەكان لە هەمبەر ئەوانە و وتی: (لەگەڵیان دامەنیشن و بە ڕاستگۆیان دانەنێن و خۆتا لەوان بەری بكەن، خوای گەورە خۆی لەوان بەری كردووە)[1].

بەڵام محەممەدی كوڕی بەشیر گوێی نەدا بە هەڵوێستی كازم لە بەرامبەر خۆی، بەڵكو هەر بەردەوام بوو لە درۆكردن بەدەمی ئەوە كاتێك زیندوو بوو و لە دوای مردنیشی، تەنانەت بۆنەی كۆچی دوایی كردنی ئیمامی كازم بە شێوەیەكی ناڕۆشن لە بەندیخانەی ڕەشید لە ساڵی ١٨٣ك لە بەغدادی قۆستەوە تا بچێتە ناو ڕیزەكانی واقیفییەكان كە دەیانوت ئیمامی كازم پەنهان بووەو لە بەندیخانە هەڵاتووە و نەمردووە بەڵكو مەهدی چاوەڕوانكراوە. جا بەشیر بانگەشەی ئەوەی كرد كە لە كاتی پەنهان بوونی ئیمام لەبەرچاوی ئوممەت ئەوا ئیمامی كازم ئەوی كردۆتە جێگری خۆی و ئەنگوستیلەی خۆی پێداوەو هەموو ئەو شتانەی فێر كردووە كە خەڵك پێویستیان پێیە لە دین و دونیا، هەموو كارێكی خۆی ڕادەستی ئەو كردووەو كردوویەتیە جێگری خۆی و تەنانەت لە دوای كازم ئەو ئیمامە[2].

(١) الكشي، ترجمة محمد بن بشير.

(٢) و كوشی دەڵێت: (وێنەی كەسێكی لەلا بوو كە دروست كردبوو و ڕێكی خستبوو لە جل و بەرگی حەریر وەك ئەوەی وێنەی موسای كازم بێت، بە دەرمان ڕووكەشی بۆ كردبوو و بەشێوەیەكی دەستكاری كردبوو وەك ئەوەی وێنەی مرۆڤ بێت، جا بەشیر ئەو وێنەیەی دەپێچا، ئەگەر بیویستبا ساختەكاری بكات ئەوا فووی تێدەكرد بەمەش وێنەكە ڕێك ڕادەوەستا، بە هاوەڵانی دەوت: ئا ئەوە

موسای کازم لەلای منە، ئەگەر پێتان خۆشە ببینن و لەوەوە بزانن کە من پێغەمبەرم وەرن با پیشانتان بدەم، جا ئەوانی دەبردە ژوورەوەو وێنەکەشی لەگەڵدابوو بە پێچراوی، جا دەیوت: ئایا کەس دەبینن لە ژوورەکە یان کەسێکی تر جگە لە من ئێوەی لێیە؟، دەیانوت: نا کەسی لێ نییە، دەیوت: جا برۆنە دەرەوە، ئەوانیش دەچوونە دەرەوە، بەشیر خۆی دەچووە پاڵ پەردەکە و پەردەکەی دەهێنایە خوارەوە لە نێوان خۆی و ئەواندا، دواتر وێنەکەی دەخستەڕوو و ئینجا پەردەی نێوان خۆی و ئەوان هەڵدەدایەوە، ئامادەبووان تەماشایان دەکرد وەك ئەوەی خودی کازم بێت و بێ کەم و کورتی، بەشیریش لە نزیك وێنەکە ڕادەوەستا و بە فێڵبازانە وای پیشان دەدا کە لەگەڵ وێنەکە دەدوێت و تکای لێدەکات و لێی نزیك دەبووەوە وەك ئەوەی دەستە چەپی بێت، دواتر ئاماژەی بۆ ئامادەبووان دەکرد کە دوور بکەونەوە، ئەوانیش دوور دەکەوتنەوەو پەردەکەی دەهێنایە خوارەوەو هیچ شتێکیان نەدەبینی کە لە پاش پەردە ڕووی دەدا). الكشي، ترجمة محمد بن بشير.

# دەروازەی سێیەم

## ڕاجیایی لەبارەی عەلی کوڕی موسای ڕیزا

### أ_ واقیفییەکان

تیۆری (ئیمامەتی خوایی) لەسەردەمی کازمدا بەرەو سیس بوون چوو، خەریك بوو لە دوای مردنی کازم لە ساڵی ١٨٣ك چرای ئەم تیۆرە بکوژێتەوە و بەتایبەت شیعەکانی کازم نەیانزانی کە کازم بە دەق ئاماژەی بۆ ئیمامەتی هیچ کوڕێك لە دوای خۆی کردبێت. زۆرێکیشیان مەزهەبی زەیدی (یان باشتر بڵێین مەزهەبی سیاسی عەلەوی) بگرنەبەر کە ئیمامەت کورت هەڵنایەنێت لە ڕەچەڵەکێك یان کەسانێکی دیاریکراو، بەڵکو پێی وایە ئەو کەسە لە ئالی محەممەد ئیمامە کە ڕاپەڕێت و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکات. هەر بۆیە هەندێك لە هاوەڵ و کوڕو نەوەکانی کازم لە شاری مەدینە کۆبوونەوەیەکیان گرێدا لەلای دەرگای دایکی ئەحمەد (هاوسەری کازم) و بەیعەتیان دایە ئەحمەدی کوڕی ناوبراو[1].

ئیمامییەکانیش کە باوەڕیان بە تیۆری ئیمامەتی خوایی یان (شیعەگەرێتیی ئاینی هەبوو)، ئەوا هەڵوەستەکردنیان بەسەردا زاڵ بوو واتە لەلای کازم وەستان. و هەندێك فەرموودەیان گێڕایەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کازم مەهدی چاوەڕوانکراوە، هەر بۆیە ڕتیان کردەوە دان بەیەکێکی تردا بنێن وەك

(١) الکليني، الکافي، ١/ ٣٨١ _ ٣٨٢.

ئیمام، عەلی کوڕی ئەسبات بە ئیمامی ڕیزای وت: پیاوێك مەبەستم ئیبڕاهیمی براکەتە باسی ئەوەی کردووە ك کازمی باوکت هەر ژیاندا ماوەو نەمردووە، تۆش شت لەوبارەوە دەزانیت؟!... ڕیزا وتی: پاك و بێگەردی بۆ خوا پێغەمبەری خوا دەمرێت کەچی موسای کازم نامرێت؟!... سوێند بەخوا موسا مرد وەك چۆن پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کۆچی دوایی کرد[1]. ڕیزا ئەو کەسانەی بە درۆ تۆمەتبار کرد کە وتیان کازم نەمردووە، ناوبراو وتی: (ئەوانە باوەڕیان نییە بەوەی خوای پایەبەرز دایبەزاندۆتە سەر محەممەد ((ﷺ))، ئەگەر خوا لە تەمەنی هەر ئادەمیزادێك درێژ بکاتەوە لە پێناو ئەوەی خەڵك پێویستیان پێیەتی ئەوا خوای گەورە لە تەمەنی پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) درێژ دەکردەوە)[2].

کاتێك حەسەنی کوڕی قەیامای صەیرەفی لە ساڵی ١٩٣ك چووە حەج، واتە دوای بیست ساڵ لە مردنی کازم، ناوبراو پرسیاری لە ئیمامی ڕیزا کرد سەبارەت بە کازمی باوکی، ڕیزا لە وەڵامدا وتی: مرد و دونیای بەجێ هێشت وەك چۆن باوو باپیرانی مردن. ناوبراو وتی: ئەی چی بکەم بە فەرموودەیەك کە یەعقوبی کوڕی شوعەیب لە باوکی باصیرەوە بۆمی گێڕاوەتەوە کە صادق پێی وتوە: ئەگەر کەسێك هات هەواڵی ئەوەی بە ئێوەدا کە ئەم کوڕەم (مەبەستی: موسای کازمە[3]) مردووە یان کفن کراوە و بەخاك سێپرراوەو دەستی خۆیان لە گڵی گۆڕی ئەو پاك کردۆتەوە ئەوا باوەڕی پێ مەکەن؟... ڕیزا وتی: باوکی بەصیر درۆی کردووەو

---

(١) الكليني، الكافي، ١/٣٨٠.

(٢) الكشي، معرفة الرجال ٣٧٩.

(٣) وەرگێڕ.

فەرموودەکەی صادق بەوشێوەیە نییە... بەڵکو صادق وتویەتی: ئەگەر هەواڵتان بۆ هات لەبارەی مەهدییەوە[1].

هەندێك لە واقیفییەکان پاساویان بەوە هێناوەتەوە کە ڕیزا کوڕێکی نەبووە تا ئیمامەتی پێ بەردەوام بێت، ناوبراو منداڵی پێ نەبەخشرا تا کاتێکی درەنگ، جا واقیفییەکان لەوە ترسان کە ئەزموونی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح دووبارە ببێتەوە کە بەبێ منداڵی لە پاش بەجێ بمێنێت مرد، کە بووە هۆی کێشەنانەوە لە بەردەوام بوون و گوێزرانەوە ئیمامەت بۆ موسای کازمی براکەی.

ڕیزا هەوڵیدا دڵی واقیفییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بەوەی ئەوانی بە گێلانە وەسف کرد کاتێك چاوەڕوانی ئیمامێکی پەنهانن و ڕۆڵی ڕابەرایەتی ناگێڕێت و کارێك ناکات لەگەڵ سەرکردایەتیدا، ڕیزا بەپێی تێگەیشتنی ئەوانی بەوان وت: (بەڵگەی خوا لەسەر بەدیهێنراوەکانی تەنها بە ئیمامێك بەرپا دەبێت کە زیندوو بێت و بناسرێت) و (ئەوەی بێ ئیمام بمرێت ئەوا بە نەفامی مردووە... ئیمامێك کە زیندوو بێت و بناسرێت. و پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: کەسێك بمرێت بێ ئەوەی ئیمامێکی هەبێت کە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بێت ئەوا بە نەفامی مردووە). و ڕیزا بە یەکێك لە واقیفییەکانی وتوە: (کەسێك بمرێت بێ ئەوەی ئیمامێکی زیندوو و دیاری هەبێت ئەوا بە نەفامی مردووە) واقیفییەکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو جەختکردنەوە لەسەر

---

(١) الكشي، الرجال، ترجمة الصيرفي.

وشەی (ئیمامێکی زیندوو) پرسیاری لێکرد؟ دووباره ڕیزا جەختی کردەوەو وتی: (ئیمامێکی زیندوو)[1].

پشتیوانانی عەلی ڕیزا واقیفییەکانیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بەهۆی پارەو سامانەوە دانانێن بە ئیمامی نوێدا، هەروەها چیرۆکی هەڵاتنی کازم لە بەندیخانە و مانەوەی هێشتا لە ژیاندا دروست کردەوە بۆ ئەوەی سەروەت و سامان و سپاردەکان بە میراتگرکەی نەدەن[2]. لە کاتێکدا ناتوانرێت پرۆسەی فراوانی

(١) الكليني، الكافي ١/١٧٧، والحميري، قرب الإسناد ٢٠٣.

(٢) شێخ توسی لە کتێبی (الغيبة)دا لە کاتی قسەکردن لەسەر واقفییەکان وتویەتی: کەسانی باوەڕپێکراو گێڕاویانەتەوە کە یەکەم کەس ە ئەم بیروباوەڕەی دەرخست ئەمانە بوون: عەلی کوڕی ئەبو حەمزەی بەتائینی و زیادی کوڕی مەڕوانی قەندی و عوسمانی کوڕی عیسای ڕەواسی، دونیایان دەویست و بەدوای کرش و کاشیەکەی وەبوون، دڵی هۆزێکیان بەلای خۆدا ڕاکێشا و بەمەش هەندێك لە پارە و سامانەکەیان بەوان دا و نمونەی ئەوانەی پارەیان بەخشی: حەمزەی کوڕی بەزیع، کوڕی مەکاری، کەڕامی خەسعەمی و هاوشێوەکانیان. توسی دوای ئەوەی باسی نوێنەرە ستایشکراوەکانی کرد و لە کاتی باسکردنی بریکارە سەرزەنشت کراوەکان وتی: (ئەوانەش لە سەرزەنشتکراوەکانن: عەلی کوڕی ئەبو حەمزەی بەتائینی، زیادی کوڕی مەڕوانی قەندی، عوسمانی کوڕی عیسای ڕەواسی، ئەوانە هەموو بریکاری موسای کازم بوون، پارەو سامانێکی زۆریان لابوو، بەڵام کاتێك موسای کازم کۆچی دوایی کرد ئەوا پارەکەیان وەستاند بەهۆی ئەوەی حەزیان لێبوو و چاویان برێبوێ و ئیمامەتی ڕیزایان ڕەتکردەوە!). و صدوق لە کتێبی (عيون أخبار الرضا) لە یونسی کوڕی عەبدوڕەحمانی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: موسای کازم کۆچی دوایی کرد و بریکارەکانی پارەیەکی زۆریان لابوو، ئەم پارە زۆرە وای لەوان کرد دان بە ئیمامی نوێدا نەنێن و مردنی کازم ڕەت بکەنەوە بەهۆی ئەوەی حەزیان لە پارەکە بوو! حەفتا هەزار دینار لەلای زیادی کوڕی مەڕوانی قەندی بوو، هەروەها سی هەزار دینار لای عەلی کوڕی ئەبو حەمزە بوو. هەمان سەرچاوە: ج ١، باب السبب الذي قيل من أجله بالوقف على موسى بن جعفر ح ٢.

**هەڵوەستەکردن و داننانەنان بە ئیمامی نوێدا ناکرێت تەنها بە هۆکاری ماددی لێکبدرێتەوە، چونکە هەندێك لە واقیفییەکان کەسانی باوەڕپێکراو بوون لەلایەن تێکڕای شیعەکانەوە[1]. بۆ نمونە: (هاوەڵانی یەکدەنگی) و گێڕەرەوە**

---

کوشی لە یونسی کوڕی ڕەحمانی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: موسای کازم کۆچی دوایی کرد و هەر بریکارێکی سامان و پارەیەکی زۆری لابوو، ئەم سامانە هۆکاری ئەوەبوو هەڵوەستە بکەن و مردنی کازم ڕەتبکەنەوە، زیادی قەندی حەفتا هەزار دیاری لابوو، عەلی کوڕی ئەبو حەمزە سی هەزار دینار هەیە، یونس وتی: کاتێك ئەوەم بینی و ڕاستیم بۆ ڕوون بووەوە و زانیم ڕیزا کێیە، قسەم کرد و خەڵکیم بۆ لای ڕیزا بانگ کرد، یونس دەڵێت: بریکارەکان بە دوای منیان نارد و پێیان وتم: بانگەوازی بۆ لای ئەو مەکە، ئەگەر پارەت دەوێت ئەوا ئێمە دەوڵەمەندت دەکەین، جا دە هەزار دیناریان پێدام و پێیان وتم: واز لە بانگەوازەکەت بێنە. یونس دەڵێت: بە هەر دووکیانم وت: ئێمە لە کەسانی ڕاستگۆمان گێڕاوەتەوە کە وتویانە: ئەگەر بیدعە دەرکەوتن ئەوا پێویستە لەسەر کەسی زانا زانستی خۆی دەربخات، ئەگەر وا نەکات ئەوا نوورو ڕووناکی باوەڕی لێ دەسەنرێتەوە، بە هەر حاڵ من تێکۆشان و بەرپاکردنی فەرمانی خوا فەرامۆش ناکەم. یونس دەڵێت: ڕووبەڕووم بوونەوەو بە ئاشکرا دژایەتی منیان کرد. ورواها الصدوق بسنده، عن يونس بن عبدالرحمن، مثله. العلل: باب العلة التي من أجلها قيل الوقف على موسى بن جعفر، والعيون: ج ١ باب السبب الذي من أجله بالوقف على موسى بن جعفر، ح ٢ و رواها الشيخ عن محمد بن يعقوب، مثله. الغيبة: في الكلام على الموافقة.

(١) وەك عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی محەممەدی تائی کوفی کە بە (تاتاری) ناسرا بوو، کە بە تێگەیشتوو و باوەڕپێکراو دادەنرێت لە بواری فەرموودەدا، شیعەش کاری بە گێڕانەوەکانی ئەو کردووە، سەرباری ئەوەی ناوبراو پێی وایە ئیمامەت وەستاوە. هەروەك توسی لە کتێبەکەیدا (الرجال) دەڵێت: (یەکێك لەوانەی پێی وابوو ئیمامەت وەستاوە، زۆر سەرسەخت بوو لە مەزهەبی خۆیدا، زۆر دەمارگیر بوو لە بەرامبەر ئەو ئیمامیانەی ڕاجیابوون لەگەڵ ئەودا، کتێبی زۆریشی هەن لە پشتیوانی و سەرخستنی مەزهەبەکەیدا). و بەهەمان شێوە عەبدوڵای کوڕی جیبیلەی شەرعناسی ناسراو و باوەڕپێکراو و عەبدوڵای کوڕی حارسی مەخزومی و عەلی کوڕی ئەبو حەمزە و عوسمانی کوڕی عیسای کیلابی روئاسی، و عەلی کوڕی خەتاب و غالبی کوڕی عوسمان و محەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی عەماری تەغەلوبی صەیرەفی، و ئیسحاقی کوڕی جەریر و موسای کوڕی بەکر، و وەهەیبی کوڕی

باوەڕپێکراوەکان، هەڵوەستەکردنی ئەوانە و وەستانیان لەلای ئیمامەتی کازم ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بابەتی ئیمامی جێگرەوە ناڕۆشن بووەو نەشیان زانیوە وەسیەت بۆ هیچ یەکێك لە دوای کازم کرابێت[1].

---

حەفصی جەریری، و یەحیای کوڕی حوسەینی کوڕی زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەین، و یەحیای کوڕی قاسمی خەزائی ئەبو بەصیر، و عەبدوڕەحمانی کوڕی حەجاج، و ڕوفاعەی کوڕی موسا، و یونسی کوڕی یەعقوب، و جەمیلی دەڕاج، و حەمادی کوڕی عیسا، و ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبو بەصیر، و ئالی میهران، و کەسانی تری جگە لەوانەش کە بە پاوەڕپێکراو دادەنرێن لەلای شیعە ئیمامییەکان. الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٩٠٢٨.

(١) قەتعییەکان هەوڵیاندا هاتنی دەق لەسەر ڕیزا بگێڕنەوە لەسەر زمانی یەکێکیان (ئەویش عەبدوڵای کوڕی حارسە)، جا صدوق بە زنجیرەو سەنەدی خۆی لە محەممەدی کوڕی فوزەیلْ دەگێڕێتەوە، ئەویش لە عەبدوڵا دەگێڕێتەوە کە گوایە وتویەتی: کازم ناردی بەدوای ئێمەدا و ئێمەش کۆبووینەوە، ئینجا وتی: دەزانن بۆچی ئێوەم کۆکردۆتەوە، وتمان: نازانین، وتی: گەواهی بدەن کە عەلی کوڕم جێگرەوەی منە و بەرپاکەری ئەرك و جێنشینی منە لە دوای من، هەر کەسێك قەرزی لا منە ئەوا با لەو کوڕەم وەربگرێتەوە، کەسێك بیەوێت چاوی پێم بکەوێت بۆ ڕایی کردنی کارێك ئەوا با بەهۆی ئەوەوە جێبەجێی بکات، کەسێك هەر سور بێت لەسەر ئەوەی من ببینێت ئەوا با بە نووسراوی ئەو کوڕەم ببینێت. الصدوق، عيون أخبار الرضى ج ١ باب نص أبي الحسن موسى بن جعفر على ابنه الرضا بالإمامة والوصية ٤، الحديث ١٤. و رواها المفيد في الإرشاد وعد المخزومي ممن روى النص على الرضا علي بن موسا. الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٦٧٨١.

## ب_ قەتعییەكان و پشت بەستن بە بەڵگەی دەرئاساكان

كۆمەڵێك لە (موسەوییەكان) دەستپێشخەرییان كرد لە دانان بە ئیمامەتی ڕیزادا هەر لە كاتی مردنی كازمدا، لە سەرووی هەمووشیانەوە یونسی كوڕی عەبدوڕەحمانی قومی[1]. ناوبراو پێی وابوو كە چاوی بە ڕیزا كەوتووەو پێی وتوە: تۆ دەزانی كە من خۆم بۆ تۆ و باوكت یەكلا كردۆتەوە، بە مافی خواو مافی پێغەمبەری خواو مافی ئال و بەیتەكەی _ ناوی هەموانم هێنا تا گەیشتمە _ سوێندمدا كە ئەو شتەی بە من دەڵێیت بە كەسی نەڵێم، هیوادار بووم كە بڵێت باوكم زیندووە، دواتر پرسیارم لێكرد لەبارەی باوكی كە ئایا زیندووە یان مردووە؟ ڕیزا وتی: بەخوا مردووە، وتم: بەقوربانت بم، پشتیوانەكانت پێیان وایە خەسڵەتی چوار پێغەمبەر لە كازمدا هەیە، ڕیزا وتی: سوێند بەو خوایەی كە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لەو كازم لەناوچووە، یونس دەڵێت: وتم: لە ناوچوونی پەنهان بوون یان مردن؟ ڕیزا وتی: بەخوا مردن. یونس دەڵێت: بەقوربانت بم، لەوانەیە خۆپارێزی (توقیە) لەگەڵ من بەكاربێنی؟ ڕیزا وتی: پاك

(١) كوشی لە ژیاننامەی یونسدا دەڵێت: (... ئەحمەدی كوڕی محەممەدی ئەقرەع وتی: بە محەممەدی كوڕی حەسەن گەیشت و ئەو فەرموودەیەی بۆ گێڕامەوە، وتی: ئێمە لە مەجلیسی عیسای كوڕی سولەیمان بووین لە شاری بەغداد، پیاوێك هاتە لای عیسا و وتی: ویستم پرسیارێك بە پەیام ڕەوانە بكەم بۆ كازم تا لێی بپرسم: بەقوربانت بم كەسانێك لای ئێمە هەن و هەمان قسەی یونس دەكەن، ئایا هیچ بەشێكی زەكاتیان بدەمێ؟ وتی: بەڵێ پێیان بدە، بەڕاستی یونس یەكەم كەسە كە وەڵامی عەلی دەداتەوە ئەگەر بانگەوازی كرد، وتی: دوای ئەمە ئێمە دانیشتبووین پیاوێك هاتە ژوورەوەو وتی: موسای كازم مردووە، یونس لە ناو مەجلیسەكە بوو، یونس وتی: ئەی دانیشتوانی مەجلیس كەس لە نێوان من و خوای مەزن ئیمام نییە جگە لە عەلی كوڕی موسا نەبێت _ سڵاوی خوای لێبێت _ ئەو ئیمامی منە).

و بێگەردی بۆ خوا، بەخوا کازم مردووە، یونس دەڵێت: وتم: لە کوێ زانیت باوکت مردووە؟ _ لەبەر ئەوەی ڕیزا لە شاری مەدینە بووەو باوکیشی لە شاری بەغداد مردووە بوو _ ڕیزا وتی: شتێك وا لەلای باوکمەوە بۆم هات ئەوسا دڵنیابووم مردووە، وتم: وەسیەتی بۆ کردی، وتی: بەڵێ، وتم: هیچ کەسێکی بەشدار پێکردووە لەگەڵ تۆ لە وەسیەتەکەدا؟ ڕیزا وتی: نا، وتم: یەکێك لە براکانت ئیمامە؟ ڕیزا وتی: نا، وتم: کەواتە تۆ ئیمامی؟ وتی: بەڵێ[1].

واقیفییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەڵوێستی نەرێنی خۆیان مانەوە لە بەرامبەر ڕیزا بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ، تا ئەو کاتەی خەلیفەی مەئمون ڕیزای بانگهێشت کرد بۆ خوراسان لە ساڵی ٢٠١ك و وەك جێگری خۆی ڕاسپارد، هەندێك لە واقیفییەکان دڵیان بۆ لای ڕیزا چوو و بانگەشەی ڕوودانی هەندێك کاری دەرئاسای عەیبیان کرد گوایە ئاماژەن بۆ ئیمامەتی ئەو، ئەمەش ئەوانی پاڵنا بۆ گۆڕینی هەڵوێستەکەیان، هەندێکی تریشیان دەستیان کرد بە دروست کردنی گێڕانەوە لەسەر زمانی کازم بە شێوەیەك کە گێڕانەوەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە کازم بە دەق یان بە ئاماژە باسی ئیمامەتی ڕیزای کردووە[2]. هەروەك ئەمەیان لەبارەی کازمی باوکی ڕیزاش ئەنجامدا.

---

(١) الكشي، ترجمة يونس بن عبدالرحمن.

(٢) هاوشێوەیە ئەمانە: (ئەوە عەلییە گەورەی منداڵەکانمە، نازناوی خۆم پێ بەخشیوە). و (عەلی کوڕم کوڕم گەورەترین منداڵ و چاکترین و خۆشەویسترینیانە لای من، عەلی لەگەڵ من سەیری کتێبی جیفر دەکات و هیچ یەکێك سەری ئەم کتێبەی نەکردووە بێجگە لە پێغەمبەر یان ئیمامی جێگرەوە پێغەمبەر). و (ئەوە ئیمامی ئێمامی ئێوەیە لە دوای من). و (ئەمەش عەلی کوڕمە، جا باوکم دەستی گرتم و منی بردە سەر گۆڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی: کوڕەکەم! خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

یەزیدی کوڕی سەلت (یەکێکە لە هاوەڵانی کازم) هەڵسا بە هەڵبەستنی چیرۆکێکی پڕ لە بانگەشەی کاری دەرئاسا و غەیب زانین بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی ڕیزا، بەڵام یەزید دانی بەوەدانا کە وەسیەتەکە نارۆشن بووەو ئەو دەقەی لەسەر ئیمامەتی ڕیزا هاتووە نهێنی بووە، یەزید بانگەشەی ئەوەی کرد کە لە شوێن لە سەر ڕێگای مەککە بە ئیمامی کازم گەیشتووەو پرسیاری لێکردووە لە بارەی ئیمام لە دوای ئەو، گوایە کازم پێی وتوە: (پێت دەڵێم ئەی باوکی عەممارە من لە ماڵی خۆم هاتوومەتە دەرەوەو وەسیەتم بۆ فڵانە کوڕەم _ ڕیزا _ کردووە، لە ڕووکەشدا براکانی ئەویشم لە وەسیەتەکە بەشدار کردووە، بەڵام بەنهێنی وەسیەتم بۆ ئەو کردووە، من لە وەسیەتەکەدا تەنها مەبەستم ڕیزا بووە، خۆ ئەگەر بە دەستی من بووبا ئەوا بە قاسمی کوڕم دەسپارد، لەبەر ئەوەی زۆر خۆشم دەوێت و بەزەییم پێدا دێتەوە، بەڵام ئەمە بە دەستی خوایە و بەویستی خۆی دەیداتە ئەوەی خۆی دەیەوێت، پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئەم هەواڵەی بۆ

---

﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ البقرة: ٣٠. واتە: "من جێنشینێك لەسەر زەوی دادەنێم". جا خوای گەورە ئەگەر فەرمایشتێکی فەرموو ئەوا جێبەجێی دەکات. و (عەلی باوکی حەسەنی ڕیزا لە دوای من ئیمامە). و (ئەو کورەی خۆمە _ عەلی باوکی حەسەنی ڕیزا _ نووسراو و نێردراو و وتەی ئەو نووسراو نێردراو و وتەی منە، هەرچی بڵێت ئەوا قسە قسەی ئەوە). و (گەواهی بدەن ئەو کوڕەم جێگرەوەو بەرپاکەری کارەکانم و جێنشینی منە، کەسێك قەرزی لا من بێت با لەو وەربگرێتەوەو کەسێك بیەوێت چاوی پێم بکەوێت بۆ ڕایی کردنی کارێك ئەوا با بەهۆی ئەوەوە جێبەجێی بکات، کەسێك هەر سور بێت لەسەر ئەوەی من ببینێت ئەوا با بە نووسراوی ئەو کوڕەم ببینێت). و (وەسیەت دەکەم بۆ کوڕی گەورەم کە ئاواو ئاوا بکات). و (فڵانی کوڕم، گەورەی منداڵەکانمە و نازناوی خۆم پێداوە). و (فڵانە کوڕم _ واتە عەلی کوڕی ئەبو حەسەنی ڕیزا _ ئیمامە لە دوای من). الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن الرضا، ح رقم ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٦٥ و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١.

هێنام و دواتر ڕیزای پیشاندام و ئەوانەشی پیشاندام کە لەگەڵی دادەبن، ڕیزاش وەسیەت بۆ هیچ یەکێکمان ناکات تا پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و باپیرەم عەلی هەواڵی پێ نەدەن، جا لەگەڵ پێغەمبەر خوادا ئەنگوستیلە و شمشێرو گوچان و کتێب و مێزەرەیەکم بینی، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە چییە؟ پێی فەرمووم: مێزگەردەکە دەسڵات و شکۆمەندی خوایە، شمشێرەکەش سەربەرزی و باڵادەستی خوایە، کتێبەکە ڕووناکی و نووری خوایە، گۆچانەکە هێزی خوایە، ئەنگوستیلەکەش کۆکەرەوەی ئەو شتانەیە، پاشان فەرمووی: ئیمامەت لە تۆوە دەرچووەو بەیەکێکی تر سپێرراوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا پیشانم بدە کامەیان ئەوە؟ فەرمووی: هیچ ئیمامێکم نەبینیوە ئەوەندەی تۆ خەمبار بێت بۆ ئەوەی ئیمامەتی لێ سەندراوەتەوەو ئەگەر ئیمامەت بە خۆشویستن بووبا ئەوا ئیسماعیل لە هەمووان لەلای باوکی خۆشەویستر،ە بەڵام ئیمامەت بەدەستی خوای گەورەیە. دواتر کازم وتی: هەموو منداڵەکانم چ زیندوو یان مردووم بینی، میری باوەڕداران پێی وتم: ئەوە گەورەیانە و ئاماژەی کرد بۆ عەلی ڕیزا و ئەو لە منە و منیش لەوم و خوا لەگەڵ چاکەکارانە. دواتر کازم وتی: ئەی یەزید ئەمە سپاردەیە لای تۆ بە هیچ کەسێك مەڵێ جگە لە کەسی خاوەن عەقڵ یان بەندەیەکی ڕاستگۆ کە بیناسیت و ئەگەر داوای گەواهیت لێکرا ئەوا گەواهی بەم فەرمایشتەی خوا بێنەوە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴾ النساء: ٥٨. واتە: "بێ گومان خوا فەرمانتان پێ دەدات کە هەموو سپاردە _ ئەمانەتەکان _ بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان". یونس وتی: کازم وتی: ڕووم کردە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و پێم وت: _ بە دایك و باوکم بە قوربانت بم _ هەمووت بۆم کۆکردۆنەتەوە جا کامەیان ئەوە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە بە نووری خوا سەیر

دەكات و بە تێگەیشتنی خوا شت دەبیسێت و بە حیكمەتی خوا دەدەوێت و ڕاست دەپێكێت و هەڵەناكات، دەزانێت و لەبیر ناكات، حوكم و زانست فێر دەبێت، ئەویش ئەویە _ دەستی عەلی ڕیزای كوڕمی گرت _ پاشان وتی: ئای كازم پێگەی تۆ لە ئاست پێگەی ئەو چەند بچوكە، ئەگەر لە سەفەرەكەت گەڕایتەوە ئەوا وەسیەت بكە و كاروبارت ڕێكبخە و ئەوەی مەبەستتە بەجێی بگەیەنە، چونكە تۆ لەناو خانەوادەكەت نامێنی و دەبیتە دراوسێی جگەلەوان، ئەگەر ویستت وەسیەت بكەیت ئەوا بانگی عەلی بكە... دواتر وەسیەتەكە بە منداڵەكانیشت ڕابگەیەنە، گەواهیان لەسەر بدە و و خوای گەورەش بكە بە شایەت و خوای پایەبەرز بەسە بە شایەتیدەر. یەزید وتی: دواتر باوكی كازم پێی وتم: من ئەم ساڵ دەمرم و ئیمامەت بۆ عەلی ڕیزای كورمە... بۆی نییە قسە بكات تا چوار ساڵ دوای مردنی هاڕوون). پاشان كازم پێی وتم: (ئەی یەزید ئەگەر بەو شوێنەدا چووی و پێی گەیشتی و پێشی دەگەیت ئەوا مژدەی پێبدە كە نێوجەوانێكی دەستپاك و باوەڕپێكراوی دەبێت). یەزید وتی: (براكانی عەلی ڕیزا هیوایان وابوو ببنە میراتگری ئەو، كەچی بێ گوناه براكانی دژایەتی منیان كرد)[1].

كوڕی سینان وتویەتی: چوومە لای موسای كازم یەك ساڵ پێش ئەوەی بچێتە عێڕاق و عەلی ڕیزای كوڕی لەلای دانیشتبوو، تەماشای منی كرد و وتی: ئەی محەممەد ئەم ساڵ تەكان و جوڵانێك دەبێت و مەشڵەژێ، وتی: وتم: بەقوربانت بم چی ڕوودەدات؟ ئەوەی باست كرد منی دوودڵ كرد، وتی: دەچمە لای سەركەشەكە، هەر چەندە ئەو و ئەوەی لە دوای ئەویش سەرەتا خراپ لەگەڵ ناجوڵێنەوە، وتی: وتم: بەقوربانت بم ئەی چی دەبێت؟ وتی: خوای گەورە ستەمكاران گومڕا دەكات

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن الرضا، ح رقم ١٤.

و چی بیەوێت ئەوە دەکات، وتی: وتم: بەقوربانت بم ئەمە چییە؟ وتی: ئەوەی ستەم لەو کوڕەم بکات و مافی بخوات و نکوڵی لە ئیمامەتەکەی بکات لە دوای من ئەوا وەك ئەوەیە کە مافی عەلی کوڕی ئەبو تالیبی خوارد بێت و نکوڵی لە ئیمامەتی ئەو کردبێت لە دوای پێغەمبەر خوا ((ﷺ))، وتی: وتم: بەخوا، ئەگەر خوا تەمەنم درێژ بکات ئەوا مافی عەلی ڕیزا دەدەم و دان بە ئیمامەتی ئەودا دەنێم، وتی: ئەی محەممەد ڕاستت کرد خوا تەمەنت درێژ دەکات و مافی ئەو دەدەی و دان بە ئیمامەتەکەیدا دەنێی و دان بە ئیمامەتی ئیمامی دوای ئەویشدا دەنێی، وتی وتم: ئەو کێیە؟ وتی: محەممەدی کوڕی عەلی ڕیزا، وتی وتم: من تەنها ملکەچی و ڕەزامەندی دەنوێنم[1].

لەگەڵ ئەوەی یەزیدی کوڕی سەلیت هەوڵ دەدات ئیمامەتی ڕیزا بچەسپێنێت لە ڕێی هاتنی دەق لەلایەن باوکی ناوبراوەوە، کەچی جەخت دەکاتەوە کە دەقە نهێنی و تایبەت بووەو کازم هەموو براکانی ڕیزای لە وەسیەتەکەدا بەشدار پێکردبوو، وەسیەتەکەش وەسیەتێکی دارایی تایبەت بووەو کەمێك پاشتر باسی دەکەین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بوونی دەق لەسەر ئیمامەتی ڕیزا ناڕۆشنە، دواتر سەختە ئەو ئیمامە بناسرێت کە دەڵێت لەلایەن خواوە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن الرضا، ح رقم ١٦، هەروەك تێبینی دەکرێ ئەوا یە زیدی کوڕی سەلیت و کوڕی سینان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە ئیمامی کازم غەیبی دەزانی و دەیزانی کەی ڕۆحی دەکێشرێ و کەی و چ منداڵێکی لە ئایندەدا دەبێت و ئەو منداڵە لە کامە کەنزیەك دەبێت؟ و گوایە کازم بە کوڕی سینانی وتوە: کە دەستگیر دەکرێ و هیچ ئازارێکی لەلایەن دەسەڵاتی لاسارو ئەوەی دواتریشی پێ ناگات و خوای گەورە لە تەمەنی کوڕی سینان درێژ دەکاتەوە، ڕیزا لەلایەن شیعەکان ڕەت دەکرێتەوە.

دیاریکراوە، جا چۆن دەبێت خوا ئیمامێك دیاری بكات بۆ بەندەكانی لە كاتێكدا ئیمامەكە نەناسراوەو لەلایان و تەنها كەسانێكی كەم دەیزانن و دەیناسن؟.

سەبارەت بەو وەسیەتەی كە هەندێك لە شیعە (قەتعییەكان) دەیهێننەوە بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی ڕیزا، ئەوا بەڵگەیەكی لاوازەو پێچەوانەی تیۆری (ئیمامەتی خواییە) و لە میانەی وەسیەتی ئاسایی نەریتیدا دێت و هیچ پەیوەندییەكی بە ئیمامەتەوە نییە. ئەم وەسیەتە گرنگ و تێروتەسەلە لە كازمەوە بۆ عەلی ڕیزای كوڕی بۆ ئەوەی سەرپەرشتی پارەو سامان و شتە وەقفكراوەكان و منداڵ و نەوەو ئافرەتەكانی بكات، تیایدا هاتووە: (... وەسیەتم بۆ عەلی و براكانی كردووە لە دوای ئەو ئەگەر عەلی بیەوێت و ئەوەی لەوان بەدی كرد كە بەرچاو ڕۆشنن و دڵنیابوو لێیان و دانی بەواندا نا و ئەگەر ئەوەی پێ خۆش نییە و پێ باشە لە وەسیەتەكەدا دەریان بكات ئەوا بۆی هەیە و هیچیان لەگەڵ ئامادەبوونی عەلی ڕیزادا بەدەست نییە، من بەخشین و پارەو سامان و خزمەتكارو منداڵەكانم كە لە دوای خۆم جێهێشتوون بە عەلی دەسپێرم... ئەگەر یەكێك ویستی خوشكێكی[١] مارە بكات ئەوا بۆ نییە ئەوە بكات مەگەر بە ڕەزامەندی عەلی ڕیزا نەبێت، چونكە لە هەمووان شارەزاترە لە مارەیی و بەشوودانی هۆزەكەی)[٢]. ئەم

(١) پێم وابێت مەبەستی خوشكی باوەڕو ئیمانە. (وەرگێڕ).

(٢) كلینی لە ئەحمەدی كوڕی میهرانەوە دەگێڕێتەوە، ئەویش لە محەممەدی كوڕی عەلییەوە، ئەویش لە باوكی حەكەمەوە دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: عەبدوڵای كوڕی ئیبراهیمی جەعفەری و عەبدوڵای كوڕی جەعفەری كوڕی عەمارە لە یەزیدی كوڕی سەلیتیان بۆ گێڕامەوە كە وتویەتی: كاتێك كازم وەسیەتی كرد ئەوا: ئیبراهیمی كوڕی محەممەدی جەعفەری و ئیسحاقی كوڕی محەممەدی جەعفەری و ئیسحاقی كوڕی جەعفەری كوڕی محەممەد و جەعفەری كوڕی صاڵح و معاویەی جەعفەری و یەحیای كوڕی حوسەینی كوڕی یەزیدی كوڕی عەلی و سەعدی كوڕی عیمرانی ئەنصاری و محەممەدی

وەسیەتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کازم ڕیزای بە پایەدارتر داناوە لە منداڵەکانی تری و هیچ قسەو باسێکی لەسەر ئیمامەت تێدا نییە.

هەر بۆیە ڕیزا لەلایەن براکانی و گەورە قوتابییەکانی باوکیەوە بۆ ماوەی بیست ساڵ دانی پێدانەنرا، بەتایبەت محەممەدی جەوادی کوڕی ڕیزا لە دوای یازدە یان دوازدە ساڵ لە پاش کۆچی دوایی کردن کازم لە دایکبوو، کاتێك ڕیزا گەیشتبووە تەمەنی چل و شەش ساڵان[1]. ئەمە شتێکی گرنگ بوو لەلای ئیمامییەکان، کە باوەڕیان بە زنجیرەیی و بەدوای یەکداهاتنی ئیمامییەکان هەبوو پشت بە پشت، پێشیان وابوو دروست نییە بگوازرێتەوە بۆ برا یان کوڕەبرا و بۆ مام یام کوڕەمام، بۆیە کە ڕیزا منداڵی نەبوو ئەوا ئەمەیان بە بەڵگە هێناوە لەسەر ئەوەی ئیمامەتی ڕیزا ئیمامەتی ئاینی نییە. دەوترێت محەممەدی کوڕی ئەبو نەصر پرسیاری لە ڕیزا کردووە: کێ لە دوای تۆ ئیمامە، ڕیزا وتی: کوڕەکەم،

---

کوڕی حارسی ئەنصاڕی و یەزیدی کوڕی سەلیتی ئەنصاڕی و محەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی سەعدی ئەسلەمی _ کە نووسەری وەسیەتی یەکەمە _ کردە شایەت و گەواهیدەر لەسەر ئەوەی کە شایەتی دەدات کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن کە بێ هاوەڵ و هاوبەشە و محەممەدیش پێغەمبەرو پەیامبەری ئەوە.... الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن الرضا، ح رقم ١٥.

(١) شتەکە لە زۆربەی کوڕو قوتابی و هاوەڵەکانی تێکەڵ بوو، لەوانەش هاوەڵاننی یەکدەنگی و گێڕەڕەوە باوەڕ پێکراوەکانی وەك عەلی کوڕی ئەبو حەمزە و عەلی کوڕی خەتاب و غالبی کوڕی عوسمان و محەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی عەماڕی تەغەلوبی صەیرەفی و ئیسحاقی کوڕی جەریر و موسای کوڕی بەکر و وەهەیبی کوڕی حەفصی جەریرە و یەحیایی کوڕی حەسەنی کوڕی زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەین و یەحیای کوڕی قاسمی حەزائی ئەبو بەصیر و عەبدوڕەحمانی کوڕی حەجاج و ڕوفاعەی کوڕی موسا و یونسی کوڕی یەعقوب و جەمیلی کوڕی دەڕاج و حەمادی کوڕی عیسا و ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبو بەصیر و جگە لەوانەش کە باوەڕپێکراون لەلای شیعەکان.

دواتر وتی: کێ بوێری دەنوێنێ و دەڵێت کورەکەم و هیچ منداڵیشی نەبێت[١]. و دەوترێت یەکێك لە واقیفییەکان (حەسەنی کوڕی قەیامی واسیتی صەیرەفی) چووەتە لای ڕیزا و پرسیاری لێکردووە: چۆن دەبیتە ئیمام کاتێك هیچ منداڵێك نییە؟ ئەو کات هێشتا ڕیزا باقری لێ نەببوو، ڕیزا _ وەك کەسێکی تورە بوو _ وەڵامی دایەوە: تۆ چووزانی کە من منداڵم نابێت؟! بە خوا ڕۆژو شەوەکان تێپەڕ نابن تا خوا منداڵێکی نێرینەم پێ نەبەخشێت و ڕاست و ناڕاست پێ لەیەکتر جیانەکرێتەوە[٢]. بە ڕیزا وترا: دەکرێ دوو ئیمام هەبن؟ وتی: نابێت، مەگەر یەکێکیان بێ دەنگ بێت[٣]، پێی وترا: ئائەوە تۆ هیچ ئیمامێکی بێ دەنگت نییە، ڕیزا وتی: بەخوا، خوای مەزن شتێکی وام پێ دەبەخشێت کە ڕاستی و ڕاستڕەوانی پێ بچەسپێنێت و نا ڕاست و پوچەڵەکان و پەیڕەوانی تێك بشکێنێت. دوای ساڵێك باوکی جەعفەر هاتە دونیاوە[٤].

ئیمامییە (قەتعییەکان) ئەم دوو گێڕانەوانەیان هێنایەوە وەك بەڵگە لەسەر ئیمامەتی خوایی ڕیزا، گوایە ڕیزا غەیبی زانیووەو جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی منداڵێکی نێرینەی لە ئایندەدا دەبێت، بەڵام ئێمە ڕاست و دروستی ئەم دوو گێڕانەوەیە بە دوور دەزانین، بەهۆی ئەوەی باس لەوە دەکات کە ئیمامەکان غەیب دەزانن، گومان لەوەشدا نییە کە هەر خوا غەیب دەزانێت، ئال و بەیتیش

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي جعفر الثاني، ح رقم ٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي جعفر الثاني، ح رقم ٤.

(٣) دەبێ مەبەستی لە ئیمامی بێدەنگ ئەوەبێ کە هێشتا ئەرکی ئیمامەتی پێ نەسپێررا بێت. (وەرگێڕ).

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي جعفر الثاني، ح رقم ٧.

بانگەشەی غەیب زانینیان بە تووندی ڕەت دەکردەوە. سەرباری ئەوەی دواتر گریمانەی ئەوە هەیە کە دوو گۆڕانەکە دەکرێ هەڵبەستڕابن. و ئەوەی نامۆیە ئەوەیە کە ئەوانەی دانیان نەنا بە ڕیزا تەنانەت براکان و مامەکانیشی ڕەتیان کردەوە دان بە کوڕەکەیدا (محەممەدی جەواد، کە لە ساڵی ١٩٥ك لە دایکبوو) بەهۆی ئەوەی ناوبراو ڕەش پێست بووە، تەنانەت دایکی جەواد (نوەیبەی کەنزیەك)یان بە زیناکردن _ پەنا بەخوا _ تۆمەتبارکرد و باوەڕیان پێ نەکرد تا ئەو کاتەی ڕەچەڵەك ناسێکیان هێنا و دوای پشکنین بەختی کردەوە لەسەر ئەوەی جەواد منداڵی ڕیزایە[١].

لە میانەی نەبوونی دەقی ڕوون و ڕاشکاو و گشتی و ڕاگەیەنرا لەسەر ئیمامەتی ئاینی ڕیزا، ئەوا پێویست بوو ئیمامییەکان پشت ببەستن بە چەکی کارە دەرئاساکان و بانگەشەی کردنی ئەوەی ئیمامی ڕیزا غەیب دەزانێت بۆ ئیمامەتی ناوبراو و بە بەرداکردنی بەرگی ئاینی بەبەریدا، جا (ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عەمرۆی کوڕی ئەبو نەصری بیزەنتی سکونی کوفی) کە سەرەتا لە واقیفییەکان بوو بەم ئەرکە هەڵسا و سەرەتا ڕەتی کردەوە باوەڕ بە ئیمامەتی ڕیزا بێنێت، چونکە دەیوت: (ڕیزا وەڵامی هەندێك پرسیاری داوەتەوە بەپێچەوانەی وەڵامی باوو باپیرانی)، بەڵام ئەحمەدی بیزەنتی گەڕایەوەو دانی نا بە ئیمامەتی ڕیزادا، ئەمەش لە دوای ئەوەی مەئمون بانگهێشتی ڕیزای کرد، ئەحمەدی بیزەنتی وتی کە هەستی کردووە بەوەی ئیمامی ڕیزا غەیب دەزانێت و زانیویەتی چی لە ناخی ئەودایە، ئەمەشی وەکم بەڵگەیەکی دەرئاسای هێنایەوە

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي جعفر الثاني، ح رقم ١٤.

لەسەر ئیمامەتی ڕیزا، جا بووە یەکێك لە کەسە هەر نزیکەکان و کەسێکی خاوەن پێگەیەکی مەزن لەلای ڕیزا و کتێبێکیشی لێ گێڕاوەتەوە[١].

ئەحمەدی بیزەنتی (داودی کوڕی کەسیر ڕەقی)یش بەشدار کرد لەو هەڵمەتدا[٢]. داودیش بەهەمان شێوە لە واقیفییەکان بوو، دواتر پاشگەزبووەوەو دانی نا بە ئیمامەتی ڕیزا. هەروەك (عەبدوڵای کوڕی موغەیرە) کە وازی هێنا لە بیرۆکەی وەستانی ئیمامەت و دانی نا بە ئیمامەتی ڕیزا بەم کارە هەڵسا لەسەر بنەڕەتی بەڵگەی غەیبی و کاری دەرئاسا و غەیب زانین، گوایە لە ئەم شتانەی لە ئیمامی ڕیزادا بەدی کردووە[٣]. (ویشاء)یش هەمان ئەو کارەی کرد، ناوبراو بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ڕینی واقیفییەکان بوو، بەڵام پاشگەزبووەوە لە دوای چوونی ئیمامی ڕیزا بۆ خوڕاسان، ناوبراو گێڕانەوەیەکی دروست کرد کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ڕیزا غەیب دەزانێت و ڕایگەیاند لەسەر ئەمە باوەڕی پێ هێناوە[٤].

(١) بگەڕێوە بۆ: الفهرست للطوسي، ورجال الكشي، والنجاشي، والطوسي، والغيبة ٤٧ والصدوق، عيون أخبار الرضا ٢١٣.

(٢) کوشی لە کەسە باوەڕپێکراوەکانی دادەنێت و لە صادق دەگێڕێتەوە کە لەبارەیەوە وتویەتی: پلەوپایەی ئەو وەك ئەو پلەوپایەیە کە میقداد لای پێغەمبەری خوا هەیبووە، هەروەها یەکێکیشە لە هاوەڵانی مەهدی.

(٣) الكليني، الكافي ٣٥٥/١.

(٤) الكليني، الكافي ١/ ٣٥٤ و ٤٨٨، کلینی کۆمەڵێك چیرۆکی دەرئاسا دەگێڕێتەوە، بۆ نمونە: ئیمامی ڕیزا هەواڵی بە کەسێك داوە لەبارەی ئەندازەی قەرزەکەی و پارەی بە قەبارەی پێویستییەکەی پێی داوە. هەروەك توسی لە کتێبی (الغيبه)دا کۆمەڵێك گێڕانەوە دەگێڕێتەوە لەسەر ئەوەی ئیمامی ڕیزا غەیبی زانیووە، ئەمەش وەك بەڵگەیەك لەسەر ئیمامەتی ئەو باس دەکات، بۆ نمونە: هەواڵی شوێنی مردنی خۆی و مەئمونی بە مەئمون ڕاگەیاندووە، ئەوەی بە مەئمون وتوە کە منداڵێکی دەبێت لە ئایندەدا

له چوارچێوەی بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئیمامەتی ڕیزا، ئەوا (قەتعییەکان: کە وتیان بێ چەند و چوون ڕیزای ئیمامە) هەڵسان بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئەوەی ڕیزا (کارێکی دەرئاسا غەیبی هەیە)، ئەویش ئەوەیە: کە ڕیزا کاتێك خۆی لە شاری مەدینە بووە ئەوا لە هەمان ئەو کاتەی باوکی لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە ئەو زانیویەتی، چەند ڕۆژێك بەر لەوەی پۆستە (بەرید) هەواڵەکە بێنێت[1].

قەتعییەکان هەڵسان بە دەستکاری کردنی چیرۆکە ئەفسانەییەکەی (دایکی ئەسلم) کە پێشتر هەندێك لە (ئیمامییەکان) وەك بەڵگەی ئیمامەتی زەینولعابدینیان خستەڕوو، ئەوا زیادەڕۆچووان چیرۆکەکەیان تێکەڵ کرد لەگەڵ چیرۆکێکی هاوشێوەی ئەو لە ژێر ناونیشانی (وردە بەردەکانی حەبابەی وابلییە) کە پێیان وابووە ناوبراو زیاتر لە سەد ساڵ ژیاوەو هەشت ئیمامی بینیوە هەر لە میری باوەڕدارانەوە تا عەلی ڕیزا، ئەوەشیان لە چیرۆکەکەدا زیاد کرد کە عەلی کوڕی حوسەین دوای ئەوەی زۆر پیر ببوو ئەوا گەنج بووەوە، گوایە حەبابە لە شاری

---

ئەندامێکی زیادە. و صدوق کۆمەڵێکی مەزنی بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئیمامەتی ڕیزا دەچەسپێنێت و هەر هەموویان لەسەر ئەوە وەستاون کە ئیمام غەیب دەزانێت و زانستی مردن و بەڵاو ئافاتەکانی لایە، لە کتێبی (عيون أخبار الرضا) باس لە دەرئاسا و موعجیزەیەك دەکات کە گوایە ڕیزا بە دەستی خزمەتکاری مەئمون کوژراوەو دووبارە گەڕاوتەوە بۆ ژیان و جارێکی تر و زیندوو بووەتەوە. صەفار باس لەوەش دەکات کە ڕیزا زمانی باڵندەی زانیوە، ئەمەش وەك بەڵگەی ڕاست و دروستی ئیمامەتی ئەو. لە گێڕانەوەیەکدا کە حری عاملی لە ئیمامی ڕیزاوە هێناویەتی دەڵێت: بەڵگەی ئیمامەتی خۆی دەبینێتەوە لە گیرابوونی نزاو غەیب زانین و هەواڵدان لەبارەی ئەوەی لە ئایندەدا ڕوودەدات و ئەو شتەی لە ناو دڵی خەڵك دایە.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الإمام متى يعلم أن الأمر قد صار إليه ح رقم ٦.

کوفه به ئیمامی میری باوەڕداران گەیشتووەو پێی وتوە: (ئەی میری باوەڕداران ڕەحمەتی خوات لێبێت بەڵگەی ئیمامەتی تۆ چییە؟ وتی: ئەو وردە بەردانەم بۆ بێنە. بە دەست ئاماژەی بۆ وردە بەردەکان کرد و ئەویش وردە بەردەکانی بۆ هێنا، جا بە ئەنگوستیلەی خۆی وردە بەردەکانی مۆر کرد، دواتر وتی: ئەی حەبابە! ئەگەر یەکێك بانگەشەی ئیمامەتی کرد و توانی وەك من مۆر بکات ئەوا بزانە ئەوە ئیمامە و گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری کردنی پێویستە، هەرگیز ئیمام شتێکی لێ ون نابێت کە بیەوێت. پاشان بەجێمهێشت تا میری باوەڕداران کۆچی دوایی کرد، حەبابە هاتە لای حەسەن کە لە شوێنی میری باوەڕداران دانیشتبوو و خەڵکی پرسیاریان لێ دەکرد، حەسەن وتی: ئەی حەبابەی وابلییە ئەوەی پێتە بدە دەستم، ئەویش وردە بەردەکانی دایە دەست و حەسەن مۆری لەسەر وردە بەردەکان کرد وەك چۆن میری باوەڕدران کردی، حەبابە دەڵێت: دواتر هاتمە لای حوسەین لە کاتێکدا لە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خوادا بوو و حوسەین نزیك بووەو پێشوازی لێکردم و وتی: لە هەر ئاماژەیەکدا بەڵگەیەك هەیە لەسەر ئەوەی تۆ دەتەوێت، ئایا بەڵگەی ئیمامەتت دەوێت؟ وتم: بەڵێ گەورەم، وتی: ئەوەی پێتە بمدەرێ، منیش وردە بەردەکانم پێدا و ئەویش مۆری لەسەر کرد، حەبابە دەڵێت: دواتر هاتمە لای عەلی کوڕی حوسەین، من ئەو کاتە ئەوەندە پیر ببوم لەرز گرتبوومی و تەمەنم گەیشتبووە سەدو سێزدەساڵ، بینیم عەلی کوڕی حوسەین ڕکوع و کرنووش دەبات و سەرگەرمی پەرستشە و من بێ هیوابووم لە ئاماژە و بەڵگەی ئیمامەتی ئەو، هەر بە پەنجەی شایەتمان ئاماژەی بۆ کردم ڕاستەوخۆ گەنج بوومەوە... پاشان پێی وتم: ئەوەی پێتە بمدەرێ و منیش پێمدا و مۆری کرد، پاشان هاتمە لای باقر ئەویش کرد و دواتر هاتمە لای صادق ئەویش مۆری

لەسەر وردە بەردەکان کرد، دواتر هاتمە لای موسای کازم ئەویش بەهەمان شێوە مۆری لەسەر کرد، پاشان هاتمە لای ڕیزا ئەویش مۆری لەسەر کرد. و حەبابە نۆ مانگ دوای ئەمە ژیا)[1].

## پ_ هەڵوێستی ڕیزا لە بەرامبەر جێگرەوایەتی مەئمون

بێ لەبەرچاوگرتنی پوچی و بێ بنەمایی بەڵگەی (کارە دەرئاساکان و غەیب زانین) و بەتایبەت ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە لەبارەی چەسپاندنی ئیمامەتی ڕیزا، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە، ئەوا دژە لەگەڵ ژیاننامەی ئیمامی ڕیزا کە هەرگیز بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد دەقی خوا لەسەر ئەو هاتووەو خاوەنی مافی خواییە لە جێنشینایەتیدا، بەڵکو هەڵسا بە کودەتایەکی سیاسی مەزن بەسەر سیاسەتی باوو باپیرانی پێشووی کە خۆی دەبینیەوە لە بەبێ باوەڕدانانی حکومەتە ستەمکارەکان و خۆدوورگرتن لێیان[2]. و جێگرەوایەتی مەئمونی پەسەند کرد[1].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة، ح رقم ٣. دەوترێت لەو کاتی هەندێك زیادەڕۆچووە واقیفیەکان دڵیان بۆ لای ڕیزا دەچوو دوای ئەوەی مەئمونە بانگهێشتی کرد بۆ خوراسان، ئەوا گرنگترین هاوەڵی ڕیزا کە یونسی کوڕی عەبدوڕەحمان لایەنگیری نەکرد و هەڵوەستەی کرد و وتی: (ئەگەر داواکەی مەئمون بە خۆشی یان بە ناچاری پەسەند بکات ئەوا تاغوتە) . الكشي، ترجمة يونس بن عبدالرحمن.

(٢) بۆ نمونە باقر ڕەتی دەرکردە شیعەکان ئەرك لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا وەربگرن و دەیوت: (نابێت بە ئەندازەی نووکی پێنووس یارمەتیان بدرێت، هەر کەسێك شتێك لە دونیای ئەوا بەدەست بێنێت ئەوا ئەوانیش لە ئاینی دەبەن). و صادق دەیوت: (پێم خۆش نییە هیچ گرێیەکیان بۆ ببەستم

**مەئمون لە میانەی ناکۆکی و ململانێکەی لەگەڵ ئەمینی براکەیدا و لە ژێر فشاری شۆڕشەکانی عەلەوی (زەیدی)دا بەڵێنی دا خەلافەت و جێنشینایەتی بگوازێتەوە بۆ چاکترین کەسی ئال و بەیت، دواتر ڕایگەیاند کە: عەلی کوڕی موسای ڕیزا باشترین کەسی عەلەوییەکانە[٢]. مەئمون لە ساڵی ٢٠١ك خەلافەتی پێشکەی ڕیزای کرد و وای دەرخست کە دەیەوێت خەلافەت بگەڕێنێتەوە بۆ عەلەویەکان کە شایەنترن لە عەبباسییەکان، لەسەر بنەڕەتی ئەوەی ئیمامی عەلی مافی جێنشینایەتی پێغەمبەری هەبووە[٣]. مەئمون بانگهێشتی ڕیزای کرد بۆ**

---

و سەر گونیەیەکیان بۆ گرێبدەم کە ئەوەی نێوان دوو سەری گونیەکە بۆ من بێ، نا ماوە نییە بە ئەندزەی یەك پێنووس کار بۆ حوکمڕانان بکرێت، بێگومان یارمەتیدەرانی ستەمکاران لە ڕۆژی دواییدا لە ناو چادری ئاگریندان تا خوا لێپرسینەوەی بەندەکان تەواو دەکات). و کازم دەیوت: (ئەگەر لە شوێنێکی لارەوە بخلیسکێم و پارچە پارچە ببم پێم باشترە لەوەی کارێکی بۆ یەکێکیان بکەم یان پێ بنێمە سەر ڕایەخی یەکێکیان). الكليني، الكافي، ح رقم ٨٥٣١ _ ٥ و ح رقم ٨٥٣٣ _ ٧ و ح رقم ٨٥٤٣ _ ١.

(١) ئیمامی ڕیزای بانگەشەی پارێزراوی بۆ خۆی نەدەکرد، بەڵکو ڕای خۆی دەربڕی و تیایدا دانی بەوەدانا کە ئوممەت مافی گۆڕانکاری و سزادانی ئیمامی هەیە ئەگەر هاتوو ئیمام هەڵەی کرد یان لە ڕێی لادا، ئەم وتەیەشی کاتێك دەربڕی کە پەسەندی کرد ببێتە جێگری مەئمون، جا وتی: (ئەگەر لاساریم کرد یان گۆڕام یاخود جێگۆڕکێم بەشتی چەسپاو کرد ئەوا ئەو کاتە شیاوی ئەوەم سەرزەنشت بکرێم و بگۆڕدرێم، خۆم پەنا دەدەم بە خوا لە توڕەیی خوا). القلقشندي، أحمد بن عبدالله، مآثر الأناقة في معالم الخلافة ٣٢٢/٢.

(٢) الأصفهاني، مقاتل الطالبيين ٥٦٣.

(٣) مەئمون بەم کارەی لادانێکی توندی لە هزری سیاسی عەبباسی هێنایە کایە کە لە سەردەمی مەهدی عەبباسیەوە هەبوو و مافی خەلافەتی تەنها بە عەباسییەکانی دابوو بە پشت بەستن بە میراتگرتنی باپیرەیان لە پێغەمبەرەوە، جا بڵاوکراوەیەکی سیاسی لەم بارەوە دەرکرد کە پێچەوانەی ئەوەبوو کە عەبباسییەکان لەسەری بوون، بەر لە سەرکەوتنی عەبباسییەکان و زاڵبوونیان بەسەر

ئەوەی خەلافەت ڕادەستی ئەو بکات، بەڵام ڕیزا گومان لە ڕاستی هەڵوێستی مەئمون هەبوو، بۆیە خەلافەتی وەرنەگرت، بەڵام مەئمون ئەوەی بۆ پێشنیاز کرد کە دەبێن جێگرەوایەتی ئەو قبولڵ بکات و سوریش بوو لەسەر ئەمە، بۆیە ڕیزا لێی قبول کرد، لەو ڕۆژەی ڕیزا پەیمان و بەیعەتی جێگرەوایەتی وەرگرت وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا وتی: (بێ گومان میری باوەڕداران خوای گەورە پشت ئەستوورتری بکات لە ڕاست پێکان و هەمیشە سەری بخات بۆ بەرچاو ڕوونی مافی ئێمەی زانی لە کاتێکدا جگەلەو نەیانزانی، بەمەش پەیوەندی و خزمایەتیەکی بەیەکەوە گرێدا کە پچڕابوو و ئەو ناخ و دەروونانەی ئارام کردەوە کە شڵەژابوون، بەڵکو زیندووی کردنەوە لە کاتێکدا پەرتکرابوون، دەوڵەمەندی کردن لە کاتێکدا هەژار کرابوون، لەمەشدا مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاری جیهان بووەو هیچ پاداشتێکی ناوێت تەنها پاداشتی خوا نەبێت... و جێگرەوایەتی و ئەرکی هەرە گەورەی بەم سپاردووە ئەگەر لە دوای ئەو بمێنم، جا کەسێك گرێیەك بکاتەوە کە خوای گەورە فەرمانی کردبێت توند بکرێت و کەسێك قوفلێك بشکێنێت کە خوای گەورە فەرمانی کردبێت ببەسترێت ئەوا سنووری قەدەغەکراوەکانی شکانووەو قەدەغەکراوەکانی حەڵاڵ کردووە، چونکە ئەمە یاخی بوونە لە فەرمانی ئیمام و ئەتك کردنی ڕێزو حورمەتی ئیسلامە، ئەمەی باسم کرد پێشینان پەیڕەویان کردووە... هەل و فرسەتێکە نزیك بووتەوەو کارەسات و ئاژاوەماڵئاوایی دەکات، نازانم خوا چ بە من و ئێوە دەکات، بێ گومان حوکم و فەرمانڕەوایی هەر

دەوڵەتی ئومەوییەکان لە ساڵی ١٣٢ك، لە فیکری کۆنی شیعە کیسانییەکان، ئەوان باوەڕیان بە شەرعیەتی ئیمامەتی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بوو، جا شەرعییەتی خۆیان لە محەممەدی کوڕی حەنیفەی باوکی هاشمەوە وەرەگرت کە دیانوت کاتێك کتوپڕ لە دەڤەری حەمیمە کۆچی دوایی کرد ئەوا وەسیەتی ئیمامەتی بۆ باپیرەی ئەوان کردووە.

بەدەست خوایە، بە ڕاست و ڕەوا حوکم دەکات، چاکترین جیاکەرەوەشە _ لە نێوان حەق و ناحەقدا _)[1].

مێژوونووسان هەر چەند ڕاجیابن لەمەڕ هەڵوێستی مەئمون، ئەوا بەیعەتی دانی ڕیزا بەو و قبوڵکردنی جێگرەوایەتی ئەو هەڵوێستی فیکری ئاشکراو دیاری ڕیزا دەردەخەن لە دانان بە شەرعیەتی خەلافەتی مەئمون و ئیمامەت ڕیزا لە گۆڕەپانی واقیعدا و دوور لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی تایبەت بە منداڵەکانی عەلی و حوسەین). جا وای لێهات هاوپەیمانی نێوان ماڵی هاشمییە عەبباسییەکان و عەلەوییەکان دیارترین تایبەتمەندی قۆناغی داهاتوو و بیروباوەڕی فەرمی خەلافەتی عەبباسی بۆ چەند قۆناغێك، ئەمەش لە دوای مەئمون بەرجەستە بوو لە هەڵوێستی ئەرێنی خەلیفەکانی عەبباسی (موعتەصیم و واسیق و موتەوکیل و موعتەمید) لە بەرامبەر کوڕو نەوەکانی ڕیزا وەك: محەممەدی  جەواد و عەلی هادی و حەسەنی عەسکەری، جا خەلیفەکانی ڕاشدین هەموو ڕێزو حورمەتێکیان بۆ دەنواند.

لێرەدا فەرموودەیەك لە ئیمامی ڕیزاوە هاتووە کە شێخ صدوق دەگێڕێتەوە، تیایدا ڕیزا بە ڕاشکاوی باس لە تیۆری شوڕا (شوری) دەکات و لە باوو باپیرانیەوە و لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (کەسێك هاتە لاتان و ویستی کۆمەڵی موسڵمانان پەرت بکات و کاروباری ئوممەت زەوت بکات و بێ شوڕا ئیمامەت و پێشەوایەتی بکات ئەوا بیکوژن، خوا ڕێگەی پێداوە)[2].

---

(١) الصدوق، عيون أخبار الرضا ٢٤٦.

(٢) الصدوق، عيون أخبار الرضا ٦٢/٢.

## ت_ هەموو پرسیارێك وەڵامی نییە

لە کاتێکدا ئیمامییە (واقیفییەکان) و (قەتعییەکان) مشتومڕیان بوو لەسەر ئیمامەتی ڕیزا کە ئایا میراتگرێکی شەرعی باوکیەتی و لەلایەن خواوە دیاریکراوە یان نا، ئەوا ڕیزا هەڵوێستی پێچەوانەی بانگەشەی ئیمامییان هەبوو کە دەیانوت خاوەنی زانستی خواییە یان تونای ڕاڤەکردنی قورئان و وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارێکی هەیە کە ئاراستەی دەکرێت، ئەوا ڕیزا ڕایگەیاند کە وەڵامی هەموو پرسیارێك ناداتەوەو ناچاریش نییە ئەمە بکات، لەسەر خەڵکی پێویستە پرسیار بکەن بەڵام لەسەر ئەو پێویست نییە وەڵام بداتەوە. ئەمەش بەوە دەچێت کە خۆی لادابێت لەوەی (سەرچاوەی ئاینی بێت) و وتویەتی: (ئەگەر ویستمان وەڵام دەدەینەوەو ئەگەر نەمان ویست ئەوا بێ دەنگ دەبین)[1]. و ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوە بوو کە ئیمامییەکان دەیاندایە پاڵ باقرو صادق کە گوایە دەیانوت ئال و بەیت ئەو زانایانەن کە خوا لە قورئاندا باسی کردوون و فەرمانیش بەخەڵك کردووە کە پرسیار لەوان بکرێت: ﴿ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ النحل: ٤٣. واتە: (ئەگەر هەر نازانن لە شارەزایان بپرسن)[2]. ئەمەش شڵەژانێکی گەورەی دووچاری سەرتاپای شیعە ئیمامییەکان کرد کە بە وەفد سەرەدانیان دەکرد و بە نووسراو پرسیاریان لێدەکرد لە بارەی هۆکاری ئەمە. جا ویشاء و ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبو نەصر ئەوەیان داوەتە پاڵ ڕیزا کە بە شێوەیەکی نوێ

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة، ح رقم ٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة، ح رقم ٢ و ٤ و ٥، لە بەشی پێشوودا ئەوەمان بینی کە باقر ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی هاوشێوەی بۆ ئەم ئایەتە کردووە. هەمان سەرچاوە ٧.

ڕاڤەی ئەم ئایەتەی کردووە، جا گوایە وتویەتی: (هەندێك شت لەسەر ئیمامەکان پێویستە کە لەسەر شیعە و شوێنکەوتووانیان پێویست نییە، هەندێك شتیش لەسەر شیعەکانمان پێویستە کە لە سەر ئێمە پێویست نییە، خوای مەزن فەرمانی بەوان کردووە پرسیارمان لێ بکەن، جا فەرموویەتی: ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ النحل: ٤٣. واتە: "ئەگەر هەر نازانن لە شارەزایان بپرسن"، فەرمانی بەوان کردووە پرسیار لە ئێمە بکەن و لەسەر ئێمە پێویست نییە وەڵام بدەینەوە، ئەگەر بمانەوێت وەڵام دەدەینەوەو ئەگەر نەشمانویێت وەڵام نادەینەوە)[١].

ویشاء وتی: پرسیارم لە ڕیزاکرد و پێم وت: بەقوربانت بم: ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ مەبەستی ئەم ئایەتە چییە؟، ڕیزا وتی: (زانایان ئێمەین و پرسیار لە ئێمە دەکرێت، وتم: ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێت و ئێمەش پرسیار دەکەین؟ ڕیزا وتی: بەڵێ، وتم: پێویستە لەسەرمان پرسیار لە ئێوە بکەین؟ وتی: بەڵێ، وتم: لەسەر ئێوەش پێویستە وەڵاممان بدەنەوە؟ ڕیزا وتی: (ئەوە بەدەست ئێمەیە ئەگەر حەزمان لێبوو وەڵام دەدەینەوەو ئەگەر حەزیشمان کرد وەڵامتان نادەینەوە، ئایا گوێبیستی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن نەبووی: ﴿هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمۡنُنۡ أَوۡ أَمۡسِكۡ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾ ص: ٣٩. واتە: "ئەمە بەخشیی ئێمەیە بۆ تۆ، تۆش دەبەخشیت یان نابەخشیت لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکرێت و خۆت سەربەستی")[٢].

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة، ح رقم ٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة، ح رقم ٣.

ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبو نەصر وتی: پەیامێکم بۆ ڕیزا نووسی، لە بەشێکی پەیامەکە هاتووە: خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣. واتە: "ئەگەر هەر نازانن لە زانا و شارەزایان بپرسن". و دەفەرموویێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ﴾ التوبة: ١٢٢. واتە: "ڕەوا نییە هەرچی ئیمانداران هەیە بەجارێك بچن بۆ غەزا _ یان بۆ هەر کارێکی پێویست _، دەی بۆچی لە هەر هۆزو دەستەیەك، کەسانێك نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن و لە ئایین تێبگەن و فێرببن و قەومەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێك کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوە و خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لەخۆیان نەڕەنجێنن". پرسیار کردنیان لەسەر پێویست کردا، کەچی وەڵامدانەوە لەسەر ئێوە پێویست نەکراوە؟ ڕیزا وتی: خوای پایەبەرز دەفەرموویێت: ﴿فَإِن لَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهۡوَآءَهُمۡۚ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ﴾ القصص: ٥٠. واتە: "خۆ ئەگەر بەدەم بانگەوازی تۆوە نەهاتن، ئەوە چاك بزانە کە ئەوانە هەر شوێنی ئارەزووی خۆیان دەکەون، کێ لەوە گومڕاترە کە شوێن ئارەزووی خۆی کەوتبێت")[1].

محەممەدی کوڕی حەکیم وتویەتی: پرسیارم لە ڕیزاکرد لەبارەی ئەوەی دەکرێ پرسیار لە ئیمام بکرێ لەبارەی حەڵاڵ و حەڕام و ئەویش وەڵامی پێ نەبێت؟ ڕیزا وتی: (نا بێت وەڵامی پێ نەبێت، وەڵامی پێیە بەڵام وەڵام ناداتەوە،

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن أهل الذكر الذين أمر الله بسؤالهم هم الأئمة، ح رقم ٩.

وەڵام دانەوەکەش بە ویستی ئیمامە ئەگەر حەزی لێبێت وەڵام دەداتەوەو ئەگەر نا وەڵام ناداتەوە)[1]. و صەفوانی کوڕی یەحیا وتویەتی: بە ڕیزام وت: دەکرێ پرسیار لەبارەی حەڵاڵ و حەرام لە ئیمام بکرێت کەچی وەڵامی پێ نەبێت؟ وتی: (شتی وانابێت، دەکرێ وەڵامی لابێت بەڵام وەڵام نەداتەوە)[2]. محەممەدی کوڕی عەبدوڕەحمانی ئەسەدی و حەسەنی کوڕی صالح گێڕاویانەتەوە کە وتویانە: کە یەکێك لە واقیفییەکان هاتۆتە لای ڕیزا و ڕێشمەی وڵاخەکەی گرتووەو وتویەتی دەمەوێت پرسیارت لێ بکەم، ڕیزا وتی: (کەواتە وەڵامت نادەمەوە)، کابرا وتی: بۆچ وەڵامم نادەیتەوە، ڕیزا وتی: (چونکە ئەوە بە دەست منە و حەزم لێ بوو وەڵامت دەدەمەوەو حەزم لێ نەبوو وەڵامت نادەمەوە)[3].

عەلی ڕیزا ئەوەی ڕەتکردەوە زانینی حەڵاڵ و حەرام نیشانەی ناسینی ئیمام بێت، کە پێشتر صادقی باپیری باسی لێوە کرد بوو، جا ڕیزا وتی: (نیشانەی ئیمام: گەورەیی و پلەوپایە و وەسیەت و چەکی پێغەمبەرە... بەڵام زانینی مەسەلەکان هیچ بەڵگەیەکیان تێدا نییە)[4]. و ڕیزا بە کوڕی ئەبو نەصری وت: (ئیمام چەند نیشانەیەکی هەیە وەك: دەبێت لە هەموو براکانی گەورەتر بێت و وەسیەت و پلەوپایە بۆ ئەوبێت و لەودا بەرجەستە بێت، و کاتێك سوارێك دێت و پرسیار

(١) الصفار، بصائر الدرجات، ج ٢ باب ٢٢ (في أن الأئمة ع يكون عندهم الحلال و الحرام في الأحوال كلها ولكن لا يجيبون) ح رقم ١ و ٢ و ٤ و ٥.

(٢) الصفار، بصائر الدرجات، ج ٢ باب ٢٢ (في أن الأئمة ع يكون عندهم الحلال و الحرام في الأحوال كلها ولكن لا يجيبون) ح رقم ١ و ٢ و ٤ و ٥.

(٣) الصفار، بصائر الدرجات، ج ٢ باب ٢٢ (في أن الأئمة ع يكون عندهم الحلال و الحرام في الأحوال كلها ولكن لا يجيبون) ح رقم ١ و ٢ و ٤ و ٥.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأمور التي توجب حجة الإمام، ح رقم ٥.

دەكات وەسیەت بۆ كێ كرا؟ ئەوا بوترێت بۆ: فڵان، چەكی پێغەمبەری خوا لەلای ئێمە وەك تابوتە لە ناو نەوەكانی ئیسرائیلدا، ئیمامەت لەگەڵ چەكەكەدایە لە هەر كوێیەك بێت)[1].

بە ڕێك و پێكی نازانین ڕاست و دروستی ئەم گێڕانەوەیە لە چ ئاستێكدایە، ئەو پاساوەش كە ڕیزا دەیهێنێتەوە بە تایبەت گەواهی هێنانەوە بەم ئایەتە: ﴿ هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمۡنُنۡ أَوۡ أَمۡسِكۡ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾ ص: ٣٩. هیچ ئاماژەیەك ناكات بۆ بابەتەكە، بەڵام ئێمە لە میانەیدا دەرەنجامێكی دڵنیاكەرەوەمان دەست دەكەوێت ئەویش ئەوەیە كە ئیمامی ڕیزا ڕەتی كردۆتەوە وەڵامی هەندێك پرسیار بداتەوە كە ئاڕاستەی كراون، ئەمەش تێكدەگیرێ لەگەڵ پێگەی زانای خوایی و ڕاڤەكاری خوایی قورئان یان (سەرچاوە "مەرجەع"ی ئاینی) كە ئیمامییەكان بە ئیمام ناویان دەنا.

بەڵام ئەو زیادەڕۆچووانەی هەوڵیان دەدا خۆیان بلكێنن بە ئیمامی ڕیزاوە هەروەك چۆن پێشتر خۆیان لكاند بە باوو باپیرانیەوە، تەنها ئەوەیان بە دڵ بوو كە كەسایەتی ڕیزا بە بۆیاخێكی ئاینی بۆیاخ بكەن، ئەوەش لەسەر زمانی باوو باپیرانی بڵاو بكەنەوە كە ڕیزا ئەو ئیمامەیە كە خوا گوێڕایەڵی كردنی لەسەر خەڵكی پێویست كردووە، ئەمەشیان بۆ ئەوەبوو تا دواتر بانگەشەی بریكارێتی و نوێنەرایەتی ئەو بكەن. یەكێك لە دیارترین زیادەڕۆچووان كە لە دەوری ئیمامی ڕیزا دەسوڕانەوەو خۆیان بەوەوە لكاند (محەممەدی كوڕی موسای كوڕی حەسەنی كوڕی فوڕاتی بەغدادی) زیادەڕۆچوو بوو، كە بانگەشەی ئەوەی دەكرد ڕیزا

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الأمور التي توجب حجة الأمور، ح رقم ١.

پێغەمبەرەو ئەویش دەروازە و نوێنەری ئەوە، ناوبراو درێژکراوەی هێڵی خەتابییەکان و عەلیائیەکان بوو کە دەیانوت ئیمامەکان خوان[1].

## ج_ تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوەی زیادەڕۆچووان

ئیمامی عەلی ڕیزا هەڵسا بە دژایەتی کردنی ئەو زیادەڕۆچووانەی لە دەوری کۆببوونەوەو لە سەروشیانەوە (محەممەدی کوڕی موسای کوڕی حەسەنی کوڕی فوڕاتی بەغدادی) کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بۆ ڕیزا دەکرد و گوایە خۆیشی دەروازەو نوێنەری ئەوە، ناوبراو درێژکراوەی هێڵی خەتابییەکان و عەلیائیەکان بوو کە دەیانوت ئیمامەکان خوان. ڕیزا سکاڵای لە دەستی ئەو کرد و وتی: (محەممەدی کوڕی فوڕات ئازاری منی دا، خوای گەورە ئازاری بدات و بە گەرمی ئاسن سزای بدات، خوا نەفرەتی لێبکات ئازاری منی دا وەك چۆن باوکی خەتاب ئازاری صادقی دا، باوکی خەتاب ئەوەندە درۆی بەدەمی ئێمە نەکرد وەك محەممەدی کوڕی فوڕات ئەمەی کرد. بەخوا هەر یەکێك درۆ بەدەمی ئێمەوە بکات ئەوا خوای مەزن بە گەرمی ئاگر سزای دەدات). خوای مەزن نزای ڕیزای

---

(١) فیکرە و بیرۆکە شەیتانیەکانی بەجێهێشت بۆ کۆمەڵێك کەس لە سەدەی سێیەمی کۆچی وەك: سەجادەی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو عوسمان و عەلی کوڕی حیسکەی جەوازی قومی و قوتابییەکانی: قاسمی یەقتینی شەعرانی و حەسەنی کوڕی محەممەد (کە ناسراوە بە کوڕی بابای قومی) و محەممەدی کوڕی موسای شەریعی و محەممەدی کوڕی نەصیری نەمیری فەهری و فارسی کوڕی حاتەمی قەزوینی، ئەوانە بانگەشەی خوایەتی یان پێغەمبەرایەتیان بۆ ئیمامەکانی ئال و بەیت دەکرد و بانگەشەی ئەوەشیان بۆخۆیان دەکرد پێغەمبەر و دەروازەی ئیمامەکان و زۆر زیاد ڕۆدەچوون لە ئیمامەکاندا.

گیراکرد و کوڕی شاکەلە محەممەدی  کوڕی فوڕاتی کوشت[1]. ئیمامی ڕیزا دڵخۆش بوو و بە یونسی کوڕی عەبدوڕەحمانی وت: ئەی یونس محەممەدی کوڕی فوڕات دەبینی چۆن درۆ بەدەمی ئێمە دەکات؟ یونس وتی: خوای گەورە دووری بخاتە لە بەزەیی خۆی و تێکی بشکێنێت و بەدبەختی بکات، ڕیزا وتی: (خوای گەورە ئەمەی پێکرد، خوای گەورە بە گەرمی ئاسن سزای بدات وەك چۆن ئەوانەی پێش ئەوی سزادا کە درۆیان بەدەمی ئێمەوە کرد، ئەی یونس ئەوەم بۆ ئەوە وت تا هاوەڵانم ئاگادار بکەیەوە خۆی لێ بەدوور بگرن و فەرمانیان پێ بکەی بە نەفرەتی بکەن و خۆی لێ بەری بکەن، چونکە خوای لێی بەرییە).

ڕیزا هەوڵیدا زیادەڕۆچووان پەراوێز بخات تا تێکەڵ نەبن لەگەڵ شیعەکان، جا ڕیزا بە باوکی هاشمی جەعفەری وت: (زیادەڕۆچووان بێ باوەڕن، ئەوانەی دەڵێن خوا کاروباری ڕادەستی ئیمامەکان کردووە "موفەویزەکان" هاوبەشدانەرن، جا ئەوەی لەگەڵ ئەوان دابنیشێت یان تێکەڵیان بێت یاخود خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵ بخوات یان پەیوەندیان لەگەڵ ببەستێت یان ژنیان لێ بهێنێت یاخود ژنیان پێ بدات یان بە ئەمینداریان دابنێت لەسەر ئەمانەت و سپاردە یان قسەیان بە ڕاست دابنێت یاخود بە نیو وشە یارمەتیان بدات ئەوا لە بازنەی لایەنگیری خواو پێغەمبەرو ئێمەی ئال و بەیت دەرچووە). و بە یەزیدی کوڕی عومەیری کوڕی موعاویەی شامی وتوە: (ئەوەی پێی وابێت خوای گەورە

---

(١) ئیبڕاهیمی کوڕی مەهدی کوڕی مەنصوڕە (کە بە کوڕی شاکەلە ناسراوە).

کاروباری بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی بە ئیمامەکانی سپاردووە ئەوا باوەڕی بە تەفویز هەیە... کەسێکیش باوەڕی بەمە هەبێت ئەوا هاوبەشدانەرە)[1].

ڕیزا لە نوێژەکانی دا نزاو دوعای لە زیادەڕۆچوونی دەکرد و خۆی لەوان بەری دەکرد و دەیوت: (خوایەگیان؛ من بەریم لە هەر هێزو توانایەك و هیچ هێزو توانایەکم نییە تەنها بە تۆوە نەبێت، خوایەگیان؛ من پەنات پێ دەگرم و خۆم بەتۆ بەری دەکەم لەوانەی کە شتانێکیان دایە پاڵ ئێمە کە هی ئێمە نییە، خوایەگیان؛ خۆم بە تۆ بەری دەکەم لەوانەی شتانێکیان لەبارەی ئێمەوە وت کە ئێمە لەبارەی خۆمانەوە نەوتوە، خوایەگیان؛ بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی هەر بەدەست تۆیە و هی تۆیە و هەر تۆ دەپەرستین و پشتیش هەر بە تۆ دەبەستین، خوایەگیان؛ تۆ بەدیهێنەری ئێمەو باوو باپیرە سەرەتا و دوایینمانی، خوایەگیان؛ پەروەردگارێت شاوی کەس نییە تەنها شایەنی تۆیە و خوایەتی تەنها بۆ تۆ ڕەوایە،نەفرەت لە نەصرانیەکان بکە کە گەورەیی تۆیان بچوك کردەوەو نەفرەت لەوانەش بکە کە قسەی هاوشێوەی نەصرانیەکان دەکەن، خوایەگیان؛ ئێمە کۆیلەی تۆین و کوڕو نەوەی کۆیلەی تۆین و هیچ سوودو زیان و مردن و ژین و زیندووبوونەوەیەکمان بەدەست نییە، خوایەگیان؛ هەر کەسێك باوەڕی وابێت ئێمە خواین ئەوا ئێمە لەو کەسە بەرین، ئەوەش کە باوەڕی وایە بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی بەدەستی ئێمەیە ئەوا ئێمە لێی بەرین وەك چۆن عیسای کوڕی مەریەم _ سڵاوی خوای لێبێت _ لە نەصرانیەکان بەرییە، خوایەگیان؛ ئەوانەی ئەم بۆچوونە نابەجێیەیان هەیە ئێمە بۆ ئەوەمان بانگ نەکردوون، بە وتە و بۆچوونی ئەوان ئێمە سزا مەدە، لێمان خۆشبە لەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن،

---

(١) المجلسي، بحار الأنوار ٣٣٦/٢٥ _ ٣٤٤.

خوایەگیان؛ هیچ یەکێك لە بێ باوەڕان لەسەر زەویدا مەهێڵە و تۆویان ببڕە، چونکە بەڕاستی ئەگەر تۆ وازیان لێ بهێنیت هەرچی بەندەکانی تۆیە گومڕای دەکەن و کەسیشین لێنابێت _ لە نەوەی تازە _ مەگەر خراپەکارو تاوانبار نەبێت).

کاتێك مەئمون بە ڕیزای وت: کەسانێك زیادە ڕۆچوون لە تۆدا و سنووریان تێپەڕاندووە، ڕیزا وتی: (ئێمە خۆمان بە خوای مەزن بەری دەکەین لەوانەی لە ئێمەدا زیادەڕۆدەچن و بەرزمان دەکەنەوە بۆ سەرووی ئاستی خۆمان وەك بەری بوونی عیسای کوڕی مەریەم _ سڵاوی خوای لێبێت _ لە نەصڕانییەکان، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِى بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِى كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ المائدة: ١١٦ _ ١١٧. واتە: "کاتێك خوا _ هەر لە قیامتدا _ فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا ئەوە تۆ بەخەڵکیت وتوە: من و دایکم بە دوو خوا دابنێن لە خوار خوای پەروەردگار؟ عیسا لەوەڵامدا وتی: پاکی و بێگەردی و بێ هاوەڵی شایستەی تۆیە، بۆم نییە من شتێك بڵێم بۆ خۆم کە مافی من نەبێت؟! خۆ ئەگەر وام وتبێت ئەوە بەڕاستی تۆ دەیزانیت و لێت شاراوە نییە، چونکە تۆ زانایت بەهەرچی لە ناو دڵ و دەروونمدا هەیە، بەڵام من نازانم بەوەی لە دەریای عیلم و زانستی بێ پایانی تۆدا هەیە، چونکە بەڕاستی هەر تۆ زانا و شارەزای نهێنی و پەنهانی. _ بێگومان تۆ چاك

دەزانیت _: من هیچ شتێکم پێ نە وتون جگە لەوەی کە تۆ فەرمانت پێداوم، ئەویش ئەوەیە: تەنها خوا بپەرستن کە پەروەردگاری من و ئێوەشە و من شایەت بووم بەسەریانەوە هەتا لەناویاندا بووم، ئینجا کاتێك منت مراند و گیانت کێشام، ئیتر ئەوە هەر خۆت چاودێر و ئاگادار بوویت لێیان و هەر تۆش شایەتیت بەسەر هەموو شتێکەوە". کەسێك بانگەشەی خوایەتی بۆ پێغەمبەران یان بانگەشەی خوایەتی یاخود پێغەمبەرایەتی بۆ ئیمامەکان بکات.... ئەوا ئێمە لە دونیا و دوارۆژدا لێی بەرین)[1].

ئەو زیادەڕۆچوونەی وەك گەردەلوول بەناو شیعەکاندا هەڵ ببو لە سەردەمی ڕیزا لە سەر یەك ئاست نەبوو، هەروەك زیادەڕۆچوونەکان هاوشێوەی زیادەڕۆچوونی (خەتابیەکان و موفەویزەکان) و (فوڕاتییەکان: شوێنکەوتووانی محەممەدی کوڕی فوڕات) نەبوون کە ڕاشکاوانە بێ باوەڕی لەخۆی دەگرێت، بەڵکو جیاواز بوو لە کۆمەڵ و تاقمێکەوە بۆ یەکێکی تر، بۆیە تاقمە جیاوازە شیعەکان ڕاجیا بوون لە نێوان خۆیان و یەکتریان بە بێ باوەڕو بێ دینی تۆمەتبار دەکرد[2].

---

(١) بحار الأنوار ٢٥،٢٧٢ _ ٢٨٠.

(٢) هیشامی کوڕی ئیبڕاهیمی خەتلی مەشریقی دەڵێت: داوای مۆڵەتم بۆ دەستەیەك لە پیاوەکانی عەلی کوڕی ئەبو حەسەنی ڕیزا کرد لە ساڵی ١٩٩ك و ئەوان ئامادە بوون و ئێمەش کە شازدە کەس بووین و ئامادە بووین، موسافیر هاتە دەرەوەو وتی: با خانەوادەی یەقتین و یونسی کوڕی عەبدوڕەحمان و فڵان و فیسار بێنە ژوورەوە، کاتێك چوونە ژوورەوەو دواتر هاتنە دەرەوە، موسافیر هاتە دەرەوەو بانگی من و موسا و جەعفەری کوڕی عیسا و یونسی کرد و ئێمەش چووینە ژوورەوەو سڵاومان کرد و فەرمانمان پێکرا دابنیشین، کاتێك دانیشتین، جەعفەری کوڕی عیسا وتی: سکاڵای خۆمان لای خواو تۆ دەکەین لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێمەی دووچاری هاتووین بەهۆی هاوەڵانمان. ڕیزا وتی: لە دەستی ئەوان دووچاری چی هاتوون؟ جەعفەر وتی: بەخوا ئێمە بە بێ دین و باوەڕ دادەنێن و خۆیان لە ئێمە بەری

# دەروازەی چوارەم

## شکستی مەزن: قەیرانی منداڵی

تیۆری ئیمامەت (یان شیعەگەریتیی ئاینی) دووچاری شکستێکی مەزن بووەوە لە کاتی مردنی ڕیزا لە ساڵی ٢٠٣ك، بەر لەوەی جەوادی کوڕی تەمەنی حەوت یا هەشت ساڵی تەواو بکات، بەمەش زۆربەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی ڕیزا ڕەتیان کردەوە دان بە ئیمامەتی جەواددا بنێن. و لەسەرووی هەمووشیانەوە یونسی کوڕی عەبدوڕەحمانی قومی کە پێشتر کاری زۆری کرد لە پێناو

---

دەکەن. ڕیزا وتی:هاوەڵانی عەلی کوڕی حوسەین و محەممەدی کوڕی عەلی و جەعفەر و موساش بەم شێوەیە بوون، جا هاوەڵانی زوراڕە جگە لە خۆیان بە بێ باوەڕ هەژمار دەکرد و ئەوانیش هاوەڵانی زوراڕەیان بە بێ باوەڕ دادەنا، پێم وت: گەورەم ئێمە پشت بە تۆ دەبەستین لەهەمبەر ئەو دوو شێخە: یونس و هیشام کە هەر دووکیان لێرە ئامادەن و ئێمەیان پەروەردە و فێرکردووە، سەروەرمان ئەگەر ئێمە لەسەر ڕێی ڕاست بین ئەوا بردمانەوە، ئەگەر گومڕاش بووبین ئەوا ئەوە دوو شێخە ئێمەیان گومڕا کردووە، جا فەرمانمان پێ بکە کە شێونیان نەکەوین و تۆبە بکەین و بگەڕێینەوە لای خوا، بانگمان بکە بۆ سەر ئاینی خوا تا شوێنت بکەوین. ڕیزا وتی: من ئەوەندە دەزانم کە ئێوە لەسەر ڕێگەی رشاستن، خوا پاداشتتان بداتەوە لەو دڵسۆزیەی پێشوو و تازەتان، جا دەستەکە وایان لێکدایەوە دڵسۆزی پێشوو مەبەستی عەلی کوڕی یەقتین بووە، دڵسۆزی تازەش خزمەتکردنی ئێمە بووە بۆ ئەو، خوا زاناترە. جەعفەر وتی: بەقوربانت بم صاڵح و باوکی ئەسەدی زاوای عەلی کوڕی یەقتین لە تۆیان گێڕاوەتەوە کە جارێکیان ئەوان هاتوونەتە لای تۆ و هەندێك قسەی ئێمەیان بۆ تۆ باس کردووە، گوایە تۆش بەوانت وتوە: ئەوە چیتانە ئەم قسەی لە نێوان ئێوەدا سەر دەکێشێت بۆ بێ دینی، ڕیزا وتی: من وام وتبێت نا من وام نەوتوە؟! بەخوا ئەوەمان بەوان نەوتوە، یونس وتی: بەقوربانت بم ئەوان پێیان وایە ئێمە بێ دینین، ڕیزا پێی وت: ئەگەر تۆ بێ دین بیت و پێت بڵێت باوەڕدار ئەوا هیچ سوودێکی بۆ تۆ نەدەبوو؟ و ئەگەر باوەڕداری بیت و پێت بوترێت کەسێکی بێ دینە ئەوا زیانی بۆ تۆ نەدەبوو.

له . الخوئي، معجم الرجال رقم ٢٢٢٤ نقلا عن الكشي في ترجمة جعفر بن عيى بن عبيد (بن يقطين).

چەسپاندنی ئیمامەتی ڕیزا لە بەرامبەر واقیفییەکان[1]. سەرباری ئەوەی مێژوونووسە دواییەکانی شیعە وەك: نوبەختی و ئەشعەر قومی باسیان لەوە

(١) موفید لە (عیون المعجزات)دا هێناویەتی و دەڵێت: کاتێك ڕیزا کۆچی دوایی کرد ئەوا تەمەنی باقر نزیکەی حەوت ساڵ بوو، قسە و هەڵوێستەکان پەرت بوون، ڕەیانی کوڕی سەڵت و صەفوانی کوڕی یەحیا و محەممەدی کوڕی حەکیم و عەبدوڕەحمانی کوڕی حەجاج و کۆمەڵێك لە کەسایەتی و باوەڕپێکراوەکانی شیعە لە ماڵی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەجاج کۆبوونەوە لە دەڤەری (بەرەکەت زەلزل)، لەبەر بەڵایەکە دەگریان و ئازاریان دەخوارد، یونس وتی: واز لە گریان بێنن، ئەم کارە بۆ کێیە؟ و بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکان تا باقر گەورە دەبێت، ڕەیان هەڵسا و بۆی چوو و دەستی خستە قوڕگی یونسەوەو شەقی لێدەدا و پێی دەوت: لە ڕووکەشدا باوەڕ پیشان دەدەی و گومان و هاوبەشدانان دەشاریتەوە، ئەگەر ئەو منداڵە لەلایەن خواوە وەك ئیمام دیاری بکرێت ئەوا ئەگەرچی تەمەنی یەك ڕۆژیش بێت ئەوا پلەوپایەی وەك بەساڵاچوویێکی زانایە، ئەگەر لەلایەن خوای گەورەشەوە دیاری نەکرابێت ئەوا هەر چەندە تەمەنی هەزار ساڵیش بێت، ئەوا هەر وەك کەسێکی ئاساییە، جا خەڵکەکە ڕوویانکردە یونس و سەرزەنشت و سەرکۆنەیان کرد. (المجلسي، بحار الأنوار ٩٩/٥٠ باب ٥ فضائلە ومكارك أخلاقە). هەر بۆیە هاوەڵانی جەواد و عەسکەری پەیوەندییان لەگەڵ یونسی کوڕی عەبدوڕەحمان پچڕاند و ڕەتیان کردەوە نوێژ لە دوای یونس و هاوەڵەکانی (یونسییەکان) بکەن. کوشی بە زنجیرە و سەنەدی خۆی لە باوکی عەلی کوڕی ڕاشید، ئەویش لە جەوادی گێڕاوەتەوە، دەڵێت وتم: بەقوربانت بم هاوەڵانمان ڕاجیاییان تێکەوتووە، ئایا نوێژ لە دوای هاوەڵانی هیشامی کوڕی حەکەم بکەم؟ وتی: شوێن عەلی کوڕی حەدید بکەوە، وتم: کار بە وتەی ئەو بکەم؟ وتی: بەڵێ، جا بە عەلی کوڕی حەدید گەیشتم، وتم: نوێژ لە دوای هاوەڵانی هیشامی کوڕی حەکەم بکەم؟ وتی: نا مەیکە. (لە گێڕانەوەیەکی تردا کە لە یەزیدی کوڕی حەمادەوە لە ئیمامی هادیەوە هاتووە، دەڵێت: وتم: نوێژ لە دوای یەکێك بکەم کە نایناسم؟ وتی: نوێژ تەنها لە دوای یەکێك بکە کە باوەڕت بە ئاینەکەی ئەو بێت، پێم وت: نوێژ لە دوای یونس و هاوەڵانی بکەم؟ وتی: عەلی کوڕی حەدید ئەوەتان لێ قبوڵ ناکات، وتم: لەمەدا بە قسەی کوڕی حەدید بکەم؟ وتی: بەڵێ، وتی: جا من پرسیارم لە عەلی کوڕی حەدید کرد لەوبارەوە، وتی: نوێژ لە دوای یونس و هاوەڵانی مەکە). الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٧٩٩٤، والكشي في ترجمة يونس بن عبدالرحمن.

کردووە کە هەندێك لە پشتیوانانی ڕیزا دانیانننا بە ئیمامەتی جەواد، ئەوا هیچ شتێك نییە کە ئاماژە بەوە بکات کە ئەوانە تاقمێکی پێگە بەهێز بوونە، ئەمەش لەبەر ئەوەبووە کە ئەو منداڵە توانای نەبووە لە ڕووی کردارییەوە ڕابەرایەتی شیعە بکات و ئاڕاستەیان بکات، هەروەها هیچ بەڵگە و نیشانەیەکی دەرئاسا لەسەر ئیمامەتی منداڵەکە دەرنەکەوت وەك چۆن لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر یەحیا یان پێغەمبەر عیسا دەرکەوت. سەرتاپای شیعەکان وتیان: (ئەوەی لەو تەمەنەدا بێت کە باسمان کرد ئەوا بالغ نەبووەو پێنەگەیشتووە، خوای گەورەش دەفەرموویت: ﴿ وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ ﴾ النساء: ٦. واتە: "هەتیوان تاقی بکەنەوە هەتا ئەو کاتەی کە وەختی ئەوەیان دێت هاوسەر بگرن، ئەوسا ئەگەر هەستتان کرد ژیرو سەلارن، پارەو سامانەکەیان پێ بدەنەوە". جا ئەگەر خوا پێویستی کردبێت دەستی منداڵی لەو تەمەنە بگیرێت لە هەڵسوکەوت کردن لە ماڵ سامانەکەیدا بەهۆی ئەوەی لە ڕیزی بێ باوکانە، ئەوا پوچەڵ بووە کە ببێتە ئیمام، چونکە ئیمام سەرپەرشتیاری خەڵکە لە سەرجەم کاروبارەکانی ئایین و دونیا، کەسێك نابێت ببێتە سەرپەرشتیار ماڵ و سامانی خوا بە صەدەقە و پێنج یەك _ خومس _ و ئەمینداری شەریعەت و حوکمەکان پێشەوای شەرعناسان و دادوەر و حوکمڕانان بێت و مافی دەستوەردانی زۆرێك لە کەسانی ژیر لە چەندین جۆر کاردا قەدەغەکردبێت کەچی مافی سەرپەرشتی یەك دیرهەمی لە ماڵی خۆی نەبێت و باوەڕی پێ نەکرێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی و لە هەمان کاتدا لەبەر

تەمەن بچوکیەکەی و کەمی عەقڵی ڕێگەی پێ نەدرێت سەرپەرشتاری خۆی بکات، چۆن دەبێتە ئیمام بێگومان ئەمە دژ یەکە و شتێکی ئەستەمە)[1].

ئەوانەش دانیاننا بە ئیمامەتی جەواد لەو تەمەنەیدا، ئەوا کەوتنە ناو قەیرانێکی گەورەوە، شڵەژان لە وەڵامدانەوەی کێشەی تەمەن و زانست، هەندێکیان وتیان: (نابێت جەواد زانستی لە باوکی وەرگرتبێت چونکە کاتێك ئیمامی ڕیزا چووە خوراسان ئەوا تەمەنی جەواد چوار ساڵ و چەند مانگێك بوو، ئەوەی لەو تەمەنەدا دابێت ئەوا لەو ئاستەدا نییە کە خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ فێربوونی ورد و درشتی ئایین، بەڵام خوا گەورە لەکاتی باڵغ بوون بە چەند شێوازێك فێری کرد کە وێنای ڕووەکانی زانستی ئیمام دەکات وەك: بەدڵدا هاتن و لەسەر دڵ نووسین و بەگوێدا چرپاندن و خەونی ڕاست لە نووستندا و قسەکردنی فریشتە بۆی و بەرزکردنەوەی منارە و ستوون و چرای دەرئاسا بۆی و خستنەڕوو کردەوەکان). جگە لەمەش لەو شتانەش کە زیادەڕۆچووە ئیمامییەکان لەبارەی ئیمامەکانی پێشوو دەیانوت. گەواهیان بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز هێنایەوە: ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا﴾ مریم: ١٢. واتە: "هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستمان پێ بەخشی، بە دادوەرییەکی ڕێك و پێك کێشەی خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد". و وتیان: (خوا چۆن پێغەمبەرایەتی بە یەحیا بەخشی لە کاتێکدا منداڵێکی بچوك بوو، بەهەمان شێوە پێغەمبەرایەتی بە عیساشی بەخشی و ئەویش منداڵێکی بچوك بوو، ئەوا بۆچی دروست نییە خوا ئیمامەت بداتە محەممەدی جەواد کە تەمەنی حەوت ساڵانە؟) و جا هەر سەرگەرمی چنینی

(١) الأشعري القمي، المقالات والفرق ٩٦، والمفيد، الفصول المختارة ١١٣ _ ١١٣.

گێڕانەوە بوون لەبارەی ڕیزاو جەواد و دروستی و لەباربوونی ئەوەی منداڵان جڵەوی ئیمامەت بگرنەدەست[1].

---

(١) لە ئیمامی جەوادیان گێڕاوەتەوە کە گوایە بەو کەسەی وتوە کە تەمەنەکەی کێشەی بۆ دروست کردووە: (خوای مەزن سروش و نیگای بۆ داود نارد و پێی ڕاگەیاند کە سولەیمان بکات جێنشینی خۆی، کەچی سولەیمان منداڵێك و مەرماڵاتی دەلەوەڕاند). صەفوانی کوڕی یەحیا وتویەتی: بە ئیمامی ڕیزام وت: ئێمە پرسیارم لە تۆ دەکرد بەر لەوەی خوا باقرت پێ ببەخشێت، هەردەم دەتوت: خوا نێوجەوانێکم پێ دەبەخشێت، جا خوا پێی بەخشی، بەمەش ئوقرەیی بە ئێمەی بەخشی، یا خوا هەر گیز خوا ڕۆژی مردنی تۆمان پیشان نەدات، ئەگەر ڕۆژێکی وا هاتە پێش ئیمامەت بۆ کێ دەبێت؟ ڕیزا بە دەستی ئاماژەی بۆ باقر کرد لە کاتێکدا لە بەردەمی بوو، وتم: بەقوربانت بم ئەوە منداڵێکی تەمەن سێ ساڵانە؟! وتی: ئەمە زیانی پێ ناگەیەنێت و عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) بەڵگەی بەرپاکرد لە کاتێکدا تەمەنی سێ ساڵ بوو. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: خوای پایەبەرز عیسای کوڕی مەریەمی وەك پێغەمبەری پەیامدار ڕەوانەکرد، شەریعەتی تایبەتی پێ بوو و دەستی بە ئەرکی خۆی کرد لەو تەمەنەی باقر تێیدایە. محەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی بەزیع لە ڕیزاوە گێڕاویەتیەوە کە گوایە لێ پرسیوە: دەکرێ تەمەنی ئیمام لە حەوت ساڵ کەمتر بێت؟ وتی: بەڵێ دەکرێ لە پێنج ساڵیش کەمتر بێت. و عەلی کوڕی ئەسبات وتی: باقر هاتەدەر بۆ لام، منیش سەیری سەرو پێیەکانیم دەکرد، بۆ ئەوەی وەسفی باڵاکەی بکەم بۆ بۆ هاوەڵانمان لە میسر، من ئاوا سەیرم دەکرد تا دانیشت، باقر وتی: ئەی عەلی خوا بە چ بەڵگەی لە بارەی پێغەمبەرایەتی هێناوەتەوە بەو شتەش بەڵگەی لەسەر پێغەمبەرایەتی هێناوەتەوە، جا وتی: ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا ﴾ مریم: ١٢. واتە: (هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستمان پێ بەخشی، بە دادوەرییەکی ڕێك و پێك کێشەی خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد). کاتێك (گەیشتە هەرەتی بەهێزی و پێگەیشتن) و (کاتێك تەمەنی بووە چڵ ساڵ) دەکرێت حیکمەت و دانایی پێ ببەخشرێت لە کاتێکدا کە منداڵ و دروستە لە تەمەنی چڵ ساڵیشدا پێی ببەخشرێت. و عەلی کوڕی حەسان پێی وابوو کە بە ئیمامی جەوادی وتوە: گەورەم خەڵکی ڕەخنە تەمەن بچوکی تۆ دەگرن، جەواد وتی: ئەی ڕەخنە لەو فەرمایشتەی خوای مەزنیش ناگرن؟ خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمووە: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ

هەندێکیان ئەم تێڕوانینە بارگاوی کراوە بە زیادەڕۆچوویی و ئەفسانەیان ڕەتکردەوەو وتیان: (جەواد بەر لە باڵغ بوونیش ئیمامە، بەو واتایەی کە ئیمامەت هەر بۆ بووە تا کاتی باڵغ بوون، جا ئەگەر باڵغ بوو ئەوا فێر دەبێت ئەوا فێر دەبێت بەڵام بەهۆی خورپە و بەدڵداهاتن و فریشتە و هیچ یەکێك لەو شێوانەی تاقمەکانی پێشوو باسیان کرد، چونکە سروش و نیگا لە دوای پێغەمبەر بەیەکدەنگی ئوممەت پچڕاوە) و وتویان: (نا چێتە عەقڵەوە شت فێر ببێت مەگەر بە وەستان و خوێندن نەبێت نەك بە بەدڵداهاتن و یارمەتی خوایی، بەڵکو دەڵێین کاتێك باڵغ بوو ئەوا زانستەکە فێر بوون لە کتێبەکانی و ئەو زانستەی بۆی مابووەوەو ئەو هێڵەی بۆی کێشابوو لە بابەتە بنەڕەتی و لاوەکییەکان). و بەشێك لەمانە پێوانە (قیاس) و کۆششکردن (ئیجتهاد)یان لە حوکمەکاندا بە ڕەوادانا بەتایبەت بۆ ئیمام، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو یاسا بنەڕەتیانەی لەبەردەستدان،

---

بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي﴾ یوسف: ١٠٨. واتە: (_ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) _ بڵێ: ئا ئەمە ڕێگە و ڕێبازمە: من و شوێنکەوتووانم بانگ دەکەین بۆ لای پەروەردگار لەسەر بناغەیەکی ڕوون و ئاشکرا). بەخوا تەنها عەلی شوێنی کەوت کە تەمەن حەوت ساڵان بوو و منیش تەمەنم حەوت ساڵانە. کلینی لە عەلی کوڕی جەعفەری کوڕی محەممەد (برای کازم)ی گێڕاوەتەوە کە ڕۆژێکیان دەستی جەوادی ماچ کرد و بەگەورەی دانا لە کاتێکدا تەمەنی جەواد بچوك بوو، ئەمەش وای لە هەندێك هاوەڵانی کرد سەرکۆنەی بکەن و پێی بڵێن: تۆ مامی باوکی ئەوی و هێشتا دەستی ماچ دەکەی؟ وتی: بێدەنگ بن ئەگەر خوا _ ڕیشی خۆشی گرتبوو _ ئەم پیریەی ئامادە نەکردبێت و ئەو منداڵەی ئامادە کردبێت و پلەو پایەی پێبدات وەك پێیداوە، نکۆڵی لە گەورەییەکەی بکرێ؟! نا پەنا دەگرم بەخوا لەوەی دەیڵێن، بەڵکو من کۆیلە و بەندەم بۆ ئەو. النوبختي، فرق الشيعة ٨٦ _ ٩٠، والأشعري القمي، المقالات ٩٩، والكليني، الكافي، ٤٩٤/١ و ٣٨٢ _ ٣٨٤، و كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي جعفر الثاني، ح رقم ١٠ و ١٢ و ١٣ و باب حالات الأئمة في السن ح رقم ٢ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨.

چونکە ئیمام پارێزراوە لە هەڵەکردن و خلیسکان و بەمەش لە پێوان (قیاس)یش هەڵە ناکات[1].

ئەم تاقمە کۆمەڵێك لە فەرموودەی نهێنیان گێڕایەوە لە ڕیزاوە لەبارەی ئاماژە و بە دەق باسکردنی ئیمامەتی محەممەدی جەوادی کوڕی، گوایە کاتێك جەواد لە دایك بووە ڕیزا وتویەتی: (هەرگیز هیچ منداڵێك لە دایك نەبووە بە ئەندازەی لە دایکبوونی ئەم منداڵە فەڕو بەرکەتی بۆ شیعەکانمان هەبووبێت) و بە کۆمەڵێك لە هاوەڵانی وت: (بە جەواد بگەن و سڵاوی لێبکەن و پەیمانی لەگەڵ ببەستن). و وتویەتی: (ئەوە باوکی جەعفەری جەوادە لە شوێنی خۆم داناوە وەك جێگرەوەی خۆم، ئێمەی ئال و بەیت گەز بەگەز بچوکەکانمان میراتگری گەورەکانمان دەکەن). و گوایە ڕیزا بانگی جەوادی کردووە کە تەمەنیشی بچوك بووەو لە کۆشی خۆیدا داناوەو بە حەسەنی کوڕی جەهەمی وتوە: ڕووتی کە و کراسەکەی داکەنە، حەسەن کراسەکەی لەبەر جەواد کرد، ڕیزا پێی وت: سەیری نێوان شانەکانی بکە، حەسەنیش سەیری کرد، بینی لەسەر یەکێك لە شانەکانی وەك ئەوەیە ئەنگۆستیلە لە گۆشتەکەیدا بێت و مۆری لەسەر بوو، ڕیزا وتی: ئەمە دەبینی؟ هەمان شت لەسەر هەمان شوێنی باوکم هەبوو[2].

سەرباری ئەوەی گومان لە ڕاستی ئەم فەرموودانە هەیە، ئەوا واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕاستەوخۆ جەواد لە دوای مردنی ڕیزا بووەتە ئیمام، لە کاتێکدا تەمەنی بچوك بووە، تەنانەت واتای ئەوەش ناگەیەنێت کە ئیمامەتەکەی ئاینیە و

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٩٠.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة، ح رقم ٩.

لەلایەن خواوە دیاریکراوە، چونکە ئەوەش لە خۆ دەگرێت کە ڕیزا هیوادار بووە ئەو کوڕەی لە ئایندەدا لە دوای تەمەنێکی ڕێژ شوێنی بگرێتەوە، چونکە ڕیزا نەیدەزانی ئاوا بەپەلە لە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵیدا بمرێت. بەڵام (ئیمامییەکان) ناچاربوون دان بنێن بە ئیمامەتی جەواددا لە پێناو ڕزگارکردنی تیۆرەکەیان لە تیاچوون و داڕمان، کەچی کەوتنە ناو شتێکی گەورەترەوە هەر لە تێکگیران لەگەڵ قورئانی پیرۆز کە فەرمان دەکات ڕێگە بە منداڵان نەدرێت کاروباری دارایی خۆیان بەڕێوە ببەن یان پیادەکردنی پێوانەی پوچەڵ لەسەر هەندێك پێغەمبەرانی پێشوو (وەك: سولەیمان و یەحیا و عیسا) بێ بەڵگە یاخود بانگەشەکردن بۆ ئەوەی گوایە ئیمام غەیب دەزانێت[1].

بۆ ئەوەی ئیمامییەکان ئیمامەتی جەواد بچەسپێنن، ناچاربوون بانگەشەی ڕوودانی کاری دەرئاسا بکەن وەك بە قسە هاتنی گۆچان و گەواهی دان لەسەر ئیمامەتەکەی، جا محەممەدی کوڕی ئەبو عەلاء بانگەشەی ئەوەی کرد کە یەحیای کوڕی ئەکسەمی دادوەر _ دادوەری سامەڕا _ پرسیاری لە جەواد کرد کە

---

(١) دەبوایە بۆچوونەکەی خۆیان دامەزراندبا لەسەر کۆمەڵێك لە چیرۆکی دەرئاسا و غەیب زانین، وەك: کاتێك جەواد لە شاری مەدینە بووە زانیویەتی باوکی کۆچی دوایی کردووە لە هەمان کاتژمێردا کە تیایدا مردووە لە کاتێکدا لە خوڕاسان بووە، هەروەها ڕۆیشتنی جەواد لە مەدینەوە بۆ خوڕاسان بەیەك چاوتروکان بۆ شۆردن و کفن کردنی باوکی، دواتر گەڕانەوە لە هەمان شەودا بۆ شاری مەدینە، گوایە گۆچانی دەستی جەواد بە قسە هاتووەو گەواهی لەسەر ئیمامەتی ئەوی داوە، هەروەها جەواد لە یەك مەجلیسدا وەڵامی سی هەزار پرسیاری هەندێك لە شیعەکانی داوەتەوە.

ابن بابويه الصدوق، الإمامة والتبصرة من الحيرة ٢٢٢، والنوبختي، فرق الشيعة ٨٦ _ ٩٠، والأشعري القمي، المقالات ٩٩، الكليني، الكافي، ٤٩٤/١ و ٣٨٢ _ ٣٨٤، وكتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي جعفر الثاني، ح رقم ١٠ و ١٢ و ١٣ و باب حالات الأئمة في السن، ح رقم ٢ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨.

ئیمام کێیە؟ وتی: من ئەوم، دادوەرەکە وتی: نیشانەیەکت هەیە؟، گۆچانێك لە دەستی جەواددا بوو و هاتە گۆ و وتی: گەورەم ئیمام ئەم سەردەمە و بەڵگەی خوایە[1].

ئا بەم شێوەیە ئیمامییەکان بەم چیرۆکە دەرئاساو ئەفسانەییانە هەوڵیاندا دەنگی عەقڵ و زانست کپ بکەن لە ئاست لێکۆڵینەوە لە بەڵگەی شەرعی بۆ چەسپاندنی تیۆرێك کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە. بێ ئەوەی دواتر خۆیان ماندوو بکەن بۆ چەسپاندنی ئەم چیرۆکانە بۆ هیچ یەکێك یان ڕێگە بدەن بە یەکێك کە تاوتوێی بکات و گومانی لەسەر دابنێتکێشەی تەمەن بچوکی ئیمام جارێکی تر لەگەڵ کوڕ جەواد (عەلی هادی) دووبارە بووەوە، ئەمەش دوای ئەوەی جەواد لە هەرەتی تەمەنی دا مرد کە هێشتا بیست و پێنج ساڵی تەواو نەکردبوو، ئەو کاتە دوو منداڵی هەبوو عەلی و موسا کە گەورەکەیان تەمەنی حەوت ساڵانی تێپەر نەکردبوو. و لەبەر ئەوەی هادی تەمەنی بچوك بوو لە کاتی مردنی باوکیدا ئەوا باوکی وەسیەتی کرد کە یەکێك لە هاوەڵانی کە (عەبدوڵای کوڕی موساور) بوو سەرپەرشتی ماڵ و سامان و خەرجی و کۆیلەکان بکات و فەرمانیشی پێکرد کە هادی بالغ بوو ئەوا ڕادەستی بکاتەوە، جا ئەحمەدی کوڕی ئەبو خالیدی خزمەتکاری باوکی جەعفەر شایەتی لەسەر ئەمەدا[2].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة، ح رقم ٩.

(٢) کلینی باسی ئەوەی کردووە کە جەواد عەبدوڵای کوڕی مساوری کردبووە بریکاری پارە و سامانی منداڵە بچوکەکانی، و (ئەحمەدی کوڕی ئەبو خالیدی خزمەتکاری باوکی جەعفەر شایەتی دا لەسەر ئەوەی ئەوەی باوکی جەعفەری محەممەدی کوڕی عەلی ئەوەی کردۆتە شایەت لەسەر ئەوەی وەسیەتی بە خودی خۆی بۆ عەلی کوڕی خۆی و دەستە خۆشەکانی کردووەو ئەرکی موسای بەوەوە بەستەوە کە

ئەمە شیعەکانی هاندا بۆ ئەوەی پرسیار بکەن: کە ئەگەر هادی بە تێڕوانینی باوکی توانا نەبێت سەرپەرشتی ماڵ و سامان و خەرجییەکان بکات لەبەر بچوکی تەمەنەکەی ئەوا چۆن دەبێت ئیمام؟... ئەی منداڵێکی بچوک چۆن ئیمامەت دەکات؟ ئیمام لەو ماوەیەدا کێیە؟... سەگەردانییەکە زیاتر ناڕۆش بوو بەوەی کامە برا موسا یان هادی ئیمامە؟.

کلینی ئەم ناڕۆشنی و سەرگەردانیەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تووشی شیعەکان ببوو لەبارەی ئیمامەت لە دوای جەواد، ئەوەش باس دەکات کە مەزنەکانی شیعە شوناس و ناسنامەی ئیمامی نوێیان نەدەزانی، کلینی دەڵێت: لە حوسەینی کوڕی محەممەد ەوە هاتووە، ئەویش لە خەیران و ئەویش لە باوکیەوە گێڕاویەتیەوە: (کاتێك جەواد کۆچی دوایی کرد... ڕیش سپییەکانی شیعە کۆبوونەوە لەلای محەممەدی کوڕی فەرەج و تاوتوێی ئەم بابەتەیان دەکرد، محەممەدی کوڕی فەرەج پەیامێکی بۆ باوکمی نارد و باسی ئەوەی بۆ کرد کە لە ماڵی ئەو کۆبوونەتەوەو داوای لەویش کرد بچێت بۆ ئەوێ، جا لەلای ئەو کۆببوونەوە، بە

---

پێبگات و عەبدوڵای کوڕی موساوری کردە سەرپەشتیاری میراتەکەی لە کەڵ و پەڵ و پارەو پول و خەرجی و کۆیلەکان و جگە لەمانەش تا بە عەلی کوڕی محەممەد دەگات. جا عەبدوڵای کوڕی مساور هەر ئەو ڕۆژ ئەرکەکەی ڕادەستی عەلی کوڕی محەممەد کرد، ناوبراو ئەرکی خۆی و دەستە خۆشەکانی و ئەرکی موساش دەکەوتە ئەستۆی ئەو، دوای عەبدوڵای کوڕی مساور و موسا بە پێی مەرجی باوکی بەشێك لەو صەدەقە بەخشینانەی باوکی بەخشی بوونی کاری خۆی پێ ڕادەپەڕاند). ئەمە ڕۆژی یەکشەممە بوو کە سێ ڕۆژ تێپەڕی بوو لە مانگی زولحیجەی ساڵی دوو سەد و بیست و ئەحمەدی کوڕی خالید بە ڕێنووسی خۆی شایەتیەکەی نووسی و حەسەنی کوڕی محەممەدی جەوانی بە هەمان شێوەی ئەحمەدی کوڕی خالید شایەتی دا لەسەرتای ئەم نووسراوەو شایەتیەکەی بە دەستی خۆی نووسی و نەصری خزمەتکاریش شایەتی دا و بە ستی خۆی نووسی. الكليني، الكافي، ج ١ كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن الثالث ٣٢٥.

باوکی منیان وت: چی دەڵێی لەبارەی ئیمامەتەوە؟ باوکی خەیران وەسیەتێکی پیشان ئەواندا و وتی جەواد بەر لەوەی بمرێت بە نهێنی ئەو وەسیەتەی بۆ ئەو کردووە، تیایدا هاتووە: (من ئەوە دەمرم و ئیمامەت ڕادەستی عەلی کوڕم دەکرێت و ئەو ئەو مافەی بەسەر ئێوە هەیە کە من لە دوای باوکم بەسەر ئێوە هەبوو). ڕیش سپییەکانی شیعە داوایان لێکرد شایەتێك بێنێت، باوکی خەیرانی وتی: ئەوە خوای گەورە شایەتەکەی بۆ ئێوە هێنا، ئا ئەوە باوکی جەعفەری ئەشعەرییە و شایەتیم بۆ دەدات کە گوێبیستی ئەم پەیامە بووە، داوای لێکرد شایەتی بۆ وەسیەتەکە بدات، بەڵام ناوبراو ڕەتی کردەوە گوێبیستی هیچ شتێك لەمە بووبێت و باوکی خەیرانی داوای لێکرد کە نزا بکە تا خوا نەفرەت لە درۆزن بکات، باوکی جەعفەری ئەشعەری پاشگەز بووەو وتی: ئەم وەسیەتەم بیستووەو ئەمە ڕێزو گەورەییە و من پێم خۆش بوو بۆ یەکێك لە عەرەب بووبا نەك بۆ نا عەرب: جا خەڵکەکە نەوەستان تا هەموویان دانیان بە ڕاستیدا نەنا[1].

ئەم وێڵی و ناڕۆشنییە لەبارەی ئیمامەت سەری کێشا بۆ دابەش بوونی ئەو پشتیوانانەی جەواد کە مابوونەوە بۆ دوو بەش: بەشێکیان دانی دەیانوت هادی ئیمامە و بەشێکی تریان دەیانوت موسا ئیمامە[2].

ئیسماعیلی کوڕی میهران بانگەشەی ئەوەی کرد کە جەواد پێی ڕاگەیاندووە بە نهێنی بەوەی ئیمامەت لە دوای خۆی بۆ عەلی هادییە[3]. بەڵام ئەم گێڕانەوەیە

---

(١) الكليني، الكافي، ج ١ كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن الثالث ٣٢٤، والمفيد، الإرشاد ٣٢٨.

(٢) النوبختي، فرق الشيعة ٩١، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی موفید لە (الإرشاد ٣٢٨)دا هەیەتی کە پێی وایە یەکدەنگی هاتۆتە کایە.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي الحسن الثالث، ح رقم ١.

ئیمامەتی هادی نە پتەوتر یان پێش یاخود پاش دەخست، چونکە هادی تەمەنی بچوك بوو.

جا لەبەر ئەوەی هادی بەڵگەی تەواو یان دەقی چەسپاوی لەسەر ئیمامەتی خۆی پێ نەبوو، ئەوا زیادەڕۆچووان ناچاربوون هەڵبستن بە هەڵبەستن و دروستکردنی پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەیان کە گوایە ئیمامەتی ئەو بەهۆی کاری دەرئاسا یان غەیب زانینەوە دامەزراوەو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کاتێك باوکی هادی لە بەغداد مردووە ئەوا لە هەمان کات و ساتدا هادی کە لە مەدینە بووە ئەوەی زانیوە، هەروەها گوایە هادی بە شێوەیەکی غەیبی زانیویەتی یەکێك لە ئامۆزاکانی نەخۆشە و زانیویەتی خەلیفەی عەبباسی واسیق دەکوژرێت و موتەوەکلیی کوڕی لە جێگاکەی دادەنیشێت، هەروەها کاتێك خۆی لە مەدینە بووە ئەوا ئاگاداری مردنی کوڕی زیات بووە پێش شەش ڕۆژ لە هاتنی یەکەم گەشتیار لە عێراق، هەروەها گوایە هادی یەکێك لە هاوەڵانی کە ناوی (ئیسحاقی کوڕِ جیلاب)ە بە یەك چاوتروکان لە شاری سامەڕاوە بۆ بەغداد گواستۆتەوە، و (گۆڕینی کەلاوی نەدارەکان بۆ مێرگ و شوێنی شۆخ و شەنگ و بەرچاو کە ئافرەتی بۆن خۆش و نێوجەوانی وەك گەوهەری شاراوەو باڵندە و ئاسك و ڕووباری ئاوپڕژێنی تێدان)[1].

(١) الكليني، الكافي ١/ ٥٠٢ و ٤٩٨ و ٤٩٩ والصفار، بصائر الدرجات ٤٦٧، کلینی لە هارونی کوڕی فەزڵی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: عەلی کوڕی محەممەدی باوکی حەسەنم بینی لەو ڕۆژەی ئیمامی جەواد کۆچی دوایی کرد، باوکی حەسەن وتی: ئێمەش موڵکی خواین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، جەواد مرد، پێی وترا: چۆن ئەوەت زانی؟ شتێکی خوای منی ملکەچ کرد کە پێشتر هەستم پێ نەکردووە. الكلينين الكافي، كتاب الحجة، باب في أن الإمام متى يعلم أن الأمر قد صار إليه، ح رقم ٥.

## دەروازەی پێنجەم

## کەڵەکە بوونی زیادەڕۆچوون

لە ڕاستیدا ئەوەی شارەزای ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە ببێت ئەوا ڕۆڵی شاراوەو مەزنی زیادەڕۆچووان ئاشکرا دەکات لە کێشانی تابلۆیەکی زیادەڕۆچوو بۆ ئیمامەکان، هەروەها بانگەشە کردنی ئەوە بۆیان کە غەیب دەزانن و کاری دەرئاسا دەکەن، ئەمەش وەك ڕێگە خۆشکردنێك بۆ تێپەڕاندنی بۆچوونە زیادەڕۆچووەکانی تریان لە (تەفویز: پێ سپاردن) و (خوایەتی). ئەوەشمان بینی کە ئیمامەکانی پێشوو (صادق و کازم و ڕیزا) چۆن دژایەتی ئەوانیان کرد، دەشبینین کە چۆن ئیمامەکانی دواتر (وەك: جەواد و هادی و عەسکەری) هەڵسان بە دژایەتی کردنی ئەو زیادەڕۆچووانەی هەوڵیان دەدا بێنە ناو ڕیزی شیعەکان و بڵاوکردنەوەی تۆوی تیۆرە پەڕگیر و زیادەڕۆچووەکانیان لە نێوان ئەواندا.

عەلی کوڕی میهزیار دەڵێت: گوێبیستی جەواد بووم ئەو کاتەی باسی باوکی خەتابی لەلاکرا دەیوت: (خوا نەفرەت لە باوکی خەتاب بکات و نەفرەت لە هاوەڵانی بکات و نەفرەت لەوانەش بکات کە گومانیان لە بە نەفرەت کردنی ئەوان هەیە و نەفرەت لەو کەسەش بکات کە هەڵوەستە دەکات لە ئاست بە نەفرەت کردنیان و گومانی هەیە لەوەی شایەنی نەفرەت بێت). دواتر وتی: (ئا ئەوە باوکی غەمرو جەعفەری کوڕی واقید و هیشامی کوڕ ئەبو هاشمە کە بە هۆی ئێمە ماڵ و سەروەتی خەڵك دەخۆن و بانگەوازی بۆ ئەوە دەکەن کە باوکی خەتاب بانگەوازی بۆ دەکرد خوا نەفرەتی لێ بکات و ناوبراوانیش لەگەڵ ئەو بە نەفرەت بکات و نەفرەت لەوەش بکات کە ئەوەیان لێ قبوڵ دەکات، ئەی عەلی کوڕی

میهزیار سەغڵەت مەبە لە بە نەفرەت کردنی ئەوان، نەفرەتی خوایان لێبێت، بێ گومان نەفرەتی لەوان کردووە، دواتر وتی: پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: (کەسێك هەست بە گوناه بکات و بەوە سەغڵەت بێت کە کەسێك بە نەفرەت بکات کە خوا نەفرەتی لێکردووە، ئەوا نەفرەتی خوای لێبێت)[1].

ئیمام عەلی هادی بۆ هەندێك لە شیعەکانی نووسی و وتی: (خوا نەفرەت لە قاسمی یەقتینی و عەلی کوڕی حیسکەی قوم بکات و بێ گومان شەیتانێك بۆ قاسم خۆی نمایش کردووەو قسەی بریقە و جوانی بە گوێدا دەچرپێنێت)[2]. کاتێك هەندێك لە شیعەکانی لەباری عەلی کوڕی حیسکە پرسیاریان لێکرد کە ناوبراو بانگەشەی ئەوە دەکات لە پشتیوانانی ئیمامی هادییە و کەچی دەڵێت: (هادی کەسی یەکەم و بێ سەرەتایە[3]) و خۆیشی (واتە: کوڕی حیسکە) دەرگا و پێغەمبەری ئەوەو گوایە هادی داوای لێکردووە بانگەشەی بۆ بکات، جا داوایان لە هادی کرد کە وەڵامێکی وایان بداتەوە کە تیایدا ئەوە هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆ ڕوون بکاتەوەو ڕزگاریان بکات لە تیاچوون، هادی بۆیانی نووسی: (کوڕی حیسکە درۆی کردووە نەفرەتی خوای لێبێت، ئەوەندە بەسە بۆتان کە من ئەو وەك پشتیوانی خۆم ناناسم. ئەو کابرایە چییەتی؟! خوا نەفرەتی لێ بکات. بەخوا، خوای گەورە محەممەد و پێغەمبەرانی پێشووی تەنها بە یەکتاناسی پاك و پوخت و نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەج و ئیمامەت ناردووە، محەممەد ((ﷺ)) تەنها بانگەوازی بۆ ئەوە کردووە کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای تاك و

---

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث رقم ٢٣٣٣ عن الكشي في ترجمة جعفر بن واقد.

(٢) رجال الكشي ٣٢١ و ٣٢٢.

(٣) واتە: هادی خوایە، پەنا بەخوا. (وەرگێڕ).

پاك. و ئێمەی ئیمامەکان کە لە نەوەی محەممەدین کۆیلە و بەندەی خوای مەزنین و هەرگیز هیچ شتێك ناکەینە هاوبەشی، ئەگەر گوێڕایەڵیمان کرد ئەوا ڕەحممان پێ دەکرێت و ئەگەر سەرپێچیمان کرد سزا دەدرێین، ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر خوا پێ نییە، بەڵکو بەڵگەی خوا لەسەر ئێمە و هەموو بەدیهێنراوانە، خۆم بەخوا پەنا دەدەم لە وتەکانی کوڕی حیسکە و خۆمی لێ بەری دەکەم، خۆتانی لێ لابدەن و پاڵیان بنێن بۆ تەنگەبەرترین ڕێگا، ئەگەر لەگەڵ یەکێکیان بە تەنیا بووی ئەوا بە بەرد سەری بشکێنە).

کوشی وتویەتی: هەندێك لە هاوەڵانمان بۆ عەسکەریان نووسی: (بەقوربانت بم گەورەم، عەلی کوڕی حیسکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە لایەنگرانی تۆیە و دەڵێت تۆ کەسی یەکەم و بێ سەرەتای لە بووندا و خۆیشی دەرگا و پێغەمبەری تۆیە و تۆ فەرمانت پێ کردووە بانگەشە بۆ ئەوە بکات، کوڕی حیسکە پێی وایە کە نوێژ و زەکات و حەج و ڕۆژوو تەنها بریتییە لە ناسینی تۆ و هاووێنەکانی کوڕی حیسکە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆیان دەکەن، جا ئەو کاتە کە مرۆڤ ئەوەیان زانی دەبێتە باوەڕدارێکی تەواو و بەمەش پەرستش کردن بە ڕۆژوو و نوێژو حەجی لەسەر شان لادەچێت، هەروەها کوڕی حیسکە باسی سەرجەم شەریعەت و بەرنامەی ئاینی کردووە بەوەی واتای هەموو ئەو شتانەی ئاین بریتییە پێدانی مافەکانی تۆ، خەڵکێکی زۆر بەدوای کەوتووە، جا ئەگەر منەت بکەی بەسەر خزمەتکارەکانت بەوەی وەڵامێکیان بدەیتەوەو بەمەش لە لەناوچوون ڕزگاریان بکەی). عەسکەر وتی: (خۆم پەنا دەدەم بە خوا لە فەهری و حەسەنی کوڕی محەممەدی کوڕی بابای قومی و خۆم لەوانە بەری دەکەم، من تۆو هەموو لایەنگرانم ئاگادار دەکەوە لەو شتە نابەجێیانە و ئەو دووانەش بە نەفرەت

دەکەم، نەفرەتی خوا لە هەر دووکیان بێت، دوو کەسی مشەخۆرن و بەهۆی ئێمەوە ماڵ و سامانی خەڵکی دەخۆن و ئاژاوەگێڕن و بەتەواوی لە فیتنەدا ڕۆچوون. کوڕی باب پێی وایە من وەك پێغەمبەر ئەوم ڕەوانە کردووەو ئەو پێغەمبەرە، شەیتان گاڵتەی پێکردووەو بەمەش گومڕای کردووە، خوا نەفرەت لەوە بکات کە ئەو قسەیەی لێ وەربگرێت، ئەی محەممەد ئەگەر توانیت سەری بە بەرد بشکێنی و پانی بکەیتەوە ئەوا ئەوە بکە، چونکە بەڕاستی من ئازارداوە، خوای گەورە لە دونیاو دوارۆژدا ئازاری بدات)[1].

سەیرکە زیادەڕۆچووان وتە کوفرییەکانیان دەدەنە پپاڵ ئیمامەکانی ئال و بەیت، بەمەش شیعە دەخە ناو ئاڵۆزی و سەرگەردانی، ئەمەی وایان لە شیعەکان دەکرد پرسیار لە ئیمامەکانیان بکەن سەبارەت بەو زیادەڕۆچووانەی لە ناو ڕیزەکانی ئەواندا بوون. تەنانەت شتەکە لە ناوەندی زانستیش ئاڵۆز بۆ نمونە (قوم)، جا لە قومەوە ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عیسا پەیامێکی نووسی بۆ ئیمامی عەسکەر (کە لە سامەڕا بوو): (لەبارەی کەسانێك کە هەندێك قسە دەکەن و فەرموودەی وا دەخوێننەوەو دەدەنە پاڵ تۆو باوو باپیرانت کە دڵ و دەروون بێزار دەکەن و بۆمان نییە ڕەتی بکەینەوە، چونکە لە باوو باپیرانت دەگێڕنەوەو ناشتوانین قبوڵیان بکەین لەبەر ئەوەی شتی نابەجێ لە ناوەڕۆکەکەیدایە... هەروەها (بەدیهێنانی) زەوی (یان شت) دەدەنە پاڵ کەسانێك کە گوایە لە لایەنگرانی تۆن، کە یەکێکیان عەلی کوڕی حیسکەیە و دواترینیان ناوی قاسمی یەقتینیە. یەکێك لە وتەکانیان ئەوەیە دەڵێن: مەبەستی ئەم

---

(١) رجال الكشي ٣٢١ و ٣٢٢.

فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾ العنكبوت: ٤٥. پیاو و کەسە نەك چەمینەوە (ڕکوع) و کرنووش، بەهەمان شێوە زەکاتیش هەر مەبەستی پیاوە نەك ژمارەی دیرهەم و دەرکردنی ماڵ و سامان، شتانێکی تیش لە فەرز و سوننەت و گوناهەکانی تریان تەئویل کردووەو بەو شێوەیەی بۆم باسکردی لێکیان داوەتەوە، ئەگەر پێت باش بێت ئەوا مەنتبارمان بککەیت بەوەی وەڵاممان بدەیتەوە تا لایەنگرانت سەلامەتی بن و ڕزگاریان بێت لەو وتە پڕوپوچانە کە بەرەو تیاچوون بەڕێیان دەکات). عەسکەری بۆی نووسی: (ئەمە ئاینی ئێمە نییە و خۆتی لێ دوور بگرە).

پەیامێکی هاوشێوەی پێشوودا ئەوا ئیبڕاهیمی کوڕی شەیبە بۆ ئیمامی عەسکەری نووسی و تیایدا وتی: (بەقوربانت بم، کەسانێك لەلای ئێمەن جیاواز سەیری پلە و پایەی ئێوە دەکەن لە میانەی وتەی جیاواز کە دڵ لێی نیگەرانە و دەروون پێی تەنگ دەبێت و لەو بارەشەوە فەرمووده دەگێڕنەوە کە بۆمان نییە وەریان بگرین، چونکە شتی زۆر نابەجێی تێدایە و ناشکرێت ڕەتی بکەینەوەو نکوڵی لێ بکەین، چونکە دراوەتە پاڵ باوو باپیرانت، ئێمەش ڕاوەستانمان هەڵبژاردووە _ دواتر وتەکانیی پێشوو دەخاتەڕوو کە خستمانەڕوو، و دەڵێت: _ ئەگەر پێت باشە بەخش و منەتێك بەسەر لایەنگرانتدا بکەی کە ببێتە مایەی سەلامەتیان و ڕزگاربوونیان لەو وتانەی کە بەرەو لەناوچوون دەیانبات، ئەوانەش کە بانگەشەی ئەو شتانەیان کردووە باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوان خۆشەویستی خوان و دەبێت گوێڕایەڵیان بکرێت، نمونەی ئەمانەش عەلی کوڕی حیسکە و

قاسمی یەقتینی، چی دەڵێی لەبارەی شت وەرگرتن لە هەموو ئەوانە). عەسکەری بۆی نووسی: (ئەمە ئاینی ئێمە نییە و خۆتی لێ دوور بگرە)[1].

لەگەڵ ئەمەشدا ئەوا بابەتەکە هەر بە ئاڵۆزی مایەوە لەلای هەندێك لە شیعەکان، جا سەهلی کوڕی محەممەد بۆ ئیمامی هادی نووسی و داوای ڕوونکردنەوەی بابەتەکەی لێکرد: (گەورەم کۆمەڵێك لە لایەنگران و خزمەتکارانت هەڵوێستیان لێ ئاڵۆز بووە سەبارەت بە حەسەنی کوڕی محەممەدی کوڕی بابا، گەورەمان چیمان پێ دەڵێی لەبارەی ئەوەوە پشتی بگرین؟ یان خۆمانی لێ بەری بکەین؟ یان قسەی لەسەر نەکەین لە کاتێکدا قسەی لەسەر زۆر بووە؟ بە دەستی خۆی نووسی: (ئەو و فارس نەفرەتیان لێکراوە، خۆتان لەوانە بەری بکەن خوا نەفرەتیان لێ بکات و چەندان ئەوەندە نەفرەت لە فارس بکات). هادی بە دەستی خۆی بۆ عەلی کوڕی عومەری قەزوینی نووسی: (باوەڕت بەوە هەبێت کە دینداری پێ دەکەیت، ئەوەی شاراوەکەیە بەو پێیەی من دەرمخستووە کە پرسیارت لەبارەوە کردبووە فارسە خوا نەفرەتی لێ بکات، دەبێت تەنها کۆشش بکەیت لە نەفرەت و دژایەتی کردنی و زیادەڕۆچوون لەمەدا بەهەموو ئەو ڕێگەیانەی کە دەستت دەکەوێت، هەرگیز فەرمان ناکەم خوا بپەرسترێت بە شتێکی نا دروست، تێبکۆشە و تووندو تۆڵ بە لە بە نەفرەت کردن و ئەتك کردنی و بڕینی هۆکارەکانی و دوورخستنەوەی هاوەڵەکانی لەو و پوچەڵکردنەوەی بانگەشەکەی، ئەمە بە ناوی من بەوان بگەیەنە و لە جیاتی من حوکمیان لەسەر بدە، لە بەردەم خوا لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکەم لەسەر ئەوەی جەختی لەسەر کرایەوە، قوڕ بەسەر سەرپێچی کارو نکۆڵی کار، ئەم پەیامەم بە دەستی خۆم نووسیەوە لە

---

(١) رجال الكشي ٣٢١.

شەوی نۆی مانگی ڕبیعی یەکەمی ساڵ ٢٥٠ و هەر پشت بەخوا دەبەستم و زۆر سوپاس و ستایشی دەکەم)[١].

کوشی هەندێك گێڕانەوەی هێناوە لەبارەی بە نەفرەت کردنی فارسی کوڕی حاتەمی قەزوینی، گوایە عەسکەری فەرمانی بە جونەید کردووە فارس بکوژێت و ئەویش فارسی کوشتووە، هەروەها عەسکەری هانی دەورووبەری داوە کە دەستەیەکی تر لە زیادەڕۆچووان بکوژرێت وەك: باوکی سەمهەری کوڕی ئەبو زەرقاء[٢].

---

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث، رقم ٩٣١١ الكشي ترجمة فارس بن حاتم، و عن الطوسي، الغيبة: باب السفراء ومنهم (من المذمومين من الوكلاء) فارس بن حاتم بن ماهوية القزويني.

(٢) رجال الكشي ٣٢١ و ٣٢٢ _ ٦، سەعد وتی: کۆمەڵێك لە هاوەڵانمان لە عێراق و جگە لەوانیش ئەم فەرموودەیەیان لە جونەیدەوە بۆ من گێڕاوەتەوە، دواتر خۆشم لە حونەیدم بیست و دەیوت: یاوکی حەسەنی عەسکەری (سڵاوی خوای لێبێت) بەدوای منی دانارد و داوای لێکردم فارسی کوڕی حاتەم نەفرەتی خوای لێبێت بکوژم، وتم: ئەوە ناکەم، تا بە خۆم لێی نەبیستم و بە دەمی خۆی پێم نەڵێت، دەڵێت: ناردی بەدوای مندا و منیش چوومە لای و وتی: فەرمانت پێ دەکەم فارسی کوڕی حاتەم بکوژی، هەندێك دیرهەمی لە گیرفانی هێنایە دەرەوەو پێی دام و پێی وتم: چەکێکی پێ بکڕە، منیش شمشێرێکم پێ کڕی و پیشانمدا، پێی وتم: ئەمە بگەڕێنەوەو جگەلەو یەکێکی تر ببە، وتی: منیش شمشێرەکەم گەڕاندەوەو کێردێکی مەزن (ساتۆر)ێکم هێنا و پیشانمدا، وتی: ئەوە تەواوە، جا چوومە لای فارس و ئەو لە مزگەوت دەرچووبوو لە نێوان نوێژی شێوان و خەوتنان، لێدانێکم لەسەری دا و بە زەویك دادا و دووبارە لێم دایەوە ڕاست مرد بەمەش هەراو هۆریا دروست بوو، کێردەکەم فڕێدا، خەڵکی کۆبوونەوەو دەخولانەوە، چونکە کەس لەوێ نەبوو بێجگە لە من، هیچ چەقۆ و چەکێکیان بە دەستی منەوە نەبینی، کوچە و کۆڵانەکانیان پشکنی و هیچ شتێکیان نەدۆزیەوە، دواتریش هیچ شوێنەوارێکی کێردەکەیان نەدۆزیەوە. الخوئي معجم رجال الحديث، رقم ٩٣١١، الكشي، ترجمة فارس بن

**له پاڵ عەلی کوڕی حیسکه و قاسمی یەقتینی و حەسەنی کوڕی محەممەدی کوڕی بابای قومی و فارسی کوڕی حاتەمی قەزوینی و شریعی، محەممەدی کوڕی نەصیری فەهری نەمیری هەبوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە عەلی کوڕی محەممەدی عەسکەر خوایە، خۆیشی پێغەمبەری ئەوە، ناوبراو باوەڕی بە گەڕانەوەی ڕۆح (تناسخ) و حەڵاڵ کردنی قەدەغەکراوەکان و مارەکردنی پیاو لە پیاو لە پشتەوە هەبوو، هەروەها دەیوت: نێبازی چ لەلای بکەر یان بەرکار خۆشی و چێژ هەیە و لە شتە پاکەکانە، خوای گەورە شتی پاك و بەچێژی قدەغە نەکردووە[1].**

---

حاتم، وذكر هذه الرواية ابن شهر آشوب في المناقب ج ٤ باب إمامة أبي الحسن علي بن محمد النقي، في (فصل آياته عليه السلام)، بەڵام ئاشوب لە گێڕانەوەکەیدا لە جیاتی جونەید وتویەتی باوکی جونەید.

(١) نوبەختی وتی: (دەستەیەك لەوانەی باوەڕیان بە ئیمامەتی عەلی کوڕی محەممەد هەبوو هەر ژیانی ناوبراودا لایاندا و بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان کرد بۆ یەکێك کە ناوی (محەممەدی کوڕی نەصری نەمیری) بوو و ناوبراو خۆیشی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پێغەمبەرە و ئەبو حەسەنی عەسکەری ئەوی ناردووە، باوەڕی بە گەڕانەوەی ڕۆحەکان هەبوو و زیاد ڕۆچووبوو لە ئەبو حەسەنی عەسکەریدا و دەیوت خوایە، هەروەها شتە قەدەغەکراوەکانی حەڵاڵ دەکرد و مارەکردنی پیاو لە پیاوی حەڵاڵ کرد). النوبختي، فرق الشيعة ٩٣.

هاوەڵی نەصیری کە شەریعیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەروازە و بریکار و پێغەمبەری کوڕی پەنهانی ئیمامی عەسکەرییە، هەروەك شێخ توسی لە کتێبی (الغیبة)دا دەڵێت: (درۆی بەناوی خواو بە دەمی ئیمامەکان _ سڵاوی خوایان لێبێت _ کرد، شتانێکی دایە پاڵ ئەوان کە لێیان ناوەشێتەوەو لێ دوورن، بۆیە شیعە ئەویان بە نەفرەت کرد و ڕێنووس و واژووی ئیمامی مەهدی دەرچوو و تیایدا شەریعی بە نەفرەت کرد و خۆی لێ بەری کرد. دواتر قسەی بێ باوەڕی و گومڕای لەسەر زمانی ناوبراو دەرکەوت). الخوئي، معجم رجال الحديث، رقم ٣٢٢٧ _ الحسن الشريعي (السريعي).

هەندێك لە زیادەڕۆچووان حەزیان لە هەر وتەیەکی درۆ بووبا ئەوا دەیاندایە پاڵ ئیمامەکان، ئەمەش لە ڕێگەی بانگەشەی بینینی ئیمامی لە خەوندا و قسەکردن لەگەڵیان، وەك: فەزڵی کوڕی حارس، کە توسی و کوشی (بە یەکێك لە هاوەڵانی عەسکەری هەژماری دەکەن)، فەزڵ دەڵێت: (من لە شاری سامەڕا بووم لە کاتی دەرچوونی گەورەم باوکی حەسەنی عەسکەری _ سڵاوی خوای لێبێت _، بینیمان عەسکەری دەڕوات و جلەکەی دڕاوە، جا من سەرم سوڕدەما لە شکۆمەندیی و پێگەکەی و ئەو شتەی ئەو شایەنیەتی و لەبەر تۆخی ڕەنگ و پێستەکەی و دڵم بۆی دەسووتا لەبەر ماندووبوونەکەی، کاتێك شەو هات عەسکەریم لە خەودا بینی، وتی: ئەو ڕەنگەی تۆ سەرت سوڕما لێی تاقیکردنەوەی خوایە بۆ بەندەکەی و خوا چۆن بیەوێت ئاوا بەندەکەی تاقی دەکاتەوە، ئەوە پەندە بۆ ئەوانەی خاوەن بینین و ژیرین، لەمەدا کەسی تاقیکراوە سەرزەنشت ناکرێت، ئێمە وەك خەڵك نین کە چۆن ئەوان ماندوو دەبن ئێمەش وا ماندوو ببین، داوا لە خوا دەکەین جێگیرمان بکات و وامان لێبکات بیر لە بوونەوەر بکەینەوە، چونکە بەڕاستی زۆر فراوانە و بزانە قسەی ئێمە لە خەودا وەك ئەو قسەیەمانە کە لەکاتی بەئاگابووندا دەیکەین)[1]. ئەمەبوو دەرگای بۆ فەزڵ و جگە لەویش دەکردەوە کە بەکەیفی خۆیان گێڕانەوە هەڵبەستن و بیدەنە پاڵ ئیمامەکانی ئال و بەیت.

یەکێکی تر لەوانە کوشی دەگێڕێتەوە لە عەلی کوڕی محەممەدی کوڕی قوتەیبە: کە عەبدوڵای کوڕی حەمەویەی بەیهەقی پەیامێکی بۆ یەکێك لە ئیمامەکان نووسی: (خەڵکی نیسابور ڕاجیاییان تێکەوتووە لە ئاینی خۆیاندا و

---

(١) الخوئي، معجم رجال الحديث، رقم ٩٣٦٠ _ الفضل بن الحارث.

هەندێك پێچەوانەی ئەوانی تر هەڵسوكەوت دەكەن، هەندێكیان لەناودان دەڵێن پێغەمبەر ((ﷺ)) زمانی هەموو خەڵكی سەر زەوی و زمانی باڵندەكان و هەموو بەدیهێنراوانی خوای زانیوە، بۆیە پێویستە لە هەر سەردەمێكدا كەسێك هەبێت هەموو ئەو زمانانە بزانێت و پەیی بەوە ببات كە مرۆڤ لە ناخی دەشارێتەوەو خەڵكی هەر شارێك چ دەكەن و كە بە دوو منداڵ دەگات بزانێت كامەیان باوەڕدارە و كامەیان دووڕووە، هەروەها ناوی هەموو ئەوانە بزانێت كە پشتگیری دەكەن بە ناو باوو باپیرانیانەوە، جا كە یەكێكی بینی ئەوا بەر لەوەی قسەی لەگەڵ بكات بیناسێت و ناوی بێنێت، _بە قوربانت بم[1] _ ئەو چەند كەسە باوەڕیان وایە سروش و نیگا ناپچڕێت، پێغەمبەریش ((ﷺ)) زانستی تەواوی لا نەبووە و لەلای هیچ كەسێكیش لە دوای ئەو ((ﷺ)) نییە، بەڵكو ئەگەر شتێك لە هەر سەردەمێكدا ڕوویدا ئەوا خوای گەورە سروش و نیگا لەوبارەوە بۆ ئیمامی سەردەمەكە و ئەوانەی لەگەڵیدان دەنێرێت) و وتی: (خوا نەفرەتیان لێبكات درۆیان كردو شتێكی مەزنیان هەڵبەست. لەویّ شێخێك هەیە پێی دەوترێت فەزڵی كوڕی شازان و زۆربەی ئەو شتانەیان بە ناپەسەند دەزانێت و ڕاجیایە لەگەڵیان، فەزڵ باسی شایەتمانی كرد: كە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن و محەممەدیش نێرراوی خوایە، خوای گەورە لە ئاسمانی حەوتەمە لە سەرووی عەرشەوە وەك چۆن وەسفی خۆی كردووەو خواجەستە نییە و بە پێچەوانەی بەدیهێنراوان وەسفی خوای كردووە، خوای گەورە وێنەی وێنەی نییە و بەڕاستی بیسەرو بینەرە، باسی ئەوەشی كردووە كە پێغەمبەر ((ﷺ)) ئاینی بە تەواوی هێناوەو ئەوەی خوا فەرمانی كردووە بیگەیەنێت ئەوا گەیاندوویەتی و

(١) مەبەستی یەكێك لە ئیمامەكانە هەروەك لە سەرەتا ئاماژەی پیّ كراوە. (وەرگێڕ).

بەوپەڕی کۆششیەوە لە پێناوی خوا تێکۆشاوە تا کۆچی دوایی کردووە، پێغەمبەر ((ﷺ)) یەکێکی کردە جێگرەوەی خۆی و هەموو ئەو زانستەی خوا لە ڕێگەی سروش و نیگاوە بۆی ناردبوو بە جێگرەوەکەی دا، ئەو کەسە کە ئەو زانستەی لایە زانایە بە حەڵاڵ و حەرام و تەئویلی قورئان و قسەو فەرمانی بەجێ، بەهەمان شێوە لە هەر سەردەمێکدا دەبێت یەکێك هەبێت هەموو ئەو شتانە بزانێت، ئەمە میراتی پێغەمبەری خوایە ((ﷺ)) لە یەکترەوە وەردەگرن، هیچ یەکێکیان هیچ شتێك لەبارەی ئاینەوە نازانن تەنها لەڕێی ئەوەوە نەبێت کە لە پێغەمبەرەوە ((ﷺ)) بۆیان ماوەتەوە، فەزڵ نکۆڵی لەوە دەکات سروش و نیگا لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) بەبێت، "ئیمام[1]" وتی: "لە هەندێك قسەیدا ڕاستی وتوە لە هەندێکیشی دا درۆی کردووە". لە دواین پەڕاودا هاتووە: ڕەحمەتی خوات لێبێت تێگەیشتن لە هەموو ئەو شتەی باست کرد، خوای گەورە ڕەتی کردۆتەوە یەکێکتان ڕێنوێنی بکات و لێتان ڕازی بێت لە کاتێکدا ئێوە ڕاجیان و فەرزەکانتان پەکخستووەو هیچ ئیمامێك ناناسن و پشتی ناگرن، خوای گەورە ڕەحمەتی خۆی بەسەر ئێوەدا باراند کاتێك ڕەزامەندی فەرموو نزاتان بۆ بکەین بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بگرن، پەیاممان لەوبارەوە بۆ نووسین و نێرراومان بۆ ئێوە ڕەوانەکرد کەچی باوەڕتان پێ نەکرد، ئەی بەندەکانی خوا لە خوابترسن و لە دوای ناسینی ڕاستی پەنا بۆ گومڕایی نەبەن، بزانن بەڵگەتان لەسەر بەرپابووە، بەخشش و نیعمەتی ئەو بەڵگەیە پەسەند بکەن بەمەش لەلایە خواوە بەختەوەری دونیاو دوارۆژتان بۆ فەراهەم دەکرێت بەویستی خوا. ئێمە و فەزڵی کوڕی شازان هیچ پەیوەندییەکمان نییە و نایناسین، لایەنگرانمان لێ تێك دەدات، شتی پوچەڵیان بۆ

---

(١) مەبەستی یەکێك لە ئیمامەکانە، هەروەك لە سەرەتا ئاماژەی پێ کراوە. (وەرگێڕ).

دەڕازێنێتەوە، هەر کاتێك پەیامێك بۆ ئەوان نووسرابێت ئەوا لەوبارەوە پشتی لە ئێمە کردووە، من پێشنیاری بۆ دەکەم کە وازمان لێبێنێت، ئەگەرنا بە خوا داوام لە خوای باڵادەست کردووە تووشی دەردێکی وا کوشندەی بکات کە لە دونیاو دواڕۆژدا ساڕێژ نەبێت، سڵاوی من بەلایەنگرانمان بگەیەنە خوا ڕێنموونیان بکات و ئەو پەڕاوەیان بۆ بخوێنەوە)[١].

بەڵام گومان لە ڕاست و دروستی ئەم پەیامە هەیە، لەبەر ئەوەی گومان لە بە باوەڕپێکراودانانی کوڕی قوتەیبە هەیە، دواتر سەختە دڵنیایی بەدەست بێت کە ئەوەی ئیمامی بینیوە لە پاڵ زیادەڕۆچووانە؟ یان لە پاڵ فەزڵی کوڕی شازان کە هەوڵ دەدات دژایەتی زیادەڕۆچووان بکات؟ یاخود دژی هەر دووکیانە؟ بەڵام ئەوەندە هەیە پەیامەکە بزوتنەوەی دانان و هەڵبەستن دەردەخات کە زیادەڕۆچووان پێی هەڵدەستان لەسەر زمانی ئیمامەکان لەو کاتدا[٢].

(١) الكشي، ترجمة الفضل بن شاذان.

(٢) کوشی گێڕانەوەیەکی تر دەخاتەڕوو کە لە ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی یەعقوبی کوڕی ئەبو عەلی بەیهەقی گێڕاوەتەوە باس لەو هۆکارە دەکات کە وای لە ئیمام کردووە فەزڵی کوڕی شازان بە نەفرەت بکات، ئەوەش دەردەکات کە بە نەفرەت کردنەکە بەهۆی ئەوە نەبووە کە فەزڵ باوەڕ بەوە هەبووە خوا جەستەی هەیە، بەڵکو بەهۆی هەندێك پڕوپاگەندەی درۆین و ناکۆکی داراییەوە بووە کە لەنێوان فەزڵ و بریکارەکان هەبووە کە ئیمام ڕەوانەی کردبوون بۆ نیسابور بۆ وەرگرتنی مافەکانی، بەتایبەت ئەیوبی کوڕە نابی بریکار، ناوبراو لە نیسابور چووە لای خەڵکێکی شیعەی زیادەڕچوو کە بڕوایان بەوە هەبوو خوا کاروباری ڕادەستی ئیمامەکان کردووە، بریکاری ناوبراو نامەی نووسی بۆ ئیمام و سکاڵای ئەوەی کرد لە دەستی فەزڵی کوڕی شازان کە پێی وایە من لەلای ئیمامەوە ڕەوانە نەکراوم و ڕێگری لە خەڵك دەکات مافی ئیمام بدەن، ئەو کەسانەش کە لەوێ بوون هەمان سکاڵایان ئاراستەی ئیمام کرد سەبارەت بە فەڵ و باسی مەسەلەی بڕیاردانی جەستە بۆ و شتی تریان نەکرد، جا

## دەروازەی شەشەم

## جارێکی تر... قەیرانی گۆڕانی ویستی خوا (البداء)

تیۆری ئیمامەت لەلای ئال و بەیت و سەرجەم شیعە عەلەوییەکان لە ناوەڕۆکدا جیاوازە لە تیۆری ئیمامەت لەلای ئیمامییەکان کە تاقمێکی زۆر بچوك و نهێنی بوون لە ناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی شیعە لە سەدەی سێیەمی کۆچی، ئەویش ئیمامەتێکی ئاسایی سیاسی مرۆیی بوو لەلای شیعە عەلەوییەکان، بەڵام ئیمامەتێکی خوایی بوو لەلای ئیمامییەکان. ئا لێرەوە بوو کە ئیمامەکانی ئال و بەیت ئاماژەیان بۆ یەکێك لە کوڕەکانیان دەکرد یان پێشبینیان دەکرد ببنەوە جێگرەوەیان لە پێگە ئاڕاستەکارەکەیاندا، کەچی دواتر هەر خۆیان مابوون کە منداڵەکەیان دەمرد، بەمەش ئاماژەیان بۆ یەکێکی تر دەکرد بێ سەغڵەتی و تێکگیران، بەڵام بە پێچەوانەوە مردنی یەکێك لە پاڵێوراوانی جێنشینایەتی دەبووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی گەورە لە ناو ڕیزەکانی ئیمامییەکان کە پێیان وابوو ئیمام لەلایەن خواوە دیاری دەکرێت، هەر بۆیە زۆریان پێ نامۆ بوو کە ئەو ئیمامە لە ماوەی ژیانی باوکیدا بمرێت کە پێشنیار کراوەو پێشیان وابوو بەهۆی گۆڕانی ویستی خواوە بووە، ئەمەشیان بە گۆڕانی ویستی خوا (البداء) دەردەبڕی. سەرباری ئەوەی داننان بە گۆڕانی ویستی خوا لە بابەتێکی وەك ئیمامەتدا شتێکی سەخت بووە لەلای خودی ئیمامییەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەغڵەتی بۆ خەڵك دروست دەکات و گومانیش دەنێتەوە لە ئاست ڕاستگۆیی

---

ئەم ڕێنووسە واژووکراوەی فەزڵی کوڕی شازانی بە نەفرەت کرد لەسەر دەستی کەسێك دەرکرا کە ناسراوە بە دەهقان لە شاری بەغداد لە کتێبی عەبدوڵای کوڕی حەمودیەی بەیهەقی.

ئیمامەکان و پاشگەزبوونەوە لەوەی دەق لەلایەن خواوە لەسەر ئیمامەکانەوە هاتبێت.

هەروەك پێشتر بینیمان مردنی ئیسماعیلی کوڕی صادق بووە هۆی ڕوودانی بومەلەرزە لە فیکری ئیمامی، بەمەش زۆرێك لە ئیمامییەکان لەوە پاشگەز بوونەوە کە ئیمام لەلایەن خواوە دیاریکرا بێت، هەندێك لە ئیمامییەکان هەوڵیاندا مردنی ئیسماعیل بە گۆڕانی ویستی خوا لێکبدەنەوە، کەچی هەندێکی تریان هەر لە بنەڕەتدا چیرۆکی پاڵاوتنی ئیسماعیلیان ڕەتکردەوە، هەندێکی تریش نکۆڵیان لە مردنی ئیسماعیل کرد و سوربوون لەسەر ئەوەی خۆی شاردۆتەوە. هەمان چیرۆك خۆی دووبارە کردەوە لە دوای نزیکەی سەد ساڵ، کاتێك ئیمامی هادی ڕایگەیاند سەید محەممەدی کوڕی _ کە لە شاری بەلەدی نزیك شاری سامەڕا بە خاك سپێرراوە _ ئیمامی جێگرەوەیتی، بەڵام سەید محەممەد لە ماوەی ژیانی باوکیدا مرد، هادی وەسیەتی بۆ عەسکەری برای سەید محەممەد کرد و پێی وت: (کوڕی خۆم سوپاسی خوا بکە، چونکە شتێکی نوێی پێ بەخشی)[1].

شێخەکانی تاقمی دوازدە ئیمامی (کلینی و موفید و توسی) لە باوکی هاشمی داودی کوڕی قاسمیی جەعفەریان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: من لەلای ئیمامی عەسکەری بووم لەو کاتەی باوکی جەعفەری کوڕی ئیمامی عەسکەری کۆچی دوایی کرد، کەچی پێشتر ئیمامی عەسکەر ئاماژەی بۆ ئەو کوڕەی کردبوو وەك ئیمام، منیش لە دەروونی خۆمدا بیرم دەکردەوەو دەموت ئەمە چیرۆکی باوکی

---

(١) الكليني، الكافي، ١/ ٣٢٦ _ ٣٢٧ و الصفار، بصائر الدرجات ٤٧٣، والمفيد، الإرشاد ٣٣٧، والطوسي، الغيبة ١٢٢.

ئیبڕاهیمی باوك و چیرۆكی ئیسماعیله، عەسكەری ڕووی تێكردم و وتی: (بەڵێ ئەی باوكی هاشم خوا ویستی گۆڕا لەسەر باوكی جەعفەر و له جیاتی ئەو باوكی محەممەدی هەڵبژارد، هەروەك چۆن خوا ویستی لەبارەی ئیسماعیلەوە گۆڕا دوای ئەوەی صادق له شوێنی خۆی وەك ئیمام داینابوو، ئا بەو شێوەیەیه كه له ناختدا تاوتوێت كرد و ئەوانەش نكۆڵیان لێكرد كه شوێن شتی پوچەڵ كەوتوون... باوكی محەممەد جێگرەوەی منه له دوای من و هەرچی پێویستیتان پێ هەیه لای ئەو هەیه، سوپاس بۆ خوا ئامرازی ئیمامەتی لەگەڵدایه)[1].

شاهویەی كوڕی عەبدوڵای جەلاب وتویەتی كه هادی بۆی نووسیوە: (ویستت پرسیار بكەی لەبارەی جێنشین له دوای باوكی جەعفەر و دوودڵ بووی لەم بارەوە، خەم مەخۆ و هەرگیز خوای گەورە كەسانێك گومڕا ناكات دوای ئەوەی ڕێنوێنی و هیدایەتی داون، هەتا بۆیان ڕوون نەكاتەوە كه دەبێت لەچی خۆیان بپارێزن "ئیمامی تۆ له دوای من باوكی محەممەد ە و ئەو شتەی لایه كه پێویستت پێیه، خوا ئەوەی بیەوێت پێش دەكات و ئەوەش كه بیەوێت پاش دەخات" هەر نیشانه و بەڵگەیەك بسڕینەوە یان فەرامۆشی بكەین ئەوا چاكتر لەو یان وێنەی ئەو دەخەینەڕوو "ئەوەندەم نووسیوە كه ڕوونكردنەوەی تێدایه و مایەی قەناعەت و دڵنیاییه بۆ خاوەن عەقڵێكی وشار")[2].

هەروەك وەك چۆن هەندێك له ئیسماعیلییەكان نكۆڵیان له مردنی ئیسماعیل كرد، بەهەمان شێوە بەشێك له شیعەكانی هادی باوەڕیان بە مردنی

---

(١) الكليني، الكافي، باب الإشارة والنص على أبي محمد ٣٢٨، ح رقم ٨ و ٩ و ١٠، و الطوسي، الغيبة ٥٥. والمفيد، الإرشاد ٣١٧.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي محةممةد ، ح رقم ١٢.

محەممەدی کوڕی هادی نەکرد و سوربوون لەسەر ئەوەی زیندووە بەڵام پەنهان بووە، هەروەها ڕاگەیاندنی مردنی محەممەد لەلایەن هادییەوە بەجۆرێك لە خۆپارێزی و شاردنەوەی ڕاستیان ڕاڤەکرد. ئەوانە دانیاننا بە: (ئیمامەتی محەممەد لە دوای هادی و پاساویشیان بەوە هێناوە کە: باوکی ئاماژەی بۆ کردووەو کە ئیمامە و جێگرەوەی خۆیتی لە دوای مردنی، ئیمامیش نابێت درۆ بکات، نابێت ویستی خوا لە شتێکی لەو جۆرەدا بگۆڕێت، جا ئەگەرچی وادیارکەوت کە محەممەد مردووە... بەڵام لە ڕاستیدا نەمردووە، بەڵکو باوکی ترسا لەوەی ئازاری پێ بگەیەنرێت هەر بۆیە شاردەیەوە، لەبەر ئەمە محەممەد ئیمامی مەهدییە، هەمان ئەو قسەیان کرد لەبارەی ناوبراوە کرد کە شوێنکەوتووانی ئیسماعیل لەبارەی ئیسماعیلیان کرد)[1].

هەندێك لە گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن کە هادی ڕەتی کردۆتەوە جێگرەوەی خۆی بە ڕوونی ڕابگەیەنێت، وەك چۆن صادق ئەمەی کرد لە دوای مردنی ئیسماعیلی کوڕی، جا بە عەلی مەهیزیاری وت: (جێگرایەتی من بۆ کوڕی گەورەکەمە)[2]. و هادی ڕەتی کردۆتەوە یەکێك لە کوڕەکانی دیاری بکات وەك ئیمام و بە عەلی کوڕی عەمرِوی عەتاری وت: (هیچ یەکێك دیاری مەکەن تا فەرمانی منتان بۆ دەرنەچێت). دواتر بۆیان نووسی: ئیمامەت بۆ کێ دەبێت؟ لە وەڵامدا نووسی: (بۆ کوڕی گەورەم)[3]. و بە عەبدوڵای کوڕی محەممەدی

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٩٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي محةممةد ، ح رقم ٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي محةممةد ، ح رقم ٧.

ئەصفەهانی وتوە: (ئیمامی ئێوە لە دوای من ئەوەیە کە نوێژ لەسەر تەرمەکەم دەکات)[1].

لە دوای مردنی ئیمامی هادی ناکۆکی و ململانێ دروست بوو لە نێوان جەعفەری کوڕی هادی و حەسەنی عەسکەری براکەی جەعفەر، ئەمەش کاریگەرییەکەی گەورەی دروست کرد لە هەڵوێستی شیعەکان لە بەرامبەر عەسکەری، تا وای لێهات عەسکەری وتی: (هیچ یەکێك لە باوو باپیرانم بە ئەندازەی من گومانی لەسەر نەبووە لەلایەن شیعەکان)[2].

ئا لێرەوە باوکی هاشمی داودی کوڕی قاسمی جەعفەری (یەکێکە لە دیارترین لایەنگرانی عەسکەری لەناو ئیمامیەکان) هەڵسا بە دەستکاری کردنی چیرۆکە ئەفسانەییەکەی (دایکی ئەسلەم) یان (حەبابەی وابیلییە)ی پێشوو بۆ وردە بەردەکانی (دایکی غانم) و زیادکردنی بەشێکی نوێ بۆی، بۆ ئەوەی ئیمامەتی عەسکەری لە ڕێگەی کاری دەرئاساوە بچەسپێت، باوکی هشام وتی: من لەلای عەسکەری بووم و داوای مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە کرا بۆ کەسێکی خەڵکی یەمەن، کابرایەکی زل و درێژ و مەزن هاتە ژوورەوە، ناوبراو سڵاوی لێکرد بە دانانان بە ئیمامەت و عەسکەریش پەسەندی کرد و فەرمانی پێکرد دابنیشێت، باوکی هاشم دەڵێت کابرا لە تەنیشت منەوە دانیشت و بە منەوە لکا، لە دەروونی خۆمندا وتم: ئای لەو کابرایە زلە؟ عەسکەری وتی: ئەوە ئەو ئافرەتە عەرەبە دەشتەکیەیە کە خاوەنی ئەو وردە بەردانەیە کە باوو باپیرانم بە ئەنگوستیلەی خۆیان مۆریان

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب الإشارة والنص على أبي محمّد ، ح رقم ٣.

(٢) الصدوق، إكمال الدين ٢٢٢.

لەسەر وردە بەردەکانی کردووە، ئەو کابرایە ئەو وردە بەردانەی لەگەڵ خۆی هێناوە دەیەوێت منیش مۆری بکەم، دواتر عەسکەری وتی: بیانهێنە، ئەویش وردە بەردەکانی هێنایە دەرەوەو شوێنیان لووس بوو، عەسکەری وردە بەردەکانی وەرگرت و ئەنگوستیلەکەی دەرهێنا و مۆری کرد (حەسەنی کوڕی عەلی) وەك ئەوەی من تەنها ئەو کاتە ئەنگوستیلەکەم بینیبێت. بە کابرا یەمەنیەکەم وت: بەر لەوە هیچ کات بینیوتە؟ کابرا وتی: نا بەخوا، من سەردەمێکە سورم لەسەر بینینی تا ئەو کاتەی ئێستا گەنجێك هاتە لام و وتی: هەستە بڕۆ ژوورەوەو منیش چوومە ژوورەوە. دواتر کابرا یەمەنیەکە هەڵسا و دەیوت: ڕەحمەت و بەزەیی و فەڕو بەرەکەتی خواتان لێبێت ئال و بەیت، ئەوانە نەوەو ڕەچەڵەکێکن هەندێکیان لە هەندێکی تریان بوون و بەخوا شایەتی دەدەم کە مافی تۆ پێویستە وەك پێویستی مافی میری باوەڕداران و ئیمامەکانی دوای ئەو (درودی خوا لە هەموویان بێت). دواتر کابرا چوو و لە دوای ئەمە نەمبینیەوە. باوکی هاشم وتی: پرسیارم لێکرد لەبارەی ناوەکەی، وتی: ناوی من میهجەعی کوڕی سەڵتی کوڕی عەقەبەی کوڕی سەمعانی کوڕی دایکی غانمە و دایکی غانمە ئافرەتە عەرەبیە دەشتەکییە یەمانیەکەیە کە خاوەنی ئەو وردە بەردانەیە کە میری باوەڕداران و ڕەچەڵەکی تا دەگاتە حەسەنی عەسکەر مۆریان لەسەر کردووە[1].

باوکی هاشمی جەعفەری (گێڕەڕەوەی چیڕۆکەکە) هەستی بەوە کرد کە توخمی خەیاڵی بوونی هەیە لە چیڕۆکەکەدا، بۆیە بە پەلە هەوڵیدا شوێنەواری کابرا یەمەنیەکە (کوڕی دایکی غانم) بشارێتەوە و بۆیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە کابرایەك چوو و دووبارە نەیبینیەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی یەکێك پرسیار

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما يضل به بين دعوى المحق والمبطل في أمر الإمامة، ح رقم ٤.

لەبارەی ڕاستی ئەم ئەفسانەیەی لێ بکات یان یەکێك بچێت و بگاتە یەمەنیەکە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی چیرۆکەکە، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە باوکی هاشم نەداوە لەبارەی هاتنی (دایکی غانم) کە وا پێی دەچێت لەوەتەی پێنج نەوەوە مردبێت و نەوەکەی هاتووە بۆ دڵنیابوون لە ئیمامەتی عەسەکەری بە مۆرکردن لەسەر وردە بەردەکان.

باوکی هاشمی جەعفەری ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە چەسپاندنی ئیمامەتی عەسکەر، ناوبراو لە ئیمامی هادی گێڕایەوە کە سەرەتا ئاماژەی بۆ سەید محەممەدی کوڕی کردووە وەك ئیمام، بەڵام کاتێك سەید محەممەد لە ماوەی ژیانی باوکیدا مرد، وتی: (خوای گەورە ویستی لەسەر باوکی جەعفەر گۆڕا و عەسکەری لە شوێن دانا وەك چۆن ویستی سەبارەت بە ئیسماعیل گۆڕا هەر چەندە پێشتر صادق ئاماژەی بۆ کردبوو)[1].

هەر چەندە ئەم گێڕانەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیمامی هادی نەیزانیوە ئیمامی دوای خۆی کێیە و ئاکامی محەممەدی کوڕی چییە و لە ماوەی ژیانیدا دەمرێت، جا باوکی هاشمی جەعفەری بەهەمان شێوە گێڕانەوەیەك لە جەواد دەگێڕێتەوەو ئەویش لە ئیمامی حەسەنەوە تیایدا باس لە ناوی ئیمامەکان دەکات تا دەگاتە حەسەنی عەسکەری بێ ئەوەی باس لە بابەتی گۆڕانی ویستی خوا و پێشوەخت دیاری کردنی سەید محەممەد و دواتر دانانی عەسکەر لە جێگای ئەو بکات[2].

---

(١) الطوسي، الغيبة ٥٥ و ١٢٠.

(٢) هەمان سەرچاوە ٩٩.

لەبەر ئەوەی بوونی دەق لەسەر عەسکەری نارۆشن و مایەی گومان و ڕاجیایی بوو لە نێوان شیعە ئیمامییەکان و منداڵەکانی ئیمامی هادی، ئەوا باوکی هاشمی جەعفەری پەنای بردە بەر هەڵبەستنی کۆمەڵێك گێڕانەوەی ئەفسانەیی کە دامەزراوە لەسەر بانگەشەی غەیب زانینی عەسکەری، جا باوکی هاشمی جەعفەر بەخۆی گێڕانەوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئەمەی دەستخستووەو ناکرێت بەشێوەیەکی بێ لایەن و سەربەخۆ جەخت بکرێتەوە لەسەر ڕاست و دروستییەکەی جگە لە بانگەشەی ئەوە نەبێت کە ئیمام غەیب دەزانێت.

باوکی هاشمی جەعفەری دەڵێت جارێکیان گوێبیستی عەسکەری بووە وتویەتی: (یەکێك لەو گوناهانەی لێخۆشبوونیان بۆ نییە، ئەوەیە کابرا بڵێت خۆزگە وانەبوایە یان هەر ئەوە وەردەگرم) باوکی هاشم دەڵێت لە ناخی خۆمدا وتم: ئائەوەیە شتی ورد کە پێویستە مرۆڤ ئاگاداری بێت و لە دەر و دەروونیدا، عەسکەری ڕووی تێکردم و وتی: ئەی باوکی هاشم ڕاستت وت و ئەوەی لە ناختدا وتت پێیەوە پابەندبە، بێگومان هاوبەشدانان بۆ خوا لە ناو خەڵکدا شاراوەترە لە خلیسکانی گەردیلە لەسەر صەفا[1].

باوکی هاشمی جەعفەری گێڕانەوەیەکی هاوشێوەی ئەمە دەگێڕێتەوە کە دامەزراوە لەسەر غەیب زانینی ئیمامەکان، دەڵێت: من لەگەڵ عەسکەری بەندکرابووم لە بەندیخانەی خەلیفە موهتەدی کوڕی واسیق، عەسکەری پێی وتم: ئەی باوکی هاشم ئەو ستەمکارە ویستویەتی گاڵتە بەخوا بکات لەو شەودا، خوای گەورە تەمەنی بێ فەڕو کورت کردەووەو خستیە سەر تەمەنی ئیمامی مەهدی...

---

(١) الطوسي، الغيبة ١٢٣.

باوکی هاشم وتی: کاتێك بەیانیمان کردەوە تورکەکان ڕاپەڕین دژی موهتەدی و کوشتیان و موعتەمید لە شوێنی دانرا و ئێمەش سەلامەت بووین[1].

ئا لێرەدا دەدوێت لەبارەی ئەوەی ئیمامی عەسکەری زانیویەتی موهتەدی دەکوژرێت بەر لە ڕوودانی ڕاپەڕین و ئاڵۆزیەکە لە دژی ئەو. و ئەمەش لە شتە پەناهن و غەیبییەکانە کە تەنها خوای گەورە دەیزانێت.

هەروەها باوکی هاشمی جەعفەری کۆمەڵێك چیرۆکی سادەی کەسی دەخاتەڕوو و بەرگێکی غەیب زانینی بەبەردا دەکات و دەیداتە پاڵ ئیمامی عەسکەری وەك بەڵگەیەك لەسەر ئیمامەتی ئەو، باوکی هاشم دەڵێت پێویستیم بە پارە بوو و لەشەرمان داوام لە عەسکەری نەکرد، کەچی عەسکەری بێ داواکاری هەندێك پارەی بۆ ڕەوانە کردم، هەروەها گوایە ئیمامی عەسکەری شتێکی بە زەوی خشاندووە و دیناری زێری لێ هاتوونەتەدەر و داویەتیە باوکی هاشم، لەبەر ئەوەی ئیمام بە شێوەیەکی غەیبی زانیویەتی باوکی هاشم پێویستی بە پارە هەیە[2]. و دەڵێت ئیمام مەبەستی باوکی هاشمی زانیوە کە داوای قاشێك دەکات، بۆیە ئیمام ئەنگوستیلەیەکی دایە[3]. و ئیمامی عەسکەری پێی ڕاگەیاندووە کە لە ڕێگە تووشی مشتومڕ بووە[4].

---

(١) الطوسي، الغيبة ١٢٣ و ١٣٤، و بگەڕێوە بۆ: بحار الأنوار ٢٥٠/٥٠ و ٢٧٦ و ٢٥٨ عن مختار الخرايج ٢٣٩ ومناقب آل أبي طالب ٤٣٦/٤ و ٤٣٢ و كشف الغمة ٢٧٩/٣ و ٢٩٩ وأعلام الورى ٣٥٤ و ٣٥٥.

(٢) الكليني، الكافي ٥٠٧/١ والبحار ٢٥٩/٥٠ والإرشاد للمفيد ٣٢٢.

(٣) الكليني، الكافي ٥٠٧ وبحار الأنوار للمجلسي ٢٦٧/٥٠ ومناقب آل أبي طالب لإبن شهر آشوب ٤٣٢/٤ ومختار الخرايج ٢١٤.

(٤) المجلسي: بحار الأنوار ٢٨٣/٥٠ عن مناقب آل أبي طالب ٤٢٧/٤ و ٤٢٨.

باسی ئەوە دەكات كە عەسكەری وردو نهێنی ترین شتەكانی ژیانی ئەوی زانیوە وەك زانانی ڕۆژوو شكاندن (ئیفتار)ی باوكی هاشم و جۆری ئەو نانەی دەیخوات، هەروەها باسی ئەوەش دەكات كە ئیمام كەسێكی سیخوڕی ئاشكراكرد كە سیخوڕی بەسەر ئیمام دەكرد و ئەوەشی بە باوكی هاشم وتوە[1]. و بە شێوەیەكی غەیبی زانیویەتی سوالكەرێك كە خۆ بە هەژار پیشانداوە دەوڵەمەندە. و زانیویەتی ئەسپێك لە دوای چەند ڕۆژێك دەمرێت و بە خاوەنەكەی وتوە زوو بیفرۆشێت بە لەوەی بمرێت، مەبەست و نیەتی هەندێك لە خزمەتكارانی زانیوە كە بڕیاریاندابوو مەیی بخۆنەوە و نێربازی بكەن، هەروەها زانیویەتی كەسێك تێنوەو ئاوی پێداوە بێ ئەوەی داوای بكات[2].

باوكی هاشمی جەعفەری ئەو چیرۆكانەی بە بەس نەزانی بەڵكو وتی ڕۆژێكیان ئیمامی عەسكەری بینیوە كە نووسراوێك دەنوسێت، دواتر قەڵەمەكەی دانا و هەستا بۆ نوێژ، كەچی قەڵەمی ئیمام بەخۆی هەڵسا تا نووسراوەكە تەواو بكات لە كاتی نوێژكردنی ئیمام[3]!!.

باوكی هاشمی جەعفەری ئەم گێڕانەوانەی پێشكەش كرد لە میانەی قسەكردن لەسەر ئەوەی عەسكەری غەیب دەزانێت، ئەمەش وەك بەڵگەیەك لەسەر ئیمامەتی عەسكەری لە بڕی نەبوونی دەق لەسەری.

---

(١) مناقب آل أبي طالب ٤٣٧/٤ ومختار الخرايج ٢٣٩ وأعلام الورى ٣٥٤ و ٣٥٥.

(٢) الكليني، الكافي ١/ ٥٠٧.

(٣) المجلسي: البحار ٣٠٤/٥٠ عن عيون المعجزات.

شتێکی ڕوونه که پەنابردنە بەر چیرۆکە ئەفسانەییەکان بۆ چەسپاندنی ئیمامەت شێوازێکی زانستی شەرعی یان عەقڵی یاخود سروشتی نەبوو. بەڵکو ئیمامییەکان دەستیان پێوە دەگرت وەك چۆن کەسی نقووم بوو دەست دەگرێت بە هەموو پووش و پەڵاشێکەوە، ئەم کارەی ئیمامییەکانیش بۆ ئەوەبوو تا بەرگێکی ئایینی بەبەر ئیمامەت و سیاسەتدا بکەن.

## دەروازەی حەوتەم

## کۆتایی (شیعەگەرێتیی ئاینی)

زۆر نەمابوو حەسەنی عەسکەری جڵەوی سەرکردایەتی شیعە (یان کۆمەڵێك لە شیعە) بگرێتە ئەستۆ، ئەوا لەو کاتەدا عەسکەری مرد کە هێشتا گەنج بوو و بەر لەوەی منداڵ لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت یان وەسیەتی ئیمامەت بۆ هیچ یەکێك بکات، تەواو وەك چۆن عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح بێ ئەوەی منداڵ لە پاش خۆی جێبهێڵێت مرد، ئەمەش ئیمامییەکانی خستە ناو قەیرانێکی هاوشێوەی ئەو قەیرانەی سەد ساڵ بەر لەو کات تێی کەتبوون، بەڵکو کەوتنە ناو قەیرانی هەرە مەزنەوە کە ناویان لێنا (سەرگەردانی گەورە) و ئەمەش وای کرد کە ئەو شیعانەی مابوون بۆ چواردە دەستە دابەش ببن، هەر یەك ڕای جیاوازی هەبوو، هەندێك دانیان نا بە ئیمامەتی جەعفەری برای عەسکەری، هەندێکی تر چوون گەیشت بە موحەمەدییەکان ئەوانەی دەیان وت محەممەدی کوڕی عەلی ونبووەو نەمردووە، هەندێکی تریشیان وتیان ئیمامەت پچڕاوە، هەندێکی تر وتیان حەسەنی عەسکەری نەمردووە، هەندێکی تر وتیان دووبارە زیندووبۆتەوە، هەندێکی تر

وتيان عەسكەری منداڵێكی بەنهێنی هەیە و لە ماوەی ژیانی عەسكەری یان لە دوای مردنی لەدایكبووە. ئەو منداڵە (ئیمامی دوازدەم محەممەدی مەهدییە)[1]. پاشان وتیان لەو كاتەوە ئیمامی دوازدەم ونبووە تا ئەمڕۆ و تا لە ئایندەدا دەردەكەوێت بۆ دامەزرانی دەوڵەتی خوازراو[2].

بێ ڕەچاوكردنی مشتومڕ كردن لەسەر ڕاستی لەدایكبوون و هەبوونی ئەو (ئیمامە پەنهانە) ئەوا (تیۆری ئیمامەتی خوایی) بەمە گەیشتە ڕێگایەكی داخراو، بە كرداری كۆتایی هات بەوەی ئیمامێكی دیار و ئاشكرا لە ڕەچەڵەكی حوسەین لەو كاتەوە نییە.

---

(١) لە بەشی دووەمی كتێبەكەم (گەشەسەندنی فیكری سیاسی شیعە لە ڕاوێژەوە بۆ ویلایەت فەقیه: كردووە لەسەر ئیمام محەممەدی كوڕی حەسەنی عەسكەری... ڕاستییەكی مێژووییە؟ یان گریمانەیەكی فەلسەفیە؟) لێكۆڵینەوەم لەسەر ڕاستی بانگەشەی بوونی منداڵێكی پەنهانی ئیمام عەسكەری كردووەو ئەوەم سەلماند كە گریمانەیەكی فەلسەفی خەیاڵی پێچەوانەی بەرنامەشەریعەتی ئیسلامە.

(٢) ئەو تاقمەی باوەڕی بە لەدایكبوونی (ئیمامی دوازدەم) هەبوو و پێی وابوو هەر لە ژیاندا ماوە تا ئەمڕۆ بە تاقمی (دوازدە ئیمامی) ناسران. بە ویستی خوا لە بەشی داهاتوودا لەسەری دەدوێین.

# بەشی دوازدەم

# هەڵکشانی شیعەگەرێتیی سیاسی

# لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی

لەو کاتەی شیعەگەرێتیی (ئایینی) دووچاری ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرهەڵستی و کۆسپ و سیس بوون و ماندوێتی ببووەوە، ئەوا لە ناوەڕاستەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی گەیشتە ڕێگایەکی داخراو، ئا لەو کاتەدا شیعەگەرێتیی سیاسیی لە سەدەی دووەم و سێیەمدا لە هەڵکشاندابوو، هەنگاو و سەرکەوتنی زیاتری دەستەبەر دەکرد. دەشتوانین بڵێین شیعەگەرێتیی (ئایینی) لەم ماوەدا ئاراستە و ڕەوتی سەرەکی نەبوو لە ناو بزوتنەوە پان و پۆڕەکەی شیعەدا، ئیمامییەکانیش لە پەراوێزی بزوتنەوەی شیعەدا دەژیا، شیعەگەرێتی سیاسی عەلەوی بەسەر ئیمامییەکاندا زاڵ بوو ناسراو بوو بەناوی شیعەگەرێتیی (زەیدی)، (ئیمامییەکان) تەنها تاقمێکی بچوك پێکدێنن لە ناو ئەو تاقم و ڕەوتە فراوان و پان و پۆڕانە. دەتوانین قەبارەی (ئیمامییەکان) بخوێنینەوە بە بەراورد لەگەڵ جەماوەری سیاسی شیعە لە میانەی ئەو چالاکییە شۆڕشگێڕییە شیعیانەی کە لێرەو لەوێ ڕوویانداوە، کە ئیمامییەکان هیچ ڕۆڵێکی وا مەزنیان تێدا نەگێڕاوە کە شایەنی باس بێت.

ئەگەر ئەو هەوڵەی ئیمامییە پاشیەکان یان (دوازدە ئیمامییەکان) کە خشتێکیان بەناوی دوازدە ئیمام دروست کرد بخەینە لایەکەوە. سەیری ئەو ئیمامانە بکەین کە ناویان لە لیست و خشتە سڕاوەتەوە لەلایەن دوازدە ئیمامییەکانەوە دەبینین ئەوانەی ناویان سڕاوەتەوە بریتین لە درێژکراوەی هێڵی شیعەگەرێتیی سیاسی (عەلەوی حوسەینی)، کە ڕۆڵێکی مەزنی مێژووییان گێڕا لە مێژووی شیعەدا لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو ئیمامانەی ناویان لە خشتیە و لیستی ئیمامییەکاندا هاتووە کە لیستەکە هەر نەچەسپاوە، ئەو کاتە سروشتی بزوتنەوە فیکری و سیاسیی و

قەبارەی ڕەوتە سەرەکییەکان لە ناو شیعەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، تەنانەت ئەندازەی درانە پاڵی (ئیمامەتگەڕا)مان بۆ دەردەکەوێت.

سەرباری ئەوەی ئێمە _ لە میانەی تێۆژینەوەی ڕابڕدوودا _ دڵنیا نەبووین لەوەی کە ئایا ئیمامی (باقر) و (صادق) فیکری ئیمامییان پەسەند کردووە، دواتر دڵنیا نەبووین لە بوونی پەیوەندی نەرێنی و نەخوازراو لە نێوان هەر دوو ئیمامی ناوبراو و ئیمامی زەیدی کوڕی عەلی، بەڵام سەرکەوتنی زەیدی کوڕی عەلی لە ڕابەڕایەتی نزیکەی پازدە هەزار شیعە و هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چەکدار لە شاری کوفە لە ساڵی ١٢٢ك دژی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان، ئەمەش ئاماژە بەوە دەدات کە زەیدی کوڕی عەلی زۆر لە ئیمامی باقر و صادق بە جەماوەرتر بوو. هەروەها هەڵسانی یەحیای کوڕی زەیدی ناوبراو بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی تر لە ناوچەی خوڕاسان لە ساڵی ١٢٥ك بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەحیا بە ئەندازەیەك جەماوەری بووە کە شایەنی هەڵگیرساندنی شۆڕش بێت، هەر چەندە شۆڕشەکە لەو کاتدا شکستی خوارد.

چەند ساڵێك بەسەر ئەم مێژوو و بەرواره تێنەپەڕی (عەبدوڵای کوڕی موعاویەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەیاڕ) لە ناوچەی ئەصفەهان لە ساڵ ١٢٩ك دەرکەوت و جەماوەرێکی زۆری شیعەی و عەلەوییەکانی هەموو شوێنەکان لە دەوری کۆبوونەوە، ئەمەش بەر لەوەی (ئەبو موسلمی خوڕاسنی) ناوبراو بکوژێت و ڕێگە بۆ عەباسییەکان خۆش بکات. سەرباری ئەوەی هەندێك لە زیادەڕۆچووان لە دەوری ناوبراو کۆبوونەوەو هەوڵیاندا بزوتنەوەکەی بشێوێنن بەڵام تواناداری ئەو لەسەر هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی ئەمەوییەکان و کۆ

بوونەوەی شیعە لە دەوری بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جەماوەرێکی بەرفراوانی هەبووە، دوور لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی).

دەشتوانین بە ڕوونی ئاماژەکانی جەماوەری بەرفراوان بخوێنینەوە لە کۆبوونەوەی کەسانی بژاردە و جەماوەری شیعە لە دەوری ئیمام محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن (خاوەن دەروونی پاك)، عەلەوییەکان و هاشمییەکان و موعتەزیلەکان کۆك بوون لەسەر ئیمامەتی ناوبراو و لە ساڵی ١٢٦ك لە دەڤەری (ئەبواء) بەیعەتیان پێدا لە سەر دەرچوون دژی ئەمەوییەکان، تەنانەت داوایان لە ئیمامی صادق کر تا بچێتە ناو بزوتنەوەکەی ناوبراو و بەیعەتی پێبدات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو پێگە جەماوەرییە قوڵ و فراوانەی هەیبووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچی. شتێکی زانراویشە کە (ئیمام محەممەدی  خاوەن دەروونی پاك) لە ساڵی ١٤٣ هەڵسا بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێك دژی مەنصوری عەباسی و دەستی گرت بەسەر حیجازو چەند دەڤەرێکی فراوانی باشوری عێراق بە یارمەتی براکەی خۆی (ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن)، ئیبراهیمی ناوبراو لە شاری بەصرە دەرچوو و دەسەڵاتی تیادا زاڵ بوو و خەڵکی فارس و ئەهواز و خەڵکانێك لە شارەکانی تریش وەڵامی بانگەوازی ئەویان دایەوە.

لە ڕۆژانی (موسای کازم) شیعەکان بەگشتی بەرەو لای ئیمام (عیسای کوڕی زەیدی کوڕی عەلی) چوون و بەنهێنی لە ساڵی ١٥٦ك بەیعەتی ئیمامەتیان پێدا لە کاتێکدا ئیمام عیسا خۆی شاردبووەوە، تەنانەت بەیعەتی بۆ هات لە دەڤەری ئەهوازو واسیت و مەکە و مەدینە و توهامە، بانگخوازەکانی دیاریکرد و بانگەوازی ئەویان گەیاندە وڵاتی میسر و وڵاتی شام. ئیمام عیسا لەگەڵ هاوەڵانی ڕێکەوت کە

له دوای مردنی مەنصورِ دەربچن، بەڵام عیسا له دەشتەکانی شاری کوفه له ساڵی ١٦٦ك له ڕۆژانی خەلیفەی عەباسی مەهدی کوڕی مەنصورِ (١٥٨_١٦٩ك) به ژەهر کوژرا، له دوای ئیمام عیسا ئیمام حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی عەلی حەسەن (خاوەنی تەڵە) ئاڵای بەدەستەوە گرت هەڵسا به هەڵگیرساندنی شۆڕشێك له شاری مەدینه له ساڵی ١٦٩ك له ڕۆژانی خەلیفه موسای هادی عەباسی (١٦٩_١٧٠ك) و توانی زاڵ بێت بەسەر شاری مەدینەدا، داوای له ئیمامی (کازم) کرد بەیعەتی بداتی بەڵام (کازم) داوای لێبوردنی لێکرد و بەیعەتی پێنەدا. جا حوسەین به کازمی وت: من شتێك بۆ تۆ خستوەتەڕوو ئەگەر دەتەوێت دەتوانیی بێیته ناویەوە. ئەگەر پێشت ناخۆشه ئەوا زۆریت لێناکەن و خوا یارمەتیدەره، دواتر ماڵئاوایی لێکرد[1].

جا دوای کوژرانی حوسەین (خاوەنی تەڵە) له نزیك شاری مەکه، ئەوا ئیمام (یەحیای کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن) ئاڵای شۆڕش هەڵگرت له وڵاتی (دیلەم) دژ به خەلیفەی عەباسی هارون ڕەشید، پەیامێکی نووسی بۆ (موسای کوڕی جەعفەر) تیایدا داوای پشتگیری لێکرد[2]. کەچی براکەی (یەحیا) که ناوی (ئیدریسی کوڕی عەبدوڵا) بوو چووه دەڤەری (بەربەر) له وڵاتی (مەغریب) و خۆی وەك (میری باوەڕداران) ناساند، هەڵسا به دامەزراندنی بنچینەکانی دەوڵەتی (ئەدارسه) که نزیکەی دوو سەدەی خایەند هەر له ساڵی ١٧٢ك تا ٣٧٥ك.

سەرباری دەستگیرکرانی ئیمامی (کازم) لەلایەن هارون ڕەشیدی خەلیفەی عەباسی، له ترسی ئەوەی نەوەك شۆڕشێك هەڵبگیرسێنێت، ئەمه ئاماژەیه بۆ

---

(١) الكليني، الكافي، الأصول ٣٦٦/١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من ادعى الإمامة وليس لها بأهل... ح رقم ١٩.

ئەوەی ئەوەی ئیمامی ناوبراو خاوەنی جەماوەرێکی فراوانی بوو، بەڵام نەچسپاوە کە فیکری ئیمامی وەرگرتبێت یان بانگەشەی بۆ کردبێت، سەرباری ئەوەی زۆربەی باووباپیرانی کاریان کرد بە فیکری سیاسی شیعە (زەیدی) کە ئیمامەت لە ماڵێکی دیاریکراو یان لە کەسانێکی دیارکراودا کورت هەڵناهێنێت، تەنانەت یەکێکیان کە (ئیبراهیمی کوڕی موسا) بوو سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێك لە وڵاتی یەمەن تا خەلیفە مەئمونی ناچارکرد دانی پێدابنێت.

لەو کاتەی کوڕو پشتیوانانی ئیمامی (کازم) گومانیان هەبوو لە ئیمامی (ڕیزا) و هەڵوێستەیان لەسەر دەکرد، ئەوا (محەممەدی دیباجی کوڕی جەعفەری صادق) هەڵسا بەهەڵگیرساندنی شۆڕێك لە شاری (مەکە) و لە ساڵی ١٩٩ك دەستی بەسەر حیجازدا گرت و خۆی وەك میری باوەڕداران ناساند. هەندێك لە پایەدارەکانی ئال و بەیت لەگەڵ ناوبراودا دەرچوون وەك: (عەلی کوڕی جەعفەری صادق) کە دەکاتە برای دیباج، (حوسەینی و کوڕی حەسەنی ئەفتەس) و (محەممەدی کوڕی سولەیمانی کوڕی داودی کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەنی سیبت) و (محەممەدی کوڕی حوسەین) کە بە (سیاق) ناسراوە و (عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عیسا) کە دەکاتە کوڕی ئیمام (زەیدی کوڕی عەلی).

سەرباری تێکشکانی دیباج لە بەرامبەر هێزی عەباسییەکان، بەڵام تەنها ڕاپەڕینەکەی و کۆبوونەوەی شیعە لە دەوری بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دیباج کاری بە فیکری شیعەگەرێتیی سیاسی کردووە، تەنانەت بەڵگەشە لەسەر ئەوەی جەماوەری شیعە فیکری ئیمامی (ئایینی)یان نەناسیوە کە ئیمامەت کورت هەڵدێنێت لە چەند کەسێکی دیاریکراودا و شوێنکەوتنی جگە لەوان قەدەغە دەکات.

ئەوەی کە پشتگیری لەوە دەکات کە شیعەکان بەگشتی لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی تیور (ئیمامەتی خواییان) نەناسیووە کە زیادەڕۆچووان بە نهێنی و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کاریان پێ دەکرد و پەسەندیان دەکرد، بریتییە لەوەی شیعەکان پشتگیری هەر سەرکردیەکی لە نەوەکانی عەلیان دەکرد کە دەردەچوو، لە دەوریشی کۆدەبوونەوە بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئایا دەقی لەسەر هەیە یان نا، بۆیە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێکی تر لە سەرکردە عەلەوییەکان دەرکەوتن وەك سەرکردەی بوزتنەوەی شیعەی بەرهەڵستکار، نمونەی ئەمانەش وەك: (عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) و (عەبدوڵای کوڕی موسا) و (محەممەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی تەباتەبای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) و (کوڕی تەباتەبا) و (باوکی سەرایا) ئەم دووانە لە ساڵی ١٩٩ك لە شاری (کوفە) شۆڕشیان هەڵگیرساند و دەسەڵات و دەوڵەتیان درێژبووەوە بۆ ناوچەی ئەهوازو حیجاز و یەمەن.

سەرجەم شیعە (ئیمامییەکان) لە شاری کوفە وێنەیەکی تایبەتی پیاوێکی دیاریکراوی ئال و بەیتیان هەڵنەگرتبوو، هیچ ئارەزووێکی تایبەتیان لێ دەرنەکەوت سەبارەت بە ئیمامەتی (عەلی کوڕی موسای ڕیزا) کە وەك یەکێك لە سەرکردەکانی خانە و لانەی عەلەوی ڕێزیان بۆ دەنواند. ئا لێرەوە دەروازەکانی شاری کوفەیان بە ڕووی والی و نوێنەری مەئمون داخست کە (عەباسی کوڕی موسای کازم) بوو و داواکەی ناوبراویان ڕەتکردەوە بۆ بەیعەتدان بە مەئمونی خەلیفەی عەباسی و (ڕیزا) کە جێنشینە ڕاسپێرراوەکەی بوو، خەڵکەکە بە (عەباسی والیان) وت: (ئەگەر تۆ داوەی بەیعەت بۆ مەئمون و دواتر بۆ براکەت

دەکەی، ئەوا ئێمە پێویستیمان بە داواو بانگەوازەکەی تر نییە، ئەگەر تۆ بانگەوازی دەکەیت بۆ براکەت یان کەسانێك لە خانەوادەکات یاخود بۆ خۆت ئەوا وەڵامت دەدەینەوەو بە قسەت دەکەین)[1]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شیعەکان لەو کاتدا باوەڕیان بە تیۆری ئیمامەتی خوایی نەبووە، جیاوازیشیان نەکردووە لە ئیمامی (ڕیزا) و (عەباسی) براکەی یان براکەی تری (ئیبڕاهیم) یان (محەممەدی دیباج) یاخود هەر یەکێك لە ئال و بەیت لە بەر ڕابەرایەتی و ئیمامەتیان. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەستگرتنی شیعەکان بە شیعەگەرێتیی سیاسی نەوەك (ئایینی).

تەنانەت ئیمامی (ڕیزا) کە (ئیمامییەکان) بە ئیمامی دوازدەم دایدەنێن کە لەلایەن خوداوە دیاری کراوە، نەچەسپاوە کە فیکرەی ئیمامی پەسەند کردبێت، بەڵکو پەیمان و بەیعەتی دایە خەلیفەی مەئمون و ڕازی بوو خۆی ببێتە جێنشینی ڕاسپێرراوی مەئمون، بە پێچەوانەی گێڕانەوە نهێنییەکان کە پشتیوانانی شیعەگەرێتی ئایینی دەستاو دەستیان پێ دەکرد کە مافی ئیمامەت لە زنجیرەیەکی دیاریکراو لە نەوەکانی عەلی و حوسەیندا کورت هەڵدێنێت .

تێگەیشتن و تێڕوانینی شیعەگەرێتیی سیاسی خۆی سەپاند بەسەر هەندێك لە پشتیوانانی شیعەگەرێتیی (ئایینی) لە کاتی مردنی (عەلی کوڕی موسای ڕیزا) لە ساڵی ٢٠٣ك و منداڵێکی بچوکی تەمەن حەوت ساڵانی بەناوی (جەواد) لە پاش خۆ جێهێشت، (جەواد) توانای نەبوو درێژە بە هێڵی شیعەگەرێتیی (ئایینی) بدات ئەگەر وا دابنێین جەواد باوەڕی پێ هەبووە، ئەمەش هەندێك لە (ئیمامییەکان)ی

(١) الطبري ١٤٤/٧.

ناچارکرد که کۆببنەوە لە دەوری (ئەحمەدی کوڕی موسا)، ئەحمەد هەمان بۆچوونی زەیدییەکانی هەبوو و لەگەڵ (باوکی سەرایا) لە شاری کوفە دەرکەوت، ئەحمەد خاوەن زانست و پارێزگارو لە خواترس بووە، هەروەك شێخ (موفید) لە کتێبی (الإرشاد) وەسفی دەکات. جا ئەوانە بەلای بۆچوونی فەتحییەکاندا چوون و وتیان (موسای کازم) ئیمامە لە دوای مردنی (عەبدوڵای ئەفتەح) بێ ئەوەی منداڵێکی لەپاش بەجێ بمێنێت، زۆر بە وردی پابەن نەبوون بە یاسای پشاو پشتی ستوونی، پێیان وابوو (جەواد) کە منداڵێکی بچوك بوو وەك ئەوەیە کە هەر نەبووبێت.

شیعەگەرێتیی سیاسی لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی زۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە، بە تایبەت لە ڕۆژانی موعتەصیمی عەباسی، بەوەی (محەممەدی کوڕی قاسمی کوڕی عومەری ئەشرەفی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) کە ناسراو بوو بە (پەرستش و دونیا بەکەمزانی و خۆپارێزی و زانست و شەرعناسی) توانی لە دەڤەر (خوراسان) و (تاڵقان) چل هەزار جەنگاوەر کۆبکاتەوە، بەمەش لە الی ٢١٨ك شۆڕێك دژ بە موعتەصیمی خەلیفەی عەباسی هەڵگیرسێنێت، لە ماوەیەدا جەنگی توندی ئەنجامدا لەگەڵ هێزەکانی عەباسی بۆ ماوەی نۆ ساڵ، تا لە ساڵی ٢٢٧ك تێکشکا و دەست بەسەرکرا و ڕەوانەی بەندیخانەی موعتەصیم کرا، بەڵام توانی لە ساڵی ٢٢٩ك لە بەندیخانەکە ڕابکات و خۆی حەشاردا تا دوای چەند ساڵك مرد. هەندێك لە پشتیوانانی لەو کاتدا باوەڕیان وابوو زیندووەو ڕۆژی پێدەدرێت و نەمردووە،

مەهدی چاوەڕوانکراوە کە دەردەکەوت و زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕکرابوو لە ستەم و زۆرداری[1].

دوای ناوبراو ئیمام (یەحیای کوڕی عومەری عەلەوی حوسەینی) ئاڵاکەی هەڵگرت، لە ناوچەی (خوڕاسان) دەرچوو دژ بە (موتەوکیلی عەباسی)، بەڵام هێزەکانی عەباسی توانیان مۆمی شۆڕشەکە بە خێرایی بکوژێننەوە، ئیمامی (یەحیا)ش دەستگیر بکەن و ڕەوانەی شاری بەغدادی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو هەڵسا بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی تر لە شاری کوفە لە ساڵی ٢٤٨ك و زاڵ بوو بە سەر شارەکەدا، بەڵام لە دەورووبەری ساڵی ٢٥٠ك کوژرا.

## ئیمام قاسمی ڕەسی

لەم کاتە ئیمامێکی تر لە ئیمامەکانی شیعەگەرێتیی سیاسی سەرکەوتوو بوو لە کۆکردنەوەی جەماوەری شیعە بە شێوەیەکی زۆر مەزن، بەیعەتی لێوەرگرتن لەسەر دەرچوون، ئەویش ئیمام (قاسمی کوڕی تەباتەبای ڕەسی) بوو، کە لە دوای مردنی (محەممەدی  کوڕی ئیبراهیمی براکەی لە ساڵی ١٩٩ك لە شاری کوفە، ئەوا ئیبراهیم ئەو کات لە میسر بوو و ئاڵای شۆڕشی گرتە دەست و بانگخوازەکان ڕەوانە دەکرد بۆ سەرجەم وڵاتان، جا بەیعەت بۆ هات لەلاین خەڵکی: مەکە، مەدینە، کوفە، ڕەی، قەزوین، تەبرستان، دیلەم، (موعتەزیلەکان)ی بەصرە و ئەهواز پەیامیان بۆ نووسی و هانیان دا بۆ دەرکەوتن، جا ئیمام (قاسم) فەرمانی

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٨٨. والأشعري القمي، المقالات والفرق ٩٧. والمفيد، الفصول المختارة ٢٥٦. والأصفهاني، مقاتل الطالبين ٥٧٩. والطبري: ٢٢٣/٧.

به کۆمەڵێك لە بانگخوازەکانی و کوڕە مامەکانی کرد بچنە دەڤەری (بەلخ) و (تاڵقان) و (جوزجان)، جا زۆرێك لە خاوەن پێگە و خانەدانەکان بەیعەتیان پێدا و خەریك بوو بانگەوازەکەی بڵاو بکەنەوەو دەربخەن، بەڵام مەئمون داوای دەستگیر کردن و ڕاوەدوونانی ئەمام قاسمی کرد، ئەمەش ئیمامی ناوبراوی ناچارکرد خۆی بشارێتەوە لە وڵاتان و چووە وڵاتی (یەمەن، سودان، میسڕ، حیجاز) تا (مەئمون) داوای ئاگربەستی لێکرد بەڵام ئیمام قسام ڕەتی کردەوەو وتی: (سوێند بەخوا ئەگەر مەئمون ڕامبسپێرێت بە دروستکردنی مزگەوتێك لە پێناو خوا بەوەی کەرپوچەکان ئامادە بکەم ئەوا هەر نایکەم). دوای مردنی (مەئمون) ئەوا (موعتەصیم) زۆر بە توندی داوای دەستگیرکردن و ڕاوەدوونانی ئیمامی قاسمی کرد لە ماوەی حوکمڕانییەکەیدا، بەڵام ئیمام قاسم توانی سەرکەوتوو بێت لە خۆ حەشاردان تا لە چیای (ڕەس) نزیك لەشاری (مەدینە) لە ساڵی ٢٤٦ك لە ڕۆژانی موتەوکیلی عەباسی مرد.

لەم سەروبەندەدا دەسەڵاتی عەلەوییەکانی نەوەی ئەخزەر لە دەڤەری یەمامە (نەجد) دەرکەوت و دەوڵەتێکیان دامەزراند نزیکەی سەد ساڵ بەردەوام بوو هەر لە ساڵی ٢٥٠ك تا ٣٥٠ك، (حەسەنی کوڕی زەیدی کوڕی محەممەدی عەلەوی) لە دەڤەری (تەبرستان) دەرکەوت و لە ساڵی ٢٥٠ك زاڵ بوو بەسەر ناوچەکانی (دیلەم و ڕەی).

هەروەك لە ساڵی ٢٥١ك (ئیسماعیلی کوڕی یوسفی کوڕی ئیبراهیمی تاڵبی) دەستی گرت بەسەر حیجاز (مەکە و مەدینە و جەدە).

هەروەها لە ساڵی ۲۸۰ك (يەحيای كوڕی حەسەنی كوڕی قاسمی ڕەسی) ڕاپەڕی و دەوڵەتێكی شيعەگەری دامەزاند لە (صەعدەی) باكوڕی (يەمەن)، نازناوی: (ڕێنيشاندەری ڕاستی: الهادي إلى الحق) لە خۆنا. نەوەكانی ناوبراو دەستيانگرت بە سەر ناوچەی (صەنعا) و حوكميان بەسەدا كرد تا ساڵی ٤٢٦ك، جارێكی تر گەڕانەوەو حوكمڕانی خۆيان بەسەر ناوچەكەدا سەپان تا ساڵی ٦٨٥ك.

هيچ يەكێك لەم شۆڕشانە شكستی نەدەهێنا تا شۆڕشێكی تر لە جێگای ئەو هەڵدەگيرسا، وەك شۆڕشی بانگخواز بۆ لای خوا (زەيدی كوڕی محەممەدی كوڕی ئيسماعيلی كوڕی زەيدی كوڕی حەسەن)، لە ڕۆژانی (موتەوەكيل) لە ناوچەی (تەبرِستان) دەستی بە بانگەوازەكەی كرد تا لە ڕۆژانی (موستەعين) لە ساڵی ۲۵۰ك زاڵ بوو بەسەر ناوچەكەدا و دەوڵەتێكی عەلەوی لە (تەبرِستان) دامەزراند، بۆ حەڤدە ساڵ لە حوكمڕانی كردن بەردەوام بوو تا لە ساڵی ۲۸۷ك لە جەنگێكدا لەگەڵ مير (ئيسماعيلی سامانی) شەهيد بوو، سامانی لە ساڵی ۲۸۷ك تا ۳۰۱ك زاڵ بوو بەسەر ناوچەی (تەبرِستان)، دواتر ئيمام (حەسەنی كوڕی عەلی) ناسراو بە (ناصر ئەتروش) توانی زاڵ بێت بەسەر ناوچەكانی (جەبەل) و (ديلەم) و (تەبرِستان) و دەوڵەتەكەی ناوبراو بەردەوام بوو لە دوای ئەو خانەوادەكەی حوكمڕانيان كرد تا ساڵی ۳۱۵ك.

ڕەوتی شيعەگەرێتيی سياسی (عەلەوی زەيدی) بەردەوام بوو و لێرەو لەوێ شۆڕشی هەڵدەگيرساند تا توانی لە سەدەی چوارەمی كۆچی و لە ساڵی ۳۳٤ك زاڵ

بێت بەسەر عەباسی و شاری بەغداد کە پایتەختەکەی بوو، بە هۆی بوەیهییەکان. [1].

---

(١) خانەوادەی (بوەیه) حوکمی فارس و عێراقی کردووە، دەوڵەتێکیان دامەزراند ناسرا بە دەوڵەتی (بوەیهییەکان) کە نزیکەی یەك سەدە و نیو بەردەوام بوو، سەرەتا لە ساڵی ٣٢١ك لە فارس، دواتر لە ساڵی ٣٣٤ك لە عێراق، حوکمڕانی (بوەیهییەکان) کۆتایی هات بە زاڵبوونی (سەلجوقییەکان) لە ساڵی ٤٤٧ك بەسەر شاری بەغداد.

سەرباری ئەوەی زۆر دەوڵەت بەناوی شیعەی (ئیمامی جەعفەری دوازدە ئیمامی) بە درێژایی مێژوو دامەزراند، وەك دەوڵەتی (سەربەدارییە) لە (خوڕاسان لە ساڵی ٧٣٨ك تا ٧٨٢) و موشەعشعییە لە (ئەهوازو خوزستان لە ٧٨٣ك تا ١١١٧ك)، هەروەها دەوڵەتی صەفەوییەکان لە (ئێران ٩٠٧ك_١١٤٨ك/١٥٠٠ز_١٧٣٥ز)، قاچارییەکان لە (ئێران لە ١١٩٣ك تا ١٣٢٧ك/ ١٧٧٩ز_١٩٠٩ز) و کۆماری ئیسلامی ئێرانی هاوچەرخ (١٩٧٩-)، بەڵام سەرجەم ئەم ئەزموونانە زۆر دوور بوون لە فیکری سیاسی (ئیمامی) و لەبەر ئەوەی دانەمەزرابوو لەسەر حوکمی ئیمامی پارێزراو و دیاریکراو لەلایەن خوداوە لە ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی، هەروەك تیۆری ئیمامەت ئاماژەی پێ دەکات، کەچی بەپێچەوانە دەوڵەتەکان دامەزران لەسەر بنەڕەتی حوکمی کەسەکان (پادشا و زانایان)ی نا پارێزراو و دیاری نەکراو لەلایەن ئاسمانەوە، تەنانەت لە دەرەوەی ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی، هەندێك کات دەوڵەتەکە لەسەر بنەڕەتی ڕاوێژ و هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە یان لەسەر فیکری دیموکراسی بنیاتنراوە، هەروەك لە عێراق پەیڕەو دەکرێت، جا لە ڕاستی دا ئەمەنزیکترە لە فیکری زەیدی کراوە (یان شیعەگەرێتی عەلەوی) نەك لە فیکری (دوازدە ئیمامی).

دەوڵەتی (سەربەدارییە) بە سەرکردایەتی شێخ (حەسەن جوری) لە ناوچەی (خوڕاسان) لە دوای تێکچوونی دەوڵەتی نەوەکانی هۆلاکۆ و مردنی (باوکی سەعید) لە دایك بوو، نزیکەی پەنجا ساڵ بەردەوام بوو هەر لە ساڵی ٧٣٨ك تا ٧٨٢ك و کۆتا پادشای: سوڵتان عەلی کوڕی موئەیەد بوو، ناوبراو لە ساڵی ٧٦٦ك حوکمڕانی گرتە دەست، بەڵام (تەیمور لەنگ) لەناوی برد.

دەوڵەتی موشەعشعییە لە ناوچەکانی (ئەهواز و خوزستان) لە ساڵی ٨٨٣ك بە یەك ساڵ لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی (سەربەدارییە) بە سەرکردایەتی (محەممەدی کوڕی فەلاحی حوەیزی) دامەزرا کە ناسراو بوو بە (مەهدی موشەعشعی) دەوڵەتەکە لە ژێر حوکمڕانی نەوەکانی ناوبراو تا بەرواری ١١١٧ك بەردەوام بوو.

# بەشی سێزدەم

# شیعەگەرێتیی (دوازدە ئیمامی)

# بە مردوویی لەدایکبوو

دوای سەد ساڵ لە ڕووبەڕوو بوونەوەو هاتنەپێشی کۆسپ و لەمپەر، تیۆری ئیمامەتی خوایی گەیشتە ڕێگایەکی داخراو لەگەڵ کۆچی دوایی کردنی ئیمامی حەسەنی عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ك بێ ئەوەی منداڵێك لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت کە ئیمامەتی تێدا بەردەوام بێت و بێ ئەوەی ئاماژە یان وەسیەت بکات بۆ هیچ یەکێك لە دوای خۆی. ئەمەش گەورەترین ئاماژە و بەڵگە کە عەسکەری لایەنگری شیعەگەرێتیی سیاسی بووەو باوەڕی بە شیعەگەرێتیی ئاینی نەبووە. ئەمەش زۆرێك لەو شیعانەی ڕازیکرد کە لە دەوری عەسکەری کۆببوونەوە کە واز بێنن لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) کە دامەزراوە لەسەر بنچینەی خەیاڵی و فەرموودەی نهێنی درۆین. بەڵام کۆمەڵێك لە شیعەکانی کە زیادەڕۆچووبوون ڕەتیان کردەوە دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە هیچ منداڵێکی نییە و سور بوون لەسەر ئەوەی گریمانەی بوونی منداڵێکی بۆ بکەن. و گوایە ئەو منداڵە ئیمامە لە دوای عەسکەری، چونکە ناکرێت زەوی بێ ئیمامی بەڵگە بێت[1]. و وتیان ئیمامەت بەردەوام دەبێت لە ڕەچەڵەکی ئەم منداڵە پەنهانە تا ڕۆژی دوایی.

ئەو بۆچوونەی باسی لەوە دەکرد کە حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە بۆچوونێکی نهێنی شاراوەگەرا (باتینی)ە، تاقمێك دانی پێدانا کە یەکێك بوو لەو چوار دە تاقمانەی هاوەڵی عەسکەری بوون، کە لە دوای مردنی ناوبراو دابەش بوون. تەنانەت ئەمە شتێکی ڕوون و بەڵگە نەویست یان یەکدەنگی لەسەر نەبوو لە ناو خودی شیعەکان لەو کاتدا و شیعەکانی عەسکەری کە کەمینەیەکی بچوکیان

---

(١) الطوسي: الغيبة ١٣٢. والصدوق: إكمال الدين ٤٤/١ والفيد: الإرشاد ٣٤١ والنجاشي: الرجال، ترجمة أحمد بن عامر بن سليمان أبي الجعد. والطبري، دلائل الإمامة ٢٢٤، والصدر، الغيبة الصغرى ٣١٥، والصدوق، إكمال الدين ٤٤.

پێکدەهێنا لە پەڕاوێزی بزوتنەوەی شیعەگەرێتیی سیاسی. بەڵکو جۆرێك لە سەرگەردانی و ناڕۆشنی بابەتی جێگرەوایەتی عەسکەری دادەپۆشێت و بە توندی وەك گەردەلوول شیعەکانی لەخۆگرت[1].

---

(١) کۆمەڵێك لە زانای هاوچەرخی ئەو کات کتێبیان نووسی کە تاوتوێی بابەتی سەرگەردانی دەکرد و ڕێگەی لێ دەرباز بوونی ڕوون دەکردەوە، وەك: شێخ عەلی کوڕی بابویەی صدوق (- ٣٢٩ك) کە کتێبێکی نووسی و ناوی نا: (الإمامة والتبصرة من الحيرة). و کوڕی ناوبراو شێخ محەممەدی کوڕی عەلی صدوق (- ٣٨١ك) کە لە پێشەکی کتێبەکەیدا (إكمال الدين و إتمام النعمة)دا باسی ئەو سەرگەردانیە دەکات، جا وتی: (زۆربەی ئەو شیعانەی ڕشاجیابوون کە دەهاتنە لام دەمبینی پەنهانی ئەوانی سەرگەردان کردووەو گومانیان لەبارەی ئیمامی مەهدی بۆ دروستبووە... پیاوێکی شاری بەغدا قسەی لەگەڵ کردم و وتی: بەڕاستی پەنهان بوونی ئیمام درێژەی کێشا و سەرگەردانی زیاتر بووەو خەڵکێکی زۆریش لە دانان بەمەدا پاشگەز بوونەوە لەبەر درێژی ماوەی پەنهان بوونەکە) (الصدوق، إكمال الدين ٢ و ١٦). و محەممەدی کوڕی ئیبراهیمی باوکی زەینەبی نوعمانی (- ٣٤٠ك) وەسفی بارودۆخی سەرگەردانی کردووە کە لە کتێبەکەیدا (الغيبة) کە هەموو شیعەکان لەو کاتدا گرتببووەوەو لەوبارەوە وتویەتی: (زۆربەی شیعەکان دەڵێن: ئیمامی جێگرەوە لە کوێیە؟ چۆن دەبێت واب ڕووبدات؟ تا کەی پەنهان دەبێت؟ تا چەند دەژیەت کە ئێستا تەمەنی هەشتاو شتێك ساڵە... هەیانە پێی وایە مردووە، هەشیانە هەر بەیەکجاری نکۆڵی لەوە دەکات لە دایك بووبێت و لە بووندا بێت و گاڵتەش بەوە دەکات کە باوەڕی بە پەنهان بوونەکە هەیە، هەشیانە ماوەکەی زۆر پێ دوورو درێژە). و وتویەتی: (چ سەرگەردانیەك لەمە گەورەترە کە خەڵکێکی زۆری وەدەرنا؟ و تەنها کەمێکی کەم نەبێت نەماونەتەوە، بەهۆی ئەوەی خەڵك گومانی هەیە)، (النعماني، الغيبة ١١٣ و ١٨٦) و کلینی و نوعمانی و صدوق کۆمەڵێکی مەزنی گێڕانەوەیان گێڕاوەتەوە کە باس لە سەرەنجام و ئاکامی شیعە ئیمامییەکان دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەرگەردانی ڕوودەدات (دوای پەنهان بوونی ئیمامی مەهدی) و ڕاجیایی لە ناو شیعە سەرهەڵدەدات، پەرت پەرت دەبن لەو سەردەمدا و یەکتر بە بێ باوەڕی تۆمەتبار دەکەن و تف یەکتریدا دەکەن و یەکتر بە نەفرەت دەکەن، شیعەکان سەراو بن دەبن و تێکدەشکێن وەك چۆن کەشتی لە ناو شەپۆڵەکانی دەریا تێکدەشکێن، هەروەها دەشکێن و ورد دەبن وەك وردبوونی شووشە یان فەخفوری. الكليني، الكافي ١/ ٣٦٦، ٣٣٨، ٣٤٠. والنعماني، الغيبة ٨٩، ٢٠٩، ٢٠٨، والصدوق، عيون أخبار الرضا ١٦٨، وإكمال الدين ٤٠٨.

تاقمی (دوازدە ئیمامی) بیروباوەڕی خۆی بنیاتنا بەوەی ئیمامی عەسکەری منداڵێکی شاراوەی هەیە و هەر لە ژیاندایە تا ئەمڕۆ و تا لە ئایندەشدا دەردەکەوێت... ئەمەش لەسەر گریمانەیەکی فەلسەفی کەلامی کە لە چەند پێشەکیەك پێك دێت، کە ئەمانەن:

یەکەم: پێویستی هەبوونی ئیمام (واتە: سەرۆك) لە سەر زەوی، نابێت وڵات بە شڵەژاوی بێ حکومەت بمێنێتەوە.

دووەم: پێویستی پارێزراوبوونی ئیمام و دیاریکرانی لەلایەن خواوە، حوکمەتی شەرعناسە دادگەرەکان یان حوکمڕانە ئاساییەکان دروست نییە.

سێیەم: پێویستی کورتهەڵهێنانی ئیمامەت لە ئال و بەیت و نەوەکانی عەلی و حوسەین تا ڕۆژی دوایی.

چوارەم: باوەڕ بوون بە مردنی ئیمامی حەسەنی عەسکەری و باوەڕ نەبوون بەوەی ناوبراو مەهدی پەنهان بووە.

پێنجەم: پابەندبوون بە یاسای پشتاو پشت کردنی ستوونی و دروست نەبوونی گوێزرانەوەی ئیمامەت لە برایەکەوە بۆ برایەکی تر لە دوای حەسەن و حوسەین.

ئەو زانا کەلامیانەی بانگەشەیان بۆ بوونی (ئیمامی محەممەدی کوڕی حەسەنی عەکەری) دەکرد بەڵگە هێنانەوەکەیان بە بەڵگەی عەقڵ ناونا، ئەمەشیان وەك گرنگترین بەڵگە خستەڕوو[1].

شێخ موفید (٣٣٨ك _ ٤١٣ك): (بەڵگەی عەقڵی کە هەبوونی ئیمامی پارێزراو لە هەموو سەردەمێکدا بە پێویست دەزانێت.... بە بەڵگەیەکی تەواو دادەنێت لەسەر ئەوەی عەسکەری منداڵێکی هەیە و کورتهەڵهێنانی ئیمامەت لەودا) و وتویەتی: (ئەمە بنچینەیەکە پێویستی بە گێڕانەوەی هیچ دەقێك نییە، چونکە بەخۆی وەستاوەو جێگیرە لە بابەتە عەقلیەکاندا، بە بەڵگە هێنانەوەش سەلماوە کە دروستە)[2].

سەید مورتەزای عەلی هودا (٣٥٥ك _ ٤٣٦ك) دەڵێت: (عەقڵ بە پێویستی دەزانێت کە سەرۆکایەتی لە هەموو سەردەمێك هەبێت، پێویستە سەرۆك پارێزراو بێت... ئەگەر ئەو دوو بنچینەیەی باسمان کرد چەسپان، ئەوا پێویستە بوترێت ئەو سەرۆکە خودی "ئیمامی مەهدی"یە، چونکە ئەو سیفەتی عەقڵ دەیخوازێت و بە پێویستی زانی تەنها لەودا دێتەجێ، بەمەش پەنهان بوونی ئیمامیش پێویست دەبێت بێ ئەوەی گومان لێی نزیك ببێتەوە... جا ئەگەر ئەو ئیمامەتە پوچەڵ بووەوە کە ئیمامەتەکەی چەسپاوە بەهۆی هەڵبژاردن و پاڵاوتن، بەم پێیە

---

(١) شێخ صدوق وتەی زانای کەلامی شیعەی هاوچەرخی ئەو کاتی گواستۆتەوە (باوکی سەهلی ئیسماعیلی کوڕی عەلی نوبەختی) کە بەڵگەی لەسەر بوونی محەممەدی کوڕی حەسەن هێناوەتەوە بە عەقڵ و لە کتێبەکەشیدا (التنبیه) کە سی ساڵ لە دوای پەنهان بوونی ئیمام نووسیویەتی باسی ئەوەی کردووە: (کە شیعەکان بە بەڵگە هێنانەوە زانیان حەسەن منداڵێکی هەیە، وەك چۆن خواو پێغەمبەرو شتەکانی ئاینیان زانی بە بەڵگە هێنانەوە). الصدوق، إكمال الدين ٩٢.

(٢) المفيد، الإرشاد ٣٤٧.

وتەی ئەوانە پوچەڵ بووەوە کە دژەڕای ئێمەن و لەسەر ڕێبازی شیعە نین، بەمەش هیچ شتێك نییە وامان لێبکات دەست بەرداری مەزهەبەکەمان بین، بۆیە دەبێت ڕاست و دروست بێت، ئەگەرنا ڕاستی لەناو ئوممەت دەردەچێت)[1].

دەکرێ بەڵگە عەقڵییەکە لە یەك وشەدا کورت بکرێتەوە کە بریتییە لە: (تیۆری ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت کە وەستاوە لەسەر پارێزراوی و دەق و پشتاوپشتی ستوونی).

دوای ئەوەی دوازدە ئیمامییەکان وایاندانا کە ئیمامی حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە، ئەواهەڵسان بە تەئویل کردنی کۆمەڵێك ئایەتی قورئان و هەڵبەستنی پۆلێك گێڕانەوە بە دەمی پێغەمبەرو ئیمامەکانی پێشوو کە هەواڵ دەدەن بە لە دایك بوونی ئیمامی دوازدەم. و پشتیشیان بەست بە کەلەپوری تاقمە کۆنەکانی شیعە وەك کیسانیەکان و واقیفییەکان کە دەدوان لە بارەی مەهدی و ئیمام و پەنهان بوون، ئەمەش بۆ ئەوەی بەڵگەی پێ بێننەوە لەسەر ئەوەی حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەی و لە دایکبوونەکەی بچەسپێنن[2].

دواتر کۆمەڵێك چیرۆکی نهێنیان هێنایەوە لەسەر لە دایك بوونی (ئیمامی دوازدەم محمی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و بینرانی بەنهێنی لە قۆناغە جیا

(١) المرتضى، رسالة في الغيبة ٢ _ ٣.

(٢) الصدوق، إكمال الدين ٣٧٨، والخزاز، كفاية الأثر ٢٧٧.

جیاكانی ژیانی باوكی و دوای مردنی باوكیشی، وتیان پەناهن بووەو (ئیمامی مەهدی چاوەڕوانكراوە)[1].

## دەروازەی یەكەم

## كورتهەڵهێنانی ئیمامەت لە (دوازدە ئیمامدا)

بێ بەرچاوگرتنی ئەوەی كە منداڵەكە ڕاستییەكەی مێژووییە یان گریمانەیەكی فەلسەفییە، ئەوا شیعە ئیمامییەكان كە وتیان منداڵەكە هەیە؛ سەرەتا باوەڕیان وانەبوو كە ئیمامی كۆتاییە و ئیمامەكانیش تەنها دوازدەن. لەبەر ئەوەی چاوەڕێی دەركەوتنی ئیمامیان دەكرد لە دوای چەند مانگ یان ساڵێكەوە، بەڵام دوای چەند سەردەمێك بە پلەبەندی دەستیان كرد بە باوەڕ هێنان بە كورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە (دوازدە ئیمام)دا جا بەم پێیە تاقی (دوازدە ئیمامی) لە سەدەی چوارەمی كۆچی لە دایك بوو. ئەمەش گەشەسەندنێكی نوێ بوو لە تیۆری ئیمامییەكاندا كە بەتایبەت لەناو ڕیزەكانی شیعە موسەوییەكاندا هاتە كایە كە شوێنكەوتووی شیعەگەرێتیی ئاینی بوون، بەتیبەت باڵی توندڕەو كە توندی باوەڕی هەبوو بە یاسای پشتاو پشتكردنی ستوونی و هیچ نەرمییەكی تێدا قبوڵ نەدەكرد، ئەم باڵە بانگەشەی ئەوەی كرد كە لیستێكی پێشوەخت هەیە كە ناوی دوازدە ئیمامەكان لەخۆ دەگرێت و لەلایەن

(١) بۆ زیاتر زانیاری، هیوادارین بگەڕێیتەوە بۆ كتێبەكەمان لەبارەی ئەم بابەتە لە ژێر ناونیشانی: (ئیمامی مەهدی محەممەدی كوڕی حەسەنی عەسكەری... ڕاستییەكی مێژووییە؟ یان گریمانەیەكی فەلسەفییە؟).

پێغەمبەری مەزنەوە بە دوازدە ئیمام دیاریکراون کە ئەمانەن: (عەلی و حەسەن و حوسەین و عەلی کوڕی حەسەن و محەممەدی کوڕی عەلی و جەعفەری کوڕی عەلی و موسای کوڕی جەعفەرو عەلی کوڕی موسا و محەممەدی کوڕی عەلی و عەلی کوڕی محەممەد و حەسەنی کوڕی عەلی و دواینیان ئیمامی پەنهان محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و ئامانجی لە پاڵ ئەمەدا چەسپاندنی بوونی ئیمامی دوازدەم بوو (محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەر)، لەبەرئەوەی بوونی ناوبراو مایەی گومان و مشتومڕ بوو لە ناو ڕیزەکانی شیعە ئیمامییەکاندا.

جا بۆ ئەوەی ژمارەی ئیمامەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم لیستە هەماهەنگ بێت، ئەوا دوازدە ئیمامییەکان پەنایان بردەبەر سڕینەوەی ماوی ئیمام زەید و عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح و ئیمام ئەحمەدی کوڕی موسا کە پێشتر زۆرێك لە شیعە ئیمامییە فەتحییەکان باوەڕیان بە ئیمامەتی ئەوان هەبوو، هەروەك دوازدە ئیمامییەکان ڕەتیان کردەوە دانبنێن بە ئیمامەتی جەعفەری کوڕی عەلی هادی، کە هەندێك ئیمامییەکان باوەڕیان بە ئیمامەت ئەو هەبوو، جا ناوی (ئیمام محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری)یان زیادکرد و لیستێکی نوێیان پێکهێنا بە ناوی نۆ لە نەوەکانی حوسەین یەك لە دوای یەك، وتیان پێغەمبەر بە دەق ناوی ئەوانەی هێناوەو پێشتر ڕایگەیاندووە، دەیان فەرموودەشیان هێنایەوە لەسەر ئەمە کە دابویانە پاڵ پێغەمبەرو ئیمامەکانی پێشوو. بەمەش لەو کاتدا سروشت سیاسی شیعەگەرێتیان ڕەتکردەوەو سروشتی ئاینیان بەبەرداکرد، هەروەك مێژووی شیعەگەرێتیان ڕەتکردەوە کە بە ئەندازەی سێ سەدە درێژ بووەوە، جا چوی خۆیان داخست لە ئاست زۆرێك لە ڕووداو پێشهات و بارودۆخ کە دژ بوو لەگەڵ چیرۆکی (لیستی دوازدە ئیمامی).

## فەرموودەکانی دوازەدە ئیمامی

کلینی لە کتێبەکەیدا (الكافي) لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی، حەڤدە گێڕانەوەی هێناون کە دەدوێن لەسەر (دوازدە ئیمامی)، بەمەش دوای نیو سەدە شێخ محەممەدی کوڕی عەلی صدوق هات و لە کتێبەکەیدا (إكمال الدين وإتمام النعمة)دا سی و پێنج گێڕانەوەی لەبارەی بابەتی دوازدە ئیمامییەوە هێنا. دواتر محەممەدی کوڕی عەلی خەزاز لە کۆتاییەکان سەدەی چوارەم هات و (كفاية الأثر في النص على الأئمة الإثني عشر) گێڕانەوەکانی لەبارەی ئەم بابەتەی گەیاندە نزیکەی دوو سەد گێڕانەوە. مەسعودی کە مێژوونووسێکی شیعەیە لە کتێبەکەیدا (التنبيه والإشراف)دا وتویەتی: بنچینەی (دوازدە ئیمامی) کتێبەکەی سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالییە[1]. کتێبی ناوبر لە سەدەی چوارەمی کۆچ دەرکەوت کە دانەرەکەی نەناسراوە، وتراوە لە هاوڕێکانی میری باوەڕداران بووە، کتێبەکە فەرموودەی وای تێدایە کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەری خواو ئیمامەکانی ئال و بەیت و بە تێروتەسەلی ئاماژەی بە ناوی دوازدە ئیمامەکان کردووە.

### أ_ فەرموودەکانی پەیڕەوان (ئەهل)ی سوننە لەبارەی (دوازدە ئیمام)ەوە

زانا مەزن و جەمسەرەکانی دوازدە ئیمامی پشتیان بەست بە هەندێك فەرموودەی سونی کە لە کتێبی بوخاری و موسلیدا هاتوون لەبارەی ڕوودانی ئاژاوەو ئاشوب لە دوای خەلیفە و ئەمیری دوازدەم، ئەم فەرموودانەیان بە بەڵگە

(١) المسعودي، الإشراف والتبيه ١٩٨.

هێنایەوە لەسەر دروستی تیۆرەکەیان، ئەو تیۆرەی کە ئیمامەکانی ئال و بەیت و تەنانەت شیعەکان و ئیمامییەکانیش پێشتر نەیاندەناسی.

محەممەدی  کوڕی عەلی صدوق لە کتێبەکەیدا (إكمال الدين) گێڕاویەتیەوە: لە ئەحمەدی کوڕی حەسەنی قەتتان کە ناسراوە بە باوکی عەلی کوڕی عەبدوڕەبیهی ڕازی، وتی باوکی زەیدی کوڕی یەحیای کوڕی خەلەفی کوڕی یەزیدی مەروەزی بۆمانی گێڕایەوە لە دەڤەری (ڕەی) لە مانگی ڕبیعی یەکەمی ٣٠٢ك لە ئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیمی حەنزەڵی لە ساڵی ساڵی ٢٣٨ك کە ناسراوە بە ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە، لە یەحیای کوڕی یەحیا، لە هیشامەوە، لە موجالید (یان خالید)ەوە ئەویش لە شەعبیەوە، ئەویش لە مەسروقەوە، وتی: کاتێك ئێمە لای عەبدوڵای مەسعود بووین پەڕاوەکانمان پیشان دەدا، لەو کاتە گەنجێك (لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: عەرەبێکی دەشتەکی) پێی وت: پێغەمبەرەکەتان بە ئێوەی ڕاگەیاندووە کە چەند خەلیفە لە دوای ئەو دێن؟... عەبدوڵا وتی: تۆ تەمەن بچوکی و کەس پێش تۆ پرسیاری لەم بارەوە لێ نەکردووم، بەڵێ پێغەمبەرمان بە ئێمەی ڕاگەیاندووە کە لە دوای ئەو دوازدە خەلیفە دێن بە ئەندازەی سەرۆکەکانی نەوەی ئیسرائیل[1].

صدوق وتویەتی: ئەو فەرموودەناسانەی دژەڕای ئێمەن بە شێوەیەکی ڕێژنەی و ڕوون و ئاشکرا فەرموودەی جباری کوڕی سەمرەیان گێڕاوەتەوە، هەمان ئەوەیە کە ئەحمەدی کوڕی محەممەدی  کوڕی ئیسحاقی دەینوری بۆی گێڕاینەوەو وتی ئەبوبەکری کوڕی ئەبو داود بۆی گێڕامەوە لە ئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیم لە

---

(١) الصدوق، إكمال الدين ٢٧٢.

کوڕی سیرینەوە ئەویش لە جابری کوڕی سەمرەی سیوائی کە وتویەتی: ئێمە لای پێغەمبەر بووین فەرمووی: (دوازدە خەلیفە کاروباری ئەم ئوممەتە دەگرنە دەست) خەڵك هاواریان کرد و منیش تێنەگەیشت کەچی فەرموو، بە باوکم وت _ لە من نزیکتر بوو لە پێغەمبەری خواوە _ پێغەمبەری چی فەرمووǃ... باوکم وتی: فەرمووی: (هەموویان لە قوڕیشن و هاووێنەیان نابینرێ). و لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (لە دوای من دوازدە ئەمیر دێن) دواتر دەنگی نزم کردەوە، منیش بە باوکم وت: پێغەمبەری خوا چی فەرمووǃ باوکم وتی: فەرمووی: (هەموویان لە قوڕەیشن)[1].

صدوق زیاتر لەسەر ئەمە وتی: ڕێگەکانی ئەم فەرموودەیەم دەرهێناوەو هەندێکیان گێڕاویانەتەوە (دوازدە ئەمیر) و هەندێکی تر: (دوازدە خەلیفە)، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو خەبەرانەی لەبەر دەستی ئیمامییەکاندان و لە پێغەمبەری خواو ئیمامەکانەوە هاتوون لەم بارەوە ڕاست و دروستن[2].

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٧٢.

(٢) الصدوق، إكمال الدين ٦٧ _ ٦٨ في الجزء الرابع من صحيح البخاري، في كتاب الأحكام في باب جعله قبل باب إخراج الخصوم، و أهل الريب بعد المعرفة: محەممەدی کوڕ موسەننا بۆمانی گێڕایەوە، غەندەر بۆمانی گێڕایەوە، شوعبە بۆمانی گێڕایەوە لە عەبدولەلیکەوە کە دەڵێت: گوێبیستی جابری کوڕی سەمرە بووم وتی: گوێبیستی پێغەمبەر (ﷺ) بووم دەیوت: (دوازدە ئەمیر دەبن، جا وشەیەکی وت گوێم لێ نەبوو، باوکم وتی: دەفەرمووێت: (هەموویان لە قوڕەیش دەبن).

لە (صحيح مسلم: كتاب الإمارة، باب الناس تبع للقريش والخلافة في القريش) هاتووە: قوتەیبەی کوڕی سەعید بۆمانی گێڕایەوەو جەریری کوڕی حوسەین بۆمانی گێیەوە لە حوسەینەوە ئەویش لە جابری کوڕی سەمرەوە وتی: گوێبیستی پێغەمبەر بووم دەیفەرموو:... _ ڕوفاعەی کوڕی هەیسەمی واسیتی بۆمانی گێڕایەوە، بێژە و دەربڕینەکە هی خۆیەتی، خالید بۆمانی گێڕایەوە واتە کوڕی عەبدوڵای تەحان ئەویش لە حوصەینەوە، لە جابری کوڕی سەمرە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر چوومە ژوورەوە دەیفەرموو: ئەم جێنشینایەتییە کۆتایی نایەت تا لەلایەن دوازدە جێنشین و خەلیفەوە بەڕێ

شێخ توسی لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە کتێبەکەیدا (الغيبة) گێڕانەوەکەی عەبدوڵای کوڕی مەسعودی هێناوە کە کەمێك بەر لە ئێستا خرایەڕوو. بەڵام ئەمەی زیاد کردووە: کە خوای مەزن فەرموویەتی: (ئێمەش دوازدە سەرۆکمان لێ هەڵبژاردن)[1]. توسی گێڕانەوەی جابری کوڕی سەمرەی بە چەند شێوازێك گێڕاوەتەوە، جارێك: (دوازدە خەلیفە لە دوای من دێن و هەموویان لە قورەیشن). جاکاتێك پێغەمبەر گەڕایەوە ماڵی خۆی، قورەیشییەکان هاتنە لای و وتیان: پاشان چی دەبێت؟!.. فەرموی: (ئاشوب و ئاژاوەو فیتنە)[2]. لە گێڕانەوەیەکی تردا جابر دەڵێت: تێنەگەیشت کە لە دوای وشەی خەلیفە پێغەمبەر چی فەرموو،

---

نەکرێت، دواتر پێغەمبەر قسەیەکی فەرموو کە باش گوێم لێ نەبوو و بە باوکم وت: چی فەرموو؟ وتی: فەرمووی هەمووشیان لە قوڕەیشن.

بە هەمان شێوە لە (بەشی حوکمڕانی و دەروازەی ناوبراو) هاتووە: لە کوڕی ئەبو عومەرەوە بۆی گێڕاینەوە لە سوفیانی کوڕی عبدولەلیکی کوڕی عومەیر لە جابری کوڕی سومرە دەڵێت: گوێبیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم دەیفەرموو: (کاروباری خەڵکی بەچاکی بەڕێوەدەچێت مادەم دوازدە پیاو سەرۆکایەتیان دەکەن) دواتر پێغەمبەر (ﷺ) وشەیەکی وت من تێی نەگەیشتم، پرسیارم لە باوکم کرد لەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی فەرموو؟ باوکم وتی: فەرمووی: هەمووان لە قوڕەیشن. بەهەمان شێوە گێڕاویەتیەوە لە قوتەیبەی کوڕی سەعید ئەویش لە ئەبی عەوانە لە سەماك ئەویش لە جابری کوڕی سەمرەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەڵام ئەمەی باس نەکردووە: (کاروباری خەڵکی بەچاکی بەڕێوەدەچێت). و هودابی کوڕی خالیدی ئەزدی بۆمانی گێڕایەوە و حەمادی کوڕی موسلیمە لە سەماکی کوڕی حەربەوە بۆی گێڕاینەوە کە وتویەتی: گوێبیستی جابری کوڕی سەمرە بووم دەیوت: گوێبیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم دەیفەرموو: (ئیسلام سەربەرز و باڵادەست دەبێت تا دوازدە خەلیفە) پاشان وشەیەکی فەرموو من نەمبیست و بە باوکم وت چی فەرموو، باوکم وتی: فەرمووی: هەموویان لە قوڕەیشن.

(١) الطوسي: الغيبة ٩٠.

(٢) هەمان سەرچاوە ٨٨.

دەڵێت: هەندێکیان وتیان: ئێمە لە خەڵکەکەمان پرسی وتیان: (هەموویان لە قورەیشن) و باسی (ئاشوب و ئاژاوەو فیتنە)[١].

لە گێڕانەوەی سێیەمدا کە جیاوازە، جابر دەڵێت: پێغەمبەر ((ﷺ)) فەرمووی: (بەردەوام پەیڕەوانی ئەم ئاینە سەردەکەون بەسەر دوژمنەکانیان تا دوازدە خەلیفە سەرۆکایەتیان دەکەن) خەڵك هەڵدەستان و دادەنیشتن و پێغەمبەر وشەیەکی فەرموو من لێی تێنەگەیشتم، بە باوکم یان براکەم وت: چی فەرموو؟... وتی: فەرمووی: (هەموویان لە قورەیشن)[٢].

توسی گێڕانەوەیەکی هاوشێوەی ئەمە دەگێڕێتەوە بەڵام وشەی (أهل[٣])ی تێدا نییە، جا دەفەرمووێت: (بەردەوام ئەم ئاینە زاڵە و ئەوەی دژایەتی دەکات زیانی پێ ناگەیەنێت تا دوازدە خەلیفە بە کارەکانی هەڵدەستن و هەمووشیان لە قورەیشن)[٤]. لەم گڕانەوەیەدا باسی ناڕۆشنی یان نەبیستنی هیچ وشەیەکی نەکردووە. دواتر توسی دوو گێڕانەوە لە عەبدوڵای کوڕی عومەر دەگێڕێتەوەو لە یەکەمدا دەڵێت: گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم دەیفەرموو: (لە دوای من دوازدە خەلیفە دێن). و لە دووەمدا دەڵێت کە ڕووی وتەکەی کردۆتە باو توفەیل: (ئەی باوکی توفەیل دوازدە کەس لە نەوەکانی کەعبی کوڕی لوئەی بژمێرە...

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) مەبەستی ئەهلی دینە، کە من بە پەیڕەوانی ئاین لێکم داوەتەوە، کە دەشڵێت گێڕاویەتیەوە بێ وشەی (ئەهل) مەبەستی بەس ئاینە نەك موسڵمانان هەروەك لە دەقەکە دەردەکەوێت. (وەرگێڕ).

(٤) هەمان سەرچاوە ٨٩.

دواتر دوورِووی و شکاندنی ئێسکی کەللە _ نقف _ زاڵ دەبێت)[1]. نقف: بریتییە لە: شکاندنی ئەو ئێسکەی کە کە دەکەوێتە لای مێشك یان بە ڕم یان گۆچان بە توندی لێی بدرێت، ئەم گێڕانەوەیە بە هەندێك گێڕانەوەی پێشوو دەچێت کە لەو بارەوە هاتبوو و باسی لە ئاشوب دەکرد دوای دوازدە خەلیفەکان، بەڵام عەبدوڵای کوڕی عومەر بە ڕاشکاوی ئەمە نەگێڕاوەتەوە لە پێغەمبەری ڕێزدار، لە گێڕانەوەی یەکەمیشدا وشەی قوڕەیشی باس نەکردووە.

### ب_ فەرموودەکانی شیعە لەبارەی (دوازدە ئیمام)ەوە

ئەو فەرموودانەی شیعە کە دوازدە ئیمامییەکان هێناویانە وەك بەڵگە لەسەر تیۆرە نوێیەکەیان، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١_ لە صادقەوە: وتویەتی: باوکم بە جابری کوڕی عەبدوڵای ئەنصاری وت: من کارێکم پێتە و کەی بەلاتەوە باشە بەتەنها بت بینم و پرسیارت لەوبارەوە لێبکەم؟ جابر وتی: هەر کاتێك پێت خۆشە، جا لە چەند ڕۆژێك بەتەنیا بینی و پێی وت: ئەی جابری پێم بڵێ لەبارەی ئەو تابۆلیەی بینیت لە دەستی دایکم

---

(١) هەمان سەرچاوە، فەرموودەکە لە موسنەدی ئەحمەد (٣٩٨/١)دا هاتووە، عەبدوڵا بۆمانی گێڕایەوە وتی باوکم بۆمانی گێڕایەوە لە حەسەنی کوڕی موسا و ئەویش لە حەمادی کوڕی زەید لە موجالدی شەعبی لە مەسروقەوە وتویەتی: ئێمە لای عەبدوڵای کوڕی مەسعود دانیشتبووین و قورئانی بۆ ئێمە دەخوێندنەوە، پیاوێك لێی پرسی: ئەی باوکی عەبدوڕەحمان ئایا پرسیارتان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد کە ئەم ئوممەتە چەند خەلیفە و جێنشینی هەیە؟ عەبدوڵای کوڕی مەسعود وتی: لەوتەی هاتوومەتە عێڕاق هیچ یەکێك پێش تۆ ئەو پرسیارەی لێ نەکردووم و دواتر وتی: بەڵێ، پرسیارمان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووەو فەرمووی: (دوازدە جێنشین و خەلیفە بە ئەندازەی سەرۆك _ نەقیب _ەکانی نەوەی ئیسرائیل)،

فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا و دایکم چی پێ وتی لەبارەی ئەوی چی تابلۆیەدا نووسرابوو؟ جابر وتی: بەخوا گەواهی دەدەم کە من چوومە لای فاتیمەی دایکت و هێشتا پێغەمبەر ((ﷺ)) لە ژیاندا بوو و پیرۆزباییم لێکرد بە بۆنەی لە دایك بوونی حوسەین و بینیم تابلۆیەکی سەوزی لە دەستدایە، وامزانی لە بەردی زومرەدە و کتێبێکی سپیم تێدا بینی، بە ڕەنگی خۆر دەچوو، پێم وت: بە دایك و باوکم بە قوربانت بم ئەی کچی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) ئەو تابلۆیە چییە؟ وتی: ئەوە تابلۆیەکە خوای گەورە بە دیاری بە پێغەمبەری خوای ((ﷺ)) داوە، ناوی باوك و ناوی عەلی و ناوی کوڕەکەم و ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی کوڕەکەمی تێدایە، باوکم ((ﷺ)) وەك مژدەیەکی دڵخۆشکەر بەمنی داوە، جابر وتی دایکت دایە دەستی من و منیش خوێندمەوەو دانەم لەبەرگرتەوە، باوکم پێی وت: ئەی جابر دەتوانی پیشانم بدەی، جابر وتی: بەڵێ، باوکم لەگەڵی چوو بۆ ماڵە جابر و پەڕاوێکی لە ناو پێستەی تیانووسی دەرهێنا، باوکم بە جابری وت: تۆ تەماشای کتێبەکەی خۆت بکە با منیش بۆت بخوێنمەوە، جابر تەماشای دانەکەی خۆی کرد و هیچ پیتێکیان جیاواز نەبوو، جابر وتی بەخوا گەواهی دەدەم کە من بەوشێوەیە بینیم لە تابلۆیەکە نووسرابوو:

(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئەم کتێبە لە خوای باڵادەست و داناوەیە بۆ محەممەدی پێغەمبەرو ڕووناکی و نێرراو پەردە و بەڵگەی خوا کە جبریلی ئەمیندار لەلایەن پەروەردگاری جیهانیاوە، ئەی محەممەد ناوەکانم بە مەزن بگەر و ستایشی بەخششەکانم بکە و نکۆڵی لە نیعمەتەکانم مەکە، من ئەو خوایەم کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە من و تێکشکێنەری ستەمکاران و پشتیوانی ستەملێکراوان و دانەری ئاینم، من ئەو خوایەم کە هیچ خوایەك نییە

به حەق جگە لە من، هەر کەسێك بە هیوای جگە لە بەخشندەیی من یان ترسا لە جگە لە دادی من ئەوا بەشێوەیەك سزای دەدەم کە سزای هیچ یەکێك لە جیهانیان بەوشێویە نادەم و تەنها من بپەرستە و پشتیش هەر بەمن ببەستە، من هەر پێغەمبەرێکم نادربێت و ڕۆژەکانیم تەواو کامڵ کردبێت و ماوەکەیم تەواو کردبێت ئەوا جێگرەوەیەکم بۆ داناوە، من تۆم بە گەورەتر داناوە لە پێغەمبەران و جێگرەوەی تۆشم بە مەزنتر داناوە لە جێگرەوەکان، ڕێزدارم کردی بە دوو بەچکە شێرو نەوەکەت حەسەن و حوسەین، حەسەنم کردۆتەوە کانگای زانستەکەم لە دوای ئەوەی ماوەی تەمەنی باوکی تەواو بوو، حوسەینیشم کردۆتە گەنجینەی سروش و نیگای خۆم و ڕێزم لێگرتووە بە شەهید بوون و بەختەوەری ژیانی ئەوم کۆتایی پێ هێناوە، حوسەین باشترین کەسە کە شەهید بووبێت و لە هەموو شەهیدان پلە بەرزترە، فەرمایشت و بەڵگەی تەواوی خۆم لەلای حوسەین داناوە، بە هۆی ڕەچەڵەکی ئەو پاداشت و سزا دە بەشمەوە، یەکەمیان عەلی گەورەی بەندە چاکەکان و جوانی خۆشەویستە تێپەڕیوەکانە و کوڕی ئەو هاوشێوەی باپیرەتی کە سوپاسکراوە محەممەدی  باقر کە هەڵگری زانستی و کانگای دانایی منە، ئەوەی گومانی لە جەعفەر بێت تیادەچێت، ئەوەی بەرپەرچی بداتەوە وەك ئەوەی بەرپەرچی من بداتەوە، فەرمایشتی ڕاستی منە کە پایەداری دەکەم و خۆشحاڵی دەکەم لە ناو پشتیوان و لایەنگرانی، دوای ئەو موسا ئاشوبی کوێرانە و تاریکی ڕاماڵ، چونکە هێڵی پێویستی من ناپچڕێت و بەڵگەکەم ون نابێت و پشتیوانانم بە کاسەی پڕ خواردنەوەیان پێ دەدرێت، کەسێك نکۆڵی لە یەکێکیان بکات ئەوا نکۆڵی لە نیعمەتی منی کردووە، کەسێك ئایەتێکی کتێبەکەم بگۆڕێت ئەوا درۆی بە ناوی من کردووە، واوەیلا بۆ ئەوانەی شت هەڵدەبەست

بەدرۆ و نكۆڵی دەكەن دوای كۆتایی هاتنی ماوەی ژیانی موسای بەندە و خۆشەویشی من و چاكترین بەندەم لە ناو نەوەكانی عەلی و پیشتیوان و سەرخەری ئاینم، ئەوەی كە ئەركی پێغەمبەرایەتی دەخەمە سەر شانی و تاقی دەكەمەوە بەوەی ناخۆشی پێ بچێژێت و دێوێكی لووتبەر دەیكوژێت، لە شاری مەدینە بەخاك دەسپێردرێت كە بەندەی چاك بنیاتی ناوە لە پاڵ خراپترین بەدی هێنراوی خوا، فەرمایشتی من ڕاست و بەجێیە كە دڵخۆشی دەكەم بە محەممەدی كوڕی كە جێنیشن و میراتگری زانستی ئەوا لە دوای ئەو، محەممەد كانگای زانستا و نهێنی هەڵگر و بەڵگەی منە بەسەر بەندەكانمەوە، هەر بەندەیەك باوەڕی پێ بكات ئەوا بە بەهەشتی شاد دەكەم و دەیكەمە تكاكار بۆ حەفتا كەسی خانەوادەكەی كە شایەنی سزای ئاگرن، مۆری بەختەوەری بۆ عەلی كوڕی لێ دەدەم كە پشتیوان و سەرخەری ئاینەكەمە و گەواهیدەری منە لەسەر بەندەكانم و ئەمینداری سروشی منە، لە عەلیەوە بانگخوازی ڕێگەی خۆم دێنمە دەرەوە كە گەنجینەی زانستی منە ئەویش حەسەنە، ئەمەش بە كوڕی حەسەن (م ح م د) تەواو دەكەم كە ڕەحمەتە بۆ هەموو جیهان، تەواوی موسا و جوانی عیسا و ئارامی ئەیوبی هەیە، پشتیوانەكانم سەرشۆڕ دەكرێن لە سەردەمی محەممەدی كوڕی حەسەندا و كەللە سەریان دەكرێتە دیاری وەك چۆن كەللە سەر تورك و دیللەمەكان دەكرێنە دیاری و دەكوژرێن و دەسوتێنرێن و دەخنكێنرێن و ترس و لەرز دەیانگرێت، زەوی بە خوێنی ئەوان بۆیاخ دەكرێت و واوەیلا و هاوار لەناو ئافرەتەكانی ئەوانەدا بڵاو دەبێتەوە، بە ڕاستی ئەوانە پشتیوان و خۆشەویستی منن، بەهۆی ئەوانەوە هەموو ئاشوبێكی كوێرانەی تاریك لادەبەم و بەهۆی ئەوانەوە زەوی لەرزینەكان ئاشكرا دەكەم و كۆت و بەندەكان وەلادەنێم، ئەوانە لە

لایەن پەروەدگاریانەوە درودو ڕەحمەتی خوایان بەسەردا باریوەو ئەوانە ڕێنوێنی کراون)[1].

٢_ کلینی گێڕانەوەیەك دەهێنێت کە باس لەوە دەکات خدر چاوی بە میری باوەڕداران کردووەو پرسیاری لێکردووە لەبارەی مەسەلەیەك و دواتر ناوی دوازدە ئیمامەکانی پێ وتوە. کلینی لە باوکی هاشمی داودی کوڕی قاسمی جەعفەری دەگێڕێتەوە، ئەویش لە جەواد دەگێڕێتەوە کە میری باوەڕداران هاتە ناو مزگەوتی کەعبە و حەسەنی کوڕی عەلی لەگەڵ دابوو کە لەسەر شانی پاڵ دابووەوە، میری باوەڕداران دانیشت و پیاوێکی لێهاتوو و ڕووخسار جوان و پۆشتە ڕێك و پێك سڵاوی لە میری باوەڕداران کرد، ئەویش وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، کابراکە دانیشت و وتی: ئەی میری باوەڕداران لەبارەی سێ مەسەلە پرسیارت لێ دەکەم ئەگەر وەڵامی منت دایەوە ئەوا دەزانم کە خەڵکەکە ملکەچی فەرمانەکانتن کە بەسەریاندا سەپێنراوەو دڵنیا نین لە دونیا و دواڕۆژیان، ئەگەر نا دەزانی کە تۆ و ئەوان یەك بەرنامەی وەك یەکن. میری باوەڕداران پێی وت: چیت هەیە پرسیارکە؟ وتی: پێم بڵێ کاتێك مرۆڤ دەخەوێت ڕۆحەکەی بۆ کوێ دەچێت و مرۆڤ چۆن شتی دێتەوە یاد و بیری دەچێتەوە؟ و چۆن مرۆڤ بە مام و خاڵانی دەچێت؟ میری باوەڕداران ئاوڕی دایەوەو بە حەسەنی وت: باوکی محەممەد وەڵامی بدەرەوە، وتی: جا حەسەن وەڵامی دایەوە، پیاوەکە وتی: شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە و هەردەم ئەم گەواهییە دەدەم و شایەتی دەدەم کە محەممەد پێغەمبەری خوایە و هەمیشە ئەو شایەتیە دەدەم و شایەتی دەدەم کە تۆ ئیمامی جێگرەوەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و _ ئاماژەی بۆ

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٣.

حەسەن کرد _ بەڵگەی ئەو بەرپا دەکەی و شایەتی دەدەم کە حوسەینی کوڕی عەلی ئیمامی جێگرەوەی براکەیتی و بەڵگەکەی ئەو بەرپا دەکات و شایەتی دەدەم کە عەلی کوڕی حوسەین ئیمامە و کاری حوسەین بەرپا دەکات و شایەتی دەدەم کە محەممەدی  کوڕی عەلی ئیمامە و بەرپاکەری ئەرکی عەلی کوڕی حوسەینە و شایەتی دەدەم کە جەعفەری کوڕی محەممەد ئیمامە و بەرپاکەری ئەرکی محەممەد ە و شایەتی دەدەم لەسەر ئیمامەتی موسا کە ئەرکی جەعفەری کوڕی محەممەد بەرپا دەکات و شایەتی دەدەم لەسەر عەلی کوڕی موسا کە ئیمامە و ئەرکی موسا بەرپا دەکات و شایەتی دەدەم کە محەممەدی  کوڕی عەلی ئیمامە و بە ئەرکی عەلی کوڕی موساش هەڵدەستێت و شایەتی دەدەم لەسەر ئەوەی عەلی کوڕی محەممەد ئیمامە و بەرپاکەری ئەرکی محەممەدی کوڕی عەلییە و شایەتی دەدەم کە حەسەنی کوڕی عەلی ئیمامە و بەرپاکەری ئەرکی عەلی کوڕی محەممەد ە و شایەتی دەدەم لەسەر پیاوێك کە کوڕی حەسەنە نە نازناو نەناوی لێنانرێ تا دەردەکەوێت و زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕ کراوە لە ستەم و زۆرداری و سڵاو و ڕەحمەت و فەڕو بەرەکەتی خوات لێبێت ئەی میری باوەڕداران، دواتر کابرایەکە هەڵسا و چوو، میری باوەڕداران وتی: ئەی باوکی محەممەد بڕۆ شوێنی بکەوە بزانە بۆ کوێ دەچێت، حەسەنی کوڕی عەلی چوو و وتی: هەر کە پێیەکانی دانایە دەرەوەی مزگەوت نەمزانی بۆ چ شوێنێك چوو، حەسەن وتی: گەڕامەوە لای میری باوەڕداران و ئەمەم پێ ڕاگەیاند. میری باوەڕداران وتی: ئەی باوکی محەممەد کابراکە دەناسی؟ وتم: خواو پێغەمبەرەکەی و میری باوەڕداران زاناترن، وتی: ئەوە خدر بوو (سڵاوی خوای لێبێت)(١).

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١.

٣_ كلینی بە ڕێگایەکی تر لە جابرەوە دەگێڕێتەوە، ئەوەش دەخاتە سەری: (دوازدەم ژماردن و دواینیان مەهدییە، سێیان ناویان محەممەد ە و سێی تریان ناویان عەلییە)[١].

٤_ کلینی فەرموودەیەکی تری گێڕاوەتەوە لە سەلیمی کوڕی قەیس، ناوبراو وتویەتی: گوێبیستی عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەییار بووم دەیوت: ئێمە لا معاویە بووین، من و حەسەن و حوسەین و عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عومەری کوڕی دایکی سەلەمە و ئوسامەی کوڕی زەید، گفتوگۆیەك لە نێوان من و معاویەدا ڕوویدا و منیش وتم: گوێبیستی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بووم دەفەرموو: من بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لە پێشترم، دواتر براکەم عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لە پێشترە، ئەگەر عەلی شەهید بوو، ئەوا حەسەنی کوڕی عەلی بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشترە، دوای حەسەن حوسەینی کوڕم بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشترە، جا ئەگەر شەهید بوو ئەوا عەلی کوڕی حوسەین بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشترە و ئەی عەلی چاوت پێ دەکەوێت، دوای ئەو محەممەدی  کوڕی عەلی بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشترە و ئەی حوسەین تۆ پێی دەگەی، دواتر ناوی ئیمامەکانی تری هێنا کە لە نەوەی حوسەین بوون و دوازدەی تەواو بوون، صادق وتی: حەسەن و حوسەین و عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عومەری کوڕی دایکی سەلەمە و ئوسامەی کوڕی زەید،

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٩.

ئەوانە شایەتیان بۆدام لەلای معاویە سەلیم وتی: ئەمەم بیستووە لە سەلمان و ئەبو زەڕ و میقداد و وتویانە کە ئەوەیان لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بیستووە[1].

٥_ کلینی بە (معنعن: واتە لە فلأنی کوڕی فلأن...ەوە) گێڕاویەتیەوە تا دەگاتە باوکی توفەیلْ، گوایە ناوبراو ئیمامی عەلی بینیوە کە بە جولەکەیەکی وتوە: (ئەی هاڕونی محەممەد دوازدە ئیمامی دادگەری هەیە... ئەو دوازدە ئیمامە دادگەرە لەگەڵ محەممەد لە بەهەشتدا بەیەکەوە دەبن) جولەکەکە وتویەتی: ڕاستت وت بەو خوایەی هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلەو من ئەمەم بینیوە لە کتێبی هاڕونی باوکم، بە دەستی خۆی نووسیوەو موسای مامم سەرپەرشتی کردووە، وتی: پێم بڵێ... ئیمامی جێگرەوە محەممەد چەند لە دوا محەممەد دەژیەت؟ ئایا دمرێت یان دەکوژرێت؟ ئیمامی عەلی وتی: ئەی هاڕونی ئیمامی جێگرەوەی پێغەمبەر سی ساڵ لە دوای محەممەد دەژیەت بێ ئەوەی یەك ڕۆژ زیاد و کەم بێت، دواتر خەنجەرێك ئا لێرەی دەدرێت _ واتە: لە سەری دەدرێت _ بەمەش شوێنەکە بە خوێن سوور دەبێت، جولەکەکە هاواری کرد و بۆچوونی پێشووی خۆی فرێدا و دەیوت: گەواهی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن کە بێ هاوەڵە و گەواهی دەدەم کە محەممەد بەندە و پەیامبەری خوایە و تۆش ئیمامی جێگرەوە محەممەدی ، دەبێ سەرکەوی نەك ژێر بکەوی و گەورە ببی نەك لاواز[2].

٦_ کلینی لە عەلی کوڕی حوسەین گێڕاویەتیەوە، گوایە وتویەتی: خوای گەورە محەممەد و عەلی و یازدە لە کوڕەکانی عەلی لە نووری گەورەیی خۆی

---

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٤.

(٢) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٥ و ح رقم ٨.

بەدیهێناوە، ئەوانی وەك تارمایی لە ناو ڕووناکایی نووری خۆی هێشتەوە بەر لە بەدیهێنانی بەدیهێنراوان خوایان دەپەرست، ستایشی خوایان دەکرد و بە پیرۆزیان دادەنا، ئەوانە ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی پێغەمبەرن ((ﷺ))[1].

٧_ کلینی لە زورارەی گێڕایەوە کە وتویەتی: گوێبیستی باقر بووم دەیوت: دوازدە ئیمام لە ڕەچەڵەکی محەممەد و نەوەکانی عەلی هەموویان لەگەڵ فریشتە دەدوێن، عەلی کوڕی ڕاشید کە برای حوسەین بوو لە دایکی و نکۆڵی لەوە کرد، باقر گوێی لێبوو و وتی: جا کوڕی دایکت یەکێك بوو لەو ئیمامانە[2].

٨_ کلینی لە باقری گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: خوای گەورە محەممەدی ((ﷺ)) بۆ بەرەی مرۆڤ و پەری ڕەوانەکرد و دوای ئەویش دوازدە ئیمامی داناوە، هەیانە تێپەڕیوەو هەیانە لە ژیاندا ماوە، هەر ئیمامێك لەسەر ڕێ و شوێنێك بووە، ئیمامە جێگرەوەکانی محەممەد ((ﷺ)) لە دوای ئەو لەسەر ڕێ و شوێنی ئیمامەکانی عیسان کە دوازدە ئیمام بوون[3].

٩_ لە ئیمامی جەوادی گێڕاوەتەوە کە میری باوەڕداران بە عەبدوڵای کوڕی عەبباسی وتوە: شەوی قەدر لە هەموو ساڵێکدا هەیە، ئەندازەی کاروباری سەرتاپای ساڵەکە لەو شەوەدا دادەبەزێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئەندازەیە و بەڕێوەبردنی ئەم کارانە ئیمام هەن لە دوای پێغەمبەری خوا ((ﷺ))، عەبدوڵای

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٦.

(٢) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٧.

(٣) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٠.

کوڕی عەبباس وتی: ئەو ئیمامانە کێن؟ وتی: من و یازدە لە کوڕو نەوەکانم کە ئیمامن و فریشتە قسەیان بۆ دەکەن[1].

١٠_ کلینی لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) گێڕاوەتەوە کە بە هاوەڵانی وتوە: باوەڕ بە شەوی قەدر بێنن، چونکە بۆ عەلی کوڕی ئەبو تالیب و یازدە لە کوڕەکانی دەبێت لە دوای من[2].

١١_ گوایە میری باوەڕداران ڕۆژێك بە ئەبو بەکری وتوە: (وا مەزانە ئەوانەی لە پێناوی خوادا کوژراون مردوون، بەڵکو زیندوون لەلای خوا ڕزق و ڕۆزیان پێ دەدرێت) و شایەتی دەدەم کە محەممەدی  پێغەمبەری خوا بە شەهیدی مردووە، بەخوا فریشتەی گیان کێشان بۆ لای تۆش دێت و دڵنیابە شەیتان ناتوانێت خۆی لە شێوەی فریشتەی گیان کێشان خۆی بۆت بنوێنێت، عەلی دەستی ئەبو بەکری گرت و پیشانی پێغەمبەری دا ((ﷺ))، پێغەمبەر ((ﷺ))[3] فەرمووی: ئەی ئەبوبەکر باوەڕ بە عەلی و یازدە لە کوڕەکانی بهێنە، ئەوانە وەك منن تەنها لە پێغەمبەرایەتیدا نەبێت، تۆبە لەوە بکە کە کاری بۆ دەکەیت، چونکە هیچ مافێکت تێدا نییە، وتی چوو و دووبارە نەبینرایەوە[4].

---

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١١.

(٢) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٢

(٣) گوایە پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بووەتەوە ئینجا ئەمەی بە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووە. هەروەك وەرگێڕ لە بەشی پازدەمدا ئاماژەی پێدەکات و پوچەڵییەکەی دەسەلمێنێت. (وەرگێڕ).

(٤) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٣.

١٢_ له زوراره‌وه گێڕدراوه‌ته‌وه كه‌ وتویه‌تی: گوێبیستی باقر بووم ده‌یوت: دوازده‌ ئیمام له‌ ڕه‌چه‌ڵه‌كی محه‌ممه‌د ن و هه‌ر هه‌موویان له‌گه‌ڵ فریشته‌ ده‌دوێن، ئه‌و ئیمامانه‌ له‌ نه‌وه‌ی كوڕی پێغه‌مبه‌ری خوان ((ﷺ))[١].

١٣_ به‌هه‌مان شێوه‌ له‌ زوراره‌وه‌ هاتووه‌، وتویه‌تی: له‌ دوای حوسه‌ینی كوڕی عه‌لی نۆ ئیمام دێن حه‌وته‌میان مه‌هدییه‌[٢]. له‌ ده‌بڕینێكی تردا هاتووه‌: ئێمه‌ دوازده‌ ئیمامین كه‌ بریتین له‌ حه‌سه‌ن و حوسه‌ین و دواتر ئیمامه‌كانی ڕه‌چه‌ڵه‌كی حوسه‌ین[٣].

١٤_ له‌ گێڕانه‌وه‌یه‌كی تردا هاتووه‌ له‌ صادقه‌وه‌، گوایه‌ وتویه‌تی: كاتێك حوسه‌ین كوژرا ئه‌وا ئاسمانه‌كان و زه‌وی ئه‌وه‌ی له‌ سه‌ریانه‌ و فریشته‌ هاواریان كرد و وتیان: په‌روه‌ردگارمان ڕێگه‌مان پێ بده‌ تا به‌دیهێنراوان له‌ناوبه‌رین و زه‌وی له‌و كه‌سانه‌ پاك بكه‌ینه‌وه‌ كه‌ بێ ڕێزیان له‌ به‌رامبه‌ر پیرۆزیی و سنووره‌كانت ده‌كه‌ن و پاڵێوراوه‌كه‌تیان كوشت، خوای گه‌وره‌ سروشی بۆیان نارد و فه‌رمووی ئه‌ی فریشته‌كانم و ئه‌ی ئاسمانه‌كانم و زه‌وییه‌كه‌م ئارام بن، دواتر په‌رده‌یه‌كی له‌ په‌رده‌كان هه‌ڵدایه‌وه‌ محه‌ممه‌د ((ﷺ)) و دوازده‌ ئیمامی جێگره‌وه‌ی له‌ ژێردابوو ، له‌ نێوانیاندا ده‌ستی یه‌كێكی گرت و فه‌رمووی: ئه‌ی فریشته‌كانم و ئه‌ی ئاسمانه‌كانم و زه‌ویه‌كه‌م به‌وه‌ تۆڵه‌ی حوسه‌ین ده‌كه‌مه‌وه‌ _ سێ جار ئه‌مه‌ی دووپات كرده‌وه‌ _[٤].

---

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٤.

(٢) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٥.

(٣) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٦.

(٤) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٩.

١٥_ له سه‌ماعه‌ی كوڕی مه‌هرانه‌وه هاتووه، كه وتویه‌تی: من و باوكی به‌صیرو محه‌مه‌مه‌دی كوڕی عیمرانی خزمه‌تكاری باقر له ماڵه‌كه‌ی بووین له شاری مه‌ككه، محه‌مه‌مه‌دی كوڕی عیمران وتی: گوێبیستی صادق بووم ده‌یوت: ئێمه دوازده ئیمامین كه فریشته قسه‌مان بۆ ده‌كات، باوكی به‌صیر پێی وت: ئه‌مه‌ت له صادقه‌وه بیستووه؟ جارێك یان دوو جار سوێندیدا كه ئایا له صادقه‌وه بیستویه‌تی؟ باوكی به‌صیر وتی: به‌ڵام من له باقر بیستوومه[1].

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٢٠.

## دەروازەی دووەم

## بەمردوویی لە دایکبوونی.. تیۆری خۆپارێزی و چاوەڕوانی

بۆ ڕەچاوکردنی ڕاست و دروستی ئەم فەرموودانە یان لاوازبوونیان، ئەوا تیۆری (دوازدە ئیمامی) بە گرنگی و تەواوی جیاواز بوو لە تیۆری (ئیمامەکان)، بەوەی تیۆری ئیمامەت لە دەوری ئیمامەکانی ئال و بەیت دەسوڕایەوە کە بە شێوەیەکی دیار ئامادە بوون و لە ژیاندا بوون، پێشی وابوو ئەوانە لە پێشترن بۆ حوکمڕانی و جێنشینایەتی لە حوکمڕانانی ئەمەوی یان عەبباسی، دەشڵێت ئەو ئیمامانە لەلایەن خواوە دیاریکراون و سەرچاوەی ئایین و فیقه و ڕاڤەی قورئا (تەفسیر)ن، لە کاتێکدا تیۆری (دوازدە ئیمامی) دەسوڕایەوە لە دەوری ئیمامێکی پەنهان کە هیچ شوێنەوارێکی لە ژیاندا نەبوو ئەویش (ئیمامی دوازدەم محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەرییە) کە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێت کە لە بارودۆخێکی نهێنی دا لە دایک بووەو لە ئایندەدا دەردەکەوێت. ئەمەش وای کرد (دوازدە ئیمامییەکان) پەیوەندییان نەمێنێت بە بەردەوامی بە سەرچاوەی زانستی خوایی، بەمەش لە ناو کەلەپوری ئال و بەیتدا تەنها هەواڵی تاقانە (ئاحاد)یان بەدەستما کە زۆر لاواز تر بوون لەو گێڕانەوانەی ئەهلی سوننە لە پێغەمبەر محەممەدیان ((ﷺ)) گێڕاوەتەوە[1]. و نەیتوانی لەگەڵ کاروانی ڕووداو و پێشهاتەکان بڕوات بەهۆی پشت بەستنی بەم فەرموودە دەستکورتانە، جا هەموو

---

(١) زانایانی کەسناس و فەرموودەناسەکانی شیعە هەڵسان بە بەلاواز دانانی زۆربەی گێڕانەوەکانی (کلینی) واتە: نزیکەی ٩٥٠٠ گێڕانەوەیان بەلاواز دانا لە ١٦٠٠٠ گێڕانەوەدا، تەنها ٢٠٠٠ بە ڕاست و صەحیح دانا، هەندیك لە زانایان هێشتا هەندێکی تریش بەلاواز دادەنێن، بۆ زانیاری کتێبی (الکافی) بە یەکێك لە ڕاسترین کتێبەکانی فەرموودە دادەنرێت لەلای دوازدە ئیمامییەکان.

ئەو شتانە وای کرد تیۆری (دوازدە ئیمامی) واتای سیاسی و زیندووی خۆی لە دەستبدات، واتە: بە مردوویی لە دایك بوو و نەیتوانی بەردەوام بێت لە ژیاندا.

لە دوای داننانی شیعە دوازدە ئیمامییەکان بە هەبوونی ئیمامی دوازدەم (محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و پەنهان بوونی چووە ناو قۆناغێکی ترەوە کە ناوی نا قۆناغی (چاوەڕوانی) واتە: چاوەڕوانی ئیمامی پەنهان (ئیمامی دوازدەم). لەو قۆناغەدا خۆیان بە ڕەهایی لە هەموو چالاکییەکی سیاسی بە دوورگرت، بەمەش شۆڕش کردنیان بە حەرام زانی دژی ستەمکاران و دامەزراندنی دەوڵەتیشیان بە ناڕەوا دانا تەنها لە دوای دەرکەوتنی (ئیمامی پارێزراو نەبێ کە لەلایەن خواوە دەقی لەسەر هاتووە). هەموو ئەو شتانەیان پەکخست کە پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە وەك: کۆکردنەوەی پێنج یەك (خمس) و زەکات و سزاو سنوورەکان و ئەنجامدانی نوێژی هەینی و تێکۆشان (جیهاد)[1].

شێخ محەممەدی کوڕی ئەبو زەینەبی نوعمانی (٣٤٠ك مردووە) وتویەتی: (وەسیەت و ئیمامەت بە فەرمانی خوایە و بە دیاریکردنە لەلای ئەو، بە دەست بەدیهێنراوان و ویستی ئەوان نییە، جا کەسێك یەکێك وەك ئیمام هەڵبژێرێت کە جیاواز بێت لەوەی خوا هەڵیبژاردووەو سەرپێچی فەرمانی خوای کرد، ئەوا وەك ستەمکاران و دووڕووان هەژمار دەکرێت کە جێگایان دۆزەخە). و حەڤدە

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: بەندی یەکەم لە بەشی سێیەمی کتێبەکەمان: گەشەندنی فیکری سیاسی شیعە.

گێڕانەوەی هێناوە لەبارەی پێویستی خۆپارێزی (توقیە) و چاوەڕوانی و قەدەغە بوونی دەرچوون و ڕاپەڕین لە (سەردەمی پەنهانی ئیمام)دا[1].

شێخ صدوق (٣٨١ك مردووە) وتی: (خۆپارێزی _ توقیە _ لەسەرمان پێویستە لە ناو دەوڵەتی ستەمکاردا، کەسێك فەرامۆشی بکات ئەوا سەرپێچی ئاینی ئیمامییەکانی کردووەو لێی دەرچووە.... خۆپارێزی _ توقیە _ پێویستە و نابێت فەرامۆش بکرێت تا ئەو کاتەی مەهدی دەردەکەوێت، کەسێك فەرامۆشی بکات ئەوا سەرپێی خواو پێغەمبەرو ئیمامەکانی کردووە، پێویستە باوەڕ بەوە بهێنرێت کە بەڵگەی خوا لەسەر زەوی و جێنشینی ئەو لەسەر بەندەکانی لە سەردەمی ئێمە ئیمامی مەهدی کوڕی حەسەنی چاوەڕوانکراوە... پێویستە بڕوا وابێت کە هەر چەندە مەهدی پەنهان بێت ئەوا کەسێکی تر جگە لەو نابێتە

---

(١) النعماني، الغيبة ٥٧ و ٢٠١، یەکێك لەو گێڕانەوانەی کە نوعمانی پشتی پێ بەست لە برەودان بە تیۆری چاوەڕوانی ئیمام، ئەوەیە کە لە باقری گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (دانیشە و مەجوڵێ، هەرگیز دەست و پێت مەجوڵێنە تا هەندێك نیشانە نەبینی کە بۆت باس دەکەم... و ئاگاداربە و خۆت دووربگرە لەوانەی لە ڕێبازی ئالی محەممەد یان لاداوە، چونکە ئالی محەممەد و عەلی ئاڵایەکیان هەیە و خەڵکی تر چەندین ئاڵایان هەیە، دانیشە و شوێن هیچ یەکێکیان مەکەوە تا پیاوێك دەبینی لە نەوەی حوسەین کە پەیمان و ئاڵا و چەکی پێغەمبەری پێیە... ئەوا شوێنی بکەوە بۆ هەتا هەتا و خۆشت دوور بگرە لەوەی پێم وتی). و (هەر ئاڵایەك بەرز بکرێتەوە بەر لە ئاڵای مەهدی ئەوا خاوەنەکەی یاخی بوو و تاغوتێکە جگە لە خوا دەپەرسترێت). و (هەر پەیمان و بەیعەتێك پێش بەیعەتی ئیمامی مەهدی ئەوا پەیمان و بەیعەتی بێ باوەڕی و دووڕوویی و فێڵ و تەڵەکەیە). و (بەخوا هیچ یەکێکمان ڕاناپەڕێت و دەرناچێت بەر لە دەرکەوتنی مەهدی ئەوا وەك ئەو بێچوە باڵندەیەی لێدێت کە لە هێلانەکەی دەفرێت بەر لەوەی باڵەکانی پێ بگەن و بەمەش منداڵان دەیگرن و یاری و گاڵتەی پێ دەکەن) .

ئیمام، ئەگەر چی بە ئەندازەی تەمەنی دونیاش هەر ون بێت ئەوا هەر کەس جگە لەو نابێتە ئیمام)[1].

ئا لێرەوە زانا کەلامییە بەرایەکانی (دوازدە ئیمامی) ڕەتیان کردەوە داوا لە موعتەزیلەکان و شیعەی زەیدی بکەن کە دان بنێن بە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) لە ژێر سێبەری (پەنهان بوونی گەورەدا) بە بەڵگەی ئەوەی شەرعناس پارێزراو نییە و لەلایەن خواوە دیاری نەکراوە، هەروەها تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) لەگەڵ تیۆری (ئیمامەتی خوایی) تێك دەگیرێت.

سەرباری ئەوەی شیعە دوازدە ئیمامییەکان لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی ژیانیان دەگوزەراند لە ژێر سایەی دەوڵەتی بوەیهی شیعە (کە زەیدی بوون)، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی تیۆرێکی هاوچەرخی سیاسی بێننە کایە کە وەڵامی پێداویستییەکانی ژیان بداتەوە، بەڵکو سور بوون لەسەر ئەوەی تیۆری (چاوەڕوانی) نەرێنی پتەو بکەن و دووبارە بکەنەوە لە سەرجەم کتێبە فیکری و فیقهییەکانیاندا. و تەنانەت کاتێك دەوڵەتی صەفەوی لە سەدەی دەیەمی کۆچی دامەزرا، ئەوا هەندێك لە شیعەکان هەر بەردەوام بوون لەسەر هەڵوێستی چاوەڕوانی نەرێنی ئیمامی پەنهانی چاوەڕوان کراو، وەك یەکێك لە پێویستییەکانی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و ڕەتیان کردەوە بێنە ناو دەوڵەتی صەفەوی، هەر چەندە شێخ عەلی عەبدولعالی کەرکی پشتی گرت، بە پشت بەستن بە تیۆری (شەرعناسان نوێنەری گشتی ئیمامی پەنهانن) و شێخی ناوبراو لە ژێر

(١) الصدوق، الهداية ٤٧.

ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا ڕێگەی بەخۆدا جۆرێك لە شەرعیەت بە باڵای دەوڵەتی صەفەویدا بکات. هەندێك لە زانایان پێیان وابوو کە ئەم هەوڵەی صەفەوییەکان _ کەرکی _ کودەتایەکە بەسەر گرنگترین بنچینەکانی تیۆری ئیمامییەکان، هەر لە بە مەرجدانانی پارێزراوی و دەق لەسەر ئیمام، ئەمەش داگیر کردنی ڕۆڵی (ئیمامی پارێزراو: مەهدی چاوەڕوانکراوی پەنهان) بوو[1].

بەهەمان شێوە ئەم هەڵوێستە نەرێنیە لە بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەت لە (سەردەمی پەنهانی)دا درەوشایەوە لە سەدەی سێزدەمی کۆچی لە هەڵوێستی شێخ محەممەد حەسەنی نەجەفی خاوەنی کتێبی (جواهر الکلام)، ناوبراو هاوچەرخی دوا ڕۆژەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەڵام شێخ بیری لە شۆڕش کردن نەکردەوە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەتی شیعە لە عێراقدا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ناوبراو باوەڕی وابوو کە ناکرێت دەوڵەت لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا دابمەزرێت تا دەرکەوتنی دەوڵەتی ڕاستی و دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی (کە تەنها بەهۆی ئەوە خۆی پەنهان کردووە کە مەترسی لە خۆی هەبووە) هەروەك وا دەڵێت. بەم پێیە نوجەیفی گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە چاوەڕوانی پێویستە و دەبێت ئەو چاوەڕوانیە بەردەوام بێت تا کاتی دەرکەوتنی

---

(١) شێخ ئیبراهیمی قوتەیفی ئەم ڕەوتەی بەرێوە دەبرد، ناوبراو فەتوای دا کە نوێژی هەینی حەرامە بە پێچەوانەی شێخ کەرکی کە فەتوای دا نوێژی هەینی ڕێپێدراوە. شێخ قوتەیفی پەیامێکی تایبەتی نووسی لەبارەی حەرام بوونی (خەراج) وەك بەرپەرچێك بۆ شێخ کەرکی و ناوی نا: (السراج الوهاج لدفع عجاج قاطعة اللجاج) و مەقدەسی ئەردەبیلی پشتی گرت و هەڵسا بە نووسینی (تعلیقات علی خراجیة المحقق الثاني).

**مەهدی، هەروەها دروست نییە دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی (پەنهان بوون)دا دابمەزرێت و بەڵکو ناکرێت دابمەزرێت[1].**

**هەڵوێستی نەرێنی بە هەمان شێوەو لە کۆتاییدا ڕەنگی دایەوە لەوەی (سەرچاوەی ئاینی: مەرجەعیەتی دینی) شیعە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم (لە سەردەمی زانای گەورە سەید موحسین حەکیم) لە بەرامبەر دانانی (حیزبی دەعوەی ئیسلامی) کە کۆمەڵێك گەنج ڕایانگەیاند لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە شێخ موحسین حەکیم و زانا گەورەکانی تریش جگە لەو باوەڕیان بە تیۆری چاوەڕوانی و حەڕام بوونی کاری سیاسی هەبوو، پێیان وابوو تەنها دەبێت کاری ئاینی بکرێت[2].**

---

(١) جا لە بەشی (دادوەری) لە کتێبی (جواهر الكلام) وتویەتی: (ئیمامەکان ڕێگەیان بە شەرعناسان نەداوە لە کاتی پەنهان بوونی ئیمام کە هەندێك شت بکەن کە دەزانن پێویستیان پێ نییە، تێکۆشان کە پێویستی بە دەسەڵات و هێزو ئەمیر هەیە و هاوشێوەی ئەمانە کە دەست کورتە تیایدا تا ئەو کاتەی دەوڵەتی ڕاستی دەردەکەوێت).

(٢) دامەزرێنەری حیزبی دەعوە سەید محەممەد باقر صەدر پەیامێکی نووسی لەبارەی پێشنیاری حیزب و بنیاتنانی لەسەر بنەڕەتی ڕاوێژ، ناوبراو ئەو پەیامەی خستەروو بۆ مامۆستایانی بازنەی زانستی وەك: شێخ حوسەین حیلی و سەید محسن حەکیم و سەید ئەبو قاسمی خوئی و شێخ مورتەزای ئالی یاسین، ئەوانە بە تووندی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتیان لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمامدا ڕەتکردەوە، ئەمەش وای کرد قەیرانێکی فیکری بێتە کایە لەلای صەدر و لە حیزب بکشێتەوە. صەدر لەسەر ئەم قەیرانە دواوە لە نامەیەکی دا کە بۆ سەید محەممەد باقری حەکیم لە تەمووزی ١٩٦٠ ناردبووی و تیایدا وتویەتی: (ئەمەی بۆ دروستبووە لە کاتی پێداچوونەوەی بۆ بنەماکانی حوکمە شەرعییەکانی ئەم ئایەتە: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ﴾ الشورى: ٣٨. واتە: "کاروباریان هەردەم بە ڕاوێژە" کە لە گرنگترین بنچینەکانی حوکمە شەرعییەکانە، بەبێ ئەم بنچینەیە هەرگیز ناکرێت کار لە پێناو بنەماکانی حوکمە شەرعییەکان بکرێت، جا ئەگەر کێشەکە چارەبوو ئەوا هەڵوێستی شەرعیمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێت، هەر کە ئەو ساتانەم بەسەردا تێپەڕ دەبن هەست دەکەم بە پێویستی دەرکەوتنی مەهدی چاوەڕوانکراو _ درودی خوای لێبێت _ دەکەم، بەردەوام لە خوا دەپاڕێمەوە کە

تیۆری چاوەڕوانی نەرێنی ئیمامی پەنهان (ئیمامی دوازدەم) ڕەنگی دایەوە لەسەر هەڵوێستی شیعە دوازدە ئیمامییەکان لە بەرامبەر (یاسای فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە) ئەمە بووە هۆی دیاردەی سەرهەڵدانی پاشەکشەی سیاسی لەلای کەرتێکی فراوانی شیعەی دوازدە ئیمامی، بەشداربوونی جەماوەری لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لاواز بوو. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕوون وێناکرا لەوەی کۆمەڵێك لە شەرعناسان کە جڵەوی (ڕابەرایەتی _ مەرجەعیەتی _ گشتی شیعە)یان بە دەست بوو خۆیان دووربگرن لە کاری سیاسی یان ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمکارو زۆردارەکان.

هەروەك تیۆری چاوەڕوانی کە ئەو زانایانە پێیەوە پابەند بوون کاریگەری هەبوو لەسەر مەسەلەی بەرپاکردنی سنوورو سزاکان لە سەردەمی پەنهانی دا، بەرپاکردنی سنوورو سزاکانیان بەستەوە بە دەرکەوتنی مەهدی پەنهان، شێخ

---

ڕاستی بابەتەکەم پیشان بدات و سەرکەوتووم بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە... بە هەر حاڵ بارودۆخی دەروونی من لەبەر ئەمە شڵەژاوەو لەوپەڕی دوودڵی دام).

سەید محەممەد باقری حەکیم لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری (قضايا إسلامية) بڵاوی کردۆتەوە باسی ئەوەی کردووە: گومان هەبوون لە واتای ئایەتی ڕاوێژ (شوری) وای لە شەهید صەدر کرد کە گومانی هەبێت لە دروستی کاری حیزبی کە بە تێڕوانینی ئەو هیچ واتایەکی نەبوو ئەو کات، مەگەر بانگەوازی بۆ بنیاتنانی حوکمی ئیسلامی بکات، جا ئەگەر تیۆرەکە لەبارەی هەڵسانی حوکمی ئیسلامی ڕوون نەبێت ئەوا چۆن دەکرێت ڕێکخستنێك بهێنرێتە کایە کە کار بکات بۆ ئەو ئامانجە بێ ئەوەی خودی ئامانجەکە ڕوون بێت؟. چوونە دەرەوەی شەهید صەدر لە حیزبی دەعوەی ئیسلامی بەهۆی گومانێکی شەرعیەوە بوو... هیچی تر شەهید صەدر باوەڕی بە پێویستی هەبوونی حوکمی ئیسلامی نەبوو، بۆیە کارەکانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی بە پێویست نەزانی کە دامەزرابوو بە مەبەستی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی.

الصادق الوعد، صفحات من حياة الداعية المؤسس الحاج محمد صالح الأديب ٦٨، منشورات حزب الدعوة، ومذكرات السيد المهدي الحكيم، والنعماني، محمد رضا: الشهيد الصدر سنوات المحنة وأيام الحصار ١٤٦، الطبعة الأولى قم، والخرسان، صلاح: حزب الدعوة ١١٤.

توسی وتی: (سەبارەت بە بەرپاکردنی سزاو سنوورەکان... ئەوا بۆ هیچ یەکێك نییە جێبەجێیان بکات جگە لە ئیمامی سەردەم نەبێت کە لەلایەن خواوە دیاریکراوە یان ئەو کەسە دەبێت جێبەجێی بکات کە ئیمام دیاریکردووە، بۆ هیچ کەسێك نییە جگە لە ئیمام و بریکارەکەی سزاو سنوورەکانی جێبەجێ بکات)[1].

شیعە دوازدە ئیمامییەکان بە درێژایی مێژوو کۆدەنگ بوون لەسەر حەرام بوونی تێکۆشان (جیهاد)ی بەرایی لە سەرەمی پەنهان بووندا، جا شێخ توسی لە کتێبی (المبسوط) لەبارەی پێویست بوونی تێکۆشان دەڵێت: تێکۆشان دروست نییە تا دەرکەوتنی ئیمامی دادگەر کە دروست نییە جەنگ بێ فەرمانی ئەو بکرێت و ڕەوا نییە بێ ئەو ئیمامە تێبکۆشن و جیهاد بکەن یان بێ نوێنەری ئیمام کە ئیمام ئەوی داناوە بۆ ڕاییکردنی کاروباری موسڵمانان، توسی وتویەتی: دروست نییە جەنگ بکرێت لەگەڵ دوژمنان ئەگەر ئیمام یان نوێنەری ئیمام ئامادە نەبێت و وتویەتی: (تێکۆشان لەگەڵ حوکمڕانە ستەمکارەکان یان بێ ئیمام هەڵەیەکە بکەرەکەی پێی گوناهبار دەبێت، ئەگەر ئامانجەکەی پێکا ئەوا پاداشتی وەرناگرێتەوە ئەگەر خۆی پێکرا ئەوا گوناهبار دەبێت). تەنها ئەو حاڵەتەی جیاکردۆتەوە کە بەرگری کردنە لە خۆو لە سنووری ئیسلام و باوەڕداران، ئەمەش کاتێك دوژمنێك کتوپڕ بەسەر موسڵمانانی دادا و ترسیان لە لەناوچوونی ئیسلام هەبوو[2].

سەرەڕای ئەو لایەنە سیاسیانەی کە دوازدە ئیمامییەکان هەڵیان پەسارد لە سەردەمی پەنهانی و چاوەڕوانی دا، ئەوا بەهەمان شێوە لایەنە دارایی و

(١) الطوسي، النهاية ٢٨٤.

(٢) الطوسي، المبسوط ٢٨١.

ئابوورییەکانیشیان هەڵپەسارد کە پەیوەندی هەبوو بە دەوڵەتەوە وەك: زەکات و پێنج یەك (خومس) دەستکەوت و خەراج و هاوشێوەی ئەمانە... و بەتایبەت هەندێك لایەنی خەرجی، ئەویش ئەو لایەنانەیە کە پەیوەندییان بە کاروباری دەوڵەت و (ئیمام)ەوە هەیە ئەوا مۆڵەتیان بە خودی کەسەکەدا کە بە خۆی زەکاتەکەی دەربکات و دابەشی بکات، ئەمەش لەو کاتەی کە ئیمام و نوێنەرەکانی ئامادە نەبن و ئەستەم بێت زەکاتەکە بگەیەنرێتە دەستی ئیمام و نوێنەرەکەی. و پشکی تازە موسڵمانبووەکان (المؤلفة قلوبهم) و تێکۆشان لە پێناوی خوادا (وفي سبيل الله) فەرمانبەرانی زەکاتیان لە زەکات لادا.

لەگەڵ داڕووخانی تیۆری دەوڵەت لە فیکری سیاسی شیعەی دوازدە ئیمامی و بە حەڕام دانانی دامەزراندنی دەوڵەت لە سەردەمی پەنهانی دا، ئەوا شەرعناسان لە سێ ڕووەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بابەتی زەکاتدا کرد، لە ڕووێکەوە زەکاتیان بە فەڕز دانا، لە ڕووێکی ترەوە فەرمانیان بەوانە کرد کە زەکاتیان لەسەر پێویستە زەکات دەربکەن و بەخۆیان دابەشی بکەن بەهۆی نەبوونی ئیمامی شەڕعی. و لە ڕووی سێیەمەوە پشکی تازە موسڵمان (المؤلفة قلوبهم) و تێکۆشان لە پێناوی خوادا (وفي سبيل الله) فەرمانبەرانی زەکاتیان لادا.

ئا بەم شێوەی خرایەڕوو کوڕی حەمزە لە کتێبی (الوسيلة إلى نيل الفضيلة) و کوڕی ئیدریس لە کتێبی (السرائر) و زانای لێکۆڵەر حیللی نەجمەدین جەعفەری کوڕی حەسەن لە کتێبی (شرائع الإسلام) و (المختصر النافع) و میقدادی کوڕی عەبدوڵای سیوری حیللی لە کتێبی (کنز العرفان في فقه القرآن) فەتوایاندا.

سەربارەت بە بابەتی دەستکەوتەکان (ئەنفال) کە قورئانی پیرۆز بە دەق بۆ خواو پێغەمبەری داناوە، ئەوا شیعە ئیمامییەکان پێیان وابوو کە ئەو دەستەکەوتە بە تەواوی بۆ ئەو ئیمامەیە کە لە جێگەی پێغەمبەرە وەك چۆن پێشتر کە پێغەمبەر لە ژیاندا بووە بە تەواوی بۆ ئەو بووە، بۆیە هیچ کەسێك نییە دەستکاری دەستکەوتەکان بکات بێ مۆڵەتی ئیمامی دادگەر، هەر کەسێك دەستکاری بکات و کاری پێ بکات ئەوا چوار لە پێنج بۆ ئەوەو پێنج یەکیش بۆ ئیمامە. لەبەر ئەوەی (ئیمامی دادگەر) لە تێگەیشتنی ئیمامییەکان واتە: (ئیمامی پارێزراو کە لەلایەن خواوە دیاریکراوە) و لەوەتەی کۆچی دوایی کردنی ئیمام حەسەنی عەسکەری ٢٦٠ك ئەو ئیمامە بریتییە لە (ئیمامی دوازدەم محەممەدی مەهدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) کە لە ساڵی ٢٥٥ك لەدایکبووەو تا ئەمڕۆ پەنهان و ونبووە، بەم پێیە ناوبراو دەبێتە خاوەنی ڕاستەقینەی دەستکەوتەکان و پێنج یەك (خومس): یاسایەکی تایبەتە جگە لە زەکات شیعەکان بەسەر دەستکەوت و قازانجەکان دەیسەپێنن و پێیان وایە دەبێت بیدەنە خواو پێغەمبەرو ئیمام و هەتیو و نەدار و ڕێبوارانی نەوەی هاشم، پشکی خواو پێغەمبەرو خزمان پێویستە بدرێتە ئیمام (کە بەرجەستەکەری خزمانی پێغەمبەرە) و ئەمڕۆ ئەو کەسە (ئیمامی مەهدی چاوەڕوانکراوە)، هەروەك دەبێت سێ پشکەکەی تریشی پێ بدرێت: پشکی هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران، بۆ ئەوەی بەسەر هەتیو هەژارو ڕێبوارەکانی نەوەی هاشم دابەش بکات[1].

پابەند بوون بە تیۆری (چاوەڕوانی) بووە هۆی کەوتنە ناو قەیرانێکی توندەوە لە بابەتی پێنج یەك (خومس) و دەستکەوتەکان (ئەنفال) لە سەردەمی

---

(١) بگەڕێوە بۆ: الطوسي، النهاية ٢٦٥.

پەنهان بوونی ئیمامدا، جا لە ڕوویێکە: ئیمامی مەهدی تاکە کەسە کە خاوەنی پێنج یەك و دەستکەوتەکانە، هەر خۆی مافی هەیە وەری بگرێت و دابەشی بکات، لە ڕوویێکی ترەوە: هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ گەیشتن بە مەهدی بە مەبەستی پێدانی مافەکەی، هەروەها هیچ دەقێکیش لە مەهدییەوە نەهاتووە لەبارەی دابەشکردن و چۆنیەتی ڕەفتار تێداکردنی لە سایەی پەنهان بوونی ئیمامدا. ئا لێرەوە شەرعناسان سەریان سوڕما لە هەمبەر حوکمی پێنج یەك و دەستکەوتەکان، شێخ موفید لە کتێبی (المقنعة)دا وتویەتی: (کۆمەڵێك لە هاوەڵانمان لەم بارەوە لە سەردەمی پەنهانی دا ڕاجیاییان تێکەوت و هەر یەکەیان بۆچوونێکی هەبوو: هەیان بوو لەبەر پەنهان بوونی ئیمام و ڕێگە پێدانی ئەو هەواڵانەی پێشتر لەو بارەوە هاتوون فەرز بوونی دەرکردنی پێنج یەك "خمس" و دەستکەوت "ئەنفال"یان پەکخست. هەیانە لە گەنجینە و خەزێنەکان بە پێویست دەزانێت، هەواڵێك کە هاتووە تەئویل دەکات: "لە کاتی دەرکەوتنی ئیمام گەنجینە و خەزێنەکان دەردەکەون، ئەگەر ئیمام _ سڵاوی خوای لێبێت _دەرکەوت ئەوا خودا شوێنی خەزێنەکانی پیشان دەدات، ئەویش خەزێنەکان لە هەر شوێنێك بێت دەیبات". هەشیانە پێی وایە پەوەنی هەیە لەگەڵ ڕەچەڵەك هەژارانی شیعە بە هاوەڵگەری. هەشیان بوو پێی وابوو کە جیا بکرێتەوە بۆ ئیمامی مەهدی، جا ئەگەر مەترسی مردنی خۆی کرد بەر لە دەرکەوتنی ئیمام ئەوا ماڵەکەی دەسپێرێت بەو کەسەی باوەڕی بە دیندارییەکەی هەیە، تا بیگەیەنێتە دەستی ئیمام ئەگەر گەیشتە کاتی دەرکەوتنی ئیمام... ئەگەرنا ڕادەسپێرێت بە کەسێکی دینداری وەك خۆی، بە پێی مەرجی دینداریی دەستاو دەستی پێ بکرێت تا دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی. ئەم ڕایەی دوایی لەلایی من لە هەموو ڕایەکانی

پێشتر ڕوونترە، چونکە پێنج یەك "خمس" مافی ئیمامە، ئیمامیش وێنەی نەکردووە تا بەوشێوەیە خەرج بکرێت، هەر بۆیە دەبێت کەڵەکە بکرێت تا کاتی دەرکەوتنی ئیمام یان تا ئەو کاتەی دەگاتە دەستی یان بوونی ئەو کەسەی کە دەیگەیەنێتە دەستی، ئەمە وەك زەکات مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە هەر چەندە ئەو کەسانەی مافیان لە زەکاتدا هەبن ئەوا ئەرکی زەکات دەرکردن لا ناچێت، ناشبێت وەك خاوەنداریێتی ڕەفتار لەگەڵ زەکاتدا بکرێت کە مافی کەسانی ترە، بەڵکو پێویستە بە خود بپارێزرێت یان ڕادەستی ئەو کەسە بکرێت کە دەیگەیەنێتە ئەو چەند جۆرانەی کە شیاوی زەکات وەرگرتنن). زیاتر وتویەتی: (هاوەڵانمان لەم بوارەدا بۆیە ڕاجیاییان تێکەوت، چونکە هیچ دەربڕینێکی ڕاشکاو نییە تا پەنای بۆ بەرن)[1].

ئەو سەرگەردانی لێڵی و ناڕۆشنیە لەبارەی بابەتی پێنج یەك (خومس) لە سەردەمی پەنهانیدا بووە هۆی دەرکەوتنی ژمارەیەك ڕاو بۆچوونی نامۆ کە پێچەوانەی عەقڵ و قورئانی پیرۆز بوون، وەك: لەسەر شان لاچوونی پێنج یەك (خومس) یان چاڵکردنی یاخود فرێدانی بۆ ناو ئاو یان دانانی لە شوێنێکی پەڕاوێزخراو و وەسیەت کردنی دەستکاری نەکردنی تا ڕۆژی دەرکەوتنی مەهدی، ئەوە ئەو ڕایەیە کە موفید و شەرعناسانی تر بە درێژایی مێژوو پەسەندیان

---

(١) المفيد، المقنعة ٤٦.

کردووە، کەچی هەندێك زانای تر بۆچوونیان وابوو کە پێنج یەك (خومس) بە ڕەوا دابنێن بۆ شیعەکان لە سەردەمی پەنهانی دا[١].

نوێژی هەینی کاریگەر بوو بە تیۆری (چاوەڕوانی) بەهۆی بە مەرجدانانی ئامادەبوونی ئیمامی پارێزراو و مۆڵەتدانی بە بەرپاکردنی نوێژ. و لەبەرئەوەی دەڵێن: ئیمامی پارێزراو لەو سەردەمەدا پەنهانە، یەکێکیش لە مەرجەکانی بەرپاکردنی نوێژی هەینی ئامادەبوون یان ڕەزامەندی ئیمامە، ئەوا وتیان یەکێك لە مەرجەکانی ئەنجامدانی نوێژی هەینی نییە، ئەو مەرجەش بریتییە لە مۆڵەتی ئیمامی مەهدی پارێزراو. وەك دەرەنجامی ئەمە وتیان نوێژی هەیەنی حەڕامە یان پێویست و فەڕز نییە لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمامدا[٢].

بەم پێیە ئەنجامدانی نوێژ هەینیان لە سەردەمی پەنهانیدا پەکخست وەك گونجان و هەماهەنگی لەگەڵ تۆیری (چاوەڕوانی) کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ جگە لە ئیمامە پارێزراو و دیاریکراوەکان لە لایەن خواوە بە حەڕام دەزانێت.

کەواتە تیۆری (چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی پەنهان) سەری کێشا بۆ ونبونی خودی شیعە ئیمامییەکان لەسەر شانۆی سیاسی ژیان، بەهۆی ئەوەی کاری سیاسی

---

(١) جواهر الكلام للشيخ محمد حسن النجفي، كتاب الخمس ١٥٦ و ١٦٤، بۆ زیاتر زانیار بگەڕێوە بۆ: دەروازەی حەوتەمی بەندی یەکەمی بەشی سێیەمی کتێبەکەمان: گەشەندنی فیکری سیاسیی شیعە لە ڕاوێژەوە بۆ ویلایەت فەقیە.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی هەشتەمی بەندی یەکەمی بەشی سێیەمی کتێبە ناوبراوەکەمان.

**و دامەزراندنی دەوڵەتیان بە حەرام دانا لە سەردەمی پەنهان بووندا، ئەمە دەرەنجامێکی لۆژیکی و مەنتیقی بوو بۆ تیۆرێك کە بە مردووی لە دایك بووبێت.**

## بەشی چواردەم

# شیعەگەرێتیی هاوچەرخ

# شۆڕش بەسەر شیعەگەرێتیی (ئاینی)

سەرەڕای ئەوەی فیکری (دوازدە ئیمامی) مردوو توانای نەبوو لەسەر ئەوەی لە ژیاندا بمێنێتەوەو کێشەکانی ژیان چارەسەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەستی شیعەکانی بەستەوەو قەدەغەی کردن لە جوڵە بە بانگەشەی بوونی ئیمامی پەنهان کە چاوەڕێی فەراهەم بوونی یەکەم هەل و فرسەتە بۆ دەرکەوتن. بەڵام ئەم هەلە لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچیەوە تا ئەمڕۆش هەر نەهات، ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی بەجێهێشت لە ژیانی سیاسی و زانستی شیعەدا، خەلیفەکانی عەبباسی سوودیان بینی لەم بۆشاییە بۆ پتەوکردنی عەرشەکانیان و دامرکاندنەوەو لەناوبردنی هەموو هیوایەکی شۆڕشکردن بەسەریاندا لەلایەن شیعە دوازدە ئیمامییەکان، هەروەك زیاتر لە بیست و چوار کەس (لەسەرووی هەموویانەوە چوار نوێنەرەکە: عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری، محەممەدی کوڕی ناوبراو، جێنشنی ناوبراو کە نوبەختی بوو و عەلی کوڕی محەممەدی صەیرەمی) چیرۆکی بوونی منداڵەکە (ئیمامی پەنهان)یان قۆستەوەو بانگەشەی (نوێنەرایەتی تایبەتی) ئەویان بۆ خۆ کرد، ماڵ و سامانیان لە شیعە دەسەند بە بانگەشەی ئەوەی دەیگەیەنن بە دەستی (ئیمامی پەنهان: مەهدی چاوەڕوانکراو). ئەو ماوەیە ناسرا بە (پەنهان بوونی بچوك) کە لە ساڵی ٢٦٠ك (مێژووی ونبوونی ئیمام) درێژ بووەتەوە تا ساڵی ٣٢٩ك[١] (بەرواری مردنی نوێنەری چوارەم و

---

(١) وەك حەسەنی شەریعی و محەممەدی کوڕی نەصیری نەمیری و باوکی هاشمی داودی کوڕی قاسمی جەعفەری و ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی و محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی بیلال و ئیسحاقی ئەحمەر و حاجزی کوڕی یەزید و محەممەدی کوڕی صاڵحی هەمەدانی و محەممەدی کوڕی جەعفەری عەونی ئەسەدی ڕازی و محەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی میهزەیار و حوسەینی کوڕی مەنصوری حەلاج و جەعفەری کوڕی سوهەیلی صەقیڵ و محەممەدی کوڕی غالبی ئەصفەهانی و ئەحمەدی کوڕی ئیسحاقی ئەشعەری قومی و قاسمی کوڕی محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیمی

**کوتایی: عەلی کوڕی محەممەدی صەیمەری). لەمەودوا ماوەیەکی تر دەستی پێکرد کە بە (پەنهان بوونی گەورە) ناسرا واتە: ئەو ماوەیەی کە ناتوانرێت کەس چاوی بە ئیمامی پەنهان بکەوێت بەر لە دەرکەوتنی کە هیچ کەسێك جگە لە خوای پایەبەرز نازانێت(١).**

---

**هەمەدانی و محەممەدی کوڕی صالّحی قومی و قاسمی کوڕی عەلاء و حەسەنی کوڕی و محەممەدی کوڕی عەلی شەلمغانی کوڕی ئەبو عەزاقیر و ئەبو دەلفی کاتب.**

**(١) بەڵام ئەمە لە ئایندەدا ڕێگەی نەگرت لە کۆمەڵێك زانا و سیاسی لە بانگەشەکردنی چاوپێکەوتنی مەهدی پەنهان و بەستنی پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ، هەروەك شێخ محەممەدی کوڕی محەممەدی کوڕی نوعمانی موفید (- ٤١٣ك) ئەوە دەگێڕێتەوە کە چەند پەیامێکی تایبەتی لەلایەن ئیمامی مەهدیەوە بۆ هاتووە. هەروەك تەبرەسی لە کتێبی (الإحتجاج) و ئیبن شەهر ئاشوب لە کتێبی (المناقب) باسی ئەوەیان کردووە کە موفید دانەیەکی لەو پەیامانە هێناوەتە دەرو وتویەتی ئیمامی مەهدی بۆ ناردووە بەهۆی عەرەبێکی دەشتەکی، لە پەیامەکە ڕووی گوفتار دەکاتە موفید بە برای ڕاستپێك و خزمەتکاری بەرچاو ڕوون دڵسۆزی سەرخەرو حەقناس و بەندەی چاك و سەرخەری ڕاستی بانگخواز بۆ لای من (واتە: مەهدی. _ وەرگێر _) بە وشەی ڕاست باسی دەکات، موفید ڕەتی کردەوە پەیامەکان بخاتەڕوو بۆ هەر یەکێك لە هاوەڵانی کە عەرەبە دەشتەکیەکە گەیاندبووە دەستی، وتیشی ئەمە بە فەرمانی مەهدییە و هیچ پەیامێکی پیشانی خەڵك نەدا جگە لەوەی بە دەستی خۆی نووسیبوویەوە. (بگەڕێوە بۆ: النور الطبرسي، خاتمة المستدرك ٥١٨/٣، والجزائري، الأنوار النعمانية ٢١/٢، وابن بطريق الحلي، رسالة نهج العلوم، وقصص العلماء للتنكابني ٣٩٩)، دیارترین کەس لە سەدەی دەیەمی کۆچی بانگەشەی ئەوەی کرد چاوی بە مەهدی کەوتووە شا ئیسماعیلی صەفەوی (دامەزرێنەری دەوڵەتی صەفەوی) بوو، کە باسی ئەوەی کرد کە لە ئەشکەوتێك چاوی بە ئیمام کەوتووەو فەرمانی پێکردووە ڕاپەڕێت و دەربچێت و دەوڵەتی صەفەویەکان لە ئێران دابمەزرێنێت، ئەمەش وایکرد لەو سەردەمدا سیفەتێکی شەرعی ئاینی بەدەست بێنێت و گرێ (چاوەڕوانی) بکاتەوە کە ڕێگری دەکات لە هەڵسان بە هەر شۆڕشێك یان دامەزراندنی هەر دەوڵەتێك.**

## ١_ كۆتایی هێنان بە (نوێنەرایەتی تایبەت)

هەڵوێستی (نوێنەری تایبەتی چوارەم) عەلی کوڕی محەممەدی صەیمەڕی لە بەرامبەر کۆتایی هێنان بە چیرۆکی (نوێنەرایەتی تایبەت) و وەسیەت نەکردنی بۆ هیچ کەسێك لە دوای خۆی و بانگەوازی کردن بۆ بەدرۆ خستنەوەی هەر کەسێك کە بانگەشەی ئەوە بکات چاوی بە ئیمامی پەنهان کەوتووە، سەرەتای کاروانی چاکسازی شیعە بوو، سەرباری ئەوەی صەیمەڕی ڕاینەگەیاند کە بە ڕاشکاوی باوەڕی بە بوونی ئەو ئیمامە نییە کە مایەی گومان و ڕاجیاییە لە نێوان خودی شیعەکان[١].

## ٢_ کردنەوەی دەرگای کۆشش (الإجتهاد)

دواتر گەشەیەکی گرنگ ڕوویدا بە ڕێگای چاکسازی لەلای شیعە دوازدە ئیمامییەکان، ئەویش کردنەوەی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) بوو، کە پێشتر ئەم دەرگایە داخرابوو و تەنانەت لە فیکری ئیمامی دا حەرام بوو، پرۆسەی یاسادانان سەبارەت بە مەسەلە تازەکانی تەنها بە مافی ئیمامە پارێزراوەکان دادەنا، هەر لە سەردەمی باقرو صادقەوە کە هەڵمەتێکی بەربڵاویان ئەنجامدا دژی پەیڕەوانی ڕاوبۆچوون (أهل الرأی) و پێوانە (قیاس) و کۆشش (ئیجتهاد). ئەوە لەلای دوازدە

---

(١) شایەنی باسە ئیسماعیلییەکانیش دانیاننا بە نوێنەرایەتی تایبەتدا، ئەمەش لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی فاتیمییەکان لە سەدەی شەشەمی کۆچی، کاتێك هەندێك شێخ بانگەشەی بریکارێتی و نوێنەرایەتی تایبەتی ئیمامی ئیسماعیلی ونبویان کرد، بەردەوام بریکارێتی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازنەوە بە ناوی ئیمامە فاتیمییەکان کە لە ژێر پەردەی شاراوەبووندا ژیان دەگوزەرێنن.

**ئیمامییەکان دروست بوو کە پێویستیان بە کۆشش (ئیجتهاد) هەیە، ئەمەش دوای تێپەڕبوونی کاتێکی درێژ بەسەر پچڕانی پەیوەندییان بە (سەرچاوەی زانستی خوایی) واتە (ئیمامەکان) و هاتنە کایەی بابەتی نوێ کە وەڵامدانەوەیان پێویست بوو، ئەمە شیعەکانی ناچارکرد دەرگاری کۆشش بکەنەوەو دان بەوەدا بنێن کە پێوانە (قیاس) دروستە. و یەکەم کەس کە ئەمەی وت حەسەنی کوڕی عەقیلی عومانی بوو کە هاوچەر کلینی بوو[١]. و محەممەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی جونەیدی ئیسکافی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی ئەمەی پەسەند کرد[٢]. پاشان شێخ موفید لەگەڵ قوتابیەکەی شەریفی مورتەزا و شێخ توسی لە سەرەتای سەدەی پێنجەم هاتن و کۆشش (ئیجتهاد)یان بە کرداری پیادەکرد و قوتابخانەی ئوصوڵیان دانا کە ڕێگەی خۆی لە ژیاندا گرت تا ئەمڕۆ[٣].**

---

(١) شێخ عەباسی قومی لە کتێبی (الکنی والألقاب) وەسفی کردووە بەوەی: (یەکەم کەس بووە فیقهی پوختە کردووەو ڕامانی بەکارهێنا و دەرگای توێژینەوە لە بابەتە بنچینەیی و لاوەکییەکانی کردەوە لە سەرەتای پەنهان بوونی مەزندا). و (کارکردن بە پێوانە _ قیاس _ و کۆشش _ ئیجتهاد _ و ڕاوبۆچوونی بە پەسەند دەزانی)، هەروەك نەجاشی لە کتێبەکەیدا (الرجال) دەڵێت: (یەکەم کەسە کە لە بنچینەی کۆشش _ ئیجتهاد _ داهێنانی کرد لە حوکمەکانی شەریعەتدا) هەروەك خونسار لە کتێبی (روضات الجنات) باسیی کردووە.

(٢) خونساری لە کتێبی (روضات الجنات) وەسفی دەکات بەوەی: (بە ڕاشکاوی کاری بە پێوانە _ قیاس _ەکانی حەنیفەکان دەکرد و پشتی بەست بە هەڵهێنجراوە گوماناویەکان). و یەکێکە لە شێخەکانی موفید.

(٣) شێخ موفیدی محەممەدی کوڕی نوعمان (٤١٣ك مردووە) سەرەتا کۆشش (ئیجتیهاد)ی ڕەتکردەوەو لە پەیامێکدا وەڵامی مامۆستاکەی دایەوە کە ناوی (کوڕی جونەید) بوو. و لە کتێبی (مسائل الصاغانیة)دا ڕەخنەی گرت لە نوعمانی و کوڕی جونەید کە خۆیان سەرقاڵ کردووە بە لێکدانەوەی شوێنەوارەکان بە ڕاوبۆچوون و بە باشدانان (ئیستحسان) و هەڵسانیان بە فەرامۆشکردنی ئەوانەی خوا فەرمان پێکردووە پەیوەندییەکەی بگەیەنرێت و ئاینی لێوەربگیرێت و لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەرەکەی، موفید کۆشش (ئیجتهاد)ی لە پرۆسە فیقهییەکانی دا بەکارهێناوە، ئەمەش وای لە (خەبەرییەکان)

ئەمە بە ئاسانی و سەلامەتی ڕووینەدا، بەڵکو کۆششکار (موجتەهید)ەکان دووچاری ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی فراوان بوونەوە لەلایەن (خەبەرییەکان) کە سووربوون لەسەر ئەوەی تەنها دەست بە فەرموودەی ئیمامەکانەوە بگیرێت و کۆشش ڕەت بکرێتەوە کە بە یاخی بوونیان دادەنا لە پەیڕەوی ئیمامییەکان و ئال و بەیت[1].

---

کرد کە موفید بەیەکێك لە سەرکردەکانی قوتابخانەی کۆشش (ئیجتهاد) دابنێن. دوای ئەو قوتابیەکەی هات سەید مورتەزای عەلەمی هودا (٤٤٠ك مرد) بۆ ئەوەی بە فەرمی ئەوە بڵێت کۆششکردن (ئیجتهاد) دروستە، دواتر هاوڕێکەی کە شێخ محەممەدی کوڕی حەسەنی توسی (٤٦٠ك مردووە) بە فراوانترین شێوە کۆشش (ئیجتهاد)ی پیادەکرد و کتێبی (المبسوط في فقه الإمامية)ی نووسی، دواتر قوتابخانەی ئوصوڵی حلییە و قوتابخانەی جەبەل عام و کەبەرلا و نەجەف و قوم دامەزران و تا ئەمڕۆ بەردەوامن.

(١) قوتابخانەی خەبەرییەکان دووبارە لە سەدەی یازدەی کۆچی چالاك بووەوە لە ئێران و عێراق بە ڕابەرایەتی میرزا محەممەد ئەمینی ئەستەرئابادی (١٠٣٦ك مردووە) کە هێرشێکی توندی کردە سەر قوتابخانەی ئیجتیهادی (ئوصوڵی) لە کتێبەکەیدا (الفوائد المدنية). و قوتابخانەی (ئوصوڵی) بەوە تۆمەتبار کرد کە کاریگەر بووە بە فیکری سوننی و لادان لە هێڵی ئال و بەیت و شوێنکەوتنیان. بەڵام وەحید بەهبەهانی سەرۆکی بازنەی زانستی لە کەربەلا لە کۆتای سەدەی دوازدەم، بە توندی ڕووبەڕووی بزوتنەوەی خەبەرییەکان بووەوە، ئەمەش یارمەتی دا کە ڕەوتی خەبەریەکان بگەڕێنەوە پاش و بچنە چەند بازنەیەکی تەسکی زانستیەوە، تا ئەمڕۆش ئەم بزوتنەوەیە هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە هێڵی خەبەری کە پرۆسەی کۆششکردن و کۆششکاران (الإجتهاد والمجتهدين) لە دەرەوەی دەقەکان ڕەتدەکاتەوە.

## ٣_ ڕەتکردنەوەی دەستکاری کرانی قورئان

یەکەم بەرهەمی کردنەوەی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) بریتی بوو لە پێداچوونەوە بۆ ئەو فەرموودانەی کە لە کەلەپوری ئیمامییەکاندا هاتوون کە دەدوێن لەسەر دەستکاری کرانی قورئان، هەروەها دەخولێنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بەدەوری ئیمامەتی خوایی و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ناوی ئیمامەکان سڕاونەتەوە لە قورئان و ناوی دوژمنەکانی ئیمامەکانیش بەهەمان شێوە لە قورئاندا سڕاونەتەوە، ئەمانەش ئەو فەرموودانەن کە محەممەدی کوڕی یەعقوبی کلینی لە کتێبی (الكافي) و محەممەدی کوڕی مەسعودی عیاشی لە تەفسیرەکەیدا و عەلی کوڕی ئیبراهیمی قومی لە تەفسیرەکەیدا و محەممەدی کوڕی حەسەنی صەفار لە کتێبەکەی (بصائر الدرجات)دا هێناویانە. و سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی لە کتێبەکەیدا (ناسخ القرآن ومنسوخه) و فوراتی کوڕی ئیبراهیمی کوفی لە تەفسیرەکەیدا و ئەوانی تریش باسیان کردووە.

گێڕانەوەکان لەبارەی دەستکاری کرانی قورئان لە سەدەی دووەمی کۆچی بڵاوبوونەوە لەلایەن ئیمامییەکان: کە ئەو گێڕنەوانەیان دابووە پاڵ باقرو صادق، ئەمەش یەکێك بوو لە هەوڵەکانیان بۆ چەسپاندنی تیۆری ئیمامەتی خوای بە ئایەتی ڕاشکاوی قورئان، دوای ئەوەی تیۆری ناوبراویان بەرزکردەوە بۆ ئاستی بیروباوەڕی ئاینی و بە بنچینەیەکیان دانا لە بنچینەکانی ئیسلام. لەگەڵ ئەوەی ئەوان پرۆسەی تەئویلیان بەکارهێنا بۆ زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ چەسپاندنی مەبەستەکەیان، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا هەستیان بە دەستەوەسانی کرد لە دەستەبەرکردنی ئامانجەکەیان، بۆیە پەنایان بردەبەر داهێنانی ئایەتی نوێ

**یان یاری کردن بە چەند ئایەتێکی تر و زیاد کردنی چەند وشەیەك وەك: عەلی و ئالی محەممەد بۆ ئەو ئایەتانە لە پێناو بە بەڵگە هێنانەوەی لەسەر تیۆرەکەیان. جا لەبەر ئەوەی موسڵمانان و تەنانەت شیعەش ئایەتەکانیان بەم شێوەیە نەدەناسی ئەوا ئیمامییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لەسەر زمانی ئیمامەکانی ئال و بەیت (باقرو صادق) کە ئەو ئایەتانە بەو شێوەیە دابەزیون[1]. و**

---

(١) کلینی لە باجر ئەویش لە باقرەوە دەگێڕێتەوە: کە بە باقری وتوە: بۆچی ناوی میری باوەڕداران لە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب نرا؟ وتی: خوای گەورە ئەو ناوەی لێناوە، بەم شێوەش خوا لە کتێبەکەیدا ناردویەتیە خوارەوەو فەرموویەتی: (وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم وأشهدهم على أنفسهم ألست بربكم _ و أن محمّداً رسولي وأن علياً أمير المؤمنين _) واتە: یادی ئەو کاتە بکەرەوە کە پەروەردگارت پشتاو پشتی نەوەکانی ئادەمی کۆکردەوە _ لە جیهانی پەنهان و شاراوەدا پەیمانی لێوەرگرتن (وەرگێڕ) _ و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوەو _ پێی فەرموون _: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم (و محەممەد نێرراوی من نییە و عەلی میری باوەڕداران نییە). الكافي، الأصول، كتاب الحجة ٤٧٩/١.

بە هەمان شێوە لە جابر دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بەم شێوە بۆ محەممەد هێنا: (وإن كنتم في ريب مما نزلنا على عبدنا _ في علي _ فأتوا بسورة من مثله) واتە: ئەگەر گومانتان هەیە لەوەی بۆ سەر بەندەکەمان ناردۆتە خوارەوە (لەبارەی عەلی) ئەوا سوڕەتێکی هاوشێوەی بێنن. هەمان سەرچاوە، باب فيه نكت و نتف من التنزيل ٤٨٤/١.

کلینی لە باوکی بەصیری گێڕاوەتەوە ئەویش لە صادقەوە هێناویەتی لەبارەی ئەم ئایەتە: (سأل سائل بعذاب واقع للكافرين _ بولاية علي _ ليس له دافع) واتە: داواکارێك پرسیاری کرد دەرباری سزایەك کە هەر پێش دێت، ئەو سزایە یەخەی ئەوانە دەگرێت کە باوەڕیان نییە (بە ئیمامەتی عەلی) و هیچ هێزێك ناتوانێت لێیان دوور بخاتەوە. پاشان وتی: بەخوا بەو شێوەیە جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) بۆ سەر محەممەدی (ﷺ) دابەزاند. هەمان سەرچاوە ٤٩٠/١.

لە باوکی حەمزە ئەویش لە باقرەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە دابەزاند: (فأبى أكثر الناس _ بولاية علي _ إلا كفورا) واتە: زۆربەی خەڵکی باوەڕیان ڕەتکردەوەو بێ باوەڕ بوون _ بە ئیمامەتی عەلی _. و وتی: جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە دابەزاند: (وقل الحق من ربكم _ في ويلاية علي _ فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر إنا أعتدنا للظالمين _ آل محمد _ نارًا) واتە: پێیان بڵێ: حەق و ڕاستی هەر ئەوەیە کە لەلای پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، (لەبارەی ئیمامەتی عەلی) ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و

**ئیمامییەکان (یان زیادەڕۆچووە ئیمامییەکان) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە قورئانی تەواو ڕاست و سەلامەت و دوور لە دەستکاری لەلای ئیمامەکانی ئال و بەیتە، ئەمەش هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی ئیمام زاڵ بکەن بەسەر قورئاندا و بیکەنە خاوەتی لێکدانەوەو ڕاڤە و تەئویلەکەی یان ئەمەی بۆ قۆرغ بکەن.**

**دوازدە ئیمامییەکان کەلەپوری زیادەڕۆچووە ئیمامییەکانیان لە سەدەی چوارەمی کۆچی وەرگرت و باوەڕیان پێکرد، بەڵام هەندێکیان وتەی دەستکاری کرانی قورئانیان بە گەورە زانی و هەوڵیاندا بە تەئویل کردن ڕاڤە بکرێت، هەندێکی تریشیان بە ورد و درشتەوە نکۆڵیان کرد لە وتەی دەستکاری کرانی قورئان. هەندێکی تریان بەیەکەوە بەسترانەوەیەکی بەهێزیان بینی لە نێوان تیۆری ئیمامەت و دانبان بە دەستکاری کرانی قورئان، بەشێوەیەك کە ترسا لەوەی گومان هەبوون لەو گێڕانەوانەی باس لە دەستکاری کرانی دەکەن سەر بکێشێت بۆ**

---

ئەوەی دەیەوێت با بێ باوەڕ بێت، بێ گومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادەکردووە بۆ ئەوانەی ستەمکاربوونە (لەگەڵ ڕەچەڵەکی محەممەد ). هەمان سەرچاوە ١/٤٩٣.

لە جەبارەوە ئەویش لە باقرەوە گێڕاویەتەوە کە وتویەتی: ئەم ئایەتە بەم شێوەیە دابزیوە: (ولو أنهم فعلوا ما يوعظون _ في علي _ لكان خيراً لهم) واتە: بەڕاستی ئەگەر ئەوان بە گوێرەی ئامۆژگاری ئێمە _ لەبارەی عەلی _ ڕەفتاریان کردبا، ئەوا چاکتر بوو بۆیان. هەمان سەرچاوە ١/ ٤٩٢.

کلینی لە مینخەلەوە ئەویش لە صادقەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بۆ سەر محەممەدی (ﷺ) دابەزاند بەم شێوەیە: (يأيها الذين أوتوا الكتاب آمنوا بما نزلنا _ في علي _ نوراً مبينا) واتە: ئەی ئەوانەی کتێبتان پێدراوە باوەڕ بەو ڕووناکی و نوورە ڕۆشنە بکەن _ کە لەبارەی عەلییەوە _ دامانبەزاندووە. هەمان سەرچاوە ١/ ٤٨٥.

لە جابرەوە هاتووە کە دەڵێت باقر وتویەتی: جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بۆ سەر محەممەدی (ﷺ) بەم شێوەیە دابەزاندووە: (بئسما اشتروا به أنفسهم أن يكفروا بما أنزل الله _ في علي _ بغياً) واتە: خۆیان بەشتێکی ناپەسەند فرۆشت کاتێك بێ باوەڕ بوون بەوەی خوا ناردوویەتیە خوارەوە _ لەبارەی عەلی _ بەهۆی سەرکەشیەوە. هەمان سەرچاوە ١/ ٤٨٤.

گومان هەبوون لە تیۆری ئیمامەت[1]. بەڵام هەندێکیان دەستیان گرت بە هەندێك گێڕانەوەی ئیمامەکانی ئال و بەیت کە داوای لە شیعەکان دەکات فەرموودەکان لەگەڵ قورئان بەراورد بکەن و ئەوەی دژی قورئان بێت لە تاقی دیوار بدەن.

یەکەم کەس کە ئەو گێڕانەوانەی نووسیوە کە دەدوان لەبارەی دەستکاری کرانی قورئان محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی بابویەی صدوق (٣٨١ك) بوو، ناوبراو وتی ئیمامییەکان باوەڕیان بە دەستکاری کرانی قورئان نییە. و لە پەیامەکەی لە بیڕوباوەڕدا وتی: (بیروباوەڕمان سەبارەت بە قورئان: ئەو قورئانەی کە خوا دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەرەکەی ئەوەیە کە لە نێوان دوو بەرگ و لەبەر دەستی خەڵکدایە و لەوە زیاتر نییە، ژمارەی سوڕەتەکانی قورئان لای خەڵك سەدو چواردەیە، لای ئێمە سوڕەتی "الضحى" و "ألم نشرح" یەك سوڕەتن و (لإلاف) و (ألم تر كيف) یەك سوڕەتن و هەر کەسێك ئەوەی دابێتە پاڵ ئێمە کە ئێمە دەڵێین سوڕەتەکانی قورئان لەوە زیاترن ئەوا درۆزنە).

دوای ئەو شەریفی مورتەزای عەلەمی هودا (٣٥٥ك _ ٤٣٦ك) هات و وتی: (زانینی ڕاست و دروستی قورئان وەك ناسینی شارو وڵات و ڕووداوە مەزنەکان و

---

(١) مەجلسی وتویەتی: (هەواڵی ڕاست و ڕاشکاو زۆرن لەبارەی کەمکرانەوەو دەستکاری کرانی قورئان، من پێم وایە ئەو هەواڵانە واتاکەیان موتەواتیرو ڕێژنەییە، ڕەتکردنەوەی هەر ئەو هەواڵانە مانای وایە بە یەکجاری پشت بە هەواڵەکان نەبەسترێت، بەڵکو پێم وایە کە هەواڵدان لەم بارەوە تەنها هەواڵی ئیمامەکان نییە جا چۆن بە هەواڵ ئەمەدەچەسپێنن). مرآة العقول في شرح أخبار آل الرسول، الجزء الثاني عشر ٥٢٥. یوسفی بەحرانی فەرموودەناس وتویەتی: (شتێکی شاراوە نییە کە ئەم هەواڵانە واتای ڕوون و ڕاشکاویان تێدایە لەسەر ئەوەی ئێمە هەڵمانبژارد و وتمان و ئەگەر سەرباری زۆری هەواڵەکان هەر توانجیان لێبدرێت ئەوا ئەو کاتە دەکرێ تۆمەت ئاراستەی هەموو شەریعەت بکرێت، هەروەك بزر نییە کە بنەماکان و ڕێگە و گێڕەڕەوەو شێخ و گوێزرەوەکان یەکن). الدرر، النجفية، مؤسسة آل البيت لإحياء التراث ٢٩٨.

پێشهاته گەورەو ناوادارەکانە، شیعرەکانی عەرب نووسراونەتەوە، زۆر گرنگی پێ دەدرێت و هۆکارەکانیشی ئامادەبوون بۆ گواستنەوەی و گەیشتوونەتە ئاستێك کە هیچ کات بەوە نەگشتبوو کە باسمان کرد، لەبەر ئەوەی قورئان موعجیزەی پێغەمبەرایەتییە و سەرچاوەی زانستە شەرعی و حوکمە ئاینیەکانە، زانایانی موسڵمانان بەوپەڕی توانایانەوە لەبەریان کردووەو پاراستویانە و ئەمەشیان بەرجەستەکردووە، تا وای لێهات شارەزای هەموو شتێکی بوون هەر لە شرۆڤەکرن و خوێندنەوەو پیت و ئایەتەکانیشی، جا چۆن دەبێت دەستکاری یان کەم کرابێت لەگەڵ ئەو پاراستنە ڕاستگۆیانە و ڕێککارییە توندو تۆڵە).

دوای ئەو قوتابی و هاوڕێکەی شێخ توسی (٣٨٥ك _ ٤٠٨ك) هات و لە کتێبەکەیدا (التبيان في تفسير القرآن) وتی: (قسەکردن لەسەر زیادو کەمبوونی قورئان لە قورئان ناوەشێتەوە، چونکە یەکدەنگی لەسەر پوچەڵی زیادو کەمبوونی قورئان هەیە، ئەوەی لە مەزهەب و ڕاڕەوی موسڵمانا دیارە ئەوەیە کە پێچەوانەی ئەوەیە کە قورئان دەستکاری کرابێت و هەر ئەمەش شیاوی بەڕاستدانانی لە مەزهەبی ئێمەدا).

لە دوای ئەوان باوکی فەزڵی حەسەنی کوڕی تەبرسی (٤٦٠ك _ ٥٤٨ك) هات، خاوەنی کتێبی (مجمع البيان)، ناوبراو لە کتێبەکەیدا زیاد و کەمی لە قورئاندا ڕەتکردەوەو وتی: (ڕێزدار سەید مورتەزا عەلی هودای شکۆدار باوکی قاسمی عەلی کوڕی حوسەینی موسەوی باسی ئەوەی کردووە: قورئان لە سەردەمی پێغەمبەر کۆکرابووەو ڕێکخرابوو بەو شێوەیەی ئێستا هەیە، بەڵگەشی بەوە هێناوەتەوە کە قورئان لەو سەردەمدا دەخوێندرا و هەمووشی لەبەر دەکرا و هەتا هەندێك لە هاوەڵان وەك عەبدوڵای کوڕی مەسعود و ئوبەی کوڕی کەعب و جگەلەوانیش لە

خزمەت پێغەمبەردا چەندین جار سەرتاپای قورئانیان تەواو _ خەتم _ کردووە، هەموو ئەوانەش بە کەمترین وردبوونەوە ئاماژەن بۆ ئەوەی قورئان کۆکرابووەو بڵاو پەرت نەبوو، ناوبراو باسی ئەوەشی کردووە کە ئەو ئیمامی و حەشەویانەی ڕایان جیاوازە ئەوا هیچ نرخێکیان بۆ دانانرێت، جا ڕایە جیاوازەکە دراوەتە پاڵ کەسانێك لە فەرموودەناسان کە هەندێك هەواڵی لاوازیان گێڕاوەتەوە کەچی پێیان وایە ڕاست و دروستە، کەچی لەو زانستانەی گومان لە ڕاست و دروستیان نییە ئەوا هیچ کاتێك پشت بەو هەواڵە لاوازانە ببەسترێت. قسەکردن لەسەر زیادو کەمبوونی قورئان لە قورئان ناوەشێتەوە، چونکە یەکدەنگی لەسەر پوچەڵی زیادو کەمبوونی قورئان هەیە، ئەوەی لە مەزهەب و ڕاڕەوی موسڵمانا دیارە ئەوەیە کە پێچەوانەی ئەوەیە کە قورئان دەستکاری کرابێت و هەر ئەمەش شیاوی بەڕاستدانانی لە مەزهەبی ئێمەدا، هەروەك مورتەزا پشتی ئەم بۆچوونە گرتووەو هەر ئەم بۆچوونەش لە گێڕاوەکاندا دیارو زاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گێڕانەوە گێڕدراونەتەوە لەلایەن کەسی تایبەت و کەسی ئاسایی سەبارەت بە کەم کردنەوەو کەم بوونەوەی قورئان و گواستنەوەی هەندێك شتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام ئەمانە هەواڵی تاقان _ ئاحاد _ن کە زانستی یەکلاکەرەوە بەدەستەوە نادەن، واباشترە فەرامۆش بکرێن و مرۆڤ خۆی پێیانەوە سەرقاڵ نەکات، چونکە دەکرێت تەئویل بکرێن، ئەگەر ئەم هەواڵە تاقانانە ڕاستیش بن ئەوا نابێتە توانج بۆ ئەوەی ئێستا لە نێوان دوو بەرگدایە، چونکە زانراوە کە ڕاست و دروستە و هیچ یەکێك لە ئوممەت دژی ناوەستێتەوەو گێڕانەوەکانیشمان پشتی ئەوە دەگرن کە لێی بکۆڵرێتەوەو دەست بەوەوە بگیرێت کە تیایدا هاتووەو ئەگەر بابەتە لاوەکییەکان جیاواز بوون ئەوا لەگەڵ قورئان بەراورد بکرێت و

ئەوەی کۆك بوو لەگەڵی ئەوا کاری پێ بکرێت و ئەوەی دژی بوو ئەوا بەلاوە دەنرێت و بەهای بۆ دانانرێت).

زانای بلیمەت کوڕی موتەهیری حیللی لە کتێبەکەیدا (مبادء الوصول إلى علم الأصول) دەڵێت: (خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾ الحجر: ٩. واتە: "ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە هەرخوشمان دەیپارێزین و چاودێری دەکەین "، و لە ڕاڤەی "ڕێگای ڕاست: الصراط المستقیم" فەرموویەتی: ئێمە لە دەستکاری و گۆڕان و کەم و زیادی دەیپارێزین).

قازی نوروڵای شوستوری لە کتێبەکەیدا (مصائب النواصب)دا دەڵێت: (ئەوەی دراوەتە پاڵ شیعە ئیمامییەکان گوایە پێیان وایە قورئان دەستکاری کراوە ئەوە ڕای زۆربەی ئیمامییەکان نییە، بەڵکو ئەمە ڕای کەمینەیەکە لە ئیمامییەکان کە لەلای خودی ئیمامییەکانیش هیچ نرخ و بەهایەکیان بۆ دانانرێت).

شێخ جەعفەری ئالی کاشفولغەتا پێی وایە شیعە دوازدە ئیمامییەکان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی قورئان دەستکاری نەکراوە[1]. و شەهشانی لە کتێبەکەیدا (العروة الوثقی) وتویەتی ئەمە ڕای زۆربەی زانا کۆششکار (موجتەهید)ەکانە[2]. بەو پێیەی سەید باوکی قاسمی خوئی دەڵێت: (ڕای بەناوبانگ یان ئەوەی

---

(١) ئەمەش لە توێژینەوەی قورئان بە کتێبەکەیدا (کشف الغطا).

(٢) هەروەك سەید خوئی لە کتێبی (البیان ٢٠٠) ئەمەی وتوە.

سەلمێنراوە لەناو زانا و لێکۆڵەرانی شیعە، بریتییە لەوەی قورئان دەسیکاری نەکراوە)[1].

هەر چەندە خوئی جەخت دەکاتەوە کە پەڕاوێکی تایبەتی میری باوەڕداران هەیە کە جیاوازە بەگەڵ قورئان لە ڕیزبەندی سورەتەکاندا و هەندێك شتی زیادەی تێدایە کە لە قورئانی پیرۆزدا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: (هیچ ئاماژە و بەڵگەیەك لەوەدا نییە کە ئەم زیادانە بەشێك بوونە لە قورئان و بەهۆی دەستکاریەوە لادراون و سڕاونەتەوە، بەڵکو ئەم زیادانە ڕاڤە و تەفسیر بوون بە ناونیشانی تەئویل، بەوەی کە دەرخەری واتاکە بێت یان بەو ناونیشانەی کە لەلایەن خواوە دابەزیوە وەك شرۆڤەی مەبەستەکە) و زیاتر دەڵێت: (هیچ ئاماژەیەك لەو گێڕانەوانەدا نییە کە ئەوە دەربخات بەوەی ئەو زیادانە بەشێك بن لە قورئان. بەم پێیە هاتنی ناوی دووڕووەکان لە پەڕاوی میری باوەڕداران _ سڵاوی خوا لێبێت _ بەم شێوەیە کە باسمان کرد، بۆیە دەبێت هاتنی ناوی ئەو دووڕووانە بە ناونیشانی تەفسیر و ڕاڤە بێت. ئەوەی پێشتر خرایەڕوو بە بەڵگەی بڕاوەو سەلمێنراو ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ شتێك لە قورئان لانەچووەو نەسڕاوەتەوە) و لە کۆتاییدا دەڵێت: (بوونی زیادە لە پەڕاوی عەلی ئەگەرچی ڕاستیش بێت، ئەوا بەشێك نین لە قورئان و لەوەی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرمانی کردووە ڕابگەیەنرێت، پابەند بوون بە زیادەکانی پەڕاوی ناوبراو براو بەو جۆرەی زیادە ئەوا کارێکی بێ بەڵگەیە و بێگومان پوچەڵە، هەموو ئەو بەڵگە بڕاوەو سەلمێنراوانەی پێشتر خرانەڕوو بەڵگەن لەسەر ئەوەی قورئان دەستکاری نەکراوە).

---

(١) الخوئي، البيان ٢٠١.

دواتر خوئی تاوتوێی ئەو گومانانە دەكات كە هەندێك خەبەری دەستی پێوە دەگرن وەك: (گێڕانەوە ڕێژنەیی _ متواتیر _ەكان كە لە ئال و بەیتەوە هاتوون ئاماژە بەوە دەكەن كە قورئان دەستكاری كراوە، بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنێین كە قورئان دەستكاری كراوە). خوئی وەڵامیان دەداتەوە بەوەی: (ئەو گێڕانەوانە ئاماژە بەوە ناكەن كە قورئان دەستكاری كراوە بەو شێوەیەی ڕاجیایی لەسەرە، بەڵكو بەم شێوەیەیە: زۆرێك لە گێڕانەوەكان ئەگەر زنجیرە _ سەنەد _ەكەشیان لاواز بێت، ئەوا كۆمەڵێكیان لە كتێبی ئەحمەدی كوڕی محەممەدی سەیاری هەیە، زنایانی زانستی ناسینی كەسەكان _ الرجال _ كۆكن لەسەر ئەوەی ناوبراو لەسەر مەزهەبێكی پوچەڵە و باوەڕی بە گەڕانەوەی ڕۆح _ تەناسوخ _ هەیە. و لە عەلی كوڕی محەممەدی كوفی گێڕاویانەتەوە، زانایانی زانستی ناسینی كەسەكان دەڵێن ناوبراو كەسێكی درۆزنە و مەزهەبی پوچەڵە، بەڵام زۆری گێڕانەوەكان وا دەكەن كە دان بەوەدا بنرێت كە هەندێكیان لە ئیمامە پارێزراوەكانەوە هاتوون و ناشڵێم بە دڵنیاییەوە لێیانەوە هاتووە، گێڕانەوە هەیە لە ڕێگەیەكی باوەڕپێكراوەوە گێڕدراوەتەوە بۆیە پێویستمان بەوە نییە قسە لەسەر زنجیرە _ سەنەد _ی هەر یەكێكیان بكەین بەتایبەتی. بەڵكو پێویستە لەسەرمان لە ئاماژە و واتای ئەو گێڕانەوانە بكۆڵینەوەو ئەوە ڕوون بكەینەوە كە مەبەستیان یەكگرتوو نییە بەڵكو جیاوازە). دواتر خوئی گێڕانەوە جیاوازەكان دەخاتەڕوو كە باس لە دەستكاری كرانی قورئان دەكەن و دەڵێت: (لەوەی پێشتر خستمانەڕوو باسی ئەوەمان كرد كە هەندێك لەو وشە زیادانەی لەگەڵ قورئان نووسراونەتەوە ڕاڤەی قورئانن نەك خودی قورئان، بۆیە پێویستە وا لێكبدرێتەوە كە هاتنی ناوی ئیمامەكانیش هەر لەو جۆرەیە، ئەگەر وا لێك نەدرێتەوە ئەوا دەبێت ئەم گێڕانەوانە فڕێبدرێن،

چونکە دژی قورئانن، بەڵگەکانی پێشووش ئەوە ڕەت دەکەنەوە قورئان دەستکاری کرابێت. هەواڵە ڕێژنەیی _ موتەواتیر _ەکان باس لەوە دەکەن کە پێویستە ئەم گێڕانەوانە بەراورد بکرێن لەگەڵ قورئان و سوننەت و ئەوەی پێچەوانەی قورئان بێت پێویستە فڕێ بدرێت و لە تاقی دیوار بدرێت). و جارێکی تر هەڵوێستی خۆی دووپات دەکاتەوەو دەڵێت: (دوای چاوپۆشی کردن _ لەو لاوازیەی _ کە لە زنجیرە _ سەنەد _ەکانیاندا هەیە ئەوا دژی قورئانی پیرۆزو سوننەت و یەکدەنگی موسڵمانانە کە پێیان وایە یەك پیتیش لە قورئاندا زیاد نەکراوە. کۆمەڵێکی زۆر بانگەشەی بوونی یەکدەنگیان کرد لەسەر نەبوونی زیادە لە قورئاندا، ئەوەی لە نێوان دوو بەرگەکە کۆکراوەتەوە ئەوا هەموو قورئانە. و لەوانەی بانگەشەی یەکدەنگیان کرد لەسەر ئەمە ئەمانەن: شێخ موفید، شێخ توسی، شێخ بەهائی و جگە لەوانیش خوا پایەیان شکۆدارترو پیرۆزتر کات... کۆمەڵێك لە زانایان بە ڕاشکاوی وتویانە کە پێویستە ئەم گێڕانەوانە تەئویل بکرێن یان فڕێ بدرێن، وەك: زانای لێکۆڵەر کلباسی هەروەك لێی گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: ئەو گێڕانەوانەی ئاماژە بە دەستکاری کرانی قورئان دەکەن دژی یەکدەنگی ئوممەتە و تەنها لەگەڵ ڕای کەسانێك یەك دەگرێتەوە کە هیچ نرخێکیان نییە... و وتویەتی: کەمکردنەوەو سڕینەوەی هەندێك لە قورئان هیچ بنچینە و بنەڕەتێکی نییە ئەگەر ئەمە ڕاست بووبا ئەوا بە ڕێژنەیی هەواڵ لەوبارە دەهات و ناوبانگی دەردەکرد، هەروەك نەریت وایە ڕووداوی گەورە ناوبانگ دەردەکەن. ئەمەش یەکێکە لە شتە گەورەکان بەڵکو گەورەترینیانە).

خوئی پشتی بە کۆمەڵێك گێڕانەوە بەست کە لە ئال و بەیتەوە هاتوون و جەخت دەکەنەوە لەسەر پێویستی فڕێدانی هەر گێڕانەوەیەك کە دژ بێت لەگەڵ

قورئانی پیرۆز، بۆ نمونه ئەو گێڕانەوەی هێناوە: شێخ صدوق محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەین بە زنجیرە (سەنەد)ێکی ڕاست لە صادقەوە هێناویەتی: (وەستان لە ئاست گومان باشترە لە خۆ فڕێدانە ناو تیاچوون، هەر ڕاستێك ڕاستییەکی هەیە، هەر ڕەوایەك ڕووناکیەکی هەیە، ئەو شتەی کۆك بێت لەگەڵ کتێبی خوا ئەوا وەری بگرن و ئەوەی دژ بێت لەگەڵ کتێبی خوا ڕەتی بکەنەوە...) و شێخ جەلیل سەعیدی کوڕی هیبەتوڵا (قوتبی ڕاوەندی) بە زنجیرە _ سەنەد _ێکی ڕاستەوە لە صادقی هێناوە کە وتویەتی: (ئەگەر دوو فەرموودەی جیاوازتان بۆ هات ئەوا بەراوردیان بکەن لەگەڵ کتێبی خوادا، ئەوەی کۆك بێت لەگەڵ کتێبی خوادا ئەوا وەری بگرن و ئەوەی دژیشی بێت ئەوا ڕەتی بکەنەوە)[1].

کۆسپی مەزن کە وای کردووە هەندێك شیعە ئەو فەرموودانە ڕەت نەکەنەوە کە باسی دەستکاری کرانی قورئان دەکەن، ئەوەیە کە ئەو فەرموودانە بەپێ بۆچوونی ئەوان بە ڕێگەی باوەڕپێکراو یان ڕێژنەیی (موتەواتیر) یاخود بەرچاو هاتوون[2] ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ هەندێك لە حەشەوی و خەبەری و فەرموودەناسانی وەك: تەبرسی خاوەنی کتێبی (الإحتجاج) و مەجلسی و نیعمەتوڵای جەزائیری و یوسفی بەحرانی و نوری تەبرسی کە بەردەوام بن لە دووپات کردنەوەی وتەی دەستکاری کرانی قورئان سەرباری یەکدەنگی شیعەی دوازدە ئیمامی بە درێژایی مێژوو لەسەر پاك و دوور بوونی قورئان لە دەستکاری.

---

(١) الخوئي، البيان ٢٢٣ _ ٢٣٥.

(٢) شێخ موفید وتی: (هەواڵەکان بەشێوەیەکی زۆر و ڕێژنەیی لە ئیمامە ڕێنیشاندەرەکانی ڕەچەڵەکی محەممەد دوە هاتوون سەبارەت بە دەستکاری کرانی قورئان و ئەوەی هەندێك ستەمکاران شتیان لێ سڕیوەتەوەو لابردووە). أوائل المقالات ٩١.

لە ڕاستیدا شیعە نەیانتوانی بە یەکجاری خۆیان ڕزگار بکەن لەو تۆمەتەی کە تا ئەمڕۆش شوێنیان کەوتووە، ناشتوانن خۆیان ڕزگار بکەن تا پێداچوونەوە نەکەن بە بنەماکانی لەکەدارکردن و متمانەدارکردن (الجرح والتعديل)ی گێڕەرەوەکان، ئەوانەی ئەو فەرموودانە دەگێڕنەوە کە باسی دەستکاری کرانی قورئان دەکەن وەك: عەلی کوڕی ئیبڕاهیمی قومی و باوکی و مامۆستاکەی فەزڵی کوڕی شازان و جگە لەوانیش یان ڕەتکردنەوەی بانگەشەی دەستکاری کرانی قورئان ئەگەرچی وا دابنرێت کە لە خودی ئیمامەکانیشەوە هاتووە، ئا ئەوە پەیڕەوی ئال و بەیتە کە فێری پشتیوانەکانیان دەکرد و داوایان لێدەکردن کە ملکەچی هەموو شتێکیان نەبن و هەرچی وتیان پەسەندی نەکەن، ئەو شتەش ڕەت بکەنەوە کە پێچەوانەی پێویستییەکانی ئاینە ئەگەرچی لە ئیمامەکانی ئال و بەیشتەوە هاتبێت[1]. بەتایبەت دوای چەسپانی ئەوەی ئیمامەکان تەنها گێڕەرەوەی فەرموودەن نەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی سروش و یاسادانان. پاك و دووری بۆ ئیمامەکانی ئال و بەیت لەوەی قسەی لەو جۆرە بکەن.

سەرباری هەوڵەکانی حەشەویە شیعەکان و دژەڕاکانیان لە ئەهلی سوننە بۆ گومان دروست کردن لە سەر هەڵوێستی زانا شیعەکان کە جەخت دەکەنەوەو پێداگیری دەکەن لەسەر سەلامەتی و بێ کەم و زیادی قورئان، تۆمەتبارکردنیان

(١) ئیمامی صادق لە دوای وتەی یەکێك لە زیادەڕۆچووان وتی: (بەخوا ئەگەر بەئێمە تاقیکرانەوەو ئێمەش فەرمانی ئاوا نابەجێمان پێکردن ئەوا پێویست بوو لەسەریان قبوڵی نەکەن، جا چۆن شتی وا دەکەن لە کاتێکدا دەمبینن دەترسم و دەلەرزم و خوا بە گژیاندا دەبەم و خۆمیان لێ بەری دەکەم و پەنا بەخوا دەگرم لەوان، ئێوە دەکەمە گەواهیدەر من کەسێکم لە پێغەمبەری خواوە هاتوومەتە دونیاوەو هیچ پاکانەیەکم لەلایەن خواوە پێ نییە، ئەگەر گوێڕایەڵی بم ڕەحمم پێ دەکات و ئەگەر سەرپێچیشی بکەم سزام دەدات بە توونددترین سزا). الخوئي، معجم رجال الحديث، ترجمة المغيرة بن سعيد، والكشي في رجاله.

به خۆپارێزی و پێچ و پەناکردن و ڕازی کردنی خەڵکی ئاسایی، ئەوا واقیع گەواهی دەدات کە شیعە بەگشتی _ بەدرێژایی مێژوو _ بیرۆکەی دەستکاری کرانی قورئانیان ڕەتکردەوە کە زیادەڕۆچووان وەك بنەما پەسەندیان کرد لە سەدەکانی سەرەتادا و پابەند بوون بە وتنی سەلامەتی قورئان لە زیاد و کەم بوون.

## ٤_ بە دروستدانانی شۆڕش

کردنەوەی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) سەر کێشا بۆ هاتنە کایەی زنجیرەیەك لە گەشەی ئەرێنی لە بواری فیکری سیاسی. و یەکێك لەو گەشانە بریتی بوو لە: بە دروستدانانی شۆڕش کردن دژی ستەمکاران لە (سەردەمی پەنهان بووندا) بە پێچەوانەی تیۆری (چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی) کە دوازدە ئیمامییەکان پێشتر دەستیان پێوە دەگرت و شۆڕش کردن و دامەزراندنی دەوڵەتی لە سەردەمی پەنهان بووندا بە حەڕام دانابوو و ڕەتی دەکردەوە ئەو هێزە بەکاربهێنرێت کە دەبێتە هۆی بریندار بوون یان کوشتن لە کاتێکدا تاکە دەوڵەتی شەرعی: دەوڵەتی (ئیمامی مەهدی) نەبێت. ئەمەش ڕێگەی بە شیعەکاندا بەکردار لێرەو لەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن. و لەوانەیە یەکەم کەس کە هەوڵی دا دەربچێت لە ئەشکەوتی پەنهان بوونی ئیمامدا سەید مورتەزای عەلەمولهودا بوو کە وتی پیادەکردنی بریندارکردن و کوشتن لە پێناو فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن لە خراپە لە سەردەمی پەنهان بووندا دروستە و پێویست بە مۆڵەت وەرگرتن ناکات لە ئیمام. هەروەك توسی لە کتێبەکەیدا (الإقتصاد) لە ناوبراوەوە

نەقڵ کردووە. دوای ئەمە حەمزەی کوڕی عەبدولعەزیزی دیلەمی (سەلار) و محەممەدی  کوڕی ئیدریس و زانای لێکۆڵەر حیللی و زانای بلیمەت حیللی و یەحیای کوڕی سەعید و موقەدەسی ئەردەبیلی و شێخ محەممەد حەسەن فەیزی کاشانی و ئەوانی تریش شوێن بۆچوونەکەی کەوتن[1].

## ٥_ گریمانەی (نوێنەرایەتی گشتی)

هەندێك لە شەرعناسانی شیعە هەڵسان بە داهێنانی گریمانەی ئەوەی (شەرعناسان نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدین) بۆ ئەوەی شەرعیەتێکی دەستوریی بدەنە خۆیان کە لە میانەیدا بتوانن پیادەی هەندێك ئەرکی (ئیمامی مەهدی) بکەن لە ماوەی (پەنهان بوونی مەزن)دا و (سەرچاوەی ئاینی: مەرجەعیەتی ئاینی) دابمەزرێنن وەك شێوازێکی نوێی (حوکمی ئاینی) و دوور لە ئیمامەکانی ئال و بەیت کە هیچ بوونیان نییە لە ژیانی دیارو ئاشکرادا. ئەمەش ڕێگەی بە شەرعناسان دا ماڵ و سامانی گشتی (پێنج یەك "خومس" و جگە لەویش) لە خەڵکی وەربگرن بە ناوی (ئیمامی مەهدی) و جۆرێك لە دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆحی بەسەر خەڵکەکەدا بسەپێنن.

---

(١) سلار، المراسم ٢٦١، ابن ادريس، السرائر ١٦٠، والمحقق الحلي في (المختصر النافع ١١٥) و العلامة الحلي في تحرير الأحكام ١٥٧، و يحيى بن سعيد في الجامع للشرائع ٢٤٣ والمقدسي الأردبيلي في مجمع الفائدة والبرهان ٥٤٣ والسبزاوي في كفاية الأحكام ٨٢ والكاشاني في مفاتيح الشريعة ٢/ ٥٧.

## ٦_ پێویستی هەبوونی دەوڵەت

سەرباری ئەوەی گەشەی سیاسی شیعە بە درێژایی مێژوو بە پەلە نەبوو، بەوەی هەر هەنگاوێك سەدەیەكی پێ دەچوو یان چەند سەدەیەكی دەبرد تا هەنگاوەكانی تر بەدوایدا دەهاتن، بەڵام گەشەكە دەڕۆیشت و بەرەو پێشەوە هەڵدەكشا، شەرعناسان شیعە هەڵسان بە هەندێك هەوڵی بوێرانە بۆ دەرچوون لە قەیرانی چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی كە دوازدە ئیمامییەكان تێیكەوت بوون وەك دەرەنجامی ئەو بۆچوونەیان كە پارێزراوی و دەقیان بە مەرجی ئیمام دانا و گریمانەكردنی بوونی ئیمامی پارێزراو و پەنهان. یەكێك لەو هەوڵانە دەستپێشخەرییەكەی سەید محەممەد باقری سەبزاوی بوو (١٠١٨ك _ ١٠٩٠ك) كە بانگەشەی كرد بۆ دامەزراندنی سیستەمی سیاسی مەدەنی ژیرانە، جا وتی: (هیچ سەردەمێك بێ ئیمامی بەڵگە نابێت، بەڵام هەندێك جار لەبەرچاوی خەڵكی ون دەبێت بەهۆی چەند هۆكارو بەرژەوەندییەك، بەڵام جیهان لە فەڕو بەركەتی ئەو دوور نییە... ئێمەش لەو قۆناغەی پەنهان بووندایین كە دەسەڵاتێكی دادگەرو بەهێز نییە جیهان بەڕێوە ببات و حوكمڕانی بكات، ئەوا بارودۆخەكان دەشلەژێن و ژیان وای لێدێت هەموو كەسێك بەرگەی ناگرێت، بۆیە پێویستە خەڵك ملكەچی دەسەڵاتی پادشایەك بێت كە بە دادگەری حوكم بكات و شوێن ڕێبازی ئیمام بكەوێت)[1].

هەروەها دەستپێشخەرییەكەی شێخ ئەحمەدی كوڕی محەممەدی مەهدی نەراقی (١٢٤٥ك مردووە) بۆ توێژینەوەی كێشەی ئیمامەت و دەسەڵات و دەسەڵاتی

---

(١) حمید عنایت، تفكیر نوین سیاسي إسلام ٢٣٩.

نوێنەرایەت (ویلایەت)ی گشتی و پێویستیەکەی لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا و پێشنیارکردنی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە).

شێخ نراقی تیۆری (چاوەڕوانی) ڕەتکردەوەو جەختی کردەوە لەسەر بەردەوام بوونی ئیمامەت لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا و دووپاتی کردەوە کە زۆر پێویستە ئیمامی بەڵگەی زانا و فێرکارو ڕێنیشاندەرو بانگخواز بۆ سەر ڕێگەی خوا هەبێت بەشێوەیەکی دیارو زیندوو کە کارلێك بکات لەگەڵ ئوممەت[1]. لەبەر ئەوەی دۆزینەوەی (ئیمامی پارێزراو و دیاریکراو لەلایەن خواوە) ئەستەمە، ئەوا نەراقی بە مەرج گرتنی پارێزراوی و دەق و ڕەچەڵەکی عەلەوی لە ئیمامدا فەرامۆش کرد، لە کاتێکدا گرنگترین بنەماکانی تیۆری ئیمامەتی خوایی بون، نەراقی پشتی بەست بە هەموو ئەو بەڵگانەی باسی پێویستی ئیمامەت دەکەن کە زانا کەلامییە ئیمامییەکان و لە نێویشیاندا فەرموودەی فەزلی کوڕی شازان کە لە ئیمامی ڕیزاوە هاتووەو باسی پێویستی ئیمامەت و پارێزراوی ئیمام دەکات، ئەوا نەراقی بەشی یەکەمی فەرموودەکەی وەرگرت و (پارێزراوی) ڕەتکردەوەو تەنها مەرجی شەرعناسی و دادگەری بۆ ئیمام و حوکمڕان بە مەرج دانا.

نەڕاقی زۆر پشتی بەست بە بەڵگە عەقڵی و پاشماوەو ئاماژەی گشتی کە بە پێویست دەزانێت کە دەوڵەت بە شێوەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێت و پێویست نییە: بە نوێنەرایەتی گشتی ئیمامی مەهدی، هەروەك هەندێك لە شەرعناسانی شیعە وا دایدەنێن.

---

(١) النراقي، عوائد الأيام ١٥/ ٤٢٢ و ٤٢٥ و ٢٣٧.

ئالێرەوە  دەکرێ تیۆری نەراقی لەبارەی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بە گەشەیەکی ڕیشەیی دابنرێت لە فیکری سیاسی شیعە بەرەو خۆ ڕزگارکردن لە شیعەگەرێتیی ئاینی یان تیۆری ئیمامەتی خوایی و زیاتر لە خۆ ڕزگارکردن لە هەڵوێستی چاوەڕوانی... ئەگەرچی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) لەو ڕۆژەوە دووچاری مشتومڕی تووند بووەوە لەلای ژمارەیەك لە زانایان و لێکۆڵەران، ئەوا تیۆری ناوبراو سەرکەوتوو بوو لەوەی بابەتی ئیمامەت سەر لەنوێ بخاتە سەر مێزی توێژینەوە، دواتر زانایان هاتن بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەکە لە ژێر ڕۆشنایی پێویستی هەبوونی ئیمامەت و سەرکردایەتی گشتی بەردەوام لە (سەردەمی پەنهان بوونی ئەو ئیمامەی کە بە ئەرکی ئیمامەت هەڵناسێت). شێخ ڕیزا هەمەدانی (- ١٣١٠ك) هەمان شتی کردووەو تیۆری ویلایەت فەقیهی ناوناوە بە: (جێگرەوایەتی لە بەڕێوەبردندا: قائمقامیەت) و بۆچوونی وایە: (پلەو پۆستی سەرۆك و ویلایەت و دەسەڵات بۆ شەرعناس جێگیرو چەسپاوە، شەرعناس لە سەردەمی پەنهان بووندا وەك ئەو حوکمڕانانەن کە لەلایەن حوکمڕانی باڵاوە دیاریکراون بۆ ئەوەی خەڵکی بۆیان بگەڕێنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن سەبارەت بەو شتانەی پێویستە بۆ لای ڕابەرو سەرۆك بگەڕێنرێنەوە)(١). هەروەك شێخ (محەممەد حەسەن نائینی) لە تیۆرەکەی (مەشروتیەت)دا ئەمەی کردووە لەسەر بنەمای ئەستەم بوونی کۆبوونەوەی ئوممەت لە دەوری ئیمام مەهدی چاوەڕوانکراوی پەنهان و نەبوونی ئیمامە پارێزراوەکان، هەروەها پێویستی

---

(١) الهمداني، مصباح الفقيه ١٦١.

ئوممەت بە بوونی سەرکردایەتی مەرجدار بە ئەنجومەنێك کە لە ناو ئوممەت هەڵبژێردرا بێت.

سەبارەت بە خومەینی ئەوا ڕێگەی خۆش کرد بۆ تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) بە دووان لەسەر پێویستی ئیمامەت لە سەردەمی پەنهان بووندا: وتی: (ئەو شتەی بەڵگەی ئیمامەتە هەمان بەڵگەیە لەسەر پێویستی بوونی حکومەت لە دوای پەنهان بوونی ئیمامی حوکمڕان "سڵاوی خوای لێبێت"). هەروەها وتی: (... سەبارەت ویلایەت و حکومەت لە سەردەمی پەنهان بووندا، ئەگەرچی ویلایەت و حکومەت بۆ کەسێك بەتایبەت نەبێت ئەوا بەپێی عەقڵ و نەقڵ پێویستە بەشێوەیەکی تر هەر بمێننەوە، هەروەك پێشتر خرایەڕوو کە ناکرێت ئەمە فەرامۆش بکرێت، چونکە کۆمەڵگای ئیسلامی پێویستی پێ هەیە... هۆکارەکەش لە سەردەمی پەنهان بووندا هاتۆتەجێ، پێویستی بوونی سیستەم و پاراستنی ئیسلام زانراوەو ناکرێت کەسی ژێر نکۆڵی لێبکات)[1].

سەرباری ئەو تێبینیە زۆرو گرنگانەی هەنە لەسەر تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) ئەوا ئەم تیۆرە شۆڕشێکی ڕیشەییە بەسەر تیۆری ئیمامەتی خوایی، لەبەر ئەوەی تیۆری ناوبراو پارێزراوی و دەق و ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی بە مەرجی ئیمام دانانێن، بەڵکو تەنها شەرعناسی و دادگەری بە مەرجی ئیمامەت دادەنێت، بەهەمان شێوە شۆڕشێکە دژی تیۆری (چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی) و ئەگەرچی دەڵێت نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدیە (هەروەك لە

(١) الخميني، كتاب البيع ٤٦١ و ٤٦٢ و ٤٦٦.

برگەی پێنجەمی دەستووری ئێرانی دا هاتووە)، ئەو شۆڕشە وای کرد شیعەکان لەسەردەمی هاوچەرخ هەڵبستنەوەو کۆماری ئیسلامی ئێران دابمەزرێنن.

## ٧_ دیموکراسیەتی ئیسلامی

کاتێك شەرعناسەکانی ئەم دواییانەی شیعە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەت لە سەردەمی پەنهان بووندا پتەو دەکرد، خۆیان بینیەوە لەناو ململانێی پادشا و حوکمڕانی خۆسەپێنەکان کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهای بێ سنوورن، جا چوونە وێستگەیەکی نوێی گەشەی فیکریان، دەستایان کرد بە بانگەشە کردن بۆ (دیموکراسی ئیسلامی) و هەندێك لە زانایان لە ئێران و عێراق (وەك: ئاخوند کازمی خوراسانی) لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست چوونە ناو بزوتنەوەیەکی بەردەوام لە پێناو گەشەدان بە سیستەمی سیاسی ئێرانی و عوسمانی و چاکسازی کردن تێیاندا و دیاریکردنی دەسەڵاتە ڕەهاکانی پادشاکان بە ئەنجومەنی شوڕا کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، داوایان کرد پادشاکان حوکمێکی دەستووری (مەرجدار) پەرلەمانی بکەن، سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی یەکەم ئەنجومەنی پەرلەمان دەستووری لە ئێران لە ساڵی ١٩٠٦ز.

هەندێك لە زانایان وەك سەید جەمالەددینی ئەصفەهانی بانگەشەی ئەوەیان کرد سیستەمی پادشایی بگۆڕدرێت بە سیستەمی کۆماری، ناوبراو لە میانەی

شۆڕشەکەی دژی شا موزەفەرەددینی قاجاری لە ساڵی ١٩٠٥ك ڕایگەیاند کە حوکمی هەرە نزیك لە ئیسلامەوە سیستەمی کۆمارییە[١].

یەکێك لەو شەرعناسانە کە ناوی شێخ محەممەد حوسەینی نائینی بوو (١٢٧٦ك _ ١٣٥٥ك) هەڵسا بە گەشەپێدان بە تیۆری دەسەڵات و دەوڵەت لە فیقهی شیعەدا، بۆ ئەوەی زانایان و نوێنەرانی گەل بەشداربن لە بەڕێوەبردنی وڵات. جا کتێبی (تنبيه الأمة و تنزيه الملة) نووسی، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی بنەڕەتی حکومەتی ئیسلامی لەسەر شوڕاەوە دادەمەزرێت، دەسەڵات یەکێکە لە مافەکانی سەرجەم خەڵك، پێویستە سیستەمی دیموکراسی پیادە بکرێت بەهۆی ئامادە نەبوونی ئیمامە پارێزراوەکان و سەختی کۆبوونەوەی ئوممەت لە دەوری ئیمامی مەهدی چاوەڕوانکراوی پەنهان.

نائینی بنەمای یەکتاناسی و دادگەری کردووەتە خاڵی دەسپێك بەمەش گەیشتووە بە پێویستی بوونی دادگەری لە حوکمدا، جا وتویەتی: (بێ گومان خاوەنداریێتی و دەسەڵاتداریێتی و ئەنجامدانی هەر شتێك بە ویستی خۆی و پرسیار کردن و پرسیار لێنەکران لە سیفاتی خوای پایەبەرزە، جا بۆچی دەسەڵاتداران ئەم سیفەتانە پیادە دەکەن و خۆیان پێ وەسف دەکەن؟) و تا گەیشتووەتە ئەوەی وتویەتی: (بۆچی دەسەڵاتدارو دەسەڵات سنووردار نەکەین بەوەی بەوپەڕی توانایەوە خزمەتی کۆمەڵگا بکات و شەریعەت جێبەجێ بکات؟ بۆچی حوکمڕان ببێتە حوکمڕانێکی ڕەها و خاوەنی ملی هاوڵاتیان و ستەمکارو خۆسەپێنەرو زاڵ _ هەرچی بیەوێت ئەنجامی بدات و پرسیار بکات کەچی

(١) طلاب مجذوب: إيران من الثورة الدستورية إلى الثورة الإسلامية ٨٠.

پرسیاری لێ نەکرێت_؟... و بۆچی دەسەڵاتی حوکمڕان دیاری نەکەین و بە چەند سنوورێك مەرجداری نەکەین). دواتر نائینی دوو جۆر تێگەیشتنی بۆ دەسەڵات خستەڕوو کە یەکەمیان بەهەموو پلەو پۆستەکانی دامەزراوە لەسەر هێزو تووندو تیژی و زاڵ بوون و خۆ بەخاوەندانانی ماڵ و سامانی خەڵك و نابەرپرسیارێتی و خەڵك کردنە بەندەی خۆ و خۆ بە خوادانان. و تێگەیشتنی دووەم دامەزراوە لەوەی دەسەڵات بەکاربێت لە پێناو خزمەتکردن لە بڕی خەڵك و بەناوی ئەوان و خەسڵەتدار بێ بە دەستپاکی و دادگەری و بەرپرسیارێتی، هەروەها دادەمەزرێت لەسەر ماف و ئازادی و یاسا و حوکمڕانی خوای پاك و بەرز.

جا لە بەشی یەکەم لە کتێبەکەیدا وتویەتی: (چەمکی دەسەڵات لە ئیسلام و سەرجەم شەریعەت و ئاین و لەلای ژیرمەند و داناکان بە پێی تێگەیشتنی دووەمە، گۆڕینیشی بۆ تێگەیشتنی یەکەم _ بە زۆری _ لە داهێنانی ستەمکارو یاخی بووانە). و نائینی سەیری واقیعی کردووەو وتویەتی: (حوکمڕانی دادگەری نمونەیی نییە وەك باڵندەی سیمۆرخە[1] و لە پێشترە لە گۆگردی سوور، بەهەمان شێوە ئیمامە پارێزراوەکانیش ئامادە نین... جا حوکمڕانەکان مرۆڤی ئاسایین و پێویستە سنووریان بۆ دابنرێت، جا ئەگەر پارێزراوی یاخود لە خواترسان سنوور بۆ حوکمڕان دابنێت و ڕێی لێبگرێت لە یاخی بوون و دەستدرێژی کردن ئەوا ئێمە دەتوانین بگەین بەو دەرەنجامە بە یاسای ڕاست و دروست کە دەسەڵاتەکانی حوکمڕان دیاری بکات، ئەمەش لە ڕێگەی:

---

(١) باڵندەیەکی ئەفسانەییە. (وەرگێڕ).

١_ دەستوور: ماف و ئەركەكانی سەرۆك (حوكمڕان) و هاوڵاتیان دیاری دەكات، هەروەك وەك (نامەی كرداریيە) بۆ دەوڵەت و كۆمەڵگە.

٢_ پتەوكردنی بنەمای چاودێری و لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتی لە ڕێگەی ئەنجومەنی شوڕا كە پێكهاتبێت لە كەسانی ژیرو ئەزموونديدە و ياسايی و سياسی، ڕێگەش لە دەسەڵات دەگرێت لەوەی بۆ پادشا و پادشايەتی بگۆڕدرێت، ئەنجومەنەكە لەبەرامبەر گەلدا بەرپرسيارە.

بێ گومان پاراستنی ڕێزو سەربەخۆيی هەر كۆمەڵگەيەك دەوەستێتە سەر ئەوەی ئوممەت پيادەی حوكمڕانيەكەی بكات لە پاراستنی سيستەمی ناوەخۆيی و پەروەردەی گشتی و گەياندنی ماف بە خاوەن مافەكان و چاودێری كردن و پاراستنی بەرژەوەنديیە گشتييەكان و بەرگركردن لە دژی هاتنە ناوەوەی بيانيەكان). و وتويەتی: (لەبەر ئەوەی ناتوانين لە دەوری ئيمامی پارێزراو _ مەهدی چاوەڕوانكراو _ كۆببينەوەو _ نوێنەر گشتييەكانی ئيمام _ پێگەكەيان لە دەستداوەو ناشتوانين ئەو پێگانەيان بۆ بگێڕينەوە ئەوا پێويستە لەسەرمان وێنەی حوكم لە _ ڕەهايی _ كە بريتيە لە خۆسەپاند بگێڕينەوەی بۆ _ دەستووری: مەرجدار _ كە ستەم بەو ئەندازەيەی دەكرێت ئەوا دياری دەكرێت).

گەشەسەندنی فيكری سياسی شيعە لە ناوەڕاستی سەدەی بيستەم بۆ قۆناغێكی نوێ، ئەوا هەندێك لە شەرعناسە شيعەكان دەستيان كرد بە باوەڕ هێنان بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئيسلامی و لێپرسينەوەو چاودێری كردنی حوكمڕانان پشتگوێ نەخرێت و سنوور بۆ دەسەڵاتيان دابنرێت لە ميانەی دەستوور، ئەم گەشەسەندنە خۆی بينيەوە لە فيكری بەڕێز محەممەد باقر صەدر

دامەزرێنەری حیزبی دەعوەی ئیسلامی و سەید محەممەد مەهدی شیرازی دامەزرێنەری ڕێکخراوی کاری ئیسلامی و هەندێك شەرعناسی تر کە بانگەوازیان دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی.

دواتر ئیمامی خومەینی لە کۆتایی شەستەکان هات و بەڕاشکاوی بانگەشەی کرد بۆ شۆڕش کردن بەسەر تیۆری (چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی)، کە زاڵ بوو بەسەر فیکری سیاسی شیعە تا کاتێکی نزیك لە ئێستا، لە یەکێك لە وتارەکانیدا کە لە شاری نەجەف لە ساڵی ١٩٦٩ز پێشکەشی کرد لە ژێر ناونیشانی (حکومەتی ئیسلامی): (بەڵگە نەویستە... پێویست بوونی جێبەجێ کردنی حوکم و یاساکان تایبەت نەبوو بە سەردەمی پێغەمبەر ((ﷺ)) بەڵکو پێویست بوونێکی بەردەوامە... باوەڕ بوون بەوەی ئیسلام بۆ کاتێکی دیاریکراو یان بۆ شوێنێکی دیاریکراو هاتووە پێچەوانەی پێویستییەکانی بیروباوەڕی ئیسلامییە، لەبەر ئەوەی جێبەجێ کردنی حوکمەکان لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) تا هەتایە لە پێداویستییەکانی ژیانە، بۆیە بوونی حکومەت بوونی کە دەسەڵاتی جێبەجێکارو بەرێوبەری هەبێت پێویستە، ئەگەر وا نەبێت ئەوا بەرەڵایی و بێ سەروبەری و ئاژاوە زاڵ دەبێت... جا بۆیە شەرع و عەقڵ واپێویست دەکات: پێویستی هەبوونی حکومەت لە سەردەمی پێغەمبەری خودا ((ﷺ)) و میری باوەڕداران "سڵاوی خوای لێبێت" تا ئەمڕۆش ئەو پێویستییە هەر ماوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە ئەم پرسیارەتان ئاراستە دەکەم: ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ بەسەر پەنهان بوونی گەورەی ئیمامی مەهدییمان تێپەڕبووە، ئایا لەو ماوە درێژەدا دەکرێت حوکمەکانی ئیسلام کاریان پێ نەکرێت و خەڵکی چیان بوێت ئەوە بکەن؟.. ئایا ئەمە گەڕەلاوێژێ و ئاژاوە نانێتەوە؟ ئایا خودا تەمەنی شەریعەتی بە دوو ساڵ

دیاریکردووە؟ ئایا پێویستە ئیسلام لە دوای پەنهان بوونی بچوکەوە هەموو شتێك لە دەستبدات؟!؟). خومەینی زیاتر دەڵێت: (پەسەند کردنی ئەم بۆچوونە زۆر خراپترە لەلای من لەوەی بڵێن ئیسلام هەڵوەشێنراوەتەوە، کەسێك باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێت ناتوانێت بڵێت: پێویست نییە بەرگری لە وڵات و خاکی ئیسلام بکرێت یان پێویستە زەکات و پێنج یەك "خمس" و جگە لەمانەش نەدرێن یاخود بڵێت یاسای تاوانەکان لە ئیسلامدا پەکبخرێت و خوێنبایی و سزاکان جێبەجێ نەکرێن، جا کەواتە هەر کەسێك پشتی ئەو بۆچوونە بگرێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامی پێویست نییە ئەوا ئەو کەسە نکوڵی دەکات لە پێویستی جێبەجێ کرانی ئیسلام، بانگەشەش دەکات بۆ پەکخستنی حوکمەکانی، دواتر نکوڵی دەکات لە گشتگیری و نەمری ئیسلامی یەکتاناس). ئیمامی خومەینی ئەو کەسانەی دوواند کە پابەند بوون بە تیۆری (چاوەڕوانی) و پێیان دەڵێت: (نەڵێن هەڵناسین بەجێ بەجێکردنی سزاو سنوورەکان و بەرگری کردن لە کون و کەلەبەرو سنووری وڵات و کۆکرنەوەی مافی هەژاران تا ئیمامی مەهدی بەڵگە دەرنەکەوێت دەی کەواتە بۆچی نوێژیش فەرامۆش ناکەن تا لە دەرەنجامی چاوەڕێ کردنی مەهدی؟!). دواتر بە بەڵگەی عەقڵی ئەو فەرموودانەی پەکخستووە کە کاری سیاسیان قەدەغە دەکرد لە سەردەمی پەنهان بووندا و تەنانەت گوێشی بەو فەرموودانە نەدا، هەروەها بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر پێویستی ئیمامەت لە سەردەمی پەنهان بووندا و وتویەتی: (خودی ئەو شتەی بەڵگەیە لەسەر ئیمامەت بەهەمان شێوەیە بەڵگەیە

لەسەر پێویستی هەبوونی حکومەت دواى پەنهان بوونی ئیمامی مەهدی "سڵاوی خوای لێبێت")[1].

دواى ئەوەى ئیمامی خومەینی ئەوە چەسپاند کە پێویستی وا دەخوازێت بەردەوام ئیمامەت لە سەردەمی (پەنهان بوون)یشدا هەبێت و ناشبێت بە پاساوی چاوەڕوانی مەهدی پەکبخرێت، بە بەڵگەی عەقڵ و نەقڵ، لە دەرەنجامدا گەیشتە پێویستی دامەزراندنی دەوڵەت بە سەرۆکایەتی کەسێك کە تایبەتمەندییەکانی ئیمامەتی تێدا بێت لە زانست و دادگەری.

فیکری سیاسی شیعەى هاوچەرخ لەسەر بنەڕەتی شوڕا وەستاوەو سیستەمی دیموکراسی نوێ پەسەند دەکات. ئەمەش گۆڕانێکی ڕیشەیی و وازهێنانێکی کردەیی دروست کردووە لە تیۆری ئیمامەتی خوایی کە گرێ و کۆسپێك بوو لە پەیوەندی شیعە و سەرجەم موسڵمانانی تر.

کەواتە (شیعەگەرێتیەکی نوێ) لەدایکبوو کە تەواو دژە لەگەڵ شیعەگەرێتیی ئاینی کۆنی نەزۆك و مردوو و بەتایبەت شیعەگەرێتیی دوازدە ئیمامی. ئەم شیعەگەرێتیە نوێیە دامەزراوە لەسەر بنەڕەتی تێکۆشان (جیهاد) و شۆڕش و دادگەری و شوڕا یان دیموکراسیەت و یەکێتی ئیسلامی و عەقڵ و زانست و قورئان، لەمەشدا بەیەك دەگاتەوە لەگەڵ فیکری سیاسی ئیسلامی بە گشتی و فیکری مرۆیی ڕێك و پێك. و بە تەواوی هاوشێوە لەگەڵ شیعەگەرێتیی سیاسی یان فیکری شیعەى هەرە کۆنی میانڕەو کە خۆی دەبینێتەوە لە فیکری بزوتنەوەى شیعەکان لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و حەسەن و حوسەین و

(١) الخميني، الحكومة الإسلامية ٢٥ _ ٢٦.

فیکری زەیدی لە سەدەکانی دواتردا، جا چ لە تێڕوانین بۆ ئیمامەت یاخود بۆ زانستی شەرعی. هاوشێوەبوون لە نێوان فیکرەی شیعەی کۆن و نوێ ڕەنگ دەداتەوە لەوەی ئیمامەت بە مافێك لە مافەکانی ئوممەت دەزانن و پێیان وایە ئوممەت بۆی هەیە هەر کەسێك هەڵبژێرێت و زانستی ئاینی کراوەیە بۆ هەموو زانا و کۆششکار (موجتەهید)ەکان و زانستێکی غەیبی تایبەت نییە بە ڕەچەڵەکێکی یان کەسانێکی دیاریکراو (کە فریشتە قسەیان بۆ بکات). و بە چاوی پیرۆزی سەیری ئیمامەکانی ئال و بەیت ناکەن وەك ئەوەی بەشێك بن لە ئاین و بیروباوەڕی ئیسلامی، بەڵکو تەنها چوارچێوەیەکی کاتی بوون لەو سەردەمدا ڕابەرایەتی بزوتنەوەی سیاسی شیعەیان دەکرد لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی[1].

(١) هەروەك ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالێب لە وتارێکی دا لە شاری کوفە کە تیایدا داوا لە شیعەکانی دەکات ڕەخنەی لێبگرن و لێی بپرسینەوەو فەرمانی پێ بکەن بە چاکە و ڕێگری لێ بکەن لە خراپە، لە وتارەکەدا دەڵێت: (من وا سەیری خۆم ناکەم کە هەڵە ناکەم، بۆیە قسەی ڕاست و ڕاوێژی دادگەرانە فەرامۆش مەکەن).

# بەشی پازدەم

## چەند هەنگاوێکی پێویست

## بۆ ڕزگار بوون لە پاشماوەکانی شیعەگەرێتیی ئاینی

سەرباری ئەو گەشەسەندنە ڕیشەییانەی ڕوویاندا لە فیکری سیاسی شیعەی هاوچەرخ، هەروەها شیعەکان بە کرداری وازیان لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) هێنا، هیچ شتێك لەم تیۆرە نەمایەوە جگە لە ناو و هەندێك یادەوەری و چەند شتێك لە کەلەپوری فیقهی و ڕێوڕەسم، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرەکە هەتا ئێستاش کاریگەری هەیە لە ژیان شیعەکان و بە جۆرێك لە جۆرەکان ناسنامەی ئەوان دادەڕێژێت، ئەمەش دوای ئەوەی ئەم تیۆرە لەلای ئەوان بووە (بیروباوەڕێکی ئاینی) نەمر، بەهۆی باوەڕ بوونیان بە: (ئیمامی دوازدەم محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و بەردەوام بوونی ژیانی ناوبراو تا ئەمڕۆ، بە پشت گرتنی بە کۆمەڵێك فەرموودەی سوننە و شیعە لەبارەی (دوازدە ئیمام) کە ئیمامییەکان دەڵێن پێغەمبەری ڕێزدار بە دەق ئاماژەی پێیان کردووەو وەك ئیمامی دوای خۆی دیاری کردوونە. ئا لێرەوە ناکرێت چاکسازی تەواو بکرێت لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا و بەتەواوی دەست هەڵبگیرێت لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) تەنها لە ڕێگەی پێداچوونەوە نەبێت بە گریمانەی (بوون ئیمامی دوازدەم و لە دایکبوونەکەی) و ڕەخنەگرتن لەو فەرموودانەی باس لە (دوازدە ئیمام) دەکەن و هەڵسەنگاندنیان بەشێوەیەکی بابەتیانە.

### ١_خۆ ڕزگارکردن لە گریمانەی (مەهدی چاوەڕوانکراو)

وا دیاریکرابوو بۆ (تیۆری ئیمامەت) کە بە تەواوی کۆتایی پێ بێت لە ناوەڕاستەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی لە کاتی کۆچی دوایی کردنی ئیمامی حەسەنی عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ك، عەسکەری ئاماژەشی نەکرد بەوەی منداڵێکی

هەیە و وەسیەتی ئیمامەتی بۆ هیچ یەکێك نەکرد، زۆرێك لە شیعەکان پەییان بەوە برد کە لەسەر هەڵە بوونە و لە خەیاڵدا ژیانیان بەسەر بردووە[1]. بەڵام وتنی تاقمێك لە شیعەکان بەوەی عەسکەری منداڵێکی هەیە و ئەو منداڵە ئیمامە لە دوای ئەو، دواتر دروستکردنی گێڕانەوە لە دەوری (دوازدە ئیمامی) ئەوا تیۆرە (ئیمامەتی خوایی) ڕزگار کرد لە دارمان لە سەر ئاستی تیۆری، سەرباری ئەوەی لەو کاتەوە تیۆرەکە بە کرداری لە واقیعدا ڕووخاوە.

لەبەر زۆر گرنگە لێکۆڵینەوە بکرێت لەبارەی لە دایك بوون و هەبوونی (ئیمامی دوازدەم) و (تیۆری دوازدە ئیمامی). لە کتێبەکەی پێشوومدا (گەشەسەندنی فیکری سیاسی شیعە لە شوراوە بۆ ویلایەت فەقیە) بە تێرو تەسەل لەوەم کۆڵیوەتەوە، ئەوە چەسپا کە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی مێژوویی نییە لەسەر لە دایك بوونی ئەو (ئیمامە) کە شیعەکان هەردەم ناوی (ئیمامی مەهدی) لێ دەنێن و ئەوەشم وتوە کە ئەمە تەنها گریمانەیەکی فەلسەفییە. من باشە لێرەدا پوختەیەك بخەمەڕوو لەبارەی ئەم گریمانە و بەڵگەکانی و دواتر بە کورتی تاوتوێیان دەکەین.

ئەو گێڕانەوە مێژووییەی کە مێژوونووس و زانا کەلامییە شیعەکان (دوازدە ئیمامییەکان) دانی پێدادەنێن و دەیگێڕنەوە وەك: نوبەختی و ئەشعەری قومی و نوعمانی و صدوق و موفید دەڵێت: ئیمامی عەسکەری مرد بێ ئەوەی منداڵێکی دیار لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت، بۆیە وەسیەتی ماڵ و سامانەکەی بۆ داکی خۆی

(١) هەروەك نوبەختی لە کتێبی (فرق الشیعة) و سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی لە کتێبی (المقالت والفرق)دا ئاماژەی بەمە دەکەن.

کرد[1]. بەڵام تاقمێك لە بریکارەکە دارایی و پارەویستەکانی عەسکەری (لەسەرویانەوەوە عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری بریکار) بانگەشەی ئەوەیان کرد عەسکەری منداڵێکی شاراوەی هەیە، ئەو منداڵە ئیمامە لە دوای باوکی و مەهدی چاوەڕوانکراوە. وتیشی بۆیە عەسکەری لە ماوەی ژیانیدا ئاماژەی بەو منداڵە نەکردووەو وەسیەتی بۆ نەکردووەو شاردویەتیەوە وەك خۆپارێزی (توقیە) و ترسان لە دوژمنان ئەمەی کردووە. بریکارەکان هەندێك چیرۆکیان گێڕاوەتەوە لەبارەی لە دایکبوونی ئیمام و چاوپێکەوتنی لە ماوەی ژیانی باوکیدا و دوای مردنیشی.

زانا کەلامییە ئیمامییەکان هاتن و برەویان بەم بانگەشەیەدا، بەڵگەشیان بەوە هێنایەوە کە بەردەوام بوونی ئیمامەتی خوایی بە شێوەیەکی ستوونی پێویستە و نابێت لە دوای حەسەن و حوسەین لە برایەکەوە بۆ برایەکی تر بگوازرێتەوە. و ئەم وتەیەیان کردە بەردی بناغەی بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوەی ئیمامی عەسکەری (منادڵێکی) هەیە. و لەمە و پاشماوەی بابەتە کەلامییەکان کە پارێزراوی ئیمام یان بوونی دەق لەسەر ئال و بەیت بە پێویست دەزانن ئەوا بەڵگەیەکیان داهێنا و ناویاننا بەڵگەی عەقڵی[2].

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٩٨، والأشعري القمي، المقالات والفرق ١١٠ والمفيد، الفصول المختارة ٢٥٩.

(٢) لە بەشی دووەمی کتێبەکەمان (گەشەسەندنی فیکری سیاسی شیعە) لە ژێر ناونیشانی (ئیمامی مەهدی ڕاستییەکی مێژووییە یان گریمانەیەکی فەلسەفییە)؟ وتەی زانا کەلامییەکان و مێژوونووسەکانمان خستەڕوو کە عەقڵیان بە بەڵگە هێنایەوە لەسەر هەبوون و لە دایکبوونی: (محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و بەڵگەکەیان پشتی دەبەست بە تیۆری پارێزراوی و دەق و پشتاو پشت کردنی ستوونی لە ئیمامەتدا.

دواتر فەرمووداسە شیعەکان لە سەدەی چوارەمی کۆچی هاتن و هەندێك فەرموودەیان گێڕایەوە (یان هەڵیانبەست) لەسەر زمانی پێغەمبەری ڕێزدار و ئیمامەکانی پێشوو لەبارەی ئیمامی دوازدەم و ناوو پەنهان بوونەکەی و هاوشێوەی ئەمانە.

ئەگەر بمانەوێت تاوتوێی بەڵگەکانی دوازدە ئیمامییەکان بکەین کە دەیخەنەڕوو لەسەر لە دایکبوون و هەبوون (ئیمامی دوازدەم) ئەوا ئەوە بەسە کە تاوتوێی بەڵگە مێژووییەکان بکەین، چونکە ئەمانە تەنها بەڵگەن کە دەتوانن چیرۆکی لە دایکبوونە نهێنییەکە بەچەسپێنن یان ڕەت بکەنەوە. بەڵام بەڵگە عەقڵی نەقڵی (گێڕانەوەکان) تەنها گریمانەی نا زانستین و بەرگە ناگرن لە بەردەم لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردن، ناشکرێت بەکاربهێنرێن لە پێناو چەسپاندنی ڕاستیەکی دەرەکی وەك لەدایکبوونی منداڵێك، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قەیرانێکی تیۆری هەبووەو کۆمەڵێك لە ئیمامییەکان پێیدا تێپەڕیون لەوانەی بە مەرجیان داناوە ئیمامەت بەشێوەیەکی ستوونی پشتاوپشتی پێ بکرێت و بە دروستیشیان نەزانیوە بۆ برا یان کوڕە برا یان بۆ مام یاخود کوڕە مام بگوازرێتەوە، ئەم قەیرانە وای لەوان کردووە واز لەم مەرجە بێنن یان دان بەوەدا بنێن کە ئیمامەت پچڕاوە لە دوای مردنی عەسکەری بێ ئەوەی منداڵێك لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت، هەروەك وا دیاربووە لە ژیانی عەسکەری یاخود گریمانەی ئەوە بکەن عەسکەری منداڵێکی بە نهێنی هەیە سەرباری ئەوەی ڕاشکاوانە باسی نەکردووە یان بێ ئەوەی بەڵگەی لەسەر هەبێت. و ڕاڤەکردنی ئەم ناڕۆشنی و شاردنەوەیە بە خۆپارێزی (توقیە) و ترسان لە دەسەڵات، سەرباری ئەوەی هیچ ئاماژەیەك نەبوون کە ئەم هەموو خۆپارێزی و ترسە پێویست بکات.

ناونانی پرۆسەی بەڵگە هێنانەوەی تیۆری لەسەر ئەوەی عەسکەری منداڵێکی هەیە بە بەڵگەی (عەقڵی)، ئەوا لە ڕاستیدا دەچێتە چوارچێوەی (لێبوردن و خوازراو: استعارە)، ئەگەرنا لە هەمووشتێك زیاتر لە بەڵگەی عەقڵیەوە دوورە، چونکە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێك بیرۆکە و وتەی گواستراوە (نەقڵی)ن و هەندێکیان خەبەری تاقانە (ئاحادن) کە پێویستیان بەوە هەیە زنجیرە (سەنەد) و واتاکەیان بچەسپێنرێت، وەك ئەو بیرۆکەی دەڵێت: (ئیمامەت پێویستە بە ستوونی پشتاو پشت بکرێت و ناکرێت ئیمامەت لە دوای حەسەن و حوسەین بۆ برابگوازرێتەوە). و تاوتوێ کردنی هەر پێشەکیەك لە پێشەکییە دوورو درێژەکانی بەڵگەی (عەقڵی) وەك: پێویستی پارێزراو بوونی ئیمام و چۆنیەتی گوێزرانەوەی لە ئیمامێکەوە بۆ ئیمامێکی تر و بانگەشەی سەرجەم ئیمامەکانی تر کە بانگەشەی ئیمامەت و مەهدی بوونیان کرد وەك: محەممەدی کوڕی حەنیفە و باوکی هاشمی کوڕی محەممەدی کوڕی حەنیفە و زەیدی کوڕی عەلی و محەممەدی کوڕی عەبدوڵای خاوەن دەروونی پاك و ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر و کوڕ و نەوەکانی و عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح و محەممەدی کوڕی عەلی هادی... و خاڵە لاوەکییەکانی تری تیۆری ئیمامەتی خوایی هەر لە سەرتاوە تا کۆتایی، تا کۆچی دوایی کردنی ئیمامی حەسەنی عەسکەری... تاوتوێ کردنی هەر پێشەیەك لەو پێشەکیانە ڕێگە دادەخات لە گەیشتن بە گریمانەی: (ئەوەی عەسکەری منداڵێکی هەیە). و جەخت دەکاتەوە تەنها گریمانەیەکی خەیاڵییە، گومانێکی بێ زانستە. خوای بێ وێنە ڕێگری لێمان کردووە کە شوێن گومان بکەوین، بەتایبەت لە بابەتەکانی بیروباوەڕدا، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴾ الإسراء: ٣٦. واتە: ("ئەی مرۆڤ"

له شتێك مەدوێ و شوێنی مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نییە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن، هەر هەمووی بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە). و خوای مەزن ڕەخنەی ئاراستەی خاوەن ئایینەکانی تر کردووە کە بیروباوەڕیان بنیات دەنێن لەسەر گومان و پێشبینی و گریمانە و لەم بارەوە دەفەرموویەتی: ﴿ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ﴾ الأنعام: ١٤٨. واتە: (پێیان بڵێ: ئایا هیچ زانیاری و زانستێکی خواییتان لەلایە، تا نیشانمان بدەن و بۆمان دەربخەن؟ ئێوە شوێنی هیچ شتێکی تر ناکەون جگە لە گومان و ئێوە هیچ شتێکی تر ناکەن مەگەر ئەوە نەبێت کە درۆ دەکەن). و فەرموویەتی: ﴿ إِنۡ هِيَ إِلَّآ أَسۡمَآءٞ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴾ النجم: ٢٣. واتە: (ئەم بت و پەیکەرانە تەنها شتێکە کە خۆتان و باوو باپیرانتان ناوتان لێناون و هیچی تر نین، خوا بەڵگەیەکی نەناردووە لەسەر ڕەوا بوونیان، سەیرە، ئەوانە تەنها شوێنی گومان و ئارەزووی دەروونە نەخۆشەکانیان دەکەون، لە کاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هیدایەت و ڕێنموونیان پێ گەیشتووە). و فەرموویەتی: ﴿ وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـٔٗا ﴾ النجم: ٢٨. واتە: (ئەوانە لەو بارەیەوە هیچ جۆرە زانست و زانیارییەکیان نییە، بەڵکو هەر شوێنی گومانی بێ سەرو بن دەکەون، لە کاتێکدا کە گومان بەهیچ شێوەیەك جێگەی حەق و ڕاستی ناگرێتەوە).

کەواتە بۆ ناسینی ڕاستێتی (ئیمامی مەهدی محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بۆ گێڕانەوە مێژووییەکان کە لەبارەی لە دایکبوون و بینینی ناوبراو دەکەن، بەتایبەت بانگەشەی (چوار نوێنەرەکە): "عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری، محەممەدی کوڕی ناوبراو، نوبەختی، صەیمری" و دڵنیا بوون لە گێڕانەوەکانیان.

لەکاتی پێداچوونەوە بەم گێڕانەوە (مێژووییانە) لەبارەی ئەو منداڵەی عەسکەری گوایە لە دایکبووە، دەبینین ئەوانەی گێڕانەوەکانیان دروستکردووەو هێناوە خۆیان حەساندۆتەوە لە تۆمەتی پشت بەستن بە گێڕانەوە لاوازەکانی وەك ئەمانە، جا لە سەرەتادا وتیان: ئێمە بوونی ئیمامی دوازدەم بە ڕێگەی عەقڵی (یان فەلسەفی یاخود ڕەچاوکاری "ئیعتباری" یان تیۆری) دەچەسپێنین و پێویستمان بە گێڕانەوەی مێژوویی نییە و باسیشیان دەکەین تەنها وەك زیاتر پتەوکردن و بەهێزکردنە و بەس. و ئەرکی تاوتوێ کردنی زانستیانەی ئەم گێڕانەوانە و دڵنیابوون لە زنجیرە (سەنەد)یان و وردبوونەوە لە دەقەکەیان لەسەر شانی خۆ لاداوە.

ئەم گێڕانەوانەیان دەهێنایەوە وەك (ئەو کەسەی نقومی ئاو بووەو دەست دەگرێت بە هەموو پوش و پەڵاشێك) ئەگەرنا ئەوان خۆیان لە هەموو خەڵکی باشتر شارەزای لاوازی و پوچی ئەم گێڕانەوانەن... ئەگەر تاقمێکی تر بەڵگەی بەو جۆرە گێڕانەوانە هێنابایەوە لەسەر بوونی ئیمامێکیان یان بوونی کەسانێك... ئەوا سوکایەتیان پێ دەکرد و گاڵتەیان بە عەقڵیان دەکرد و تۆمەتباریان دەکرد بەوەی دژی ژیربێژی (مەنتیق) و عەقڵ و بارودۆخی دیار هەڵسوکەوت دەکەن... .

ئەو گێڕانەوانەی لەبارەی (لەدایکبوونەکە) دەدوێن لە ماوەیەدا نەناسرابوون کە پێی دەوترا (پەنهان بوونی بچوك)، لەبەر ئەو نووسەرانەی باوەڕیان بە بوونی ئیمامی دوازدەم هەبوو ئەم گێڕانەوانەیان نەگێڕابووەوە، بەڵکو لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچی لەوبارەیان نووسی وەك: نوبەختی لە کتێبی (فرق الشیعة)دا و سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی لە کتێبی (المقالات والفرق) و عەلی کوڕی بابویەی صدوق لە (الإمامة والتبصرة من الحيرة) و ئەوەی لە دوای ئەوانەش هات وەك محەممەدی کوڕی ئەبو زەینەبی نوعمانی لە کتێبی (الغیبە)ی یان کلینی لە کتێبی (الکافی)دا ئەمانەیان نەگڕایەوە. بەڵکو بە دەیان ساڵ هەر یەك لە محەممەدی کوڕی عەلی صدوق لە کتێبی (إکمال الدین) "لە سەدەی چوارەم" و موفید لە کتێبی (الإرشاد) و (الفصول المختارة) و توسی لە کتێبی (الغیبة) "سەدەی پێنجەم"دا تۆماریان کردووە.

گێڕانەوەکان گەلێك زۆر لە یەکتر جیاوازن هەر لە دیاریکردنی شوناسی دایکی (محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) کە وادادەنرێت بوونی هەیە و هەر لەبارەی مێژووی لە دایك بوونەکەی تا وردترین زانیارییەکان... جا ڕایان جیاوازە لەبارەی ناوی دایکەکەی کە ئایا نەرجسە یان سەوسنە یاخود صەقیلە یان ڕیحانەیە یاخود مەلیکەیە یان مەریەمی کچی زەیدی عەلەوی، هەندێك دەڵێن ئافرەتەکە ئازد بووە هەندێك دەڵێن کەنیزەك بووە و لە ماڵی هەندێك لە خوشکانی ئیمامی هادی لە دایك بووە... یان کڕاوە لە بازاری کۆیلەکان لە شاری بەغداد... ئەم گێڕانەوانە ڕایان جیاوازە لە دیاریکردنی بەرواری لە دایکبوونەکە لە ڕۆژو مانگ و ساڵ... بەم پێیەش جیاواز بوون لە دیاریکردنی تەمەنی منداڵەکە لە کاتی مردی باوکی لە نێوان دوو تا هەشت ساڵ. هەروەها ڕایان

جیاوازە لە ڕێگەی سکپڕ بوونەکە لەوەی لە منداڵدان یان لە تەنیشتدا و لەبارەی لە دایك بوونەکەیەوە کە لە دامێنەوە بووە یان لە ڕان!. و گێڕانەوەکان جیاواز بوون لە دیاریکردنی ڕەنگەکەی لە نێوان سپی یان ئەسمەرەوە. لەبارەی ڕێگەی پێگەیشتنەکەیشی جیاواز بوون لە نێوان شێوازی ئاسایی ناسراو و وتنی ئەوەی لە کاتی مردنی باوکی لەسەر شێوەی منداڵ بووەو شێوازی نا ئاسایی... و لە شێوازی نا ئاساییش گێڕانەوەکان جیاوازن لەوەی پێگەیشتنە خێراییەکە لە ڕۆژێك وەك ماوەی ساڵێکی ئاسایی یان گەورەبوونی لە ڕۆژێکدا وەك گەورەبوونیەتی لە هەفتەیەکدا... و گەورەبوونی لە هەفتەیەکدا وەك گەورەبوونیەتی لە ماوەی مانگێکدا... و گەورە بوونی لە ماوەی مانگێکدا وەك گەورە بوونیەتی لە ماوەی ساڵێکدا. و بەم پێیە دەبێت منداڵەکە بەر لە مردنی باوکی بووبێتە پیاوێکی مەزنی تەمەن حەفتا ساڵ... بەشێوەیەك کە حەکیمەی پوری نەیناسیوەتەوەو پێی سەیر بووە کاتێك ئیمامی حەسەن فەرمانی پێکردووە لەلای ئەو دابنیشێت.

نزیکەی دوازدە سەدە تێپەڕی لەسەر پەنهان بوونی ئەو ئیمامە گریمانەکراوە (محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) کەچی هەر دەرنەکەوت. سەرباری ئەوەی کە وادانراوە پەنهان بووە تێکدەگیرێ لەگەڵ فەلسەفی بوونی ئەو کە ئیمامییەکان ڕەواجی پێ دەدەن، ئەویش ئەوەیە: (کە پێویستە خوا ئیمامێکی پارێزراو لەناو ئال و بەیت دیاری بکات تا حوکمی ئیسلامی بەرپا بکات و موسڵمانان بەڕێوە ببات و فێریان بکات)، ئەمەش وای خواست و واش دەخوازێت پێداچوونەوە بکرێت بە هەبوون و لە دایکبوون ئەو ئیمامە. جا لە ڕاستیدا زۆرێك لەو شیعانەی باوەڕیان هێنا بە چیرۆکی بوونی ئیمامی مەهدی دوای ماوەیەك پاشگەزبوونەوە لە باوەڕ پێ هێنانی، بەوپێیەی نوعمانی کوڕی ئەبو زەینەب و صدوق بۆمان دەگێڕنەوە.

## ٢_ ڕەخنەگرتن لە تیۆری دوازدە ئیمامی

ئەوەی وای لە هەندێك شیعەی تر کرد باوەڕ بێنن بە بوونی (ئیمامی پەنهان) و بەردەوام بوونی ژیانی تا سەدان ساڵ، ئەوا فەرموودەکانی (دوازدە ئیمامی) بوون کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی بەدەرکەوتن و باسیان لەوە کرد کە پێغەمبەر ناوی لە لیستی (دوازدە ئیمامەکان) کردووە و ناوی یەکە یەکەی ئیمامەکان و ناوی باوو باپیرانیانی کردووە. و باسی ئەوەشی کردووە کە دواینیان مەهدی چاوەڕوانکراوە (محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) کە تەمەنی درێژ دەبێت تا ئەو کاتەی دەردەکەوێت و هەر دەریش دەکەوێن ئەگەر یەك ڕۆژ مابێت لە تەمەنی دونیا بۆ ئەوەی زەوی پڕ کات لە دادگەری وەك چۆن پڕ ببو لە ستەم و زۆرداری. ئەمەش وای لە شیعەکان کرد باوەڕ بەوە بکەن کە مەسەلی تەمەن درێژی (ئیمامی مەهدی) مەسەلەیەکی غەیبی و دەرئاسایە وەك تەمەن درێژی پێغەمبەر نووح (سڵاوی خوای لێبێت). ئەم گێڕانەوانەمان لە بەشی پێشوو (شیعەگەرێتیی دوازدە ئیمامی) خستەڕوو کە بەشێکە لەوەی ماوەتەوە لە (شیعەگەرێتیی ئاینی) کە ناوو ناسنامەی (شیعە دوازدە ئیمامییەکان) پێیان دەدات.

بۆ ئەوەی دڵنیابین لە ڕاستی (دوازدە ئیمامییەکان) پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سێ سەدەکەی یەکەم تا ئەوە دەربخەین کە شیعە بیرۆکەی یان ناوی (دوازدە ئیمامییان) نەدەناسی. ئەگەر سەیرێکی کەلەپوری (ئیمامییەکان) بکەین لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەم ئەوا دەمانبینی کە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) لەلای ئەوان کراوەیە و درێژ بووەتەوە تا ڕۆژی دوایی بەوەی سیستەمێکی سیاسی ئاینی هاوتەریبە لەگەڵ سیستەمی شورا کە تا ڕۆژی دوایی کراوەیە و کورت نەکرابووە،

هەروەها قبوڵی نەدەکرد لە چەند ئیمامێکی دیاریکراو یان لە ماوەیەکی دیارکراو کورت بکرێتەوە، تەنانەت شێخ عەلی کوڕی بابویەی صدوق (٣٢٩ك مردووە) لە کتێبەکەیدا (الإمامة والتبصرة من الحيرة) و نوبەختی لە کتێبەکەیدا (فرق الشيعة) و سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی لە کتێبەکەیدا (المقالات والفرق) ئاماژەی پێ نەکردووە، کە لە مێژوونووسانی سەدەی سێیەمی کۆچین[١].

و لە بەشی (شیعەگەرێتیی ئاینی) ئەوەمان خستەڕوو کە هەندێك فەرموودە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیمامەت پشتاو پشت بەردەوام دەبێت تا ڕۆژی دوایی. و لە کەلەپوری شیعەدا دەیان بەڵکو سەدان لەو گێڕانەوانە هەن کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بەردەوامی ئیمامەت تا ڕۆژی دوایی، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئیمامەت لە ژمارەیەکی دیاریکراو دیاری نەکراوە لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەم و تیۆری (دوازدە ئیمامی) دواتر داهێنراوە. جا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم گێڕانەوە ڕێژنەیی (موتەواتر)انە کە باسی درێژ بوونەوەی ئیمامەت دەکەن تا ڕۆژی دوایی گشتی و ڕەهان و ڕەهایی و گشتگیریی دەخوازێت، واتە: تایبەت کردن و سنووردارکردن ڕەت دەکەنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) لە سەرەتای دروست بوونیدا تا ڕۆژی دوایی درێژ ببوەو پێشتر بە ژمارەیەك دیاری نەکرابوو، ئەوا ئەستەم بوو ناوی ئەو ئیمامانە کورت بکرێنەوە لە لیستێکی دیاریکراودا، بۆیە تیۆرەکە دەیوت دەق لە پێغەمبەری خواوە تەنها لەسەر ئیمامی عەلی هاتووە، و دەق لەسەر ئیمامەکانی تر بەوەیە یەکەم بۆ دووەم بکات و بەم شێوە تا ڕۆژی دوایی. جا تیۆرەکە بانگەشەی ئەوەی

---

(١) نوبەختی دەڵێت: (ئیمامەت لە پشت و نەوەکانی ئیمامی دوازدەم بەردەوام دەبێت تا ڕۆژی دوایی). افرق الشيعة، الفرقة التي قالت بوجود ولد للعسكري.

نەدەکرد کە لیستێکی پێشوەختە هەیە و ناوی دوازدە ئیمامەکانی تێدایە. بەڵکو دانی بەوەدا دەنا کە دەقی ڕاشکاو لەلایەن هەندێك لە ئیمامەکانەوە نییە لەسەر هەندێك ئیمامی تر، بۆیە دەستی دەگرت بە وەسیەتی ئاسایی و بە بەڵگەیەك یان ئاماژەیەکی دادەنا لەسەر ئیمامەت، جا لەبەر ئەوەی هیچ وەسیەتێك بۆ هەندێك ئیمام لەلایەن باوکیانەوە نەبوون (وەك ئیمامی زەینولعابدین) یان وەسیەتەکە چەند کەسێکی تێدا هاوبەش بوو (وەك ئیمامی کازم و ڕیزا) ئەوا هەندێك جار تیۆرەکە دەیوت: (بەڵگەی ئیمامەت بریتییە لە غەیب زانین و کاری دەرئاسا یان تەمەن گەورەیی یاخود زانست یان لەلابوونی چەکی پێغەمبەری خواو هاوشێوەی ئەمانە[1]. بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خودی ئیمامەکان نەیازانیوە کە خۆیان ئیمامن یان نەیانزانیوە کێ ئیمامی داهاتووە لە دوای خۆیان تەنها لە سەرەمەرگدا نەبێت[2] یان گێڕانەوەکان دەڵێن: کە هێشتا خۆیان لە ژیاندا بوون ئەوا کەسێکیان بە ئیمام ناودەنا کەچی کەسەکە لە ماوەی ژیانی ئەواندا دەمرد و گوایە ویستی خوا گۆڕاوە (وەك چۆن ئەمە لەگەڵ ئیسماعیل کوڕ صادق و محەممەدی کوڕی عەلی هادی ڕوویدا) سەرەڕای نەزانینی شیعە ئیمامییەکان و کەوتنە ناو سەرگەردانی و ڕاجیابوونیان لە دوای مردنی هەر ئیمامێك ئەوا داوایان لە هەر ئیمامێك دەکرد کە ئیمامی دوای خۆی دیاری

(١) زۆر فەرموودەی تر هەن کلینی باسیان دەکات، کە مەسەلەی ناسینی ئیمامی نوێ چارەسەر دەکەن لە میانەی چەندین خەسڵەت وەك: تەمەن گەورەیی و بە پاکی لەدایکبوون یان باشی شوێنی پێگەیشتن یاخود یاری و گەمە نەکردن یان وەسیەتی ئاشکرا یاخود پلەو پایە یان غەیب زانین یاخود ئارامی و هێمنی و شکۆمەندی، ئەمەش ئاماژە بەدرێژبوونەوەی تیۆری ئیمامەت دەکات تا ڕۆژی دوایی لە قۆناغی یەکەمدا و ئیمامەت لە ژمارەیەکی دیاریکراودا کورت هەڵنەهاتووە.

(٢) بگەڕەوە بۆ: بصائر الدرجات لصفار، والكافي للكليني، وقرب الإسناد للحميري، وتفسير العياشي، و الإرشاد للمفيد، وإثبات الهداة للحر العاملي.

بکات و بە ڕوونی ناوی بێنێت بۆ ئەوەی نەمرن لە کاتێکدا ئیمامی نوێ نەناسن (وەك چۆن زورارەی کوڕی ئەعیون ئەمەی کرد کە مرد بێ ئەوەی ئیمامی دوای صادق بناسێت) و زۆربەی جاران سەرگەردان دەبوون و نەزانی دووچاریان دەبوو و شوێن چەند ئیمامێك دەکەوتن کە دواتر بۆیان دەردەکەوت کە ئەوانە ئیمام نین (وەك چۆن ئەمە بەسەر هیشامی کوڕی سالمی جەوالیقی و هاوەڵەکانی ڕوویدا دوای ئەوەی دانیاننا بە ئیمامەتی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح کەچی ڕای خۆیان گۆڕی دانیاننا بە ئیمامەتی کازم).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوا تیۆری دوازدە ئیمامی جێگیر نەبوو لە فیکر ئیمامی دا تا ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی، تەنانەت شێخ محەممەدی کوڕی عەلی صدوق ئەوەی دەربڕی کە گومانی هەیە لە دیاریکردنی ژمارەی ئیمامەکان لە دوازدە ئیمامدا و وتویەتی: (ئێمە بە دووری نازانین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بە دوازدە ئیمام دەنێین، باوەڕیش بەوە دەکەین کە ئیمامی دوازدەم لەبارەی دوای خۆی باسی لێوەدەکات)[1]. و کۆمەڵێك گێڕانەوەی گێڕاوەتەوە لەبارەی پێشبینی درێژ بوونەوەی ئیمامەت لە دوای ئیمامی دوازدەم و کورت نەکردنەوەی ئیمامەت لە دوازدە ئیمامدا، لەوانە گێڕانەوەکەی میری باوەڕداران لەبارەی ناڕۆشنی بارودۆخی دوای مەهدی و گوایە پێغەمبەری خوا ئەوەی پێی ڕاگەیاندووەو پێشی وتوە: (جگە لە حەسەن و حوسەین بە کەسی تر نەڵێت). و گوایە وتویەتی: (پرسیارم لێ مەکەن لەوەی لە دوای ئیمامی دوازدەم چی دەبێت، چونکە

(١) الصدوق، إكمال الدين ٧٧.

خۆشەویستەکەم "پێغەمبەر" پێی ڕاگەیاندووم کە جگە لە ڕەچەڵەکی خۆم بە کەسی تر نەڵێم)[1].

کەفعەمی لە کتێبی (المصباح) ئەم نزایەی لە بارەی (ئیمامی مەهدی) لە ئیمامی ڕیزا گێڕاویەتیەوە: (....خوایەگیان؛ درودو سڵاوات بدە لەسەر جێگرەوەو ئیمامەکانی دوا ئەو)[2].

توسی گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا بە عەلی فەرمووە: (ئەی عەلی لە دوای من دوازدە ئیمام دێن، لە دوای ئەوانیش دوازدە مەهدی دێن، ئەی عەلی تۆ یەکەم ئیمامی لە دوازدە ئیمامەکان... دوای ئیمامەکان دوازدە مەهدی دێن)[3].

کاتێك بیرۆکەی دیاری کردنی ژمارەی ئیمامەکان سەری هەڵدا لە دوای دانىنان بە بوون و پەنهان بوونی (محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) ئەوا خەریك بوو شیعە ئیمامییەکان لە نێوان خۆیاندا ڕاجیابن لەبارەی دیاریکردنی ژمارەی ئیمامەکان بە دوازدە یان سێزدە ئیمام، چونکە لەو کات هەندێك گێڕانەوە دەرکەوتن و دەیانوت: ژمارەی ئیمامەکان سێزدەن، کلینی لە کتێبی (الکافي)دا گێڕاویەتیەوە[4]. و ئەوە بەدیکرا لەو کتێبەی ئەو کات بەدەرکەوت و درایە پاڵ (سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی)، لە یەکێك لە گێڕانەوەکاندا هاتووە: پێغەمبەر بە میری باوەڕدارانی وتوە: (تۆو دوازدە کەس لە نەوەی تۆ ئیمامی ڕاستن). ئەمەش هیبەتوڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کاتبی نەوەی باوکی جەعفەری

(١) الصدوق، إكمال الدين ٧٨.

(٢) القمي، مفاتيح الجنان ٥٤٢.

(٣) الطوسي، الغيبة ٩٧.

(٤) الكليني، الكافي ٥٣٤/١.

محەممەدی کوڕی عوسمانی عومری هاندا (کە تێکەڵی بابەتی فەلسەفی و کەلامی بوو) کە کتێبێك بنووسێت لە ئیمامەتدا و تیایدا بڵێت: ئیمامەکان سێزدەن. و (زەیدی کوڕی عەلی)یش بۆ لیستی ئیمامەکان زیاد بکات هەروەك نەجاشی لە کتێبەکەیدا (الرجال) ئەمە دەڵێت.

مێژوونووسی شیعە مەسعودی (٣٤٥ك مردووە) لە کتێبی (التنبیه والإشراف) باسی ئەوەی کردووە: (کە بنەڕەتی بیرۆکەی دیاریکردنی ژمارەی ئیمامەکان بە دوازدە ئیمام دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی لە کتێبەکەیدا باسی کردووە)[1].

جا کتێبی سەلیم لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی دەرکەوت و لیستێکی لە خۆگرتبوو کە ناوی دوازدە ئیمامەکەی تێدا بوو، کتێبی ناوبراو لەبارەی ئەم لیستەوە دەڵێت: هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ناسرا بوو، پێغەمبەر بەخۆی ئەم لیستەی پێشتر ڕاگەیاندووە. و دەرکەوتنی ئەم کتێبە بووە هۆی دروستبوونی تاقمی (دوازدە ئیمامی) لە سەدەی چوارەمی کۆچی... دواتر بەرە بەرە گێرەرەوەکان گێڕانەوەیان لەوبارەوە هەڵدەبەست. کلینی لە کتێبی (الکافي) حەڤدە گێڕانەوەی باس کردووەو دوای ئەو بە پەنجا ساڵ صدوق هات و کردییە سی و شتەك گێڕانەوە... پاشان خەزازی قوتابیەکەی هات تا کردییە دوو سەد گێڕانەوە! [2].

---

(١) المسعودي، التنبيه والاشراف ١٩٨.

(٢) لە دەقە عەرەبیەکە وتویەتی سەد گێڕانەوە، بەڵام پێم وایە دانەر بە هەڵەدا چووە، چونکە لە چەندین شوێندا وتویەتی دوو سەد گێڕانەوە، بۆ نمونە سەیری: بەشی سێزدەم: دەروازەی یەکەم: فەرموودەکانی دوازدە ئیمامی بکە کە دەڵێت دوو سەد گێڕانەوە. (وەرگێڕ).

کلینی و نوعمانی و صدوق له دانانان به تیۆری (دوازده ئیمامی)دا پشتیان بەستبوو بە کتێبەکەی سەلیم، هەروەك نوعمانی وەسفی دەکات (بەوەی یەکێکە لەو کتێبە بنەڕەتیان بۆی دەگەڕێنەوەو پشتی پێ دەبەستن). بەڵام شیعەی ئەو سەردەم بە گشتی گومانیان وابوو کتێبەکەی سەلیم هەڵبەستاوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەلیم لە (محەممەدی کوڕی عەلی صەیرەفی باوکی سەمینە)ی گێڕاوەتەوە کە درۆزنێکی بەناوبانگە و لە (ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی) زیادەڕۆچووی نەفرەتی گێڕاویەتیەوە. و کوڕی غەزائیری وتویەتی: (هاوەڵانمان دەڵێن: سەلیم نەناسراوەو هیچ باس و خواسێکی نییە... گومان لەوەدا نییە کتێبەکەی هەڵبەستراوە، چەندین نیشانە و ئاماژە هەن بەڵگەن لەسەر ئەوەی خستمانەڕوو)[1]. شێخ موفید کتێبەکەی سەلیمی بەلاواز داناوەو وتویەتی: (کتێبەکە باوەڕپێکراو نییە و نابێت کار بە زۆربەی شتەکانی بکرێت، تێکەڵ و پێکەڵ کردنی تێکەوتووە، هەر لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر کەسی دیندار خۆی دوور بگرێت لەو شتانەی لەم کتێبەدا هاتوون، بەشێوەیەکی گشتی پشتی پێ نابەسترێت و لاسایی گێڕانەوەکانی ناکرێت، بەڵکو هەر کەسێك ئەم کتێبەی هەبێت با بچێتە خزمەت زانایان تا فەرموودەی ڕاست و ناڕاستی بۆ دیاری بکات). و شێخ موفید ڕەخنەی لە صدوق گرتووە لەسەر ئەوەی شتی وەرگرتووە لە کتێبەکەی سەلیم و پشتی پێبەستووە، جا (مفید ئەم کارەی (صدوق)ی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە بۆ ڕێبازەکەی کە گێڕانەوەییە، لەم بارەشەوە وتویەتی: ("صدوق" لەسەر ڕێبازی فەرموودەناسانە، لە کارکردن بە ڕووکەشی دەربڕینەکان لادان لەو

---

(١) المفيد، أوائل المقالات وشرح اعتقادات الصدوق ٢٤٧.

شتەی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، ئەم بۆچوونە زیان بە ئایینی خاوەنەکەی دەگەیەنێت، چەق و دەق بەستووی لە جیاتی چاوڕۆشنی پێدەدات)[1].

ئا لێرەوە (زەیدییەکان) ڕەخنەیان لە (ئیمامییەکان) گرت و وتیان: (ئەو گێڕانەوانەی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیمامەکان دوازدەن، وتەیەکە ئیمامییەکان لەم زووانەوە هەڵیان بەست و چەندین فەرموودەی درۆشیان لەم بارەوە دروست کرد). گەواهیشیان هێناوەتەوە بە پەرتەوازە بوونی شیعەکان بۆ چەندین دەستەو پێڕ لە پاش کۆچی دوایی هەر ئیمامێك، تەنانەت نەیاندەزانی دوای ئەو ئیمامە ئیمامەکەی تر کێیە، هەڵسان بە داهێنانی بیرۆکەی (گۆڕانی ویستی خوا: البداء) لەبارەی ئیسماعیل و محەممەدی کوڕی عەلی، هەروەها دانیشتنی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح بۆ ئیمامەت و ڕووتێکردنی شیعەکان و پەسەند کردنی ئیمامەتی عەبدوڵا، سەرگەردان بوونی شیعەکان دوای تاقیکرانەوەی عەبدوڵا، تەنانەت نەیانزانی کازم ئیمامە تا ناوبراو بەخۆی بانگەشەی ئیمامەتی خۆی نەکرد، مردنی شەرعناس زورارەی کوڕی ئەعیون بێ ئەوەی ئیمام بناسێت[2].

هەروەها صدوق وتەکانی زەیدییەکانی گواستۆتەوە کە تیایدا ئیمامییەکان تۆمەتبار دەکەن بەوەی تیۆری (دوازدە ئیمامیان) هەڵبەستووە لە کاتێکی دواتردا کە کۆن نییە، صدوق ئەو تۆمەتانەی ڕەت نەکردۆتەوەو بەرپەرچیشی نەداوەتەوە، بەڵام پاساوی هێناوەتەوە بۆ داهێنانی تیۆرەکە: ("ئیمامییەکان" نەیان وتوە: سەرجەم شیعەکان بە زورارەشەوە دوازدە ئیمامەکەیان ناسیوە)، دواتر صدوق هۆشیار بووەتە سەبارەت بە پلەی زورارە و بەوەی نابێت شتێکی لەو

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٤٢.

(٢) الصدوق، إكمال الدين ٧٥ _ ٧٦.

شێوەیە نەزانێت، لە کاتێکدا یەکێکە لە قوتابیە گەورەکانی ئیمامی باقرو ئیمامی صادق، بۆیە لە قسەکەی پشگەز بووەوەو وتی دەکرێت زوراە فەرموودەکەی زانیبێت بەڵام بۆ خۆپارێزی شاردبێتیەوە، دووبارە (صدوق) لەم پێشبینیەشی پاشگەز بووەوەو وتی: (لەبەر ئەوەی "زورارە" ئیمامی نەدەناسی ئەوا کازم بۆی لە خودا پاڕایەوە ئەم زانیارییەی پێبدات، چونکە کەسێك گومانی لەمەدا هەبێت ئەوا بێ گومان لەسەر ئایینی خودا نییە)[١].

## أ_ تاوتوێ کردنی فەرموودە سونیەکان

سەرباری ئەمە ئەوا ئەو فەرموودە سوننیانەی پشتیوانانی (دوازدە ئیمامی) پشتیان پێ بەست زۆر لاواز بوون لە ڕووی دەق و زنجیرە (سەنەد)ەوە، جا تێبینی دەکرێت:

یەکەم: گێڕانەوە سوننیەکان دەدوێن لەبارەی دوازدە (جێنشین: خەلیفە) یان (ئەمیر) کە سەرۆکایەتی موسڵمانان دەکەن، واتە: حوکمڕانیان دەکەن یان دەبنە ڕابەریان، نەك (جێنشین: خەلیفە) بە تێگەیشتنی ئیمامی بەو واتایەی ڕاسپێرراوی پێغەمبەر، ئەمەش مەبەستی پرسیارکەر و وەڵامدەرەوەکە بوو، دواتر ئەم فەرموودانە جێبەجێ نابن لەسەر ئیمامەکانی شیعە کە کەسیان حوکمیان نەکردووە جگە لە ئیمامی عەلی و حەسەنی کوڕی.

(١) هەمان سەرچاوە ٧٦.

دووەم: ئەم گێڕانەوانە ژمارەی جێنشینەکان لە دوای پێغەمبەر دیار ناکەن، ئەو بابەتەش ڕوون ناکەنەوە، بەڵکو باس لەوە دەکەن کە ئوممەت سەرکەوتوو دەبێت تا کۆتایی هاتنی ماوەی دوازدە خەلیفە یان ڕوودانی ئاژاوە و ئاشوب و شەڕو دووڕویی لە دوای دوازدە جێنشینەکە.

سێیەم: ئەو هەواڵانە ئیمامەکان یان جێنشینەکان ناژمێرن بە شێوەیەکی زنجیرەیی ستوونی کوڕ بۆ کوڕ وەك لە تیۆری (دوازدە ئیمامی)دا هاتووە، دواتر دەکرێت ئەم هەواڵانە جێبەجێ ببن بەسەر ژمارەیەك جێنشین لە قوڕەیشییەکان لە ماڵە جیاوازەکان و بە هەر شێوەیەك بن لە شێوەکان.

چوارەم: ئەو هەواڵانە کە لەلای ئەهلی سوننە گێڕدراونەتەوە ئەوا کەسیانە بە ناوەڕۆکەکەیەوە پابەند نابێت، ئەگەرچی زنجیرە (سەنەد)ەکەی بە چاك دابنێن ئەوا لە ڕووی دەقەوە لاوازن و هیچ سەلمێنەرێکی دەرەکی نییە... دەشکرێت ئومەوییەکان دروستیان کردبێت بۆ دژایەتی کردنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە شیعیەکان لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی و تۆمەتبارکردنی شۆڕشەکان بە ئاژاوەو ئاشوب. یان دەکرێ هەندێك هەڵیان بەستبێت بۆ وێنا کردنی داڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوییەکان لەگەڵ کەوتنی خەلیفەی دوازدەمی ئومەوی وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك کە مەیی خۆربوو، جا خەڵك ڕقیان لێبووەوە بەهۆی مەیی خواردنەوەکەی و لە دژی دەرچوون و کوشتیان.

پێنجەم: گێڕانەوە سونیەکان و دواتر شیعەیەکان هەرگیز لەسەر دوازدە ئیمامەکەدا جێبەجێ نابێت، چونکە بە سادەیی ئەوان دوازدە ئیمام نین بەڵکو

یازده ئیمامن و بەپێی شەرع و مێژووەوە نەچەسپاوە ئیمامی حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەبووبێت و لە دایك بووبێت.

شەشەم: شیعە ئیمامییەکان بە درێژایی سەدەی دووەم و سێیەم دانیان نەنا بە ڕاست و دروستی ئەم گێڕانەوانە و لە کتێبەکانیاندا باسیان نەکردووە.

## ب_ تاوتوێ کردنی گێڕانەوەکانی شیعە

گێڕانەوەکانی شیعەش لەبارەی (دوازدە ئیمامی) بەهەمان شێوە لاوازن لە ڕووی دەق و زنجیرە (سەنەد)ەوە، نابنە بەڵگە، چونکە لە ڕێگەی تاقمی دوازدە ئیمامیەوە هاتوون لە کاتێکدا تاقمی ناوبراو تۆمەتبارن بەوەی ئەم گێڕانەوانەیان هەڵبەستووە بۆ پشتگیری کردنی مەزهە نوێیەکەیان لە سەدەی چوارەمی کۆچی[1]. بۆیە هیچ یەکێکیان بە بەڵگە ناشێت و نابنە بەڵگەیەکی ڕەوا و شەرعی بۆ کورت هەڵهێنانی ئیمامەکان لە ژمارەیەکی دیاریکراودا، سەرباری لاوازی تیۆری ئیمامەتی ئال و بەیت هەر لە بنەڕەتدا، هەروەها پەسەند نەکرانی ئەم تیۆرە لەلایەن خودی ئیمامەکانەوە هەروەك لە بەشەکانی پێشوودا ئەوەمان ڕوون کردەوە.

گومان هەبوون لە فەرموودەی تاقمەکان کە پشتی تاقمەکان دەگرن، ئەوا گومانێکی پەیڕەوی ژیرانە بوو کە هەتا خودی دوازدە ئیمامییەکانیش ئەمەیان پەیڕەوکرد لە کاتی ڕەخنەگرتن لە دەستە و تاقمەکانی تر. شێخ توسی لە کتێبی

(١) تاقمەکانی تری شیعە وەك ئیسماعیلییەکان و واقیفییەکان و فەتحییەکان دوازدە ئیمامییەکانیان تۆمەتبار کرد بەوەی ئەم فەرموودانەیان هەڵبەستووەو دروستکردووە لە کاتێکی دواتردا. بگەڕێوە بۆ: الصدوق، إكمال الدين ٦٧.

(الغيبة)دا ئەو فەرمووده ڕاست و دروستانەی ڕەتکردەوە کە واقیفییە باوەڕپێکراوەکان گێڕاویانەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان تۆمەتبارن بە ڕاکێشانی ئاگر بۆ ناو ماڵ و بازنە و پشتگیری کردنی مەزهەبی خۆیان، جا توسی وتی: (ئەوەی واقیفییەکان دەیگێڕنەوە بەڵگەی تاقانە _ ئاحاد _ن کە هیچ بەڵگەیەك پشتی ناگرن و ناکرێت بانگەشەی ئەوەش بکرێت کە ڕاست و دروستن، لەگەڵ ئەوەشدا گێڕەرەوەکان تۆمەتبارن و باوەڕ بە وتە و گێڕانەوەکانیان ناکرێت، سەرباری هەموو ئەوانەش ئەوا تەئویل کراون)[1]. و توسی لە بەرپەرچی هەواڵێکدا کە عەلی کوڕی ئەبو حەمزە هێناویەتی وتویەتی: (ئەمە هەواڵێکە کوڕی ئەبو حەمزە گێڕاویەتیەوە کە تۆمەتبارە و یەکێکە لە واقیفییەکان)[2]. و ئەوەی زیاد کردووە: (ئەگەر بنچینەی ئەم مەزهەبە _ واقیفی _ خودی ئەم کەسانە بن ئەوا چۆن باوەڕ بە گێڕانەوەکانیان دەکرێت یان پشتی پێ دەبەسترێت؟ و ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی گێڕەرەوەکانی واقیفییەکان کراون زیاترن لەوەی بژمێردرێن و لە کتێبەکانی هاوەڵانمان گێڕدراونەتەوە)[3]. هەروەها وتویەتی: (ئەو توانجانەی لەم تاقمە دراون لەوە زیاترن کە بژمێردرێن... چۆن متمانە بە گێڕانەوەکانی ئەم کەسانە دەکرێت؟... ئەمەش وتە و هەڵوێستی پێشینانە لەبەرامبەر ئەوان، ئەگەر سەرکەشی ئەو کەسە نەبووبا کە دەستی بەم هەواڵە گرتووە کە گێڕاویەتیەوە ئەوا نەدەبوو گوێ لەو کەسە بگیرابا کە باسی دەکرد)[4].

---

(١) الطوسي، الغيبة ٢٩.

(٢) هەمان سەرچاوە ٣٧.

(٣) هەمان سەرچاوە ٤٤.

(٤) هەمان سەرچاوە ٤٦.

ئەگەر بمانەوێت هەمان تێڕوانینی توسی بەکاربهێنین ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەو گێڕانەوانەی شوێنکەوتووانی تیۆری (دوازدە ئیمامی) دەیهێننەوە هەموویان خەبەری تاقانە (ئاحاد)ن و هیچ بەڵگەیەك پشتی ناگرێت و ناکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ڕاست و دروستن، سەرباری ئەمە گێڕانەوەکان تۆمەتبارن و متمانە بە وتە و گێڕانەوەکانیان ناکرێت، لەبەر ئەوەی تۆمەتبارن بە ڕاکێشانی ئاگر بۆ ناو ماڵ و بازنەکەیان و گێڕانەوەکانیان ئەم خەبەرانەن کە تەئویل هەڵدەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو فەرموودانە لاواز بە پێوەرەکانی زانستی هەڵسەنگاندن و ناسینی کەسەکان (الدراية والرجال) لەلایەن خودی دوازدە ئیمامییەکان، جا یان تێکگیراون یان پچڕاون یاخود لە کەسانی لاواز یان درۆزن یاخود زیادەڕۆچوو یان بێ باك یان نەناسراو یاخود لە کەسانی هەڵبەستەرەوە گێڕدراونەتەوە یان ئەفسانەی زۆر ئاشکرا لە خۆ دەگرن یاخود شتی وایان تێدایە کە پێچەوانەی ڕاستییە چەسپاوە مێژووییەکانن. و بەتایبەت: ئەم فەرموودانە لە سەردەمی سەرگەردانی گێڕدراونەتەوە کە لە دوای کۆچی دوایی کردنی ئیمامی عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ك دەستی پێکرد، هەندێك جار ئەم گێڕانەوانە دەدەنە پاڵ کەسانی تر لە تاقمەکانی تری شیعە وەك کیسانییەکان یان واقیفییەکان یاخود فەتحییەکان یان جگە لەوان کە هەر بڕوای بە ئیمامەت نییە، چ جای ئەوەی باوەڕی بە دوازدە ئیمامی هەبێت، ئەمەشیان بۆ ئەوە دەکرد بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن کە ئەم شتانە لەلایەن دژەکانیشەوە هاتوون و ئەوانیش پشتگیری لێ دەکەن.

ئەگەر سەیری دوو گێڕانەوەکەی سەرەتا بکەین (گێڕانەوەی جابرو خدر)[1] ئەوا دەبینین کە ژمارەی ئیمامەکان دیار ناکەن لە دوازدە ئیمامدا، بەڵکو تەنها ناوی دوازدە ئیمام دێنن لە ئیمامەکان، باسی ئەوەش ناکەن کە لە دوای ئیمامی دوازدەم چی ڕوودەدات، ئایا دونیا کۆتایی دێت؟ یاخود ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی ئیمامی دوازدەمدا بەردەوام دەبێت؟ هەروەك هەندێك لە شیعە ئیمامییەکان ئەمەیان دەوت تا ناوەڕاستەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی (وەك: شێخ محەممەدی کوڕی عەلی صدوق لە کتێبی "إکمال الدین"). و گێڕانەوەکەی جابرلە چەندین خاڵدا جیاوازە و تێکدەگیرێت لەگەڵ گێڕانەوەکەی صدوق، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە گێڕانەوەکە هەڵبەسترابێت و دروست کرابێت و یاری پێکرابێت لەلایەن گێڕەرەوەکانەوە. محەممەدی کوڕی عەلی صدوق دەڵێت: (کاتێك باقر گەیشتە سەرمەرگ ئەوا پێش ئەوەی بمرێت بانگی صادقی کوڕی خۆی کرد و پەیمانێکی پێ سپارد، زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حەسەنی براکەی پێی وت:

_ ئەگەر وێنەی حەسەن و حوسەینم تێدا بەرجەستە بێت ئەوا ئاواتی ئەوە دەخوازم کە کاری خراپ نەکەم، باقر وتی:

_ ئەی باوکی حەسەن سپاردەکان پەیکەر نین، پەیمانەکانیش وێنە نین، بەڵکو بریتین لەو شتانەی پێشتر لە ئیمامە بەڵگەکانی خوا ماونەتەوە، دواتر بانگی جابری کوڕی عەبدوڵای کرد و پێی وت: ئەی جابر بۆمان بگێڕەوە کە چیت بینیوە لە پەڕاوەکەدا؟ جابر پێی وت:

---

(١) بگەڕێوە بۆ: بەشی (شیعەگەرێتی دوازدە ئیمامی).

_ بەڵێ ئەی باوکی جەعفەری باقر چوومە لای خاتوو فاتیمەی گەورەم تا پیرۆزبایی لێ بکەم بە بۆنەی لە دایکبوونی حەسەن، بینینم پەڕاوێکی لە دەستدای کە لە گەوهەری سپییە، وتم: ئەی گەورەی ئافرەتان ئەو پەڕاوە چییە کە لە دەستی تۆدا بەدی دەکەم؟ فاتیمە وتی: ناوی ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی منی تێدایە، منیش پێم وت: پێم بدە تا سەیری بکەم، فاتیمە وتی: ئەی جابر ئەگەر ڕێگریم لێ نەکرابا ئەوا پیشانم دەدای بەڵام ڕێگری کراوە لەوەی جگەلە پێغەمبەر یان ڕاسپێرراوو جێگری پێغەمبەر یاخود خانەوادەی پێغەمبەر کەسی تر دەستی لێ بدات، بەڵام مۆڵەت دراوە کە لە ڕووکەشیەوە سەیری ناوەوەی بکەی... جابر دەڵێت: خوێندمەوەو بینیم ئەوانەی تێدان:

باوکی قاسم محەممەدی کوڕی عەبدوڵای موستەفا، دایکی ئامینەی کچی وەهەبە.

باوکی حەسەن عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی مورتەزا، دایکی فاتیمەی کچی ئەسەدی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدومەنافە.

باوکی محەممەدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی ئەکبەر، دایکی فاتیمەی کچی محەممەدە.

باوکی عەبدوڵا حوسەینی کوڕی عەلی تەقی، دایکی فاتیمەی کچی محەممەدە.

باوکی محەممەد عەلی کوڕی حوسەینی دادگەر، دایکی شەهربانویەی کچی یەزدەجری کوڕی شاهەنشایە.

باوکی جەعفەر محەممەدی کوڕی عەلی باقر، دایکی فاتیمەی کچی کوڕی عەلییە.

باوکی عەبدوڵا جەعفەری کوڕی محەممەد، دایکی ئوم فەروەی کچی قاسمی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبو بەکرە.

باوکی ئیبڕاهیم موسای کوڕی جەعفەری باوەڕپێکراو، دایکی کەنیزەکە ناوی حەمیدەیە.

باوکی حەسەن عەلی عەلی کوڕی موسای ڕیزا، دایکی کەنیزەکە ناوی نەجمەیە.

باوکی جەعفەر محەممەدی کوڕی عەلی زەکی، دایکی کەنیزەکە ناوی خەیزرانە.

باوکی حەسەن عەلی کوڕی محەممەدی دەستپاك، دایکی کەنیزەکە ناوی سەوسەن.

باوکی محەممەد حەسەنی کوڕی عەلی رەوفیق، دایکی جاریەیە ناوی سومانەیە و نازناوی دایکی حەسەنە.

باوکی قاسم محەممەدی کوڕی حەسەن، کە بەڵگەی خوایە لەسەر بەدیهێنراوەکانی و ئیمامی مەهدییە، دایکی کەنیزەکە و ناوی نەرجسە درودی خوا لە هەر هەموویان بێت)[1].

---

(١) الصدوق: إكمال الدين وإتمام النعمة باب ٢٧ ص ٣٠٥.

تێبینی دەکرێت کە گێڕانەوەکەی کلینی دەڵێت: هاتنە خوارەوەی تابلۆیەکە لە کاتی لەدایکبوونی حوسەیندا بووە، کەچی گێڕانەوەی صدوق دەڵێت: لە کاتی لە دایکبوونی حەسەندا هاتۆتە خوارەوە.

گێڕانەوەکەی کلینی دەڵێت: پەڕاوەکە سەوز بوو وەك ئەوەی زومرەدە، کەچی گێڕانەوەی صدوق دەڵێت: وەك گەوهەرێکی سپی بوو.

گێڕانەوەکەی کلینی دەڵێت: فاتیمەی زەهرا پەڕاوەکەی داوەتە جابر و ئەویش خوێندویەتیەوەو دانەی لەبەر گرتۆتەوە، کەچی گێڕانەوەی صدوق دەڵێت: فاتیمە ڕەتی کردەوە جابر دەستی لێ بدات و ڕێگەی پێدا سەیری ناوەوەی بکات لە ڕێگەی ڕووکەشەکەیەوە.

دەقی گێڕانەوەی کلینی بەتەواوی و سەرەکی جیاوازە لەگەڵ دەقی گێڕانەوەکەی صدوق.

گێڕانەوەکەی کلینی ناوی دوازدە ئیمامەکان دەهێنێت بێ ئەوەی باسی ناوی دایکەکانیان بکات، کەچی گێڕانەوەکەی صدوق باسی ناوی دایکەکانیانی کردووەو باسی ناوی باوکی پێنج یان شەش لە دایکی ئەوانی کردووەو ناوی باوکی دایکی ئیمامەکانی تری نەهێناوە کە دایکەکانیان کەنیزەك بوون. ئا لێرەدا ئاماژە هەیە لەسەر هەڵبەسترانی گێڕانەوەکە، جا ئەگەر پەڕاوەکە لەلایەن خواوە بووبا ئەوا باسی ناو دایك و باوك ئیمامەکانی دەکرد.

گێڕانەوەکەی کلینی دەڵێت: باقر لە ڕۆژێکی ئاسایی ژیانی دا داوای لە جابر کرد باسی چیرۆکی تابۆلیەکەی بۆ بکات و باقر چووەتە ماڵی جابر، کەچی

گێڕانەوەکەی صدوق دەڵێت: باقر لە سەرمەرگیدا لە ساڵی ١١٤ك یان ١١٦ك بانگهێشتی جابری کرد بۆ ئەوەی چیرۆکەکە باس بکات و زەید گوێبیستی ببێت، چونکە زەید ڕەخنەی لە وەسیەت کردنی باقر بۆ صادق گرت. لە ڕاستیدا ئیمامی صادق نەگەیشتۆتە جابری کوڕی عەبدوڵا، چونکە جابر ساڵی ٧٣ یان ٧٨ك مرد و صادق بە چەند ساڵێك لە دوای مردنی جار لە دایك بوو (لە ساڵی ٨٣ك لە دایکبوو).

سەرباری ئەمە گێڕانەوەکەی کلینی دەڵێت: (خوای گەورە ئەرکی پێغەمبەرایەتی داناوەتە سەر شانی عەلی ڕیزا). ئەمەش یەکێکە لە فیکرو بیرۆکەی زیادەڕۆچووان.

چەند پرسیارێکی تری سەرنجڕاکێش هەن بەشێوەیەکی گشتی لەسەر گێڕانەوەکە... لەو پرسیارانە: خوای گەورە قورئانی بەنووسراوی لە ناو پەڕاوێکدا لە ئاسمانەوە دانەبەزاندووە، ئەی چۆن ئەم تابلۆیەی بەم شێوەیەی دابەزاندووە؟... ئەی بۆچی ئال و بەیت ئەم بەردە بەنرخە ئاسمانیەیان نەپاراست و بۆ ئەوەی پیشانی خەڵك بدەن وەك گەورەترین بەڵگە لەسەر ئیمامەتی خۆیان؟ و ئایا تابلۆیەکە نهێنی بوو؟ یان ئاشکرا؟ جا ئەگەر نهێنی بێت ئەوا جابر چۆن پێی زانیوە؟ و بۆچی فاتیمەی زەهرا پێ ڕاگەیاندووە؟ و ئەگەر ئاشکراش بێت ئەوا بۆچی سەرجەم موسڵمانەکانی تر ئەم هەواڵەیان نەزانیوە؟ و بەتایبەت ئەم گێڕانەوەیە لە سەدەی چوارەمی کۆچی بووە، هەروەها بۆچی هیچ ئاماژەیەك لە ئیمامەکانەوە نییە کە لەسەر ئەم تابلۆیە دوابن یان ڕۆژێك لە ڕۆژان وەك گەواهییەك بەڵگەیان پێ هێنابێتەوە؟.

ئەمە ئەوە دەچەسپێنێت کە چیرۆکەکە لە سەردەمی سەرگەردانی دا هەڵبەستراوە لە دوای پێکهاتنی تیۆری دوازدە ئیمامی لە سەدەی چوارەمی کۆچی.

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵبەسترانی چیرۆکی تابلۆیەکە و لیستی پێشوەختە، ئەو فەرموودەیەیە کە کلینی لە ئیمامی باقرەوە دەیگێڕێتەوە لە بارەی وەسیەتی خاتوو فاتیمەی زەهرا کە تیایدا هاتووە: (بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان ئەمە ئەوەیە کە فاتیمەی کچی محەممەدی پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) وەسیەت لەبارەوە کردووە، وتویەتی وەسیەت لەبارەی حەوت پەرژینەکەم دەکەم: عەواف، دەلال، بەرقە، مسیب، حوسنا، سافیە و ئەوەی هی دایکی ئیبراهیمە ئەوا بۆ عەلی کوڕی ئەبو تالیبە، ئەگەر عەلی کۆچی دوایی کرد ئەوا بۆ حەسەنە و ئەگەر حەسەنیش مرد ئەوا بۆ حوسەینە و ئەگەر حوسەین مرد ئەوا بۆ ئەو نەوەیەی منە کە لە هەمووان تەمەن گەورەترە. خوای گەورە شایەتی لەسەر ئەمە دا و میقدادی کوڕی ئەسوەد و زوبەیری کوڕی عەوامیش گەواهیان لەسەر ئەمەدا و عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئەمەی نووسی)[1]. فاتیمەی زەهرا ناوی ئیمامەکان ئایندەی نەهێناوە یان ناوی دوازدە ئیمامەکەی باس نەکردووە، بەڵکو وەسیەتەکەی بەکراوەیی بەجێهێشت لە گەورەترینددا.

بەهەمان شێوە گێڕانەوەکەی خدر سەرسوڕهێنەرە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە خدر ئیمامی عەلی تاقی کردۆتەوە کەچی پێشتر نەیناسیوە کە ئیمامە، پرسیاری وای لێکردووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیمامەتەوە نییە. سەرباری ئەوەی نەچەسپاوە کە گێڕانەوەکە لە باوکی هاشمی جەعفەرییەوە هاتبێت، بەڵکو

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣٠٠، ١٣ – ٥ و ح رقم ٣٠١، ١٣ – ٦.

پێشبینی دەکرێت لەلایەن کەسانێکی دواترەوە هەڵبەسترابێت، بەهۆی ئەوەی ئیمامەکانی پێشوو و سەرجەم شیعەکان لە ماوەی سێ سەدەی یەکەمی پێشوو ئەم گێڕانەوەیان نەناسیوە، بەڵکو لە دوای هەر ئیمامێك نەیاندەزانی کێ جێگرەوەیەتی و هەموو جارێك لە هەر ئیمامێکیان دەپرسی کە کێ لە دوای ئەو ئیمامە؟.

بە لەبەرچاوگرتن گومانی ژیرانە و بایەخدار لەسەر ئەم گێڕانەوەیە ئەوا گێڕەرەوەکەی (ئەحمەدی کوڕی یەحیا) هەوڵی داوە پینەی بکات و جا دەڵێت: کە گومانی خۆی دەبڕیوە بۆ گێڕەرەوەی دووەم: (محەممەدی کوڕی حەسەنی صەفار) سەبارەت بە گێڕەرەوەی سێیەم: (ئەحمەدی کوڕی ئەبو عەبدوڵا)، جا پرسیاری لێکردووە: ئەی باوکی جەعفەر زۆر پێم خۆش بوو ئەو هەواڵە تەنها لە ڕێگەی (ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵا)وە نەهاتبا، صەفار وتی: بە دە ساڵ بەر لە سەرگەردانی بۆمنی گێڕاوەتەوە[1].

سەبارەت بە گێڕانەوەکەی سەلیمی کوڕی قەیس کە لە عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەییارەوە هێناویەتی ئەوا پڕیەتی لە ئەفسانە لە هەموو لایەکەوە، جا کەسایەتی سەلیم گومانی لەسەرە و دەکرێت هەڵبەسترابێت یان کەسایەتیەکی ئەفسانەیی بێت، گێڕانەوەکانیشی لەلایەن خودی شیعەکانەوە لاوازن، کەچی لە عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەییار دەگێڕێتەوە لە کاتێکدا ئەو و حەسەن و حوسەین تەمەنیان بچوك بوو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا جا چۆن ئەوان دەکاتە گەواهیدەر؟ دواتر گێڕانەوەکە ناوی موعاویە دێنێت کە گوایە عەبدوڵای

---

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٢.

کوڕی جەعفەر فەرموودەکەی بەو وتوە، ئەمەش هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی فەرموودەکە ڕەوایی زیاتر پێ بدرێت، واتر سەلیم دێت و دەڵێت ئەوەی بیستووە لە سەلمان و ئەبو زەڕو میقداد و ئەوانیش باسی ئەوەیان کردووە کە لە پێغەمبەری خوا بیستوویانە[1].

فەرموودەکەی باوکی توفەیل کە دەڵێت ئیمامی عەلی بینیوەکە بە جولەکەیەکی وتوە: (ئەی کابرای هاڕونی محەممەد دوازدە ئیمامی دادگەری هەیە) سەربارى لاوازی زنجیرە (سەنەد)ەکە، ئەوا دەقەکەشی لاوازە، جا دەڵێت ئیمامی عەلی گفتوگۆی لەگەڵ پیاوە جولەکەکە دەکرد لەبارەی دوازدە ئیمامەکە، لەکاتێکدا پێویست بوو لەبارەی ئیسلام گفتوگۆی لەگەڵ بکات، دواتر باس لەوەش دەکات کە جولەکەکە باوەڕی پێهێناوەو بەڕاستی زانیوەو وتویەتی کە ئەمەی لە کتێبی هاڕووندا بەدی کردووە[2]. ئەمەش بەشێکە لەو خەیاڵەی کە لە هیچ دانەیەکی تەوڕاتدا بەدی ناکرێت، جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا بۆچی جولەکەکە پێشترموسڵمان نەدەبوو؟ باوکی توفەیل خۆی کیسانی بوو بەر لەوەی تیۆری ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی حوسەیندا بێتە کایە.

بەهەمان شێوە گێڕانەوەی تارمایی ئەفسانەیی کە لەلایەن زیادەڕۆچووانەوە هەڵدەبەستران کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە لە قورئانی پیرۆز یان سوننەتی پێغەمبەر یان فەرموودە ڕاست و دروستەکانی ئال و بەیت.

---

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٤.

(٢) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ٥ و ح رقم ٨.

سەبارەت بەو گێڕانەوەیەی باس لە دوازدە ئیمامی جێگرەوەی پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) دەکەن ئەوا هەوڵ دەدات پێوانەی پوچەڵ (القياس الباطل) بەکاربهێنێت بەوەی گوایە پێغەمبەر عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) دوازدە ئیمامی هەبووە[1]. و ئە شتێکی چەسپا و ڕاست نییە، چونکە دوازە جێگرەوەی نەبووە بەڵکو دوازدە هاوەڵی هەبووە، جیاوازی نێوانیان گەلێك زۆریە بۆیە ناکرێت پێوانە (قیاس) بکرێت.

ئەو گێڕانەوەیەی باسی ئەوە دەکات کە فریشتەکان داوای مۆڵەتیان لە پێغەمبەر کردووە بوونەوەر تێك و پێك بدەن لە کاتی کوشتنی حوسەین، ئەوا ئەمە گێڕانەوەیە لە خواوە بێ ئەوەی زنجیرە (سەنەد)ی هەبێت لە پێغەمبەرێك یان پەیامبەرێم، ئەمەوە بەسە بۆی بۆ ئەوەی بە درۆو هەڵبەستراو بێت.

گێڕانەوەکەی کوڕی عەبباس لە بارەی (ئەو ئیمامانەی فریشتە قسەیان بۆ دەکەن) ڕەتکراوەیە، لەبەر ئەوەی باسی ئەوە دەکات کە فریشتە دادەبەزنە سەر ئیمامەکان لە دوای پێغەمبەر. و لە بەشەکانی پێشوودا ئەوەمان ڕوونکردنەوە کە ئەم گێڕانەوانە لاوازن و دژن لەگەڵ قورئانی پیرۆزو لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) دوایین پێغەمبەرە.

لەوانەیە ئەو گێڕانەوەیەی باسی زیندووبوونەوەی پێغەمبەر دەکات و گوایە گفتوگۆی لەگەڵ ئەبو بەکر کردووە و داوای لێکردووە خەلافەت ڕادەستی عەلی بکاتەوە یەکێك بێت لە بەرزترین نمونەکان لەسەر هەڵبەستن و دروستکردن وەك ئەوەی پێغەمبەر ئەوەی لە ژیانی خۆیدا بە خەڵکی ڕاگەیاندووە بە بەسی

---

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٠.

نەزانیوەو لە دوای کۆچی دوایی کردنی هاتووە تا ئامۆژگاری ئەبو بەکر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وتەیەی پێغەمبەری بە بەس نەزانیوە: (باوەڕ بە بەعلی بێنە) بەڵکو ئەوەشی زیادکردووە: (بە یازدە لە کوڕو نەوەکانی)[1].

سەبارەت بە گێڕانەوەکانی زورارە، ئەوا مردنی زورارە بە سەرگەردانی و بێ ئەوەی ئیمامی دوای ئیمامی صادق بناسێت، بە دانپێدانانی ئیمامییەکان و شێخەکانی دوازدە ئیمامی هەروەك پێشتر باسمان کرد بەسە بۆ ئەوەی دەربخەین کە گێڕانەوەکە هەڵبەستراوەو دروستکراوە.

سەرباری ئەمە ئەوا خودی کلینی لە کتێبی (الكافي)دا لە سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالیەوە دەگوازێتەوە کە باسی ئەوە دەکات ژمارەی ئیمامەکان سێزدە ئیمامن. و گوایە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: (من و دوازدە لە نەوەکانم و تۆ ئەی عەلی کۆڵەگە و چیا و ستوونی ڕاگری زەوین، خوای گەورە زەوی بە ئێمە ڕاگرتووە نەبادا خەڵکەکەی ڕابماڵێت، جا ئەگەر دوازدە لە نەوەی من چوون ئەوا زەوی خەڵکەکەی ڕادەماڵێت و چیتر مۆڵەتیان پێ نادرێت)[2]. و گوایە فەرموویەتی: (دوازدە لە نەوەکانم سەرۆکن و پێشەواو بایەخدارن و فریشتە قسەیان بۆ دەکەن و لە قسەی فریشتەکان تێدەگەن و دواینیان مەهدییە و زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕکراوە لە ستەم و زۆرداری)[3]. ئەمە فەرموودەی دوازدە ئیمامی لاواز دەکات.

---

(١) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٣.

(٢) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٧.

(٣) الكافي، كتاب الحجة، باب في الإثني عشر والنص عليهم، ح رقم ١٨.

## هەڵسەنگاندنی زنجیرە (سەنەد)ی

## گێڕانەوەکانی شیعە لەبارەی دوازدە ئیمامی

تێبینی دەکرێ کە کە لە ناو گێڕانەوەکانی کلینی دا (- ٣٢٩) کۆمەڵێك لە درۆزن و زیادەڕۆچوو و نەناسراو هەن و لە سەروشیانەوە ئەمانە:

١_ محەممەدی کوڕی حوسەینی کوڕی سەعیدی صائغ، زۆر لاوازە و زیادەڕۆچووە.

٢_ سەهلی کوڕی زیاد، درۆزنی ناودار.

٣_ حەسەنی کوڕی عەبباسی کوڕی حەریش، درۆزنی زیادەڕۆچووی گەورە.

٤_ باوکی هاشمی داودی کوڕی قاسمی جەعفەری، زیادەڕۆچووی لاواز.

٥_ عەلی کوڕی ئیبراهیم، زیادەڕۆچووی لاواز.

٦_ ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی خالید، لاوازە.

٧_ مەعلای کوڕی محەممەد، شلەژاو و تێکگیراو لاوازە.

٨_ باوکی عەلی ئەشعەری، نەناسراوە.

٩_ حەسەنی کوڕی عوبەیدوڵا، نەناسراوە.

١٠_ عەبدوڵای کوڕی محەممەدی خەشاب، نەناسراوە.

**لە کاتێکدا لە ناو گێڕانەوەکانی صدوقدا نزیکەی بیست سەرچاوەی سەرەکی هەن لە گێڕەرەوەو لاوازو درۆن، بۆ نمونە:**

**١_ سەهلی کوڕی زیاد.**

**٢_ حەسەنی کوڕی عەبباسی کوڕی حەریش.**

**٣_ جەعفەری کوڕی محەممەدی کوڕی مالیکی فەزاری.**

**٤_ ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی خالید.**

**٥_ عەلی کوڕی ئەحمەدی کوفی، لە تاقمی موخەمیسەکانە و زیادەڕۆچووە.**

**٦_ محەممەدی کوڕی حەسەنی صەفار.**

**٧_ یەعقوبی کوڕی یەزید.**

**٨_ عەلی کوڕی عاصم.**

**٩_ حەمزەی کوڕی محەممەدی قەزوینی.**

**١٠_ سەعدی کوڕی عەبدوڵا.**

**١١_ محەممەدی کوڕی هەمام.**

**١٢_ محەممەدی کوڕی حوسەینی کوڕی ئەبو خەتاب.**

**١٣_ جەعفەری کوڕی محەممەدی کوڕی مەسڕوڕ.**

**١٤_ ئەحمەدی کوڕی حەسەنی قەتتان.**

١٥_ باوكی زەید محەممەدی كوڕی یەحیای كوڕی خەلەف.

١٦_ حەسەنی كوڕی موسای خەشاب.

١٧_ عەبدوڵای كوڕی موسلیمی دیمەشقی، بانگەشەی بریكارێتی مەهدی دەكرد.

١٨_ ئەحمەدی كوڕی محەممەدی كوڕی ئەبو عومەیر.

١٩_ عەبدوڵای كوڕی جەعفەری حومەیری.

ئەگەر سەیری گێڕەڕەوانی فەرموودەكانی دوازدە ئیمامی بكەین لە میانەی كتێبەكانی شیعە دوازدە ئیمامییەكان لە بواری زانستی ناسینی كەسەكان، ئەوا دەبینین:

١_ محەممەدی كوڕی ئەحمەدی كوڕی یەحیای كوڕی عیمرانی كوڕی عەبدوڵای كوڕی سەعدی كوڕی مالیكی ئەشعەر قومی باوكی جەعفەر:

توسی لە (فهرست)دا وتویەتی: ژمارەیەوك لە هاوەڵانمان هەواڵیان پێداوین لەبارەی سەرجەم كتێب و گێڕانەوەكانی... تەنها ئەوە نەبێت كە هەڵەی تێدایە...

نەجاشی وتویەتی: هاوەڵانمان وتویانە: لە كەسانی لاواز دەیگێڕایەوەو پشتی بە زنجیرە (سەنەد)ی پچڕاو دەبەست و گوێی نەدەدا بەوەی لە كێ وەری گرتووە... و محەممەدی كوڕی حەسەن ئەوەی لە گێڕانەوەكانی دا جیاكردۆتەوە كە گێڕابێتیەوە لە: محەممەدی كوڕی موسای هەمەدانی یان لە پیاوێك یاخود دەیوت: لە هەندێك لە هاوەڵانمانەوە یان لە محەممەدی كوڕی یەحیای مەعزی، یاخود لە

باوکی عەبدوڵای ڕای جامورانی، یان لە باوکی عەبدوڵای یەساری، یان یوسفی کوڕی سەخت یاخود وەهەبی کوڕی مەنبەهـ یان باوکی عەلی نیشابوری، یاخود محەممەدی کوڕی عەلی باوکی سەمینە، یان بڵێت: لە فەرموودەیەك یان لە کتێبێکدا ئەم گێڕاوەتەوە یان لە سەهلی کوڕی زیادی ئادەمی، یاخود لە محەممەدی کوڕی عیسای عەبید بە زنجیرەیەکی پچڕاو یان باوکی یەحیای واسیتی یان ئەحمەدی کوڕی هیلال یاخود محەممەدی کوڕی عەلی هەمەدانی، یان عەبدوڵای کوڕی محەممەدی شامی، یان عەبدوڵای کوڕی ئەحمەدی ڕازی، یان ئەحمەدی کوڕی حوسەینی کوڕی سەعید یاخود ئەحمەدی کوڕ بەشیری ڕەقی یان محەممەدی کوڕی هاڕون، یاخود مەمویەی کوڕی مەعروف، یاخود محەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی میهران، یان حەسەنی کوڕی حەسەنی لوئلوئی یان جەعفەری کوڕی محەممەدی مالیك، یان یوسفی کوڕی حارس، یاخود عەبدوڵای کوڕی محەممەدی دیمەشقی.

لە: محەممەدی کوڕی حوسەینی کوڕی سەعیدی صائغ (- ٢٦٩) لاوازی زیادەڕۆچووی دەگێڕێتەوە، کە کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: خەڵکی کوفەیە و زیادەڕۆچووە و بایەخی نییە. و نەجاشی دەڵێت: زۆر لاوازە، وتراوە: زیادەڕۆچووە.

٢_ سەهلی کوڕی زیاد باوکی سەعیدی ئادەمی ڕازی

نەجاشی لەبارەوە دەڵێت: لە فەرمووودەدا لاواز بوو و پشتی پێ نەدەبەسترا، ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عیسا گەواهی لەسەر دەدا کە سەهل کەسێکی زیادەڕۆچوو و درۆزنە، ناوبراو ئەوی بەدەرنا لە شاری قومەوە بۆ ناوچەی ڕەی کە

لەوێ دادەنیشت. توسی لە کتێبەکەیدا (الفهرست) بە لاوازی داناوەو وتویەتی: کەسێکی لاوازە. کوڕی غەزائیری وتوە: کەسێکی زۆر لاواز بوو و گێڕانەوەو مەزهەبەکەی پوچەڵ و گەندەڵ بوو، و ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عیسای ئەشعەری ئەوی بەدەرنا لە قوم و ڕایگەیاند کە لێی بەرییە و ڕێگری لە خەڵك لەوەی گوێ لە گێڕانەوەکان ئەو بگرن، سەهل فەرموودەی زنجیرە پچڕاو دەگێڕێتەوەو پشت بە نەناسراوەکان دەستێت. و زانای بلیمەت بەلاوازی داناوە لە کتێبەکەیدا (الخلاصة) و کۆمەڵێك کتێبە فیقهییەکانی دا: (المنتهى) و (المختلف) و جگە لەوانیش. و کوڕی داود لە کتێبەکەیدا (الرجال) بە لاوازی داناوە. و مامقانی: بەلاواز بەناوبانگە لە نێوان شەرعناسان و فەرموودەناسان و زانایانی زانستی ناسینی کەسەکان (الرجال).

٣_ عەبدوڵای کوڕی عەبدوڕەحمانی ئەصەمی مەسمەعی

نەجاشی وتویەتی: خەڵکە بەصرەیە و لاوازو زیادەڕۆچوویە و گێڕانەوەکانی هیچ نرخێکیان نییە، گوێبیستی ئەو کەسە بوومە کە بینیویەتی و پێی وتوم: شت تێکەڵ و پێکەڵ و هەڵە دەکات.

کوڕی غەزائیری وتویەتی: لاوازە و قسەی زل دەکات، کتێبێکی هەیە لەسەر زیارەت کە گەندەڵییەکی زۆری تێدای و مەزهەبێکی پووچەڵی هەیە و یەکێك بووە لە کەسە زۆر درۆزنەکانی خەڵکی بەصرە.

٤_ حەسەنی کوڕی عەبباسی کوڕی حەریشی ڕازی

نەجاشی وتویەتی: زۆر لاوازە، کتێبی (إنا أنزلناه في ليلة القدر)ی هەیە و کتێبێکی بێ کەڵکە و دەربڕینەکانی تێکگیراو و نا جێگیرن.

کوڕی غەزائیری وتویەتی: لاوازە و لە باوکی جەعفەری دووەمی گێڕاوەتەوە لەبارەی پلەوپایەی (إنا أنزلناه في ليلة القدر)، ناونیشانی ناوبراو کتێبێکی نووسراوی ئەوە و ناوەڕۆکەکەی گەواهی دەدات لەسەر ئەوەی هەڵبەستراوەو ئەو پیاوە فەرامۆشکراوەو فەرموودەکانی نا نووسرێنەوە.

٥_ مەعلای کوڕی محەممەدی بەصری

نەجاشیی لەبارەیەوە وتویەتی: فەرموودە و مەزهەبی ناجێگیرو تێکگیراوە.

کوڕی غەزائیری وتویەتی: هەندێك فەرموودەی دەناسرێن و هەندێکیش نەناسراون و لە کەسانی لاواز دەگێڕێتەوە.

٦_ محەممەدی کوڕی عیسای کوڕی عەبیدی یەقتینی کوڕی موسا (ـ ١٨٠)

نەجاشی وتویەتی: باوکی جەعفەری کوڕی بابویە لە کوڕی وەلیدی گێڕاوەتەوە کە وتویەتی ئەو گێڕانەوەی تەنها محەممەدی کوڕی عیسا گێڕاویەتیەوە لە کتێبی یونس و فەرموودەکانی ئەوا پشتی پێ نابەسترێت.

کوشی گومانی لەبارەیەوە هەبووەو وتویەتی: لەوە بچوکترە لە کوڕی مەحبوب (ـ ٢٢٤) بگێڕێتەوە. و وتویەتی: لە تاقمی یونسییەکانە و لاوازە.

توسی لە کتێبی (الفهرست)دا وتویەتی: لاوازە و باوکی جەعفەری کوڕی بابویەی ئەوی لە ڕیزی داناکان هەژمار نەکردووە و وتویەتی ئەوەی تایبەت بێت

به گێڕانەوەی ئەو ئەوا نایگێڕمەوە، وتراوە هەمان بۆچوونی زیادەڕۆچووانی هەبووە.

هەروەها لە ئەصەمی مەسمەعی لاوازو زیادەڕۆچوو دەگێڕێتەوە.

٧_ محەممەدی کوڕی فوزەیڵ

کوشی دەڵێت: لاوازە و بە زیادەڕچوو تۆمەتبار دەکرێت.

٨_ عەلی کوڕی ئیبڕاهیم و باوکی... لە تاقمی یونسییەکانن و زیادەڕۆچوو و لاوازن و باوەڕیان بە دەستکاری کرانی قورئان هەیە (هەروەك لە تەفسیری قومی دا هاتووە) کە دراوەتە پاڵی[١].

---

(١) ئەمەش چەند نمونەیەکن لە کتێچبەکەی قومی (تەفسیری قومی) کە پڕیەتی لە زیادەڕۆچوو و دانان بە دەستکاری کرانی قورئان و پشت دەبەستێت بە تەئویلاتی زۆرەملێ و فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراو، کە وامان لێدەکات دووبارە چاو بخشێنینەوە بە هەڵسەنگاندنی ئەم پیاوە زیادەڕۆچووەو گومانیشمان هەبێت لەو متمانەیەی نەجاشی پێی داوە، گێڕانەوەکانی کە لە بارەی دوازدە ئیمامییەکان وەرنەگرین کە لە کەسانی نەناسراو و بێ باك گێڕاویەتیەوە. ڕای خۆمان لەسەر ئەو دوو کەسە لەسەر ئەوە بیناکردووە کە عەلی لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە لە کتێبە ناسراوەکەی بە: (تەفسیری قومی) جا لەم کتێبەدا گێڕدراوەتەوە:

صادق خوێندیەوە: (هذه جهنم التي کنتما بها تکذبان تصلیانها ولا تموتان فیها ولا تحییان: ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە باوەڕتان پێ نەدەهێنا و بەدرۆتان دەزانی، دەچنە ناویەوەو نە نەدەمرن _ تا لەدەست ئەم سزایە بحەسێنەوە "وەرگێڕ" _ و نە دەژیەن _ هیچ خۆشی تێدا نییە کە مانای ژیان بەدەستەوە بدات "وەرگێڕ" _). واتە: زەریقا و بوحتر، ئاماژەیەکە بۆ ئەبو بەکر و عومەر. القمي علي ابن ابراهیم، التفسیر ٣٤٥/٢.

وتویەتی ئەم دوو ئایەتە بەم شێوەیە دابەزیون: (تا ئەو کاتەی دێتە لامان _ واتە فلان و فیسار _ یەکێکیان بە یاوەرەکەی دەڵێت کاتێك دەیبینێت: خۆزگە نێوانی من و تۆ بە ئەندازەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە یەك دوور بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی نالەبار و خراپ بوویت) خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی فەرموو: بە فلان و فیسارو شوێنکەوتووانیان بڵێ: (ئەمڕۆ ئەم قسە و گازندانە

سوودتان پێ ناگەیەنن، لە کاتێکدا مافی ڕەچەڵەکی محەممەد تان پێشێل کرد بەڕاستی هەر دوو لاتان لە سزادا بەشدارن) و دواتر بە پێغەمبەرەکەی وت: (ئایا تۆ ئەو بێ باوەڕەی کە وەك کەڕ وایە گوێبیست دەکەیت؟ یان ئەوەی کوێرە ڕێنمونی دەکەیت؟! یاخود ئەو کەسەی لە گوڕایی ئاشکرادا ڕۆچووە ڕێنوێنی دەکەیت؟! جا ئەگەر بتمرێنین ئەوا بێگومان تۆڵەیان هەر لێ دەستێنین) واتە: تۆڵە لە فلان و فیسار وەردەگرینەوە، دواتر خوا سروشی بۆ پێغەمبەرەکەی نا: (کەواتە پابەند بە بەوەی نیگات بۆ کراوە لەبارەی عەلی، چونکە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕێگە و بەرنامەیەکی ڕاست و دروستیت) واتە تۆ لایەنگری ئیمامەتی عەلی و عەلیش ڕێگەی ڕاستە. هەمان سەرچاوە ٢٨٦/٢.

دەڵێت: باوکم بۆی گێڕاومەتەوە لە وەکیع ئەویش لە ئەعمەشەوە لە سەلەمەی کوڕی کەهیلەوە لە باوکی صادقەوە لە باوکی ئەعزەوە لە سەلمانی فارسییەوە، دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر لەناو هاوەڵانی دانیشتبوو فەرمووی ئێستا کەسێك دێتە ژوورەوە کە هاوشێوەی عیسای کوڕی مەریەمە، هەندێك کە لەلای پێغەمبەر بوون چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەوان بن ئەو کەسە، جا عەلی کوڕی ئەبو تالیب هاتە ژوورەوە، یەکێك بە هەندێك لە هاوەڵانی وت: جا محەممەد بەوە ڕازی نەبوو کە عەلی لە ئێمە بەگەورەتر دابنێت تا بە عیسای کوڕی مەریەمی نەچوێنێت، بەرشاستی ئەو بتانەی لە سەردەمی نەفامیدا دەمانپەرست گەورەتر بوون لە عەلی، جا خوای گەورە هەر لە هەمان مەجلیسدا خوای گەورە ئەمەی دابەزاند: (کاتێك باسی نمونەی عیسای کوڕی مەریەم بە نمونە هێنرایەوە، دەستبەجێ هۆزەکەت شڵەژان و درزیان تێکەوت) جا دەستکاریان کرد بەوەی (ڕێگریان کرد و ملکەچ نەبوون) (و وتویانە: پەرستراوەکانی ئێمە باشترن یان ئەو؟! ئەو نمونانەیان بۆ تۆ نەدەهێنایەوە، تەنها بۆ مشتومڕ نەبێت، ئەوانە کەسانێك هەمیشە حەز بە دوژمنایەتی دەکەن، بەڕاستی ئەو عەلییە تەنها بەندەیەکی ئێمە بوو کە نازو نیعمەتمان لەگەڵ کرد و کردومانە نموونە بۆ نەوەی ئیسرائیل) ناوی عەلی لەو شوێنە سڕایەوە. هەمان سەرچاوە ٢/ ٢٨٦.

لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ﴿وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنۡهُ﴾ ئەو فریشتەیە کە ناوی ڕۆحە لە جبریل و میکایل مەزنترە و لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوو و ئێستاش لەگەڵ ئیمامەکاندایە.

لە بارەی تەئویلی ئەم ئایەتە دەڵێت: ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ﴾ لەو ڕۆژەی شتە شاراوەکان ئاشکرا دەکرێن، ئەو مافەی ڕەچەڵەکی محمد کە داگیریان کردبوو دەردەخرێت، ﴿وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ﴾ ئەو شتانە بۆ میری باوەڕداران ئلشکرا دەکرێن بەمەش ملیان بۆ میری باوەڕداران کەچ دەکەن وەك چۆن مانگا ملی بۆ لەوەڕەکەی شۆڕ دەکاتەوە.

لەبارەی تەئویلی ئەم ئایەتانە وتویەتی: ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ﴾ ئەمە میری باوەڕدارانە ﴿عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ﴾ فێری زانیاری کردووەو شارەزای کردووە لەبارەی هەموو شتێك کە خەڵکی پێویستیان پێیە

زانایانی زانستی ناسینی کەسەکان (الرجال) ئەو دوو کەسەیان فەرامۆش کردووە، تەنها نەجاشی نەبێت کە عەلی کوڕی ئیبڕاهیم بە متمانە پێکراو دادەنێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەبارەیەوە دەڵێت: کتێبێکی هەیە بە (المشند) ناسراوەو دراوەتە پاڵی، خوا زاناترە.

٩_ سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی

کوڕی غەزائیری ئەو کتێبەی بەناوی سەلیمەوە ناسراوە دەیداتە پاڵی، هاوەڵانمان دەیانوت: سەلیم نەناسراوەو هیچ باسێکی لە ناو هەواڵەکاندا نییە، باسی سەلیمم بینیوە لە شوێنی تر جگە لە کتێبەکەی و گێڕانەوەی ئەبانی کورشی ئەبو عەیاش... گومان لەوەدا نییە کتێبەکە هەڵبەستراوە، نیشانە و بەڵگە هەن لەسەر ئەو قسەیەی وتمان وەك: باسی ئەوەی کردووە کە محەممەدی کوڕی ئەبو بەکر ئامۆژگاری باوکی کردووە لە سەرمەرگدا، و تیایدا هاتووە کە ژمارەی ئیمامەکان سێزدە و جگە لەمەش.

زنجیرە (سەنەد)ەکانی ئەم کتێبە جیاوازن، جاری وا هەیە گێڕانەوەکەی عومەری کوڕی ئەزینە لە ئیبڕاهیمی کوڕی عومەری صەنعانی لە ئەبانی کوڕی ئەبو عیشا لە سەلیمەوە، جارێکی تر لە عومەرەوە لە ئەبانەوە دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی هۆکارو ناوەند هەبێت.

شێخ موفید دەڵێت: (کتێبەکە باوەڕپێکراو نییە و نابێت کار بە زۆربەی شتەکانی بکرێت، تێکەڵ و پێکەڵ کردنی تێکەوتووە، هەر لەبەر ئەمە پێویستە

---

﴿ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ ﴾ ئەوان سزا دەدرێن... خوای مەبەستی ئەو دووانە بووە نەفرەتی خوایان لێبێت (واتە ئەبو بەکر و عومەر). هەمان سەرچاوە ٢/٣٤٣.

لەسەر کەسی دیندار خۆی دوور بگرێت لەو شتانەی لەم کتێبەدا هاتوون، بەشێوەیەکی گشتی پشتی پێ نابەسترێت و لاسایی گێڕانەوەکانی ناکرێت، بەڵکو هەر کەسێك ئەم کتێبەی هەبێت با بچێتە خزمەت زانایان تا فەرموودەی ڕاست و ناڕاستی بۆ دیاری بکات)[1].

١٠_ ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی خالیدی بەرقی (– ٢٨٠)

نەجاشی وتویەتی: لە کەسی لاواز گێڕاویەتیەوەو پشت بەو فەرموودانە دەبەستێت کە زنجیرە (سەنەد)ەکانی پچڕاو.

کوڕی غەزائیری: قەمیون توانجی لێداوەو تۆمەتباری کردووە، تۆمەتەکە لە خودی ئەودا نییە، بەڵکو تۆمەتەکە لەوەدایە کە لێی دەگێڕایەوە، گوێی نەدەدا کە لە کێ دەگێڕێتەوە وەك ئەوانەی هەواڵ دەگێڕنەوە، ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عیسا لە شاری قومی دوور خستەوە دواتر گەراندیەوەو داوای لێبوردنی لێکرد.

توسی لە کتێبی (الفهرست)دا وتویەتی: لە خودی خۆیدا کەسێکی متمانە پێکراو بوو، بەڵام زۆر شتی دەگێڕایەوە لە کەسی لاوازو پشتی بە زنجیرە (سەنەد)ی پچڕاوی بەستووە، چەندین کتێبی نووسیوە وەك (المحاسن) و جگەلەویش، شت بۆ کتێبی (المحاسن)ی زیاد و کەم کراوە...

١١_ عەبدوڵای کوڕی قاسم... پاڵەوانی حارسی حەزرەمی

---

(١) المفيد: أوئل المقالات و شرح اعتقادات الصدوق ٢٤٧.

کوشی و نەجاشی و توسی و کوڕی غەزائیری دەڵێن: درۆزن و زیادەڕۆچوو و لاوازە و لە پێڕی واقیفییەکانە و قسەو بۆچوونەکانی پوچن! فەرموودەکانی نرخیان نییە و باس و خواسی فەرامۆش کراوە.

١٢_ باوکی هاشمی کوڕی قاسمی جەعفەری

لاوازە و زۆر فەرموودەی ڕیزپەڕو زیادەڕۆچوو و ئەفسانەیی هەن.

کوشی لەبارەیەوە دەڵێت: دەوترێت قسەی زیادەڕۆچوو و زل دەکات و گێڕانەوەکانی بەڵگەن لەسەر ئەمە، لەلای دەسەڵات لەپێش بووە! و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە نوێنەری ئیمامی مەهدییە.

سەبارەت بە گێڕانەوەکانی صدوق ئەوا ئەم کەسە زیادەڕۆچوو و لاوازانەی تێدان:

١٣_ موفەزەڵی کوڕی عومەر... زیادەڕۆچووەو باوەڕی بە (ڕاسپێران: تەفویز[١]) هەیە، لەسەر زمانی صادق نەفرەتی لێکراوە، لاوازە.

کوشی دەڵێت: تەییارەی زیادەڕۆچوو لە هەندێك کتێبەکانی لە موفەزەڵەوە هێناویەتی کە وتویەتی: لەگەڵ باوکی ئیسماعیل (واتە: باوکی خەتاب) حەفتا پێغەمبەر کوژراون...

---

(١) واتە: خوای گەورە ئەرکی بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی و ژیان و مردنی داوەتە دەست ئیمامەکان. (وەرگێڕ).

کوڕی غەزائیری وتویەتی: لاوازە و قسە پوچە و وتەی زیادەڕۆچوو دەکات، یەکێکە لە خەتابییەکان، زۆر شتی بۆ قسەکانی زیاد کراوەو زیادەڕۆچووان زۆر پشتیان بە فەرموودەکانی بەستووەو دروست نییە فەرموودەکانی بنووسرێنەوە.

نەجاشی وتویەتی: مەزهەبی گەندەڵە، گێڕانەوەکانی ناجێگیرو شڵەژاون و نرخیان نییە و وتراوە لە پێڕی خەتابییەکان بووە، باسی هەندێك دانراوی کراوە کە پشتی پێ نابەسترێت... ئەوانەی شتی لێ دەگێڕنەوە بەهەمان شێوە گێڕانەوەکانیان ناجێگیرو تێکگیراون.

١٤_ محەممەدی کوڕی حەسەنی صەفار... کەسێکی زیادەڕۆچوو و لاوازە

١٥_ محەممەدی کوڕی عەلی صەیرەفی... نازناوی باوکی سەمینەیە

کوشی لەبارەیەوە دەڵێتك حەمودیە لە هەندێك شێخەکانەوە هێناویەتی کە وتویانە بە زیادەڕچوون تۆمەتبار کراوە. و ئەم وتەیەی فەزڵی کوڕی شازانی هێناوە کە دەڵێت: خەریك بوو نزا بکەم لە باوکی سەمینە محەممەدی کوڕی عەلی صەیرەفی، فەزڵی کوڕی شازان لە هەندێك لە کتێبەکانی دا درۆزنە ناودارەکانی هێناون و وتویەتی: باوکی سەمینە لە لە ناودارەکانیانە.

کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: درۆزن و زیادەڕۆچووە، چووە شاری قوم و بۆچوونەکانی لەوێ بڵاوبوونەوە بۆیە ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عیسای ئەشعەری شاربەدەری کرد، زۆر قسەی زل و زیادەڕۆچووی دەکرد و فەرامۆش کراوەو فەرموودەکانیشی نابێ بنووسرێن.

توسی له کتێبی (الفهرست)دا وتویەتی: هەندێك کتێبی هەن... له محەممەدی کوڕی ئەبو قاسمەوە له محەممەدی کوڕی عەلی صەیرەفیەوە گێڕاویەتیەوە، ئەوەش کە هەڵە و تێکەڵ کردن یان زیادەڕۆچوون یاخود دەستکاری کردن یان تەنها بە خۆی گێڕابێتیەوە و له هیچ ڕێگەیەکی ترەوە نەهاتبێت، ئەوا کۆمەڵێك لەوبارەی شتیان پێ ڕاگەیاندووین.

نەجاشی وتویەتی: زۆر لاوازە و خاوەن بیروباوەڕێکی پوچەڵە و له هیچ شتێکدا پشتی پێ نابەسترێت، چووە شاری قوم و بە زیادەڕۆچوو لەوێ ناسرا، بۆیە ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عیسا شاربەدەری کرد و چیرۆکی هەیە...

١٦_ محەممەدی کوڕی خالیدی بەرقی

نەجاشی لەبارەیەوە وتویەتی: زۆر لاواز بوو له بواری فەرموودەدا.

کوڕی غەزائیری وتویەتی: هەندێك فەرموودەی ناسراون و هەندێکی تریش نەناسراو و زۆر له کەسانی لاواز دەگێڕنەوەو پشتی بە زنجیرە (سەنەد)ی پچڕاو دەبەست.

١٧_ ئەحمەدی کوڕی هیلالی کەرخی عەبرتائی (– ٢٦٧)

یەکێك بووە له پایەکانی تیۆری (مەهدی بوونی دوازدە ئیمامی) و پشتگیری بریکارێتی عومری کرد، بەڵام دانی نەنا بە بریکارێتی کوڕی ناوبراو محەممەدی کوڕی عوسمانی عومری، ناوبراو ڕێنووسێکی لەسەر عەبرتائی دەرکرد کە تیایدا بە نەفرەت کرابوو، عەبرتائی زیادەڕۆچوو بوو و تۆمەتبار له ئاینەکەیدا، هەروەك کوشی و تووسی و نەجاشی ئاماژەی پێ دەکەن.

١٨_ جەعفەری کوڕی محەممەدی مالیکی فەزاری

کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: درۆزنە و سەرتاپای فەرموودەکانی ڕەتکراوەن، زیادەڕۆچووە، لە کەسی نەناسراو و لاواز دەگێڕێتەوەو کەم و کورتی هەموو کەسە لاوازەکان لەودا کۆبوونەتەوە، شتی سەرسوڕهێنەری لەبارەی لە دایکبوونی مەهدی گێڕاوەتەوە.

نەجاشی لەبارەیەوە دەڵێت: ئیش و پیشەی هەڵبەستنی فەرمووده بوو، لە کەسانی نەناسراو دەیگێڕایەوەو مەزهەب و گێڕانەوەکانی گەندەڵ و پوچ بوون.

١٩_ محەممەدی کوڕی سینان

صەیرەفی شتی لێ دەگێڕێتەوە. ئەویش هیچی کەمتر نییە لە صەیرەفی لە زیادەڕچوون و درۆ و هەڵبەستندا.

کوشی لەبارەیەوە وتویەتی: حەمودیە وتویەتی: فەرموودەکانی محەممەدی کوڕی سینانم نووسی لە ڕێ ئەیوبی کوڕی نوح و بە ڕەوای نازانم فەرموودەکانی محەممەدی کوڕی سینان بگێڕمەوە... بەر لە مردنی وتی: ئەو فەرموودانەی بۆ ئێوەم گێڕاوەتەوە لە کەسم نەبیستووەو نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو خۆم بەدەستم هێناوە، فەزڵی کوڕی شازان وتویەتی: بەڕەوای نازانم فەرموودەکانی محەممەدی کوڕی سینان بگێڕمەوە، لە هەندێك لە کتێبەکانی دا باسی ئەوەی کردووە کە: کوڕی سینان لە درۆزنە ناودارەکانە.

کوڕی غەزائیری وتی: کەسێکی زیادەڕۆچوو و لاوازە و بایەخی نییە و فەرامۆش کراوە.

توسی له کتێبی (الفهرست)دا وتویەتی: کتێبی هەن، تۆمەتبارکراوە و بەلاواز دانراوە... هەموو ئەو گێڕانەوانەی کە تێکەڵ و پێکەڵی و زیادەڕۆچوونی تێدایە ئەوا کۆمەڵێک بە ئێمەی وتوە...

نەجاشی وتویەتی: کەسێکی لاوازە و هی پشت پێ بەستن نییە و ئەوەش کە بە تەنیا گێڕاویەتیەوە فەرامۆش دەکرێ و نرخی نییە.

٢٠_ داودی کوڕی کەسیری ڕەقی

کوڕی غەزائیری وتویەتی: مەزهەبی پوچەڵ و گەندەڵە، گێڕانەوەی لاوازە و فەرامۆش دەکرێ.

نەجاشی وتویەتی: زۆر لاوازە و زیادەڕۆچووان لێی دەگێڕنەوە، ئەحمەدی کوڕی عەبدولواحید وتویەتی: زۆر کەمم بینیوە کە فەرموودەیەکی دروستی هەبێت.

٢١_ یونسی کوڕی زەبیان

کوشی دەڵێت: تۆمەتبارو زیادەڕۆچووە، باوکی حەسەنی ڕیزا هەزار جار نەفرەتی کردووەو هەزار جاری تریشی بە نەفرەت کردووە، هەر نەفرەتێک بیگەیەنێتە قوڵایی دۆزەخ[1].

(١) لە بارەی یونسی کوڕی زەبیانەوە هاتووە: کە وتویەتی: شەوانێک لە تەوافدا بووم لەو کاتەدا گوێبیستی دەنگێك بووم لەسەر سەرمەوە دەیوت من کۆیلەی ئەو خوایەك کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لەو کۆیلە و من بپەرستە و نوێژ بۆ یادی من بکە، منیش سەرم بەرز کردەوەو بینیم کە باوکی حەیەنی ڕیزایە، کاتێك ئەم وتەیەی یونیس گەیشتە باوکی حەسەنی ڕیزا، ئەوا ڕیزا زۆر توڕەبوو بە ئەندازەیەك خۆی پێ نەگیرا و بەو کابریەی وت کە وتەکەی بۆ گێڕایەوە خوا نەفرەتت لێ

کوڕی غەزائیری دەڵێت: زیادەڕۆچووەو فەرموودە هەڵدەبەستێت و فەرموودەکانی فەرامۆش کراو و بێ نرخن.

نەجاشی وتویەتی: زۆر لاوازە و گێڕانەوەکانی پشتگوێ خراون، هەموو کتێبەکانی تێکەڵ و پێکەڵیان تێدایە.

٢٢_ بەکری کوڕی صاڵحی ڕازی

کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: زۆر لاوازە، بەتەنها شتی زۆر دەگمەن و سەرسوڕهێنەر دەگێڕێتەوە، ئیبڕاهیمی کوڕی هاشم شتی لێ گێڕاوەتەوە.

نەجاشی لەبارەیەوە دەڵێت: لاوازە، کتێبێکی هەیە و کۆمەڵێك لە هاوەڵانمان دەیگێڕنەوە جا کتێبەکە دەگۆڕێت بە گۆڕانی گێڕەرەوەکە. کەسایەتیەکی شاراوە بوو و هەندێك شتی ناسراو بوو هەندێکیشی نەناسراو.

٢٣_ ئومەیەی کوڕی عەلی قەیسی

کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: گێڕانەوەکانی لاوازە، زیادەڕۆچووە.

نەجاشی لەبارەیەوە دەڵێت: هاوەڵانمان بە لاوازیان داناوە.

٢٤_ عەبدوڵای کوڕی حەکەمی ئەرمەنی

نەجاشی لەبارەیەوە دەڵێت: لاوازە.

---

بکات و نەفرەت لەوەش بکات کە بۆی گێڕایەوە. و هەزار جار نەفرەت لە یونسی کوڕی زەبیان بکات و هەزار نەفرەتی تریشی لێ بکات. گومان لەوەدا نییە کە یونس لەگەڵ باوکی خەتاب لە سەختترین سزا دەچێژن. لەبارەی یونسەوە هاتووە: کە کچێکی باوکی خەتاب مرد، یونسی کوڕی زەبیان لەلای گۆڕەکەی وەستا و وتی: سڵاوت لێبێت ئەی کچی پێغەمبەری خوا.

کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: لاوازە، قسە زل و زیادەڕۆچووە، توسی فەرامۆشی کردووەو کوشی باسی نەکردووە.

٢٥_ باوکی عەلی ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی ئەیادی

کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: کەسێکی لاواز بوو، مەزهەبەکەی زیادەڕۆچوونی تێدا بوو، هەندێك جار فەرموودەکەی دەناسرێت و هەندێك جاریش ناناسرێت، بە زیادەڕۆچوون تۆمەتبارە.

توسی لە کتێبی (الفهرست)دا لەبارەیەوە دەڵێت: کەسێکی وا نەبوو لە فەرمووودەدا باوەڕ پێکراو بێت، بە زیادەڕۆچوون تۆمەتبار دەکرا. خاوەنی ئەم کتێبەیە: (الشفاء والجلاء في الغيبة).

نەجاشی لەبارەیەوە دەڵێت: هاوەڵانمان وتویانە کەسێکی ئاوا متمانە پێکراو نەبووە، وتراوە زیادەڕۆچوو و قسە زل بووە.

٢٦_ باوکی خەیر صاڵحی کوڕی ئەبو حەمادی ڕازی

کوڕی غەزائیری لەبارەیەوە دەڵێت: لاوازە.

نەجاشی لەبارەیەوە دەڵێت: لێڵ بوو و هەندێکی دەناسرا و هەندێکی تری نەدەناسرا.

٢٧_ حوسەینی کوڕی قاسمی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەیوبی کوڕی شەمونی باوکی عەبدوڵای کاتب

زانایانی زانستی ناسینی کەسەکان (الرجال) بە لاوازی دادەنێن جگە لە غەزائیری نەبێت کە بە متمانەدار دایدەنێت بەڵام توێژینەوە لەوانە دەکات کە لەو دەگێڕنەوە.

٢٨_ باوکی عەبدوڵای عاصمی

یەکێك بوو لە کەسە دیارەکانی تیۆری (دوازدە ئیمامی) لە سەردەمی سەرگەردانی دا.

٢٩_ سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی

یەکێکە لە پایە و دامەزرێنەرانی تیۆری (دوازدە ئیمامی)، یەکێکیشە لەوانەی تۆمەتبارن بە هەڵبەستنی فەرمووده بۆ پشتگرتنی تیۆری ناوبراو، بەتایبەت کە گێڕانەوە بە پچڕاوی دەداتە پاڵ ئەحمەدی کوڕی محەممەد، ئەویش بە پچڕاوی دەداتە پاڵ: عومەری کوڕی ئەزینە.

**ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی کتێبی: (كفاية الأثر في النصوص على الأئمة الإثني عشر)**

باوکی قاسم عەلی کوڕی محەممەدی کوڕی عەلی خەزازی قومی ڕازی _ کە یەکێکە لە زانایانی سەدەی چوارەمی کۆچی و لە قوتابیەکانی صدوقە _لە کتێبەکەیدا (كفاية الأثر في النصوص على الأئمة الإثني عشر) نزیکەی دوو سەد گێڕانەوە دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) و یازدە ئیمامەکە لەبارەی بابەتی: (دوازدە ئیمامی) و (مەهدی چاوەڕوانکراو: ئیمامی دوازدەم، ئیمامی بەڵگەی کوڕی حەسەنی عەسکەری).

لەو گێڕانەوانەی خەزاز هێناویەتی ئەوە بەدەردەخات کە ناوبراو دڵی بەلای ئەو تاقمەدا دەچێت کە بە حەڕامی زانیوە ناوی مەهدی بهێنرێت بەڵکو تەنها ئەوەی بە بەس زانیوە کە (بە بەڵگە "الحجة"ی کوڕی حەسەن) ناوببرێت، جا لە سەرجەم ئەو گێڕانەوانەی خەزاز هێناویەتی تەنها چەند جارێك نەبێت ئەوا ناوی (محەممەد)ی مەهدی بە ڕاشکاوی نەهاتووە. ئەم بۆچوونەی خەزاز پێچەوانەی بۆچوونی شێخەکەیەتی (صدوق) و کۆکیشە لەگەڵ ئەوەی چوار نوێنەرەکە کە بە حەڕامیان دادەنا بە ڕاشکاوانە ناوی مەهدی بهێنرێت.

هەر چەندە خەزاز لە دوای صدوق و کلینی و نوعمانی هات، کەچی لە کتێبەکەیدا (كفاية الأثر) لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی گێڕانەوەی زیاتری لەبارەی (مەهدی ئیمامی دوازدەم) هێناوە، ئەمەش وا دەکات کە گومان و پرسیار دروست بێت لەبارەی ئەوەی کە ئەم گێڕانەوانە تا چەند ڕاستن.

یەکەم کەس کە سەرنجی ئەمەیدا خودی خەزاز بوو، جا هەوڵی دا گومان لەسەر گێڕانەوەکان نەهێڵێت بەوەی سەرەتا بانگەشەی ئەوەی کرد کە بە ڕێژنەیی (تەواوتر) هاتوون، هەروەها نەگونجانی کۆبوونەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر لەسەر درۆ کە نیوەی گێڕانەوەکان لەوانەوە هاتوون. سەرباری ئەوەی گومان و پەنجەی تۆمەت ئاڕاستەی هاوەڵان نەکراوە بەڵکو ئاڕاستەی ئەوەی دواتر کراوە لە هەڵگرانی تیۆری (دوازدە ئیمامی)، بەڵام خەزاز تۆمەتەکان دەستکاری بکات و بۆ ئەمەش وتویەتی: (ڕەحمەتی خواتان لێبیچت ورد ببنەوە کە ئەم گێڕانەوانە لە هاوەڵە شکۆدارەکانی پێغەمبەر ((ﷺ)) پایەدارەکانی ڕەچەڵەکی پێغەمبەر و شوێنکەوتووانیانەوە هاتوون، کە ئەم هەواڵانەیان لەبارەی بوونی دەق لەسەر دوازدە ئیمامەکان _ درودی خوایان لێبێت _ لەوان گێڕاوەتەوە، ئەوانیش لە

پێغەمبەریان ((ﷺ)) گێڕاوەتەوە، ئایا بۆ وێنەی ئەمانە دروستە درۆ بکەن لە کاتێکدا هیمەتیان بەرز و وڵاتیان لە یەك دوور بوو و ڕاو دینداریان جیاواز بوو، لەگەڵ ئەوەی واتاکان یەکن و دەربڕینەکان جیاوازن، ژمارەیان گەلێك زۆرە، بە ئەندازەیەك کە هەموو مەرجەکانی "تەواتر"یان تێدا هاتۆتەجێ، دواتر بینیمان کۆکن لەسەر وەرگرتنی ئەو هەواڵانەی بە دەق ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئیمام فڵانە دواتر فیسارە... نا ناکرێت وێنەی ئەم کەسە شکۆمەندانە درۆ بکەن)[1].

هەروەها خەزاز دەڵێت: (ئەگەر بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر دروست بێت درۆ بکەن، ئەوا دەکرا یەکێك لە بەراهیمەکان بڵێت: ئەگەر هەواڵ و خەبەری ئیمامییەکان _ حاڵیشیان ئەو حاڵەیە کە ئێمە دەیزانین لەم سەردەمەی ئێمە _ هیچ بنەمایەکی نەبێت لە کاتێکی هەموو مەرجەکانی ڕێژنە بوون (تەواتر)یان تێدا هاتۆتەجێ، گوایە لەبەر خۆشویستنی ئیمامەکانیان هەڵیانبەستووە، ئەوا بۆچی نکۆڵی لە وتەی ئێمە دەکەن و سەرتان سوڕما لە ئاستمان کاتێك پێمان وابوو موسڵمانان بەڵگەکانی پێغەمبەریان دەگێڕنەوە لەسەر تراویلکە و دەیانەوێت ڕووناکی خۆر بپێچنەوە، ئەم هەواڵانەشیان لەبەر خۆشویستنی پێغەمبەرەکەیان هەڵبەستووە؟ جا دەبێت یەك لەم دووانە بێت: یان ئەوەتا دەبێت دان بنرێت بە ڕاستی هەواڵی ئیمامەکان کە بە دەق ئاماژە دەدەن بە دوازدە ئیمامەکان، بەمەش ڕاستی مەزهەبەکەیان دەچەسپێت یاخود دەبێ ملکەچی بەراهیمەکان بین، هیچ نێوەندێك نییە لە نێوان ڕاست و ناڕاست تا دەستی پێوە بگیرێت، چەسپاندنی ئیمامەت باشترە لە ڕەتکردنەوەی پێغەمبەرایەتی، و سوپاس و ستایش بۆ خوا)[2].

---

(١) الخزاز: كفاية الأثر ٢٠١.

(٢) هەمان سەرچاوە ٢٠٢.

ئا بەم شێوەیە خەزاز پێمان ڕادەگەیەنێت لەبارەی پەسەند کردنی گێڕانەوەی (دوازدە ئیمامییەکان) بۆ ئەوەی ڕێگەمان پێبدات کە تاوتوێیان بکەین یان بڵێین لەلایەن نەوەی پێشترەوە هەڵبەستراوە یان ئەوەتا دەبێت وتەی بەڕاهیمەکان قبوڵ بکەین کە دەڵێت ئەو گێڕانەوانەی لە پێغەمبەرەوە هاتوون دروست نین، لە کاتێکدا موسڵمانان کۆکن لەسەر ڕاست و دروستیان، وەك ئەوەی دەیەوێت بڵێت: ئاستی تەواتری هەردوو گێڕانەوەگە وەك یەکە، ئەگەر گومانمان هەبوو لە گێڕانەوەکانی دوازدە ئیمامی ئەوا دەبێت گومانمان هەبێت لە گێڕانەوەکانی پێغەمبەر، سەرباری ئەوەی جیاوازی زۆریان لە نێواندا هەیە، هەر چەندە وتەی زانایانی پێشوومان بیست لەوەی وەسفی گێڕانەوەی دوازدە ئیمامییەکانیان کرد بەوەی تاقان (ئاحاد)ن. لەگەڵ ئەمەشدا خەزاز دەڵێت: (ئەگەر یەکێك وتی: ئەی بۆچی پێشینانمان ئەم هەواڵانەیان نەگێڕاوەتەوەو لە کتێبەکانیاندا جێگیریان نەکردووەۋ و بە ئاسۆکاندا بڵاویان نەدەکردەوە تا ئێمەش بمانبیستایە وەك ئێوە بیستتان و ئێمەش گێڕابمانەوە وەك چۆن ئێوە گێڕاتانەوە؟ ئایا دەکرێت ژمارەیەك زۆر یان ئەوانەی هەواڵ بە ڕێژنەیی لە ڕێگەی ئەوانەوە دێت شتێك بشارنەوە کە ئوممەت گەلێك زۆر پێویستیان پێ هەیە؟ ئەو هەواڵانەش لەبارەی شتێکی مەزن و ترسناك و پلەدار بن، کەچی هەڕەشەشیان لێکراوە لەسەر شاردنەوەی و پەیمانیان لێوەرگیراوە کە بڵاوی بکەنەوە، بەهۆی ئەو هۆکارانەی باستان کرد؟ ئەگەر وتتان: بەڵێ، دەڵێین: ئەگەر بۆیان دروست بێت هەواڵێك بشارنەوە بەو ڕێگەیە هات بێت و لەبەر ئەو هۆکارانە، ئەوا بۆچی بۆیان دروست نییە بە ئەنقەست درۆ بکەن لەبارەی ئەو شتانەی بینیویانە و هەستیان پێ کردووە؟ جا چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان شاردنەوەو درۆ کردن؟).. و لە

وەڵامی ئەم پرسیارەدا دوای ئەوەی شاردنەوە دابەش دەکات بۆ چەند بەشێك ئەوا دەڵێت: (ڕاستە بەو شێوەیەی وەسفان کرد ئەوا دەکرێت بەشێوەیەك شاردنەوەی هەواڵ ڕووبدات بەڵام بەوشێوەیەی درۆی لەسەر ڕوو نەدات)[1].

جارێکی تر خەزا دێت و لە کتێبەکەیدا تاوتوێی ئەو گومانانە دەکات کە لەسەر گێڕانەوەکانی هەن و بەهەمان شێوە هەڵدێت لە تاوتوێکردنی گریمانەی ئەوەی کە هەڵبەسترابن لە لایەن کەسانی دواترەوە و تۆمەتی دروستکرانی ئەم گێڕانەوانە لەلایەن ئیمامەکانەوە ڕەت دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی تۆمەتەکە لە ڕاستیدا ئاڕاستەی ئیمامەکانە نەکراوە بەڵکو ئاڕاستەی کۆمەڵێك کەسی دوای ئەوان کراوە، خەزاز دەڵێت: خوا بەختەوەرت بکات، فەرموودەی گێڕەڕەوەکان کە لە ئیمامە پارێزراوەکانەوە (سڵاوی خوایان لێبێت) دەگێڕینەوەو هەندێك ئیمام بە دەق باسی هەندێکی تریان کردووە، سەرباری کۆك بوونی فەرموودەی هاوەڵان لەسەر بوونی دەق لەسەر ئیمامەکان... ئەوا چۆن دەبێت و عەقڵ ڕێگە دەدات بەوەی کەسانێکی ڕا و هیمەت و وڵات و شاریان جیاواز بێت و کۆمەڵێك لە خانەوادەی پێغەمبەریان لە ناودابێت کە لەلای هەموو ئومەت کەسانی چاك و لەخواترسن و لەلای هەندێکی تریشیانەوە پارێزراون لە هەڵە و کەم و کورتی کۆببنەوە لەسەر هەڵبەستنی فەرموودەی درۆین ت سەر لە خەڵك بشێوێنن و گومانیان بۆ دروست بکەن لەبارەی ئەوانەوە؟. ئەمە نە عەقڵ ڕێی پێ دەدات و نەپێشبینی دەکرێت، چونکە خوای گەورە ستایشی کەسانی نەخوازراو و سەرزەنشتکراو ناکات، کەچی یە بەکدەنگی ئوممەت خوای گەورە لە چەندین شوێندا ستایشی ئیمامەکانی کردووە.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ٢٠٥.

ورد ببنەوە لە هەواڵە ڕاستەکان بەهۆیەوە دەزانن جیاوازی نێوان ڕاستی و درۆ چەندە، ئەوا دەبینین هاووێنەی ئەم فەرموودەیە نابێت هەڵبەستراو دروستکراو بێت، هەروەك باسمان کرد[1].

بە هەر حاڵ، سەرباری ئەو هەموو گومانەی دەوری کتێبی (كفاية الأثر)یان داوە لەوەتەی دەرکەوتووە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی پشتی بەستووە بە کۆمەڵێك گێڕەڕەوەی درۆن و زیادەڕۆچوو و نەناسراو و بێ باك و تۆمەتبارکراو بە دانان و هەڵبەستن و جیاوازی ناوەکانیان بە جیاوازی لەبەرگیراوەو دانەکانی کتێبەکە، ئەوا کتێبەکە بە ئێمە نەگیشتووە بە زنجیرە و گێڕانەوە، تەنها یەك دانەی دەستنووسی کۆنی هەیە بە پێنووسی موئمنی کوڕی عەبدولجەوادی کازمی و مێژووەکەی لەسەر نووسراوە: ڕۆژی دوو شەممەی سەرەتای مانگی شەعبانی ساڵی هەشتاو شەشی دوای هەزارە، ئەم کتێبە لە کتێبخانەی سەید مەڕعەشی نەجەفییە لە شاری قوم _ ئێران، دانەیەکی تری دەستنووس بە پێنووسی تاج الدینی کوڕی عەبدوڵای کوڕی سولەیمانە شەرعناسە، ئەمەش بەراوری نووسراوەکەیەتی: ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممەی دەی مانگی زولقەعدەی ساڵی نۆسەد و سی و یەك، لە دانەیەکەوە وەرگیراوە کە پێشتر لە ساڵی چوار سەد و چوار نووسرا بووەوە. ئەم دانەیەش لە کتێبخانەی سەید جەلالەدینی فەرموودەناسی ئەرمەوی دایە لە شاری تاران.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ٢٩٣ _ ٢٩٤.

ئەمەش بەو پێیەی زانای لێکۆڵەری نووسەر سەید عەبوڵەتیفی حوسەینی کوهی کەمەری خوئی لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات. بێ ئەوەی ڕاستی ئەم ڕێنووس و هێڵ و مێژووانە بچەسپێنێت کە لەسەر ئەم دانەیە هەن.

ئەمەش وا دەکات کە کتێبەکە هەموو نرخێکی گێڕانەوەیی لە دەست بدات، ماوەی فەراهەم بکات لەبەردەم گومان هەبوون سەبارەت بە هەموو گێڕانەوەیەك، هەر بۆیە پشتمان لەوە کرد کە تاوتوێی بکەین و تاوتوێی زنجیرە (سەنەد)ەکەی بکەین لەبەر ئەوەی زۆر پێویست نییە، هەروەها هیچ بەڵگەیەکی وا پێك ناهێنێت کە پشتی پێ ببەسترێت.

هەمان حاڵە لەگەڵ گێڕانەوەکانی صدوق لە کتێبی (إكمال الدين) و توسی لە کتێبی (الغيبة)، ئەم دوو کتێبەی ناوبراو پێویستیان بەوەیە کە بچەسپێنرێن کە ئایا لە گێڕڕەوەکانی (صدوق و توسی)ەوە هاتوون، چونکە ئەم دوو کتێبەی ناوبراوان خاوەن پێگەیەکی بەهێز و متمانە پێکراو نین وەك چوار کتێبەکە: (الكافي، ومن لايحضره الفقيه، والتهذيب و الإستبصار) شێخ بە شێخ ئەم چوار کتێبەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام دوو کتێبەکەی پێشوو زنجیرەیەکی تەواو و نەپچڕاویان نییە، ئەمەش ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە یاری بە گێڕانەوە و زنجیرە (سەنەد)ەکانیان بکرێت، ئا لێرەوە فەرموودەکانی ئەم دوو کتێبە نابنە بەڵگە بەسەر هیچ کەسێکەوە.

ئەگەر ئەم دەرەنجامە فەرموودەگەرایە بخەینە پاڵ گێڕانەوەو ڕاستییە مێژوویەکانی تر لەبارەی باوەڕی ئیمامییەکان بە درێژبوونەوەی ئیمامەت تا ڕۆژی دوایی، بەو پێیەی دەرکەوت لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی، ئەوا

دەرەنجامێکی ڕوون دەستمان دەکەوێت بەوەی تیۆری (دوازدە ئیمامی) لە سەدەی چوارەمی کۆچی هەڵبەستراوە، دوای ئەوەی تیۆری ئیمامەتی خوایی بە ڕێگایەکی داخراو گەیشت لە دوای کۆچی دوایی کردنی ئیمام حەسەن عەسکەری، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات منداڵێکی هەی تا ئاڵای ئیمامەت بگرێتە دەست، هەروەها بێ ئەوەی بدوێت لەبارەی سەرەنجامی ئیمامەت لە دوای خۆی.

## ٣_ ڕەخنەگرتن لە تیۆری پارێزراوی

شیعە ئیمامییەکان پێیان وایە دەبێت ئیمامەکان لە لایەن خواوە پارێزراو بن لە ئەنجامدانی گوناھ یان فەرمان کردن بە سەرپێچی و وتاوان، وەك پێشەکیەك بۆ وتنی ئەوەی ئیمامەکان لەلایەن خوای پایەبەرزەوە دیاریکراون. ئەمەش لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی ڕەھا بۆ پێشەوا، هەروەھا دروست نەبوونی گوێڕایەڵی ڕێژەیی وەك: گوێڕایەڵی کردنی حوکمڕان تەنها لە کاری باشە و گوێڕایەڵی نەکردنی پێشەوا لە کاری خراپە و سەرپێچی ئەگەر فەرمانیشی پێ بکات و ڕاستکردنەوەی پێشەوا لە کاتی سەرپێچی کردن و لەڕێ لادانی. ئەمە ئەو بنەمایە بوو کە حوکمڕانە ئەمەوییە لاسارەکان خویان گرتبوو بە ڕەواج پێدانی و داوایان لە موسڵمانان دەکرد لەسەر ئەم بنەمایە بە ڕەھایی گوێڕایەڵیان بن لە چاك و خراپدا. ئەمەش وای کرد زانا کەلامییەکانیان بکەونە ناو گومانی تێکگیران سەبارەت بە پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ خودا کە ئەویش فەرمان بە گوێڕایەڵ بوون دەکات بۆ پێشەواکان، هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾ النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە،

فەرمانبەردار و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر و حوکمڕانەکان بکەن کە لە خودی خۆتانن). هەروەها پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ پێشەوا و حوکمڕانان بەشێوەیەکی ڕەها تەنانەت لە گوناهو تاوانیشدا![1].

بەڵام بنەمای بە مەرج دانانی پارێزراوی ئیمام، بنەمایەکی داهێنراو بوو، لەلایەن ئال و بەیت و شیعە بەگشتی ڕەتکراوە بوو، گوێڕایەڵی ڕەها بۆ حوکمڕانان هەرگیز لەم ئایەتە پیرۆزەدا نەچەسپاوە، کە دەکرێت مانای گوێڕایەڵ بوونی ڕێژەیی بگەیەنێت، بەڵکو نەریت و عەقڵ و ئایەتەکانی تری قورئانی پیرۆزیش هەر فەرمان دەکەن بە گوێڕایەڵی ڕێژەیی و جەخت دەکەنەوە لەسەر بنەمای: (گوێڕایەڵی کەسێك ناکرێت کە فەرمان بە سەرپێچی کردنی خوا بکات). هەرچەندە ئایەتی (حوکمڕان و کاربەدەستان: أولي الأمر) جێبەجێ دەبوو لەسەر ئەو حوکمڕان و کاربەدەست و سەرکردانەی پێغەمبەری خوا لە ژیانی خۆیدا دەستنیشانی دەکردن، ئەوا موسڵمانانی سەرەتا وا تێ نەدەگەیشتن کە ئایەتی ناوبراو مانای گوێڕایەڵ بوونی ڕەها بۆ ئیمام دەگەیەنێت لە چاکە و خراپەدا، جارێك پێغەمبەر کۆمەڵێك لە موسڵمانانی وەك دەستەی سەربازی بە سەرۆکایەتی پیاوێك ڕەوانەکرد، لە ناوەڕاستی ڕێگاکە سەرۆکی دەستەی نێردەکە ئاگرێکی هەڵگیرساند و داوای لە کۆمەڵە موسڵمانەکە کرد بچنە ناو ئاگرەکەوە، بەڵام کۆمەڵە موسڵمانەکە ئەم فرمانەیان ڕەتکردەوە، سەرۆکی دەستەکە داوای لێکردن فەرمانەکەی جێبەجێ بکەن، بەڵام موسڵمانەکان وتیان: ئێمە لەبەر ئاگر هەڵاتین چۆن بچینە ناویەوە. جا موسڵمانانی سەرەتا لە سنووری نەریت و عەقڵ و

---

(١) الكراجكي، كنز العرفان ٤٤٩، والطوسي، تلخيص الشافي ١٩٢/١، والحلي، منهاج الكرامة في إثبات الإمامة ٥١، و نهج الحق ١٦٤.

شەرعدا لە گوێڕایەڵ بوون تێگەیشتبوون، نەك لە دەرەوەی ئەم سنوورە. جا موسڵمانەکان گەڕانەوە و ئەو کارەی سەرکردەکەیان بە پێغەمبەر ڕاگەیاند، پێغەمبەر هەڵوێستە عەقڵانییەکەی کۆمەڵە موسڵمانەکەی پەسەند کرد و ئاگارداری کردنەوە بەوەی کە پێی فەرموون: ئەگەر چووبانە ناو ئاگرەکە ئەوا هەر تیایدا دەمانەوە.

ئەمەش یارمەتی ئەوە دەدات کە دەکرێت تێگەیشتنی ڕێژەیی هەبێت بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لە سنووری عەقڵ و نەریت و ژیاننامەی پێغەمبەر و شەڕعدا، نابێت تێگەیشتنەکەیان تێگەیشتنێکی ڕەها و بەردەوام بێت، تەنانەت لەو بارودۆخانەش کە تێگەیشتنەکە لەگەڵ حوکمە عەقڵی و شەڕعییەکانی تر تێکدەگیرێت.

جا ئەگەر تێگەیشتن و گوێڕایەڵ بوونی ڕەها ڕەتکرایەوە و بەڵکو سیستەمی ڕێژەیی چەسپا لە گوێڕایەڵی پێشەواو کاربەدەستان، ئەو کاتە پێویست ناکات پارێزراوی بە مەرجی ئیمامەت دابنێین، موسڵمانانیش دەتوانن سەرکردەیەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن لە سەر بنچینەی دادپەروەری دیار و ئاشکراو پارێزگاری و لێهاتوی، تا سەرکردەکە ئایینیان بۆ جێبەجێ بکات و فەرمانیان پێ بکات بە چاکە و ڕێگریان لێ بکات لە خراپە. جا ئەگەر ئەم سەرکردە (ئیمام)ە لایدا ئەوا موسڵمانان مافی سەرپێچی کردن و فەرمان شکاندن و لابردنی سەرکردەکەیان هەیە لە پۆستی سەرکردایەتی (ئیمامەت)، لەو بارودۆخەشدا خوای گەورە لەسەر موسڵمانانی پێویست نەکردووە گوێڕایەڵی سەرکردە لادەرەکە ببن. بەڵام زانا کەلامییەکانی ئیمامی تێگەیشتنی ڕێژەییان بۆ ئایەتەکە ڕەت کردەوەو وتیان تێگەیشتنەکە دەبێت ڕەهایی بێت، بەم پێیەش تیۆرەکەیان لەسە بنچینەی

پارێزراوی بنیاتنا، پاشانیش هەڵسان بە تەنین و چنینی سەرجەم بۆچوونەکانیان لەسەر بنچینەی ناوبراو[1].

کێشەی هەرە مەزن کە ڕووبەڕووی ئیمامییەکان بووەوە لە پرۆسەی بیناکردنی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و جێبەجێ کردنی لەسەر ئیمامەکانی ئال و بەیت، خۆی دەبینیەوە لە هەڵوێستی خودی ئال و بەیت لەبەرامبەر (پارێزراوی). جا ئال و بەیت بە توندترین شێوە ڕەتیان دەکردەوە، لەبەردەم جەماوەردا ڕاشکاوانە دەریان دەبڕی کە ئەوان خەڵکێکی ئاسایین و دەکرێت هەڵە بکەن و دەشکرێت ڕاست بپێکن و پارێزراویش نین لە گوناهو تاوان، داواشیان لە خەڵك دەکرد تا ڕەخنەیان لێبگرن و ڕێنموونیان بکەن و هەڵوێستی دژیان هەبێت لە بەرامبەر هەر هەڵەیەك کە ئەنجامی بدەن، یان خوا نەکات هەر فەرمانێك بە خراپە بکەن. میری بڕواداران ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە مزگەوتی شاری کوفەدا وەستاو وتی: قسە لەگەڵ من مەکەن وەك ئەوەی لەگەڵ ستەمکار و دەسەڵاتدارەکان دەیکەن، وا هەستیار مەبن لەگەڵم وەك چۆن هەستیارانە ڕەفتار لەلای کەسانی دەستپێشخەر دەکەن و بە زۆری و ناچاری خۆتان وا دەرمەخەن کە لەگەڵم تێکەڵن، وا مەزانن من بە بیستنی ڕاستی دڵگران دەبم، هەرگیز بە دوای بە گەورە گرتنی خۆمدا نابم لە شتێکدا شیاوی من نەبێت، چونکە هەر کەسێك دڵگران بێت بە بیستنی ڕاست و بەڕوودا خستنەڕووی دادگەری ئەوا کارکردن بە ڕاستی و دادگەری لەسەر ئەو کەسە زۆر گران و سەختتر دەبێت، دەست هەڵ نەگرن لە وتنی ڕاستی و شوڕای دروست، من لەو ئاستەدا نیم کە لە هەڵەکردن

---

(١) الصدوق، إكمال الدين ٣٦٢ _ ٣٦٨، والمفيد، شرح عقائد الصدوق ١٠٦، والنكت الإعتقادية ٤٨ _ ٤٩، والحلي، كشف المراد ٣٦٥، والمجلسي، بحار الأنوار ٢٩١/١١.

بەرزتر بم و دڵنیاش نیم لە کردەوەکانمدا لەوەی بە هەڵەدا نەچم، مەگەر خودا لەو شتانەی دەروون و نەفسم بمحەسێنێتەوە کە هەر ئەو دەسەڵاتی لەم زیاترە بەسەریدا. بێگومان من و ئێوە بەندە و موڵکی پەروەردگارین کە جگە لەو خوایەکی تر نییە ئەو شتانەی ئێمە دەسەڵاتمان بەسەردا نییە ئەو دەسەڵاتی بەسەردا هەبێت، هەر خوای گەورەیە ئێمە لە بارودۆخی پێشوودا هێناوەتە ئەو بارودۆخە کە شیاومانە، جا ڕێنوێنی لە دوای گومڕای پێبەخشین و بەرچاوڕوونی دوای نابینایی بە ئێمەی بەخشی[1].

لە وتارێکی تردا میری باوەڕداران دەدوێت لەبارەی (خەریتی کوڕی خەواریج) و هەوڵەکانی پێشووی بۆ هاندانی ئیمام بۆ کوشتن و بەند کردنی ژمارەیەك لە سەرانی بەرهەڵستکاران، جا ئیمام بە خەریت و هەموو خەڵکی وتوە: پێویستە لەسەرتان لە بەردەممدا بوەستن و ڕێگریم لێ بکەن ئەگەر بمیەوێت کاری لەو جۆرە بکەم و پێم بڵێن: (لە خوا بترسە!).

ئەگەر هەر فەرموودەیەك لەبارەی پارێزراوی لە ناوەندەکانی ئیمامەکان و شیعە و موسڵمانان هەبووبا ئەوا ئیمامی عەلی ئەمەی بەوان نەدەوت، چونکە پارێزراوی ئەوە دەخوازێت کە ئیمام خۆی لەسەرووی ڕەخنە ببینێتەوە و بەرهەڵستکاران بێ بەشبکات یاخود ئەو بوێرییە بخەسێنێت کە ئامۆژگاری و پێشنیاری دەکات، جا ئیمامی عەلی وای نەکرد و جوانترین نمونەی خاکی بوون و یەکسانی پێشکەش کرد... داواشی لە هاوەڵانی دەکرد ڕۆڵی سیاسی و ئاینی خۆیان بگێڕن لە چاودێری کردن و ڕاستکردنەوەی ئیمام.

---

(١) سەیر تەواوی وتارەکە بکە لە: روضة الكافي للكليني ٢٩٢ _ ٢٩٣، و بحار الأنوار للمجلسي ٣٠٩/٧٤.

میری باوەڕداران لە یەکێك لە نزاکانی دا دەڵێت: (خوایەگیان؛ لەو شتانەم خۆشببە کە تۆ زاناتری پێی لە من، ئەگەر دووبارە گەڕامەوە ئەوا تۆش بە لێخۆش بوون ڕووبەڕووم ببەوە. خوایەگیان؛ لێم خۆشبە لەوەی کە لە دەروونمدا هەڵم گرت و کەچی بێ وەفا بووم لە ئاستیدا. خوایەگیان لێم خۆشبە لەوەی زمان پێی لە تۆ نزیك بووەوە کەچی دڵم سەرپێچی کرد و پێچەوانەی جوڵایەوە. خوایەگیان؛ ببورە لە ئاماژەی سەرەنجەکان و دەرپەڕینی دەربڕینەکان و ئارەزووەکانی دڵ و دەروونم و هەڵەکانی زمانم)[١].

میری باوەڕداران لە شوێنێکی تردا سیفەتەکانی دادوەر (حوکمڕان) و مەرجەکانی دەخاتەڕوو، لە ناو مەرجەکاندا باسی پارێزراوی ناکات، دەڵێت: (... ناکرێت کەسێك حوکمڕان و سەرپەرشتیاری شەڕەف و خوێن و دەستکەت و پێشەوایەتی موسڵمانان بێت: چڕنووك بێت، چونکە حەزو تامەزرۆی ماڵ و سامانی موسڵمانان دەبێت، ناشکرێت حوکمڕان کەسێکی نەزان و نەفام بێت، چونکە بە نەزانیەکەی گومڕایان دەکات، نابێت کەسێکی دڵ ڕەق بێت، چونکە بە دڵ ڕەقیەکەیان لەت و پەرتیان دەکات، نابێت زۆردار بێت و ستەم لە کۆمەڵان بکات، هۆزێك هەڵبژێرێت و ئەوانی تر پشتگوێ بخات، نابێت حوکمڕان بەرتیل خۆر بێت، چونکە مافەکان پێشێل دەکات و لە جێگای ناشیاودا دادەنێت)[٢]. و لە وتارێکی تردا دەڵێت: (ئەی خەڵکینە: بەڕاستی شیاوترین کەس بۆ ئەم کارە ئەو

---

(١) الإمام علي، نهج البلاغة ١٠٤.

(٢) هەمان سەرچاوە ١٨٩ وتاری ژمارە ١٣١.

کەسەیە کە لە هەمووان بەهێزترە بۆ ڕاپەڕاندنی و زاناترە بە فەرمانی خوا لەوبارەوە)[1].

صدوق چیرۆکێك لە خاتوو عائیشە دەگێڕێتەوە کە پێچەوانەیە لەگەڵ تیۆری پارێزراوی کە زانا کەلامییەکان دانیان پێداناوە، جا دەگێڕێتەوە کە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب جارێکیان پارەی کێڵگەیەکی بەخشی تا یەك دیرهەمی لەلا نەما، فاتیمەی زەهرا ڕەخنەی لێگرت و دامێنی عەلی گرت، جبریل دابەزی و ئەو هەواڵەی بە پێغەمبەر ڕاگەیاند و ئەویش ڕۆیشتە ئەوێ و فەرمووی: بۆت نییە دامێنی بگری و لە دەستەکانی بدەی و ڕێگری لێ بکەی، فاتیمە وتی: داوای لێخۆش بوون لە خوا دەکەم و هەرگیز کاری وا ناکەمەوە[2]. هەروەك شەریفی ڕیزا لە کتێبی (خصائص الأئمة) باسی کردووە: حەسەن بە خواستنی لە خانەی دارایی (بیت المال)ی پارچە قوماشێکی وەرگرت، بەمە میری باوەڕداران تورە بوو و پێی وت: (ئەی باوکی محەممەدە ئەمە ئاگرە... ئەی باوکی محەممەد ئەمە ئاگرە) تا شتەکەی گەڕاندەوە[3].

بەهەمان شێوە ئیمامی حوسەین ئاماژەی بە بابەتی پارێزراوی نەکرد لەو پەیامەیدا کە بۆ خەڵکی کوفەی نارد لە ڕێی نوێنەرەکەی موسلمی کوڕی عەقیل، بەڵکو ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە حوکمڕان مەرجی لە خواترسان و پابەند بوون بە کارکردن بە قورئان و ئاینی تێدا بێت، جا وتی: (بێ گومان... تەنها

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٥٧ وتاری ژمارە ١٧٣.

(٢) الصدوق، الأمالي ٤٧٠.

(٣) الشريف الرضا، خصائص الأئمة ٢٨.

حوكمڕانێك حوكمڕانه كه كار به كتێبی خوا بكات و خۆی له پێناوی خوا بگرێتەوەو دادپەروەری بەرپا بكات و به ئاینی خوا دینداری بۆ خوا بكات)[1].

ئیمامی باقر فەرموودەیەكی له پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) دەگێڕێتەوە لەبارەی مەرجەكانی حوكمڕان، تیایدا باسی پارێزراوی نەكردووە، باقر دەڵێت: پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) فەرموویەتی: (ئوممەتی من تەنها بۆ كەسێك دەست دەدات كه سێ خەسڵەتی تێدا بێت: له خواترسانێك كه دووری بخاتەوە له سەرپێچی كردنی خوا، نەرم و نیانیەك كه بەهۆیەوە تووڕەییەكەی جڵەوگیر بكات، بەچاكی سەرپەرشتیاری ژێر دەستەكانی بكات ئەگەر كرایه دەسەڵاتدار، به ئەندازەیەك كه وەك باوكێكی بەسۆز بێت بۆیان). و له گێڕانەوەیەكی تردا هاتووە: (تا وەك باوكێكی میهرەبان دەبێت بۆ ژێر دەستەكانی)[2]. ئەمە ئاماژە بەوە دەكات كه ئیمامەت بۆ یەكێك له خەڵك شیاوە بەوپێیەی ئەم مەرجانەی تێدابن.

ئیمامی صادق وتویەتی: (سوێند بەخوا ئێمە تەنها بەندەین و هیچی تر... توانای سوود و زیان گەیاندنمان نییە، ئەگەر خوا بەزەیی به ئێمەدا هاتووەوە ئەوە له میهرەبانی خۆیەتی، ئەگەر ئێمەشی سزادا ئەوا بەهۆی تاوانی ئێمەوەیە، سوێند بەخوا هیچ بەڵگەیەكمان لەسەر خوا نییە و هیچ پاكانەیەكی خوایمان پێ نییە، ئێمەش بەهەمان شێوەی كەسانی تر دەمرین و لەگۆڕ دەنرێین و پارچە بڵاوەكانی لەشمان كۆدەكرێنەوە و زیندوو دەكرێینەوەو بەرپرسیاریشین... ئێوە شایەت بن من كەسێكم نەوەی پێغەمبەرم و هیچ پاكانەیەكم له خواوە پێ نییە،

(١) المفيد، الإرشاد ٢٠٤.

(٢) الكليني، الكافي ٤٠٧/١.

ئەگەر گوێڕایەڵ بووم خوا بە میهرەبانی خۆی لەگەڵم دەکات، هەروەها ئەگەر سەرپێچیشم کرد ئەوا بە سزایەکی زۆر توووند سزام دەدات)[1].

لێرەدا دوو گێڕانەوە هەن صدوق لە ئیمامی ڕیزاوە دەگێڕێتەوە لەبارەی پارێزراوی پێغەمبەران، صدوق دەڵێت ئیمامی ڕیزا لەلای مەئمون ئەم باسەی کردۆتەوە، کەچی باسی پارێزراوی ئیمامەکانی نەکردووە[2]. ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئال و بەیت تیۆری پارێزراویان پەسەند نەکردووەو فەرموودەی لەم شێوەیەش لەو ڕۆژان دەرنەکەوتوون تەنها بە نهێنی نەبێت لەلای ئیمامییەکان و زیادەڕۆچووانی شیعە... ئەگەر باس و خواسی پارێزراوی هیچ گۆڕەپانێکی هەبووبا لەلای ئال و بەیت ئەوا ئیمامی ڕیزا قسەی لەسەر دەکرد، هەروەك صدوق دەڵێت ئیمامی ڕیزا ڕاشکاوانە و بوێرانە قسەی لەسەر ئیمامەت دەکرد و لە خەلیفەی عەبباسی مەئمون نەدەترسا و دواتریش وەك جێگرەوەی مەئمون دیاریکرا... ئەی بۆچی ئیمامی ڕیزا تەنها لەسەر پارێزراوی پێغەمبەران دوا و قسەی لەسەر پارێزراوی ئیمامەکان نەکرد؟.

سەرباری ڕوونی هەڵوێستی ئال و بەیت لە بەرامبەر بانگەشەی پارێزراوی و جەختکردنەوەیان لەسەر سروشتی مرۆیی ئاسایی و داوای لێخۆش بوون کردنیان لە خوای گەورە، ئەوا زانا کەلامییە ئیمامییەکان هەڵسان بە خۆدزینەوە لەم هەڵوێستە و تەئویل کردنی گێڕانەوە چەسپاوەکان کە پارێزراوی ئیمامەکان ڕەت دەکەنەوە، بەوەی وتویانە مەبەستی ئیمامەکان فێرکردنی خەڵك بووە بەگشتی یان مەبەستیان خۆپارێزی (توقیە) بووە، لە پاڵ ئەمەدا کەلامییەکان هەڵسان بە

---

(١) الكليني، الكافي، الروضة ٣١٢، والحر العامل، إثبات الهداة ٧٧٠.

(٢) الصدوق، عيون أحبار الرضا ١٥٣/١ _ ١٥٥.

گێڕانەوەی کۆمەڵێك گێڕانەوە کە بانگەشەی پارێزراوی ئیمامەکان دەکات بە ڕاشکاوی و بە مەرج دادەنێت بۆ ئیمام یان ئیمامەکانی ئال و بەیت، ئەم گێڕانەوانە لاواز و ناڕۆشنن و مانای تەواو نابەخشن.

ئا لێرەدا فەرموودەیەکی پچڕاو هاتووە لە ئیمام زەینولعابدین و تیایدا دەڵێت: (ئەوەی لە ئێمە دەبێت ئیمام ئەوا دەبێت پارێزراو بێت، پارێزراویش دیاردەیەکی بەدیهێنراو نییە تا لە ناو خەڵی بناسرێت، بەڵکو بریتییە لە دەستگرتن بە پەت و گوریسی خوا و پەتی قورئان، قورئانیش ڕێنیشاندەرە بۆ ئیمام)[1]. بێ ئەوەی مشتومڕ بکرێت لەسەر ئەم فەرموودە زنجیرە پچڕاوە کە دراوەتە پاڵ ئیمامی زەینولعابدین ئەوا پاریچزراوی ئیمامی بە دەستگرتن بە پەتی خوا لێکدەداتەوە، پەتی خواش بریتییە لە قورئان، فەرموودەکە باس لە بازنەیەك ناکات کە لەلایەن خواوە لە دەوروبەری ئیمام دانرابێت و ڕێگری لێ بکات لەوەی گوناهو تاوان بکات وەك چۆن زانا کەلامییەکان دەیلێن.

فەرموودەیەکی تر هەیە لە ئیمامی صادقەوە هاتووە کە (پارێزراو) ڕاڤە دەکات بەوەی: ئەوەیە کە بەخوا خوای قەدەغە کردووە لە قەدەغەکراوەکانی خوا، خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يَعۡتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدۡ هُدِيَ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾ آل عمرا: ١٠١. واتە: (ئەوە پشت بەخوا ببەستێت و پەیڕەوی لە بەرنامەکەی بکات، ئەوە بەڕاستی بۆ ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروست هیدایەت دراوە)[2]. هەمان واتای گێڕانەوەی پێشوو کە لە ئیمامی زەینولعابدینەوە هاتووە دەگەیەنێت.

---

(١) الحسني، هاشم معروف، بين التصوف والتشيع ١١٦.

(٢) المجلسي، بحار الأنوار ج ٧ باب لزوم عصمة الإمام.

صدوق له كتێبی (إكمال الدين) له سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی گێڕاویەتەوە، ئەویش له میری باوەڕدارانەوە هێناویەتی کە وتویەتی (خوای گەورە ئێمە پاك کردەوەو پاراستووەو ئێمەی گێڕاوە بە شایەت بەسەر خەڵکەکەی و بەڵگەی خۆی لەسەر زەوی و قورئانی لەگەڵ ئێمە داناوە نە ئێمە لێی جیا دەبینەوە نە ئەویش لێمان جیا دەبێتەوە). و بەهەمان شێوە له کتێبی (عيون أخبار الرضا) له عەبدوڵای کوڕی عەبباسەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم دەیفەرموو: (من و عەلی و حەسەن و حوسەین و نۆ له نەوەکانی حوسەین پاکراوینەتەوەو پارێزراوین). و مەجلیسی له کتێبی (بحار الأنوار) کۆمەڵێك فەرموودەی گێڕاونەتەوەو وتویەتی: ئەو فەرموودانە دەدرێنە پاڵ قەیسی هیلالی کەچی له کتێبەکەیدا نین، یەکێك لەو فەرموودانەی باس کردووە کە دەڵێت: (گوێڕایەڵی بۆ خوای پایەبەرزو پێغەمبەرو کاربەدەستانە، بۆیە فەرمان کراوە بە گوێڕایەڵی کاربەدەستان و پێشەوایان، چونکە پارێزراو و پاکژکراون و فەرمان بە گوناهو تاوان ناکەن). جا ئەم فەرموودانە هیچ نرخێکی زانستیان نییە، چونکە زنجیرە (سەنەد)یان نییە و نە چەسپاون. و گێڕانەوەیەکی تر هەیە کە تەنها صدوق دەیگێڕێتەوە له ئیمامی ڕیزا تیایدا بە ڕاشکاوی لەبارەی پارێزراوی و گەورەتر بوون و تایبەتمەندییەکانی ئال و بەیت دەدوێت[1]. بەڵام ئەم گێڕانەوەیەش زنجیرە (سەنەد)ی لاوازە و گریمانەی ئەوە بەهێزە کە هەڵبەسترا بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی صدوق دەیگێڕێتەوە له عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی شازەویەی موئەدەب (بێ باکە) و جەعفەری کوڕی محەممەدی کوڕی مەسرور (ئەوەش بەهەمان شێوە بێ باکە) و ڕەیانی کوڕی سەڵت (لاوازە)

(١) الصدوق، عيون أخبار الرضا ١٧٩ _ ١٨٨.

كە یەكێك بوو لە یاریدەدەرەكانی فەزڵی كوڕی سەهل، هەروەها فەرموودەكە نەدراوەتە پاڵ هیچ یەكێك و باسی ئەوەشی نەكراوە كە ئامادەی مەجلیسەكە بووە یان گوێبیستی بووە، هەر بۆیە هیچ یەكێك لە پێش صدوق كە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی كۆچی هات ئەم فەرموودەیەی نەگواستۆتەوە. سەرباری ئەمەش گێڕانەوەكە باسی دەستكرای كرانی قورئانی پیرۆز لەخۆی دەگرێت بەوەی (ورهطك المخلصين: كۆمەڵە دڵسۆزەكەت) زیاد دەكات بۆ ئایەتی: ﴿ وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ﴾ الشعراء: ٢١٤. بانگەشەی ئەوە دەكات كە ئەم وشانەی باسكران لە قورئانی پیرۆز سڕاونەتەوە، ئەمەش وتەی زیادەڕۆچووانە كە دەیاندایە پاڵ ئیمامەكان، ئیمامەكانیش بە بەردەوامی خۆیان لەم جۆرە شتانە بەری دەكرد و ڕەتیان دەكردەوە. گێڕانەوەكە پشت دەبەستێت بە تەئویل كردن و هەندێك جار تەئویلی زۆرە ملێی، جا سەرباری ئەوەی هەوڵ دەدات پارێزراوی و پاكایەتی ئال و بەیت و هەرگیز هەڵنەگەڕانەوەیان بچەسپێنێت، كەچی كەمێك نەوەستا تا شیبكاتەوە كە كامانە ئال و بەیت پێكدێنن؟... دوای ئەوەی ئال و بەیتیان كورت كردەوە لە منداڵەكانی پێغەمبەرو ئیمامی عەلی بێ بەڵگەیەكی بەهێزو ڕوون، لەگەڵ ئەوەی نەوەكانی ئیمامی عەلی لە ناو خۆیاندا ڕاجیا بوون و كوڕەكانی هەر ئیمامێك لە نێوان خۆیاندا ململانێیان دەكرد و هەر یەكەیان بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە ئەو ئیمامەتی ڕاست و دروست و شیاوترینە لە دوای باوكی، ئەوانی تریشی بە درۆ و دووڕوویی لادان و گومڕایی تۆمەتبار دەكرد. گێڕانەوە هەڵبەستراوەكە ئەوە بەدەر دەخات كە ئیمامیەكان هەوڵیان دەدا قورئان بەشێوەیەك تەئویل بكەن كە لەگەڵ تیورە نوێ و ناڕۆشنەكەیان لەبارەی پارێزراوی ئیمامەكان بگونجێت.

## ٤_ هەڵوەشاندنەوەی گرێی لایەنگیری ئیمامەکان

زۆرێك لە شیعە (ئیمامییە) هاوچەرخەکان پێیان وایە ئەوەی ئەوا لە خەڵکانی تر جیا دەکاتەوە بریتییە لە (لایەنگیری و خۆشویستنی ئال و بەیت) یان (لایەنگیری و خۆشویستنی دوازدە ئیمامەکان). ئەمەش بەپێی کەلەپوری ئیمامی کە ئیمامەت وەك بنەمایەك لە بنەماکانی ئایین دادەنێت و بە گرنگترین پایەکانی هەژمار دەکات لە دوای یەکتاناسی و پێغەمبەرایەتی و دواڕۆژ. سەرباری ئەوەی ئەمە بابەتێکی تیۆری مێژووییە و پەیوەست نییە بە هەڵوێستی سیاسی ئیمامە هاوچەرخەکان، بەڵام بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان وەك خاڵێکی ڕاجیایی ماوەتەوە لە نێوان (شیعە ئیمامییەکان) و موسڵمانەکانی تر. لەبەر ئەمە پێویستە لەسەرمان هەڵوەستە لەسەر ئەم کەلەپورە بکەین و ڕەخنە و هەڵسەنگاند و شیکردنەوە بکەین بۆ ئەو گێڕانەوانە کە لە باقر و صادقەوە هاتوون لەبارەی ئیمامەت و لایەنگیری کردنی، هەروەها دڵنیا بینەوە لەوەی ئایا بەڕاستی قسەی ئەوانە یان دەستکردی ئەو زیادەڕۆچووانەیە کە لە دەوری ئەوان دەخولانەوە.

ئیمامییەکان فەرموودەی زۆریان لە باقرو صادقەوە گێڕاوەتەوە لەبارەی بابەتی لایەنگیری ئیمامەکان و (ئیمامەتی خوایی)، بەڵام پێویستە ڕێیاکانی گومانی پەیڕەوی لەسەر هەر هەموویان جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی:

یەکەم: لەبەر ئەوەی ڕێگەکەیان لاوازە و هەواڵی تاقانە (ئاحاد)ن. ناکرێت سیفەت و خەسڵەتی ڕێژنەیی (تواتر)ی بەسەردا بدەین، چونکە گومانی زۆر هەیە لە ڕاست و دروستیان.

دووەم: زۆرێك لەو گێڕانەوانە پڕن لە بۆچوونی دەستکاری کرانی قورئان، بانگەشەی ئەوە دەکات کە چەندین وشە و ڕستە لە قورئان سڕاونەتەوەو لادراون، ئەمەش وەك بەڵگە بەسە لەسەر بێ کەڵکی گێڕانەوەکان.

سێیەم: زۆرێك لەو گێڕانەوە پشت دەبەستن بە تەئویلی زۆرەملێی قورئان بێ بەڵگە.

چوارەم: ئەم گێڕانەوە نابنە بەڵگە، ئەگەرچی بچەسپێت کە لە باقر و صادقیشەوە هاتووە ئەوا هەر نابنە بەڵگە، چونکە گریمانەی خولی پوچەڵ (الدور الباطل)ی تێدا هاتۆتەجێ، هەروەها هەوڵ دەدەن پێگەیەکی تایبەت بۆ ئیمامەکان بچەسپێنن و ملکەچ بوون بۆ ئیمامەکان بە پێویست دادەنێن بەر لەوەی ئەو پێگەیە بێتە کایە کە شت قبوڵ کردن لە ئیمامەکان پێویست بکات.

پێنجەم: لەبەر ئەوەی گومان هەیە لەسەر ئەو فەرموودانەی لە ڕێی ئیمامییەکانەوە هاتوون و دراونەتەپاڵ پێغەمبەر، جا چ وەك زنجیرە (سەنەد)ی گێڕانەوەکان، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆو چەسپاو لە پێغەمبەرەوە نەهاتووە، هەروەها دانەنان بە ڕاست و دروستی هەر شتێك کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر بێ زنجیرە (سەنەد)، ئەمە وادەکات کە هەڵوەستە لەسەر گێڕانەوەکانیان بکرێت و لێیان قبوڵ نەکرێت. و لەبەر ئەوەی دەکرێ لەلایەن ئیمامییەکانەوە هەڵبەسترابێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر مەزهەبەکەیان و بوونی بەرژەوەندییەکی سیاسی تیایدا، ئەمەش شتێکە پەیوەست نییە بە باقر و صادقەوە، بەڵکو پەیوەستە بەهەر کەسێکەوە کە فەرموودەیەکی پچڕاو بداتە پاڵ پێغەمبەر بێ زنجیرە (سەنەد) سەرباری ئەوەی دەیان ساڵ ماوە هەبێت لە نێوان

ئەو و پێغەمبەردا، جا _ بۆ نمونە _ئەگەر کەسێکی حەنەفی هات و فەرموودەی لە پێغەمبەری خوا گێڕانەوە کە ستایشی ئیمامی ئەبو حەنیفە بکات یان کەسێکی مالیکی یاخود حەنبەلی یان شافیعی هات و هەر یەکەیان شتی وایان گێڕایەوە کە پشتگیری مەزهەبەکەیان و ستایشی ئیمامەکەیان بکەن ئەوا ئێمە گومانمان لە فەرموودەی ئەو دەبێت و تۆمەتباری دەکەین بەوەی خۆی هەڵی بەستووە، بەتایبەت ئەگەر فەرموودەکە لە ئیمامی مەزهەبی خۆی بگێڕێتەوە کە ستایشکراوە، بەم شێوەیە ئەگەر شیعەیەك هات و فەرموودەیەکی لە ئیمامی خۆی و ئەویش لە پێغەمبەری خواوە گێڕایەوە کە ستایشی ئیمامەکەی بکات ئەوا ئێمە گومانمان لە فەرموودەکەی دەبێت و ڕەتی دەکەینەوە. پەنا بەخوا نامانەوێت ئیمامی صادق و باقر بە درۆکردن تۆمەتبار بکەین، بەڵام ئێمە ئەو گێڕەرەوانە تۆمەتبار دەکەین کە شتیان لەوان گێڕاوەتەوە لە کەش و هەوایەکی ململانێی مەزهەبی و هەوڵدانی هەر تاقمێك بۆ پشتگیری کردنی ئیمام و مەزهەبەکەی. و دەڵێین: ناکرێت باوەڕ بەو فەردموودانە بکەین کە بناغە دادەڕێژن بۆ تیۆری (ئیمامەت) تەنها لەبەر ئەوەی لە ئیمامەکانەوە هاتوون، بەڵکو پێویستە بناغە تیۆرەکە لەسەر قورئانی پیرۆز یان فەرموودەکانی پێغەمبەر دابمەزرێت کە هیچ یەکێك لە موسڵمانان گومانی لێ نییە.

شەشەم: زۆرێك لەو گێڕانەوانە دژن لەگەڵ قورئانی پیرۆز، قورئان لایەنگیری ئال و بەیت بە مەرجێك لە مەرجەکانی باوەڕ بەخوابوون دانانێت. بە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیەی باقر لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) گێڕاویەتیەوە کە گوایە فەرموویەتی: (کەسێك پێی خۆش بێت بەشێوەیەك بژیەت هاوشێوەی ژیانی پێغەمبەران و بمرێت وەك مردنی شەهیدەکان و ببێتە دانیشتووی ئەو

بەهەشتەی خوای گەورە بەدیهێناوە؛ ئەوا با پشتی عەلی و جێگرەوە و ئەو ئیمامەکانی دوای ئەو بگرێت، ئەوانە ڕەچەڵەکی منن و لە گڵی من بەدیهێنراون... قوڕ بەسەر ئەوانەی لە ئوممەتی منن دژ ئەوانن، خوایەگیان؛ تکاو شەفاعەتی من نەکەی بەشی ئەوانە)[1]. و فەرموودە هاوشێوەکانی ئەم فەرموودە[2]. و وەك فەرموودەی باوکی حەمزەی سامالی کە لە باقرەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەریش ((ﷺ)) لە خوای بێ وێنە دەگێڕێتەوە کە: گوێڕایەڵی پێغەمبەر هاوتا دەکات لەگەڵ گوێڕایەڵی ئیمامەکان و سەرپێچی کردنی پێغەمبەر ((ﷺ)) هاوتا دەکات بە سەرپێچی کردنی پێغەمبەران. ئەگەر ئەم فەرموودەیە ڕاست بووبا ئەوا خوای گەورە قورئانێکی لەوبارەوە دادەبەزاند، کەچی هیچ شتێك لەو بارەوە دانەبەزی.

حەوتەم: زۆرێك لەم گێڕانەوانە تێکدەگیرێن لەگەڵ مێژوویی ئیسلامی و شیعە، وەك ئەو فەرموودەیەی دەڵێت جبریل ناوی ئیمامەکان و ناوی باوکیان و ئەوانەی ئیمامەکانیان خۆشدەوێت و ئەوانەش دان دەنێن بە پلەوپایەی ئەوان بۆ پێغەمبەری هێناوە[3]. و هەرگیز هیچ شوێنەوارێکی ئەمە نەبووە لە مێژووی ئال و بەیت کە ئیمامەکانیان بە ڕوونی نەدەناسی چ جای ئەوەی ناسینی ناوی ئەوانەی ئیمامەکانیان خۆشویستووەو دانیان بە پلەوپایەی ئەواندا ناوە.

هەشتەم: گەیشتنی تیۆری ئیمامەت بە ڕێگایەکی داخراو و پێکدانانی لەگەڵ واقیع و دارمان و لەناوچوونی.

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله ورسوله من الكون مع الأئمة، ح رقم ٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله ورسوله من الكون مع الأئمة، ح رقم ٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله ورسوله من الكون مع الأئمة، ح رقم ٤.

بێ گومان تیۆری (ئیمامەتی ئاینی و زانستی و سیاسی ئال و بەیت) تیۆرێك بوو لە سەدەی دووەمی کۆچی داهێنرا، لەلای شیعەکان بە لەوانی تر سەخت بوو ئەم تیۆرە هەرس بکەن و پەسەند بکەن، هەروەك ئەو گێڕانەوانە دان بەوەدا دەنێن کە باسی (سەختی گرانی وتەی ڕەچەڵەکی محەممەد دەکەن) و دەڵێن شیعە لێی بێزار بوونە[1].

ئێمە بۆ ئەوە دەچین کە هەندێك لە هاوەڵانی ئیمامەکان تیۆری (ئیمامەتیان) دروستکردووەو هەوڵیان داوە بەناوی ئیمامەکانەوە تێپەڕی بکەن، دواتر هەڵساون بە هەڵبەستنی فەرمووده لەسەر دەمی باقر و صادق و پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) بە پاساوی سەخت و گرانی وتەی ڕەچەڵکی پێغەمبەر، دواتر ناچارکردنی شیعە بۆ ملکەچ بوون بۆ تیۆرەکە و قبوڵ کردنی. گومانی خۆمان لەسەر ئەم فەرموودانە لەسەر کۆمەڵێك شت بنیات دەنێین، لەوانە: ئەم فەرموودانە لەلایەن باقر و صادقەوە بێ زنجیرە (سەنەد) دراونەتە پاڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)). و لەبەر ئەوەی ڕێزپەڕن و پێچەوانەی ڕۆحی قورئان و ئیسلامن، ئەی ئەو وتەیەی کە وا دادەنرێت هی ڕەچەڵی محەممەد بێت کامەیە؟ بۆچی ئەوەدە سەخت گرانە تەنها فریشتەیەکی لەخوا نزیك یان پێغەمبەرێکی پەیامدار یاخود بەندەیەکی دڵ پڕ لە ئیمان باوەڕی پێ دەکەن؟ لەگەڵ ئەوەی ئیسلام ئاسان و ڕوونە و نهێنی تێدا نییە، ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە وتەی ئال محەممەد لەلایەن فریشتەکانەوە ڕەت بکرێتەوەو تەنها فریشتە لە خوا نزیکەکان باوەڕی پێ بێنن یان لە ناو پێغەمبەراندا تەنها پەیامدارەکان باوەڕی پێ بکەن یاخود لەلای باوەڕدارە ئاساییەکان ڕەتبکرێتەوەو تەنها باوەڕ پتەوەکان نەبن؟

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيما جاء أن حديثهم صعب مستصعب ح رقم ١ و ٣.

کەی پێغەمبەری خوا فەرمایشتێکی فەرمووە کە دڵ و دەروون پێی تەنگ ببێت و عەقڵ ڕەتی بکاتەوە؟ کەواتە بۆچی ڕەتکردنەوەی ئەو فەرموودانەی لاوازن و ناچنە عەقڵەوەو سەخت و ڕیزپەڕن بە بێ باوەڕی و کوفر دادەنرێت؟.

ئەو فەرموودانەی کە دەخرێنەڕوو لەسەر تەئویل کردنی زۆرەملێی قورئان وەستاون ئەوا وێنەی هەوڵێکی نەزۆك و بێ هیوا دەکێشن بۆ گوێڕایەڵ کردنی شیعە و هاندانیان بۆ ملکەچ بوون و بەڕاستدانان و فەرمانبەرداری، وەك تەئویل کردنی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا ﴾ الشورى: ٢٣. بە ملکەچ بوون و خۆ بەدەستەوەدان[1]. یان تەئویل کردنی (باوەڕداران) بەوەی ئەوانەن: کە ملکەچن و خۆبەدەستەوە دەدەن[2]. یاخود تەئویلکردنی (ڕێگای ڕاست: الطريقة) بە لایەنگیری عەلی کوڕی ئەبو تالیب و ئیمامە جێگراوەکانی لە دوای ئەو، هەروەها تەئویل کردنی (خۆڕاگیری: الإستقامة) بە گوێڕایەڵی[3]. و بانگەشەکردنی جیاوازی باوەڕی ئەبو زەڕ لەگەڵ باوەڕی سەلمان بە پلەیەك کە ئەبو زەڕ ئامادە بووە سەلمان بکوژێت (ئەگەر ئەوەی ناو دڵی سەلمانی زانی بووبا) ئەمەش لە پێناو پاساودان بە سەختی وتەی ڕەچەڵکی محەممەد.

ئەگەر بێنە سەر پەیامەکەی ئیمامی صادق کە گوایە ئاڕاستە شیعەی کردووە، ئەوا دەبینین (لایەنگیری ئیمامەکانی بە مەرجێك لە مەرجەکانی باوەڕ

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم وفضل المسلمين، ح رقم ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم وفضل المسلمين، ح رقم ٤.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الطريقة التي حث على الإستقامة عليها ولاية علي، ح رقم ١ و ٢.

داناوه كه باوەڕ بێ ئەو مەرجە تەواو نابێت). تێكدەگیرێ لەگەڵ قورئانی پیرۆز كە تەنها باوەڕ بوون بە خواو پێغەمبەری خوا بە مەرج دادەنێت بۆ بە دەستهێنانی دواڕۆژ، ئەگەرچی قورئانی پیرۆز فەرمان دەكات بە گویڕایەڵی بوون بۆ خواو پێغەمبەر و كاربەدەستان، هەروەك لەم فەرمایشتەدا خراوەتەڕوو: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾ النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو گوێڕیەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواكان بكەن كە لە خودی خۆتانن _ لە بیروباوەڕ پابەندیدا _، خۆ ئەگەر لە شتێكدا بوو بە كێشەتان دەربارەی حوكمی خوایی، ئەوە ئەو كێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەكەی ((ﷺ)) _ كە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت _، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو بە دواڕۆژ هەیە، _ ڕەفتاركردنتان _ بەوشێوەیە چاكترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری كێشەكانتان). ئەوا قورئانی پیرۆز ئەوەی دیاری نەكردووە كە كاربەدەستان كێن؟ بۆیە دەكرێت ئایەتەكە لەسەر كاربەدەستانی پێغەمبەر كە هێشتا لە ژیاندا مابوو جێبەجێ ببێت، هەروەك ئایەتەكە جێبەجێ دەبێت لەسەر ئەو ئیمامانەی ئوممەت هەڵیاندەبژێرێت یاخود بەشێوەیەكی گشتی بەسەر زانایان جێبەجێ دەبێت، هیچ بەڵگەیەك نییە كە ئایەتەكە تایبەت بكات بە ڕەچەڵەكی محەممەد وماڵی عەلەوی و دواتر حوسەینی و پاشان بە باقری و دواتر جەعفەری و پاشان موسەوی و بەم شێوەیە لە نەوە بۆ نەوە پشت بە پشت، كە بەوانیش تایبەت دەكرێت تەنها تەئویل و بانگەشەیە بێ بوونی بەڵگەیەكی ڕوون یان پتەو. جا پەیامەكە هاتووە گوێڕایەڵی كاربەدەستەكانی (ڕەچەڵەكی محەممەد )ی بە گوێڕایەڵ بوون بۆ خوای داناوەو

سەرپێچی کردنی فەرمانی ئەوانی بە سەرپێچی کردنی خوا داناوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە تەئویل کردنی ئەم فەرمایشتە: ﴿وَجَعَلْنَـٰهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا﴾ الأنبياء: ٧٣. بە ئیمامەکانی ئال و بەیت[١]. پەیامەکە بەردەوام دەبێت لە تەئویل کردنی قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی زۆرەملێ و نەخوازراو و دەڵێت: (هەر کەسێك پێی خۆشە بزانێت کە خوای گەورە خۆشدەوێت ئەوا با گوێڕایەڵی خوا بێت و شوێن ئێمە بکەوێت، ئایا گوێبیستی ئەو فەرمایشتەی خوا نەبووە کە بە پێغەمبەرەکەی ((ﷺ)) فەرمووە: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ﴾ آل عمران: ٣١. واتە: "ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەو کاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت". سوێند بەخوا هەرگیز بەندەیەك گوێڕایەڵی خوا نابێت مەگەر خوا لەسەر پێویست نەکات شوێنی ئێمە بکەوێت، سوێند بەخوا هەر کەسێك شوێنمان بکەوێت ئەوا خوای ئەوی خۆش دەوێت، بە خوا کەسێك شوێن ئێمە نەکەوێت ئەوا ئێمەی خۆش ناوێت، بە خوا کەسێك ڕقی لە ئێمە بێت ئەوا سەرپێچی خوای کردووە، کەسێك بمرێت لە کاتێکدا سەرپێچی فەرمانی خوای کردبێت ئەوا خوای گەورە ڕووی بە ئاگری دۆزەخ دەپرژێنێت، و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان)[٢].

سەرباری توندی پەیامەکە و هەوڵە بەهێزەکەی لە دامەزراندنی لایەنگیری کردنی ئال و بەیت، ئەوا هیچ بەڵگەیەك پێشکەش ناکات جگە لە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق ح رقم ١.

دووپاتکردنەوەی سوێند خواردن بەخوا. شتێکی بەڵگە نەویستە کە سوێند خواردن سوودی نییە لە دامەزراندنی بیروباوەڕو قەناعەت پێکردنی بەرامبەر.

ئەو پەیامە کە دراوەتە پاڵ ئیمامی صادق پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئایەتی: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ النساء: ٦٥. واتە: (نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی _ لافی بڕوا لێدەدەن _ بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدات لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بە تەواوی تەسلیم بن و ڕازی بن). تا دوا لە شیعەکان بکات ملکەچی ئیمامەکان بن، هەڕەشەی هاوبەشدانانی بۆ خوا لەو کەسانە دەکات کە سەرپێچی خوا و پێغەمبەر دەکەن[1]. دواتر پەیامەکە ملکەچ بوون بۆ خواو پێغەمبەر و ئیمامەکانی ڕەچەڵەکی محەممەد لە هەموو گوفتارێکدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە: (لەوەی کە شاردوویانەتەوە و لەوەش کە ڕایانگەیاندووەو لەوەی پێم گەیشتووەو پێم نەگەیشتووە لەوانەوە)[2].

ئیمامی صادق بە پاك دەگرین لەوەی ئەو جۆرە دید و تێگەیشتنە بگرێتەبەر لە سەپاندنی لایەنگیری و گوێڕایەڵی ملکەچ بوون بۆ خۆی، چونکە عەقڵ قبوڵ ناکات قەناعەت بە سەرجەم موسڵمانان بکات تا ملکەچ بن بۆی بێ

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم وفضل المسلمين، ح رقم ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب التسليم وفضل المسلمين، ح رقم ٦.

بەڵگە و تەنها لەسەر بنەڕەتی بانگەشە و تەئویلی زۆرەملێ بۆ قورئان، ئەمەش لەبەر ئەوەی پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) داوای لە موسڵمانان نەکرد کە ملکەچ بن بۆی تەنها دوای ئەوە نەبێت کە دەرئاسا (موعجیزە)ی نەمری بۆ ئەوان خستەڕوو کە قورئانی پیرۆزە، جا چۆن دەکرێت هەر یەکێك بێت و خۆی بە هۆکاری گەیشتن بە خوا دابنێت بێ ئەوەی بەڵگەیەکی سەلمێنراو و ڕوون و دڵنیاکەرەوە هەبێت؟.

ئەمە وامان لێدەکات گومانمان هەبێت لەو پەیامە و بەتووندی ڕەتی بکەینەوە، کە دراوەتە پاڵ ئیمامی صادق.

ئەگەر بچینە سەر ئەو فەرموودەیەی کلینی لە باقرەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) دەیگێڕێتەوەو تیایدا دەڵێت: (ئاسوودەیی و حەسانەوە و بەرچاوڕۆشنی و پشتیوانی و سەرکەوتن و فەڕو بەرکەت و ڕێز و لێخۆشبوون و سارێژ بوون و ئاسانکاری و مژە و ڕەزامەندی و نزیکی و زاڵ بوون و پایەداری و هیواو خۆشویستن لە خواوە بۆ کەسێکە کە لایەنگیری عەلی بکات و شوێن پێی هەڵبگرێت، خۆی بەری بکات لە دوژمنی عەلی، دان بنێت بە پلەوپایەی عەلی و ئیمامە جێگرەوەکانی لە دوای ئەو، پێویستە لەسەرم بیانخەمە ناو بازنە تکاو شەفاعەتەکەم، پێویستیشە لەسەر پەروەردگاری پاك و بەرزم تکاکەم لەبارەی ئەوان گیرا بکات، چونکە ئەوان شوێنکەوتووی من، ئەوەی شوێنم بکەوێت ئەوە لە منە)[1]. جا تێبینی ئەوە دەکەین کە فەرموودەکە بە پچڕاوی لە باقرەوە دراوەتە پاڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ))، ئەمەش وامان لێدەکات کە هەڵوێستە بکەین و

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب ما فرض الله ورسوله من الكون مع الأئمة، ح رقم ٧.

پرسیار بکەین لەوەی تا چەند ئەو فەرموودانەی ئیمامەکان کە زنجیرە (سەنەد)یان پچڕاوە بە بەڵگە دەشێن لە کاتێکدا بناغەی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) دادەمەزرێنن. لەبەر ئەوەی هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە پێگە تایبەتیەکەی ئیمامەکان بچەسپێنین، ئەو پێگەیەی کە لەسەرمان پێویست دەکا ملکەچی وتەکانیان بین.

تێبینی دەکرێ کە هەندێك لەو فەرموودانەی دراونەتە پاڵ ئیمامی باقر، ئەوا لە باوکی خالیدی کابلی گێڕاونەتەوە، کە ئەندامێکی باڵای بزوتنەوەی کیسانی زیادەڕۆچوو بوو، دواتر ناوبراو چووە ناو ڕیزی پشتیوانانی ئیمامی باقر، لەوێ دەستی کرد بە هۆنینەوەی گێڕانەوەی خەیاڵی ئەفسانەیی لە بارەی ئیمامەکان و غەیب زانینیان و دوانیان بەناوی خوا، وەك ئەو فەرموودەیەی باقر بێ هۆکاری و ناوەندی گەیەنەر لە خوا دەگێڕێتەوە: (بەخوا بەندەیەك ئێمەی خۆشناوێت و پشتگیریمان ناکات تا خوا دڵی پاك نەکاتەوە، خوا دڵی پاك ناکاتەوە تا ملکەچمان نەبێت و نەبێتە هۆی سەلامەتی ئێمە، جا ئەگەر بووە هۆی سەلامەتی ئێمە ئەوا خوا سەلامەتی دەکات لە سزای سەخت و دەیپارێزێت لە ترس و لەرزی مەزنی ڕۆژی دوایی)(١).

فەرموودەیەکی تر کە دراوەتە پاڵ باقر دەڵێت: حاجییەکان فەرمانیان پێکراوە بە دەوری کەعبەدا بسوڕێنەوە، دواتر بە پەلە بێنە لامان و پشتگیری و خۆشەویستی خۆیان بۆ ئێمە پێمان ڕابگەیەنن و ئامادەیی سەرخستنی ئێمە بخەنەڕوو. و گەواهی بەم ئایەتە هێنایەوە: ﴿فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة نور الله، ح رقم ١.

﴿إِلَيۡهِمۡ﴾ إبراهيم: ٣٧. واته: (داواكارم لێت دڵی هەندێك لە خەڵكی كەمەندكێش بكەیت بۆ لایان). بۆ ئەوەی بڵێت: مەبەستی ئایەتەكە خۆشویستنی ئیمامەكان و شوێن پێ هەڵگرتنیانە؟[1]. بەڵام ئایەتەكە ڕاشكاو نییە بەڵكو زۆر دوورە لەوەی داوای خستنەڕووی لایەنگیری ئال و بەیت بكات، مەگەر تەئویلێكی زۆرەملێ بكرێت بۆ ئایەتەكە، پاك و دووری بۆ ئیمامەكانی ئال و بەیت لەوەی بەوشێوەیە یاری بەقورئان بكەن بۆ ڕازی كردنی خەڵك تا لایەنگیری خۆیان بۆ ئیمامەكان دەرببڕن.

هەمان شت هەیە سەبارەت بە ئایەتی: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍۖ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثۡنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا نَذِيرٞ لَّكُم بَيۡنَ يَدَيۡ عَذَابٖ شَدِيدٖ﴾ سبأ: ٤٦. جا فەرموودەیەك كە دراوەتە پاڵ باقر هەڵدەستێت بە تەئویل كردنی بە لایەنگیری و پشتگیری: (من ئامۆژگاریتان دەكەم بە لایەنگیری و پشتگیری عەلی، ئەوە ئەو یەكەیە كە خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ﴾ سبأ: ٤٦. واتە: (بەڕاستی من هەر یەك ئامۆژگاری ئێوە دەكەم)[2]. هەروەك تەئویلی ئەم ئایەتش دەكرێت: ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ ١٩٥﴾ الشعراء: ١٩٣ _

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الواجب على الناس بعد ما يقضون مناسكهم أن يأتوا الإمام، ح رقم ١ و ٢.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التزيل في الولاية، ح رقم ٤١.

١٩٥ [(١)]. و ئایەتی: ﴿ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ ﴾ المائدة: ٦٦. بە لایەنگیری و پشتگیری ئیمام[(٢)]. ئەمە ئەوپەڕی زۆرملێیە لە تەئویل کردندا، ئیمامی باقر بە پاك و دوور دەگرین لەوەی ئەوەی وتبێت، بەڵگو پێشبینیەکی زۆر بەهێز هەیە کە گێڕانەوەکە لەسەر زمانی ئەو هەڵبەسترابێت. جا ئەگەر ئەو شێوە تەئویلەمان پەسەند کرد ئەوا ناکرێت هیچ سنوورێك دابنێین بۆ پرۆسەی تەئویل کردن، بەمەش ڕێگە بە هەر کەسێك دەدەین کە بە کەیفی خۆی یاری بە قورئانی پیرۆز بکات.

کەچی (بەداخەوە) پرۆسەی تەئویل کردنی زۆرەملێ بەوشێوەیە بێ سنوور بەردەوام بوو و گێڕەرەوان لە باقرپان گێڕایەوە کە تەویلی ئەم یایەتەی کردووە: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ الفاتحة: ٦. بەلایەنگیری و پشتگیری ئیمام[(٣)]. و گوایە باقر باوەڕی بە دەستکاری کرانی قورئان هەبووەو وشەی (لەبارەی عەلی: في علي) یان (بە لانگیری عەلی: بموالات علي) یاخود (ڕەچەڵەکی محەممەد: آل محمد)ی زیاد کردووە بۆ ژمارەیەك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و دواتر وتویەتی: (جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _ بەم شێوەیە دایبەزاندۆتە سەر محەممەد ((ﷺ)))[(٤)]. پێویست بە تاوتوێ کردنی ئەم بانگەشەیە ناکات، چونکە ڕاشکاوانە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التزيل في الولاية، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التزيل في الولاية، ح رقم ٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التزيل في الولاية، ح رقم ٢٤.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التزيل في الولاية، ح رقم ٢٥ و ٣١ و ٥٨ و ٥٩ و ٦٥.

لەگەڵ قورئانی پیرۆز تێکدەگیرێت، ئیمامەکانی ئال و بەیتیش فەرمانیان کردووە هەر گێڕانەوەیەك لەگەڵ قورئانی پیرۆز دژ بێت ئەوا لە تاقی دیوار بدرێت.

دوای پوچەڵ دەرچوونی پرۆسەی تەئویلەکە و بانگەشەی دەستکاری کرانی قورئانی پیرۆز، دەگەینە دەقێك کە دراوەتە پاڵ ئیمامی باقر لەبارەی لایەنگیری ئیمامی عەلی و ئەوەی: (عەلی بناسێت ئەوا باوەڕدارە، کەسێك نەیناسێت بێ باوەڕە، کەسێك نەزان بێت لە ئاستیدا ئەوا گومڕایە، کەسێك یشتێك بکاتە هاوتای ئەوا هاوبەشدانەرە، ئەو کەسەش لایەنگیری عەلی بکات دەچێتە بەهەشتەوە)[1]. ئەمە دەقێکی هەماهەنگە لەگەڵ دەقە هاوشێوەکانی تر کە لە باقرەوە گێڕدراونەتەوە لەبارەی بابەتی لایەنگریی ئیمام و پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام[2]. ئێمە ناتوانین ئەم گێڕانەوانە وەربگرین، هەر چەندە هەندێك کەس گێڕەڕەوەکانی بە باوەڕپێکراو دابنێن، لەبەر ئەوەی دژە لەگەڵ ڕۆحی قورئان کە دەخولێتەوە لە دەوری باوەڕ بوون بە خواو بە پێغەمبەر، هیچ یەکێك لە هاوەڵانی بۆ زیاد ناکات، باوەڕو بێ باوەڕی و گومڕایی و هاوبەشدانان نابەستێتەوە بە لایەنگیری عەلی، ئەم فەرموودەیە بە دەستکردی زیادەڕۆچووە ئیمامییەکان دادەنێین.

ئەوە جەخت لەسەر گومانی ئێمە دەکاتەوە لە درانە پاڵی هەموو ئەو فەرموودانە بۆ لای ئیمامەکانی ئال و بەیت، بریتییە لە بوونی حیزب و تاقمی

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نتف وجوامع من الرواية في الولاية، ح رقم ٧ و ٨.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب دعائم الإسلام، ح رقم ١ و ٣ و ٤ و گوایە وتویەتی: (ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە: نوێژ، زەکات، ڕۆژوو، حەج و لایەنگیری ئیمامەکان). و لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (خەڵکی چوارەکەیان وەرگرت و ئەوەیان فەرامۆش کرد. واتە: لایەنگیری ئیمامەت). و (سێکوچکەی ئیسلام سێ شتن: نوێژ و زەکات و ئیمامەت، هیچ یەکێکیان بێ ئەوەی تر دروست نییە).

جیاجیا و ململانێکاری شیعە لە سەردەمی باقرو صادق، کە دەکرێ ئەم تێگەیشتنە لەسەر خۆی جێبەجێ بکات و بانگەشەی ئەوە بکات کە لایەنگیری ئال و بەیت پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام، جا پشتیوانانی باقرو صادق دەبێت چۆن وەڵامیان بدەنەوە؟ چۆن بەڵگە دێننەوە؟ ئایا داوای بەڵگەیان لێ دەکەن؟ یان نا؟ ئەی ئەگەر پشتیوانانی ناوبراوان داوای بەڵگە بکەن ئەوا چۆن باقر و صادق دەوێرن بانگەشەی شتێك بکەن کە بەڵگەی لەسەر نەبێت.

جا ئەوەی کاری شیکردنەوەی مەتەڵی گێڕانەوەکان دەدات، بریتییە لەوەی بزوتنەوە زیادەڕۆچووەکان کە لەو سەردەمدا بڵاوببوونەوەو ئاینیان پوخت دەکردەوەو سەرکەوتنیان لە دواڕۆژدا دەبەستەوە بە ناسینی هەندێك پیاو و ڕق بوونەوە لە هەندێکی تر، و کاری چاکە و ئەو پەرستشانەی ئیسلام هێناویەتی بە کەمیان داناوە، بۆچوونەکانیشیان دەدایە پاڵ ئیمامەکانی ئال و بەیت، جا پەنجە مۆری زیادەڕۆچووەکان بە ڕوونی دیارە لەسەر فەرموودەکانی لەم شێوەیە: (ئەگەر کەسێك بە شەو شەونوێژ بکات و بە ڕۆژ بەڕۆژوو بێت و هەمووماڵ و سامانی خۆی لە پێناوی خوادا ببەخشێت و بە ئەندازەی ڕۆژگارەکەی حەج بکات بەڵام لایەنگیری خۆشەویستی خوای نەناسی تا لایەنگیری بکات و هەموو کردەوەکانی بە ڕێنوێنی ئیمام بێت، ئەوا هیچ مافی لەسەر خوای گەورە نییە تا پاداشتی بداتەوەو لە باوەڕدارانیش نییە)[1].

لە ڕاستیدا پێویستمان بە ئیمامەکان نییە تا ئەم فەرموودەیە ڕەت بکەنەوە، بەڵکو ئەوە بەسە کە بەراوردی بکەین لەگەڵ قورئان تا ئەوە ئاشکرا بکەین کە بە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب دعائم الإسلام، ح رقم ٥.

توندی لەگەڵج تێکدەگیرێت، قورئانی پیرۆزی باسی کۆتایی هاتنی پێغەمبەرایەتی کردووە بە محەممەد ((ﷺ)) و لە دوای پێغەمبەر ((ﷺ)) بۆ قبوڵ بوونی کردەوەکان ڕێنوێنی هیچ کەسێکی بە مەرج دانەناوە. بانگەشەکە بێ بەڵگەیە، دواتر چۆن دەکرێ خۆشەویستی و وەلی خوا لە هەموو کات و شوێنێك بناسین؟ و پاشان بەڵگە چییە لەسەر ئەوەی بۆ نمونە ئەو کەسە ئیمامە؟.

ئەوەی وامان لێدەکات ئەم فەرموودانە ڕەت بکەینەوە ئەوەیە کە بۆچوونی ڕیزپەڕی بەدەر لە چوارچێوەی ئیسلام لە خۆ دەگرێت، وەك: ئەوەی لە باقر گێڕدراوەتەوە کە بابەتی لایەنگیری ئیمام و پەسەند کردنی بەستووەتەوە بە هۆکارەکانی هێلە بۆماوەییەکان (جینات) کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گڵەی کە مرۆڤی لێ بەدیهاتووە لە جیهانی (گەردیلە: زەڕڕە) و _ وەك: دەوترێت _ جیهانێکی نمونەییە پێش جیهانی زەوی، گوایە خوای گەورە لەو جیهاندا پەیمانی لایەنگیری ئال و بەیتی لە شیعەکان وەرگرتووە لە کاتێکدا گەردیلە بوونە، لەو کاتەی خوا پەیمانی لە گەردیلەکان وەرگرتووە بە داننان بە پەروەردگارێتی خواو پێغەمبەرایەتی محەممەد ((ﷺ))[1]. هەروەك فەرموودەیەکی نامۆ باسی ئەوە دەکات، فەرمووکەش دراوەتە پاڵ باقر و بە زنجیرە پچڕاوی دراوەتە پاڵ خوای گەورە بێ زنجیرە (سەنەد) لە قورئان یان سوننەتی پێغەمبەر، هەروەها بیرۆکەی ناچارکراوی مرۆڤ (جەبریەت) و زانیاری تری ئەفسانەیی بێ بەڵگە لەخۆ دەگرێت. ئەمە وامان لێدەکات کە گومانمان لە ڕاست و دروستی فەرموودەکە هەبێت و زیادەڕۆچووان تۆمەتبار بکەین بەوەی هەڵیانبەستووە و داویانەتە پاڵ ئیمامی باقر.

(١) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نتف وجوامع من الرواية في الولاية، ح رقم ٩.

ئا بەم شێوەیە گومانمان هەیە و هەڵوەستە دەکەن و ئەو فەرموودانە ڕەت دەکەینەوە کە ئیمامییەکان لە صادقەوە دەگێڕنەوە لە بابەتی لایەنگیری ئال و بەیت، گشت ئەم جۆرە فەرموودانە وەستاون لەسەر بە زۆر تەئویل کردنی قورئان بەشێوەیەك کە خزمەت بکات بە دۆزی حیزبایەتی و ناکۆکی سیاسی و کۆکردنەوەی پشتیوان و دژایەتی دژەڕاکان.

فەرموودەیەکمان بینی کە دراوەتە پاڵ صادق تیایدا داوا لە شیعەکان دەکات لایەنگیری ئیمامەکان بکات بە پشت بەستن بە تەئویل کردنی وشەی ئیمامەکان لەم ئایەتەدا: ﴿وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا﴾ الأنبياء: ٧٣. بە ئیمامەکانی ئال و بەیت، سەرباری ئەوەی ئایەتەکە لەبارەی پێغەمبەرانی پێشوو: ئیبراهیم و لوت و ئیسحاق و یەعقوب (سڵاوی خوایان لێبێت) دەدوێت: ﴿قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿٦٩﴾ وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ ﴿٧٠﴾ وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ ﴿٧١﴾ وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً ۖ وَكُلًّا جَعَلْنَا صَالِحِينَ ﴿٧٢﴾ وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ ۖ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ﴾ الأنبياء: ٦٩ _ ٧٣. واتە: (وتمان: ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم. ئەوانە ویستیان پیلان بگێڕن دژی ئیبراهیم، ئینجا ئێمەش ئەوانمان بە ڕەنجەڕۆترین کەس گێڕا. ئێمە ئەویش و _ لوط _ی برازایشمان ڕزگارکرد و ناردمانن بۆ ئەو سەرزەمینەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندووە بۆ هەموو خەڵك. هەروەها ئێمە ئیسحاقمان بەخشی بە ئیبراهیم و یەعقوبیش بە نەوەی _ وەك زیادە ڕێزێك بۆ ئیبراهیم _، هەر یەك لەوانمان

کردە پیاوچاك و خواناس. هەموو ئەوانیشمان کردە پێشەواو بە فەرمانی ئێمە ڕێنموویی خەڵکیان دەکرد و نیگامان بۆ کردن بە ئەنجامدانی کارو کردەوە چاکەکان و بەرپاکردنی نوێژو زەکاتدان، _ بەڕاستی _ ئەوان هەر ئێمەیان دەپەرست و هەر بەندایەتی ئێمەیان دەکرد).

بەهەمان شێوە تێبینی پەیڕەوی تەئویل دەکەین لە گێڕانەوەیەکی تردا کە باوکی ڕەبیعی شامی لە صادقەوە دەگێڕێتەوە کە لەبارەی ئەم ئایەتەوە دەڵێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡ ﴾ **الأنفال: ٢٤.** بەوەی لەبارەی لایەنگیری عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) دابەزیوە[1]. بێ خستنەرووی هیچ بەڵگەیەك یان باسکردنی زنجیرە (سەنەد)ێك.

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە لە ئیمامی صادقەوە هاتووە، ناوبراو گوێڕایەڵ بوون بۆ خوای بەستۆتەوە بە شوێنکەوتنی ئیمامەکان، بە پشت بەستن بە تەئویل کردنی ئەم ئایەتە: ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ﴾ آل عمران: ٣١. واتە: (ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەو کاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت). فەرمایشتەکە لەسەر زمانی پێغەمبەر دەدوێت و خۆشویستنی خواو شوێنکەوتنی پێغەمبەری ڕێزدار بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کەچی ئیمام خۆی دەباتە ڕیزی پێغەمبەر و داوا لە شیعەکان دەکات گوێڕایەڵی بن

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣٤٩.

و هۆشداریان دەداتێ لە سەرپێچی کردنی[1]. ئەمە زۆر دوورە لە تێگەیشتنی ئیمامی صادق.

فەرموودەیەك هەیە ئیمامییەكان لە صادق ئەویش لە پێغەمبەر خواوە ((ﷺ)) دەگێڕێتەوە، داوا گوێڕایەڵ بوون دەكات بۆ ئال و بەیت و (ئەوان بە ناو دەرگای گومڕایی دا ناتانبەنە ژوورەوە، لە دەروازەی ڕێنوێنی و هیدایەت دەرتان ناهێنن، كەسێك پشتگیریان بكات و شوێنیان بكەوێت و بەڕاستیان دابنێت ئەوا لە منە و لەگەڵ مندایە و پێم دەگاتەوە، ئەوەش كە ستەمیان لێدەكات و بەدرۆیان بخاتەوە ئەوا لە من نییە و لەگەڵ مندا نییە و من لێی بەریم)[2]. ئەو گێڕانەوەیە لەبەرامبەر لێكۆڵینەوەدا خۆی ناگرێت، چونكە ناچێتە عەقڵەوە خوا فەرمان بە گوێڕایەڵی كەسانێكی نا دیاری كراو بكات كە چاك و خراپیان تێدابێت، وەك ئا و بەیت كە ماڵ و كەسایەتی جیاوازو ناكۆكی لە خوگرتبوو، هەندێك هەندێكی تریان تۆمەتبار دەكرد بە لادان و گومڕابوون، چۆن پێغەمبەر لەبارەی ئەوان بەگشتی دەفەرمووێت: (ئەوان بە ناو دەرگای گومڕایی دا ناتانبەنە ژوورەوە، لە دەروازەی ڕێنوێنی و هیدایەت دەرتان ناهێنن) جا چۆن لە یەكتر جیا دەكرێنەوەو ڕاست و ناڕاستیان دەناسرێت؟ ڕاستگۆ لە درۆزن جیا دەكرێتەوە؟ لە كاتێكدا ئەمە لەلای ئال و بەیت نادیار بووە، چ جای شیعەكان و موسڵمانان بەگشتی؟!.

سەرباری بوونی گومان لەسەر فەرموودەكە؛ ئەوا سوێند خواردن سوودی نابێت بۆ چەسپاندنی پێویستی خۆشویستنی ئال و بەیت و لایەنگیری كردنیان، بەڵكو پێویستە بەڵگەی شەرعی بخرێتەڕوو كە پشت ئەستوور بێت بە قورئانی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، رسالة الإمام الصادق، ح رقم ١.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب أن الأئمة في كتاب الله إمامان، ح رقم ١.

پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر، بەڵام ئەم فەرموودەیە دەستەوەسان بووە لەوەی بەڵگەیەکی لەو جۆرە بخاتەڕوو.

سەرباری ئەوەی لە ئیمامی صادقەوە زانراوە کە پێوانە (قیاس)ی ڕەتکردۆتەوە و وتویەتی: (یەکەم کەس کە پێوانەی کرد شەیتان بوو) ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەو فەرموودانەی دراونەتە پاڵی پیادەکردنی پێوانە لە خۆدەگرن لە پێناو چەسپاندنی تیۆری ئیمامەت و پێویستی لایەگیری ئیمامەکان، وەك ئەو فەرموودەیەی سەرپێچی ئومەتی ئیسلامی بۆ ئال و بەیت دەپێوێت بە سەرپێچی کردنی شەیتان بۆ خوا لە کرنووش بردن بۆ ئادەم[1] سەرباری بوونی جیاوازی زۆر لە نێوان سەرپێچی کردنی شەیتان بۆ فەرمانی ڕاستەوخۆی خوای گەورە و نەناسرانی ئیمامەکان لەلایەن ئوممەت لەبەر کەمی یان نەبوونی بەڵگە لە بنەڕەتدا.

شایەنی باسە ئەم فەرموودەیە هاوشێوەی فەرموودەیەکی پێشووە کە دراوەتە پاڵ ئیمامی باقر کە کەمێك پێشتر خستمانەڕوو. جا فەرموودەکە پشت دەبەستێت بە گەورەتر دانانی بابەتی لایەنگیر ئیمام لە سەرجەم پایەکانی تری ئایین وەك: نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج، تەنانەت بە گرنگترین پایەکانی باوەڕی دادەنێت.

شتێکی ڕوونە بە ڕاستدانانی فەرموودەی لەم شێوەیە سەردەکێشێت بۆ یەکسان کردنی باوەڕ نەکردن بە ئیمامەکان بە باوەڕ نەبوون بە خوای پایەبەرز،

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣٩٩.

هەروەها هەژمارکردنی وەك بێ دینی کە شیاوی سزای سەختە[1]. گومان لەوەدا نییە کە ئەمە زۆر دوورە لە ڕۆحی قورئانی پیرۆز.

بەڵام ئەوەی وامان لێدەکات ڕەتی بکەینەوە ئەوەیە کە تەنها پشت دەبەستێت بە تەئویلی زۆرەملێی بێ بەڵگە. و کاتێك پرۆسەی تەئویل کردن دووچاری سەختیەکی زۆر دەبووەوە لە چەسپاندنی مەبەستەکەی ئەوا زیادەڕۆچووان پەنایان دەبردە بەر وتنی دەستکاری کرانی قورئانی پیرۆزو زیاد کردنی هەرچی بیانەوێت بەناوی ئیمامەکان، هەروەك لە گێڕانەوەکاندا بینیمان کە (لایەنگیری ئیمام)یان زیاد کردبوو بۆ ژمارەیەك ئایەت و ڕاشکاوانە دەیاوت قورئان ئاوا دابەزیوە، تەنانەت سوێندشیان لەسەر دەخوارد [2].

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لە وەستانی زیادەڕۆچووانی لە پاڵ هەڵبەستراوی فەرموودەکانی (لایەنگیری ئیمامەکان) و بەدرۆو ساختە دانە پاڵ ئیمامی صادق بریتیە لەو بانگەشەیەیان کە دەڵێن: خوا بەڵێنی لایەنگیر ئیمامەکانی ئال و بەیتی لە تێکڕای پێغەمبەرانی پێشوو و تەنانەت لە فریشتەکان وەرگرتووە، ئەمەش هەوڵێك لەلایەن زیادەڕۆچووانەوە بۆ ئەوەی سیفەتی ڕەهەندی ئاینی نەمر ببەخشن بە بابەتی لایەنگیری ئال و بەیت و تەنها وەك سەرکردەی سیاسی سەیریان نەکرێت کە پێشبڕکێ دەکەن لەگەڵ حوکمڕانە خۆسەپێنەکان. دوور لە تێگەیشتنی ڕاست و بێ لایەنانە کە ناکرێت ئەم شتانە بدرێنە پاڵ ئیمامی صادق. و ئەوە بەسە لە بەرپەرچدانەوەی گێڕانەوەکان، کە گێڕانەوەکان باس لە غەیب و مێژوو دەکەن لە سەرەتای بەیهێنانی بوونەوەرەوە، پشتیش نابەستن بە قورئانی

(١) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٥٣٣.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت و نتف من التنزيل في ولاية، ح رقم ٨ و ٤٥ و ٤٧ و ٩١.

پیرۆز یان فەرموودەیەکی چەسپاو لە پێغەمبەری خواوە، ئەمەش ئەو پەڕی نەفامی و گێلی نواندنە لە درۆکردن بە ناوی خواو پێغەمبەرە مەزنەکان و پێشەوا چاکەکان.

## ٥_ دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی باوەڕ (ئیمان)

زۆر گرنگە دووبارە پێناسەی چەمکی باوەڕ (ئیمان) بکرێتەوە کە دووچاری ناشرین کردنێکی زۆر بووەوە لەسەر دەستی زیادەڕۆچووان کە جیاوازیان کرد لە نێوان ئیسلام و باوەڕ (ئیمان)، باوەڕیان پێناسەکرد: بە ناسینی ئیمامەت و دانپێدانانی (ئەگەرنا کەسەکە گومڕایە)[١]. زۆر پێویستە گومان دروست بکرێت لەسەر هەموو ئەو شتانەی لە ئیمامییەکانەوە هاتوون و ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە گێڕاوەتەوە لەبارەی ئەوەی دانانی خۆشویستنی ئال و بەیت وەك بنچینەی ئیسلام[٢]. بەشێوەیەك کە ئەگەر کەسێك بە ئەندازەی تەمەنی دونیا خواپەرستنی بکات و دواتر بگەڕێتەوە لای خواو ڕقی لە ئال و بەیت بێت ئەوا دووڕووە[٣]. یان بە باوەڕدار دانانی ئەوەی عەلی دەناسێت و خۆشی دەوێت و گوێڕایەڵی دەبێت و بە بێ باوەڕ دانانی ئەوەی عەلی نەناسێت و دژایەتی بکات و ڕەتی بکاتەوە[٤].

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أن الإسلام يحقن به الدم، ح رقم ٤ وكتاب الحجة، باب معرفة الإمام والرد إليه، ح رقم ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب نسبة الإسلام، ح رقم ٢.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب نسبة الإسلام، ح رقم ٣.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب المؤمن وعلاماته وصفاته، ح رقم ٢٧، و باب الكفر ١٦ و ١٧ و ١٨ و ٢٠ و كتاب الروضة، ح رقم ٣٥٣.

لەبەر ئەوەی ئەو فەرموودانە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزن کە لە سەرەتای سورەتی (البقرة) مەرجەکانی باوەڕ و سەرکەوتن ڕوون دەکاتەوەو ئاماژە ناکات بۆ هەڵوێست لە بەرامبەر ئال و بەیت چ بە ئەرێنی یان نەرێنی. سەرباری ئەوەی داندەنێین بە پلەوپایەی ئیمامی عەلی و پیاوچاکانی ناو ئال و بەیت، ئەوا هیچ بنچینەیەکی قورئانی نییە تا هەڵوێست لەبەرامبەر ئەوان بە بەشێك لە مەرجەکانی باوەڕ دابنێت[١].

چۆن دەکرێت نکۆڵی کردن لە بوونی خوا یەکسان بکەین بە نکۆڵی کردن لە یەکێك لە ئیمامەکان[٢]. لەگەڵ ئەوەی بەڵگە لەسەر ئیمامەتی ئیمامەکان یان زۆربەیان نییە یان ناڕۆشن بووە لەلای هەرە نزیکەکانیان؟.

ئا لێرەوە ناکرێت ئەوەی بانگەشەی ئیمامەتی کرد (کە لە ئال و بەیت نەبوو) بەبێ باوەڕ دابنرێت[٣]. یان ئەوەی ئیمامەتی خۆی هاوبەش بکات لەگەڵ ئیمامەتی ئەوەی لەلایەن خواوەیە ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیاردابێت[٤]. یاخود ئەوەی کەسێك بێجگە لە ئال و بەیت ئەوا بریتی بێت لەوەی لەسەر گومان خوا بپەرستێت[٥]. یان ئەوەی ئیمامەکان ئال و بەیت نەناسێت و بۆیان نەگەڕێتەوەو

---

(١) سەرچاوەی گومانمان لەو فەرموودانە و تۆمەتبارکردنی زیادەڕۆچووان بە هەڵبەستنی ئەوەیە کە زۆربەی ئەم فەرموودانە ڕاشکاوانە بانگەشەی دەستکاری کرانی قورئانیان تێدایە، هەندێك وشەی تایبەت سەبارەت بە لایەنگیری ئیمامی عەلی بۆ هەندێك ئایەت زیاد دەکەن، بۆ ئەوەی مەبەستەکەیان بێتەجێ. الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب فيه نكت ونتف من التنزيل في الولاية، ح رقم ٤٥.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب معرفة الإمام والرد إليه، ح رقم ٥.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من ادعى الإمامة وليس لها بأهل، ح رقم ٢.

(٤) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من ادعى الإمامة وليس لها بأهل، ح رقم ٦.

(٥) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الشرك، ح رقم ٤.

ملکەچیان نەبێت ئەوا هاوبەشدانەرە ئەگەرچی ڕۆژوو بگرێت و نوێژ بکات و شایەتی بدات کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە[1].

دوای خۆدارنین لە چەمکە تایبەت و کۆنەکانی ئیمامییەکان، ئەوا دەتوانین ڕێککاری بۆ هەڵوێستمان بکەین بە ئاڕاستەی ئەرێنی لە بەرامبەر هاوەڵان کە ڕاستەوخۆ لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر ((ﷺ)) شوێنی عەلی نەکەوتن، بە هەڵگەڕاوەیان دانەنێین و جگە لە سێیان نەبن (میقدادی کوڕی ئەسوەد و ئەبو زەڕی غەففاری و سەلمانی فارسی)[2].

سەبارەت بە سەدەکانی دوای هاوەڵان ئەوا پێویستە چاوبخشێنرێتەوە بە فەرموودەیەك کە ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوەو دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی توونگیری و بە بێ باوەڕدانان و بە گومرادانا، ئەویش فەرموودەی عەبدوڵای کوڕی عومەرە کە بۆ حەجاجی گێڕایەوە کاتێك حەجاج داوای لێکرد بەیعەتی بداتێ، جا فەرموودەکەی دایە پاڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) کە فەرموویەتی: (کەسێك بمرێت و پێشەوای نەبێت ئەوا بە نەفامی مردووە). سەرباری ئەوەی عەبدوڵا نەیوت کە پێشەواو ئیمامەکە ستەمکار بێت یان دادگەر و لەلایەن ئوممەتەوە هەڵبژێردرابێت یاخود لەلایەن خواوە دیاری کرابێت، جا ئیمامییەکان ئەمەیان قۆستەوە بۆ بەبێ باوەڕدانانی ئەوانەی باوەڕیان بە ئیمامەکانی ئال و بەیت نییە و مردنەکەیان بە مردنی نەفامانە دانا یان بە بێ باوەڕی و دووڕوویی و گومڕایی[3]. ئەمە وامان لێدەکات کە ئەم فەرموودەیە ڕەت بکەینەوە و گومانمان

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب الشرك، ح رقم ٥ و ٦.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣٤١ و ح رقم ٣٥٦.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الحجة، باب من مات وليس له إمام من أئمة الهدى، ح رقم ١ و ٢ و ٣.

له ڕاست و دروستیەکەی هەبێت بەهۆی تێکگیرانی لەگەڵ قورئانی پیرۆز کە بەهیچ شێوەیەك باسی مەرجی ئیمامەت ناکات لە باوەڕدا.

## ٦_ چاوخشاندنەوە بە هەڵوێست لە بەرامبەر هاوەڵان و ئەبوبەکر و عومەر

ئەگەر شیعە ئەمڕۆ بە کرداری خۆیان داڕنی بێت لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و لە گریمانەی بوونی ئیمامی دوازدەم، دوای گەشتێکی درێژ لە سەرگەردانی و سزاو لەت لەت بوون کە هەزارساڵی خایاند، ئەوا گەڕانەوە سەر فیکری ڕەسەنی ئال و بەیت (شوڕا)، ئەوا پێویست بوو بە یەکجاری خۆیان دابڕنن لە هەموو پاشکۆ و پاشماوەکانی ئەم تیۆرە پەڕگیرە نمونەییە خەیاڵیە. یەکێك لە گرنگترین ئەم پاشماوانە: هەڵوێستی نەرێنیە لە بەرامبەر هاوەڵان و بەتایبەت دوو شێخ و خەلیفە ڕێزدارەکە ئەبوبەکرو عومەر (ڕەزای خوایان لێبێت). ئەم هەڵوێستەی لەسەر بیروباوەڕی هەڵە دەوستێت بەوەی هەر دوو ناوبراوەکە خەلافەتیان لە ئیمامی عەلی زەوت کردووە، بەپێی تیۆری (دەقی خوایی) و دیاریکرانی لەلایەن پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) وەك جێنشینی خۆی لە دوای خۆی. و ئەم هەڵوێستە بووەتە هۆی نانەوەی شڵەژان گرژ و دژایەتی لە نێوان ئیمامییەکان و سەرجەم موسڵمانان[(١)].

(١) سەرجەم شیعەکان لە کۆن و نوێدا باوەڕیان بە تیۆری ئیمامەت نەبووەو پابەندی ورد و درشتی نەبوونە، دواتر هەڵوێستێکی نەرێنیان نەبووە و نییە لە بەرامبەر هاوەڵان و ئەبو بەکرو عومەر بە شێوەیەکی نەگۆڕ. بۆیە دەبێت تێڕوانینی ئەوانی تر بۆ شیعەکان بە گشتی دەبێت واقیعی و ورد و جیاکەرەوە بێت لە نێوان تاقم و ڕەوتە جیاوازەکانیان. و پێویستە موسڵمانان تێبینی گەشە ڕیشەییە مەزنەکان بکەن کە ڕوویانداوە و ڕووشدەدەن لە نێوان ڕیزەکانی شیعەدا بەشێوەیەکی گشتی..

پێویسته وازبهێنرێت له ڕۆشنبیری به لاسارو گومڕا و بێ باوەڕدانان و به نەفرەت کردن که هاته کایه له بەرزکردنەوەی بابەتی ئیمامەت بۆ ئاستی بیروباوەڕ و پەرستشە پێویستەکان له ئیسلامدا، و دانانی لایەنگیری ئال و بەیت به مەرجی ڕێنوێنی و پارێزگاری دڵسۆزی، هەروەها دانانی مەرجی ناوبراو وەك جێگرەوەی مەرجەکانی باوەڕ که قورئانی پیرۆز دیاریان دەکات هەر له: خوابەیەکگرتن و باوەڕ بوون به پێغەمبەرایەتی و دواڕۆژ و پابەند بوون به پەرستشەکان و خۆدوورگرتن له قەدەغە کراوەکان. و پێویسته چاوبخشێنرێتەوە بەو فەرموودانەی دراونەته پاڵ ئال و بەیت و تێکدەگیرێن لەگەڵ قورئانی پیرۆز و بنەما و بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی[1]. خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾ التوبة: ١٠٠. واته: (خوای میهرەبان لەوانەی که پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون له ئیسلام بوون و خزمەت کردنی ئیسلامدا له کاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی که به ڕێك و پێکی شوێنیان کەوتوون، ڕازی بووە و ئەوانیش لەو ڕازی بوون، باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون که چەندەها ڕووبار به بەردەم کۆشکەکانی و بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ نەمریدا بۆ هەمیشەش تیایدا دەمێننەوە، ئەو سەرەنجامە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە). و فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب الإيمان والكفر، باب أدنى ما يكون فيه العبد مؤمنا أو كافرا، ح رقم ١ و باب الكفر، ح رقم ١٥.

ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ﴾ الأنفال: ٧٤. واته: (ئەوانەش باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردووە و تێکۆشاون لە پێناوی خوادا، ئەوانەش کە جێگەی کۆچبەرانیان کردەوەو یارمەتیان دان، ئا ئەوانە بڕواداری ڕاستەقینەن، _ لە بەهەشتی بەریندا _ بۆیان ئامادەیە لێخۆش بوون و ڕزق و ڕۆزی بەپێزو پڕ بەرەکەت و جوان و ڕازاوە). و فەرموویەتی: ﴿لَا يَسۡتَوِي مِنكُم مَّنۡ أَنفَقَ مِن قَبۡلِ ٱلۡفَتۡحِ وَقَٰتَلَۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَعۡظَمُ دَرَجَةٗ مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَقَٰتَلُواْۚ وَكُلّٗا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴾ الحديد: ١٠. واتە: (بێ گومان چوونیەك نین ئەوانەتان کە پێش ڕزگاری مەککە؛ یاخو پێش سەرکەوتن، ماڵ و سامانی بەخشیوەو جەنگاوە، چونکە ئەوانە پلەو پایەیان زۆر بەرزترە لەوانەی کە دوای ڕزگاری مەککە و بەدەستهێنانی سەرکەوتن ماڵ و سامانیان بەخشیوە و جەنگاون، بە هەر دوو لاشیان خوا بەڵێنی بەهەشتی بەخشیوە، بێ گومان ئەو خوایە ئاگادارە بە کارو کردەوەتان). و فەرموویەتی: ﴿لَّقَدۡ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ يُبَايِعُونَكَ تَحۡتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمۡ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيۡهِمۡ وَأَثَٰبَهُمۡ فَتۡحٗا قَرِيبٗا ﴾ الفتح: ١٨. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی خوا ڕازی بووە لەو باوەڕدارانەی کاتێك پەیمانیان لەگەڵدا بەستیت لە ژێر درەختەکەدا، خوا خۆشی ئاگادار بوو بەوەی لە دڵەکانیاندا هەیە _ لە نیازپاکی و دڵسۆزی _ هەر بۆیە ئارامی و هێمنی و ئاسوودەیی دابەزاندە سەریان و پاداشتی بە مژدەی سەرکەوتنێکی نزیك دانەوە). و دەفەرموێت: ﴿مُّحَمَّدٞ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ تَرَىٰهُمۡ رُكَّعٗا سُجَّدٗا يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗاۖ سِيمَاهُمۡ فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ﴾ تا دەگاتە:

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًۢا ﴾ **الفتح: ٢٩. واته: (محەممەد ((ﷺ)) ڕەوانەكراوی خوایە، ئەوانەش كە لە خزمەتی دان و شوێنی كەوتوون، توووند و تیژن لە بەرامبەر بێ باوەڕان و بە بەزەیی و میهرەبانن لە نێوان خۆیاندا، دەیانبینیت سەرگەرمی نوێژ و خواپەرستین، كڕنووش دەبەن، هەردەم ئاواتیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پایە بەرزییە لای خوا، نیشانەی چاكی و پاكیان لە نێوچەوانیاندا دیارە و دەدرەوشێتەوە لە ئەنجامی كڕنووش بردن و خواپەرستیدا) تا دەگاتە: (خوای بە دەسەڵات بەڵێنی بەوانە داوە كە باوەڕیان هێناوەو كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە لەوان: كە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورە و بێ سنووریان پێ ببەخشێت).**

## ٧_ خۆ دەربازكردن لە خانەی تاقمگەرایی مێژوویی

دوای خۆدارنین لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و پاشماوەكانی لە بواری بەبێ باوەڕ و لاسار و گومڕادانان، ئەوا هاتنە دەرەوە لە خانەی تاقمگەرایی پێویستە كە تیۆری ناوبراو شیعەی خزاندۆتە ناویەوەو دیواری لە دەوری ئەوان دروست كردووە بە خۆدابڕین لە براكانیان لە سەرجەم پێڕو تاقمە ئیسلامییەكانی تر، ئەوانی گۆڕی لە حیزبێكی پێشڕەو كە كاری دەكرد لە پێناو چاكسازی كردن لە ناو ئوممەتی ئیسلامدا و تێدەكۆشا لە پێناو دەستەبەركردنی ماف و بڵاوبوونەوە دادگەری و پایەدەكردنی شوڕا بۆ تاقمێكی داخراو بە ڕووی خۆریدا و دابڕاو لە سەرجەم موسڵمانانی تر هەتا لە تاقمە شیعەكانی تر وەك زەیدییەكان... بە گومان و دوودڵیەوە سەیری ئەوان تر دەكات، ئەوانی ترش هەمان هەستی نەرێنی لەگەڵ ئیمامییەكان دەگۆڕنەوە. پرۆسەی تێكشكانی دیواری تاقمگەرایی دەست پێدەكات بە كرانەوەی سیاسی بە ڕووی دەوڵەتە جیاوازە ئیسلامییەكان بێ ڕەچاوكردنی ناسنامەی تاقمگەرایی مێژوویی تیۆرییەكەی كە هیچ پەیوەندی نییە بە ژیان هاوچەرخەوە.

پێویستە لێرەدا جیاوازی بكرێت لە نێوان هەڵوێست لە بەرامبەر خۆسەپێن و ستەمكارەكان، لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستێكی تیۆری دەگرێتەبەر لە بەرامبەر هەندێك حوكمڕان و پێشەوا لە مێژوودا، جا ئەگەر هەندێك لە ئیمامەكانی ئال و بەیت داوایان كردبێت بۆ خۆابڕین لە حوكمڕانە ستەمكارەكانی سەردەمی خۆیان یان نەچوونە ناو ئەركەكانیان، ئەوا ئەوان لە كاتێكی تردا ئەم هەڵوێستەیان تێپەڕاندووەو هاوپەیمانیان لەگەڵ هەندێك حوكمڕان (وەك: مەئمون) بەستووە و لەگەڵیان تێكەڵ بوونە، دواتر هەڵوێستی خۆدابڕین بنەمایەكی چەسپاو نییە

لەگەڵ هەر حوکمڕانێك كە لە ئال و بەیت نەبێت، چ جای شوێنكەوتووانیان و ئەوانەی ئەوانیان خۆشدەوێت.

لە هەندێك فەرموودە كە لە باقر و صادقەوە هاتوون ئەوا بۆنی ئەم هەڵاواردنەی لێدێت كە بە (ڕەچاوكردنی برایان) دەریانبڕیوە[1]. و ئەمەش لە سایەی كورت بوونەوەی دەوڵەت لە كەسی حوكمڕاندا، بەڵام ئەمڕۆ دەوڵەت بووە قەوارەیەكی جیاواز لە حوكمڕان، ئەوا چوونە ناو ئەركەكانی دەوڵەت نابێت لەسەر بنەڕەتی دەستخستنی بەرژەوەندی حیزبی یان تاقمگەرا بێت، بەڵكو دەبێت بۆ خزمەتی نیشتمان و هاوڵاتیان بێت بەشێوەیەكی گشتی.

لە واقیعدا... شیعەكان بۆ ماوەی چەند سەدەیەك خۆدابڕینی سیاسیان تاقی كردۆتەوە لەگەڵ دەوڵەت و حوكمڕانەكان، دواتر گەیشتنە ئەوەی كە بەیەكەوە ژیان و وەرگرتنی مافەكان و بەشداربوونی سیاسیانە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا پێویستە.

## ٨_ هەڵوەشاندنەوەی خۆدابڕینی كۆمەڵایەتی

پێویستە خۆدابڕینی كۆمەڵایەتی هەڵبوەشێتەوە، هەر كەسێكی دژەڕامان بە بیدعەچی دانەنێین یان بە بە گوناهبارێكی نەزانین كە مایەی خۆ لێ دووركرتن و خۆ لێ بەریكردن بێت یان توانج لێدان و قسە لەسەر كردن و تۆمەتباركردنی،

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٨٥٤٤ _ ٢ و ح رقم ٨٥٤١ _ ١٤ و ح رقم ٨٥٤٣ _ ١ و ح رقم ٨٥٤٥ _ ٣ و ح رقم ٨٥٤٦ _ ٤.

وەك: هەندێك فەرموودەی (هەڵبەستراو) كە دراونەتە پاڵ باقرو صادق ئاماژەی پێدەكەن[1].

لەم ڕووەوە دەبێت دووبارە پێناسەی (بەهەڵستكار: ناصبی) بكەینەوە كە ئایا ئەو كەسەیە كە بەرهەڵستی ڕاستی و دادگەری و شوڕا دەكات؟ یان _ ئەگەر وادابنێین _ كەسێكە لە مێژوودا بەرهەڵستی ئیمامەكانی ئال و بەیتی كردبێت؟ یان بۆ نمونە ئەوانی خۆش ناوێت یاخود باوەڕیان پێ ناكات وەك ئەو ئیمامانەی لەلایەن خواوە دیاری كرابن؟ یان باوەڕ بە ئیمامێكی دیاریكراو ناكات كە یەكێك بێت لە لیستی ئیمامەكان لە مێژوودا؟ ئەمەش لەبەر بوونی تێكەڵیەكی مەزن لەو چەمكانەدا، دانەمەزرانیان لەسەر قورئانی پیرۆز بەڵكو دامەزرانیان لەسەر بنەڕەتێكی سیاسی كاتی و كەسی[2].

لەبەر ئەوەی خۆدابڕینی كۆمەڵایەتی لە مەزهەبەكانی تر نوێژكردنیشی لە دوای ئەوان گرتۆتەوە لە نوێژی هەینی و بە كۆمەڵدا، ئەوا پێویستە كرانەوەی كۆمەڵایەتی هەنگاوێك لەو بوارە بنێت بەهۆی شكاندنی قەدەغەكردنە ساختەكە و نوێژكردن لە دوای هەموو موسڵمانێك بێ ڕەچاوكردنی هەڵوێستەكەی لە بەرامبەر (ئیمامەت)ی مێژوویی.

ئا لێرەوە پێویستە گومانمان هەبێت لە خۆدابڕین لە پەرستشدا یان بەكارهێنانی خۆپارێزی (توقیە) لە كاتی ناچاری و نوێژكردن لە دوای دژەڕاكان، بە خوێندنی سوڕەتی (الفاتحة) و سوڕەتەكە بە نهێنی یان دواتر دووبارە

---

(١) الكليني، الكافي، كتاب اللإيمان والكفر، باب مجالسة أهل المعاصي، ح رقم ٢ و ٣ و ٤.

(٢) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣١٤.

کردنەوەی نوێژکە، هەروەك هەندێك لەو فەرموودانەی دراونەتە پاڵ باقر و صادق باس لەوە دەکەن[1]. و لەبەر ئەوەی ئەم بۆچوونە لەسەر بەڵگەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر دانەمەزراوە.

پێویستە هەموو ئەو فەرموودانە ڕەتبکەینەوە کە یەکێتی ئیسلامی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە لەت و پەرت دەکەن و فەرمان دەکەن بە خۆدابڕین لە دژەفیکرەکان (ئەوانەی باوەڕیان بە تیۆری ئیمامەت نییە) و ڕێگری دەکات لە تۆقەکردن و ژن هێنان لەوان[2]. یان حوکمی جەستە پیسی بەسەریاندا دەدات[3].

بەهەمان شێوە پێویستە چاوبخشێنرێتەوە بەو فەرموودانەی داوای خۆدابڕین دەکەن لە دژەڕاکان لە ڕووی ئابورییەوە و نەدانی زەکات بە هەژارانی موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی[4]. لەبەر ئەوەی ئەم خۆدابڕینە دژە لەگەڵ قورئانی پیرۆز کە شوناسی ئاینی بۆ هەژارو نەداران دیاری ناکات ج چای ناسنامەی تاقمگەرا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِ ﴾ التوبة: ٦٠. واتە: (بێگومان زەکات تەنها بۆ هەژارو نەداران و ئەو کەسانەی کە کارمەندن بەسەریەوەو بەو موسڵمانە نوێیانەی هیشتا ئیمان جێگیر نەبووە لە دڵیاندا و بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان و _

---

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٥٢٨١ _ ٧ و ح رقم ٥٢٧٨ _ ٤ و ح رقم ٥٢٧٦ _ ٢.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٩٥٦١ _ ١٧.

(٣) الكليني، الكافي، ح رقم ٣٨٦٦ _ ٦ و ح رقم ٣٨٨١ _ ١ و ح رقم ٩٥٥٦ _ ١٢ و كتاب الإيمان والكفر، باب الضلال، ح رقم ٢ و ح رقم ٩٥٤٦ _ ٢ و ح رقم ٩٥٥٧ _ ١٣.

(٤) الكليني، الكافي، ح رقم ٥٩٢٨ _ ٦ و ح رقم ٥٧٤٤ _ ١ و ح رقم ٥٩٥٠ _ ٤ و ح رقم ٥٩٧٠ _ ١١.

یارمەتیدانی _ قەرزدارەکان و بۆ گەیاندنی ئاینی خوا، هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەش کە کە پارەیان لێ دەبڕێت و نەدار دەکەون، فەڕزە لەلایەن خواوە لە گەردنی ئیمانداراندا، خواش زانا و دانایە). سەرباری ئەوەی تێکدەگیرێت لەگەڵ هەندێك فەرموودە کە لە ئال و بەیتەوە هاتوونە و صەدەقە و بەخشین بە جولەکە و نەصرانی و ئاگرپەرستەکان بە دروست دادەنێن[1]. ئایا موسڵمانی ڕاجیا لەمانە خراپترە.

## ٩_ هەڵوێستی نەرێنی لە بەرامبەر مەزهەبە فیقهییەکانی تر

بەهەمان شێوە پێویستە پاشماوەکانی فیکری شیعی (ئاینی) کۆن تێپەڕێنین وەك: هەستکردن بە بەرزی مەزهەبی فیقهی و باوەڕبوون بەوەی خاوەنی ڕاستی ئاینین و حوکم پوچڵی دان لەسەر مەزهەبە فیقهییەکانی تر، ئەو هەستە وەستاوە لەسەر:

١_ دانانی ئیمامی صادق و ئیمامەکانی تر وەك سەرچاوەیەکی خودی بۆ یاسادانانی ئاینی لە پاڵ قورئان و سوننەت، بەوپێیەی (پارێزراون و لەلایەن خواوە دیاریکراون و زانستێکی تایبەتیان لەلایەن خواوە پێدراوە)، دواتر ئەوان لە سەرووی ڕەخنە و مشتومڕن، وتەیان بەڵگەیە و شیاوی ڕەتکردنەوە نییە.

٢_ هەڵوێستی نەرێنی لە هەمبەر فەرموودە و ڕاوبۆچوون لە دەرەوەی چوارچێوەی ئال و بەیت، بە پوچەڵ و ناشەرعی دانانی مەزهەبەکانی تر.

---

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٦٠٨٠ _ ٣.

کەچی ئەم دوو خاڵە شوێنی مشتومڕن لەبەر بوونی گومان لە زۆربەی ئەو گێڕانەوانەی ئیمامییەکان لە صادق و ئیمامەکانی تر دەگێڕنەوە، بەتایبەت ئەگەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) ڕەت بکەینەوەو سەیری ئیمامی صادق و ئیمامەکانی تر بکەین وەك گێڕەڕەوەی فەرمودە و کۆششکار (موجتەهید)، ئەمەش وامان لێدەکات کە پرسیار بکەین لەبارەی زۆرێك لەو گێڕانەوانەی دەدەینە پاڵ پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) یان لە کتێبی عەلی یاخود پەڕاو (موصحەف)ی فاتیمە نەقڵ دەکەن.

هەڵوێستە نەرێنیەکەی ئیمامییەکان لە هەمبەر ڕاو بۆچوون و پێوانە (قیاس) و کۆشش (إجتهاد) ئەوا لەسەر ئەوە دەوەستا کە دەقی شەرعی لەبارەی هەموو شتێك هەیە، قورئان و سوننەت هەموو شتێکیان ڕوونکردۆتەوە، هیچ کەلێنێك نییە کە پێویستی بە ڕاوبۆچوون و کۆشش (إجتهاد) هەبێت[1].و ئیمامەکان هەموو حوکمەکان دەزانن و بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە. پوچەڵی ئەم بۆچوونە چەسپا کە هەموو ڕۆڵێکی نەریت و عەقڵ ڕەت دەکاتەوە لە یاسادانانی هەندێك حوکمە شارستانیەکان، لە دەرەوەی شەریعەتی دیاریکراو لە هەندێکی شتی دیاریکراودا، وەك: بواری دەستووری سیاسی کە قورئان و سوننەت حوکمێکی دیاریکراویان بە دەق دیاری نەکردووە، بەڵکو ئەم بوارە بۆ عەقڵی مرۆ بەجێهێڵراوە تا داهێنان و کۆششی تێدا بکات.

---

(١) هەروەك لە صادق گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە لە قورئاندا ڕوونکردنەوەی لەبارەی هەموو شتێك دابەزاندووەو هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە کە بەندەکان پێویستیان پێ بێت، تا بەندە نەتوانێت بڵێت: خۆزگە فڵانە شتە لە قورئاندا دابەزیبا؟ خوای گەورە لەبارەی ئەو شتەشی دابەزاندووە). و (هیچ شتێك نییە کە لە قورئان یان لە سوننەتەوە باسی لێوە نەکرابێت). الكليني، الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب الرد إلى الكتاب والسنة، ح رقم ١ و ٤ و ٦.

له هەندێك گێڕانەوەدا بەدەردەکەوێت کە هەڵوێستە نەرێنیەکەی ئیمامییەکان لە بەرامبەر ئەبو حەنیفە لەسەر ئەوە نەبووە کە ناوبراو پیادەی ڕاو بۆچوونی کردووە، بەڵکو زیاتر لەسەر ئەوەی بووە کە ئەبو حەنیفە ڕەتی کردۆتەوە ئیمامی صادق زانستێکی تایبەتی هەبێت سەبارەت بە ئایین[١]. و کۆشش (إجتهاد) بۆ ئیمامەکان نا ڕەوابوو نەك لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیدا ناڕەوا بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئیمامەکان پێویستیان پێ نەبووە، هەروەك فەرموودەیەك کە دراوەتە پاڵ صادق باسی ئەمە دەکات: (خوای گەورە گوێڕایەڵی کردنی ئیمامەکان کە خوا کتێبەکەی خۆی بەسەردا دابەزاندوون پێویست کردووە لەسەر بەندەکانی، فەرمانیشی بە ئوممەت کردووە کە هەر حوکمێکیان لێ ئاڵۆز بوو ئەو بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان... خوا ئەرکی کۆشش "إجتهاد"ی نەخستۆتە سەر شانی خەڵك، چونکە بەڵگەی بۆ ئەوان داناوە و چەند ئاڵایەکی بۆ هەڵداون و بەڵگەی بەسەر ئەوان چەسپاندووە، جا ئەستە ناچاریان بکات لەسەر کرنی شتێك کە لە توانایاندا نەبێت، ئەمەش لە دوای ڕەوانەکردنی پێغەمبەران بۆ لای ئەوان بە زانیاری تێروتەسەل لەبارەی حەڵاڵ و حەرام، ئەوانی ئاوا بەجێ نەهێشتووە لە ئاست ئەو شتانەی کە دەستەوەسانیشن ئەوا دەیگێڕنەوە بۆ لای پێغەمبەر و ئیمامەکان _ درودی خوایان لێبێت _)[٢].

(١) هەروەك لە صادق دەگێڕنەوە کە پێی وتوە: (بانگەشەی زانستێکت کرد واوەیلا بۆ تۆ خوای گەورە ئەو زانستەی تەنها بەو کەسانە بەخشیوە کە کتێبی ئاسمانیان بۆ دابەزیوە، واوەیلا بۆ تۆ ئەو زانستە تەنها بە تایبەت لەلای ڕەچەڵەکی محەممەدە (ﷺ) و خوا یەك پیتی لە کتێبەکەی بە تۆ نەداوە). الوافي، ح رقم (٣٣١٧٧) ٢٧.

(٢) الوافي، ح رقم (٣٣١٨٨) ٣٨ _ عي بن الحسن المرتضى في رسالة (المحكم والمتشابه) نقلا عن (تفسير) النعماني.

بەڵام ئەگەر پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ ئیمامەکان و گەڕانەوە بۆ لایان نەچەسپا یان نەتوانرا پەیوەندیان لەگەڵ ببەسترێت، ئەوا کۆشش (إجتهاد) دەبێتە پێویستیەك کە دەبێت هەر ببێت. بەتایبەت لە ژێر سایەی فرە فەتواو فەرموودە دژیەکەکان کە لە ئیمامەکانەوە هاتوون، جا بۆ خۆپارێزی (توقیە) یان بە هۆی شتێکی ترەوە بێت، سەرباری شڵەژان و نارێکی گواستنەوە و نەقڵ لەوان، بەهۆی لاوازی هەندێك لەو کەسانەی شت لەوان دەگێڕنەوە[١].

لەبەر ئەمە دەبێت چاوبخشێنرێتەوە بە هەڵوێستی شیعە لە هەمبەر فیقهی (جەعفەری) و هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی بەشێوەیەکی هاوسەنگ وەك چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرجەم مەزهەبە ئیبسلامییەکانی تر دەکەن، واتە: بڕوا وانەبێت کە مەزهەبی جەعفەری ڕاستی ڕەهایە، بەڵکو کۆششێکی گومانداره لە پاڵ کۆششەکانی تر، هەروەها چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستی نەرێنی شیعە لە مەزهەبە ئیسلامییە جیاوازەکان و هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنیان بە ئەرێنی و حورمەت و ڕێزەوە، بەتایبەت قوتابخانەی ڕاوبۆچوون (الرأی)کە گومانی هەبوو لە زۆربەی گێڕانەوەکانی فەرموودەناسان و گێڕانەوەکان ئیمامییەکان لە هەمان کاتدا.

لێرەدا هەنگاوێکی زۆر پێویست هەیە لەسەر ڕێگای بە هاوسەنگی سەیرکردنە خۆ و ئەوانی تر، خۆی دەبینێتەوە لە ڕەتکردنەوەی (پێچەوانە

---

(١) هەروەك باوکی بەصیر بە صادقی وت: شتێکمان دێتەپێش کە نەمانزانیوە لە کتێبی خواو سوننەتدا باسکرا بێت تا بۆیان بگەڕێینەوە و سەیریان بکەین؟ صادق وتی: (نا، _ ناکرێت بە بۆچوونی خۆت بڕیار بدەی "وەرگێڕ" _، چونکە ئەگەر ڕاست بپێکی ئەوا پاداشت نادرێیەوە و ئەگەر هەڵەشە بکەی ئەوا درۆ بەناوی خوا دەکەیت). الكليني، الكافي، كتاب العقل، كتاب فضل العلم، باب البدع والرأي والمقائيس، ح رقم ١١.

جوڵانەوەی ڕای گشتی: منهج المخالفة العامة) کە شوێنەوارێکی مەزنی لە فیقهی ئیمامی دا بەجێهێشت[1]. لێرەدا ناڵێین پێویستە لەسەر شیعە هەر چییەك لە فیقهی سوننیدا هاتوووە وەری بگرن، بەڵکو پێویستە کۆششی لەسر بکەن و لێی بکۆڵنەوە بە شێوەیەکی بێ لایەن و بابەتیانە جا ئەوەی ڕاست بوو وەربگیرێت و ئەگەر گومانی لێدەکرا یان دەکرا درۆ بێت یاخود شتێکی پێچەوانەی شەرع و عەقڵی تێدا بێت ئەوا بێ دەمارگیری با فەرامۆش بکرێت، بەڵام بێ ئەوەی هەڵوێستی پێشوەختە بگیرێتەرو ڕەت بکرێتەوە یان پێچەوانە وەرگرتنی لە پێناو ئەوەی پێچەوانەی سوننە بن.

---

(١) سەرباری بوونی هەندێك فەرمووودەی بەناوبانگ لەبارەی بابەتەکە. ئەوا گومانمان هەیە لەوەی ئەم پەیڕەوە لە ئیمامی صادقەوە سەرچاوەی گرتبێت. پێمان وایە دەستێکی گڵاوی زیادەڕۆچوو لە پاڵ ئەم فەرموودانەوە وەستاوە بۆ پەرت کردنی موسڵمانان و چی بیەوێت دەیداتە پاڵ ئیمامی صادق، وەك ئەم فەرموودەیە: (بەخوا ئێوە لە سەر هیچ شتێك نین کە ئەوانی لەسەرن، ئەوانیش لەسەر هیچ شتێك نین کە ئێوەی لەسەرن، پێچەوانەیان بجوڵێنەوە، چونکە ئەوان فڕیان بەسەر یەکتاناسیەوە نییە). الوافي (٣٣٣٦٢) ٢٩ و ٣٠ و (٣٣٣٦٥) ٣٢ و ٣٣.

## ١٠_ پێچەوانەوەی لاپەڕەی سەرچاوەبوون (مەڕجەعیەت)ی ئاینی

پێویستە لاپەڕەی سەرچاوەبوون (مەڕجەعیەت)ی ئاینی بپێچرێتەوە کە دادەنرێت بە یەکێك لە پاشماوەکانی فیکری کۆنی شیعە (دوازدە ئیمامی). و ئەمە سەرچاوەبوون (مەڕجەعیەت)ێکە بەدرێژایی هەزار ساڵ گەشەی کردووەو لە بارودۆخی جیاواز دروست بووە لە ژێر ڕۆشنای ئەوەی شەرعناسە ئیمامییەکان کاری سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەت لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا قەدەغەکرد بۆ چەند سەدەیەك، بەپێی تیۆری چاوەڕوانی ئیمامی پەنهان، جا بانگەشەی ئەوە کرا کە بریتییە لە درێژبووەوەی تیۆری ئیمامەتی ئاینی ئال و بەیت، سەرباری ئەوەی سەرچاوە بوون (مەڕجەعیەت)ی ئاینی بانگەشەی پارێزراو بوون یان نوێنەرایەتی تایبەتی ئیمامی مەهدی نەکرد ئەوا بە دوو کار هەڵساوە و هەڵدەستێت: فەتوادان و سەرکردایەتی ئاینی سیاسی. و دوای گەشەسەندنی فیکری سیاسی شیعە بۆ ئاستی دەوڵەت ئەوا هیچ مانایەك نەماوە بۆ بەردەوامی خەسڵەتداری سەرچاوەبوون (مەڕجەعیەت) بە سیفەتی ئاینی سیاسی، بەڵکو دەبێت ڕۆڵی سەرچاوەبوون (مەڕجەعیەت) کورت هەڵبێت لە پێشکەش کرنی پرس و شوڕای یاسایی و بەس، دەست نەخاتە ناو ژیانی سیاسی. و دەست هەڵبگرێت لە خستنەڕووی خۆی وەك ڕاسپێرراوی شیعە لە جیهان و سەرکردایەتی ئەوان لە هەموو شوێنێك. پێویستە شێوە داڕشتنی لاسایی کردنەوە (تەقلید) بگۆڕدرێت کە بۆ چەند سەردەمێکە پیادە دەکرێت، تا بکرێتەوە لە بەردەم هەموو زانا پشپۆڕەکان لە هەموو بابەت و مەسەلەکاندا، خەڵکی ئازاد بن لە داواکردنی ڕوونکردنەوە لە هەر زانایان یان پرسیارکردن لە هەر ئەزموون دیدەیەك بێ ئەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی و بە درێژایی ژیان لاسایی یەك زانا

نەکرێتەوە. لەبەر ئەوەی بنەمای لاسایی کردنەوە (تەقلید) بریتییە لەوەی عەقڵ حوکم لەسەر ئەوە دەدات کە دەبێت نەزان بگەڕێتەوە بۆ لای زانا، ئەمەش بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێت و کورت نەبۆتەوە لە شێوە داڕشتنەی لاسایی کردنەوە (تەقلید) کە ئەمڕۆ لە ناو شیعەکاندا ناسراوە. لەبەر ئەوە دەکرێت ئامانجەکە بپێکرێت لە میانەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شوڕا (پەرلەمان) کە پاڵپشتی بکرێت بە کەسانی ئەزموون دیدە و پسپۆر لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان، ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێت بە دانانی یاسای نوێ کە پێویست بۆ ژیان لە ژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری ڕێزدارو عەقڵ و زانست.

## ١١_ خو ڕزگارکردن لە تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیه)

خۆ ڕزگارکردن و خۆداڕنین پێویستە لە تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیه) کە لە دایکبووی تازەی سەرچاوەبوون (مەرجەعیەت)ی ئاینیە. و لە ڕاستیدا کێشە گەورەکە خۆی نابینێتەوە لە بنەمای دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیه) لەو ڕووەی کە شەڕعناس لە کەسی نەزان باشتر یان کەسی دادگەری لە خواترس باشترە لە کەسی لاساری ستەمکار، بەڵکو کێشەکە خۆی لە مانای (شەرعناس)دا دەبینێتەوە کە ئایا بریتییە لەوەی کە شارەزایە لە حوکمە شەرعییەکانی وەك: نوێژو ڕۆژوو و حەج و هاوشێوەی ئەمانە؟ یاخود بریتییە لە پسپۆر لە هەموو بوارەکان و خاوەن ئەزموون لە کارگێڕی و سیاسەت و ئابووری کە کارگێڕی دەوڵەتی هاوچەرخ پێویستی پێیەتی؟ و هەروەها کێشەکە خۆی دەبینێتەوە لە سەرچاوەی ڕەوایی و شەرعیەتی دەستووری. جا هەندێك لەوانەی

باوەڕیان بە تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیە) هەیە ئەوا تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی شەرعناسان بۆ ئیمامی مەهدی پەنهان) وەك یاسایەکی دەستووری بۆ شەرعیەتی حاکم دادەنێن، ئەمەش دەسەڵاتی دەستووری ڕەهای پێ دەدات و دەیکاتە تاکڕەو (دیکتاتۆر)ێکی ڕەها کە بەرزتر بێت لە هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان، هەموو سنوورێك ڕەت دەکاتەوە کە گەل بۆی دابنێت. هەروەك ئەمە ڕوویدا لە ئێران لە ژێر چەتری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیە) ئەمەش کاتێك ئیمامی خومەینی ڕۆژێك لە ساڵی ١٩٨٨ بە ئاگا هاتەوەو (دەسەڵاتی _ ویلایەتی _ ڕەها)ی ڕایگەیاند، خومەینی لەبارەی ڕووی لێکچوونی شەرعناس و ئیمامی پارێزراو دەکات لە فراوانی دەسەڵاتیان و دەڵێت: (شەرعناسی دادگەر هەموو شتانەی هەیە کە پێغەمبەر و ئیمامەکان "سڵاوی خوایان لێبێت" هەیانبووە کە پەیوەستە بە حکومەت و سیاسیەتەوە، ناچێتە عەقڵەوە جیاوازییانە هەبێت، چونکە حوکمڕان _ هەر کەسێك بێت _ئەو کەسەیە کە حوکمەکانی شەریعەت ڕاییدەکات و سزاو سنوورەکانی خوایی جێبەجێ دەکات و داهاتەکان و سەرجەم سامانەکانی تر وەردەگرێت و بەو شێوەیە خەرجی دەکات کە بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایە... لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکان ئەو فەرمانە بە خەڵکی دەکەن کە لە دەسەڵاتی حوکمڕاندایە و لەسەر خەڵکیش پێویستە جێبەجێی بکات)[1]. و شەرعناسان بە ڕاسپێرراو و جێگری پێغەمبەرو ئیمامەکان دادەنێت لە کاتی پەنهان بوونی ئیمامەکان، پێی وایە شەرعناسان هەمان ئەو ئەرکەیان هەیە کە بە ئیمامەکان سپێرراوە[2]. و دەسەڵاتی شەرعناس

(١) الخميني، كتاب البيع ٤٦٧.

(٢) الخميني، الحكومة الإسلامية ٧٥.

(ویلایەت فەقیە) دەسەڵاتێکی ئاینی خواییە و دەڵێت: (خوای گەورە پێغەمبەری ((ﷺ)) کردە دەسەڵاتدار و گەورەی باوەڕداران، لە دوای ئەویش عەلی دەسەڵاتدارو حوکمڕان بوو، هەمان ئەو دەسەڵات و حاکمێتیە لەلای شەرعناس بوونی هەیە)[1]. و دەڵێت: (ئەگەر شەرعناسێکی زانا و دادگەر هەڵسا بە پێکهێنانی حکومەتێك و لە میانەیدا بەهەمان شێوەی پێغەمبەر ((ﷺ)) کاروباری کۆمەڵگە ڕایی دەکات، پێویستە لەسەر خەڵك گوێڕایەڵ و فەرمانبەردار بن، ئەم شەرعناسە حوکمڕانە لە کاروباری کارگێڕی و چاودێری و سیاسەت و بەڕێوەبردنی خەڵك هەمان ئەو مافانەی هەیە هەیە کە پێغەمبەر ((ﷺ))و میری باوەڕداران "سڵاوی خوای لێبێت" هەیانبووە تەنها ئەو تایبەتمەندی و پلەوپایە تایبەتانە نەبێت کە پێغەمبەر و ئیمام هەیانە... خوای گەورە پێکهێنانی حکومەتی کرداری ئیسلامی پێویست کردووە لە سەردەمی پەنهانیدا وەك چۆن پێغەمبەر ((ﷺ))و میری باوەڕداران "سڵاوی خوای لێبێت" ڕاسپارد بۆ گرتنە دەستی جڵەوی حوکمڕانی دادوەری و یەکلاکردنەوەی کێشەکان و دانانی بەرپرسی دەڤەرەکان و فەرمانبەران و کۆکردنەوەی داهاتەکان و ئاوەدان کردنەوەی وڵاتان، دەرەنجامی دیاریکردنی کەسی حوکمڕان ئێسا مەرجدارە بەوەی کە زانست و دادگەری لە خۆیدا کۆکردبێتەوە)[2]. و (پێغەمبەران هەر چییەکیان پێ ڕاسپێررا بێت ئەوا بە شەرعناسانیان ڕاسپاردووە، کەواتە شەرعناسان بە ئەمیندار دابنێن لەو شتەدا پێغەمبەران ئەوانیان بە ئەمیندار داناوە)[3].

---

(١) الخميني، الحكومة الإسلامية ٥١ _ ٥٢.

(٢) الخميني، كتاب البيع ٤٩.

(٣) الخميني، الحكومة الإسلامية ٧٠ _ ٧٦.

خومەینی پەیامێکی نووسی بۆ سەرۆك كۆماری ئێرانی: (حکومەت بەشێکە لەو دەسەڵاتە ڕەهایەی پێغەمبەر ((ﷺ)) کە خوا پێی بەخشی بوو، یەکێکە لە حوکمە بەراییەکانی ئیسلام، و لە پێشترە لە هەموو حوکمە لاوەکییەکان هەتا لە پێشترە بە نوێژ و ڕۆژوو و حەج... حوکمڕان لە دەسەڵاتی دا هەیە لە کاتی پێویستدا مزگەوتەکان پەکبخات، ئەو مزگەوتە بروخێنێت کە وەك مزگەوتی "زیرار"ی لێدێت ئەگەر بۆی دەرکەوت ناتوانێت شتەکە چارەسەر بکات بێ تێکدانی مزگەوتەکە. حکومەت تاك لایەنە دەتوانێت ئەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ گەل بەستویەتی ڕەت بکاتەوە ئەگەر بۆی دەرکەوت کە ڕێکەوتنەکان دژی بەرژەوەندی وڵات و ئیسلامن. دەتوانێت بەرەنگاری هەر کارێکی پەرستش و نا پەرستشی ببێتەوە ئەگەر زیان بگەیەنێت بە بەرژەوەندییەکانی ئیسلام، مادەم وایە. حکومەت دەتوانێت لەو بارودۆخە ناجێگیرەی کە دژە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئیسلامی _ ئەگەر حکومەت وای بۆ دەرکەوت _ حەج کردن بەشێوەیەکی کاتی قەدەغە بکات، هەر چەندە حەج کردن یەکێکە لە فەڕزە گرنگ و خواییەکان)[1].

خومەینی پێی وابوو کە دەسەڵاتی شەرعناسان وەك دەسەڵات پێغەمبەر و ئیمامەکانی ئال و بەیت لەلایەن خواوە دانراوەو دەسەڵاتێکی ئاینی خواییە[2].

سەرباری ئەوەی دەستووری ئێران هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمان لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی شەرعناس گەورەتر و فراونتر بووە لە دەسەڵاتی دامەزراوە دیموکراسییەکان و لە سەرووی ڕەخنە و لێپرسینەوەن،

(١) صحيفة كيهان، العدد رقم ١٣٢٣ المؤرخ ١٦ جمادي الأولى ١٤٠٨هـ.

(٢) الخميني، الحكومة الإسلامية ٥١ _ ٥٢.

بەهۆی ئەوەی شەرعناس خاوەن پێگە و بازنەیەکی ئاینی پیرۆزە، ئەمەش ڕێگە دەگرێت لەوەی لەلایەن گەل وەك سەرۆك و نوێنەرەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش گورزی داوە لە ئەزموونی دیموکراسی هاوچەرخ لە ئێران.

گەشەی تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیە) کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر (نوێنەرایەتی گشتی ئیمامی مەهدی) کە پشتی بەستبوو بە (ئیمامەتی خوایی) لە ڕووی سروشتی تیۆرەکە و گەشەکردنی تەنها لەلایەنی دەسەڵاتەوە، بێ لایەنی ئوممەت، وای لێهات شەرعناس بووە خاوەنی ئەو دەسەڵاتانە کە ئیمامی پارێزراو و پێغەمبەری مەزن ((ﷺ)) هەیانبوو، هەروەها وای لێهات کە شەرعناس لەلایەن ئیمامی مەهدییەوە دابنرێت و ببێتە نوێنەری گشتی ئەو، وەك چۆن ئیمامی پارێزراو لەلایەن خواوە دانرابوو، دواتە شەرعناسە کەوتە پێگەیەکی پیرۆزەوە کە ئوممەت مافی نییە بەرهەڵستی بکات یان ڕەخنەی لێ بگرێت یاخود سەرپێچی فەرمانەکانی بکات یان گوێڕایەڵی نەکات یاخود حوکمەکەی هەڵبوەشێتەوە.

ئا لێرەوە فەتوا و بۆچوونە کۆششکاریی (ئیجتهادی)یە گوماندارەکانی زانایان بۆیاخێکی ئایینی پرۆزیان وەرگرت، بەمەش بەسەر خەڵکی تردا جگە لە کۆششکاراندا سەپێنرا کە (لاسایی: تەقلید)ی شەرعناسان بکەن و گوێڕایەڵیان بن چ لە یاسادانان یان جێبەجێ کردن یاخود دادوەری، بەهەموو شێوەیەك سەرپێچی کردنیان قەدەغەکرا.

جا لەبەر ئەوەی (ئیمامە پارێزراوەکان) _ بەپێی تیۆری ئیمامەتی خوایی _ لەلایەن خوداوە دیاریکراون، ئەوا ئوممەت هیچ ڕۆڵێکی نییە لە دیاریکردنیان لە

ڕێگەی شوراەوە، تەنانەت مافی ئەوەشی نییە تاوتوێ یان ڕووبەڕووی بڕیارەکانیان ببنەوە، بەڵکو تاکە ڕۆڵی ئوممەت کە وێنەکراوە بریتیە لە گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون، جا شوێنکەوتووانی قوتابخانەی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بۆچوونیان وابوو کە شەرعناس نوێنەری (ئیمامی مەهدییە) و لەلایەن ئەویشەوە دیاری کراوە بۆیە پێویستە لەسەر ئوممەت گوێڕایەڵی بێت و ملکەچی بنوێنێت، لە دوای ئەمە هیچ مافێکیان بە شیاوی ئوممەت نەبینی لە پیادەکردنی شورا یان ڕەخنەگرتن یاخود ڕووبەڕوو بوونەوە یان توانای لەسەر کار لادانی شەرعناس یاخود دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی و ماوەی سەرۆکایەتییەکەی.

لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر (نوێنەرایەتی گشتی شەرعناسان بۆ ئیمامی مەهدی) لە سەردەمی (پەنهان بوونی مەزن)دا لقێکە بۆ چەسپاندنی (نوێنەرایەتی تایبەت) کە (چوار نوێنەرەکە) بانگەشەیان کرد لە ماوەی (پەنهان بوونی بچوك)دا. داننان بەمە دادەمەزرێت لەسەر داننان بە هەبوون و لەدایکبوونی (ئیمامی دوازدەم محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و داننان بەوەی دوو پەنهان بوونی هەیە، جا ئەگەر نەمانتوانی دڵنیا بینەوە لە بوونی ئەم (ئیمامە) _ کە شتێکی ئەستەمە _ ئەوا لەناوچوونی ئەم تیۆرە لە پێشترە.

سەرباری ئەوەی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) لە سەرەتای (پەنهانی بوونی مەزن) لەلای شیعە ئیمامییەکان نەناسرابوو، کە دوترێت ئەم پەنهانبوونە لە دوای مردنی (نوێنەری چوارەم: عەلی کوڕی محەممەدی صەیمری) دەستیپێکرد. بەڵکو شیعەکانی سەرەتا (لە سەدەی چوارەمی کۆچی) پێیان وابوو نوێنەرایەتی گشتی کە یەکسانە بە ئیمامەت یان (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) تەواو دژە لەگەڵ تیۆری ئیمامەت، چونکە هەر دوو مەرجی پارێزراوی و دەق

پەکدەخات، هەروەها لەبەر ئەوەی تیۆری گوماندارن کە هەندێك لە زانایان دواتر هەڵیانهێنجاوە و بە تێپەڕینی مێژوو گەشەیان پێداوەو پێشتریش هەر بوونی نەبووە. جا (صمیری) لە ساڵی ٣٢٩ك مرد و بە سەری لێوەکانیشی لەبارەی (نوێنەرایەتی گشتی) نە دووا، ئەگەر نوێنەرایەتی گشتی هیچ نرخ و بەهایەکی هەبووبا لە واقیعدا ئەوا (ئیمامی مەهدی) _ ئەگەر واشدابنێین کە هەیە _ لەسەری دەدوا لە جیاتی ئەوەی شیعەکان بەرەڵا بکات و لە ناو زەریای تاریکی سەرگەردانی دا چەند سەدەیەك بمێننەوە.

ئا لێرەوە بوو کە شێخ (صدوق) تیۆری نوێنەرایەتی گشتی نەدەناسی، هەرگیز ئاماژەشی پێنەداوە سەرباری ئەوەی هەڵاوە بە گێڕانەوەی: ڕێنووسی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب لە عومرییەوە ئەویش لە مەهدی: (سەبارەت بەو ڕووداوانەی پێش دێن و ڕوودەدەن ئەوا بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوانەی فەرموودەکانمان دەگێڕنەوە، چونکە ئەوان بەڵگەی منن بەسەر ئێوە، منیش بەڵگەی خوام). ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە ئاماژەی نەکردووە بە (نوێنەرایەتی گشتی)، گێڕانەوەکە باس لە گەڕانەوە دەکات بۆ گێڕەڕەوەکان لە سایەی ئامادەبوونی (نوێنەرایەتی تایبەت)دا و لە ڕۆژانی (نوێنەری دووەم: عومری). جا ئەگەر نوێنەرایەتی تایبەت پەیوەست بێت _ بەپێی گریمانەکە _ بە ئیمامی مەهدییەوەو سنووردارو نا سیاسی بێت، ئەوا چۆن دەکرێت واتایەکی گەورەتر و فراوانتر لە ڕێنووسەکە وەربگیرێت؟.

یەکەم کەس کە دوا لەبارەی ڕاسپێررانی شەرعناسان لەلایەن ئیمامەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی سزاو سنوورەکان شێخ (مفید) بوو، ناوبراو بە دوو سەدو پەنجا ساڵ دوای پەنهان بوون هات، ئەمەش زیاتر گریمانەیەك بوو لەلای گەڵاڵە ببوو و

کەمتر وتەیەکی دڵنیاکەرەوە بوو، جا ناوبراو لەم هەوڵەیدا پەلی هاوێشت بۆ هەڵهێنجانی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) لە فەرموودەکانی ڕابردوودا (پەسەندکراوەکەی عومەری کوڕی حەنزەڵە و گێڕانەوە ناودارەکەی باوکی خەدیجە و ڕێنووسەکەی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب) کە ڕێگە دەدەن بەوانەی فەرموودەکانی ئال و بەیت دەگێڕنەوە کار دادگەری ئەنجام بدەن بێ ئەوەی بۆ مۆڵەت و ڕەزامەندی تایبەتی ئیمامەکان بگەڕێنەوە.

گەشەسەندنە مەزنەکەی سیاسی کە لە مێژووی شیعەدا هاتە کایە لە سەردەمی صەفەوییەکان لە سەدەی دەیەمدا، کە شیعەکانی لە قۆناغی (خۆپارێزی و چاوەڕوانی) گواستەوە بۆ قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت (لەسەردەمی پەنهان بووندا) ئەمەش دوای ئەوە (شا ئیسماعیلی صەفەوی) خۆی وەك نوێنەری ئیمامی مەهدی ڕایگەیاند... ئەم شەسەندنە مشتومڕێکی فراوانی نایەوە لەناو ڕیزەکانی شەرعناساندا و دەرگایەکی فراوانی کردەوە لەبەردەم دانانان بە تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) و پشتگرتنی بە هێزەوە، دواتر گەشە بە تیۆری نوێنەرایەتی گشتی درا لەسەر دەستی شێخ (ئەحمەد نراقی) لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەمی کۆچی بە ئاراستەی حوکم کردنی ڕاستەوخۆی شەرعناسان.

تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) کە مافی بەکارهێنانی دەسەڵات تەنها بە (شەرعناسان) دەدات جێگای مشتومڕێکی مەزنە لە نێوان زانایانی شیعەدا. هەندێك لە زانا لێکۆڵەرەکان تیۆری ناوبراویان ڕەتکردەوە وەك شێخ مورتەزای ئەنصاری (١٢١٦ك _ ١٢٨١ك)، ناوبراو لە کتێبەکەیدا (المكاسب) تاوتوێی بەڵگەکانی ئەو کەسانەی کردووە کە هەڵگری بۆچوونی نوێنەرایەتی گشتیین، نکۆڵی کردووە لەوەی گێڕانەوە گشتییەکان کە دەستی پێوەدەگرن ئاماژە

بکەن بە بابەتی نوێنەرایەتی گشتی، بەڵکو ئاماژە و مانای گێڕانەوەکانی دیاری کردووە بەوەی ئاماژەیە تەنها بە فەتوادان و دادوەری دەدات، شێخ ئەنصاری گومانیشی هەبوو لە دروستی و ئاماژەی گێڕانەوەکان و وتویەتی: (لە ویژدانەوەیە کە بڵێین دوای سەیر کردنی ناوکۆ "سیاق"ی گێڕانەوەکان یان سەرەتا یان کۆتایی گێڕانەوەکان وا دەخوازێت کە دان بنێین بەوەی گێڕانەوەکان باس ڕوونکردنەوەی پیشەی شەرعناسان دەکەن لە ڕووی حوکمە شەرعییەکانەوە، باسیش لەوە ناکەن کە شەرعناسەکان وەك پێغەمبەران یان ئیمامەکانن "سڵاوی خوایان لێبێت" لەوەی لە خودی باوەڕداران بۆیان لە پێشترن... هەروەها بەڵگە بەرپاکردن لەسەر پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ شەرعناس وەك هاوشێوەی گوێڕایەڵ بوون بۆ ئیمام _ تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە بە بەڵگە جیاکراوەتەوە _ ئەوا لەت لەت کردنی دار گوێنو بەدوای خۆیدا دێنێت)[1].

هەروەك بەڕێز باوکی قاسمی خوئی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە)ی ڕەت کردەوە کە لەسەر تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) دامەزراوە، ناوبراو وتویەتی: (ئەو بەڵگانەی هێنراونەتەوە لەسەر دەسەڵاتی ڕەها لە "سەردەمی پەنهان بووندا" شیاوی پشت پێبەستن نین، ئا لێرەوە وتمان تەنها دەسەڵات لە دوو ڕووەوە چەسپاوە ئەویش فەتوادان و دادگاییە... ئەو گێڕانەوانەی بە بەڵگە دەهێنرێنەوە لەسەر دەسەڵات _ ویلایەت _ی ڕەها لە ڕووی زنجیرەو سەند و واتاوە کەم و کورت و کرچ و کاڵن)[2].

---

(١) الأنصاري، المكاسب ١٧٣.

(٢) الخوئي، التنقيح في شرح العروة الوثقى/ كتاب الإجتهاد والتقليد.

پێدانی دەسەڵاتە ڕەهاکانی پێغەمبەر ((ﷺ)) و ئەو گەورەیی و دەسەڵات (ویلایەت)ە گشتییەی بەسەر دەروون و سامانەکاندا هەیەتی بە شەرعناسی دادگەر کە کەسێکی نا پارێزراوە و دەکرێت دووچاری هەڵە و لادان ببێتەوە، نەك هەر ئەوەش بەڵکو زیادەڕەوی کردن لەمەدا بە ڕێگەدان بە شەرعناس تا یاسا لاوەکییەکانی (شەریعەت) پەکبخات _ هەروەك ئیمامی خومەینی و هەندێك لە پشتیوانانی لە ئێران ئەمە دەڵێن _ ئەمە هەموو ئەو جیاوازییانە ڕەتدەکاتەوە کە هەن لە نێوان پێغەمبەری پارێزراو کە پەیوەستە بە ئاسمانەکانەوە لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی شەرعناس کە دەکرێت دووچاری نەزانی و هەواو ئارەزووبازی و لادان ببێتەوە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی فیکری کۆنی ئیمامییەکان کە ڕەتی دەکردەوە پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ حوکمڕانان وەك ئەو گوێڕایەڵ بوونە بێت کە بۆ خودا پێویستە... ئا لێرەوە فیکری ئیمامی پارێزراو بوونی بە مەرج دانا لە (ئیمام)دا _ ئیمام بەڕەهایی _ دواتر وتیان دەق لە ئیمامدا پێویستە، پاشان ئیمامەتیان کورت هەڵهێنا لە ئال و بەیت و ڕەچەڵەکی و عەلی و حوسەین تا ڕۆژی دوایی. جا ئەگەر ئەو دەسەڵاتە ڕەها و فراوانانەی پێغەمبەرمان ((ﷺ)) دایە شەرعناس و لەسەر خەڵکیشمان پێویست کرد کە گوێڕایەڵ بن بۆی کەچی پارێزراویش نییە، جا چ جیاوازییەك دەمێنێتەوە لە نێوان شەرعناس و پێغەمبەردا؟.

جا مادەم شەرعناس مرۆڤێکی پارێزراو نییە ئەوا وەك کەسانی تر دەکرێت دووچاری هەواو هەوەس و حەزی سەرکردایەتی و بەرچاوتەنگی (حەسوودی) و سنوور شکاندن و یاخی بوون بێتەوە، بەڵکو زیاتر لە کەسانی تر دەکرێت دووچاری شتی مەترسیدارتر ببێتەوەو ببێتە تاکڕەو دیکتاتۆرێك لە میانەی

کۆکردنەوەی هێزو سامان  ئایین لە ناو چنگی دا، هەر ئەمەشە وامان لێدەکات دەسەڵاتەکانی ئەو زیاتر لە هی کەسانی تر پەرت و دابەش بکەین، نەك وەك پێغەمبەر یان (ئیمامە پارێزراوەکان)ی دابنێین، چونکە لەو کاتەدا دەبێتە سێبەری خودا لەسەر زەوی، دەسەڵاتێکی ڕەها پیادە دەکات بەسەر ئوممەتدا هەروەك چۆن پاپاکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەمەیان دەکرد.

بنەڕەتی کێشەی ئەم بابەتە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ ئاوێتەکردنی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) کە هەڵهێنجراوە لە هەندێك بەڵگەی گێڕانەوەی لاواز لەگەڵ تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) کە پشت دەبەستێت بە عەقڵ و پێویستی پێکهێنانی حکومەت لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا دوور لە بە مەرجدانانی پارێزراوی و دەقی خوایی و ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی، جا تێکەڵ کردنی ئەم دوو تیۆرە یان پەرەپێدانی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) بۆ ئاستی دامەزراندنی دەوڵەت سەری کێشا بۆ ئەوەی پلەو پێگەی شەرعناس وەك هی ئیمامی پارێزراو یان پێغەمبەری مەزنی لێبێت و دەسەڵاتی ڕەهای پێبدرێت، هیچ جیاوازییەك نەهێڵدرێت لە نێوان پارێزراو نا پارێزراو، سەرباری ئەوەی کەسی نا پارێزراو دەکرێت دووچاری نەزانی و هەڵە و لادان ببێتەوە، تەنانەت ئەمە تەواو دژە لەگەڵ بنەڕەتی فەلسەفەی کۆنی ئیمامییەکان کە پارێزراوی بە مەرج دادەنێن لە ئیمامدا.

ئەگەر لاوازی و نادروستی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) چەسپا بەهۆی نەبوونی (ئەو کەسەی جێگەی دەگیرێ و نوێنەرایەتی دەکرێ: ئیمامی مەهدی) و نە چەسپانی لە دایکبوونەکەی، ئەوا دەتوانین دەوڵەت لەسەر بنەڕەت و بنچینەی (شوڕا) و خۆ ڕێبەری ئوممەت دابمەزرێنین، بەو واتایەی ئیمام لەلایەن

ئوممەتەوە هەڵبژێردرێت و لە کانگای ویستی ئەوەوە سەرچاوە بگرێت، نوێنەری ئەو بێت، هەروەها پابەند بێت بەو سنوور و دەسەڵاتانەی ئومەت پێی دەدات و بۆی دیاری دەکات. لەبەر ئەوەی بەڵگە عەقڵییەکان مافی هەڵبژاردنی حوکمڕان دەدەن بە ئوممەت تا بە نوێنەرایەتی ئەو حوکم بکات، هەروەك مافی ئەوەش بە ئوممەت دەدات کە دەسەڵاتی بەسەر ئیمامدا هەبێت و چاودێری و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات و ئەو دەسەڵاتانەی پێبدات بەو ئەندازە و چۆنیەتیەی کە خۆی دەیەوێت، لەبەر ئەوەی کانیاو و سەرچاوەی دەسەڵات لە کاتی نەبوونی دەقی شەرعی و ئەو ئیمامەی لەلایەن خوداوە دیاریکراوە ئوممەتی ئیسلامە. لەبەر ئەوەی بەڵگە عەقڵییەکان دەسەڵاتی ڕەها ناداتە حوکمڕانی ئاسایی (نا پارێزراو) کە دەکرێت هەڵە بکات و ڕاستیش بکات و لابدات و ڕاستیش بڕوات، وەك ئەو دەسەڵاتەی دەداتە پێغەمبەر کە پەیوەستە بەخواوە لە ڕێ سروشەوە یان هەرگیز حوکمڕانی ئاسایی یەکسان ناکات بە (ئیمامی پارێزراو).

## ١٢_ چاوخشاندنەوە بە حوکمی پێنج یەك (الخمس)

لە میانەی چاوخشاندنەوە بە ڕۆڵی سەرچاوەبوون (مەرجەعیەت)ی ئاینی ئەوا پێویستە چاوبخشێنرێتەوە بە حوکمی پێنج یەك (الخمس) کە (زانایانی ئاینی) لێڕاهاتوون کە وەری بگرن لە شیعەکان لەوەتەی چەند سەدەیەکە، چونکە بنچینەی شەرعی ئیسلامی و شیعی لە دەستچووە، لە قورئانی پیرۆز تەنها لە کاتی دەستکەوتەکانی جەنگدا باسی پینج یەك (الخمس کراوە) هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ

وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴾ الأنفال: ٤١. واته: (_ ئەی باوەڕداران _ بزانن کە: بەڕاستی هەر چییەکتان دەستکەوت _ لە جەنگی بێ باوەڕاندا _ ئەوە بێ گومان پێنج یەکی بۆ خواو پێغەمبەر و خزمانی نزیکی پێغەمبەر و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە. _ چوار بەشەکەی تریشی بۆ ئەو تێکۆشەرانەیە کە لەو غەزایەدا بەشداریان کردووە _ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەخواو بەوەی دامانبەزادووە بۆ سەر بەندەمان _ محەممەد ((ﷺ)) _ لە ڕۆژی جیاکردنەوەکەدا _ کە غەزای بەدرە _ ئەو ڕۆژەی کە هەر دوو لەشکر بەرەنگاری یەك بوون، خوایش بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتدارە). پێغەمبەری ڕێزدار ((ﷺ)) و ئیمامی عەلی و حەسەن و حوسەین پێنج یەکیان لە ماڵ و سەروەتی شیعە وەرنەدەگرت، بەڵکو باقرو صادق لەگەڵ دروستبوونی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) داوای پێنج یەکیان لە شیعە کرد، دواتر فەتوا لەلایەن ئیمامەکانەوە دەرچوون بە حەڵاڵ کردنی پێنج یەك بۆ شیعەکان[1]. هەر بۆیە شیعەکان لە

(١) ئەمەش هەندێك گێڕانەوەن کە کلینی و توسی و عاملی باسیان کردووە:

١_ لە پەیامی ئیمامی مەهدی بۆ محەممەدی کوڕی عوسمانی عومری هاتووە: سەبارەت بە پێنج یەك (خمس) ئەوا بۆ شیعەکانمان حەڵاڵ کراوە تا کاتی دەرکەوتنی ئێمە. الطوسي، الغيبة ١٩٨.

٢_ محەممەدی کوڕی موسلم لە یەکێکیانی (پێم وابێت مەبەستی باقر و صادقە "وەرگێڕ") گێڕاوەتەوە: ناخۆشترین شت کە خەڵك لە ڕۆژی دوایی تێیدان ئەوەیە کە خاوەنی پێنج یەك (خمس) بێت و بڵێت: پەروەردگارم پێنج یەکەکەم، ئێمەش پێنج یەکمان بۆ شیعەکانمان بە پاکداناوە بۆ ئەوەی لەدایکبوونیان پاك بێت و منداڵەکانیان پاك بکەنەوە. الإستبصار ٥٧/٢. وسائل الشيعە ٥٤٥/٩.

٣_ بە زنجیرە (سەنەد)ی ئەو لە حەکیمی بانگبێژی هۆزی عیسەوە لە صادقەوە هاتووە: حەکیم دەڵێت پێم وت: بزانن ئەوەی لە دەستکەوتەکانی جەنگ دەستتان کەوتووە ئەوا پێنج یەکی بۆ خواو

سەدەکانی سەرەتادا و بەتایبەت لە سەردەمی پەنهان بووندا پێنج یەکیان نەدەدا. تەنانەت شەرعناسەکانی شیعە دوازدە ئیمامییەکان بە ڕوونی حوکمی پێنج یەك (الخمس)یان نەدەزانی و سەریان سوڕمابوو لە ئاستیدا[1]. بەهۆی نەبوونی دەقێکی

---

پێغەمبەرە، صادق وتی بەخوا دەستکەوتەکان ڕۆژ بە ڕۆژن بەڵام باوکم بۆ شیعەکانمانی حەڵاڵ کردووە تا پاك ببنەوە. وسائل الشیعە ٩/٥٤٦.

٤_ لە زورارەوە هاتووە، ئەویش لە باقری گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: میری باوەڕداران (سڵاوی خوای لێبێت): ڕێگەی بەواندا لە پێنج یەك (خمس)دا، واتە ڕێگەی بە شیعەکاندا بۆ ئەوەی لەدایکبوونەکەیان پاك بێت. وسائل الشیعە ٩/٥٥٠.

(١) شێخ موفید لە کتێبی (المقنعة)دا دەڵێت: (کۆمەڵێك لە هاوەڵانمان لەم بارەوە لە سەردەمی پەنهانی دا ڕاجیاییان تێکەوت و هەر یەکەیان بۆچوونێکی هەبوو: هەیان بوو لەبەر پەنهان بوونی ئیمام و ڕێگە پێدانی ئەو هەواڵانەی پێشتر لەو بارەوە هاتوون فەرز بوونی دەرکردنی پێنج یەك "خمس" و دەستکەوت "ئەنفال"یان پەکخست. هەیانە لە گەنجینە و خەزێنەکان بە پێویست دەزانێت، هەواڵێك کە هاتووە تەئویل دەکات: "لە کاتی دەرکەوتنی ئیمام گەنجینە و خەزێنەکان دەردەکەون، ئەگەر ئیمام _ سڵاوی خوای لێبێت _دەرکەوت ئەوا خودا شوێنی خەزێنەکانی پیشان دەدات، ئەویش خەزێنەکان لە هەر شوێنێك بێت دەیبات". هەشیانە پێی وایە پەوەنی هەیە لەگەڵ ڕەچەڵەك هەژارانی شیعە بە هاوەڵگەری. هەشیان بوو پێی وابوو کە جیا بکرێتەوە بۆ ئیمامی مەهدی، جا ئەگەر مەترسی مردنی خۆی کرد بەر لە دەرکەوتنی ئیمام ئەوا ماڵەکەی دەسپێرێت بەو کەسەی باوەڕی بە دینداریيەکەی هەیە، تا بیگەیەنێتە دەستی ئیمام ئەگەر گەیشتە کاتی دەرکەوتنی ئیمام... ئەگەرنا ڕادەسپێرێت بە کەسێکی دینداری وەك خۆی، بە پێی مەرجی دینداریی دەستاو دەستی پێ بکرێت تا دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی. ئەم ڕایەی دوایی لەلایی من لە هەموو ڕایەکانی پێشتر ڕوونترە، چونکە پێنج یەك "خمس" مافی ئیمامە، ئیمامیش وێنەی نەکردووە تا بەوشێوەیە خەرج بکرێت، هەر بۆیە دەبێت کەڵەکە بکرێت تا کاتی دەرکەوتنی ئیمام یان تا ئەو کاتەی دەگاتە دەستی یان بوونی ئەو کەسەی کە دەیگەیەنێتە دەستی، ئەمە وەك زەکات مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە هەر چەندە ئەو کەسانەی مافیان لە زەکاتدا هەبن ئەوا ئەرکی زەکات دەرکردن لا ناچێت، ناشبێت وەك خاوەنداریێتی ڕەفتار لەگەڵ زەکاتدا بکرێت کە مافی کەسانی ترە، بەڵکو پێویستە بە خود بپارێزرێت یان ڕادەستی ئەو کەسە بکرێت کە دەیگەیەنێتە ئەو چەند جۆرانەی کە شیاوی زەکات وەرگرتنن... هاوەڵانمان لەم بوارەدا بۆیە ڕاجیاییان تێکەوت، چونکە هیچ دەربڕینێکی ڕاشکاو نییە تا پەنای بۆ بەرن، تەنانەت نەکرانی ئەم کارە بەهۆی چڕی ناخۆشییەکە لەگەڵ بەرپاکردنی بەڵگە بەپێی داخوازی عەقڵ لەسەر پێویستی

ڕوون و ڕاشکاو لەوبارەوە لەلایەن شیعەکانەوە. تەنانەت شێخ توسی لە کتێبی (النهایه)دا بۆ ئەوەچوو کە پێنج یەك حەڵاڵ کراوە بۆ شتە پێویستەکانی شیعە لە ژن و ژنخوازی و شوێنی بازرگانی کردن و نیشتەجێ بوون[1]. سەلار لە کتێبەکەیدا (المراسم) لە بەشی (پێنج یەك: کتاب الخمس) پابەند بووە بە حەڵاڵکردن و ڕێپێدان و وتویەتی: (ئیمامەکان _ سڵاوی خوایان لێبێت _ پێنج یەکیان حەڵاڵ کرد لە سەردەمی پەنهان بووندا وەك بەخشش و ڕێزێك بۆ شیعەکان بە تایبەتی)[2]. و شێخ محەممەدی کوڕی ئیدریسی حیللی (٥٤٣ _ ٥٩٨) لە کتێبی (السرائر) وتویەتی پێنج یەك لە سەدەمی پەنهان بووندا بۆ شیعەکان حەڵاڵە لە بوارەکانی شوێنی نیشتەجێ بوون و بازرگانی و ژن و ژنخوازی، باسی ڕاجیایی شیعەی کردووە لەوبارەوە بەهۆی نەبوونی دەق (نص) لەوبارەوە[3]. و زانای لێکۆڵەر حیللی نەجمەدین جەعفەری کوڕی حەسەن (٦٠٢ _ ٦٧٦) لە (شرائع الإسلام _ کتاب الخمس) جەختی کردۆتەوە: لەسەر ڕەوایی پێنج یەك لە حاڵ پەنهان بووندا بۆ شیعە لە شتە پێویستەکان وەك ژن و ژنخوازی و شوێنی نیشتەجێ بوون و بازرگانی کردن، و وتویەتی: (پێویست نییە پشکی ئامادەبووان کە پێنج یەك "الخمس"یان پێ دەچێت پێیان بدرێت و دەربکرێت)[4]. و شێخ یەحیای کوڕی سەعیدی حیللی (٦٠١ _ ٦٩٠) لە (الجامع للشرائع) بۆ ئەوەچووە کە پێنج یەك و شتی تریش بۆ شیعەکان حەڵاڵە لەلایەن ئیمامەکانەوە لە حاڵەتی

---

خۆگرتنەوە لە هەڵسوکەوت کردن لەو شتانەی کە مرۆڤ خاوەنی نییە تەنها بە مۆڵەت پێدانی خاوەن نەبێت و پاراستنی سپاردە و ئەمانەتەکان بۆ خاوەنەکانیان و گەڕاندەوەی مافەکان). المفید، المفید ٤٦.

(١) الطوسي، النهاية ٢٦٥.

(٢) سلار، المراسم ٦٣٣.

(٣) هەمان سەرچاوە ١١٦.

(٤) هەمان سەرچاوە ١٨٢/١ _ ١٨٣.

پەنهان بووندا وەك ڕێز و بەخششێك[1]. و زانای بلیمەت حەسەنی کوڕی موتەهری حیللی لە کتێبی (تحرير الأحكام) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئیمامەکان پێنج یەکیان بۆ شیعە حەڵاڵ کردووە لە ژن و ژنخوازیدا لە حاڵی دەرکەوتن و پەنهان بوونی ئیمامدا. و شێخ توسی وتویەتی: شوێنی نیشتەجێ بوون و بازرگانیشی لەگەڵ ژن و ژنخوزای حەڵاڵ کردووە. توسی بە ڕاشکاوی فەتوای دا: (کە پێویست نییە پشکی ئەو کەسانەی پێنج یەکیان پێ دەشێت پێیان بدرێت)[2]. بەهەمان شێوە شەهیدی یەکەم (ـ ٧٨٦) لە کتێبی (الدروس الشرعيه) و (البيان)دا هەمان شتی کردووەو جەختی کردۆتەوە لەسەر ڕێپێدراوی پێنج یەك لە بواری ژن و ژنخوازی و شوێنی نیشتەجێ بوون و بازرگانی کردن و حەڵاڵ بوونی سەرجەم دەستکەوتەکان لە حاڵەتی پەنهان بوونی ئیمامدا[3]. و مەقدیسی ئەردەبیلی (ـ ٩٩٣) لە کتێبی (مجمع الفائدة والبرهان) ئەوەی پەسەند کردووە کە بە ڕەهایی هەڵسوکەوت کردن لە ماڵی ئیمامدا بۆ شیعە دروستە لە حاڵەتی پەنهان بوونی ئیمام دا، بەتایبەت ئەگەر پێویستیان پێ هەبوو، جا وتویەتی: (بزانە هەواڵ و خەبەرەکان بەگشتی... ئاماژە بە پێویست نەبوونی پێنج یەك دەکەن بەگشتی لە کاتی ئامادەبوون و پەنهان بوونی ئیمامدا، بەو واتایەی کە هەتا هەتا و بێ چەند و چوون پێویست و فەرز نییە وەك ئەوەی ئیمامەکان هەواڵیان پێدرابێت لەوبارەوەو بەمەش زانیبێتیان کە هەردەم پێویست نییە) و زیاتر وتویەتی: (نابێت بوترێت ناکرێت پێنج یەك حەڵاڵ نییە لە دوای مردنی ئیمامەکان _ سڵاوی خوای لێبێت _ لەبەر ئەوەی ماڵی یەکێکی جگە لە

---

(١) هەمان سەرچاوە ١٥١.

(٢) هەمان سەرچاوە ٧٥.

(٣) هەمان سەرچاوە ٦٩ _ ٧٠ والبيان ٢٢١ من الطبعة الحجرية.

ئیمامەکانە، سەرباری ئەوەی بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە کراوە کە پێنج یەك پێویست نییە تا دەرکەوتنی مەهدی و ڕۆژی دوایی. بەڵکو ئەوەی دیارە: پێنج یەك بە گشتی و تەنانەت پشکی هەژارانیش لەکار کەوتووەو نادرێت، بە ڕەهایی دروستە پێنج یەك بخورێت، جا چ لە دەستمایەیماڵی خۆی یان هی یەکێکی تر بخوات، و ئەو هەواڵانە ئاماژەیان کردووە بەوەی لە کاتی پەنهان بووندا پێنج یەك پێویشت نییە، ئەگەرچی دانی پێنج یەك بە بە ئەوانەی پێیان دەشێت باش و خێر بێت، هەروەك ئەمە بۆچوونی هەندێك کەسە، لەگەڵ ئەوەی پێشتر خرایەڕوو کە شوێنی پێویست بوونی پێنج یەك پێش نەهاتووە تەنها کەمێك نەبێت، بەهۆی نەبوونی بەڵگەیەکی بەهێز لەسەر قازانج و دەستهاتەکان و نەبوونی دەستکەوتەکانی جەنگ)[1].

سەید محەممەد باقر سەزواری (١٠١٨ك _ ١٠٩٠ك) لە کتێبی (كفاية المرام) و (ذخيرة المعاد) ئەو بۆچوونەی پەسەند کردووە کە پێنج یەك لە قازانەجەکان لە سەردەمی پەنهان بووندا لاچووەو پێویست نییە، و وتویەتی: (ئەوەی لە چەندین هەواڵەوە هاتووە لە بابەتی قازانجەکان وەك گێڕانەوە ڕاستەکانی: حەرسی کوڕی موغەیرەی نەزری و فوزەلا و زوراره و عەلی کوڕی میهزیار و زەریس و حەسەنی فوزەیل و گێڕانەوەی محەممەدی موڕی موسلیم و داودی کوڕی کەسیر و حەرسی کوڕی موغەیرە و موعادی کوڕی کەسیر و ئیسحاقی کوڕی یەعقوب و عەبدوڵای کوڕی سینان و حەکەمی بانگدەری هۆزی عەبس: کە پێنج یەك ڕێپێدراوە بۆ شیعەکان). و بەرپەرچی هەندێك ڕەخنەی داوەتەوە کە لەسەر ئەم بۆچوونە هەبوونە و وتویەتی: (ئەو هەواڵانەی باسی حەڵاڵ بوونی پێنج یەك دەکەن ڕاست

---

(١) هەمان سەرچاوە ٣٥٥/٤ _ ٣٥٨.

و ڕاشكاوترن و نابێت فەرامۆش بكرێن لە پێناو ئەو چەند هەواڵەی خرانەڕوو، بەشێوەیەكی گشتی: بە ڕەوایی دانانی پێنج یەك لە سەردەمی پەنهان بووندا بێ هێز نییە)[1]. و محەممەد حەسەنی فەیزی كاشانی لە (مفاتيح الشريعة)دا هەمان شتی كردووەو ئەو تیۆرەی پەسەند كردووە كە پێی وایە پشكی تایبەتی ئیمامی مەهدی پەنهان پەكخراوە بەهۆی ئەوەی ئیمامەكان ئەو پشكەیان بۆ شیعە بە ڕەوا داناوە[2].

بەڕێز تەباتەبائی لە كتێبی (رياض المسائل) بەشی (الخمس): پێنج یەكی بۆ ژن و ژنخوازی شیعەكان حەڵاڵ كردووە، بەپێی ڕای ناودارو بەناوبانگ، و وتویەتی: شێخ كەڵك وەرگرتن لە پێنج یەك لە بواری بازرگانی و نیشتەجێ بوونیشی بەهەمان شێوەی ژن و ژنخوازی بە ڕەوا داناوە[3].

سەید محەممەد عەلی تەبا تەبائی (- ١٠٠٩) لە (مدارك الأحكام)دا وتی: (ڕای ڕاست ئەوەیە كە هەموو پێنج یەك و دەستكەوتەكان حەڵاڵن، هەروەك دوو شەهیدەكە و كۆمەڵێك بە دەق باسیان كردووە، بەهۆی ئەوەی هەواڵی باس لەوە دەكەن كە پشكی ئیمامەكان لە حاڵەتی پەنهان بووندا حەڵاڵە.... جا هەر چۆنێك بێت ئەوا ئەوەی لە هەواڵەكانی پێشوو دەخوازرێت ئەوەیە كە بەشی ئیمامەكان لە هەموو شتەكاندا حەڵاڵە)[4].

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٢٩.

(٢) هەمان سەرچاوە ٢٢٩ مفتاح رقم ٢٦٠.

(٣) هەمان سەرچاوە ٢٩٩.

(٤) هەمان سەرچاوە ٣٤٤.

کاتێك هەندێك لە شەرعناسان لە کاتێکی دواتردا وتیان پێویستە پێنج یەك دەربکرێت ئەوا نەیانزانی چی لێ بکەن، بۆیە پێشنیاریان کرد چاڵی بکەن یان وەسیەتی لەبارەوە بکەن و بیپارێزن تا کاتی دەرکەوتنی مەهدی[1]. و کوڕی بەراجی دادوەر وتی دەبێت پشکی ئیمام لەلایەن ئەو شەرعناسانەی مەزهەب دابنرێت کە ئاینداری و ئەمینداریەکەی جێگای متمانەیە و داوای لێبکرێت کە بیگەیەنێتە دەستی ئیمامی ئەگەر بە ئیمام گەیشت لە کاتی دەرکەوتنیدا، ئەگەر نە گەیشتە کاتی دەرکەوتنی ئیمام ئەوا با بەوەسیەت کەسێکی تر جگە لە خۆی بەم ئەرکە ڕاسپێررێت[2]. دواتر زانای بلیمەت حیللی هات و لە (تحرير الأحكام)دا وتی دەرکردنی پێنج یەك پێویستە و دەبێت لەسەر بەشەکانیدا دابەش بکرێت لە سەردەمی پەنهان بووندا[3]. بەڵام ئەم بۆچوونە بەهێزەوە لە ناوەندەکانی

---

(١) شێخ ئەبو صەلاحی حەلەبی لە کتێبی (الكافي في الفقه) فەتوای دا بەوەی پێنج یەك (خمس) پێویستە، بەڵام ناوبراو وتی دەبێت نیوەی پێنج یەك جیا بکرێتەوە بۆ کاربەدەست (مەهدی چاوەڕوانکراو) تا پێی دەگات، ئەگەر گەیشتن بە مەهدی سەخت بوو و ئەستەم بوو ئەوا پێویستە پێش مردنی وەسیەت بکات بۆ کەسێك کە باوەڕی بە ئایین و تواناکەی هەیە تا ئەرکەکە لە جیاتی ئەو جێبەجێ بکات، بەشەکەی تری پێنج یەك با دەربکات و بداتە نەدارو هەژارو هەتیوو ڕێبوارەکانی خانەوادەی عەلی و جەعفەرو عەقیل و عەبباس. (هەمان سەرچاوە ١٩٤). و کوڕی بەراجی دادوەر لە کتێبی (المهذب)دا بە تێروتەسەلی دواوە لەبارەی حەڵاڵ کردنی پێنج یەك لە ژن و ژنخوازی و شوێنی بازرگانی و نیشتەجێ بوون دەکەن، ناوبراو بە دروستی زانیوە تەنها بۆ شیعەکان نەك خەڵکی تر کە هەڵسوکەوت بکەن لە پێنج یەکدا لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمامدا (سڵاوی خوای لێبێت)، ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە تایبەتە بە ئیمام، پێی وایە بەشی ئیمام نابێت دەستکاری بکرێت، ئەو تیۆرەی پەسەندکردووە کە پێی وایە پشکی ئیمام دەبێت هەڵبگیرێت لە ماوەی ژیاندا تا گەیشتن بە ئیمامی مەهدی، ئەگەر خۆی پێی نەگەیشت ئەوا پێویستە وەسیەت بکات بۆ یەکێکی تا دوای مردنی بگەیەنێتە دەست ئیمام. و وتویەتی: (ئەمە دووربینانەتر و باشترە بۆ لەسەر ئەستۆ لادان). هەمان سەرچاوە ١/١٨٠_١٨١.

(٢) المهذب ١/١٨٠.

(٣) هەمان سەرچاوە ٧٥.

شەرعناسە شیعەکان جێگیر نەبوو، کەچی (شەهیدی یەکەم) کە نزیکەی سەدەیەك لە دوای ناوبراوەوە هات دوو دڵ لەبارەیەوەو وتی: بەندە سەرپشکە لە هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو بۆچوونەکان، بۆچوونی کۆن: چاڵکردن و وەسیەت لەبارەوە کردن، بۆچوونی نوێ: خەرج کردن، و نزیکتر کردەوە لە کتێبی (الدروس الشرعیة) بەوەی وتی: دەکرێت پشکی بەشەکان بۆیان خەرج بکرێت و سەرپشك بوون لەبارەی پشکی ئیمام لە چاڵکردن و وەسیەت لەبارەوە کردن، بە ڕەزامەندی و مۆڵەتی نوێنەری پەنهان بوون کە شەرعناسی ئیمامی دادگەرە کە سیفەتەکانی فەتوادانی تێدا کۆبووەتەوە[1]. حوکمی واجب و پێویست بوونی لەبارەوە نەدا، بەڵکو حوکمی سەرپشك بوونی لەبارەوەدا، سەرباری پێشخستنی حوکمی چاڵکردن و وەسیەت لەبارەوە کردنی. سەرباری دامەزراندنی دەوڵەتی (جەلائیریە)ی شیعە لە خوراسان لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە ڕۆژانی (شەهیدی یەکەم) و پشت پێبەستنی و داوا لێکردنی کە بێت بواری شەرعی و یاسادانان بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەو بابەتەی گەشە پێنەدا بەوشێوەیەی خزمەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بکات کە پێویستی بە پارە هەبوو بۆ خەرج کردن و دابەش کردنی بەسەر هەژاراندا.

شێخ کەرکی هەمان شتی کرد، کاتێك دەوڵەتی صەفەوی لە لوبنانەوە لە سەدەی دەیەمی کۆچی داوای هاتنی لێکرد، کەرکی هەر لەسەر بۆچوونەکەی مایەوە کە بریتییە لە سەرپشك بوون لە خەرج کردنی پشکی ئیمام یان پاراستن و گلدانەوەی تا کاتی دەرکەوتنی مەهدی.

---

(١) هەمان سەرچاوە ٦٩.

شێخ محەممەد حەسەن نەجەفی (– ١٢٦٦) لە کتێبی (جواهر الكلام) لە توێژینەوەی کردووە بۆ حوکمی ماڵ و موڵکی ئیمام لە سەردەمی پەنهان بووندا بەشێوەیەکی تێرو تەسەل لەوبارەوە دواوە و دواری ئەوەی ئەو خەبەرانەی خستەڕوو کە پێنج یەك بۆ شیعە حەڵاڵ دەکەن وتی: (بەهەر شێوەیەك بووبێت ئەوا قوڵی ئەو هەواڵە ڕەچاوکراو زۆرانە کە خەریکە بگاتە ئاستی ڕێژنەبوون "تەواتر"، کە هەموو جۆرەکانی بەڵگەهێنانەوەی سەرسوڕهێن و نهێنی نامۆی تێدایە، ئەوا شەرعناس بە دڵنیاییەوە بەوە دەگات کە ئیمامەکان لە سەردەمی پەنهان بووندا ئەم ماڵ و موڵکەیان بە ڕەوا داناوە بۆ شیعەکانیان، کەوتۆتە دەستی دوژمنەکانیان)[١]. و نەجەفی لە مەسەلەی سێیەم لە بەشی (الخمس)دا وتی: کۆمەڵێك بە ڕاشکاوانە باسی ئەوەیان کردووە کە ئیمامەکان ژن و ژنخوازی شوێنی نیشتەجێ بوون و دوکانەکانیان لە حاڵەتی پەنهان بووندا بە ڕەوا داناوەو ئەگەرچی ئەمە هەموویان هی ئیمامی مەهدین بەڵام نابێت پشکی ئەوانەی کە ئامادەن دەربکرێت... ئەگەرچی دەربڕینەکانیان جیاوازی هەبێت سەبارەت بە شتە ڕەواکە کە دەستکەوتە یان پێنج یەکە یان گشتگیرترە[٢]. و لەگەڵ ئەوەدا بە پێویستی دانا لە کاتی پەنهان بووندا پشکی ئیمام (سڵاوی خوای لێبێت) لە پێنج یەك خەرج بکرێت لەو بەشانەی هەن[٣].

لەوانە نەجەفی (صاحب الجواهر) یەکەم کەسە کە پێدانی پێنج یەکی بە کۆششکار (مجتهد) بە پێویست داناوە، ناوبراو زۆر بەهێز فەتوای دا: کە پێویستە

(١) هەمان سەرچاوە ١٤١/١٧.

(٢) هەمان سەرچاوە ١٤٥.

(٣) هەمان سەرچاوە ١٧٣.

حوكمڕان (واتە: شەرعناسی دادگەر) ئەرکی خەرج کردنی پشکی ئیمام بگرێتە ئەستۆ. دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەید کازمی یەزدی شوێنی کەوت، جا فەرمانی کرد بە گێڕانەوەی نیوەی پێنج یەك (الخمس) کە هی ئیمامە لە سەردەمی پەنهان بووندا بۆ نوێنەری ئیمام، کە بریتییە لەو کۆشکار (موجتەهید)ەی مەرجەکانی تێدا کۆبوونەتەوە، بە پێویستی داناوە ئەو پشکە بگەیەنرێتە دەستی نوێنەرەکە یان بە ڕەزامەندی ئەو دابەش بکرێت بەسەر ئەو کەسانەی شیاون[1]. و سەرباری ئەوەی یەزدی لە سەرجەم دەروازە و بابەتەکانی تری فیقهدا باوەڕی بە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) نییە.

بەڵام سەید موحسین حەکیم لە کتێبی (مستمسك العروة الوثقى) لەو حوکمە پاشگەزبووەوە، پێی وابوو پێویست نییە لەخەرج کردنی پشکی ئیمام لە بوارێکی دیاریکراودا ئەگەر ڕەزامەندی ئیمامی پێکا بگەڕێتەوە بۆ دادوەری شەرعی مەگەر بە بۆچوونێکی لاواز نەبێت.

شێخ حەسەن فەرید مافی پێنج یەك (الخمس)ی لە ئیمامی مەهدی سەندەوە بەهۆی پەنهان بوونی و هەڵنەسانی بە ئەرکەکانی ئیمامەت و وتی: پێویستە یەکێك لە خەڵك هەڵبستێت بە وەرگرتنی پێنج یەك و دابەش کردنی بەسەر خەڵکدا چونکە ئەمە لە چوارچێوەی بابەتی فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردنە لە خراپە، ئەمە جۆرێکە لە فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و ئیمامیش کەسێك یان پۆلێکی دیار نەکردووە کە لە کاتی پەنهان بوونی دا سەرپەرشتی کاری وەرگرتن و دابەش کردنی بکەن، و وتویەتی:

---

(١) اليزدي، العروة الوثقى ٤٠٣/٢ _ ٤٠٥.

شەرعناس دەسەڵاتی خەرج کردنی پێنج یەکی هەیە بەسەر خاوەنەکانیان، بەڵام شەرعناس ئەم دەسەڵاتەی لە قورئان و سوننەتەوە وەرنەگرتووە بەڵکو لە بەڵگەی فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە و پێویست بوون وەری گرتووە[1].

شتێکی ڕوونە کە ئەم بۆچوونانە گەشەیەان کردووە لەگەڵ گەشەکردنی خودی حوکمی پێنج یەك لە ڕێپێدراوی (إباحە) بۆ پێویست بوون (وجوب) و دروست بوونی سەرچاوە بوون (مەرجەعیەت)ی ئاینی لەسەر بنەڕەتی (نوێنەرایەتی گشتی) یان (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە). بەڵام دوای گەشەسەندنی فیکری سیاسی شیعەی هاوچەرخ بۆ ئاستی دەوڵەت و سیستەمی دیموکراسی ئەوا هیچ پێویست نییە (زانایانی ئاینی) یا شەرعناسان هەڵسن بە سەرپەرشتی کردنی کۆکردنەوەی پێنج یەك و دابەش کردنی بەسەر خەڵکدا، هیچ بنچینەیەکی شەرعی ئیسلامی یان شیعی نییە بۆ ئەو بۆچوونەی لە سەدەکانی کۆتایی لەلای شیعە کان دەرکەوت، سەرەڕای ئەوەی حوکمی دەرکردنی پێنج یەك لە ماڵی گشتی (جگە لە دەستکەوتەکانی جەنگ) هەر لە بنەڕەتدا نەچەسپاوە.

## ١٣_ چاوخشاندنەوە بە ڕێوڕەسمەکانی شیعە

ڕێوڕەسمەکانی شیعە (گریان بۆ حوسەین و لەخۆدان بە شەق و شمشێر و زیارەتکردنی گۆڕی ئیمامەکان و داواکردنی تکا و شەفاعەت لێیان لە ڕۆژی دوایی دا و پاڕانەوە لێیان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان و هاناو هاوار بۆ بردنیان لە

---

(١) الفريد، رسالة في الخمس ٨٣ _ ٨٦.

دونیا و هاوشێوەی ئەم شتانە). دیارترین ڕووخسارە جێماوەکانی شیعەگەرێتیی ئاینیە دوای لەناوچوونی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و کۆتایی هاتنی سەردەمی ئیمامەکان بە نزیکەی هەزارو دوو سەد ساڵ، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی ئیمامەکان بۆ بابەتێکی سەرەکی ناوەندی لە بیروباوەڕی شیعەدا و هەوڵی شیعە هاوچەرخەکان بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەری ئیمامەکان و کارلێك کردن لەگەڵ خەم و خەفەت و خۆشی ئەوان و بە گەورەگرتنی گۆڕەکانیان بەو هیوایەی پاداشت لەلای خوا و تکاو شەفاعەتی ئیمامەکانی ئال و بەیت لە ڕۆژی دواییدا دەستبخەن.

ئەم هەڵوێستە لایەنگیرییەی شیعە بە وەڵامێکی زیندوو دادەنرێت بۆ بۆچوونەکانی ڕاگەیانی ئیمامی کە ڕۆڵێکی مەزن و سەرکەوتووی گێڕا لە کێشکردنی شیعەکان بەرەو ئیمامەکان بە زیندوویی و بە مردوویی.

خۆدارنین نایەتە کایە لە فشاری ڕێوڕەسمەکانی شیعە تەنها بە چاوخشاندنەوە نەبێت بە بیروباوەڕی (ئیمامەتی خوایی) و بوونی ئیمامەکان وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی یاسادانان، ئەمەش لەبەر ئەوەی شیعەکان هەڵدەستن بەو ڕێوڕەسمانە (نزاو زیارەت و لەخۆدان و گریان) بە ئامانجی دەستخستنی پاداشتێکی مەزن لە دوارۆژدا بەوپێیەی ئەو گێڕانەوانە باسی لێوەدەکەن کە لە باقرو صادقەوە هاتوون. و _ بۆ نمونە _ وا دادەنێت ئەوەی فڵانە نزایە بخوێنێت ئەوا سەدان هەزار چاکەی پێ دەگات[1]. و ئەندازەی خێر و

(١) دەقەکە بەم شێوەیەیە کە لە ئیمامی باقرەوە دەگێڕدرێتەوە کە گوایە وتویەتی: (هەر بەندەیەك سێ جار لە بەیانیان و ئێواران بڵێت: ڕازیم بەوەی خوا پەروەردگارم بێ و محەممەد (ﷺ) پێغەمبەرم بێت و قورئان ڕاگەیەنراو بێت و عەلی ئیمام بێت، ئەوا ئەو کاتە لەسەر خوای باڵادەست و بەهێز

چاکەی زیارەتی حەسەن لە شاری کەربەلا بە خێری بیست حەج و بیست عومرە یان زیاتر دادەنێت[1] و بە ئەندازەی کە هەزار بەندەی ئازاد کردبێت و هەزار ئەسپی ئامادە لە پێناوی خوا ببەخشێت[2]. ئەم گێڕانەوانە لەلای هەموو شیعەکان قبوڵ دەکرێت، چونکە لە ئیمامەکانەوە گێڕدراوەتەوە، جا شیعەکان _ بەپێی تیۆری ئیمامەتی خوایی _ ئیمامەکان وەك سەرچاوەیەك دادەنێن لە سەرچاوەکانی سروش و یاسادانان، ئەگەرنا لە کوێ ئیمامی صادق دەزانێت زیارەتی حوسەین گەورەترە لە حەج و عومرە و کۆیلە ئازاد کردن و تێکۆشان (جیهاد) باشترە؟ و لەسەر چ بنەمایەك ئەمە دەڵێت؟ و لە کوێوە ئیمام دەزانێت: (خوا چوار هەزار فریشتەی تەپ و تۆزاوی ئەرکدار کردووە کە تا ڕۆژی دوایی لەلای گۆڕی حوسەین بگریەن، و ئەوەی زیارەتی حوسەین دەکەن و ماڵی ئەو دەزانن ئەوا فریشتەکان دایدەپۆشن تا دەیگەیەننە شوێنی ئارام و ئەگەر کەسەکە نەخۆش بوو بەیانیان و ئێواران سەردانی دەکەن، ئامادەی بە خاك سپاردنی دەبن و تا ڕۆژی دوایی داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن)[3].

ئەگەر سەیرێکی ئەو فەرموودانە بکەین کە بناغە دادەڕێژن بۆ ڕێوڕەسمەکانی شیعە ئەوا دەبینین بۆ نمونە بەڵێنی لێخۆش بوون دەدات لە

---

پێویست دەبێت لە ڕۆژی دواییدا ئەم بەندەیە ڕازی بکات). الكليني، الكافي، كتاب الدعاء، باب القول عند الإصباح والإمساء، ح رقم ١٢.

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٨٧ و لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: بە ئەندازەی بیست و پێنج حەجە. هەمان سەرچاوە، ح رقم ٨١٨٩ _ ٤.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٩٠ _ ٥.

(٣) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٩١ _ ٦ والكافي، الكليني، ح رقم ٨١٩٢ _ ٧.

گوناهی پێشرو دواتر ئەو کەسەی زیارەتی گۆڕی حوسەین دەکات[1]. فەرموودەکان بە ناوی ئاسمانەوە دەدوێن: (ئەگەر نیوەی مانگی شەعبان هات ئەوا بانگدەرێك لە ئاسۆیە هەرە بەرزەکانەوە هاوار دەکات: ئەی ئەوەی زیارەتی حوسەین دەکەن بگەڕێنەوە خوا لێتان خۆشبووەو پاداشتان لەسەر خوایە و محەممەدیش پێغەمبەری خوایە)[2]. و (ئەوانەی لە ئاسمانەکانەوە بۆ ئەو کەسەی زیارەتی گۆڕی حوسەین دەپاڕێنەوە زۆر لەوانە زیاترن کە لە زەوی بۆی دەپاڕێنەوە)[3]. ئەمەش تەنها خوای باڵادەست دەزانێت و قورئانی پیرۆزو پێغەمبەریش لەوبارەوە بۆمان نەدواون، جا ئیمامی صادق لە چۆن ئەمەی زانی و لە کوێوە هێنای؟.

شتێکی بەڵگە نەویستە کە موسڵمانی ئاسایی ئەو فەرموودانە قبوڵ ناکات بەڵکو داوای بەڵگەیەك دەکات لە قورئانی پیرۆز یان سوننەتی بەپێزەوە، و ناکرێت باوەڕ بهێنرێت بە وتەی هەر کەسێك کە بە ناوی ئاسمانەوە دەدوێت، بەڵام ئەوەی باوەڕی بە تیۆری ئیمامەتی خوایی و بوونی پەیوەندیەکی تایبەتی ئیمامەکان لەگەڵ ئاسمانەکان هەیە ئەوا بە پەلە باوەڕ بەو فەرموودانە دەکات و بەڕاستیان دادەنێت، لەوانەیە توێژینەوە لە زنجیرە (سەنەد)ەکەی بکات بەڵام ملکەچی دەبێت کاتێك دڵنیا دەبێت کە لە ئیمامەوە هاتووە. و سەرباری بوونی گومانی بەهێز لە سەر ژمارەیەك گێڕەرەوە (ی زیادەڕۆچوو) کە وێنەی ئەم فەرموودانەیان لە ئیمامەکان گێڕاوەتەوەو پێشبینی ئەوەی کە خۆیان هەڵیانبەستبێت، ئەوا لەگەڵ

---

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٩٥ _ ١٠.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٨٢١٩ _ ٩ و ح رقم ٨١٩٤ _ ٩.

(٣) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٩٦ _ ١١.

ئەوەشا بڵاوبوونەوەی ئەو فەرموودانە بەهۆی ئەوەوە بووە کە تیۆری ئیمامەت لە ناو شیعەکان بڵاوببووەوە.

بە مەبەستی نەهێشتی ئەم کێشەیە و بنبڕکردنی ئەوا هەندێك لەو فەرموودانەی دراونەتە پاڵ ئیمامی صادق هەوڵ دەدەن کە گەورەیی زیارەتی ئیمامەکان بدەنە پاڵ پێغەمبەر جا لە پێغەمبەر ((ﷺ)) دەگێڕنەوە کە گوایە فەرموویەتی: (ئەی عەلی ئەوەی زیارەتی من بکات لە ژیانمدا یان دوای مردنم یاخود زیارەتی تۆ بکات لە ژیانتدا یاخود لە دوای مردنت، یان زیارەتی دوو کوڕەکەت بکات لە ژیانتدا یاخود لە دوای مردنیان ئەوا دەستەبەری ئەوەیان بۆ دەکەم کە ڕزگاریان بکەم لە سەختی و ناخۆشییەکانی ڕۆژی دواییدا تا دەیگەنمە ئاستی پلەی خۆم و دەیهێنمە ڕیزی خۆم)[1]. بۆ نمونە ئەگەر ئەو فەرموودەیە لە جگە لە ڕێی ئیمامەکانەوە هاتبووبا ئەوا پێویست دەبوو پرسیار لەبارەی زنجیرە (سەنەد) و توێژینەوەی لەسەر دەقەکەی کرابا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئیمامی پارێزراوەوە هاتووە ئەوا بەرزترە لە ڕەخنە و پرسیارو تاوتوێ کردن. بە خەیاڵی شیعەیەك کە باوەڕی بە تیۆری ئیمامەتی خوایی هەیە نایەت کە گومانی بۆ دروست بێت سەبارەت بە ڕاست و دروستی فەرموودەکە.

ئەگەر بمانەوێت هەڵوەستە بکەین لەسەر هەندێك لەو فەرموودانەی کە هانی زیارەت کردنی گۆڕی ئیمامەکان دەکەن دوور لەو بازنە پیرۆزەی کە دانراوە لە دەوری ئیمامەکان ئەوا پڕ دەبووین لە سەرسوڕمان و بەتووندی ڕەتمان دەکردەوە، لێرەدا فەرموودەیەك هەیە پێی وایە کە خواو پێغەمبەران و

---

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٨٤ _ ٢.

باوەڕداران زیارەتی ئیمام دەکەن[1]. و ئەوەی زیارەتی یەکێك لە ئیمامەکان بکات ئەوا وەك ئەوەیە زیارەتی خوا بکات لەسەرووی عەرشی خواوە[2]. و فەرموودەکانی (زیارەتی ئیمامەکان) پڕن لە زیادەڕۆچوون و بێ باوەڕی و تیۆری (موفەویزەکان) وەك زیارەتی کۆمکار (الجامعه) کە ڕووی گوفتار دەکاتە ئیمامەکان وەك ئەوەی کلیلی بوونەوەر و ئامرازی بەدیهێنان و هۆکاری باران بن، جا دەڵێت: (خوای گەورە بەئێوە خاڵی دەسپێکی کردەوە و بە ئێوەش دایدەخات، بە ئێوە ئەوەی بیەوێت دەسڕێتەوەو جێگیر دەکات... بەئێوە درەختەکان دەڕوێن، بەروبوومی درەختەکان بە ئێوە دەپشکوێن، بەهۆی ئێوەوە دڵۆپەی باران و ڕزق و رشۆزی ئاسمان دادەبەزێت... ویستی خوا لە ئەندازەگیری کاروبارەکان بۆ لای ئێوە دادەبەزێت و لە ماڵی ئێوە دەردەچێت)[3].

پێویستە سوپاسی خوای گەورە بکەین لەسەر ئەوەی زانا لێکۆڵەرەکانی شیعە ئەو فەرموودانەیان ڕەت کردۆتەوەو زۆربەی گێڕانەوەکانی کتێبی (الکافی)یان بەلاواز داناوە و جەختیان کردۆتەوە لەسەر لاوازی گێڕەڕەوەکانی، بەڵام هەندێك لە خەبەرییەکان لەوانەیە گرنگی بدەن بە پرسیار کردن لەبارەی بەڵگەی لاوازی ئەو گێڕانەوانە و ناسینی کەسە لاوازەکان و هۆکاری لاوازیان، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر پێداگیریان تەنها لەسەر زنجیرە (سەنەد) و ملکەچ بوون بۆ گێڕانەوەکانی ئیمامەکان ئەگەرچی شیاوی بە باوەڕپێ کردنیش نەبن و شایەنی قبوڵ نەبن و دەروون ڕەتیان بکاتەوە، ئەمەش بەهۆی باوەڕی خەبەرییەکان بە

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٨٥ _ ٣.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٨٢٠٤ _ ٥ و ح رقم ٨٢٠٣ _ ٧.

(٣) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٧٨ _ ٢.

پارێزراوی ئیمامەکان و بەوەی سەرچاوەیەکن لە سەرچاوەکانی زانست و یاسادانان.

دوای باوەڕ بوون بە ڕاست و دروستی هەر شتێك كە لە ڕێی ئیمامەکانەوە بێت ئەوا باوەڕبوون بە پێگە تایبەتیەکەیان لەلای خوا وایان لێدەکات کار بە فەرموودەکانیان بکەن بەو هیوایەی تکاو شەفاعەتی ئەوان دەست بخەن لە ڕۆژی دواییدا، هەروەك ئەم فەرموودەیە کە لە ئیمامی ڕیزاوە هاتووە واتایەکی لەو شێوەیە بەدەستەوە دەدات: (هەر ئیمامێك پەیمانێکی لە ئەستۆی لایەنگران و شیعەکانی دا هەیە و تەواو بەوەفا بوون لەگەڵ پەیمان و جوان پیادەکردنی ئەوا زیارەت کردنی گۆڕی ئیمامەکانە، هەر کەسێك بە حەزەوە زیارەتیان بکات وەك باوەڕ بوون بەوەی ئیمامەکان پێیان خۆشبووە ئەوا ئیمامەکانیان دەبنە تکاکاریان لە ڕۆژی دواییدا)[1]. و هەروەك زیارەکە هانی ئەوە دەدات کە لە دان بە گوناهەکاندا بنێن لە خزمەت حوسەیندا وەك ڕێخۆشکەرێك بۆ ئەوەی داوای لێبکرێت تکا و شەفاعەت لەلایەن خوا بکات و کردنی بە هۆکار لە نێوان مرۆڤ و خوا[2]. (ئیمامەکان لەلای خوا زیندوون و ڕزق و ڕۆزیان پێ دەدرێت و قسە دەبیستن و وەڵامی سڵاو دەدەنەوەو پێگەیەکی ئاینی تایبەتی و بەرزیان لەلای خوا هەیە، کە هاوشێوە پێگە و پایەی پێغەمبەران و فریشتەکانە، بەشێوەیەك کە توانایان هەیە تکا و شەفاعەت بکەن لە ڕۆژی دوایی دا و گوناهباران ڕزگار بکەن)[3].

---

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٧١ _ ٢.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٨١٧٩ _ ٣.

(٣) الكليني، الكافي، كتاب الروضة، ح رقم ٣٥.

ئەو فەرموودانەش لەبیر نەکەین کە دەدوێن لەسەر ئامادەبوونی ئیمامەکان لەکاتی مردنی تاکی شیعە و فریاکەوتنی لە یەکەم وێستگە لە وێستگەکانی دواڕۆژ[1] و ڕزگارکردنی لە فشارو سزای گۆڕو یارمەتی دانی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هەر دوو فریشتەی (مونکەر و نەکیر)[2] و پێ ناساندنی شوێنکەی لە بەهەشتدا[3]. هەموو ئەو گێڕانەوانە کە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووەو لە پێغەمبەری مەزنەوە نەهاتووە بەڵام ئیمامییەکان لە ئیمامەکان دەگێڕنەوە بەوپێیەی ئیمامەکان غەیب دەزانن و پەیوەندیان لەگەڵ ئاسمان هەیە. و هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر ئەمە نییە.

شتێکی تر هەیە لە کێڵگەی ڕێوڕەسمی شیعەکاندا، ئەویش بریتییە لە بەگەورەدانانی گۆڕی ئیمامەکانی ئال و بەیت و دروستکردنی تەلار لەسەری و ڕازاندنەوەی بە زێڕو زیو، ئەمەش شتێکە لە سەردەمانی دواتردا لەلای شیعەکان هاتە کایە، بەڵام لە سەرچاوەیەکی ئاینی یان لە خودی فەرموودەیەکی ئال و بەیتەوە نەهاتووە، بەڵکو فەرموودە بە پێچەوانەی ویستی شیعەکانەوە هاتووە، کلینی لە کتێبیی (الكافي) لە کۆمەڵێك لە هاوەڵانمان دەگێڕێتەوە لە سەهلی کوڕی زیادەوە لە حەسەنی کوڕی مەحبوب لە عەلی کوڕی ریئاب لە حەلەبیەوە کە وتویەتی: صادق وتویەتی: (باوکم لە وەسیەتەکەیدا نووسیویەتی لە سێ بەرگدا کفنی بکەم... فەرمانیشی پێکردووم گۆڕەکەی بەرز بکەمەوە بە ئەندازەی چوار پەنجەی کە لێك جیادەکرێنەوە)[4]. ئەمە لەگەڵ سوننەت یەکدەگرێتەوە و

---

(١) الكليني، الكافي، ح رقم ٤٣٢٣ _ ٢ و ح رقم ٤٣٢٤ _ ١.

(٢) الكليني، الكافي، ح رقم ٤٥٩٤ _ ١١ و ح رقم ٤٧٢٠ _ ٨.

(٣) الكليني، الكافي، ح رقم ٤٣٢٥ _ ٢ و ح رقم ٤٣٢٧ _ ٤ و ح رقم ٤٣٣٦ _ ١٣.

(٤) الكليني، الكافي، ح رقم ٤٣٥٠ _ ٣.

پێچەوانەی بیدعەیە کە دواتر هاتۆتە کایە و سەری کێشاوە بۆ بەگەورەدانانی گۆڕی ئیمامەکان بەشێوەیەك کە کاریگەری دروست بکات لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤی ئاسایی و سادە.

## ١٤_ چاوخشاندنەوە بە ناونیشانە تاقمگەراکان

ئەگەر وازبێنین لە بۆیاخی ئاینی شیعەگەرێتی، ئەوا تەنها گەوهەرەکە دەمێنێتەوە واتە: ڕاستی و دادگەری و شوڕا، ئەمانەش بنەمای گشتی ئیسلامین. ئا لەو حاڵەتەدا پێویست نابێت دەست بگیرێت بە چوارچێوەو ناوو ناونیشانی مێژویی کە کچی بارودۆخ بووە بەپێی شوێن و کات؛ هیچ واتایەك نییە بۆ سووربوون لەسەر پاراستنی ناونیشانی تاقمگەرا یان حیزبی کۆن، چونکە دەکرێت لەگەڵ هەر بزوتنەوەیەك ئاوێتە بوون ڕووبدات کە دروشمی دادگەری و شوڕا بەرز دەکەنەوە، لە کاتێکدا دەستگرتن بە ناوی بەجێماو و پابەند بوون بە هەڵوێستی دوور لە گەوهەری شیعەگەرێتی و پێچەوانەی سیاسەتی ئال و بەیت واتە وەستان لە ڕیزی دژو دوژمنەکانی ئال و بەیت .

ئەمڕۆ مەسەلەکە لەوەدا نەماوەتەوە: ببمە شیعە؟ یان نا؟ بە ئەندازەی ئەوەی لە ڕاستی بکۆڵمەوەو پابەندبم بە شوڕاو دیموکراسی؟ یان پابەند نەبم؟.

لەبەر ئەوەی ناونیشانە تاقمگەرایەکان (شیعی و سوننی) ناونیشانی سیاسی لەناکاون؛ ئەوا پێویستە تەنها دەست بەو ناوەوە بگیرێت و ئەو ناوە بپارێزرێت کە ئیسلام لەوانی ناوە، واتە: ناوی (موسڵمان). خوای پایەبەرز لە کتێبە پیرۆزەکەیدا

فەرموویەتی: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾ الحج: ٧٨. واتە: (لە ئایین و بەرنامەکەیدا هیچ شتێکی ناڕەواو گرانی لەسەر دانەناون، ڕێ و شوێن و بەرنامەی ئیبڕاهیمی باوکتانە کە پێشتر هەر خوای گەورە ناوی ناون موسڵمان). و فەرموویەتی: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾ فصلت: ٣٣. واتە: (جا کێ لەو کەسە گوفتار جوانتر و قسە بەجێترە کە بانگەوازی کردووە بۆ لای خواو کاروکردەوەی چاکیشی ئەنجام داوە و وتویەتی: بەڕاستی من لە ڕیزی موسڵمانانندام).

# سەرچاوەکان


_ القرآن الكريم.

_ الإمام علي، نهج البلاغة.

_ الكليني محمد بن يعقوب، الكافي.

_ الصفار محمد بن الحسن بن فروف، بصائر الدرجات.

_ حسن بن سليمان، مختصر بصائر الدرجات.

_ الصدوق، علي بن بابويه، الإمامة والبصرة من الحيرة.

_ الصدوق محمد بن علي، إكمال الدين.

_ الصدوق، عيون أخبار الرضا.

_ الصدوق، الأمالي.

_ الصدوق، علل الشرائع.

_ الصدوق، من لا يحضره الفقيه.

_ كتاب سليم بن قيس الهلالي.

_ المجلسي، بحار الأنوار.

_ الطبرسي، مشكاة الأنوار في غرر الأخبار.

_ الخزاز، كفياة الأثر في النص على الأئمة الإثني عشر.

_ الحر العاملي، وسائل الشيعة.

_ الفيض الكاشاني، الواقي.

_ابن شعبة الحراني، تحف العقول.

_ الأميني، الغدير.

_ القمي، مفاتيح الجنان.

_ البغدادي، عبدالقاهر بن طاهر، الفرق بين الفرق.

_ أبو الحسن الأشعري، مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين.

_ الأشعري القمي، سعد بن عبدالله، المقلات والفرق.

_ النوبختي، الحسن بن موسى، فرق الشيعة.

_ الشهرستاني، الملل والنحل.

_ الطوسي أبو جعفر، اختيار معرفة الرجال (المعروف برجال الكشي).

_ الطوسي، الفهرست.

_ الخوئي أبو القاسم، معجم الرجال.

_ الحلي الحسن بن النطهر، خلاصة الأقوال في معرفة الرجال.

_ الحافظ الذهبي شمس الدين، سير أعلام النبلاء.

_ القاضي الهمداني، عبدالجبار، المغني في التوحيد والإمامة.

_ القاضي الهمداني، تثبيت دلائل النبوة.

_ الشريف الرضي، خصائص الأئمة.

_ المرتضى علم الهدى، الشافي.

_ الطوسي، تلخيص الشافي.

_ المفيد، الأمالي.

_ المفيد، الإرشاد.

_ المفيد، الإختصاص.

_ المفيد، النكت الإعتقادية.

_ المفيد، عيون المعجزات.

_ المفيد، الثقلان الكتاب والعترة/ عدة رسائل.

_ المفيد، الفصول المختارة.

_ المفيد، أوائل المقالات وشرح اعتقادات الصدوق.

_ الطوسي، الغيبة.

_ النعماني، الغيبة.

_ المرتضى، رسالة في الغيبة.

_ الحلي، نهج الحق وكشف الصدق.

_ الحلي، منهاج الكرامة في إثبات الإمامة.

_ محمد صادق صدر، الشيعة الإمامية.

_ أسد حيدر، الإمام الصادق والمذاهب الأربعة.

_ الحسني، هاشم معروف، بين التصوف والتشيع.

_ الطبري، تأريخ الرسل والملوك.

_ سيرة ابن هشام.

_ تأريخ ابن خلدون.

_ المسعودي، مروج الذهب.

_ ابن أبي الحديد، شرح نهج البلاغة.

_ مكاتيب الرسول.

_ الثقفي، كتاب الغارات.

_ ابن كثير، البداية والنهاية.

_ الحافظ أبو بكر بن أبي الدنيا في كتاب (مقتل الإمام أمير المؤمنين).

_ الدينوري، ابن قتيبة، الإمامة والسياسة.

_ المسعودي، التنبيه والإشراف.

_ محمد بن سعد، الطبقات الكبرى.

_ السيوطي، جلال الدين، تأريخ الخلفاء.

_ العسكري، مرتضى، عبدالله بن سبأ وأساطير أخرى.

_ فياض، عبدالله، تأريخ الإمامية وأسلافهم من الشيعة.

_ الخونساري، روضات الجنات.

_ تفسير علي بن إبراهيم القمي.

_ العياشي، التفسير.

_ الطباطبائي محمد حسين، تفسير الميزان.

_ الخوئي، البيان.

_ الصدوق، الهداية.

_ الطوسي، النهاية.

_ المفيد، المقنعة.

_ الكراجكي، كنز العرفان.

_ سلار، المراسم.

_ ابن ادريس، السرائر.

_ المحقق الحلي، المختصر النافع.

_ العلامة الحلي، تحرير الأحكام.

_ يحيى بن سعيد، الجامع للشرائع.

_ المقدس الأردبيلي، مجمع الفائدة والبرهان.

_ السبزواري، كفاية الأحكام.

_ الكاشاني، مفاتيح الشريعة.

_ النراقي، عوائد الأيام.

_ الهمداني، مصباح الفقيه.

_ الأنصاري، مرتضى، المكاسب.

_ الشيخ محمد حسن النجفي، جواهر الكلام.

_ الخوئي أبو القاسم، التنقيح في شرح العروة الوثقى/ كتاب الإجتهاد والتقليد.

_ الخميني، كتاب البيع.

_ الخميني، الحكومة الإسلامية.

_ الصادق الوعد، صفحات من حياة الداعية المؤسس الحاج محمد صالح الأديب.

_ مذكرات السيد مهدي الحكيم.

_ النعماني، محمد رضا، الشهيد الصدر سنوات المحنة وأيام الحصار.

_ الخرسان، صلاح، حزب الدعوة.

_ حميد عنايت، تفكير نوين سياسي إسلام.

_ طلاب مجذوب، إيران من الثورة الدستورية إلى الثورة الإسلامية.

_ الفكر الشيعي المبكر، تعاليم الإمام الباقر، لالرزينة لالاني.

_ صحيفة كيهان، العدد رقم ١٣٢٢٣ المؤرخ ١٦ جمادي الأولى ١٤٠٨ك.

_ http://www.alsraj.net/a-k/hadith/kafi/kafi.htm.

_ http://www.aqaed.com/shialib/books /all٢/ghdir٢ /٠٢ghdir٠١,٢htm١٢gdr٠٢.

- http//:www.wadod.net/open.php?cat=١٤&book=٨٩٢.

- http://www.yasoob.com/books/htm/١m/١١/ ٠١٣no١١١٩.htm١.

# پاشکۆ

## ڕاگەیەنراوی نوێی شیعە

**بە پێنووسی: ئەحمەد کاتب**

**بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان**

﴿إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴾ **هود: ٨٨.**

## پێشەكی

**کاتی ئەوە هاتووە موسڵمانان یەك بگرن و خۆیان ڕزگار بکەن لە ناکۆکییەکانی ڕابردوو، هەموویان بە یەکەوە هەڵبستنەوە بۆ بیناکردنی ئێستا و داهاتوویان لەسەر بنەمای نوێ لە دادگەری و شوراو زانست و باوەڕ. جا ململانێیە مێژووییەکان کە پڕن لە ستەم و خۆسەپاندنی و نەزانی موسڵمانانی لەت و پەرت کرد بۆ دەستەو تاقمی دژ و بەمەش تیۆری وا لە دایك بوو کە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە. سەرباری ئەوەی موسڵمانان زۆرێك لە ململانێکانی ڕابردوویان تێپەڕاند بەڵام _ لەگەڵ داخێکی زۆرەوە _ لەناو هەندێك شوێنەواری نەرێنی ئەم تیۆرانەدا دەژین تا ئەمڕۆ. ئەمە کۆمەڵێك گەنجی باوەڕداری هاندا بۆ ئەوەی چاو بخشێننەوە بە کەلەپوری تاقمگەرایی و ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مەزهەبی ئال و بەیت دوور لەو تیۆرە زیادەڕۆچوو و توندڕەوانەی هاتوونەتە ناوەوە، بەو هیوایەی سەردەمێکی نوێ دەست پێبکات لە برایەتی و یەکێتی ئیسلامی کە دامەزراوە لەسەر دەست گرتن و پابەند بوون بە قورئانی پیرۆزەوە، هەروەك دەفەرموویت:** ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ﴾ **آل عمران: ١٠٣. واتە: ("هەوڵ بدەن" هەر هەمووتان بە**

تووندی دەست بگرن بە ئایینی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن). و دەفەرموویت:
﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ﴾ الأنبياء: ٩٢. واتە: (خەڵكینە! بەڕاستی ئەم ئاینەی کە ئەم پێغەمبەرانە هێناویانە ئاینەی ئێوەیە، کە یەك ئاینە و منیش پەروەردگارتانم، تەنها من بپەرستن).

ناکۆکی تاقمگەرا (شیعە و سوننە) ناکۆکییەکی سیاسی مێژووییە و دەخولێتەوە بە دەوری شێوەی سیستەمی دەستووری موسڵمانان، و ئایا دەبێت بە شوڕا؟ یان پادشایەتی میراتی؟ یان عەسکەری؟ یاخود ئاینی؟ شارستانی (مەدەنی) بێت؟ و لەم خێزانە یان لەوەی تر بێت؟ ئەم ڕاجیاییە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە سایەی سیستەمە دیکتاتۆرییە خۆسەپێنەکان گەشەی کرد بۆ ناکۆکی فیقهی ئاینی و هەست سۆزداری. کات ئەم ناکۆکییەکەی تێپەڕاند و دوای ڕوودانی گەشەسەندنی زۆر گەورە لە ژیانی موسڵماناندا ئەوا ئەم ناکۆکییە هیچ پاساوێکی نەماوە بۆ ئەوەی ببێت. و تەنها هەندێك پاشماوەو جێماوی سادەی ماوە کە نابێتە ماددەیەکی تۆکمە کە ڕاجیایی بنێتەوە چ جای ئەوەی دژایەتی لە ناو موسڵمانان دروست بکات. بە هەر حاڵ ڕاجیاییەکە شتێکی بیروباوەڕیی ڕیشەیی و نەمر نییە تا ڕۆژی دوایی. بەڵکو کاتی ئەوە هاتووە ئەم ڕاجیایی و ناکۆکییە لە گۆڕستانی مێژوودا بنێژرێت.

ناکۆکی و ڕاجیاییە تامگەراکان پەیوەست نین بە بنەما چەسپاوەکانی ئایین یان شتە پێویستەکانی ئیسلام، چونکە مرۆڤی موسڵمان پابەندە بەو بیروباوەڕەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، جگە لەمە ئەوا هەموو شتێك دەچێتە چوارچێوەی گوماندارو کۆششی (ئیجتهادی) و ڕاجیایی لەسەر. لەو ساتەی لە ئایندا یاسای وا

هەن کە دروست نییە دوو کەس ناکۆك بن لەسەری ئەوا کۆشش (ئیجتهاد)ی گومانداریش هەن کە نابێت ببێتە هۆی ناکۆکی نێوان دوو کەس؛ بەڵکو داخوازی گفتوگو و تاوتوێ کردنە. یەکێك لەو شتانە بریتییە لە ڕاجیایی و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە کە لە دەوری بنەمای چەسپاو ناسوڕێتەوە، بەڵکو بنیاتنراوە لەسەر بابەتی کۆششی (ئیجتهاد)ی کە دامەزراوە لەسەر بنەمای تەئولات و لێکدانەوەو گێڕانەوەی گوماندار.

بۆیە پێمان وا نییە شتی چەسپاو و پێویست لە مەزهەبەکاندا هەبێت. لەبەر ئەوەی وێنە و دانەیەکی فەرمی و تەواوی هەر مەزهەبێك نییە. هەندێك مەزهەب لە بارانیاندا هەبووە شتیان بۆ زیاد و کەم بکرێت و ڕای تاك و کۆششی گومانداری تێکەڵ ببێت و شتی پڕوپوچ و ئەفسانەش بخزێنە ناویەوە، هیچ کەسێك پابەند نییە بە پەسەند کردنی سەرجەم ئەو ڕاو بۆچوونانەی کە پیاوانی پێشوو نوسیویانە لە تێکڕای دەروازەکانی بیروباوەڕو فیقهی و مێژوویی، بەڵکو سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ئەو ڕایەی دەیەوێت.

کاروانی ڕەخنە و چاکسازی بەردەوام لەوەتەی سەدەکانی سەرەتا جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە، هەروەها ڕەوتە جیاوازەکانی شیعەگەرایەتی و سوننە گەرایەتی دێن و دەچن لە نێوان میانڕەوی و توندڕەوی و زیادەڕۆچوون، هەر یەك لەو ڕەوتانەش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو وێنای شیعەگەرێتی یان مەزهەبی ئال و بەیت یاخود سوننەتی ڕاست و ڕاشکاو دەکات. ئا لێرەوە ئیمامەکان ئال و بەیت داوای ئەوەیان دەکرد کە هەرچی لەوان دەگێڕدرێتەوەو دەدرێتە پاڵیان قبوڵ نەکەن، بەڵکو لێی وردببنەوەو بەراوردی بکەن لەگەڵ قورئانی پیرۆز نەوەك لەگەڵی تێکبگیرێت. و بەم پێی باوەرمان وایە مەزهەبی ئال

و بەیت لە هیچ شتێکدا جیاوازی لەگەڵ ئیسلامدا نەبووە، ئەو جیاوازییەی کە هەیە شتێکی لەناکاو و داهێنراوە بەهۆی ئەو شتە زۆرانەی زیادەڕۆچووان وەك فیکرەی خۆیان خستیانە ناو کەلەپوری ئال و بەیت، تا وا بەخەیاڵی هەندێك کەسدا هێنرا کە ئەو تیۆرە پوچەڵانە خزێنراونەتە ناو کەلەپوری ناوبراو بریتییە لە کرۆکی مەزهەبی ئال و بەیت و لە شتە چەسپاو و پێویست و سەلمێنراوەکانە، کەچی لە ڕاستیدا وا نییە.

ئەم تیۆرە زیادەڕۆچووە پوچەڵانە ڕەنگیان دایەوە لەسەر پەیوەندی ناوەخۆیی و دەرەکییەکانی شیعە، وای کرد ببێتە هۆی دروست بوونی خۆسەپاندنی ناوەخۆیی بەناوی ئایین و ڕوودانی شڵەژان و ناکۆکی لەگەڵ ئەهلی سونئە، هەروەك هەندێك تیۆری سیاسی سوننی (خوسەپێن) بە نەرێنی ڕەنگی دایەوە لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ موسڵمانانی تر. ئەمە وای لە ئێمە کرد چاو بخشێنینەوە بە کەلەپوری ئال و بەیت و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەری، بینیمان کە فیکرێکی ئیسلامی ئازاد و بێ گەرد و تاك و ژیرانە، لە پاڵیشیدا یان لە ژێر باڵەکانیدا بینیمان فیکرێکی ئەفسانەیی تێکەڵ و بێکەڵی نەرێنی هەیە، کە بە زۆرەملێ دراوەتە پاڵ ئال و بەیت لە ژێر بانگەشەی خۆپارێزی (توقیە) و سەرباری تێکگیرانی لەگەڵ گوفتارو ژیاننامەی ئیمامەکان.

لە توێژینەوەکەمان بۆ گەسەندنی فیکری سیاسی شیعە لە مێژوودا ئەوەمان بەدی کرد کە خۆی ڕزگار کردووە لە زۆرێك لە فیکرە زیادەڕۆچووە دزە کراوەکان، بە ئەندازەیەك خۆی لەو شتانە داڕنی تا وای لێهات لە پێش هەندێك لە (ئەهلی سوننە) بکەوێتەوە لە پیادەکردنی کۆشش (ئیجتهاد) و بەکارهێنای عەقڵ و

پابەند بوون بە ئازادی و شورا. بەشێوەیەك كە لە ناكۆكییە جیاوازییەكان تەنها ناو و هەندێك پاشماوەی سادەی فیكرە دزە كراوەكان ماوەو بەس.

لەو كاتە داوا لە سەرجەم موسڵمانان دەكەین بە سەرجەم مەزهەبەكانەوە بە ئەنجامدانی پێداچوونەوە بۆ كەلەپورەكەیان و ڕەخنە لێگرتن و پوختە و پاڵفتەكردنی و گەڕانەوە بۆ قورئانی پیرۆزو سونەتی پێغەمبەرو عەقڵی سەلامەت ئەوا پێمان خۆشە پوختەی فیكرەكانمان دەربب‌ڕین كە دامەزراوە لەسەر خوێندنەوەی قووڵ بۆ كەلەپوری ئال و بەیت و دوور لە تیۆرەكانی زیادەڕۆچوو و پەڕگیرەكان، كە لەوانەیە ڕووخسارو خاڵە دیارەكانی نەوەی نوێی موسڵمانان پێك بێنن كە دەرچوون لە بازنەی تاقمگەرایی بۆ باوەشی فراوانی ئیسلام و ناوی (موسڵمانان)یان بەبەس زانی كە ئیبراهیمی باوكمان لێمانی نابوو (هەروەك لە سورەتی: الحج: ٧٨، هاتووە) و وازیان هێنا لە شوناسی تاقمگەرای (سوننی) و (شیعە).

بیروباوەڕمان بە پوختی لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

١_ شایەتی دەدەین كە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن و محەممەد یش پێغەمبەری خوایە.

٢_ باوەڕمان بەخواو ڕۆژی دوایی و فریشتە و كتێب و سەرجەم پێغەمبەران هەیە.

٣_ پابەندین بە ئیسلام لە ڕووی بیروباوەڕو هەڵسوكەوت و پەرستش و حوكم و ڕەوشتەوە.

٤_ باوەڕمان بەوە هەیە کە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) کۆتایی بە پێغەمبەرایەتی هێناوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾ الأحزاب: ٤٠. واتە: (وە نەبێت محەممەد باوکی هیچ یەکێك لە پیاوتان بێت بەڵکو پێغەمبەری خوایە و دواهەمینی پێغەمبەرانە، هەمیشە و بەردەوامیش خوا بە هەموو شتێك زانایە). و پەیامی ئیسلام بە پێغەمبەر محەممەد ((ﷺ)) تەواو بوو، هەروەك سروش و نیگای لە دوای ئەو پچڕا، خەڵکیش ئەرکدارن بە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەتی ڕاست و دروست و عەقڵی سەلیم.

٥_ جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی قورئانی پیرۆز پاك و سەلامەتە لە دەستکاری کران و یاری پێ کران و زیاد و کەمی. خوای گەورە ئەرکی پاراستنی قورئانی لە ئەستۆی خۆی گرتووەو فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر: ٩. واتە: (ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە هەرخۆشمان دەیپارێزین و چاودێری دەکەین). هەرچی وتراوە یان لە کتێبە کۆنەکان هاتووە لەوبارەوە ئەوا فەرموودەی لاوازن و زیادەڕۆچووان خستویانەتە ناو کەلەپوری ئال و بەیتدا. بە درێژایی مێژوو زانایانی شیعە هەڵساون بە ڕەخنەگرتن لەو فەرموودانە و خۆیان لێ بەری کردووە. داخ هەڵدەگرین کاتێك هەندێك لە دژەکانی شیعە ئەفسانەی دەستکاری کرانی قورئان بە بەردەوامی دووپات دەکەنەوەو بە درێژای مێژوو تۆمەتباریان دەکەن بەو بابەتە و وەك ئامرازێك بەکاری دێنن بۆ لێدانیان و تۆمەتبار کردنیان بە بێ باوەڕی و بیروباوەڕی لادەر.

٦_ بەڕێزو شكۆمەندییەوە سەیری هاوەڵە ڕێزدارەكانی پێغەمبەری خوا لە كۆچبەران و پشتیوانان و ئال و بەیت دەكەین و ڕازین لەوانەیان كە چاكن و باوەڕمان بەوە نییە كە پارێزراوبن، توانج لێدان و خراپ ڕەفتاركردن لە هەمبەریان بە ناڕەواو حەڕام دەزانین و بەتایبەت بێ ڕێزی لە بەرامبەر خاتوو عائیشەی دایكی باوەڕداران، باوەڕمان بە پاكی ئەو هەیە لە بابەتی بوختانەكەدا، چونكە خوای گەورە پاكانەی بۆ كرد.

٧_ باوەڕمان وایە ئیسلام ئاینێكە ژیانی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی لەسەر بنەما ڕەوشتییەكان ئاڕاستە دەكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دەق هیچ سیستەمێكی سیاسی دیاری نەكردووە، بەڵكو داوای كردووە بنەمای شوڕا پیادە بكرێت و موسڵمانان بە ئازادی خۆیان سیستەمی سیاسی خۆیان هەڵبژێرن بەپێی بارودۆخی كات و شوێن. هەر بۆیە پێغەمبەری مەزن ((ﷺ)) هیچ جێنشینێكی لە دوای خۆی دیاری نەكرد. هاوەڵە بەڕێزەكان كۆشش (ئیجتهاد)یان كرد و ئەم پێنج خەلیفانەیان هەڵبژارد (ئەبو بەكر و عومرو عوسمان و عەلی و حەسەن _ ڕەزای خوای لە هەموویان بێت _).

٨_ باوەڕمان وا نییە ئیمامەت بەشێك و پاشكۆی پێغەمبەرایەتی یان درێژكراوەی بێت. بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەكان و بنەمایەك لە بنەماكانی ئاینی دانانێین، چونكە قورئانی پیرۆزی لەبارەیەوە نەداوە، بەڵكو بابەتێكی لاوەكییە و دەچێتە چوارچێوەی بابەتی فیقهی سیاسی. لەبەر ئەوەی لەسەر چەند گێڕانەوەیەكەوە وەستاوە كە شیاو تاوتوێ كردن و پشتی بە تەئویلاتی گومانداری دووری قورئان بەستووە.

٩_ هەروەك باوەڕمان وانییە كە دەبێت ئیمام (واتە: سەرۆكی وڵات) پارێزراو بێت وەك پێغەمبەران یان وەك ئەوان سروش لە خوا وەربگرێت یاخود مافی ئەوەی هەیە بەكەیفی خۆی شت بە خەڵك بكات. یان فەرمانی ئەو وەك فەرمان و ڕێگرییەكان پێغەمبەرن ((ﷺ)). و باوەڕیشمان وا نییە ئوممەتی ئیسلامی بە بەردەوامی پێویستی بە بوونی سەرۆكێكی دیاریكراوە لەلایەن خواوە یان ناكرێ زەوی بێ ئیمامی بەڵگە بێ ئەگەرنا ڕوودەچێت.

١٠_ باوەڕمان وایە ئال و بەیت باوەڕیان بە سیستەمی شوڕا هەبووە، تیۆری ئیمامەتی خوایی كە وەستاوە لەسەر پشتاو پشتكردنی ئیمامەت بە شێوەیەكی ستوونی لە ڕەچەڵەكێكی دیاركراو نەیانناسیوە، بانگەشەی پارێزراویان بۆ خۆیان نەكردووە، هەروەها بانگەشەی ئەوەشیان نەكردووە كە غەیب دەزانن. بەڵكو ئەوان زانا و گێڕەرەوەی فەرموودەی پێغەمبەر بوونە و لەلایەن خوای گەورەوە دیاری نەكراون و دانەنراون و غەیب نازانن و هیچ دەسەڵاتێكی یاسادانان و بنەڕەتی بوونەوەری (تەكوینی)یان نییە وەك زیادەڕۆچووان بانگەشەی ئەمە دەكەن.

١١_ بۆچوونی بوونی دەقی ڕوون و ئاشكرا لەسەر جێنشینایەتی ئیمامی عەلی لەلایەن پێغەمبەری خواوە ((ﷺ)) لە سەدەی دووەمی كۆچی سەری هەڵداوەو پێشتر بوونی نەبووە، مشتومڕكردنیش لەسەر بابەتێكی نەزۆك ئەوا هیچ شتێك پێش و دوا ناخات و میلەكانی كاتژێر ناگەڕێنێتەوە دواوە. پلەو پایەی ئیمامی عەلی شتێكی نكۆڵی لێ نەكراوە، بەڵام خۆی نابینێتەوە لە بوونی دەق لەسەری، بەڵكو خۆی دەبینێتەوە لە پەیڕەوی ئیمام و كردارو ژیاننامە و ڕەوشتەكەی كە بەرجەستە ببوو لە باوەڕ بوون بەخواو پێغەمبەری خواو قوربانیدان لە پێناو

ئایین و پابەند بوون بە ڕاستی و دادگەری و یەکسانی نێوان موسڵمانان و دونیا نەویستی و خاکی بوون و شوڕا کردن و ڕێزگرتن لە ویستی ئوممەت. و ئەو بووەتە ئیمام و ئەمیری باوەڕداران لەو کاتەی موسڵمانان بە ویست خۆیان بەیعەتیان پێدا لە دوای کوژرانی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان.

١٢_ ئیمامی عەلی ئیمامەتی لە دوای خۆی بۆ شوڕا بەجێهێشت وەك چۆن پێغەمبەری خوا ((ﷺ)) وای کرد، حوسەینی کوڕی خۆی وەك جێگرەوەی خۆی دیاری نەکرد، بەڵکو موسڵمانان بە ویستی خۆیان وەك ئیمامی خۆیان هەڵیانبژارد. و خەڵکی کوفە بەو شێوەیە ڕەفتاریان کرد لەگەڵ ئیمامی حوسەین، ناوبراو هیچ یەکێکی لە دوای خۆی دیاری نەکرد و لەسەر شیعەکانی نەسەپاند. و پێشەواکان لە نەوەی حوسەین کەسیان لە کوڕەکانی خۆیان دیاری نەکرد و لەسەر موسڵمانانیان نەسەپاند.

١٣_ باوەڕمان وایە کە ئیمامی حەسەنی عەسکەر لە ساڵی ٢٦٠ك بێ ئەوەی منداڵی لە پاش بەجێ بمێنێت کۆچی دوایی کردووە، بێ ئەوەی وەسیەتی ئیمامەت بۆ هیچ یەکێك بکات لە دوای خۆی یان ئاماژە بکات بۆ ئەوەی منداڵێکی شاراوەی هەیە، هەروەك لە ژیانیدا دیارە.

١٤_ ئا لێرەوە: باوەڕمان بە بوونی (ئیمامی دوازدەم)ی پەنهان نییە، کە ناوی (محەممەدی  کوڕی حەسەنی عەسکەرییە) و ئەمڕۆ تەمەنی زیاترە لە هەزارو سەدو پەنجا ساڵ، چونکە وتەیەکی خەیاڵییە و لەسەر بەڵگەیەکی شەرعی یان مێژوویی دانەمەزراوە. بەڵکو شتێکە بەشێك لە ئیمامییەکان ئەو گریمانەیان کرد

که به مردنی حەسەنی عەسکەری بێ ئەوەی منداڵی لە پاش بەجێ بمێنێت گەیشتنە ڕێگایەمی داخراو.

١٥_ باوەڕمان بە حکومەتی جیهانی نییە بۆ باوەڕداران، دونیا ماڵێکە خوای گەورە کردوویەتیە شوێنی نیشتەجێ بوون و بەسەربردنی باوەڕداران و بێ باوەڕان بە یەکەوە، هیچ بەڵەیەکی سەلمێنراوی بڕاوە نییە لەسەر ئەوەی (ئیمامی مەهدی) لە ئایندەدا دەردەکەوێت.

١٦_ بەم پێیە: باوەڕمان بە نوێنەرایەتی تایبەت (بۆ چوار نوێنەرەکە) و نوێنەرایەتی گشتی (شەرعناسان) بۆ ئیمامی مەهدی پەنهان نییە، چونکە مەهدی لەدایك نەبووە تا پەنهان ببێت. پێمان وایە کە هەندێك گریمانەی گوماندارن کە خەڵکانێك بانگەشەیان بۆ کردووە بێ بەڵگەی شەرعی و هەوڵێکیش بووە لە پێناو چارەسەر کردنی هەندێك لەو کێشانەی کە لە ناویاندا دەیانگوزەراند وەك دەرەنجامێکی بۆشایی سەرکردایەتی، بەهۆی ئەوەی باوەڕیان بە بوونی ئیمامی دوازدەم و پەنهان بوونی هەبووە.

١٧_ باوەڕمان وا نییە کە لە ئیسلامدا دامەزراوەی ئایینی (سەرچاوەیی: مەرجەعی) هەن هاوشێوەی کڵێسا، بەڵکو لە کاتی پێویست دەبێت بۆ لای زانایان بگەڕێینەوە، بۆیە باوەڕمان بەوە نییە بە درێژایی ژیان دەبێت لاسایی شەرعناسان بکەینەوە یان تەنها پشت بە یەك شەرعناس بگیرێت لە هەموو شتێکدا. بەڵکو پێمان وایە لاسایی کردنەوە حەڕامە و خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە، داوا لە هەموو ئەوانە دەکەین کە توانایان هەیە کۆشش بکەن و بیر بکەنەوەو ورد ببنەوە لە بابەتە بنچینەیی و لاوەکییەکان، هەروەك چۆن هەندێك لە زانایان

ئەمەیان دەوت وەك شێخ توسی کە هانی خەڵکی دەدا ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان هەڵبسەنگێنن و ڕای ڕاستی لە ناودا هەڵبژێرن.

١٨_ هەروەك داوا لە کۆششکار (موجتەهید)ەکان دەکەین کە تەنها لێکۆڵینەوە لە بابەتی فیقه و بنەماکانی (ئوصول)دا نەکەن، بەڵکو لێکۆڵینەوە بکەن لە بیروباوەڕی ئیسلامی و مێژوو و بەتایبەت تیۆری ئیمامەتی خوایی و لق و پۆپەکانی وەك: تیۆری ئیمامەتی خوایی.

١٩_ باوەڕمان بەوە هەیە کە پێویستە چاودێری زانایان بکرێت و ڕەخنەیان لێ بگیرێت و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە هەر شتێك ئەوا ڕوونی بکەنەوە و بە فەتوا دەری بکەن مەرج نییە ڕاست و تەبا بێت لەگەڵ شەرع. زۆر کات وایە زانایان دەکەونە ناو گومان و ئارەزووەوەو شتانێك حەڵاڵ دەکەن کە خوای گەورە حەرامی کردووەو شتانێك حەرام دەکەن کە خوا حەڵاڵی کردووە (وەك بە پێویست دانانی پێنج یەك "الخمس" و بە پێویست و فەرز دانەنانی نوێژی هەینی وەك فەرزێکی خودی "عەینی").

٢٠_ ئا لێرەوە پێمان وایە فەتواکانی زانایان بە پێی شەرع و یاسا پەبەندکەر نین، مەگەر شێوەیەکی دەستووری وەربگرێت کە یەکدەنگی لەسەر بێت لەلای ئەنجومەنی شوراوە کە لەلایەن ئوممەتەوە هەڵبژێردراوە.

٢١_ ڕێز دەگرین لە قوتابخانەی ئوصولی کە دەرگای کۆشش (ئیجتهاد)ی کردەوەو شیعەگەرایەتی گەڕاندنەوە بۆ هاوسەنگی و میانڕەوییەکەی، زۆرێك لە شتە پڕوپوچ و ئەفسانەییەکانی خەبەرییەکانی ڕەتکردەوە، داوا لە شەرعناسان دەکەین کە کۆششی زیاتر بکەن لە بابەتە بنچینەیی و لاوەکی و هەڵێنجاندنی

کەس و فەرموودەکان، هەروەها دژایەتی کردنی زیادەڕۆچووە (موفەویزەکان) کە سیفەتە خواییەکان دەدەنە پاڵ ئیمامەکان و تیایاندا زیاد ڕۆدەچن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئیمامەکان پێگەی مەزن و بەرز و دۆخێکی سەرووی مرۆڤایەتی و ئەرکی خوایی مەزنیان لەسەر شانە وەك: بەڕێوەبردنی بوونەوەر یان بەدی هێنان و ڕزق و ڕۆزی دان و هاوشێوەی ئەوانە، لەژێر چەتری تیۆری ئیمامەتی بنەڕەتی بوونەوەری (تەکوینی).

٢٢_ لە هەمان کاتدا کۆششی ئەو زانایانی شیعە زیندوو ڕادەگرین و بەتایبەت ئوصولییەکان کە هەڵسان بە توێژنەوەی فەرموودە و زانستی ناسینی کەسەکان (علم الرجال) و بەلاواز دانانی چوار لەسەر پێنجی کتێبی (الکافي)، ئێمە داوایان لێدەکەین کە بەردەوام بن لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو فەرموودانەی ماون و چاوخشاندنەوە بە زۆربەی ئەوانەی پێشتر متمانەیان پێکراوە، جا کێشەی خەبەرییەکان خۆی دەبینێتەوەی لەوەی هەندێك لە زیادەڕۆچوویان بە متمانە پێکراو داناوە کە توانیویانە خۆیان بخزێننە ناو ڕیزی گێڕەڕەوەکان، جا خەبەرییەکانیش گێڕانەوەی ئەوانیان بە ڕاست وەرگرت. هەر ئەمەیە وامان لێدەکات کە گومانمان هەبێت لە ٩٩٪ فەرموودەکانی کلینی لە کتێبی (الکافي) و پێشمان وایە هۆکارێکە بۆ بەردەوام بوونی ناکۆکی نێوان موسڵمانان.

٢٣_ باوەڕمان بە حکومەتی پیاوانی ئاینی و بە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) نییە، کە لەسەر ئەوە دامەزراوە (کە شەرعناسان نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدی پەنهانن) و دەسەڵاتی ڕەها بە شەرعناس دەدات و لەسەرووی ئوممەت و یاساوە دایدەنێت، تەنانەت مۆڵەتی پێدەدات کە دەستوور پێشێل بکات و هەر ڕێکەوتنێکی تری شەرعی لەگەڵ ئوممەت هەڵبوەشێنێتەوە.

له هەمان کاتدا پێمان وایە کە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) گەشەیەکی گەورەو ئەرێنی بوو لە فیکری سیاسی شیعەدا لە ئاست فیکری چاوەڕوانی نەرێنی ئیمامی پەنهان، بەرەو خۆدارنین لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) کە دامەزراوە لەسەر بەمەرج دانانی پارێزراو و دەق و ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی لە ئیمامدا، و باوەڕ بوون بە ڕەوایی شوڕاو هەڵبژاردن؛ پێمان وایە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) تیۆرێکی داهێنراوە، هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە لە شەرعدا، شەرعناسە لێکۆڵەرەکان باوەڕیان پێ نەهێنا، چونکە سیفەتی ئاینی بە دادوەر (شەرعناس) دەبەخشێت و بەرگێکی پیرۆز و بەرزی بەبەردا دەکات کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم لێپرسینەوەو چاودێری کردن و ڕەخنە لێگرتن و گۆڕینی، بەمەش دیکتاتۆرێکی خۆسەپێنی لێ دێتە بوون. ئا لێرەوە داوا دەکەین تیۆرەکە گەشەی پێ بدرێت بەرەو باشترو بینا بکرێت لەسەر بنەڕەتی هەڵبژاردن و پابەند بوون بە سنووری ئەو دەسەڵاتانەی گەل پێی دەبەخشێت.

٢٤_ باوەڕمان بە کرانەوە هەیە بە ڕووی مەزهەبەکانی تری ئیسلامیدا، ڕێزگرتن لە کۆشش (ئیجتهاد)ەکانیان، داوای ئەنجامدانی پرۆسەی کۆشکاری (ئیجتهاد)ی هاوبەشی زیاتر دەکەین لە نێوان شیعە و سوننە و گەڕانەوە بۆ قورئان، و ڕەچاوکردنی وەك یەکەم و بەرزترین سەرچاوەی یاسادانان لە لە هەمووەکانی تری یاسادانان.

٢٥_ ڕێز لە هەموو سەرچاوەکانی فەرموودەی شیعە و سوننە دەگرین، بەڵام داوا دەکەین ئەم سەرچاوانە پاك بکرێنەوە لە فەرموودە لاوازەکان کە دراونەتە پاڵ پێغەمبەری ڕێزدار کە دژی قورئانی پیرۆزو عەقڵ و زانستن.

٢٦_ داوای تێکەڵ کردنی پەیمانگە ئاینی و بازنە (حەوزە) زانستییەکانی سوننە و شیعە دەکەین، لە ڕووی بەرنامە و قوتابی و مامۆستاوە، هەروەها کەش و هەوایەك دروست بکرێت بۆ گفتوگۆو بەراورکاری و بیرکردنەوەی ئازاد.

٢٧_ هەروەها داوای کرانەوەی ڕۆشنبیری دەکەین بە ڕووی ئەوانی تردا و دابینکردنی ئازادی ڕاگەیاندن بۆ هەمووان و دانەنانی هیچ چاودێرییەك لەسەر ناوەندی ڕۆشنبیری دژەڕا.

٢٨_ باوەڕمان بە یەکێتی جیهانی ئیسلامی هەیە، هەر جیاکارییەکی تاقمگەرا ڕەت دەکەینەوەو کار دەکەین لە پێناو بەهێز کردنی یەکێتی نیشتمانی ناوخۆیی لە هەر وڵاتێکدا، هەروەها بەشداری سیاسی نێوان هەموو لایەنەکان لەسەر بنەڕەتی هاوڵاتی بوون و ئازادی و دادگەری و یەکسانی.

٢٩_ باوەڕمان وایە کە چارەسەر کردنی ڕیشەیی کێشە تاقمگەراکان خۆی دەبینێتەوە لە بیناکردنی دامەزراوە دەستووری و دیموکراسی و دەستاو دەست پێکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، کە پێمان وایە ڕێگرە لەوەی ناکۆکی بەهێز ڕووبدات و ڕێگە نادات سەربازگەراکان دەست بگرن بەسەر دەسەڵاتدا.

٣٠_ داوا دەکەین مشتومڕی تاقمگەرای نەزۆك بوەستێنرێت و کەنارگیری بکرێت لە تورەکردنی بەرامبەر لە میانەی هێرش کردنە سەر هێماکانیان و بەتایبەت لە هاوەڵان و ئال و بەیت و پێشەوای مەزهەبەکان.

٣١_ لەم بۆنەیەدا (کۆنگرەی نەجەف پایەدار)ی مێژوویی کە لە مانگی شەوالی ساڵی ١١٥٦ك بەرامبەر کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٤٣ز زیندوو ڕادەگرین، کە

کۆمەڵێك زانا مەزنی شیعە و سوننە لە عەرەب و فارس و تورك و ئەفغانەكانی لە خۆگرتبوو و لە سەرووشیانەوە موفتی سوننی عێراق شێخ عەبدوڵا سوەیدی و موفتی ئەفغان مەلا حەمزە قلنجانی و موفتی ئێران مەلا باشی عەلی ئەكبەر و زانای مەزن (مەرجەعی) كەربەلائی سەید نەصروڵای حائیری، ئەم كۆنگرەیە ڕاگەیەندراوێكی هاوبەشی زانایانی سوننە و شیعەی دەركرد كە تیایدا تانە و توانج دان لە هاوەڵان ڕەتكردەوە. زانایانی سوننە دانیان بە شیعەدانا و لەم كۆنگرەیەدا هەمووان لێبوردەیی و پابەندی خۆیان دەربڕی بە ئازادی ڕاجیایی لە بابەتە لاوەكییەكاندا و بە حەڕام دانانی خوێنی هەر دوو تاقمی موسڵمانان لە ئوممەتی محەممەد .

٣٢_ باوەڕمان وایە: ڕەخنەگرتن و توانج و بە نەفرەت كردن و بە بێ باوەڕدانان و تۆمەتباركردن بە هەڵگەڕانەوەو دووڕوویی _ زۆر بەداخەوە _ دەرهاوشیتەیەك بوو لە دەرهاویشتەكانی ئاشوب و فیتنەی مەزن كە وەك گەردەلوول لەناو موسڵماندا هەڵیكرد. پێویستە ئەم لیستە دابخرێت، چونكە ناچێتە عەقڵەوە ئەم مێژووە خراپە وەك برینێكی كراوە بمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی.

٣٣_ پێویستە لاپەڕەی ڕابردوو بپێچینەوەو زۆر نەچینە ناو ڕووداوە مێژووییە كۆن و دێرینەكانی مەگەر بۆ پەند وەرگرتن نەبێت.

٣٤_ پێمان وایە شیعەگەرێتی زۆر بنەمای ئەرێنی تێدایە وەك بنەمای دادگەری و گیانی بەرگری كردن لە ئیسلام و كاركردن لە پێناوی خواو شۆرش كردنی دژی ستەمكاران، ئەمانە شتانێكن ئەمڕۆ موسڵمانان پێویستیان پێ هەیە

بۆ ئەوەی هەڵبستنەوەو خۆیان ڕزگار بکەن لە ستەمکاران و خۆسەپێنە بیانییەکان، بەڵام ڕەت دەکەینەوە مشتومڕ بکرێت لەسەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و بانگەشەی بوونی دەق لەلایەن خواوە لەسەر ئیمامەکان، چونکە ئەمە توێژینەوەیەکی نەزۆکە و سوودی زانستی نییە، زیانی زیاترە لە سوود گەیاندن، سەردەکێشێ بۆ شتانێك کە ئاکامەکانی باش نین و لەوانەیە هەست و سۆزی ئەوانی تر بجوڵێنێت و موسڵمانان بەیەکدا بدات.

٣٥_ باوەڕمان وایە زەکات پێویستە، داوامان وایە کاری پێ بکرێت، جیاوازی نەکرێت لە نێوان سوننی و شیعی لە دانی زەکاتدا، چونکە خوای گەورە بۆ شوێنکەوتووانی ئاینێکی دیاریکراوی دانەناوە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی مرۆڤە هەژارەکانی دانەوە.

٣٦_ باوەڕمان وانییە کە پێنج یەك (الخمس) پێویستە، چونکە تەنها لە دەستکەوتەکانی جەنگدا پێویست کراوە، ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لە ماوەی حوکمەکەیدا کاری پێ نەکردووە[1]. گێڕانەوەکانی شیعە کە ڕاستن و فەتواکانی (ڕوونکردنەوەکانی) زانایانی پێشوو جەخت لەسەر ڕێپێدرانی پێنج یەك (الخمس) دەکەنەوە لە ماوەیەی کە پێی دەوترێت: (سەردەمی پەنهانی). و بێگومان باوەڕمان بەوە نییە کە پێنج یەك (الخمس) پێویستە بدرێتە شەرعناسان یان بریکارەکانیا. جا ئەمە بۆچوونێکی نوێیە و شێخەکانی پێشوو نەیاناسیوە وەك: موفید و مورتەزا و توسی، ئەوانە باسی ئەوەیان دەکردن کە سەریان لێشێواوە لە ئاستی ئەمەدا یان فەتوایان دەدا لە ناوی زەوی دا چاڵ بکرێت

[1] پێم وابێت مەبەستی ئەوەیە کە بەو شێوەیە کاری پێ نەکردووە کە شیعەکان دەیڵێن، بەڵکو پێنج یەکی تەنها لە دەستکەوتەکانی جەنگ دەرکردووە. (وەرگێڕ).

یان گڵبدرێتەوەو هەڵبگیرێت تا ڕۆژی دەرکەوتنی مەهدی. و داوا لە زانایان دەکەین کە سەرپاڵی داواکردنی زانست و بانگەوازو ڕێنوێنی بن لە جیاتی نقوم بوون لە کۆکردنەوەی پارە و دووچارکردنی خۆیان بۆ گومان و قسە و قسەلۆك.

٣٧_ داوا دەکەین بەخشینی ماڵ و دارایی لە ڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازەکان ڕێکبخرێن کە ڕووماڵی پرۆژە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەکەن و چاودێری مزگەوتەکان و قوتابخانە ئاینیەکان و زانایانی ئاینی دەکەن، هەروەها ملکەچی لێپرسینەوەو چاودێری دەبن و پابەند دەبن بە ڕۆشنی زانیاریی (بوونی شەفافییەت) و بڵاوکردنەوەی پشکنینە ژمێرپارییەکان و بودجە.

٣٨_ باوەڕمان وایە نوێژی هەینی فەڕی خودی (عەینیە) لەسەر ئەوانەی مەرجەکانی تێدا دێنەجێ، ڕێزدەگرین لە ئەنجامدانی نوێژی هەینی لەلایەن شیعەکانەوە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و عێڕاق و لوبنان و سەرجەم شوێنەکانی تر، هەمووان هاندەدەین بۆ ئەنجامدانی بەشێوەیەکی گشتی و پابەند بوون پێیەوە بە ڕێك و پێکی. نوێژی هەینی بە بۆنەیەکی گەورە دادەنێین بۆ بردەوان لەسەر لە خواترسان و خواناسی و بۆنەیەکی سیاسی نییە بۆ پاڕانەوە و دوعاکردن بۆ ستەمکاران و پاساودان بە کارەکانیان.

٣٩_ ئەو زیادەیە ڕەت دەکەینەوە کە ناودەبرێت بە شایەتمانی سێیەم لە بانگداندا، ئەویش ئەوەیە: (شایەتی دەدەم کە عەلی وەلی و خۆشەویستی خوایە). و پێمان وایە ئەم زیادەیە لە دەستکردی زیادەڕۆچووە (موفەویزەکانە)، هەروەك شێخ صدوق لە کتێبی (من لا یحضره الفقیه) دا دەڵێت: ئەمە داهێنراوەو هۆکاری پەرتەوازە کردنی موسڵمانانە.

٤٠_ پیادەکردنی خۆپارێزی (توقیە) بەوشێوە  ناشرینە ڕەت دەکەینەوە، هەروەك باوەڕ باوەڕ بەو وتەیە ناکەین کە لەسەر زمانی ئیمامی صادق ناوبانگی دەرکردووە کە: (خۆپارێزی "توقیە" ئاینی من باوو باپیرانمە، کەسێ ئاینی نییە کە خۆپارێزی پیادە نەکات). باوەڕمان وایە کە بە درۆ بە دەمی ئیمامەوە هەڵبەستراوەو هیچ پاساوێکی عەقڵی و مێژوویی نییە، جا چۆن خۆپارێزی (توقیە) دەبێتە بەشێك لە ئایین؟ کە ئیمامەکان خۆپارێزی (توقیە)یان پیادەکردووە؟ و لە کێ دەترسان؟ ئا لێرەوە وا دادەنێین کە ئەم فەرموودەیە لەلایەن زیادەڕۆچووانەوە هەڵبەستراوە بۆ بەڕێکردنی تیۆرە لادەرەکانیان بە ناوی ئال و بەیت، کە بە ئاشکرا خۆیان لەو تیۆرانە بەری دەکرد. ئەمەش وامان لێدەکات کە فیکری ئال و بەیت و کەلەپورەکەیان بخوێنینەوە لەسەر ئەو بنەڕەتی کە لە ژیانیان دیارو ئاشکرایە، هەروەها هیچ لێکدانەوە (تەئویل)ێکی شاراوەگەرا (باتینی) قبولْ نەکەین کە پێچەوانەی گوفتارو ڕەفتاری ئەوان بێت. و لەو کاتەی داوا دەکەین ئازادی و ئاسایش بۆ هەر مرۆڤێك دابن بکرێت بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکەی ئەوا پێمان وایە سەردەمی خۆپارێزی (توقیە) تێپەڕیوەو هیچ شتێك لەلای شیعەکان نەماوە کە بەهۆیەوە شەرم لە خۆیان بکەنەوە یان لەبەر ئەوە خۆیان لەوانی تر بپارێزن، هیچ شتێك نییە کە ڕێگریان لێ بکات لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان. بەتایبەت دوای ئەوەی شیعە بوونە خاوەن حکومەتێکی بەهێزو ژیان دەگوزەرێنن لە زۆرێك لە وڵاتانی دیموکراسی ئازاد، بۆیە ڕایەکیان بە ئازادی و بوێری و ڕاستگۆییەوە دەردەبڕن. مەرج نییە هەر کەسێك نکۆڵی لە بیرۆکە و فیکرەیەك بکات ئەوا خۆپارێزی (توقیە) پیادە دەکات، مەرجیش نییە سەرجەم شیعەکان باوەڕیان هەبێت بە هەموو ئەو شتانەی لە

کتێبە کۆنەکاندا هاتوون. ئا ئەوە زانایان هەڵدەستن بە گەلێك شتی زۆر لەوەی لە کتێبی پێشیناندا هاتوون و خۆیان لێ بەری دەکەن.

٤١_ باوەڕمان بە زۆرێك لە نزاو زیارەتەکان نییە کە لەلایەن زیادەڕۆچوو و توونڕەوەکان دانراون و داوا لە (زانایان) دەکەین نزا و زیارەتەکان پاڵفتە بکەن و ببژێرن. و ئەو زیارەتانە ڕەت دەکەینەوە کە دەدرێنە پاڵ ئال و بەیت وەك زیارەتەکانی: (زیارەتی کۆمکار: الجامعە) و (زیارەتی عاشورا) و (فەرموودەی عەباکە) و زیارەت و نزاکانی تریش جگە لەمانە کە هەڵوێستی نەرێنی لەخۆ دەگرن لە بەرامبەر هاوەڵان و فیکرەی زیادەڕۆچوویان تێدایە کە دوورن لە ڕۆحی ئیسلام و مەزهەبی ئال و بەیت، کە زیادەڕۆچووان بە درۆ هەڵیانبەستووەو داویانەتە پاڵ ئیمامەکان.

٤٢_ باوەڕمان بە تکاو شەفاعەتی ئیمامەکان نییە لە ڕۆژی دواییدا کە لە دوای زۆرێك لە ڕێوڕەسم و نەریتە دزەکراوەکان خۆی دەبینێتەو وەك: زیارەتکردنی گۆڕی ئیمامەکان و گریان لەسەر حوسەین و لە خۆدان و شەق لەخۆدان، بەڵکو باوەڕمان بەوە هەیە کە ئیمامی جەعفەری صادق لەبارەی ئیمامەکانەوە وتویەتی: (دەوەستێنرێن و لێپێچینەوەو پرسیاریان لێ دەکرێت).

٤٣_ هاورکردنە ئیمامەکان یان پاڕانەوە بە هۆی ئەوانەوە یاخود نەزر بۆ کردنیان ڕەت دەکەینەوەو بەجۆرێك لە هاوبەشدانانی دادەنێین بۆ خوای گەورە. بە هەر حاڵ ئەمە کارێکە تەنها کەسانی نەزان و سادە لە خەڵك پێی هەڵدەستن، بەڵام بە شیعە بەشێوەیەکی گشتی ئەوا زیارەتی گۆڕی ئیمامەکان و خۆشەویستانی

خوا دەکەن تا داوای لێبوردنیان بۆ بکەن و بەزەییان پێدا بێتەوەو پەند وەربگرن لە ژیان و تێکۆشانیان لە پێناوی بانگەوازی بۆ لای خوا.

٤٤_ داوا لە براکانمان دەکەین پەرگیری و توندڕەوی نەنوێنن لە ڕێوڕەسمی عاشوڕا و خۆیان دووربگرن لەو ڕێوڕەسمە داهێنراوانەی وێنەی شیعە لە جیهاندا نەشرین دەکەن و خوای گەورەش هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە.

٤٥_ بە توندی بۆچوونی زیادەڕۆچووان ڕەت دەکەینەوە کە پێیان وابوو خوای گەورە جیهانی لە پێناو پێنج کەس (هاوەڵانی عەباکە) بەدیهێناوە. بەڵکو خوای گەورە بەدیهێنراوانی بەدیهێناوە تا ڕەحمیان پێ بکات و تاقیان بکاتەوە.

٤٦_ داوا لە هەموو لایەك دەکەین جیاوازییە لاوەکییەکان گەورە نەکەن کە لە مێژوودا لە نێوان هاوەڵان ڕوویانداوە، وەك بابەتی ڕاجیایی نێوان خاتوو فاتیمەی زەهرا و ئەبوبەکر لەبارەی زەوییەکانی (فدك) کە ئەبوبەکر لە فاتیمە وەرگرتووە بەوپێیەی لە موڵکی گشتییە، کەچی زەهرا وتی پێغەمبەر وەك خەڵات پێی بەخشیوە، جا ئەمە ڕاجیاییەکەی کەسی بچوك و سنووردار بوو، ئێمە ناتوانین لەم بارەوە هیچ شتێك بکەین.

٤٧_ هەروەك داوا لە هاوەڵانمان دەکەین کە ئەفسانەی هێرش کردنە سەر ماڵی خاتوو فاتیمەی زەهرا ڕەت بکەنەوە، ئەوەش ڕەت بکەنەوە کە دەوترێت: (ماڵی ئیمامی عەلی لەلایەن عومەرەوە هێرشی کراوەتە سەر لە پێناو ناچارکردنی تا بەیعەت بدات بە ئەبوبەکر، و ئەو شتانەی هاوپێچی ئەم ڕووداوە بوونە لە هەڕەشەکردن بە سووتاندنی ماڵی فاتیمە بەوانەی کە تیایدان یان گوایە عومەر دەرگای ماڵەکەی سووتاندووەو لە زەهرای داوەو لە پشت دەرگاکەوە پەستانی

خستۆتەسەر و کۆرپەلەکەی "محسن"ی لەبار بردووەو بووەتە هۆکاری مردنی کۆرپەلەکە) یان واز لە وروژاندنی ئەم چیرۆکە بهێنرێت لە هەموو ساڵکدا و دانانی مەجلسی پرسە و لە خۆدان و گریان و ئەو شتانەی بەدوایاندا دێت لە نەفرەت و تانە و تەشەرو کاردانەوەی سۆزداری، چونکە چیرۆکێکی ئەفسانەییە و لە مێژوودا نەچەسپاوەو عەقڵ قبوڵ ناکات شتی وا ڕوویدات، چونکە ئەمە کەسایەتی ئیمامی عەلی نەشرین دەکات بەر لەوەی مایەی ناشرینی بێت بۆ خەلیفە عو مەری کوڕی خەتاب.

٤٨_ داوا دەکەین بۆیاخ و ڕەنگی تاقمگەرایی هەڵبگیرێت لەسەر مزگەوتەکانی خوای گەورە، بکرێنە بۆ هەموو موسڵمانان، لە میانەی ئەنجامدانی نوێژی هاوبەش لە دوای پێشنوێژ خوێنانی سوننە و شیعە، نوێژ لە هەموو مزگەوتەکان بکەن بێ هەڵاواردن، ئەو فەتوا تاقمگەرا بەرتەسکەکان ڕەت بکرێنەوە کە نوێژ کردن لە دوای مەزهەبەکانی تر قەدەغە دەکەن.

٤٩_ داوای شکاندنی تاقمگەرایی و پەرت بوون دەکەین لە نێوان موسڵمانان بە بڵاوکردنەوەی ژن و ژنخوازی لە نێوان تاقمەکان کە دەبێتە هۆی تێکەڵ بوون، هەروەها ڕەتکردنەوە ئەو فەتوا نا شەرعیانەی کە ژن و ژن خوازی نێوان تاقمەکان بە حەڕام دەزانێت کە دەبێتە هۆی تێکەڵ بوونیان.

٥٠_ هەروەك داوا لە براکانما لە ئەهلی سوننە و سەرجەم تاقمەکانی تری ئیسلامی دەکەین کە بکرێنەوە بە ڕووی برا شیعەکانیان و زیاتر گەشە بە یەکترناسین بدەن، هەروەها جیاوازی بکەن لە نێوان شیعە میانڕەوەکان (کە شیعەکان بەگشتی دەگرێتەوە) و زیادەڕۆچووە پەڕگیرەکان، حوکم لەسەر نەدانیان

بەهۆی وتە ڕیزپەڕو کۆنەکانیان، بەڵکو سەیری وقیعە نوێیەکەیان بکرێت و تێبینی گەشە ڕیشەییە فیکری و سیاسییەکان بکرێت کە ڕوویانداوەو ڕووشدەدەن لەناو ڕیزەکانیان، پشتگرتنی چالاکییە نەرێنیەکان و ئەو قوربانیە زۆرانەی کە پێشکەشیان کردووەو پێشکەشی دەکەن لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکانیان لە دەسەڵاتی داگیرکەرو پاوانخوازەکان.

لە کۆتاییدا سوپاسی پەروەردگاری جیهانیان دەکەین و لێی دەپاڕێنەوە سەرکەوتوومان بکات بۆ خزمەت کردنی ئاینەکەی و موسڵمان یەکبخات و سەربەرزیان بکات و ڕزگاریان بکات لە دەستی ستەمکارو داگیرکەران. بەڕاستی خوا بیسەر و وەڵامگۆیە.

ئەحمەد کاتب

١ـی موحەرەمی ١٤٣٠ك

٢٠٠٨/١٢/٢٩

## ئەم کتێبانەی دانەر چاپ کراون:

١_ تطور فكر السياسي الشيعي... من الشورى إلى ولاية فقيه. (كراوەتە کوردی).

٢_ تطور الفكر السني... نحو خلافة ديموقراطية.

٣_ الفكر السياسي الوهابي... قراءة تحليلية. (كراوەتە کوردی).

٤_ السنة والشيعة... وحدة الدين، خلاف السياسية والتأريخ.

٥_ المرجعية الدينية الشيعية وآفاق التطور، الإمام محمد الشيرازي نموذجا.

٦_ حوارات أحمد الكاتب مع العلماء والمفكرين حول وجود الإمام الثاني عشر.

٧_ التشيع السياسي والتشيع الديني. (كراوەتە کوردی، ئەم کتێبەی بەردەستتان).

تێبینی/ هەر سێ کتێبەکە لەلایەن (زێبار عەزیزخان مهاجیرەوە کراونەتە کوردی).

# ناوەڕۆك

پێشەكی وەرگێڕ

پێشەكی نووسەر

بەشی یەكەم: شیعەگەرێتیی سیاسی

پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت

شوڕا تیۆری سیاسی ئال و بەیتە

شیعە و شوڕا

بەشی دووەم: (شیعەگەرێتیی ئایینی) یان تیۆری ئیمامەتی خوایی ئال و بەیت

فەلسەفەی تیۆری ئیمامەتی خوایی

أ_ پارێزراوی

ب_ پێویستی هەبوونی زانایەكی خوایی كە ڕاڤەكاری قورئان بێت

پ_ باش و باشتر (المفضول و الفاضل)

ت_ ڕەتكردنەوەی شوڕا

ج_ ڕێگەی چەسپاندنی ئیمامەتی هەر ئیمامێك

كەی شیعەگەرێتیی ئایینی دەركەوت؟

بەشی سێیەم: ژینگەی ((شیعەگەرێتیی ئایینی))

زیادەڕۆچووان و پیلانگێڕان دژی شیعەگەرێتی

بزوتنەوەی (کیسانییەکان)

موغەیرییەکان

مەنصوڕییەکان

بزوتنەوە زیادەڕۆچووە عەبباسییەکان

خەتابییەکان

موفەویزەکان یان موفەزیلییەکان

عەلیائییەکان

موخەمیسەکان

بەشیرییەکان

فوڕاتییەکان یان ئەوانەی لە ئیمامی ڕیزادا زیاد ڕۆچوون

نەصیرییەکان

عەزاقیرەکان

بەشی چوارەم: پەرەسەندنی شیعەگەرێتی لە حیزبێکی سیاسیەوە بۆ ڕاڕەو و مەزهەبێکی ئایینی

دەروازەی یەکەم: ئیمامی باقرو ململانێ لەسەر ڕابەرایەتی کردنی شیعە

ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە باقر تێیدا بوو

ستراتیژیەتی باقر لە سەرکەوتن بەرەو لوتکە

أ_ دروشمی ئال و بەیت لە بەرامبەر عیترەت

ب_ بانگەشەی بوونی دەق لەسەر ئیمامی عەلی

پ_ کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە فاتیمییەکان و بەدەرنانی سەرجەم عەلەوییەکان

دەرئاسای بەردە ڕەشەکە (الحجر الأسود)

دەرئاسای وردە بەردەکانی دایکی ئەسلەم

بانگەشەی زانینی غەیب

ت_ دوورخستنەوەی نەوەکانی حەسەن

گەورایەتی خوێن

چەکی پێغەمبەری خوا ((ﷺ))

ج_ هەڵسانی باقر بە دوورخستنەوەی هەر دە براکانی

ح_ دوورخستنەوەی ئیمام زەید

دەروازەی دووەم: ڕەنگ کردنی تیۆری ئیمامەت بە بۆیاخی ئایینی خوایی

١_ گشتگیری شەریعەت و بەرنامەی ئیسلام

٢_ کورت هەڵهێنانی زانست لە ئال و بەیتدا

٣_ غەیب زانینی ئیمامەکان

٤_ قسەکردنی فریشتەکان بۆ (ئەو ئیمامانەی لەگەڵ غەیب دەدوێن)

سەختی باوەڕکردنی بە وتەی ڕەچەڵەکی محەممەد

دەروازەی سێیەم: پێویستی خۆشویستن و لایەنگیری ئیمامەکان

بەشی پێنجەم: ئیمامی (صادق) لە ناو شەپۆلەکانی دەریای تەوژمە سیاسی و فیقهییەکان

صادق و ئیمامەتی خوایی

ئایا صادق بەڵگەی خوا بووە؟

ئایا صادق بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە غەیب دەزانێت؟

ئایا فریشتە قسەی بۆ صادق دەکرد؟

ئایا صادق ڕاسپێرراو بووە لە یاسادانانەدا

ئایا باوەڕکردنی گفتوگۆی نێوان ئیمام و فریشتەکان سەختە؟

ئایا لایەنگیری ئال و بەیت یەکێکە لە بنەماکانی ئیسلام؟

ئایا صادق خۆپارێزی (توقیە)ی پیادە دەکرد؟

پیادەکردنی خۆپارێزی لە لەکەدارکردن و پاکەنەکردنی کەسەکان (التقیة فی الجرح والتعدیل)

پیادەکردنی خۆپارێزی (توقیە) لە فەتوا

بەشی شەشەم: کاریگەری و شوێنەواری فیکری ئیمامی لە فیقهی شیعەدا

دەروازەی یەکەم: بنەماکانی فیقهی ئیمامی

١_ ڕەتکردنەوەی پێوانە (قیاس) و ڕابوبۆچوون و کۆشش (ئیجتهاد)

٢_ تەنها ئەوە سوننەتە کە لە ڕێی ئال و بەیتەوە بێت

٣_ ئیمامەکان سەرچاوەیەکن لە سەرچاوەکانی یاسادانان

٤_ ڕاسپاردن لە یاسادنانندا

٥_ پەیرەوی پێچەوانەی ڕای گشتی

٦_ فەتوادان بە پێچەوانەی شەریعەت بە مەبەستی خۆپارێزی

دەروازەی دووەم: ڕووخسارەکانی فیقهی ئیمامی

١_ نوێژ

٢_ ڕۆژوو

٣_ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (یاساکانی باری کەسێتی)

مارەبڕین (ژنهێنان)ی کاتی (نكاح المتعه)

پوچەڵی تەڵاقی سێ بەسێ

٤_ میرات

٥_ دادوەری

٦_ تێکۆشان (جیهاد)

٧_ دەستکەوتەکان (ئەنفال)

٨_ پێنج یەك (الخمس)

٩_ زەکات

بەشی حەوتەم: خۆدابڕینی تاقمگەڕایانە

١_ خۆدابڕینی دەروونی و فیکری: بەبێ باوەڕدانان و بە نەفرەت کردن

بە نەفرەت کردن

هەڵاواردنی چەوساوەکان

٢_خۆدابڕینی سیاسی

٣_ خۆدابڕینی کۆمەڵایەتی

٤_ خۆدابڕینی ئابووری

٥_ خۆدابڕین: پتەوکردنی پەیوەندییە ناوەخۆییەکانی شیعە

بەشی هەشتەم: ڕاگەیاندنی ئیمامی و پڕکردنەوەی لایەنی دەروونی

١_ سروشتی ئیمامەکان و پلەوپایەیان لەلای خوا

پەیوەندی ئیمامەکان بە جنۆکەکانەوە

٢_ درود و سەڵاتدان لەسەر ئالی محەممەد

٣_ بەرنامەی نزاکان

٤_ نزاكانی كاتی زیارەتكردنی گۆڕی ئیمامەكان

٥_ تكا و شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا

٦_ ئامادەبوونی ئیمامەكان لە سەرەمەرگدا

٧_ بەخاك سپاردن لە دۆڵی سەلام

٨_ حەج و پەیمانی ئیمامەت

٩_ گڵی لاشەی باوەڕدار و سروشتەكەی

١٠_ لایەنگیری شیعەگەرێتی بە ویستی خوایە

١١_ بەگەورەدانانی شیعە

١٢_ چاوەڕوانكردنی مەهدی

١٣_ پڕكردنەوەی لایەنی دەروونی گشتی شیعە

بەشی نۆیەم: پاكگرتنی ئیمامی باقر لە دانان بە تیۆری (ئیمامەت)

شكستهێنانی هەوڵەكانی چەسپاندنی ئیمامەتی ئیمامەكان

١_ فەرموودەی عیترەت و دوو شتە گرانبەهاكە

ب_ ئایەتی خزمەنزیكەكان

پ_ فەرموودەی غەدیر

چامەی حەسانی كوڕی سابت لە ڕۆژی غەدیردا

بەشی دەیەم: پاکگرتنی ئیمامی صادق لە داننان بە تیۆری ((ئیمامەت))

تیۆری قسەکردنی فریشتە بۆ ئیمام

صادق خۆی لە تیۆری ئیمامەت بەری دەکات

هەڵوێستی ئەرێنی صادق لە بەرامبەر ئەبو بەکرو عومەر

صادق ئەوە ڕەتدەکاتەوە غەیب بزانێ

صادق هۆشداری دەدات لەوەی درۆی بەدەمیەوە بکرێت

صادق خۆی لە زیادەڕۆچووان بەری دەکات

ڕۆڵی زیادەڕۆچووان لە پەرتکردنی ڕیزەکانی شیعە

بەشی یازدەم: گەیشتنی (شیعەگەرێتیی ئایینی) بە ڕێگەیەکی داخراو

دەروازەی یەکەم: قەیرانی جێنشینایەتی صادق

دەروازەی دووەم: خۆ دوورگرتنی کازم لە ئیمامەت

أ_ ئەو گێڕانەوانەی باس لە بوونی دەق دەکەن لەسەر کازم

ب_ بەڵگەی کارە دەرئاساکان

پ_ بەردەوابوونی زیادەڕۆچوون

دەروازەی سێیەم: ڕاجیایی لەبارەی عەلی کوڕی موسای ڕیزا

أ_ واقیفییەکان

ب_ قەتعییەکان و پشت بەستن بەڵگەی دەرئاساکان

پ_ هەڵوێستی ڕیزا لە بەرامبەر جێگرەوایەتی مەئمون

ت_ هەموو پرسیارێك وەڵامی نییە

ج_ تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوەی زیادەڕۆچووان

دەروازەی چوارەم: شکستی مەزن: قەیرانی منداڵی

دەروازەی پێنجەم: کەڵەکە بوونی زیادەڕۆچوون

دەروازەی شەشەم: جارێکی تر... قەیرانی گۆڕانی ویستی خوا (البداء)

دەروازەی حەوتەم: کۆتایی (شیعەگەرێتیی ئاینی)

بەشی دوازدوم: هەڵکشانی شیعەگەرێتیی سیاسی لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی

ئیمام قاسمی ڕەسی

بەشی سێزدەم: شیعەگەرێتیی (دوازدە ئیمامی) بە مردوویی لە دایکبوو

دەروازەی یەکەم: کورتهەڵهێنانی ئیمامەت لە (دوازدە ئیمامدا)

فەرموودەکانی دوازەدە ئیمامی

أ_ فەرموودەکانی پەیڕەوان (ئەهل)ی سوننە لەبارەی (دوازدە ئیمام)ەوە

ب_ فەرموودەکانی شیعە لەبارەی (دوازدە ئیمام)ەوە

دەروازەی دووەم: بەمردوویی لە دایکبوونی.. تیۆری خۆپارێزی و چاوەڕوانی

**بەشی چواردەم: شیعەگەرێتیی هاوچەرخ شۆڕش بەسەر شیعەگەرێتیی (ئاینی)**

**١_ کۆتایی هێنان بە (نوێنەرایەتی تایبەت)**

**٢_ کردنەوەی دەرگای کۆشش (الإجتهاد)**

**٣_ ڕەتکردنەوەی دەستکاری کرانی قورئان**

**٤_ بە دروستدانانی شۆڕش**

**٥_ گریمانەی (نوێنەرایەتی گشتی)**

**٦_ پێویستی هەبوونی دەوڵەت**

**٧_ دیموکراسیەتی ئیسلامی**

**بەشی پازدەم: چەند هەنگاوێکی پێویست بۆ ڕزگار بوون لە پاشماوەکانی شیعەگەرێتیی ئاینی**

**١_خۆ ڕزگارکردن لە گریمانەی (مەهدی چاوەڕوانکراو)**

**٢_ ڕەخنەگرتن لە تیۆری دوازدە ئیمامی**

**أ_ تاوتوێ کردنی فەرموودە سوننیەکان**

**ب_ تاوتوێ کردنی گێڕانەوەکانی شیعە**

**هەڵسەنگاندنی زنجیرە (سەنەد)ی گێڕانەوانەکانی شیعە لەبارەی دوازدە ئیمامی**

**ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی کتێبی: (کفایة الأثر في النصوص على الأئمة الإثني عشر)**

٣_ ڕەخنەگرتن لە تیۆری پارێزراوی

٤_ هەڵوەشاندنەوەی گرێی لایەنگیری ئیمامەکان (الولایە)

٥_ دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی باوەڕ (ئیمان)

٦_ چاوخشاندنەوە بە هەڵوێست لە بەرامبەر هاوەڵان و ئەبوبەکرو عومەر

٧_ خۆ دەربازکردن لە خانەی تاقمگەرایی مێژوویی

٨_ هەڵوەشاندنەوەی خۆدابڕینی کۆمەڵایەتی

٩_ هەڵوێستی نەرێنی لە بەرامبەر مەزهەبە فیقهییەکانی تر

١٠_ پێچەوانەوەی لاپەڕەی سەرچاوەبوون (مەرجەعیەت)ی ئاینی

١١_ خو ڕزگارکردن لە تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیە)

١٢_ چاوخشاندنەوە بە حوکمی پێنج یەك (الخمس)

١٣_ چاوخشاندنەوە بە ڕێوڕەسمەکانی شیعە

١٤_ چاوخشاندنەوە بە ناونیشانە تاقمگەراکان

سەرچاوەکان

پاشکۆ

ناوەڕۆك